جیمس بار

# هێڵێك بەنێو لمدا

لە ئینگلیزییەوە:
شەفیقی حاجی خدر

٢٠٢١

دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان

ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی

جەمیل رۆژبەیانی ٢٠٢١

زنجیرە: (٩٣)

بەڕێوەبەری دەزگا:

سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید

Tel: 0533202936 07701549509

email: jamalerfan99@gmail.com

jamal erfan cultural foundation

www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، بەرامبەر ماکسی مۆڵ

جێیمس بار

# هێڵێك بەنێو لمدا

له ئینگلیزییەوە:
شەفیقی حاجی خدر

٢٠٢١

# هێڵێك بەنێو لمدا

بابەت: مێژوو
نووسەر: جێمس بار
لە ئینگلیزییەوە: شەفیقی حاجی خدر
دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد
نەخشەسازیی بەرگ: محەمەد جەبار
هەڵەگری: دەستەیەک
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: 2021
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 10000 دینار
چاپ: چاپخانەی تاران

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەسپاردنی ( ٥٨٢ )ی ساڵی ٢٠٢١ پێ دراوە

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، هیچ کەسێک مافی لەبەرگرتنەوەی نییە، جا گەر بە شێوەی ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، یان هەر شێوازێکی تر بێت.


The 'Sykes–Picot Agreement' of 1916
0 100 200 300 400 500 miles
0 250 500 750 km
Black Sea
Constantinople
Gallipoli
OTTOMAN TURKEY
Adana
Alexandretta
Aleppo
Mosul
Kirkuk
Tehran
'FRENCH SPHERE'
Mediterranean Sea
Beirut
Acre
Haifa
Damascus
Dera
Baghdad
PERSIA
Jerusalem
'BRITISH SPHERE'
PALESTINE (International)
Basra
Cairo
Persian Gulf
EGYPT
Medina
Red Sea
Jiddah
Mecca
ARABIA
N
Khartoum
Aden
Gulf of Aden


Tyre
Acre
Haifa
Tiberias
Nazareth
Jenin
Netanya
Tulkarm
Nablus
Tel Aviv
Jaffa
Salt
Latrun
Jerusalem
Gaza
Hebron
Beersheba
(on larger scale)
TURKEY
USSR
Adana
Alexandretta
Aleppo
Mosul
Tall Afar
Kirkuk
Tehran
Dayr az Zor
Hama
Homs
SYRIA
Abu Kamal
Palmyra
Tripoli
Lebanon
Beirut
Damascus
Tyre
Haifa
Tel Aviv
Nablus
Jerusalem
Hebron
Amman
Mafraq
Baghdad
Habbaniyah
PERSIA
IRAQ
Hillah
Kufah
Diwaniyah
Rumaythah
Basra
Alexandria
Mediterranean Sea
Suez Canal
Cairo
SINAI
PALESTINE
Transjordan
Aqaba
SAUDI ARABIA
KUWAIT
Persian Gulf
EGYPT
N
Red Sea
The Middle Eastern Mandates, 1939
Railways
Oil pipelines
Marshes
0 100 200 300 miles
0 100 200 300 400 500 km




JAMES BARR

# A LINE IN THE SAND

## BRITAIN, FRANCE *and the Struggle that Shaped* THE MIDDLE EAST

# ناواخن


پێشباری وەرگێڕ ........................................ ٩
بەرایی .................................................... ١٥


## بەشی یەکەم:
## داتاشینەکە ١٩١٥-١٩١٩


بەندی ١: سیاسەتێکی تەواو کردەیی ........................ ٢٣
بەندی ٢: مسیۆ پیکۆ ........................................ ٤٧
بەندی ٣: هاتنی ت. س. لۆرانس ............................. ٧٩
بەندی ٤: پیاوی ئەلنبی ...................................... ٩٩
بەندی ٥: من موسڵم دەوێ ................................. ١٢٨
بەندی ٦: بنبەست ........................................... ١٥٥


## بەشی دووەم:
## گرژییەکانی نێوان هەردوو جەنگەکە ١٩٢٠-١٩٣٩


بەندی ٧: خاچدارەکە ........................................ ١٨١
بەندی ٨: هەرای عێراق ...................................... ١٩٧
بەندی ٩: باشترین و هەرزانترین چارەسەر .................. ٢١٨
بەندی ١٠: هەرای دروز ..................................... ٢٣٧
بەندی ١١: سەرکوتکردنی دروز ............................. ٢٦١
بەندی ١٢: لوولەکێشی نەوت ................................ ٢٨٣
بەندی ١٣: تۆڵە! تۆڵە! ..................................... ٣٠٤
بەندی ١٤: شەڕی تیرۆر بە تیرۆر ........................... ٣٢٤
بەندی ١٥: خاوکردنەوەی عەرەب ........................... ٣٥٠

## بەشی سێیەم:
## شەڕی نهێنی ١٩٤٠- ١٩٤٥


بەندی ١٦: پاشایەک لە تاراوگە ..... ٣٦٣
بەندی ١٧: قۆناغێکی بۆگەن..... ٣٨٢
بەندی ١٨: تەواو لاسار، زۆر بێشەرم..... ٤٠٠
بەندی ١٩: نێردەیەکی نائاسایی..... ٤١٧
بەندی ٢٠: کاری چەپەڵ ..... ٤٣٥
بەندی ٢١: فاشودایەکی دیکە..... ٤٥٥
بەندی ٢٢: دۆست لە کاتی تەنگانەدا..... ٤٦٩
بەندی ٢٣: زۆر تامەزرۆ..... ٤٨٥
بەندی ٢٤: کوشتنی «لۆرد مۆینێ»..... ٥٠٣


## بەشی چوارەم:
## دەرچوون ١٩٤٥-١٩٤٩


بەندی ٢٥: کاتی یەکلاکردنەوەیە..... ٥٢١
بەندی ٢٦: پێویستە دووبارە بیری لێ بکەینەوە..... ٥٤٦
بەندی ٢٧: کۆمەڵەی ئەمریکایی بۆ ڕزگاریی فەڵەستین..... ٥٧١
بەندی ٢٨: کەینوبەینی فەرەنسی و زایۆنیستی..... ٥٨٩
بەندی ٢٩: دوا پێگە ..... ٦١٣
پاشبەند: هەق و پای حیساو..... ٦٤٧
پەراوێزی سەرچاوەکان..... ٦٦٣
پاشکۆ ..... ٧٥١
پێڕستی ناو..... ٧٦٧

## پێشباری وەرگێڕ

ئەم کتێبەیان دەبێتە سێیەمین وەرگێڕانم لەبارەی مێژووەوە، دووانەکەی دیکە (کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، نووسینی: هیسەر لێهر واگنەر. چاپی یەکەم؛ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر و دووهەمیشیان ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟! ڕۆبەرت بریان گیبسن، لە چاپخانەی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٩) بوون، کاتێکیش لە ناوەڕۆکی هەر سێ کتێبەکە بڕوانین، هەر لەخۆوە ئەو تێبینییە دێتەپێشەوە بەوەی لە زەمەنبەندیدا هەق بووایە ئەم وەرگێڕانەیان یەکەمین بووایە، پاشان دوانەکەی دیکەی بەدوادا هاتبا؛ ئەوسا خوێنەر مێژووی بندەستی و کوێرەوەری و بەرخودانی کوردی لە سەدەی ڕابردوو و لەبۆتەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بۆ ڕوون دەبووەوە. لێ بەداخەوە زۆر جاران شتەکان بەپێی داخوازی نووسەر و وەرگێڕ نایەنەوە. هەرچەندە ئەم وەرگێڕانە ساڵێک زیاتر دەبێ لێی بوومەتەوە، حەیف و مخابن دەرفەتی چاپی دواکەوت.

سەبارەت بە کوردستانی باشوور و سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق، سەرەتا بە لەیەکدانی هەردوو ویلایەتی بەسرا و بەغدای بندەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پاشان پێوەلکاندنی بە گوێرەی بڕیارێکی کۆمەڵەی گەلان، زۆر شت باسکراوە و مێژوونووسانی عێراقی و کوردیش لەو بارەیەوە زۆریان نووسیوە، بەڵام ئەوەی لەم کتێبەدا دەخوێندرێتەوە هەندێک سەرەداوی جیاوازن، ڕوونکردنەوەی ئەم سەرەداوانەش بەگوێرەی بەڵگەنامەی وڵاتە زلهێزەکانی ئەوکاتی براوەی جەنگی یەکەمی جیهانن، واتە بریتانیا و فەرەنسا. بێجگە لەوەش لە چۆنیەتی

دابەشکردنی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و خەتخەتدانی خاکەکەی، بە دروستکردنی عێراق و پاشان پێوەلکاندنی کوردستانی خوارووشدا، جیاوازی بەرچاو لە دووتوێی کتێبە مێژووییەکان بە بەراورد لەگەڵ ئەم کارە مەزنەی (جێمس بار)دا دەردەکەوێ.

ئێمە وەها ڕاهاتبووین بڵێین بریتانیا و فەرەنسا بە ئارەزووی خۆیان بێ هیچ قرەوکێشەیەک بە برابەشی ئەو خاکانەیان بەسەر خۆیاندا دابەشکردووە، لەو جۆرە ڕوانینەدا هیچ جۆرە بایەخێک بۆ ململانێی و تەنانەت جەنگی بەلەجیاتیدانان و سازشکردن و هەوڵ و تێکۆشانی میللەتانی ناوچەکە نەبووە، کەچی ئەم کتێبە بە بەڵگەوە گۆشەنیگای دیکەمان نیشان دەدا، هەروەها سەبارەت بە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و پێوەلکاندنی ویلایەتی موسڵیشدا ڕوانینی بەڵگەدارانەی جیاواز دەخاتە ڕوو، لەوانەیە پێشتر لەبەر دەستنەکەوتنی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و پێویست، مێژوونووسانی ئێمە بە هەرە ناودارەکەشیانەوە سەرچێخ چووبن.

پرسی نەوت و کەرکوک و هێڵی لوولەکێشی نەوت نەوەک هەر ڕۆڵی لە دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە بینیوە، بەڵکو لە بەلاداکەوتنی چارەنووسی هێزوگوڕی کەشتیگەلی بریتانیاش ڕۆڵی هەرە کارانگازی بینیوە، هەر بۆیە سەروەزیری بریتانیا بە هەموو شێوەیەک ویستویەتی ولایەتی موسڵ لە دەست فەرەنسییەکان دەربهێنی و بیخاتە سەر عێراق و لەبن منداتەکەی بهێڵێتەوە. لەم کتێبەدا بەندێکی تایبەت بەو پرسەوە هەیە. هەر سەبارەت بە دروستکردنی عێراق و کۆنگرەی قاهیرە، ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە، چەرچلی وەزیری ئەوکاتی کۆلۆنیالەکان لەگەڵ ئیدارەی سەربەخۆیی کوردستان بووە، سەیر لەوەدایە نوێنەری

فەیسەڵ بۆ دروستکردنی عێراق و پێوەلکاندنی کوردستانی خواروو، کوردێک بووە نەوەک عەرەب. زۆر زانیاری بەڵگەداری دیکە...

لە نەتەوە ژێردەست و زیرەکەکانی سوودمەند لەم کێبرکێیەی نێوان بریتانیا و فەرەنسا بەدەر لە عەرەب، کە وەک پاداشتی دەرکردنی تورکە عوسمانییەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەب و شام، بوونە خاوەنی دوو سێ دەوڵەت، کەچی نە کورد و نە دروز هیچیان بەدەستنەهێنا، تەنیا لێهاتووی گەمەی سیاسیی ئاژانسی جووەکان بوون، کە هەر جارەی و بە لەبەرچاوگرتنی خاڵی لاوازی لایەنێکی زلهێز، هاوکێشەکەیان بە قازانجی مانەوەی خۆیان شکاندووەتەوە تا لە ١٩٤٨دا دەرفەتی کۆتاییهاتنی منداتی بریتانیا و کشانەوەی هێزەکانیان قۆستەوە و جاڕدانی دەوڵەتەکەیان خۆیان بە کردەوە بەرجەستەکرد.

چواردە خاڵەکەی ویدرۆ ویلسن، کە لە کۆتایی ئەم کتێبەدا و وەک پاشکۆ دانراوە، لە دەقی ماکی کتێبەکەدا نەبوو، بەڵکو من لە سەرچاوەی دیکە هێناومە و بۆ بەرچاوڕوونی پتری خوێنەر دامناوە. هەروەها سەرجەم پەراوێزەکان، پەراویزی روونکردنەوەن و هی وەرگێڕن.

دەی با خوێنەر خۆی بەدوای هەڵوێزنینی سەرەداوەکانی بایەخی بەندەکانی نێو ئەم کتێبەدا بچێ، بەڵام هەروەک پێشتر لە وەرگێڕانەکانی دیکەش ڕاستی بنباڵگرتنی هاوڕێیانم باسکردووە، لەم کتێبەشدا هەر هەمان شتە.

جارێ لەپێشدا دەبێ بڵێم دەستکەوتنی کتێب خۆی بێنەوبەردەی خۆی هەیە، شتێکی ئاسان نییە، بەڵام بۆ خۆشبەختی دانەی

ئەلکترۆنـی بە پـی دی ئیـف، تـا ڕاددەیەکـی زۆر کێشـەکەی بـۆ چارەسـەر کـردم، بـۆ ئەم مەبەسـتەش هەمیشـە کـاک چـالاک محەمەدی کتێبپەروەر بە هانامەوە هات، دوای ئەوەی لە بەندەکانی کۆتایی ئەم کتێبەدا بووم، ئینجا هاوڕێم لادێ حەسەن لە بریتانیاوە بە دیـاری کتێـبەکەی بـۆ هێنـام. ئەوەی ڕاسـتی بـێ مـن و ئەم وەرگێـڕانەم بە بەخـت بـووین، کە هەر لە سـەرەتاوە سـێ کەسـی خۆشەویسـتی هەڵگری بڕوانـامەی دکتـۆرا لە مێـژوودا بەسـەر ئەم کتێبەدا چوونەتەوە. لە بەراییەوە د. ئەحمەد باوەر یەکەمین کەس و فلتەر بووە، کۆمەڵێک هەڵەی تایپ و ڕێنووس و هەندێک ناوی بۆ ڕاسـت کـردوومەتەوە، دوای ئەو د. مـحەمەد عەبـدوڵڵا کاکەسـووریش دەسـتبارێکی باشـی گـرتم، ئەویـش لە هەڵەچنـی و تێبینیـیە بەسـوودەکانی بـێ بەشـی نەکـردم، دوای ئەمـیش دکتـۆر ئەحـمەد ئەمـین بەوپەڕی تاسـە و پەرۆشـییەوە پێیـدا چـووەوە و کۆمەڵێـک تێبینـی بەجێـی و هەنـدێک پەراوێزیشـیم هەر لەسـەر پێشنیازی ئەو بۆ زیاد کردن.

دوای ئەم ئازیزانەی پسپۆڕ لە بواری مێژوو، ئیدی ئەوەی کاک بارام سوبحی ناوی نـاوە کۆمیتەی پێداچوونەوەی وەرگێڕانەکانم، قۆڵیان لێ هەڵماڵی و کاتی تەواویان بۆ تەرخان کرد، سـەرەتا کاک بـارام بە پێداچوونەوە وردەکەی، پاشـان حەیدەری حـاجی خـدری برام بە وردبینییە زمانەوانی و ڕێزمـانییەکەی، جاری وەهـا لەسـەر ڕێنووسـی وشـەیەک بینەروبەردەشـمان بـووە و کـاک لوقمـان شـلانیش دەهـاتە نێوانمـان تـا لە دواجـاردا لەسـەر قسـەی ئەوان وشـەکە ئەو شـەقڵەی وەرگرتـووە، کە حەیـدەر پێشـنیازی دەکـرد. بێگومان چاوتیژی و وردبینی کاک کاروان عـارفیش هەرگیز لەبیر

ناكرێ چونكە ئەو بۆ ئەو كتێبە مێژوويانە هێندەی من خەمخۆر و پەرۆش بووە. جاران بۆ وەرگێڕانەكانی دیكە، ئەگەر كاك لوقمان شلانی فلتەری یەكەمم دەبوو، ئەمجارەیان هەر بەڕێكەوت بووە دواهەمین كەس و وەك دەڵێن میسكی خیتام.

هەڵبەتە لەكاتی وەرگێڕاندا لێبوردەیی و پشوودرێژی هاوژینی خۆشەویستم كنێر جەمیل وێنا ناكرێ. زۆر جاریش كاكەڕای كوڕ لە تێگیران و دۆشداماان لە ئاست هەندێک دەستەواژە و زاراوەی ئینگلیزی بە هانامەوە دەهات.

دیارە بۆ بابای وەرگێڕ چاپكردنی كتێب لێ‌لی و لۆلۆی هەیە! ئەگەر لێ‌لێیەكە لەچەند دێڕی سەروو ئاماژەی بۆ كرابێ، ئەوا لۆلۆی چاپكردن، بە سوپاس و پێزانینەوە جوامێری كتێبدۆست (د. تەها ڕەسوڵ) بەخشندانە گرتیە ئەستۆی خۆی.

ئیدی بە هەوڵ و كۆششی هەموومان وەرگێڕانی هێڵێک بەنێو لمدا ڕاستەڕێ بوو. هەڵبەتە، دواقسە و هەڵسەنگاندنیش بۆ خوێنەری تاسەمەندی خۆشەویست دەگەڕێتەوە.

ش. ح. خ

## بەرایی

لە هـاوینی ٢٠٠٧دا بەڵگەنـامەیەکی نهێنـی حکـومەتی بریتانیـام کەوتەبەرچا، کە تازە مۆری نهێنیبوونی لەسەر لاچووبوو، کە بینیم چـاوی ئەبڵەقکـردم. ڕاپـۆرتەکە لە لایەن ئەفسـەرێکی دەزگـای ئاسایشـی بریتـانی MI5 و لە سـەرەتای ١٩٤٥دا نووسـرابوو، بەڵام تـا ئەو کـات بڵاونەکرابـووەوە، ڕاپـۆرتەکە مەتەڵـی تەلیسـماوی حکـومەتەکەی هەڵهێنـا. تـۆ بڵێـی کـێ بـێ پاڵپشـتی دارایـی و چەکـدارکردنی تیرۆرسـتە جووەکـانی کردبـێ، ئەوانەی هەوڵیانـدا کۆتایی بە دەسەڵاتی بریتانیا لە فەڵەستین بهێنن؟ ئەفسـەرەکە تـازە لە سـەردانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت گەڕابـووەوە، وەڵامێکـی سەرسوڕهێنی پێبوو. وەک لە ڕاپۆرتەکەدا نووسیبووی، "پێدەچوو تیرۆرستەکان پاڵپشتییان لە فەرەنساوە وەرگرتبێ".

ئەو لەو بـارەوە زیـاتر بـۆ هاوتاکـانی لە دەزگـای هەواڵگـری بریتـانی MI6 دوابـوو، درێـژەی بە قسـەکەیدا بـوو: "ئـێمە... لە سەرچاوەی هەرە نهێنییەوە:" زانیمـان، کاربەدەسـتانی فەرەنسـی لە لای ڕۆژهەڵاتەوە و بە دزییەوە چەک دەفرۆشنە هاگانا[١]" هەروەها ڕاپۆرتی وەهامان لەسەر نیازی ئەوان بەدەستگەیشت، کە بەنیازن دنەی هەراوزەنـا لەنێـو فەڵەسـتیندا بـدەن". بە واتـایەکی دیـکە، لە کاتێکدا بریتانییەکـان بۆ ڕزگـارکردنی فەرەنسـا شـەڕیان دەکـرد و دەکـوژران، کەچـی ئەوەی هەق بـوو هاوپەیمانیـان بـێ، واتە فەرەنسـییەکان، بە دزیـیەوە پشـتی هەوڵـوتەقەللای جووەکانیـان

١ هاگانا: مەبەست لە میلیشیای ئاژانسی جووەکان بوو بەر لە جاڕدانی دەوڵەتی سـەربەخۆیان لە ئایاری ١٩٤٨دا، لە پاڵ ئەم میلیشـیایە، ئیرگون زڤـای لیومی و گروپـی سـتێرنیش هەبـوون، هاگانـا بە سـەرۆکایەتی داود بگۆریـۆن و ئیرگـونیش مناحیم بێگن بوو، لە گەڵ جاڕدانی دەوڵەتدا میلیشیایەکان هەڵوەشـانەوە و سـوپای ڕزگاریی ئیسرائیلییان پێکهێنا.

دەگرت، تا سەرباز و کاربەدەستی بریتانی لە فەڵەستیندا سارد بکەنەوە.جموجۆڵی نائاسایی فەرەنسا مۆری لە نێوچاوانی تاودانی ململانێیەک دا تا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جڵەوبکەن، کە سی ساڵ بوو هەرا و ململانێ لەئارادابوو. لە ١٩١٥دا، بریتانیا و فەرەنسا، کە ئەو کات هاوپەیمانی جەنگ بوون، هەوڵیاندەدا گرژیی کێبڕکێیان لەسەر هەرێمەکەدا خاو بکەنەوە. لە ڕێککەوتنامە نهێنییەکەی سایکس-پیکۆ دا، ویستیان ئیمپراتۆریەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عوسمانی بۆ خۆیان داببڕن، ئەمەش لە ڕێی هێڵێکی کەمەرەیی ناو لم بوو، لە کەناری دەریای سپی ناوینەوە دەستیپێدەکرد و بەرەو شاخەکانی سەرسنووری ئێران درێژدەبووەوە. ئەو خاکەی دەکەوتە سەر خەتە گۆترەییەکە بۆ فەرەنسا و زۆرینەی خاکی بنخەتیش[٢] بۆ بریتانیا، هێشتا هەردوو زلهێزەکە لەسەر ئایندەی فەڵەستین ڕێکنەکەوتبوون. ئەم سازشەش، کە بە دڵی هیچ کام لە هێزەکان نەبوو، پێویستی بەوە دەکرد وڵاتی پیرۆز بکەوێتە ژێر ئیدارەیەکی نێودەوڵەتییەوە.

ڕۆنانی ئیمپراتۆریەتێکی وشکی لەم چەشنە، لە سەدەی نۆزدەهەمدا باو بوو، بەڵام هەر خۆیشی لە ئانوساتی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا خۆشەویست نەبوو. لەنێو ڕەخنەگرە گەورەکانیشیدا، «ودرۆ ولسن»ی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. کاتێکیش وڵاتە یەکگرتووەکان لە ١٩١٧دا، جاڕی شەڕی لە دژی ئاڵمان دا، ڕەخنەی لە ئیمپریالیزمی ئەورووپی گرت و پێشنیازی ئەوەی کرد، کاتێک جەنگ کۆتایی دێ،

٢ هەر بۆیە زاراوەی سەرخەت و بنخەتم بەکارهێناوە، چونکە ئێستاش ئەم زاراوەیە لە هەردوو دیوی قامیشلو و نسیبین بەکاردەهێنرێ. مەبەست لێرەدا باکوور و باشووری خەتەکەیە.

پێویسـتە گەلە ژێردەسـت و بێـدەوڵەتەکان دەرەتـانی ئەوەیـان پێبـدرێ، بڕیـار لە چارەنووسـی خۆیـان بـدەن. لە کەشـوهەوا نوێیەکەدا، بریتانیا بە تاسەوە پێویستی بە بنەمای نوێ هەبوو بۆ ئەو داوایەی، کە نیـوەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی دەگـرتەوە. پێشتریش جڵەوی دەسەڵاتی میسری لەدەست بوو، خێراش لەوە گەیشت ئەگەر هاتوو ڕاشکاوانە پشتگیریی مجێزی زایۆنیزمی بکا بەوەی فەڵەسـتین بـکەنە دەوڵەتێکـی جـوو، ئەوا ئاسایشـی ڕووکـراوەی نۆکەنـدی سـوێس دەپـارێزن، ئەمە و لە کاتێکـدا خۆشـیان لەو بەنـدوباوە دەدزیـیەوە، کە بگـوترێ ئەوان خاکیـان داگیرکردووە. ئەو کات وا پێدەچوو ئەمە ڕێگایەکی مەکرۆیـانە بێ تـا دەسـت لە فەرەنسـا بسـتێنن، کە هەر لەوکـاتەوە لـێکەوتەی کوشندەی بەدواوە بوو.بریتانییەکان هەر لەسـەرەتاوە زانییـان ئەم جـووڵەیە دەبێـتە مـایەی مەترسـی تـووڕەییەکی قـووڵ لە جیهـانی ئیسـلامدا، بەڵام ئەوان بڕوایـان بەوە هەبـوو، بەسـەر ئەم گـرفتەدا زاڵ دەبـن. ئەوان بڕوایـان وا بـوو، عەرەب پێشـهاتە باشـەکانی ئـابووری کـۆچی جووەکـان بـاش دەنـرخێنن و لە هەمـان کاتیشـدا جووەکـانیش سوپاسـگوزاری بریتانییەکـان دەبـن بەوەی کـۆمەکی ئەوەیـان پێکـردوون خەونەکەیـان بەدیبـێ. هەردوو گریمـانەکەش هەڵە دەرچـوون. کاتێـک کـۆچی جـوو عەرەبەکـانی دەهەریکـرد، بریتانییەکان هەوڵیاندا بە سستکردنی کۆچکردنەکە ئاشتی بپارێزن، بەمەش جووەکانیان لە خۆیان تووڕەکرد.

لە ڕێی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ماندات بۆ دەسـەڵاتی فەڵەسـتین، تـرانس ئـوردن[٣] و عێراق درایە بریتانیـا و بـۆ فەرەنسـاش مانـداتی

٣ تـرانس ئـوردن Transjordan تـا سـاڵی ١٩٤٩ بە بەری ڕۆژهەڵاتـی ڕووبـاری ئوردن دەگوترا ترانس ئوردن، کە ئێستا بووەتە بەشێکی سەرەکی دەوڵەتی ئوردن.

لوبنـان و سـوريا. خـۆی قەول وا بـوو هەردوو هێزکـان بنبـاڵی وڵاتەکان بگرن و خێرا بیانگەیەننە سەربەخۆیی، کەچی هەر زوو پاشەکشـەیان لەم ئامـانجە کـرد. کـاتێ عەرەبەکـان بینیـان، ئەو ئازادییەی بە بەردەوام بەڵێنیان پێدرابوو لێیان بووەتە تراویلکە، بە تـووڕەییەوە وەڵامیانـدایەوە. بریتانیـا و فەرەنسـاش هەریەک لە ئاستی خۆیەوە سەرکۆنەی سیاسەتی نەیاری یەکدییان دەکرد، کە ڕووبەڕووی بووبوونەوە. هەر لایەک ئەوەی ڕەتدەکردەوە دەستی یارمەتی بۆ ئەوی دیکە درێژ بکا لە بەرانبەر توندوتیژی نەیاریی عەرەبی، چونکە دەیـانزانی بەم کـارە هەر خۆیـان ناخۆشەویست دەکەن. بۆ نزیکەی دوو ساڵ لە بیستەکاندا، بریتانییەکان داوانامەی چەنـد جـارەی فەرەنسـییەکانیان ڕەتکـردەوە بەوەی ڕێ لە یاخیبووەکـان بگـرن، کە لە نێـو سـوریادا دژایەتـی هێزەکـانی بریتانیایـان دەکرد و نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی ئوردنی دراوسـێش، کە لەژێـر کـۆنترۆڵی بریتانیـادا بـوو، وەک پـێگەیەک بەکاردەهێنـا. فەرەنسـییەکانیش بە نـۆرەی خۆیـان، بێبـاک بـوون لە داوای بریتانییەکـان تـا ئەو عەرەبـانە بێـدەنگ بـکەن، کە پێگەیـان لە نێـو سـوریا و لوبنانـدا هەبـوو، ئەمەش لە کـاتی هەڵـگەڕانەوەی هەرای نیـوەی دووەمـی سـییەکان لە فەڵەسـتیندا قەومـا. بەم جـۆرە و بە نەبـوونی پاڵپشـتی دراوسـێیانە، هەردوولایـان، فەرەنسـا و بریتانیـا پشتیان بە تاکتیکی توندوتیژی بەست، تا ناڕەزایەتییەکان سـەرکوت بکەن، بەمەش عەرەبەکانیان دەهریترکرد.

فەرەنسـییەکان بـۆ مـاوەیەکی درێـژ لەو بـڕوایەدا بـوون، کەوا بریتانییەکـان کارایـانە لە ژێـر قەڵەمڕەویـی خۆیانـدا پشـتگیری

---

ئـێمەش هەر بە ڕۆژهەڵاتـی ئـوردن، هەنـدێک جـاریش هەر بە ئـوردن نووسیومانەتەوە.

بەرگرییەکەی عەرەب دەکەن، بەڵام تا هەڵگیرسانی دووەم جەنگی جیهانی، ئەم گومانە ئاشکرا نەبووبوو. کەوتنی فەرەنسا لە ١٩٤٠دا، ئینجا لێکەوتەی بڕیاری فەرەنسییەکان لە بەرەی ڕۆژهەڵات بۆ پشتگرتنی حکومەتی ڤیشی[٤]، هەردوو لای هێنایە سەر ئەو بارە، کە دەست لە خۆتێهەڵقورتاندن لە کێشە و ئاریشەی یەکدی نەپارێزن. لە حوزەیرانی ١٩٤١دا بریتانی و فەرەنسییەکان پەلاماری سوریا و لوبنانیان دا، تا ڕێ لە ئیدارەی فەرەنسی ڤیشی بگرن بەوەی ڕێ بۆ ئاڵمان خۆشبکا نەوەک هێرشبکاتە سەر نۆکەندی سوێس. دوای مانگێک لە خۆبەدەستەوەدانی ڤیشی فەرەنسی، حکومەتی بریتانیا جڵەوی حوکمڕانیی لوبنان و سوریای دایەوە دەستی فەرەنسای ئازاد. کاتێک ئەم کارەش بووە مایەی تووڕەبوونی عەرەب، کاربەدەستانی بریتانی بڕیاریاندا، باشترین ڕێگە بۆ بەلاڕێدابردنی سەرنج لەسەر فەڵەستین ئەوەیە جارێکی دیکە یارمەتی هەریەکە لە سوریا و لوبنان بدرێ بەوەی سەربەخۆیی خۆیان لە دەست قەڵەمڕەوێتیی فەرەنسا وەرگرنەوە. بەو پشتگیرییە بەرچاوەی بریتانیا بۆ لوبنانییەکان، توانیان لە ١٩٤٣دا مەرامەکەیان بەدیبێنن. فەرەنسییەکانیش ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کەوا بریتانییەکان لەگەڵ سورییەکاندا لە پیلاندان بۆ هەمان ئامانج لە ساڵی داهاتوودا.

---

٤ حکوومەتی ڤیشی مەبەست لەو حکوومەتە فەرەنسیەیە، کە لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا هاوکاری نازییەکانی ئاڵمان بووە. حکوومەتەکە بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ «فیلیپ ئیتان» بوو، بۆیەش پێیگوتراوە ڤیشی، چونکە ژەنەڕاڵەکە چەندین ساڵ لە ناوچەی ڤیشی ژیاوە و پاشان لە ١٩٤٤دا ژەنەڕاڵ بە خۆی تەواوی ئەندامانی کابینەی حکوومەتەی بۆ باوەشی ئاڵمان هەڵاتووە تا نیسانی ١٩٤٥ حکوومەتی مەنفا بووە، لە بەرانبەریشدا فەرەنسای ئازاد بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ دیگۆل پێکهات.

فەرنسـیـیەکان مجێـزی زایۆنیسـتەکانیان بـۆ دەرکەوت کە لە تۆڵەدا هاوئاوازن، ئاخر ڕاوبۆچوونی جوو، لێبڕاوانە دژی بریتانیا بـوو. لە ١٩٣٩دا، بریتانیـا بـۆ دڵـدانەوەی عەرەب، کۆتوبەنـدێکی توندیان لەسەر کۆچی ئەو ژمارە زۆرەی جوو دانا، کە لە دەست نازییەکـانی ئاڵمـان ڕایـانکردبوو، بەڵکـو بە سـەلامەتی بـگەنە فەڵەسـتین. کـاتێکیش سروشـتی بەرنـامەڕێژی و قەوارەی هۆلۆکۆست بەدەرکەوت، زۆر لە جووەکان بڕیاڕی ئەوەیاندا، کاتی ئەوە هـاتووە بریتانییەکـان وەدەربنـێن. سیاسـەتی ڕازیکـردن و هێـورکردنەوەی تیرۆرسـتەکانی عەرەب لە لایەن بریتانییەکـانەوە بەر لە هەڵگیرسـانی جەنـگ، ئەوەی نیشـاندا، کە تونـدوتیژی دەیخـوارد. لەم کتێـبەدا ئەوە دەردەکەوێ، فەرەنسـییەکان بە نهێنیـیەوە کۆمەکیـان بە تیرۆرسـتە زایۆنخوازەکـان گەیانـدووە، ئەوانەی هاوبڕیـاربوون لەوەی بریتانییەکـان لە فەڵەسـتین وەدەربنێن.ئەوەی وای کرد ڕکابەری داخلەدلانەی نێوان بریتانیا و فەرەنسـا ئەوەنـدە گرنـگ بـێ، ئەوە بـوو کەوا ئـاگری کێشـەی عەرەب- ئیسـرائیلی ئەمڕۆشـی خۆشـکردووە. بەکارهێنـانی زایۆنیسـتەکان لە لایەن بریتانیـاوە بەوەی مجێـز و چەشـەی فەرەنسییەکان لە ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـتدا ڕیشـەکێش بکەن، بـووە مـایەی گرژبـوونی دراماتیکیـانەی نێـوان عەرەب و جـوو. هەر فەرەنسـاش بـوو ڕۆڵێکـی چارەنووسسـازانەی لە دروسـتبوونی دەوڵەتـی ئیسـرائیلدا گێـڕا، ئەمەش لە ڕێـی کـۆمەککردنی جـوو بـۆ ڕێکخستنی ژمارەیەکی زۆری کۆچبەران و تیرۆرزمی دژوار، کە لە کۆتاییدا بووە مـایەی مـایەپووچکردنی ماندانی بریتانیا لە ١٩٤٨دا. ئەم کتێـبە هەوڵـدەدا ئەوە ڕوونبکـاتەوە، کاروبـار چـۆن بەم دۆخە گەیشت.

# بەشی یەکەم

# داتاشینەکە: ١٩١٥-١٩١٩

# ١
# سیاسەتێکی تەواو کردەیی

لە درەنگانێکی بەیانیی ڕۆژی ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩١٥دا، سیاسەتوانێکی گەنجی هەڵچوو، کە ناوی «مارک سایکس» بوو، پەلەی بوو بگاتە کۆبوونەوەیەک لە «داونینگ ستریت»دا. ئاخر سەروەزیر بانگهێشتی بارۆنە تەمەن ٣٦ ساڵەکەی کردبوو تا هەم خۆی و هەم کابینەی وەزارەتەکەی ڕاوێژی ئەوەی پێبکا، ئاخۆ چۆن ئەو کێشە و ئاریشەی ئایندەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی چارەسەر بکەن، کە بەهۆیەوە دیار بوو هاوپەیمانییە لەرزۆکەکەیان لەگەڵ فەرەنسادا لەباریەک دەبرد. هەروەک دواتر «سایکس» گوتی: "بە هەبوونی بەختێکی زێدەبار، ڕێگەم پێدرا لێدوانێک لەبەردەم ئەنجوومەنی جەنگدا بدەم."[1] ئەوەی ئەو گوتی دارشتنی شێوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو.

ناکاویی و سەمەرەیی بانگهێشتکردنی «سایکس» بۆ خانووی ژمارە دە[5]، شتێکی گۆترە نەبوو، ئاخر ئەو توانیبووی لە ماوەی تەنیا چوار ساڵدا سەبارەت بە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵی گەورە ڕاوێژکاری حکومەت ببینێ.[2] ئەو لە ساڵی ١٩١١دا لەسەر بەندەری «یۆرکشایر» لە «هول» وەک کۆنسەرڤاتیڤێک بە

---

٥ خانووی ژمارە دە، یان ژمارەی داونینگ ستریت مەبەست نووسینگەی سەروەزیر و حکوومەتی شانشینی بەریتانی مەزنە. ئەم شوێنە ٣٠٠ ساڵ کۆنە و بە نزیکەیی لە ١٠٠ ژوور پێکهاتووە. سەرەتاکەشی بۆ ساڵی ١٧٣٢ دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی شا جۆرجی دووەم خانووەکەی پێشکەشی «سێر ڕۆبەرت والپۆل» کرد، «والپۆل»یش بەو مەرجە خانووەکەی وەرگرت بۆ خۆی نەبێ، بەڵکو ببێتە نووسینگەی وەزیری خەزێنە.

ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا، ئەو لە بەرایی گوتەکەی خۆی وەها خۆی ڕەپێشکرد، کەوا لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پسپۆڕە. لە وتەکەی هەینێیدا وەسفی سەردانە تازەکەی بۆ باکووری ئەفریقا کرد، کە هێشتا هەر لەبن دەستی عوسمانییەکاندا بوو، ئەو لەوێ ڕایگەیاند لەو بڕوایە دایە، "ئیمپراتۆریەتێکی توركی بەهێز و یەکگرتوو" بۆ پرسی بازرگانیی بریتانیا گرنگە و لە ئێستاشدا ستراتیژییە"، هەروەک ئەوەی هێشتا هەر لە ڕۆژگاری سی ساڵەی بەرێی «دزرائیلی[6]»دا بێ.[3] کەچی کاتێک لە ١٩١٤دا جەنگ هەڵگیرسا، عوسمانییەکان چوونە پاڵ ئاڵمان و دژی بریتانیا و فەرەنسا جەنگان، ئیدی «سایکس» ناچاربوو بیروبۆچوونی خۆی بگۆڕێ.

بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجوومەنی جەنگدا، «سایکس» نەخشەیەک و سێ پارچە کاغەزی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کە دەق ئەوەی تێدا نوسرابوو، کە لەوێ بە تەمابوو بیڵێ. ئەو بەڵگەنامەیە پاش سێ ساڵ و لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا، کاتێ ئەو بە نەخۆشی ئەنفلۆێنزا مرد، لەگەڵ شتەکانی دیکەدا مایەوە. دەستخەتێکی جیاواز و دیار بەڵام هەراشانە بوو، وەک دەستخەتی تێبینییەکانی قوتابییەک بوو، دواجار بەسەریداچووبێتەوە، بەڵام خۆ سەرنجڕاکێشترین شت بوو کە نووسیبێتی. لەو باسە گشتگیرییەی وێنایکردبوو، یارمەتی ئەوەی دا کابینەی حکومەت بێنێتە سەر ئەو ڕایە، لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەنێوان خۆیاندا پێویستە لەگەڵ فەرەنسا بگەنە ڕێککەوتنێک،

---

٦بنیامین دزرائیلی Benjamin Disraeli (١٨٠٤-١٨٨١) سیاسەتوانێکی بەریتانی لەسەر پارتی کۆنسەرڤاتیف و دوو گەڕیش بووبووە سەرۆوەزیری شانشینەکە.

هەروەها ئەویش ئەو پیاوە بوو، کە عەقڵی سەروسەوداکردنەکەی هەبوو.

دواتر یەکێک لە وەزیرەکان وەهای نووسی: "بە دڵنیاییەوەوە ئەو کەسێکی شایستەبوو، پڕ لە بیرۆکە بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، شێلگیر و وریا بوو."[٤] کەچی ڕاستییەکەی پەرلەمانتارە بلیمەتەکە شارەزاییەکی کەمتری لەو بابەتە هەبوو، کە بووە مایەی ئەوەی کابینەی حکومەتەکە باوەڕی پێبکا. ئاخر ناوودەنگی «سایکس» بەوەی بەسەر بابەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵبووە، دەگەڕایەوە بۆ ئەو زنجیرە کتێبانەی دەربارەی هەرێمەکەی نووسیبوون، دواترینیشیان کتێبێکی بەرگداری دوو ئینج ئەستوور بوو، لە ئاخروئۆخری ساڵەکەدا بڵاوکرابووەوە. (دوایین میراتی خەلیفە)[٧]، بەشێکی مێژوویی بوو سەبارەت بە بەرپابوون و سەرهەڵدانی ئیسلام وەک هێزێکی سیاسی، بەشێکیش ڕۆژژمێرێکی چڕوپڕی گەشتنامەی بەر لە جەنگ بوو بەنێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. کتێبەکە دەستەواژەی عەرەبی و دیالۆگی تەنزئامێزی تێدابوو، وای لێ کردبوو ببێتە مایەی لێیتێگەیشتنێکی زیاتر لەوەی هەر بە ڕاستی نووسەر پێیگەیشتبوو. «سایکس»یش هەوڵینەدا ئەو ئەندێشەیە تێپەڕێنێ. ئەو ڕۆژە سەروەزیر و هاوتاکانی لەژێر باندۆرێکی وەها جێهێشت، گوایە هەم لە عەرەبی و هەم لە تورکیشدا مەعلان و ڕەوانە. ڕاستییەکەشی وەها نەبوو، ئەو شتاقیانی نەدەزانی.[٥]

بە هەردووکیان کتێبەکە و متمانەی نووسەرەکە بە خۆی، بەری پەروەردەیەکی نائاسایی «سایکس» بوون. ئاخر «سایکس» لە ماڵباتێکی ناهاوسەنگی «یۆرکشایر» لەدایکببوو، یەکەمین

---

٧ ناوی کتێبەکە بە ئینگلیزی: The Caliphs last Heritage

گەشتیشی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ دایبابیدا بوو، لەگەڵ باوکی «سێر تاتن»ی سەیرسەمەرە و دایکی، « جەسیکای» ئەلکهولیست بوو. باوکەکە عەودالی هونەری تەلارسازیی کڵێسەکان، پاراستنی جەستەی خۆی لە تین و تاوی گەرمای ئەوێ و حەزکردن لە شیرینەمەنی محەلەبی لە شیر دروستکراو بوو، ئەو کات باوکەکە لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا بوو، هەرچی دایکەکەش بوو تەمەنی نیوەی ئەوەندەی تەمەنی مێردەکەی بوو، پەیوەندییەکی عەشقبازیشی لەگەڵ ڕێنوێنە گەشتیاریەکەیدا هەبوو. «مارک»یش تاقانەیان بوو.ساڵ، ساڵی ١٨٩٠ دەبێ. ماڵباتی سایکس سەردانی میسریان کرد، هەشت ساڵ پێشتر بریتانیا لە چنگ عوسمانییەکانی دەرهێنا بوو، لەوێوە دەچنە ئۆرشەلیم و لوبنان، کە هێشتا هەر لەبن دەستی تورکاندا بوون. هەستی گەشتکردن ئەو کات بۆ «سایکس» شتێکی ناوازە بوو. هەر خۆیشی خۆ دوورخستنەوە بوو لە هاوژینییە نادڵشادییەکەی باوانی، کە لە ١٨٩٧دا گەیشتە ترۆپکی خۆی و لە دادگادا پەردە لەسەر کەتنەکانیان هەڵدرایەوە. لەو ماوەیەدا چەندین جار لەسەریەک «سایکس» بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕایکرد و گیرسایەوە، یەکەمجار وەک خوێندکارێک، هێشتا خوێندنەکەی تەواونەکردبوو، پاشان وەک گەنجێک، کە ببووە پاشکۆیەکی فەخریی باڵوێزخانەی بریتانیا لە ئیستەنبولی پایتەختی عوسمانی. ئەو گێڕابوویەوە چۆن قفڵی کۆنە کاروانسەرایەکی چۆڵگەی شکاندووە تا شەو لەوێدا بەسەرببا، ئەو ناوبانگی بە گەشتیارێکی ئازا و دەستبڵاو دەرکردبوو. کاتێکیش لە ئۆرشەلیم تووشی گەڕیدەیەکی دیکەی وەک «گێرترود بێل[٨]»

٨ گێرترود بێل Gertrude Margaret Lowthian Bell (١٨٦٨-١٩٢٦) خانمە ئینگلیزێکی گەڕیدە و نووسەر و ئەفسەرێکی سیاسی و لەنێو بازنەی

دەبێ و بۆی دەگێڕێتەوە، کە چەند پارەی داوەتە کرێی ئەسپ، ئیدی «بێل» لای خۆی چەند سەرنجێک بۆ گەشتی خۆی دەردەبڕێ "بە جۆرێک تا لەگەڵ ئەو نەکەوێتەڕێ، بەڵکو خوا بیپارێزێ، بەوەی ئەگەر من ڕۆژهەڵات بناسم، ئەوا نرخەکانی ڕێگا دووهێندەی لێدێن."[٦]

وەک زۆر لە نوسەرە گەڕیدەکان، «سایکس»یش حەزیدەکرد نمایشی وەها بکا گوایە پێی ناوەتە سەر زەمینێکی نەناسراو. ئەو ڕێگەکانی خۆی هەڵدەبژارد، بە قەولی خۆی؛ " ئەو بە سەرکردنە سەر نەخشەکان بە گوێرەی بۆنی کەپووی خۆی دەڕوا بەوەی زۆر سپیین یان بە خاڵ و هێڵەکان زۆر دەوڵەمەندن."[٧] دیمەنی ئەوروپییەکانی دیکە شتەکەی دەشێواند. لە کاتێکدا «بێل» وەک زۆر لە هاوچەرخەکانی، «سایکس»ی وەک "کەسێکی زۆر خۆش" دەبینی، سایکسیش کەمتر ئەوەی پێ خۆشبوو، کە تووشی «مس بێل» ببێ. جارێکیان وەها باسی بۆ ژنەکەی خۆی کرد: "ئای لەو ژنە زۆربڵێیە لمووزبەرزە و هەڵەشەیە، خۆ ژنە هەر دەڵێی پیاوێکی سینگ تەختە، بە سمتە لەریوەکەی لە دنیایێ دەگەڕێ و دەسوڕێ، ماکەرێکی کاوێژکارە."[٨]

ئەو کاتەی «سایکس» یەکەمین گوتەی پەرلەمانتاری خۆی دا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە "پاشەکشەدا" بوو. دوای ئەوەی حکومەتی سوڵتان لە ١٨٧٦دا مایەپووچبوونی خۆی ڕاگەیاند، حکومەتی بریتانیاش وازی لە سیاسەتە ٥٠ ساڵییەکەی خۆی هێنا،

---

دیپلۆماسییەتی بەریتانی دەستی هەبوو، بەتایبەتی لە کاروباری عەرەب و ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بە دەقاودەقتریش لە کاتی پێکهێنانی دەوڵەتێک بە ناوی عێراق و هێنانی فەیسەلی کوڕی حوسێن و کردنی بە پاشای عێراق. خانمەکە لە نێو عەرەبدا بە (الخاتون) ناسرا.

بەوەی پشتگیری دەوڵەتێکی عوسمانی یەکانگیر و سەربەخۆ بکا، بەوەی  قەڵا و مەتەریزێک بێ لە بەرانبەر چەشە و مجێزی هێزی دیکە. بریتانیا لە ١٨٧٨دا دەستی بەسەر «قوبرس»دا گرت و هەر چوار ساڵ دوای ئەمەش، بۆ ئەوەی ڕێگەی گەیشتن بە هیندستان ئاساییش بکا، دەستی بەسەر میسر و نۆکەندی سوێسیشدا گرت. کاتێکیش نۆکەندەکە بووە شادەماری سەرەکی گەشەی بازرگانی ڕۆژهەڵات بۆ بریتانیا، ئیدی میسر بووە چەقی بازنەی ئیمپراتۆریەتی بریتانی.

لە کاتێکیشدا و دوابەدوای کورتهێنی عوسمانییەکان، هەرچی وەبەرهێنی بریتانی بوو خۆی و ئەو دەستمایەی مابوویەوە لەوێ هەڵدەهات، فەرەنسییەکان تەکانیاندا جێگەی ئەوان بگرنەوە. پێشتر فەرەنسییەکان لە ڕێی دامەزراوە ئۆلییەکاندا نمایشێکی بەرچاویان لەنێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کردبوو، دەیان قوتابخانەیان دامەزراندبوو، کە زۆر باشتر و خۆشەویستتر بوون لە هاوتا عوسمانییەکانیان. لە هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لە کەموکورتی بارودۆخی تورک، ئەوان زانیان چۆن بەشی زۆری پشکی قەرزەکانی حکومەتی عوسمانی بکڕنەوە، بەمەش قوماریان بە داهاتی ساڵانەی حکومەتەکەیان کرد، تا عوسمانییەکان "بمێننەوە".[٩] کەچی "تورکیای لاو"، ئەوانەی لە ١٩٠٩دا[٩] بە کودەتا جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست، لەوەدا شکستیان هێنا، گەندەڵییەکە بوەستێنن. ئەوان «لیبیا»یان لەدەستدا و دوای سێ ساڵی دیکەش مولکوماڵی بەشە ئەوروپییەکەی خۆیان لە «بالکان» لەدەستدا.

---

٩ ئەوەی ڕاستی بێ دەستەی تورکیای لاو لە ١٩٠٨دا  کودەتاکەیان کرد و دەسەڵاتیان گرتەدەسەت نەوەک ساڵی دواتر.

ئیدی چەقی بازنەی ڕاکێشانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو ڕۆژهەڵات کشا. وێڕای ئەمەش، خودی تورکیا، واتە عوسمانییەکان هەر بە تەنیا سوریا، فەڵەستین، عێراق و کەناراوە پەراوێزخراوەکەی نیمچە دوورگەی عەرەبییان بەدەستەوە مابوو. لەگەڵ ئەوەشدا و وێڕای گەندەڵبوونی عوسمانییەکان، هێشتا سوڵتانی عوسمانی لەنێو جیهانە پانوپۆڕەکەی موسڵمانی سوننەدا دەسترۆیشتوو بوو، وەک خەلیفە یان وەک جێگرەوەی محەمەدی پێغەمبەری موسڵمانان هەڵدەسووڕا، ئەو پارێزەری شارە پیرۆزەکانی ئیسلام بوو، کە مەککە و مەدینە و ئۆرشەلیم (قودس) بوون. ئەمەش دوایین میراتی خەلیفە بوو، لێ تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا، عوسمانییەکان تووشی نارەزایەتی ڕوو لە زیادەی عەرەبە بڕوابەخۆبووەکان بووبوونەوە، کە زێدە ئۆتۆنۆمی یاخود سەربەخۆییان دەویست، حەزیان لێبوو لەو بنەماڵە حوکمڕانە ببنەوە، کە بۆ چوارسەد ساڵ بوو بەسەر سەریانەوە قەڵەمڕەو بوون.

گەشتی «سایکس» بە نێو ئیمپراتۆرییەکەدا لەگەڵ ئەو چاخە پڕ ڕووداوانە هاوزەمان بوو، بۆیە مایەی سەرسوڕمان نەبوو، کە لە دوایین کتێبی خۆیدا عوسمانییەکان وەک کەسێک لە هەوزینگدا[10] بێ وێنابکا. بۆ پاڵپشتکردنی بەڵگەوبەندەکەشی، وەسفێکی ورد و هەستیاری ئەو زبڵ و خاشاکەی کرد، کە شارە بەناوبانگەکانی خاکی ڕۆژهەڵاتی عوسمانییەکان تووشی هاتبوون. لە حەلەب ئەو شارەی "کەلاوەی تەلارە نوێیەکان دەبووایە بە پاڵپشتی تەلارە دێرینەکانەوە خۆڕابگرن و بە پێوە بوەستن"، ئەو لەوێدا ئەوەی بینی، کە " پیسی و نەخۆشی لە بازارە جەنجاڵ و

[10] هەوزینگ: ئاویلکەدان، سەرەمەرگ، دواهەناسەکانی مەرگ.

شرۆشـــەپرێوەکەدا باڵکێشــە؛ دارمــان و هەژاری خەســڵەتی هەرە دیاریەتی."[10] لە دیمەشقیشدا "سەگی تۆڕی پەلاماریان دا... شارەکە پـڕ بـوو لە ســەربازی شـڕ و وڕ، هاتوهــاواری هێســترلێخوڕان، عەنتیکەفرۆشــە چاوچنۆکەکـان" و ئەو "زراوی چووبـوو لە هـوتێلە بێســـەروبەرەکان، گۆشـــتمەڕی چیـــڕ و کەرەی بـــۆگەنی".[11] ئەو سوکایەتی قووڵی بۆ موسڵ هەڵگرتبوو، کە " مۆڵگەیەکی بۆگەنی گەنـــدەڵی، پـیس و بـێ ســـەروبەری و نەخۆشـــی بـوو، لەوێــدا "خەریکبـــوو خـــانووە نوێیەکـــان دەڕووخـــان، بێکەڵــک، هەروەک خانووی کۆنینە بۆنیان لێدەهات، کۆنەکانیش ئەوەندە ناشیرین و ناپێشچاو بوون، هەروەک نوێیەکان مایەی قێزلێبوونەوە بوون."[12] لە بازاڕەکەشـدا[11] تـا ئەژنـۆ نـوقمی زبـڵ و پیسـی دەبـووی، خـوێن جۆگەی دەبەست و ڕیخۆڵە و هەناوی ئاژەڵان لەو گۆڕە کەوتبوو، بۆیە کە پێیدا ڕەتدەبووی لەبەر گەنینەکە دەڕشایەوە."

دیـار بـوو «سـایکس» سـامگرتی ببـوو، ڕاستیەکەشـی هێشـتا نەیدەویســت ئەو کـۆمەڵگە دارمــاوە فـرەڕەنگەی لە دەسـت بـڕوا، بەتـایبەتی لە ڕۆژانــی پشــوودا، ڕوخســاری جیهــانی ســەدەکانی ناوەڕاستی پێدەبەخشی. کاتێکیش جێدەستی مانۆڕی هێزی بیانی لەوێ خۆی نمایشدەکرد، ئەو بەوە دڵخۆش بوو، کە تەنانەت ڕاستە و پڕگـــاڵ و هێـــڵ و لاکێشـــەی و خەتخەتەکـــانی ئەنـــدازیاری فەرەنسیش نـاتوانێ مـاک و ڕەسـەنایەتیی نەخوێندەواری عەرەبی سوریا تێکبشکێنێ.[13] ئەو ئەوەی پشتگوێخست کەوا هێڵی ئاسنین، ئەو هـــێڵەی عوســـمانییەکان بە کـــۆمەکی ئەڵمانەکـــان خەریکـــی ڕاچاندنی بوون، کە دەبووە مایەی هەرزانی هـاتوچۆ، ئەو توانسـتە بخـــاتە بەردەم عەرەب کە پێشـــتر ئاســـۆیان هەر بەقەد حـــوکمی

---

١١ نووسەر هەر وشەی عەرەبی سوقSouk ی نووسیوە.

ڕۆیشتنی پێ یان سواری بڕی کردووە. لە بری ئەوەدا، ئەو ئەوەی دەگوت، کەوا ماشێنی هەڵمین هیچی زیادنەکردووە مەگەر "پیسی نوێ" نەبێ کە ئەویش بریتیبووە لە "ئەلکحول، وێنەی پیسوپۆخڵ، فۆنۆگراف و یانەکانی خواردنەوە نەبێ."[١٤] چۆن خزمەتگوزاری پۆستە و گەیاندن، تێلگراف، ڕێگەی ئاسنین، برەوپەیداکردنی پیشەسازی ڕۆژنامەگەری و پەرەسەندنی ئەدەبیان خەریکبوو جیهانی عەرەب بۆ هەتا هەتایە بگۆڕێ، کەچی ئەو نە ئەم شتانەی دەبینی و نە دەشیەویست قسەیان لەبارەیەوە بکا.

یەکێ لە ڕەخنەگرەکان نووسیبووی؛ «سایکس» "ڕێگەی بە حوکمی پێشوەختەی خۆی داوە، لە داوەرییەکانیدا سەرچیخ چووە، چونکە کتێبەکەی لە دەرەوەی بازنەی ئەکادیمیدا کورتهێن بووە – بەتایبەتیش لە بەکەمزانینی تورک- کە بە شێوەیەکی بەرفرەوان پشتگوێخرابوو.[١٥] کۆمێنتی یەکێکی دیکەش لەسەر ئەوە بوو؛ "ئەو ڕاستییانەی ئەو کۆیکردبوونەوە، بەهایەکی گرنگیان دەبێ، ئەمەش لە کاتێکدا لایی لە پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکرێتەوە"[١٦]. کتێبی "دوا میراتی خەلیفە" کۆمەکی ئەوەی بە سایکس کرد، نازناوی "مەلای دێوانە"ی لە نێو «وایتهۆل»دا پێببەخشێ، وایتهۆلیش ئەو شوێنەی کۆمیتەکەی سەبارەت بە دواڕۆژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێبوو، ئیدی ئێستا لەو خانووەی ژمارە دە دا، لەسەر "پرسی ڕۆژهەڵات" کۆبوونەتەوە، ئەویش ڕاوێژ دەدا، کە دەمێکی درێژە مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکرێ، ئاخۆ چۆن جێگەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بگرێتەوە کە دەڕووخێ، کە هەردولایان چ بریتانیا و چ فەرەنسا دڵنیابوون لەوەی ئەوان تاکە بەرسڤی پرسەکەن.

له نێو خانووی ژماره ١٠ دا، چوار پیاو به شێوەیەکی تایبەت له نزیکەوه و به تاسەوه گوێیان له باسوخواسی سایکس گرت. ئەوانیش هەریەک له «ئاسکویس Asquith»ی سەروەزیر بوو، که تازه له تێکچوون(شڵەژان)ێکی باری دەروونی ڕاستبووەوه، ئیدی ئەو نەیدەویست کێشه لەگەڵ فەرەنسییەکان تۆخ بکا. «کیچنەرKitchener »، وەزیری جەنگ، که ئەو کات ڕوخسار و قامکەکانی لەسەر پۆستەرەکان بەنێو وڵاتدا ڕازابوونەوه، پێشتریش دەسەڵاتداری میسر بوو. «لوید جۆرج Lloyd George»ی وەزیره جیوەییەکەی تەقەمەنی، ئەو کەسەی به توندی دژی تورک بوو، حەزی له بیرۆکەی بەرفرەوانبوونی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرییەکەی بوو لەسەر حیسابی عوسمانییەکان. «بلفۆر Balfour» سەروەزیری پێشووی پارتی پارێزگاران، هەنووکەش له ئەدمیراڵی دەریاوانی بوو، هەستیکرد ئیمپراتۆریەتی بریتانی گەیشتووەته سنووری خۆی، وەهاشی نەکرد.

له کۆبوونەوەکەدا سایکس پێشنیازیکرد: "هەستدەکەم تا زووه ئێمه دەبێ لەگەڵ فەرەنسا بگەینه چارەسەرێک و لەیەک تێگەیشتنێکی یەکلاکەرەوه لەبارەی سوریا."[١٧]

بلفۆریش پرسی: "ئەرێ تۆ دەتەوێ لەگەڵ فەرەنسا بگەیته چ جۆره ڕێکخستنێک؟"

سایکسیش له وەڵامدا و ئاماژەی بۆ نەخشەکەی کرد و گوتی: "حەزدەکەم وڵاتێکی وەک خوارووی «حەیفا» بۆ خۆمان بگەڕێتەوه."

بلفۆر به گومانەوه سەیریکرد. "ئێمه هەمیشه وەهامان داناوه که ٩٠ یان ١٠٠ مایل له بیابان، له ڕۆژهەڵاتمان هەبێ، چونکه قەڵا و چەپەرێکه بۆ میسر؛ کەچی ئێستا تۆ پێشنیازی ئەوه دەکەی زیاتر

بەرەو ڕۆژهەڵات بکشێین، ئەو وڵاتەی پڕ لە ئاوەدانییە و دەتەوێ ئێمە بەرپرسیارێتیان بگرینە ئەستۆ. لە نیگای یەکەمەوە واپێدەچێ ئەمە پێگەمان لە میسر لاواز بکا نەوەک بەهێز."

«کیچنەریش» بە هانای بەرگری «سایکس»ەوە هات. "من پێموایە ئەوەی «سێر سایکس» مەبەستیەتی، ئەو هێڵەیە، کە لە کەناراوی حەیفاوە دەستپێدەکا. ئەوسا ئەو عەرەبانە، -ئاماژەشی بە عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبستان کرد- " دەکەونە ژێر قەڵەمڕەویی ئێمە."

ئینجا خێرا «بلفۆر» هاتەدەنگ و ئاماژەی بە فەرەنسییەکان دا: "مەبەستت چییە لەوەی دەقاودەق بیدەیت؟"

«سایکس»یش قامکی بەسەر ئەو نەخشەیەی لەسەرمێزەکەدا بوو هێنا و گوتی. **"من حەز دەکەم هێڵێک لە "e" لە عەککاوە تا کۆتایی "k" لە کەرکوک بکێشم."**

«لوید جۆرج»یش سەبارەت بە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تاسەمەند بوو. "ئایا پێشنیازی ئەوە دەکەی، ئەمەیان یەکەمین هەنگاو بێ گرتنەبەری هیچ کردەیەکی سەربازی؟"

سایکسیش نەیدەویست بەسەر «کیچنەر» بازبدا و گوتی: "پێموابێ شتێکی چارەنووسساز دەبێ، ئێمە بزانین لە کوێین."

«ئاسکویس» شەکەت و ماندو بوو، پێشتریش هۆشداری مەترسی ئاڵۆزاندنی شڵخە زەنگەسۆرەی هۆزەکانی عەرەبی دابوو، بەوەی دەستبخەنە ناو کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام بەوەش دڵخۆشبوو، کە پرسەکە بخاتە سەر شانی یەکێکی دیکە و حەزی بە چارەی ئەو هێڵە سادەیەی ناو لم بوو، کە سایکس کێشابووی.[18] "ئێمە دەبێ ڕێککەوتنێکی سیاسی بکەین،" ئیدی ئەو وەها هاتەدەنگ و کۆبوونەوەکەی کۆتایی پێهێنا. "پێویستە ئێمە

لەگەڵ فەرەنسا بگەینە ڕێککەوتن، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ، بگەینە ڕێککەوتنێکی دیپلۆماسی."

دواتر سایکس بە دڵخۆشییەوە بۆ هاوڕێیەکی نووسی: "پێموابێ گەیاندمە ئەو ڕۆژە؛ خۆشت تێبینی ئەوە دەکەی، کەوا من دوور لە کردەی سیاسیانە نەڕۆیشتووم."[١٩]

ئەوەی ڕاستی بێ نزیکەی ٢٠ ساڵیش لەمەوبەر بریتانیا و فەرەنسا خەریکبوو لەسەر هەمان ناوچە، کێشە و هەرایان لێ دروست بێ، هەر ئەمەش وای لە «ئاسکویس»ی سەر وەزیر و هاوڕێکانی کرد، زۆر مەراقی ئەوە بن، ئەو پرسەی ئاخۆ چی بەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دێنێ، چارەسەر بکەن، بەو پێیەی ئەوان جەنگەکەیان بردووەتەوە. لە میانەی دوا قۆناغی ساڵەکانی ١٨٩٠ بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەفریقا، خاوەندارێتیی سەرچاوەکانی ئاوی ڕووباری «نیل» لە سەنگی محەکدا بوو. «سێر ئێدوارد گرێی Sir Edward Grey» ئەو کات وەک گەورە وەزیرێک و ئێستاش وەک وەزیری کاروباری دەرەوە، لە ١٨٩٥دا هۆشداری دابووە فەرەنسا بەوەی حکومەتی بریتانیا هەر دەستوەردان و جووڵەیەک بۆ داواکردنی سەرچاوەکانی ئاوی ڕووبارەکە بە "کردەیەکی نەیارانە" لە قەڵەم دەدا.[٢٠] فەرەنسییەکان لەوەدا سەرچیخ چووبوون، کە هەڕەشەیەکی وەها، بن بۆشە، چونکە هەر دە ساڵ پێشتر بریتانییەکان دەسەڵاتی خۆیان لە سودان بۆ «مەهدی[١٢]» لەدەستدا بوو. ئیدی هەر دوای ئەمە، ئەوان نێردەیەکی دۆزەرەوەیان لە خۆرئاوای ئەفریقاوە ناردبوو تا داوای

---

١٢ مەهدی، مەبەستی «محەمەد ئەحمەد بن عەبدوڵلا مەهدی (١٨٤٤-١٨٨٥)ە، ڕابەری سوننەی سودانییەکان و شیخی تەریقەتی مەهدیی بوو، شەڕی دژی هێزەکانی بریتانیا کرد.

سەرچاوە بەرزەکانی ڕووباری نیل بکەن. ئەمەش بەو مەبەستە بوو دەسەڵاتی بریتانییەکان لە خوارووی سەرچاوەی ئاوەوە، واتە لە میسر لەق بکەن.

بە زانینی مەرامی فەرەنسییەکان، بریتانییەکان لە سودان کە دووبارە گرتبوویانەوە، دەرکەوتنەوە. لە ئابی ١٨٩٨یشدا، هەر ئەو کاتەی تازە «کیچنەر» لە «خەرتووم» نزیکبووبووەوە، فەرەنسییەکان گەیشتبوونە ناوچەی «فاشۆدا Fashoda»، مۆڵگەیەک لە سەرووی نیل لە ئەوپەڕی باشووری وڵات، لەوێدا ئاڵا سێ ڕەنگییەکەیان[١٣] هەڵدا. کاتی هەواڵەکە لە زاری «چەرچل» گەیشتەوە ئینگلستان، ئاخر ئەوکات لەگەڵ هێزە سەربازییەکەی «کیچنەر» پەیامنێر بووە، بەوەی "هەشت کەسی سەرچڵی فەرەنسی" گەیشتوونەتە ئەوێ و داوای ئەوە دەکەن، گوایە ئەو هەرێمەی لە گەورەییدا دووجار بە قەد فەرەنسایە، ببێتە هی خۆیان. ئیدی بووە هەرا. هەر زوو حکومەتی بریتانیا «کیچنەری» بەرەو باشوور نارد تا ڕووبەڕووی فەرەنسییەکان ببێتەوە و کەشتیگەلی سەربازی خۆشی دەنگ دا.[٢١] بەم جۆرە حکومەتی فەرەنسا ناچاربوو هێزەکەی لە بەرزاییەکان بکشێنێتەوە، ئەمەش سووکایەتییەکی زۆر گەورە بوو، چونکە هەر خۆی مەبەستی بوو کێشە بنێتەوە.

ئەو گرژییەی لە ڕووداوەکەی «فاشۆدا» کەوتەوە، خەریکبوو هەر دوو لایان بگەیەنێتە سەر لێواری جاڕدانی جەنگ، هەر ئەوەش بوو لە ساڵی ١٩٠٤دا گەیشتنە "ڕێککەوتنێکی دۆستانە". بەگوێرەی ڕێککەوتنامەکە فەرەنسا دانی بە دەسەڵاتی بریتانیا

---

١٣ کاتێ ئینگلیزەکان دەستەواژەی ئاڵای سێڕەنگی بەکاردەهێنن، مەبەستیان ئاڵای فەرەنسایە.

بەسەر میسر و سوداندا نا، لە بەرانبەریشدا بریتانیا دانی بە داوای فەرەنسا بۆ مەغریب (مۆراکۆ) نا. هەر بۆ ئەوەی ئاژاوەکەش ببڕێتەوە، فەرەنسییەکان بەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی خێرلەخۆنەدیوەکەیاندا چوونەوە و ناوی «فاشۆدا»شیان لەسەر نەخشە سڕیەوە.

وەک بە واتا ڕەونەقدارەکەیەوە دیار بوو، ئەو ڕێککەوتنە دۆستانەیە وەک هاوسەرگیرییەکی ناچاری بوو، چونکە هەر زوو قامکی ئاڵمان دەرکەوت، خەریکبوو پەلاپیتکەکە بترازێنێ. بەرەنجامەکە گومانی هەردوو لایەنە ڕکابەرە دێرینەکەی نەڕەواندەوە. فەرەنسییەکان لەوە خاترجەم بوون، کە چاوتێبڕینی هاوپەیمانەکەیان بەسەر باقی بەشەکەی دیکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هی ئەوە نییە پێی تێرببن. دوای ئەو تێبینییەی کە «سایکس» بەتەمایە لە کوێ پشووی هاوینەی خۆی بەسەربەرێ، ئەوە بوو لە کۆتایی ١٩١٢دا فشاریان خستەسەر کاربەدەستە بریتانییەکان، بۆیان دووپاتبکەنەوە ئاخۆ نیازیان نییە سوریا بخەنە نێو نەخشەی خۆیانەوە. بریتانیاش وای بۆ چووبوو، سوریا شوێنێکی چۆڵ، بێ بەهایە، بۆیە بەو پابەندبوونە دڵخۆش بوو. تەنیا دواتر زانیان ئەوان چ پەیامێکیان ناردووە. پاشان باڵوێزی بریتانیا لە پاریس ئەوەی درکاند: "کاتێک ئێمە دەستمان لەهەر چاوتێبڕینێکی سیاسی لەسەر سوریا هەڵگرت، ئیدی فەرەنسا هاتەسەر ئەو بڕوایەی، کە دەکرێ سوریا بۆ ئەوان بێ."[٢٢]

لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگ لە ١٩١٤دا، بریتانییەکان چوونە پاڵ ڕکابەرەکانی پێشوویان وەک فەرەنسا و ڕووسیا تا دژی ئاڵمان و عوسمانییە هاوپەیمانەکەیان بجەنگن. کاتێکیش بە خێرایی بەرەی ڕۆژئاوا گەیشتە بنبەست، هەردوو زلهێزە ڕۆژئاواییەکە خەریکی

مشـــتومڕ بـــوون لەســـەر ســـتراتیژ و هەر زووش ئیرەیـــی شاردراوەکەی بەرێیان لێ شینبووەوە. لە کاتێکدا فەرەنسا لەگەڵ ئەوەدا بوو بەیەکجاری لەبەرەی ڕۆژهەڵاتەوە هێرشبکرێ، کەچی بریتانییەکان دەیانەویست مەشق بەو سەربازە خۆبەخشانە بکەن، کە بە پیر بانگەوازەکەی «کیچنەر»ەوە چووبوون، تا بەرلەوەی هێرشـــی گەورە و بەرفـــرەوان بـــکەن. هەر لەو نێوەشـــدا "خۆرهەڵاتخوازەکان"ی نێو حکومەتی بریتانیا پێشنیازی ئەوەیان کـرد، لە بـری جەنـگ بەڵکـو سەروسـەودا لەگەڵ عوسـمانییە لاوازەکـان بـکەن، وەنەبـێ ئەمەش بـێ هـۆ بـێ، ئـاخر سـوڵتان دەســەلاتی خـۆی وەک خەلـیفەی موسـڵمانان بەکارهێنـا بەوەی داوایەک بەنێو سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبکاتەوە، داوایان لێبکا بۆ جەنگی پیرۆز دژی کافران بدەنە پاڵ سوڵتان. ئیدی بە هەبـوونی ١٠٠ ملیـۆن موسـڵمان، کە لەنێـو ئیمپراتۆریەتەکەیـدا پەرشـوبڵاو بووبـوونەوە، ئامـانجی دیـار و لەپـێش بـوون بـۆ بانگەوازەکەی سوڵتان.

بریتانییەکان لە ساڵەکانی پێشووتردا لە هیندستان و سوداندا ڕووبەڕووی چەنـــدین ســـەرهەڵدان و هەرای موســـڵمانەکان ببوونەوە و سەرکوتیان کردبوون. هەر بۆیە ئەو گەفەی سوڵتانیان بەهەند هەڵگرتبوو، گەفێک کە هێزی ڕاکێشانی گەورەی جیاوازی هەبوو، زۆریش جدی بوو. دوای چەندین هەفتە لە جاڕدانی سوڵتان بۆ جیهاد، "خۆرهەڵاتخوازەکان" پلانێکیان هەبوو، بەوەی ئیمراتـــۆریەتی عوســـمانی لە قـــوڕگەوە بگـــرن و زەبـــریش لە ڕیخۆڵەکانی بدەن، لە هەمان کاتدا هێزەکانیان لە «گالیبولی» و «ئەســـکەندەرونە» دابەزێـنن. «گـالیبولی»یـش لە ئەسـتەنبولی پایتەختی عوسمانییەکان دوور نەبوو؛ «ئەسکەندەroونە»ش کۆمی

گۆچـانی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت بـوو، کە لە ڕۆژی ئێسـتاماندا تورکیا بە سورریاوە گرێ دەدا و نزیکیش بوو لە بەیەکبەستنەوەی هێڵی ئاسنینی بەغدا و دیمەشق، ئەمەش خۆی مەڵبەندی کارگێڕی بەشە عەرەبییەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان بوو.

«سـایکس» دڵنیـابوو لەوەی ئەم پـلانە بـۆ ئەگەری بـردنەوەی جەنگە. لە نامەیەکی پڕ لە جۆشی تایبەت بە خۆی بۆ «چەرچل»، کە تازە جووڵەی کردبووە نێو سیاسەت، ئەو کات یەکەمین لۆردی ئەدمیراڵی سوپای دەریاوانی بوو، داوای لێدەکا، خۆ ئەگەر هاتوو عوسـمانییەکان خۆیـان بەدەسـتەوە دا، ئەوا بـاری ئاڵمانەکـان زۆر نالەبـار دەبـێ. نـامەکەی وەهـا بـۆ نـارد، بـۆ "ئەو تـاکە پیـاوەی کە دەزانێ چۆن سەرچڵی بکا." تێیدا ئەوەی پرسـی: "ئەرێ دەتـوانی تـا حـــوزەیران بە ئاراســـتەی ڤیەننـــاوە بجەنگـــی؟ ئەو کـــات تـــۆ خەنجەرەکەت دەخەیتە سەر شوێنێکی زۆر کوشندەی دێوەزمەکە". لە نامەکەدا هانی چەرچڵی دا بەڵکو هەموو قورسایی خۆی بخاتە پاڵپشتی پلانەکە.[٢٣] لێ بەهەندهەڵگرتنی درێژخایەن کەسانی دیکەی ڕاکێشـایە نێـو خشـتەکە. "تـاکە شـوێن کە کەشـتیگەل بتـوانێ دژی میسر بجووڵێ ئەسکەندەرونەیە." ئەمە ڕوونکردنەوەی ئەفسـەرێکی تــازە پێگەیشــتووی بــوو، کە ئەوێ دەمــێ لە بــنکەی میســر بــوو. ئەفســـــەرەکە لەســـــەر ڕوونکـــــردنەوەی دەڕوا: "ئەوێ بنکەیەکـــی دەریـاوانی سروشـتی نایـابە (ئەو بـنکەی کە ناشـمانەوێ بـۆ هـیچ کەسـێک بـێ، چـونکە زیانمـان پێـدەگەیەنێ).[٢٤] تـۆبڵێی نـاوی ئەو سـتراتیژوانە لاوە کـێ بـێ؟ ئەو «تـی. ئـی لـۆرانس T. E. Lawrence» بوو.

نەخشـەی ئەسـکەندەرونە بـووە مـایەی هۆشـداری بـۆ بـاڵوێزی فەرەنســـا لە میســـر. ئـــاخر گومـــانی هەبـــوو، بریتانییەکـــان لە

پابەندبوونی خۆیان هی ١٩١٢ سەبارەت بە سوریا پاشگەزببنەوە، هەر بۆیە حکومەتەکەی خۆی لە دنەدەرە دیارەکانی هاوپەیمانەکەیان ئاگادارکردەوە. ئەوە بوو لە ٨ی شوباتی ١٩١٥دا «تیۆفیل دێلیکاسێ Théophile Delcassé»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرانسە ڕێکەوتننامە دووساڵەکەی پێشووی وەبیر هاوتا بریتانییەکەی «گرێی Grey» هێنایەوە و بە توندیش داوای لێ کرد، کاربەدەستەکانی پیلانەکە بوەستێنن.[٢٥]

«گرێی»ش ئەو پیاوە باڵابەرزە لاواز و شەکەتە، دیار بوو لەنێو دوو بەرداشدا مات و حەیران مابوو، ئاشی دەسەڵات لە «وێستمینیستەر» و ئاشی تەنیایی و خۆشڕابواردن بە ڕاوکردنی ماسییە فڕندەکانی تەوژمە تەبشیرییەکانی خوارووی ئینگلستانێ. خۆ هەر «گرێ»یش بوو دوو دەیە پێشتر هۆشداری دابووە فەرەنسییەکان، بەوەی نەکەن لە بەرزاییەکانی نیلدا سنووری خۆیان ببەزێنن. بەڵام خۆ لەو نێوەدا، هەڵوێستی ئەو بەرانبەر فەرەنسییەکان بە تەواوی گۆڕابوو. لەو سەروبەندەش کە ببووە وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا لە ١٩٠٥دا، گەیشتبووە ئەو ئاکامە، کە ئاڵمان بووەتە مەترسییەکی گەورە و ئیدی بۆ بەزاندنی ئاڵمان هاوپەیمانێتی لەگەڵ فەرەنسادا پێویستە. ئەو بڕواهێنانە لەگەڵ ئەو داچۆڕان و شەکەتییەی پاش دە ساڵان "وای لێ کرد لە ڕێی دیپلۆماسییەتی ژێربەژێرەوە لە جەنگ دوورکەوێتەوە، ئینجا بڕیارەکەی بەو شێوە شەقلی خۆی وەرگرت، کە سازش بۆ «دێلیکاسێ» بکا.

هەر دوای سکاڵاکەی «دێلیکاسێ» «گرێی» وەهای نووسی: "پێموایە شتێکی گرنگە لێبگەڕێین ئەوەی فەرەنسا بخوازێت بیبا. ئاخر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوانەیە لە هەر شوێنێکی

دیکەشـدا، هاوکـارییەکی کوشـندە بـێ ئەگەر هـاتوو هەر گومانێـک سەبارەت بە هەرێمـی سـوریا بووروژێنرێ."[٢٦] ئەوسـا فەرمـانی بۆ کاربەدەسـتانی بریتـانی لە میسـر دەرکـرد، کە لە فشارخسـتنە سـەر نەخشـەی ئەسـکەندەروونە بوەسـتن. ئەو ئەمەی دووبـارەکردەوە، "خۆ ئەگەر زیاتر لەسـەر داواکردنی سـوریا و لوبنـان برۆین، ئەوا واتای ئەوە دەگەیەنێ لەگەڵ فەرەنسا بگەیەنینە مریشکەڕەشە."[٢٧]

فشاری فەرەنسا بووە مایەی ئەوەی بریتانیا نەخشـە نایابەکەی خـــۆی بەلاوە بنـــێ. هەروەک «ڤـــۆن هینـــدەنبورگ von Hindenburg»ی مارشـاڵی ئاڵمـان دواتـر دانـی پێدانا؛ "بەم کـارە ئەگەر هەمـوو ئاراسـتەی جەنـگەکەی نەپێکـا، بە دڵنیـاییەوە ئەگەر هاتبـاو بریتانیـا جڵەوی بڕیـاری لە هەرێمەکە گرتبایەدەسـت یـان هەوڵێکـــی جـــدی وەهـــای بـــدابایە، ئەوا چارەنووســـی دەوڵەتـــی عوسمانی هاوپەیمانەکەمان لە دەست دەردەچوو. ئەو کات پێگەی چیاکانی تۆرۆس لە باشووری وڵات لە دەست تورک دەردەچوو، ئەگەر هاتباو ئینگلیز بەسەرکەوتوویی لە گەرووی ئەسکەندرونەدا دابەزیبا."[٢٨] کەچی لە بری ئەوە وەک لێکەوتەیەکی مشـوورخواردنی فەرەنسا، ئەوە بوو دوای شەش هەفتە دابەزینی هێزەکانی بریتـانی لە دەردەنیلـدا تووشـــی چارەنووسـێکی ڕەش بـووەوە. ئەمەش لە ٢٥ی نیسانی ١٩١٥دا بوو. ئەستەنبول و سەرکەوتن تەنیا ١٥٠ میل دوور بوو.

هەردووکیـان، فەرەنسـی و بریتانییەکـان پێشـبینی دابەشـکردنی خاکەکەیـــان کـــرد. لە فەرەنســـا، گرووپێکـــی بچـــووک بەڵام لە ئیمپریالیســـتە بەجۆشـــەکان، کە لیـژنەی ئاسـیای فەرەنســی بـوو، فشاریان خستە سـەر «دیلیکاسـێ» بەوەی پێداگیری لەسـەر داوای سـوریا و فەڵەسـتیندا بکا. زۆر لە پشـتیوانانی کۆمیتەکە، لەنێویانـدا

دیپلۆماتکارەکـانی وەزارەتـی دەرەوەی فەرەنسـا لە «کیدۆرسـی Quai d'Orsay[١٤]» بـوون، لەوە نیگەرانبـوون کەوا حکـومەتی فەرەنسـا ئامانجەکـانی جەنگـی خـۆی ڕانەگەیانـدووە. ئەوە بـوو کۆمیتەکە لە ئـازاری ١٩١٥دا داوای ئەوەی کـرد: "ئـێمە دەبـێ لەوە خـاترجەم بین، کەوا ئەوانـی دیکە خەمـی ئەوەمـان بـۆ نـاخۆن، کە شوێن و پێگەمان بۆ دەستنیشـان بکەن. هەر کەسـێک چـالاک نەبـێ لە بڕیـاردان بـۆ دانیشـتن، ئەوا مەترسـی ئەوە هەیە کورسـییەکەی لەژێر دەربهێنرێ."[٢٩]

خۆی ئەمە بۆ کۆمیتەکە بەڵگەوبەندێکی ئاشنابوو، کە نەرتیئاسا و بەو ترسە گشتییەی جەمـاوەری فەرەنسـی لە ئینگلیز بە قوڕسـی پشتئەسـتوور بـوو، ئیـدی هەر ئەمەش وای لـێ کـرد پشـتگیری ئەجێندای خۆیـان سـەبارەت بە ئامانجەکانیـان بکەن. فرەوانخـوازی ئیمپریالییـــانە هەمیشـــە لای ئەوان داواکـــراو بـــوو، دژی هەر چـــاوچنۆکییەکی بریتـــانیش بـــوون لەســـەر حیســـابی فەرەنســـا. هاوپەیمـــانێکی کـــاتی جەنگـــیش لەگەڵ بریتانیـــا ئەم ســـەرهێڵە شڵەژاوییەی وروژاندەوە، بەم جۆرە سکرتێری گشتی کۆمیتەکە بە نـاوی «ڕۆبەرت دی کاسـێ Robert de Caix» کە دیپلۆمـاتێکی ئەریسـتۆکرات بـوو، لە ڕێـی کتێبە مێژوویەکاندا بەم دۆزەی خـۆی گەیشـتبوو. ئەو لەسـەر ئەوە پێـداگر بـوو، گـوایە فەرەنسـا مـافی سـوریا و فەڵەسـتینی بە "میـرات" بـۆ مـاوەتەوە، چـونکە "خـاکی خاچدارەکان بـووە... کە چـالاکی ئەورووپـی تێدا هەر لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە لە لایەن فەرەنسـییەکانەوە بـاڵکێش بـووە بەسـەر هەمـوو ئەورووپییەکانـدا و تـا ئێستاشـی لەگەڵـدا بـێ هەر بە

---

١٤ کـوای دۆرسـێ مەبەسـت ئەو شـەقامەیە کە وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوەی فەرەنسای لێیە، لەمەودوا کاتێ ناوی ئەو شوێنە دێ، ئەوا مەبەست وەزارەتەکەیە.

"فەرەنگییەکـان" نـاودەبرێ.[٣٠] بە پشتگوێخسـتنی وردەکـاری سـادە بەوەی وشـەی "فەرەنـگ" ئێسـتا بە شـێوەیەک لای عەرەب واتـای "بێگانە" دەدا، کە بەر لە شـەش سـەدە خاچدارەکانیان لە هەرێمەکە وەدەرنـــان، کەچـــی «رۆبەرت دێلیکاسـێی» ئەو شـــتەی بەهەنـــد هەڵنەگـــرت، کە "ئەو ئـــاژاوە شـــاراوەی رەگەزیـــی و ئـــۆلی" کە بابوباپیرانی لە دوای خۆیان بەجێهێشتبوو، بەڵکو مکورِبوو لەسـەر ئەوەی ئەو سێ سەدەیەی خوێنرِشتن لێرە و لەوێ هەر بە راسـتی بـووەتە مـایەی دامەزرانـدنی "پەیوەنـدییەکی یەکـانگیری تـایبەت لە نێوان فەرەنسای فەرەنگی و جیهانی ئیسلام."[٣١]

ئەم قسـە پرِوپووچـانە بە رِووی «دێلیکاسـێی»دا هەڵـگەرِانەوە. هەرچەندە ئەو ئەوەی بیر «گرێی» هاوتـای خسـتەوە، کە پابەندبێ بە رِێککەوتننـــامەی ١٩١٢، کەچـــی ئەو چیـــدی نەیویســـت پەتـــی دۆستایەتییەکە کشتبکا لەوە زیاتر کە وەزیری کاروبـاری دەرەوەی بریتانیـا دەربـارەی پرسـێکی کەمبـایەخی وەک سـوریا کـردی. لەم بارەشـەوە ئەو پشـتیوانی تەواوی دوو گەورە بـاڵوێزی هەبـوو کە «مۆریس بۆمپارد Maurice Bompard و پۆول کـامبۆن Paul Cambon» بـــوون. «بۆمپـــارد» ئەو کەســـەی تـــا ســـەرەتای هەڵگیرسانی جەنگ لە ئیستەنبول نێردە بـوو، سـوریای رەتکـردەوە چـونکە " چەنـد هکتـارێکی بەیـارە؛ «کـامبۆن»یـش کە هەر دوای رِووداوی «فاشـــۆدا» وەک بـــاڵوێزی فەرەنســـا لە لەنـــدەن دەستنیشـانکرا تـا تەمـی رِووداوەکە بـرِەوێنێتەوە، ئەوەی بینـی، کە ئەو هـیچ سـوودێکی لە داواکردنـی نـاوچەی سـوریاوە نیـیە، بە بۆچوونی ئەو، ئەوێ تەنیـا مـاڵی "دەسـتەیەک لە تـاقمە دز و جەردە درِندەکانە."[٣٢]

هەر بۆیە کۆمیتەکە پێویست بوو رِێگەیەکی دیکە تاقیبکاتەوە. لە مانگی ئایاردا بۆ ئەوەی هاوپەیمـانێیکی بەهێز لە نێو ئەنجوومەنی

پیراندا دروستبکا، پارێزەرێکی قەڵەوی بە ناوی « ئیتیان فلاندین Etienne Flandin» خستەگەڕ، تا ڕاپۆرتێک ئامادەبکا، بەڵکو لە ڕێگەیەوە فشاری زیاتر بخرێتە سەر «دێلیکاسێ». شەونخونییە بەکارەکەی «فلاندین»ـەوە بووە مایەی ئەوەی بە تاسەوە ڕاپۆرتەکەی بخوێنرێتەوە. تێیدا هانی ئەوەی دا، کە وەزیری کاروباری دەرەوە "سەرزەنشتی کەمتەرخەمی" دیپلۆماتەکانی بکا لەوەی نەیانتوانیوە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا لە سوریادا بکەن، هەروەها داوای لە حکومەتەکەی کرد بەڵکو "ئەو ملیۆنان خەڵکە لە دەستی نۆکەرانی سوڵتانە سوورەکە ڕزگاربکەن".[٣٣] ئەو لیستێکی بە سوود و کەڵکی ئابووری دەستبەسەرداگرتنی وڵاتەکەدا ڕیز کرد، لیستەکەی هەموو شتێکی تێدا بوو، هەر لە هاراوەی کانیاوەکانی دەرمان تا بۆنی زەیتی گوڵاو و نەوت. ئەو بەڵێنی ئەوەشی دابوو، گوایە جۆگە و نۆینەکانی ئاودێری کۆنی ڕۆمانییەکانیش دەدۆزرێنەوە. هەروەها پەنجەی بۆ ئەو ڕاستیەش ڕاکێشابوو، سوریا لەوانەیە ببێتە ئەو پێگەیە، کە فەرەنسا بتوانێ نۆکەندی سوێسیش دابخا. بەڵام خۆ ئەو لەوەدا سەرنەکەوت «دێلیکاسێ» بجووڵێنێ، هەرچەندە لە کاتی خۆیدا باجی کەموکورتییەکانی خۆی دا.

لەو نێوەشدا حکومەتی بریتانیا کۆمیتەیەکی پێکهێنا تا بڕیار لەسەر ئەو ناوچانەی عوسمانی بدا کە دەیەوێ؛ «سایکس»یش وەک کەمتەمەنترین ئەندام لە کۆمیتەکەدا جێی خۆی کردەوە. ئاخر ئەو بە پرسەکە ئاشناتر بوو و بەرپرسیارێتیشی لەچاو ئەندامەکانی دیکە کەمتر لەسەر شان بوو، زۆرترین کارەکانی کۆمیتەکە ئەو ڕاییدەکردن. کەچی پێشنیازە بەراییەکەی، بەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابەش ببێتە سەر بەشی ڕووسی لە باکوور، ناوەندیش بۆ فەرەنسا و بەشەکانی خوارووش بۆ بریتانیا، بە دڵی هاوئەندامەکانی کۆمیتەکە نەبوو. ئیدی هەموویان بەیەکەوە

بەوە قایل بوون، کە باشترین ڕێگەی بەرەوپێشچوون ئەوەیە، ئیمپراتۆریەتە لەناوچووەکە دابەشبکرێتە سەر چەند پارێزگایەک کە تێیدا جێدەستی بریتانیا ببێتەوە و باندۆری لەسەر هەبێ لە بری ئەوەی ڕاستەوخۆ جڵەوی بکا. ئیدی «سایکس» نێردرایە ڕۆژهەڵات و هیندستان بەڵکو لە نێو کاربەدەستە بریتانییەکانی ئەوێ برەو بۆ ئەم بیرۆکەیە پەیدابکا.

ئەوەی سایکس بیستی کاتێ گەیشتە قاهیرە، وای لێکرد، قەناعەتیان پێهێنا بگەڕێتەوە سەر بیرۆکە ماکەکەی خۆی. لە سەرەتای جەنگەوە، حکومەتی بریتانیا هێزی سەربازی هیندستانی نارد تا دەست بەسەر سەرچاوە نەوتییە چارەنووسسازەکانی عەبادانـدا بگرێ، ئەوانەی دەکەوتنە سەر کەناراوی ئێران و نزیکیشە لە بەندەری سەرەکی بەسرا، کە ئێستا عێراقە. ئەو کاربەدەستانەی سایکس بینینی، قەناعەتیان پێهێنا، پشتی ئەو نەخشەیە بگرێ، کە بەسرا وەک پردێک بە میسرەوە ببەستێتەوە، بەوەی ڕاڕەوێکی هەمیشەیی بریتانی بەنێو هەرێمەکەدا دابمەزرێنێ، کە هەر خۆی پێشتر وەها وێنای کردبوو، کە "درێژکراوی هێڵێکی مردوو و چۆڵگەیەکی دوورەدەستە"، وێناکردنێکی هەق و ڕەق بوو بۆ ئەو شوێنەی کە ئێستا باکووری عەرەبستانی سعوودی پێکدەهێنێ.[٣٤]

ئەوەی مایەی سەرسامی بوو، بەر لەوەی «سایکس» ڕووبکاتە هیندستان، لە کۆبوونەوەی ٢٨ی تەممووزدا بیرۆکەکەی بۆ دیپلۆماتە فەرەنسییەکان درکاندبوو. دوای ئەوەی دڵنیایکردبوونەوە، کە حکومەتی بریتانیا هیچ نیازێکی لە سوریا نییە، بە هاوتاکانی ڕاگەیاندبوو، حکومەتەکەی لە نەخشەیدایە دوای تەواوبوونی جەنگ، هێڵێکی ئاسنین لە نێوان بەسرا و نۆکەندی سوێس بنیاتبنێ، هەروەها خوازیاریشە ئەو ناوچانەی هێڵەکەی

بەناودا دەڕوا کۆنترۆڵبکا. کاتێکیش لێدانی هێڵێکی ئاسنینی ڕاستەوخۆی بەم جۆرە لەوێ شیاو نییە، چونکە جووڵەی لم ڕێگرە، ئینجا ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوە، دەبێ شوێنەواری هێڵەکە پێچێکی گەورە بخوا و بە لای بیابانە بەردینەکەی باکووردا بڕوا، بە دیمەشقدا بڕوا تا بگاتە سەر دەریا لە حەیفا. هەر بۆ دڵدانەوەش ئەو ئەسکەندەرونە و بەندەری نزیکەکەی «ئەدەنە»ی لەگەڵ «تەدمور» بە فەرەنسا بەخشی. تەدموریش مێرگێکی بیابانی سوریا، ڕۆژێ لە ڕۆژان شارە بووژاوەکەی ڕۆمانییەکان بوو. گومانی تێدا نەبوو، ئەو کورتە پێناسەی سایکس بۆ سوریا، بووە مایەی نیگەرانی فەرەنسییەکان، ئیدی فەرەنسییەکانیش لە هەمان ڕۆژدا ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلیان بە "نیازەکانی ئینگلیز" بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی خۆیان لە پاریس نارد.[٣٥]

کۆمیتەی ئاسیای فەرەنسی لە چاوی ئەندامەکانی خۆی لە نێو وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا، دەستبەجێ بە نەخشەی سایکسیان زانی، ئەوە بوو زانیاری پێویستیان دانێ. کۆمیتەی ناوبراویش لە بەرتەکدا دژەپێشنیازێکی ئامادەکرد، کەوا تەواوی سوریا و فەڵەستینی خستە ژێر ڕکێفی فەرەنساوە. "ئێمە دەبێ لە لای ڕۆژهەڵاتەوە شتی زیاتر بکەین تا بەرهەمی حەوت سەدەی هەوڵە شەونخوونییەکانی فەرەنسا بدروینەوە." کۆمیتەکە بە پێداگیرییەوە داوای دانوستانیان لەگەڵ بریتانیا کرد.[٣٦]

«دیلیکاسێ» کە هەر خۆی لەترسی شکستی، لەوەی کردەی بەجۆشتر لەوبارەوە نیشانبدا، لەژێر گوشاری پەرلەمانی فەرەنسادا بوو، ئەوە بوو تەواو کەوتەبەر شاڵاوی فشار و دەوری گیرا. ئەویش قسەی لەگەڵ «کامبۆن»ی باڵوێزی خۆی لە لەندەن کرد، بەوەی نەخشە چاوتێبڕینەکانی «سایکس» هی ئەوە نین

"بەبێ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان پەیوەندییەکانی ئەنگلۆ-فەرەنسی بخاتە مەترسی" جێبەجێبکرێ.[٣٧] "کامبۆن"یش تەڕدەستانە لە ٣١ی ئابی ١٩١٥دا بریتانییەکانی لەوە ئاگادارکردەوە، کەوا حکومەتەکەی "لە هیچ لێ کەمکردنەوەیەک لە مافەکانی خۆی لە سوریا و سیسیلیا- ئەو پارێزگا دراوسێیەی، کە ئێستا کەوتۆتە باشووری تورکیا- خۆش نابێ."[٣٨]

خۆ ئەگەر ئەمە بۆ «کامبۆن» شتێکی ناشیاو بووبێ، کە هەر وەهاش بوو. ئاخر بە شێوەیەک پرسیار لە باڵوێز کرا ئاخۆ حیکمەتی داواکردنی سوریا لە چیدایە، ئینجا هۆشدارییە ڕاشکاوانەکەی ئەویش لە ڕاستیدا لە لایەن پاشکۆ نوێیەکەی باڵوێزخانەکە نووسرابوو، کە تازە گەیشتبووە ئەوێ تا بچێتە پاڵ ئەرکی فەرەنسی لەوێ. ئەویش «فرانسیس جۆرج پیکۆ François Georges-Picot»ی نووسەر بوو، ئەو ڕاستەوخۆ بەر لە جەنگ لە بەیروت کونسوڵی فەرەنسا بوو، بەڵام لەبەر هەواداریێتی دیکە، ئەو لە هەلومەرجەکە زۆر گرنگتر بوو لەوەی هەبوو. هەروەها ئەو ئەندامی کۆمیتەی ئاسیای فەرەنسیش بوو. ئەو پیاوێکی moوزەردی درێژی باریک بوو – لە لیاقەی جەستەیی و دەروونیش وەک یەک بوو- جۆرج پیکۆ دەم و لووتێکی درێژکۆڵەی بوو، لە بریتانییەکان داخ لە دڵ بوو. پەیدابوونی ئەو لە پایتەختی بریتانییەکان نیشانەی ئاراستەیەکی توندتری فەرەنسییەکان بوو.

# ٢

## مسیۆ پیکۆ[١٥]

«فرانسیس جۆرج پیکۆ -FRANÇOIS GEORGES PICOT» بیروباوەڕی ئیمپریالییانەی لە خوێندا دەگەڕا. هەردووکیان، واتە هەم خۆی و هەم «چارلس Charles»ی برای، ئەندامی کۆمیتەی ئاسیای فەرەنسی بوون، فشاریان دەخستە سەر فەرەنسا تا داوای سوریا بکا، هەروەها «جۆرج پیکۆی» باوکی کۆچکردووشیان دامەزرێنەری گرووپێکی دیکە بوو، ئەویش کۆمیتەی ئەفریقای فەرەنسی بوو، چارەکە سەدەیەک پێشتر دنەی حکومەتی دەدا بەڵکو داوای ئەو پارچانەی ئەفریقا بکا و دەستی بەسەردابگرێ، کە "هێشتا بێ سەردارن."[١]

«جۆرج پیکۆ» پارێزەرێکی ناودار بوو، ئەندامی پەیمانگەی فەرەنسی و نووسەری بیۆگرافیای «گلادستۆن Gladstone» ی سەروەزیر بوو، کە فەرمانی بە هێزەکانی بریتانیا کرد نۆکەندی سوێس داگیربکەن. کوڕەکەی ئەوەیش « فرانسیس جۆرج پیکۆ» ناوی تەواوی باوکی وەک پاشناوی خۆی وەرگرت، وەک ئەوەی هیچ گومانێک بۆ هیچ کەسێک نەهێڵێتەوە کەوا ڕۆڵەی کێیە. بریتانییەکانیش، کە بە "زوڕنای دەنگ" و ڕەفتاری دەوروژان و ختووکەیان دەهات، بە ئەنقەست خۆیان لەو خۆناسینەی دەدزیەوە و زەقوزۆپ بە پیرە "مسیۆ پیکۆ" بانگیان دەکرد.[٢] دیاریش بوو دیپلۆماتە فەرەنسییەکە بەو شتە قەڵس نەدەبوو. هەروەک دیپلۆماتێکی بریتانی بە منگەمنگەوە دەیگوت، ئەو "یەکێک لەو

---

١٥ نووسەر وشە فەرەنسییەکە monsieur مسیۆی بەکارهێناوە.

فەرەنسـییە سـەیرانە بـوو، پێـدەچوو هەرگیـز لاوێتـی بەخـۆەوە نەبینیبێ."[3]

کەچی « جۆرج پیکۆ»ی تەمەن ٤٣ ساڵان، ڕۆژێک لە ڕۆژان جاحێڵ بووە. هەروەک خوێندکارێک لە سەرەتاوە شوێنپێی باوکی هەڵگرتوە و لە زانکۆدا قانونی خوێند. ئینجا لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا لە پـڕێکەوە کارنـامەی ژیـانی خـۆی گـۆڕی. کـاتی بڕیاردانەکەشـی بەوەی ببێتە دیپلۆمات، چارەنووسساز بوو، ئاخر ئەوەش لە ساڵی ١٨٩٨دا بوو؛ ئەو ساڵەی کە ڕووداوەکەی «فاشۆدا»ی تێدا قەوما، ئەو کێفەڕاتەی بە هـۆی گرووپی فشـارەکەی باوکییەوە پەیدابوو. «فاشۆدا» و لێکەوتەکانی بەسەر ساڵە بەراییەکانی «جۆرج پیکۆ» لە «کێ دۆر سێ» وەزارەتی دەرەوە باڵکێش بوو، ئیدی ئەو ئەڵقە زەمەنییە حەیابەرە شوێنەواری خۆی بەجێهێشت. بە لەدەستدانی بـاوەڕی خـۆی بە حکـومەتی فەرەنسـی، کە لێبـڕاوانە بەرگـری لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ناکا، «پیکۆ» و هاوتاکانی بڕیاریاندا دەبێ لە ئایندەدا زۆر توند لەگەڵ بریتانییەکان بجووڵێنەوە. پاشان یەکێک لە سیاسەتوانە بریتانییەکان ئاراستەی ئەوانەی بەم شێوەیە کورت کردەوە: "هیچ شتێک نەدەن و هەموو شتێکیش بخوازن."[4]

لەو کـاتەش کە دیـار بـوو «مـارک سـایکس» بێئاگـا بـوو لە پێشـهاتە تازەگەرییەکـانی سیاسـی لە جیهـانی عەرەبـدا، کەچـی «جـۆرج پیکـۆ» لێـی ئاگـاداربوو. لەوکـاتەی ئەو وەک کونسـوڵی فەرەنسـا لە بەنـدەرە بـووژاوە و بەهەڕمێـنەکەی بەیـروت، هەر ڕاستەوخۆ بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان کاریدەکرد، لەوێوە نامەی لە ڕۆشبنیر و ئەفسەرە گەنجە مجێزبەرزەکانی سوپای عەرەبی و پـاریزەر و ڕۆژنامەنووسـەکان پێدەگەیشـت، دەیانەویسـت بە یارمەتی ئەوان بگەنە مەبەستی خۆیان، بەوەی لەنێو ئیمپراتۆریەتی

عوسمانییدا ئۆتۆنۆمی بەدەستبهێنن. تەنانەت عەرەبەکان لە ١٩١٣دا لە پاریس کۆنگرەیەکیان بۆ تاوتوێکردنی ئەم ئامانجە گرێدا، بەڵام حکومەتی فەرەنسا حەزی لێنەبوو کۆمەکیان بکا، چونکە سوود و قازانجی دارایی خۆی لە بەردەوامی مانەوەی عوسمانییەکان زیاتر دەبینی، هەر بۆیە «جۆرج پیکۆ» هەر ئەوەندەی لەدەست دەهات، فایلی هیوا و ئاواتی ئەوان بە وریاییەوە دوورهەڵبگرێ.

لە حوزەیرانی ١٩١٤دا بڵاونامەیەکی عەرەبی بۆ «جۆرج پیکۆ» نێردرا و تێیدا داوای سەربەخۆیی تەواوی سوریای لێکرا، ئەمەش وای لێکرد، کە پێویستە سیاسەتی حکومەتەکەی بگۆڕێ. بەو بڕوایەی کەوا بڵاونامەکە "زۆر زیاتر لەوەی ڕابردوو دەرفەتی زیاترە تا سەدایەک لەسەر گیان و دەروونی خوێنەرانی بداتەوە"، ئیدی ئەویش حکومەتەکەی لە پرسەکە ئاگادارکردەوە بەوەی "ئەگەر ئەوان دەستی عەرەبەکان نەگرن، ئەوا ئەوانی دیکە –کە مەبەستی بریتانییەکان بوو- کاری وەها دەکەن."[٥] کەچی حکومەتەکەی «پیکۆ» خۆی لە گووره نەبرد. لە بارێکی بێئومێدیشدا و لەو کاتەی پێدەچوو فەرانسە و عوسمانییەکان لە پایزدا بکەونە دۆخی شەڕ، ئیدی ئەو ژێربەژێر شتێکی بۆ حکومەتی گریکی ڕێکخست، بەوەی یارمەتییەکی پێکهاتوو لە پازدەهەزار تفەنگ و نزیکەی دوو ملیۆن فیشەک بگەیەننە دەستی کریستیانەکانی لوبنان. کاتێکیش جەنگ هەڵگیرسا، «پیکۆ» ناچار بوو بەیروت جێبێڵێ.

پیکۆ سەرچیخانە وەهای چاوەڕوان دەکرد فەرەنسا بە زووی ئەو ناوچانە دەگرێ تا پشتی ڕاپەڕینی لوبنانییەکان بگرێ و هیواشی وا بوو چەک و فیشەکانیش ئەوسا بکەونەگەڕ. ئیدی هەر

بەو شیمانەیە، لە بری سووتاندنی ئەو نامانەی کەوا عەرەبەکان بۆیان ناردبوو، بە متمانەیەکی ساویلکانەوە کلیلەکانی کونسلخانە و ئەرشیفەکەی بۆ کونسوڵی ئەمریکا بەجێهێشت. کاتێکیش بە پەلە سواری سەر پشتی بەلەمەکە بوو تا لە بەیروت دەربچێ، لە کاتی خواحافیزی لە کارمەندان، ئەوانەی لە دوای ئەو بەجێمان پێیگوتن: "دوای دوو هەفتەی دیکە دەتانبینمەوە."[٦]

پەلامار و داگیرکردنەکەش ڕوویندا و لەگەڵ هاتنی عوسمانییەکان و داگیرکردنی کونسوڵخانەکە و دەستبەسەرداگرتنی فایلەکان، ڕوانینی شۆڕشی لوبنانیش ڕەوایەوە. لەبەر کەمتەرخەمی «جۆرج پیکۆ» عوسمانییەکان لە ڕێی فایلەکانەوە توانیان هەندێ لەو دۆست و برادەر و ئەو کەسانەی نامەیان لەگەڵ کونسوڵدا ئاڵوگۆڕکردبوو بگرن و لە سێدارەیان بدەن. ئیدی ئەو گەڕایەوە پاریس، لەوێ لەگەڵ هاوبیرەکانی دیکەی یەکیگرتەوە، کاری کونسوڵی بەجێهێشت و لەگەڵ هاوکارەکانی لە کۆمیتەی ئاسیای فەرەنسی فشاری خستە سەر «دێلیکاسێ» تا ڕووبەڕووی "پرسی ڕۆژهەڵات" ببێتەوە، ئەوسا چ لە ڕێی پەرلەمان و چ لە ڕێی بزنسمانەکانی وەک «لیۆن» و «مارشاڵ»، ئەوانەی بۆ دەستگرتن بە پیشەسازی ئاوریشم، ئامادە و لەسەرپێ بوون. تا دەهاتیش فشاری گرووپی لۆبییەکە بەهێزتر دەبوو، ئەوە بوو لە دواییدا «دێلیکاسێ» بڕیاریدا، کەوا هیچ بژاردەیەک لە دەست نەماوەتەوە بەدەر لەوەی پرسەکە لەگەڵ بریتانییەکان تاوتوێ بکەن، ئیدی «جۆرج پیکۆ» بوو نەوەک «بۆمبارد»ی باڵوێزی پێشووی فەرەنسا لە ئیستەنبول، سەبارەت بەم پرسە گومانی هەبوو، لە ئابی ١٩١٥یشدا نێردرایە لەندەن.

هەر زوو «جۆرج پیکۆ» هەستی بەوە کرد لە توانایدایە ڕاپۆرت لەسەر باری پێشوەچوونی ڕەوشەکە بۆ هاوپەیمانەکانی لە پاریس و شوێنی دیکە بنێرێ. هەروەک ئەو بە «ئالبەرت دیفرانس Albert Defrance»ی دۆستی ڕاگەیاند، کە باڵوێز بوو لە قاهیرە: "ئێستا ئەوان داخوازییەکانی ئێمەیان لەبەردەستە، بەم جۆرە چیدی ناتوانن خۆیان لێی بدزنەوە."[٧] لەگەڵ ئەوەی، ئەو لەمەیاندا ڕاست بوو بەوەی بڵێ، کە ئەو حکومەتی بریتانی ناچارکرد، پرسەکە بەگوێرەی ئەوەی کۆمیتەکەی تاوتوێ بکەن، بەڵام ئەوەی ئەو نەیدەزانی ئەوە بوو، هاوتا بریتانییەکانی نەیاندەتوانی زیاتر بە لەیەکدابڕاوی سەیری ڕوانینی فەرەنسییەکان بۆ بابەتەکە بکەن. ئەوەی بۆ «جۆرج پیکۆ» نەزانراو بوو، بەڵام لێی دەترسا، ئەوە بوو، بریتانییەکان بە نهێنی ئەسپی سەرچڵیی خۆیان لەگەڵ عەرەبەکان تاودابوو. ئاکامەکەشی لە سوچێکی دیکەوە سەریهەڵدا، ئەویش داواکردنێکی تێکەڵی هەرێمی بوو، ئیدی ئەم جارەیان لە «شەریف حوسێن»، مەزنی مەککەوە بوو.

«سێر هێنری ماکماهون Sir Henry McMahon»ی کۆمسیاری باڵای بریتانیا لە میسر بە شێنەیی لە «شەریف حوسێن» نزیک بووبووەوە، ئەمەش دوای ئەوەی دابەزینی هێزەی بریتانی لە گالیبۆلی نەیتوانی زەبرێکی کەمەرشکێن بوەشێنێ، ئەو زەبرەی «سایکس» و ئەوانی دیکە بە تەمای بوون. «ماکماهون» پیاوێکی سووکەڵەی وریا و خۆپارێز، ناوبانگی بە کەسێکی تەمبەڵ دەرکردبوو، زۆرترین کارنامەی خزمەتی ژیانی لە هیندستان بوو. ئەو تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی «کیچنەر» لەوێ داندرابوو، ئاخر «کیچنەر» بانگی لەندەن کرابووەوە تا سەرۆکایەتی نووسینگەی جەنگ بکا. «ماکماهون» هەستیکرد بەرپرسیاریەتییەکەی بە دڵ

نیـیه، هەرهـیچ نەبـێ دەیزانـی هەرکاتێـک هێزەکـانی بریتـانی لە دەردەنیل بکشێنەوە، ئەوا تورکەکان دەست بە دژەهێرش دەکەنەوە و ئینجا ئامانجەکەشیان میسر دەبێ. ئەم ڕوانینەش گەفێکی دیکەی دەوروژاند. ئـاخر بـاری ئـابووری میسـر بە شـێوەیەکی خـراپ بە دۆخـی جەنـگەوە کـاریگەر بـوو، ئەمەش بە زۆری لەبەر ئەوە بـوو، کە زۆریـــنەی دانیشـــتوانە عەرەبە موســـڵمانەکان نزیکتـــرین و ناسکترین خەڵک بوون، کە بەپیر بانگەوازەکەی سوڵتانەوە بچن بۆ جیهادکردن. تا ناوەڕاستی ١٩١٥ش «ماکماهون» و ڕاوێژکارەکانی دەترسـان مەبـادا تـورک هێرشـبکاتە سـەر نۆکەنـدەکە، ئەمەش بە ئاسانی پروشکەی ئاگری ڕاپەرینی عەرەبی لە دەڵتای نیلدا گڕدەدا.

ئەوە گەنجێکی دیکەی بەخۆنـاز و کەمۆی کەچەڵە بوو بەنـاوی «ڕۆنالد ستۆرس Ronald Storrs»، کە بیرۆکەیەکی بلیمەتانەی بە گوێی «ماکماهون»دا چرپاند، بەوەی «شـەریف حوسێن» وەک داردەستێک لە دژی هێزەکانی جیهادی سوڵتان بەکاربێنن. «ڕۆنالد ستۆرس» ڕاوێژکـاری خۆرهەڵاتناسـانەی «ماکمـاهون» بـوو، بـۆ مـاوەی چەنـدین سـاڵ لە قـاهیرە لەگەڵ کۆمسـیۆنی بـاڵای بریتـانی کاریـــــدەکرد. ئەو دەیزانـــــی پەیوەنـــــدی «حوســــێن» لەگەڵ عوســـمانییەکاندا گـــرژە، چـــونکە بەر لە هەڵگیرســـانی جەنـــگ، «عەبـدوللای» کـوڕی حوسێن ڕاسـتەوخۆ داوای لێکردبـوو بەڵکـو بریتانییەکان کۆمەکیماڵباتەکەی بکەن تـا بتـوانن تورکەکـان لەوێ وەدەربنـێن. بەر لە جەنگیش نەدەکـرا بریتانیـا ئەو جـۆرە کـۆمەکە بکـا، بەڵام ئێسـتا کـارەکە دەکـرا. ئیـدی «ماکمـاهون» بە دنەدانـی «سـتۆرس» لە ژێـرەوە پەیوەنـدی لەگەڵ «حوسـێن» گرێـدایەوە، ئامـــاژەی بەوە دا، ئەگەر هـــاتوو دژی دوژمـــنە هاوبەشـــەکەیان ڕاپەڕی، دەکرێ یارمەتی بریتانیای لەپشت بێ.

مشـــتومڕی «ســـتۆرس» لەســـەر ئەوە بـــوو، کەوا «شـــەریف حوســـێن»ی مێژەربەســـەری ڕیشســـپی سەرســـەخت کەســـێکی نموونەیی لەبارە بۆ بنکۆڵکردنی بانگەوازە زەنگوڵدارەکەی سـوڵتان، کە جـاڕی جەنگـی پیـرۆزی دابـوو. ئەوەش وەنەبـێ هەر لەبەر ئەوەبێ، کە «حوسـێن» دەسـەڵاتداری شـارێکە، کە چەقی بـازنەی جیهانی ئیسلامییە- ژمارە تەلەفۆنەکەشی لە مەککە (١) بوو- بەڵکو لەبەر ئەوە بـوو پـایەی "شـەریف" وەک وەچەیەکـی ڕاسـتەوخۆی محەمەد پێغەمبەر ناسراو بوو، ئەو ڕەچەڵەکەی سوڵتان نەیدەتوانی داوایبکـا. هەروەهـا «سـتۆرس» پێشـنیازی ئەوەشـی کـرد، لە بەرژەوەنـدی ئیمپراتـۆریەتی بریتانیـادایە ختـووکەی مجێـزبەرزی «حوسـێن» بـدا بەڵکـو وەک خەلـیفە جـێگەی سـوڵتان بگـرێتەوە. «سـتۆرس» دوای دارمـانی ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی، نووسـی؛ دەکـرێ «حوسـێن» "بەبـێ بـوونی هێزێکـی زەمەنـی ببێـتە دەمڕاسـتێکی ڕۆحـی میراتگـرەوە"ی پابەنـد بە داهـات و پارێزگـاری بریتانی بێت و ببێتە داردەستیش بۆ بڵاوکردنەوەی دەستڕۆیشتنی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.[٨]

ئەم هەڵوێستە ناپیاوانەیە، شێوە کاردانەوەی «ماکماهون» بوو، ئەویـــش لەو کـــاتەی «حوســـێن» لە ئـــابی ١٩١٥دا وەڵامـــی دەستپێشـــخەرییەکەی دایەوە، کە ڕێـــک هاوزەمـــان بـــوو لەگەڵ گەیشـتنی «جـۆرج پیکـۆ» بـۆ لەنـدەن تـا فشـاری فەرەنسـا بـۆ داواکردنـی سـوریا بخـاتەڕوو. کـاتێکیش «شـەریف حوسـێن» بە شێوەیەکی ڕەچاونەکراو داوایکرد، وایزانـی بریتانیا پشـتی داواکەی ئەو دەگرێ بۆ ئەوەی ئیمپراتۆریەتێکی بەرفرەوان پێکەوە بنێ، کە نەوەک هەر نـیمچە دوورگەی عەرەب، بەڵکـو سـوریا و عێـراق و

فەڵەستینیش بگرێتەوە، ئەوە بوو «ماکماهون» خۆی لێبوارد و ئەم شتەی بەهەند هەڵنەگرت. «ستۆرس»یش کە زۆر جار لەسەر یەک سەروسەودای شتی عەنتیکە و مافووری لە بازاڕی قاهیرە دەکرد، داواکەی «حوسێن»ی وەک کابرایەکی بازرگان هاتەپێشچاو، بەوەی سەرەتا نرخێک لە سەر کاڵاکەی دادەنێ تا دواتر بتوانێ سازشی لەسەر بکاو بیفرۆشێ. کەچی کاتێک کۆمسیاری باڵای بریتانی تێکۆشا گفتوگۆ لەسەر داوایەکە بوەخرێنێ[١٦]، «حوسێن» بە توندی هاتەدەنگ. «شەریف» لە سەرەتای مانگی ئەیلوولدا لەبلەبانانە گوتی: "ڕاستییەکە ئەوەیە، پێشنیازی بەرەی پێشەوە و سنوورەکان وەنەبێ هەر پێشنیازێکی تاکەکەسی بێ، کە داوایەک بێ و چاوەڕێی کۆتایی جەنگ بکا، بەڵکو ئەم داخوازییە هی گەلەکەمانە، ئەوەی بڕوای وەهایە، لایەنی کەمی سنوورە بۆ ئەوەی سیستمێکی نوێی لێدابمەزرێنێ کە بۆی تێدەکۆشن."[٩]

ئەو داوا فرەوانخوازییەی حوسێن، کە نمایشی جیهانی عەرەبی نیشاندەدا، وەها پێدەچوو، ئەگەر هاتوو سەرچاوەیەکی دیکە هاوکاری نەبێ، داوایەکی ئاوەزمەندانە نەبێ. بە ڕێکەوتێکی ئەفسوناویش، هەر لەوکاتەی نامەکەی «حوسێن» گەیشتبووە قاهیرە، ئەفسەرێکی عەرەب لە لەشکری عوسمانی بەناوی «محەمەد ئەلفاروقی» لە گالیبولی لە عوسمانییەکان هەڵگەڕابووە و چووبووە ڕیزی بریتانییەکان. ئیدی لە زنجیرەیەک چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەفسەرە بریتانییەکان لە قاهیرە، بە خودی «سایکس»یشەوە، کە ئەو تازە لە هیندستان دەرچووبوو بەرەو نیشتمان بگەڕێتەوە، ئەوە بوو ئەفسەرەکەی عەرەب ئەوەی

١٦ وەخراندن: دواخستن.

گوتوبوو، کەوا نزیکەی هەموو ئەفسەرە عەرەبەکانی نێو لەشکری عوسمانی لە بزووتنەوەی نیشتمانی ژێرزەمینی عەرەبدا ئەندامن. بەگوێرەی قسەکانی ئەو، گوایە بزووتنەوەکە لەو ساتەدا لەبەر ئەو مشتومڕەدا بووە، ئاخۆ هێزی خۆی بخاتە پاڵ عوسمانی و ئاڵمان یاخود هاوپەیمانێتییەکەی بگوازێتەوە و ڕەگەڵ بریتانییەکان بکەوێ. «ئەلفاروقی» زۆر شووڵی لێهەڵکێشابوو، بەڵام بریتانییەکان بژاردەی دیکەیان لەبەردەستدا نەبوو لەوەی زیاتر، کاتێ ئەفسەرەکە بە دانوستانە ژێربەژێرەکەیان لەگەڵ «شەریف حوسێن»دا زانی، کە قسەکانی کابرا بە هەند هەڵبگرن. لەبەر نهێنیبوونی ئەو نامە و نامەکارییەی نێوان ماکماهون و حوسێن، ئەوە دەرکەوت، هەردوو شتی، چ قسەکانی ئەلفاروقی سەبارەت بە بەرفرەوانی ڕایەڵەی تۆڕی عەرەب و چ داوای دراماتیکی حوسێن بەوەی نوێنەرایەتی پانتاییەکی بەرفرەوانی عەرەب دەکا، ڕاست بوو.

ئەو درکاندنانەی «ئەلفاروقی»، «ماکماهون»ی ناچارکرد بە باری کاریگەریی «شەریف حوسێن»دا بچێتەوە. لە ١٨ تشرینی یەکەمدا کۆمسیاری باڵا کورتبڕیانە لە بروسکەیەکیدا لەندەنی ئاگادارکردەوە لەوەی: "لایەنی عەرەب لەسەر دووڕیانی جیابوونەوەیە" و هەر بۆیە پێویستە بە پەلە تاوتوێی داوانامەی «حوسێن» بکرێ.[10] ئەو لەسەر بروسکەکەی بەردەوام دەبێ و دەنووسی: "ئەگەر ئێمە دەستبەجێ دڵنیاییەکیان نەدەینێ و قایلیان نەکەین، ئەوا خۆیان دەهاوێژنە باوەشی ئاڵمان." «سایکس»یش لە گەڕانەوەیدا بۆ لەندەن، پشتی «ماکماهون»ی گرت. ئەویش هەستیکرد "ئەگەر هاتوو عەرەب بۆ چارەنووسی خۆیان جێبهێڵرێن"، ئەوا دەچنەپاڵ تورکە عوسمانییەکان.[11]

ڕەوشە پەرەسەندووەکە لە قاهیرە وای لە «سێر ئێدوارد گرێی Edward Grey Sir» کرد لە دۆخێکی وەهادا بێ، کە هی ئێرەییپێبردن نەبێ. دارێک بوو هەر دووسەری پیس بوون. سەرەتا «جۆرج پیکۆ» و هەنووکەش «حوسێن»، هەردووکیان داوای ئەوەی لێدەکەن، داخوازییە دژبەرەکانیان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لەبەرچاوبگیرێ، خۆی دەبوو ئەویش لەنێوانیادا یەکێکیان هەڵبژێرێ. یەکێک لە کاربەدەستان وەها ئامۆژگاری کرد؛ "پێویستە ڕەوشەکە لە هەردوو ڕوویەوە و بۆ هەردوو لای فەرەنسی و عەرەب بە ڕوونی مایەی لێتێگەیشتن بێ، ئەگەر وەها نەبێ، ڕووبەڕووی کێشمەکێشی ڕاستەقینە دەبنەوە". بەلام لە هەمان کاتیشدا ڕاستی لەم ڕەوشەدا لە مەترسیدایە.[12] ئاخر ئەگەر بریتانیا داوای عەرەب وەپێش داوای فەرەنسییەکان بدا، ئەوا ڕەوشی خاوبوونەوەی گرژییەکان لەگەڵ پاریس دەخاتە مەترسی؛ خۆ ئەگەر داوای عەرەبەکانیش بەلاوە بنێ، دەکرێ ئەوان بچنە پاڵ فەتوای جیهادی سوڵتان.

ڕۆژژمێری «گرێی» هەروەک ئەو بەندوباوانەی لەوەوە دەبیستران، وای لێکردبوو مەیلی بەرەو لای فەرەنسییەکانەوە بڕوا. ئەوە لەپێشبوو لە ٢١ی تشرینی یەکەمدا چاوی بە «کامبۆن» بکەوێ تا داوای فەرەنسای لەگەڵ تاوتوێ بکا، لە هەمان کاتیشدا چیرۆکی هەراسانکەری سەبارەت بە پشتگیری جەماوەری فەرەنسا بۆ چوونە نێو جەنگ بیست. هەردوو هۆکارەکە هێنایانە سەر ئەو قەناعەتەی پێویستە تووڕەنەکردنی فەرەنسییەکان لەپێش مەترسی جیهادی سوڵتاندا دابنێ. ئەوەشی لەگەڵ هاوتاکانی لە کابینەی حکومەت تاوتوێ کردبوو، ئاخۆ چ ڕێنمایی بۆ ماکماهون بنێرێ (بەو دەستخەتە ناخۆش و تێکەڵەی خۆی، پرسیارێک

سەرمەشق بوو"ئایا ئەمە بەسیەتی؟") ئەوە بوو لە ٢٠ی تشرینی یەکەم بروسکەیەکی بۆ قاهیرە لێدا و تێیدا بە کۆمسیاری باڵای ڕاگەیاند، تا بکرێ لە نامەی داهاتووی بۆ «شەریف حوسێن» سەبارەت بە تاوتوێکردنی باکوور- خۆرهەڵاتی سوریا، ئەو گۆشەیەی کە «حوسێن» داوای دەکرد، تەمومژاوی بێ.[١٣] لەگەڵ ئەوەشدا و بەگوێرەی خێرا هاتنەپێشەوەی پێشهاتەکان، دەسەڵاتێکی چارەنووسسازانەی بۆ ماکماهون هێشتەوە بەوەی "بە گوێرەی پێویست دەستی واڵا بێ و کات بۆ تاوتوێکردنی دارشتەی دەقاودەق دیارنەکات.... ئەمەش ئەگەر هاتوو پێویستی بە وردەکاریی دەقاودەتر هەبوو، ئەوا دەکرێ هەر خۆت ڕوونیبکەیتەوە."[١٤]

«ماکماهون» بەو بەرپرسیاریەتییە دڵخۆش نەبوو، دەقاودەقیش بە گوێی ڕێنمایی «گرێی» کرد. ئەویش «ئەلفاروقی» وەک دەنگدانەوەیەکی پەسەندنامەی «شەریف حوسێن» بەکارهێنا، ئەوە بوو لە ٢٤ی تشرینی یەکەمدا نامەیەکی سیاسییانەی نارۆشنی بۆ «حوسێن» نارد، تێیدا دانپێدانانی بریتانییەکانی سەبارەت بە زۆرینەی ئەو خاکانەی ئەو داوای دەکرد نووسیبوو، بەڵام بەدەر لە دوو ناوچەی زۆر بە پیتوفەڕ. یەکیان ئەو سەرە پردە ئاسیایەی سەر کەنداوی فارسی بوو، کە بریتانییەکان وەک سەربازگەیەک دەستیان بەسەرداگرتبوو. ئەوەی دیکەش ئەو بەشە کەناراوییەی سوریا بوو، کە فەرەنسا چاویتێبڕیبوو، ڕاگوزەریانەش بەسەر پێناسەکردنی ناوچەکەدا چووبوو. «ماکماهون» دواتر ڕوونی کردەوە، کەوا "پێویست بوو لە دەربڕینەکەمدا تەمومژاوی بم، ئاخر لە سەرێکەوە حکومەتی خاوەنشکۆی شاژن حەزی نەدەکرد بە کردەیەکی دەقاودەقی ئایندە پابەندبێ، لە سەرەکەی دیکەشەوە،

هەر وردەکارییەک بۆ پێناسەکردنی داواکانمان دەبووە مایەی ترساندنی عەرەب."[١٥] دەمێکیش بوو مشتومڕ لەسەر واتای ئەم وشانە کرابوو، هەر بۆیە شتێکی سەرسامهێن و کتوپڕ نەبوو، بەوەی هەرگیز نیازی ئەوەیان نەبووە ڕوون و ئاشکرا بن.

پێشهاتە پەرەسەندووەکانی ڕستە سەرەکییەکەی نێو پەیامەکە سەلمێنەری ئەوە بوو، کەوا بە مەبەست هەوڵیداوە «شەریف» لە خشتە ببا. سەرەتا نیازی وا بوو، ویستبووی توانستی خۆی لەگەڵ داننان بە داواکاری حوسێن سەبارەت  بە ناوچەکانی دیکە بەم گرێ ڕستەیە بگونجێنێ، کە نووسی: "تا ئەو ڕادەیەی پێویستە، ئینگلستان ئازادە لە وەی بەبێ هیچ زیانگەیاندنێک بە بەرژەوەندی هاوپەیمانەکانی بجووڵێتەوە"، بەڵام ئەوەی بە مێشکدا هات لەوانەیە ئەم دەربڕینە ببێتە مایەی وروژاندنی «حوسێن». بۆیە دوایین ڕەشنووسی نامەکەی بە شێوەیەک هەموارکرد، کە بابەتی مەرجدانانەکە شتێکی بەم جۆرە بوو: "ئێمە بەم سنووربەندییە قایلین و هەرچی دەربارەی ئەو ناوچانەشە، ئەوانەی کە بریتانیای مەزن بەبێ ئەوەی زیان بە هاوپەیمانە فەرەنسییەکەی بگەیەنێ ئازاد بێ لە هەڵسوکەوت کردندا، ئیدی ماکماهون گوتی؛ ئەو "ڕێپێدراوە بە ناوی حکومەتی بریتانی مەزن ئەم دڵنیایەی خوارەوە بدا...."

بڕگە مەرجدارەکە وا دەهاتە بەرگوێیان، کە هیچ بەربەستێک لەسەر ڕێگەی بریتانیادا نییە بەوەی دان بە داوای عەرەبەکاندا بنێ سەبارەت بەو بەشەی لە سوریا مابووەوە و وێرگوڵێکیش لە نێوان وشەکانی"لەنێویدا" و "کە تیایدا"یە و ئەوی پێویست بوو تێدابێ، هەبێ؛ کەچی «ماکماهون» زۆر بە مەبەست خاڵبەندییەکەی نێوان وشەکانی هەڵگرت، چونکە ویستی واتا دژەکەی بدا. ئەو وەک بە

وەزیـــری کاروبـــاری دەرەوەی گـــوت، "نەوروژانـــدنی نیگەرانـــی فەرەنســـــــییەکانی لەبەرچــــــاو گرتبــــــوو... ئەمەش لەڕێـــــــی هەموارکردنەوەی گشتیی ئەو کاریگەرییەی کەوا نووسرابوو تەنیا حکومەتی خاونشکۆ دەتوانێ سەبارەت بەو ناوچانە گرەنتی بدا، "بەوەی حکـــومەتەکە بەبـــێ زیانگەیانـــدن بە بەررژەوەنـــدییەکانی فەرەنســــای هاوپەیمـــان بجـــوولێتەوە."[١٦] بە کەمـــۆیی بڕیاریـــدا دەقـاودەق ئەو بـڕگە مەکـرۆییە بەکـاربێنێ، بەڵام بـۆ بەدبەختـی، یەکەمـــین کەس، کە لەئاســـتیدا دۆشـــداما « ئـــاژانی نهێنـــی و وەرگێـــڕەکەی «ســـتۆرس» بـــوو بە نـــاوی «ڕوحـــی Ruhi». وەرگێـڕانە عەرەبییـەکەی «ڕوحـی»، کە بـۆ شــەریف نێـردرا، بە تەواوی واتا هەموارکراوەکەی دووەمی لەدەستدابوو.[١٧] پاشان وەک «ستۆرس»ی غەمبار لێکیدایەوە، «روحی» ئاژانێکی باشتر بوو لەوەی توێژەر بێ."[١٨]

لەو کاتەی ماکماهون پەیامە فەرمییەکەی بۆ شەریف حوسێن نارد، «گرێی»ش «کامبۆن»ی باڵوێزی فەرەنسای بینی. کاتێکیش لە ٢١ی تشـرینی یەکەمـدا وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی بریتانیـا پیشنیازی بۆ «کامبۆن» کرد، کەوا باشە فەرەنسا نوێنەرێک بۆ پرسی سنووری ئایندەی سوریا دەستنیشان بکا، چونکە بریتانیا دەیەوێ پشتگیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی عەرەبی بکـا، بەڵام ئەمەی بە «کـامبۆن» نەگـوت، کەوا ڕەوتـی گفتۆگـۆی پێشتر لەگەڵ «حوسێن» دەستی پێکردبوو.[١٩] «کامبۆن»یش بە «گرێی» ڕاگەیاند؛ وا پێویست دەکا لە هەر سەودایەک، کە لەگەڵ «شــەریف»دا بکـرێ، پـرس بە فەرەنسـییەکانیش بکـرێ، ئینجـا ڕاپۆرتێکی بۆ پاریس نارد، دڵخۆشی خۆی بە قسە و گفتوگۆکانی خـۆی لەگەڵ وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی بریتانیـا دەربڕیبـوو

بەوەی "بە فەرمی و قانونی دانیان بە مافەکانی ئێمە لە سوریادا ناوە."[20] ڕایسپارد «جۆرج پیکۆ» ڕاوێژکارە نوێیەکە وەک دانوساندکار لەگەڵ بریتانییەکان دیاریبکرێ، چونکە ئەو "لە هەموو کەسێک باشتر" لە کاروبارەکانی سوریا دەگا.[21]

لەم گۆشەنیگایەدا «جۆرج پیکۆ» بووە قسەکەری سیاسەتی حکومەتی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[17]. ئەو گەڕایەوە پاریس بێ ئەوەی ناوی خۆی لە ژێر ڕێنماییەکان بنووسێ، ڕێنمایی بۆ «کامبۆن» نارد، تێیدا خۆی بەوە ناساند، کە «پیکۆ» دانوستانکەری کامبۆنە و فەرمانی پێکرد داوای سوریا بکا بەوەی خاکی فەلەستین لە باشوورەوە بگرێتەوە و تا دەگاتە سەر سنووری میسر و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە تا موسڵ درێژ ببێتەوە. کاتێک ڕێنماییەکەی بەو شێوە ڕەقە دارشت، ئینجا فەرمانی خۆی وەها نووسیەوە؛ "ڕێگەیەکی باشە بۆ دڵنیابوون لە وەی فەرمانەکانم مایەی ڕەزامەندین".[22] ئینجا خۆی گەڕایەوە لەندەن تا فەرمانەکە جێبەجێبکا.

کاتێکیش «جۆرج پیکۆ» ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە نزیکەکەی بوو لەگەڵ حکومەتی بریتانی، «دیفرێنس Defrance»ی باڵوێزی فەرەنسا لە قاهیرە، لە میانەی پرسیارەکانی لە «ئەلفاروقی»، بۆی دەرکەوت، کە «حوسێن» لەگەڵ بریتانییەکادا لە پەیوەندیدا بووە. لە ٢٨ی تشرینی یەکەمدا (ئەو ڕۆژەی ماکماهون لەندەنی لەوە ئاگادارکردەوە کەوا: "گومانێکی ڕەوای" هەیە لەوەی «دیفرێنس»

---

١٧ نووسەر لێرەدا لەبری وشەی قسەکەر وشەی ventriloquist بەکارهێناوە، کە واتای ئەو کەسە دەدا لەبنی زگییەوە قسەدەکا و دەم ناجوولێنی، ئەمەش زیاتر لە نمایشیە کۆمیدییەکان بەکاردەهێنرێ بەوەی کەسەکە بوکەڵەی دەستی بە قسە دەهێنێ.

بۆنی شتێکی کردبێ و سەبارەت بە نامەکانی نێوان مەککە و ئێمەدا شتێکی بیستبێ،) «دیفرێنس» ڕاپۆرتێکی ئەو نامەگۆڕینەوەیەی بۆ پاریس نارد،[٢٣] بەڵام ئەو لە داوەریی خۆی بۆ لایەنی بریتانی سەرچیخ چووبوو، ئەو بە بارەگای وەزارەتی دەرەوە (کێ دۆرسێ Quai d'Orsay)ی گوتبوو، گوایە ماکماهون داواکانی شەریف حوسێن ڕەت دەکاتەوە، چونکە ئەگەر داوای فەرەنسا بۆ سوریا دەربەستی ڕەتکردنەوەی نەبێ، ئەوا خواستی بریتانیا بۆ گەڕاندنەوەی جڵەوی دەسەڵات لەو ناوچەیەی دەورەی بەسرا، کە پێشتر داگیریکردوە، بەسیەتی بۆ ئەوەی دەربەستی ڕەتکردنەوەی داواکەیان بێ.

لە ٢٣ی تشرینی دووەمدا کۆبوونەوەیەکی یەکلایەنەی نائاسایی لە (وایتهۆل Whitehall[١٨]) بەسترا. لە سەرێکی مێزەکەوە «جۆرج پیکۆ»ی مووزەردە دانیشتبوو، لە بەرانبەریشی حەفت لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی حکومەتی بریتانی، ئەوانەی سەروکارییان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو. کاتێکیش سەرۆکی نێردەی بریتانی، «سێر نیلسن ئارسەر Sir Arthur Nicolson»ی سەرۆکی نوسینگەی کاروباری دەرەوە دەق بە «جۆرج پیکۆ»ی ڕاگەیاند، کە هەر بە ڕاستی حکومەتی بریتانیا شتی خستۆتە بەردەستی «شەریف حوسێن»، ئەوە بوو بە گوێرەی یەکێک لە گەواهیدەرانی بریتانی، نوێنەری فەرەنسی لە بەرتەکدا گوتبووی: "شتێکی تەواو باوەڕپێنەکراوە".[٢٤] وەنەبێ هەر گریمانەی «دیفرێنس» بێ، بەوەی بریتانیا نەهاتۆتە ڕایێ تا ناوچەکە ڕادەستی «حوسێن» بکا، ڕاست

---

١٨ وایتهۆل ڕێگەیەکە لە شاری وێستمنیستری ناوجەرگەی لەندەن، شەقامەکە وەک مەڵبەندی حکومەتی شانشینی بەریتانی ناسراوە، کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسینگەی وەزارەتەکانی حکومەتەکی تێدایە. مەبەست لێرە بارەگای حکومەتی بریتانیایە.

نییه، بەڵکو ئەوەش ڕوون و ئاشکرا بوو، کە بریتانییەکان هەرگیز ئامادەنەبوون پرس بە هاوپەیمانەکەیان بکەن ئەگەر پێشتر لەگەڵ حوسێن ڕێکنەکەوتبن.

«جۆرج پیکۆ» کە هەر زوو حەوسەڵەی ئارامگرتنی خۆی گرتەوە، وەها وەڵامی دایەوە: "بەڵێندان بە عەرەب بەوەی دەوڵەتێکی گەورەیان بۆ دروستبکرێ، ئەوا خۆڵکردنە چاویانە. ئەم جۆرە دەوڵەتە هەرگیز بەرجەستە نابێ. ئاخر خۆ تۆ ناتوانی ئەو ژمارە زۆرە هۆز و تیرانە بکەیتە قەوارەیەکی گشتی قابیلی ژیان بێ."[٢٥] ئەو هەندێک هاوئاهەنگی بە لای بەڵگەوبەندەکانی بریتانیادا چوو، ئەو بەڵگەوبەندەی سەبارەت بە هەڕەشەی جیهاد بوو، ئاماژەشی بەوە دا، کە مەترسییەکە لەبن کەوڵی دەسەڵاتە ناخۆشەویستەکەی بریتانیادایە، کە بەسەر میسرەوەیە. هەرچۆنێک بێ، ئەو بەردەوام بوو، لەوەی شۆڤێنیزمی میللی فەرەنسی هەرگیز نەخشەکەی بریتانیای پێ قبووڵناکرێ، هەروەها هیچ حکومەتێکیش کە بەم شتە قایلبێ، ڕزگار نابێ و نامێنێتەوە. ئەو بە هاوتایە بریتانییەکانی گوت: "سوریا زۆر لە دڵی فەرەنسییەکاندا نزیکە." ئەو ئەوەشی وەبیر بریتانییەکان هێنایەوە، لەوکاتەی سەرقاڵی پەلاماردانی گالیبولی بوون، ئەوە فەرەنسا بوو لەوساڵەدا بەرگەی شەڕی لە بەرەی لای ڕۆژئاواوە گرت. "ئێستاش فەرەنسا لە پاش ئەو قوربانییە زۆرەی بە گیان داویەتی، هەرگیز ڕازی نابێ ناوچەکە ببەخشرێ و عەرەب تێدا سەربەخۆ بن، هەرچەندە لە سەرەتای جەنگدا دەکرا شتێکی لەم جۆرە ڕوویبدابایە."

ئەوە بوو کۆبوونەوەکە بە بێ ئەنجام کۆتاییهات. پاشان، نوێنەرە بریتانییەکان بە گرووپی بچووکتر یەکدییان بینییەوە تا سەبارەت بەو هەناسەساردییەیان لە «جۆرج پیکۆ» دەردەدڵی

خۆیـان بـکەن. ئەوان لەبەر شـێوازی قسـەکردنی کـابرای فەرەنسـی زاریان لێ بەشبوو، ئاخر «پیکۆ» وەهـا دەدوا "وەک ئەوەی سـوریا و فەڵەســتین بە تەواوی هەروەک «نۆرمانــدی» بەشــێک بــن لە فەرەنسـا"، هەروەهـا ئەوەشـیان پــێ سـەیر بـوو، کە ئامـاژەی بە دەسـەڵاتی بریتـانی لە میسـر دابـوو، بەوەی نـاڕەوایەتی بـووەتە مایەی ڕەزامەنـدی تونـدی خەڵـک.[٢٦] کـاتێکیش سـەرۆکی هەواڵگریـی سـەربازیی بریتـانی لە قـاهیرە «بێرتـی کلێیتن Bertie Clayton» کـۆپییەکی لە کۆنووسـی کۆبـوونەوەکە پێگەیشـت، دەسـتبەجێ ڕووداوی فاشـۆدای بیـرکەوتەوە. بەم جـۆرەش دابەزیـیە سـەر «جــــۆرج پیکــــۆ»: "یەکــــێکە لە ئەنگلۆفۆبیــــایی[١٩] ١٨٩٨" و بەڵگەوبەندەکەشی بەم قسەیە "هەرزەگۆییێکی بەتاڵ" بەلاوەنا.[٢٧]

هەرچەنـدە لە لەنـدەن خێـرا بریتانییەکـان درکیـان بەوە کـرد، کە ئاسان نییە ڕوبەڕووڕووی قسـەی «جۆرج پیکۆ» ببنەوە، چونکە لە ئاگایی هەستیاریدا گەمەیەکی زیرەکانەی کرد. جیاوازی سـتراتیژیی لە نێوان هەردوو هاوپەیمانەکەدا واتای ئەوەی دەدا، فەرەنسـییەکان لە ماوەی جەنگەکەدا قوربانی زۆریان دابـوو، حکومەتی بریتانیـا بە بەردەوامی لەمەڕ ئەنجامەکە هەر بۆڵەبۆڵی بوو. بەو دواییانەش و لە مانگی تشرینی یەکەمدا، باڵوێزی بریتانیا لە پاریس «لۆرد بێرتـی Lord Berti» چیرۆکی ئەو گەڕیدانەی بە دڵ نەبوو، کە دەربارەی فەرەنسییەکان شتیان دەگێڕایەوە، بەوەی "خۆگر نین و ناشـیانەوێ تـا کۆتـایی لەگەڵ جەنـگەکەدا بـڕۆن".[٢٨] کەچـی چەنـد ڕۆژێـک پـاش دیداری «جۆرج پیکۆ» لەگەڵ بریتانییەکان، «بێرتی» ناچاربوو دان بەوەدا بنــێ، لەو کــاتەی ئەوەی بــۆ دەرکەوتــووە، کە "هەنــدێ مەڵبەنـدی نێـو کـۆمەڵگە و بنکە بازرگانییەکـان بڕوایـان وا بـوو، کە

---

١٩ واتە ترس لە ئینگلیز.

ئـــێمە، تەنیـــا بـــۆ بەرژەوەنـــدی خۆمـــان فەرەنســـییەکان لە دژی ئاڵمانەکـــان بەکـــاردەهێنین و لایەنـــی فەرەنســـا بە بەراورد لەگەڵ ئینگلستان قوربانی مەزنتری داوە.[٢٩]

مەترســـــییەکە هەروەک زوو بریتانییەکـــــان نرخانـــــدییان، کە سروشـتی لەبنـی نـامەگۆڕینەوەی ماکمـاهون لەگەڵ حوسـێن دیـار بـوو تەنیـا بـۆ سـەلماندنی ئەو بەنـدەوباوانە بـوو، بەوەی گـوایە بریتانییەکان بە تەنیا بە دوای فرەوانکردنی نیازە ئیمپریالییانەکەی خۆیـانن، لە کاتێکـدا فەرەنسـا لە بەرەی ڕۆژهەڵات و بـۆ ئامـانجی هـاوبەش، سـەربازەکانی دەکـاتە قوربـانی. پەیوەسـتکردنی ژمـارەی قوربانییەکـانی سـەربازی فەرەنسـی بە پەسـندنەکردنی پێشـنیازی بریتانییەکـان لە لایەن فەرەنسـیەکانەوە، «جـۆرج پیکـۆ» ئەم خـاڵە لاوازەی بـــۆ ســـوودی خـــۆی قۆســـتەوە و ئاســـاییبوونەوەی پەیوەندییەکانی زۆر گرنـگ بـوو، ئـاخر هێشـتا دۆخەکە ناسـک بـوو بـۆ بریتانیـا تـا ئەو قەوانە لێبـدا. هەروەک ژەنەڕاڵێکـیش بە ددان جیرکـردنەوە گـوتی: "ئـێمە پێویسـتە دەسـت بە بـاڵی هاوپەیمـانە جەهەننەمیەکەمانەوە بگرین."[٣٠]

بە ئاگـاداربوونەوە لەو کـاردانەوەی خۆیـان هۆکـاری بـوون، بریتانییەکان هەوڵیاندا بەو زوڕنایە بژەنن، کەوا نـامەی نێردراو بۆ حوسـێن بێبـایەخە، پێیـان لەسـەر ئەوە داگـرت، هەرگیـز شـەریف دەسـتی بەو شـتە ناگـا کە ماکمـاهون بەڵێنـی پێـداوە. «نیکلسـن Nicolson» ئەوەی سەرۆکایەتیی نێردەی دانوستانی کرد لەگەڵ «جـــۆرج پیکـــۆ»دا، بە شـــێوەیەک کەوتەگەڕ، کە دەنگـــدانەوەی ڕەخـــنەی فەرەنســـییەکان بـــێ لە خســـتنەڕووەکەی ماکمـــاهون. هەنـووکە دیپلۆمـاتە بریتـانییەکە دەوڵەتـی بەڵێنپێـدراوی عەرەبـی بەلاوەنـا بەوەی: شـتێکی قـۆڕە، چـونکە عەرەب کـۆمەڵە هـۆزێکی

پەرشوبڵاون، نە یەکدیگریی و نە ڕێکخستنێکیان لەنێواندا هەیە."[٣١]
پاش ئەوەی «کامبۆن» بە تاڵاوبێژییەوە سکاڵای خۆی گەیاند، بەوەی ئەوان سەبارەت بە دانوستانی بریتانییەکان لەگەڵ حوسێن لەپاش بەردی کەرە بوونە، وەزیرێکی دیکەی بریتانی بە ناوی «لۆرد کرێو Lord Crewe» ڕاستەوخۆ ئەوانی لەوە خاترجەم کرد، کە بریتانییەکان "هیچ نیازێکیان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێی عەرەب نییە، خۆ ئەگەر دەوڵەتێکی لەو شێوە پێکبهێنرێ، لوبنان یان هەر پارچەیەکی دیکەی جیهان بگرێتەوە، ئەوا ڕاشکاوانە دەکرێ فەرەنسییەکان داوای بکەن".[٣٢]

ئەو پاشەکشە خێراییەی بریتانییەکان وای لە «جۆرج پیکۆ» کرد، بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە بەوەی "بریتانییەکان تەنیا دەیانەوێ عەرەبەکان لە خشتەببەن."[٣٣] لە ٢ی کانونی یەکەمدا ڕاپۆرتێکی بۆ «ئارستید بریاد Aristide Briand»ی سەروەزیری فەرەنسا بەرزکردەوە، بەوەی "ئەوان هیوایان وایە کارەکە بە پێدانی زۆر شت تەواوبکەن لە کاتێکدا دانیش بەوەدا دەنێن، کە ئەو شتەی ئەوان دەیانەوێ بنیاتی بنێن، لەوانەیە دوای جەنگ خۆی ڕانەگرێ."

سەرکەوتنەکانی «جۆرج پیکۆ» بوونە مایەی نیگەرانی «بریاند»ی سەروەزیر. ئاخر ئەو لەو بڕوایەدا بوو داواکردنی خاکێک بەو بەرفرەوانییە زۆر لەسەر خەزێنەی دەوڵەتی فەرەنسا دەکەوێ. ئەوە بوو، کە «جۆرج پیکۆ»ش گەڕایەوە پاریس بە دیپلۆماتەکەی ڕاگەیاند، کەوا لە قەوارەی داوا زۆرەکانی خۆی لە خاکەکە بکێشێتەوە. بە تایبەتیش فەرەنسا پێویستی بەو خاکەی دەوروبەری «ئۆرشەلیم» نەبوو، چونکە ئەوێ «وڵاتێکی کەم بەها بوو، هی ئەوە نەبوو داوابکرێ."[٣٤]

کـاتێکیش «جـۆرج پیکـۆ» بـۆ دانوسـتان گەڕایەوە لەنـدەن، ڕەوشـەکە گۆڕابـوو. کـاتێکیش لە ٢١ی کـانونی یەکەمـدا بـۆ جـاری دووەم لەگەڵ بریتانییەکـان دانیشـتەوە، ڕایگەیانـد؛ کە بە ئـارەزووی خـۆی قەبارەی داواکردنی خـاکەکەی بـۆ فەرەنسـا کەمکردووەتەوە، ئەمەشـــی بە زەحـــمەت لە قەناعەتپێهێنـــانی مەزنەکـــانی خـــۆی بەدەســتهێناوە. شــتەکەش لەو هەســتەوە هــات، کەوا بریتانییەکــان لەبارەی شەریفەوە تۆقاون، ئیدی ئەو داوایکرد، گوایە قایلە بەوەی بەشـــی فەرەنســـی لە نـــاوچەکە وەک هێڵێـــک درێـــژببێتەوە و لە موسـڵیش تێـپەڕێ تـا دەگـاتە سـەر دیـوی ڕۆژهەڵاتـی ڕووبـاری دیجلە.[٣٥] «جۆرج پیکۆ» لەو بڕوایەدا بوو، بەم دەستکەوتە دەتوانێ بەرانبەرەکەی خۆی ناچار بە قـایلبوون بکـا، بەڵام ئەو ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوەی بەرانبەر بوویەوە. بریتانییەکـان ئامـادەبوون بە دوای فەرەنسییەکان بەم ناوچانەی بەرەی ڕۆژهەڵاتی وڵات قایلبن، بەڵام لە بەرانبەردا ئەوانیش داوای خۆیـان هەبـوو. بە پێچەوانەی «لۆرد کرێـو» کە تـازە بە «کـامبۆن»ی گوتبـوو، سەردەسـتەی نێـردەی بریتــانی «ســێر ئارســەر نیکلســن» بە «جــۆرج پیکــۆ»ی گــوت؛ بریتانییەکان لوبنانیان وەک بەشێک لە دەوڵەتی داهـاتووی عەرەب دەوێ. «نیکلســن» بە مچومـۆڕی بە هاوتــا فەرەنسـییەکەی گــوت: "هەڵوێســـتەکەی ئــێمە بـــۆ حکـــومەتەکەی خـــۆت بەرەوە: خـــۆ ڕاستەوڕاسـت ڕەتیناکەنەوە. بەمە تۆ لە ڕەوشـێکی باشـتردا دەبـی لەوەی ئێمە ئێسـتا لە میسـر تێیدان، دەی بە دەقـاودەقی بیڵـێ، لەوە زیاتر چی دیکەت دەوێ؟"[٣٦]

لە وەڵامیشدا «جۆرج پیکۆ»، کە نەیدەویست زیـاتر لەوەی هەیە سـازش بکـا و گـوتی: "تۆ هەسـت بە بـایەخی ئەم نـاوچەیە دەکەی. کتومـت ئەمە ئەو شـتەیە بـۆ شـەریفی مەکـکە دەتەوێ. تـۆ کـات

بەفیرۆ دەدەی، هەم تۆ و هەم منیش دەزانین شتەکە بایەخدارە." ئیدی کۆبوونەوەی دووەمیش وەک هی یەکەم بێ چارەسەر کۆتاییپێهات.

بۆ شکاندنی بەربەستەکە، «نیکلسن» بایدایەوە سەر «سایکس»، ئەو کەسەی کە هەر پێنج رۆژ پێشتر سەرنجی ئەندامانی کابینەی حکومەتەکەی بە داوا راشکاوەکانی سەبارەت بە باتەکە و دابەشکردنە سەرتاسەییەکەی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست راکێشابوو. ئەوە بوو سیاسەتوانە تازەپێگەیشتووەکە دەستبەجێ و بەتایبەت لە دوای نیوەرۆیی ٢١ی مانگدا و لەگەڵ «جۆرج پیکۆ» دانیشت.

رێککەوتن لەسەر هێڵەکەی سایکس، کە تازە وەک پێشنیازێک خستبوویەر بەردەم کابینەی حکومەتی بریتانی بە خێرایی هی ئەوە بوو بکرێ. سایکس لە گەشتەکانیدا بەنێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەر لە جەنگ نابینابوو لەوەی جموجۆڵێکی وشیاریی سیاسیی عەرەب ببینێ و ئەمەش وەک لە ناواخنی کتێبی (دوا میراتی خەلیفەدا) ببینیبوو، خەسڵەتەکەی وەها لێکدابووەوە: سەیری ناپاکیش بکە، ئیدی بەرچاوی روون بوو، هەرچۆنێک بێ بە پێویستی نەدەزانی دان بەوەدا بنێ، کە پێشتر ماکماهون چی خستۆتە بەردەم حوسێن. «جۆرج پیکۆ»ش لە مەترسی ناسیونالیزمی عەرەب ئاگادار بوو، کە لە بەرانبەر چاوتێبڕینی ئیمپریالی وڵاتەکەی هەبوو، دڵخۆش بوو، هەروەها بە پێشنیازەکەش قایلبوو، کە بەڵێنی نامەکانی ماکماهونی پشتگوێدەخست.[٣٧]

بەگوێرەی ئەو خشتە ستراتیژییەی لە هاوینی هەمان ساڵ لە قاهیرە قەناعەتی هاتبوو، «سایکس» بە ئەرکی خۆی دەزانی "تا

بکرێ چۆن سازش بۆ فەرەنسا ئاوەهاش سازش بۆ عەرەب بکرێ و بۆ خۆشمان ڕێگەیەکی ئاوی لە «حەیفا» و فەڵەستین دەستەبەر ببێ، ئەمەش لە دوتوێی پرۆژەیەکدابێ، کە فەرەنسییەکان سازشی لەسەر بکەن."[٣٨] بەو شتەی لە مێشکیدا بوو، دڵخۆش بوو، کە دەست لە موسڵ و لوبنان بۆ فەرەنسییەکان هەڵگرێ، ئاخر موسڵ ئەو شارە بوو، کە «جۆرج پیکۆ» ڕقی لێدەبووەوە.

هەردوو پیاوەکە سەبارەت بە فەڵەستین نەگەیشتنە ڕێککەوتن. هەرچەندە «بریاند» بە «جۆرج پیکۆ»ی گوتبوو، بە دوای داواکاریەکەیدا نەچێ، ئاخر خۆ ئەوەش مەکۆی لەبلەبانی دوانی پارتی کۆلۆنیالی بوو، کە ڕەتیدەکردوە فەڵەستینی لە دەست دەربچێ. دوای ئەوەی «سایکس» پرسەکەی جووڵاند بە ئاهێکەوە گوتی: "هەر ئاماژەیەک پێدەچوو ببێتە مایەی وروژاندنی یادەوەری هەموو ئەو سکاڵایانە، هەر لە ژاندارکەوە تا فاشۆدا."[٣٩] لە کۆتاییدا هەر دوو پیاوەکە ڕێککەوتن، کە فەڵەستین بکەوێتە ژێر دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتی. ئەمەش سازشێک بوو هیچ لایەکیان حەزیان پێنەدەکرد. بە دڵی «جۆرج پیکۆ» نەبوو، چونکە "پێنەدەچوو هیچ شتێکی وەها هەبێ، کە لە ئایندەدا کێشە بنێتەوە". بۆ «سایکس»یش ناخۆش بوو چونکە بۆشاییەک لە خشتەی بەرگری پرۆژە ئیمپریالییەکەی پەیدابوو، بەڵام خۆ هەر هیچ نەبێ ڕێگەیەکی کردەوە تا لە ڕۆژی ٣ی کانونی دووەمی ١٩١٦دا بگەنە ڕێککەوتنێک.[٤٠]

لە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا، وەک تەدارەک زانرا، هەردوو پیاوەکە سەرزارەکی باسی ئەو بەڵێنەی سەربەخۆبوونەی عەرەبیان کرد، کە ماکماهون بە شەریف حوسێنی دابوو، **بەڵام ئەوان هەر هێڵە نێو لمەکەی «سایکس»یان بەکارهێنا، -ئەو هێڵەی**

**له عەککاوە، لە کەناری دەریای سپی ناوەڕاست بەرەو کەرکوک لە نزیک سنووری ئێرانەوە درێژ دەبووەوە- بۆ دابەشکردنی هەرێمەکە،**[20] ئەو هەرێمەی کۆمسیاری باڵای بریتانی پێشکەشی حوسێنی کردبوو. ناوچەی سەرخەت بکەوێتە ژێر پاراستنی فەرەنسا؛ هەرچی ناوچەی بنخەتیشە لە باشوور بۆ بریتانییەکان بمێنێتەوە.

لە هەر یەکێک لەو دوو ناوچانەدا فەرەنسی و بریتانییەکان دەیانتوانی بەپێی ئارەزووی خۆیان دەسەڵاتی تەواویان بەسەردا بشکێ. ناوچەی «شین» هی فەرەنسا بوو، ئەم ناوچەیە لە سوریا و کەناراوی لوبنانی کە بەرەو باکوور بەرەو تورکیای ئێستا هەڵدەکشا و بەچەشنی ماڵە کوارگێک پەرت دەبوو. «سوور»یش بۆ بریتانییەکان، ئەویش ئەو ناوچەیە بوو، کە پێشتر سەربازگەیان وەک سەرە پردێک لە باشووری عێراق هەبوو، بەرەو سەروو تا بەغدا هەڵدەکشا، هەروەها بە جیا لەمە بەندەری حەیفاشی دەگرتەوە. وەهاش دانرابوو فەڵەستین بە ڕەنگی قاوەیی بێ. هەردوو لاش بە دوای پەسەندنامەی ڕووسیای هاوپەیمانیاندا گەڕان، ئەوە بوو لە کۆتاییدا لەڕێی نامەگۆڕینەوە، لە مانگی ئایاری ١٩١٦دا گەیشتنە تەداروکی کۆتایی ڕێککەوتننامەکە. بۆ ئەو کاتیش ڕێککەوتننامەکە بە نهێنی هێڵرایەوە، ئەمەش وەک ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییە بوو، تەنانەت بۆ پێوەری کاتی خۆشی، شتەکە مایەی شەرمهێن بوو، تا گەیشتە ئەو ئاستە خەڵکێکی زۆر لۆمەیان بکا، بەوەی ئەوان لە میانەی جەنگەکەدا خەریکی بنیاتنانی ئیمریالیانەی خۆیان بوون.

---

٢٠ لێرە بەدواوە هەر دێڕێک یان بڕگەیەک ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دۆخی کوردەوە هەبێ، بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، من تۆخم کردووە.

فەرەنسییەکان بەو سازشەی کە بە بریتانییەکانیان کردبوو، شاگەشکەبوون. لەو کاتەش ڕەشنووسی ڕێککەوتنامەکە گەیشتە بەردەستی «بریاند»ی سەروەزیر، داوای لە «کامبۆن» کرد ئەم "ئەنجامە زۆر گرنگەی بەردەست" بسەلمێنێ"، چونکە "مەترسی ئەوەمان هەیە ڕووداوەکان ئەوان بگۆڕێ".[٤١] ئیدی دارِسانی ئێستا لەبەردەم فەرەنسا ئەوە بوو، چۆن هاوپەیمانەکەیان دەست بە ڕێککەوتنەکەوە بگرێ.

لە سەرەکەی دیکەوە، بریتانییەکان لە ڕێککەوتنەکە تۆقین. سکاڵای سەرۆکی دەستەی هەواڵگریی سەربازی بریتانی وەها بوو: " بۆ من وەها پێدەچێ، لە جیاتی ئەوەی ئێمە لە پێگەی ئەو ڕاوکەرانەدا بین کە بەر لە کوشتنی نێچیرەکەیان، پێستەکەیان بەسەر خۆیاندا دابەشکردبێ."[٤٢] هاوتاکانیشی هیوای ئەوەیان خواست هێشتا دوا شەقڵ و مەرجی ڕێککەوتنەکە دانەڕشترابێ. بەو داخ لە دڵییەی کە ناچارکران ڕێککەوتنەکە لەگەڵ «جۆرج پیکۆ» بکەن، دەستبەجێ بە دوای حیلەشەرعییەک دەگەڕان خۆیان لە ناوەڕۆکەکەی بدزنەوە، بەتایبەتیش ئەو کەلێنەی، کە خستبوویە لایەنی بەرگریی ئەوان، کە بەو چارەسەرە ناپەسەندەی دەربارەی فەڵەستین کرابوو، گرێدرابوو.

بۆ ئەم کارەش بریتانییەکان گەڕانەوە سەر بیرۆکەیەک، ساڵێک بوو لەنێو بازنەی حکومەتدا دەخولایەوە. ئەویش پشتگرتنی زایۆنیزم بوو –هەڵمەتە سیاسییە سەرنەکەوتووەکەی هێنانەکایەی دەوڵەتێکی جوو لە فەڵەستین- ئەمەش باشترین ڕێگە بوو تا بریتانییەکان پێگەی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین پێ قایمبکەن.

لەو کاتەش کە فەرەنسییەکان لە ١٩١٥دا دەستیان بە هەراوزەنای خۆیان لەبارەی سوریاوە کرد، ئەوە بوو وەزیری

کابینە «هێربەرت ساموئیل Herbert Samuel» کە هەم جوو هەم زایۆنیستیش بوو، دەرفەتی ئەوەی بەدیکرد، ئەو خواستە درێژخایەنەی بێنێتەدی، کە دەوڵەتێکی جوو لە فەڵەستین ببینێ. ئەو لەسەر پشتگرتنی دەستبەجێی نشینگەی جووەکان لە ڕۆژهەڵاتی نۆکەندی سوێس شێلگیر بوو، بەوەی دەکرێ بریتانیا ئەم ناوچەیە لەسەر هێزی بیانی حەرامبکا، کە لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەوێوە هەڕەشە لەسەر نۆکەندی سوێس بکەن. ئەو هاوتایەکی خۆی لەوە ئاگادارکردەوە کە: "ناتوانین هەر لەسەر ئەو گریمانەیە بڕۆین کەوا پەیوەندییە باشەکانمان لەگەڵ فەرەنسا تا سەر وەها بمێنێتەوە. سنوورێکی هاوبەش لە لوبنان لەگەڵ دراوسێیەکی ئەوروپی مەترسی کەمتر و لەسەر بەرژەوەندییە چارەنووسسازییەکانی ئیمپراتۆریەتی بریتانیا هەیە لەوەی سنوورێکی هاوبەشمان لە «ئەلعەریش» لەگەڵیدا هەبێ."

هەروەها «سامۆئیل» پێداگر بوو لەسەرە ئەو، ئەم جووڵەیە دەبێتە مایەی نیازپاکی بەریتاتییەکان بۆ جووەکانی دیاسپۆرا[٢١]. ئاخر ژمارەیەکی زۆر لە جوو، ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، نەخاسمە لە ڕووسیا ڕووبەڕووی چەوساندنەوە بوونەتەوە، بەر لە سالانی جەنگ بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیانکردبوو. هێشتاش، لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی بەر لە جەنگ ژمارەی ئاکنجییە جووەکانی نێو بریتانیا سێ هێندە بۆتەوە، ئیدی زۆر لە جووەکان

---

٢١ دیاسپۆرا یان دایاسپۆرا لە زمانی گریکییەوە پەڕیوەتە بۆ زمانەکانی دیکە، واتای پەرشوبڵاو دەگەیەنێ، لە بنەڕەتدا بۆ ئەو جووانەی لە دەرەوەی زەوی ئێرتز ئیسرائیلدا دەژیان بەکارهاتووە، پاشان واتاکەی بەرفرەوان بوو بۆ هەموو ئەو جووانەی بە وڵاتاندا پەرشوبڵاوبوونەتەوە. دەستەواژەکە لە ڕستەیەکی کتێبی پێنجەمی تەوراتەوە هاتووە؛ کە دەڵێ: ئێوە دەبێ بەسەر هەموو شانشینەکانی سەر ئەم زەویەدا پەرشوبڵاو ببنەوە.

پێیـان وا بـوو نیشـتمانە نوێیەکەشـیان پـیس بـووە، چـونکە دەسـتی لەگەڵ ڕژێمـی قڕاڵـی چەوسـێنەر تێکەڵ کـردووە، کە چەنـدین سـاڵ لەبەردەستی ئەو چەوساندنەوەیە هەڵاتـوون. «سـامۆئیل» گەشـبین بـوو بەوەی، کە ئەگەر بریتانیـا بچێـتە پـاڵ ئـاواتی زایـۆنیزم ئەوا هەڵوێسـتەکە بە باشـی بـۆ دەشـکێتەوە. «سـامۆئیل» ڕایگەیانـد: "کـۆمەککردنی ئەو بیـرۆکەیەی کەوا ژمـارەیەکی زۆر لە جـوو لە میـانەی چەنـدین سـەدەی ڕابـردووی ژانوناسـۆر سـەبارەت بە داهاتووی دوور منەتباری تەواوی ڕەگەزەکەن، ئەو نیازپاکییەی کە کاتی هاتووە بێتە دی، بەفیڕۆناچێ."[٤٣]

بەڵگەوبەندی سامۆئیل ڕۆڵی خۆی گێرا لەوەی بە چاکەیەکی وا بـۆ جـوو بگەڕێـتەوە، کە هێزێکـی سیاسـی و وەهـان، بەردەوام لە تەکـان و گـوڕ دان. «سـێر ئێدروارد گرێـی»یش شـتەکەی بەهەنـد هەڵگرت، ئیدی هەردووکیان هەم لە دژی فەرەنسییەکان و هەم بۆ باشـترکردنی پەیوەنـدییەکانیان لەگەڵ زایۆنیسـتەکان وەک کـارتێکی براوەیـان بەکارهێنـا، ئەوانەی سـەرکەوتووانە هەوڵـی حکـومەتی قڕاڵیـان پەکخسـت تـا لە «وۆل سـترییت»دا پـارە بـۆ جەنـگ کۆبکەنەوە. هەرزووش دوای ئەوەی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ گەیشتە دوا دارشتەی خۆی، «گرێی» داوای لە باڵوێزەکەی خۆی لە پـاریس کـرد بە دوای ئەوەدا بـگەڕێ ئـاخۆ فەرەنسـییەکان چ کاردانەوەیەکیـان لە هەمـبەر جـاڕدانی بریتانییەکـان بـۆ پشـتگیری زایۆنیسـتەکان دەبـێ، "بـۆ ئەوەی هاوسـۆزیی هێـزی جـوو لە ئەمەریکـا و ڕۆژئـاوا و هەر شـوێنێک بەدەسـت بێنـین، کە لەم ڕۆژانەدا تا ڕاددەیەک لە لایەن هاوپایمانەکان دڵگیر نییە."[٤٤]

فەرەنسـییەکان دەسـتبەجێ هەوڵەکـانی بریتانیایـان بەو ئاقـارەدا نەنرخانـد، بەڵکـو پێکەنینیشـیان بە بیـرۆکەکە هـات. ئـاخر وەک

دیپلۆمـاتێکی گەورەی فەرەنسـی ڕایگەیانـد؛ "بانگـدان بـۆ پشـتگیری "شانشینی ئیسرائیل" مایەی پێکەنینە و خزمەت بە هیچ ئامـانجێکیش ناکا.... هەر چەندی کەم لەبارەی ئەم پرسـەوە بگوترێ باشـترە."[٤٥] بەپێچەوانەشـــەوە بریتانییەکـــان بە ئاســـانی دیـــوە ڕوونـــاکەکەی بیرۆکەکەیان دەبینی، بەوەی دەکرێ دڵداریکردن لەگەڵ زایۆنستییدا بە سوود بێ. کـاتێکیش هێرشـی گەورەی هاوپەیمانەکـان لە «سۆم Somme» لە تەممـــوز١٩١٦دا ســـەرکەوتنێکی مەزنـــی بەدەســـت نەهێنا، ئیدی ئەوە ڕوون بوو، کە هاوکاریی ئەمریکییەکان پێویسـتە بۆ ئەوەی شکسـت بە ئاڵمانەکـان بهێنن. هەروەک «سـامۆئیل»یش ڕوونیکردەوە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکـادا دوو ملیۆن جـوو هەبوو، ئیدی هاوڕێکانی هاتنە سەر ئەو ڕایە، ڕاکێشـانی دڵـی ئەوان بۆ لای خۆیان لەوانەیە یارمەتی ئەوە بدا، کە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکاش ڕابکێشیتە نێو جەنگەکە.

تا ئەو کات وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوودڵ بوو لەوەی لە جەنـــگەکەدا پاڵبـــداتە بەرەی هاوپەیمانـــان. وەک هەڵچوونێـــک و پەرەســـەندنی بەرەی نەیـــاری ئیمپریـــالیزم، ئەوە بـــوو لە ١٩١٦دا دووبـــارە «ودرۆ ولســـن» بە ســـەرۆک هەڵبژێـــردرایەوە، ئەویـــش هەمـوو لایەکـی شـەڕکەری هانـدەدا بـۆ ئەوەی خۆیـان لە ئامـانجی ئیمپریالییانە بکێشنەوە، کە بڕوای وا بـوو بە شـێوەیەکی سـەرەکی هۆکـــاری هەڵگیرســـانی جەنـــگەکەش بـــوو. ئەم داڕســـانەی کـاردانەوەیەکی ناڕاسـتەقینەی لە لایەن حکومەتەکـانی بریتـانی و فەرەنسییەوە پەیداکرد، ئەوانیش خۆیان وەها وێناکرد، گوایە "شـەڕ بۆ بەرژەوەندیی هەلپەرستانەی خۆیـان نـاکەن، بەڵکـو لە سـەرووی هەموو شتێکەوە بۆ دەستەبەرکردنی مـاف و سـەربەخۆیی گەلان و مرۆڤـایەتی تێدەکۆشـن."[٤٦] تەنـانەت ئەوەشـیان گـوت، گـوایە ئەوان

پابەندبوونێکیان هەیە تا گەلان لەبن دەستی ستەمکاری خوێناوی تورک ڕزگاربکەن. ولْسنی خاوەن بنەما بالاکان، هێشتا هیچی لەبارەی ڕێککەوتنەکەی سایکس-پیکۆ نەزانیبوو، بەلام ئەو هەموو بادانەوەیەی ئەوان، کە جێگەی گومانیش بوو، هی ئەوە بوو بە چاوێکی شایستە سەیربکرێ. ئەو لە کانونی دووەمی ١٩١٧دا دووپاتی کردەوە: "هەموو گەلێک پێویستە ئازاد بێ لەوەی بڕیاری سیاسیانەی خۆی بە دەستی خۆی بێ... گەلی بچووک هەروەک گەلی مەزن و بەهێز."[٤٧] ئەم ڕێبازەش بە مافی چارەی خۆنووسین ناسرا."[٢٢]

«ویلْسن» هیوای خواست بەلْکو لە جەنگەکەدا بێلایەن بمێنێتەوە، بەلام ئالْمان ناچاریکرد بچێتە جەنگ. لە ئازاری ١٩١٧دا لە سێ کەشتی ئەمریکی درا و لە ئاوی زەریا نقوم کران، ئەمەش بە گوێرەی بڕیاری قڕالْی ئالمان بوو بەوەی بەبێ هیچ کۆتوبەوندێک جەنگی دەریایی بکەن. هەروەها «ولْسن» ئەوەشی لە بریتانییەکان زانی، کەوا ئالْمانەکان بە نیازی هاندانی مەکسیکییەکانن تا هێرشبکەنە سەر ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئیدی «ولْسن» چارەی نەما، شەڕ نەبێ، بەلام تێکۆشا تا ئامانجەکانی ولاتەکەی لە ئامانجی و چاوتێبڕینی ولاتە شەڕکەرەکانی دیکە جیابکاتەوە. لە ٢ی نیساندا هێرشێکی توندی کردە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئیمپریالیزمی، کە لە لایەن سەرجەم ولاتە ئەوروپییەکان بەڕێوەدەچوو. ڕەخنەکەشی زیاتر تایبەت بوو بەو "گرووپە بچووکانەی پیاوە چاوچنۆکەکان، ئەوانەی وەها ڕاهاتوون پیاوەکانی خۆیان وەک داشی دامە بەکاربهێنن". ئەو لەسەر قسەکانی وەها بەردەوام بوو: "ئێمە هیچ ئامانجێکی

---

٢٢ بڕوانە پاشکۆی دەقی ئەو بنەمایە و هەر چواردە خالْەکەی ولْسنی تێدایە.

خۆپەرستیمان نییە. ئێمە نە ئارەزوومان لە داگیرکاریی و نە لە پاوانخوازی هەیە. بەدوای ئەوەدا ناگەڕێن قەرەبووبکرێینەوە، هیچ دەستکەوتێکی مادییشمان بۆ قوربانییەکانمان ناوێ، کە ئازادانە دەیدەین."[٤٨] ولاتە یەکگرتووەکان کە سەرۆک وەک بەرەنجامێک خستیەڕوو، "بۆ چەند شتێک دەجەنگین، کە هەمیشە لە نزیک دڵمانەوە هەڵگرتووە، بۆ دیموکراسی، بۆ مافی ئەوانەی گوێڕایەڵی دەسەلات دەبن تا دەنگیان هەبێ، بۆ ماف و ئازادییەکانی نەتەوە بچووکەکان تێدەکۆشین."

ئەو دابەزینەی سەرۆک «وڵسن» لە لەندەن، خوێندنەوەیەکی هەراسانانەی بۆ کرا، لە کانونی یەکەمی ١٩١٦دا «ئاسکویس» و «گرێی» دەستیان لە کار کێشایەوە. «داڤید لوید جۆرج David Lloyd George» وەک سەرۆوەزیر جێگەی «ئاسکویس»ی گرتەوە، ئەویش لە ئاستی خۆی بڕیاریدا هەڵمەتی داگیرکردنی فەلەستین دەستپێبکرێ، کە لە مێژبوو مەیلی لەسەر بوو. لەوەش بە ئاگا بوو، کارێکی وەها پریشکی تاوانبارکردن بە ئیمپریالیزمی لێدەبێتەوە، کەچی ئەو بڕیاریدا پشتگیریی زایۆنیستە بێدەوڵەتەکان بکا، ئەو دنەدانەی ڕێگایەکی باش بوو بۆ دەرپەڕاندنی فەرەنسییەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و لە هەمان کاتیشدا «وڵسن»یش بێدەنگبکا. بە جیاواز لەگەڵ ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ، دیار بوو ڕاکێشانی دڵی زایۆنیستەکان جوامێرییە، بەلام پاڵنەری سەرۆوەزیر بۆ ئەم کارە نەگۆڕ بوو. هەروەک «ئاسکویس» خستیەڕوو، هەرچەندە ڕەقیش بوو بەلام وردەکار بوو بەوەی " «لوید جۆرج... باکی بە جووەکان نییە، نە بە ڕابردوویان و نە بە ئایندەشیان، بەلام ئەو لەوە تووڕە ببوو کە

شوێنە پیرۆزەکانی کریستیانێتی لە بەیت لەحم، چیای زەیتوون و ئۆرشەلیم بکەونە بن دەستی "فەرەنگە خوانەناسەکان"![٤٩]

سپێدەی پاش وتارەکەی سەرۆک «ولسن»، «لوید جۆرج» نانی بەیانی لەگەڵ «حایم وایزمەنChaim Weizmann»ی سەرکردەی زایۆنیستەکانی بریتانیا خوارد. لەسەر نانخواردنەکە دڵنیایی ئەوەی دایێ، کە پشتگیری بریتانییەکانی دەستەبەرە. پاشان و لە هەمان رۆژدا چاوی بە «سایکس» کەوت، سایکیش خەریکبوو لەگەڵ «جۆرج پیکۆ» بچنە میسر، تا ئەو پرسانە یەکلابکەنەوە، کە داگیرکردنی فەڵەستین دەیهێناپێشەوە. ئەو سیاسەتی نوێی بریتانیای ڕوونکردەوە، پێی لەسەر بایەخ و بێلایەنی جووڵانەوەی زایۆنستی و ئەو توانستەی، کە دەکرێ لەژێر سەرپەرشتی بریتانیا پەرەبسێنێ داگرت، چونکە جووەکان باشتر بە هانای ئێمەوە بێن زیاتر لە یارمەتی عەرەب."[٥٠] بەرلەوەی سایکیش بڕوا، «لوید جۆرج» ئاگادارییەکەی خۆی دووپاتەکردەوە، بەوەی نابێ هیچ "پابەندبوونێکی سیاسییانە بدرێتە عەرەب، بەتایبەتیش نابێ سەبارەت بە فەڵەستین هیچیان بدرێتێ." سایکسیش لە پەیامەکە گەیشت. کاتێکیش دوای ئەوە «جۆرج پیکۆی» بینییەوە، شێلگیرانە داوای ئەوەی لێکرد، کە "ئەو لایەنگیرییە گشتییەی زایۆنیزم بۆ دەسەڵاتی بریتانی"، ڕەوایەتی بە وڵاتەکەی دەدا، داوای فەڵەستین بکا.[٥١]

هەرچەندە «جۆرج پیکۆ» دەستبەجێ گومانی بۆ پەیدابوو، کەوا بریتانییەکان مەیلی پاشەکشەیان هەیە لە ڕێککەوتنی پێشوو لەگەڵ سایکس، کەچی «ڕۆبەرت دوکێی Robert de Caix» هاوڕێی دڵگران نەبوو. ئەو بڕوای وەها بوو، «بە دەگمەن پرسی پارێزراوەیەکی بریتانی سەبارەت بە جووەکانی فەڵەستین

دێتەگـۆڕێ... بە دڵنیـاییەوە حکـومەتی بریتانیـا خەون بەو شـتەوە نـابینێ." ئەو لەسـەر قسـەکەی سـوور بـوو، کەوا هـیچ گەوجێـک بەدوای سیاسەتێکی وەها ناکەوێ، کێشـە لە نێوان عەرەب و جوو بخـــولٌقێنێ. "ئەوە بـــۆ دەســــتکەوتێکی کەم کێشــــەی جــــدی دەوروژێنرێ."[٥٢]

لە کۆتاییـــدا حکـــومەتی وڵاتە یەکگرتووەکـــانی ئەمریکـــا بە ڕێککەوتنـی سـایکس-پیکۆی زانـی، ئەمەش دوو هەفتە دواتـر بـوو، ئەو کـاتەی «ئارسـەر بلفـۆرArthur Balfour»ی وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی «لویـد جـۆرج» پرسـەکەی بـۆ «ئێـدوارد هـاوس»ی ڕاوێژکـاری کاروبـاری دەرەوەی ولٌسـن درکانـد. لەژێـر خۆپابەنـدکردنی بریتانیـا بەوەی "خەڵکـی چەوسـاوەی دەسـتی سـتەمکاری دەسـتبەخوێنی تـورک ئـازادبکەن، کە درکانـدنەکە بـۆ «هـاوس» شـتێکی سەرسـام بـوو. ئەو نووسـی: «خـۆی ئەوە هەمـووی هەر خـراپ بـوو، بە بلفۆریشـم گـوت. ئەوان شـوێنێکی بەرفرەوان بۆ جەنگی ئایندە دەکەنەوە."[٥٣] ئەو لەبن بلفۆری هەڵپێچا بەوەی کتومـت واتـای "کـایەی دەستڕۆیشـتن"، کە سـایکس و پیکـۆ لەسەری ڕێککەوتبوون، ڕوونبکاتەوە. "بلفۆر سـەبارەت بەم بابەتە تەمومژاوی بوو؛ ئەگەر واتـای داگیرکردنـی هەمیشـەی واتـای ئەوە بگەیەنـــێ کەوا هەر نەتەوەیەک مـــافی تـــایبەتی خـــۆی هەبـــێ ســـەرچاوەی دەرامەتەکـانی خـۆی لە ڕەهەنـدی تـایبەت بەخـۆی پەرەپێبدا، ئەو بە جارێک ڕوون نەبوو."

بلفـۆر سـەبارەت بە ڕێککەوتـنەکە دڵنیـا نەبـوو، چـونکە تـا ئەو ڕاددەیەی بریتانییەکـان نـیگەران بـوون، ڕێککەوتننـامەی سـایکس-پیکـۆ تـــاقیکردنەوەیەکی ئەکادیمیـــانە بـــوو بـــۆ چارەســـەکردنی مشـــتومڕێک، نەخشـــەیەکی گردەبـــڕانەی ئاینـــدە نەبـــوو بـــۆ

حکومەتەکانی هەرێمەکە. ئاخر وەک دابەشکردنێکی گریمانەیی بۆ وڵات، کە هێشتا هیچ کام لە لایەنەکانی واژۆکار دەسەڵاتیان بەسەردا نەبوو، خۆی پێشهاتەکە بە شێوەیەکی زۆر لەبەردەم پێشهاتەکاندا ناسک بوو، لە سەرووی هەموویانیشەوە لەبەر ئەوەی ڕێککەوتننامەکە نهێنی بوو، هەڵبەت کاتێ لە کۆتاییدا ئاشکرا دەکرێ، دژبەری خۆی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. هەروەک بریتانییەکان هیوایان خواست و فەرەنسیەکانیش لێی ترسان، ڕووداوەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە مایەی پاشەکشە بەوەی ڕێککەوتننامەکە شتێکی زیاد و ناپێویست بێ.

خۆی ئەوە خاڵە لاوازەکە بوو، پیاوێک هەموو توانستێکی خۆی بۆ بەکارهێنا تا بیقۆزێتەوە.

# ٣
# هاتنی ت. ی. لۆرانس

هەرای[٢٣] «شەریف حوسێن» لە حوزەیرانی ١٩١٦دا لە مەککە بەرپابوو، بەڵام تا ئایاری ساڵی پاشتر، تا ئەو کاتەی ئەفسەرێکی لاوی بریتانی، کە بە ڕێکخەرێکی بلیمەت ناسرا، پەردە لەسەر وردەکاریی ڕێککەوتننامەکەی سایکس-پیکۆ هەڵنەدرایەوە و شوێنەوارە قووڵەکەی نەزانرا، زانیارییەکانیشی هەر لە سایکس خۆیەوە دەرهێنا. هەرچەندە تۆمارێکی هاوچەرخانەی دیدارەکەی نێوان «ت. ی. لۆرانس» و «سایکس» لەسەر کەناری دەریای سوور لە ٧ی ئایاری دا لەبەردەستدا نییە، لە پوختەی هەندێ تێبینی نێو ڕۆژمێرەکەی «لۆرانس»ەوە زیاتر نەبێ، کەچی بەڵگەی زۆر هەن، کە دیدارەکەیان بە باشی بەڕێوەنەچووە.

"بڕام وابوو، تۆ لەگەڵ عەرەب بەخشندەی،" ئەمە قسەی «لۆرانس» بوو، دواتر وەک تۆمەتبارکردنی «سایکس» نووسیبووی، ئەوەشی بۆ زیادکرد، تا دیدارەکەیان، ئەو بە تەنیا هەر بە "نافەرمی" دەیزانی کەوا بریتانیا بۆ فەرەنسا وازی لە سوریا هێناوە.[١] سایکس لە سەفەری دیدارەکەی لەگەڵ حوسێن دەگەڕایەوە وڵات، ئیدی لە ڕێی گەڕانەوەی خۆی، لەسەر دەریای سوور چاوی بە لۆرانس کەوت، چاوی بەردایەوە سەر «لۆرانس»ی کورتەباڵای پیسوپۆخڵ -کە هەشت ساڵ لە خۆی گەنجتر بوو، ئاخر باڵای لۆرانس هەر تەنیا پێنج پێ و شەش ئینج

٢٣ لێرەدا وشەی "هەرا"م لە بەرانبەر وشەی revoltی ئینگلیزی داناوە، ڕەگی ئەم وشەیە لەپاڵ واتای نەرێی دیکە واتای شۆڕش، یاخیبوون و هەڵگەڕناوەش دەدا، پێموایە وشەی هەرا فرەواتایە یەکێکیان دەق ئەم واتایەی ئێرە دەداتەدەست.

بوو- و ڕوانینی پشتگیری عەرەبەکانی ئەویشی بەلاوەنا. پاشان «سایکس» بە تەوسەوە گوتی: "واتای سەربەخۆیی تەواو... هەژاری و پاشاگەردانی دەدا. دەی لێگەڕێ با ئەو شتەکە هەروەک هیوایەک بێ بۆ گەلێک کە بۆی تێدەکۆشێ."[٢]

هەڵنەکردنی هەردوو پیاوەکە شتێک نەبوو مایەی سەرسوڕمان بێ، ئاخر ئەزموونی «لۆرانس»ی تەمەن ٢٨ ساڵە سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هی «مارک سایکس» نەبوو. لەو کاتەی یەکەمین گەشتی «سایکس» بۆ هەرێمەکە وەک گەشتیارێک بوو، کە لەگەڵ دایبابی و دەستەیەک لە ڕێبەرانی خۆجێی و حەمباڵەکان بوو، کەچی «لۆرانس» لە گەشتی یەکەمیدا بە تەنیا بوو، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەنێو قەڵاکانی ڕۆژهەڵاتدا بڕوا و بیانبینێ و لێیان بکۆڵێتەوە، ئەمەش ئەو کاتە بوو، کە خوێندکاری زانکۆی ئۆکسفۆرد بوو. «سایکس» لەباریدا هەبوو دەستبڵاوبێ؛ هەرچی لۆرانسی بیست ساڵە بوو، تەنیا بوو، بەپێی خۆی، بە هاوکاری دوو نەخشە، بوتڵێک ئاو، کامێرایەک و دەمانچەیەکی جۆری (ماوزەر Mauser)، کە دواتر بۆ پارە فرۆشتی و سەفەرەکەی پێکرد. پاشان ئەو بە شێوەکی تەنزئامێز تێگەیشتنی سایکسی بۆ هەرێمەکە بە تێگەیشتن (لە دەرەوەڕا) وێناکرد.[٣]

«سایکس» بەبێ بەدەستهێنانی بڕوانامە زانکۆی کامبریج جێدەهێڵێ، ئینجا لە ڕێی پەیوەندییەکانی خۆی وەک پاشکۆی شەرەف لە باڵوێزخانەی ئینگلستان لە کوستەنتینەپول دامەزرا. هەرچی لۆرانسی زیرەک بوو سەرەتا باوەڕنامەی زانکۆی بەدەستهێنا، بەشێکی ئەم هێزوگوڕەی لە بابەتەگەلی قەڵاکانی خاچدارانەوە بوو، هەروەها بەشداریشبوو لە زنجیرەیەک هەڵکۆڵینە

شـــوێنەواریەکان لە خـــۆرهەڵاتی ســـوریادا. لەوێ هـــانی کرێکـــارە عەرەبەکـــــانی دەدا، ئەوانەی هەر شـــــتێکی گرنگیـــــان لە کـــــاتی هەڵکۆڵینەکـان دەدۆزیەوە، ئیـدی بە دەمـانچەکەی خـۆی تەقەیەکـی خۆشـــی بە هەوادا دەکـرد. ئەمەش وای لێکـرد بە باشـــی عەرەبـی جلفی فێرببێ و ببێتە مایەی سەرسامی هێزی کار، هەڵبەت ئەمەش ڕێزگرتنـی دوولایەنە بـوو، هەر ئەمەش بـووە هـۆی ئەوەی وەهـا باسی لێوەبکرێ، کە "زۆر باش لەگەڵ خەڵکە خۆجێییەکەدا دێتەوە".[٤] یەکـێ لە ســـەردانکەران ئەوەی بیـرکەوتەوە، کەوا لـۆرانس لەگەڵ ئەوانـدا لە کـوپی (هیتایـت Hittite cups) دەخـواتەوە و لەگەڵ ئەوانـیش مەشـقی نیشانەشـکێنی لە دووری ٣٠ گەز بە دانـانەوەی شـــــخارتە کــــردووە. «گێرتـــرود بێـــل Gertrude Bell»ی نووســـەریش، کە بە ٢٠ ســـاڵ لە لـۆرانس گەورەتـر بـوو، ئەویـش ڕۆژێ لە ڕۆژان لەو شـوێنانەدا تووشـی ببـوو. ئیـدی هـاواریکرد "کـــوڕێکی بەرچـــاو"، ئەم قسەیەشـــی بەر لەو پێشـــبینییە بـــوو، کە گوتبووی: "ئەو دەبێتە گەڕیدە."[٥]

کاتێکیش لە ١٩١٤دا جەنـگ هەڵگیرسـا، لۆرانس وەک خۆبەخش چـووە ڕیـزی سـوپا و خێـرا و بە ئاسـانی لە هـۆبەی هەواڵگریـی ســـــەربازیی بریتـــــانی دامەزرا. هەرچەنـــــدە کـــــارەکەی ئەو، کە نەخشەکێشانی جووڵەی یەکەکانی لەشکری عوسمانی بوو، بۆ ئەو مایەی هەراسانی بوو، هەستیشـی بە خەتـای ویژدانـی کـرد، کاتێک هەردوو براکانی «ویل» و «فرانک» لە ١٩١٥دا و لە کردەیەک لە بەرەی پێشەوەی شەڕدا دەکوژرێن. لۆرانس بە برادەرێکی گوتبوو: "ئەوان هەردووکیان لە من گەنجتر بوون، ئەوەش پێنـاچێ هەق بێ، کە بەهەر شـێوەیەک لە شـێوەکان بـێ مـن بە ئاشـتی و ئـارامی لە قـــاهیرەدا لـــێ پاڵبـــدەمەوە."[٦] کـــاتێکیش ئەو ڕاپەڕیـــنەی «شـــەریف

حوسـێن» کە دەمێـک بـوو چاوەڕێـدەکرا لە حـوزەیرانی ١٩١٦دا بەرپابوو، دەرفەتی «لۆرانس» هـاتەپێش، بەڵام زۆری نەبرد دوای ئەوەی تورکەکەکان مەککەیـان داگیرکـرد، ڕاپەرینەکە کپ بـووەوە. ئەو کـاتەش لە مـانگی تشـرینی یەکەمـدا «لـۆرانس» بە ئەرکێکـی کـورت نێـردرایە عەرەبسـتان تـا بەدوای هۆکـاری شکسـتی ڕاپەرییـنەکەدا بـگەڕێ، ئەوە بـوو دەرفەتەکەی وەهـا قۆسـتەوە بەوەی بە یەکجاری لە کاروباری نووسینگەیی دەربازی ببێ.

خۆ ئەگەر لۆرانس توانیبێتی ئەم سەرچڵییە بقۆزێتەوە و بیکاتە کـارێکی بەردەوامـی خـۆی، لە هەمـان کاتـدا توانیشـی دەسـت بەم دەرفەتەوە بگـرێ و ئـاواتی کەسـەکیی خـۆی بـۆ تـۆڵەکردنەوە بەدەسـتبێنێ. ئەویـش هەروەک «سـایکس» بەر لە جەنـگ تێبینـی پەرەسـەندنی چـاوتێبڕینی فەرەنسـییەکانی لە ئیمپراتـۆریەتی عوسمانی کردبوو. هەروەک نووسـی "داگیرکاریی فەرەنسـی" ئیدی لە لای خۆی بڕیاری ئەوەی دا ڕێ بە فرەوانخوازییەکەیـان بگرێ.[٧] ئەو لە سـوریا و بەر لە جەنـگ، نـامەیەکی بۆ دایکی نووسـی: "خۆ ئەگەر بە تەنیـا شـوێنەواری ئەو کاولکـارییەی فەرەنسـییەکانت بدیبایە، ئەوا هەرگیز خۆزگەی ئەوەت نەدەخواست فرەوانتر ببێ. خۆی هەزار جار دۆخەکە باشتر بوو ئەگەر دەست لە عەرەبەکان نەدرابووایە."[٨]

کـاتێ «لـۆرانس» گەیشـتە قـاهیرە، خـۆی لەنێـوان هاوبیرەکـانی بینـیـەوە. لەوێ هێشـتا ڕووداوی «فاشـۆدا» لە یـادەوەری گەورە بەرپرسـەکانیدا بە زینـدووی مـابووەوە. تەنـانەت مەزنەکەی خـۆی، «بێرتی کلێیتن Bertie Clayton»ی سەرۆکی هۆبەی هەواڵگریی، کـاتی خـۆی لە خزمەتـی هەڵـمەتەکەی «کیچـنەر»دا بـووە، ئەوەش لەو کـاتەی کە «ڕێجینالـد وینگێیـتReginald Wingate» لە

١٩١٧دا جێگەی «ماکماهون»ی وەک کۆمسیاری باڵا گرتبووەوە، خۆیشی ئەفسەری سەرەکی هەواڵگریی «کیچنەر» بوو، ئیدی ئەو لەبارەی مەترسی مەهدییەکانی سوودانەدا زێدەڕۆیی قەبەی قەبڵاند، ئەمەش بەو مەبەستەی ببێتە هۆکار بەڵکو جارێکی دیکە بۆ بەرەی باشوور بەرەو «فاشۆدا» بگەڕێتەوە. ئەوە بوو هەردوو پیاوەکە وەها سەیری ئەو ڕێککەوتنەی هێوربوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان و فەرەنسایان دەکرد، وەک ئەوەی تەنیا پشوودانێک بێ بۆ ڕکابەرییەکی دێرینە، هەر زووش ئەم ڕوانینە باڵی بەسەر بیرکردنەوەی لۆرانسیشدا کێشا، کە وەهای لە بارەیەوە نووسی: "مرۆ ناتوانێ گرەو لەسەر ئەوە بکا، فەرەنسا هەمیشە بە دۆست بمێنێتەوە."[٩]

ئەم نیازکردەیەش تەنیا ئەو کاتە سەلمێنرا، کە فەرەنسییەکان نەخشەی بریتانیایان بۆ دابەزین لە ئەسکەندەرونە هەڵوەشاندەوە، ئیدی ئەم بۆچوونەش لە کاتی هەڵدانەوەی قەتماغەی برینی کێفەڕاتی «گالیپولی» بەڕەوا بینرا. هەر دوای ئەوەی لە ژێر فشاری فەرەنسادا هەڵمەتی دابەزین لە ئەسکەندەرونە هەڵوەشایەوە، لە شوباتی ١٩١٥دا، لۆرانس بۆ وڵاتی نووسی: "تا ئەوەندەی پەیوەندی بە سووریاوە هەبێ، ئەوا فەرەنسا دوژمنە نەوەک تورکیا."[١٠] تا دەهات فەرەنسا دەبووە مایەی دەهریبوون و دیپلۆماتە بریتانییەکانیش لەوان پۆلکتر، هەر بۆیە ئەو بە تووڕەییەوە بۆ دۆستێکی نووسی: "تف و نەفرەت لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە و هەموو کارە وێرانکارییەکانیان."[١١] دوو هەفتە دواتر بە «داڤید هۆگارس David Hogarth»، مامۆستای سەرپەرشتیاری پێشووی زانکۆکەی ڕاگەیاند، هیوای بەوە هەیە بەڵکو هۆز و تیرە ڕەوەندە (بەدو)ـەکانی ڕۆژئاوای عەرەبستان

یەکبخا، ئینجا لە گەڵ ئەوان "دەتوانین ڕاستەوخۆ بەسەر دیمەشقدا دابدەین و خەونی فەرەنسییەکان لە تەواوی سوریادا لەبارببەین."[١٢]

لۆرانس لە نامەیەکی تایبەتی خۆیدا، خەونەکەی بۆ «هۆگارس» درکاند، بەڵام خۆ زۆری نەخایاند تا فەرەنسییەکان درکیان بە هەرای عەرەبەکان کرد، دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی ١٩١٦دا بەرپابوو. ئەوەی ئەوانی نیگەرانکرد. زیاتر دەستڕۆیشتنی «شەریف حوسێن»بوو، بەوەی ئەگەر هاتوو هەراکەیان سەرکەوتوو بێ، ئەو کات دەکرا کاربکاتە سەر عەرەبەکانی باکووری ئەفریقیای ئیمپراتۆریەتەکەیان. ئەفسەرێکی پلەبڵند بە ناوی «پییێر دێ مارجیری Pierre de Margerie» لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا (کای دۆرسی)، کە ئەندامێکی کۆمیتەی ئاسیای فەرەنسی بوو، سەروەزیری لەمە ئاگادارکردەوە، کە چی لە عەرەبستاندا دەقەومێ؛ "دەکرێ لێکەوتەی زۆر مەترسیداری لەسەر سەرجەم کۆلۆنیەکانمانەوە هەبێ."[١٣] ئەو وەهای پێشبینیکرد، ئەگەر هەرایەکە سەربکەوێ، ئەوا فەرەنسا خۆی لە بەرانبەر ئیسلامی بەعەرەبکراو دەبینێتەوە، کە هێزی نوێی خۆیان لەسەر حیسابی بەرفرەوانبوونی هێزی کریستیانی دەبیننەوە و بەریشی پێدەگرن". ئیدی داوای ئەوەی کرد؛ "ڕاستەوخۆ خۆمان لەگەڵ ئەو عەرەبانە ڕێکبخەینەوە، هەوڵ و تەقەللایەک بۆ ئەوەی ئەوان سەربەستی خۆیان بەدەست بێنن... تا سەرکەوتنیان لەو ناوچە موسڵمانشینانە بە دژایەتی هێزی کریستیانێتی وەرنەچەرخێ."

هەر خێرا ڕاوێژەکەی «پییێر دی مارجێری» بەوەی فەرەنسییەکان لەم پرسەدا وریابن، پەیڕەوکرا. ئەوە بوو لە ئەیلوولی ١٩١٦دا کۆلۆنێل «ئێدوارد بریمون Edouard

Brémond» وەک سەردەستەی ئەرکی سەربازیی فەرەنسی نێردرایە لای عەرەب لە عەرەبستاندا. بەر لەوەی «بریمون» بکەوێتەڕێ، وەزارەتی کاروباری دەرەوە پێیڕاگەیاند: "ئەگەر تۆ بتوانی لاقی پیاوەکانی ئینگلیز لەوێ بکێشیەوە، ئەوا باشترین خزمەت بە ئێمە دەکەی."[١٤] ئەویش سەلماندی شایستەی کارێکی لەو جۆرەیە، بەوەی هاوکاری فەرەنسییەکانی خستەبەردەم عەرەب، لەو کاتەی کە هەراکەیان لە پاشەکشەدابوو.

هەرچەندە هەوڵ و تەقەلالای «بریمۆن» لە کۆتاییدا سەرینەگرت، بەڵام بووە مایەی ئەوەی هەرایەکی زۆر لەنێو بریتانییەکان بنێتەوە، تا ئەوانیش هەمان ڕێچکە بگرنەبەر. لەو کاتەی «حوسێن» سەرکەوتوو بوو لەوەی هێزەکانی تورک لە مەککە وەدەربنێ، بەڵام هێشتا هێزێکی سەرەکی عوسمانیی لە مەدینە مابووەوە، مەدینەش هەر ٢٠٠ مایل لە باکووری مەککەوە دووربوو، ئەم هێزەش کۆمەک و ئازووقەی بە ڕێگەی ئاسنین لە دیمەشقەوە پێدەگەیشت. بە هاتنی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩١٦ هەوڵی دووبارەگرتنەوەی مەککە لە لایەن عوسمانییەکان لەگوین بوو. هەموو ئەوەش لەنێوان تورک و مەڵبەندی ئیسلام بوو لە مەککە، ئەو زنجیرە چیایە مشارییە بوو، کە پێیدەگوترا حیجاز و لە لایەن خێڵە ڕەوەند(بەدو)ە هەژارەکان دەپارێزرا، ئەوان کێوی و دڕ بوون و دشداشەی خوری ڕەنگی بۆر و نیلییان لەبەردابوو، ئەوانەی کلیان دە چاو دەکرد و پرچیشیان بە میزی حوشتر دەشوشت بەڵکو بریقە بداتەوە. «فەیسەڵی کوڕی حوسێن» سەرکردایەتی ئەمانەی دەکرد، ئەمانە بە توندی دژی هەر دەستوەردانێکی بێگانە دەبوونەوە.

هەنــووکەش بەدووەکــانی چیانیشــین ئەوپەڕی پێویســتیان بە پشتگیری لۆجستی هەیە، بەڵام سوپای بریتانی لە کۆمەککردنیانیان دوودڵ و خەمســارد بــوو. ئــاخر لە کــاتی گــالیپۆلییەوە کەشــێکی دژوار لە نێــو ســەرکردایەتیی هێــزی ســەربازیی بریتــانی لە میســر پەیــــدابوو، کــــاتێکیش هەراکەی عەرەب لەبەر بـــێ پشــــتیوانی پاشکشەکەی پێکرا، هەر خێرا ڕکابەرەکانی «کلایتن» لۆمەیان کرد، چــونکە هەر «بــرایتن»یــش بــوو لە ســەرەتاوە دنەی «شــەریف حوســـێن»ی دا تـــا لە دژی تورکەکـــان ڕاپەڕێ. ئێســـتاش کە بریتانییەکــان ناچــارکران بەو ســەربازانەی کە مــاون پشــتگیری عەرەب بکەن، بۆیە «کلایتن» هەستیکرد لەسەر ئەوە، پلەوپایەکەی لەدەســت دەدا. کەچــی ســەرۆکی هەواڵگــرییەکەی، کە «لــۆرانس» وەها وێنای کردبوو، "کەسێکە وەک ئاو یان وەکو ڕۆن کاردەکا، دڵۆپ دڵۆپ بە کڕی هەڵدەقوڵێ و دەخشێ، بەڵام بەردەوام و ڕژدە تـا دەگاتە سـەر هەمـوو شـتێک"، ئیدی ئەم کەسـە نەخشـەیەکی بۆ خۆڕزگــارکرن لەم تەنگــوچەڵەمەیە دانــا. ئەوە بــوو ویســتی ئەو بەردەســتە بلــیمەتە خــۆی بنێــرێتە «جــدە»، تــا لەوێــوە ڕاپــۆرت بنووسێ و بینێرێتەوە و تێیدا بڵێ، کەوا ناردنی سـەربازی بریتـانی بۆ عەرەبستان هیچ شتێکی لێ شین نابێتەوە.[١٥]

قەولبـوو گەشـتەکە کـورت بـێ چـونکە ڕاگوزەریـانەبوو: ئـاخر گەشــتەکە هەر بــۆ ئەوە نەخشەکێشــرابوو تــا بەڵگەوبەنــدێک دژی دەستوەردان بێنێتە پێشەوە و سەنگی خۆی هەبێ، بەوەی لە لایەن کەســانێکەوە نووســرابێ، خۆیــان لەوێ حزووریــان هەبــووبێ و بە چــاوی خۆیــان دۆخەکەیــان بینیبــێ. کەچــی کە لــۆرانس لەگەڵ «ستۆرس» بەڕێـی ئـاویی لە دەریـای سـوورەوە بەرەو ئاراسـتەی «جـدە» کەوتەڕێ، وەهـا دەرکەوت، ئامـانجەکەی زۆر لەوە زیـاتر

بێ هەر بە تەنیا تەواوکەری ئەرکی «کلایتن» بێ. لە گەشتەکەیدا لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ یاوەرەکەی بدوێ، کاتی خۆی بە نیشانەگرتنەوە لەسەر پشتی بەلەمەکە بەسەر برد.

کاتێکیش لە ١٦ی تشرینی یەکەم گەیشتنە بەندەری «جدە»، لۆرانس وەهای نووسی: "لە دواییدا لە بەندەرەکەدا لەنگەرمان لە نێوان شارێکی هەڵواسراو لەنێوان ئاسمانێکی سووتێنەر و ڕەنگدانەوەی خۆی لە ئاویلکەدا گرت، ئینجا گەرمای عەرەبستان دەرکەوت، وەک شمشێرێکی هەڵکێشراو وابوو، نوتقی لەبەربڕین."[١٦] کەچی بەرلەوەی ڕۆژ ئاوا ببێ، وێڕای تین و تاوی گەرما، ئەو ئەرکەکەی خۆی بەدیهێنا بەوەی بەڵگەی سەلمێنەرانەی زیاتر لەسەر ئەوە کۆبکاتەوە، کە فەرەنسییەکان نیازپاک نەبوون. لەسەر خوانی نانی شێوان لەگەڵ «بریمون»دا، ئەو کەسەی مەراقی ویسکی سکۆتلەندی بوو، ئەوەی بۆ درکاند؛ لە بەرژەوەندیی هیچ کامێکیاندا نییە هەرا و ڕاپەڕینی عەرەبەکان سەربکەوێ، چونکە "پارتیزانەکانی شانشینێکی مەزنی عەرەبی لە دوایدا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن لە سوریا و عێراقەوە کاری خۆیان بکەن، ئەو کات لەو دوو شوێنەشدا - فەرەنسی و ئینگلیز- دەبێ وەدەربنرێن"[١٧] هەڵبەتە ئەمەش ئەو شتە نەبوو، کە هەردووکیان چ «کلایتن» و «لۆرانس» لە مێشکیاندا بووبێ.

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی دووروودرێژدا، «ستۆرس» قەناعەتی بە «شەریف حوسێن»ی دوودڵ هێنا، بەڵکو ڕێگە بە «لۆرانس» بدا زیاتر بچێتە نێو خاکی عەرەبستان تا بە خۆی دۆخی چیاکان هەڵبسەنگێنێ. لۆرانسیش کە شێتوشەیدای بیرۆکەی سەیروسەمەرە و نائاسایی بوو، ئامادەبوو جلی دشداشەی بەدووەکان لەبەربکا، ئەو جلەی لەڕووی بنەماییەوە هاوکارەکانی

ڕەتیان کردەوە بیپۆشن. ئیدی ئەوە بوو لۆرانس بە سواری وشترێک ڕووی لە چیاکان کرد، ئەو چیایانەی کە دوا قەڵای «حوسێن» بوون لە دژی تۆڵەکردنەوە لە عوسمانییەکان.

"شەڕی حیجاز یەکێکە لەو شەڕانەی درەویشەکان لەگەڵ هێزی نیزامی دەیکەن و ئێمەش لە پاڵ دەرویشەکانین." ئەمە ئەو دەربڕینە بوو کاتێ لۆرانس گەیشتەوە قاهیرە و بە ئەنقەست و بەدارِسانەوە وەهای گوت، ئاخر دەیزانی زۆر لە هاوڕێکانی سەربازی پیشەمەند بوون، ئەوانەبوون چەند ساڵێک پێشتر لە دژی دەرویشەکانی سودان جەنگابوون.[18] ئەو دژی ئەو بیرۆکە حوکمە پێشوەختە بوو گوایە پیاوە خێڵەکییەکان زۆر بێ دیسپلینن و بەرگەی دژەهێرشی عوسمانییەکان ناگرن، هەر بۆیە پێویستیان بە پشتگیری دەرەکی هەیە. لەبری ئەوەدا ئەو پێداگیر بوو لەسەر ئەوەی لە ڕێگەی ئەو تاکە ڕۆژەی لە شاخەکان چاودێری جموجۆڵەکەیانیان کردووە، ئەوان وەک شەڕڤانی گەریلایی لەدایکببوون، بە کورتی ئەوان پێویستیان بە چەک، تەقەمەنی، زێڕ و ڕاوێژی کەسێکی وەک من هەیە. لە ڕاپۆرتەکەیدا ڕوانینی «بریمۆن»یشی هێنابووەوە، ئەوەشی بۆ زێدەبارکرد، هۆکاری ڕاستەقینە بەوەی ئاخۆ بۆچی فەرەنسییەکان خوازیارن هێز بنێرن، ئەمەش بۆ ئەوە بوو، کە ڕێگربن لە هەڵگەڕاوەکان نەوەک پشتگیریان بکەن. ئەم بۆچوونە تەوسدارە لە لەندەندا هەرای نایەوە، هەر خێرا بەڵگەوبەندی ناردنی هێزی چەکداری بەلاوەنرا و لەچاکەی «کلایتن»یشدا هەر زوو لۆرانس گەڕێنرایەوە حیجاز تا ڕێگەیەکی کۆمەک بۆ عەرەبەکان بدۆزێتەوە و ڕاپۆرتی هەواڵگری بەجێ بداتەوە قاهیرە.

لۆرانس قەناعەتی زۆری بەوە هات، هۆکاری شکستی هەراکەی عەرەبستان لە دژی تورک بەهۆی ڕەفتارە کەللەڕەقییەکەی خودی ڕابەرەکەیان بووە کە «حوسێن» بوو. شەریفە تەمەن ٦٣ ساڵەکە هەروەک «ستۆرس» خەملاندبووی، داردەستێکی بەجێی بەرژەوەندیی بریتانییەکانە، کەچی «لۆرانس» لە ڕاستیدا سەلماندی، کە ئەو دوودڵە و بڕیاردەرێکی گردەبڕانە نییە بەوەی یارمەتی بریتانییەکان پەسەندبکا. ئیدی پێشنیازی ئەوەی کرد بەسەر ئەودا بازبدەن، ئەوە بوو ئەوەی هەڵسەنگاند ئاخۆ ڕوو لە کام لە چوار کوڕەکەی شەریف بکا بەوەی باشترینیان بێ تا هاوکاری لەگەڵدابکەن.

کوڕە هەرە گەورەکەی شەریف زۆر لاواز بوو، نەخۆشی سیلی گرتبوو، هەرە بچووکەکەشیان بێ ئەزموون بوو. ئیدی مایەوە سەر بژاردە لەنێوان فەیسەڵ و کاکی[٢٤]، ئەو پیاوە خڕوپڕ و ڕووخۆشە و خاوەن بیروڕای سەربەخۆ، ناوی «عەبدوللا» بوو، پێشتریش لە «ستۆرس» نزیککەوتبووە، بەر لە جەنگ داوای چەکی لێکردبوو، دواتر بە جوانی وەهای وێناکردبوو، کە "شتێکی لە هێنری هەشتەم[٢٥] تێدایە.[١٩] کەچی عەبدوللا گومانی لە «لۆرانس» هەبوو، لۆرانسیش بە نۆرەی خۆی بڕوای وابوو عەبدوللا لە ڕاستیدا "زیاتر پیاوێکی بزنسە" لە برا بچووکەکەی خۆی. ڕاپۆرتی بەو بەڵگانە بەرزکردبوونەوە، بەوەی عەبدوللا بەوە ناسراوە مەشقی لەسەر تەقە و تیرئەندازی کردووە، نیشانە لەو

---

٢٤ مەبەست لە کاک برای گەورەیە.

٢٥ هێنری هەشتەم Henry VIII (١٤٩١-١٥٤٧) لە ١٥٠٩ەوە تا مردنی پاشای بریتانیا بووە، شەش جار ژنی هێناوە، لەسەر ئەوە لەگەڵ پاپا لە شەڕ و هەرادا بووە، هەر بۆیە کڵێسای ئەنگلیکانی فرەوانکرد و لەسەر دەستی ئەو ڕیفۆرمی ئینگلیزی کراوە.

کتلییە بگرێ کەوا لەسەر سەری خزمەتکارەکەیدایە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو تا وەهای نیشان بدا، کە ئەم پیاوە بە تەواوی هی ئەوە نییە پشتی پێببەسترێ.[20]

فەیسەڵیش کە یەکەمین جار لۆرانس چاوی پێکەوت لە چیاکانی حیجاز بوو، ئەو کاتەی سەرقاڵی هێرش و پەلامارەکانی خۆی بوو، ئەو فەیسەڵی بە کەسێکی سەرهەڵداو بینی. بەلای کەمییەوە دوو ساڵ لە لۆرانس گەورەتر و بەژنیشی چوار ئینچ کەڵەگەتتر بوو. ڕوخسارێکی لاوازی زۆر مەیلە و شاهانەی هەبوو، ئەمەش دەریدەخست وەکماڵباتەکە نمایشی دەکرد، گوایە لە نەوەی محەمەدە. لە کاتێکدا عەبدوڵلای کاکی زیاتر لە هینری هەشتەم دەچوو، بە لای لۆرانسەوە فەیسەڵ لە ڕیچاردی شێردڵی دەکرد. لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ «کلایتن»، لۆرانس بە بەراورد لەگەڵ عەبدوڵلا زیاتر شایستەیی بە فەیسەڵ دا. ئەو فەیسەڵی وەها وەسفکرد، "سەرمەشقە نموونەیەکی خۆشەویستە لە لایەن خەڵک، مجێزبەرزە، پڕ خەونیشە و بەهۆی ئەو کەسایەتییە و کاراییی لە کاروباردا هەیەتی ئەو توانستەشی تێدایە کە بیانهێنێتەدی."[21] ساڵانیک دوای ئەوە، دەکرا بانگی ئەوە هەڵبدا، کەوا لە "نیگای یەکەمەوە" زانی فەیسەڵ ئەو پیاوەیە، کە دەکرێ "ئاگر بەرداتە بیابان"، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو، لەو کاتەی عەبدوڵلا نیشانەشکێنێکی بێوێنە و کەسێکی زۆر بڕوابەخۆ بوو، فەیسەڵیش کە لەو کەشخەتر بوو، زۆر ترش و توورە بە خێرایی دەکەوتە داوی نێوان شادمانی و دڵساردی.[22] وەک ئەفسەرێکی دیکەی بریتانی کە لە نزیکەوە لەگەڵ ئەواندا کاریکردبوو، وەهای لەسەر نووسیبوو: "ئەو کەسێکی بەهێز نەبوو، زۆریش دەکەوتە بن باندۆری دەوروبەری خۆی."[23] کەچی

له گۆشـەنیگای لۆرانسـەوە، ئەمە وای لێکردبوو ببێتە نموونەیەکی سەرمەشق بۆ یارمەتی بریتانی.

لێرەدا هۆکارێکی دیکە هەبوو، زۆر گرنگ بوو، کە بە هۆیەوە لـۆرانس فەیسـەڵی پێشـنۆرە گـرت. هەرچـی ڕوانینـی سیاسـیانەی عەبدوڵڵا بوو ئاسۆییانە بوو، بە ئاراستەی باشوورەوە بوو، ئەو پێی باشتر بوو «حیجاز»ی بەیار لەگەڵ یەمەنی بەپیتوفەڕ لە لای باشـوور لەیەکبدا، کەچـی فەیسـەڵ هەندێک ئەندامی جـووڵانەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی دەناسـی، کە ئەو کات بچووک بوون، بەڵام کـاری ژێرزەمینییـان لە نێـو شـارەکانی سـوریا و عێراقـدا دەکـرد. ئیدی بەو پەیوەندییانە فەیسەڵ نمایشی باشترین هیوای دەکرد بۆ ئەوەی هەرای حوسێن پەرەپێبدا و بەرەو لای باکووری ببا، بەڵکو خەونەکەی لۆرانس بە وەدەرنانی هەرچـی فەرەنسییە لە سـوریا لە ڕێی فەیسەڵەوە وە ڕاستی وەربگەڕێ.

لۆرانس هاتنی مجێزبەرزی فەیسـەڵی دا بەڵکو خۆی بگەیەنەتە دیمەشـق و خێـرا لە ڕێـی پێـدانی زێـڕ متمـانەی خـۆی بەدیهێنـا. زێڕەکەش بۆ ئەوەی لە قۆشـەنی سـەربازی پیاوە خێڵەکییەکانی و بەیەکەوە لەگەڵ ناسیونالیستە عەرەبییەکانی سوریا و عێراق خەرج بکـا و بە یەکەوە تونـد گرێیانبـدا. لە بەرانبەریشـدا فەیسـەڵ دشداشەیەکی سپی نایابی بەخشییە لۆرانس تا بیکاتەبەری، ئەمەش وەنەبێ بۆ ئەوەی وەک دەمامک دایبپۆشـی و نەناسرێتەوە، بەڵکو بـۆ ئەوەی ڕوون بـێ، کە بە تەواوی پشـتگیری هەبـوونی بێگـانە لەنێو مۆڵگەی سەربازی خۆی دەکا. فەیسـەڵ دواتر بۆ ڕاویژکارە نـوێیە ڕێـزدارەکەی خـۆی نووسـی: "ئەوە دڵسـۆزییە، متمـانەیە، خۆتەرخـانکردنە بـۆ ئەرک و خـۆجڵەوکردن."[٢٤] لۆرانسـیش دیمەنەکەی بە شێوەیەکی جیاوازتر بینـی، ئەو بە سرتەوە گـوتی:

"باشتر وا بوو زانیارییەکان لە خۆیەوە بۆ من بێ، ئاخر حەزم لێیە بگەمە بڕیار بەرلەوەی ئەو بیگاتێ."[٢٥]

بە یارمەتی لۆرانس و دەستەیەک لە ڕاوێژکارە بریتانییەکانی دیکە، بە پشتگیری هێزی ئاسمانی بریتانی لەپڕ بۆسەیەکیان بۆ هێزەکانی تورکی دانایەوە، بە دەستەیەکی سەربازیی، عەبدوڵڵای سست و خاو کارێکی وایان کرد بەختی عەرەب لەجەنگەکەدا بگۆڕن. لە کانونی دووەمی ١٩١٦دا تەکانێکی بەجەرگانەیان بەرەو باکوور دا، توانیان بەندەری «وەجهـ» لەسەر دەریای سوور لەدەست تورک دەربێنن. خۆی «وەجهـ» لاچەپ و کەم بایەخ بوو، بەڵام مۆڵگەیەک بوو بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو، باشترین دەستپێک بوو، ئیدی قۆناغی پڕکێشی هەرای عەرەب دەستیپێکرد، لەوێوە بە درێژایی ٢٠٠ مایل لە هێڵی ئاسنینی حیجاز کەوتە بەر هێرش و پەلاماری عەرەب، ئەو هێڵە ئاسنینەی کە پاڵپشتی و ئازووقەی بۆ پێگەی سەربازی تورک لە شاری مەدینەدا دەگواستەوە، چونکە دابینکردنی پێداویستی لۆجستی ئەوێ بە هێڵە ئاسنینەکەوە بەندبوو. ئەوە «وەجهـ» بوو لە دوو ساڵی دواتردا، کە لۆرانس و هاوکارە بریتانییەکانی دیکە سەرکردایەتی هێرشەکانیان کرد یان چەندین پەلاماریان بۆ سەر قیتار و بارهەڵگر و تانکی ئاوگواستنەوەی سەر هێڵە ئاسنینەکە ڕێکخست، کارێکی وایان کرد تورک ناچاربکەن بکەونە حاڵەتی بەرگرییەوە.

لێ هەر زوو لۆرانس سەبارەت بە تاکتیکی جەنگ لەگەڵ ئەفسەرە بریتانییەکانی دیکە ناکۆک بوو. لە کاتێکدا ئەفسەرەکان تیشکۆی کار و وزەی سەربازییان لەسەر ئەوە چڕکردبووەوە، کە بە هێرش و ئابلۆقەدانی هێڵە ئاسنینەکە، ئەو سەربازگە تورکەی لە مەدینە ناچاربکەن خۆیان بە دەستەوە بدەن تا بە تەواوی لە

مەدینەی دابڕن، ئیدی لۆرانس دەیزانی کە ئەم نەخشەیە سەربگرێ، ئەوا کاریگەریی خۆی دەبێ و ڕاپەرینەکە دەگاتە دوامەنزڵ و کۆتایی دێ. ئەوسا دەکرێ پشتیوانی بریتانییەکان لەوێ بوەستێ و بکشێتەوە، بەمە هیوای لۆرانس لە وەدەرنانی فەرەنسییەکان لە دیمەشق مایەپووچ دەردەچێ.

هەر سەبارەت بەو پرسە، دەرکەوتنی شێخێکی عەرەب بەناوی «عۆدە ئەبو تائی» لە نیسانی ١٩١٧ لە بەندەری «وەجھ» بۆ لۆرانس مایەی هاندانێکی مەزن بوو. ئاخر «عۆدە» لە باکوورەوە هاتبوو و پشتگیری دۆزی فەیسەڵ بوو. «عۆدە» مەزنی هۆزی «ئەلحویتات» بوو. «حویتات»یش هۆزێکی بچووکی کۆچەری دەوارنشینی سینا و ناوچەی بیابان بوو، ئێستا بە هۆی سنوورەکانەوە کەوتوونەتە هەردوو بەری ئوردن و عەرەبستانی سعوودی. شوێنەکەشیان لە دووری ٣٠٠ مایل لە باکووری «وەجھ»ەوە بوو. ئەو شێخە کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشی هەبوو، ئەو چەند ساڵێک پێشتر لە دەستی عوسمانییەکان هەڵاتبوو، چونکە تەقەی لە دوو کاربەدەستی تورک کردبوو، هەردووکیانی کوشتبوو، ئاخر ئەوان هاتبوون شێخەکە بگرن، ئەمەش دوای ئەوەی باجی نەدابوو. «عۆدە» ٢٨ جار ژنی هێنابوو، سێزدە جار بریندارکرابوو، ڕووخسارێکی وەک بازی هەبوو، ئەم ئەو حیسابەی لێتێکچووبوو ئاخۆ چەند کەسی کوشتوون، بەوەش ناوی دەرکردبوو، کە جەرگی دەردەهێنان و بە خاوی دەیخواردن.

«عۆدە» قەناعەتی بە لۆرانس هێنا، کەوا دۆڵێک لە باکوور هەیە بەناوی «دۆڵی سەرحان»، کە زۆر جاران خێڵەکەی خۆی بۆ لەوەڕ لەوێ هۆبەیان هەڵداوە. دەکرێ ئەو دۆڵە بکرێتە پێگەیەکی

نموونەیی بۆ پەرەسەندنی شۆڕشەکەیان بەرەو سوریا. هەر لەو دۆڵەشەوە دەکرا دەست بەسەر بەندەری عەقەبەشدا بگرن، ئەو بەندەرەی سەری دەریای سوورە، ئەو کات لەبندەستی تورکەکاندا بوو، بۆ ئەوەش مەیلی بە هێزترین تیرەی ئەویش کە «ڕەولە»ی گەورەترین تیرەی هۆزی «عەنزە»یە بۆ خۆیان ڕاکێشن، کە بەرەو بیابان تا ئەوسەری باکوور هەڵدەکشێ. سەرۆکی «ڕەولە»ش «نوری شەعلان»ە، ئەو کەسەی سالانی پێشتر دوو برای خۆی کوشتن هەر بۆ ئەوەی جڵەوی تیرەکەی بکەوێتە بندەست. پێشتریش ئەوەی ڕاگەیاندبوو، کە ناتوانێ پشتی فەیسەڵ بگرێ، چونکە بۆ دابینکردنی خواردنی هۆزەکەی پشتی بە تورک بەستووە. لێ هەرکاتێ فەیسەڵ توانی بەندەری عەقەبە بگرێ، ئەوا دەتوانێ خۆراکی هۆزەکەی نوری شەعلانیش دابین بکا و ئەمیش بۆ خۆی کێش بکا.

لۆرانس ئامانجێکی دیکەشی بۆ پەلامارەکانی زیادکرد، ئەویش (جەبەل ئەلدروز) بوو، کە بانە بەرزاییەک بوو دەکەوتە باشووری ڕۆژهەڵاتی دیمەشقەوە. لەوێدا هیوای هەبوو بەڵکو قەناعەت بە دروز، ئەو گەلە سەربزێوەی ئەوێ بهێنێ، دژی عوسمانییەکان هەڵسنەوە. ئەوان لە یادەوەری نوێیاندا دوو جاران بە ڕووی عوسمانییەکان هەڵگەڕابوونەوە، ئیدی لۆرانسیش بڕوای بە خۆی هەبوو، کە مێژوو دەتوانێ جارێکی دیکەش خۆی دووبارەبکاتەوە.

دیداری لۆرانس لەگەڵ «سایکس» هەر سێ ڕۆژ بەر لە خۆڕێکخستنی بوو لەگەڵ «عۆدە» و ئەو کۆمەڵە بەدوە بچکۆڵەی بەدوای سەرچڵییەکی دژواردا ڕۆیشتن، بارودۆخەکەش ئەوەی ڕوونکردەوە، ئاخۆ بۆچی سایکس بەم جۆرە قسەی لەگەڵ کرد و زۆر تووڕەشی کرد. لۆرانس کە چەندین جار پێی لەسەر ئەوە

داگرتبوو، حکومەتەکەی خوازیارە عەرەب خۆیان داوای دیمەشق بۆ خۆیان بکەن، کەچی هەنووکە لەوە تێگەیشت؛ ڕێککەوتنی سایکس لەگەڵ جۆرج پیکۆ واتای ئەوەی دەگەیەنێ، کەوا ئەو بە بێنیاز درۆی کردووە. خۆ ئەگەر جەنگ بواری ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ بدا، ئەوا گەیشتنە دیمەشقیش بێ ئەنجام دەمێنێتەوە: دەی با عەرەبیش ئەوە ببات، کە پێشتر داومانە."[٢٦]

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زەمینەیەک بۆ گەشبینی مابووەوە. ئاخر ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ شلۆق و ناسک بوو، چونکە گریمانەیی و ژێربەژێر بوو. لە جیهانێکیشدا بوو تا دەهات دژەئیمپریالیزمی لە زیادبووندا بوو، ئیدی هەر کاتێک ڕێککەوتنەکە ئاشکراکرابا، دەکەوتە بەر تانەوتەشەری ڕەخنە؛ هەروەها لەو نێوەشدا لۆرانس هیوای هەبوو، بەڵکو ئەگەر عەرەب سەرەتا بگەنە دیمەشق، ئەوا دەکرێ لەوێ خۆیان دابمەزرێنن و داوای هەرێمەکە بکەن، ئەو هەرێمەی سایکس و پیکۆ بە شێوەیەکی سەرپێیانە لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کردبوو. لۆرانس هۆکاری بۆ ڕوانینەکەی هێنایەوە و نووسی: "ئەوسا دەنگی داواکردنەکەیان بەهێز دەبێ، خۆ هەرهیچ نەبێ دەکرێ بگوترێ، لە ڕێی خەڵکی خۆجێییەوە دەستی بەسەرداگیراوە. ئاخر تۆ بڵێی ئەو کات هەردوو زلهێزەکە چی لەبارەوە بڵێن؟"[٢٧]

لۆرانس دوای سێ ڕۆژ لە دیدارەکەی لەگەڵ سایکس، بەو لێتێگەیشتنەی هەیبوو، ڕەگەڵ «عۆدە» و بەدووەکان کەوت تا ئەو ٣٠٠ میلە ببڕی و بگاتە «دۆڵی سەرحان». گەشتێکی دوو هەفتەیی، بەنێو دەشتێکی چۆڵگەی کاکی بە کاکییدا ڕۆیشتن، ئەو دەشتەی سوکوئاسان لەنێو بەدووەکانیش بە ناوی (ئەلهەول) واتە سامناک ناسرابوو. لەو چۆڵەوانییەدا تین و تاوی ڕۆژ و بای

لمـــاوی چاوەکانیـــان دەســـووتاندنەوە و لێـــنەدەگەڕان هەڵیبێـــنن، شـــەوانیش لەبەر برســـیەتی خەویـــان لێـــنەدەکەوت بەتـــایبەیتی لە ئاخروئۆخری گەشتەکەیان، هەرچۆنێک بێ کاتێ گەیشتنە «وادی سەرحان»، بۆ لۆرانس دەرکەوت کەوا «عۆدە» لەخشتەی بردووە. ئـاخر دۆڵەکە زۆر ڕەقەن و بەیـار بـوو، ئەو لەوەڕگـایە نەبـوو، کە بەڵێنـــی چەوری لەوەڕگـــا بە «ڕەولە» بـــدا. بە گەیشـــتنە ئەوێ، چەندین ڕۆژ «عۆدە» لە کەیف و سەفای مێوانداریيەتی خۆی بوو، چونکە گەیشتبووە لای هۆزەکەی، لۆرانسیش لەبەر بێمرادی و لە تاوی ئەوەی نەخشەکەی شکستی هێناوە خەریکبوو خۆی بکوژێ، بۆیە لە پەیامێکیدا بۆ «کلایتن»ی بەرپرسی دەنووسێ: "بڕیارمداوە بە تەنهـاش بێ بەرەو دیمەشق بکەومەڕێ بەو هیـوایەی لە ڕێگـادا بکوژرێم. بۆ خـاتری هەمـووان هەوڵێک بدە و ئەم شتە بەرلەوەی لەمە زیاتر تەشەنەبکا ڕوون بکەوە. ئاخر ئێمە لەسـەر درۆ داوایـان لێدەکەین بجەنگن و منیش بەرگەناگرم."[٢٩]

لـۆرانس لە ڕۆژی ٥ی حوزەیرانـدا بە پڕتـاو و بە تەنیـا بەنێـو خاکی سوریای دوژمندا کەوتەڕێ بەڵکو بتوانێ دۆخەکە ڕزگاربکا. بە گەشتێکی زۆر سـەرچڵانە بەنێو ئەو خـاکەدا گـوزەری کـرد، کە سـایکس دابـوويە جـۆرج پیکـۆ. ئەو شـوێنەی لە (راس بەعلـبەگ) پـردەکەی هێڵـی ئاسـنینی تەقانـدەوە، ئەو شـوێنەی ٦٠ مایـل لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بەیروتەوە دووربوو. هەرچەنـدە بووە مـایەی پڕیشـکی هەرا و هەڵـگەڕانەوە لە نێـو خەڵکـی خـۆجێی (مـتەئەویلە Metawala)، ئیـدی بڕیاريـادا کە لە توانـــادا نیـــیە دەســـتبەجێ ڕاپەڕینێکـی گشـتی بەرپـابکرێ. تەنـانەت نە «حوسـێن ئەتـرەش»ی ســـەرکردەی درووزەکـــان و نە «نـــوری شـــەعلان» لەو ســـاتەدا ئامادەنەبوون خۆیان بە داوی فەیسەڵ ببەستنەوە، بەڵام لە دیداری

لـــۆرانس لەگەڵ هەردوو پیـــاوەکەدا، هەنـــدێ زەمنیـــنەی بـــۆ گەشبینییەکی خۆپارێز بەدەستهێنا. «نوری شـەعلان» ئەو پیاوەی بە حیسابی «لۆرانس» چاوەکانی لەبن تیشکی خۆردا دەبریقانەوە، لەوەدا "دڵنیایکردەوە، زوو یان درەنگ دەچێتە پاڵیان."[٣٠]

لـــــۆرانس لە ١٨ی مـــــانگی حوزەیرانــــدا گەڕایەوە «وادی سـەرحان»، لەوێ بینـی، کەوا «عـۆدە» هێزێکـی ٥٦٠ کەسـی لە پیاوەکانی خێڵەکە کۆکردووەتەوە، ئیدی هەر بەو هێزەوە بڕیاریاندا پەلامـاری «عەقەبە» بـدەن. سـەربازگەی تـورکی لە بەنـدەرەکە لە ٣٠٠ سـەربازی تـورکی پێکهـاتبوو، بەڵام هەمـوو بەرگرییەکەیـان ڕووی لە دەریـاوە بـوو. ئەوە بـوو عەرەبەکـان کە بە شـێوەیەکی چـاوەڕواننەکراو لە بیابـانەوە لێیـان وەدەرکەوتـن، توانیـان بارەگـا سەرەکییەکەی تورک لە (ئەبو ئەسمال)ی سـەر بەرزاییەکانی پشت بەنـدەرەکە گەمارۆبـدەن. دوای ڕۆژێـک لە شـەڕ و تەقە ئیـدی بە هەموو هێزی خۆیان بەسـەر هێزەکەی تورکیان دادا و شکاندنیان، لەدوا ساتیشـدا گـوللەیەک بەر پشتەسـەری ئەو وشـترە کەوت، کە «لۆرانس» سـواری ببوو. بۆ ڕۆژی پاشـتر بەرەو دۆڵە بـاریکەکە، بەرەو عەقەبە و دەریـا کشـان. لە ئەنجامـدا فەرمانـدەی تـورکی خۆجێی خۆی بەدەستەوەدا، ئەوە بوو لە ٤ی تەمموزدا لۆرانس و خێڵی «حوەیتات» بەبێ تەقە دەستیان بەسـەر بەندەرە ستراتیژییە هەرە گرنگەکەدا گرت.

لۆرانس هیچ گومانی لە پشـتوپەنای «حوەیتـات» نەبوو. کەچی کەمـی خـۆراک و پـارە بـۆ ئەوەی بیـداتە خـێڵەکە، وای لێکـرد بە سواری پشتی وشتر دیسـان ملی بیابـانی سینا بگرێ و ١٥٠ مایل بــڕوا تــا بگــاتەوە میســر. پــاش چــوار ڕۆژ لە نووســینگەی بەرپرســەکەی خـۆی دەرکەوت و «کلایـتن»ی بەرپرسـی خـۆی

سەرسامکرد، ئاخر «کلایتن» هەر بەیانییەکەی لە نووسینی ئەو یاداشتنامە ببووە، کەوا هێرشکردنە سەر عەقەبە لەبەر "گرفتە زۆرەکانی" مایەی نەکردنە. لۆرانس – هەر بە تەنیا خۆی و بەگوێرەی ئاگایی بریتانییەکان- ژمارەی کوژراو و گیراوی بە ١٣٠٠ سەربازی تورکی خەملاندبوو. یەکێک لەوانەی زۆر بەم دەستکەوتە سەرسام ببوو، ئەندامێکی دیکەی هۆبەی هەواڵگری بوو لە قاهیرە، ئەویش هەروەک لۆرانس، لە کاری نووسینگەیی بێزاربوو، ئەوە بوو «ستیرلینگ W . F. Stirling » لە نامەیەکدا بۆ خوشکەکەی ئەمەی خوارەوەی نووسی، لە وشەکانیەوەڕا دیارە پێشتر لۆرانس بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە: "من تازە نامەیەکی پیرۆزبابییم بۆ «ت.ی. لۆرانس»، بۆ ئەو ئارکۆلۆجیسە قژکورتە نووسیوە، دەیناسییەوە؟ هەقی خاچی ڤیکتۆریای هەیە. هیچ شتێک نییە بیدەنێ کە شایستەی نەبێ."[٣١]

# ٤
# پیاوی ئەلنبی

"جـوولەکەی لـۆرانس نـاوازە بـوو، منـیش دەمەوێ پاداشـتی سـوارچاکانە وەربگـرێ"، ئەمە قسـەی سـایکس بـوو بە ددانگیرسـاندنەوە بە «کلایـتن»ی گـوت، کە بە هـۆی عەقەبەوە دەستبەجێ پێزانینی بۆ هەبوو، ئاخر خۆ سەرچڵیی گەنجەکە دەکرا ڕێککەوتنەکەی سایکس لەگەڵ جۆرج پیکۆدا تێکوپێک بشکێنێ.[١] ئیدی «ڕێجینال وینگێت Reginald Wingate»ی کۆمسیاری باڵای بریتانی لە میسر هەر لەبەر ئەو هۆکارە و وێڕای ئامانجی بەرانبەر، ویستی تەقەلاکانی لۆرانس هەر بە شاراوەیی بمێننەوە. کۆمسیاری باڵا بە لەندەنی گوت: "لەبەر هۆکاری سیاسییانە، زۆر گرنگە هیچ شتێک سەبارەت بە سووسەکارییەکانی لۆرانس لە سوریاوە بڵاونەکرێنەوە".[٢] لە ئاکامیشدا فەرەنسییەکان بەو سەرچڵییانەی لۆرانسیان لە باکوور نەزانی، پێنج هەفتە دواتر ئەوسا ئەفسەرێکی هەواڵگریی فەرەنسی بە ناوی «ئەنتۆنین یاوسنAntonin Jaussen» هەندێ شتی سەبارەت بە وردەکاری پێشهاتەکانی لۆرانس کۆکردەوە.

«یاوسن» لە ئۆرشەلیم وەک قەشەیەک مەشقی کردبوو، بەڵام ئەو بە کاری ئارکیۆلۆژی ناوی دەرکردبوو. هەردوو شتەکەش باش بە یەوەکەوە گرێدرابوون، ئەویش هەروەک «سایکس» بڕوای بەو قسە تەوساویەی لۆرانس "ڕۆژهەڵاتی نەگۆڕ" هەبوو.[٣] «یاوسن» باوەڕی بەوە هێنابوو؛ بە لێکۆڵینەوە لە ژیانی کۆچەرییانەی بەدوو، دەکرێ باشتر لە کتێبی دێرین بگا. لەبەر ئەم پرسە بەرەو ڕۆژهەڵات، بەرەو ئوردن ڕۆیشت، لەوێ بە

شوێنەواری جێماوی دێرینی شارستانییەتی سەبەئی و نەبەتییەکان سەرسام بوو، کە بە سەدان ساڵ پێشتر بازرگانی بەهارات و بخووری نێوان یەمەن و غەززەیان لەژێر جڵەودا بوو، ئیدی بڕیاریدا شتی زیاتریان لەبارەوە بدۆزێتەوە. لەو ساڵانەی ڕاستەوخۆی بەر لە جەنگ، لەو کاتەی سایکسی هەناسەسارد خۆی لە هوتێلەکانی دیمەشق کەوتبوو، لۆرانسیش لە پاشماوەی هیتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی سوریای هەڵدەکۆڵی، «یاوسن» بە خۆی و یاوەرێک و کامێرایەک و پەیژەیەکی سێ پێی بەرەو خوار ڕووەو هێڵی ئاسنینی حیجاز ڕۆیشت، بەڵکو لەوێ پاشماوەی نەخش و نیگاری شارستانییەتی فەرامۆشکراو بدۆزێتەوە و وێنەی بگرێ، ئەوانەی لەسەر گاشەبەردەکانی خەرەندە لمییەکانی خۆرئاوای عەرەبستان مابوونەوە.

«یاوسن» لەگەڵ هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانی لە لایەن تورکەکان لە «پالیمێرا/ تەدمور» دەردەکرێ و خۆی دەگەیەنێتە قاهیرە. لەوێ هەروەک لۆرانس هەواڵ و زانیاری بۆ هاوپەیمانان کۆدەکردەوە. ئەو قەشە خڕوپڕە بیچمێکی پێکەنیناوی هەبوو، لە کڵاوە قووقچەکەی «فرایر تەک[٢٦] Friar Tuck» دەچوو، بەڵام ئەو لە هاوتا بریتانییەکانی زیاتر شتی لە بارەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەریای مردوو دەزانی، کە هەر لە سەرەتا لەگەڵیان گونجاو بوو. لە سەرەتای ١٩١٥دا لۆرانس، کە بە ٢٠ ساڵ لەو بچووکتر بوو، «یاوسن»ی وەها وەسفکردبوو: "زۆر خۆشمەشرەب و زۆریش زیرەکە، هەروەها وەک وەرگێڕیش یارمەتیدەرێکی زۆر بە کەڵکە."[٤]

---

٢٦ فرایر تەک کەسایەتییەکی قۆشمە و پێکەنیناوی بوو، یاوەری ڕۆبین هوود بوو، لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئینگلیزیدا بەربڵاوە.

ڕەتکردنەوەی فەرەنسا بۆ نەخشەی دابەزینی بریتانیا لە ئەسکەندەرونە پاشان لەیەکجیایی ڕوانینی هەردوو هاوپەیمان سەبارەت بە هەرای عەرەب، کەشێکی برادەرایەتیی نێوان دەزگا هەواڵگرییەکانیشی شلۆقکرد. لە ئازاری ۱۹۱۷دا «یاوسن» لە «وجهە»دا سەردانی لۆرانسی کرد و ئەوەی تێبینیکرد، هاوڕێ کۆنەکەی پەیوەندییەکی دۆستانەی گەرمی لەگەڵ فەیسەڵدا پەیداکردووە، کە "کاریگەرییەکی ڕاستەقینەی" لەسەر ئەو سەرکردە عەرەبە هەبوو. قەشە فەرەنسییەکە هەستیکرد، ئەمە کێشەیەکە، چونکە لۆرانس "هاوکار و پشتیوانی دوژمنایەتیی سروشتی فەیسەڵ و لایەنگرانییەتی بۆ هەر دەستوەردانێکی بیانی لە عەرەبستاندا. ئاخر بۆ بەرژەوەنییەکانی هاوپەیمانان ئەو سیاسەتە باشتر و بەسوودترە، کە ئەو ڕقلێبوونەوە و نەیارێتی بەدووەکان سەبارەت بەو هۆز و ڕەگەزەی لە خۆیان نین، کەمتربکەنەوە."[٥]

پاش پێنج هەفتە لە گرتنی عەقەبە، لە ١٣ی ئابی ۱۹۱۷دا «یاوسن» ڕاپۆرتی خۆی نووسی، کەوا ڕاوێژەکەی بەهەند هەڵنەگیراوە. ناڕەزایەتیی بەدووەکان لە هەرێمی باکووری عەقەبە هەنووکە لە جاران زیاترە و هاندراون ڕەگەڵ دۆزی «شەریف حوسێن» بکەون. دەستبەجێش کابرای فەرەنسی لە پەیامەکە گەیشت. ئەو خەتخەتکردنەی سایکس و پیکۆ دایاننابوو، کە وەک ئەو وەسفی کردبوو؛ "هێڵەکە سەبارەت بە ناوچەی هێز و خێڵەکان بە شێوەیەکی ناڕوون لەسەر کاغەز کێشرابوو، هەنووکەش دەکرێ لە ژێر فشاری ڕووداوەکاندا زیاتر لە جاران هەموار بکرێتەوە."[٦] «دیفرانس» باڵوێزی فەرەنسا لە قاهیرەش وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتەکەی لە تێبینییە چاودێرییەکانی «یاوسن»ی ئاگادارکردەوە. ئەو تێبینییەشی دا، کەوا دیارە

بریتانییەکـان سـنوورێکی جێگیرییـان دانەنـاوە ئـاخۆ بـزووتنەوەی عەرەب تـا چەنـد بەرەو بـاکووری دیمەشـق و سـوریا بکشـێ و پەلبهاوێ.

کەچـی ئەنـدامێکی دیـکەی باڵوێزخـانەی فەرەنسـا لە قـاهیرە، دیپلۆماتێکی باڵا بە ناوی «ڕێنیێ دۆینل دێ سێنت کوێنتین René Doynel de St Quentin» هەستیکرد، شتەکە مـایەی نیگەرانـی نیـیە. « ڕێنیـێ دۆینـل دێ سـێنت کـوێنتین» لە لایەن لـۆرانس پەسندکرابوو وەک ئەوەی "تاکە پیاوی غەیرە ئینگلیز بێ لە قاهیرە، کە مرۆ بتـوانێ ڕاشـکاوانە باسـی هەر شـتێکی لەگەڵـدا بکـا."[٧] وەک بەرەنجامێکیش ئەو پەی بەوە نەبرد، کەوا ئێسـتا لۆرانس بە نیازی هانـدانی نـاوچەرگەی بـازنەی فەرەنسـییەکانە، کە دوای جەنـگ بکەوێـتە بندەسـتیان، بـۆ ئەوەی لە دژی تورکەکـان ڕابـپەڕن، ئەمە سـتراتیژیەتی لـۆرانس بـوو، تـایبەت بە هاوتـا فەرەنسـییەکەی ڕاگەیانـدبوو، کە پەیـڕەوی ناکـا. لە سەرسـامبوونێک بە کارنـامەی ئەو هاوتـا بریتـانییەدا، کـابرای فەرەنسـی نووسـیبووی؛ "لەوانەیە دیـارترین بیچمێـک لە نێـو سـوپای بریتـانی یـان لەنێـو ئیـدارەی ڕۆژهەڵاتیانـدا بـێ، هەر «ڕێنیـێ دۆینـل دێ سـێنت کـوێنتین » دەیزانـــی، کە لـــۆرانس دۆســـتایەتی لەگەڵ عەرەبـــدا هەیە، بەڵام پێداگربوو لەسـەر ئەوەی، ئەو ئەفسـەرە گەنجەی ئینگلیز "ئەوەندە دڵسـۆزە، ئەگەر کـار بگـاتە سـەر لادان لە سیاسـەتی هاوکـاریی فەرەنسی-بریتانی ئەوا گوێڕایەڵ نـابێ."[٨] چەندین مـانگی خایاند تـا ئەوە بـۆ فەرەنسـییەکان دەربـکەوێ، کەوا جـڵەوی لـۆرانس بە سیاسـەتی فەرمـی بریتـانی نـاگیرێ، چـونکە خـۆی بە شـێوەیەکی بەرچاوانە دایڕشتووە.

دەرفەتـی لـۆرانس لەو کـاتەدا هـات، کە چەنـد ڕۆژێـک دوای گەیشتنە قاهیرە چاوی بە (ئێدمۆند ئەلنبی Edmund Allenby»، ژەنەڕاڵە نـوێیەکەی هێزەکـانی بریتـانی لە میسـردا کەوت. خـۆی دەبـوایە دیـدارەکە کێفەڕاتێـک بـوایە بـۆ خـۆی، ئـاخر بـۆ کەسـێکی ناڕێکوپێک و ناحەزی وەک لۆرانس، - هەروەک چۆن سـەربازێکی تـووڕەی بریتـانی بە "جاشـەکەرێکی لـووتبەرز" وەسـفی کردبـوو، بەوەی "دەیەوێ لوشـکە[27] بوەشـێنێ لوشـکەی تونـد و بەزەبـر-خەریکبـوو چـاوی بە پیـاوێکی میـزاج نـاقۆڵای بەناوبانـگ بـکەوێ، ئەوەی پاشـــملە بە "گـــایەکە" نـــاودەبرا.[9] هەرچەنـــد ژەنەڕاڵ «ئەلنبی»ش ناوبـانگێکی سـامناکی هەبـووبێ، بەڵام مێشـکی کـراوە بوو، ئاگای لە کەموکورتییەکانی خۆی هەبوو: پاشـان هەر ئەو بـوو گـوتی؛ دوو جـاران لە تـاقیکردنەوەی خزمەتـی مەدەنـی هینـدسـتان کەوتووە، هەر لەبەر ئەوەی کەوا "بۆ هەرشـتێکی دیکە زۆر گەلـحۆ بـووە" چـووەتە ڕیـزی سـووپا.[10] هەروەهـا هەروەک لـۆرانس بە زۆرزانیی خۆی پێیزانی، ئەو لە تەڵەزگەیەکی سەختدا بوو.

«ئەلنبـی» تـازە گەیشـتبووە میسـر بـۆ ئەوەی سـەرکردایەتیی سـەربازی بکـا تـا هەوڵێکـی نـوێ بـۆ داگیرکردنـی فەڵەسـتین بـدا. پێشتر فەرماندەی لەشکری سێیەمی بریتـانی بـوو، لەو بەهـارە و لە میانەی جەنگی «ئاراسArras » لە فەرەنسـادا تووشـی ڕەخنەی زۆر بووبووەوە، هەر بۆیە لەوێ لادرا و بەرپرسـیارێتیی هەڵمەتـی میسـری پێسـپێردرا. وەنەبێت ئەم ڕاسپاردنە هەر کەمکردنەوەیەک بـێ لە پلەوپـایەکەی، بەرلەوەی بنێـردرێتە قـاهیرە، دوو پەیـامی ناکۆک بە یەکی وەرگرتن. «لوید جۆرج» پێیگوتبوو؛ "دەبێ بەر لە کرێسـمس ئۆرشـەلیم بگرێ"، بەڵام «سـێر ویلیەم ڕۆبەرتسـن Sir

---

٢٧ لوشکە: لەقەی گوێدرێژ

William Robertson» گەورە ڕاوێژکاری سەربازیی حکومەت، کە هێرشکردنە سەر فەڵەستینی بە بەلاڕێدابردنی بەرەی خۆرئاوا دادەنا، بە تایبەتی ئەو هۆشدارییەی بۆ دووبارەکردەوە، کەوا ئەو هیچ پارمەتیەکی زێدەباری بۆ نانێرێ بۆ ئەوەی شەڕی خاچپەرستانەی سەروەزیری پێبکا. لەژێر هەلومەرجی هاوشێوەشدا دووجاران بێهوودە فەرماندەی پێشخۆی هەوڵیدا بوو غەززە لە چنگ عوسمانییەکان دەربێنێ، بەڵام شکستیهێنابوو، ئیدی ئەمەش ببووە مایەی لەدەستدانی پۆستەکەی. «ئەلنبی»ش داماوانە دەیەویست نەکەوێتە هەمان داوەوە.

لۆرانس پەی بەوە برد، کەوا ترسی هەرە گەورەی ژەنەڕاڵ ئەوەیە، کاتێ بە گوێرەی ڕێنمایی سەروەزیر هێرش بکاتە سەر ئۆرشەلیم و بەرەو ئەوێ بکشێ، ئەوا تورک هێڵی ئاسنینی حیجاز لە باشووری ڕۆژهەلاتی دەریای مردوو بەکاردێنن و لەوێوە دژەهێرش دەکەنە سەر باری ناسک و شلۆقیی هێڵی لێککشراوەی ئازوقە و لۆجستی نێوان میسر و غەززە. بەم جۆرە، ئەو دیدارەکەی قۆستەوە بە مەبەستی پلانێک کە لەڕێی عەرەبەکانەوە هێرش و پەلاماری گەریلایانە بکاتە سەر هێڵی ئاسنینی حیجاز لە نزیک عەقەبەوە، ئەمەش بۆ تورکەکان ئەستەم دەبێ بتوانن هێزی پێویست کۆبکەنەوە و دژەهێرشیان بکەنەوە سەر. مەبەستی بنەوەی پلانەکەش ئەوە بوو، وەها نیشانبدرێ، کە عەرەبەکان بۆ ژەنەڕاڵ و بۆ بنکۆلکردنی ڕێککەوتنەکەی سایکس شتێکی حاشاهەڵنەگرن.

لە دیدارەکەدا «ئەلنبی» بەڵێنینەدا، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو لەژێر کاریگەری لۆرانسدا بوو، چونکە دواتر نەخشەی لۆرانسی وەک ڕاسپاردەیەک بۆ لەندەن بەرزکردەوە. ئەو پێشنیازی

لۆرانسی بۆ بەهێزکردن و سەلماندنی بەڵگەوبەندی خۆی لەگەڵ «رۆبەرتسن» بەکارهێنا، بەوەی دەبێ پەلاماری فەڵەستین بدرێ، ئەو پێشبینی ئەوەشی کرد، کە هەوڵی یەکدیگرەوەی هەردوو نەخشەکە دەکرێ ببێتە مایەی "شکانی هەڵمەتەکانی تورک لە حیجاز و سوریا و بەرەنجامی دووربینانەی سیاسی هەروەک دەرەنجامی سەربازیانەشی لێبکەوێتەوە.[11] بۆ هاوئاهەنگکردنی هەردوو بەری دەریای مردوو، بڕیاری دا «فەیسەڵ» و «لۆرانس» بهێنێتە ژێر فەرماندەیی خۆی، ڕێگە بە ڕۆڵی عەرەبەکان لە نەخشەکەدا بدا هەروەک چۆن لۆرانس دایینابوو. لۆرانسیش بە شێوەیەکی لێهاتووانە ئەجێندای سیاسیانەی تایبەت بە خۆی و ئەو تاکتیکانەی کە هەڵمەتەکەی ئەلنبی پێویستی پێبوون، لە یەک گرێدابوو.

بۆ مسۆگەرکردنی نەخشەکە تا بەبێ گرفت پەیڕەوبکرێ، «ئەلنبی» ویستی لۆرانس لە داوی فەرەنسییەکان بپارێزێ. ئەو ڕاشکاوانە هەوڵ و تەقەلالای فەرەنسییەکانی ڕەتکردەوە، بەوەی پیاوێکی خۆیان وەک ئەفسەرێکی پاشکۆ ڕەگەڵ لۆرانس بخەن. خۆ ئەگەر لە ڕێڕۆیشتن لەگەڵ چالاکییەکانیدا، لۆرانس بچێتە نێو ئەو ناوچەیەی کە بە گوێرەی ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ هی فەرەنسییەکان بوو، ئەوا ژەنەڕاڵی بریتانی خۆی بەوە پانەند دەکا بە فەرەنسییەکان بڵێ "کەوا ئەمەیان بارێکی تەواوعەیاری سەربازییە."[12] هەڵبەتە بارێکی تەواوعەیاری سەربازییش سەلمێنەری ڕێپێنەدانی سەربازییانە بوو، ئەمەش بەهانەیەک بوو تا فەرەنسییەکان لە هیچ لە چالاکییەکانی لۆرانس ئاگادار نەکرێنەوە، چونکە ئەو دەیزانی، ئەگەر فەرەنسییەکان پێیبزانن، ئەوا

ڕێبپێدەگرن یان هەوڵدەدەن بەرپێبگرن، هەروەک چۆن لە نەخشەی دابەزینی ئەسکەندەروونە کردیان.

لە ئابی ١٩١٧دا، «ئەلنبی» فەرمانی لە لەندەنەوە بۆ هات بەوەی بەسوودبینین لە گرتنی عەقەبەوە بەرەو فەڵەستین بکشێ و لۆرانسیش گەڕایەوە سەر دیمەنی سەرکەوتنەکانی پێشووی تا نەخشەی هەڵمەتی لێدە و ڕابکە دابڕێژێ و نەخشەیەکی وەهاشی لەگەڵ ئەفسەرە فەرماندەکەی تاوتوێکرد. کەچی کاتێ لۆرانس گەیشتەوە بەندەرەکە، بینی کەوا لە دیارنەمانی ئەودا سەرەداوی لەیەکترازانی لەشکری عەرەب دەرکەوتووە. عەرەبە سوری و عێراقییەکان، ئەوانەی خۆبەخشانە بۆ شەریف دەجەنگان، بەردەوام لە شەڕ و دەمەقاڵێدابوون، هیچ کام لەم گرووپانە شتێکی هاوبەشیان لەگەڵ پیاوە خێڵەکییەکانی بەدوودا نەبوو، کە لە بنەڕەتەوە لەگەڵ شەریفدا بوون. ئەوان دووربوون لە خەسڵەتی نەتەوەیەک، کە هیوای ئەوەیان لەسەر ڕابچنرێ بەوەی فەرەنسییەکان وەدەربنێن، ئاخر عەرەبەکان بەردەوام لەنێو خۆیان لە شەڕ و پێکهەڵشاخاندا بوون.

لە وەڵامی توندی نامەیەکی سایکسدا، بۆی نووسیبوو تا پێیڕابگەیەنێ کەوا عەرەب "دە ساڵ"ی لە ژێر ڕاسپاردەیی هێورکردنەوە دەوێ تا بکرێنە نەتەوە، لۆرانسیش بە توندی وەڵامی دابووەوە. لەو ماوەیەشدا لە قاهیرە گوێی لە هەوڵی نزیکبوونەوەی بریتانیا لە زایۆنیستەکان بوو، ئیدی لە سایکسی پرسی، بەڵکو ئەو هەوڵە ناکۆک بە یەکەی سەبارەت بە بەڵێنەکانیان بۆ عەرەب بۆ ڕوونبکاتەوە، ئینجا بەڵێنەکانیان بە فەرانسە و ئێستاش بە جوو. ئەو گەیشتە ئەو بەرەنجامەی بنووسێ: "تا ڕاددەیەک ئێمە لە

چاڵێکداین. تکایە پێمبڵێ، ئاخۆ بە بۆچوونی تۆ چ ڕێگەیەکی کردەیی هەیە، خۆمانی لێدەربێنین."[١٣]

«کلایـتن» لە لای خـۆیەوە کە نـامەکەی لۆرانســی پێگەیشــت، بڕیاریـدا نەیگەیەنێـتە دەسـتی سـایکس. ئـاخر نەیدەویسـت پێـیەوە ڕووبەڕووی سـایکس ببێـتەوە، وەک دواتـریش ڕوونیکـردەوە، لە ئانوسـاتی ڕێکەوتنـی سـایکس- پیکـۆدا "هەرگیـز ئـامرازێکی وەهـا نەبوو پەیڕەوبکرێ، هەنووکەش خەریکە ببێتە شتێکی بێ گیان."[١٤] ئەو ئەوەشـی گـوت، کە «جـۆرج پیکـۆ»ش ناخۆشەویسـت ببـوو، چونکە کەمتەرخەمی ئەو ببووە هۆکاری ڕاستەوخۆی لەدەستدانی گیـــانی چەنـــــدین ناسیونالیســــتی عەرەب، ئەوانەی لە کــــاتی ئاشکرابوونی نامەگۆڕینەوەیان لەگەڵ «پیکۆ»دا، ناپاکییان لێکرا.

بە پـێچەوانەی چـاوەڕوانییەکەی «کلایـتن»، ڕێککەوتننـامەی سـایکس-پیکۆ لە کـاتی جەنگەکەشـدا هەر مـایەوە، بەڵام لەم پنتەدا «سـایکس» هەسـتیکرد، دۆخەکە بە هـۆی کودەتـاکەی لۆرانسـەوە، لـــێکەوتەی ناســـکی لێکەوتـــۆتەوە و ڕەفتـــاری خەڵـــکەکە بە دژایەتیکردنی ئیمپریـالیزم ڕوو لە هەڵکشـان بـوو. دوو هەفتە دوای گرتنـی بەنـدەری عەقەبە، پەرلەمانتـارێکی بریتـانی دانـی بەوەدا نـا، کەوا بەشـەکەی خۆیـان لە ڕێککەوتننـامەکە لەگەڵ جـۆرج پیکـۆدا بـووەتە "پێچەوانەیەکـی تەواو لە دژی گیـانی سـەردەم."[١٥] هەرزوو دواتر نامەیەکی نووسی و گەشبینیی خۆشـی تێدا دەربڕیبوو: "مـن دەچمە پاریس و وا لە فەرەنسییەکان دەکەم ڕۆڵێک بـۆ عەرەبەکـان بگێڕن بەوەی بۆ دۆزەکەیان تـاکە هیـوایە. ڕاسـتیەکەی کۆلۆنیـالیزم شـتێکی شـێتانەیە و لەو بڕوایەشـدام مـن و «پیکـۆ» دەتـوانین ئەم شتەیان بۆ بسەلمێنین."[١٦]

ئیدی لۆرانس چیدی نیگەرانی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا نەبوو بەوەی ئەگەر هاتبا شـەڕی گەریلایـی عەرەب لەوێ سـەربکەوێ، هەربۆیە هەوڵیدا بەیەکجاری هێڵی ئاسنینی حیجاز تێکوپێک بدا، ئەمەش هەر ئەو ئۆپەراسـیۆنە بـوو، کە ڕۆژێـک لە ڕۆژان ڕاوێژەکەی ئەوە بوو کە نەکرێ. ئەو دەزگا بزوێنەرە هەڵمینەی کە هێڵی ئاسنین بەردەوام پێویستی بەوە بوو بە ئاو پڕبکرێتەوە، ئیدی بڕیاریدا ئەو بیرە سـەرەکییانە وشـکبکا، کە بـۆ هەڵێنجـانی ئـاو و پڕکردنەوەی بزوێنەکان پێویست بوو، ئەوانیش دەکەوتنە وێستگەی «مـودەوەرە»، ئێسـتاش کەوتـووەتە سـەر سـنووری عەرەبسـتانی سـعوودی و ئـوردن. کـاتێ کـارێکی وەهاشـیان بکردبـا، ئەوا بـزوێنەری قیتـارەکە نەیـدەتوانی بـێ پڕکـردنەوەی ئـاو لەو وێستگەیەدا مەودایەکی دوورودرێژ بڕوا. هەوڵ و تەکانێکی وەها لەبەر ئەو شـەڕ و دەمەقـاڵییەی چەکـدارە خێڵەکـانی خۆبەخۆیـان پەکیکەوت. وەک ئەویـش دەردەڵـی لەبـارەوە کـرد، ئاشـتکردنەوەی ئەوانـیش لەگەڵ یەک، وەک "چـاککردنەوەی ملـوانکەیەکی شـکاو" وابـوو، ئەمەشـی بـۆ زیـادکرد، لە میـانەی ئەو گەشـتە چاوگێڕییەیدا زیاتر بە پرسی "ئازووقە دابینکردن، پارەدان بە پیاوە خێڵەکییەکان، شـەڕ و مشـتومڕی نێوانیـان، دابەشـکردنی دەسـتکەوتەکان، ڕکابەرایەتیـان، فەرمانـدان بە ڕۆیشـتن بـۆ پێشـەوە و شـتی ئاوەهـا خەریکبـووە لەوەی کـاری تەقیـنەوانەی خـۆی بکـا.[١٧] بە گەیشـتنە «مدەورە» و پشکنینی شەوانە، گەیشتە ئەو بڕیارە، کەوا هێزەکەی خـۆی هـی ئەوە نییە تورکەکـان ببەزێنـێ، چـونکە ژمـارەی تـورک لەچـاو ئەوان زۆرتـر بـوو، دوو بە یەک بـوو. ئیـدی لە بێمرادییـان گەڕایەوە سـەر ئەو دوو سـەربازە نیـزامییەی کە لەگەڵ خـۆی

هێنابوون «یلس Yells» و «بروک Brook» بەڵکو بۆسەیەک بۆ قیتارێک دابنێنەوە.

لەو کاتەی «یلس» و «بروک» هاوەن و ڕەشاشیان لەسەر گردێکی نزیکی ئەوێ دادەمەزراند، لۆرانسیش لە گردەکە هاتبووە خوار، دوو سەعات خەریکی ئەوە بوو کێبڵی دینەمێت لەژێر هێڵی ئاسنینەکە دابنێتەوە، ئینجا بە تووڕەکەیەکی حەوت کیلۆیی لم ببا و بەسەریدابکا تا شوێنەواری پڕبکاتەوە، واتە ئەو شوێنەی هێڵەکە بەسەر پردێکدا دەپەڕیەوە. لەبەر ئەوەی تورکەکان وریا بوون و بە بەردەوام بە دەوریە هێڵی قیتاریان دەپشکنی مەبادا بنەتەقیان لەبندا دانابێتەوە، بۆیە دەبووایە لۆرانس چوار سەعاتی دیکە هەر خەریکی ئەوە بێ کێبلی دینامیتەکە بشارێتەوە و بنگڵ بکا تا دەگاتە ئەو چەشنییە کارەباییەی کە لە شوێنێک دابوویە دەست پیاوێکی خێڵەکی باوەڕپێکراو تا لە کاتی مەبەستدا بیتەقێنێتەوە. ئەوە بوو بە مەراق و نیگەرانییەوە دەبووایە چاوەڕێبکەن. ئینجا بۆ دوای نیوەڕۆی ڕۆژی پاشتر قیتارێک، کە دوو لۆکۆمۆتیڤی ڕادەکێشان بەدیارکەوت. لۆرانسیش فەرمانی پێکردن تەنیا ئەو کاتەی ماشێنە بزوێنەرەکە دەگاتە سەر بنەتەقەکە، چەشنی بارووتەکە بتەقێننەوە.

ئەو ڕووداوەکەی دواتر وەها یادکردەوە: "دەنگێکی سامناکی بەدواداهات و هێڵەکەش لە پشت ستوونێک سەد پێی بەرز و بەرین لە چڕە دووکەڵ و تۆزو غوبار بزربوو. ئیدی لەو تاریکستانەدا، پارچە و قیتاری لەیەک بووەوە، پارچە ئاسن و پۆڵا بە درێژی و پانی بە هەوادا هەڵبوون، لە کاتێکدا و لەپڕ لۆکۆمۆتیڤێک بە تەواوی لە ئاسمان بە ئاراستەی ئێمە پەیدا بوو، بە دەنگێکی موزیک ئاسا بەسەر سەری ئێمەدا ڕەتبوو، ئەوسا بە

هێواشی هەندێک لە دووری ئێمە لەو چۆڵگەیەدا بە سەر زەویدا کەوت."[18] دوای ساتێکی بێدەنگی دەنگی شەڕە تەقە لە نێوان عەرەب و تورکە دەرچووەکان گەرمبوو. هاوەن و ڕەشاشەکەش کاری لێبڕوانەی خۆیان کرد.

ئەمە یەکەمین جاری لۆرانس بوو لە بنکەیەکی نزیکەوە مەیدانی شەڕ بە چاوی خۆی ببینێ، هەر بۆیە هێدمەگرتی ببوو. پردەکە لەبەر زەبری تەقینەوەکە وێرانبوو، دوای ئەوە دووەمین ماشێنی بزوێنەریان وەک "تۆپەڵەیەک لە ئاسنێکی دووکەڵ لێبەرزبووەوە" لە خوارەوەی شیوەکەی ئەوێ بینییەوە، بەڵام چی ببینین هەر عەرەبانەی قیتارەکە پڕ لە مەیت و پەلوپۆی لەتلەتبووی سەربازە تورکەکان بوو لەگەڵ ئاسن و لمدا تێکەڵ یەک ببوون. ئەوە بوو لە نامەیەکدا بۆ برادەرێک دانی بە ڕووداوەکە نابوو، وەسفی تەرمی تورکەکانی وەها کردبوو: "من چیدی بەرگەی ئەم گەمەیە ناگرم. هەر پارچە لاشە و کەلاک بوو کەوتبووە سەر ئەوی دیکە، هەمووی بەسەر یەکەوە دیمەنێکی سامناک بوو."[19]

ئەم ئەزموونە سەخت و ئۆقرەلێبڕانە لەگەڵ بەدووە عەرەبەکان، لۆرانسی هێنایە سەر ئەو ڕایە بەڵکو بە دوای یاوەری ئەفسەری بریتانی و پیاوەکانیدا بگەڕێ. ئەو پێویستی بە پیاوگەلێک هەبوو تا پشتیان پێببەستێ، بەتایبەتییش لە دوا قۆناغی هەڵمەتەکەی ئۆپەراسیۆنی نزیکبوونەوەی «ئەلنبی» بۆ سەر فەلەستین، کە زۆر چارەنووسساز بوو. یەکێکیش لەو یاوەرانە «سترلینگ»ی کۆنە هاوڕێی بوو، کە نامەی پیرۆزبایی لێکردنی بە گەڕانەوەی لە عەقەبەدا بۆ نووسیبوو. لە هەلێکیش دەگەڕا تا قەناعەت بە «سترلینگ» بێنێ، بەڵکو ڕەگەڵی بکەوێ. ئاخر«سترلینگ» عەرەبیشی دەزانی، ئەوە بوو بەسەر بێئۆقرەیی خۆیدا زاڵبوو و

هەرچی ترسوبینیش بوو لە دیمەنی سامناکی شـەڕەکەدا قووتیدا و لە نامەیەکدا هەوڵیدا بە شـێوەیەکی جـوان دیمەنـی مەیـدانی شـەڕ بکێشێ بەوەی "دوا نەبەردی" وەها وەسـفکرد، کە "دوو تەقەی زۆر جـوان بـوون لە نێـوان هـاوەنەکە و شـێلکەی ڕەشاشـەکە، وەهـاش دابـارینە سـەر تـورک و لە ئەنجامـدا ٧٠ کەسـی لێکوشـتن و ٣٠ دیکەشـی لـێ برینـدارکردن و ٨٠ کەسیشـی لـێ بەدیلگـرتن، ئەمەش هەمـووی لە مـاوەی تەنیـا دە خولەکـدا. بەم جـۆرەش پاشـکۆمی نامەکەی هێنـایەوە: "هیوادارم ئەمە لە کەیفوسـەفایەک بچێ. بەشـی هەرەزۆری کردەوەکەش تاسەمەندانە بـوو، کارێـک بـوو لە نمایشـی «بوفەلۆ بیللی Buffalo Billy[٢٨]» دەچوو. هەر دەبێ لەوێ بیرت بۆ بەهەشـــت بچـــێ، چـــونکە هـــیچ بـــادانەوەیەک، هـــیچ فەرمـــان و دەسـتوورێک و سەرپەرشـتیارییێک یـان هـیچ دەسـتوەردانێک، هـیچ پزیشـک و چـاودێری و گۆشـت و خـواردنەوەیەک لە ئارادا نییە."[٢٠] «سـترلینگ»یش بۆ سـاڵی داهـاتوو بە تاسـەوە خۆی گەیاندێ، کە هەڵمەتەکە لەو پەڕی تین و تـاوی خۆیدا بـوو. ئەویش "ئەو کەسـە بوو" کە لەگەڵ هاوڕێکەی کۆک بوو بەوەی :"بنێردرێتە ناوجەرگەی هەرا."[٢١]

کــاتێکیش لــۆرانس لە ســـەرەتای تشـــرینی یەکەمـــی ١٩١٧دا گەڕایەوە عەقەبە، بانگهێشتنامەیەک بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ «ئەلنبی» چاوەڕێی دەکرد. ئاخر ئەلنبی بڕیاریدا بوو لە کۆتایی هەمان مانگدا هێرشبکاتە سـەر غەززە، بەڵام زانیـاری وەهـای بـۆ هـاتبوو، گوایە

٢٨ دەسـتەواژەکە وەک ئیـدیۆمی لێهـاتووە، ڕووداوەکەی بوفەلـۆ بیلـی ئەمریکـایە. دوای جەنگـی نێوەخـۆی ئەمریکـا، بوفەلـۆ بیـل نازنـاوی ئەو بەڵێنـدەرە بـوو، کە گرێبەسـتی لەگەڵ هێڵـی ئاسـنینی کانسـاس پاسـیفیک بەسـت بەوەی گۆشـت گـا بـۆ کرێکـارانی دابینبکـا. ئەوە بـوو لە مـاوەی ١٢ مـانگی ١٨٦٧ تـا١٨٦٨، ٤٢٨٢ گامێشـی کوشت و سەربڕی.

ژمارەی هێزی دووژمن لە سەنگەر و مەتەریزەکانیان دووهێندە زیادی کردووە. ئیدی پەرۆشبوون بۆ وەستاندنی هێزی پاڵپشتی پتری عوسمانییەکان، پێشنیازی ئەوەی بۆ لۆرانس کرد، بەوەی پەلاماری هێڵی ئاسنینی بەیەکەوەبەستنەوەی حیجاز و دیمەشق بە فەڵەستین بدا. کاتێکیش هەردوو پیاوەکە یەکدییان بینی، ئەو پنتەی لەسەری ڕێککەوتن ئەو هێڵە ئاسنینە یەکتربڕەی دۆڵی یەرموک بوو، کە بەرەو فەڵەستین شۆڕ دەبووەوە.

لە قووڵایی خاکی عوسمانییەکاندا، هەڵمەتی «یەرموک» بۆ لۆرانس تا ئەو کات دژوارترین ئەرک بوو، بەڵام خۆ بژاردەی دیکەشی بۆ نەمابووەوە، چونکە پێشتر ماکی بیرۆکەکە هەر هی خۆی بوو، بە تایبەتیش کە دۆڵی «یەرموک» ئەو هێڵە لەیەککەرەوەی سایکسیش بوو لە ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆدا. ئەوە بوو بڕیاریدا ئەندازیارێکی شاهانە لەگەڵ خۆی ببا تا تەقەمەنییەکانی لەگەڵ هەڵبگرێ، خۆ ئەگەر هاتوو لە ئانوساتی کردەوەکەشدا کوژرا، ئەوا دەکرا کابرا ئەرکەکە ڕاپەڕێنێ، هەروەها بڕیاریدا بەشێک لە سەربازانی هێزی «گورکا Gurkha[٢٩]»ش بۆ هێزی ئاگری تەقەی زیاتر لەگەڵ خۆی ببا. ئەم جارەشیان ڕێبەڕی ڕێگەکەی «عەبدولقادر ئەلجەزائیری» بوو، کە ئەندامی خانەوادەیەکی دیاری دیمەشق بوو، باپیرە گەورەکەی لە بەرگری جەزائیردا لە ساڵی ١٨٤٠دا بە دەستی فەرەنسییەکان کوژرابوو. «عەبدولقادر» بە لۆرانسی ڕاگەیاندبوو؛ دەتوانی پشتیوانی ئەو کۆمەڵگەی جەزائیرییانەی بۆ بەدەستبێنێ، ئەوانەی لە دیوی باکووری «گەلی یەرمووک»دا دەژیان.

---

٢٩هێزێکی سەربازی هیندستانی، کە بە ناسنامە نیپالی بوون لە ڕیزی سوپای بریتانیادا خزمەتیان دەکرد.

هێرشەکەی ئەلنبیش سەرکەوتوو بوو. لە بری ئەوەی دووبارە ڕاستەوخۆ پەلاماری بداتەوە، ئەوە بوو لە ٣١ی تشرینی یەکەمدا هێزەکانی ئەو هێرشیان کردە سەر «بیئر ئەلسەبعە» لە دیوی ڕۆژهەڵاتی غەززەوە. لە شەوێکی تەمومژاوییدا و لەپڕ بەسەر تورکەکانیان دادا. بۆ بەیانییەکەی هێزی بریتانی بۆ ماوەی پێنج سەعاتی ڕەبەق بۆمبابارانی خودی غەززەی کرد. بۆ خۆرئاوابوون، هێزی بریتانی دەستی بەسەر پێگەیەکی زۆر گرنگدا گرت، کە بەسەر بەندەری غەززەدا دەیڕوانی، بەڵام لەبەر هەڵکردنی گەردەلوولێکی لماوی و کورتهێنیی لە دابینکردنی ئاو، هێزەکەی بریتانیا نەیتوانی لە «بیئر ئەلسەبعە»وە گەمارۆی غەززە بدا، تورکەکانیش لە ترسی ئەوەی نەبادا بکەونەبەر چەنگاڵی دووسەرەی بریتانییەکان، ئەوەبوو زۆرینەی هێزەکەیان بە سەلامەتی کێشایەوە. ئیدی بریتانییەکان هێرشەکەی خۆیان بە پاڵپشتی هێزی سوارە بردە پێشەوە.

لە بەرانبەر فشارە لێدەربازنەبووەکانی فەرەنسە بەوەی هەر کاتێ فەلەستین داگیرکرا، ئەوا دەبێ بخرێتە ژێر ئیدارەیەکی نێودەوڵەتی، حکومەتی بریتانی پشتگیری خۆی بۆ زایۆنیزم ئاشکراکرد. لە ٧ی تشرینی دووەمدا ڕۆژنامەی « تایمز The Times» نامەیەکی «ئارسەر بلفۆر»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیای بڵاوکردەوە، کە بۆ «لۆرد ڕیچلد Lord Rothschild» ی زایۆنیزمی بریتانی بەناوبانگی ناردبوو. کاتێکیش دوو ساڵ پێشتر سایکس بیرۆکەکەی هێنابووە گۆڕێ، ئەو بە قووڵی لە حیکمەتی بیرۆکەکە بە گومان بوو، بەڵام «بلفۆر» ڕای خۆی گۆڕی. بە شێوەیەکی شانۆناکارییانە جاڕیدا، "زۆر خۆشحاڵم بەوەی ئەم جاڕنامەیەی خوارەوە بۆ هاوسۆزبوون

لەگەڵ ئاواتەکانی زایۆنیستی جوو پێت ڕابگەیەنم، کەوا پێشکەش کابینەی حکومەت کراوە و پەسەندیش کراوە." دەقی جاڕنامەکەش بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

**حکومەتی خاوەنشکۆ بە لایەنگرییەوە دەڕوانێتە دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ گەلی جوو لە فەلەستین و باشترین هەوڵوتەقەللای بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەخاتەکار، ئەوەش بە ڕوونی مایەی لێتێگەیشتنە، کە هیچ شتێکیش ناکرێ دەست لە مافە مەدەنی و دینییەکانی کۆمەڵگە غەیرەجووەکانی فەلەستین بدرێ، یان دەست لەو ماف و پێگە سیاسییە بدا، کە جووەکان لە هەر وڵاتیکدا هەیانە.**[٢٢]

لۆرانس هێشتا ئاگای لەو پێشهاتە گۆڕانکارییانەی جیهان نەبوو. ئاخر زۆر لە قووڵایی پشتەوەی هێڵەکانی دوژمنەوە بوو، ئەو هەر هیوای بەوە هەبوو بەڵکو لە ٥ی تشرینی یەکەمدا پەلاماری دۆڵی یەرمووک بدا، بەڵام ئاستەنگەکانی بەردەم کۆکردنەوە و هێنانەڕیزی پیاوە خێڵەکییەکان و بە شێوەیەکی تەلیسماوی دیارنەمانی «عەبدولقادر ئەجەزائیری» چاوساغیش وای کرد کردەکەی دوابکەوێ. ئەوە بوو تەنیا لە ٧ی تشرینی دووەمدا گەیشتە سەر خەرەندی یەرمووک.

ئیدی بەنێو دۆڵەکەدا ئاگری چادری پاسەوانە تورکەکان لە نزیک پردی هێڵی ئاسنینەکە دەناسرایەوە و ڕێیەڕۆژێک دیار بوو. لۆرانس سەربازەکانی «گۆرکا»ی بە خۆیان و ڕەشاشەوە لە بەرزاییەکەوە دامەزراند تا هەر کاتێک پاسەوانەکە تەقەی وشیاربوونەوەی کرد، ئەوان بیاندەنە بە شێلکەبارانی گوللەکانیان، بە خۆشی خۆی خزاندە لای پیاوەکانی خێڵ، ئەوانەی هەگبەی پڕ تەقەمەنییان پێبوو، هەڵوەشانەخوار بەرەو پردە ئاسنینەکە

ڕۆیشتن، کە بەسەر کەلێنە تاریکەکەدا هەڵبەسترابوو. ئەوەشی بۆ دەرکەوت، ناتوانێ بگاتە لای بەربەستە نزمەکان، ئیدی گەڕایەوە لای پیاوانی خێڵ تا بەدوای بکەون، کەچی لە دوورەوە دەنگەدەنگێک هات، تومەز یەکێکیان تفەنگەکەی لە دەست کەوتبوو.

بەم دەنگەدەنگە پاسەوانی چادرەکە بە ئاگاهات و زانی دەنگەکەش هی چییە، ئیدی مۆڵگەی تورک لەسەر پردەکە سەربازەکانی گۆرکای بینی. پاسەوانەکە گوللەیەکی بۆ ئاگادارکردنەوە تەقاند و هاواریکرد، کە برادەرەکانی بە هانایەوە بێن. لۆرانس دواتر وەهای لەبارەوە گوت: "بە یەکجاری دۆخەکە شڵەژا."[٢٣] پیاوە خێڵەکییەکانی پشت ئەویش، کە نەدەبینران، دەستبەجێ وەڵامی تەقەکەیان دایەوە و شوێنەکانی خۆشیان بەردا. بەرلەوەی گۆرگاکان کاتیان هەبێ و چادرەکە بدەنە بەر شێلکەی گوللەکانیان، پاسەوانە تورکەکان دەستبەجێ لە چادرەکە هاتنەدەر و تەقەیان لە پیاوە خێڵەکییەکان کرد، ئەوانیش لە ترسان زراویان چوو، چونکە پێشتر پێیان گوترابوو، خۆ ئەگەر گوللەیەک بەر ئەو تەقەمەنییە بکەوێ کە هەڵیان گرتبوو، ئەوا لە شوێنی خۆی دەتەقێتەوە. ئیدی بە دەنگی تەقەکان، گوندییەکانی ئەوێش بەئاگاهاتن و بەو نیازەی بەرگری لەسەر و ماڵیان بکەن کردیانە تەقە. بەو شێلکە تەقەیەی بەرەو ئاسمان دەچوو، لۆرانس بڕیاریدا، کات هاتووە دەستهەڵگرێ و ئەوێ جێبێڵێ. هەوڵ و تەقەللاکەی بۆ خاپوورکردنی هێڵی پشتیوانی ئازووقەی دوژمن بۆ فەڵەستین لەجێی خۆی بووە کەتن و نوشستی.

پاش چەند ڕۆژێکی دیکە و لە کاتی مینرێژکردنی قیتارێک خەریکبوو لۆرانس خۆی بکوژێ: ئاخر ئەو وایەرە کورتەی کاتی خۆی لە عەقەبە تووشی بوو، واتای ئەوەی گەیاند هەر بە خۆی

وایەرێکی درێژتر ڕابچێنێ. کەچی کاتێ بنەتەقەکە لە ژێر قیتارێکی هێزی پشتیوانی تورکی بۆ فەڵەستین تەقییەوە، ئەو زۆر لێوەی نزیک بوو. دواتر وەها باسیکرد: "تەقینەوەکە سامناک بوو. خۆڵەکە بە ڕەشییەوە بۆ دەموچاوی من هات، منیش خۆم سووڕاندەوە و بە کراسی دڕاو و قۆڵی بە خوێنەوە دانیشتم، قۆڵی چەپەی کراسەکەم لەبەردا دڕا. مادده تەقیوەکە کاغەزێکی لوولپێچی ئاسنین کەوتە نێوان هەردوو ئەژنۆکانم. کاتێکیش لەنێو تۆز و غوبار و دووکەڵی تەقینەوەکە بەدەرکەوتم، ماشێنی بزوێنەری یەکەم دیارنەمابوو. هەر لەبەردەمیشمدا بەشی سەرەوەی تەرمی پیاوێک هەر دووکەڵی لێهەڵدەستا."[٢٤] ئاخر قیتارەکە ژەنەڕاڵێکی پایەبەرزی هەڵگرتبوو، سەربازەکانیش بە توندی دەستیانکردبووەوە.

لۆرانس بەختی هەبوو، ئاخر جێی پێنج گوللەی بە جلوبەرگەکەیدا دیار بوو، هەروەها پەنجەی گەورەی پێیشی بە ساچمەیەک شکابوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەوپەڕی ئاگاییەوە گوتی "پێویستە ڕۆژنامە بۆ لای خۆمان کێشبکەین"؛ ئەندازیارەکە و گۆرکای گەڕاندەوە عەقەبە تا ڕاپۆرتێک لەسەر پەلاماردانی قیتارەکە بۆ ڕۆژنامەکان بنێرێ. ئینجا بە خۆی ڕووی لە «ئەزرەق» کرد، کە قەلایەکی ویرانەی سەر مێرگێکی بیابانی ڕۆژهەلاتی عەممان بوو، کە پێشتر لە سەرەتای ساڵەکەوە هەر لەوێ چاوی بە «نووری شەعلان کەوتبوو».[٢٥] بەر لەوەی بگەڕێتەوە عەقەبە، چەند ڕۆژێک لەوێ مایەوە. پاشان لە ٢٦ی تشرینی یەکەمدا خۆی گەیاندەوە بەندەرەکە، لەوێش دەستبەجێ بە فڕۆکە بەرەو باشووری فەڵەستینن فڕی تا لە گەڵ «ئەلنبی»دا تەداروکی تەکتیکەکان تاوتوێبکا.

تا ئەو کات لەشکری ئەلبنی پێشڕەوییەکی باشی لە فەڵەستیندا کردبوو. لەوکاتەی لۆرانس لە «ئەزرەق» بوو، لە ١٣ی تشرینی دووەمدا هێزی بریتانی دەستی بەسەر ئەو دووڕیانەدا گرتبوو، کە غەززە و ئۆرشەلیمی بە هێڵی سەرەکی باشوور دەبەستەوە، کە دۆڵی یەرموکی بە ئاراستەی دیمەشق دەبڕی. پاش سێ ڕۆژان، سەربازە بریتانییەکان چوونە نێو «یافا»وە. قوربانییەکەشیان شەش هەزار حاڵەتی برینداریی بوو، ئیدی ئەوان هیچی وەهایان بۆ ئۆرشەلیم نەمابوو. لەوکاتەی ئەلنبی چاوی بە لۆرانس کەوت، شارە پیرۆزەکە دابڕا بوو، هێشتا نەچووبوونە ناوی، ئەمەش بە هۆی شکستی لۆرانسەوە بوو، لەوەی نەتوانرا بوو هێڵی ئاسنینی یەرموک بە تەواوی بپچڕێنرێ، بۆیە هێشتا تورک هێزی پشتیوان و ئازووقەیان لەوێوە بۆ باکووری فەڵەستین دەنارد.

لە بەرایی کانونی یەکەمدا، تورکەکان لە ئۆرشەلیمەوە بەرەو باکوور کشانەوە، ئەوسا بۆ ئاسودەبوونی «ئەلنبی»، هێزی بریتانی بەبێ شەڕ دەستی بەسەر شارە پیرۆزەکەدا گرت. لە ڕەچاوکردنی ئەوەی مەبادا فەرەنسییەکان هەوڵی چوونە ناوشار بدەن تا بەڕێوەی ببەن، ئەوە بوو حکومەتی بریتانی داوای لە ئەلنبی کرد، مادام هێشتا فەڵەستین لەنێو بازنەی جەنگدایە، بۆیە دەبێ هەر داوایەکی فەرەنسیی لەم جۆرە پشتگوێبخا، بەڵام بۆ ئەوەی "خۆی لە هەر سەرنجێکی وەها بەدوور بگرێ... بیر لەوە کرایەوە ئەوێ بە قەڵەمڕەویتی بریتانییەکان بلکێنرێ."[٢٦] لە ١١ی کانونی یەکەمیشدا، ژەنەڕاڵە بریتانییەکە بە فەرمی و هەر بە پێ لە دەروازەی یافاوە چووە نێو شارەکە. هەروەک دواتر خۆی بە هاوژینەکەی گوت؛ "ڕۆژێکی گەشاوە بوو، لێرە و لەوێ هەر زوقم هەبوو... تیشکی خۆریش دەیسوتاند و هیچ بایەکیش

هەڵینەدەکرد."[٢٧] لە پێش ئەویشەوە «جۆرج پیکۆ، پێ بە پێی کلایتن و لۆرانس دەڕۆیشت. کۆپلەی فیلمی دۆکیومێنتاری ئەو ڕۆژەش، خەندە گەورەکەی سەر ڕووی لۆرانسی نیشاندەدا.

لەوێدا ئەلنبی بەڵێنی ئەوەی دا، کە پشتگیری ئازادی دین لە شارەکەدا دەکا، دوای ئەمەش خوانێک بۆ ئەفسەرانی هێزی هاوپەیمان ڕێکخرا. ئینجا لەوێدا هەروەک ڕەچاوکرا، «جۆرج پیکۆ» پرسی ئایندەی حکومەتی خۆبەڕێوەبردنی شارەکەی هێنایەگۆڕێ. دیپلۆماتە فەرەنسییەکە لەوێدا ڕایگەیاند؛ "ژەنەڕاڵی ئازیز، لە بەیانییەوە هەنگاوە پێویستەکان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی مەدەنی لەم شارەدا دەگرمەبەر." بەگوێرەی قسەی لۆرانس بێ، ژەنەڕاڵ لە ئاست قسەکەیدا بێدەنگ بوو. لۆرانس سەربردەکەی بەم شێوە یادکردەوە: "زەلاتە و مایۆنیزی سەر گۆشت مریشک و سەوزەی نێو لەفەکان هەر لە دەممان بوو، هێشتا نەجووێنرابوو، کە ئاوڕمان لە ئەلنبی دایەوە و چاومان لەسەری بوو چاوەڕێی قسەیەکی بووین."

دەموچاوی ئەلنبیش سوورهەڵگەرا و گوتی: "لە ناوچەی شەڕدا تاکە دەسەڵات هی منە وەک سەرکردەی هێزی سەربازی."

- "بەڵام سێر گرێی، سێر ئێدوارد گرێی ـــ"
- ئەلنبی قسەکەی پێبڕی و لەجێی خۆی «جۆرج پیکۆ»ی بێدەنگکرد: "ئاخر «سێر ئێدوارد» گرێی، کە ئاماژەی بە دامەزراندنی حکومەتی مەدەنی داوە، ئەو کاتە دەبێ کە من بڕیار بدەم ئاخۆ بارودۆخی سەربازی لەبارە یان نا."[٢٨]

هەلومەرجی سەربازیی بۆ چەندین مانگ بە نەگۆڕی مایەوە. هەرچەندە بە دڵکراوەییەوە لە لەندەن پشتگیری دەکرا، لەوکاتەی کە «لوید جۆرج» قەناعەتی بە فەرەنسییەکان هێنا ئۆپەراسیۆنی

زیاتری لە فەڵەستین بپەژرێنن[٣٠] و ڕاوێژکارە سەربازییەکەی خۆی « سێر ولیام ڕۆبەرتسن»ی لەسەرکار لادا، ئیدی ئەوە بوو پێشهاتەکان لەبەرەی ڕۆژئاواوە هاتنەپێش، بەرلەوەی «ئەلنبی» دەست بە پێشڕەوییەکانی خۆی بکاتەوە. لە ئازاری ١٩١٨دا هێرشێکی بەرفرەوانی بەهارەی خۆیان کرد، لە لایەن نوسینگەی جەنگیشەوە فەرمان بە ئەلنبی کرا، ٦٠ هەزار لە باشترین سەربازەکانی خۆی لێبیژێرێ بەرەو نیشتمان بیانگەڕێنێتەوە تا پاڵپشتی بەرەی هاوپەیمانانی پێبکا.

کاتێ کە هێزەکەی بە شێوەیەکی دراماتیکانە کەمبووەوە، نیگەرانییەکانی سەبارەت بە پاراستنی باڵی لای ڕۆژهەڵاتی زێدەتر بوو، بەتایبەتیش کە بەرەکە دیار و بێ ڕووپۆش بوو. وێڕای گەشبینی لۆرانسیش، هێشتا عەرەبەکان لە تێکوپێکدانی هێڵی ئاسنینی ڕیاز سەرکەوتوو نەبوون، ئەمەش وای لە ژەنەڕاڵ کرد دووجاران بەخۆی هەوڵی گرتنی بەری ڕۆژهەڵات ئوردن بدا. هەردوو هەوڵەکانیش شکستیان هێنا و ئیدی هاوینی بەسەرداهات و ئینجا ئەوەی پەژراند، کە لەوانەیە تا پایز هیچ نەکرێ. ئەو خۆی بە تاسەوە بوو تا پلەکانی گەرما دادەبەزن، ئەوسا هێزەکانی ڕێکبخاتەوە و بەهێزتریان بکا، هەنگی تایبەتی وشترسوارەکانی بەسەر هێزەکەی خۆی دابەشکرد بۆ ئەوەی هێزی سوارە لەژێر فەرماندەیی ئەو لە سێ هێزەوە بۆ چوار هێز زیادببێ.

لۆرانسیش، کە بەشی هەرە زۆری مانگی ئایاری لە بارەگای سەرکردایەتیی ئەلنبی بەسەربرد، گوێی لەو جموجۆڵەی ئەلنبی بوو، بۆیە ئێوارەیەکیان لەسەر نانی شێوان داوای دوو هەزار وشتری لێکرد.

---

٣٠ پەژراندن: پەسندنکردن، قبووڵکردن.

- ئەلنبیش لێیپرسی: "ئەمانەت بۆ چین؟"
- لۆرانسـیش مەردانە وەڵامیـدایەوە و بە گـایەکەی ڕاگەیانـد، "تا هەر ڕۆژێک بخوازی هەزار پیاو بنێرمە دەرعا.
ئەویش تەڕدەستانە پەسەندیکرد.[٢٨]

شـارێکی بچکـۆڵە و تەپوتـۆزاوی بە هەشـتا مایـل کەوتبـووە باشـووری دیمەشـق، ئەویـش شـاری «دەرعـا» بـوو، کە چەقـی بازنەی ڕایەڵەی هێڵی ئاسنینی سوری بوو، فەڵەستین و باشووری سوریا و حیجازی بە دیمەشق دەبەستەوە. لۆرانس ئومێدی وابـوو بە پەلامـاردانی ئەو شـارە، دەکـرێ لەو کـاتەی هێرشـی نـوێ دەسـتپێدەکا، سیسـتمی هێڵـی ئاسـنینی تـورکیش پەک بخـا. بـۆ ئەم هۆکارێکی دیکەی ناپێشچاوتریش بۆ پلانەکە هەبوو. ئەویش ئەوە بوو، «دەرعا» کەوتبووە نێو ئەو بازنەیەی کەوا «سایکس» بەڵێنی بە «جـۆرج پیکـۆ» دابـوو بـۆ فەرەنسـییەکان بـێ. ئیـدی هێرشـی عەرەب بۆ سەر ئەوێ وا لە ئەلنبی دەکا بەرەو باکوور بکشـێ و بە پیر داوای عەرەبەکانەوە بچێ تـا خـاک و ناوچەکەیـان ڕزگـاربکرێ، بەمەش دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ کۆتا سەرکەوتنی «ئەلنبی».

بیـرۆکەکە ڕەنگدانەوەی ئاگاییە هەنووکەییەکـانی لـۆرانس بـوو بەو کاتە دژوارە. وێڕای ئەوەی چەند مانگێکی لە قووڵایی بیابانەکە بەسـەربردبوو، بەڵام ئاگاشـی لەو زەمینەسـازییەی دژ بە ئیمپریالیزم بوو، کە «لوید جۆرج»ی ناچارکردبوو پشـتگیری مـافی بڕیـاردانی چـارەی خۆنووسـین بکـا. پـاش ئەوەی بەلشـەفییەکان دەسەڵاتی ڕووسـیایان کەوتبـووە بندەسـت و هەمـوو ڕێککەوتننـامە ژێربەژێرەکانیـان ئاشـکراکردبوو – بە ڕێککەوتننـامەی سـایکس-پیکۆشەوە- کە حکومەتی قراڵ ژێربەژێـر بەشـداربوو، ئیـدی «لوید

جۆرج» لە لایەن پارتی کرێکارانی بریتانیاوە ناچارکرا ئاماژەیەکی وەها بدا، کەوا دەکرێ سیاسەتی حکومەتەکە بگۆڕێ.

بە هاتنی ساڵی ١٩١٨دا سەروەزیر، یەکێتیی نەقابەکانی پیشەوەرانی دڵنیاکردەوە لەوەی، "عەرەبستان، ئەرمێنیا، میزۆپۆتامیا، سوریا و فەڵەستین[٣١]" وەک هەلومەرجێکی نیشتمانی دەناسێنرێن، هەرچەندە هەروەک کردەی ناڕەوای خۆی بۆ مانۆڕکردن دوورکەوتبووەوە لەوەی بە دەقاودەقی ئەوە پێناسەبکا، ئاخۆ مەبەست لەم شتەدا چییە.[٣٠] چەند ڕۆژێک دوای ئەمە، سەرۆک «وڵسن»یش بۆچوونی خۆی سەبارەت بە شەقڵ و شێوەی جیهانی پاش جەنگ لە چواردە خاڵەکەیدا زۆر ڕوونتر نیشاندا. لە خاڵی دوازدەمیندا ڕاگەیەنرا، دەبێ تورکەکان لە "سەلامەتی سەروەرییان دڵنیابکرێنەوە" و ئەو نەتەوانەش کە هەنووکە حوکمڕانی دەکرێن دەبێ ئەوانیش لە "ژیانێکی ئاسایشی بێگومانانە و ئەوپەڕی دەرفەتپێدان بۆ پێشخستنی ئۆتۆنۆمی دڵنیابکرێنەوە."لە لەندەنیش سایکس دژواری لەو ئاراستەیەدا بینی، کە لەسەری ڕۆیشتبوو. دانی بەوەدا نا، کەوا لە ١٩١٥وە جیهان "هەنگاوێکی دووری" بڕیوە ئیدی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ «جۆرج پیکۆ»دا دەکرێ "ئێستا تەنیا بە پێوەرێکی بەرەوپاشگەڕانەوە دابنرێ."[٣١] "مرد و بەسەرچوو، هەرچەند زوو ڕەشبکرێتەوە باشترە". لە ئابی ١٩١٨دا خەریکی ڕەشنووسێکی نوێ بوو بۆ عەرەب تا بەو بەشەی لە ساڵی ١٩١٦دا دایبڕیبوو، دابچێتەوە. کەچی لە لایەن «لۆرد ڕۆبەرت سێسیلLord Robert Cecil»ی

٣١ مایەی تێبینی و تێڕامانە، لەو دەستنیشانکردنەدا، ناوی کوردستان نەهاتووە، هەڵبەتە بەشێکی زۆری چ ئەرمێنیا و چ میزۆپۆتامیا لەسەر حیسابی خاکی کورد بووە.

وەزیری کاروباری دەرەوەدا هانی نەدرا تا ئەم پرسە لەگەڵ جۆرج پیکۆدا تاوتوێبکا، چونکە وەزیرەکە لەو بڕوایەدا بوو، باشتر وایە دانوستانی کراوە دوای ئەوە بێتە ئارا، کە هێزی بریتانی بچیتە ناوچەی دەستنیشانکراو بۆ فەرەنسییەکان. «سیسیل» گوتی: "ئێمە هەرگیر نابێ ئەمە فەرامۆشبکەین، کە فەرەنسییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییدا خەڵکێکی چاوبرسیین، بۆ ئێمەش ئەو زۆر باشترە مەرجی شیاوتر بسەپێنین ئەگەر هاتو ئەوان بە پلەی یەکەم هاتنە لامان بۆ ئەوەی شتێکیان دەستبکەوێ کە بیانەوێ."[32] دیار بوو ئەو ئامانجەی «سیسیل»یش لەگەڵ هی لۆرانس یەکیدەگرتەوە، بۆیە لە دڵەوە پێی قایلبوو تا "ڕاستییەکانی سەر خاک بەدەستبهێنن"، ئەمەش دەبووە مایەی ئەوەی ڕێککەوتننامەی سایک- پیکۆ بێبەها بکرێ. لۆرانس پەلاماری «دەرعا»ی دا، ئەمەش ڕێک لەگەڵ ئامانجەکەی دەهاتەوە، ئەوە بوو لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩١٨ دەستی بە پەلامارەکەی کرد، واتە سێ ڕۆژ بەرلەوەی «ئەلنبی» هەڵمەتی پێشڕەوییەکەی دەستپێبکاتەوە. پەلاماردانەکەش تەکتیکێکی عەرەبی زۆر لەباری بۆ هەڵمەتەکەی «ئەلنبی» ئافراند. بە هەزار وشترسوار لە پیاوە خێڵەکییەکانەوە، کە لە لایەن لۆرانس و «سترلینگ» و دەستەیەک لە هاوکارە بریتانییەکان بە سواری ترومبێلی زرێپۆشی ڕۆلس ڕایسەوە، توانرا هێڵی ئاسنینی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شارەکە بچڕێنێ و پردەکانی هێڵی ئاسینەکە تێکوپێکبدا. توانیان تەقەمەنی لە بن جومگە سەرەکییەکانی بەیەکەوەبەستنەوەی هێڵەکە دابنێن و بیتەقێننەوە، ئیدی بەمە هێزەکەی لۆرانس توانی بە سەدان گەز لە هێڵە ئاسنینەکە لەبارییەک هەڵوەشێنێ و چاکیش نەکرێتەوە. لۆرانس هەر بە خۆی هێڵی تەلگرافی بڕی، کە ژەنەڕاڵی ئەڵمانی «لیمان ڤۆن

ساندسر»ی له دیمەشق و کوستەنتینەپولەوە بە هێزی تورکی لە فەڵەستین دەبەستەوە. چەندین ڕۆژ دوای ئەوە ڕەنگدانەوەی دابڕانی ژەنەڕاڵەکەی بە دونیای دەرەوە دەرخست، ئەمەش دوای ئەوەی جارێکی دیکە پەیوەندییەکان چاککرانەوە، بەوەی داوایەکی توند و لاوەکی لە پایتەختی عوسمانییەکانەوە بۆ هات. هەروەک خۆی دواتر ڕایگەیاند "لە بروسکەکەدا داوای ئەوە کرابوو، بەڵکو خەڵات بدەمە ئەو کەسانەی لە کێبڕکێی تەلیس[٣٢] لە ٨ی تشرینی یەکەم لە کوستەنتینەپۆل دەکەن."[٣٣]

سەعات ٤:٣٠ی بەیانی ڕۆژی ١٩ی ئەیلوول، «ئەلنبی» دەستی بە هێرشە سەرەکییەکە کرد. «لیمان ڤۆن ساندەرس» بڕوای بەوە هێنا، کەوا هێرشەکەی سەر «دەرعا» ڕاستی نیازی ئەلنبی دەرخست، بەڵام ئەو زانیاری هەواڵگریی وردی بەدەستگەیشتووی بە دوورزانی بەوەی تەکانی هەڵمەتەکە بۆ سەرەوەیەوە بۆ لای کەناراوەکە، گوایە ئەم هەوڵە تەنیا بۆ لەخشتەبردنی ئەوە. کاتێکیش دوای ماوەیەکی کەم لە بۆردمانێکی چڕوپڕ و لەناکاودا بریتانییەکان بەسەر سوپای عوسمانییان دادا و تێکیانشکاندن. هێزەکەی ئەلنبی بە خێرایی دەستیان بەسەر بارەگای سەرەکی تورک لە «تولکەرەم»دا گرت، کاتێکیش چوونە نێو «نەزارەت-الناصرة»، خەریکبوو «لیمان ڤۆن ساندەرس»یش بەدیل بگرن. لەوکاتەش ئەوان گەیشتنە «دەرعا»، هەروەک نیازکردەیەکی لۆرانسیش، ئاڵای عەرەبەکان بەسەر شارەکەدا شەکێنرایەوە.

هەر ڕۆژێک پاش پێشڕەوییەکەی ئەلنبی، «ئەنتۆنیۆن جوسان Antonin Jaussen»، ئەفسەری هەواڵگریی فەرەنسی ڕاپۆرتێکی

---

٣٢ مەبەست ئەو کێبڕکێیەیەی، کە منداڵان یان مێردمنداڵان دەچنە نێوە تەلیس(گونیە)یەکەوە ئینجا باز دەدەن، بزانن کامەیان زووتر دەگاتە هێڵی کۆتایی.

بۆ پاریس بەرزکردەوە، تێیدا هاتبوو: "هەواڵێکی زۆر گرنگ، هێزێک بە سەرکردایەتی لۆرانس هێڵی ئاسنینی دەوروبەری «دەرعا»ی تێکوپێکداوە."[٣٤] ئیدی بە وشیاربوونەوە لەوەی لۆرانس هەوڵیدا بیکا، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا فەرمانی بە «کامبۆن»ی باڵوێزەکەیان لە لەندەن کرد، کەوا ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ بەبیر «بلفۆر» بهێنێتەوە، بەوەی "نابێ ئەو شتەیان لەبەرچاو ون بێ."[٣٥] هەرچەندە بێدەسەڵاتبوون لەوەی لۆرانس بوەستێنن، دیپلۆماتە فەرەنسییەکانیش بەو ئاقارەدا ڕۆیشتن، ئەو شتە بوروژێنن، کە عەرەبەکان بە تەنیا گەیشتوونەتە ئامانجی خۆیان. ئەوان ئەوەشیان بۆ جیهان دەرخست، کە ئەفسەرەکەی بریتانی چ ڕۆڵێکی گێڕاوە. لە ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوولدا، ڕۆژنامەی ناسیونالیستی کۆنسەرڤاتیڤ «دەنگی پاریس/ ئیکۆ دە پاریس Echo de Paris»بۆ یەکەمین جار ئاماژەی بە ڕۆڵی لۆرانس لەو هەڵمەتە دا، تا ئەو کاتیش بە تەواوی هەر بە نهێنی مابووەوە. کاتێک ڕۆژنامەکە ڕاپۆرتی لەسەر سەرکەوتنەکەی «ئەلنبی» دا سەبارەت بە لۆرانسیش وەهای نووسی: "خۆ پێویستە ئاماژە بە نیازی کۆلۆنێل لۆرانسیش بدەین."[٣٦] ڕۆژنامەکە زیاتر ڕوونی کردبووەوە، بەوەی " لە چاکەی ئەزمونی سەرکەوتووانەی لۆرانس سەبارەت بە وڵاتەکە و بەهرەکەی لە ڕێکخستنی کاروباردا، وەک سەرکردەی هێزی سوارە کە لە دروز و بەدووەکان پێکیهێنابوو، ئەوە بوو توانی هێڵی ئاسنینی «دەرعا» بپچڕێنێ، بەمەش پەیوەندی دوژمنی لە نێوان دیمەشق و حەیفا لەیەکدابڕی، کردەکەش بەشێکی هەرە گرنگ بوو لە سەرکەوتنەکەی فەڵەستین." ناوەڕۆکی شتەکەش ڕوونوئاشکرا

بــوو. بەبــێ ســـەرکردایەتیی لــۆرانس، عەرەبەکــان نەیانــدەتوانی هەنگاوێکی وەها بنێن.

بۆ سـەختترکردنی تێکشکانی سـوپای عوسـمانی، لەبەرەبەیـانی ڕۆژی یەکی تشـرینی یەکەمـی ١٩١٨دا لـۆرانس لەگەڵ «سـترلینگ» بە ترومبێلێکــی دەستبەرســەرداگیراوی ڕۆلــس ڕایــس، بە دوای تورکەکانــدا ڕۆیشــتن کە تــازە شــاری دیمەشــقیان چۆڵکردبــوو. قۆشـەنی هێـزی سـوارەی ئوسـترالیش تـازە ئەوانیـان لە دیمەشـق بەجێهێشـتبوو تورکەکانیـان ڕاودەنـا، بەڵام «ئەلنبـی» فەرمـانی بە زۆرینەی ئەو هێزە کرد بگەڕێنەوە، بەڵکو عەرەب بتوانن بێنە نێو شارەکە. ساڵانێک دواتر «سترلینگ[٣٣]» هێشـتا بە جۆشوخرۆشـەوە یـادی ئەو ڕووداوەی دەکـردەوە. "دەروێشــەکان لە دەورمــان هەر حەی حەی حاڵگرتنیان بوو[٣٤] بوو. ئەسپی بەدووەکان بە وێڵغە و نەرمەغار خۆیان نمایشدەکرد، وردە وردە ڕێگەیان بە نێو ئـاپۆرای گــوڕدەمەکەدا بــۆ کــردینەوە، ئەمەو لە کاتێکــدا لەســەر قەپەنــگ و بەلەکۆنەکانـدا ژنـان گوڵیـان بەسـەردا بارانـدین- لەوەش وێـوەتر- ئەوە بـوو گوڵاویـان بەسـەردا پڕژانـدین. ئێـدی چەنـد هەفەتەیەکـی خایاند تا ئەو بۆنە لەسەر جلوبەرگم ڕۆیشت."[٣٧]

لێ گەلۆ خۆ کەیفوسـەفای سـەرکەوتنەکە زۆری نەکێشـا. دواتـر «سترلینگ» دەردەڵی لەم بارەیەوە بەم شێوەیە گێڕایەوە: "دۆزی عەرەب بە شـێوەیەک سـەرکەوت، کە لە خەونـی سەرکێشـیی هـیچ کەسێکدا نەبوو. ئەمەش خۆی کێشەکە بوو."[٣٨] ئەو بارودۆخەی، کە

---

٣٣ وەک لە دوا بەندی ئەم کتێبەدا دەردەکەوێ، «سترلینگ» هەر لە دیمەشق باجی ئەو هـاوڕێتییەی لەگەڵ لـۆرانس و گرتنی شـارەکە دەدا، بەڵام دوای ئەوەی پلەی سەربازی نامێنێ و وەک پەیامنێری ڕۆژنامەی «تایمز» لە سووریا کاردەکا.

٣٤ نووسـەر نووسـیویەتی دەروێشـەکان بە دەوری ئێمەدا سـەمایان دەکـرد، بەڵام ئەوەی دەروێش دەیکا سەما نییە بەڵکو هایوهو و حاڵە.

بریتانییەکان بە کەمۆیی هێنابوویانە پێش، هات و تێپەڕی. بەوەی ئێستا عەرەبەکان داوای دەکەن، کە مافی گرتنی دیمەشقیان هەیە، ئیدی بریتانییەکان ناچاربوون دان بەوەدا بنێن، کە نەوەک هەر بەڵێنی شارەکەیان بەوان داوە، بەڵکو بە فەرەنسییەکانیشیان داوە. «ئارسەر بلفۆر» و وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا بەو شێوازە ڕووبەڕووبوونەوەی وەزیر «ساسێل» قایلنەبوو، بۆیە ڕێنمایی ئەوەی دەرکرد، گوایە بریتانیا وەک خۆی ڕێزی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ دەگرێت.بڕیارەکەی بلفۆر لە دیمەشق هەرای نایەوە. ئەلنبی لە دانیشتنە نائاسوودەکەی لەگەڵ «فەیسەڵ»دا، ڕایگەیاند؛ فەرەنسییەکان هێزی پارێزگار دەبن لە سوریادا. فەیسەڵیش ڕاشکاوانە ئەم پێشنیازەی ڕەتکردەوە. «ستیرلنگ»یش چەندین نێردەی عەرەبی بینین، کە "عەرەبی دەهریبوو و بێمراد بوون، باوەڕیان نەدەکرد کەوا ئێمە ڕێککەوتننامەیەکمان واژۆکردووە بەوەی ئەوان بدەینە دەست فەرەنسییەکان."[٣٩]

بۆ ئەوەی کێشە دژوارەکان دوابخا، ئەلنبی هەموو تەقەللایەکی خۆی دا بەڵکو عەرەبەکان هێوربکاتەوە، بەوەی شیکردنەوەیەکی بەخشندانە بۆ ڕێککەوتننامەکەی سایکس-پیکۆ بکا. کاتێک لە دوا ڕێکخستنەکانی بۆ داگیرکردنی خاکی دوژمن بووەوە، لێگەڕا عەرەبەکان ڕکێفی دیمەشق و ئەو خاکەی ئەوێ بەرەو ڕۆژهەڵاتیان بکەوێتە بندەست. هەرچی بۆ فەرەنسییەکانیشە تەنیا هێڵێکی باریکی لە کەناراوای لوبنان پێدان، کاتی خۆیشی لەو ناوچانە نەبوو، کە سایکس بەڵێنی بە فەرەنسییەکان دابوو. بەڵام لەوەش تێگەیشت، کە ئەمە هێورکەرەوەیەکی کورت مەودایە. ئەو لە نامەیەکیدا بۆ بەرپرسەکەی بۆ سوپاسالاری سوپا لە لەندەن

نووسی: "له داهاتوو، لەوکاتەی چیدی قانونی عورفی نایخوا، ئاسمانەکە بێ هەور نامێنێ. خۆ ئەگەر عەرەب دەستیان بە دەریا ڕانەگا، ئەوا کێشەی نەبڕاوە ڕوودەدەن."[٤٠] «لۆرانس» بە شاهیدبوونی لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی «ئەلنبی» لەگەڵ فەیسەڵدا، لە ٤ی تشرینی یەکەمدا دیمەشقی بەرەو لەندەن بەجێهێشت تا لە «وایتهۆل»دا درێژە بە هەڵمەتەکەی بدا. ئەو بە شێوەیەکی ڕاستە و ڕاست گومانی لە حکومەتی بریتانیا کرد، بەوەی بە خستنەڕووی بەڵێنە دژبەیەکەکانی، کە بە هەردوو لایەنی عەرەبی و فەرەنسی دابوو، دەکرێ ناپاکیی لە هاوپەیمانە عەرەبەکانی بکا. هەروەک ساڵێک پێشتر بۆ «سایکس»ی درکاندبوو؛ "من تەواو ئەو حاڵەتە دەناسمەوە، کەوا ئێمە دەبێ دۆستە بچووکەکانمان بفرۆشین تا دۆستە گەورەکانی پێبکڕین، یان ئاسایشی ئایندەمان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک لە بەرانبەر سەرکەوتنی هەنووکەییمان لە «فلاندەرز» بفرۆشین."[٤١] لێ ئەو بڕیاری خۆی دابوو هەر شتێک بکا، کە لە دەستی بێ، تا پێشهاتەکە بوەستێنێ. ئەو گەڕایەوە وڵات تا ئەو پرسە بوروژێنێ بەوەی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ بە هۆی ڕووداوەکان بەسەرچووە، دەبێ فەیسەڵ و برایەکانی سالاری قەڵەمڕەوی ئەو ناوچە عەرەبییانە بن، کە پێشتر لەبن دەستی عوسمانییەکاندا بوون، هەروەها تا سووربوونی خۆی لەسەر ئەوە ڕابگەیەنێ، کە عەرەب هاوپەیمانی بریتانیان، هەربۆیە دەبێ نوێنەریان لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریسدا هەبێ، بڕیاریش وا بوو کۆنفرانسەکە لە کانونی دووەمی ١٩١٩ دەستپێبکا. لێ گەلۆ خۆ گەشتەکەی لۆرانس سێ هەفتەی پێچوو تا بگاتەوە پایتەخت، لەو نێوەشدا هۆکاری بڕیاردەری دیکە هاتنەپێشە

# ٥

# من موسڵم دەوێ

دوای ئەوەی ئاستی دۆڕانی عوسمانییەکان بەرچاو بوو، ئەوە بوو لە دوای خوانی شێوانی ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا «لوید جۆرج» لەوە ڕاما ئاخۆ چۆن "تورکیا پارچەپارچە بکا."[١] هەینێ سەروەزیری بریتانی لە پاریس بوو، ڕۆژەکەی بە ڕێککەوتن لەگەڵ فەرەنسییەکان سەبارەت بە مەرجەکانی ئاگربەست خەریکبوو، کە بۆ دوژمنیان دانابوو. خۆی «لوید جۆرج» هەر بە خۆزاییەوە ڕقی لە تورک بوو –ئەوەش ڕوون و ئاشکرا بوو، کە یەکێ لە وەزیرەکانی مەراقی ئەوە بوو ئاخۆ بیر لە گریک دەکاتەوە–، دەمێکیش بوو حەزی لە ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو. ئاخر وەک ئەو ساڵێک پێشتر بە کابینەی حکومەتەکەی گوتبوو؛ **"تورک لانکەی شارستانییەتیان کردووەتە بیابانێکی وێرانە. پێویستە هەرگیز ڕێگە بە تورک نەدرێ لە ئایندەدا جارێکی دیکە قەڵەمڕەوی ئەو خاکە مەزنە بکاتەوە."**[٢]

لێ گەلۆ، خۆ ئەگەر عوسمانییەکان نەبن، کەواتە بۆ کێیە؟ ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ نەخشەڕێگای چارەسەری بۆ قۆناغی دوای جەنگ داڕشتبوو، بەڵام ئەوەش نەبوو «لوید جۆرج» حەزی پێبکا. لە کۆبوونەوەی لەگەڵ کابینەی حکومەتەکەی، بۆی دەرکەوت، کەوا «بلفۆر» بە ژەنەڕاڵ «ئەلنبی» گوتبوو ڕێز لە ڕێککەوتننامە پڕ لە مشتومڕەکە بگرێ، ئەویش وەها ڕێککەوتننامەکەی وێناکردبوو، هی ئەوە نییە لەم بارودۆخە هەنووکەییەدا جێبەجێبکرێ، هەروەها... هەمووی بەسەریەکەوە و لە ڕوانگەی بریتانییەکان ڕێککەوتننامەکە خوازراو نەبوو.[٣] ئیدی تا

ئەو ڕادەیەی ئەو نیگەران بوو، هەر بریتانییەکان بوون، کەوا بە تەنیا عوسمانییەکانیان بەزاندبوو -هەرچی حکومەتەکانی دیکە بوون تەنیا چەند پۆلیسێکی زنجییان ناردبوو تا بۆیان دەربکەوێ ئاخۆ هیچمان لە مەزارە پیرۆزەکەدا دزیوە- هەروەها هەر بۆیە دەبێ بریتانیا لە خاکە دەستبەسەرداگیراوەکەدا بەشی شێری بەربکەوێ.[٤] کەچی بە چاوپۆشین لەو ڕاستییە، هێشتا «کامبۆن»ی بالۆیزی فەرەنسا مکوڕبوو لەسەر ئەوەی دەبێ ڕێز لە ڕێککەوتننامەکە بگیرێ. ئەو کاتیش «لۆرانس» گەیشتبووە دیمەشق، ئیدی ئەوە ڕوون ببووەوە، کە حکومەتی فەرەنسا بەبێ شەڕ دەست لەو سازشانە لەسەر دابەشکردنی خاکەکە هەڵناگرێ، ئەو سازشەی بەر لە سێ ساڵ «جۆرج پیکۆ» لە بن سەری بریتانییەکانی دەرهێنابوو.

هەمان شەو لەسەر خوانەکەدا لە پاریس «لوید جۆرج» لەگەڵ دوو هاوڕێیدا، بە گوێرەی قسەی وەزیری کاروباری حکومەتەکەی «ماوریس هانکی Maurice Hankey» کە ئەویش لە کۆبوونەوەکەدا بوو؛ "سەرۆوەزیر هەڵوێستێکی زۆر توند و لێبڕاوانەی هەبوو."[٥] ئەو ویستی بگەڕێتەوە سەر ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ بەوەی، فەڵەستین بۆ ئێمە بێ و موسڵیش بخرێتە بن قەڵەمڕەویی بریتانیا و تەنانەت فەرەنسییەکانیش لە دەرەوەی سوریا بمێنەوە. «هانکی» ئەوەشی بۆ زیادکرد، کە سەرۆوەزیر لە سەرۆک وڵسن "زۆر دەهری بوو"، ئاخر دەیبینی چۆن ئەمریکییە لەخواترسەکە، شتەکان بۆ ئەوە دەقۆزێتەوە، کە دەستکەوتی خۆی هەبێ. بە گوێرەی قسەکانی «هانکی» بێ، لە میانەی لێکەوتەی گفتوگۆی «لوید جۆرج» کە لە کۆبوونەوەکەدا وروژاندی، "کەوا بە هەندێ خۆپارێزی کەمۆیانەوە بەوەی داوا لە ئەمریکییەکان بکرێ بێن و فەڵەستین و سوریا بۆ خۆیان ببەن، بەڵکو وەها بکا و مەیلی

فەرەنسییەکان لەسەر داواکردنی فەڵەستین کەمتر بێتەوە و بیدەنە ئێمە، تا هەر بەهانەی بەڵکو سوریایان بەدەستەوە بمێنێ."

ئەو مەیلە کتوپڕییەی سەروەزیری بریتانیا بۆ داواکردنی موسڵ، بۆ «هانکی» دەگەڕایەوە. ئاخر هەر ئەو بوو، هەشت هەفتە بەر لە کۆبوونەوەکە، چووبووە بن کلێشەی «لوید جۆرج» تا باسی بایەخی موسڵی بۆ بکا، ئەمەش دوای خوێندنەوەی ئەو یاداشتەی لە لایەن ئەدمیراڵێکی پلەبەرز سەبارەت بە پێویستیان بە نەوت نووسرابوو. ئەدمیراڵەکە ڕوونیکردبووەوە، کە نەوت چوارهێندەی خەڵووز کاریگەرە، لە کۆتاییشدا دەبێتە ماددەی سەرەکی بۆ سووتەمەنی هێزی دەریایی بریتانی. ئەمەش دۆخی بریتانیا ناسک و شڵۆقدەکا، کە سەرچاوەی تایبەت بە خۆی لە خەڵووز هەیە، بەڵام دەبێ پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ببەستێ بۆ دابینکردنی نەوت. لە بەرانبەر ئەو پاشخانەی سەرۆک وڵسنیش بۆ دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم، بۆ ئەوەش کە بریتانیا بە هێزێکی دەریایی زاڵ بمێنێتەوە، ئەوا شتێکی چارەنووساز دەبێ، دەست بەسەر زۆرترین بڕ لە نەوتدا بگرێ."[٦]

ئەدمیراڵەکەش بە ئەنقەست کاتەکەی بۆ ڕاپۆرتەکەی هەڵبژارد، چونکە لەو کاتەدا حکومەتی بریتانیا لە چەند مانگی داهاتوودا سەرقاڵی دانانی ستراتیژییەکەی بوو. هێزەکانی هاوپەیمان تازە و بە ئاستەم لە بەرپەچدانەوە هێرشی بەهارییەکەی ئەڵمان ببوونەوە، بۆیە وەهایان ڕەچاودەکرد، جەنگەکە ساڵێکی دیکەشی پێبچێ. دەستەی سوپاسالاریش کە سەرقاڵی نەخشەی هێزی نزیکی سەر باکووری فەرەنسا و فەڵەستین بوون، بە کابینەی حکومەتەکەیان ڕاگەیاندبوو، لە نەخشەیاندا نییە هەورازتر لە باکووری میزۆپۆتامیا بڕۆن و پێشڕەوی بکەن. هێزی سەربازیی بریتانیا لە بەسڕاوە تا بەغدا و لەوێشەوە تا کەرکوک پێشڕەوی کردبوو، واتە

تـا ئەو پنـتەی کە «سـایکس» بەر لە سـێ سـاڵ پێشـنیازی بـۆ سەرکردایەتیی حکومەتەکەی لە خانووی ژمارە دەدا کردبوو.

ئەدمیـراڵەکە لەسـەر بـاری چـاودێرییەکەی بەم جـۆرە ڕۆیشـت، هێزی بریتانی گەیشتووەتە مەودایەکی سەمەرەی کانە نەوتەکان، کە مـایەی مرخلێخۆشـکردن بـوون. کـانە نەوتەکـان لە شـوێنێکی بەردیـن لە دەوروبەری موسـڵدان، هێشـتا هەر لە بـن ڕکێفـی عوسمانییەکاندا بـوون. ڕاپۆرتەکـاتی جیۆلۆجییەکـانی ئاڵمـانیش، کە بەر لە جەنگ ئەو ناوچانەیان کنجکۆڵ کردبوو، گەیاندبووینە سـەر ئەو بـــڕوایە، کە لەوێـــدا "گەورەتـــرین کـــانی ســـەرچاوەی دەســـتکارینەکراوی جیهـــانە کە تائێســـتا پێیزانرابـــێ". ئەوســـا ئەدمیـراڵەکە پێشـبینی ئەوەی کـرد: "ئەو هێـزەی جـڵەوی خـاکە نەوتـاوییەکەی ئێـران و میزۆپۆتامیـای بکەوێتەدەسـت، ئەوا کۆنترۆڵی زۆرینەی سووتەمەنی لە دوارۆژدا دەکەوێتەدەست". ئەو لەسەر خاڵێک پێداگر بـوو؛ "دەبێ ئەم کۆنترۆڵکردنە بە شێوەیەکی ڕەها بێ، نابێ هیچ بەرژەوەندییەکی بێگانە یان هەر جۆرە شتێکی لەم جۆرەی تێ بئاڵێ."

«هانکی» ئەفسەری پێشووی هەواڵگریی، دەستبەجێ قەنـاعەتی بە ڕاپۆرتەکەی ئەدمیراڵ هات و هەستیکرد پێویستە سەروەزیریش ڕاوێژەکە زۆر بەهەند هەڵبگرێ. ئەوەشـی دەزانـی «لوید جۆرج» ڕقـی لە خوێنـدنەوەی یاداشـتەکان دەبێـتەوە، هەر بـۆیە ئەو تێبینییەکەی لەسـەر ڕاپـۆرتەکە بە شـێوەیەکی دیـار نووسـی: "زۆر نهێنی و گرنگ".[٧] هەروەهـا ئاماژەشـی بەوە کـرد، هەرچەنـدە لەوێدا هـیچ بنکەیەکـی سـەربازیی وەهـا نیـیە، کە هێـزی بریتـانی بەرەو باکووری عێراق بکشێ، بەڵام زۆر هـۆی دیکە هەن کە سـەربازیی نین، بەرەو ئەو شوێنەی میزۆپۆتامیا بکشێن لە کاتێکدا، کە بریتانیـا هێزێکی تـۆکمە و دەستوەشـێنی تەواوی لەوێدا هەیە. تـۆ بڵێـی بەر

لەوەی جەنگ کۆتایی بێ، کاتی ئەو پێشڕەویە نەهاتبێ، تا ئەو بیرە نەوتە بەهادارانەی میسۆپۆتامیا بپارێزرێن؟

سوود و کەڵکی پێشڕەوییەکە پێشچاو بوو، بەڵام بۆ ئەم کارە دوو بەربەست هەبوون. وەنەبێ هەر بە تەنیا سێ ساڵ لەمەوبەر «سایکس» بە ئاسانی و خۆشی بەڵێنی موسڵی بە فەرەنسییەکان دابێ، بەڵکو ئەوەش هەبوو، کەوا داگیرکردنی شارەکە داڕسانێک بوو بۆ بنەماکانی سەرۆک «ودرۆ وڵسن» کە جاڕی دابوو، دەبوایە بنەماکانی ببنە ڕێنوێنی سیستمێکی نوێی جیهان. «بلفۆر»یش کە ساڵێک پێشتر لە لایەن «کۆلۆنێل هاوس»ی ڕاوێژکاری وڵسن گوێی ڕاکێشرابوو، نیگەران بوو لەوەی هەر جووڵەیەک بە ئاقاری داگیرکردنەکە بە "شتێکی ئیمپریالیانەی تەواوعەیار" لێکبدرێتەوە، بەڵام مشتومڕی پێداگرییانەی «هانکی» لەسەر ئەوە بوو، کە دابینکردنی ئاسایشی نەوت بەر لە "جەنگی ئایندە، لە ئامانجە هەرە یەکەمینەکانی جەنگی بریتانییایە"، لوید جۆرجیش، کە وەزیرەکەی بە کەسێکی ئیرادەلاواز دەبینی، لەسەر پێشنیازەکەی «هانکی» قایل بوو.[8] کاتێکیش هەر لە مانگی تشرینی یەکەمدا ئەوە پێشچاو بوو کە عوسمانییەکان شکاون، بەڵام هێشتا فەرەنسییەکان هەر دەستیان بە ڕێککەوتننامەکەی سایکس-پیکۆوە گرتبوو، ئیدی ئەوە بوو «لوید جۆرج» فەرمانی بە هێزی بریتانی کرد بەرەو موسڵ بکشێن و هاوپەیمانەکانیشی بخاتە بەردەم دیفاکتۆ. هەر مانگێک پاش ئەوەی لۆرانس و عەرەب گەیشتنە دیمەشق و هەر چوار ڕۆژیش دوای ئاگربەست لەگەڵ تورکیادا، لە ٣ی تشرینی دووەمدا هێزەکانی بریتانی دەستیان بەسەر شاری موسڵدا گرت.

ئەوەی ڕاستی بێ، «لوید جۆرج» کارنامەی ژیانی خۆی لەسەر قۆستنەوەی ئەو جۆرە دەرفەتانە ڕۆنابوو. بەرلەوەی بچێتە

پەرلەمـــانیش، ئەو لەبەردەم هـــاوژینی ئاینــدە«مارگرێــت»دا دانــی بەوەدا نــابوو، کەوا "بیــرۆکەی هەرە بــاڵای مــن ئەوەیە لە تەکانــدا بەردەوام بــم."[٩] "بــۆ ئەو بیــرۆکەیەش، قوربــانی بە هەمــوو شــتێک دەدەم بەدەر لەوەی کە متمـــانەم وایە ڕاســـتگۆیەتی نەبــێ. ئەگەر هــاتوو کــار گەیشــتە ســەر بڕیــاردانم بــۆ ڕامــاڵینی بەربەســەتەکانی بەردەم ڕێگەم، تەنانەت ئامــادەم خۆشەویستیشــی لەپێنــاودا دابنێم." لە کۆتاییشــــــدا ئەو هەردووکیـــــان، هەم خۆشەویســـــتی و هەم ڕاستگۆیشـــی لەســـەر پرســـی هێــزدا دانــا. پەیوەنــدییە ســـەر بە گۆبەنــــدەکەی لەگەڵ ســــکرتێر و ڕاوێژکــــارەکەی «فرانســــێس ستێیڤنسن Stevenson Frances» یەکێک بوو لەنێو ئەو شــتە زۆرانەی شایســتەی ئەوە بــوو نازنــاوی بزنــی بەســەردا ببــڕێ، لە کاتێکــدا هێشــتا ئەســتۆی لە گــۆڵمەزی پڕشــەرمەزاری بازرگــانی بەدناوی «مارکۆنی» پاک نەببووەوە. ژن و سامان ئەویان حەیران کردبوو، یەکێک لە کارمەندە مەدەنییەکــان ســەربردەی چڵێســیەکەی گێڕایەوە. ڕۆژێک، کە کۆبوونەوەیەکی هەراسانی تێدا دەکرا، چوو تـــا یاداشـــتێکی پێبـــدا، کەچـــی ئەو سیاســـەتوانەکەی بینـــی "ئەو سەعاتەی دوایی کۆبوونەوەکەی بەوە بەسـەر بردبوو، کە وشـەی **دەنگدانی** بە خەتێکی درشــت نووســیبوو، بەڵام هەر بە ئەوەنــدەش لێنەگەڕابوو، بەڵکو هەموو وشەکان بە قەڵەم ڕەنگی شین و کەسک و سوور ڕەنگکردبوو."[١٠]

«لــۆرد مــۆرلی Lord Morley»ی سیاســەتوان و نووســەر چەنــدین جــار بە دووپــاتکراوی ســەرنجی لەبــارەی «لوید جۆرج» وەهـــا داوە: "لە سەرڕاســـتی «ئانانیـــاس Ananias[٣٥]» و بـــۆ

---

٣٥ ئانانیاس: مێردی «سافاریا» بوو، دوو بیچمی نێو تەوجیلن، کەسێکی درۆزن بوو، هەرلەبەر ئەوەش کوژرا.

برادەرایەتیش «بروتوس Brutus[36]»ە، بۆ لێهاتووییەکانی دیکەشی ئاماژە بە «سیگنەر مارکۆنی Signor Marconi[37]» دەدەم."[11]

کەچی دوای ئەوەی سوپای خۆبەخشی کیچنەر لە «سەم Somme[38]» و حکومەتە لیبراڵەکەی «ئاسکویسی»ش لەسەر پرسی سەربازگیریی بە تۆپزی دابەش بوو، ئیدی هەندێ تێبینی خۆپارێزانەی لوید جۆرجیش بە دڵڕەنجان قووت دران. ئەوە بوو خاسییەتەکانی مجێزبەرزی و جەنگئامێزی وەک وەزیری ئازووقە و وەزیری کاروباری جەنگ وایان خواست ببێتە فەرمانڕەوای وڵات. کاتێکیش «لوید جۆرج» لە ١٩١٦دا دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەوانەی ئەویان گەیاندە دەسەڵات، لایەنگرانە لیبراڵەکان نەبوون، بەڵکو پارێزگارەکان (کۆنسەرڤاتیڤەکان) بوون، چونکە ئەوانیش هەمان بڕوایان هەبوو، کەوا هەنووکە سەربازگیریی بەتۆپزی پێویستە، هەروەها هاوڕابوون لەسەر فرەوانخوازی ئیمپریالییانەی و تینوێتی ئەو بۆ دەسەڵات. هەر وەک باڵوێزی ئەمریکا لە لەندەنەوە ڕاپۆرتی بۆ وڵاتەکەی بەرزکردەوە؛ ئەو "یەکێکە لە پیاوە جەماوەرییەکان، کە بێگومان شتێکی لە بلیمەتی تێدایە."[12] دیپلۆماتێکی گەنجی بریتانیش دوای ئەوەی بۆ یەکەمین جار، چاوی بە «لوید جۆرج» دەکەوێ، دەنووسێ: "لێرەدا شتێکی سەرنجڕاکێش لەبارەی ئەوەوە هەیە. ئەو سەرنجی وات لە لا

٣٦ بروتوس، ناوی مارکۆس جونیوس بروتوس(٨٥-٤٢ پ.ز) ، فەرماندەیەکی سەربازی ڕۆما بووە. زیاتر بە پیلانگێڕ ئاماژەی بۆ دەکرێ، بەشداربووە لە پیلانگێڕان بۆ کوشتنی یۆلیوس قیسەری ڕۆما.

٣٧ گۆلیلیمۆ مارکۆنی (١٨٧٤-١٩٣٧) داهێنەری ئیتاڵی لە بواری ئەندازیاریی کارەبایی.

٣٨ سەم ڕووبارێکە لە باکووری فەرەنسا. ١٥٣ مایل درێژە و دەڕژێتە لای باکووری ڕۆژهەڵاتی کەناڵی ئینگلیزی، لە جەنگی یەکەمی جیهاندا مەیدانی شەڕێکی سەخت بووە.

دەوروژێنـێ، کە پیـاوێکی مەزن بـێ، ئەمەش بەبـێ نمایشـنامەی شانۆیی یان بەبێ ئەوەی دیاربکەوێ، کە ڕاست نییە، نیشـاندەدا... ئەو جیـاوازییەکی زۆری لەگەڵ مسـتەر ئاسکویسـدا هەیە، ئەوەی پێیخۆشـە لە نزیـک نیشـتمانەوە هـیچ شـتێکی لە تێۆسیداسـەوە نەڵێ."[١٣]

بەرلەوەی دۆخەکە بشـێوێ، «لویـد جـۆرج» خـۆی وەک "ناسیونالیستێکی سۆسیالیست" وێنادەکرد.[١٤] ئەوە بوو چوار پیاوی نـوێی لە کـابینەی حکـومەتەکەی دانـان، لە نێویانـدا «لـۆرد کـرۆزۆن»ی ئیمپریالیسـتی نـاودار و «لـۆرد لینـەر» بـوون تـا کاروبـاری جەنـگ بەڕێـوەببەن. هەروەهـا «هـانکی»یشـی بـۆ بەڕێـوەبردنی کاروبـاری ئەنجـوومەنی وەزیـران دانـا و «ستێڤنسن»ی دۆستەکەشی کردە سکرتێری تایبەتی خۆی و بەم جۆرە بەشـی زۆری سیاسـەتی دەرەکیشـی لەبن جڵەوی خۆیدا هێشتەوە. ئەو تیشک خستنەسەر دەسەڵات بۆ ئەو دژبەریی بوو، چـونکە دوژمنـی بـۆ پەیـداکردن، بەڵام هەر کـاری خـۆی کـرد، بە لەبەرچـاوگرتنی سـەرکەوتن، ئەو وەک ئەو پیـاوەی جەنـگەکەی بـردۆتەوە، سـەیردەکرا. بەرلەوەی بەخۆنـازینەکە ببـڕێتەوە، ئەو شێلگیرانە بوو لەسەر ئەوەی دەرفەتەکان بۆ هێنانەدی سەرکەوتن بقۆزێتەوە. لەو شـەوەی مـانگی تشـرینی یەکەم لە پاریسـدا لە گـژ هـزران ڕاچـوو؛ "خـۆ ئەگەر ئێسـتا بەشـی خۆمـان لە تورکیـا و لە کۆلۆنەکـانی ئەڵمانیـا قوتبـدەین، ئەوا سـەرنجی کەمتـر لەبـارەی دەستکەوتە مەزنەکانمان لەم جەنگەدا دەوروژێن."[١٥]

ئەم سیسـتمەش ڕەنگـدانەوەی خواسـتی «لویـد جـۆرج» بـوو بەوەی خـۆی لە ڕوانیـنە ناپەسـەندەکەی سـەرۆک وڵسـن بەدوور بگرێ. ئەو ئەو حیسابەی لەپێش چاوی خۆی دانابوو، لەبەر ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جاڕی شەڕی لە دژی عوسمانییەکان

نەدابــوو، کەواتە «وڵســن» کەمتــر بەهــانەی ئەوەی هەیە، دەســت لەکاروبــاری ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا وەربــدا. لــێ هەر زوو ئەوە دەرکەوت، کە لوید جۆرج لەم بــارەیە زیــاد لە پێویســت گەشــبینە. دوای ئەوەی «وڵســـــن» سیاســـــەتی دەرەکـــــی بە دەســـــتەی ڕۆژنامەوانانی واشنتنی ڕاگەیاند، بەوەی ئەو بەنیازە لە کۆنگرەی ئاشتی نزیک ببێتەوە، ئیدی ئەم نووچە نوێیە گەیشتە لەندەن، کەوا "بەتونـدی لە دژی دەســتکەوتی بریتانیــا ســەبارەت بە مەرجەکـانی ئاشــتی"، بەتــایبەتیش "لە دژی پارێزبەنــدی بریتانیــایە بەســەر فەڵەســتین و میزۆپۆتامیــا".[١٦] ئەمەش هیــوای لویــد جــۆرجی بــۆ کۆنترۆڵکردنی نەوتی موسڵ لەباردەبرد.

لە دەرهاوێشتەی ئەمەدا، گەیشتنی «لۆرانس» لە ٢٨ی تشرینی یەکەم بــۆ لەنــدەن بەســوود و کەڵــک گەڕایەوە. ئــاخر ئەو بــۆ ئەوە هاتبووەوە، ئاخۆ حکومەتی بریتانیا چی بۆ عەرەبەکان پێیە، کەچی هەر زوو پرســـەکە لای کاربەدەســـتانی وڵات ئــاوەژوو بــووەوە، بەوەی مەراقی ئەوە بن ئـاخۆ «لۆرانس» لە توانایدا هەیە شـتێک بە عەرەب بکا بەوەی ئەوان چیان بۆ بریتانیا پێیە. هەروەک یەکێک لە کاربەدەستەکان شـتەکەی دەربـڕی: "سـەرهەڵدانی بـزووتنەوەی عەرەب بە پێشـــهاتێکی پڕخێـــر بـــۆ ئەو خـــاڵە چارەنووســـازە مێژووییەی ئیمپراتۆریەتی بریتانیا شکایەوە."[١٧]

لە کۆبــوونەوەی هەمــان ڕۆژدا، «لــۆرد ڕۆبەرت سێســیل»ی وەزیری کاروبـاری دەرەوە پرسـی حکومەتی میزۆپۆتامیـای لەگەڵ «لـۆرانس» وروژانـد، دواتـر بە تۆمـارکراوی ئەوە دەرچـوو، کەوا «لۆرانس» "شێلگیرانە داوای ئەوەی کرد، میزۆپۆتامیا بخرێتە ژێر فەرمـانڕەوایی عەرەب، تـا بشـکرێ بە کردارێکـی توانـاکەمەوە ئەمە مەیسـەربێ. ئەو پێشـنیازی ئەوەشـی کرد بەڵکو کوڕی «شـەریف حوسێن» ببێتە فەرمانڕەوا. بۆ ئەم کـارەش «عەبدوڵڵا» زۆر بـاش

دەست دەدا."[18] بۆ ڕۆژی پاشتر، کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتیش پرسیاری هەڵوێستی سەرکردە عەرەبەکانیان لە چارەسەرییەک بۆ هەرێمەکە پرسی. لۆرانسیش وەڵامی دایەوە؛ «فەیسەڵ» دۆستی ڕۆژئاوایە، بەڵام حەز و خواستی لایەنگرانی ئەو بۆ پەڕاندنی مافی بەریتانییەکان بەسەر فەڵەستین و میزۆپۆتامیا دەکەوێتە سەر ئەوەی ئاخۆ تا چەند بریتانیا لە بەرانبەر داوای فەرەنسییەکان دەوەستێتەوە. بە کۆتاییهاتنی هەفتەکەش کاریگەری «لۆرانس» لەسەر مامۆستای پێشووی خۆی «دایڤید هۆگارس» ڕاشکاو بوو. ئاخر «هۆگارس» نووسی: "لێرەدا سەرتاپای هەڵوێستمان لە بەرانبەر فەرەنسادا توند دەبێ. «لۆرانس» هەمووی خستنە سەر مەراق و کارێکی زۆر باشی کرد."[19]

هەرچەندە ئەو باسوخواسەی «لۆرانس» هێنایە پێشەوە، هەندێ ترسی لای نوسینگەی بەڕێوەبردنی هیندستان پەیداکرد، لەوێدا کاربەدەستێکی گەورە لەوە نیگەران بوو، ئەگەر هاتوو پشتی حکومەتێکی عەرەبی لە باکووری عێراق بگرین "ئەوا دنەی بەدنیازیی فەرەنسا دەدا و ڕێگەش لە وەبەرهێنانی دۆزینەوەی نەوت دەگرێ، کە ئەم جۆرە نیگەرانییانە ئەو کات پشتگوێ خرابوون."[20] پەیامی لۆرانس "توندی دژەفەرەنسا"، دەق لەگەڵ کاتەکەدا دەهاتەوە. ئاخر «لۆرد کورزۆن»ی سەرۆکی کۆمیتەی ڕۆژهەڵات ڕایگەیاند؛ ئەو "ترسێکی بە ڕاستی هەیە لەوەی ئەو زلهێزەی، کە دەبێ زیاتر لە هەمووان لە ئایندەدا لێی بترسین فەرنسایە" و ئەو هەڵوێستەش بە بەرفرەوانی باو بوو.[21] لە لەندەنەوە بە بەزاندنی ئاڵمان و عوسمانییەکان، ئەوە دەرکەوت، کە فەرەنسای هاوپەیمانی بریتانیا لە کاتی جەنگ، دیارە بووەتەوە ڕکابەر.

ئەم سەرنجەش بە شێوەیەکی هێرشبەرانە سەلمێنرا، کە حکومەتی فەرەنسا گرتیەبەر. بە گرژییەکی توندەوە کۆمیتەی فەرەنسای ئاسیایی و پەرلەمانیش لەو بارەیەوە لۆبی خۆیان کرد، ئەوە بوو لە دەستپێکی مانگی تشرینی دووەمدا سەرکەوتووانە تەقەللایەکی بریتانیایان مایەپووچ کردەوە بەوەی هەرمێن بۆ خۆسەریی عەرەب پەیدا بکا، بە شێوەیەک خۆشی لە پێوەرەکانی «ولْسن» بەدوور بگرێ. ئاکامی "جارنامەی ئەنگلۆ-فەرەنسیش" کە لە ٩ی تشرینی دووەمدا هاتەکایە، بە شێوەیەکی پێشوەختانە بووە مایەی ئاهەنگگێرانی عەرەب، گوایە کە هەردوو حکومەتەکان پشتگیری "دامەزراندنی حکومەت و خۆسەرییە نیشتمانییەکان دەکەن، کە هێز و دەسەڵاتیان لە دەستپێشخەری و هەڵبژاردنی خەڵکی خۆجێییەوە سەرچاوەدەگرێ. کەچی زۆری نەخایاند هەردوو زلهێزەکە لە رێی جاردانی نیازنامەیان دەسەڵاتی رەهایان دایە دەستوەردانی بێسنوور بۆ "دڵنیابوون لە پشتگیری و هاوکاری دروست"، کەوا حکومەتە نوێیەکان کاروباری خۆیان بە باشی راییکردووە. ئیدی بەم جۆرە، کاتێک «ستیفن پیکۆن Stephen Pichon»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنسا لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمدا رووی لە پەرلەمان کرد، ئەو کات کارابوو کەوا ئەنجوومەنەکە خاترجەمبکاتەوە لەوەی؛ "رێککەوتننامە گرێدراوەکان لەگەڵ ئینگلستان بەردەوام دەبن لە پابەندکردنی ئەوان بە ئێمەوە."[٢٢] هەروەها بەڵێنی ئەوەشی دا، کە فەرەنسا لە کۆنگرەی ئاشتی فشاری خۆی بۆ دانپێدانانی مافی خۆی لە سوریا بکا.

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کۆمیتەی رۆژهەڵات و نووسینگەی بەرێوەبردنی کاروباری دەرەوە لەسەر ئەو بڕوایە بەردەوام بوون، کە پشتگیری تاکلایەنە بۆ خۆچارەسەریی باشترین رێگەیە بەوەی

بریتانیا بگاتە ئامانجی خۆی، تا بە شێوەیەکی کەمۆیانە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵبێ. لە دووەمین دەرکەوتنی «لۆرانس» لەبەردەم کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتدا، شێلگیرانە داوای ئەوەی کرد، دەبێ حکومەتی بریتانیا پشگیری هەبوون و ئامادەبوونی عەرەب لە کۆنگرەی ئاشتییدا بکا. ئەمەش بە دڵنیاییەوە لە لایەن «سیسیل»ی وەزیرەی تازەی کاروباری دەرەوە بە پەسەند زانرا. ئەو پێداگربوو لەسەر ئەوەی؛ "ترسی ئەوە هەیە ئێمە دەبێ بێ دوودڵی دۆزێکی زۆر سەختمان لە چاوی نێودەوڵەتییەوە لەبەردەمدایە، نەخاسمە بەوەی لەبەردەم ئەمریکییەکان نمایش بکرێ، ئەو پێداگرانە لەسەریڕۆیشت، کە "زۆر گرنگە ئەگەر هاتوو ئێمە توانیمان عەرەبێک بێنینە پێشەوە پشتی داواکارییەکانمان بگرێ."[٢٣] «کورزۆن»ی سەرۆکی کۆمیتەکە قەناعەتی هاوشێوەی ئەوی هەبوو. ئەو هەستیکرد؛ "ئێمە دەبێ تا ئەوپەڕی شایستەبوون گەمەی خۆچارەسەری بکەین. ئەوەش دەزانرێ کە لەناخی دڵمانەوە حەزمان لێیە لە هەموو کەسێکی دیکە لەو بارەیەوە سوودمەند بین."[٢٤] ئەوە بوو «لۆرانس» نێردرایە فەرەنسا تا «فەیسەڵ» بۆ گفتوگۆکردن بهێنێتە لەندەن.

کاتێکیش حکومەتی بریتانی بڕیاری پشتگیری خۆچارەسەری دایە ئەوانەی، کە دەکرێ متمانەیان پێبکرێ، بەوەی داوای کۆمەک لە بریتانیا بکەن، ئەوە بوو لە ١٢ی کانونی یەکەمدا «بلفۆر» دوو پیاوی بەیەکەوە بانگکردن، کە هێشتا حکومەتی بریتانیا زۆر پشتی پێدەبەستن. ئەوانیش «فەیسەڵ» و «حایم وایزمەن»ی زایۆنیستە بریتانییەکە بوو، ئەم دووانە پێشتر جارێک لە هەمان ساڵ و لە مانگی ئایار لە نزیک «عەقەبە» چاویان بەیەک کەوتبوو. بلفۆریش هانی هەردووکیانی دا، تا ڕێککەوتنێک واژۆبکەن بەوەی دۆزی پێشبینیکروا بۆ دوای کۆنگرەی ئاشتی دوابخەن. لە ٣ی کانونی

دووەمی ۱۹۱۹دا هەردوو پیاوەکە قایلبوون بەوەی پەیماننامەیەک مۆربکەن، کە پرسی سنووردانانی کۆتایی لە نێوان حیجاز و فەڵەستیندا تا دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ئاشتی دوابخەن.[٢٥] ئەمڕۆش ئەم پەیماننامەیە بەوە لێکدەدرێتەوە، کەوا عەرەب بە خواستی ئازادانەی خۆی دانی بە ڕەوایەتی هەبوونی دەوڵەتی ئیسرائیلدا داناوە، ئەوە بوو فەیسەڵ بەند بوو بەو باربووە بریتانییە کە بڕی ۱٥٠،٠٠٠ هەزار پاوەنی ئیستەرلینی مانگانە بوو، هەر بۆیە بەڵێننامەکەی واژۆکرد. هەروەها ئەو مەرجێکیشی دانابوو، بەوەی پشتگیری عەرەب بکرێ تا دەگەنە سەربەخۆیی خۆیان.

لە هەمان کاتدا و بە پشتیوانی جەوهەرییانەی لۆرانس، «فەیسەڵ» لە ئامادەکردنی یاداشتێک بۆ کۆنگرەی ئاشتی بووەوە، کە هیوایەکانی عەرەبی تێدا دەربڕیبوو. ئەو لە یاداشتنامەکەدا لەسەر سەربەخۆیی تەواوی سوریا سووربوو، بەڵام بۆ میزۆپۆتامیا و فەڵەستین بە کۆمەکی هێزێکی دەرەکی قایلبوو. بە داننان بەوەی خواستێکی "خێرا بۆ وەبەرهێنان لە میزۆپۆتامیادا هەیە"، ئەو ئەوەی پەژراند، کەوا حکومەتەکەی ئەوێ "پێویستە بە هەوڵ و هیممەت و سەرچاوی ماددی زلهێزێکی دەرەکی بەدیبێ."[٢٦] سەبارەت بە فەڵەستینیش، ئەو حەزینەکرد بەرپرسیارێتی "ئاستێکی بەیەکدادانی ڕەگەز و ئایینەکان لەو پارێزگایە هەڵبگرێ، کە زۆرجار بۆ جیهانیش بووەتە سەرئێشە." هەر بۆیە داوای "پێگەیەکی هەرە باڵای کاریگەری متمانەپێکراوی مەزنی کرد." لە هەردوو دۆخەکەشدا، ئەوە پێشچاو بوو، کەوا چ زلهێزێکی بۆ ئەم مەبەستە لە مێشکدا بوو.

لەو نێوەشدا «لوید جۆرج»ی ئۆقرەلێبڕاو هەوڵی جیاواز جیاواز و زۆر پڕکێشانەشی دا. پەرۆش و مەراق بوو کێشەی

پێگەی موسڵ و فەڵەستین بەر لەوە چارەسەربکا، کە بۆ وردبینی لە کۆنگرەی ئاشتیدا بکەوێتە بەردەستی ئەمریکاییەکان، هەر بۆیە بڕیاریـدا ئەم پرسـه بە پرسـێکی چارەنووسسـازی فەرەنسـی ببەسـتێتەوە، ئەویـش پرسـی هەردوو پارێزگـای «ئەلـزاس» و «لـۆرین» بـوو، کە لە سـاڵی ١٨٧١ەوە کەوتبـووە دەسـتی ئاڵمـان. لویـد جـۆرج دەیزانـی، «جـۆرج کلیمەنسـۆ Georges Clemenceau»ی سەرۆەزیری فەرەنسا، پێویستی بە پشتگیری بریتانیا هەیە تا لە گەڕاندنەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکان دڵنیابێ، چونکە ئەوە ڕوون نەبوو، ئاخۆ خەڵکی خۆجێی هەردوو ناوچەکە ئەگەر هاتوو داوایان لێکرا دۆزەکە بە خۆیان چارەسەربکەن، چۆن دەنگ دەدەن. هەروەها ئەوەشی دەزانی، کە هاوتا فەرەنسییەکەی بە پـێچەوانەی کاربەدەسـتانی وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوەی وڵاتەکەی، ئەوەندە مەیلی بە لای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەدەچوو. ساڵێک پێشتر، هەر دوای ئەوەی «کلیمەنسۆ» دەسەڵاتی وەرگرتبوو، پێی گوتبوو؛ ئەو "سوریای بۆ فەرەنسا ناوێ" بەڵام ئەگەر هـاتوو «لوید جۆرج» "پارێزبەنـدی بەسـەر سـوریا بـداتە فەرەنسـا ئەوا ئەویـش ڕەتیناکـاتەوە، ئەمەش دەبێـتە مـایەی دڵخۆشـبوونی هەنـدێ لە پاشـکەوتووخوازەکان" بەڵام خـۆ ئەو بایەخێکی ئەوتۆی بە پرسـەکە نەدا.[٢٧] ئەوەش ئەو دەمەتەقێیە بوو، کە سەرۆەزیری بریتانیا لە بیری نەچووبوو.

هەر لەم سـۆنگەیەوە، کەمێـک بەرلەوەی «کلیمەنسـۆ» بـۆ گفتوگۆکردن لەسـەر تاکتیکەکـانی کـۆنگرەی ئاشـتی بێتە لەنـدەن، «لوید جۆرج» وای لە «بلفۆر» کرد هۆشـداری بـداتە بـاڵوێزی فەرەنسـا بەوەی سـەبارەت بە پشـتگیری بریتانیا بۆ گەڕانـدنەوەی «ئەلـزاس و لـۆرین» مسـۆگەر نیـیە. ئیـدی سـکاڵای لە سـەر کەللەڕەقیی فەرەنسییەکان سـەبارەت بە ڕێککەوتننـامەی سـایکس-

پیکۆوه کرد، «بلفۆر» به ساردییەکەوه به فەرەنسییەکانی گوت: "حکومەتی خانمی خاوەنشکۆ تەنیا هیوای ئەوه دەخوازێ، حکومەتی فەرەنسی لای خۆیەوه، خۆی نەخاته هەڵوێستێکی هەراسانی وەها، که له لایەن هاوپەیمانەکانی به هەمان شێوەوه تێبیکەوێ."[28] خۆ زیرەکی زۆریشی نەدەویست تا باڵوێزی فەرەنسا له پەیامەکه بگا، که "چی لەبن بەرێدایه."[29]

له ١ی کانونی یەکەمدا «کلیمەنسۆ گەیشته لەندەن، بەخێرهاتنێکی گەرم له لایەن ئاپۆرای خەڵکەوه لێکرا.

**"زۆر باشه" کاتێ کۆبوونەوەی تایبەتی لەگەڵ لوید جۆردا کلیمەنسۆ گوتی: "باسی چی بکەین؟"**

**لوید جۆرج کاتوساتەکەی قۆستەوه. وەها وەڵامیدایەوه: "میزۆپۆتامیا و فەڵەستین."**

- **«کلیمەنسۆ»ش گوتی: "دەی پێمبڵێ چیت دەوێ؟"**
- **"من موسڵم دەوێ."**
- **«کلیمەنسۆ» وەها وەڵامیدایەوه: "باشه موسڵ بۆ تۆ. چی دیکەش؟"**
- **"بەڵێ، ئۆرشەلیمیشم دەوێ."**
- **دیسان «کلیمەنسۆ» بەرسڤی دایەوه: "باشه ئەویش بۆ تۆ."**

هەرچەندە «کلیمەنسۆ» به لوید جۆرجی ڕاگەیاند، کەوا «ستیفن پیکۆن»ی ئیمپریالیست، وەزیری کاروباری دەرەوه "سەبارەت به موسڵ ئاستەنگی دروست دەکا."[30] ئیدی پابەندبوونی فەرەنسی دیار بوو بایی پێویست ڕوون بوو، بەڵام وتوویژەکه گرژی نوێی نایەوه. ئاخر «کلیمەنسۆ»ی وا لێکرد خۆزگەی ئەوه

بخـوازێ کەمتـر بەخشـندە بـووایە و سـەرنج و تێبینـی «لویـد جۆرج»یش وابوو، پێویست بوو داوای پتری بکردبایە.

ئەنجوومەنی باڵای هەر پێنج زلهێزە براوەکە بۆ یەکەمین جار لە ١٢ی کانونی دووەمی ١٩١٩دا لە نووسینگەی وەزیری دەرەوە لە «کوا دێرسی» کۆبوونەوە. بەتەمەنترین سەرۆک و خانەخوێ کە «کلیمەنسۆ» بوو لە کورسی سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەکە دانیشت. کورسییە قۆڵدارەکەی لەبەردەم ئاگردانێکی کراوە بوو، بە باشی دەیتوانی چاو لە هەر چوار سەرۆکە هاوتاکانی خۆی بکا، کە لە بەرانـبەری لە ژووره پـڕ دیکـۆرەکە دانیشـتبوون، ئەوانـیش سـەرۆک «وڵسـن»، «لویـد جـۆرج» و سـەروەزیری هەردوو دەوڵەتی ئیتالیا و ژاپۆن بوون، لە پشتەوەی ئەوانیش وەزیرانی کاروباری دەرەوەی وڵاتەکانیان و ڕاوێژکارەکانیان دانیشتبوون.

«کلیمەنسۆ» لەسەر خاکی نیشتمان هیچ لاوازییەکی نیشان نەدا، کە شـەش هەفـتە پێشـتر لە لەنـدەن ئەو خاسـییەتەی قۆستبووەوە. نازناویشی "پڵنگەکە" بوو، بەڵام ئەو سـەروەزیرە تەمەن ٧٧ ساڵە کەسێکی خۆگر، سەرڕووتاوە بوو، بە خۆیی و سمێڵە ڕەنگ بەفرینیەکەی هەر لە ئەسپی دەریا دەچوو. کاتێکیش «هارۆلد نیکلسن» دیپلۆماتی بریتانی سەیریکرد، ئیدی بە خۆی و نیوەخەندەیەوە پێی وا بوو گۆریلایەکی دەمارگرژ و بەدگومانە.[٣١] خۆ ئەگەر سـەروەزیری فەرەنسـی لە نمـوونەی هەر ئـاژەڵێکیش چـووبێ، ئەوا ڕێککەوتنێکـی کۆدەنـگ هەبـوو لەسـەر ئەوەی ئەو کەسێکی سەنگین و کەڵەگایە. هەرلەبەر ئەوەش بوو کۆبوونەوەکە درێژەی کێشا.

لە دەرەوەی کۆشکەکە، لەبەر سەرما، ڕۆژنامەنووسانی جیهان چاوەڕێی پێشهاتەکانیان دەکرد. هەرچی لە دیوی ژوورەوەش بوو،

خۆزگە و هیوا سەرەتاییەکان بۆ چارەسەرێکی نەرم و لەبار تاران. هەروەک «نیکلسن» لە ڕۆژژمێرەکەی نووسی؛ "ئاخر خۆ هیچ کەسیان ئەزموونی لەگەڵ کاری کۆمیتەسازی بە کردەوە نەبوو تا بتوانرێ لەو ئاستەنگانە بگا، بەوەی هەریەک لە فەرەنسی و ئیتاڵی و ئەمریکی و ئینگلیز لەسەر هەر شتێک ڕێکبکەون. بەڵێ ڕێککەوتنی زۆرینە بە ئاسانی بەدەستەوەدەهات، بەڵام ڕێککەوتنی کۆدەنگ شتێکی ئەستەم بوو؛ یان ئەگەر هاتبا و کردەنیش بووبایە، ئەوا تەنیا بەوە بەدی دەهات، کە سازشی ئیفلیجبوو بکەن."[٣٢] ئەمەش بە تەنیا بۆ «ئاگوستوس جۆن» هەواڵێکی باش بوو، هونەرمەندی پۆرترێتیست، کە ڕەوشەکەی وەها وێناکرد وەک ئەوەی دەستەیەکی لووتبەرز، بەبێ پێشینە هاتوونەتە پاریس تا دوکانێک بکەنەوە.

«کلیمەنسۆ» بێباک بوو لەوەی دانوستانە سەرەتاییەکان ئەوەندە درێژەیان کێشا. ئاخر پاشان وەهای نووسی: "هونەری ڕێکخستن بەوەی چۆن پیاو بژی، زۆر ئاڵۆزترە لەوەی لە ملیان بدەی." هەروەک «لوید جۆرج»یش بوو، پیاوێکی ڕادیکاڵ بوو، لە لایەن ڕاستڕەوەکانی وڵاتەکەی پشتگیری لێدەکرا، بەوەی شایستەی سەرۆکایەتییە، لەسەر بڕوایەکی بەرفرەوانە، کە بە شێویەکی تاکتیکی لە توانایدا هەیە جەنگەکە بباتەوە. پزیشکێکی لێهاتوو کە لە ژیانی گەنجێتیدا بەهۆی مەیدانبازی[٣٩] زیندانیکرابوو، هەروەها شەڕەفێکی گوماناویشی لەوەدا هەبوو کە زۆرترین ماوە لە کۆماری سێیەمی ناسەقامگیردا سەروەزیر بووە، ئاخر لە نێوان سالانی ١٩٠٦ و ١٩٠٩دا بۆ ماوەی ٣٣ مانگ ئەو پۆستەی هەبووە. لە سەرەتای جەنگیشدا ڕۆژنامەی «پیاوی کۆتکراو لۆمۆن شینێ

٣٩ مەبەست لە مەیدانبازی ئەوەیە کە دووبەدوو شەڕە شیر بکەن.

«L’Homme enchaîné»ی دەردەکرد، کە بۆ لادانی وەزیری جەنگ و ژەنەڕاڵی شەڕەکە بەڕێوەیدەبرد، هەروەها وەزیری کاروباری ناوخۆی بەکارهێنا، ئەوەش لەو کاتەدا بوو، کە ئەوە بەدەرکەوت گوایە ئەڵمانەکان لەپشت ئەو ڕۆژنامەیەی وەزیری کاروباری ناوەخۆن، کە دژی جەنگ بوو، ڕۆژنامەکەش بە ناوی «شەپقە سوورەکە The Red Cap» بوو. ئەوە بوو دوای ئاشکرابوونی ئەو کەتن و گۆڵمەزە، لە تشرینی دووەمی ١٩١٧دا، داوا لە «کلیمەنسۆ» کرا حکومەت پێکبێنێ، ئەویش جاڕی ئەوەی دا" ڕێگە بە هیچ هەڵمەتێکی دیکەی پاسیفیست نادرێ، ڕێگە بە پیلانگێڕیی ئاڵمان نادرێ. هەروەها نە ڕێگە بە ناپاکیی دەدرێ نە تارمایی ناپاکییش: جەنگ و هەر جەنگ، هیچ شتێک نا، تەنیا جەنگ."[٣٤]

بە پێچەوانەی «لوید جۆرج»، توند و زبری کلیمەنسۆ بەشێک بوو لە تەفرەوهەڵەشەیی خۆی، ئاخر خۆ «پڵنەگەکە» ئەو تەلیسمەی بۆ گەیشتن بە تۆپکەی دەسەلاٚت بەکارنەهێنا. تایبەتمەندیی ئەو ڕیسواکردنی وەزیرەکانی بوو. ئەو بە دەنگی بەرز سکالاٚی لە دەست «کلۆتز»ی وەزیری کاروباری دارایی هەبوو بەوەی تاکە وەزیری جوو بوو لەنێو کابینەکەی کە حیسابی نەدەزانی. جارێکیان بانگیکرد "ئەرێ «پیکۆن» کێیە، ئەوەش لەو کاتەی بوو، کە باسی وەزیرە بەدناوەکەی کاروباری دەرەوەی لە پێشدا هات. ئینجا کاتێ بیریکەوتەوە گوتی؛ "کەواتە ئەوەیە"، خۆ من لەبیرم کردبوو."[٣٥] باڵوێزی بریتانی لە پاریس باشی بۆ چووبوو: "پڵنگەکە بەتایبەت کەسی بۆ ئەوە بانگ نەکردبوو کە ببنە ئەندامی کابینەی حکومەتەکەی تا گوێیان لێبگرێ ئاخۆ چی دەڵێن و چۆنی هەڵدەسەنگێنن، بەڵکو بۆ ئەوە بوو بیروبۆچوونەکانی پیادەبکەن و بەس."[٣٦] ئەو شکستی بە بەزینەکەی ١٩١٧دا هێنا، ئیدی کلیمەنسۆ

وەک "بـاوکی سـەرکەوتن" کۆتـایی بە جەنـگ هێنـا، هەنـووکەش دەبوایە خۆی وا نمایش بکا، گرەوی ئاشتییەکەش بباتەوە.

باجی سەرکەوتنەکە یەکجار قورس بوو. ١٤٠٠،٠٠٠ فەرەنسی لە جەنگەکەدا بە فەلاکەت چوون. زیاتر لە سێ ملیۆنیش بریندار بوون. تیلماسکی باکووری فەرەنسا وێران بوو. ٦٧٠،٠٠٠ هەزار بێوەژنی لێکەوتەوە و وڵاتەکە حەوت بلیۆن دۆلاریش قەرزبار بوو. کەچی هێشتا لە میانەی ئاگربەستەکەدا، کلیمەنسۆ لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوو: "پێشان فەرەنسا جەنگاوەری خودا بوو، ئێستاش فریادڕەسی مرۆڤایەتییە، هەمیشە شەڕڤانی نموونە پێشەنگەکان بووە، ئیدی دەبێ پێگەی خۆی لە جیهان وەربگرێتەوە و لەسەر ڕۆڵی نایابانەی خۆی بەردەوامبێ، کە لە پێناوی پێشکەوتنی ئادەمیزاددا پێشبڕکێیەکی بێ کۆتاییە."[٣٧] بەشی یەکەمی ئەو بووژانەوەیەش لە کۆنگرەی ئاشتییدا پێویستی بە چارەسەرییەکی سوودمەند بوو.

هەروەک چـاوەڕوان دەکـرا کۆلۆنیخوازەکـانی فەرەنسـا داوایـانکرد، کەوا فرەوانخـوازی ئیمپریالییـانە لەسـەر حیسـابی دوژمنەکـانی، بارتەقـای ئەوە دێ فەرەنسـا ببـووژێنێتەوە. بەڵگەوبەندی یەکێک ڕۆژنامەکان، کە لەبەردەم کلیمەنسۆ داندرا، ئەوە بوو: "پەرەپێدانی ئیمپریالی بۆ فەرەنسا یەکێکە لە مەرجە چارەنووسسـازەکان بـۆ بـووژانەوەی هێـزی فەرەنسـا بەڕووی ئاڵمانیـا، کە هەر بە دوژمنێکـی سەرسـەخت دەمێنێـتەوە."[٣٨] لـێ هەرزوو ئەوە ڕوونبـووەوە، کاتێک کۆنگرەی ئاشتی دەستییکرد، ئیدی سەخت بوو بگەنە ئەو ئامانجەی خۆیان.

بەردی سەختی سەر ڕێگەی فەرەنساش هەڵوێستی هەر یەک لە سەرۆک «ولسن» و «لوید جۆرج» بوو. ئەوە بوو دەردەدڵی کلیمەنسۆ بەوەی کەوتۆتە نێوان دووبەرداش، "عیسای مەسیح بە

دەستێک و ناپلیۆن پۆنابارت بە دەستێکی دیکە". ئینجا ناچاربوو بەوە قایلبێ، کۆلۆنییە دوژمنەکانی بخرێنە بن "ماندات"ێک، کە یەکێک یان ئەویدیکە کاروبارەکانی بەناوی "کۆمەڵەی نەتەوەکان" بەڕێوەببا، ئەوەش ئەو ڕێکخراوە بوو، تازە چەکەرەی کردبوو، سەرۆک ولسنیش بانگی بۆدەدا.[٣٩] لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێشوودا دەبوو سێ شوێن –میزۆپۆتامیا، سوریا و فەڵەستین- بخرێنە بن چەمکی منداتێک، بەوەی لایەنی منداتەکە بەرپرسیاربێ لەوەی هەر سێ شوێن داوای سەربەخۆیی بکەن و کاتێکی زۆر دووریش نەخایەنێ. سەربەخۆییان ئەو کاتە دانی پێدادەنرێ، کەوا بەڕێوبەرایەتی ئەم شوێنانە بە پشتگیری و ڕاوێژەوە بکەوێتە دەستی دەوڵەتە منداتەکان، تا ئەو کاتەی منداتکراوەکە دەتوانێ کاروباری خۆی بە خۆی هەڵبسووڕێنێ. هەروەها دەبێ ئارەزووی ئەو منداتکراوانە لە دەستنیشانکردنی دەوڵەتی مندات لەبەرچاوبگیرێ.

بەڕەچاوکردنی ئەم بەرەنجامە و لە کاتێکدا دانوستانەکان لەئارادابوون، لەپشت پەردەوە کاربەدەسانی فەرەنسی هەوڵیان دەدا «فەیسەڵ» لە پێواژۆکانی کۆنگرەی ئاشتی دوورەپەرێز بگرن. "ئەو بەخێرهاتنە گەرمەی" مانگێک پێشتر لە لایەن بریتانیاوە لە سەرکردە عەرەبییەکە کرا، ئەو گومانەی لای فەرەنساییەکان وروژاند، کەوا فەیسەڵ کلیلی دەستپێکی ئەو نەخشەیەیە "بۆ دروستکردنی ئاسیایەکی بچووک، تا دەستڕۆیشتنی ئێمە لە پەلوپۆ بخەن، ڕێکخراوێکی بەربەرین بە فیتی بریتانیای گەورە دروستبکەن."[٤٠] کاتێکیش «فەیسەڵ» بۆی دەرکەوت، کە ناوی لەنێوان لیستی نێردە فەرمییەکاندا نییە، سکاڵای لەبارەوە کرد، ئەو کات بەرپرسی هۆبەی ئاسیا لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا «ژان گۆت Jean Goût» هەوڵیدا لە دژی بریتانییەکان

ختووکەی بدا، بەوەی ئەوان بە ئەنقەست ناوەکەیان لە لیستەکەدا دەرهێناوە. خۆ ئەگەر «فەیسەڵ» ڕووی خۆی وەربسووڕێنتەوە سەر فەرەنسییەکان، ئەوا وەک «گۆت» گوتی، "ئەوان دەتوانن شتەکەی بۆ ڕێکبخەن."[41]

کاتێکیش «فەیسەڵ» ئەم بەزمەی «گۆت»ی بە بریتانییەکان گوت، ئیدی ئەوانیش لە ڕاستی خۆیانەوە ئاگریان لە چاو دەباری و سووربوون لەسەر ئەوەی هەردەبێ هاوپەیمانە عەرەبەکەیان لە کۆنگرەکە بەشداربێ. ئەوە بوو لە کۆتاییدا و لە ڕۆژی ٦ی شوباتدا وتارێکی لە کۆنگرەکە دا و لۆرانسیش بۆی وەرگێڕا. پێشتر لۆرانس چەندین هەواڵنێری ئەمریکی لە ئامانجەکانی فەیسەڵ ئاگادارکردبووەوە، ئیدی هەر لەسەر ئەم هێڵەدا، فەیسەڵ بەڵگەوبەندی داواکانی خۆی بۆ دانتان بە مافی خۆچارەسەریی عەرەب لەسەر بانگەوازی ولسن بنیاتنابوو، نەوەک لەسەر بەڵێنە چەورەکانی بریتانی، کە لە کاتی جەنگدا بە باوکی ئەویان دابوو. فەیسەڵ دانی بەوەشدا نا، کەوا بەڕێوەبردنی فەڵەستین و لوبنان پێوستیان بە کردە چارەسەرییێکی جیاواز هەیە. ئەو داوای سەربەخۆیی بۆ عەرەب لە شوێنەکانی دیکەش کرد. بەم گوتارە سەرنجی نێردەی ئەمریکایی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بە گوێرەی قسەی «ڕۆبەرت لانسینگ»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا بێ، "دیار بوو ئەو بۆنی داربخووری هەڵدەمژی."[42] لای «کۆلۆنێل هاوس»ی ڕاوێژکاری ولسنیش سۆزی بەلای "هەستێکی میهرەبانی بۆ عەرەبەکان بزووانند، ئەمە و لە کاتێکدا ڕاپۆرتێکی فەرمی وڵاتە یەکگرتووەکان بەو ئاقارەدا چوو، کەوا ئەو "وەک هەموو کەسێک هەر وەهای دەگوت، لە تەواوی کۆنگرەی ئاشتیدا، هەر ئەو لە بیچمە هەرە براوەکان بوو."[43]

لە میانەی ئەو گوتەیەی کە فەیسەڵ لەنێو کۆنگرەکدا دای و تێیدا پەسنی بریتانیای دا، کەوا لە وەدەرنانی تورکدا یارمەتیان داون، ئیدی وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنسا خۆی پێنەگیراو قسەکەی پێبڕی. «پیکۆن» لێیپرسی: باشە نەدەبوو پەسنی فەرەنساش لە پشتگیرییەکەیان بدەی؟ پێدەچوو فەیسەڵ بۆ ئەو وەدەنگهاتنە خۆی ئامادەکردبێ، لە وەڵامدا گوتی، سوپاسی فەرەنساش دەکا لەسەر ناردنی یەکەیەکی بچوک، کە لە چوار تفەنگی کۆن و دووی نوێ پێکهاتبوو تا بێنە ڕیزی هێزەکەمان."[٤٤] بە قسەی چاودێری بریتانی کە بە کەیفەوە وتەکانی دەقنووسدەکردن، "«پیکۆن» پەشیمان بوو قسەی کردبوو، هەر بە گەمژەش دەچوو." کاتێکیش کلیمەنسۆ دوابەدوای وەزارەتی کاروباری دەرەوەی خۆی داوای ئەوەی کرد، کەوا سوریا هەر لە دێرزەمانەوە پارێزراوێکی فەرەنسایی بووە، ماکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خاچدارەکان، ئینجا لۆرانس زەقوزپۆپ ئەوەی وەبیر سەروەزیرەکە هێنایەوە، ئەو سەروەزیرەی کەم تا زۆر خوانەناس بوو، کەوا "خاچدارەکان بەزێنران و هەڵمەتی خاچپەرستانیش شکستی هێنا."[٤٥]

لە شکستهێنان لە دوورەپەرێزخستن و سووککردنی فەیسەڵ، دواتر فەرەنسییەکان بایاندایەوە سەر دێواندنی ئەو. هەر بۆ ڕۆژی پاشتر ڕۆژنامەکانی فەرەنسا پەلامارێکی هاروهاجانەیان لە دژی سەرکردە عەرەبەکە و وەرگێڕەکەی جاڕدا، یەکێ لە ژەنەراڵەکانی فەرەنسی بەم جۆرە وەسفیکرد؛ "ئیمپریالیزمێکی بریتانییە بە عەگالێکی عەرەببییانە."[٤٦] ڕۆژنامەی «پاریس میدی Paris Midi» وەهای نووسی؛ گوایە شتەکە خۆی چاوتێبڕینێکی ئیسلامخوازانەیە – و ئەمەش دەبێتە مایەی هەڕەشە لەسەر مولکومالی موسڵمانەکانی دیکە بە هیندستانیشەوە- هەروەها سەرنجی وەهای

دا، کەوا لۆرانس "دیارە زیاتر لە عەربخواز دەچی لەوەی ئینگلیز بێ."[٤٧] وەک بڵێی ڕەوشەکە گەڕابێتەوە سەردەمی «فاشۆدا»، چونکە ڕۆژنامەکان لۆرانسیان بە ژەنەڕاڵ «گۆردۆن»ی خەرتووم بەراورد کرد، هەردوو پیاوەکانیان وەها وێناکرد، کەوا "هەردووکیان مەزنیی و بەدبەختییان بۆ وڵاتەکەیان هێنابێ، تەلیسمێک کە لە هەمان کاتدا سەرکێشیشە. کاتێکیش ئەوان گیرۆدەی خەونەکانی خۆیان بن، ئەوا هیچ شتێک نایانوەستێنێ، تەنانەت بەرژەوەندییە دانپێدانراوەکانی خودی وڵاتەکەشیان. ڕۆژنامەی «ئیکۆ دە پاریس»یش لە مانگی کانونی یەکەمی پێشتر، دەمامکی لەسەر لۆرانس هەڵدابووەوە، ئیدی بە هەمان سەرەداو ڕۆیشت، شێلگیرانە مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، گوایە لۆرانس بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ ڕایەدارانی «کاپیتۆل هۆل» بخاتە بەردەم دیفاکتۆ، ئەمەش بەو بڕوایەی، "بریتانیا هەرگیز دەستبەرداری چەتەیەکی سەرکەوتوو نابێ."[٤٨] لە پاشخانی ئەمەشدا، کاربەدەستانی فەرەنسی وەهایان بە ڕۆژنامەوانان ڕاگەیاند، کە تاکە هۆکاری بریتانیا بەوەی توانیبوویان هێزەکانیان بنێرنە سوریا و داگیریبکەن، ئەوە بووە فەرەنسا زیاتر لە بەرەی ڕۆژئاواوە جەنگاوە.[٤٩] هەر بۆیە فەرانسەش شایانی ئەوەیە خاکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەربکەوێ.

ئەم هەڵمەتەی ڕۆژنامەوانی فەرەنسی بووە مایەی هۆشداری بۆ بریتانیا. ئەوە بوو بە درەنگانێکی مانگی شوبات، دەزگای هەواڵگریی سیاسیی نووسینگەی کاروباری دەرەوە وەهای دانا، کەوا سوریا بووەتە "گرێکوێرەیەک" ڕووبەڕووی کۆنگرەی ئاشتی بووەتەوە، (پرسە سەختەکەی دیکەش ئەوە بوو ئاخۆ فەرەنسا دەست بەسەر ڕاینلاندا دەگرێ)، چونکە "بە شێوەیەکی تایبەت هەموو فەرەنسییەکان بەدەر لە سۆسیالیستەکان" سووربوون

لەسەر ئەوەی، کە پارێزگاکەی پێشووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ببێتە کۆلۆنییەکی فەرەنسی.[50] بالۆێزی فەرەنساش لە لەندەن هەمان ئەم سەرنجەی سەلماندەوە. ئەو هاوتا بریتانییەکانی لەوە ئاگادارکردەوە، هەرچەندە مەیل و بەرژەوەندی فەرەنسا بۆ سوریا "زیاتر سۆزدارییە لەوەی ماددی بێ... لێ بە ڕاستی ئەم هەستە هەیە و زۆریش بەهێزە."[51]

«لوید جۆرج»یش لەسەر ئەوەی ئەوێ کرایە شوێنی بەستنی کۆنگرەی ئاشتی لۆمەی خۆی کرد. ئەو وەهای نووسی: "ئاخر پێشوەختە دەمانزانی، کە بیرۆکراتیەتی فەرەنسی دەست بۆ ڕێگەی کەڵەگایی، مەراییکردن، درۆکردن، دووبەرەکی نانەوە و هەموو شێوازێکی ناسراوی خۆی لە ڕێگە پێچاوپێچەکان دەبا تا باندۆر بخاتە سەر وردبوون و تێڕامانمان. ئەو وتارانەیان سەبارەت بە سوریا بە دروستی هی لێخۆشبوون نین."[52]

فەرەنسییەکانیش پیاوێکیان هێنا بە ناوی «شوکری غانم» بەڵکو فەیسەڵ پشتگوێ بخرێ چونکە سوری نەبوو، بەڵام ئەو تەکتیکەش بە شکست وەرچەرخا. ئاخر «غانم» زیاتر لە ٣٠ ساڵ بوو لە فەرەنسادا دەژیا، هەر خۆیشی پێی لەوە نا، کە زمانی عەرەبی لەبیرچووەتەوە. لەسەرێکی دیکەشەوە بە هۆی ئەوەی بۆ ماوەی دوو سەعات و نیو قسەیکرد، دۆزی فەرەنسای بۆ کۆنترۆڵکردنی سوریا بنکۆڵکرد. سەرۆک ولسنی حەجمانلێبڕاو، کە دەبوو ڕۆژی پاشتر بە سەردانێکی کورت بگەڕێتەوە وڵاتە یەکگرتووەکان، لەسەر کورسییەکەی خۆی هەڵسا و چووە لای پەنجەرە و سەیری دەرێی کرد. کلیمەنسۆش ڕووی خۆی وەرسووڕاندە لای «پیکۆن»ی وەزیری کاروباری دەرەوە، بە دوو چاوی زەقەوە لێیپرسی: "ئەرێ ئەم پیاوەت بۆچی هێناوەتە ئێرە؟

«پیکۆن» دەستەکانی لەیەک بڵاوکردن و بڕۆی تێکنان و وەڵامیدایەوە: ئاخر نەمدەزانی بەم جۆرە داژوا."[٥٣]

هەوڵێکی دیکەی فەرەنسی بۆ داواکردنی فەڵەستین بە هەمان شێوە سەرچیخ چوو. دوای ئەوەی «حایم وایزمەن» چڕ و پوخت لە چاکەی مانداتی بریتانیا دوا، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا جوویەکیان دۆزیبووەوە، کە نیو سەعات هەراسانانە هەر یەک شتی دەگوت و دەیجوویەوە. ئیدی وتەبێژی کلیمەنسۆ «ئاندریێ تاردیو André Tardieu» هەر هەمان ڕۆژ بە ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاند، کە حکومەتەکەی لە داواکەی سەبارەت بە فەڵەستین کشاوەتەوە و بە مانداتی بریتانی قایلە. کەچی لەبەر ڕەوتی ڕووداوەکان کۆمیتەی ئاسیایی فەرەنسی بە یاداشتنامەیەک هۆشداری دایە حکومەتی فەرەنسی، فشاری خستەسەر «کلیمەنسۆ» بەوەی لە دژی «لوید جۆرج» بوەستێتەوە. ئەوان تێبینی ئەوەیاندا، کە بریتانیا وەک "لووتبەرزێکی بێڕکابەر" لە ململانێیەکە دەرچووە، بۆیە کۆمیتەکە مکوڕبوو لەسەر ئەوەی: "ئێمە چیدی ڕێگە نادەین پێگەی گشتییمان لە جیهان کەم بکرێتەوە."[٥٤] هەروەک کۆمیتەکە داوایکرد، فەرەنسا مافێکی حشاهەڵنەگری بەسەر سوریاوە هەیە، پەسەندیش ناکەن تا فەرهەنگی خۆمان نەسەپێنین."

هەرچی حکومەتی فەرەنسا بوو بە گوێی کۆمیتەکەی نەکرد. لە ١٥ی شوباتدا وەزارەتی کاروباری دەرەوە یاداشتێکی بۆ بریتانیا نارد و تێیدا ئەو بەخشینەی کلیمەنسۆی سەبارەت بە موسڵ و بەلاوەنانی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆی سەلماندەوە، ئەمەش لە بەرانبەر ئەوەی بریتانیا پشتی داوای فەرەنسا بۆ ماندات لەسەر هەردوو بەشی کەناراو و ناوەوەی سوریا بگرێ. فەرەنسییەکان سستتر لە ڕکابەرە بریتانییەکانیان ڕۆڵی نەوتیان ناسییەوە، هەر

بـۆیە دیپلۆمـاتە فەرەنسـییەکان داوای ئەوەشـیان کـرد، بەڵکـو لە پشکی نەوتی میزۆپۆتامیادا هاوتا بن.

بریتانییەکـان دانەیەکـی لەبەرگیـراوی ڕاپـۆرتەکەی کـۆمیتەی ئاسـیای فەرەنسـییەکانیان بینـی و بەلایـانەوە نـا. یەکـێ لە کاربەدەستانی بریتانی نووسی: "شانازییە بریندارکراوەکەیان وای لێ کردوون هەنگاوی سەرچیخانە بنێن بەوەی هێزوگوڕی خۆیان لەبەردەم ئەرکێکی لە ڕادەبەدەردا دابنێن، کە پێیـان تەواونـاکرێ". هەر ئەو کاربەدەستە لەو بـڕوایەدا بـوو، وەهـا باشـترە فەرەنسـا وزەی بە شێوەیەکی باشتر بخاتەکار و ئەوەش پەسـەند بکا "ئەگەر هاتوو لە ئایندەدا جڵەوی سەرکردایەتی جیهانی بکەوێتەدەست ئەوا هەر تەنیـا دەتـوانێ هزریـانە بـێ نەوەک سیاسـییانە."[55] بە ئاگـاداربوون لەوەی حکـومەتی فەرەنسـا کـۆمیتەی ئاسـیاییەکەی خۆی پشتگوێخستووە، ئیدی بریتانییەکان هەستیانکرد باڵادەستن. ئەوە بوو بە توندی پێشنیازەکەی حکومەتی فەرەنسایان سـەبارەت بە سـوریا ڕەتکـردەوە. شـارەزا نەوتییەکـانی مێرگەکـانی «تەدمر» ڕاوێژییـان دابـووە حکـومەتی بریتانیـا، کەوا نیـوەی ڕێگـای نێـوان دیمەشق و فرات دەبێتە وێستگەیەکی چارەنووسساز بۆ لوولەکانی نەوت، کە لە موسـڵەوە بـۆ سـەر دەریـای سپی دەڕوا، بـۆیە ئەوان سـووربوون لەسـەر ئەوەی تەدمـوریش ببێـتە بەشـێک لە میزۆپۆتامیـا، بەمەش ئەو خـاکەی سـوریا بـۆ سـوریا دەبێ، زۆری لێدادەبڕێنرێ.

بەم کـارە بریتانییەکـان سـنووریان بەزانـد. «ئانـدرێ تـاردیو» سـکاڵای ئەوە بـوو" زۆر لە بریتانییەکـان لەوەدا شکسـتیانهێنا، کە فەرەنسـا خـوێنی لێـدەڕژێ و تاڵانـدەکرێ، چـونکە ڕەفتـارێکی شـایانترە لەوەی هەمـوو ڕۆژێـک لە مافەکـانی کەمبکـرێتەوە."[56]

کلیمەنسۆی سەرۆکیشی هەستیکرد لە لایەن لوید جۆرجەوە ناپاکیی لێکراوە. ئەو گوتی گوایە لە دانیشتنێکی تایبەتدا لە مانگی کانونی یەکەمی ڕابردوودا سەرۆکوەزیری بریتانیا گوتبووی، بە داوای فەرەنسا بۆ سوریا قایلە. سەرەتا لوید جۆرج ڕەتیکردەوە بەڵێنێکی وەهای دابێ، هەرچەندە دواتر گوتی بەڵێنی وەهای داوە. پاشان دیپلۆماتێکی فەرەنسی گوتی: "لوید جۆرج سەختترین پیاو بووە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ کردن، ئاخر کەس نازانێ ئاخۆ بۆ ڕۆژی پاشتر چۆن خۆی دەنوێنێ."[٥٧]

سەرۆکوەزیری فەرەنسا لوید جۆرجی بەوە تاوانبار کرد؛ "هەر لە ڕۆژی دوای ئاگربەستەکەوە من تۆم بە دوژمنی فەرەنسا بینیەوە. هاوتا بریتانییەکەشی بەرسڤیدایەوە: "باشە، ئایا هەمیشە ئەمە سیاسەتی نەریتیانەی ئێمە نەبووە؟"[٥٨] لەبەر هۆیەکی بەجێ «کلیمەنسۆ» شتەکەی بە نوکتە نەبینی، ئاخر زۆر ڕوونوئاشکرا بوو، کەوا هاوپەیمانەکانی ڕۆژانی جەنگ دیسان بوونەتەوە ڕکابەر. ئێستاش هەستی بە هەڵوێستی تۆڵەستێنانەی جەماوەری فەرەنسا کرد، بۆیە بڕیاریدا چیدی داوا زیادەڕەوییەکانی لوید جۆرج نەپەژرێنێ. مانگی دواتر بە «ڕایمۆن بوانکاریێ Raymond Poincaré»ی سەرۆکی فەرەنسای گوت، کە "چیدیکە ناچەمێتەوە. هیچی دیکەی نادەمێ. با ببینین ئاخۆ بەبێ من چییان پێدەکرێ. لوید جۆرج خاپینۆکە[٤٠]. ئەو توانی بمکاتە سوری".[٥٩]

---

٤٠ خاپینۆک: هەڵخەڵەتێنەر، لەخشتەبەر

# ٦
# بنبەست

پاش ئەوەی سەرۆک «ولّسن» لە ٢٠ی ئازاری ١٩١٩دا لە واشنتنەوە گەڕایەوە پاریس، لە ئەپارتمانە نازدارەکەی «لوید جۆرج» لەسەر جادەی «ڕیو نیتوتد» چاوی بە هەریەک لە «لوید جۆرج» و «بلفۆر» و «کلیمانسۆ» و «پیکۆن» کەوت.

«پیکۆن» سەری قسەکانی کۆبوونەوەکەی داهێنا و باسی دانوستانە ئاڵۆزەکەی کرد، کە تا ئەو کات خایاندبووی. ئەو بە کورتی وێنای ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ، باسی جاڕنامەی ئەنگلۆ-فەرەنسی لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا کرد، کە بریتانیا هەوڵی پووچەڵکردنەوەی دەدا، هەروەها باسی دیدارەکەی نێوان «پڵنگ»ـەکە و «لوید جۆرج» ی کرد، کە لە لەندن و لە مانگی کانونی یەکەمدا سازدرابوو. ئینجا زۆر لە پێشنیازە نوێیەکانی پاریس خرانە سەرمێز: پێشنیازی حکومەتەکەی خۆی لە ١٥ی شوبات و پێشنیازی هاوتا بریتانییەکەی بۆ تێکبردنەوەی قەوارەی سوریا خستەڕوو، کە فەرەنسا دەمودەست ڕەتیکردەوە.

«پیکۆن» بە "سایەی دڵسۆزی" کلیمەنسۆ ناسرابوو، ئەویش هەروەک سەروەزیرەکەی لە پزیشکییەوە ببووە ڕۆژنامەنووس. کەچی بە پێچەوانەی «کلیمەنسۆ»، ئەو لە لایەن کۆمیتەی ئاسیای فەرەنسییەوە بەکرێگیرابوو، بەوە پابەندبوو پشتگیری داواکردنەوەی فەرەنسا بۆ لەخۆگرتنی ڕۆژهەڵات بکا، ئەمەش لە بەرانبەر بەڵێنەکەی لە کۆتایی ساڵی پێشوو سەبارەت بە وتارەکەی لەو بارەوە لە پەرلەمانی فەرەنسا، پشتیبگیرێ. ئەو لە خاڵی بەهێزی پەرلەمانتارییەکەی «کلیمەنسۆ» و هەستی ڕای

گشتیی سەبارەت بە سوریا بەئاگابوو، هەر بۆیە لە دانیشتنەکەدا بە «ولْسن» و «لوید جۆرج»ی گوت، کەوا پێشنیازنامەی ١٥ی شوبات باشترین خستنەڕووی حکومەتی فەرەنسا بوو. هەر بە سەدای ئەو بەڵگەوبەندەی سێ ساڵ پێشتر، کە «جۆرج پیکۆ» لە «وایتهۆل»دا بەکاریهێنابوو، ئەو لەسەر ئەوە سووربوو؛ "دوای ئەو قوربانییە زۆرەی فەرەنسییەکان لە جەنگەکەدا داویانە، ڕاوبۆچوونی فەرەنسا ڕێگەنادا ئەگەر بە شێوەیەکی بەش بەشیش بێ دووربخرێنەوە، هەرچەندە نەشێتوانی ڕۆڵێکی مەزن لە هەڵمەتی گرتنی سوریادا بگێڕێ".[١]

ئینجا «پیکۆن» لیستێکی بە کردەکان ڕیزکرد، تا ڕەوایەتی بە داواکردنی فەرەنسا بۆ سوریا بدا وەک: ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەکان لە سوریا... فێرکردن و پەروەردەکردنی ٥٠،٠٠٠ منداڵی سوری لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی فەرەنسی... سیستمی ڕێگەی ئاسنینی سوریا کە فەرەنسی بوو... بەیروتیش بە تەواوی بەندەرێکی فەرەنسی بوو. ئەو گاز و کارەبا بەکارهاتووەی بەرکاری ئەوێ فەرەنسی بوو، هەروەها ئەو ڕووناکییە کەناراوەکەش هەر دەستکردی فەرەنسا بوو" هەر بۆیە پێویستە مانداتی سوریا بدرێتە فەرەنسا.

«لوید جۆرج»یش گوتی نەخێر. ئاخر ئەگەر مانداتی خاکی ناوەخۆی سوریا بدرێتە فەرەنسا، ئەوا دەبێتە مایەی دژوەستانەوە لەگەڵ ڕێککەوتننامەکەیان لەگەڵ عەرەب. سەروەزیری بریتانی بە شێوەیەکی تارماوی لە هاتنەدەنگی خۆیدا ئاماژەی بەو بەڵێننامەیەی «هێنری ماکماهون» دا، کە لە ساڵی ١٩١٥دا بە «شەریف حوسێن»ی دابوو.[٢] ئیدی بە شێوەیەکی بەرچاو «پیکۆن» تووڕەبوو، ئەوەی گوت، کەوا یەکەم جار لەسەر دەستی «هانکی» بەو بەڵێننامەیەی ماکماهونی زانیوە، ئەوەش هەر یەک

دوو هەفتە پێشتر بووە. ئینجا لە وەڵامدا گوتی: "ئاخر چۆن فەرەنسا بە ڕێککەوتننامەیەک پابەندبێ، کە لە کاتی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ١٩١٦دا نەناسراو بووبێ؟"

کۆنووسی فەرمیی دانیشتنەکە بە دەگمەن باسی دەنگبەرزکردنەوەی ئاخێوەرانی تێدایە، بەڵام بە کردەوە ئەوانەی لە دانیشتنەکەدا بوون، لە کاتی قسەکانیاندا دەنگیان لەسەر یەک بەرزکردبووەوە. «لوید جۆرج»یش گوتبووی: "دەکرێ ڕێککەوتننامەکە لەگەڵ عەرەب تەنیا لە لایەن بریتانییەکان واژۆکرابێ، بەڵام خۆ هەر بریتانیا بوو هەڵمەتی گرتنی سوریای ڕێکخست. ئەگەر بریتانیا نەبوایە ئەوا هیچ دۆزێک بە ناوی سوریا لەئارادا نەدەبوو."[٣] بە پشتبەستن بە قسەی بەرانبەرەکەی بەوەی پرسی سوریا بۆ ڕای گشتیی فەرەنسییەکان گرنگە و لە بابەتی تووڕەکردنی خەڵکە، کە دنەی ڕۆژنامەکانیان داوە، «لوید جورج» ئەوەی بە بیر پیکۆن هێنایەوە، "هەموو بارگرانی هەڵمەتی گرتنی سوریا لەسەر شانی بریتانیا بووە. ژمارەی سەربازەکانی فەرەنسا ئەوەندە کەم بوون، هیچیان لە مەسەلەکە نەگۆڕی. "زیاتر لە ملیۆن سەربازی بریتانی بە هەڵمەتەکە پەیوەست بوون، ١٢٥،٠٠٠ کوژراو برینداریان هەبووە و هەڵمەتەکەش بە سەدان ملیۆن پاوەنی تێچووە". ئەو ئەوەشی بۆ سەربارکرد، "یارمەتی عەرەبەکانیش چارەنووسساز بووە."

لەو کاتەی بریتانی و فەرەنسییەکان لە دەمەقاڵەدابوون و تا ئێرە سەرۆک وڵسن بێدەنگ بوو. ئینجا قسەی بە هەردوولا بڕی و ئەو بیرۆکەیەکی وەک پێشنیاز خستەڕوو، کە چەند هەفتەیەک پێشتر لە پاریس بڵاوببووەوە. ئەو ڕایگەیاند: "بنەمایەکی سەرەکی کە ئەمریکا دەستی پێوەگرتووە، ئەویش قایلنامەی ئەوانەن کە فەرمانڕەواییان بەسەردادەکرێ."[٤] هەر لەبەر ئەوە و لەو

ڕوانگەیەوە "تاکە بیرۆکە ئەوە بوو، ئاخۆ فەرەنسییەکان لە سوریا و بریتانییەکان لە میزۆپۆتامیا هی ئەوەن لە لایەن خەڵکەکانیانەوە قبوولبکرێن؟" تاکە ڕێگەش بۆ زانینی ئەم پرسە ناردنی کۆمسیۆنێک بوو "تا خواستی ئاکنجییانی ئەو هەرێمانە بزانرێ." «کلیمەنسۆ» هەستیار بوو، ویستی «لوید جۆرج» بخاتە دۆخێکی ناهەموارەوە، بۆیە بە پێشنیازەکە قایلبوو. ئەوە بوو پێی لەسەر ئەوە داگرت، کە ئەگەر کۆمسیۆنێک بۆ ئەو مەبەستە بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوون بۆ سوریا نێردرا، ئەوا پێویستە بۆ فەڵەستین و میزۆپۆتامیاش بنێردرێ.

«لۆرانس» بۆ پلانەکە بە جۆش بوو؛ کەچی باقی نێردەی بریتانی ئاوەها نەبوون. بەدواداچوونێکی سەربەخۆ بەوەی ئاخۆ خەڵکی میزۆپۆتامیا و فەڵەستین قایلن بەوەی بریتانیا بەسەریاندا تاکە دەسەڵاتداربێ، دوایین شت بوو بە بیری کاربەدەستانی بریتانیەکاندا دەهات. ئاخر «بلفۆر» پێشتر «لوید جۆرج»ی لەوە ئاگاداركردبووەوە؛ "خاڵی لاوازی پێگەی ئێمە ئەوەیە، لەبارەی دۆزی فەڵەستینەوە بە نیاز و خوازەوە بنەمای مافی خۆچارەنووس پەسەند ناکەین. خۆ ئەگەر پرسوڕا بە دانیشتوانی ئێستا بکرێ، ئەوا بێ سێ و دوو حوکمێکی دژەجوو دەدەن."[٥] کۆمسیۆنیش ئەگەر بچێتە ئەوێ، بە دڵنیاییەوە ڕاستییەکەیان بۆ دەردەکەوێ. کێ دەزانێ ئاخۆ چیش لە میزۆپۆتامیا دەردەکەوێ؟ ئەو شوێنەی، کە لۆرانس هەندێ "ناسیونالیستی بەجۆشوخرۆشی" تێدا دۆزیونەتەوە.[٦]

بریتانییەکان دەیانزانی ئەگەر کۆمسیۆنی بەدواداچوون بچێتە ئەوێ، دەنگ بۆ بەرژەوەندی سەربەخۆیی عەرەب لە سوریا دەدرێ. خۆ ئەگەر ئەوەش ببێ، ئەوا هەمان شتیش بۆ دەسەڵاتی بریتانیا لە میزۆپۆتامیا و فەڵەستین دێتەگۆڕێ، ئاخر نموونەی

سوریا بۆ ئەویش دەتەنێتەوە. «گێرترود بێل» – کە ماوەیەکی زۆری سەردەمی جەنگی لە میزۆپۆتامیا وەک ئەفسەری سیاسی لەگەڵ هێزی بریتانی لەوێ بوو- ئەوەی هەڵێنجا؛ "ئێمە حیزبێکی نیشتمانییمان لە بەغدا لە باوەش گرتووە، خۆ ئەگەر هاتوو دەوڵەتێکی سەربەخۆیی عەرەب لە سوریا دابمەزرێ، ئەوا ئەوانیش بە هەمان ئاراستەدا دەڕۆن و چاوی ئەوە دەکەن هەمان شتیان بۆ مسۆگەر ببێ." «بێل» کە دژی داواکردنی فەرەنسا بوو بۆ سوریا، گەیشتە ئەو ئاکامە: "من بە خۆشییەوە چاوم لەوەیە، فەرەنسییەکان لەوێ جێگیربن، بۆ ئەمریکییەکان خۆشحاڵتریش دەبم. بەدەر لەوە، دامەزرانی دەوڵەتێکی عەرەب لە هەر شوێنێک بێ، ئەوا کار لە هەژموونی بریتانیا لە شوێنی دیکە دەکا."[٧]

دەربڕینی پشتگیریینامەی نێردەی بریتانی بۆ سەربەخۆیی سوریا لەو کاتەدا شلۆقا، ئاخر تێگەیشتن، ناسەقامگیریی لەوێ باندۆری خۆی لەسەر توانستی بریتانیا بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوتی موسڵ دەبێ. لە یاداشتێکی دیکە سەبارەت بە نەوت لە لایەن هۆبەی هەواڵگریی هێزی دەریاییەوە، پێ لەسەر ئەوە داگیرابوو، کە ئەزموونی دۆزینەوە و بەدواداچوونی نەوت لە ئێرانی دراوسێیدا و لێدانی بیری نەوت بە شێوەیەکی سەرەکی، بەندە بە پەیوەندی کۆمپانیاکە لەگەڵ هۆزە خۆجێییەکان، ئەمەش ئەوەی نیشاندەدا، کە شتێکی "چارەنووسسازە" حکومەتێکی بەهێز و سەقامگیر لە میزۆپۆتامیا دابمەزرێ.[٨] هەروەک لۆرانسیش لە دواییدا ئاشکرایکرد؛ "«لوید جۆرج» زاتی ئەوەی نەکرد بەڵێنی هیچ ڕێکارێکی بەرفرەوان بۆ مافی چارەی خۆنووسین لەوێ بدا."[٩]

بۆ گەڕان بە دوای بنکۆڵکردنی زیاتری لۆرانس، نووسینگە(وەزارەتی) هیندستانی بریتانی هەریەک لە گیرترود بێل و «ئارنۆلد وڵسن»ی سەرۆکی ڕاستەوخۆی خۆیان لە بەغداوە

نارده پاریس تا بیروبۆچوونەکانی لۆرانس لاسەنگ بکەن. ولسن چاوی بە لۆرانس کەوت و ڕاپۆرتەکەی خۆی بەم جۆرە دا: "ئەو بۆ من وەها دیارە، کەوا زیانێکی زۆر گەورەی گەیاندبێ و کێشە و زەحمەتی زۆری لەگەڵ فەرەنسییەکان لە سوریا بۆ ئێمە دروستکردبێ، دیارە ئەوەش هەمووی بۆ ڕا و ڕاوێژەکانی ئەو دەگەڕێتەوە."[١٠] لۆرانسیش خۆی زیاتر بە گۆشەگیر بینییەوە. ئەو پیاوەی، کە سەرۆکی ئەمریکا جێگەیەکی لەنێو ڕۆژژمێرەکەی مانگی شوباتدا بۆ دۆزیبووەوە، ئیدی کاتی ئەوەی هەبوو لەوێ لە دیداری ئێوارەدا ببینێ. ڕۆژێکیشیان لە هوتێلەکە، ئەوەی ببووە بنکەی نێردەی بریتانی، ئیدی لەسەر قەپەنگەکە سەیریکرد، بینی «لوید جۆرج» و «بلفۆر» و بالۆیزی بریتانیا لە پاریس لە خوارەوە لای پەیژەکان دانیشتوون، ئینجا چوو دوو سەتڵی پڕ لە کلینسی[٤١] ئاودەستی دۆزینەوە و لە سەروەڕا بەسەر ئەوانی داکرد. لە کۆتایی مانگی ئایاریشدا لەپڕ ئەوێی بەجێهێشت و ڕوویکردە قاهیرە، دیار بوو بۆ گەڕان بوو بە دوای هەندێ لە سەرنج و تێبینینامەکان، بەڵکو لە نووسینی کتێبێک لەسەر هەڵمەتەکە یارمەتیبدا، ڕاستییەکەش ئەوە بوو بەڵکو بە هۆیەوە بتوانێ باندۆرێک لەسەر ڕەوشی ناوچەکە دابنێ.

خۆی لێرەدا هۆکارێکی دیکەش هەبوو، ئاخۆ بۆچی بریتانییەکان حەزیاننەدەکرد لەگەڵ فەرەنسیەکان بە ڕووی یەکدابچن، ئەویش ڕەوینەوەی ئەو خەیاڵپڵاوییە بوو، کەوا ئاشتی بۆ ماوەیەکی زۆر سەقامگیر ببێ. لە سەروبەندی کۆتایی مانگی ئازاردا، «هارۆلد نیکلسن» وەهای نووسی: "ئێمە بە خێرایی ئاشتی لەدەستدەدەین و

---

٤١ هەرچەندە لەوانەیە کلینکس ئەوکات نەدۆزرابێتەوە، بەڵام نووسەر نووسیویەتی کاغەزی ئاودەست، کە مەبەست هەر کلینکسە و وشەی باشترم بۆ نەدۆزرایەوە.

هەمــــوو ئەو کـــــارە قورسەشـــــمان بە فیرۆچـــوو."[11] کـــاتێکیش «سیسیل»ی وەزیری کاروباری ئینگلستان، لە ئایاردا چاوی بە پێشنووســی ڕێککەوتننــامە لەگەڵ ئاڵمــان کەوت، هۆشــداری دایە «لوید جــۆرج»، کەوا ئەو لەو بــڕوایەدایە، ڕێککەوتننــامەکە "نە بەخشــندانە بــوو نە ڕەواش."[12] خــۆ ئەگەر ئاشــتی هەر مــاوەیەکی کـــورت بخـــــایەنێ، ئەوا لەســـــەر بریتانیـــا پێویســـــتە لەگەڵ هاوپەیمانەکـــانی ســـەردەمی جەنـــگ تونـــد و ســـەرکێش نەبـــێ. «بلفـۆر»یـش میـزاجەکەی بە دروسـتی پوخـت کردبـووەوە. ئەو ڕایگەیاند؛ "چەقین لە قوڕی سـوریا زۆر شـلۆقی کردووین، پتریش لەبەر ئەوەیە، کە خـۆی بە شـێوەیەکی تـایبەت بەرپرسـیار بـووە." ئەو دانـــی بەوەدا نـــا، "ئـێمە نە لەگەڵ فەرەنســـییەکان و نە لەگەڵ عەرەب ڕاســـتگۆ نەبـــووین... ئێســـتاش ئەگەر هەر شـــەڕوگێچەڵ بێتەگۆڕێ، ئەوا باشترە لەگەڵ عەرەب بکەوینە داوێ نەوەک لەگەڵ فەرەنسییەکان."[13]

لە هەوڵێکـیش بـۆ دوورخســتنەوەی کێشـمەکێش کە بە هـۆی منداتی فەرەنسا بۆ سـەر سـوریا هاتبووەکایەوە، بریتانیا هەوڵیدا ڕێککەوتنێــک لە نێــوان «فەیســەڵ» و «کلیمەنســۆ» بســازێنێ. «کلیمەنسۆ»ش حەزیکرد «فەیسەڵ» ببینێ، چونکە تاسـەمەند بـوو بگــاتە ڕێککەوتنێــک، بەڵکــو کۆمســیۆنەکەی ســەرۆک «وڵســن» لەبـــاربەرێ و وای لێبکـــا پێویســـت نەبـــێ، بەڵام بەیەکگەیشـــتنی هەردوو پیـاوەکە لە ١٣ی نیسـاندا ئەوەی لـێکەوتەوە، «فەیسـەڵ» داوای «کلیمەنسۆ»ی قبووڵنەکرد، کە هێزەکانی فەرەنسـا دیمەشـق بگـــرن. ســـەرکردە عەرەبەکە بە بەرفـــرەوانییەوە بە نـــاردنی کۆمسـیۆنەکە دڵخۆشـبوو، هەر زوو دوای دیـدارەکە، بەرەو سـوریا گەڕایەوە تا سەبارەت بە فەرەنسا هۆشداری بداتە سوورییەکان.

«فەیسەڵ» ئەو کات هێشتا باربوویەکی بەرچاوی لە لایەن بریتانییەکان پێدەدرا، ئەوە بوو ڕاوێژکارانی «کلیمەنسۆ» شێلگیرانە داوایان لە ڕابەری فەرەنسییەکان کرد، بەڵکو هەموو شتێک بکا تا بریتانییەکان بهێنێتە ڕەدایی، بەڵکو پاڵپشتییە فەرمییەکەیان لەسەر «فەیسەڵ» ببڕن و هێزەکانیشیان لە سوریا بکشێننەوە. کەچی «لوید جۆرج» بە هیچ کام لەم دوو داوایە قایل نەبوو. ئەو گومانی هەبوو لەوەی، فەرەنسییەکان سەرچاوەی وایان هەبێ، کە خێرا کەلێنی ناسیونالیستە عەرەبەکانی پێپڕبکەنەوە، خۆ ئەگەر هاتوو دەستیان بەسەر دیمەشقدا گرت، ئەوا پرسی داواکردنی سەربەخۆیی لە شوێنێ خۆی ناوەستێ و بۆ میزۆپۆتامیا و فەڵەستینیش دەتەنێتەوە. ئەو دەستیش لە «تەدمور» هەڵناگرێ، چونکە بایەخێکی ستراتیژی هەیە. فەرەنسییەکانیش ئەو دوودڵییەی «لوید جۆرج»یان وەها لێکدایەوە، کە سەلمێنەرێکە، بەوەی ئینگلیز چاویان لە سوریا بڕیوە. ئەمەش ئەو کەشوهەوا گوماناویە باڵکێشەی ئەو کات بوو، لە دواییشدا «لوید جۆرج» ڕای خۆی گۆڕی، ئەوەی خستەڕوو، کەوا هێزی بریتانیا لە سوریا دەکێشێتەوە، «کلیمەنسۆ»ش ڕەتیکردەوە ئەم خستنەڕووە بە متمانەوە وەربگرێ. ئەوە بوو «کلیمەنسۆ» بە هاوتا بریتانییەکەی گوت، کە ٢٢ ساڵیش لەو هەراشتر بوو: "تۆ خراپترین کوڕی."[١٤]

دوایین هەوڵیش بۆ چارەکردنی کێشەی سوریا لە پاریس و لەو کۆبوونەوەی، کە دیسان لە ئەپارتمانەکەی «لوید جۆرج» لە ٢٢ی ئایاردا بەسترا، شکستیهێنا. بەگوێرەی قسەی شاهیدێکی کۆبوونەوەکەش بێ "دەنگبەرزکردنەوە و تووڕەیی زیاتری لێ پەیدابوو."[١٥] کاتێکیش «لوید جۆرج» لە ڕێککەوتنی دابەشکردنی بەشە نەوت، بەگوێرەی نێردەیەکی بریتانی-فەرەنسی لە دانوستاندنەکان بە ڕوانینی خۆیان پێیگەیشتبوون، پەشیمانبووەوە؛

ئەوە بوو کلیمەنسۆش لەو بەڵێنە خستنەڕووی خۆی سەبارەت بە موسڵ کشایەوە. لە بەرانبەریشدا سەرۆوەزیری ئینگلستان بەسەر هاوتا فەرەنسییەکەی هەڵشاخا و تەقییەوە، لە هەڵمەتێکیدا توند دابەزییە سەر ئەو بەرپێگیرییانەی فەڕەنسا لە میانەی جەنگ لە بەرانبەر عوسمانییەکان کردبووی. «کلیمەنسۆ»ش بە نۆرەی خۆی وەها هاتەجواب، ئیدی وڵاتەکەی بەشداری کۆمسیۆنی «ویدرۆ وڵسن» ناکا، مەگەر هێزی سەربازی بریتانی لە سوریا نەکشێتەوە. کەچی کاتێک هەردوو پیاوەکە لەسەر پرسی سنووری سوریا ڕێککەنەکەوتن، -ئاخر هەر یەکێکیان «تەدمور»ی بۆخۆی دەویست- لوید جۆرجیش ڕەتیکردەوە هێزی سەربازی لە سوریا بکێشێتەوە تا کۆمسیۆنەکەی «وڵسن» لە ڕاپۆرتی خۆی نەبێتەوە. ئینجا گوتی ئەویش ئەو کاتە کۆمسیاری خۆی بۆ کۆمسیۆنەکە دەنێرێ، ئەگەر «کلیمۆنسۆ» ناردی، ئەوە بوو پیاوە فەرەنسییەکەش نیازی نەبوو لەو بارەیەوە ڕۆڵێکی مەزن بداتە کۆمسیۆنەکە. بەم جۆرە کۆبوونەوەکە بە بێ ئاکام کۆتاییهات. هەرچەندە وەک باڵوێزی بریتانیا لە پاریس تێبینی ئەوەی کرد، سەرۆوەزیری فەرەنسا "بە بایەخێکی وەها ڕاستەقینە ناڕوانێتە سوریا"، کەچی ببووە پرسێکی شایستە و هیچ شتێکی وەهاش لەئارادا نەبوو تا «کلیمەنسۆ» وازیلێبێنێ.[١٨]

وەک بەرەنجامی بایکۆتکردنی هەردوو حکومەتەکەی بریتانی و فەرەنسی بۆ کۆمسیۆنەکە و لاوازکردنی، کاتێک کۆمسیۆنەکەی «وڵسن» لە ١٠ی حوزەیراندا گەیشتە فەڵەستین، تەنیا لە دوو کەسی ئەمریکایی پێکهاتبوو، ئەوانیش «هێنری کینگ» و «چارلس کرێین» بوون. «کینگ» کەسێکی تیۆلۆگ و «کرێین»یش بزنسمانێک بوو بەرژەوەندی لە سیاسەتی دەرەکییدا هەبوو، ئەو کەسێک بوو، بە وەسفی «وڵسن» کەسێکی "زۆر بە ئەزموون و

پیاوێکی کۆزمۆپۆلۆتی" بوو.[١٧] ئەرکی ئەوان ئەوە بوو، چۆن خاکی عەرەبی ژێر قەڵەمڕەویی عوسمانی دابەشبکەن و چۆن سێ ماندات بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابنێن بە ئامانجی ئەوەی "پرسی ئاشتی و پەرەپێدان و سیستم" بەرەوپێشەوە ببردرێ. ئەمەشی لە ڕێی ئەوەی لە خەڵکی خۆجێی بپرسن ئاخۆ چییان دەوێ؛ لە پرسکردنەکەشیاندا بەرەو باکوور هەڵکشان لە یافاوە بۆ ئۆرشەلیم و دیمەشق، لە بەیروتەوە بۆ حەلەب، کاتێکیش ئەوان لەوێ ڕۆیشتن، ژەنەڕاڵێکی بریتانی بە "ڕابواردنێکی سیاسییانە" وەها وەسفی کرد.[١٨]

هەرچەندە بریتانیا و فەرەنسی هەوڵیاندا لە ڕێی بەشدارینەکردن لە کۆمسیۆنەکە، کارەکەی بنکۆڵ بکەن، ئاخر دەیانزانی ئاکامەکەی لەسەر هەردووکیان قورس دەبێ. ئیدی وەک بەرەنجامێکیش کاربەدەستە بریتانی و فەرەنسی لەسەر مەیدان هەوڵیاندا کار لە ئەنجامەکانی کۆمسیۆنەکە بکەن. دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت یەکێ لە ڕاوێژکارانی کۆمسیۆنەکە بەناوی «ویلیەم ییێلە William Yale»ی نوێنەری کۆمپانیای «ستاندارد ئۆیل»ی ئەمریکی بوو بەر لە جەنگ، ئەوە بوو بریتانییەکان توانیان کارێکی وەها بکەن، هەردوو کۆمسیارەکە بۆ بەدواداچوون نەچنە میزۆپۆتامیا، لەباتی ئەوە بە پوختەی ڕاپۆرتێک سەبارەت بە ڕاو بۆچوونی عێراقییەکان سەبارەت بە پرسی ماندات قایلبن، کە بە مەیەلی لایەنگیریی بریتانیا شکایەوە. دەق قسەی یەکێ لە پیاوەکان لەنێو ڕاپۆرتەکەدا، کە هەر بۆ گاڵتە و پێکەنینیش ناونیشانی مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی لەسەرە، وەها هاتووە: "لەوێ سوننە و شیعە هەن. خەڵکی شار و هۆز و تیرە هەن. هەردەبێ دەسەڵاتێکی دەرەکی هەبێ تا ئاشتی نێوان ئەوان بپارێزێ."[١٩] یەکێکی دیکەش، کە وەڵامە بۆ وتەی یەکەم و ڕێگەی

لە هەموو گومانێک گرتووە، گوتی: "پێویستە بریتانیا بە خۆی فەرمانڕوایی وڵاتەکە بەڕێوە ببا."

لە فەڵەستیندا هەردوو کۆمسیارەکە تێبینی ئەوەیان کرد، "دوو یان سێ لە حاکمە عەسکەرییەکان پێدەچوو کردەیەکی وەهایان کردبێ، دەنگ بۆ بریتانیا پەیدابکەن،" بەڵام بەدەر لەوە هەستیانکرد کاربەدەستانی دیکەی بریتانی کە چاویان پێکەوتبوون "بەڕێز و گوێڕایەڵ و هاوکار بوون".[20] هەرچەندە «ییل» دواتر ئەوەی گوت، کە بەرپرسە کۆنەکەی لۆرانس، واتە «کلایتن»، کە ئەو کات بووبووە ئەفسەری سیاسی بەرپرس لە فەڵەستین، هەوڵیدا بەدواداچوونی کۆمسیۆنەکە سنوورداربکا بەوەی هۆشداری ئەوەیان بداتێ نەبنە مایەی دنەدانی گرژیی لە وڵاتەکە: "چونکە «ییل»، ئەگەر ئێوە هەر لایەنداریی‌یەک یان هەر کەمتەرخەمیتان نواند، ئەوا دەبێتە مایەی خوێنڕشتن."[21]

لە سوریا بریتانییەکان کە کۆمەکی مانگانەی فەیسەڵییان دەکرد، لێیگەڕان کارێکی قێزەون بکا. فەیسەڵ دوای گەڕانەوەی بۆ سوریا پەرلەمانێکی دامەزراند و ناوی لێنا کۆنگرەیی گشتیی سوریا. هەر لەوکاتەش کە «کرێین» و «کینگ» گەیشتنە دیمەشق، کۆنگرەکە دەنگی بۆ "سەربەخۆیی تەواو بۆ سوریا دا و بەمەش هەبوونی فەرەنسییەکانیان بە تەواوی ڕەتکردەوە.[22] کاتێکیش «ییل» ڕووبەڕووی ئەفسەرێکی دیکەی بریتانی بووەوە بەوەی گومان لە بریتانیا دەکرێ، کەوا "هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی بەرفرەوان و کارا لە دژی فەرەنسییەکان دەکا" ئەویش لە وەڵامدا گوتی: "بەڵی تۆ ڕاست دەکەی، هەڵمەتێکی پڕوپاگەندە لە دژی فەرەنسییەکان لە ئارادایە، بەڵام ئەوە هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە."[23]

لە کاتێکدا هەوڵ و تەقەللاکانی بریتانیا بە شێوەیەکی ڕێژەیی ژێربەژێر بوون، کەچی هەوڵ و تەقەللای فەرەنسییەکان بۆ

ڕاكێشـــانی ڕاوبۆچـــوونی خەڵـــك لە لوبنـــان وەك كۆمســـیارەكان گازانـــدەیان لێهەبـــوو" زۆر خـــراپ و ڕووهەڵمـــاڵراو بـــوو". لە ڕاپۆرتێكی نهێنی هـاوپێچی ڕاپۆرتە سـەرەكییەكەیاندا، «كینگ» و «كێیـر» فەرەنسـییەكانیان بە "دنەدانـی وتارگەلێک لە ڕۆژنامەكـان" تاوانبـاركرد، كە هەوڵـێكە بـۆ كەڵەگـایی و سوسـەكاری، ئەوان ئەوەشـیان نوسـیبوو؛ "هەڕەشـە و كـڕین، تەنـانەت بەنـدكردن و نەفیكـردنیش"ی تێدابوو، تـا ڕێگە لە خەڵكی خۆجێی بگرن نەوەك ڕاوبۆچوونی ڕاستەقینەی خۆیان بە كۆمسیارەكان بڵێن. سـەربارى ئەو هەوڵە تونـدانەش، ٦٠٪ی عەرزوحـاڵ كە گەیشـتە دەسـت «كینگ» و «كێیر»، دژە فەرەنسی بوون. وەك بەرەنجامێكی لۆبی و ئەزموونەكەیان، هەردوو كۆمسیارەكە لە دواییدا ڕاپۆرتی خۆیـان دا بەوەی "بە دڕدۆنگیـیەوە ناچـارن بـگەنە ئەو بـڕوایە، ئەسـتەمە ڕاسـپاردەی ئەوە دەربـكەن، كەوا هـیچ تـاكە مانـداتێكی فەرەنسـی بەسەر سورياوە سەربگرێ."[٢٤]

ئینجـا لە بـری ئەو عەرزوحـاڵانەی بە دەسـتی ئەوان گەیشـت، پێشـنیازی ئەوەیـان بـۆ وڵاتە یەكگرتووەكـانی ئەمریكـا كـرد، هەر خـۆی مانـداتی سـوریای یەكگرتـوو فەڵەسـتین بگرێتەئەسـتۆ، فەیسەڵیشیان بەوە وێناكرد، " بیچمێكی زۆر لەبارە و لە توانایدایە خزمەتێكی گەورە بە ئاشتی جیهان بكا" بۆ ئەوەی بكرێتە سـەرۆكی ئەو دەوڵەتە.[٢٥] هەروەك بریتانیـــاش داخـــوازی بـــوو، ئەوان ڕاسپاردەیان وا بوو، بریتانیای گەورە دەبێ ببێتە ماندات بەسـەر میزۆپۆتامیـاوە. ئینجـا بە جیـاوازی لەگەڵ هەڵوێسـتی پاشـتری ئەمریكاییەكـان بـۆ پشـتگیری زایـۆنیزم، ئەو دوو كۆمسـیارانە شێلگیرانە داوای ئەوەیان كرد، كە "بەرنامەی زێدەڕۆیی زایۆنیست" لە فەڵەسـتین ئەوەی لێدەخوازرێ " بە جـدی هەمـواربكرێتەوە" تـا ڕێ لە هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان عەرەب و جوو بگیرێ.[٢٦]

تەنـــــانەت بەر لە ٢٨ی ئـــــاب، واتە ئەو ڕۆژەی کە هەردوو ئەمریکاییەکە ڕاپۆرتەکەی خۆیان بخەنەڕوو، فەرەنسییەکان دیار بوو پێشبینی دەرچەی ڕاپۆرتەکەیان کردبوو، بۆیە بە ئەنقەست هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی توندیان لە دژی بریتانییەکان بەرپاکرد و ئەوانیـان بەوە تۆمەتبـار کـرد، گـوایە بە مەکرۆیـانە لەپشـت کـارەکەوەن. دیپلۆمـات («ڕۆبەرت دێ کـایس Robert de Caix»ی سەرکردەی کۆمیتەی ئاسایی فەرەنسییەکانیش وتارێکی لە بڵاونـامەی ڕێکخـراوەکەی خۆیدا نووسـی و کاربەدەسـتە بـێ پەیمانەکانی بریتانی بە تەکتیکی ژێربەژێر و پلانی پێشوەختەیان بۆ بنکۆڵکردنی ڕۆڵی فەرەنسییەکان تاوانبارکرد.[٢٧] ئەوەشی گوت، گوایە بریتانییەکان ڤیزایان نەداوتە عەرەبە لایەندارەکانی فەرەنسا تـا بگەڕێـنەوە و لـۆبی خۆیـان لەبەردەم کۆمسـیارەکاندا بـکەن، هەروەهـا گـوایە بریتانیـا ڕێـگەی لە قوتابخانەکـانیش گرتـووە تـا زمـانی فەرەنسـی فێـری قوتابیـان نەکەن، ئەو بەندوباوانەشـیان بڵاوکــردوونەتەوە، گـــوایە فەرەنســـییەکان تەنیـــا هەر بەدوای خۆشگوزەرانی خەڵکی کریستییانیەوەن.

زۆر لەو گوتـانەی «دێ کـایکس» زەحـمەت بـوون بسـەلمێنرێن، بەڵام ئەو قسـەیەی کەوا کاربەدەسـتە بریتانییەکـان فەرمانیـان بە ترومبێلی گواستنەوەی باربەر کردبوو، بەوەی گەنم لە سوریا بۆ لوبنـان نەگـوازێتەوە، ڕاسـت بـوو. لەم هەمـوویەدا «دی کـایکس» ئەوەی بینیبـــوو کە "بە سیســـتم وێرانکـــاری دەکـــرێ"، بەڵام ڕاســتییەکەی ئەوە بــوو، بریتانییەکــان هەوڵیانــدەدا بەســەر ئەو پاشاگەردانییەدا زاڵبن، کە پاشماوەی بەزیینی عوسمانییەکان بوو.[٢٨] «دی کایکس» ئەم بەرڕەوتەی پشتگوێخستبوو. هەر بە دانپێدانانی خۆی، ئەو کەسێکی (مانیزم)ی بوو. ئەو وەهای نووسیبوو: "**بۆ من لەم جیهانەدا تەنیا دوو شت لە گۆڕێدا هەن، ئەوەی کە خزمەتی**

**وڵاتەکەم دەکا و ئەوەش کە زیانی لێدەدا. من لەژێر هیچ چرایەکی دیکەدا لە پرسی سیاسییانە ناڕوانم."[٢٩]**

بڵاونامەکە ناسراو نەبوو، بەڵام «دی کایکس» خۆی کەسێکی کاریگەر بوو، یەکێ لە دیپلۆماتە بریتانییەکان لە پاریس وەهای نووسی: "ئەو بۆ هەر کوێیەک بچێ سەروتارنووسەکان بەدوایدا ڕادەکەن."[٣٠] کاتێکیش «لی تێمپس Le Temps»، ئەو ڕۆژنامەیەی بەوە ناسراوبوو، کە لە حکومەتی فەرەنسا نزیکبوو، دوبارە لە مانگی تەممووزدا وتارەکەی «دی کایکس»ی چاپکردەوە، هەوڵیدا قەناعەتێک لای لەندەن دروستبکا، بەوەی هێڵێک بکێشێ حکومەتی ڕێزلێگیراوی لەندەن لەگەڵ پیاوە سەرکێشەکانی لەسەر مەیدانی سوریا لەیەک جیابکاتەوە. ئەمەش ببووە خۆپارێزییەکی دیاری فەرەنسییەکان لەو سی ساڵەی بەدواییدا هات.

ئەو هەڵمەتە ڕۆژنامەوانییە فەرەنسییە ببووە مایەی ئاگادارکردنەوەی حکومەتی بریتانی، کە بەردەوام نیگەرانییەکانی سەبارەت بە تێکچوونی لەپڕ و تیژی پەیوەندییەکان لەگەڵ فەرەنسییەکان زیاتردەبوو لەوەی فشار هەر تەنیا بۆ ئەوە بکا بەڵکو چارەیەک بۆ عەرەبەکان، هاوپەیمانی کاتی جەنگ پەیدابکا. دیپلۆماتێکی فەرەنسی چوو «پیکۆن» ببینێ تا بیخاتە بەردەم ئەوەی "هەندێ لە هەڵمەتی دژە بریتانی خاوبکاتەوە، بەڵام وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنسا ڕەتیکردەوە وەها بکا. ئەو بە سووکایەتییەوە بە میوانە بریتانییەکەی گوت، کە "هەڵەیەکی گەورەیە بەرژەوەندییە سۆزئامێزەکەی فەرەنسا سەبارەت بە سوریا نادیدەبگیرێ."[٣١] ڕۆژنامەی «لی تێمپس» دوو ڕۆژ دواتر، وتارێکی دیکەی بڵاوکردەوە، بریتانییەکانی بەوە تاوانبارکردبوو، گوایە بارە کەشتییەکی گەورەی چەکوچۆڵیان لە ڕێی بەیروتەوە گەیاندۆتە دەستی «فەیسەڵ».[٣٢] هەندێک بنەمای ڕاستیش لەو

تۆمەتبارکردنەدا هەبوو، ئاخر بریتانییەکان هەوڵیاندەدا ژمارەی هێزی سەربازییان لە سوریا کەمبکەنەوە، بەوەی هێزێکی ژاندارمەی عەرەب دروستبکەن تا لە بری بریتانییەکان ئاسایشی ئەوێ بپارێزێ، بەڵام «لوید جۆرج» نکوولی لەوە کرد گوایە حکومەتەکەی هیچ چەکوچۆڵی دابێتە ژاندارمەکانی عەرەب.[٣٣]

لێرەدا پیاوێک هەبوو، هێشتا لەوە دڵنیا بوو، کە ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ بەربڵاوکردنەوەی کاریگەری دەستڕۆیشتنەکەی بۆ پشت بارەگای سەرەکی فەرەنسییەکان لە لوبنان بەکاربهێنێ. بەڵێ «لۆرانس» لە مانگی ئایاردا پاریسی بەجێهێشت و گەڕایەوە میسر تا ئەو سەرنجانەی کاتی خۆی نووسیبوونی، کۆبکاتەوە، چونکە بەنیاز بوو یادەوەرییەکانی هەڵمەتی جەنگ بنووسێ و بڵاوبکاتەوە. کەچی کاتێ لە مانگی حوزەیراندا گەیشتەوە قاهیرە، نامەیەکی سەیر و ئابڕووبەرانەی بۆ «و.ف. ستیرلینگ»ی هاوڕێی سەردەمی جەنگی نووسی، کە ببووە مەزنە ئەفسەری سیاسیی لەنێو هێزی بریتانییدا. لە نامەکەدا ئەوە دەڵێ؛ گوایە لە ١٩ی تشرینی دووەمدا لە لایەن ڕێنوێنە عەرەبەکەی، واتە لە لایەن «عەبدولقادر جەزائیری»ییەوە ناپاکی لێکراوە، لە کاتی هەوڵدان بۆ چاودێریکردنی دووڕیانی هێڵی ئاسنینی دەرعاوە لە لایەن تورکەکانەوە گیراوە.

"من بە دەمامکدراوی چوومە دەرعا تا چاودێریی خاڵە بەرگرییەکانی تورک بکەم، کەچی لەوێ گیرام. لە ڕێی ئاشکراکردنی ناسنامەم لە لایەن «عەبدولقادر»ەوە، ئەوە بوو لە لایەن «حاچم بیگ»ی دەسەڵاتداری ئەوێیەوە بەندکرام. (منیش لە ڕێی گفتوگۆ و لە ڕێی پاسەوانەکانەوە هەموو شتێکم سەبارەت بە ناپاکییەکەوە زانی.) «حاچم» منداڵبازێکی تاسەمەند بوو و مرخی لێخۆشکردبووم. بەم جۆرە تا شەو منی لەژێر چاودێری

پاسەوانەکانەوە هێشتەوە، ئینجا هەوڵیدا لەگەڵم بکا. منیش حەزم لێنەبوو، بە زەحمەتییەکەوە ڕزگارم بوو. «حاچم» منی ناردە نەخۆشخانە، منیش بە قەدەر مەزندەی ئەو ئازارم پێنگەیشتبوو، بۆیە بەر لە کازیوەی بەربەیان تێمتەقاند و هەڵاتم."

لێرەدا بەڵگەی باش بەدەستەوەیە، کە لۆرانس ئەو چیرۆکەی داهێناوە و بە ئەرخاینەوە بڕیارەکەی داوە تا «عەبدولقادر ئەلجەزائیری» بە نیازی پێشوەختەوە بە ناپاکی تاوانبار بکا. ئاخر ئەلجەزائیرییەکان دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو وماڵباتێکی مجێزبەرزی دیمەشق بوون، خۆی بڕیاروابوو جێ بە فەیسەڵ لەقبکەن. لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨شدا لۆرانس براکەی عەبدولقادر، کە ناوی «محەمەد سەعید ئەلجەزائیری» بوو لە فەرمارەوایەتی لادا، ئەو کەسەی دوای ئەوەی تورکەکان لە دیمەشق هەڵاتن، ئەویان بە فەرمانڕەوا دانابوو. کاتێکیش لە ڕۆژانی دواتردا، جووتەبرا لە تۆڵەدا کودەتایەکیان کرد، لۆرانس کودەتاکەی سەرکوتکردەوە. «عەبدولقادر» لە هەوڵێکی دیکە بۆ لەسەر تەخت لابردنی فەیسەڵ کوژرا، پاشان هەرزوو «محەمەد سەعید»یش لە لایەن بریتانییەکانەوە بە دیل گیرا.

مەبەستی پاڵنەری لۆرانس بۆ تێوەگلاندنی «محەمەد سەعید» بەوەی بەشداری هەراکە بووە، زۆر سادە بوو. بە بەدەنگەوەچوونی هۆشدارییەکەی، ئەو حاکمە سەربەگۆبەندەی پێشوو ئازاد کرا و ئیدی بە شێوەیەکی بەربڵاو زانرا، کە بۆ بنکۆڵکردنی فەیسەڵ لە هەوڵوتەقەلادایە، ئاخر ئەو لە لایەن فەرەنسییەکانەوە وەک دەسەڵاتداری ئایندەی سوریا پشتی دەگیرا، بەو ئومێدەی لە دواییدا فەرەنسییەکان لەسەر ئەم کردەنیازەدا پاداشتی بدەنەوە.[٣٥] فەرەنسییەکان دەق هەر وەهایان کرد، هانی «محەمەد سەعید»یان وەک جێگرەوەیەکی «فەیسەڵ» دا، بۆ ئەم

مەبەســـتە پشـــتیانگرت. بریتانییەکـــانیش بەردانـــی «مـــحەمەد سەعید»یان بە دەرفەت و وەک بەڵگەوبەندێکی باش زانی تا هەم لەگەڵ عەرەب هەم لەگەڵ فەرەنسییەکانیش ئاشتببنەوە.

شـتێکی بەرچـاویش بـوو، «سـترلینگ» بـڕوای بە قسـەکانی لـۆرانس هەبـوو، هەر بـۆیە لە ١٥ی ئـابی ١٩١٩ەوە بریتانییەکـان جارێکی دیکە لە بەیروت «محەمەد سەعید»یان گرتەوە؛ هەر یەک دوو ڕۆژیـش دواتـر ڕۆژنـامەی «تـایمز» ڕەوایەتـی بە بڕیـاری گـرتنەکە دا، بەوەی چەنــدین تــۆمەتی لۆرانســی ســەبارەت بە گیراوەکە سەلماند، ئەو تۆمەتانەی دوو بە دوو، وشـە بە وشـە بە گـــوێی «ســـترلینگ»دا چرپانـــدبوو.[36] فەرەنســـییەکان بەو دەسـتوەردانەی بریتانییەکـان، کە لەنێـو ئەو بـازنەیەی کـاتی خـۆی «ئەلنبی» بۆ فەرەنسییەکانی دیارکردبوو، شێت و هـار بوون. هەر بۆیە «پیکۆن»ی وەزیری کاروبـاری دەرەوەی فەرەنسا فەرمـانی بە بـاڵوێزەکەی خـۆی لە لەنـدەن کـرد، سـکاڵاکەیان سـەبارەت بە گرتنــی کــابرا بگەیەنێــتە دەســەڵاتی بریتانیــا و گرتنەکەیــان بە "نمایشێکی قبوڵنەکراو" بۆ پارێزراوەکەیان وێناکرد.[37]

لۆرانس هەوڵێکی دیکەی سەرنەکەوتووی دا بەڵکو هەوڵەکانی فەرەنسـا بـۆ چـاوتێبڕین لە سـوریا بنکۆڵبکـا. کاتێـک ئەو لە ١ی ئەیلوولەوە لە خزمەتی سووپا تەسریح کرا، هێشتا بەدوای گێچەڵـی زیـاتر گەڕا تـا گڕژی لەگەڵ فەرەنسـییەکان کشـتبکاتەوە، ئەوە بـوو بڕیاریـدا ڕێککەوتـنە نهێنییەکـانی سـەردەمی جەنـگ ئاشـکرابکا، ئەو ڕێککەوتننامانەی بریتانییەکان بەشێک بوون تێیدا، ئەم کارەشـی لە ڕێـی نـامەیەک بوو، کە بـۆ ڕۆژنـامەی «تـایمز»ی نـارد، هەرچەنـدە ئەم زانیارییانەش بۆ نێو بـازنەی کاربەدەسـتانی حکومەت شـتێکی زانـراو بـوو، بەڵام هێشـتا بـۆ ڕای گشـتی نەزانـراو بـوو. ئەو ئەم کـارەی لەبەر ئەوە کـرد، چـونکە دیـار بــوو وتــووێژی هەردوو

حکومەتی بریتانی و فەرەنسی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەو مانگەدا دەستیپێدەکردەوە، ئەویش خوازیار بوو فشاری زیاتر بکا، بەڵکو فەیسەڵ لەم پێواژۆیە بگلێنێ.[٣٨]

ئەم جارەشیان دیسان لۆرانس بۆ هەوڵەکانی دواکەوتوو بوو. ئاخر لە ٩ی ئەیلوولدا، واتە هەر دوو ڕۆژ بەرلەوەی «تایمز» نامەکەی لۆرانس بڵاوبکاتەوە، «لوید جۆرج» کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ پێنج لە ڕاوێژکارە هەرە نزیکەکانی کرد، تا دانوستانە هاتووەکانی لەگەڵ کلیمەنسۆدا تاوتوێبکا. ئەو شتە گرنگەی لە مێشکی هەموویاندا بوو، فشارکردن بوو بۆ دەستگرتن بە پارەوە. بارۆنەکانی ڕۆژنامەگەریی، برایانی «هارمسوۆرسHarmsworth» لەم دواییانەدا هەڵمەتێکیان بۆ "دژەخەرجی" دەستپێکردبوو تا دەست بە خەرجییەکانەوە بگرن. ئیدی لەنێو ئەو بانگەوازانەی بۆ دەستپێوەگرتن بە پارە دەکرا، «لوید جۆرج» و هاوکارەکانی ئەوەیان زانی، ڕاگرتن و هێشتنەوەی ٣٠٠،٠٠٠ سەرباز لەسەر خاکی ئیمپراتۆریەتی پێشووی عوسمانی، ڕەوا نییە. «کرزۆن» پێشبینی ئەوەی کردبوو، ئەم کێشەیە دەبێتە مایەی ئەوەی بریتانیا بە پەلە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکشێتەوە بە قوڕسیش لەسەریبکەوێت، ئیدی ڕاوێژی ئەو ئەوە بوو بریتانیا هەردوو شوێنەکە، سوریا و فەڵەستین جێبهێڵێ "لە کاتێکدا هێشتا ئەگەر هەبوو ئەم کارە بکرێ".[٣٨]

هەر چۆنێک بێ، «لوید جۆرج» ئەوەی نەدەکرد، دەستی لە فەڵەستین هەڵنەدەگرت. ئاخر بە توندی لەسەر ناوچەکە لەگەڵ «کلیمەنسۆ» شەڕی کردبوو، ئەو ئەوەی گوت، کە ناتوانێ "بەبێ لەدەستدانی شکۆیەکی گەورە" دەست لەوێ هەڵگرێ، بەم دەربڕینەش مەبەستی شکۆی کەسەکی خۆی بوو.[٤٠] ئیدی ڕێنمایی خۆی بۆ وەزیرە نوێیەکەی کاروباری جەنگ «چەرچل» دەرکرد،

بەوەی خەرجییەکـــانی هەبـــووی هەنووکەیـــان لە میزۆپۆتامیـــا کەمبکاتەوە. پێشنیازی ئەوەشـی کـرد دەست لە سـوریا هەڵبگرێ، هێـــزی ســــەربازی لەوێ بکێشـــێتەوە فەڵەســـتین، ئەوێ بـــۆ فەرەنسییەکان و فەیسەڵ جێبهێڵی، چیدەکەن بیکەن.

لە ٩ی ئەیلوولـدا «لویـد جـۆرج» نەخشـەکەی خـۆی دارشـت. مشتومڕی ئەو لەسەر ئەوە بوو" دەکرێ ئێمە متمانەی هەردوو لا، هـی فەرەنسـی و عەرەبەکـان بپارێزین. ئەگەر دەسـتمان لە سـوریا بەردا، مـۆڵگە و سـەربازگەکانی ئەوێمـان ڕادەسـتی فەرەنسـییەکان دەکەیـن و لە هەمـان کاتیشـدا دیمەشـق، حمـس، حەمـا و حەلەبیش دەدەینە دەست فەیسەڵ. خۆ ئەگەر فەرەنسـییەکان کێشـەیان لەگەڵ فەیسـەڵ پەیـدابوو، نـابێتە هەڵەی ئـێمە."[٤١] بـۆ ڕۆژی پاشـتر سـەروەزیر و ڕاوێژکارەکـانی تـاوتوێی ئەو شـتەیان کـرد، ئـاخۆ سنووری نێوان سوریا و فەڵەستین دەکەوێتە کوێ. «لوید جۆرج» لە پێشدا و بە خۆشی و ڕاشکاوانە باسی ئەوەی کرد، کە سنووری فەڵەستین بە خەتێک لە "(دان)ەوە تـا بیئرئەلسـەبعە" درێژدەبێتەوە، بەڵام خاڵی لاوازی داڕشتەی تەوجیل[٤٢] ئەوە بـوو، کەس نەیـدەزانی «دان» کەوتـۆتە کـوێ.[٤٢] لەدواییـدا و پـاش گفتوگـۆیەکی چڕوپـڕ، نامرادانە «لوید جۆرج» بە «هانکی» گوت، زەنگێک بۆ لەندەن لێبدا و لە دوو خاوەن دەزگای چاپی کریستیانی بپرسـێ ئاخۆ پێناسـەی تەوجیل بۆ فەڵەستین چییە.

یەکێک لە ڕاوێژکـارە بریتانییەکـان دانیبەوەدانـا؛ "ئەوەی ڕاسـتی بـێ، هەر دابەشـکردنێکی وڵاتـی عەرەب لە نێـوان حەلەب و مەککە شـــتێکی ناسروشـــتییە، بـــۆیە هەر پارچەپارچەکردنێـــک دەبـــێ بەگوێرەی داخوازییە کردەییەکان بڕیاری لەبارەوە بدرێ. ستراتیژ

---

٤٢ تەوجیل: مەبەست بایبلە، کورتکراوەی هەردو وشەی تەورات و ئینجیل.

باشـترین ڕێنـوێنه."[٤٣] ئیـدی بەڕێڕۆیشـتن لەگەڵ ئەم هـێڵە، زۆر لە نیگەرانیـــیە هاوچەرخەکـــان بڕیـــاردەرن نەوەک کتێـــبە کـــۆنینە پیـــرۆزەکە، ئـــاخۆ خـــاڵی کشـــانەوەی هێـــزی بریتـــانی، کە بـــۆی بکشـێتەوە، دەکەوێتە کوێ. پێشـهاتە خێراکەی هێزی ئاسمانی لە ماوەی جەنگەکەدا وای لە نووسینگەی جەنگ کردبوو، بیر لە باری بەرگریکـردن لە نۆکەنـدی سـوێس دژی هەر هێرشـێکی ئاسـمانی بکاتەوە. «ئەلنبی»ش جاڕیدابوو، کە سنووری باکووری فەلەسین لەوانەیە بکەوێتە خـوارووی بەنـدەرە دێرینەکەی «سـوور/ صـور Tyre»، گومـــان دەکـــرا لە دەوروبەری ٢٠٠ میـــل لە دەمـــی نۆکەنـــدەکەوە بـــێ. کـــاتێکیش لە کۆتاییـــدا بـــۆ ڕۆژی پاشـــتر دەسـەڵاتداری هەرێمەکە چـوووە نێـو کۆبـونەوەکە تـا دوا خەتـی سنوورەکە بکێشرێ، وەنەبێ ئەو پسپۆڕێکی بواری کتێبە دێرینەکە بووبێ، بەڵکو بەڕێوبەری کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی بوو.

دوای ئەوەی تەداروکـی بریتانیـا بـۆ سنوورکێشـانەکە لەسـەر نەخشـە تەواو بـوو، کە ڕێـگەی بە هێـزی سـەربازی بریتـانی دا دەستی بەسەرچاوەی ئاو ڕابگا و پاڵپشتێکیش بێ بۆ هێڵی ئاسنینی بـاکووری میزۆپۆتامیـا تـا دەگـاتە سـەر دەریـای سـپی ناوەڕاسـت. ئەوسـا لویـد جـۆرج پەیوەنـدی بە «کلیمەنسـۆ»وە کـرد و داوای کۆبـوونەوەی لێکـرد. ئینجـا بەم شـێوە قسـەی لەگەڵ هاوتـایە فەرەنسییەکەی کرد؛ "بۆ ئێمە دۆستایەتی فەرەنسە دە جاران لە سوریا شایانترە."[٤٤] ئەو پێشنیازی ئەوەشی کرد، بەڵکو فەیسەڵیش بێتە نێو تـاوتوێکردنی ڕێکخستنەکە، بەڵام سـەرۆوەزیری فەرەنسـا، فەیســەڵی وەک لێبــوکێکی بریتانیــا بینــی، بــۆیە بیــرۆکەکەی ڕەتکردەوە. لە ١٣ی ئەیلوول لە پاریس «لوید جۆرج» بە فەرمی

بە «کلیمەنسـۆ»ی ڕاگەیانـد، هێـزی سـەربازیی بریتـانی لە ١ی تشرینی دووەمەوە لە سوریا دەکشێتەوە.

دوو ڕۆژ دوای ئەوە، لۆرانس دوایین یاداشتی دایە نووسینگەی کاروبـاری دەرەوە، تێیـدا پێشـبینی ئەوەی کردبـوو، دەسـتورەدانی پێشوەختەی فەرەنسا لەنێو بازنەی عەرەبدا "بە تەنیا دەبێتە مایەی یەکگرتنی عەرەب دژی ئێمە."[٤٥] ئەوەشی پێشـبینیکردبوو، حکومەتی بریتانیـا ئەم شـتە بە پرسـی خـۆی نـازانێ، ئەو بە وردبینیـیەوە هۆشداریشی بە هاوکارەکانی دا، ئەگەر هاتوو کارێکی وەها نەکەن، کە بە شێوەیەکی زیاتر عەرەب بگلێننە نێو حکومەتی میزۆپۆتامیا، ئەوا "لە سـەروبەندی مـانگی ئـازاری دادێـدا" لەوێ دۆخەکە دەتەقێتەوە. ئینجا ئەو لەندەنی بەرەو ئۆکسفۆرد بەجێهێشت، لەوێ لە «کۆلیژی سۆولس Souls College» زەمـالەیەکی خوێندنی پێـدرابوو. ئەو بەنیـازبوو بیرەوەرییەکـانی جەنـگ تەواوبکـا، بەڵام کەنەفـت و خەمـۆکی بـوو، ئەو ڕۆژگـارەش بەردار نەبـوو. دواتـر دایکـی ئەوەی باسـکرد؛ "هەنـدێک جـار تەواوی بەیـانییەکە لەنێـوان چێشـتەنگاو تـا کـاتی فراوین هەر لە شـوێنی خـۆی دادەنیشت، بـێ ئەوەی لەجێـی خـۆی بجـووڵێ و بە هەمـان دەربڕینـی سـەر ڕوخساریشی دەمایەوە".[٤٦]

وەک لـێکەوتەی ڕەتکـردنەوەی کلیمەنسـۆ بەوەی فەیسـەڵیش لە وتووێژەکەیان ئامادەبێ، لوید جۆرج لە بارەگـای داونینگ ستریت ژمـارە ١٠دا تەنیـا ئەوەی بە سـەرکردە عەرەبەکە گـوت، کە نەخشـەی وایە دوای شـەش ڕۆژی دیـکە لە سـوریا بکشـێتەوە. بەگـوێرەی گەواهیـدەرەکان بـێ سـەروەزیر "ئەو بە شـێوەیەکی ئەکرۆباتیانە و قسـەی زۆری کرد و کەمیشـی دەردا" و کـاریگەریی لەسـەر فەیسـەڵ جێنەهێشـت.[٤٧] ئینجـا فەیسـەڵ نیگەرانـی خـۆی

دەربڕی بەوەی فەرەنسییەکان جێگەی بریتانییەکان پڕدەکەنەوە و بە «لوید جۆرج»ی گوت، کەوا چۆن لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کۆیلە "مافی ئەوەی هەبوو، داوای ئەوە بکا بفرۆشرێتە سەردارێکی دیکە. ئیدی هیوای وەها بوو لە سەدەی بیستەمیشدا بە لای کەمیەوە ئەو مافە مابووایە."[٤٨] لە کۆبوونەوەی دواتردا «لوید جۆرج» ڕووقایمانە بە فەیسەڵی گوت؛ گەلی بریتانی ناخوازێ زیاتر ئەرکی خەرجی زۆری سەربازەکانی لە دەرەوە بکێشی: بۆیە هەرچۆنێک بێ، لە سوریا دەکشێنەوە.

وەنەبێ لوید جۆرج بەم کارەی هەر بە تەنیا فەیسەڵی زویرکردبێ؛ کاتێ «کلیمەنسۆ» زانی، هاوتا بریتانییەکەی خاکی ناوەوەی سوریای ڕادەستی عەرەبەکان نەوەک ئەو کردووە، زۆر دەهری بوو. ئاخر سەروەزیرە فەرەنسییەکە لە نێورەڕاستی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بوو، پارتی کۆلۆنیالی ڕکابەریشی لەسەر مەیدان لەپێشەوە بوون. ئیدی بۆ کەمکردنەوە لە زیانی هەواڵی سوریا، «کلیمەنسۆ» هەڵپەی ئەوەی کرد ڕایبگەیەنێ کە ژەنەڕاڵێکی خۆشەویست «هێنری گۆرۆ Gouraud Henri»ی وەک کۆمسیاری باڵا بۆ ڕۆژهەڵات داناوە. «گۆرۆ» ناوی بەوە پەیداکردبوو، کە دەستێکی باڵای لە سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنی دژی دەسەڵاتی فەرەنسی لە باکووری ئەفریقادا هەبوو. بۆ ئەوەی زیاتر مەیلی کۆلۆنیالەکانیش بەلای خۆیدا ببا، «دە کایکس»ی سەرۆکی کۆمیتەی ئاسیای فەرەنسیشی کردە سکرتێری باڵای «گۆرۆ».

کاتێکیش «لوید جۆرج» پشنیازی ئەوەی کرد بەڵکو «گۆرۆ» بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان فەیسەڵ ببینێ، «کلیمەنسۆ» لە تورەیان تەقییەوە. بەو بڕوایەی ئەو کشانەوە پێشوەختەی بریتانیا

بە دەستی ئەنقەستە، بۆ ئەوەیە تا چوونی هێزی فەرەنسی پەکبخا، بۆیە لە ١٤ی تشرینی یەکەمدا بروسکەیەکی تووڕەی بۆ سەروەزیری بریتانی لێدا، تێیدا پێداگربوو، کە ئەم جوولەیەی بریتانیا دژی پابەندبوونەکانی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆیە بەوەی بریتانیا و فەرەنسا دەکرێ دەوڵەتێکی عەرەب "بپارێزن". هەروەها ئەو هێرشی کردە سەر پشتگیری بریتانیا بۆ فەیسەڵ. بە تووڕەییەوە نووسی: "ئاخر چۆن باری ئاسییکردنەوە دۆستایەتی لەگەڵ میرێک دەگونجێ، کە ئەگەر ئەو پیاوە داوای سەروەری تەواوی خاکی سوریا بکا و هەر لەژێر پاریزبەندیی ئینگلیزیش بمێنێتەوە؟"[٤٩]

بروسکەکەی «کلیمەنسۆ» بە نۆرەی خۆی «لوید جۆرج»ی تووڕە کرد، ئاخر ئەو داوایەی، کە لە ژێر بەندی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا هاتووە؛ فەرەنسا "دەوڵەتێکی عەرەبی دەپارێزێ. خۆ ئەو وشەیەی لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە «پشتگیرییە upho/soutenir»ە، ئەمەش بە تەواوی ئاماژەپێکردنێکی جیاوازە" لە وشەی پاراستن. ئاخر لوید جۆرج بەر لەوەی «کلیمەنسۆ» بە "هەڵوێستی گوماناوی و ئۆپۆزسیۆنی نەخوازراو" تاوانباربکا، ئەوەی بە ڕاستی بۆ دەرکەوتبوو، کە ڕێیتێدەچێ "سەربکێشی بۆ هەرا و پشێوی درێژخایەن لەسەر خاکی عەرەب".[٥٠] ئەمەش مایەی خەمی ئەو بوو، چونکە چەند کێشەکان گەورەتر بن، ئەوەندە پێویستی بە هێزی سەربازیی زیاتر دەبێ تا بارودۆخەکەی فەڵەستین و میزوپۆتامیا لە بندەستی خۆیان بهێڵنەوە.

«کلیمەنسۆ»ش هەندێ نەرمی نواند. دوای ئەوەی بریتانییەکان هێزی خۆیان کشاندەوە، ڕێگەی ئەوە درا لە پاریس «گۆرۆ» چاوی بە فەیسەڵ بکەوێ. لەسەر خوانی ئێوارەدا و بە گوێرەی

قسەی فەیسەڵ بێ، ژەنەڕاڵ دانی بە وەدا نا، کە دەکرێ عەرەب لێنەگەڕێ وڵاتەکەیان دابەشبکرێ، بەڵام هۆشداری دایە فەیسەڵ، ئەگەر لە پێناوی تەکوزی[٤٣] پێویست بکا لە سوریا خوێن بڕێژێ، ئەوا هیچ دوودڵی لێناکا. لە ١٦ی تشرینی دووەمیشدا داوای لێکرا ئیدارەی فەرەنسی بەسەر سوریادا بگرێتەدەست.

بەر لەوەی «گۆرۆ»ش بۆسەر کارەکەی بچێ، «کلیمەنسۆ» ڕاشکاوانە پێیگوت: "ئەرکی تۆ دامەزراندنی مەڵبەندێکی کاریگەریی فەرەنسییە لەنێو دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا... پۆیلو poilu[٦١] خۆمان لە هەر شوێنێک دابنێ، کە تۆمی Tommy[٤٤] ئەوانی لێبووە. من دەزانم کە تۆ بۆ ئەوە هەڵنەبژێردراوی تا بچیتە ئەوێ، بەڵام خۆ دوو جۆرە پیاو هەن: ئەوانەی خۆیان لەپێش وڵاتەکەیان دادەنێن و ئەوانی دیکەش. منیش دەزانم تۆ لە ئەوانەی دواتری. دەی بڕۆ (*allez*) !.[٥٢]

---

٤٣ تەکوزی: نیزام.. ئۆردە.

٤٤پۆیلۆ واتە سەربازی فەرەنسی و تۆمیش سەربازی بریتانی.

# بەشی دووەم

# گرژییەکانی نێوان هەردوو جەنگەکە
# ١٩٢٠-١٩٣٩

# ٧
# خاچدارەکە

«ژەنەڕاڵ هێنری گۆرۆ»، کۆمسیارە نوێیەکەی فەرەنسا لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩١٩دا بۆ ئەوەی لەگەڵ فەیسەڵ ڕێکبکەوێ و مۆری دەسەڵاتی فەرەنسی لە نێوچاوانی سوریا بدا، گەیشتە بەیروت. لەوێ لە لایەن حەشاماتێکەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، پێدەچوو ئەم نمایشە دەستبەجێیە کاری پێشتری ئەفسەرە سیاسییەکانی فەرەنسی ئەوێ بێ.[١] «گۆرۆ»ی تەمەن ٥٢ ساڵە، پیاوێکی کورتەبنەی تێکچەقیوی و چاوکەسک بوو. یەکێ لە دیپلۆماتە بریتانییەکان بە دروستی وەهای وەسفکرد؛ "کابرایەکی ئاگراوی ڕیشداری یەکدەستی توند و زبر".[٢]

سەربردەی لەدەستدانی باسکەکەی شتێکی ئەفسانەیی بوو. بەر لە چوار ساڵ پێشتر، کاتێک لە «گالیپولی»دا سەرکردایەتی هێزی فەرەنسی دەکرد، بە سەختی بەهۆی تەقینەوەی تۆپێکی تورکییەوە بریندار بوو، برینەکەشی لێ پیسببوو. لە تیمارخانەی سەر گۆڕەپانەکە پێیگوترا: ژەنەڕاڵ، بێگومانین لەوەی برینەکە نیشانەی گانگرینە، تۆ دەبێ بەوە ڕازی بی، باسکەکەت ببڕینەوە، یاخود هەر ئەم ئێوارەیە بمری. ئەویش بە زۆرلەخۆکردنێک بە خەندەوە وەڵامیدایەوە؛ "ئای لەو داوایە. من دەزانم هیچ کەس لەم ئێوارەیەدا نایەوێ بمرێ. تۆش هەر ناتەوێ بمرێ، بێ سێو دوو منیش هەر هیچ."[٣]

بە هۆی برینەکانییەوە «گۆرۆ» هەم دەستی لەدەست دا و هەم دەششەلی، بەڵام خۆ هیچ کام لەم دووانە وای لێنەکرد، نەگەڕێتەوە بۆ بەرەکانی جەنگ. لە تەممووزی ١٩١٨دا و لە سەرکردایەتیکردنی

لەشکری چوارەمی فەرەنسییدا، ئەو لە ڕەتدانەوە و بەرپێگرتنی هێزی ئەڵمانەکان لە هەڵمەتی ناوچەی پاریسدا سەرکەوتوو بوو. بۆ ئاماژەش بەوەی سەرکەوتنەکەی چەند مەزن بوو، بە ماوەیەکی کەم دوای شەڕەکە، «کلیمەنسۆ»ی سەروەزیر، کە بە گشتی حەزی لەوە بوو بەخێرهاتنی هەر کەسێک بە تۆقەکردن و دەستگوشین دەرببڕێ، ئیدی بە سۆزدارییەکەی نائاساییەوە بەخێرهاتنی لە ژەنەڕاڵەکە کرد، لەوانەشە هەر لەبەر ئەوەی «گۆرۆ» دەستێکی نەمابوو. «گۆرۆ» دواتر وەها باسیکرد؛ "ئەو ٢٠ ماچی لێکردم، لە ڕوومەت، لە چاو لە تەوێڵ."[٤] ئێستاش کە پارتی کۆلۆنیالی لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی تشرینی دووەمی ١٩١٩دا براوە دەرچوو، سەروەزیر وەها لە "شێری هەڵمەتی جەنگەکەی" ڕوانی، بەڵکو جارێکی دیکە تێهەڵچێتەوە و ڕزگارییبکا.

پیاوێکی سەڵت، سەربازێکی خواپەرست و قەشەئاسایەکی تەرکەدونیا، ئەو خۆی وەک خاچپەرستێک دەبینی. لە چاوەکانی ئەودا، نەخاسمە کاتێک گەیشتە بەیروت، وەک ئەوەی بەدوای هەنگاوەکانی کەشیشە جەنگاوەرە فەرەنسییەکانی بە ڕێدا بڕوا، ئەوانەی هەشت سەدە پێشتر بە پیر بانگەوازەکەیانەوە چووبوون، هەر لە دوورەوەش کە قەڵا و چەپەرەکانیان لە سەر گردەکانی لوبنان و سوریا بە دارزەیتون داپۆشرابوون، بەدیدەکران. یەکێک لە باشترین ئەفسەرەکانی ئەو بە ناوی «جۆرج کاترۆ Georges Catroux»، کۆمێنتەکەی ئەوە بوو، کاتێک ژەنەڕاڵ قاچی خستە سەر خاکی بەیروت وەک "کریستیانێک، وەک سەربازێک و ڕۆمانسییەک" لە سوریای ڕوانی.[٥] لە ژوورە سادە (سپارتا)یەکەی خۆی، کە تەنیا بە وێنەی دایکی ڕازابووەوە، داخوازیی فەرەنسییەکانی بۆ شارەکە بەدیکرد، کە هەرگیز خاچدروشمەکانی

بەریّ پێینەگەیشــتبوون. هەروەک «کــاترۆ» داینــابوو، وەنەبــیّ دیمەشـق بە تەنیا هەر شـاری سروشـی «سـەنت پۆلس» بـووبیّ، بەڵکو ئەو قەڵایە نەشکاوە بوو، لە بەرانبەر هێرشـی فەرەنگی ئەو کــات خــۆی گــرت و نەشــکا، دیمەشــق پایتەخــت و مەزارگەی ســەلاحەدینی مەزن، ســوارچاکی ســەرکەوتوو بــوو لە شــەڕی «حەتــین» بەســەر «لوســیگنان Lusignan»[45]دا". بە قســەی «کاترۆ»، «گۆرۆ» "لە سەرباز زیاتر بوو."[6]

کاتیّ «گۆرۆ» گەیشتە بەیروت، ئەوەی ڕاگەیاند، سەرکەوتن لە ئەوروپا دەستی هێزی سەربازی فەرەسی کردەوە کە بێتە سوریا، بەڵام ڕاستییە سادەکە وەهـابوو، ئەو هێـزە بەردەسـتەی ئەو هـی ئەوە نەبــوو، ڕێنماییەکــانی «کلیمەنســۆ»ی لەســەر زەوی پــیّ جێبەجێبکـا، بەوەی لە جـێگەی هەر ســەربازێکی بریتـانی یەکێکـی فەرەنســی دابنــیّ. ئــاخر هەر بە ئاســتەم هێــزەکەی ئەو خــۆی لە ٣٠٠٠٠ ســەرباز دەدا.[7] کــاتێکیش هێـزی ســەربازیی بریتانیـا لەویّ کشـایەوە، بە ئاسـتەم هێـزە بچـووکەکەی فەرەنسـا تـوانی جـێگەی بگــرێتەوە، چــونکە هەروەک ئەفســەرێکی فەرەنســی بیــریکەوتەوە؛ "ئێمە نەماندەتوانی بەتالیۆنێک لەو شوێنانە دابنێین، کە بریتانییەکان پێشتر وایان کردبوو."[8]بەگوێرەی قسـەی کاربەدەسـتانی «گـۆرۆ»؛ "لە ڕۆژهەڵات لەبــری نیشــاندانی هێــز، ئــێمە لایەنــی لاوازییمــان نمایشکرد."[9]

---

٤٥ گـای دیّ لوسـیگنان: لە فەرەنسـییەکانی پۆشـیۆن بـوو، بـۆ مـاوەیەکی کـورت پاشـای ئۆرشــەلیمم بــوو تــا ئەو کــاتەی ســەلاحەدین لە جەنگــی حەتــین لە ٤ی تەمموزی ١١٨٧دا بەزاندی. ئەوسا لە مانگی تشرینی یەکەمدا سەلاحەدین گەمارۆی ئۆرشــەلیمی دا، ئیدی شـارەکە تـا ١٩١٧ تـا ئەو کـاتەی ئەلنبی گرتی، نەکەوتەوە دەست کریستیانەکان. نووسەر

ئەمەش پرسەکە بوو، چونکە «گۆرۆ» لە سنووری باکور و ڕۆژهەڵاتی ناوچەی باکوورەوە، کە لە بندەستی فەرەنسییەکاندا بوو، ڕووبەڕووی کێشە بووەوە. لە لای باکورەوە هێزەکانی ئەو لە سیلیسیا – کە ئێستا باشووری ڕۆژئاوای تورکیایە- لە لایەن ناسیونالیستە تورکەکان بە سەرکردایەتیی ژەنەڕاڵی هەڵکەوتوو «مستەفا کەمال» هێرشیان کرایەسەر. هەرچی لە لای ڕۆژهەڵاتیشەوە بوو، بریتانییەکان دۆڵی بیقاعیان دابووە دەست عەرەب، هەرچەندە ئەم ناوچەیە بە گوێرەی مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ بەشێک بوو لە ناوچەی شین، واتە ناوچەی فەرەنسییەکان.[10] ئەم دۆڵە بەپێتەش کلیلی جموجۆڵی هەریەک لە ناوچەی فەرەنسی و عەرەب بوو، هەر بۆیە گرژییەکان لە نێوان هێزەکانی عەرەب و فەرەنسییەکان لە ناوچە نزیکەکانی دۆڵەکە تاویانسەند.

«گۆرۆ» بۆ گرتنی بیقاع تاسەمەند بوو، کەچی «کلیمەنسۆ» لەگەڵ ئەوەدا نەبوو بۆ ئەوێ بجووڵێن، ئەو دەیەویست "سیاسەتێکی میانڕەوانە" پەیڕەوبکا، ئەمە لە کاتێکدا گەیشتبوونە جۆرە ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ فەیسەڵ، هەڵبەتە دوای ئەوەی فەیسەڵ لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ «لوید جۆرج» لە لەندەن بە دڵڕەنجاوی گەڕابووەوە.[11] هەرچەندە فەیسەڵ ئەو خستنەڕووەی فەرەنسییەکانی ڕەتکردەوە، بەوەی فەرەنسا تەواوی سوریا بخاتە ژێر جڵەوی خۆیەوە، کەچی «کلیمەنسۆ» هێشتا گەشبین بوو بەوەی ئەگەری ڕێککەوتن هەیە. لە ٩ی کانونی یەکەمدا بە «گۆرۆ»ی گوت، هەرکاتێک لەگەڵ فەیسەڵدا گەیشتە ڕێککەوتن، ئەوا "لە بەرژەوەندی ئێمەدایە بایەخی پێبدرێ و متمانەی پێبکرێ."[12]

متمانەی فەرەنسا بە فەیسەڵ کورتخایەن بوو. لە ١٤ی کانونی یەکەمدا هێزەکانی عەرەب و فەرەنسییەکان لە بیقاع لە یەکیان دا، ئەمەش بەهانەی خستە بەردەستی «گۆرۆ» تا خۆی لە فەرمانەکانی پاریسیش بدزێتەوە. بە دەستگرتن بەوەی گوایە فەیسەڵ ناتوانێ ئاسایش بپارێزێ، ئەوە بوو بۆ ڕۆژی پاشتر هێزی خۆی بۆ بیقاع نارد و بە شەڕ دەستی بەسەر بیقاع، بەسەر شارە سەرەکییەکەدا گرت.

بەم کردەوەیە فەیسەڵ ئاگاداربووەوە، ئەو کات هێشتا هەر لە پاریس بوو، بۆ ئەوەی بۆ خۆی هەندێ کات بەدەست بێنێ، داوای لە فەرەنسییەکان کرد، گوایە بە خستنەڕووەکەی «کلیمەنسۆ» قایلە. ئەو گەڕایەوە دیمەشق. دیار بوو مەزندە دەکرا بۆ ناوبژیکردن لەگەڵ تاقمە ناسیۆنالیستەکان هاتبێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو، ئەو پەی بە مەترسییە نزیکەکە بردبوو، کە فەرەنسییەکان بەو جووڵەیەی خۆیان جێپێیان لە بیقاعدا قایمکردووە.[١٣] بەو ئاگاییەی کەوا زۆر لە ئەفسەرەکانی «گۆرۆ» هیچ هاندەرێکیان بۆ ئەو جووڵەیە بەدەر لە دەستبەسەرداگرتنی وڵاتەکە نەبووە، بۆیە پێشبینی ئەوەی کرد، "ئەو هەرا و پشێوییە سەربازییەی ناوچەکە یان ئەو ڕووداوانە بەهانە دەدەنە دەستیان تا دیمەشقیش داگیربکەن": لە کۆتاییدا ڕێک هەر ئەمەش ڕوویدا.[١٤]

لە بەرایی ساڵەکەدا، کاربەدەستێکی بریتانی هەوڵ و تەقەللای فەیسەڵی بۆ جڵەوکردنی یاخیبوونی ناسیۆنالیستە خەمبارە عەرەبەکان بەوە لێکچوواند، "کەوا کەسێکی هەرزەی ناشارەزا، دەستەیەکی سەرکێش جڵەوبکا."[١٥] کاتێکیش شێخە عەرەبەکە گەیشتە دیمەشق، نەیتوانی قەناعەت بە ناسیونالیستە عەرەبەکان بکا، تا خستنەڕووەکەی کلیمەنسۆ کە پێشکەشی فەیسەڵی کردبوو،

پەسەندبکەن. بەڵکو لایەنگرانی بە ناپاکیی تۆمەتبارییانکرد، ئیدی هەستیکرد دەبێ پێگەی خۆی بەرانبەر فەرەنسییەکان توندتر بنوێنێ. ئینجا ڕێگەی ئەوەی نەدا «گۆرۆ» هێڵی ئاسنینی نێوان دیمەشق و حەلەب بەکاربێنێ، ئەو هێڵەی فەرەنسییەکان پێویستیان پێبوو تا کۆمەک و ئازووقەیان بۆ هێزەکانی خۆیان لە باکوور بنێرن، کە کەوتبوونە بن فشاری توندی بەرەی تورکییەوە. پێشتر بە قیتار گواستنەوەی هێز و کۆمەک هەر چوار ڕۆژی پێدەچوو، کەچی ئێستا بە هۆی ڕێپێگرتنەکە، لە ڕێی دەریاوە، دوو هەفتەی دەخایاند.[١٦] ناسیونالیستە عەرەبەکان ڕێی گواستنەوەیان لەسەر فەرەنسییەکان زەحمەتتر کردبوو، ئاخر لە ئەزموونی تەقاندنەوەی لۆرانس، هی کاتی خۆی بۆ تێکدانی هێڵی ئەسکەندەروونە-دیمەشق بەکاریدەهێنا، فێرببوون.

لە پاریس کلیمەنسۆ دەستی لە کاری سەرۆوەزیری کێشایەوە، تا دەرفەرتی ئەوەی هەبێ هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بکا. جێگرەوەی ئەو وەک سەرۆوەزیر «ئەلیکساندەر میلەراند Alexandre Millerand» حەزینەدەکرد چیدیکە فەیسەڵ لە دوودڵییەکانی ئەوان سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی وڵات سوودمەند بێ. ئەو لەوەش دڵنیابوو، کە ئەمریکییەکان دەست ناخەنە ناو پرسەکە: ئەوە بوو لە ئەیلوولی ١٩١٩شدا سەرۆک «ولسن» بە هۆی مانگرتنەکان لاواز بوو، دوای ئەوە ئەنجوومەنی پیرانیش ڕێگەینەدا وڵاتە یەکگرتووەکان بچێتە نێو ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان. ئیدی لە ١٠ی شوباتی ١٩٢٠دا «میلراند»ی سەرۆوەزیر بە «گۆرۆ»ی گوت، کە لەسەر فەیسەڵ ئەوەیە "بەڵگەی تەواو لەسەر توانای جڵەوکردنی دەسەڵاتی خۆی بخاتەبەردەست."[١٧] خۆ ئەگەر سەرکردە عەرەبەکە نەیتوانی ئەمە

بکا، «میلراند» دەسەڵاتی دایە ژەنەڕاڵەکە "ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنی تەکوزی و هێورەیی، بۆ بەرگریکردن لە گەل و پاراستنی سەلامەتی هێزەکەی بگریتەبەر... بە دڵنیاییەوە تۆ ئەو ئامرازانەت لەبەردەستن، کارێکی وەها بکەی مافەکانمان ڕێزلێگیراوبن."

لێرەشدا «میلراند» هەروەک کلیمەنسۆ پیاوێکی ناواقیعی دەرچوو، ئاخر خۆ سووک و ئاسان «گۆرۆ» ئەو هێزەی لەبەر دەست نەبوو تا ئاسایش بەسەر وڵاتدا بسەپێنێ. ئەم کورتهێنانەش تەنیا یەک بژاردەی بۆ «گۆرۆ» هێشتەوە: ئەویش بەرلەوەی هەڵگەڕانەوەی عەرەبەکان سەرکوت بکا، پێویستی بەوە بوو لەگەڵ «مستەفا کەمال»ی سەرکردەی تورک بگاتە ڕێککەوتن، هەروەها پێویستی بە پاڵپشتی بریتانییەکانیش هەبوو. پاش ئەوەی کۆنگرەی گشتیی سوریاش لە ٨ی ئازار جاڕیدا فەیسەڵ بکاتە پاشای سوریا و فەڵەستین، عەبدوللای کاکیشی، کە پیاوێکی مجێزبەرزبوو بە ئەمیری میزۆپۆتامیا دانا، ئینجا «کامبۆن»ی باڵویزی فەرەنسا داوای لە «لۆرد کورزن»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا کرد، لەسەر کردەی هاوبەش ڕێکبکەون.

سەربارى ئەوەی ڕاگەیەندراوی کۆنگرێسی گشتیی عەرەب لە سوریا بە قووڵی کاری لە بریتانییەکان کرد، کەچی «کورزن» لەسەر ئەو پێشهاتە کتوپڕەی دوایی، ئامادەنەبوو بە هانای «کامبۆن»ەوە بچێ. هەرچەندە وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا لەسەر ئەوە کۆکبوو، کە هەنگاوەکەی کۆنگرێس "ڕێپێنەدراو و پەسەندنەکراوە"، کەچی لۆمەی فەرەنسییەکانی کرد، بەوەی خۆیان خزاندۆتە نێو ناوچەیەکی وەها کە پەسەند ناکرێن.[١٨] پاشان «کورزن»ی باڵادەستی ڕووهەڵماراو وەهای نووسی: "بە پێویستی دەزانم ئەوە تۆماربکەم، ئێمە لەوەدا بەرپرسیار نین،

بەڵکو بەرپرسیاریتییە سەرەکییەکە، خۆ ئەگەر نەڵێم دەقاودەق دەکەوێتە سەر ئەستۆی فەرەنسییەکان." «میلراند»یش بە توندی وەڵامیدایەوە. ئەو کات کۆنفرانسی «سان ڕیمۆ»ش لە «ڕیڤێرا»ی ئیتاڵیا لەپێش بوو، بۆیە هەڕەشەی ئەوەی کرد، هەروەک چۆن لە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا هاتووە، ئەوا پێ لەسەر ئیدارەیەکی نێودەوڵەتی بۆ فەڵەستین دادەگرێ.

گەف و هەڕەشەکە بە قووڵی لەسەر حکومەتی بریتانی بووە مایەی نیگەرانی. ئاخر بەخێرایی پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ زایۆنیستەکان تێکچووبوو، ئیدی کاربەدەستانی بریتانیا چیدی لەوە دڵنیانەبوون، وەک پێویست زایۆنیستەکان پشتی مانداتی بریتانیا بەسەر فەڵەستینەوە بگرن. ئەم دۆستایەتییەش تێکچوبوو، چونکە لەو کاتەی بریتانییەکان سۆزی ئەوەیاندا بوو، کەوا نیشتمانێکی نەتەوەیی جوو لەوێ دروستبکەن، بە جۆرێک هەبوونی ئەو نیشتمانە نەبێتە مایەی پێشێلکردنی مافی دانیشتوانی ئەوێ، کە زۆرینە عەرەب بوون، کەچی بە چاوپۆشین لەم شتە، زایۆنیستەکان لێبڕاوانە بوون، کە تا زووە بکرێ دەوڵەتی جوو دابمەزرێنن. کاردینالێکی بریتانی کە لە سەرەتای ١٩١٩دا سەری فەڵەستینی دابوو، وەها وەسفی کردبوون؛ بە تێکەڵەیەک لە سەرسامی و ڕق، "هەروەک پێشتر بەهەر ڕێگەیەک بێ خۆیان ڕەپێش دەخەن، بۆ پۆست و پلەی کاربەدەست بەربژارەکانی خۆیان دادەنێن و بە گشتی خۆیان تێهەڵدەقورتێنن."[١٩]

لە نیگەرانی ئەوەی زایۆنستەکان دۆخی فەڵەستین بشێوێنن، بریتانییەکان لە ئاست ئەوان هەوڵیاندا خۆگر بن. ژەنەڕاڵی فەرماندەی بریتانی لە فەڵەستین لە ڕاوێژێکدا نووسی؛ "ئێمە دەبێ سەبارەت بە چاوتێبڕینی و دنە و دەسەڵاتی زایۆنیست خاوبینەوە،

چـونکە حکـومـەتێکی جـوو بە هـەر شـێوەیەک بـێ واتـای ڕاپەڕینـی عەرەب دەدا، ئاخر نۆ لەسەر دەی دانیشتوانەکە جوو نین و لەگەڵ عیبرییەکـان هاوسـۆز نـین."[٢٠] لە لەنـدەنیش «کـورزن» لەسـەر ئەمە کۆک بـوو. ئەو هەسـتیکرد، "ئەوەی وایـزمـەن و کۆمپانیـاکە دەیڵێن، پێڵێهەڵبڕینە و دەبێ بەدواداچوونی بۆ بکرێ."[٢١]

زایۆنیسـتەکان سـکاڵایان لە دەسـت سسـت و خـاوی کـردەی پێشووەچوون بەرەو حکومەتی خۆسـەریی هەبوو، بریتانییەکانیان بە دژەسـامی تۆمەتبـارکرد. بەوە قـایلنەبوون، کە کـردە و چـالاکی خۆیـان بـووتە مـایەی وروژانـدنی تـووڕەیی عەرەب، هەروەهـا ئەوەشـیان گـوت، گـوایە فەرەسـییەکان لەپشـت نارەزایەتییەکـانی عەرەبەوەن. «وایزمەن»یش ئەوەی ڕاگەیاند؛ کەوا نەیـاریی عەرەب لە بەرانـبەر جـوو لە فەڵەسـتیندا شـتێکی "دەسـتکردە"، ئەم شـتە هەندێ لە ئاژانسەکان لە پشت پەردەوە کاری بۆ دەکەن، ئەوان لە دژی پـێگەی بریتانیـای گەورە لە ڕۆژهەڵاتـدا کـاردەکەن."[٢٢] ئەمەش ڕوونکردنەوەیەک بوو لەگەڵ بەرژەوەندی بریتانییەکان دەهـاتەوە. کـاتێکیش لە مـانگی شـوباتی ١٩٢٠دا خۆپیشـاندان لە قـودس بـۆ یەکگرتنەوەی سوریا و فەڵەستین و دژ بە زایۆنیزم کـرا، «ڕیچارد مـاینەرتزاگن Richard Meinertzhagen»، سەرئەفسـەری سیاسی بریتانی لە فەڵەستین، نووسی "کەوا بێ دوودڵی ئەنجامەکە هەوڵ و تەقەلـلای فەرەنسـییەکان بۆ ناسـەقامگیرکردنی دەسـەڵاتی بریتانییە لە فەڵەستین."[٢٣] «و.ف.سترلینگ»ی هاوڕێی لۆرانسیش، کە ئەو کـات فەرمانـداری یافـا بـوو، لەو بـاوەڕەدا بـوو، پشـێوییەکان پەیوەستبن بە " دنەدانی بێوچانی کونسولخانەی فەرەنسا."[٢٤]

لە میـانەی ئەو گرژیـانەدا و چەنـد ڕۆژێـک دوای گەفەکەی «میلرانـد» بەوەی داوای ئیـدارەیەکی نێـودەوڵەتی بـۆ فەڵەسـتین

دەکا، ئەوە بوو لە ڕۆژی ٤ی نیساندا و لە ڤیستڤاڵی موسڵمانان بە ڕۆژی نەبی موسا[٤٦]، پشێوی تەقییەوە. لەم ڤیستڤاڵەدا ژمایەکی زۆر لە موسڵمانانیان هێنایە نێو شارە پیرۆزەکە، هەر نەریتیش وەها بوو، کاتی خۆی لە لایەن عوسمانییەکان و لەو ڕۆژەدا بە چڕی پۆلیسیان بۆ چاودێری و کۆنترۆڵکردن دادەنا. کەچی «ستۆرس»ی فەرمانڕەوای ئێستای بریتانی لە قودس، لە پێشبینی جاڕنامەی کۆنگرێسی عەرەبەکان لە سوریا شکستیهێنا، کە ئاژاوە و پشێوی لێبکەویتەوە، بۆیە هەر بە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە پۆلیسی لە شوێنی بۆنەکە دانا، لەوانەیە ئەمەش لەبەر ئەوە بووبێ، کە تازە «ماینەرتزاگن» ئەوی دڵنیاکردبووەوە کەوا "پێشبینی هیچ ئاژاوەیەک لەنێو فەڵەستیندا ناکا."[٢٥] وەک لێکەوتەیەکیش کەمتر لە ٢٠٠ پۆلیس بۆ چاودێریکردنی ڕێڕۆیشتنی ڕۆژەکە و ئاپۆرای گوڕدەمی عەرەب بەردەست بوو، حەشاماتەکەش تا دەهات زیاتر دەبوو، تا خۆی لە حەفتا هەزار کەس دا. لەسەر قەپەنگی یانەی عەرەب کە حەشاماتەکەی لەبەردەمەدا خڕببووەوە، چەندین دواندەر سەرکۆنەی زایۆنیزمیان کرد. یەکێک لەو ئاخێوەرانە، کە برا بچکۆلەکەی گەورە مفتی شارەکە بوو، وێنەیەکی گەورەی فەیسەڵی هەڵگرتبوو، هاواریکرد؛ "ئەمە پاشامانە."[٢٦] ئاپۆرای خەڵکەکەش هاواریان سەندەوە: "خوا پاشامان بپارێزێ."

بە درێژایی ڕۆژکە، تا دەهات ئاپۆرای خەڵکی تووڕەتر دەبوو. دروشمی "سەربەخۆیی! سەربەخۆیی! بووە هاواری "فەڵەستین خاکی ئێمەیە، جووەکانیش سەگەکانمانن!"[٢٧] شتێک بوو بەری پێنەدەگیرا، شتێکی حەتمی بوو یەکێک پاڵ بە ئەویدیکەوە بنێ و یەکێ تف لە ئاڵا و پەرچەمی ئەویدیکە بکا. ئیدی ڕوون نەبوو،

٤٦ لە دەقەکە خۆی هەر بە وشەی عەرەبی نەبی موسا Nebi Musa نووسراوە،

کتومت کێ یان چۆن هاتوهەرای بەدوادا هات. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگ بێ، بریتانییەکان چوار ڕۆژی پێوەبوون تا شەڕ و بەیەکهەڵشاخانی ئاپۆرای خەڵکیان لەیەک کردەوە، لەو نێوەدا پێنج جوو، چوار عەرەب کوژران و زیاتر لە ٢٥٠ کەسی دیکەش زامدار بوو، کە زۆرینەیان جوو بوون.

زایۆنیستەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون، کردارە سست و خاوەکەی «سترۆ» لە بەرانبەر هەرا و ئاژاوەکەدا بەڵگەی دژە زایۆنیزمی بەڵکو بەڵگەی دژەسامیی ئیدارەکەیەتی، ئەمەش رووبەڕوو بە حاکمە بریتانییەکە گوترا. بە ئاگاهی ئەوەی بەشێک لەو گوتەیە ڕاستبوو، ئیدی «لوید جۆرج» بەڵێنیدا حکومەتی سەربازی لە فەڵەستین بە حکومەتێکی مەدەنی بگۆڕێ و «هێربەرت سامۆئیل Herbert Samuel»یش ئیدارەی بدا، «سامۆئیل» خۆی جوو بوو، وەزیریش بوو، بەر لە پێنجساڵیش پێشنیازی ئەوەی کردبوو، کە بریتانیا پشتی دۆزی زایۆنیستی بگرێ. هەروەک کاربەدەستێکی بریتانیش بە تەوس بەڵام بە دروستی سەرنجیدا؛ "خۆ هەر هیچ نەبێ ناتوانن ئەمجارە ئەوان بە دژەسامیزم تاوانباری بکەن."[28]

بریتانییەکان لەوە تێگەیشتن باری سەر شانی خۆیان بە کێشەیەکی لە چارەسەرنەهاتوو قورسکردووە. یەکێ لە گەورە ژەنەڕاڵەکانی بریتانی نووسی: "کێشەی فەڵەستین هەمان کێشەی ئیرلەندایە، دوو گەل لە وڵاتێکی بچکۆڵەدا دەژین، هەروەک دۆزەخیش ڕقیان لە یەکدی هەیە."[29] نە جوو پێزانینی خۆیان نیشانی بریتانیا دا و نە ئەوانیش ئەو شتەیان ڕەچاوکرد. کاتێکیش بەڕێوبەری گشتیی هەواڵگریی سەربازیی بریتانیا دوای هەرا و ئاژاوەکە سەردانی فەڵەستینی کرد، ئەوەی بە مێشکدا هات، هیچ

هۆکارێــک بــۆ ئەوەی بە شــێوەیەکی ڕاســتەقینە زانیۆنیســت و بریتانییەکــان ببــنە دۆســت، لە ئــارادا نیــیە. دۆســتایەتی "لەگەڵ زایۆنیستەکان تەنیاوتەنیا بەندە بە دەوڵەتی جوو تا ئەو کاتەی بە هێزی سەربازی بریتانی دەپارێزرێ." ئەم ڕوانینە بەجێیەش ڕاست و دروستی خۆی سەلماند.[30]

بەو پەیوەنــــدییە شــــپرزەییە لەگەڵ زایۆنیســــتەکان و بەو قەنــاعەتەی کەوا فەرەنســییەکان لەپشــتی ئەو ڕەوشــە پــڕ لە کێشەیەی فەڵەستیندا دان، بریتانییەکان هەستیان نەکرد بە تەواوی لە بەرانــبەر «میلرانــد» لە کۆنفرانســی ســان ڕیمــۆدا ســەلامەت دەربچــن، کە لە مــانگی نیســاندا دەبەســترا. هەرچەنــدە ئەوەشــیان دەزانی، کۆکبوون لەسەر مانداتی فەرەنسا بەسەر سوریا، بێ سێ و دوو دەبێــتە مــایەی هەراو پشــێوی عەرەب، هەروەهــا ئەوەشــیان دەزانی ئەگەر هــاتوو دژی ســەروەزیری فەرەنســا بوەستنەوە، ئەوا ئەویــش بــانگی ئیــدارەیەکی نێــودەوڵەتی بــۆ فەڵەســتین دەکــا، ئەو هەنگــاوەی لەو بــارودۆخە هەنــووکەییەدا لەوانەیە زایۆنیســتەکانیش پشتی بگرن. بۆیە لە ســانریمۆدا بریتانییەکــان دژی داوای فەرەنســا بــۆ ســوریا نەوەســتانەوە و بە نــۆرەی خۆشــی، «میلرانــد»ی ســەروەزیری فەرەنســاش بەدوای گەف و هەڕەشــەکانی خۆیــدا نەچــوو. ئیدی مانداتی فەرەنسا بەســەر ســوریا و لوبنــان، مانداتی بریتانیــاش بەســـەر فەڵەســتین و میزۆپۆتامیــادا ســەلمێنرا. لە ســانریمۆی قەشــەنگدا هەردوو زلهێــزەکە لە داڕشــتنی ڕێککەوتنێک بــوونەوە، بە هــۆیەوە چــارەکی کۆمپانیــای دۆزینــەوە و هەڵێنجــانی نەوتــی موســڵیشــیان بەرکەوت. هەرزووش دوای ئەوە، «کــورزن» هاتە سەر ئەو ڕایە، کە فەرەنسییەکان "باشترین دادوەری ڕێکاری ســەربازیین بــۆ کــۆنترۆڵکردنی ڕەوشــی خــۆجێیی"، «میلرانــد»یش دەرفەتەکەی خۆی قۆستەوە.[31] بۆ ڕۆژی پاشتر کاربەدەستانی ئەو

بڕیاریاندا نەخشەی داگیرکردنی سوریا دابڕێژن لەمکاتێک هێشتا حکومەتەکەی فەیسەڵ سەرپێ نەکەوتبوو. سێ ڕۆژ دواتر، بە «گۆرۆ» ڕاگەیەنرا، کە کردەی دژی فەیسەڵ "شتێکی حەتمی و پێویستە"، ئیدی ئەو پێنج یەکەی سەربازیی گەورەی بۆ مەبەستی داگیرکردنی دیمەشق و حەلەب پێدەگا.[32] ئەوە بوو تا ئەو کات ژمارەی هێزی سەربازی بە ڕێژەیەکی بەرچاو خرایە بندەستی «گۆرۆ»، لە ٣٤ بەتالیۆنەوە بوو بە ٥٠، هەموو ئەم زیادبوونەش لە ماوەی تەنیا ١٢ هەفتەدا ڕوویدا.

لەو نێوەدا «ڕۆبەرت دێ کایکس»ی ڕاوێژکاری «گۆرۆ»، ڕێگەی کردەی سەربازی دژ بە فەیسەڵی بۆ ژەنەڕاڵەکەی بە ڕێککەوتنی سەربازی لەگەڵ تورکەکان خۆشکرد. هەر دوای ڕێککەوتنی ئاگربەست هاتە بواری جێبەجێکردن، ئیدی فەرەنسییەکان هەبوونی ڕێککەوتنەکەیان بە بریتانییەکان ڕاگەیاند و نیازی خۆشیان بۆ کردەیەکی سەربازی دژی فەیسەڵ پێگوتن. بریتانییەکانیش ئەم درکاندنەیان بە قورسی وەرگرت، ئاخر بە چاوی ئەوان، دانوستانی فەرەنسییەکان بۆ ئاشتییەکی سەربەخۆ و جیا، بە ناپاکیی لە هاوپەیمانەکانی زانی. بۆ چەندین ساڵیش بوو **بریتانیا گومانی لە فەرەنسییەکان هەبوو بەوەی دەستیان لەگەڵ تورکەکان تێکەڵکردبێ تا هەوڵی گرتنەوەی موسڵ بدەنەوە، هەموو ئەمەش بۆ ئەوەی فشارێک بێ تا پشکیان لە نەوتی ئەوێ زیاتر بۆ دابنرێ.**[33]

ئەو جووڵە لەناکاو و تاکلایەنەی فەرەنسییەکان، گومانەکانی بریتانیای پشتڕاستکردەوە، بەوەی ئەو هاوپەیمانەیان بە نیازەوە هەموو شتێک دەکا، تا دەسەڵاتی بریتانیا لە فەڵەستین بشڵەژێنێ. «چەرچڵ»یش بە شێوەیەکی تایبەت، قەناعەتی هاتبوو، کە داگیرکردنی سوریا لە لایەن فەرنساوە دەبێتە مایەی

ئاژاوەنانەوەیەکی بەربڵاو. بۆیە شێلگیرانە داوای لە هاوکارەکانی کرد، هیچ سەربازیان لە فەڵەستین نەکێشنەوە، ئەوەی بەبیرهێنانەوە، کە ئەویٚ ناوچەیەکی زۆر گرنگە. بۆ ئەم کارە، "بە دروستیش... گواستنەوەی دیمەنی کێشەی ئایندە لە فەڵەستینەوە بۆ میسر و نۆکەندی سوێس، دەبێتە مایەی ئەوەی کێشەکە قورستر بکەویتەوە و کاریگەرییەکەشی دژوارتر بیٚ."[٣٤] بە پاڵپشتی چەرچڵ، «ئەلنبی» پشتی فەیسەڵی گرت. ئامانجەکەی فەیسەڵی لەگەڵ هەردووکیان، هاوئامانجیش لەگەڵ چەرچڵ و سامۆئیل بۆ ئەوەی تا سنووری لوان دەخوازیٚ، سەرکردەی عەرەب سەربەخۆ بیٚ، هەوڵبدریٚ پشێوی بۆ ناو عەرەبەکانی فەڵەستین نەتەنێتەوە. بە دارِسانیش بۆ فەرمانی «کورزن»، کە هیچ برِە پارەیەکی دیکە نەداتە فەیسەڵ، کەچی کۆمەکی دوو مانگی بۆ فەیسەڵ نارد، ئەمەش دوای ئەوەی لایەنگرانی فەیسەڵ داوایان کردبوو، کە بۆ گێرانەوەی ئاسایش پێویستیان پیٚ هەیە -بەم کارەش گوێی بە هیچ بەهانەیەکی خۆتێقەڵقورتاندنی «گۆرۆ» نەدا-، بەڵام هەر دەبوو «ئەلنبی» ئەوەی زانیبیٚ، پارەکە لە دژی فەرەنسییەکان بەکاردەهات، هەروەک چۆن پێشتریش هەروەها بوو. ئەو ئەوەشی بە فەیسەڵ راگەیاند، کە بریتانیا ئامادەیە ئەو وەک سەرۆکی دەوڵەتە سەربەخۆکەی سوریا بناسینیٚ، داوای ئەوەشی لێکرد بۆ ئەم دۆزە سەری ئەورووپا بدا.[٣٥] کەچی فەیسەڵ ئەم سەفەرەی نەکرد تا ئەو کاتەی یەکەم جار دانی پێدادەنێن.

لە رِۆژی باستیل[٤٧] لە ١٩٢٠دا لیبرِاوانە «گۆرۆ» دژی فەیسەڵ جووڵا، بەوەی ئاگاداری کردەوە، تەنیا دوو رِۆژی لەپێشە تا

---

٤٧ رِۆژی باستیل واتە جەژنی نیشتمانیی فەرەنسا. ئەو رِۆژەی لە ١٤ی تەمموزی ١٧٨٩دا شۆرِش هەڵگیرسا و بەسەر زیندانی باستیلدا درا.

مانداتی فەرەنسا و فەرەنسییەکان قبووڵبکا و کۆتایی بە هەموو نەیارێتی دژ بە فەرەنسییەکان بهێنێ. کەچی کاتێ فەیسەڵ داوای درێژکردنەوەی هۆشدارییەکەی بۆ ماوەی ٤٨ سەعاتی دیکە کرد، ڕەتینەکردەوە، بەم کارەش «میلراند»ی لە پاریس تووڕەکرد. لە ئاکامی ئەو بەرتەکەی «میلراند»دا، «گۆرۆ» هێزەکەی جووڵاند، وێڕای ئەوەی بە درەنگەوە بروسکەیەکی فەیسەڵ گەیشت، کەوا بە مەرجەکان ڕازییە، ئیدی هەنووکە عەرەب بەوە قایلن، کە فەرەنسا کۆنترۆلی تەواوی دەوڵەتی سوریا بکا.

لە ژێر فشاری لایەنگرە ناسیونالیستەکانی عەرەب، نەدەبوو فەیسەڵ بە مەرجی زێدەبارەی فەرەنسا قایلبێ. ئەوە بوو لە ٢٤ی تەممووزدا هێزی سەربازی فەرەنسا لە شەڕگەی «مەیسەلوون»ی دەرەوەی شاری دیمەشقدا، بەسەر هێزە کەمەکەی عەرەبدا زاڵ بوو، لە شەڕەکەدا تانک و فڕۆکەی دژ بە تۆپخانە و تفەنگە ڕەشاشەکانی عەرەب بەکارهێنا. ئیدی هێزی سەربازیی فەرەنسی بۆ ڕۆژی پاشتر چووە نێو دیمەشقی پایتەخت، پاشان «گۆرۆ»ش لە ٢ی مانگدا چووە نێو شارەکە. لە کاتێکدا فەیسەڵ ڕووە و باشوور، بەرەو فەڵەستینی ژێر کۆنترۆلی بریتانییەکان هەڵات، ژەنەڕاڵی فەرەنسی بەرەو چەقی شارە کۆنەکە، بەرەو مەزارگە سادەکەی سەرکردە هەرە ناودارەکەی موسڵمانان، بەرەو گۆڕی ئەو پیاوەی کە ٧٠٠ ساڵ بوو ژێرگڵ کرابوو، ڕۆیشت. کە گەیشتە ئەوێ ڕایگەیاند: "**هۆ سەلاحەدین، ئێمە گەڕاینەوە.**"[٣٦]

بڕیاری «گۆرۆ» بەدەرکردنی فەیسەڵ بۆ بریتانییەکان شتێکی کتوپڕ بوو، ئاخر ئەوان ڕەچاویان کردبوو، فەیسەڵ وەک بووکەڵەیەک لای خۆیان بهێڵنەوە. پەیدابوونی فەیسەڵ لە فەڵەستین بریتانییەکانی خستە بەردەم دووڕیان. هەروەک یەکێ لە

کاربەدەستە بریتانییەکان ڕایگەیاند؛ "ئێمە یان دەبوایە لێبگەڕێین فەیسەڵ بڕوخێ، یان لەسەر ئەو لەگەڵ فەرەنسییەکان بکەوینە شەڕ."[٣٧] بەڵام هەرزوو بەرپرسانی ئەو کاربەدەستە، کێشەکەیان چارەکرد. دوای ئەوەی فەیسەڵ بۆ ماوەیەکی کەم لە فەڵەستین مایەوە، ئینجا یاوەریانکرد تا سەر سنووری میسر. لەوێ ئەو پیاوەی کە بۆ ماوەیەکی کورت لە سوریا پاشا بوو، لێیگەڕاین "لەسەر جانتاکانی دابنیشێ" و چاوەڕێی قیتار بکا.[٣٨]

خۆ ئەگەر بریتانییەکان فەیسەڵیان لە خاکەکە دوورخستبێتەوە، بەو ئومێدەی خۆیان لەو ڕووداوە کتوپڕەی دوای سوریا بە دوور دەگرن، ئەوان بەم کارە تەنیا خۆیان لەخشتەبرد. فەرەنسییەکانیش دواتر بە ڕەوشەکەدا چوونەوە، پەنجەیان لەسەر ئەو شتە دانا، کەوا فشارەکان لەو کاتەوە لەسەر بریتانیا بوو، لەو کاتەی لەگەڵ فەرەنسییەکان و لە تشرینی دووەمی ١٩١٨دا لە ڕاگەیەنراوی ئەنگلۆ-فەرەنسییدا ڕایانگەیاندبوو، کەوا پاڵپشتی حکومەتی نیشتمانی هەڵبژێردراوی ئازادانە دەکەن. هەروەک فەرەنسییەکان بۆیان دەرکەوت، بە ئاماژەیەکی زیاتر لە جوێن، لە ماوەی چەندین ڕۆژی پابەندبوونەکەدا "لەوێدا هیچ پرسێکی دیکە زیاتر لە میزۆپۆتامیا نەبوو، لەوەی لێبژاردنی ئەمیرەکە نزیک و نزیکتر ببێتەوە. نموونەی دیمەشقیش تەنییەوە."[٣٩] ئەو ئۆتۆنۆمییە کورتخایەنەی عەرەب لە سوریا دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆیان هاتەدەی، دنەی ئەوەی دان دەست بە سەربەخۆیی خۆیانەوە بگرن. لەو کاتەش کە «گۆڕۆ» فەیسەڵی لە سوریا دەرکرد، لە میزۆپۆتامیادا سەریهەڵدایەوە.

# ٨
# هەرای عێراق

"دەی هەڵسەوە، داوای مافەکانی خۆت بکە، داوای سەربەخۆیی تەواو بکە،" ئەمە ئەو داوا شێلگیرانەی ناسیونالیستەکانی عەرەبی سوریایی بوو کاتێک ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە «گۆرۆ» خەریکی سەرکوتکردنی ئامانجەکانییانە.[١] کاتبەندی ئەو ڕاپەڕینەی لە ٢٠ی تەمووزی ١٩٢٠دا لە عێراق هەڵگیرسا، ئاوێزانانە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی سوریاوە هەبوو، بەڵام تینوتاوی تووڕەیی خەڵکەکە سەرچاوەی لە چۆنیەتی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی ئەو سێ ساڵەی بریتانییەکانەوە وەرگرتبوو. ئاخر کاتێ بریتانییەکان لە ١٩١٧دا گەیشتنە بەغدا، بەڵێنیاندابوو "وەک ڕزگارکەر نەوەک داگیرکەر یان دوژمن" ڕەفتاربکەن، ئەوە بوو لە بەدیهێنانی سۆزەکەیاندا شکستیان هێنا. بەشێوەکی بەشەکی و بەدەر لە پێویستبوونی سەربازیی، ئەوان ئەو کات زۆرینەی کاربەدەستانی عەرەب، ئەوانەی لە سەردەمی عوسمانییەکان کاروباری وڵاتیان بەڕێوەدەبرد، لەسەرکار لادان، لە جیاتی ئەوان ئەفسەری سیاسی خۆیان لەجێ دانان، کە ئەرکیان مسۆگەرکردنی ئازووقە و پێداویستییەکانی خۆراک بوو بۆ هێزی بریتانی لە وڵات و مسۆگەرکردنی ئاسایشی هێڵی پەیوەندی نێوان بەغدا و کەنداوی فارسی بوو، کە بە دۆڵی فراتدا دەڕۆیشت.

لەوێدا ڕێکاری دیفاکتۆ جێبەجێکرا، دەکرا ئەمەش بۆ کاتی جەنگ ڕەوایەتی هەبێ، بەڵام خۆ ئەو ڕێوشوێنانە دوای ئاگربەستەکەش هەر بەردەوامبوون. ئەو کات «سێر پێرسی کۆکس Sir Percy Cox» کونسولە خۆشەویستەکەشیان لەوێ

لابرد و بۆ تاران گواستیانەوە، لە جێگەی ئەودا جێگرەکەیان دانا، کە کەسێکی زیرەک بەڵام بڕوابەخۆی تەمەن ٣٥ ساڵە «ئارنۆلد وڵسن Arnold Wilson»یان دانا، ئەویش بڕوای وا بوو، چارەنووسی وڵاتەکە وەک هیندستانی کۆلۆنیکراوە. لەژێر فەرمانڕەوایی «وڵسن»دا، ئەفسەرە سیاسییەکانی بریتانی لەسەر ڕۆڵی ڕەمەکی خۆیان بەردەوامبوون، بەڵێنی چەوری زێڕ و تەڵا و هەڕەشەی زەبری سەربازییان بە چەشنی تێڵاو گێزەر بەکارهێنا. لە ناوەڕاستی ١٩١٩دا چیرۆکی ئەو دادوەرییە توند و زبرەی ئەوان گەیشتە سوریا، ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی لایەنگرە بەغداییەکانی فەیسەڵی لەوێ تووڕەکرد. ناوبانگی ئەو کاربەدەستە بریتانیانە وەها خراپ ڕۆیشتبوو، گوایە کەسانی داواکراویان هەر بە هەڵدانی پارە و بە شێروخەت تاوانبار دەکرد. لە ڕووداوێکی دیکەشدا گوایە ئەفسەرێکی بریتانی ڕایگەیاندووە، کەوا بە عەرەبی گۆرانی دەڵێ، یەکەمین کەسیش لەنێو تۆمەتبارەکان کە بە شێوەزاری گوتنە ناقۆڵاکەی پێبکەنێ، ئەوا بە تاوانبار دادەنرێ.[٢]

ئەوەی دۆزەکەی قورسترکرد، شکستی بریتانییەکان بوو، لەوەی پابەندییەکانیان بە گوێرەی جاڕنامەی ئەنگلۆ-فەرەنسی بەدیبێنن، ئەویش بۆ پشتگیریی "بژاردەیەکی ئازادانەی خەڵکی ڕەسەنی خۆجێی" بۆ دامەزراندنی حکومەتە نیشتمانییەکان لە سەرتاسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێشوو بوو. ئەوە بوو لە مانگی ئایاری ١٩١٩دا، ئەو عێراقیانەی پشتی فەیسلیان گرتبوو، ئاماژەیان بە جاڕنامەکە کرد و داوایان لە بریتانیا کرد، بەڵکو ئەوانیش بگەڕێنەوە وڵات و کاروباری بەڕێوبەرایەتی خۆی لە بەغدا ڕاییبکەن، کەچی وەڵامێکی پڕ تەوسیان لە «ئارنۆلد وڵسنە»وە پێگەیشتەوە. کاتێک «وڵسن» لە دیمەشق چاوی بەو

عێراقییـــــانه کەوت، ڕووبەڕوو هیواکەیـــــانی تارومـــــارکرد و بیرۆکەکەیانی بە شتێکی پڕوپووچ لەقەڵەمدا.[٣] «گێرتروب بێل»ی هاوکاریشی ئەم ڕووبەڕووبونەوەیەی بە خاڵێکی وەرچەرخان دانا، ئاخر لەو کاتەی عێراقییەکان لەوە تێگەیشتن، کە نابێ چاویان لە هیچ یارمەتییەکی لەمەوپاشی بریتانییەکانەوە بێ، ئیدی کاتی ئەوە هات هەوڵبدەن هاوپەیمانەکەی پێشوویان دەربکەن.

«بێـل» پێشـتر لەگەڵ «وڵســن» هـاوڕابوو بەوەی عەرەب نە لەباریاندا هەیە و نە دەشخوازن بە خۆیان حوکمی خۆیان بکەن. هەردووکیشــــیان لە لایەن نووســــینگە/وەزارەتی هیندســــتانی بریتانییەوە بۆ کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس داواکرابوون، تا بۆ بنکۆڵکردنی بۆچوونی لۆرانس شتێکی وەها بڵێن. کەچی ئێستا خـانمەکە ڕای خـۆی گـۆڕی، ئەمەش دوای ئەوەی ئەزمـوونێکی سەبارەت بە وتووێژەکەی دیمەشق پەیداکرد، لەوێشەوە بۆ پاریس و ئینجـا بـۆ بەغـدا گەڕایەوە. کـاتێکیش لە دیمەشـق چـاوی بە سـەرکردە ناسیۆنالیسـتەکان کەوت، بە کـاریگەری بەرفـرەوان و مجێزبەرزی حیزبی بەغدادی سەرسامبوو. ئەوسا هۆشداری دایە لەندەن، کە لەوێ "هیچ ڕێگەیەک بۆ خەڵکی میزۆپۆتامیا نابینێتەوە تـا لەبـارێکی ئاشـتیدا ڕایـانبگرن، مەگەر شـتێکیان نەدرێتـێ، کە بە خۆیان حەزیان لەوە نییە لێیان بسەنرێتەوە. حکومەتێکی باش لە لایەن کەسـێکی دیـکەوە، هەر بـۆ نمـوونە لە لایەن ئـێمەوە بەس نییە."[٤]

«وڵسـن»یـش گـوتی؛ «بێـل» کەسـێکی دەم بە هـاوارە. ئیـدی ڕاوبۆچـوونی ئەوی بە "ناڕاســت" لە قەڵەم دا و پێـی لەســەر ئەو دابەشـبوونە مەزەبگەرایـیەی نێـو میزۆپۆتامیـا لەنێـوان سـوننە و شیعە، عەرەب و کورددا گرت و مشتومڕی لەسـەر ئەوە بـوو، کەوا

شیعە پشتگیریی حکومەتێک ناکەن لە لایەن حیزبی بەغدادی لە دیمەشقەوە ڕێکبخرێ.[٥] ئەو بەپڕتاوەوە گوتی؛ "حکومەتێکی عەرەبی ئارەزوومەند[٤٨] هەرزوو دەسەڵات و قانون و ئاسایشەکەی بۆگەن دەکا". هەر خێرا دوای ئەوە، دۆستایەتییەکەی لەگەڵ «بێل»دا داتەپی. «بێل»یش بە سرتەیەکەوە گوتی؛ "ڕۆژێک دادێ ئەگەر پێمبکرێ، بیدەمە بەر چەقۆ."[٦]

ڕوانینە دژەبەرەکان لە بەغدا سەریانهەڵدا، ئەمانە و لەگەڵ ئەو ڕاستییەی، کەوا ئەو بەشە شلۆقەی لە حکومەتی عوسمانی مابووەوە، هێشتا واژۆی لەسەر ئەو ڕێککەوتننامەیە نەکردبوو، کە دەبێ بە فەرمی لەبەریەکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریەتەکەیان ڕابگەیەنێ، ئیدی ئەم دۆخە بەهانەیەکی دایە لەندەن تا خۆیان لە پرسی حکومەتێکی عەرەبی لە بەغدا بوەخرێنن.[٧] لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان بە ڕوونی ئەوەیان دەبینی، دۆخی سیاسی لە میزۆپۆتامیادا شپرزە بووە، ئەوان خەمی ئەوەشیان بوو، ئەگەر هاتوو بڕە ئۆتۆنۆمییەکیش لە بەغدا بدەنە عەرەب، لەوانەیە ببێتە مایەی تووڕەکردنی فەرەنسا، تا بریتانیا بەوە تاوانباربکا، گوایە ئینگلیز دەیەوێ باری سیاسیی سوریا ناسەقامگیر بکا، بەمەش تۆڵەی خۆیان لەنێو ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان بکەنەوە، بەوەی دەنگ بە داوای بریتانیا بۆ کان و کێڵگەکانی نەوت لە موسڵ و هەروەها فەڵەستینیش نەدەن. هەربۆیە ڕەوشەکە بەم شێوەیە ڕۆیشت. ئەمەش بە کەیفی «ئارنۆلد ولسن» بوو، بەڵام خۆوەخراندنەکە لێکەوتەی سامناکی لێکەوتنەوە. ئەوە بوو «گێرترود بێل» لە ١٩٢١دا نووسی: "خۆ ئەگەر هاتبا و بەر لە دوو ساڵ، ئێمە دامەزراوەی خۆجێیمان لێرە دامەزراندبا، ئەوا تا ئێستا

---

٤٨ لێرەدا مەبەست پێچەوانەی پیشەمەند(پرۆفیشیۆنال)ە.

عەرەب حکومەت و سوپای خۆی دەستدەکەوت؛ ئێمەش کێشە و هەرای هۆزەکانمان تووش نەدەبوو؛ زیانی ئەو هەموو پارە و گیانانەشمان بۆ دەگەڕایەوە کە لە ماوەی ئەم ساڵەدا لێمانکەوت."[٨]

بەوەی وایتهۆل نەیتوانی هیچ سەرەداویکی سیاسی لە میزۆپۆتامیادا پەیڕەوبکا، ئیدی «ئارنۆلد وڵسن» لە بەغدا وەک چۆن دڵخۆش بوو ئاواش دەستی والا بوو. ئەو لە ١٩٢٠ بە کەیف و زەوقەوە بۆ «کۆکس»ی نووسی؛ "شێخ و هۆزەکان لە ناوچە دوورەدەستەکاندا ئارامن. کەشی سیاسی لە بەسرا جێگیرە، لە بەغدا باشە و بەرەو باشتریش دەڕوا، پێشموایە شتەکان لە موسڵیش بەرەو چاکتر دەڕۆن."[٩] تەنانەت ئاهەنگی ئێوارەی سەری ساڵیش بە سەرکەوتووی تێپەڕی. "پیاوان لە ئاهەنگەکەدا، کە خۆیان شکڵگۆڕکردبوو، جلی ژنانەیان لەبەرکردبوو، لە ژنە ڕاستەقینەکان باشتر خۆیان دەنواند." پەیامی ساڵی نوێشی بۆ ڕۆژی پاشتر نە شەرم و نە داوای لێبوردنی تێدا بوو. بە جۆشەوە پرسی؛ "ئەوە ئێوە بوون بە ئارامییەوە پەرۆشی بینینی دامەزراندنەوەی حکومەتێکی مەدەنی و پەیوەندییەکی ئالگۆڕی بازگانی بوون، کە ئاسایی ببێتەوە، شایانی وەبیرهێنانەوەیە ئێرە لەو شوێنە کەم ژمارانەی جیهانە، هێشتا پاشاگەردانی سەرە ناشیرینەکەی خۆی لێدەرنەهێناوە."[١٠]

لە لێکەوتەشدا، کاتێ کۆنگرەی گشتیی سوریا لە ئازاری ١٩٢٠دا جاڕیدا بەوەی فەیسەڵ و عەبدوللا بەدوای یەکدا ببنە مەزنی هەر یەک لە سوریا و میزۆپۆتامیا، ئەو کات هێشتا هیچ حکومەتێکی عەرەبی لە بەغدا نەبوو، هەروەها شتی وەهاش لەگۆڕیدا نەبوو، دروستببێ. کاتێکیش «بێل» گوێی لەو هەواڵە بوو، کە لە دیمەشقەوەڕا هات، وەهای نووسی: "دەی زۆر باشە، ئێمە

پڕبەپێستی ئەو کارەین. بۆ ئەوەی لێنەگەڕێین ئەم وڵاتە بکەوێتە پشێوی باری پاشاگەردانی، پێویستیمان بە هەرچی دەرفەتێکی دەستڕۆیشتووانەی کەسەکانە."[11] بەڵام خۆ ئەو گەشبینییەی بەم باندۆرە، لەجێی خۆی نەبوو، چونکە تا ئەو کات بریتانیا دەستیان لە عێراقییەکان شوشتبوو. هەروەک خانمە بریتانییەکە دواتر دانیپێدانا؛ "ئێمە هیچ ئاماژەیەکمان نەدا بەوەی نیازمان جێبەجێکردنی بەڵێنەکانمان بێ؛ تا ئەو ڕادەیەی شتەکە پەیوەندی بە ئیدارەی خۆجێییشەوە هەبێ، نیازمان نەبوو بۆیان بەدیبێنن ئەگەر هاتباو لە تواناشماندا هەبووایە."[12]

لە کۆتاییدا «ولسن» دانی بە شپرزەیی ڕەوشەکەدا نا. کاتێکیش منداتی بریتانیا لە کۆنفرانسی «سانریمۆ»دا سەلمێنرا، خێرا ئەو ئاماژەی ئەوەی دا گوایە سازش بۆ ناسیۆنالیستەکان دەکا تا هێوریان بکاتەوە، بەڵام تا ئەو کات ئەو هەموو تەقەلایەی هەر نیشاندانی لاوازی خۆی بوو، ئەم شتەش لە خۆبەهێزکردنەوەی هێزی بریتانیا ڕەنگیدایەوە. ئیدی بە دنەی ئەو ئاماژە لاوازبوونانە، ناسیۆنالیستەکان توانیان هەم سوننە و هەم شیعەکان لە ماوەی مانگی ڕەمەزاندا لە بەغدا ڕێکبخەنەوە، هەمیشەش ئەو کاتە لەبار بوو، نەخاسمە لە هاویندا، لەو کاتەی گرژییە سیاسییەکان تاویاندەسەند. «بێل» لەبن باندۆری ئەو هەستە بێپێشینە دەمارگرژییەدا نووسی، ئەوە ڕاستی بوو کە "هزرە شاراوەکان سەریان دەرهێنا، ئاخر زۆر لە وتار و شیعری نیمچە دینی و نیمچە سیاسی خەڵکیان هاندەدا."[13]

هەر لەو کاتەی ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، کە کێشە و هەرا و دەبدەبەی میزۆپۆتامیا هی ئەوە نییە خۆی لێ بەدوور بگیرێ، دەمەقاڵی سەبارەت بە تێچوونەکان لەنێو ئیدارەی منداتەکە

سەریهەڵدا. لە ١ی حوزەیراندا « تایمز» بڵاویکردەوە، ماندات زیاتر لە ٥٠ ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینی لە ساڵێکدا تێدەچێ، ئیدی داوای شەفافبوونی زیاتری لە حکومەتەکە کرد. چەند ڕۆژ پاشتر، دیسان ڕۆژنامەکە گەڕایەوە سەر بابەتەکە، سەرنجی خوێنەرانی بۆ ئەو جیاوازییەی خەرجی ڕاکێشا، کەوا «چەرچڵ» هەشت هەفتە پێشتر لە بودجەکەدا خەملاندبووی لەگەڵ ئەو ژمارەیەی تا ئەو کات لەژێر فشاردا بڵاویانکردبووە. ئەمەش ئەوەی دەرخست، کە دوور لەوەی گوایە وەزارەتی جەنگ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی ڕاگەیاندبوو، کەچی ڕاستییەکەی ئەوە بوو، لە دوو مانگی پێشتردا و لە ژمارەی سەرباز و خەرجییەکانیان، زیاتر بوو، لە ٨٠٠٠ سەربازەوە هەڵکشا و تا خۆی گەیاندە زیاتر لە حەفتا هەزار سەرباز.[١٤]

وێڕای ئەو ژمارە زۆرە قۆشەنە سەربازییەکانی بریتانیا لە میزۆپۆتامیادا، کە هێشتا سنوورەکانی وڵاتەکە دیارنەکرابوو، ئیدی ئەو سنوورانە بە چەند یەکەکی هەیکەلی دوورەدەستی دابڕوا و ناتوانا دەپارێزران. بەرەبەیانی ٤ی حوزەیرانیشدا یەکێ لەو مۆڵگانەی سەرسنوور، لە باکووری ڕۆژئاوای شارۆچکەی «تەلەعفەر Tall Afar» کەوتە بەر هێرش و پەلاماری ناسیۆنالیستەکانی عەرەب، کە لەژێر سەرپەرشتی فەرماندەیەکی لەشکری فەیسەڵدا بوو لە دیمەشق. ژەنەڕاڵ «ئایلمەر هالدان Aylmer Haldane» فەرماندەی هێزی سەربازیی بریتانی لە میزۆپۆتامیا، لە یاداشتە بەرگیریکارییەکەی لە ماوەی سەرهەڵدانەکەدا نووسی: "ئەوەی لە شارۆچکەکە ڕوویدا، پێدەچێ بە دروستی کەس نەیزانێ."[١٥] لەو تەرمانەی دواتر بریتانییەکان لەوێ دۆزیانەوە، بۆیان دەرکەوت، هاوڕێکانیان لەپڕ

بەسەریاندادراوە و لەسەر بانەکان هەر بەپێوە شەڕیان کردووە و کوژراون بەرلەوەی دەست بەسەر مۆڵگەکەیاندا بگیرێ. تەرمی ئەفسەرەکەش، کە ڕۆژانی پێشتر ڕفێنرابوو، بە دوو میل لە دووری ئەوێوە لەسەر ڕێ دۆزرایەوە. کاروانێک لە ترومبێلی زرێپۆش بۆ هێورکردنەوەی شارۆچکەکە نێردران، بەڵام لە ناردنەکەدا بە خراپی ڕەوشەکەیان هەڵسەنگاندبوو، بۆیە هەرگیز ئەم کاروانە پاڵپشتییە نەگەیشتە «تەلەعفەر». هەر لەسەر ڕێگە بۆسەیان بۆ داندرایەوە و هیچ کام لە سەربازەکانی بریتانیا بە زیندوویی دەربازیان نەبوو.

بریتانییەکان هێزی پاڵشتی دیکەی تەمبێکردنیان نارد تا تەلەعفەر تەختبکەن و خەڵکەکەشی ڕابکێشنە بیابان، بەڵام ڕووداوەکە ئەوەی دەرخست، ئەوان توانای ئەو شکستپێهێنانەیان نییە. «ئارنۆلد ولسن» گوتی، "ئەوە داننانبوو بە خاڵی لاوازی هێزی سەربازیی، کە بووە مایەی هاندانی خێڵەکییەکان تا دەستی خۆیان لە ئێمە بەرزبکەنەوە."[١٦] بێمرادانەش و لە زنجیرەیەک کردەی تۆڵەکردنەوەدا، کەوتە گرتنی چەند کەسێک، گوایە لە سەرانی هەرا و هەڵگەڕانەوەکەن، بەڵام ئەم کارەی ئەو زیاتر ئاگرەکەی خۆشکرد و وای کرد ئەو سەرۆک هۆز و خێڵانەی بێ بڕیاریش مابوونەوە، بدەنە پاڵ توندڕۆکان و بکەونە باوەشی ئەوان.

«ولسن» بە حاڵەتێکی تۆقیوەوە لەندەنی لە ڕێکارە جێگرەوەکان "چ حوکمڕانیکردن یان ڕۆیشتن" ئاگادارکردەوە.[١٧] حکومەتی بریتانیاش بژاردە یەکەمەکەی لێهەڵبژارد، بەڵام باجەکەشی دەستلەکارکێشانەوەی کاریگەرییەکەی «ولسن» بوو. لە ٢٠ی حوزەیراندا ئەو ڕایگەیاند، کە «سێر پێرسی کۆکس»

داواکراوە بێتە بەغدا تا کاروبارەکان لەو وەربگرێتەوە، ئیدی بۆ داڕشتنی "قانونێکی ئۆرگانی" دەست بەکاربێ بەڵکو ببێتە جۆرە دەستوورێک و لە لایەن خەڵکی خۆجێیەوە پشتگیری بکرێ، ئەمەش ببێتە بنەمایەک بۆ حکومەتێک لە وڵات "تا ئەو کاتەی حکومەتەکە بە خۆی بتوانێ کاروبارەکانی خۆی ڕاییبکا، واتە ئەو تا ئەو کاتەی ماوەی ماندادتەکە کۆتاییپێدێ."[١٨] حکومەتی بریتانیش لە ٢٣ی حوزەیران، واتە هەر سێ ڕۆژ دواتر، لە کاتی مشتومڕکردن لەسەر بودجەی وەزارەتی جەنگ بۆ میزۆپۆتامیا، دانی بەوەدا نا، کەوا «ولسن» چی کردووە.

تا ئەو کات و ئەم خاڵە، حکومەتی بریتانیا ڕەوایی خەرجییەکانی لە هەبوونی لە میزۆپۆتامیادا بە ئاماژەکردن بە دەستکەوتی ئابووری بۆ بەرهەمی ئایندەی نەوت دەدایەوە. هەرچەندە تا ئەو کاتیش مەرجەکانی ڕێکخستنی دابەشکردنی پشکەکانی نەوت لە پەراوێزی کۆنفرانسی سانریمۆدا لەگەڵ فەرەنسییەکان ڕاگەیەنرا و ئاشکراکرا، کەچی دژبەرییەکی لەخۆگرتبوو، نەخاسمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەکەدا دوورخرابووەوە. لە میانەی مشتومڕەکانی ٢٣ی حوزەیراندا، «ئاسکویس»ی جێگرەوەی «لوید جۆرج» بە سیستماتیک بە ڕووی چەرچڵدا هەڵدەشاخا بەوەی هێشتا خەرجییەکانی هەبوونی بریتانیا لەوێ ڕوون نییە، بە گومانیش بوو لەوەی بریتانیا لە دواییدا دەستکەوتی خۆی لە ماندداتەکە بچنێتەوە. ئەو دابەزییە سەر بنچینەی ڕوانینی «لوید جۆرج» بۆ بەرژەوەندییەکانی نەوت لە وڵاتەکە، بەوەی "بنەماکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێشێلبکا، کە بریتانیا بە بەڵێنەوە واژۆیکردووە، هەروەها هۆشداری دایە هاوکارەکانی، تا ئەو کاتەی

کۆمەڵەی نەتەوەکان مانداتەکە نەسەلمێنێ، ئەوا بریتانیا بە هیچ شێوەیەک جێپێی ڕەوای لە میزۆپۆتامیادا نابێتەوە."[19]

وەڵامەکەی «لوید جۆرج» بۆ گومانی ڕۆژنامە دەراوێک بوو بەوەی ئەو پارەیەی لە میزۆپۆتامیا خەرجکراوە، هی ئەوە نییە قەرەبوو بکرێتەوە. بۆ رۆژی پاشتر کۆمێنتی ڕۆژنامەی «تایمز» ئەوە بوو، ئەو "شتە گشتییە بەفیڕۆچووانە"ی سەروەزیر دڵی نەتەوەیەکی پێنادرێتەوە، کە کاروبارەکانی لە ڕێی باجی زیاتر و خەرجییە زۆروزەوەند و بەفیڕۆڕۆیشتووەکان پەکبخرێ."[20] ڕۆژنامەکە، کە بە شێوەیەکی بەرفرەوان وا بڕوادەکرا، لە ١٩١٦دا یارمەتی لەسەرکارلادانی «ئەسکویس»ی کردبێ، بە هەڕەشە لێکدەدرایەوە: "ئاخر هەر حکومەتێکی بریتانی، کە هەر زۆرینەیەکی بەرچاویشی هەبێ، پێشنیازی ئەوەبکا، خەڵکی بریتانی ناچاربکا بڕی ٤٠.٠٠٠.٠٠٠ پاوەن ساڵانە بۆ میزۆپۆتامیایەکی نیمچەڕەوەندە تەرخان بکا، ئەوا دەبێتە مایەی لەدەستدانی حەوسەڵە و بەرگەی وڵاتەکە."

تا دەهات خەرجییەکان پتر هەڵدەکشان. لە دەستپێکی مانگی حوزەیراندا سەربازگەیەکی بریتانی لە «ڕومێلە»، کە ١٥٠ مایل لە خوارووی بەغداوە دوور بوو، لە لایەن هەزاران چەکداری مەشقپێکراو پەلاماردرا، هەروەها ئەوان توانیان شێخێکیش لە زیندان ڕزگار بکەن، کە پێشتر بە فەرمانی «وڵسن» گیرابوو. ئەو هەرا و یاخیبوونە بە سەرکردایەتیی ناسیۆنالیستەکان و پشتگیریی پێشەوا دینییە بەهێزەکانی شیعە هەڵگیرسا. ئەوە بوو یاخیبووەکان بە خێرایی بەنێو هۆز و تیرەکانی دەشتی بەپیتی فراتدا بڵاوبوونەوە؛ هەروەک نووسەرە پێشڕەوەکانی ڕۆژنامەی تایمز نوسیبوویان، چۆن باجدەرە بریتانییەکان لە حکومەتەکەیان

پڕبوون، ئەو یاخیبووانەش بەم جۆرە پڕبوون. ئیدی ئەو خێڵەکییە ڕاپەڕیوانە ڕێگەی ئاسنینیان لە چەند لایەکەوە بڕی، بە ماوەی چەند ڕۆژێکیش ڕووبەرێکی بەرفرەوان لە نێوان «ڕومێلە» و «دیوانیە»، بە درێژایی پەنجا مایل لە باکوورەوە، لە بریتانییەکان هەڵگەڕانەوە.

حکومەتی بریتانیا هەوڵیدا ئاستی یاخیبوونەکە بشارێتەوە، بەڵام وەک هەموو جارێک، هەوڵی پەردەپۆشکردنەکە کێشەکەی پۆلکتر کرد. چەرچڵ لە ١٦ی تەمموزدا ناچاربوو زانیاری زیاتر سەبارەت بە پرسەکە بۆ پەرلەمان ئاشکرابکا. لێدوانەکەی ئەو مایەی هێدمەگرتن بوو، یەکێ لە شاهیدەکان نووسی، "خەڵکێکی زۆر وایدانابوو کە بگرەوبەردە هەن... بەڵام بۆ خەڵکی خۆجێی هەنووکە ئەوە بەدەرکەوت، ... ئێمە ئێستا لەبەردەم شتێکی زۆر جددی داین."[٢١] چەرچڵ بۆ ڕۆژی پاشتر لە یاداشتێکی هەناسەساردانەدا بۆ هاوڕێکانی، بە شێوەیەکی تایبەت لۆمەی فەرەنسییەکانی کرد، ئاخر ئەوان "بە شێوەیەکی تایبەت جەنگیان لە دژی فەیسەڵ ڕاگەیاندبوو."[٢٢] پێشبینی ئەوەی کرد، ئێستا پێویستیان بە فەیسەڵە تا سەرنجی خۆی بخاتە سەر میزۆپۆتامیا، بووەتە شتێکی حەتمی، ئەو بە کابینەی حکومەتیشی ڕاگەیاند، لەشکرێکی دیکە کە بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونەکە ناردراوەتە بەسرا "خەرجییەکەی بە ملیۆنان" پاوەنە.

ئەوەی بۆ حکومەت زۆر زیانبەخش بوو، ئەوە بوو «ت. ی. لۆرانس» چووە پاڵ هەڵمەتی دابەزینەسەر حکومەت. تا ئەو کات لۆرانس لە وڵات ببووە ناوێکی دیار. لە ماوەی کاتی مەنفاکەی لە «ئۆکسفۆرد»دا ، دوای ئەوەی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی «لۆوێل تۆماس Lowell Thomas»، کە لە ماوەی جەنگدا بۆ ماوەیەکی

کەم بینیبـــووی، ئیـــدی لە لەنـــدەنیش نمایشـــێکی لەســـەر کـــار و بەرهەمەکـــانی کـــرد، بەم جـــۆرە لـــۆرانس ناوبـــانگی پەیـــداکرد. لە بەرەنجامیشدا کاتێک بڕیاریدا ڕەخنە لە سیاسەتی حکومەت بگرێ، بە مسۆگەرییەوە بیروبۆچوونەکانی بڵاوکرانەوە.

لۆرانس پێشتر لە مانگی ئەیلولدا پێشبینی کردبوو "ئەگەر هـاتوو ئـــێمە ڕێـــگەی خۆمـــان چـــاک نەکەیـــن" ئەوا هەڵـــگەڕانەوە لە میزۆپۆتامیـــادا دەقەومـــێ.[25] ئەو هەســـتە قبـــووڵکراوەی هـــاتنەدی پێشـــبینییەکەی، وای لێکـــرد لە حـــاڵەتی متبـــوونەکەی لە ئۆکســـفۆرد هەڵســـێتەوە. لە زنجیـــرەیەک وتـــار بـــۆ تـــۆڵەکردنەوە لە «ئارنۆلـــد وڵسن»، ئەوەی سازشی دوا سات بۆ عەرەبەکان بە شتێکی "دوای کـار لە کـار تـرازان، ناڕاسـتەقینە و نـاتەواو دواکەوتـوو" دانـا.[24] لە نـــامەیەکی بـــۆ ڕۆژنـــامەی تـــایمز لە ٢٣ی تەممـــوزدا لەســـەر یاخیبوونەکە سەرکۆنەی شکستیهێنانی ئیدارەی وڵسنی کرد بەوەی بەرپرســیار بــوو لە جێبەجێنەکردنــی "بەڵێنــی شــەرەفی حکــومەتی بریتانیا لە جاڕنامەی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا بەوەی حکومەتێکی خۆسـەرییان پێـڕەواببینن."[26] ئەو پێشـبینی ئەوەشـی کـرد، خەرجـی سـەرکوتکردنی یـاخیبوونەکە لەم سـاڵەدا زیـاتر لە پەنجـا ملیـۆن پـاوەن دەبـێ، بـڕی ٥٪ یشـی بـۆ خەرجـی نـاجێگیریی حکـومەت سـەربارکرد.[26] بـۆ ڕاگرتنـی ئەو بـڕە خەرجیـیەش بە قەولـی ئەو: "لێگەڕێ با عەرەب خۆی کارەکەی بکا." لە بەغداشـەوە «گیرتـرود بێـل» بە تـووڕەییەوە وەڵامیـدایەوە، بەوە تۆمەتبـاری کـرد، گـوایە دەیەوێ ڕەوشـەکە زیـاتر بشـێوێنێ و نووسـی "ئەمە قسـەی قـۆڕە" بەڵام دانی بەوەشدا دانا " ئێمە هەر بە ڕاستی لە دەستپێکدا هەنـدێ هەڵەمـان کـردوون، شـتێکی قوڕسیشـە وەڵامـی ئەو جـۆرە نامـانەی وەک «ت.ی.لۆرانس» بدەینەوە."[27]

له میزۆپۆتامیا دۆخەکە شپرزەتر بوو. له هەمان ئەو ڕۆژەی «لۆرانس» نامەکەی بڵاوکردەوە، هێزێکی بریتانی له «حلله»وه لەسەر ڕێی ئاسنینەوە بەرەو «کوفە» بەڕێکەوت تا کێشەکەی ئەوێ چارەبکا. کوفەش شارێکی بچکۆلانە بوو لەسەر چۆمی فرات، لەوێدا سێ ڕۆژ پێشتر سەربازگەیەکی بچووکی بریتانی له لایەن خێڵەکییەکانەوە دابڕێنرابوو. ئەو کردەنیازەی بریتانییەکان بۆ نمایشی هێز، به پیشاندانی لاوازی وەرچەرخا، ئاخر هەڵمەتەکە سامناکانە به هەڵەدا ڕۆیشت. هەر ٨٠٠ سەربازی هەڵمەتەکە به سەرلێشێواوی له تینوتاوی گەرمای هاوین ڕێنوێنیکران، چونکە ئاوێکی زۆر کەمیان لەگەڵ خۆیان بۆ بڕینی (٣٠) مایل ڕێگا هەڵگرتبوو، تا بگەنە کوفە. تا ئەو ڕێگەیەشیان بڕی، شەکەت و ماندوو ببوون، بۆیە ناچاربوون هەر دوای نیوەڕۆ لای کەناڵێکی ئاو لێیدابوکتن، ئەوان لەبەر کەنەفتی بەسەر یەکدا کەوتبوون، ئیدی لەو کاتەدا هەزاران عەرەبیان لێوەدەرکەوتن و بەسەریاندادان.

ئینجا بریتانییەکان هیچیان پێنەما لەوە زیاتر بکشێنەوە، بەڵام ئەو جووڵەشیان له لایەن خێڵەکییەکانەوە پێشبینیکراو بوو. لەو کاتەی ئەوان به هەراسانییەوە بەرەو سەر ڕێگەی «حلله» دەکشانەوە، لەوێدا کەوتنە بۆسەی زیاتری عەرەب. پەلاماردانەکە خێرا و وێرانکەر بوو. بەگوێرەی قسەی ئەفسەرێکیان بێ، "پیاوە تفەنگ بەدەستەکانمان له لایەن چەقۆ و کێردبەدەستی عەرەبەوە پەلاماردران، ئەوانەی له کەندرەکانی سەر ڕێگە بەدەرکەوتن و زگی ئەسپەکانیان له بنەوە هەڵدڕی."[٢٨] کاتێکیش شەو داهات، به ئاسانی توانرا دەست له سەربازەکان بوەشێنرێ، ئەوانەی ڕێگەی نیمچە بیابانەکەیان ونکردبوو: زیاتر له سێسەت کەس کوژران یان به دیل گیران. له هەمان ئەو ڕۆژەی، که عەرەب له «مەیسەلون»

لەسـەر دەسـتی فەرەنسـییەکان شـکان، کەچـی لێـرە شکسـتێکی گەورەیان بەسەر بریتانییەکاندا هێنا.

کـاتێکیش هەواڵـی کـێفەڕاتەکە گەیشـتە «وڵسـن»، چـارەی نەمـا مەگەر بەوەدا بچێـتەوە، کە پێشـتر هـی بیرلێکـردنەوە نەبـوو. لە نیگەرانی ئەوەی مەبادا تەواوی دۆڵی فرات جێبێڵێ، هەر چوار ڕۆژ پاش دەرکردنی فەیسـەڵ لە دیمەشق، پەیوەندی بە لەندەنەوە کرد بەڵکو بەوەدا بچنەوە، کە سـەرکردە عەرەبەکە بکەنە سـەرکردەی میرنشینی میزۆپۆتامیا.[٢٩] خۆ ئەگەر حکومەت بیەوێ خەرجییەکانی ئایندەی لە ناوچەکە کەم بکاتەوە، ئەوا بە گـوێرەی بیرکـردنەوەی ئەو: "ڕامـانی باشـتر ئەوەیە کـار لەگەڵ فەیسـەڵدا بکـرێ... نەوەک هەندێ ڕێگەی دیکە بگیرێتەبەر."[٣٠] بۆ ئەم کارەش، بە قەولی ئەو؛ "نەوەک هەر پێگەی خۆمان لە چاوی عەرەب بنیاتدەنێینەوە، بەڵکو دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو تۆمەتبارکردنەش لەسەر ئەستۆی خۆمان لابدەین، بەوەی ئەگەر نەیکەین ئەوا ئێمە بە بێ بەڵێن و بڕوا لە لایەن فەیسەڵ و خەڵکەکەی ئەو لەم وڵاتە دەردەچین.

لە لەنـدەن حکـومەت بە شـتەکە قـایلبوو. هەر زووش هەواڵەکە دزەیکـرد: ڕۆژنامەکـان لە ٥ی ئابـدا ڕایانگەیانـد، "لەوانەیە فەیسـەڵ ببێتە حوکمڕانی میزۆپۆتامیا."[٣١] ڕێنمـایی بـۆ پەسـەندکردنی گـۆڕینی وڵسن بە «سێر پێرسی کۆکس» لە هەمان ڕۆژ بۆ حکومەت ڕوون و ئاشـکرابوو. ڕێنماییەکـان ئەوەیـان تێـدابوو، "مـادام لەوێ "داوای سـەربەخۆیی تەواو... بـۆ بەرجەسـتەکردنی ڕاوبۆچـوونی خەڵکـی میزۆپۆتامیا دانانی نوێنەرایەتییەکی کارا هەیە"، ئەوا فەیسـەڵ وەک فەرمانڕەوای بەغدا دابنرێ.[٣٢]

لۆرانس دەرفەتەکەی بۆ هەڕمێنپەیداکردن بۆ فەیسەڵ قۆستەوە. لە ڕۆژنامەی «ئۆبزێرڤەر Observer»دا مشتومڕی لەسـەر ئەوە

کرد، کەوا هاوڕێی سەردەمی جەنگ شایەنی هاوسۆزییە، چونکە ئەو سەروسەودایەی لە لایەن «گۆرۆ» لەگەڵیدا کرا، زۆر خراپ بوو، هەمووشی لەسەر ئەوە بوو، لە کاتی جەنگدا پشتی بریتانییەکانی گرتبوو.[٣٣] ئەو وتارەکەی بەو داکۆکیلێکردنە کۆتایی پێهێنا، کە "ئەوەی ئێمە تێکمانداوە، چاکیبکەوە"، هەروەها دامەزراندنی حکومەتێکی عەرەبی بە پاڵپشتی ڕاوێژکارانی بریتانی دەبێتە "مایەی گەڕاندنەوەی ملیۆنان پاوەن لە هەفتەیەکدا." لە دوو وتاری ناوخوازراودا، کە لە تایمز بڵاویکردنەوە، لۆرانس پەسنی فەیسەڵی وەهادا؛ "لە دوای سەلاحەدینەوە مەزنترین سەرکردەی عەرەبە."[٣٤] لە وتارێکی زۆر دڵخۆشانەیدا، لە ژێر ناوی "هەواڵنێرێک" وردەکار بوو، هەولێدا بیرۆکەی ئەو تارماییە بڵاوە بڕەوێنێتەوە، کەوا فەیسەڵ "لە ژێرەوە پشتی بریتانییەکانی گرتووە، بەوەی بەشێک بووە لە نەخشەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی هەژموونی بریتانی بۆ پشتەوەی بازنەی کۆنترۆڵی سیاسی بریتانی"، ئەو لەو وتارەدا ئەوەشی هێنایەگۆ، کە ڕۆڵی ئەو لە هەرای عەرەبدا بە زیادەڕەوییەوە باسی لێوەکراوە.[٣٥] لە وتاری دووەمیشیدا، وەسفی ئەو ئاستەنگییانەی کرد، کە فەیسەڵ لە دامەزراندنی ئیدارەیەک لە سوریا دوای ئاگربەستەکە هاتبووە پێشی. ئەو پێی وا بوو؛ "زۆر نایاب بوو شتەکە وەها درێژەبکێشێ". فەیسەڵیشی وەها وێناکرد "کەسێکی تەمەن ٣٣ ساڵەی بەجۆشە، تائێستا لە لووتکەی بەهێزیی خۆیدایە." لۆرانس وتارەکەی بە مەراقەوە بەوە کۆتایی پێهێنا، "ئاخۆ دواتر چی دەکا".

دیار بوو هەواڵەکە پێشتر بە حکومەتی فەرەنسا گوترابوو. لە ڕۆژی ٨ی ئابدا، «کورزن» زاتی ئەوەی دایە بەرخۆی تا هەواڵەکە بە «میلراند» ڕابگەیەنێ بەوەی فەیسەڵ بەرپرسیارێتی میزۆپۆتامیا

وەردەگـریٚ. هەر پـاش چەنـد ڕۆژێکـی کەم، گەورە دیپلۆمـاتێکی فەرەنسـی لە لەنـدەن نـاڕەزایەتی خـۆی سـەبارەت بە پێشـنیازەکە خسـتەڕوو. دیپلۆمـاتەکە گـوتی؛ دەکـریٚ ئەم شـتە ببێـتە " تـاقیکردنەوەیەکی سـەخت" بـۆ هاوپەیمـانێتی ئەنگلـۆ-فەرەنسـی، چونکە قسەی لەسەر نییە، فەیسەڵ سەری بۆ کاروباری دیمەشق دەخوریٚ.[٣٦]

بریتانییەکـان گوێیـان بەم پرسـە نەدا. دوای ئەوەی «گـۆرۆ» گەیشـتە دیمەشـق، بـاڵوێزی بریتانیـا لە پـاریس هۆشـداری دایە «کورزن»، کەوا ژەنەڕاڵی فەرەنسی نیازی وەهـای هەیە، دەسـەڵات فەرەنسـی ڕووەو ئاراسـتەی باشـووری شـارەکە ببـا، ئەمەش سینگداکوتانە لە نێوان فەڵەستین و میزۆپۆتامیای ژێر قەڵەمڕەویی بریتانیـا، کە هەڕەشـەیە لەسـەر بیـرۆکەی پارێزگـاریکردن لەو ڕاڕەوەی بەنێـو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دەڕوا، ئەوەی بریتانیـا لە ١٩١٥دا بایەخی پێداوە. لە لەندەن ڕایەدارانی وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە لە نەخشـە بنەڕەتییەکەی ڕوونکـردنەوەی ڕێککەوتننـامەی سـایکس-پیکـۆدا گەڕان، ئەمەش بەو تەقەلـلایەی کتومـت ئەو هـێڵە سـەقامگیربکەن، کە لە نێـوان خـاکی قەڵەمڕەویـی فەرەنسـی و بریتانییەکانـدا کێشـرابوو. لە سـەروبەندی ڕۆژی ٢٠ی ئابـدا «سـێر هێـربەرت سـامۆئیل» ئۆرشـەلیمی بەرەو «سـەلت Salt» بەجێهێشت، لە دیوی ڕۆژهەڵاتی ئوردنەوە، ئەو شوێنەی شێخەکان بانگهێشتکرابوون تا چاویان پێبکەویٚ. کاتێکیش لەویٚ ڕایگەیاند، کە بەنیازە لێبوردنێک بۆ شێخێکی خۆجێیی دەربکا، ئەوەی سەبارەت بە هەراوهوریـای ڕۆژی نەبـی موسـا تاوانبـارکرا و بـۆ ئـوردن هەڵاتبوو، ئیدی شێخەکان چەپڵەیـان بۆ لێدا، «سـامۆئیل»یش بە قسـەی یەکـیٚ لە شـاهیدەکان "زۆر زیرەکـانە لەوپەڕی لـوتکەی

ڕەزامەنــدییەوە بۆیــان چــوو، ئەوســا گــوتی: "هەر کەســێک کە حکومەتی بریتانیای بوێ، با هەنگاوێک بێتە پێشـەوە و ناوی خۆی بدا" ئەوانیش هەمویان هاتنەپێشەوە."[٣٧]

بریتانییەکـان لە ڕێـی ئەم دەسـتورانەوە بە شـێوەیەکی کارایـانە دەسـتدرێژی فەرەنسییەکان بۆ سـەر ئەو نـاوچەیە وەسـتاند، کە بە بەشێک لە منداتی فەڵەستینیان دانابوو، کەچی هێشـتا نەیانتوانیبوو سـەرهەڵدانی میزۆپۆتامیـا سـەرکوتبکەن. لە ٢٠ی ئابدا، ڕۆژنـامەی تـایمز پرسـی، ئـاخۆ بـۆچی ئەوەنـدەی پێچـوو تـا چەرچـڵ بتـوانێ هەڵـگەڕانەوەکەی کـوفە دابمـرکێنێتەوە، ئـاخر ئەو پـێش مانگێـک بەڵێنــی دا، بەم زووانە وەهــا دەکــا، بەڵام چەرچــڵ وەڵامێکــی تەڕدەســتانەی لا نەبــوو. ئەوە بــوو تەنیــا ئەو کــاتەی کــابینەی حکـومەت ڕێـگەی بە خەرجـی زیـاتر دا، ئینجـا چەرچـڵ تـوانی بە «هالـدان» ڕابگەیەنێ؛ "تـا ناوەڕاسـت یـان کۆتـایی مـانگی تشـرینی یەکەم هێزێکـی زەبروەشـێنی کـاریگەری پێدەگا، تـا بە شـێوەیەکی توند و بەرچاو بۆ تەمبێکردن و سزادانی هەڵگەڕاوەکان بەکاربێنێ، ئەمە و وێـڕای ئەوەی دانـانی سیاسـەتێک تـا دەوڵەتێکـی عەرەبـی دابـمەزرێ بەڵکـو ڕەوشـەکە باشـتر بکـا."[٣٨] تەنـانەت بـۆ مـایەی شـەرمەزاری، چەرچـڵ ڕێـگەی ئەوەی بە هێـزی هەوایـی دا، بەڵکـو تەداروکی ئەوە بکا گازی خەردەل لە دژی "یاخیبووە خۆجێیەکان" بەکاربهێنێ.[٣٩] وێڕای ئەم ڕێپێدانە، بەڵام هێزی هەوایی پاشـایەتی عاقلمەنـدانە ئەمەی نەکـرد. بە کۆتاییهـاتنی هەرایەکە ٨٤٠٠ عەرەب، هەروەها نزیکەی ٢،٣٠٠ سەربازی بریتانیش کوژران.

زۆرینەی قوربانییەکان لە سەربازە هیندییەکان بوون، هەروەهـا ئەوەی زیاتر بووە مایەی هۆشداری «چەرچڵ»، زیانە داراییەکـان بوون نەوەک مرۆییەکان. لە سـەروبەندی کۆتاییهـاتنی مـانگی ئابدا،

چەرچڵ گازاندەی لە دەست ڕەوشەکە لای «لوید جۆرج» کرد، بەوەی ئاخۆ "دوای ئەو هەموو و ململانییەی شەڕ لە پای چی، ئەو کاتەی ئەو سەرچاوە کزەی سەربازیی و باری داراییمان لەوێ کۆبکەینەوە، لە بەرانبەر مەترسی لێرەولەوێ شتێکی کەم دەمێنێتەوە، بۆیە ئێمە ناچارین لەشکر و بوجەی زیاتر بڕژێنینە ئەو بیابانە قاقڕە."[٤١] دەردەدڵەکەی ئەو لەوە بوو، "تەنیا تێچوونە سەربازییەکانی ئەم ساڵە لەوانەیە خۆیان لە ٥٠ ملیۆن بدا، ئینجا بە خەرجکردنی ئەو هەموو سەرمایەیەوە، ئەگەری پەرەپێدانی بازرگانی، کە دەکرێ هەبێ، لە دەست دەدەین."

هۆکاری ئەوەی «چەرچڵ» خەمی تێچوونە زۆرەکانی بوو، دەگەڕایەوە بۆ خەونی بوون بە وەزیری گەنجینە و پاشانیش بە سەرۆوەزیر، ئەو بڕواشی وەها بوو، دەبێ "متمانەی ئابووری" بەدەستبێنێ تا بگاتە ئامانجە بەرزەفڕەکەی خۆی.[٤٢] ئەو چنگەڕنێی بوو تا لە ئاستی باوکی خۆی، لە «لۆرد ڕاندۆلف Lord Randolph» تێبپەڕێنێ. باوکیشی ئەو کەسە بوو، (٣٠) ساڵ پێشتر وەزیری گەنجینە بوو. باوکەکە خۆی لە ڕۆڵەکەی بە دوور گرت و ڕای لێنەبوو، جارێکیان دابەزییە سەر کوڕەکەی، بەوەی "ژیانێکی بێکەڵک بەسەردەبا" و بەڵام دوای ئەم قسەیە، بە دوو ساڵ پاشتر، لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا دەمرێ، ئەمەش بەرلەوەی کوڕەکەی بیسەلمێنی، کەوا باوکی هەڵەبووە.[٤٣] چەرچڵ لە ترسی ئەوەی مەبادا ڕەگە جیناتی ماڵباتەکەی ڕێگەی ئەوەی نەدا – کە تەمەنی ٤٦ ساڵ بوو- لەسەر ئەوە لێبڕاوبوو بە هەر نرخێک بێ، پێش باوکی بکەوێتەوە. «لوید جۆرجیش» بە تەوسەوە گوتبووی؛ "دەکرێ ئەو لە پێستی دایکی دەهۆڵێک دروست بکا تا دەنگی پەسندانەکەی خۆی ببیستێتەوە."[٤٤]

چەرچڵ دەیزانی سیاسەت زۆر سەلامەت نییە. ئەو وەک کوڕێکی سەرچڵ لەدایک ببوو، وەک پەیامنێرێکی ڕۆژنامە ڕەگەڵ هێزی سەربازی بریتانی لە بەرەی باکووری ڕۆژئاوای هیندستان کەوتبوو، لەوێوە نووسیبووی "هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە کە بەبێ ئەنجام تەقەت لێبکرێ". ئەو لەسەر حیسابی کۆنسەرڤاتیڤەکان چووە نێو پەرمان، پاشان بایدایەوە سەر لیبراڵەکان و بە تەمەنی ٣٣ ساڵی بووە گەنجترین وەزیری کابینە.[٤٥] **بەڵێ هەر بە ڕاست وەک لۆردی یەکەمی ئەدمیرالیی هێزی دەریایی لە ١٩١٢دا بڕیاری گۆڕینی سووتەمەنی کەشتیگەلی لە خەڵوزەوە بۆ نەوت دا: ئەو بڕیارەی وای کرد بریتانیا لە کۆڵ عێراق نەبێتەوە.** کەچی ئەو کات، بە هاندانی «سایکس»، بڕیارێکی چارەنووسسازانەی دا، کە پشتی هێزدابەزینی «گالیپولی» بگرێ، کاتێکیش سەرکێشییەکە شکستی هێنا، بووە مایەی نیشانەی سەرەڕمی زۆر لە نەیارەکانی. کاتێکیش لە ساڵی ١٩١٦دا، «لوید جۆرج» جێگەی «ئاسکویس»ی لە سەرۆکایەتی حکومەت گرتەوە و بانگی کۆنسەرڤاتیڤەکانی کرد تا لە پێکهێنانی حکومەتەکەدا ڕەگەڵی بکەون، ئەوە بوو باجی کۆنسەرڤاتیڤەکان دەستلەکارکێشانەوەی چەرچڵ بوو.

بۆ پیاوێک، کە بۆ سیاسەت و دەسەڵات ژیا، ئەو کەسەی چێژی لەوەدا دەبینی بە درەنگانێکی شەو بە مەستی باسی ئەم و ئەو بکا، ئاخۆ کێ بەرزبووەتەوە و کێش داشکاوە، خۆی ئەمە بۆ ئەو زەبرێکی بە ئازار بوو، وەنەبێ هەر بەلای کەمییەوە لەبەر ئەوەش بووبێ کە دۆستی «لوید جۆرج» بووە. دوای ئەوەی ماوەیەکی کورت لە بەرەی ڕۆژئاوا لە خزمەتی سەربازیدا بوو، گەڕایەوە بریتانیا، هێشتا خەم و خەفەت بەرینەدابوو، ئیدی دەستی دایە فڵچە و کاری تابلۆکێشان، بەڵکو بەسەر خەمۆکییەکەیدا زاڵبێ. ئەم

کارەی خۆی وەها وەسفکرد، کە "گەشتێکی خۆشە بەنێو سندوقی ڕەنگەکان." ئەو ئەمەشی سەلماند، ناتوانێ "خۆم وەها نمایش بکەم تا لە بەرانبەر ڕەنگەکان هەستێکی بێلایەنانەم هەبێ، دڵم بە ڕەنگە کراوەکان خۆش دەبێ، هەر بە ڕاستیش ئەفسووس بۆ ڕەنگە بۆرەکان."[٤٦] ڕەخنەگرەکانیش بۆنی ئەنجامەکانیان کردبوو، بەڵام کاتێک چەرچڵ یەکەمین پیشانگای خۆی کردەوە، لە پێنج تابلۆی خۆیدا چوار دانەی لێفرۆشتن. بە ناوی خوازراوەوە واژۆی لەسەر تابلۆکان کرد، تا ڕەخنەگرەکان نەتوانن شتێک بڵێن، ئاخر خۆی پێنەدەگیرا سەردانی پیشانگاکە نەکات و پێیەوە سەرسام نەبێ. هەروەک لە بەردەم «کلێمێنتاین Clementine»دا دانیپێدا نا، "من لەناو منمنۆکێدا نغرۆببوم."[٤٧]

چاکەی گەڕانەوەی چەرچڵ بۆ کابینەی حکومەت، بۆ «لوید جۆرج» گەڕایەوە، ئەو کەسەی لە کۆتایی ١٩١٨دا کردییە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری جەنگ. بۆ سەروەزیر گەڕاندنەوەی پیاوێک کە بە شێوەیەکی بەربڵاو بە بەپرسیاری یەکێک لە کێفەراتەکانی جەنگ دەزانرا، مەترسییەکی گەورە بوو. ڕۆژنامەی «مۆرنینگ پۆست» ئەم سەردەرهێنانەوەی چەرچڵی بە شتێکی "نایاب و نەخوازراو" وێناکرد، بەوەی هەواڵنێرێکی پێشوو "لە شوێنێک دابنرێ، کە بۆ ئایندە کێشە بنێتەوە."[٤٨] دیارە ئێستا ئەم بیرۆکەیە نامۆیە، بەڵام ئەو کات ئەمە هەستکردنێکی باوبوو. ژەنەڕاڵێکی هەرە گەورەی بریتانیش بە هێواشی هۆشداریدا: "دەکرێ ئەو شتێکی گەمژانە بکا و حوکمە سەربازییەکەشی هەمیشە هەر شکست بووە. ئەو خۆی بە دۆقی «مارلبۆرۆ Marlborough» دەزانێ."

له گەڕانەوەی بۆ نێو حکومەت، پەیوەندی خۆی لەگەڵ «لوید جۆرج» وەها بینی، کە بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگرانەوە گۆڕاوە. ئەم دوو پیاوە بەردەوام مشتومڕیان بوو، بە تایبەتیش لەسەر ڕێککەوتن لەگەڵ تورک. چەرچڵ بە مەبەستی کەمکردنەوەی خەرجی لەگەڵ ئەوەدا بوو ڕێک بکەوێ، هەرچی لوید جۆرجیش بوو، کوێرانە ڕقی لە تورک بوو، بۆیە دژی ڕێککەوتن بوو، لەبەر ئەوەی چەرچڵ بۆ مانەوەی خۆی بەند بوو بە دۆستەکەی، بۆیە بەدەر لە قایلبوون هیچ بژاردەی دیکەی بۆ نەمابووەوە.

هەردوو پیاوەکە لەسەر پەیوەندییە ئاڵۆزەکەیان بەردەوام بوون. «لوید جۆرج» چەرچڵی بە نوشستی لە خۆتەرخانکردنی "ئەو توانا گەورە و و وزە و بوێرییە" بۆ "کەمکردنەوەی خەرجییەکان" تاوانبارکرد.[٥٠] چەرچڵیش لەوە تووڕە بوو، کەوا ڕەچاوی مانەوەی کۆنترۆڵی بریتانیا بەسەر میزۆپۆتامیای لێدەکرێ، ئەمەش لە بەرانبەر دوژمنکاریێتی هەردوو لایەنی تورک و عەرەب بە سەرچاوە دەرامەتێکی کەمکراو و بە نەیاریی ڕۆژنامە. ئەو لە مانگی ئابدا وەها دەردەدڵی خۆی لای سەروەزیر کرد: "ئاخر ئێمە تاکە دۆستێکمان سەبارەت بەو بابەتە لە نێو ڕۆژنامەگەرییدا نییە، ئەوان زیاتر حکومەت ئازار دەدەن، هەفتە دوای هەفتە، مانگ لە دوای مانگ، بۆ ماوەیەکی درێژە دەبێ ئێمە لەسەر ئەو بارە شپرزەییە، لەسەر ئەو بەفیڕۆدانە و شەڕە گۆترەییە بەردەوامین."[٥١] کەچی کاتێک بە قووڵی بیری لە مەترسی تووشبوون بە کێفەڕاتێکی دیکەی سەربازیی کردەوە، بیرۆکەیەکی نایابی بۆ هات؛ بۆ ئەوەی دەمی ڕەخنەگرە هەرە بەرچاوەکەی حکومەت بگرێ، هەقە بیکڕێ و وەک ڕاوێژکاری خۆی بەکرێی بگرێ.

## ٩
# باشترین و هەرزانترین چارەسەر

لە ٤ی کانونی یەکەمی ١٩٢٠دا، سکرتێری تایبەتی «چەرچڵ» بانگهێشتنامەیەکی بۆ «ت. ی. لۆرانس» نارد تا بێتە دیداری سەرۆکەکەی. یەکەم جار هەر یەکسەر دوای ئاگربەستەکە «چەرچڵ» لۆرانسی بینی بوو، دیدارەکەشیان بە کاریگەر و زیندوو مابووەوە. بە گەڕانەوە بۆ دیدارەکەی ئەو کات، لۆرانس تازە ڕێزلێنانە شاسوارییەکەی پاشای بریتانی ڕەتکردبووەوە، ئەویش لەسەر ئەمە سەرکۆنەی کردبوو. دواتر وەهای لەو بارەیەوە نووسی: "جارێکیان پێمگوت کە ڕەفتارەکەی زۆر هەڵە بوو، شتێکی شیاونەبوو بۆ پاشا سەرداری وڵات، جوامێرێک بەم شێوە بێڕێزی لە بەرانبەردا بنوێنی."[١] لۆرانسیش لایەنە باشەکەی ڕەخنەکەی وەرگرتبوو. ڕوونیکردەوە، ئەم ڕەفتارە تاکە ڕێگە بوو تا لە پاشا بگەیەنێ، کە "شانوشکۆی بریتانیای مەزن سەبارەت بە سەدواکردنێکی متمانەدارانە لە سەنگی محەکدا بوو بەوەی لە داواکانیان سەبارەت بە سوریا بۆ فەرەنسا ناپاکیان لێکرا و بەمەش پەڵەیەکی ڕەشە لە مێژوومانـدا." چەرچڵیش ئەو کەسە نەبوو، تا ئەو پیاوەی کە "چاوەکانی بڵێسەی ئاگرینیان تێدابوو" لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەسەر مێزەکەیدا فەرامۆش بکا.[٢] لە کانونی یەکەمی ١٩٢٠یشدا، بانگی «لۆرانس»ی کرد تا کاری لەگەڵدا بکا.

لە گۆڕانکاریی وەزارەت لە سەرەتای ساڵی ١٩٢١، «چەرچڵ» لە وەزارەتی بەرگرییەوە گواسترایەوە وەزارەتی کۆلۆنیالی. کە نموونەی بەرفرەوانی بوو، لەوێ بە نووسینگە تازە بەرفرەوانەکەی دڵشاد بوو، کە دوو جار لە هی کۆنەکەی گەورەتر بوو، بەڵام ئەو

زیادبوونەی ڕووبەری نووسینگەکەی بە چەندین پێ دووجا، هیچ نەبوو لەچاو ئەو سەرئێشەیەی لە کاری وەزارەتەکە بەدوایدا هات. بۆ مایەی ترسوتۆقینی «چەرچڵ» سەروەزیر بەرپرسیاریەتی تەواوی فەڵەستین و لەوەش پۆلکتر هی میزۆپۆتامیای خستەئەستۆ، دوای ڕاپەڕینەکەش، ئەرکەکە ئەوە بوو، حکومەتێکی خۆجێی پێکبهێنێ بەڵکو مەیلی عەرەبەکان بۆ خۆ بکێشێ و بڕژێتە نێو بۆتەی بەرژەوەندی ستراتیژیی بریتانیاوە. «چەرچڵ»یش نەیدەتوانی خستنەڕووەکەی «لوید جۆرج» بەلاوەبنێ، بەڵام ئەو "هەندێ بەدگومانیی سەبارەت بەرەنجامی سیاسییانەی من هەبوو" بەوەی کاری سەرپەرشتیکردنی میزیۆپتامیا و فەڵەستین وەک مشوورخواردنی جمکەیەک، هەر وەک ئەو وەها وەسفی کرد، بگرمەئەستۆم" کە بە خاترجەمیشەوە ئەو "باوک نەبوو".[3]

هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو، چەرچڵ مەراق بوو لۆرانس بێلایەن بکا، چونکە ئەو ئەفسەرە گەنجە خۆشەویستە واتای ئەوەی دەگەیاند، هێزێکی مەزنی بۆ تێکوپێکدانی ئەو لەبن سەردا بێ. دواتر ئەو وەهای ڕاگەیاند، گوایە یەکسەر «لۆرانس» بەپیر بانگەوازەکەیەوە چووە و قبووڵی کردووە، بەڵام «لۆرانس» گوتی تەنیا بە داوای جاری سێیەمی چەرچڵ و لە کۆتاییدا هاتۆتە ڕەدایێ تا بە قەولی خۆی بگەڕێتەوە نێو "ئەو گۆڕە تەنگەی ئەرکی گشتیی"، لەوانەشە لەو کاتەدا ئەمەشی لەبەر دەستکورتی کردبێ.[4] گێڕانەوەکەی لۆرانس ڕاستگۆیانەترە، چونکە «چەرچڵ» تەنیا لە ١٦ی شوباتی ١٩٢١دا خۆشحاڵی خۆی بۆ «کلێمێنتاین»ی هاوژینی دەربڕی، کە لە کۆتاییدا "لۆرانسی سندم[49]کرد."[5] ئیدی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا وەها کەوتەوە لۆرانس تا درەنگانێکی شەو لە

٤٩ سندمکردن: واتە دەستوپێی بەستنەوە.

وەزارەت بـۆ کـار دەمـایەوە، ئێسـتا بـووەتە نەخشـەداڕێژەری ئەو سیاسـەتە گـۆڕاوانەی حکـومەتی بریتانیـا، کە لە سـەروبەندی هاتنەکایەدا بـوون. چەرچڵیش کەیفخۆش بـوو بەوەی قەنـاعەتی بە ترسناکترین ڕەخنەگری هێناوە، جارێکی دیکە ببێتەوە سەرگۆڕەپان و ببێتەوە کارمەندی حکومەت، ئەمەش بە شێوەیەکی کارا لە کـاتی پێواژۆیەکەدا بێدەنگی دەکا. خۆی شتەکە لە سەرێکی دیکەشەوە بۆ لـۆرانس بەڵـێن بـوو، دەرفەتێکـی لەبـار بـوو تـا "لەو دەردە خەمۆکییەی لە ١٩٢٠دا تووشی هات، دەرباز بێ."[٦]

گەشبینی «لۆرانس» پەیوەست بوو بەو ڕاستییەی، لەو کاتەی «چەرچـڵ» دەرفەتـی کـاری خسـتە بەردەمیـیەوە، بیـرۆکەی ڕاپێشکردنی فەیسەڵ وەک بیچمێکی سەرەکی چارەسەری کێشەکە، ببـووە سیاسـەتی حکـومەت. خـاڵی وەرچەرخـانەکەش لەو کۆبونەوەیەی لە کانونی یەکەمی ١٩٢٠ لە وایتهۆلدا کرا، هـاتەپێش. ئەو کـاتەی دەقـی ئینگلیـزی و عەرەبـی نـامە و نـامەگۆڕینەوەی «ماکمـاهون» لەگەڵ «شـەریف حوسـێن»دا بەراوردکـرا. «ماکمـاهون» لە نـامە هەرەگـرنگەکەی خـۆی لە ٢٤ی تشـرینی یەکەمی ١٩١٥دا دەستەواژەیەکی تەمومژاوی بە دانەنانی وێرگوڵ لە نێـوان وشـەکان بەکارهێنـابوو، وا دیـاردەکرا وەک ئەوەی بە داواکارییە پێلێهەڵبڕییەکانی «حوسێن» قایل بێ، ڕاستییەکەشی بەم کـارەی دەرفەتێکـی بـۆ بریتانییەکـان هێشـتبووەوە تـا لەگەڵ فەرەنسـییەکان لە مـانۆردا بـن. بـۆ مـاوەی پێـنج سـاڵی ڕەبەق بریتانییەکان لەو بڕوایەدا بوون، کە ئەو سەرکەوتووانە ئەم کارەی کردبـوو، تـا ئەو کـاتەی ڕەفتـارە سـامناکەکە لە کۆبـوونەوەکەی کـانونی یەکەمـی ١٩٢٠دا بەدەرکەوت، لەوێـدا دەرکەوت بە دەستسـووکی، بـڕگەکە لەنێـو دەستنووسـی دەقە عەرەبیـیەکەی

نـــــامەکەدا دەرهێنرابـــــوو. هەروەک یەکـــــێ لە کاربەدەســــــتە ئامادەبووەکان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، وەهای باسکرد:

لەو دانە نـامە عەرەبییـەی بـۆ شـا حوسـێن نـاردرابوو، وەهـا وەرگێڕدرابـوو، بریتانیـای گەورە دەسـتی لە کردەنیازەکـان والآیە، بــێ ئەوەی زیـــان بە فەرەنســـییەکان لە هەمـــوو ئەوەی بۆیـــان دیارکرابوو بگەیەنێ. ئیدی ئەم بڕگەیە لەنگەرگای ئێمە بـوو: ئـاخر وای کــرد بە فەرەنســـییەکان ڕابگەیەنــین؛ ئــێمە مــافی ئەوانمــان پاراستووە و عەرەبەکانی ئەو ناوچانەش دەبووایە لە دواییدا لەگەڵ مەرجی فەرەنسـییەکان بێنەوە. ئەوەش شـتێکی هەرە هەراسـانکەر بوو ئەم پارچە خاکە ڕەقوتوندەمان لەبن پێیـان دەربێت. پێمـوایە لە بەرانـبەردا حکـومەتی خاوەنشـکۆ ئەو دەرفەتە بقـۆزێتەوە و وەک قەرەبوویەک فەیسەڵ بنێرێتە میزۆپۆتامیا.[٧]

بە ڕەهـاییەوە ئەم خەملاندنە ڕاست دەرچـوو. ئـاخر هەر پـاش دوو ڕۆژ «کـــرزن» دەســـەلاتی دایە کـــابینە تـــا لە «فەیســـەڵ» نزیکببەنەوە و بیبینن بەڵکو مەیلی ئەوەی هەبێ ببێتە دەسـەڵاتداری میزۆپۆتامیا. زۆریشی پێنەچوو «فەیسەڵ» هاتە لەندەن.

ئەو وتـــووێژە نهێنییـــانەی بەدوایـــدا هـــاتن، هانـــدەرانە بـــوون. ســــەرکردە عەرەبەکە ئامـــاژەی ئەوەی نیشـــاندا، کە بیـــرۆکەکە "بەلاوەنـانێ"، ئەوەشــی خستەســەر، «عەبـدوللا»ی بـرای تـاجی پاشـایەتی نـاوێ.[٨] هەر لەو کاتـانەدا فەیسـەڵ چـاوی بە لۆرانسـیش کەوت، ئەوەی پێڕاگەیاند، دەستبەرداری هەر داوایەک لە سوریا و فەڵەستین دەبێ، هەرچەندە ئەوەشی ئارەزوو بوو بەڵکو دەوڵەتێکی عەرەب لەو خاکانەی بەنێو ئوردندا تێدەپەڕن، ببینێ. ئەم ڕەفتـارەی فەیســـەڵ وای لە «لـــۆرانس»کـــرد زۆرگەشـــبین بـــێ. ئەویـــش بە ســـکرتێرە تـــایبەتییەکەیەی «چەرچـــڵ»ی گـــوت: "هەمـــوو پرســـی

پابەنــدیی و بەڵێنەکــان، ئەوانەی جێبەجێکــران یــان شــکێنران لە لایەکەوە دانــران. دەکــرێ ئەگەر هــاتوو فەیســەڵ حەزبکــا زۆر یارمەتی چارەسەری خێرای دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانە بدا."[9]

دیار بوو هەر دوو وشـەی چارەسـەرییەکی خێرا و بنەچەکەی بــاب و بــاپیرانی «فەیســەڵ» زۆر جــوان بە دڵــی چەرچــڵ بــێ. هەرچەندە ئەو ئەفسەری سوارە لە «ساندهەرست Sandhurst» دەرچـوو بـوو، بەڵام ئەو نـاوی خـۆی وەک پەیـامنێرێکی بەرەکـانی جەنگ بە وەسـفکردنی شـەڕە بچووکەکانی دوا ڕۆژەکـانی سـەدەی نـۆزدەهەم پەیـداکرد، ئەو بە جۆشــەوە بەشـداری ئەو جەنگانەشــی کرد، کە ڕاپۆرتی لەو بارەوە بۆ ڕۆژنامەکان دەنـارد. بەسـەر ئەو وێرانکــارییەش شــاهید بــوو، کە لەبەرەی بــاکووری ڕۆژئــاواوە بە هۆیی فتوای مەلاکان بۆ جیهاد قەومـا،[50] هەروەهـا هەرای بەگـوڕی دەرویێشـایەتی «مەهـدی» لە سـودان، بـۆیە «چەرچـڵ» حەزی لەو بیــرۆکەیە کــرد، کە فەیســەڵ دەســەڵاتی خــۆی وەک نەوەیەکــی پێغەمبەر محەمەد بۆ گەیشتن بەبـاری سـەقامگیریی بەکاربهێنێ. بە وەبیرخۆهێنانەوەی ئەو دیمەنەی عەرەب لە مێشکییدا، ئەو کـات کە بـۆ یەکەم جـار فەیســەڵی بینــی بە خــۆیی و شــەپقەیەکی درێــژ و قاتێکی بە شاقەل، نامراد بوو. چەرچڵ بە لۆرانسـی گـوت قسـەکانی وەربگێرێ: "بە ئەمیر بڵێ، من بەداخەوەم بۆ لەدەستدانی جلوبەرگە

50 نووسەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی؛ مەلا شـێتەکە لە تەممـوزی ١٨٩٧دا گەیشتە ناوبـانگی خـۆی، کـاتێ سـەرکردایەتی هـۆزەکەی خـۆی، هـۆزی پشـتونی کـرد لە مەلاکەند، لە بەرەی باکووری ڕۆژهەڵاتدا پەلاماری سەربازگەی بریتانییەکان بدەن. چەڕچڵیش لە شـکاندنی بـازنەی ئـابڵوقی پەلامـارەکەدا بەشـداری کردبـوو. ئەم مەلا شـێتە بە پشـتووی (سـرتور فەقیـر) بـووە هەروەهـا نـاوی مەلا مەسـتان یـان مەلا مەستانەشـیان پێگوتـووە، لای بەریتانییەکـانیش بە فەقیـری شـێت یـان مەلای شـێت ناوزەدکرابوو.

جوانەکـانی. " **فەیسـەڵیش وەهـا وەڵامـی دایەوە: "بەڵـێ، لەگەڵ شانشینە جوانەکەشم!"**[١٠]

بە گەڕانەوە بـۆ ئەو تەکتیکـانەی کە بە هـۆیەوە بریتانییەکـان ئاشتی و ئارامییان بە درێژایی سنووری باکوور-ڕۆژئـاوا پاراست، ئەوە بوو «چەرچڵ» بەپیر ئەو کۆمەک و باربووکردنی فەیسەڵ لە بەغـدا، عەبـدوڵلا لە ڕۆژهەڵاتـی ئـوردن و بـاوکە پیرەکەشـیان لە مەککەوە چـوو. چەرچـڵ وەهـا لەگـژ هـزران ڕاچوبـوو؛ "خـۆ ئەگەر فەیسەڵ بزانێ نەوەک بە تەنیا کۆمەککردنی باوکی... بەڵکو پێگەی براکەشی لە ڕۆژهەڵاتی ئوردن بەندە بە ڕەفتاری باشی ئەو، ئەو کـات باشـتر لە شـانە دەکشـێ."[١١] عەبـدوڵلای مجێـزبەرز و بـاوکە سەربەگۆبەندەکەشـی، واتە «شـەریف حوسـێن» بە هەمـان شـێوە بەرزەفتکران.

بە هاتنی ١٢ی کانونی دووەمی، چەرچڵ مێشکی خۆی لەسـەر شتێک ساغکردبووەوە، ئینجا بە «کورزن»ی گوت؛ ئەو "هەسـتێکی بەهێزی وای هەیە" بۆ کارەکە فەیسـەڵ "باشـترین کەس بێ."[١٢] بۆ ئەو حـاڵەتەش ئەگەر هـاتوو خەڵکـی میزۆپۆتامیـا پێـی قـایلنەبوون، ئەوە بـوو لە هەمـان ڕۆژدا بە «سـێر پێرسـی کۆکس»ی ڕاگەیاند، لەو ڕاپرسـییەی ئایـندەدا، بەوەی کە لە خەڵکـی میزۆپۆتامیـا بپرسـرێتەوە ئـاخۆ فەیسـەڵیان وەک فەرمـانڕەوای خۆیـان قبـووڵە، "ئەوا پێویسـت ناکـا ڕێگـا سیاسـییەکانی ڕۆژئـاوایی پەیڕەوبکـرێن... بەڵکو پێویستە بنچینەی هەڵبژاردن دابڕێژرێتەوە."[١٣]

بڕیـاری لێبـڕاوانەی «چەرچـڵ» ئەوە بـوو، «فەیسـەڵ» بـایی خۆی لە لایەن خەڵکی خۆجێیەوە پشتگیری بکرێ، بۆ ئەوەی ڕێگە لە لـۆمەی فەرەنسـییەکان بگـرێ، بەوەی بریتانیـا دەیەوێ فەیسـەڵ بگەڕێنێتەوە بەغدا، ئـاخر بۆ فەرەنسـییەکان خـاڵی گرەوکـردن بـوو

ئـاخۆ نەخشـەی بریتانییەکـان سـەردەگرێ یـان نـا. تـا ئەو کـات بریتانییەکان سکاڵا و گازاندەکانی فەرەنسییەکانیان بەلارێدا بردبوو بەوەی ئەوان بە شـێوەیەکی بێلایەنـی دەڕوانـنە ئەو پرسـەی ئـاخۆ کێ سـەرۆکایەتی ئەو حکومەتە عەرەبییە وەردەگرێ، کە لە بەغدا دادەمەزرێ. لەسەرەتای ١٩٢١یشدا خەریکبوو ئەو مەتەڵە لە کەڵک دەکەوت. دەبەنگییەکـی گەورە، دیپلۆمـاتێکی فەرەنسـییەکانی لەو ڕاسـتییە ئاگـادارکردەوە، کەوا «فەیسـەڵ» بـۆ گفتوگـۆکردن لە لەنـــدەن بـــووە، ئیـــدی ئەو شـــێوازەی دەرکەوتـــنە و لەگەڵ دووبارەدانانەوەی «لۆرانس» لە پێگەیەکی حکوومیدا، گومانەکانی فەرەنسییەکانی تۆخترکرد. ئەوە بوو باڵوێزی فەرەنسا هۆشداری دایە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا، بەوەی دانانی فەیسـەڵ دەبێـتە مـایەی گرژکردنـی پەیوەنـدییەکانی نێـوان هەردوو وڵات، ئەمەش وەنەبـێ هەر لەبەر ئەوەبـێ، کە «گـۆرۆ» متمـانەی بە سـەرکردە عەرەبەکە نیـیە، چـونکە وەک فەرەنسـییەکان پێیـان لەسەرداگرت، پشتبەستن بە «فەیسەڵ» وەک ئەوە وایە " پشت بە دارقامیشێکی شکاوەوە بدەی."[١٤]

«چەرچـڵ»یـش بڕیـاری ڕێکخسـتنی کۆنفرانسـێکی بـۆ کاربەدەستان لە مانگی ئازار لە قاهیرە دابوو، تا بژاردەی دانانی فەیسـەڵ مۆربکـا، بەڵام بەرلەوەی ئەم کـارە بکـا، درکـی بەوە کـرد پێویسـتە لەگەڵ فەرەنسـییەکان بگـاتە "لەیەکتێگەیشـتنێکی ڕوون و گردەبڕ."[١٥] ئەوە بوو لە ٢٤ی شوباتدا چاوی بە «گۆرۆ» و «فیلیپ بێرسـلۆت»ی وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی فەرەنسـا کەوت، کە یەکسـەر دابەزیـیە سـەر سیاسـەتی بریتانیـا. ئەو «فەیسـەڵ»ی بە "هەرە ناپـــاک، کەســـێک هەر لە بنچیـــنەوە لاواز"، لە قەڵەم دا. «بێرسلۆت» گـوتی؛ ئەگەر هـاتوو فەیسـەڵ لە بەغـدا دابنـرێ، ئەوا

حوکمی فەرەنسا لە سوریا بنکۆڵ دەبێ.[١٦] لەمەشدا «گۆرۆ» پشتی گرت و گوتی؛ پێشتر و لە دەستپێکی ساڵەکەدا، «فەیسەڵ» بە تەواوی لە بەڵێنەکانی پێشتری پاشگەز بووەتەوە.

«چەرچڵ» هەوڵیدا بە شێوەیەکی نەرمونیان فەرەنسییەکان ساردبکاتەوە. هەرچەندە کەمۆیانە[٥١] ئەوەی گوت، کەوا هێشتا "بیرۆکەیەکی کراوەیە بۆ ئەو بابەتەی" ئاخۆ سەبارەت بە حکومەتی بریتانیا کێ بێ سەرۆکایەتیی حکومەتەکەی میزۆپۆتامیا بگرێتەدەست، لە ئارادانییە، ئەو بە هاوتا فەرەنسییەکانی گوت "ئەوە بۆ ئەو زۆر سەختە... کە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و حکومەت و بۆ لای ئەو هەموو ڕاوێژکارە خۆجێیانە کە هەموویان مەیلیان لەسەر دانانی میر «فەیسەڵ» هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەبێ ڕێنمایی کشانەوە لەو هەموو ناوچانە بکا هەر لەبەر ئەوەی ڕوانینی فەرەنسییەکان وەها دەخوازێ.[١٧]

شارەزایانی بریتانی دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ١٣ی[٥٢] ئازاردا لە قاهیرە کۆبوونەوە، هەر یەکسەریش بە "چڵ دزەکە/حەڕامییەکە" وێناکران، ئەمەش مایەی خۆشییەکی گەورەی «چەرچڵ» بوو. لەوێدا گەورە ئەفسەرانی بریتانی، ڕاوێژکارانی ئەوێی «چەرچڵ» و کاربەدەستانی هەرێمەکەش لە نێویاندا «گێرترود بێل» و «سێر پێرسی کۆکس» ئامادەبوون. لێ گەلۆ خۆ ئەوە ئاژانی بریتانی بوو لە سۆمالیلاند بەناوی « سێر جێفری ئارچەر Sir Geoffrey Archer»، کە سەرنجی هەموو ئامادەبوانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، کاتێ بە خۆی و دوو بەچکە

٥١ کەمۆیانە: زۆرزانانە.

٥٢ لە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکاندا، ١٢ی ئازار بە ڕۆژی دەستپێکی کۆنفرانسەکە دادەنێن.

شـێر گەیشـتە شـوێنی کۆبـوونەوەکە. «ئەلنبـی»یـش، کە ببـووە کۆمسیاری باڵای بریتانیا لە میسر، خانەخوێی بۆنەکە بوو، ئیدی ئەو سـاتەی بەچکەشـێرەکان هـاتن و مەلێکـی کەویکراویـان لە نێـو بـاخچەکەدا بەدیکـرد، وەک ئەو وەسـفیکرد؛ "کە تـۆقی ملـی بەچکەشێرەکان کرایەوە، پەلاماری حاجی لەقلەقەکەی منیان دا، کە بەنـاوی «مـارابۆ» بـوو. حـاجی لەقلەکەش بۆ دەربـازکردنی گیـانی خـۆی هەڵات. زۆری نەمـابوو بکەوێتە چنگیـان، تـا لە کـاتی خۆیـدا نـۆکەرە ڕەشپێسـتەکە فریـای کەوت. ئینجـا گیـرانەوە و ڕەوانەی باخچەی ئاژەڵانی لەندەن کران."[18]

ئامـادەبوونی ئەو هەمـوو ڕاوێژکـارە هەر نمایشـێکی شانۆگەرییانەی ڕووت بوو، ئاخر ئەوەی لە کۆنفرانسـەکە بە ئاکام گەیشت، پێشـتر بڕیـاری لەسـەردرابوو. دواتـر «لـۆرانس» وەهـای نووسـی: " ئێمە هیچمـان بـۆ قسـەکردن و تـاوتوێکردنی شـتەکانمان بۆ پیاوەکەی سەر گۆڕەپان نەهێشتەوە."[19]

بـۆ ڕۆژی پاشـتر «چەرچـڵ» کۆنفرانسـەکەی بە ڕەشنووسـی بروسـکەیەک بـۆ سـەروەزیر کـردەوە. "پێمـوایە دەبـێ بە کـۆدەنگی بگەیـنە ئاکامێـک... بەوەی فەیسـەڵ هیـوای باشـترین و هەرزانتـرین چارەسـەر بـێ." ئەو وەهـای ڕاگەیانـد، ئەوەشـی خستەسـەر، کە بـڕوای بە «لـۆرانس» هەیە تـا قەنـاعەت بە فەیسـەڵ بهێنـێ بەوەی سەرۆکایەتیی وڵاتێک وەربگرێ کە ئێستا نـاوی عێراقی لێدەنێین.[20] لە گفتوگـۆکردن سـەبارەت بە بژاردەکـانی دیـکە، ئەوانەی بەدوایـدا هـاتن، لـۆرانس پشـتی فەیسـەڵی لە بەرانـبەر بـراگەورەکەی گـرت، هەروەک چـۆن بەر لە چـوار سـاڵ پێشـتر لە عەرەبسـتاندا هەر وای کردبوو. ئەو ئاماژەی بەوە کرد؛ "لە کاتێکدا فەیسـەڵ کەسـێکی کـارا و لێوەشـاوەیە، کەچـی «عەبـدوڵلا» کەسـێکی تەمـبەڵ و زاڵ بـوو.

کەسیش لە ئامادەبووان هێندەی ئەو، جووتە براکەی نەدەناسین، بۆیە هەموان لەسەر ڕایەکەی کۆک بوون. ئینجا «چەرچڵ» دەستی دایە سندووقی تابلۆکێشانەکەی و بەرەو ئەهرامەکان ملیلێنا. یاریدەدەرە سەربازییەکەی هەواڵەکەی وەها دا: "تا تاریکایی داهات نەماندیتەوە."[٢١]

بۆ ڕۆژی پاشتر دیسان «چەرچڵ» بە خۆی و سندووقەکە بۆی دەرچوو، لە کاتێکدا کاربەدەستان سەرگەرمی کاروبار بوون، دابەشببوونە سەر دوو کۆمیتە، یەکێکیان بۆ ڕووماڵی سیاسی و لایەنی سەربازی، ئەویدی کەشیان بۆ باری دارایی، ئیدی نەخشەیەکی پڕ وردەکارییان بۆ دانانی فەیسەڵ و کەمکردنەوەی خەرجی هەبووی بریتانییەکان لە میزۆپۆتامیا دارشت. لۆرانس گوتی "ئەم دوو هەفتەیە درێژترین ماوەی ژیانم بوون" و «گێرترود بێل»یش هاوڕابوو.[٢٢] **لە ١٥ی مانگدا «بێل»و «کۆکس» مشتومڕیان لەسەر بەرژەوەندیی دروستکردنی دەوڵەتێکی عێراقی بوو، کە ناوچە کوردییە دوورەدەستەکانی پاشخانی باکووریش لەخۆبگرێ، تا ئەو کاتەش چەرچڵ لەلای ئەهرامەکان گەڕایەوە بۆ نێو هۆڵی کۆبوونەوەکە، جارێکی دیکە لەسەر پرسەکە ڕێککەوتبوون، هەرچەندە ئەمەش ئاماژەی کەسەکی ئەو نەبوو. دوای ڕۆژێکی دیکەی نیگارکێشان لە ١٦ی مانگدا، ئەم جارەیان لە دێرێک لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکەدا، چەرچڵ بروسکەیەکی بۆ «لوید جۆرج» لێدا، کەوا ڕاوێژکارە سەرەکییەکانی گەیشتوونەتە "سەر ڕێککەوتنی تەواو لەسەر هەموو خاڵەکان، هەم لەبارەی سیاسی و هەم سەربازیشەوە"، بەمەش ساڵانە ٢٠ ملیۆن پاوەن لە خشتەی بودجە پێشنیازکراوەکەی بەرگری دەگەڕێتەوە، هێزی هەوایی پاشایەتیش بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێی هەڕەشەی**

**بۆمبارانی ئاسمانییەوە ئاشتییەکە دەپارێزێ. چەرچڵ حەزی لێبوو ئەوە بە بیر کاربەدەستەکانی بێنێتەوە "تکایە لەوە تێبگەن، هەر شتێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بقەومێ بەرانبەر کەمکردنەوەی خەرجییەکان شتێکی لاوەکییە."[٢٣]**

ئینجا گفتوگۆکان هاتنەسەر فەڵەستین و ڕۆژهەڵاتی ئوردن، ئەو ناوچە دوورە پشتخانەی، کە بریتانیا دەترسا مەبادا فەرەنسییەکان بیانەوێ دەسەڵاتی خۆیان تێدا بەرفرەوان بکەن. پرسەکە بە گەیشتنی عەبدوڵڵای برای فەیسەڵ لە مانگی تشرینی دووەمی پێشتردا، ئاڵۆزتربوو، ئەو کاتەش «سێر هێربەرت سامۆئیل» لە ئۆرشەلیمەوە هات تا خۆی بگەیەنێتە گفتوگۆکان، لەوێ لۆبی ئەوەی لای چەرچڵ کرد، کە بە شێوەیەکی فەرمی دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن. لە ڕۆژەکانی دواتردا مشتومڕی ئەو لەسەر ئەوە بوو؛ "ئەگەری دژبەرییەتی فەڵەستین بۆ چەندین ساڵ لە سەر پرسی زایۆنیزم، وای کردووە بەرفرەوانکردنی پارێزگاکە تا لابردنی فتیلەی گرژیی نێوان عەرەب و جوو، شتێکی خوازراو بێ."[٢٤]

هەر یەک لە چەرچڵ و لۆرانس لەگەڵ بیرۆکەی «سامۆئیل»دا نەبوون. چەرچڵ پەرۆش بوو کارێک نەکا بە دژی «عەبدوڵڵا» بشکێتەوە، لۆرانسیش پێداگربوو لەسەر ئەوەی وەها باشترە، ڕۆژهەڵاتی ئوردن وەک زمانەی سەلامەتی بەکاربهێنرێ، ئەویش بەدانانی حوکمڕانێک کە بریتانییەکان باندۆری ئەوەیان لەسەر هەبێ بتوانێ نەیاریی عەرەب بۆ زایۆنخوازەکان جڵەو بکا، بەڵام بەربژارە نموونەییەکەش نابی "هێندە بەهێز بێ، هەروەها کەسێکیش بێ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئوردن نەبێ، بەڵکو کەسێک بێ بۆ پاراستنی پلەوپایەکەی بەند بێ بە حکومەتی خاوەنشکۆی

بریتانی.[٢٥] عەبدوڵلاش ئەو پیاوە بوو لە مێشکی لۆرانسدا بوو. ئەم کەسەش پشتگیریی کابینەی حکومەتی لە لەندەن وەرگرت، ئەوان جێگرەوەکەی سامۆئیلیان بە دڵ نەبوو، چونکە تێچوونی زیادەی داخواز بوو. هەروەک یەکێ لە کاربەدەستە ئیمپریالییەکانیش گازاندەی کرد بەوەی "ئەوان تەنیا بیریان لە پاوەنەکان کردەوە."[٢٦]

لە ٢٠ی ئازار هەموو شتێک تەواو بوو. ئەوسا چەرچڵ و هاوکارەکانی بە سواری وشتر بەرەو ئەهرامەکان لێیانخوڕی، لەوێ لە ڕێگادا، لە ئەنجامی ئەوەی چەرچڵ هەوڵیدا غاربدا و بە پێشیان بکەوێتەوە، وشترەکە سەرپەلۆ چوو و سوارەکەشی لەسەر پشت پەڕی. لەوێ چەرچڵ لە بەردەم هەیکەلی «ئەبولهۆل Sphinx»دا وێنەیەکی لەگەڵ «بێل» و «لۆرانس»دا گرت. وێنەی لەمەش فەرمیتر، وێنەیەکی بە کۆمەڵ بوو، لە پشتەوەی هوتێلەکە گرتبوویان، کە هەموو بەشداربووانی کۆنفرانسەکەی تێدایە، لەوێدا چەرچڵ لە ناوەڕاستیان وەستاوە، لۆرانسیش لە نزیکی ئەو لە پشتەوە دەبینرێ. ئەوەی لەم وێنەیەدا زۆرتر مایەی تێبینییە، تەنیا دوو عەرەب لە وێنەکەدا بەدیدەکرێن، بە تەنیاش هەر یەکێکیان عێراقییە، ئەویش «جەعفەر پاشا[٥٣]»یە، یەکێک لە ژەنەڕاڵەکانی فەیسەڵ بوو هی سەردەمی جەنگ. لە وێنەکەدا «بێل» بە هەراسانی ناچاربووە لە تەک «ئارنۆلد ولسن» بوەستێ، ئەو کەسەی لە ڕاژەی حکومەتەوە ڕۆیشت و بووە دابەشکەری مووچە لە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی. لە ڕیزی پێشەوەش لەسەر

٥٣ مایەی سەرنج و تێڕامانە لە مێژووی دروستکردنی دەوڵەتی عێراقدا، کەسێکی کورد بەم شێوە ڕۆڵی هەبێ، ئاشکرایە ئەم «جەعفەر عەسکەری»یە زۆر پێشتر ڕەگەڵ «فەیسەلی کوڕی حوسێن» کەوتبوو، فەیسەلیش هیچ کات ئامانجی عەرەبایەتییەکە و دروستکردنی دەوڵەتی عەرەبی پانوپۆڕی نەشاردبووەوە!

مـــــافووریکی گەورەی ئێرانییـــــدا هەردوو بەچکەشـــــێرەکە بە کەیفوســـــەفاوە لەگەڵ یەک بەشـــەڕ دێـــن. پاشـــان لـــۆرانس بروسـکەیەکی بـۆ فەیسـەڵ لێـدا و هەواڵـی خۆشـی گەیانـدێ. لە بروسکەکەدا پێیگوت: "شتەکان وەک چۆن هیوامان خواستبوون، وەهـا دەرچـوون. تکـایە دەسـتبەجێ بەرەو مەکـکە بـکەوەڕێ... هەرچۆنێک بێ شتێک بۆ ڕاگەیاندن بڵێ."[٢٧]

لە ٢٣ی مانگدا چەرچڵ قاهیرەی بەرەو ئۆرشەلیم بەجێهێشت، لەوێ بە ئاپۆرایەکی پڕ لە هەراوهوریای نارەزایی لەسەر سنووری «غەززە» پێشوازیلێکرا، خەڵکەکە هاواریان دەکرد: بڕووخێ جوو! ملیان بپەڕێنن!"[٢٨] دواتر لەو سەردانەیدا قایلبوو سەری نشینگەیەکی جوو بدا. پاشتر لەبن باندۆری سەرسامبونییەوە نووسی: "ئێمە بۆ نۆشـکردنی نمـوونەیەک لە شـەرابی نایـاب و پشـکنینی جـوانی ڕەزەکان بانگهێشت کراوین،" بەڵام خۆ پرسە گوشارهێنەکە ئەوە بـوو، ئـاخۆ کـێ لە ڕۆژهەڵاتـی ئـوردن وەک حـوکمڕان دابنـرێ.[٢٩] لۆرانس چـوو «عەبدوڵڵا» ببینـێ و قەنـاعەتی پێبکـا تـا بگەڕێتەوە ئۆرشـەلیم و چەرچـڵ ببینـێ. ئیدی عەبدوڵڵا بە پێشنیازی چەرچڵ قـایلبوو، کە ببێتە حـوکمڕانی ڕۆژهەڵاتـی ئـوردن و بەڵێنـی ئەوەش بدا بۆ فەرەنسییەکان واز لە دیمەشق بێنێ. بۆ ئەوەی بریتانییەکان عەبـدوڵڵا بە تەواوی بە سـۆزەکەی ببەسـتنەوە، وەک بنەمـایەک "گرێبەستەکەیان" بۆ شەش مانگ لەگەڵی واژۆکردبوو.

چەرچڵ لە بنەڕەتەوە لای خۆی بە پەرۆش بوو لە بەرژەوەندی فەیسەڵ شتێک جاڕ بدا بەوەی کۆمەکی «کۆکس» بکـا تـا ڕکـابەرە خۆجێییەکـان، هەریەک لە نەقیبـی بەغـدا کە شـێخێکی بەسـاڵاچوو، پێشەوایەکی ئایینی جڤاتی سوننەکانی شـارەکە بـوو، لەگەڵ «سـەید تاڵب» کە گەنجە ناسیونالیستێکی بەگوڕی بەسرایی بـوو، بەرکەنـار

بکا. کەچی لە لەندەن «لوید جۆرج» لەوە نیگەران بوو، دەترسا هەواڵی بریتانییەکان بە پلانی پێشوەختە بۆ دانانی فەیسەڵ و عەبدوڵڵا بە سەرداری دوو دەوڵەتی دراوسێ بە هەڕەشەی بنکۆڵکردنی پێگەی فەرەنسییەکان لە سوریا لێکبدرێتەوە، وەها بزانرێ بە مەبەست ئەم کارەیان ڕێکخستووە.[٣٠] ئیدی ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی، دەبێ شتەکە وابنیرێ گوایە ڕەوشەکە لە عێراقەوە سەریهەڵداوە.

وەک لێکەوتەیەکیش، کاتێک چەرچڵ چاوی بە «دەی کایکس»ی ڕاوێژکاری ژەنەڕاڵ «گۆرۆ» کەوت، ناچاربوو بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراوانە وەها نمایش بکا، گوایە "ڕێنوێنی سیاسەتی بەرتیانیا چ لە عێراق و هەر شوێنێکی دیکە بێ لەسەر خواست و ئارەزووی خەڵکەکەی بەندە"، هەرچەندە دانی بەوەشدا دانا، کە شتەکە "سەرکێشە بۆ چارەسەرییەکی شەریفییانە."[٣١] ڕاستییەکەش ئەوە بوو، لەو کاتەی فەیسەڵ بەرەو مەککە ڕۆیشت تا قەناعەت بە باوکی بکا، چەرچڵیش، «کۆکس» و «بێل»ی لە ئازاری ١٩٢١دا بەو ڕێنماییە ناردنەوە بەغدا، تا کارێکی وەها بکەن بگوترێ "ئەوە پێشوەخت بزووتنەوەیەکی ڕەمەکییە لە میزۆپۆتامیا بۆ داواکردنی فەیسەڵ سەریهەڵداوە و بە موبارەکیی ئێمەشە".[٣٢]

ئەرکی هەر یەک لە «بێل» و «کۆکس» ئاڵۆز بوو، ئاخر ئەو ڕاستیە هەبوو، کەوا هەردووکیان، «نەقیب» و «سەید تاڵب» لە پێواری[٥٤] ئەوان زۆر سەرقاڵی کاروباری خۆیان بوون. «تاڵب» قورسایی خۆی خستبووە پشت نەقیبە بەساڵاچووەکە، بەو هیوایەی دوای مەرگی نەقیب، ئەو میراتگرەوەی ناوونیشانی نەقیبایەتی بێ. ئەو کاتەی لەبەردەستی کۆکسیشدا بوو، بۆ

٥٤ پێوار: دیارنەبوون، غاییبون لەشتێک یان لە شوێنێک.

سەروسەوداکردن لەگەڵ ئەو دوو کەسە، کورت بوو، ئاخر بە فەیسەڵ گوترابوو، لە ٢٤ی نیسانەوە دەتوانێ جارِی ئەوە بدا، دەیەوێ ببێتە حوکمڕانی عێراق. هەر بۆیە کۆکس بانگهێشتی «تالب»ی کرد تا بە یەکەوە چایەک بخۆنەوە، ئیدی هەر دوای ئەوە دانیشتنەکەی بەجێهێشت، ئینجا بۆ ئەوەی کەسیش هەستیپێبکا، تالبیان گرت. تالبیش لە بەسرا و تەواوی «سیلۆن Ceylon» کەسێکی مایەی جۆشدان بوو. ئینجا کۆنسوڵی بریتانیا نەقیبیشی دەستبەسەر کرد. ئەمەش هەردەبێ دیمەنێکی قورس بووبێ، کاتێ وەک دۆستێک بە سەرکردە ئۆلییە ڕێزدارەکەیان گوت، ئەویش هەستیکرد ناچارە ئەوە بزانێ، " کە بەو تەمەنە زۆرە و بەو تەندروستییە شلۆقەیەوە، سەختە ئەوی لێچاوەڕیبکرێ فەرماندەیی پشتگیری بنەماییانەی خەڵکەکەی لێبکرێ."[٣٣]

هەوڵیاندا مێشکی بریتانییەکان لە دژی بەربژارەکەیان کرمێ بکەن. لە بەرەبەرەی کۆتاییهاتنی مانگی نیساندا، باڵوێزی فەرەنسا چاوی بە «کروزن» کەوت و لە میانەی گفتوگۆکەدا ئاماژەی بە خواستی پاری فەیسەڵ کرد بەوەی بۆ دەرهێنانی موسڵ لەژێر چنگی بریتانییەکان ئامادەی کارکردن بووە لەگەڵ فەرەنسییەکان. ئەم ڕازدرکاندنە، ئەو نوقرچلێگرتنە بە ئازارە نەبوو، کە فەرەنسییەکان هیوایان لەسەرهەڵچنی بوو، ئاخر کاتێک چەرچڵ بۆ ئەرخایەنبوون ڕووی لە لۆرانس کرد، ئەویش بە چەرچڵی ڕاگەیاند، شتەکە زۆر ڕێیتێدەچی، هەر «گۆرۆ» خۆی وای لە فەیسەڵ کردبێ ئەو جۆرە پێشنیازە بکا بۆ ئەوەی لە میانەی دانوستانە پێچاوپێچەکانی ١٩١٩دا پەسەندنامەی ڕێککەوتن لەگەڵ فەرەنسییەکان بەدەستبێنێ. کاتێکیش سەروەزیری فەرەنسا زانی، هەرچۆنێک بێ فەیسەڵ لە بەسرە دابەزیوە، بانگی باڵوێزی

بریتانیــای کــرد ببینــێ و پێبگــوت، ئەو هەواڵەی گــوایە بریتانیــا قورســـایی خـــۆی خســـتووەتە ســـەر پیاوێـــک، کە «گـــۆرۆ» دەریکردووە، "زۆر بە زەحمەت قووتدەدرێ".[34]

فەیســـەڵ لە ٢١ی حـــوزەیران لە بەســـرەدا دابەزی، لەوێـــوە گەشـــتەکەی بەرەو فـــرات دەســـتپێکرد، گەشـــتێک بە پێشـــهاتێکی پاشـــایانە وێنـــادەکرا. لەو گەشـــتەدا کـــۆکس یـــاوەری بـــوو ڕووەو فـــورات هەڵدەکشـــا، یەکێ لە ڕاپۆرتەکـــانیش وەهـــا وەســـفیکرد، وەک ئەوەی بریگـــرتەی هەڵبژاردنـــی فەیســـەڵ بـــێ، بەڵام لەو پێشـــوازییە ساردوســـــڕەی لە لایەن مەڵبەنـــدی شـــیعەکان، کە ئەو کـــات لە ڕاپەڕینـــی ســـەختی خۆیانـــدا بـــوو ، نـــامرادبوو، ئـــاخر ئەو وەهـــا تێگەیەنرابـــوو، گـــوایە شـــیعەکان ئەویـــان وەک شـــەریفی بەغـــدا پەســـەندە.[35] لەو کاتەشـــدا «بێـــل» لە بەغدا تیشـــکی خســـتبووە ســـەر ئەرکێکـــی ئاســـانتر بەوەی دەوری دانیشـــتووانە ســـوننەکان بـــدا. ئەو وەهای نووسی: "خۆت دەزانی تۆ لەکوێدا لەگەڵ ئەوانی، ئەوان بە گـــوێرەی چـــرای خۆیـــان ڕێنـــوێنیکراون، کەچـــی پرســـەکە لای شـــیعە ئەوەیە، هەرچەنـــدە نیازیشـــیان هەبـــێ، کەچـــی لە هەر ئانوســـاتێکدا دەکرێ عالمێکی[55] توندڕۆی نەزان بێت و پێیانبڵێ بە فەرمانی خـــودا و خـــۆی دەبـــێ ئەوان بە شـــێوەیەکی جیـــاوازتر بیـــربکەنەوە".[36] ئەو ســـەختییانەی بریتانییەکـــان لەو مـــاوەیەدا هـــاتە پێشـــیان -هەروەک چۆن پێشتر تووشی عوسمانیەکانیش ببوو- ئەوە بوو چۆن ڕەفتار لەگەڵ شیعەدا بکەن، بەوەی هەســـتێکی وەهایان لا دروســـتببوو، کە زۆریـــنەیەکن لە ژێـــر حـــوکمڕانێتی ســـونەدا پەڕاوێزخـــراون، ئەو حوکمڕانییەی کە بریتانیا خەریکی دامەزراندنی بوو.

---

٥٥ مەبەست لە عالم گەورەمەلای شیعەکانە، نووسەریش هەمان وشـەی عـالمalim بەکارهێناوە و منیش دەستکارییم نەکرد.

کـاتێکیش چەرچـڵ گەڕایەوە لەنـدەن، تـا دەهـات حەوسـەڵەی نەدەما. لە ماوەی گەشتەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، «ئۆستن چەمبەرلـین Austen Chamberlain» لە پۆسـتی وەزیـری خەزێنەدا جێگەی «بۆنار لۆو Bonar Law »ی گرتەوە، ئیدی وەک سەرکردەی پارتی کۆنسەرڤاتیڤەکان و دەستەڕاستی «لوید جـۆرج» لەسـەر کـار لاچـوو، ئەو پۆسـتەی چەرچـڵ مرخـی لێخۆشکردبوو، بە بەتاڵی مایەوە. هەڵبەتە چەرچڵ چاوی لەوە بوو لە کۆتاییدا ئەو پۆستەی بدەنێ، بەڵام کە زانی نەبوو، بە قەولی «چەمبەرلـین»بـێ "هەروەک ورچێکـی سـەر بەژان ڕاوێچـکە[٥٦]ی دەکـرد".[٣٧] ئیـدی بە دەردی درێژخایانـدنی پێـواژۆی عێـراقیش، بروسـکەیەکی سـەیری بـۆ «کـۆکس» لێـدا بەڵکـو پەلەبکـا. ئەو سیاسەتەکەی بەم جۆرە بەبیر کۆمسیاری باڵا هێناوە؛ "تا بکرێ ژمـارەیەکی زۆر لە سـەربازانی لە عێـراق بنێـرێتەوە وڵات و بـۆ دڵنەوایی باجدەرە بریتانییەکانیش تێچوونی خەرجییەکانی عێراق کەمبکاتەوە و چەند زووش بکرێ تـاجی پاشـایەتی بخـاتە سـەر سەری فەیسەڵ."[٣٨]

لە بەرایی مانگی ئابیشدا ڕاپرسیەکە کرا. دوای ئەوە هەر زوو کۆکس، بریگرتەی هەڵبژاردنەکە گەڕایەوە سەر ڕۆڵی ئەفسەریی خۆی، تا بە چەرچڵ ڕابگەیەنێ، ئەنجامی دەنگدانەکە دەرکەوتووە بەوەی "زۆرینەیەکی زۆر بەرچاو بە ڕێژەی ٩٦٪ جاڕیانداوە پشتی هەڵبژاردنی فەیسەڵ وەک پاشای عێراق بگرن"، ئەو ئەنجامەی لە ١٥ی ئابدا بڵاوکرایەوە.[٣٩]

هەرچۆنێک بێ، پاش هەشت ڕۆژ و کاتێک لە بەرەبەیانیدا لە ناوجەرگەی بەغدادا ڕێوڕەسمەکە ڕاگەیەنرا، بێ سێ و دوو ئەوە

---

٥٦ ڕاوێچکە: کەسێک لە ڕووبەرێکی تەسکدا هەر بێت و بچێ.

بریتانییەکان بوون نەوەک عێراقییەکان، کە دروستکەری پاشاکان بوون. فەیسەڵ لە نێوان کۆکس و ژەنەڕاڵ «هالدان» وەستا بوو. ئەو ئاڵا ڕەنگ سوور و سپی و ڕەش و کەسکەش کە مەیدانەکەی ڕازاندبووەوە، نەخشێنراوی دەستی بریتانییەکان بوو؛ لە نەبوونی سروودی نیشتمانی عێراقییشدا، سەربازانی بریتانی سروودی "خوا پاشا بپارێزێ"یان لێدا. لەگەڵ ئەوەشدا فەیسەڵ سەرکەوتووانە لە بەرانبەر ئەو دانپێدانانەی «کۆکس» وەستا بەوەی دەسەڵاتی تەواوی خۆی پارێزراوە. بە قسەی ڕاپۆرتەکەی «گێرترود بێل» بێ، کە لە ڕیزی پێشەوەی ئامادەبووان چاوی لێبوو، وتەکەی فەیسەڵ "زۆر نەرم و سادە و هەڵقولاوەی ناخی دڵ بوو". هەروەک ئەو بە ئاسوودەییەوە گوتی: "شتێکی دڵخۆشانە بوو، ئەوە ببینی کەوا هەموو عێراق لە باکوورەوە بۆ باشوور لەپاڵ یەک وەستاون[57]" تا ئەو پەسەندبکەن.[40]

وەک نەخشە داڕێژەران دایاننابوو، تاج لەسەرنانی فەیسەڵ دەستپێکی بایەخپێدانێکی هێمایی سەرەکی بوو. کەچی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرچوونێکی گرنگ بوو، هەروەها بووە مایەی بۆگەنکردنی پەیوەندییەکانی بریتانیا و فەرەنسا. ئەوەی فەرەنسییەکانیش لێیترسان، ئەوە بوو؛ ئەو بڕیارەی بریتانیا بە

57 ئەم قسەیەی «بیل» پێچەوانەی ڕاستی ڕووداوەکان بوو، چونکە هەم لە بەشێکی زۆری ویلایەتی موسلدا دەرەنجامی ڕاپرسییەکە یان نەرێیانە بوو یان بە مەرج بوو، هەمیش هەر لە بەندی دواتر ڕووندەبێتەوە، کە چۆن شێخە مێزەربەسەرە شیعەکانی فوراتی ناوەڕاست هەرایەکی گەورەیان نایەوە، ئەوەی دواتر مێژوونووسانی عێراق، بە «د. کەمال مەزهەر»یشەوە بە (شۆڕش)ی ١٩٢٠ی عێراقییان لە قەڵەم دا! لێرەدا قسەی ئەو مێژوونووسە ناودارەش هەندێک سەیر و جێگەی گومانە، ئاخر ئەوکات هێشتا دەوڵەتی عێراق هەر دروست نەبووبوو، ئەی چۆن ئەو ناوەیان بەسەردابڕاند.

گەورەکردنی پیاوێک، کە لە سوریا دەرکرابوو خێرا ببێتە مایەی بەرزکردنەوەی هیوا و ئاواتی عەرەب بۆ حکومەتێکی خۆسەریی، ئەوسا لە هەر شوێنێک بن. هەروەک سکرتێرە تووڕەکەی کۆمیتەی ئاسیای فەرەنسییەکان هێنایەگۆ: "فەیسەڵ، ناپاک و تاوانبار، بکوژی سەربازە فەرەنسییەکان؛ ئەوە ئەو پیاوەیە، کە هاوپەیمانییە بریتانییەکان بەرزیان کردەوە خستیانە سەر تەختی پاشایەتی."[٤]

# ١٠
# هەرای دروز

"دەی کابرا، بەردەوامبە، پێت لەسەر پایدەرەکە قورس کە!" ئەمە قسەی ژەنەڕاڵ «گۆرۆ» بوو، لەناو ترۆمبێلەکە، لەپشت شوفێرەکە دانیشتبوو، ئەم قسانەی لە کاتێکدا دەکرد، کە ئەو شوێنەی بەناودا تێدەپەڕین لەبن ڕەحمەتی گوللەدا بوو.[١] ئەم ڕووداوەش لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٢١دا قەوما، ئەو کاتەی، کە لە ڕێگە باریکە پێچاوپێچە بەرزاییەکەی جۆلانەوە بوو، ئەو ڕێگەیەی لە دیمەشقەوە دەچووە قنەیترە(قنیطرة)، کەوتبوونە نێو بۆسەی کۆمەڵێک بکوژ، ئەوانەی جلوبەرگی ژاندارمەی سوریایان لەبەرکردبوو. وەرگێڕەکەی «گۆرۆ» کە لە پشت ئەوەوە دانیشتبوو، گوللەیەکی بەسەر کەوتبوو، لەجێوە ساردبووە. «حەقی بەگ ئەلعەزیم»ی فەرمانڕەوای دیمەشقیش، لە تەنیشت ژەنەڕاڵەوە دانیشتبوو، بریندارببوو، بەڵام برینەکەی سووک بوو. سێ گوللەش بە کراسە بێ قۆڵەکەی «گۆرۆ» کەوتن، بەڵام هیچ گوللەیەک نە بەر ئەو و نە بەر «جۆرج کاترۆ Georges Catroux»، نوێنەرە گەنجەکەی لە دیمەشق نەکەوت، کە لە کورسی پشتەوە لە تەنیش ئەو دانیشتبوو. سەردانەکەیان بۆ قنەیترە بە تەوسەوە بۆ ئەوە نەخشەی کێشرابوو، بیسەلمێنن گوایە فەرماننامەی فەرەنسی بەدرێژایی ڕێگا لەگەڵ سنووری فەڵەستین دەخوا.

هەر دوو ڕۆژ پێشتر، فەیسەڵ لە بەسرا دابەزیبوو تا لەوێوە بەرەو بەغدا بکەوێتەڕێ، لە مێشکی «گۆرۆ»شدا ئەو کاتبەندییەی پەلاماردانەکە سەلمێنەری نیگەرانییەکانی بوون، کە لە مانگی

شوباتدا به گوێی چەرچڵیدا دا بەوەی پشتگیریی بریتانییەکان بۆ فەیسەڵ وەک ئەوە وایە "دێوێکی وەک «فرانکستاین» دروستبکەن تا لە دواییدا هەڵمانلوشێ."[2] کاتێکیش «جۆرج کاترۆ» لەسەر ئەوەی باری ئاسایشی ڕێگاکە درزی تێکەوتبوو، لەبەر بەرپرسیارێتی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە «گۆرۆ» کرد، ئەویش لێیوەرنەگرت. لە بری ئەوە لێیخواست بکوژەکان بدۆزێتەوە. دوا لێکەوتەکانی ئەم ڕووداوانەش قووڵ بوون.

هەر خێرا تیشکی لێکۆڵینەوەی «کاترۆ» لەسەر کەسێک بە ناوی «ئەحمەد مەریود» چڕبووەوە، کە لە بەرایی هەمان ڕۆژی بۆسەکە ڕایگەیاندبوو گوایە «گۆرۆ» کوژراوە، ئینجا بەرەو باشوور، بۆ ڕۆژهەڵاتی ئوردن هەڵاتبوو، لەوێ بۆی دەرکەوتبوو، پێشبینییەکەی پێشوەختە بوو. هەروەک «کاترۆ» گوتی ئەو لە دەستی فەرەنسییەکان دەربازبوو، "لەژێر چاوی ئەفسەری بریتانی" بەرپرسی سنووری ناوچەکە لەجرتوفرتدا بوو.[3] پاش ئەوەی «گۆرۆ» ناڕەزایی بۆ «سێر هێربەرت سامۆئیل» دەربڕی، بەوەی «مەریود» ڕایکردۆتە ئەو ناوچەیەی لەبەردەستی بریتانییەکاندایە، ئیدی ئەوان دەبوایە شتێک بکەن. لە مانگی ئەیلوولدا ئەوان خەریکبوون بکوژی کۆمسیاری باڵای فەرەنسا بگرن، کەچی هەوڵەکە سەرینەگرت، چونکە «عەبدوللا» بە مەسەلەکەی زانی.[4] ئیدی هەروەک ئەفسەرێکی هەناسەسارد گەیشتە ئەو ئاکامە، کەوا هەوڵی گرتنەکە هیچ سوودێکی نابێ تا ئەو کاتەی لایەنگرەکانی «عەبدوللا» دەیپارێزن، مەگەر حکومەتی بریتانیا بێتەسەر خەت و "ئامادە بێ ڕۆڵێکی باش لە چارەسەرکردنی سەرئێشەکە ببینێ."[5]

حکومەتی بریتانیش ئامادەی ئەم شتە نەبوو. لەو کاتەی بە درەنگی ساڵ «لۆرانس» لە لایەن «چەرچڵ»ەوە نێردرایە

ڕۆژهەڵاتی ئوردن تا دۆخەکە هەڵبسەنگێنی، پێشنیازی ئەوەی کرد، دەبێ ئەوە بە فەرەنسییەکان بگوترێ، "هەرچەندە گومانی لەسەر نییە، کە گرتنی بکوژەکان شتێکی پەسەند و داخوازە و یەکێکیشە لە ئەرکەکانی حکومەت... بەڵام خۆ دەبێ ئێمە سەرەتا لە ڕۆژهەڵاتی ئوردندا حکومەتێک دروستبکەین، ئینجا ڕای گشتی لەسەر ئەوە بوروژێنین، کە کوشتن و لەناوبردنی سیاسییانە ببوغزێنن."[٦] بە بۆچوونی ئەو، ملدان بۆ فشاری فەرەنسی بۆ بەدواداچوون و لێپێچینەوە لە بکوژەکان شتێکی "قۆڕە" چونکە فەرەنسییەکان بە خۆیان لای خەڵک زۆر ناخۆشەویستن. ئاخر هیچ شتێک لەوە بەدەستتنایە، پشتگیریی ڕژێمی فەرەنسی بکرێ، کە هەر بە ئاستەم لەو ڕژێمە ستەمکارەی جێگەی گرتووەتەوە، جیابکرێتەوە.

لە ١٩١٥دا «ئێتین فلاندین Etienne Flandin»ی پارێزەر، مشتومڕی لەگەڵ دەسەڵاتی فەرەنسی لە سوریا ئەوە بوو، ئاوەزمەدنانە هۆشداری ئەوەی دانێ، کە نابێ ڕەفتارێکی بەراییانە لەگەڵ سورییەکان بکرێ، پێشبینی ئەوەشی کرد، ئەوان پێویستیان "بە نمایشی ئیدارەیەکی ڕێکوپێکی ناگەندەڵ و دادپەروەر لە باری داراییەوە" هەیە، تا پاڵپشتی خەڵکەکە بەدەستبێنن.[٧]هەرچەندە دوای شەش ساڵ لەو ئامۆژگارییە، بە کردەوە فەرەنسییەکان لە سوریا و لوبناندا پەرەیان بە حوکمێکی وا دا، کە لەسەر گۆترەکاری، بەدقۆستنەوە و گەندەڵ و دانپێدانان ڕۆنرابێ.

دوای ئەوەی «گۆرۆ» لە ١٩٢٠دا دەستی بەسەر دیمەشقدا گرت، «دی کایکس» سکرتێری بە شێوەیەکی ڕووهەڵماڵراوانە بژاردەی کراوەی لەبەردەم ژەنەڕاڵدا دانا. فەرەنسا یان دەبێ "نەتەوەی سوریا ڕۆبنێ، کە هێشتا بوونی نییە... یاخود دەبێ کار

لەســـەر لەیەکترازانـــی بکـــا، کە هەر بە خـــۆی دابەشـــبووە". ئەو پشـنیازیکرد "یـان لەبەر چـاوگرتن و لە باوەشـگرتنی هەمـوو ئەو دیـــاردانە، کە بە هـــۆی دابەشـــبوونەکەوە هێـــزی ناوبژیوانیمـــان پێدەبەخشـێ. منیش پێویسـتە ئەوە بڵـێم، کە تـاکە بـژاردەی دووەم بەدڵی منە."[٨] «گۆرۆ»ش لەسەر ئەم پێشنیازە کۆک بوو. ئەوە بوو لە ئابی ١٩٢٠دا ئاستی لوبنانی لە بەرژەوەندی خەڵکە کریستیانە بەرچـــاوەکەی ئەوێ بەرزکـــردەوە و سوریاشـــی کـــردە چەنـــدین پارێزگـــا، بە هـــۆیەوە دیمەشـــق و حەلەبـــی دابەشـــکرد و هەردوو کەمایەتی دینیی عەلەوی و دروزیشی ناساند.

ئەم جـــووڵەیەی «گـــۆرۆ» داننانێـــک بـــوو بە دیـــین و ڕەگەزە جیاوازەکـــانی وڵات، بەڵام دەســـتبەجێش ڕووە ڕاســـتەقینەکەی ناســـــرایەوە: هەوڵێکـــــی تەوســـــاویە بـــــۆ لەیەکترازانــــدنی ناسیونالیستەکان، کە ڕاستەوخۆ نەیاری منداتەکە بوون، ئەمەش وای لە فەرەنسـا دەخواسـت ئامادەکـاری بـۆ حکـومەتی خۆسـەری ســوریا و لوبنــان بکــا. ڕەخنەگرێکــی فەرەنســی ژەنەڕاڵــی بەوە تاوانبارکرد، کە ڕەفتـار لەگەڵ "وڵاتێکـی پەرەسـەندوو و شارسـتانی وەک سـوریا بە جۆرێـک دەکـا... وەک ئەوەی سەروسـەدوا لەگەڵ هۆزەکـانی ئەتـڵەس یـان ڕەشپێسـتەکانی سـوودانیدا بکـا"، خـۆی ئەمەش ڕاست بوو، ئاخر «گۆرۆ» ئەو تەکتیکانەی بەکاردەهێنان، کە لە «هـوبەرت لاویتـی Hubert Lyautey» سەرپەرشـتیارە کۆنەکەی لە باکووری ئەفریقاوە فێرببوو.[٩] بەشێکی شتەکە بە هۆی توورەبـوون لە دابەشـکردنەکە و بەشـێکیش لەبەر کەمکـردنەوەی خەرجییەکان بوو، ئەوە بوو لە ١٩٢٢دا فەرەنسییەکان ناچاربوون بەسەر دابەشکردنەکەدا بچنەوە و وڵاتیـان لە چوار بەشـەوە کردە سێ بەشی یەکانگیر و تەنیا جەبەل دروزیان بە جیا هێشتەوە.

هەرچۆنێک بێ، لە نیگای یەکەمەوە، وا پێدەچوو فەرەنسییەکان دەرسێک لە ئەزموونی بریتانییەکان لە عێراقەوە فێربووبن. کەچی بە پێچەوانەی میزۆپۆتامیای دراوسێ، هەر لە دەستپێکەوە دامەزراندنی حکومەت لە سوریا ڕووخسارێکی عەرەبانەی وەرگرت. «گۆرۆ» بۆ هەر پارێزگایەک حاکمێکی عەرەبی وەک «حەقی بەگ ئەلعەزم» دانا، بەڵام بریتانییەکان «حەقی بەگ»یان بە کەسێکی "ئاوەزمەند، پیر... و بێپشت"، وێناکرد و ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییە بوو، کە ژەنەڕاڵ هێزە ڕاستەقینەکەی لەبن دەستی ڕاوێژکارە فەرەنسییەکەدا هێشتبووەوە، کە «نوێنەر délégué» بوو، دەسەڵاتی ڕەهای بۆ مامەڵەکردنی توند و ڕەق لەگەڵ دوژمنەکانی هەبوو، ئەمەش زۆر لە ڕەفتاری ئەفسەرە سیاسییەکانی بریتانیا دەچوو، کە لە میزۆپۆتامیا کردیان.[10] وەک ئاکامێکیش، ئەو کلتوورەی کە ئامانج دەرەقەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانە، بە خێرایی ڕەگوڕیشەی خۆی لەوێ ڕاهێشت. کاتێکیش بریتانییەکان کێشەی خۆیان لە میزۆپۆتامیا چارەسەرکرد، ئینجا بە خەستی کەوتنە ڕەخنەبارانکردنی کاربەدەستە فەرەنسییەکان بەوەی بە نیازەوە کەوتوونەتە هەراسانکردنی نەیارەکانیان و دۆزی دادگاییان بۆ کردوونەتەوە، هەروەها ڕەخنەیان لەو شێوازە زەبرەوزەنگەش گرت کاتێک لە ئەنجامی "شکستخواردنی تەمبێکردنی ئیداری" تووشی دەهاتن.[11] دیار بوو بە شێوەیەکی تەواو هەر بە چاوی سەدەی هەژدە و نۆزدەمەوە سەیری خەڵکی خۆجێیی وڵاتەکەیان دەکرد، یەکێک لە ئەفسەرە بریتانییەکان لە کۆتایی ١٩٤٥دا بە تەنزەوە گوتی: "هێشتا وا پێدەچێ گوللە و تۆپی ناپلیۆنی هەناوڕەش، ڕێبازی ستاندار بێ."[12]

هەرچەندە «کاترۆ» حاشایی لەوە کرد، گوایە «گۆرۆ» "دیلی ئیمانەکەیەتی" و ئەوەشی گوت، کە ئەو "ڕۆحێکی تاسەمەند و پڕجۆش و ڕێزی بۆ ئیسلام و شارستانیی عەرەبەوە هەیە"، کەچی بە کردەوە، سیستمی قانونی ئەوە بوو، لە دادگادا هیچ قسەیەکی موسڵمان لە دژی کریستیانێک وەرنەگیرێ، ئەمەش لایەنداریی تەواوی ڕژێمی فەرەنسی بەدواوە بوو.[١٣] ئەو قورساییەی فەرەنسییەکان خستبوویانە سەر وەرگێڕە لوبنانییەکان- وەها لای ئەفسەرێکی بریتانی لێکدرایەوە، کە حکومەتی ئەفسەرە فەرەنسی و وەرگێڕە لوبنانییەکانە- ئەمەش ئەو ڕوانینەی لایەنداری و پەراوێزخستنی خێرایی زۆرینەی موسڵمانی پشتڕاستکردەوە.[١٤]

«و. ف. سترلینگ»ی هاوڕێی لۆرانس لەو باوەڕەدا بوو؛ "سوریا لە سەرچاوە سوودمەندە زۆرەکانی دادۆشراوە"، ئەو تێبینی ئەوەشی کرد، توانستە لەبارەکانی وڵاتەکە و پاوانکراوەکان هەمووی هی فەرەنسییەکانە و ئەو ژێرخانەی، کە لەوێ هەشبووە، "بۆ مەبەستی ستراتیژیی بووە نەوەک بۆ سوود و کەڵکی خەڵکی ڕەشۆک."[١٥] گەندەڵیش شتێکی باو بووە: شتەکە زۆری پێنەچوو تا دیپلۆماتێکی بریتانی لە ڕاپۆتێکیدا نووسی؛ کاربەدەستە فەرەنسییەکان "لە پێشکەشکردنی خزمەتگوازرییەکاندا چاوەڕێی خەڵات و دیاری بەخشندانەیان دەکرد."[١٦] تەنانەت هەروەک «کارتۆکس»یش کۆمێنتی دا: "ئێمە لە ڕۆژهەڵاتین، کە هیچ شتێک بە بەلاش نییە."[١٧]

کاتێکیش «لۆرانس» لە ماوەی مانەوەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ئوردندا مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، کە بە شێوەیەکی ڕەها هیچ سوود و کەڵک بۆ بریتانیا لەوەدا نییە، وەها ببینرێن کە پشتی

فەرەنسییەکان دەگرێ. لەوکاتەی هەرگیز نەخوازراوە، کە فەرەنسییەکان سوریا کۆنترۆڵ بکەن، ئەوە بوو هاوچەرخەکانی ئەو ئەوەیان ئاشکراکرد، لە ڕاستیشدا لە ناخۆشەویستبوونی ڕکابەرەکەیان لە سوریا و لوبنانی دراوسێدا سوودمەندن. وەنەبێ هەر بە تەنیا هەبوونی فەرەنسییەکان تووڕەیی عەرەبەکانی تاودابێ؛ بەڵکو لە بەراوردکردندا بە شێوەیەکی ئەرێیانە تیشک خراوەتە سەر بریتانییەکان. خودی «سامۆئیل»ی کۆمسیاری باڵای بریتانیا تەوسئامێزانە گوتی: "هەرچەند ڕەخنە لە ئیدارەی بریتانی لە فەڵەستیندا بگیرێ، کەچی عەرەبێک نابینییەوە ئەوە بخوازێ ئەو ئیدارەیە بە ئیدارەیەکی فەرەنسی بگۆڕدرێ."[١٨] ئەویش خواخوای بوو ئەمە بە بیر عەرەبەکانی فەڵەستیندا بهێنێتەوە، کە هەر کاتێک بریتانییەکان لە فەڵەستین بچنەدەرەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە فەرەنسییەکان جێگەیان دەگرنەوە. ئەوەش گوترا، کەوا ئەو گوتی: "یەکێک لە هۆکارە هەرە بەجێیەکان کە وای لێکردن سکاڵایەکی جدی لەسەر هەبوونی منداتی بریتانی دەرنەبڕن."

کاتێک بریتانییەکان ڕەتیانکردەوە کۆمەکی فەرەنسا بکەن تا شوێنپێی بکوژەکانی «گۆرۆ» هەڵبگرنەوە، ئیدی ئەوان ناچاربوون تیشکی کنەوپشکنینی خۆیان بخەنە سەر ئەو ناوچەی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بوو. لە میانەی ساڵی ١٩٢٢دا، فەرەنسییەکان ڕێنمایی نوێیان لە «سالم ئەتڕەش»ی فەرمانڕەواکەی جەبەل دروز پێگەیشت، ئەو کەسەی «گۆرۆ» لەوێ دایمەزراندبوو، ئەو بە فەرەنسییەکانی گوت؛ هێشتا پەلاماردەرێکی دیکە هەر لە جەبەل لای پسمام و ڕکابەرەکەی ئەو بە ناوی «سوڵتان ئەترەش» ماوە.. فەرەنسییەکانیش لەسەر بنەمای ئەو هەواڵە، هەڵدەکوتنە سەر ماڵی «سوڵتان» و گومانلێکراوەکە دەگرن، بەڵام لە گەڕانەوە، کاروانی

ترومبێلە زرێپۆشەکان، کە یاوەری گومانلێکراوەکە دەکەن و بۆ دیمەشق دەیگوازنەوە، دەکەوێتە بەر بۆسەی «سوڵتان ئەترەش» و لە ئەنجامیشدا ئەفسەرە فەرەنسییەکە دەکوژرێ. دوای ئەوە چیرۆکی کوشتنەکە زۆری پێوەدەنرێ و دەهۆنرێتەوە، بەوەی گوایە خودی «سوڵتان»ی ٣١ ساڵە بە شمشێرەکەی خۆی سەری ئەفسەرە فەرەنسییەکەی پەلداوە.[19] ئەمەش پێناسینە خوێناوییەکەی فەرەنسییەکان بوو لەگەڵ «سوڵتان ئەترەش»، ئەو پیاوەی لە ماوەی پێنج ساڵی دواتردا سەرئێشەی زۆری بۆ دروستکردن.

تەنانەت پاش ٢٠ ساڵیش هێشتا بیچمی «سوڵتان» مایەی گەف و هەڕەشە بوو. کاتێکیش دۆزەرەوە و سەربازی بریتانی «ویلفرێد تیسیگەر Wilfred Thesiger» لە ساڵی ١٩٤١دا پیاوەکەی بینی، بە "پاڵەوانە نەوجەوانەکە" ناویبرد، ئاخر ئەو دڵشاد بوو ئەوە ببینێ لەگەڵ ئەوەی سوڵتان گەیشتۆتە تەمەنی مام ناوەنجی خۆی، کەچی هێشتا لە سەرووی ڕەچاوکردنە. «تیسیگەر» وەها یادیکردەوە: "ڕوخساری ئەو بە مێزەرێکی سپی دەورەدرابوو، کەسێکی توند و لێبڕاوانە، جەستەی بە قوماشێکی زۆر نایاب چنراو داپۆشراو بوو، ئەو کەسێکی لاواز و پشت قیت بوو".[20] وێنەیەکی سوڵتانی ساڵی بیستەکان هەیە وەک کەسێکی قاچاغ بە وریای و زیتییەوە سەیری کامێراکە دەکا. ئەو بە سمێڵەکەی دڵخۆشە، ئەمەش لەو کات وەک هەڵاتوویەکی چەندین ڕۆژ، لێیدەهات.

کاتێک دروز لە دوا سەربزێویی[58] خۆیان لە ساڵی ١٩٠٩دا بە ڕووی عوسمانییەکاندا هەڵشاخان، ئەوە بوو تورکەکان باوکی سوڵتان ئەترەشیان لەسێدارە دا، ئیدی لە گەرمەی هەڵگەڕانەوەی عەرەبدا، «سوڵتان» پەیوەندی بە فەیسەڵ و لۆرانسەوە کرد تا

---

٥٨ سەربزێوی: یاخیبوون

عوسمانییەکان لە دیمەشقەوە وەدەربنێن؛ بەڵام خۆ هەرگیز دروز و (بەدوو) هاوپەیمانی سروشتی یەکدی نەبوون. کاتێکیش سوڵتان لە ڕۆژی ١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا لە پاڵ عەرەبەکاندا هاتە نێو دیمەشق، دەستبەجێ لەگەڵ «عۆدە ئەبو تای» گەورەپشتیوانی فەیسەڵ دەستەویەخەی یەکدی بوون؛ ئەوە هەر لۆرانسیش بوو، هەردوو پیاوەکەی لێککردەوە، بەڵام دوای چی، دوای ئەوەی «سوڵتان» زللەیەکی لە ڕوومەتی «عۆدە» دا. لۆرانس بەر لەوەی زیانی گەورەتری لێبکەوێتەوە، «سوڵتان»ی لە شار دەرکرد و گەڕاندیەوە (جەبەل دروز).

بۆ ٣ ساڵ ماڵباتی «ئەترەش» هەر بە گەورەترین و باڵادەسترین ماڵباتی جەبەل دروز مانەوە، ئەو بانە بەرز و بە پیتەی دەکەوتە باشووری ڕۆژئاوای دیمەشق، ناوەکەشی هەر لە خەڵکی لامل و سەربەخۆکەی ئەوێ وەرگرتبوو، کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵ بوو لەوێ ئاکنجی ببوون و لەوێ دەژیان. لە دووریشەوە شوێنێکی خاپینۆک و نابەرچاو بوو، ئەوەی ڕاستی بێ، چیای دروز سنوورێکی سروشتی بوو بۆ خەڵکەکەی. لە بنەڕەتدا چیایەکە گڕکانێک بووە، لە لابالی باکوورییەوە ئاسایشییەکەی لە دەمی گڕکانێکیەوە پەیداکردبوو، کە پێی دەگوترا «لاجا»، خەرەند و ئەشکەوتی سەرەسامکەر، دەرفەتێکی بێژماری بۆ بۆسەدانانەوەی لەپڕ و ناکاو، بۆ ئەوانەی بە ناحەزیی دەیانەویست بێنە ناوی، دەڕەخساند، هەروەها ڕێگەی شاردنەوەی پیاوە داواکراوەکانیش بوو. لە باشووریشەوە سنوورێکی تەمومژاوی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ئوردندا هەبوو، بە جۆرێک هەر نزیکبوونەوەیەکی فەرەنسی لێیەوە، بەبێ تێپەڕین و بەزاندنی خاکی ژێر کۆنترۆڵی بریتانی، بە بێ کێشەدروستکردنی دیپلۆماسی

لەگەڵ دەرودرواسێ مەیسەر نەدەبوو. بەرزبوونەوەی ناقۆڵای پلەی گەرمی لە هاوین و زوقم ساردوسڕیش لە زستاندا دژی هەر هێرشبەرێک پارێزەری زێدەبار بوون. دروزەکانیش زۆر بە چاکی کەڵکیان لەو سروشتە توند و تاریک و دیمەنە ڕەقوتەقەی جەبەل دروز وەرگرتبوو. هەروەک ئەفسەرێکی فەرەنسیش بڕوای وا بوو، کەوا بۆ هیچ دورزییەک لەوە باشتر نییە خۆی "لەنێو کەڵەکەبەردەکان، لەنێو دەوەن و تەڕاشەکاندا خۆی بشارێتەوە و خاکەکەشی بە شێوەیەکی کتوپڕ و سەروسەرهێنەرانە لە دژی دوژمنەکەی بەکاربێنێ و زەبرێکی جەرگبڕی تێبسرەوێنێ."[٢١]

ناوی دروز لەسەر ناوی کەسێکەوە هاتووە پێیگوتراوە دورزی، ئەو پیاوە مژدەدەرێک بووە، دەوروبەری هەزار ساڵ بەر لە ئێستا هاتووەتە لوبنان تا ئەو قسەیە بڵاوبکاتەوە، کەوا «ئەلحەکیم»ی خەلیفەی شیعە فاتیمییەکان خوا بووە. ئەو شتەش لای موسڵمانەکان بە هەرتەقە (هرطقة) لەقەڵەم درا، ئیدی دروزەکان لە چیاکانی لوبنان تا ١٨٦٠ هەر بە دابڕاوی مانەوە، دوای ئەو کێفەڕاتە کوشتارگەیەی بەسەر مارۆنییەکانی کریستیانەکانی درواسێیان هات بەرەو ناوجەرگەی لوبنان کشان و لە تۆڵەکردنەوەی فەرەنسییەکان ترسان. هەرچەندە ئەوان بۆ خۆپاراستن لە بریتانییەکان نزیکبوونەوە، ئەوان ناوبانگێکی توند و دڕیان هەبوو چونکە وەک جەنگاوەر و تیرهاویژێ لێهاتوو لەدایکببوون. لە ماوەی ئەو هەزار ساڵەدا کۆمەڵێک بڕوای نهێنیان لا کەڵەکە ببوو، ئەوەی زیاتریش بۆ لایدەکان مایەی سەرنج بوو، بڕواکەیان وەها تێبەزیبوو، وەها بەرجەستە ببوو، کە لە مردندا شاسواری بێباک بن. یەکێ لە ڕزگاربووەکانیان شتەکەی وەها وێنەکرد وەک ئەوەی "هێرشیان وەک ئەوە وایە، کە خاک خۆی

بجـوولێ، ئـاخر پێـنج هەزاریـان سـوارە و پیـادەن... چەکەکانیـان ڕادەوەشـــاند و لەگەڵ پەلاماردانـــدا نەعرەتەیـــان دەکێشـــا، پێشـەقەڕەولی لەشکریشیان چوار بەیداخی ڕەشی گەورە لە چەپ و ڕاســتی ئەمیرەکەیــان بــوو."[٢٢] ئــاینی دروز و گۆشــەگیرییە جوگرافییەکەیــان پاڵپشــتی یەکــدی بــوون. کــۆمەڵگەی جەبەل کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگـایەتی بـوو، میرێکـی دروز بە خـۆی و زرێ ئاسنینەکەی دەچـووە مەیـدانی جەنـگ، لەگەڵ ئەوەشـدا لایەنگـر و شوێنکەوتووەکانی بە تفەنگی نوێ و نارنجۆک چەکداربوون.

عوســـمانییەکان ڕێـــزی ئەو ناوبـــانگە تونـــد و ســـامناکەی دروزەکانیـان گرتبـوو، هەربـۆیە لە باجـدان و خزمەتـی سـەربازیی تەوزیمی بەخشـرابوون، فەرەنسـییەکانیش لە سـەرەتادا هەر هەمـان شـتیان دەرهەق کـردن. کـاتێکیش «سـەلیم ئەتـرەش» لە ئەیلـوولی ١٩٢٣دا دەمـرێ، فەرەنسـییەکان مرخیـان لەوە خۆشـکرد، جەبەل دروز بــخەنە ژێــر جــڵەوی خۆیــان. وەنەبــێ ئەمەش هەر لەبەر ئەوەبـێ، کە دەیـانزانی دروزەکـان پەیوەنـدییەکی تۆکمەیـان لەگەڵ بریتانییەکـان هەیە. کـاتێکیش ماڵبـاتی ئەتـرەش نەیتـوانی لەسـەر دانـــانی جێگــرەوەیەک بــۆ ســـەلیمی کــۆچکردوو کــۆک بــێ، فەرەنســییەکان حــاکمی تــایبەتی خۆیانیــان بــۆ نــاردن، ئەویــش گەنجێکـی پێشـچاوی توندوبەنـد بـوو، نـاوی «گابریـل کاربیلیـت Gabriel Carbillet» بــوو، پێشــتر لە ڕۆژئــاوای ئەفریقیــای فەرەنسی[٥٩] لە خزمەتی سەربازییدا بوو.

---

٥٩ ڕۆژئـاوای ئەفریقـای فەرەنسـی مەبەسـت ئەو فیدراسـیۆنە بـوو کە لە ١٨٩٥ لە شـەش کۆلـۆنی فەرەنسـی وەک مۆریتانیـا، سـەنیگال، سـودانی فەرەنسـی کە دواتـر نـاوەکەی بـووە مـالی، گینیـای فەرەنسـی ئێسـتا نـاوی بـۆتە غینیـا، سـاحلی عـاج و بۆرکینا فاسۆ پێکهاتبوو، تا ١٩٥٨ درێژەی کێشا.

ئەم فەرمانـــدارە فەرەنســـییە بە "ڕۆپســـپیری بـــێ جـــولیتین"[٦٠] وێنادەکرا، ئەو بە جۆش بوو تا دەسەڵاتی ماڵباتی ئەترەش بنکۆڵبکا بەوەی ڕێگەوبـان لێبدا، قوتابخـانە دابمەزرێنـێ، سیسـتمی ئـاودێری دروســـتبکا و دادگـــایەکی بەرایـــی لە نـــاوچەی جەبەل لە شـــاری «سـوەیدا» دابنـێ. بۆ ئەم مەبەسـتەش کـاری زۆرەملێـی بەسـەردا سەپاندن، ئەوە بـوو بڕیـاری لەسـەر ئەندامێکی ماڵبـاتی ئەتـرەش دا تـــا بەرد بشـــکێنێ.[٢٣] دوا ســـاڵێکی ڕەبەق لەم بگـــرەوبەردەی ئـاوەدانکردنەوە، کەچـی هێشـتا فەرمانـدارەکە هەر ناخۆشـەویسـت بوو، ئیدی لە بەرایی ١٩٢٥دا پشـوویەکی درێژی وەرگـرت. ئەوسـا سولّتان ئەترەشیش بە هەلی زانی ئەم ساتە بۆ سکاڵاکردن لەسـەر ڕەفتـــاری زێـــدەڕەویی ئەو فەرمانـــدارە لای کۆمســـیاری بـــاڵای فەرەنسی لە بەیروت بقۆزێتەوە.

کۆمسـیاری بـاڵاش «مـاوریئس سـارایل»ی کـۆنە ژەنەڕاڵێکـی تەمەن ٦٩ سـاڵانە بـوو. کەسـێکی ڕوخسـار ڕەنـگ قرمیـد بـوو، میزاجەکەشی هەر بە هەمـان چەشـن بـوو. لەگەڵ دەسـتپێکی مـانگی کـانونی دووەمـی ١٩٢٥ گەیشـتە بەیـروت، لەو کاتیشـدا سیاسـەتی خۆجێی فەرەنسی تووشی هەراو پشێوی ببوو. دوو هێندە بوونی قەرزی سـەر بـودجەی فەرەنسـا لە دوای کۆتاییهـاتنی جەنـگ وای کرد لە ١٩٢٤دا نرخی دراوی فرانک دابـبەزێ. ئەم قەیـرانە دارایـیە سەری حکومەتە قسە توندەکەی «رایمۆند پیۆنکارێی Raymond Poincaré»یشی خوارد، ئەو کەسەی کاتێک زانی ئاڵمانیا ناتوانێ قەرەبووەکانی بەپێی کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس بداتەوە، ناوچەی «ڕوهر Ruhr»ی گرت. لە مانگی ئایاردا «ئێدوارد هێرۆت کارتل دە گاوشس Edouard Herriot’s Cartel des Gauches»

٦٠ مەبەست لە جولیتین ئامێری سەرپەلدانە.

به دروشـمی "بەڵـێ بـۆ ئاشـتی و دژ بە هێـزی پـارە" هەڵبژاردنـی بـردەوە، بەڵام ئەو کۆنە مامۆسـتایەی زانکۆ لە ڕاگرتنی دابەزینی بەهای فرانکدا، شکستیهێنا.

به شـێوەیەکی نائاسـایی وەک ئەفسـەرێکی پـلە بـاڵای سـوپا، «سارایل» ڕاشکاوانە پشتگیری باڵی «هێرۆتـی» گرت، ئیدی زۆر لە نەیارەکانی ئەوەیان گوت، گوایە دانانی لەو پۆستە لە بەیروت وەک چاکەدانەوەیەک بووە بۆی، بەڵام ئەمە شتێکی سەرتاپا ڕەوا نەبوو. ئاخر لەمێژ بوو «سارایل» ڕەخنەگرێکی توندی سیاسـەتی حکومەتی ناسیۆنالیستی بوو لە سوریا، چونکە تەنیا "بە ژمارەی قامکەکانی دەست، داراکان و دەوڵەمەندەکان لێی سوودمەند بوون" و حکـومەتەکەش بە پشـتیوانی کڵێسـای کاسـۆلیکی پشتئەسـتوور بوو، واتە ئەو دەزگایەی وەک زۆربەی سۆسیالیستەکانی فەرەنسا، ئەویـش قێـزی لێـدەبووەوە.[٢٤] کـاتێکیش ئەو لە لایەن کڵێسـاوە بانگهێشـتکرا تـا لێیبفرێسـمن و کارەکـانی پیـرۆز بـکەن، بە سەرقەشـەکەی کڵێسـاکەی گـوت: "بـاکم بە موبارەکبـادی نەفرەتـی خۆت و حەشاماتەکەت نییە."[٢٥]

«هـاریۆت» بـۆ ئەوە «سـارایل»ی نـاردە بەیـروت تـا ڕەنگـدانەوەی ئەو سیاسـەتە بـێ، کە ژەنەڕاڵ لێـی بێـزار بـوو، هەروەهـا بـۆ ئەوەی لە زۆریـنەی موسـڵمانەکان نـزیکبێتەوە. گـرفتەکەش لەوەدابـوو ئەم کـارە پـڕ لە مەترسـی بـوو. ئـاخر وەک ئەفسـەرێکی بریتـانی پاشـکۆ(مولحەقی سـەربازی) لەگەڵ سـوپای فەرەنسـییدا نووسـی: "بۆ ئەوەی دەسـتبەرداری پشـتگیری تونـد و تـۆکمەی کریسـتیانەکان ببـێ، کە چەنـدین سـاڵی ویسـتبوو تـا پەیوەنـدییەکە پێکبـێ، لە پێنـاوی ئەوەی پشـتگیری موسـڵمانەکان بەدی بـێ نـاڕوون و ڕەچـاونەکراوبوو، ئەم کـارە شـتێک بـوو بە

ئاستەم تروسکەی تێدا دەبینرا، کە ڕەفتارێکی ئاوەزمەندانە بێ."[26]
گەیشتنی «سارایل»ی توند و زبر، ئەرکەکەی هەم درێژخایەنتر و هەم سەختتر کرد. «سالزبوری جۆنز»یش لەو بڕوایەدا بوو، کە «سارایل» "بەر لەوەی ٢٤ سەعات بەسەر هاتنی لەم وڵاتەدا تێبپەڕێ" متمانەی زۆربەی لایەنگرانی ناوچەکە و هەموو کریستیانەکانی لەدەست دا.[27]

«سارایل» هەر زوو کاتێک هەوڵیدا ڕێ لە دانانی ژەنەڕاڵێکی کۆنسەرڤاتیفی کاسۆلیک بگرێ تا ببێتە فەرمانداری بەیروت، بەسەر کۆسپ و تەگەرەدا کەوت. ئەو شێلگیرانە پێشنیازی ئەوەی کرد، کەوا ئەو ئەنجوومەنە کاسۆلیکە کۆنسەرڤاتیڤەی ژەنەڕاڵ «گۆرۆ» دایینابوو، بێ پێ بوو[61] بووە، بۆیە دەبێ لە بری ئەوان سێ بەربژێری دیکە دابنێ، ئاخر ئەو لەسەر ئەو لیستە کورتەی پێشتر پێشنیازیان کردبوو، دڵمەند[62] نەبوو. کاتێکیش ئەو دەنگی لەسەر یەکێک لە سێ کەسەکە دا، «ئێمیلی ئێدی» پارێزەری زیرەکی بەیروت، کە پێی وا بوو زۆر لە کلێساوە نزیکە، ئەوە بوو ئەنجوومەنەکە لەگەڵیدا هاوکار نەبوو، بۆیە ناچاربوو لەبری ئەودا فەرمانداریکی فەرەنسی دابنرێ. نەخشەی ئەو بۆ دڵنەواییکردنی ناسیۆنالیستەکان بەوەی هەڵبژاردنێکی ڕاستۆخۆی بۆ بکرێ، سەرنەکەوت، ئەوەش لەو کاتەی لە پاریس «هاریوت» ڕەتیکردەوە ڕێگری بکا، ئیدی هەر لەوکاتەدا لە مانگی شوباتدا سەردانی دیمەشقی کرد، بەڵام لەوێ بە قڕوقەپی پێشوازی لێکرا. بەگوێرەی

---

٦١ نووسەر ئیدیۆمی بێ کەڵبە و ددانی بۆ داناوە، دەکرێ ئەم ئیدیۆمەش لە کوردیدا بنووسرێ، بەڵام دەستەواژەی (بێ پێ)م بە باشتر زانی کە خۆی ئیدیۆمێکە و واتاکەش بە جوانی دەپێکێ.

٦٢ دڵمەندبوون: ڕازیبوون بە خۆشحاڵییەوە، پەسەندکردن.

قسەی یەکێک لە شاهیدەکان، کاتێ گەیشتە ئەوێ: "نە پێشوازیی و بەخێرهێنان، نە خەندە بۆ کردنێک و نە هیچ دروشمکێشانێک لە حەشاماتی خەڵکییەوە هات.[٢٨] کاتێکیش حکومەتەکەی «هاریۆت» ڕووخا، لە پڕێکەوە ئەویش تووشی مەترسی بووەوە. ئیدی وەنەبێ لە پاریسەوە پشتگیری نەمابێ، بەڵکو لە حاڵەتێکی ئیرەییپێبردندا نەبوو، چونکە لە هەردوو لای کریستیانی و موسڵمانەوە لەوەش بەدتر لە لایەن کاربەدەستەکانی خۆیەوە دەبێزرا، ئاخر ئەو کاربەدەستانە لەگەڵ بیروڕاکانی کۆک نەبوون، هەر ئەمەش بوو لە کۆتاییدا سەریخوارد.

«سوڵتان ئەترەش» پێی وا بوو هەنووکە دۆخی شڵۆقە، بۆیە بە دەرفەتی زانی سکاڵا لە دەست ڕەفتارەی «کاربێلیتی»ی بۆ بەرزبکاتەوە. کەچی کاتێک نێردەی دروزەکان گەیشتە بەیروت، کۆمسیاری باڵا ڕەتیکردەوە بیانبینێ. ژەنەڕاڵ بەو کەمبوونەوەی دەسەڵاتەی خۆی بڕوای وەها بوو، دەتوانێ بە شەڕێکی سووک و ئاسان حاڵە شڵۆقەکە ڕاستبکاتەوە. هەرچۆنێک بێ سکرتێری سەرەکی «دە کایکس» وەها جەبەلی وێناکردبوو، کە "بایەخێکی کەمی هەیە و تەنیا جێوڕێی ٥٠،٠٠٠ ئاکنجییە."[٢٩] لێ گەلۆ ئەوەی کابرای فەرەنسی هێشتا نەیدەزانی ئەوە بوو، لەنێو ئەو حەشیمەتە درووزەدا دە هەزار کەسیان چەکدار بوون.[٣٠]

کاتێکیش لە سەرەتای مانگی تەمموزی ١٩٢٥ لە بۆنەیەکی ئاهەنگئامێزی دروزی و لە شاری سوەیدا لە جەبەل بووە تەقە، «سارایل» فەرمانی بە «تۆمی مارتین» و سەرئەفسەری هەواڵگریی لە دیمەشق کرد، بچێت گرفتەکە چارەبکا. کاتێکیش «مارتین» ئەوەی پشتڕاستکردەوە، کە یاخیبوون لە ئانوساتی تەقینەوەدایە، ئەوسا «سارایل» فەرمانیپێکرد، هەر چوار ڕیشسپییە

مەزنەکـــانی دروز بـــانگی دیمەشـــق بکـــا. ســـێ لەوان بە پیـــر بـانگەوازەکەوە چـوون، ئیـدی هەر لەوێ و لە پایتەخـت خۆیـان بە بەندکراوی بینییەوە. تەنیا یەکێک نەکەوتە داوی «سارایل» ئەویش «ســولْتان ئەتـرەش» بـوو: ئـاخر بـاوکی ئەو کەوتبـووە داوێکـی هاوچەشن و سەریشی تێداچووبوو.

به بۆچوونی «سالیزبئری جۆنز» ئەو فێڵەی «سـارایل» کـردی، "تەنیا نەوت بەئاگرداکردن بوو"[٣١] ئاخر هەر نۆ ڕۆژ دواتر، سـولْتان ئەترەش لە تۆڵەدا دەستی بەسەر گوندی «سـەلخەد» لە باشـووری جەبەل دروزدا گرت. ئەم جارەشیان «سارایل» نەیارەکانی بە کەم زانـی. ئیـدی بە پـێچەوانەی ڕاویـژی «کـاربیلێتس» فەرمـانی بە ئەفسـەرێکی لاو بە نـاوی «نۆرمانـد» کـرد، بەڵکو بە خـۆی و ١٦٠ سەربازەوە لە سویداوە بۆیان بچن و گوندەکە بگرنەوە، بەڵام خـۆ «نۆرامانـد» هەرگیـز نەگەیشـتە ئەوێ. ئـاخر فەرمانـدەکەی ئەویـش هۆشـداری شـێخێکی بـرادەری پشتگوێخسـت بەوەی دوورنیـیە لە پـڕێکەوە پەلاماربـدرێن. ئەوە بـوو لە نیـوەی ڕێ بـۆ گونـدی «ســـەلخەند» کەوتە بۆســـەی «ســـولْتان ئەتـــرەش». ئیـــدی فەرەنســـییەکان لەوەدا هێـدمەگرتی بـوون کەوا لەنێـو تەرمـی کوژراوەکانـدا پزیشـکێکی فەرەنسـی هەبـوو کە لای دروزەکـان ناسراوبوو، ئاخر زۆر جار چارەی نەخۆشەکانی کردبوو.[٣٢] یەکێکی دیکەش لە کوژراوەکـان «نۆرمانـد»ی بەدبەخـت بـوو. لەو هێـزەدا کەمتـر لە نیوەیـان ڕزگاریـان بـوو. سـولْتانیش بە قۆسـتنەوەی ئەو سەرکەوتنەی زیاتر بەرەو باشـوور، ڕووەو «سـوەیدا» کشـا، ئەوە بوو لە ٢٨ی تەمموزدا گەمارۆی دا.

لەوەش پۆلکتر بەسـەر فەرەنسـییەکاندا هـات. پێنج ڕۆژ دواتـر، هێـزی دووەمـی فەرەنسـی و لەژێـر فەرمانـدەیی ژەنەڕاڵ «ڕۆگەر

میشو Roger Michaud» بە هێڵی ئاسنینی باشووری دیمەشق بە هانای هێزە گەمارۆدراوەکەی سویداوە چوو. هێزەکە نزیکەی ٣٠٠٠ پیاو دەبوو، ئەم هێزەیان زۆر لەوەی پێشتر گەورەتر بوو، بەڵام هەموویان بەپەلە بەسەریەکەوە نرابوون: یەکێک لە یەکەکانی ئەو هێزە تازە لە بەیروت دابەزیبوو. ئیدی قەوارەکەی نیشاندەری لاوازییەکەی بوو. لەم ساڵەشدا وشکەساڵییەکی سەخت بوو، هێزەکە ناچار بوو ئاوی خۆی بە ترۆمبێلی بارهەڵگرەوە بگوازێتەوە، کە تاکە ڕێگەی ترۆمبێل بوو بۆ نێو جەبەل. لە لێکەوتەدا وەنەبێ هەر ڕەوتی ڕۆیشتن خاو و شل بێ، بەڵکو سەرتاپای ڕێڕەوەکە هەموو شتێکی نەخوازراوی لێچاوەڕوان دەکرا. دروزەکانیش بە خەبەرلێدانی کرێکارانی ڕێی ئاسنین بۆسەیان بۆ هێزەکەی فەرەنسی نایەوە و تەقەیان لەو ترۆمبێلە بارهەڵگرانە کرد، کە ئاویان دەگواستەوە.

پاشان «میشو» گێڕایەوە؛ ئەو هەرگیز لە ژیاننامەی خۆیدا شتێکی وەهای نەینیبوو، نەیبینیبوو سەربازەکانی لەبەر تینوتاوی گەرمای بێ ئامان وەها بناڵێنن. ئەوە لەوە تۆقابوو، بینی کەوا چەکدارەکانی لەوکاتەی بەرەو ئەو تانکەرە ئاوانە دەڕۆیشتن، کە بە گوللە دابێژرابوون، ئیدی بۆ خواردنەوەی قوومە ئاوێک کە لە کونەکانەوە دەهات، ئەوانیش گوللەی دروزیان بەسەردا دادەباری و لەجێیەوە دەکوژران. لە ئەنجامدا لە بری شەڕکردن و هێرشبردن ناچاربوو فەرمانی کشانەوە بدا، هەر شەش مایل لە دووری سوەیدا بوو کە بڕیاری کشانەوەی دا، بەڵام لە کشانەوەدا دیسان تووشی بۆسەی چەکدارانی دروز بووەوە، ئەم جارەیان ئەو کشانەوە ڕێکخراوەیان لێ بووە کێفەڕات. زیاتر لە ٦٠٠ سەربازی لێکوژران. ئەوەی جێگەی بایەخدان بوو، دروزەکان

نزیکەی دوو هەزار تفەنگ و چەندین ڕەشاش و فیشەکی زۆریان دەستکەوت. تەنیا بە درەنگی ساڵ فەرەنسییەکان توانیان بگەنەوە ئەوێ، بەڵام وەک ئەفسەرێک گوتی چی ببینن "بەسەر دیمەنێکی کێفەراتیباردا کەوتن. ئاخر لە هەموو لایەک هەر ئێسکوپروسک بوو لەگەڵ خاکوخۆڵی ئەو ڕۆژهەڵاتە گەرمەدا تێکەڵاوببوو. هەر کەلاک و بۆدی ترومبێلە تێکشکاوەکان و تایە کونبووەکان دەبینران، ترومبێلەکان وەها سوتابوون ببوونە داروپەردوو، لەپاڵ ترومبێل و زرێپۆشی تێکشکاو، تەرمی دەستەی سەربازیی هەلا بە هەلا ببوون.[٣٣]

ئەمە وای کرد سێیەمین هەوڵی لەشکرکێشی بۆ بدرێ، ئەم جارەیان ژەنەڕاڵ «ماوریس گاملین Maurice Gamelin» جێگەی «میچوو»ی گرتەوە بەڵکو سویەدا بگرێتەوە. «گاملین» ژەنەڕاڵێکی خانەنشینی تەمەن مامناوەنجی لێهاتوو بوو، ئەو لە ساڵی ١٩١٤دا و لە شەڕی «مارنێ»دا ناوی دەرکردبوو، لەو کاتەی لە بەرانبەر ئاڵمانەکان وەستایەوە، لێنەگەڕا بەرەو پاریس بکشێن. ژەنەڕاڵ لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولدا گەیشت و لە ٢٢ی مانگدا بارەگای سەرەکی خۆی لە نزیک هێڵی ئاسنینی ڕۆژئاوای جەبەل دروزدا دانا. بۆ ڕۆژی پاشتر بەبێ کێشە ئەو حامییەی ڕزگارکرد، کە لە سوەیدا بوو. دوای وێرانکردنی گوندەکە و لەبەر کەمی ئاو و خواردن «گاملین» ناچاربوو بکشێتەوە. ئیدی زستانە تووشەکەی ئەوساڵە، کە زووتر لە جاران هات، ڕێگر بوو لەوەی هێزی فەرەنسی بتوانێ لەنێو جەرگەی جەبەل دروزدا جێگیر ببێ. بەم جۆرە فەرەنسییەکان تا بەهار نەیانتوانی بگەڕێنەوە جەبەل.

لاوازییە ڕوون و بەرچاوەکانی فەرەنسا دنەی جیاخوازییەکانی دیکەشی دا. ئەوە بوو هەراوزەنا لە «حەما»ش قەوما، حەماش ئەو

شارەی سەر ڕوباری «عاسی» بوو، کە دەکەوتە ١٧٠ میل لە باکووری دیمەشقەوە. سەرکردەی ئەم هەرایەش «فەوزی قاوقچی»، ئەو ژاندارمە بە جۆش و هەڵچووە پرچ کەشخەیە، کە لەساڵی ١٩٢٠دا لەگەڵ لەشکری عەرەب لە شەڕی «مەیسەلون»، کە تێدا شکابوون، بەشداربوو. هەنووکەش بە دنەدراوی سەربزێوانی عەرەبەوە پەلاماری ناوچەی فەرەنسییەکانی بە ناوی «مەغرییە»ەوە دا، کە ئێستا لە بەرەنگارییەکەی سەرسەختی ناوچەی دێهاتی چیانشیندان، هەر لەو پێناوەدا، «قاوقچی» پەیوەندی بە سوڵتان ئەترەشی دروزەوە کرد و لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥دا لەنێو ژاندارمەکانی (حەما)وە جاڕی هەڵگەڕانەوەی خۆیان دا. هەرچەندە ئەم هەڵگەڕانەوەیە بە توندی بە ئاگری لوولەی تۆپخانە و فڕۆکەکانی فەرەنسی زیاتر لە ٤٠٠ مەدەنییان کوشت، کەچی ئەو دەربازی بوو، تا ڕۆژێکی دیکە بجەنگێ، ئەمەش سەلمێنەری تەنینەوەی هەراکە بوو.

وەنەبێ «قاوقچی» هەر تاکە ناسیۆنالیست بێ، کە هێز و گوڕی لە نموونەی دروزەکان وەرگرتبێ، ئاخر «عەبدولرەحمان شابەندریش» هەر وای کرد. ئەستێرەی «شابەندەر» وەک خوێندکارێک لە کۆلێژی ئەمریکی لە بەیروت دەرکەوت، ئەو لە بەشی دەرمانسازی دەرچووبوو، بەڵام ناوبانگی لە وتاردان و لەبلەبانی پەیداکرد نەوەک لە پزیشکی. ئەو لە سوریا هەڵاتبوو، ماوەیەکی زۆری لە یەکەمین جەنگی جیهانییدا لە میسر بەسەربردبوو، لەوێ مەیلی بەریتانییەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو، کاتێکیش دوابەدوای ئاگربەست گەڕایەوە سوریا، وەک وەرگێڕی کۆمسیاری ئەمریکایی «چارلس کرێین» کاریدەکرد، پاشان بۆ ماوەیەکی کورتیش وەک وەزیری کاروباری دەرەوەی

فەیسـەڵ. کـاتێکیش «کـرێین» لە ۱۹۲۲دا گەڕایەوە سـوریا و لە دیمەشق دوانی دا؛ «شابەندەر» ڕاستەوخۆ وتارەکەی وەرگێڕایە سـەر زمـانی عەرەبـی، ئیـدی ئەو، ئەو وتە بێـوەیەی یـارۆی ئەمریکایی کردە ڕەخنەیەکی توند بۆ سەر حوکمداریی فەرەنسی. ئەوانیش بە تـۆمەتی ئـاژاوەگێڕیی گرتیـان و تـا لە ١٩٢٤ بڕیـاری لێخۆشبونی بۆ دەرچوو، ناردیانە تاراوگە. کەچی ئەو شێلگیرانەتر بـوو لەسـەر وەدەرنـانی فەرەنسـییەکان لە نیشـتمان، کـاتێکیش دروزەکان هەرایان نایەوە و لە دەسـەڵاتی فەرەنسی هەڵگەڕانەوە، دەرفەتی ئەویش هات. پەیوەندی بە دروزەکانەوە کرد و سوڵتان ئەترەشـی وەک پاشـای سـوریا ناسـاند، ئینجـا هەمـوو ئەو ناسیۆنالیسـتانەی لەبەردەسـتی ڕاوەدوونـان و پاکتـاوکردنی ئەو هـاوینەی فەرەنسـییەکان هەڵاتبـوون، گرتنەخـۆ و لە «غـوتە» کـۆیکردنەوە؛ «غـوتەش» ئەو نـاوچە پـڕ لە داروبـارە چڕوپـڕەی باشووری ڕۆژهەڵاتی دیمەشـق بـوو، کە بە ئاسانی دەتوانرا خۆی تێدا حەشاربدرێ و کاری چەتەیی تێدابکرێ.

دوای ئەوەی ئەو یاخیبووانە دەستی خۆیان کردەوە، سەفەر بۆ دیمەشـق و لە دیمەشـقەوە سـەخڵەت ببـوو، فەرەنسـییەکانیش هەوڵیانـدا کێشـەکە بە بۆمبارانکردن و سـووتاندنی دێهاتەکانی ئەو نـاوە لەکـۆڵ خۆیـان بـکەنەوە. لە هەڵمەتێکـی نـاداپەروەرانەی سەرسـوڕهێنەردا، فەرەنسـییەکان ئەو کەسـانەی کە تیربارانیـان کردبـوون وەک نمایشـێکی تـۆقێنەر بـۆ ورەبەردانـی یـاخیبووانی دیمەشـق لەگەڵ تەرمـی ئەوانەی کەوتبـوونە دەسـتیان هێنایـان لە گۆڕەپانی سـەرەکی شـاردا نمایشـیان کـردن. «ئەلیس پۆلـۆ Alice Poulleau»ی دوورخـراوەی فەرەنسـی کە لەوێ دەژیـا، بەو دیـمەنەی تەرمە لەسـەریەک کەڵەکەبووەکـان، ئەوە بـازنەیەی بە

سەرباز و ژاندارمە دەورەدرابوو، سەرۆکی پۆلیسەکانیش لەوناوە بوو قامچییەکەی بە دەستەوە بوو، ئیدی خانمەکە بەم دیمەنە هەترەشی چوو، ئەو کات بە شێوەکی ڕاگوزەرییانە خۆی پێنەگیرا و ئەم قسەیەی لەدەم دەرچوو: "ڕژێمی چەکمە."[٣٤]

ئەوە بوو ئەم جووڵەیە مەیل و هەواداریی لەناو شارەکە بە دژی فەرەنسییەکان زیاتر تاودا. هەر «پۆلۆ»ش ڕاپۆرتی ئەوەی دا؛ تا دەهات ژمارەی هەراسانبووەکان پتر دەبوو کە هاتنەسەر ئەو بڕوایەی: "خۆ تۆ هەر دەمری، ئیدی وەها باشترە لەشەڕدا بمری."[٣٥]

تا دەهات هێرش و پەلامار بۆ سەر سەربازانی فەرەنسی پتر دەبوو. یەک دوو ڕۆژ دواتر تەرمی ١٢ سەربازی فەرەنسی فڕێدرانە دەرەوەی دەروازەی ڕۆژهەڵاتی شارەکە. لە ١٨ی تشرینی یەکەمیشدا دیسان دروزەکان لە ناوچەی «مەیدان» سەریانهەڵدایەوە، ئەوەش ئەو گەڕەکە پڕ لە پشێوی و ئاڵۆزییەی باشووری شارەکە بوو، کە لە نزیک وێستگەی قیتاری حیجازەوە بوو. ئاخر ئەو گەڕەکە هەر لە بنەڕەتەوە بێ هەراوزەنا نەبوو: هەر دوو ڕۆژ پێشتر دوو سەربازی فەرەنسی دوای دەمەقاڵی پێکداهەڵشاخان موسڵمانێکی دیمەشقییان کوشتبوو، ئیدی دوای ئەوەی منداڵێکیش کەوتبووە بەر ترامەکە و شێلابووی، خۆپیشاندان لەو گەڕەکە پەیدا بوو و پەرەیسەند. هەواڵی پەیدابوونی دروزەکانیش ئەو ناوەی شێواند. ئەوە بوو هەر هاوار دەکرا "دوکانەکان داخەن، دروزەکان وا هاتن" قاوەقاوی ئەم هەراوهوریایە بەنێو شاردا بڵاوبووەوە.[٣٦] بە کۆمەکی هەوادارە ناسیۆنالیستەکان و ئێشکچییەکی شەوانە بە ناوی «حەسەن خەرات»، دروزەکان هیوایان بە ڕفاندنی «سارایل» هەبوو لە نێو ماڵی خۆی لە کۆشکی «عەزم»دا، بەڵام کۆمسیارەکە پێشتر ئەوێی

بەجێهشتبوو؛ کە شەویش داهات ئاگر لە کۆشکەکە بەرز بووەوە. لە بەرانبەردا فەرەنسییەکان تانکیان ناردنە نێو بازاڕ و لەگەڵ بەرەبەیاندا دەنگی بانگی مەلا و تەقەی چڕوپڕ لە شارەکەدا تێکەڵی یەکدی بوون.

«گاملین» لە ترسی شەڕی کۆڵان بە کۆڵان و شەقام بە شەقام، بۆ ڕۆژی پاشتر فەرمانی بە تۆپخانە کرد شارە کۆنەکە شەلم کوێرم، ناپارێزم بدەنەبەر ڕەحمەتی ئاگری تۆپەکانیان.[٣٧] لە ماوەی ئەو بیستوچوار سەعاتانەی بەدوایدا هات، ئەو تۆپبارانە چڕوپڕەی فەرەنسییەکان مەیدانی بازاڕی شارە کۆنەکەیان خاپوورکرد، دیواری مەیدانی شارەکۆنەکەش وێران بوو. فەرەنسییەکان بە فەرمی کوشتنی ١٥٠ کەسیان ڕاگەیاند، بەڵام ڕۆژنامەیەکی کۆمۆنیستی فەرەنسی ژمارەی قوربانیانی بە نزیکەی ١٤٠٠ کەس خەمڵاند. فەرەنسییەکان گوتیان؛ گوایە زیانی هەرە زۆر بەر یاخیبووەکان کەوتووە، بەڵام زۆری نەبرد گێڕانەوەی ئەوان لەگەڵ ڕاپۆرتی «تایمز» تێکینەکردەوە، کە ئەوان سەرچڵییان کردبوو هەرزوو هەواڵنێرێکیان ناردبووە نێو جەرگەی شارەکە.[٣٨] ئەوسا ڕاپۆرتی خۆی بەم جۆرە دا: "ماڵ بەسەر ماڵ، دوکان بەسەر دوکاندا کاول بووە، ئەمەش جێپەنجەی تۆپە ئامانجشکێنەکان بووە."[٣٩] ئیدی هەرزوو دوای ئەمە کاریکارتێرێک بەنێو دیمەشقدا بڵاوبووەوە: وێنەی «سارایل»ی زەبەلاحی تێدابوو، کە ژن و منداڵان دەکوژێ و لە «خەرات» دەریاندەکا، بە شێوەیەک حاڵەتی ئاغای داس لە سەپان دز[٦٣]، وەهای کرد یاخیبوان بەناو شاردا بڵاوببنەوە.

---

٦٣ کاتێک زەوی هی ئاغایە، سەپانێکی دەبێ، ئیدی کاتی حاسڵات، کە ئاغا نەیەوێ سەپانەکە دەغڵەکە بدرویتەوە و بە نیازی ئەوەش زیانی پێبگەیەنێ، هەر خۆی

پەیوەنـدی فەرەنســی لەگەڵ ســورییەکان، ئەوەی «ســارایل» هەوڵیـدا پتەویبکـا، وەهـا تێکچـوو چـاکنەکرێتەوە. هەروەک «جـۆن فاگـان ڕسـل John Vaughan-Russell» جێگـری کونسـولی بریتانیـا لە دیمەشـق دەربیـڕی: "ئیـدی سـەختە ئەوە ببینـی چـۆن دەسەلاتی ماندات دوای ئەو هەمـوو ڕق و کینە و تالاونۆشینە، کە نایانەوە، بۆ سالانێکی دیکەش بتوانی سوریایەکی بەرپرس ببیننەوە لە بەڕێوەبردنی ولاتەکەدا هاوکارییان بکا."[٤٠]

لە ســۆنگەی شکســتە بەرچــاوەکەدا، «ســارایل» کەوتبــووە ڕەوشێکی زۆر شلۆق و جاڕسەوە. ئەفسەرە هەواڵگرییەکەی دزەی بە بەڵگەنامەکان بۆ «هێنری کێریلیس» کرد، ئەویش هەواڵنێرێکی ئەرستۆکراتی ڕۆژنامەی ناسیۆنالیستی فەرەنسی «دەنگی پاریس» نارد، کە ئەو کات لە سوریا بوو. ئەوە بوو «کێرلیس»یش لە ٢١ی تشـرینی یەکەمـدا ڕاپـۆرتی خـۆی بە شـێوەیەک بەرزکـردەوە، کەوا کۆمســیاری بــالا هۆشــدارییەکانی هەراوهوریــای دروزەکـانی لە نــــاوچەی جەبەل پشتگوێخســــتبوو. ئەو ئۆبــــاڵی کێشـــــەی فەرەنسییەکانی بە نمرە خستبووە سەر: "١- سارایل ٢- سـارایل٣- هەر سارایل".[٤١]

دوای دزەکردنەکـان، کۆمسـیاری بـالای هەراسـانکراو، سـتافی هەواڵگـرییەکەی لای خـۆی دەرکـرد، بەلام ئەو هەوڵەی بـۆ ئەوەی دەنگوباســی ڕووداوەکــان نەگــاتە ئەوروپــا بێهوودەبــوو. ئــاخر «تـایمز» لە ٢٧ی تشـرینی یەکەمـدا چیرۆکـی بۆمبـارانکردنەکەی بلاوکــردەوە، ئەمەش هەر چەنــد ڕۆژێــک دوای ئەوە بــوو، کە حکـومەتی فەرەنسـا ڕێککەوتننـامەی «لاکۆرنـۆ Locarno» "بـۆ

---

داسـی لێـدەدزێ و پەکیـدەخا. ئیـدیۆمێکە پـڕبە پێسـتی ئیـدیۆمە ئینگلیـزییەکە the game-keeper-turned-poacher و عەرەبییەکەشی (حامیها حرامیها)یە.

دارشتن و سەلماندنی سەقامگیری ئاشتی" مۆرکرد، ئیدی «سارایل»یش کۆتاییپێهات.[٤٢] ئەوە بوو لە ٣٠ی مانگدا بانگی پاریس کراو و متمانەی لێسەنرایەوە.

هەرچەندە «سارایل» قۆچی قوربانی کردە کێفەڕاتبارەکانی فەرەنسی بوو، بەڵام ڕەفتاری ئەو وەڵامی چەندین پرسی بنەڕەتی پێنەدەرایەوە. ئاخر چۆن بوو کەوا دروزەکان بەم جۆرە ڕێکخراو بوون؟ لە کوێوە دەستیان بەو زانیارییە هەواڵگریی و چەکانە ڕاگەیشت تا بۆسە بۆ فەرەنسییەکان بنێنەوە؟ هەروەها چۆن ئەو خۆراکەیان دەستکەوت تا لەمەیدانی شەڕدا خۆیان بگرن و بمێننەوە؟ ئەدی چۆن بوو «تایمز» بە ئەوەی زانی، کە چی قەوماوە؟ بۆ فەرەنسییەکان، کە خۆیان بەو مەتەڵانە هەڵپەسارد، قامکی گومانیان تەنیا بەرەو یەک ئاراستە ڕاهێشت: بەرەو باشوور، ئەویش: بریتانییەکان.

# ١١
# سەرکوتکردنی درۆز

هەر لەو کاتەی هەرای سووریا لە تەممووزی ١٩٢٥دا قەوما، بەندوباوی تەمومژاوی سەبارەت بەوەی دەستێک لە پشتی درووزەکاندا هەیە، پەیدابوو. بە هاتنی مانگی ئابیش قسەکان وەها کەوتنەوە، پەنجەی ئاماژە بۆ بریتانییەکان درێژبکرێ. «ئەلیس پۆئلیۆ Alice Poulleau» هەواڵنێری دوورخراوەی فەرەنسی بۆ دیمەشق، نووسی: " بە ڕاشکاوی ئەوە دەگوترێ، ئینگلیز لە پشت هەرای درووزەکانەوەیە، بۆ هەر لیرەیەکی زێڕ تفەنگێک و سەد فیشەک و یەک فەردە ئاردیان دەداتێ."[١]

فەرەنسییەکان بەهەر شێوەیەک بێ یاداشتنامەیەکی «گیرترود بێل»یان دەستکەوتبوو، ئەو تێبینییەی تێدا بوو: "ئەوە هەر درووزەکانن وا لە برا سوورییەکانیان دەکەن فەرەنسییەکان لە سووریا دەربکەن."[٢] لەو کاتەوە بڕوایان وا بوو، کە کاری پێشنۆرەی بریتانییەکان دەرکردنی فەرەنسییەکانە لەوێ، ئاخر هەر ئەمەش لە هەڵسەنگاندنەکەی «بێل» دەخوێنرایەوە، بەوەی شتێکی لۆژیکی بێ، بریتانییەکان کۆمەکی درووزەکان بکەن.

بریتانییەکانیش ڕوونکردنەوەیەکی سادە و ئاسانییان بۆ ئەو زەبرانەی درووزەکان هەبوو، کە لە جەبەلدا سرەواندیانە هێزی فەرەنسی. ئەمەش بڕوای «ماوریس سارایل»ی کۆمسیاری باڵای فەرەنسای تۆقیوی بەوەی «سوڵتان ئەترەش» لە عەممان سەردانی نوێنەری بریتانیای کردووە، پتردەکرد. هەر زووش دوای ئەوەی هەراکە بەرپابوو، ئەو بە برادەرێکی خۆی گوت، کەوا بەڵگەی لەسەر تێوەگلانی بریتانییەکان هەیە، هەر ئەمەش وای بە

مێشکدا هات ئەو هاوسۆزییەی «گای سالیسبری جۆنز» پاشکۆی سەربازی بریتانیا لای فەرەنسییەکان بەوە لێکبداتەوە، کە جۆرێکە لە هەستی خۆ بە خەتابار زانین.[3] تەنانەت ئەفسەرێکی پلەبەرزی وەک «کۆلۆنێل ئەندریێ»ی دەستەڕاستی «گاملین» لە دیمەشق، بڕوای وا بوو، بریتانییەکان پاڵپشتی ئەو یاخیبوانەن، کە ئەو بۆ سەرکوتکردنیان نێردراوە. «ئەندریێ» لە یاداشتێکی سەبارەت بە ڕاپەڕینەکە، ئەم تێبینییەی نووسی: "یاخیبوونەکە لە پارە و پوولیان کەم نەبوو. بڕەپارەیەکی زۆریان لەو دیو سنوورەوە بۆ دەهات، لەپاڵ ئەوەشدا ڕاوێژی ئەوەشیان لە لایەن ئەوانەوە بۆ دەهات، کە هەمیشە ویستوویانە ئێمە لە سوریا نەمێنین."[4]

«والتەر سمارت»ی کونسولی بریتانیا لە دیمەشق "لەو کاتەدا ئاگای لەو هەستە بڵاو و چەکەرەکردەوەی دژە بریتانیا بوو لەوێ.[5] «والتەر» پیاوێکی باڵابەرزی پرچدرێژ، خاوەن ڕەفتارێکی ناڕوون و بیروڕا پێشەنگ بوو، ئەو ڕوخسارەکەی پێنەدەچوو دیپلۆمات بێ، بەڵام ئەم خاسیەتە شاراوانەی بەسەریەکەوە پیاوێکی توندوبەندی لێدروستکردبوو. جارێکیان لەگەڵ برادەرێکی وتەیەکی جوانی دەرهەق گوتبوو؛ کە "ئەوپەڕی کەشخەیی باڵبالوکەی هەیە."[6] یەکێکی دیکەش وەهای وەسفکرد: "پیاوێکە بە تەواوی ڕیالزمی شێلگیرانەی بۆچوون گردەبڕانەیە" بە لای کەمییەوە دەبێتە "دوا سەرقەشە لە هێزی بریتانیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا."[7] «سمارت» گوێی بەو بەدنیازییەی دروستبوو، نەدا، بەڵکو لۆمەی ئەوەی کرد، فەرەنسییەکان بوونەتە مایەی ناسەقامگیریی سیاسیی و ئابووری لە ناوچەکەدا، هەر ئەمەش وای کردووە فەرەنسییەکان لە تاریکستانی ئەوەی ئێستا تووشی

هاتوون پەل بکوتن. ئەمەش لە بەرانبەر ئەو پێشکەوتنە حاشالێنەکراوەی زاڵبوونی ئەنگلۆ سەکسۆنییەوەیە."

بەشێک لەبەرئەوەی پەیوەندی بریتانیا لەگەڵ فەرەنسییەکان تێکچووبوو، ئیدی «سمارت» تا دەهات پشتی بە زانیارییەکانی دروز دەبەست و ژێربەژێریش لەگەڵ ناسیۆنالیستانی عەرەب لەسەر خەت بوو، کە سەرەداوی هەراکەیان ڕێکخستبوو. پەیوەندیکردنیش بە سەربزێوانی یاخیبوونەکە تا ڕاددەیەک ئەرکێکی سەخت نەبوو، ئاخر یەکێک لە سەرکردەکانی عەرەب لە خانووییەک دەژیا دەرکەی بە دەرکەی کونسولخانەکەوە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا «سالیسبوری جێنز» ئەوەی بۆ کتوپڕ بوو، کە «سمارت» "سەرنجڕاکێشترین بەڵگەنامەی بەردەستی نیشاندا، تێیدا فەرمان بە دروزەکان کرابوو، بجەنگن.[8] «ڤاگان رسل Vaughan-Russell»ی جێگری «سمارت»یش هەوڵی شاردنەوەی مەیدانی خۆشی بۆ سەربزێوانی دروز نەدا، ئەو وەهای وێنادەکردن، "خەباتێکی سەرسەخت و دژوارە دژی ئەگەرێکی ئومێدبڕاو."[9] ئەفسەرێکی دیکەی بریتانی مەیلدار بەلای فەرەنسییەکانەوە، دیپلۆماتە بریتانییەکەی بەوە تاوانبارکرد، گوایە خەریکە لەگەڵ ئەوانە یەکدەگرێتەوە، کە "ڕقیان لە فەرەنسییەکانە."[10]

هەر بۆیە مایەی سەرسامی نەبوو، فەرەنسییەکان باوەڕیان وەهابێ بەوەی «سمارت» لەگەڵ دروزەکان هاوپەیمانە، هەرچەندە ئەمەش ڕاست نەبوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە کونسولی بریتانیا هەوڵی ئەوەی دا، لە سوریا کێشە بۆ فەرەنسا بنێتەوە. ئاخر کاری هەرە لە پێشی ئەو ئەوە بوو، ڕێ لەو پشێوەیە بگرێ کە بەرەو باشوور ڕووەو فەڵەستین و ئوردن دەڕۆیشت، ئیدی بڕیاریدابوو هەرای

درۆزەکـــان بەوە وەســـفبکا، کە کـــاردانەوەیەکی تونـــدە لە دژی بەدکـــاریی حکـــومەتی فەرەنســـی. «ڤاگـــان ڕســـل»یـــش بە وردی بیـرۆکەی نێـو کونسـوڵخانەکەی شـیکردەوە. ترسـی هەرە گەورەی ئەو لەوە بـوو، کە " بـایەخێکی زیـاتر بەو دەسـتەواژەیەبدرێ، کە دەڵێ "هاوکاری ئینگلیز – فەرەنسـی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت" – کە ئەم دەســتەواژەیە زۆر لای فەرەنســییەکان خۆشەویســتە و لە هەموو دەرفەتێکدا دوپاتیدەکەنەوە- ئیدی ئەو بوغزاندنەی فەرەنسا دەکرێ تەشـەنەبکا و لە دواییدا خودی موسڵمانەکانی ژێر مانداتی ئـــیمەش بگـــرێتەوە، ئەمەش بـــۆ هەســـتی دژە کۆلۆنیـــالیزمی سەربکێشێ و هەستێکی (دژە بریتانیایی) لێبکەوێتەوە".[11] هەر لەبەر ئەوەش بوو پەیوەندی نێوان بریتانیا و فەرەنسـا وەهـا دەرنەکەوێ، کە زۆر دۆستایەتی پێوەدیار بێ.

دیار بـوو هەر «سـمارت» خۆی مـاکی ئەو چیرۆکـانە بـوو، کە لە لایەن هەواڵنێـری ڕۆژنـامەی «تـایمز» «ئارســەر مێرتـۆن» نێردرابوون، نەخشـەکەش بۆ ئەوە بـوو تـا ئەو کەلێنەی کەوتبووە نێـوان پەیوەنـدییەکانی بریتـانی بە دەســەڵاتی فەرەنســییەکانەوە نیشانبدا. «مێرتۆن» ئەو کەسـەی لە قاهیرەوە گەیشتبووە شـام تـا پاشماوەی شوێنەواری بۆمباباراانی دیمەشق بە چاوی خۆی ببینێ، بەپێی پێویست ڕاپۆرتی لەسـەر ئەوە دا، گوایە «سـمارت» داوای قەرەبـووکردنەوەی وێرانکارییەکـانی دوای بۆمبابـارانەکەی بـۆ دەســـەڵاتی فەرەنســـی بەرزکـــردووەتەوە، تێیـــدا ئەوەی ڕوونکـــردووەتەوە، کە کونســـول داوای فەرەنســـییەکانی بەرپەچداوەتەوە بەوەی درۆزەکـان لەسـەر وێرانکارییەکە خەتابـار بن. سێ ڕۆژیش پاشتر بەخۆشییەوە باسی ئەوەی کرد، ڕێگەیەکـی

مەردانە گیـراوەتەبەر، بەوەی «سـمارت» سـەلامەتی کـۆمەڵگەی کریسـتیانی شـارەکەی لە ڕێـگەی دانوسـتان لەگەڵ "جـوامێرە موسـڵمانە دەستڕۆیشـتووەکان"، خـاترجەم کـردووە، ئەمەش دوای ئەوەی سـەربازە ئێشـکچییەکانی مەیدانی کریسـتیانی لەتـاو گیـانی خۆیان، ڕایانکردبوو.[12] هەر سێ ڕۆژیش پاش ئەمە، لە ڕۆژنامەدا وێـنەیەک بڵاوکـرایەوە، کە «مێرتـۆن» لەسـەر منـارەی ڕۆخێکـی شارە کۆنەکە گرتبووی، ئاستی کاولکردن و وێرانکاریی تۆپەکانی فەرەنسای نیشاندابوو.

فەرەنسـییەکان ڕقیـان لەو "بڵاوکـراوە ناشایسـتە" بـووەوە، کە «تـایمز» پێیـدەدان، تـا دەهـاتیش دڵیـان لە «سـمارت» پڕدەبـوو.[13] ئـاخر ئەو دیپلۆمـاتە بریتـانییە، کـاتی خـۆی لە ١٩٢١دا لە تـاران دەرکرابـوو، فەرەنسـییەکانیش گومانیـان لە لا پەیـدابوو، بەوەی دەستی لە کودەتاکەی ئەوێدا هەبێ، ئەو کودەتایەی «ڕەزاشـا»ی هێنایە سەر تەختی دەسەڵات، ئیدی پێدەچێ هێشتاش سـەروکاری لەگەڵ کاروبـاری ژێربەژێـری وەهـادا هەر مـابێ. لە سـوریا ئەوان لەو بـڕوایەدا بـوون، کە «سـمارت» لە پشـت دروسـتکردنی کۆمەڵگەی دەستی ئاسنینی ناسیۆنالیستەکانەوە بێ. ئەو نیازکردە کاریگەرەی پێیان وا بوو لەنێو کۆمەڵگەدا بە مەبەستی دەرپەڕاندنی "هەموو دەستێکی بێگانەیە" لە وڵات و لەهەمان کاتیشدا ئەو توانایە سەرهەڵبدا تا "بریتانییەکان دەست بەسەر دامودەزگای سـەربازی و دارایی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا بگرن."[14]

لە ١٩ی تشـرینی دووەمـی ١٩٢٥دا کۆمسـیاری بـاڵای نـوێی فەرەنسـا گەیشـتە لەنـدەن تـا چالاکییەکـانی «سـمارت» لەگەڵ حکـومەتی بریتانییـدا تاوتوێبکـا. نـاوی تەواوی کۆمسـیارەکە «بێرتراند هێنـری لیـۆن ڕۆبەرت دە ژوڤنێـل دە یورسـینس

Bertrand Henri Léon Robert de Jouvenel des Ursins» بوو، لەمەودوا هەر بە «هێنری دی جوڤنێل» ناوی دێ. ئەم پیاوە بە پێچەوانەی پێشینەکانی خۆی کابرایەکی سیاسی بوو. ئەو لە ١٨٧٦دا لەدایکببوو. ئەو سیناتۆرە تەمەن ٤٩ ساڵە لە بنەڕەتدا قانونی خوێندبوو، کەچی دواتر لە کارنامەی ژیانیدا بایدابووە سەر ڕۆژنامەنووسی و لە ڕۆژنامەی «لێ مارترین Le Matin» کاریدەکرد. ئێستاش ڕۆژنامەکە نەماوە. ئەم ڕۆژنامەیە بە ڕاپۆرتە ڕووهەڵماڵراوەکانی بەناوبانگ بوو. «دە جۆڤنێل»یش بە شێوازە تەنزدارە نموونەییەکانی، پڕبەپێستی ڕۆژنامەکە بوو، هەر بۆیە تێیدا بووە نووسەر. هەر لەو نێوەشدا بوو دەستی لە ژنەکەی خۆی بەردابوو، دەستی لەگەڵ «کۆلێت»ی خانمە نووسەر تێکەڵکردبوو، پەیوەندییەکە بووبووە گۆبەندێکی شەرمەزاریی. ئینجا لە جەنگیشدا جەنگاوەر بوو، بەڵام توانستی قسە و لەبلەبانێتی لە زمان بەوەی ڕاپۆرتەکانی مایەی لێتێگەیشتن بوون، بووە هۆی ئەوەی بانگبکرێتەوە پاریس و لەوێ سوودی لێببینن. وەزیری گواستنەوە و گەیاندنیش وەک ڕاوێژکارێک بەکرێیگرتبوو، پاشان هانیدا بچێتە نێو سیاسەت.

دوای ئەوەی لەسەر ناوچەی «کۆریزێ Corrèze» لە مەڵبەندی دێهاتی فەرەنسی لە ساڵی ١٩٢١دا هەڵبژێردرا، ئیدی «دی جۆڤنێل» هەڵبژێردرا تا نوێنەرایەتی وڵاتەکەی لە کۆمەڵەی گەلاندا بکا. لەوێ بە ئەزموونی بەرگیریکردن لە بەرژەوەندی کۆلۆنیالی فەرەنسی و بەوەی بڕوا و متمانەی نێردەکانی دیکەی کۆمەڵەی گەلانی پەیداکردبوو، دیار بوو چاویان لەسەر بوو تا لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥دا جێگەی «سارایل» لە سوریا بگرێتەوە، ئەو ساڵەی ناوبانگی ڕەفتاری فەرەنسا لە دەرەوەدا ڕوو لە داڕمان

بوو. دیاریش بوو کارێکی وەهای لە دەرەوەی وڵات، پێخۆش بێ، - ئاخر تازە «کۆلێت»یشی تەڵاقدابوو دوای ئەوەی گۆبەندی ژنەکەی لەگەڵ کوڕەکەی لە ژنی یەکەم ئاشکرا ببوو- ئیدی کارەکەی سوریای وەک دەرەتانێکی ناچاری بینی. ئەوسا لە بری ئەوەی بە شێوەیەکی هەمیشەیی جێگەی «سارایل» بگرێتەوە، ئەو تەنیا بەوە قایلبوو «ئەرکی چاودێرییانە» لە سوریا ببینێ بۆ ئەوەی چاو بە ڕەوشی ئەوێدا بخشێنێتەوە، بەم جۆرە هەر لەوێوە وەک کۆمسیاری باڵا دەستبەکاربوو.

«دی جۆڤنێل» دەیزانی کلیلی چارەسەرکردنی دروزەکان بە پشتیوانی بریتانییەکانەوە بەندە، چونکە لە ڕۆژهەڵاتی ئوردنەوە کۆمەکی دروزەکان دەکرا. ئینجا بەرلەوەی بەرەو بەیروت بڕوا، پێویستی بەوە بوو خۆی بگەیەنێتە لەندەن و بەرچاوی خۆی لەگەڵ هاوتا بریتانییەکانی ڕوونبکاتەوە. لەگەڵ گەیشتنە لەندەن، هەر زوو لەوە گەیشت، دیارە پشتیوانی ئەوان بەبێ نرخ بەدەستناهێنێ: ئەویش پاڵپشتی فەرەنسییەکانە لەو کێشە دوور و بەردرێژەی لەسەر خاوەنداریی موسڵ لەگەڵ تورکیادا هەیانبوو. **تازە بریتانییەکان بۆ دادوەرییکردن "کێشەی موسڵ"یان گەیاندبووە کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئەمەش دوای چەندین ساڵ، کە تورکەکان پشتگیری جیاخوازە کوردەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەوێ دابمەزرێنن**[٦٤]. بۆ ئەوەی کێشەکە ئاڵۆزتر بێ،

٦٤ لێرەدا پێدەچێ مەبەستی هاوکاریی تورک بۆ کورد، هاتنی ئەفسەری تورک «شەفیق عەلی/ ئۆزەمیر» بێ بۆ ناوچەی ڕواندز تا «شێخ مەحموود» و کورد لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دژی بریتانییەکان هانبدا. بە دڵنیاییشەوە ئەم هەوڵانەی تورک پێچەوانەی ڕای نووسەر بۆ سەربەخۆیی نەبووە، بەڵکو بە کردەوە بۆ پشێوی و خۆبەستنەوە بووە بە تورکی میراتگری پیاوە نەخۆشەکەی عوسمانی، کە بۆ کورد ئەنجامێکی زۆر کاولکارانەی لێکەوتەوە.

فەرەنسییەکانیش چووبوونە پاڵ تورک، ئەمەش هەمووی لە پێناوی ئەوەی، بەڵکو بەشێکی زۆرتر لە نەوتی موسڵیان بەرکەوێ، لەوەی کلیمەنسۆ دوای کۆتاییهاتنی جەنگ بە ڕێکەوتبوو. هەنووکەش، کاتێ «دی جۆڤنێل» هاتە سەرباسکردنی چالاکییەکانی «سمارت»، بریتانییەکان ئەو ڕاستییەیان ڕووبەڕوو کردەوە، کەوا فەرەنسییەکان ڕێگەیان بە تورک داوە هێڵی ئاسنینی نێوان سنووری فەرەنسا و تورکیا بەکاربێنێ بۆ ئەوەی هێزی سەربازی بۆ سەر سنووری عێراق بنێرێ.[١٥]

دەستبەجێ «دی جۆڤنێل» درکی بەو پەیوەندییە کرد، کە بریتانییەکان هێنایانە گۆڕێ. ئیدی قایلبوو، کە جوولەی هێزی تورکی بەرەو موسڵ بوەستێنێ، خۆ ئەگەر وای نەکردبا، لەوە گەیشتبوو، ئەوا بریتانییەکانیش یارمەتی فەرەنسایان نەدەدا بەوەی ڕێی ئازوقە و چەک لە ڕێی ڕۆژهەڵاتی ئوردن بۆ دروز بگرن.[٦٥] هەروەک «سایلسبوری جۆننز»یش تێبینی دا، کاتێ بریتانییەکان کێشەی موسڵیان بە دروز بەستەوە، ئەوا هەرای دروز بە سوود بوو، چونکە "بووە مایەی ئەوەی فەرەنسییەکان ئەوە لە مێشکی خۆیان دەرکەن، کە هیچ کارێک لە دژی بریتانییەکان بکەن".[١٦] لە ئازاری ١٩٢٦دا کێشەی مووسڵ بە بەرژەوەندی بریتانیا چارەسەرکرا. تا ئەو کات بریتانیا فەرەنسای بە تەنیا هێشتبووەوە کە هەر بە خۆی ڕاپەڕینەکە چارەبکا.[٦٦]

---

٦٥ لێرەدا دیارە هەردوو زلهێزە ئیستیعمارەکە نەتەوە بندەستەکانی ژێر قەڵەمڕەویی خۆیان دژی بەرژەوەندییەکانی یەکدی بەکارهێناون، هەر کاتێکیش گەیشتبنە ڕێککەوتن ئەوا بە ئاسانی دۆزی ئەو نەتەوانەیان فرۆشتووە.

٦٦ دیارە لەوێوە زلهێزەکان بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی نەتەوە بندەستەکانی قەڵەمڕەوێتیان کورد و دروزیان بە یەکدی فرۆشتووەتەوە.

«دی جۆنڤیل» لە سەرەتای کانونی یەکەمی ١٩٢٥دا گەیشتە سوریا و دەستبەجێش سەرنجێکی وەهای دا، کە لە هی پێش خۆی باشترە. لەو کاتەی «سارایل» بۆمبی بەردەدانەوە، کەچی ئەو بۆمبی ئایسکریمی بەردایەوە، ئەوەش نوکتەی ئەو کات بوو. کاتێ گەیشتە ئەوێ و یەکەم کاری ئەوە بوو بەڵکو هەواڵی نەیار لەخۆبگرێ و هەروا درزە بکا. هەر بۆیە یەکشەممەیەک هەموو پەیامنێرە بیانییەکانی بۆ سەرخوانی خۆی بانگهێشتکرد، ئەو دەرفەتەی قۆستەوە سەرنجیان بۆ ئەوە ڕابکێشێ" تا نیازپاکی بۆ هەموو سورییەکان، بۆ هەموو نیشتمانپەروەران نیشانبدا، بەڵکو دەستباری[٦٧] بگرن و کاری لەگەڵدا بکەن تا دەستورێک بۆ لوبنان دابنێ و هەڵبژاردن لە هەموو بەشەکانی سوریادا بکا، کە نەکەوتبوونە ئەو توندوتیژییەی لە باشوور قەوما بوو.[١٧] لە سووکە ئاماژەیەکیشدا، هەر بە خۆی سەردانی پەیامنێری بریتانی کرد، چونکە لەبەر نەخۆشی نەیتوانیبوو لە بانگهێشتی خوانەکەدا ئامادەبێ. لە پشت پەردەشدا ئەوەی بە دروزەکان گوت، گوایە لەگەڵیان ئامادەیە لەگەڵکیان دانوستاندن بکا.

لەو کاتەی «دی جۆنڤیل» خەریکی ئەوە بوو منداتی فەرەنسی بە ڕوویەکی لیبرالانە نیشان بدا، فەرماندەی «گاملین» لە دیمەشق بە ناوی «چارلس ئەندرێ» هەوڵیدا بە ڕێگەی ناسراوتر لە خەڵکەکە تەواوی دەسەڵاتی دیمەشق بخاتەوە ژێر جڵەوی خۆیەوە. چوار ڕۆژ دواتر «دی جۆنڤیل» چاوی بە «ئەندرێ» و ڕۆژنامەنووسەکان کەوت، «سایلسبێری جۆنز»یش گوتی "«ئەندرێ» ڕێکترین پیاوی فەرەنسییە کە تا ئێستا بینیبێتم"، هەموو سەرکردەکانی شارەکەی کۆکردنەوە و پێیڕاگەیاندن، کە

---

٦٧ دەستبارگرتن: دەستگرتن، هاوکاریکردن، یارمەتیدان.

نیازی نۆژەنکردنەوەی ئەو شەقامە بازنەییەی شارە کۆنەکەیە، ئەو پرۆژەیەی فەرەنسییەکان پێشتر لەبەر نەبوونی پارە ڕایانگرتبوو.[١٨] سوورییەکانیش بەدگومان بوون، بەڵام «ئەندریێ» لەسەر کردەنیازەکەی خۆی سوور بوو. ئەو دەبوو‌ایە قەرەبووی ئەو ماڵانەی کردبایەوە کە وێرانکرابوون، هەروەها کرێ و مزی زیاد لە ١٥٠٠ کرێکاریش بدا. سوورییەکانیش هەندێ خاوبوونەوە، ئیدی دەستبەجێ پڕژانە سەر ئیشەکە.

ئەوە بوو لە کاتی تەواوبوونی شەقامە بازنەییەکە لە سەرەتای ١٩٢٦دا، مەبەستی شاراوەی فەرەنسییەکان دەرکەوت، ئەو کاتەی ئەندازیارە فەرەنسییەکان گەیشتن و بە درێژایی دیوارەکە شیشی ئاسنینیان بۆ پەرژینکردن ڕاهێشت. «ئەندریێ» ویستی بازنەیەکی ئاسنین بە دەوری شارە کۆنەکە دروستبکا تا لە ناوجەرگەی بازاڕ و گەڕەکەکانی دەوروبەری جیابکاتەوە، کە پێشتر شوێنی خۆحەشاردانی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە یاخیبووان لە ناوجەرگەی شارەکەدا دابیندەکرد. کەچی کەوتە ژێر فشاریی هەردوو کونسوڵی بریتانی و ئەمریکی. هەڕەشەی ئەوەیان کرد ئەگەر وازنەهێنێ، ئەوا بۆ ڕاگەیاندنی نیشتمانیانەی خۆیان ئاشکرایدەکەن.[١٩]

کاتێکیش ناوەندی دیمەشق ئارامتر بووەوە، «ئەندریێ» ڕووی خۆی بۆ سەر یاخیبووانی ناوچەی «غۆتە» وەرگێڕا. ئەو دەستە چەکداری خێرای لە سەربازە ناتەکوزەکانی[٦٨] چەرکەس و ئەرمەن و کوردیان بۆ ناردن، ئەم دەستە و تاقمانەش لەژێر فەرماندەیی ئەفسەری هەواڵگریی «ئەلیساندەری Alessandri» بوو، ئەو کەسەی شەڕی گەریلاکانی بە شێواز و تەکتیکی خۆیان دەکرد. شێوازەکەشی، شێوازێکی تاوانکارانە، توندوتیژ و گۆترەکارییانە

٦٨ ناتەکوز: نانیزامی.

بـــوو: ئەوان هەرچـــی بکەوتبـــایە دەســـتیان، هەرچـــی لەســـەرڕێ بڕۆیشـــــتبا، دەیـــــانبرد و تالانیانـــــدەکرد و مـــــاڵ و حـــــاڵی یاخیبووەکانیشـــــیان ئـــــاگرتێبەردەدا؛ هەر گومانلێکراوێکیشـــــیان دەستگیرکردبا، "لە کاتێک هەوڵی هەڵاتنی دابا، تەقەیان لێدەکرد."[٢٠]

هەردوولا هەوڵیانـدەدا گەڕەکەکـانی دەرەوەی دیمەشـق بـخەنە ژێـر جـڵەوی خۆیـانەوە، بـۆیە تـا دەهـات شـەڕەکان کوشـندەتر دەبوون. «ڤاگان ڕسل»ی جێگری کونسوڵی بریتانی نووسـی: "ڕۆژ یان شەو نییە بەبێ هەژانەوەی دیمەشق لەبەر دەنگی تەقە و گوللە تـۆپ لە گەڕەکەکـانی دەرەوەی دیمەشـق نەلەرزێـتەوە."[٢١] لە ١٢ی شوباتیشـــدا «ســـمارت»ی هـــاوڕێی «هاگـــان» ڕاپـــۆرتی خـــۆی بەرزکـــردەوە بەوەی تەقەی شـــەوانە لە هەرای مـــانگی تشـــرینی یەکەمـــی ڕابـــردوو پـــۆلکتر بـــووە، بەڵام کەســـیش نەکـــوژرا. ئەم وێرانکـراییە دوولایەنیـیە شـتێکی وەهـای بەدەسـتەوە نەهێنـا. بـۆ مانگەکـانی دواتـر «ڤاگـان ڕسـل» تێبینـی ئەوەی کـرد، هەرچەنـدە فەرەنسـییەکان بە شـێوەیەکی حاشـالێنەکراو مەڵبەنـدی شـارەکەیان کۆنترۆڵکردووە، بەڵام دەسەڵاتیان بەسـەر گەڕەکەکانی قەراغ شـار و دێهـات نـاڕوا و حوکمیـان لە حـوکمی گـوللەی تۆپخانەکانیـان تێنـاپەڕێ. وەک لێکەوتەیەکیش، هێشـتا دروزەکان لەژێـر فشـارێکی وەها کوشندەدا نەبوون تا واز لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بێنن. کـاتێکیش «دی جۆنڤیـل» ڕاسـتەوخۆ داوایلێکـردن بـۆ چارەســەر بێنەپێشـەوە، «سـوڵتان ئەتـرەش» داواکەی ڕەتکـردەوە. لە وەڵامـدا ئەترەش داوای سەربەخۆیی سوریای کرد: ئاخر ئەو چاوی لەسـەر ڕووداو و پێشـهاتەکانی پـاریس بـوو، دەیزانـی هـاتنی حکـومەتی تەمەنکـورت و لاچوونیـان لەوێ بـارێکی ناسـەقامگیریی سیاسـیی ناوەتەوە، ئیدی دەرفەتی ئەوە پەیدادەبێ سۆسیالیستەکان، کە هەر

به سروشت دژەئیمپریالیست بوون، بێنە سەرکار و ڕووی ڕووداوەکان بە جۆرێکی دیکە وەربگەڕێ. «دی جۆنڤیل»یش داواکەی ئەترەشی بەلاوە نا.

لەگەڵ بەهار و گەرماداهاتنی کەشوهەوا، دەرفەتی بە «ئەندریێ» دا بەڵکو بە تەواوی بگەڕێتەوە جەبەل دروز. بە درێژایی زستانەکەش هەر لە نەخشەدا بوو چۆن «سویەدا» بگرێتەوە، لەوێوە ڕووی لە بەرەی باکوور کرد، بەڵکو لەگەڵ هۆزی «عامر»ی ڕکابەری «ئەترەش» ڕێکبکەوێ. لە کۆتاییدا بە هەموو هێزێکی سەربازییەوە لەسەر کردەنیازی گرتنی قەلا سەرەکییەکەی ئەترەش لە خوارووی جەبەلدا چڕکردەوە.

لە مانگی نیساندا «ئەندریێ» دەستبەکار بوو. هەرچەندە ئەترەش خەبەری نەخشەی هێرش و پەلاماری هێزی فەرەنسی هەبوو، بۆیە لە زنجیرەیەک هەوڵ و تەقەلادا ویستی ڕێگەی ئاسنینی باشووری دیمەشق ببڕێ، لێ نەیتوانی بەر بە هێزەکەی فەرەنسی بگرێ. پێشوەچوونی هێزی «ئەندرێ» لە ٢٢ی نیسانەوە بوو، دوای شەڕێکی توند لە دەرەوەی سوەیدا و دوای سێ ڕۆژ هێزەکە دەستی بەسەر شارەکەدا گرت. هەر زوو دوای ئەوە «ئەندریێ» نامەی خۆبەدەستەوەدانی دروزە گوندنشینەکانی لای باکوور پێگەیشت. بە گرتنی شارەکەش هەر خێرا ئەندازیارە فەرەنسییەکان لە خەمی ئەوەدا بوون سەنگەر و چەپەرەکانیان بە شێوەیەک قایم لێبدەن تا بتوانن ئەوێ بکەنە بنکەی پەلامار و پێشڕەوییەکانی دیکەی ئۆپەراسیۆنەکانیان.

لەو نێوەشدا ئۆپەراسیۆنەکانی دەستە و تاقمی «ئەلیساندری» لە «غۆتە»دا دەستکەوتی باشیان بەدەستهێنا، کەللەسەری «ئەحمەد مەریود»، ئەو کەسەی لە ساڵی ١٩٢١ەوە داواکراو بوو،

که هەوڵی کوشتنی ژەنەڕاڵ «گۆرۆ»ی دابوو، نموونەیەکی زەق بوو. نامەیەکی «فەوزی قاوقچی»یش لەنێو تەرمی «مەریود»دا دۆزرایەوە، نامەکە دەردەدڵێک بوو لەسەر "بێدەنگی درێژخایەن و کەمتەرخەمی خۆیی" لەنێو یاخیبووان، خەبەری ئەو هەواڵدزانە پشتڕاستکرانەوە، کەوا ناکۆکی توند و جددی لەنێوان دروز و ناسیۆنالیستەکاندا هەیە، دروزەکان خوازیاری دانوستان و ئاگربەستن، کەچی ناسیۆنالیستەکان ئەم شتەیان ناوێ.[٢٢] «دی جۆنڤیل»یش بۆ ئەوەی کەلێن و درزی جیاوازییەکانیان قووڵتر بکاتەوە، سازشێکی گەورەی خستنەبەردەم. هەر دوو ڕۆژ پاش گرتنەوەی سوەیدا، لەپڕێکەوە ڕاگەیەنرا، نوێنەری فەرەنسییەکان لە دیمەشق بە سەروەزیرێک دەگۆڕێ، ئەویش «داماد ئەحمەد نامی بەگ» بوو، کە ئەرستۆکراتییەکی سوری و کچی سوڵتانی عوسمانیشی مارەکردبوو، بە ڕاشکاویش ئەو کەسە نەبوو، لە ناو بەرکی فەرەنسییەکاندا بێ.

هەرچەندە لە سەرەتاوە ئەو دەستپێشخەرییەی حوکمی خۆسەری، دیار بوو ڕووەو هەڵچوون بوو، کەچی «ئەحمەد نامی بەگ» کەوتە بن هەمان ئەو گوشارانەی شەش ساڵ پێشتر «فەیسەڵ» تووشی هات و لەبن باریشی دەرنەچوو. ئەو سێ ناسیۆنالیستەی لەنێو کابینەی حکومەتەکەی دابینابوون، هەرزوو داوای لێبوردنێکی گشتی و یەکگرتنی سوریا و لوبنانیان کرد، «دی جۆنڤیل»یش بەمە قایلنەدەبوو. لە گۆڕانکارییی وەزیرەکاندا و لە مانگی حوزەیراندا «ئەحمەد نامی بەگ» کەسانی میانڕەوی لە جیاتی ناسیۆنالیستەکان دانا (ئەوانیشی بۆ ناوەخۆی سوریا دوورخستنەوە)، بەڵام هێشتا نەیتوانی قەناعەت بە یاخیبووان بکا خۆیان بەدەستەوە بدەن و هەروەها نەشیتوانی قەناعەت بە

فەرەنسییەکان بکا، نەرمتر بجوولێنەوە. «دی جۆنڤیل»یش گەڕایەوە پاریس ڕووی لە ڕۆژنامە کرد، گوایە دەستکەوتی هەبووە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوە بوو، نەخشەکەی کاریگەری پێچەوانەی هەبوو. کاتێکیش «گاملین» لە تەممووزدا بە نیگەرانییەوە ڕاپۆرتی خۆی دا، نووسی: "دوور لە بەدەستهاتنی مەبەستی خوازراو، سیاسەتەکەی ئەو وەک ئاماژەی لاوازییەکی قووڵی ئێمە بینرا."[٢٣] لەو ماوەیەشدا هێرش بۆ سەر هێزی فەرەنسی لە دەرەوەی شار بێهوودانە بەردەوامبوو.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەوە سەرکەوتنی فەرەنسییەکان بوو بەسەر یاخیبووانی مەغریب، کە وای کرد لە سوریاش بە ئەنجام بگەن. تا ئەو کات فەرەنسا لە دوو بەرەوە شەڕی دەکرد، بەرەی مەغریبیش پێشنۆرەتر بوو. دوای ئەوەی سەرکردەی یاخیبووان «عەبدولکەریم»[٦٩] لە ئایاری ١٩٢٦دا خۆی بەدەستەوەدا، ئیدی ئەمە ئەو توانستەی دایە حکومەتی فەرەنسی ژمارەیەکی زۆری سەرباز بە خۆیان و چەک و تفاقی جەنگییەوە بگوازێتەوە سوریا تا داگیریبکاتەوە. ئەوە بوو «گاملین» لە کۆتاییدا بە ٩٥،٠٠٠ هەزار سەرباز – لە کاتی هەڵگیرسانی هەراکەدا هەر ١٥،٠٠٠ سەربازی لەبەردەستدا بوو- توانی لەیەک کات و لە چەند بەرەیەکەوە لە سوریا دژی یاخیبووان بجەنگێ. لە ٢٠ی تەممووزەوە بۆ ماوەی ١٠ سەعاتی ڕەبەق «غۆتە»ی دایە بەر شێلکەی تۆپ و لە ئەنجامدا ٤٠٠ یاخیبوو کوژران، پاشان بێ سێ و دوو فەرەنسییەکان دەستیان بەسەر ناوچە یاخیبووەکاندا گرت. کاتێکیش بۆ ڕۆژی پاشتر ناوچە دارستانەکەیان ڕاماڵی، تەنیا یەک تەقەیان لێکرا.

---

٦٩ مەبەست لە سەرهەڵدانی جووڵانەوەی «عەبدولکەریم ئەلخەتابی ١٨٨٢-١٩٦٣»یە لە وڵاتی مەغریب (مۆراکۆ).

پاشـان سـوپا هێڵێکـی ئاسـنینی بـاریکی بەرەو جەبەل لێدا، ئەمەش وای لێکردن هێز و چەک و ئازوقە بۆ سـەر چیاکە سـەربخەن، تـا توانیان دەستیان بەسەر مەیدانی گڕکانەکەی «لاجا»شـدا گەیشـت. بۆ کۆبوونەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکـان، ڕەوشـی فەرەنسـا لە سـوریا باشتر ببوو، «گاملین»یش ڕاپۆرتێکی بۆ پاریس بەرزکردەوە تێیدا نووسـیبووی: "لە مانگەکـانی ڕابـردوودا "ڕەوشـەکە بە تەواوی گۆڕاوە"[٢٤] هۆکـاری ئەم وەرچەرخـانەش وەک لە نـامەکەدا ڕوونـی کردبـووەوە، ئەوە بـوو، یـاخیبووان چیـدی هاوکـاری خۆجێیـان پێنەدەگەیشت.

هەرچەنــدە ئەم قســەیەش ڕاســت بــوو، بەڵام بە تەواوی ڕەنگـدانەوەی ڕەوشـەکە نەبـوو. گـرفتەکە هەروەک «چـارلس ئەندرێی»ی سوپاسـالاری ئۆپەراسـیۆنەکەی جەبەل ڕوونیکردەوە، تەنانەت ئەگەر دروزەکان لە ڕاپەڕینەکەش بێزار بـووبن، هێشـتا لە دراوسـێکەیانەوە کـۆمەکی زۆریـان بـۆ دەهـات. دواتـر ئەو وەهـای نووسـی[٢٥]: "دەمێـک بـوو سـەربزێوییەکە کۆتاییهـاتبوو ئەگەر سـەرکردەکانیان دەسـتیان بە کـۆمەکی پـارەوپوول و چەک و تەقەمەنیـیەوە نەگەیشـتبا، ئەو کـۆمەکەی لە ڕۆژهەڵاتـی ئـوردنەوە بۆیان دەهـات، هەروەهـا ئەگەر ئـازادانە لەوێ جرتوفرتیـان نەکردبـا و پشـتگیرییان بـۆ نـانەوەی پشـێوی لە وڵاتـی دروز و «حـوران» پێنەگەیشتبا."[٢٦]

پێشتر و لە مانگی حوزەیراندا «گاملین» لە فەڵەستین چاوی بە «لۆرد پلومەر»ی کۆمسیاری باڵای بریتانی کەوت تا گەمەی مشک و پشـیلەی سـەربزێوان لەسـەر سـنوور ڕاگـرێ. هەرچەنـدە «پلـومەر»ی هەراسـان بەڵێنـی یـارمەتی فەرەنسـییەکانی دا و ئامـاژەی بەوەش دا، کە فەرەنسـییەکان بە دزیـیەوەوە دەتـوانن لە

سنوورەکە بپەڕنەوە و یاخیبوان ڕاوبنێن، کەچی ئەم دانیشتنە هیچ ئەنجامێکی ڕاستەقینەی لە باشترکردنی ڕەوشەکە لێنەکەوتەوە. لە چاوی فەرەنسییەکان ئەوە دیار بوو، کە بریتانییەکان هیچ هەوڵ و تەقەللایەک بۆ پشتیوانیان نادەن. کاربەدەستانی «پلومەر» گوتیان، گوایە ئەوان ئەو هێزە پۆلیسییە پێویستەیان لەسەر سنوور لەبەردەستدا نییە تا یاخیبووان بوەستێنن، هەروەها ئەوەی مایەی بێزاریی فەرەنسییەکان بوو، یاخیبووان بە ئاسانی سنووریان دەبەزاند و خۆیان دەگەیاندە ڕۆژهەڵاتی ئوردن و لەوێش وەک پەنابەری سیاسی ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرا.

مەیلی پێشووی فەرەنسا بە لای تورکەوە هێشتا واتای ئەوەی دەگەیاند، بریتانییەکان هاوسۆز نەبن لەگەڵ ئەو گێرەوکێشەیەی دراوسێکەیان تووشهاتووە.[٢٧] «جۆن کۆردینگتن John Codrington»، جێگرەوەی «سالیسبری جۆنز» لە پۆستی ئەفسەری پاشکۆی سەربازی بریتانیا لای فەرەنسییەکان شتەکەی وەها وێناکرد: "هەر لە «لۆرد پلومەر»ی کۆمسیاری باڵای بریتانیاوە تا ئەفسەرە فڕۆکەوانەکان لە عەمان، ئەوان دژبەری فەرەنسییەکان بوون. فەرەنسییەکان بە خوێڕی دادەنران؛ ئەوان (هەروەک جارێک خاوەنپایە تێبینیکرد) گیانی وەرزشییان تێدا نییە."[٢٨] بە گوێرەی قسەی ئەو، کاربەدەستە بریتانییەکان تاسەمەندی بیستنی هەواڵی پاشەکشەی فەرەنسییەکان بوون. ئەوان گوتیان: "بە نەفرەت بێ، یارییەکەی باشە. دەبینی ژمارەیەکی کەمی عەرەبی توندوبەند چۆن فەرەنسییەکانیان بە زەوی داداوە، هەر دەبێ ئەوان وەرزشوان بن."

تا دەهات گومانی فەرەنسییەکان لەوەی بریتانییەکان یارمەتی دروزەکان دەدەن زیاتر دەبوو، ئەوە بوو لە تەمموزی ١٩٢٦دا

یەکێک لە سەرکردەکانی یاخیبووانیان بە دیل گرت و گومانەکانی پشتڕاستکردەوە. گیراوەکە لەبن لێکۆڵینەوەدا گوتی، گوایە بریتانییەکان زانیارییان داوەتە دروزەکان، ئەمەش سەریکێشا بۆ ئەو نوشستییەی، کە ساڵی پێشتر «میچو» تووشیهات، هەروەها ئەوەشی گوت؛ کە هەر بریتانییەکان ئەفسەرێکی هەواڵگریی خۆیان لەژێر دەمامکی ڕۆژنامەنووسیدا ناردە جەبەل تا وێنەی تەرمی سەربازە کوژراوەکانی فەرەنسی بگرێ. ئەوەشی گوت؛ لە ڕێی هێڵی ئاسنین و لە عەممانەوە ئازوقە بۆ دروزەکان تا «مەفرەق» دەهات، لەوێشەوە لەژێر چاودێریی بریتانییەکانەوە، لە وشتر و هێستر باردەکرا و یاوەریشیان دەکرا تا سەر سنووری جەبەل و تا ناوچەی «ئەزرەق»، واتە تا ئەو حەشارگەیەی بیابان، کە کاتی خۆی لە جەنگدا «لۆرانس» بەکاریهێنا، گوایە لەو شوێنەدا بارەگای ١٥٠٠ دروزی بوو. لە وەڵامی پرسیاری لێکۆڵەرەوە: "تۆ دەڵێی ئەگەر ئینگلیز ویستبایان دەیانتوانی ئەم بار و بارخانەیە ڕابگرن؟" کابرای فەرەنسی دووجاران پرسیارەکەی لێ دووبارە کردەوە، دروزە گیراوەکەش لە وەڵامدا گوتی: "بە دڵنیاییەوە دەیانتوانی."[٢٩]

ئەوەی ڕاستی بێ، کابرای دیلی دەستی فەرەنسییەکان تەنیا ئەو قاوەقاوەی دەگوتەوە کە «سوڵتان» و «شابەندەر» بۆ جۆشدانی خەڵکی خۆیان دروستیان کردبوو، هەروەها بۆ ئەوەی نێوانی فەرەنسی و بریتانییەکان زیاتر بشێوێنن. کەچی شتەکە وەها کەوتەوە، فەرەنسییەکان بڕوای پێبکەن. ئەوە بوو لە مانگی ئەیلوولدا ئەفسەری هەواڵگریی فەرەنسا ڕاستەوخۆ ئەم بابەتەی لەگەڵ ئەفسەری هەواڵگریی بریتانیا کردەوە، هەرچی یارۆی بریتانییەکە بوو شتەکەی ڕەتکردەوە. «جۆرج کاترۆ» یاریدەدەری پێشووی ژەنەڕاڵ «گۆرۆ» جارێکی دیکە گەڕێنرایەوە سوریا تا

ڕۆڵی ئەفسەری هەواڵگریی فەرەنسی ببینێ. ئینجا بۆ ڕۆژانی دواتر خۆی گەیاندە ئۆرشەلیم تا باسەکە لەگەڵ «ستیوارت سیمس» بەڕێوبەری نووسینگەی «پلومەر» بکاتەوە. ئەو داوای لە هاوتا بریتانییەکە کرد، بە گیانی هاوکاریی ئەوروپایی بجووڵێنەوە" بەڵکو وەها بکەن یارمەتی دروزەکان نەدەن تا لە حەشارگەی «ئەزرەق»یشدا دەریانبکەن.[30] «سیمس»یش ڕەتیکردەوە کاری وەها بکەن. ئەو بە «کاترۆ»ی گوت: "ئەم وڵاتە پڕ سەرئێشەیە... من هەر هەڵەیەک بکەم هی لێخۆش بوون نییە. من ناتوانم خەڵکی ئەوێ تووڕە و تۆسن بکەم بەوەی کارێک دژی ژن و منداڵی دروزەکان بکەم."[31] کاتێکیش «کاترۆ» گەڕایەوە بەیروت، ڕاپۆرتێکی ڕەشبینانەی لەسەر گفتوگۆکەی بۆ سەرووی خۆی بەرزکردەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا هۆشداری دابووە پاریس: "خۆ ئەگەر ئەو بنکەیە لە دەست یاخیبووان دەرنەهێنین، ئەوا مەترسی ئەوە هەیە «سوڵتان ئەترەش» لە زستانی دادێدا دەست بەسەر وڵاتەکەدا بگرێتەوە، ئەمەش وامان لێدەکا لە بەرگریکردن دەستەوەستان بوەستین."[32]

پێشبینیەکەی «کاترۆ» ڕاست دەرنەچوو. هەرچەندە بنکەی «ئەزرەق» لە زستانی ١٩٢٦-١٩٢٧ هەر لەبن دەستی دروزەکاندا مایەوە، کەچی «سوڵتان» لە کۆنترۆڵکردنی جەبەل شکستی هێنا. ئاخر تا دەهات پارە و دەرمان لەسەر یاخیبووان کەمدەبوو. هەرچەندە دەستی فەرەنسییەکان نەگەیشتە حەشارگەکەیان، بەڵام سەلمێنرا، کە شوێنەکە هی لێ ژیان و مانەوە نەبوو. بە کۆتاییهاتنی مانگی تشرینی دووەم، کونسولی بریتانیا لە دیمەشق ڕاپۆرتی خۆی لەسەر ڕەوشەکە دا، بەوەی یاخیبوون لەسەر لێواری ڕووخانە. ئەو بۆ لەندەنی نووسی: "هەموو ئەو

ناسیۆنالیستانەی پەیوەندییم لەگەڵیاندا هەبوو، بە تەواوی بێهیوا بوونە. ئاخر ئەو ئومێدەی لەسەر بریتانیا هەڵیاننابوو بەڵکو لە کۆمەڵەی نەتەوەکان لەسەریان بکاتەوە، هەرەسیهێنا."[٣٣]

کاتێکیش بریتانیا لە کانونی دووەمی ١٩٢٧دا بڕیاریدا، کە کاتی ئەوە هاتووە بنکە و حەشارگەی «ئەزرەق» دابخرێ، دوو هۆکار بۆ ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییە هەبوون. لەسەرێکەوە لە باشوور، واتە لە نیمچە دورگەی عەرەب، هێز و دەسەڵاتی «ئیبن سعود» سەریهەڵدا، تا ئەو کات «شەریف حوسێن»ی لە حیجاز وەدەرنا، بریتانییەکانیش ترسان نەوەک مرخی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ئوردنیش خۆشبکا و بیخاتە سەر شانشینەکەی خۆی. لەسەرێکی دیکەشەوە لەوە نیگەران بوون، نەوەک فەرەنسا دەست لە منداتەکەی خۆی لە سوریا هەڵگرێ، ئاخر تا ئەو ساتە بە گوێرەی نەخشە بنەمای سێ ساڵەی "قانونی ئۆرگانی" کۆمەڵەی نەتەوەکان سەبارەت بە سوریا، نەگەیشتبوونە ڕێککەوتن. ئەم ئەگەرەیان ئەو کاتە بە شێوەیەکی ڕێتێچوو هاتەپێش، کە «کۆمێت دی فێلس Comte de Fels»ی فەرەنسی ڕاشکاوانە پێشنیازی ئەوەی بۆ وڵاتەکەی کرد، بەڵکو بۆ بریتانیا دەست لە سوریا هەڵبگرن. ئاخر وەک پرسەکەی هێنایە پێشەوە، خێر لە چیدایە، دوای ئەو تێچوونە زۆروزەوەندەی منداتەکە بۆ فەرەنسا، هەمیشە هەر سەرکۆنە بکرێ... سنووری سوریا ئەوەندە پڕخەرجی و مەترسیدار بێ و کەچی وڵاتانی دیکەش کەڵکی لێببینن؟"[٣٤]

ئەگەری کشانەوەی فەرەنسا لە سوریا دەستی بریتانییەکانی بەستەوە. ئاخر تا سنووری لوان خوازیاربوون لەو کاردانەوەی توندوتیژیی سەرکوتکەرانەی یاخیبوونی سورییەکان خۆیان بەدووربگرن، کەچی بە لێکەوتە، فەرەنسییەکان ناچاربوون

باربکەن، ئینجا ئەوان ناچاردەبوون ئۆباڵی تێچوونە زیادەکەی منداتی سوریاش هەڵبگرن یان بە حکومەتێکی ناسیۆنالیستانەی عەرەب قایلبن، کە دنەی داخوازی عەرەب بدا بۆ ئەوەی حکومەتی خۆسەری لە قەڵەمڕەوی مانداتی دراوسێکەشیان پێکبهێنرێ. «والتەر سمارت» دەق حاڵەتی دووڕیانەکەی وەها هێنایەگۆ: "خۆی لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە وەها دەربکەوین، کە پاڵپشتی هەڵمەتێکی خاچدروشمانەی نوێ بین. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەوە بە ڕاشکاوی لە بەرژەوەندی ئێمە دایە، بە هەر شێوەیەک بێ هەر فەرەنسا لە سوریا بمێنێتەوە."[٣٥]

وەک ئەنجامێکیش، کاتێک «پلومەر» لە کۆتاییدا و لە مانگی نیسانی ١٩٢٧دا سەلماندی، کە نیازیان وایە چارەی دروزەکانی حەشارگەی «ئەزرەق» بکەن، ئەو زۆر کەمۆ بوو بەوەی پلانەکەی وەها نیشاننەدرێ، کە " لە ئەنجامی دەرچەی نەخشەی هاوبەشی سەربازیی ئەنگلۆ – فەرەنگییەوەیە –، چونکە ئەم کارە دەبووە مایەی وروژاندنی ڕەخنەی زۆر- بەڵکو ئەمە ڕێکارێکی خۆجێیە چونکە سەرانی دروز لە بەدیهێنانی ئەو بەڵێنانەی بە دەسەڵاتی بریتانییەکانیان دابوو، شکستیانهێنا".[٣٦] لە کۆتاییدا هەڵمەتی بریتانییەکان بۆ دەرکردنی دروز لە حەشارگەی «ئەزرەق» و لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا بوو. لە کۆتایی مانگەکەشدا «پاول بێنێت Paul Beynet»، ئەفسەری هەواڵگریی فەرەنسی لای بریتانییەکان، ڕاپۆرتی ئاسوودەبوونی خۆی دا بەوەی لە ١٥٠٠ کەسی بنەڕەتی چەکداری دروز لە «ئەزرەق» تەنیا ٤٨ کەسیان لەوێ ماون، کە هەر ١٦ تفەنگیان لە لا ماون. ئەوانی دیکە خۆیان بەدەستەوە داوە تاکو بگەڕێنەوە جەبەل یان ڕاونراون و تەواو دوورکەوتوونەتەوە و چوونەتە قووڵایی سارا بێ ئاوەکە، بە

جۆرێک چیدیکە سەرچاوەی مەترسی پێکناهێنن. وێڕای ئەم هەواڵە خۆشانە، هێشتا «بینێت» گومانی لە دڵسۆزیی بریتانییەکان هەبوو، ئـاخر ئەو تێبینـی ئەوەی دابـوو: "ئەوان هەرگیـز لە بایەخـدان بە سەرکردە مەزنەکانی دروز نەوەستاون."[37]

لەگەڵ ئەوەشـدا بۆ سـاڵی ئایندەش ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی لە سـوریا درێـژەی کێشـا. مـانگێکیش دوای بەتـاڵبوونی حەشـارگەی «ئەزرەق»، واتە لە ٢٦ی تەممـــوزی ١٩٢٧دا «جـــۆرج کـــاترۆ» کۆنفرانسـێکی ڕۆژنـامەوانی بەسـت و تێـدا کۆتاییهـاتنی تەواوی یاخیبوونی ڕاگەیاند. ئەوەشـی جاڕدا، کە فەرەنسا «جەبەل دروز» بە دەوڵەتـی سـوریاوە دەلکێنـێ، هەروەهـا دەرفەتـی کۆنفرانسـە ڕۆژنامەنووسەکەشـی بـۆ ئەوە قۆسـتەوە حاشـا لەو دەنگۆیـانە سـەبارەت بە دەسـتبەرداربوون لە مانـدات بکـا. ئەو سـووربوو لەســـەر ئەوەی: "ئەرکـــی ئەوەمـــان پێســـپێردراوە توانســـتی پەرەسەندووی سوریا و لوبنان وەک دەوڵەتـی سـەربەخۆ ببینین و مافەکـــانی هەمـــوو خـــۆولاتییەک بە مســـۆگەرییەوە بپـــارێزین، دەســـەڵاتی مانـــداتیش لە بەدیهێنـــانی ئەم ئەرکە شکســـتناهێنێ.." هۆشـداری ئەوەشــی دا، کە تونـدوتیژی و بێئـۆقرەیی تەنیاوتەنیـا ڕێڕەوی ئەو پێشهاتە خاودەکاتەوە بەڵام پەکی ناخا.

هەر لە مانگی ئابدا، «ماوریس گاملین» سوپاسـالاری فەرەنسـی پەسنی "کردە یەکانگیرییەکەی دەسـەڵاتی فەرەنسـی و بریتـانی دا" بەوەی ڕاپەڕینەکەیـان کۆتاییپێهێنـا.[39] کەچـی لەنێـو ئەفسـەرانی خۆییدا تـووڕەییەکی قـووڵ هەبـوو، بە تـایبەتیش لەنێو ئەفسـەرانی هەڵمەتـــی هەواڵگـــرییە قەبەکە لە ســـوریا، ئـــاخر ئەوان لەو قەنـاعەتەدابوون، کە بریتانییەکان ئەوەی لە دەستیان هـات کردیـان

تا هەرایەکە درێژە بکێشی و فەرەنسییەکانیش بەناچاری لە سوریا وەدەرنێن. دوای کارلەکارترازان ئەفسەری پاشکۆی سەربازیی بریتانیا لای فەرەنسییەکان قەوارەی ئەو زیانەی پەیدا ببوو، بینی. کاتێکیش لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی هەرایەکەدا، ڕاگوزەریانە ئاماژەی ئەوەی دا، کە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکانیان بەرەوپێشەوە چووە، ئەوە بوو «کاترۆ» لێوەکانی خۆی گەستنەوە و نیگایەکی تیێبڕی کە "«ڕیچیلیۆ»ی ساردوسڕ و شەڕانگێزی بەبیرهێنایەوە". ئەفسەرە فەرەنسییەکە گردەبڕانە وەها وەڵامی دایەوە: "نەخێر، بە دڵنیاییەوە شتەکان بەرەو باشتر ناڕۆن."[٤٠]

# ١٢
# لوولەکێشی نەوت

کاتێک لە کۆتاییدا و لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧دا نەوت لە باباگورگوڕی باکووری عێراق لە قوڵپەی دا، دوو لە بیرهەڵکۆڵەرەکان بە قوڵپەی فوارەکە گیانیان لە دەستدا، لە ماوەی ٢٤ سەعاتی دوای نەوتدەرچوونەکەشدا، نەوەدهەزار بەرمیل/بۆشکە نەوتی فڕێدا. باباگورگوڕ دە کیلۆمەتر لە لای باکووری ڕۆژهەڵاتی کەرکوکەوە هەڵکەوتووە، دیاربوو لەگەڵ دۆزینەوەکەدا شوێنی لەباری بۆ دەرهێنانی نەوت هەبوو، کە شەش مانگ پێشتر دەستیان بەکارکردبوو، ئاخر خۆ ئاگری باباگوڕ هەزاران ساڵ بوو لە دوورەوە مەشخەڵە نەمرەکەی دەبینرا، لە قووڵاییەکی کەمەوە لە زەوییەوە گازی وەک نافوورەیەک بۆ هەوا هەڵدەدا و دەسووتا. کەچی هەر ماوەیەکی کەم دوای دەرهێنانی نەوتەکە سەرۆکی کۆمپانیای تورکی بۆ دەرهینانی نەوت، کە هەر خۆی مافی لێگەڕان و دەرهێنانی هەبوو، هەستیکرد بە متمانەوە دەتوانی ڕاپۆرتێک بەرزبکاتەوە، لە مەودوا دەکرێ بە بڕێکی زۆر و بۆ بازرگانیکردن نەوتەکە دەربهێنرێ، ئەو کات هەر بیریک کرابووەوە، ئەگەری ئەوەش هەبوو چەندین بیری دیکەشی بێتەپاڵ، چونکە نەوتێکی زۆری تێدایە".[١] ئەم دۆزینەوەیەش دنەی کێشمەکێشی کۆمپانیا گەورە پشکدارەکان نێوانی هەردوو حکومەتی بریتانیا و فەرەنسا دا، سەبارەت بەو ڕێگەیەی، کە نەوتە دەرهێنراوەکەی پێدەگوازرایەوە بازاڕەکان.

کاتێک ناو و ڕەگەزنامەی سەرۆکی کۆمپانیای دەرهێنانی نەوت ئاشکرا کرا، شتێکی تایبەت بە تورک و کۆمپانیای تورکی لە ئارادا نەبوو. «سێر جۆن کادمانSir John Cadman»ی ئەکادیمستی بریتانی بووە بزنسمان، ئەو کەسێکی نموونەیی بوو بۆ هەڵسووڕاندنی کۆمپانیای ئەو کاتە، نەخاسمە کە تیشک کەوتە سەر دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوتەکە. ئەو لە گوندێکی کانەکان لە ئینگلستانێ لەدایک بووبوو، بە مەشقکردن بووە ئەندازیاری خەڵوزدەرهێنان – ڕێگەی باوکی لەو کارە گرتەوە-. خۆی دەبوو «کادمان» هەموو ژیانی خۆی لەملا و ئەولا لە ناوچەی ناوەڕاستی وڵاتەکەی بەسەربردبا، کاتێکیش مامۆستای کانەکان بوو لە زانکۆی «بێرمینگەهام» کاتی ئەوەی نەبوو مەیلی بەلای ئەوەدا بڕوا، نەوت بۆ فرۆشتن لە شوێنێکی دیکە دەربهێنێ.

سەرەتا ئەو لە لایەن هاوڕێ ئەکادیمییەکانی ڕەتکرایەوە، بەڵام جۆشوخرۆشی ناوازەی «کادمان» بۆ ئەم پرسە ژیانی گۆڕی. ئەوە بوو لە ١٩١٣دا لە لایەن کۆمسیۆنی سووتەمەنی هێزی دەریاییەوە بانگکرا، ئەم دەزگایەش لە «وینستن چەرچڵ»ەوە فەرمانی پێکرا، بەڵکو "بەدوای نەوتدا بگەڕێن"، کە دەکرێ ببێتە جێگرەوەی سووتەمەنی کەشتیگەلی بریتانی.[٢] بەم جۆرە «کادمان» بۆ لێگەڕان و لێکۆڵینەوە گەیشتە ئێران. کۆمسیۆنەکەش بەو ئەنجامە گەیشت، کە دەکرێ پشتبەستن بە نەوتی ئێران دەرەقەت و شایستە بێ، ئەمەش وای لە بڕیارە بایەخدارەکەی حکومەت کرد، سووتەمەنی بە نەوت بگۆڕن و دەست بەسەر پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانیدا بگرن. هەر ئەم جووڵەیەش وای لە سوپای بریتانیا کرد لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمدا، بەسرا

داگیربکا، چونکە لە شوێنی پاڵاوگەکانی نەوتی ئێران نزیک بوو، دوای داگیرکردنی بەسرا و بەغدا، لە کۆتاییدا موسڵیشی هاتەسەر و بە دوایداهات.

تا کۆتاییهاتنی جەنگەکە، «کادمان» بەڕێوبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای پەترۆلیوم بوو، لە دۆزینەوەی سەرچاوە و دابینکردنی نەوت و وزە بۆ ماکینەی جەنگی بریتانی بەرپرسیار بوو. هەروەک وەزارەتەکانی دیکەی حکومەت، لە کانونی یەکەمی ١٩١٨دا بۆچوونی وەزارەتەکە ڕێگەی خۆی بۆ باسوخواسی بەر لە کۆنفرانسی ئاشتی وەرگرت. ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە وەسفی دابینکردنی نەوتی لە سەرچاوەی پێشوو، سەرچاوەی نەوتی ئەمریکی کرد، بۆیە شێلگیرانە داوای لە حکومەت کرد، کۆنترۆڵی پارێزگاکانی بەغدا و موسڵ بکا و سوریش بوو لەسەر ئەوەی "ڕاستکردنەوەیەک لە ڕەوشی ڕێککەوتنەکان سەبارەت بە سوریا بکرێ تا ڕێگەی لوولەکێشی نەوت لە میزۆپۆتۆمیا و ئێرانەوە بگەیەنرێتە سەر دەریای سپیی ناوەڕاست، ئیدی دەبووایە ئەم ڕێگەیە دەبێ لەبەر خاتری بەرژەوەندیی بریتانی ئاسایش و سەلامەت بکرێ."[٣]

دانوسانکارانی بریتانی لە پاریس بە بەرفرەوانی بەگوێرەی ئەم ڕاوێژەی سەروو ڕۆیشتن. لەسەر ئەوەش یەکلابوونەوە، کە لوولەکێشی نەوت لە باکووری عێراق بەسەر خاکی قەڵەمڕەویی بریتانییەوە بگاتە سەر کەناری دەریای سپیی ناوەڕاست، بۆیە ئەوان داوای مێرگی «تەدمور»یان کرد و لەو بارەیەوە بەڵگەوبەندیان لەگەڵ فەرەنسییەکان هێنایەگۆڕێ. ئەم سەختانگییەش لە ١٩١٩دا چارەسەرکرا، ئەمەش لەو کاتەدا بوو، کە

خێڵەکییەکانی سەر بە فەیسەڵ لەگەڵ کۆتاییهاتنی یەکەمین جەنگی جیهاندا (لەوانەیە هەر بە دنەدانی فەرەنساشەوە بووبێ) دەستیان بەسەر دێرەزوور و ئەلبوکەمال لە ناوچەی فوراتدا گرت. ئەم کردەیەی هۆزەکان سنووری سوریای قۆقز و دەرپەڕیو کرد، کە واتای ئەوەی گەیاند، ڕێگەی ڕاستەوخۆ لە باکووری عێراقەوە بەرەو دەریا دەبوواڕیە بەنێو ئەو خاکەدا تێپەڕێ، کە لەبن قەڵەمڕەویی فەرەسادا بوو. کاتێکیش دواتر لە ١٩٢٧دا نەوتی بابەگوڕگوڕ بەم شێوەیە دۆزرایەوە، ئاڵۆزی خۆی هەبوو، چونکە پرسی ڕێگەی لوولەکێش بۆ گواستنەوەی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانەوە بۆ سەر دەریا هاتەپێش.بریتانییەکان لە سەرەتاوە هیوایان وا بوو دۆزینەوەی نەوت لە دەشتە قاقڕەکانی باکووری عێراق تەنیا بۆ خۆیان بێ، بەڵام خۆ دڵمەندبوونی فەرەنسییەکان لە دەستهەڵگرتن لە موسڵ لە بەرانبەر پشکهەبوون بوو لە هەر دۆزینەوەیەکی کێڵگە نەوتییەکان. ئیدی لە دانیشتنە پەراوێزەکانی کۆنفرانسی سانریمۆ لە ١٩٢٠دا و بۆ ڕازیکردنی فەرەنسییەکان، «کادمان» دانوستانی بۆ ڕێککەوتن لەسەر پشکهەبوون لەگەڵ «فیلیپ بێرسلۆت Philippe Berthelot» لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسییدا کرد بەڵکو پشکی مافی دوژمنەکەیان لە کۆمپانیاکەی دەرهێنانی نەوت لە باکووری عێراق لە نێوان خۆیاندا دابەشبکەن. کاتی خۆی کۆمپانیای نەوتی تورکی بوو، کە ئامرازی گواستنەوەی فرەنەتەوەیی، فێرمای هەردوو دەوڵەتی بریتانی ئاڵمانیش تێدا بەشداربوون، ئاخر بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەم نامەیەک لە سەروەزیر (سەدری ئەعزەم)ی سوڵتانی عوسمانییەوە سەبارەت بە مافی هەڵکۆڵینی بیرە نەوت لە نزیک موسڵەوە

دەرچووبوو. هەر پێشتر بریتانیا مەیل و بەرژەوەندیی خۆی لە کۆمپانیاکە لە ڕێی پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانییەوە هەبوو، کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیای نەوتی تورکی. لە ئەنجامی ڕێککەوتنی «کادمان» لە سانریمۆدا، فەرەنسییەکانیش هەمان شتیان کرد.

زۆری نەبرد دوای ئەمە، ئەمریکییەکانیش – کە ئەو کات مەزنترین بەرهەمهێنەری نەوت بوون لە جیهان- بە قۆڵێهەڵماڵینەوە هاتنەسەر خەت. ئەوان لەو بڕوایەدابوون پشکی دەرهێنانی خۆیان لە کێماسی دەدا، ترسان مەبادا دەرهێنانی نەوت لە عێراق ببێتە مایەی زاڵبوونی بریتانیا بەسەر بازاڕی نەوت. باڵوێزی ئەمریکا لە لەندەن ئەوەی وەبیر بریتانییەکان هێنایەوە، کە حکومەتەکەی ئەو مانداتە نوێیەی بریتانیا چاوەڕێدەکا "بەڵکو بە شێوەیەکی وەها کاروبار هەڵسووڕێنێ، دڵنیایی لە یەکسانی مامەڵەکردنی قانونیانە و ڕاستی بازرگانی بۆ هەموو نەتەوەکان دەستەبەربکا."[٤] ئەمریکییەکان ڕاشکاوانە لەوەیان دەپرسییەوە ئاخۆ ڕێپێداننامەکەی سەروەزیری عوسمانی چیدی دەخوا.

لە بەراییدا بریتانییەکان بەرانبەر گوشارەکانی ئەمریکا وەستانەوە، بەڵام ئەو کێشمەکێشە بێکۆتاییەی لەسەر خاوەندارێتی موسڵ، کە تا سەرەتای ١٩٢٠ درێژەی کێشا، ناچاریکردن ڕوانینەکەیان بگۆڕن. ڕاپۆرتی هەواڵگریی ئەوەی پشتڕاستکردەوە، کە هەردوو لایان، فەرەنسی و ئەمریکییەکان ژێربەژێر دنەی تورکیان دەدا بەوەی بە داری زۆر موسڵ وەربگرێتەوە، هەر بۆیە چەرچڵ لە بەرایی ١٩٢٢دا گەیشتە ئەو ئاکامە بڵێ: "تا ئەو کاتەی ئەمریکییەکان لە بەشداریکردنی نەوتی عێراق بەدووربگیرێن، ئێمە

هەرگیز لە کۆڵ ئاستەنگییەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نابینەوە."[٥]

ئەوە بوو حکومەتی بریتانیا بڕیاریدا، کۆنترۆڵکردنی باکووری عێراق لەوە زیاتر هەڵدەگرێ هەر پرسی ئەوە بێنێتەگۆڕێ، ئاخۆ کێ بێتە ڕیزی کۆمپانیای نەوتی تورکی، هەر بۆیە «کادمان» بە درەنگانێکی ساڵی ١٩٢٢ سەری ئەمریکای دا، لەوێ بە خستنەڕوویەک بەوەی ئەوانیش لە کۆمپانیاکە پشکیان هەبێ، گەیشتە ڕێککەوتن. کە ئەمە کرا، ئیدی بە شێوەیەکی ئەفسووناوی ڕەخنەی ئەمریکا لەبەیندا نەما و کێشەی موسڵێش لە کۆتاییدا و لە ١٩٢٦دا کۆتاییهات و ڕێککەوتننامەکەش لە تەمموزی ١٩٢٨دا مۆرکرا. مەرجەکانیش چوار کۆمپانیا بوون، کۆمپانیای ئەنگلۆ-ئێرانی، شێلی شاهانەی هۆڵەندی، کۆمپانیای فەرەنسی کە خاوەنەکەی حکومەتی فەرەنسی بوو لەگەڵ کۆمپانیای هاوکاریی و پەرەپێدانی ڕۆژهەڵاتی نزیک (ئەویش نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی کۆمپانیا هەمەجۆرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای دەکرد)، هەریەک لەو کۆمپانیایانە بەڕێژەی 23.75 پشکی لە کۆمپانیای داکانە[٧٠]، کۆمپانیای نەوتی تورکی هەبوو. هەرچی مستەر پێنج پرۆسێنتیش واتە «کالوستە گولبنکیان[٧١] Calouste Gulbenkian» کە دامەزرێنەری کۆمپانیاکە بوو باقی ٥٪ ی بۆ مایەوە.

---

٧٠ داکانە: بنەڕەت، ڕەسەن، ماک. ئەوەی یەکەمجار دەستپێکردووە.

٧١ کالوس سەرکیز گولبنکیان Calouste Sarkis Gulbenkian (١٨٦٩-١٩٥٥) بزنسمانێکی ئەرمەنی بوو، ڕەگەزنامەی بریتانی هەبوو، یەکەمین کەس بوو نەوتی عێراقی دەرهێنا.

«کادمان» کە خۆی سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی بوو، بووە بەرپرسی کۆمپانیای نەوتی تورکی، ئەمەش زێدەمافێکی پێدرا تا لە ١٩٢٥دا لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ڕێکبکەوێ. لە مەرجەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی تا تشرینی دووەمی ١٩٢٨، ٢٤ شوێنی بۆ بیرلێدان و گەڕان بەدوای نەوت و بناغەدانانی لوولەکێشی نەوت بەنێو بیاباندا بۆسەر دەریای سپیی ناوەڕاستدا دەسنیشانکرد. دوای ئەوە عێراقییەکان بۆیان هەبوو کۆمپانیای دیکە بانگهێشت بکەن و شوێنی دیکەیان بۆ دیاربکەن.

کێشەی کۆمپانیای نەوتی تورکی ئەوە بوو، کە بگرەوبەردەی سازشکارییانەی نێوان چوار بەرژەوەندیی ڕکابەر بوو، واتە بزنسێکی سەربەخۆی خاوەن ستراتیژییەکی تایبەت و دیاریکراو بەخۆی نەبوو. لە کاتێکدا کۆمپانیای نەوتی فەرەنسا خوازیار بوو تا زووە کۆمپانیاکە دەست بە دەرهێنانی نەوت بکا، بەڵکو کورتهێنانی فەرەنسا لە سووتەمەنی پێپڕبکاتەوە، هەرچی سێ کۆمپانیاکەی دیکەش بوون، ئەوەیان نەدەویست. ڕەوشی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی نوێنەرایەتی هەر سێ باڵە جیاخوازییەکەی دیکەی دەکرد. ئاخر ئەو پێشتر مافی هەڵکۆڵین و لێگەڕانی بیرە نەوتی لە ئێرانی دراوسێ هەبوو، لەوێوە نەوتی لە ڕێگەی دەریاوە بۆ ئەورووپا دەنارد، ئەمەش وای کردبوو خەرجی بارکردنی کەشتی و باجی تێپەڕین بە نێو نۆکەندی سوێس بدا. بۆیە گواستنەوەی نەوت لە ڕێی ڕاکێشانی لوولەی نەوت لە باکووری عێراقەوە بۆ سەر دەریای سپیی ناوەڕاست بۆ هەر یەک

تۆن لە نەوت، ١١ شیلینگ[٧٢] هەرزانتر دەوەستا، ئەمەش دەبووە مایەی وێرانکردنی بازاڕی ئەوروپی لەسەر نەوتی ئێرانی.[٦] ئەو کۆمپانیایە ئەوەشی نەدەویست؛ هورژمی نەوتی عیراق ببێتە مایەی داشکانی نرخەکەی. سەرۆکی هەردوو کۆمپانیاکە، کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی و کۆمپانیای نەوتی تورکی هەر «کادمان» بوو، کە بەرژەوەندی بەرچاوی ناکۆک بە یەکدی هەبوو.

ئەو گەڕان و هەڵکۆڵینانەی نەوت لە لایەن کۆمپانیای نەوتی تورکی بەڕێوەدەچوو، قەناعەتی بە هەرسێ کۆمپانیا هەڵگەڕاوەکان کرد، گوایە ئەو ڕێککەوتنەی کۆمپانیاکە لە ١٩٢٥دا لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا کردبوو خەوشدار بوو. ئاخر جیۆلۆجییەکانیان لەو بڕوایەدا بوون کەوا پێدەچێ نەوتی ژێر زەوی عێراق هەمووی یەک عەمباری گەورە بێ، کەواتە کاتێ دواتر حکومەتی عێراق ڕێگە بە هەر کۆمپانیایەکی دیکە بدا بەدوای نەوتدا بگەڕێ، ئەوا لە هەمان عەمبار هەڵیدەهێنجێ و دەبێتە کێبڕکێکار لەگەڵ ئەوان، بەم چەشنە شتەکە سنووردار دەبێ. ئیدی کێبڕکێ دەکەوێتە سەر ئەوەی ئاخۆ کێ بەشی شێری بەربکەوێ، پاشانیش دەرهێنانی نەوت بە هۆی کۆمپانیای تازەوە نرخەکەشی دادەبەزێنێ، کەواتە سوود و کەڵکی ئەوان لە کێماسی دەدا. پێدەچێ هەر ئەم نواڕینەش بووبێتە هۆکاری ئەوەی لە ئازاری ١٩٢٨دا «کادمان» هێڵی لوولەکێشی نەوت بە شتێکی "سەرباری پێشوەختە" وێنابکا.[٧]

٧٢ شیلینگ Shiling پارەیەکی باوو بوو لە بریتانیای مەزن و یەکێتی کۆمۆنوێلسی بریتانی، ئەم پارەیە لە ١٧٠٧ تا ١٩٧١ کارپێکراوە، بەهاکەشی بە پێنسی ئێستا ١٢ پێنس بووە.

«کادمان» ویستی بڕیاڕی ڕێگەی لوولەکێشی نەوت بۆ سەر دەریای سپیی ناوەڕاست بۆ ١٨ مانگی دیکە دوابخا، بەڵام کاتێ نەوت بە بڕێکی زۆر دەرکەوت، ئیدی سەخت بوو لێدان و ڕێگەی لوولەکێشی نەوت دوابخرێ. هەڵبەت سەرهەڵدانی ئەم ڕاستییانەش لە بەرژەوەندیی فەرەنسییەکاندا بوو. لەو چوار بەندەرەش کە دەبوواپە نەوتی بۆ چووبایە و لەوێ بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا بگوازرابایەوە، سێ دانەیان: بەیروت و تەڕابلس و ئەسکەندەرونە لەژێر جڵەوی فەرەنسادا بوون. هەر سێ بەندەرەکەش لە کێڵگە نەوتییەکانی باکووری عێراقەوە هەم نزیکتر و هەم هەرزانتریش بوون لەچاو بژاردەی بریتانیا، کە بەندەری حەیفا بوو، چونکە هەر تەنیا ئەو لەژێر جڵەوی خۆیدا بوو.

فەرەنسییەکان پێیان لەسەر لایەنی ئابووریی ڕێگەی گواستنەوەی نەوت دادەگرت و بریتانیاش لایەنە ئاسایش و سەلامەتییەکەی. کەچی هەردوو دەوڵەت هەر لە خەمی ستراتیژییەکەیاندا بوون. لە بەرایی ١٩٢٨دا کاربەدەستانی وەزارەتی کاروباری جەنگی فەرەنسی بە شێوەیەکی تایبەت لەنێو خۆیاندا مشتومڕیان لەسەر کۆنترۆڵکردنی "لوولەکێشی نەوتەکەدا" پەیدابوو، پێیان وا بوو کۆنترۆڵکردنی ڕێگەی لوولەکێش و ڕێژگەکەی بەقەد کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی کێڵگەکانی نەوتەکە گرنگە. "ئاخر ئەگەر... بریتانیا جاڕی شەڕمان لە دژدا بدا. ئەوا هەر هیچ نەبێ دەتوانین ڕێگەی دەستگەیشتنە نەوتی عێراقی لێبگرین، هەرهیچ نەبێ ئەو کات ئەوەمان پێدەکرێ، ئەو لوولەکێشییە دووردرێژە، کە بە سووریادا تێدەپەڕێ لەکەڵک بخەین و وا بکەین نەوتەکەیان بە دەست نەگا."[٨] کاتێکیش لە مانگی ئازاردا ئاگاداری

وەزیــری فەرەنســایان کــردەوە، کە بڕیــاردان لەســەر ڕێــگەی لوولەکێشەکە زۆر نزیک بووەتەوە، ئەوەیان وەبیرهێنایەوە، ئەگەر ڕێگەی حەیفا هەڵبژێرن، ئەوا دەبێتە مایەی بێبەشکردنی وڵات لە "تــاکە ســەرچاوەی نەوت، کە فەرەنســاش مــافی مــاخۆیەتی خــۆی بەسەرەوە هەیە."[٩]

کاربەدەسـتانی بریتانیـایش سـەبارەت بە ڕێگەی لوولەکێشـە بە هەمان مەرەدی هاوتا فەرەنسییەکانیان نیگەران بوون. لە کۆتایی مـانگی شـوباتدا سـەروەزیر داوایلێکـردن لە پرسـەکە بکـۆڵنەوە، ئەوانیش لە حوزەیراندا ڕاپۆرتەکەی خۆیان دا، ڕامـانی سـەرۆکی لێکـۆڵینەوەکە ئەوە بـوو: "مـایەی بـایەخێکی گەورەی سـیتراتیژییە" حەیفــا بــۆ ڕێــگەی لوولەکێشــییەکە هەڵبژێــردرێ، چــونکە ئەو لوولەکێشە بریتانیا بە هەزاران کیلۆمەتر لە سەرچاوە نەوتییەکان نزیکدەکاتەوە، هەروەهـا ئەو چاکەیەشـی دەداتـێ، کـۆنترۆڵی ئەو دەرامەتە بکـا، کە یەکـێکە لە دەوڵەمەنـدترین کـێڵگە نەوتییەکـانی جیهان." لە سـەرێکی دیکەشـەوە هۆشـداری ئەوەیانـدا، ئەگەر هـاتو لولەکێشییەکە بۆ یەکێ لە بەندەرە سورییەکان بێ، ئەوکات بریتانیا خۆی دەخاتە "بەر ڕەحمەتی فەرەنسا."[١٠] هەرچی دەربارەی لایەنە باشــە ئــابوورییەکەی خەرجــی فەرەنســییش بــوو، بەوەی کە بــۆ بەنـدەرێکی سـوریا بڕوا، ئەوان باسـی ئەوەیـان کـرد، هێڵـی لـوولە کێشــەکە بەرەو حەیفــا تەریــب بــێ لەگەڵ هێڵــی ئاســنینی بیابــان، ئەمەش بە هاوکــاری کۆمپانیــای نەوتــی تــورکی تێچوونەکەشــی کەمدەبێتەوە.

بــۆ خۆدوورخســتنەوە لە ڕێککەوتنــی خاوەنــداریی مــاخۆیەتی کۆمپانیای تورکی بۆ نەوت، کە لەسەرووبەندی تەواوبووندا بوو، هەردوو لای بریتانی و فەرەنسی سەبارەت بە هێڵی لوولەکێشـەکە

بێـدەنگییان لێکـرد. وەک لێکەوتەیەکـیش، ئەو کـاتەی دیپلۆمـاتی فەرەنسـی «بێرسـلۆت» لە تەممـوزی ١٩٢٨دا سـەردانی لەنـدەنی کرد، کەوتبووە بن سەرنجێکی هەڵەوە، بەوەی بریتانییەکان وازیان لە هێڵـی لوولەکێشـی حەیفـا هێنـاوە، گـوایە "کەموکـورتی لە قـازانجەکەی زۆرتـرە."[11] هەر بە هەمـان شـێوەش «کادمـان»ی لە بڕواهێنـانی خـۆی سـەرچیخ چووبـوو، چـونکە پێـی وا بـوو فەرەنسییەکانیش لەسـەر لولەکێشـی ڕێگەی حەیفا بێدەنگ بوون، بەڵام ئەوەندە هەیە جارێ نایانەوێ بڕیاری خۆیان ئاشکرا بکەن. ئەم بە هەڵە حاڵیبوونەش تەنیا و تەنیا لە مانگی ئابدا بەدیارکەوت و ڕوونبـووەوە، ئەویش ئەو کـاتەی کۆمپانیـای تـورکی بـۆ نەوت داوای درێژکـردنەوەی دوا مـۆڵەتی ڕاکێشانی لوولەی نەوتی کـرد، کە ڕێـگەی پێدرابوو لە کوێ بـیەوێ بە دوای گەڕان و هەڵکـۆڵینی نەوتدا بگەڕێ. حکومەتی «فەیسەڵ»یش بە نـابەدڵی دوو سـاڵی بـۆ درێژکـردەوە، بە مەرجێـک کۆمپانیـاکە ڕێـگەی لوولەکێشـی حەیفـا لەبەرچاو بگرێ. عێراقییەکانیش بـۆیە ئەم ڕێگەیـان پێپەسـەندتربوو، چـونکە لە سـنووری باشـوورەوە لە هەڕەشـەی عەرەبسـتانی سـعوودی دەترسـان. عێراقییەکـان پێیـان وا بـوو هێڵـی لوولەکێشـی نەوت و هێڵـی ئاسـنین کە نیـاز وا بـوو بە یەکەوە ببەسـترێنەوە، دەکـرێ ببێـتە ڕێـگە و داردەسـتێکی بـاش و لەبـار بـۆ ڕاچانـدنی تەونێکی پتەوی سیاسی و بازرگانی لەگەڵ فەڵەستین و ڕۆژهەڵاتی ئوردندا.

هەر زوو «کادمـــان» دەرکـــی بەوە کـــرد، کە ئەو داوایەی حکومەتی عێراقی فەرەنسا دەوروژێنێ. بۆیە کاتێ چاوی بە «لیۆ ئـامری Leo Amery » وەزیـری کۆلۆنیـالی بریتـانی کەوت تـا لەبـارەی وەڵامەکەی عێـراق بـکەونە باسوخواسـەوە، ڕوونیکـردەوە وەها باشـترە لەبەر هەسـتیاری بـابەتەکە بـۆ فەرەنسـا، عێراقییەکـان

داواکەیـان بـخەنە پاشـکۆی ڕێککەوتننـامە سـەرەکییەکە، بەوەی ئاماژەبـدرێ کەوا باشـترە ئەم ڕێـگەیە لەنێـو ڕێگەکـانی دیـکەدا بخەملێنـدرێ.[12] هەرچۆنێـک بـێ «ئـامری» لەگەڵ ئەو داڕشـتنە تەمـومژاوییەدا نەبـوو. داوای لە «کادمـان»کـرد جـارێکی دیـکە بە نامەکەدا بچێتەوە و تێیدا ئاماژە بە ڕێگەی حەیفا بدرێ؛ لە کۆتاییدا «کادمان»یش قایلبوو.

کاتێکیش «کادمان» لە سـەرەتای تشـرینی دووەمـدا پێشنووسـە بەدەستگەیشتووەکەی خستە بەردەم کۆمپانیـاکە، ڕوونکردنەوەشـی دا، کە ئەم مەرجە بـۆیە پێویسـت بـوو تـا پشـتگیری بریتانییەکـانی پێوەربگرێ، چونکە ئەوان دەسـەڵاتی مانداتی سـەر عێراقن، کەچی فەرەنسییەکان کتوپڕ دەهریبوون. هەر ئەوەندەشـی لە دەسـت هـات داڕشتنی ڕێککەوتننامەکە لە ڕێی دەنگدانی ئەنجوومەنەکە بگۆڕێ: لەمەشـیاندا پشـتگیریی ئەمریکـی و هۆڵەنـدییەکانی بەدەسـتهێنا، چـونکە بـۆ ئەوان هەر مشـتومڕێک لەسـەر ڕێـگەی لوولەکێشـییەکە سوودبەخشبوو، ئاخر هەرهیچ نەبێ جارێ دەبـووە مـایەی ڕاگـرتن و دواخستنی ناردنی نەوت.

هـاوتـای «کادمـان»ی هەشـت سـاڵ لەمەوبەر لە دانوسـتانەکانی سـانریمۆ «فیلیپ بێدلۆت» بوو، هەنووکە ببووە وەزیری کاروبـاری دەرەوەی فەرەنسا، ئیدی ئەو لە پاریس سەری باڵوێزی بریتانی دا. لە دانیشـتنێکی وروژاو و تونـددا بریتانییەکـانی بە "دەسـتتێوەردانی نـاقۆڵا" خەتابـارکرد، ئاماژەشـی بەوەکرد، کە فەرەنسـییەکان لەگەڵ ئەمریکەییەکـــان لەســـەر پرســـی ئـــازادی کۆمپانیـــاکە لە کاروکردەوەکانیدا کۆکن، پێشتریش«کادمان» لە سانریمۆدا لەسـەر ئەو پرسە دڵنیایی دابوو.[13]

ئەگەری ئەوەی فەرەنســـی و ئەمریکییەکـــان پەیوەنـــدییەکی تۆکمەیـان سـەبارەت بەو پرسـە لەنێوانـدا هەبـێ، بە نیگەرانییەکـی

زۆرەوە لە لایەن وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا وەرگیرا. لە شوباتی ۱۹۲۹دا لە سەرانی وەزارەتەکەوە هۆشداری درایە وەزارەتی کاروباری کۆلۆنیالی، کە ناکۆکییەکەیان لەگەڵ فەرەنسا لەوانەیە رێگەی لوولەکێشی حەیفا لەباربەرێ. ئەمەش هەراسانییەکی لای وەزارەتی کۆلۆنیالی دروستکرد و هاوپیشە دیپلۆماسییەکانی وەزارەتی دەرەوەیان بەوە تاوانبار کرد گوایە "بە تەواوی خۆیان داوەتە دەست فەرەنسییەکان."[١٤] ئاماژە بەوەش درا، کە بەرژەوەندییەکانی بریتانی و فەرەنسی "زۆر دژ بە یەکن"، بڕوا وەهابوو ئەم ناکۆکییە چارەی ناکرێ، کەچی باشتر وایە کارێک بکرێ بەرلەوەی پەیوەندییەکانی هاوپەیمانیی نێوان فەرەنسا و ئەمریکا بەهێزتر و پتەوتر ببێ. کاتێکیش بۆ هەفتەی پاشتر کابینەی وەزیران ئەو پرسەیان تاوتوێکرد، مەیلیان بە لای بۆچوونی وەزارەتی کۆلۆنۆلی نەچوو، کە ڕووبەڕووبوونەوەی پێپەسەندتر بوو. بەڵکو لە بری ئەوە، تا بۆیان بلوێ خۆیان لە وروژاندنی پرسەکە بە دوور بگرن، هەر بۆیە ڕێنماییان دایە باڵوێزەکەیان لە پاریس بەڵکو شتێک بکا تا تەمی گومانەکە بڕەوێنتەوە، بەوەی بریتانیا بە تەواوی باری سەرشانی حکومەتی عێراقی قورسکردبێ. ئەوە بوو لە کۆتایی مانگی نیساندا، باڵوێزەکەیان بە شێوەیەکی بڕواپێنەکراوانە بە فەرەنسییەکانی ڕاگەیاند، کە هیچ شتێک لە دەستی بریتانیادا نییە بۆ ئەوەی ڕاوبۆچونی کۆمپانیای تورکی بۆ نەوت و ڕای عێراقییەکان بگۆڕێ.

پێدەچوو لە ماوەی مانگەکانی دواتردا، بریتانییەکان شەڕەکەیان بدۆڕینن. لەگەڵ هەڵبژاردنی گشتی لە مانگی ئایاردا، حکومەتی پارێزگاران (کۆنسەرڤاتیف) دوودڵ بوو لەوەی پارەی گشتیی لە

هێڵــی ئاســنینی ڕێــگەی حەیفــا خەرج بکــا، هەرچەنــدە وەهــاش نیشاندەدرا، کە هاوتەریب لەگەڵیدا هێڵی ئاسنین تێچوونی کەمتری دەوێ. کەچــی فەرەنســییەکان هــیچ خۆپارێزییەکیــان نیشــاننەدا و بێدەنگنەبوون. لە شوباتی ١٩٢٩دا کۆمسیاری باڵای فەرەنسی بۆ ئەوەی ڕێگاکە خۆشبکا و هێڵی لوولەکێشی سوریایان لەبەرچاو شیرین بکا، بە بریتانییەکانی گوت، حکومەتەکەی بە نیازە ڕێگەی ئاســنینی ســوریا تــا ســەر فــورات لێبــدا. لێدانەکەش بە گرەنتــی فەرەنسا و لەسەر حیسابی هەردوو حکومەتی سوریا و لوبنانی دەبــێ. بریتانییەکــان لەوەش هەراســان بــوون، کە زانیــان فەرەنســییەکان کۆمپانیــای نەوتــی تورکیایــان بــۆ لەوە خــاترجەم کردبوو، کەوا "بە هەر نرخێک بێ و هەر ئاستەنگێکی سروشتیش بێتەپێش" ئەوان خەریکی دروستکردنی بەندەرێکی نوێ دەبن لە تەرابلس."[١٥] لەو نێوەشدا ئەو گوتەیەی کە بریتانیا پێی وا بوو هێڵی لوولەکێش بەرەو حەیفا ئاسایش و سەلامەتترە، زەبرێکی گەورەی پێکەوت، چونکە لە ئابی ١٩٢٩دا کوشت و کوشتار لە ئۆرشەلیم پەیدا بوو. کوشتارگەیەکی زۆر لە جووەکانی «هیبرون» کەوت و هەڵمەتەکانی تۆڵەکردنەوەش لەبن قەڵەمڕەویی مانداتی بریتانی بووە مایەی کوشتنی ٢٧١ کەس و بریندارکردنی زیاتر لە ٥٨٠ کەســی دیــکە. پــاش کەمتــر لە هەفــتەیەک، ئەفســەری پاشــکۆی ســەربازیی بریتــانی لای فەرەنســییەکان لە بارەگــای ســەرەکیی بەیروت ڕاپۆرتی خۆی بەرزکردەوە، بەوەی کۆمپانیــای نەوتــی عێراق – کە لەو دواییانەدا ناوی کۆمپانیای نەوتی تورکی گۆڕدرا- داوای ڕێگەپێــدانی ئەوەی کــرد، بەڵکــو لەو ڕێــگە لوولەکێشــییە بکۆڵنەوە، کە فەرەنسییەکان پێشنیازیان کردبوو.

کـــاتێکیش کۆنســـەرڤاتیفەکان لە کۆتـــایی مـــانگی ئایـــاردا لە هەڵبژاردنـی گشـتییدا دۆڕان، حکـومەتی پـارتی کرێکـاران جـێگەی گـرتەوە و هـەر زووش پرسـی لوولەکێشـەکەی هێنـایەوە بەربـاس. ئەو کـــــات پرســـــــی هەرە گەورە بەر لە ڕووداوەکەی «وۆل سـتریت»یـش، بێکـاریی بـوو، ئیـدی وەزیـری نـوێی کۆلۆنیالەکـان «لۆرد پاسیفیلد» لەسەر ئەوە پێداگر بوو، بەڵکو کابینەی حکومەت بگەڕێتەوە سەر هێڵی ئاسنینی حەیفا، چونکە ئەو یەک ملیۆن و نیو پـاوەنەی تێیـدەچوو لەچـاو ئەو تێچـوونەی سـێ ملیـۆنەی هێڵـی ئاسـنینی نێـو بریتانیـا ئاسـانتر و سـووکترە. ئەنـدامەکانی دیـکەی کـــابینەکە هێنـــدەی ئەو دڵنیـــا نەبـــوون. یەکێـــک لە هاوتاکـــانی «پاسـیفیلد» هەسـتێکی وای دەربـڕی، جارێ هـیچ نەکرێ، تـا ئەوە ڕوون نەبێـتەوە ئـاخۆ هەر بە ڕاسـتی فەرەنسـییەکان پارەیـان بـۆ هێڵی ئاسنینی خۆیـان خەرجکردووە. یەکێکی دیکەش ئاماژەی بە ڕەتکـردنەوەی "ئەو قومـارە دا، کە دەسـەڵات مسـۆگەر نییە بەوەی دەسـتکەوتی بازرگـانی لێبکەوێـتەوە."[16] بە گشـتی کـابینەکە هەمـان گومانیـان هەبـوو، هەر بـۆیە جـارێکی دیکە بڕیـاردان لەسـەر هێڵـی ئاسنین و لولەکێشی حەیفا دواخرا.

پرسـەکە جـارێکی دیکە سـەریهەڵدایەوە، کاتێک لە ٢٠ی ئـازاری ١٩٣٠دا حکـــومەتی بریتانیـــا هۆشـــدارینامەیەکی لە «کادمـــان» پێگەیشـت، تێیـدا هـاتبوو؛ ئەگەر حکـومەت دڵنیانـامەیەکی "دارایـی و توانسـتی دیـکە" نەخـاتە بەردەسـت کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق، ئەوا دەکرێ کۆمپانیاکە ڕێگەی لوولەکێشی باکوور، کە هەم هەرزانتـر و هەم هەڵسوڕانیشی باشـترە، هەڵبژێرێ. ئەو پێشـنیازی کـرد، بەڵکـو دەمودەســـت حکـــومەتی بریتانیـــا لەگەڵ فەرەنســـییەکان بکەوێـــتە دانوستاندن تـا بگەنە باشـترین هەلـومەرج و وەک دڵنیابەخشـێکیش بـۆ کۆمپانیـایەکی نێونەتەوەیی نـوێ، کە دەکـرێ ڕێـگەی ئاسـنین و

لوولەکێشی نەوت بە خاکی ژێر قەڵەمڕەوی فەرەنسادا لێبدا. پاش چەنـــد ڕۆژێـــک زانیـــاری هەواڵگریـــی ئەوەی دەرخســـت، کە پێشـنیازەکەی «کادمـان» لەخـۆوە نەبـوو: ئـاخر فەرەنسـییەکان لێبــڕاوانە دروســتکردنی هێڵــی ئاســنینیان لەبەرچــاوگرتبوو تــا ئەنجوومەنی کۆمپانیای نەوتی عێراق بە لای بابەتەکەدا ڕابکێشن.

سەرەتا کابینەی حکومەتی بریتانیا هەستیکرد بژاردەی دیکەی بەدەر لە جێبەجێکردنی ڕاوێژی «کادمان» لەبەردەمدا نییە. لە ١ی ئایاردا ڕاوێژی ئەوەی بۆچوو، کەوا فەرەنسییەکان "هەڵوێستێکی بەخشـندانە" لە هەر دانوسـتانێک لەگەڵ بریتانییەکـان سـەبارەت بە هێڵــی ئاســنین و گواســتنەوە نەوت دەنــوێنن، چــونکە کــۆمەکی حکــومەتی بریتانیایــان پێویســتە بــۆ قەناعەتپێهێنــانی حکــومەتی عێـــراق.[١٧] کـــاتێکیش ئەدمیرالێتـــی دەریـــایی ڕایگەیانـــد، کە بەپیروەچــوونی پێشــنیازی «کادمــان» بە کــێفەڕات بــۆ بریتانیــا دەشـکێتەوە، لە نـاخەوە هەڵوێسـتەکەیان گـۆڕا. ئەوسـا کـابینەی حکــومەت لەســـەر ئەوە کــۆک بــوو، جــارێ هــیچ بڕیــارێکی یەکلاکەرەوە نەدرێ تا بیروبۆچوونی حکومەتی عێراق وەرنەگیرێ.

حکومەتی بریتانیـا پرسـی ڕوونکـردنەوەی لوولەکێشـی نەوتـی لەگەڵ حکومەتی عێراقی بۆ نـزیکەی ساڵێک دواخست، پاشـان لە ١٥ی ئایـاردا کۆمســیاری بــاڵای بریتــانی لە بەغــدا چــاوی بە «فەیسەڵ» و سەروەزیرەکەی «نوری سـەعید» و وەزیری جەنگ «جەعــفەر پاشــا» کەوت. ئەوســا باسوخواســی پرســەکەی بــۆ ئاشکراکردن. دڵگەرمبوون بە پشـتگیریی بریتانیا بۆ سـەربەخۆیی عێـــراق، ئەوانـــیش واتە لایەنە عێـــراقییەکە بە تەواوی وەک پێشـــبینیکرابوو، وەک بریتانیـــا خوازیـــار بـــوو، وەهـــا دەرچـــوو.

هەرسێکیان[٧٣] ڕاشکاوانە دژی ڕێگەی لوولەکێشی نێو خاکی سوریا بوون، هەروەها ئەوان گەیشتبوونە ئەو خاڵەی، کە دانوستانەکانی سەبارەت بە گۆڕانکاری سازش لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی عێراق ڕابگرن. ئەوان گوتیان؛ هیچ شتێکی حکومەتی فەرەنسی نەیدەتوانی وایان لێبکا تا بە پڕۆژە پێشنیازکراوەکەی ڕێگەی تەرابلس دڵمەند بن.

ئەم کاردانەوە سازشهەڵنەگرەی بەغدا بووە بنەمای ڕێککەوتن. کاتێکیش «کادمان» لە هەمان هاویندا وتووێژی لەگەڵ حکومەتی بریتانیــــدا کـــرد، ئەوە ڕوون بـــوو، کـــاری پێشــــنۆرەیی ئەو هەمـــوارکردنەوەی ڕێککەوتننـــامەی ســـاڵی ١٩٢٥ بـــوو، بەوەی کۆمپانیای نەوتی عێراق ڕووبەڕووی هیچ کێبڕکێیەکی کۆمپانیای دیکە نەبێتەوە، کە لە باکووری عێراقدا بەدوای سازش و زێدەمافدا دەگەڕێ. هەروەها بە شێوەیەکی تایبەتی دانی بەوەشدا دانا، کە بۆ خۆی هێڵی باشوور، واتە هێڵی حەیفای پێباشترە، ئەمەش لەوانەیە لەبەر ئەوە بـــێ، کە هەر عێراقییەکـــان ئەم ڕێگەیـــان لا چـــاکترە، پشتگیریی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرانبەر بەڵگەوبەندی باری لەباری ئابووریی فەرەنسی باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی قەناعەت بە عێراقییەکـان بهێنـێ بەڵکـو مـاف و زێـدەمافی ڕێککەوتـنە مـاکەکە هەمـواربکەنەوە. خـۆ ئەگەر وەک ئەو پێشـبینی کـرد، عێراقییەکـان ئامـادەی دانوســتان بـن لەســەر ڕێککەوتنـی پێشــتر بـۆ ئەوەی پشتگیری کۆمپانیای نەوتی عێراق بۆ ڕێگەی لوولەکێشی حەیفا بە دەست بهێنن، ئەوا ئەنجوومەنی کۆمپانیاکە قایلدەبێ.

---

٧٣ مەبەســت مەلیـک فەیســەڵ و نـوری ســەعیدی ســەروەزیر و جەعفەرپاشــا عەسکەریی وەزیری جەنگە.

ئەم سازشە بووە بنەمای ئەو وتوێژەی لەگەڵ فەیسەڵدا کرا، کە زۆری نەبرد گەیشتبووە لەندەن تا لەگەڵ «کادمان» بکەوێتە دانوستان. دوای ناوبژییەکی ژێربەژێری کۆمسیاری باڵای بریتانیا لە بەغدا، ئەویش لە کاتی گونجاودا هاتبووە لەندەن، «کادمان» ڕێککەوتنەکەی لە کۆبوونەوەی ١٣ی ئابدا لەبەردەم ئەنجوومەنی کۆمپانیای نەوتی عێراقدا دانا. هەرچۆنێک بێ تاوتوێکردنەکە لەسەر داوای نوێنەری کۆمپانیای هاوکاری و پەرەپێدانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی ئەمەریکا دواخرا، چونکە پێویستی بە ڕێنمایی لە نیویۆرکەوە هەبوو.

لە کاردانەوەی توند لە پاشەکشەی دەرامەتەکانیاندا، فەرەنسییەکان پەیان بەوەبرد، هێشتا ئەمریکاییەکان بڕیاری خۆیان سەبارەت بە پاڵپشتیکردنی دەستپێشخەرییەکەی «کادمان» نەداوە. بە دەست لە پشتدانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا، لە ١٦ ئابدا خاوەن بانکێکی گەورەی فەرەنسی بە ناوی «هۆراس فاینەلی Horace Finaly» بانگهێشتی سەرۆکی «والتەر تیگلە Walter Teagle»ی سەرۆکی کۆمپانیای ستانداردی نیوجێرسی بۆ سەر خوانی ئێوارەی خۆی کرد. «تیگلە» کە دینگەی کۆمپانیای پەرەپێدان و هاوکاری ڕۆژهەڵاتی نزیک بوو، ئەو کات بە پاریسدا تێدەپەڕی. بەر لە نۆ ساڵ پێی وا بوو کۆمپانیاکە ڕێگەیەکە بۆ ڕاکێشانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە. «فاینالی» خاوەن بانکی فەرەنسی «پاریباس Paribas» چەند ساڵێک پێشتر لە کاتی دامەزراندنی هۆبەی کۆمپانیای «نیوجەرسی» دەستی یارۆی ئەمریکییەکەی لەبارەی دارایی و سیاسییەوە گرتبوو و باربووی فەرەنسیشی بۆ وەرگرتبوو، بەڵام دیار بوو لە کاتی تێبینی دەربڕینێک پێهەڵبڕانە ڕۆڵی کاریگەریی خۆی لە سەر کابرای ئەمریکییەکە بینیبوو کاتێ بە «تیگلە»ی گوت "ئاخۆ چەند شتێکی

سـوودمەند دەبـێ، کە کۆمپانیـای سـتاندارد ڕێـگە لە هەڵوێسـتێکی نادۆسـتانەی لەنـدەن بگـرێ سـەبارەت بە ڕاکێشـانی لـوولەی نەوت دەرهەق بە فەرەنسا."[18]

لە دووسـاڵی پێشـتردا حکـومەتی فەرەنسـا پشـکی هەنـاردەی دیاریکردبوون و کۆمپانیایەکی نوێی پاڵاوتنی نەوتـی دامەزراندبوو تـا کۆمپانیـا نەوتیـیە بیانییەکـان ناچاربکـا سەروسـەودای لەگەڵـدا بکەن. ئەم هەنگاوەش بۆ پاراستنی پیشەسازیی نەوتـی فەرەنسـی و خولْقاندنی بازاڕێکی نیوەخۆ بوو بۆ پشکە هەبووەکانی لە نەوتـی عێراق، بەڵام ئەمە ببووە مـایەی هەراسـانکردنی کۆمپانیـای نەوتـی ئەمریکـایی بەوەی لە نێـو فەرەنسـادا سـنووردارییبکا. هەر بـۆیە وەڵامـی «تـیگلە» بـۆ خـاوەنی «فاینـالی» ڕەق و زبـر بـوو، کـاتێ گـوتی: فەرەنسـا نـاتوانێ چـاوەڕوانی گەورەی لە کۆمپانیـا ئەمریکیەکان هەبێ تا لە لەندەن پشتگیرییەکی دۆسـتانەیان لێبکـا، لە کاتێکدا لە نیشتمانی خۆیدا هەراسانیان دەکا."[19]

«تـیگلە» لە پاریسـەوە ڕووی لە لەنـدەن کـرد، تـا لەوێ هێڵـی لولەکێشـییەکە لەگەڵ «کادمـان» تاوتوێبکـا. هەردوو پیـاوەکەش هەستی وروژاوی فەرەنسایان سەبارەت بەو بابەتە دەزانـی —ئاخر «ئەنـدرێ تـاردیو André Tardieu»ی سـەروەزیر گوتبـووی گوایە "لوولەکێشییەکە ڕێگەی هیچ حکومەتێک نادا بمێنێتەوە ئەگەر دەسـتبەرداری ئەم کـارتە ببـێ- بـۆیە دەبـووایە سازشـێک بـدۆزنەوە.[20] لە گفتوگۆی هەفتەکـانی پێشـتر سـەبارەت بە ئەگەری دوولەتبـوونی لوولەکێشـی بـۆ هەریەک لە حەیفـا و تەرابلـس هاتبووەکـایەوە، هەردوو پیـاوەکەش کۆکبـوون درێـژە بەو پرسـە بدەن. ئەوە بوو «تیگلە» پەیوەندی بەو کابرا ئەمریکییە ڕووپێوە کرد، کە لە سـەرەتای ساڵەکەوە ڕێگەی سـوریا بۆ لوولەکێشـەکە

خەملاندبوو تا تێچوونەکە هەڵبسەنگێنێ، لەو کاتەدا «کادمان»یش دیداری لەگەڵ حکومەتی بریتانی هەڵوەشاندەوە بۆ ئەوەی کات بداتە «تیگلە» تا بگەڕێتەوە فەرەنسا قسە لەگەڵ «تاردیو» بکا. «تیگلە»ش بە «تاردیو»ی گوت: پشتگیری ئەم چارەسەرییە نوێیە بەندە بە خاوکردنەوەی ئەو گرژی و توندیی هەنوکەیی کۆمپانیاکان، کە لە فەرەنسا تووشی هاتوون. «تاردیو»ش بەدەر لە سەلماندن بژاردەیەکی وەهای بۆ نەمابووەوە.

فەرەنسییەکان لەو بگرەوبەردە مانۆڕئاسایە جاڕس ببوون. لە کۆبوونەوەیەکی وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا، «فیلیپ بێرسلۆت» گلەیی لەوە کرد، کە ئەو شێوازەی «کادمان» سەرکەوتو بوو لەوەی پێویستی چاوخشاندنەوە بە ماف و زێدەمافی سازشەکان لەگەڵ هێڵی لوولەکێشی نەوتەکەی بە یەکەوە بەستەوە. فەرەنسییەکان گەفی بەرزکردنەوەی داوای قانونییان کرد، ئەمەش خوویەکی خۆشی خۆیان بوو، کە ڕومالێکی نەیارانەی ڕۆژنامەوانی بۆ بکەن. تەنانەت ئەوان ڕوویان لە «فەیسەڵ»یش نا، تا بزانن ئاخۆ مەیلی لەسەرە بیکەنە پاشای سوریا، بەڵام ئەوان لەوەدا سەرنەکەوتن، کە ڕێگە لە بەرەوپێشوەچوونی لوولەکێشی دووسەرە بۆ حەیفا و تەڕابلس بگرن. ڕێککەوتنی بنەڕەتی لە مانگی تشرینی یەکەمدا کرا. لە کۆتاییدا ڕێککەوتنێکی بژارکراو لە ئازاری ١٩٣١ مۆرکرا. ئەمریکاییەکانیش بەوە هێوربوونەوە، کە فەرەنسا لە هەمان ساڵدا پشکی هاوردەکردنیان هەموارکردەوە، بەگوێرەی سیستمە نوێیەکە، کۆمپانیای «تیگلە» سێ ئەوەندە کۆمپانیای ئەنگلۆ-ئێرانی بەرکەوت. لە کۆتاییدا هێڵی لوولەکێشییەکە لە ساڵی ١٩٣٤دا کەوتە کار. یەکێ لە جیۆلۆجییەکانی نەوتیش گوتبووی: ئەم کارەیان سەرنجڕاکێشترین دەستکەوتی ئەندازیاری بوو لەم ساڵانەی دواییدا."[٢١]

بڕیـــاری یەکـــلاکەرەوەی بریتانییەکـــان بـــۆ هێشـــتنەوەی کـۆنترۆڵکردنی نەوتــی عێـراق بە ئەنجـامی سـەرکەوتووی خـۆی گەیشت، بەڵام نرخەکەشی گرژبوونی زیاتری پەیوەندییەکانیان بوو لەگەڵ فەرەنسـا. هەروەک «پاسـفیلد»ی وەزیـری کۆلۆنەکـان تێبینیکرد؛ "پیشەمەندایەتی ئێمە لە دەستوەرنەدان و بێلایەنی تەواو وای لە حکومەتی فەرەنسا کرد، نە باوەڕبکا و نە پێشی کارانگاز بێ. ئەوان بڕوایـان نەدەکـرد، کە سـووربوونی حکـومەتی عێـراق لەسـەر لایەنـدارێتی هێڵـی لوولەکێشـی حەیفا شـتێکی دیـکە بـووە لەوەی ڕاستەوخۆ کەوتبێتە بن کاریگەریی حکومەتی خاوەنشکۆ."[٢٢] کەچی ئەوان "زۆر لەوە بە ئەدەبتر بوون تا بیخەنە سەر کاغەز".

بە خاترجەمییەوە ئەو گوریس ڕاکێشڕاکێشە شایستەبوو، ئـاخر بە هـاتنی سـاڵی ١٩٤٠ لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراقدا چوار ملیۆن تەن ساڵانە نەوت دەردەهات؛ ئەمەش ڕێژەی ٥٪ پێداویستییەکانی نـاوەخۆی وڵاتـی بریتانیـای پڕکـردەوە، وێڕای دابینکردنـی هەمـوو پێداویستییەکانی کەشتیگەلەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. مـایەی سەرسـوڕمان نەبـوو، گۆڤـاری «تـایمز»، هێڵـی لوولەکێشـەکە بـۆ حەیفا بە "خوێنبەری ملی ئیمپراتۆریەتی بریتانی" لە قەڵەمدا.[٢٣] ئەو شـوێنەی بریتانیـا لە ١٩٢٠دا وەک قەڵایەکـی لای ڕۆژهەڵات بـۆ نۆکەنـدی سـوێس گـرت، ئیـدی هەنـووکە فەڵەسـتین بـایەخێکی سـتراتیژیی نـوێی وەک ڕێـڕگەی نەوتـی عێـراق پەیـداکرد. ئەمەش وای لە بریتانیـا کـرد تونـد دەسـتی بە ئەوێـوە بگـرێ - لەنێـو ئەو هەمـوو ناڕازایەتییەشـدا- دیـار بـوو بە هـیچ نرخێـک دەسـتی لێبەرنەدەدا.

# ١٣
# تۆڵە! تۆڵە!

لە ڕۆژی دووشەممەی ٣ی ئابی ١٩٣٦، لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی بریتانی ئەو هەواڵانە خوێنرانەوە؛ لە کۆتایی هەفتەدا توندوتیژی لە باکووری فەڵەستین سەریهەڵداوەتەوە. لە دەوروبەری گوندی «ئوفلە»ی بەرزاییەکانی خوارووی «نەزارەت/ناسیرە» باندە چەتەیەکی عەرەب پەلاماری سەربازانی بریتانی دەدەن و چوار کەسیان لێ بریندار دەکەن. لە بەندەری حەیفاش لە لای ڕۆژئاواوە تەقە لە لێکۆڵەرەوەیەکی عەرەبی پۆلیسی فەڵەستینی دەکرێ و دەکوژرێ پۆلیسێکی دیکەش بریندار دەکرێ. دوو پاسەوانی ئێشکچی جووش لە گوندی «ڕیحانا»ی نزیک سنووری لوبنان دەکوژرێن و جوویەکی دیکەش بریندار دەکرێ. دوو جارانیش لەسەر یەک هەر لە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئوردندا لوولەکێشی نەوتی گوازراوە لە عێراقەوە بۆ بەندەری حەیفا کوندەکرێ و گڕدەگرێ. «تایمز» نووسیبووی لە دووری ٢٠ مایلەوە گوڕیەئاگر دەبینرا، ئەمەش خەتای باندە چەتەیەکی دیکەی عەرەب بوو.[١] ئەو ڕەوشەی لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی دواتر ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانەی یەک دەیەی پێشتری «جەبەل دروز» بوو. ئەم جارەیان عەرەبە نەیارەکان دژ بە دەسەڵاتی بێگانە سوریایان وەک شوێنی حەشاردان بەکاردەهێنا و لەوێوە پەلاماری ئامانجەکانیان لە فەڵەستینی دراوسێوە دەدا. فەرەنسییەکانیش دوودڵ بوون لەوەی یارمەتی بریتانییەکان بدەن، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی بریتانیا بە توندی دەست لە تیرۆر بوەشێنێ.

ئەوەی زانرا ئەوە بوو، هەرای عەرەب چوار مانگ پێشتر، لە ١٥ی نیسانی ١٩٣٦ هەڵگیرسابوو، واتە ئەو کاتەی لە ڕێگەی نێوان «تولکەرەم» و «نابلوس»دا تاقمە جەردەیەکی عەرەب بۆسەیەکی بۆ پاسێکی پڕ لەسەر نشینی عەرەب و جوو نابووەوە. هەر لەوێدا یەکێ لە جووەکان دەکوژن و یەکێکی دیکەش بە سەختی بریندارەکەن، پاشان دەمرێ. ئیدی بۆ ڕۆژی پاشتر دوو گەنجی جووش بڕیاری تۆڵەکردنەوە دەدەن، بەسەر کێڵگەیەکی کشتیاریی عەرەب لە نزیک «بیت تەقوا»دا دادەدەن و دوو لە ئاکنجییەکانی دەکوژن. پاشان هەواڵی تۆڵەکردنەوەی ئەم ڕووداوە لە ڕاوەدونان و ڕەشەکوژی «یافا»ی بەندەرە سەرەکییەکەی فەڵەستین پەیدادەبێ. یەکێ لە ئەفسەرەکانی بریتانی، کە ئەو کات لەوێ بوو، وەهای نووسی: "زۆری نەبرد شکەلکی[٧٤] ترومبێل و پاسی سووتاو و گوشتی خوێناوی و بەرد و جامی شکاو لە هەموو لایەکەوە کەوتبوون."[٢] عەرەبەکان بە شێوەیەکی بێپێشینە خۆیان ڕێکخست، کۆمیتەیەکی باڵای ڕێکخستنی خۆنیشاندانیان لە تەواوی قەڵەمڕەویی مانداتەکەی بریتانیا پێکهێنا. خۆ پیشاندانەکان لە دژی پشتگیری بریتانیا بوو بۆ کۆچی جوو کە لە دەرەوە بۆ فەڵەستین دەهات.

تا ئەو دواییانە هێشتا کۆچی جوو بۆ فەڵەستین نەبووبووە کێشەیەکی سیاسی. ئاخر ئەو کارەی لە وڵاتە کۆلۆنکراوەکان - وەک بەردشکاندن و وشککردنەوەی زۆنگاوەکانی پڕ لە مەلاریا-سەرنجڕاکێش نەبوون، هەروەها لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی جوو بەرەو فەڵەستین دەهاتن. لە ١٩٢٧یشدا بە کردەوە کۆچی جوو بۆ ژێر مانداتەکە

٧٤ شکەلک: بۆدی تێکشکاو

سەریهەڵدا؛ ئەوە بوو بێکاری لەنێو دانیشتوانی جوودا گەیشتە ٦٠٠٠ کەس لە ساڵێکدا: واتە نزیکەی ڕێژەی ١٠٪ی سەرجەم کارگەرانی ئەوێ.[٣]

سیاسەتی توندوبەندی کۆچ، کە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بیستەکان پەیڕەوکرا و لە ڕێی بەرتەنگکردنی بژاردەی کۆچبەرانی جوودا گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا هێنا. هاتنی جوو لە ئەوروپای ڕۆژئاواوە بەو ئامانجەی وڵاتێکی سەربەخۆ دروستبکەن، بووە مایەی گرژی و توندی لەگەڵ عەرەب، بە تایبەتیش لە ئۆرشەلیم و لە لای دیواری سکاڵا، ئەو دیوارەی تاکە شوێنەواری بەجێماوی هەیکەلی سولەیمانە. ئەمڕۆش داڵانێکی بەربەرین لە پێش دیوارەکەدا هەیە، بەڵام لە بیستەکاندا ئەو داڵانە بەربەرینە لەوێ نەبوو. ئەو کات ئەو ناوە هەمووی خانووی موسڵمانان بوو، بە سادەییش دیوارەکە هەر لایەکی ڕاڕەوە تەنگەبەرەکەی پێکدەهێنا. گەیشتنی جوو بۆ ئەوێ، بۆ لای دیوارەکە سەرچاوەی لەیەکخشانیان بوو لەگەڵ عەرەب. ئەوە بوو موسڵمانەکان لە ١٩٢٨دا سکاڵایان لەسەر ئەوە دەربڕی، کە جووەکان پەردەیەکیان بە ڕاڕەوەکەدا داداوە تا خواپەرستە ژن و پیاوەکان لەیەکجیابکەنەوە. ئەو خۆپیشاندانەی لای دیوارەکە لە ئابی ١٩٢٩دا و بە هۆی گەنجێکی جوو بووە مایەی کوشت و کوشتار و تا شارەکانی نزیکی ئەوێش کە «هیبرون» و «سافاد» بوون تەشەنەیکرد. ٢٧٠ کەس لە عەرەب و جوو کوژران و زیاتر لە ٥٨٠ کەسیش برینداربوون. هێشتا لە «هیبرون» جووی زیاتریش دەکوژران ئەگەر هاتبا و لە لایەن هاوسۆزە عەرەبەکانیان حەشار نەدرابان.

بریتانییەکان کە متمانەیان بەخۆ بوو بەوەی سەرکەوتووانە کێشەی نێوان عەرەب و جوو چارەسەردەکەن، نەیانتوانی ڕێ لە

توندوتیژییەکە بگرن، بەڵکو بووە مایەی ڕەخنەیەکی پڕ لە توانج و شورەییش بۆیان. یەکێ لە ژەنەڕاڵەکانی بریتانی نووسی: "من گومانم هەیە، کە ڕەگەزێکی خانەدان بتوانێ بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لەگەڵ خەڵکی سەیروسەمەرە هەڵبکا."[٤] ئیدی ئەوەیان بۆ دەرکەوت، نەوەک هەر دەرەقەتی ڕەوشەکە نایەن، بەڵکو هەر سیاسەتەکەی خۆیان بووەتە مایەی کەڵەکەبوونی دۆخە نالەبارەکە.

لە مانگی ئایاری ١٩٣٠شدا، کۆمسیاری باڵای بریتانی لە فەڵەستین «سێر جۆن چانسلەر Sir John Chancellor» ڕاشکاوانە بە حکومەتەکەی گوت، کە سیاسەتی پشتگیریی داخوازییەکانی زایۆنیستی "سەرچیخچوونێکی گەورەیە".[٥] لەو بڕوایەدا بوو تا کۆچی جوو بەردەوام بێ و زەوی لە جوتیارە قەرزبارە هەژارە عەرەبەکان بکڕن، ئەو هەراوهوریایە نابڕێتەوە. شێلگیرانە داوای ئەوەی کرد، بەڵکو حکومەت خۆی تێهەڵقورتێنێ و سنوورێک بۆ ئەم ڕەوشە دابنێ. خۆ ئەگەر وەها نەکرێ، ئەو پێشبینی پشێوی زیاتری بۆ فەڵەستین کرد. ئەو بە سووربوونەوە هۆشداری دا: "دەکرێ ئەو پشێوییە سەرگەردانییە درێژەبکێشی. لە جاری داهاتووشدا تەیارتر دەبن لەوەی لە ئابی ڕابردوودا ڕویدا؛ ئاخر هەنووکە هەردوو لایان بە دزییەوە چەک دەهێننە ناو وڵات، تەقینەوەی ڕەوشی دادێ ڕێکخراوتر دەبێ، عەرەبەکان تا ڕاددەیەکی حاشاهەڵنەگرانە کۆمەکی ماددییان لە عەرەبە تیرۆریستەکانی دەوروبەریان بۆ دێت و بە دڵنیاییشەوە لە سەرتاپای جیهانی ئیسلامییدا زیاتر پشتگیریدەکرێن."[٦]

با بگەڕێینەوە بۆ لەندەن. لە بەراییدا حکومەتی کرێکاران ڕاوێژەکەی «چانسلەر»ی پەیڕەوکرد، بەڵام هەر زوو لێیکشایەوە. کتێبی سپی بڵاوکردەوە، کە ڕێنمایی سنووردارکردنی کۆچی جووەکانی تێدا بەیانکردبوو، بەڵام هەرزوو ئەم ڕێنماییەی کتێبی

سپی کەوتە بەر نەشتەری پەلاماری هاوپشتەکانی لە بزووتنەوەی زایـــۆنیزمی، کە حکومەتیـــان بە شـــکاندنی پەیمـــان و بەڵـــێن و مەرجەکـانی مانـدات تاوانبـارکرد. کـاتێکیش «لـۆرد پاسـفیلد»ی وەزیری کۆلۆنیالی لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٠دا سـەردانی تەلئەبیبی کرد، بەردبارانیـانکرد. حکومەتیش کە زۆرینەی پەرلەمانی نەبوو، تۆقا. «ڕامزی ماکدۆنالد Ramsay MacDonald»ی سـەرۆوەزیر نامەی بۆ «حایم وایزمەن» نارد و دڵنیایکردەوە، کە حکومەتەکەی بە نیـاز نییە ڕێنماییەکـانی کتێبی سـپی بکـاتە قـانون. کـاتێکیش لە ١٩٣١دا کتێبی سـپیی بۆ پەرلەمـان خوێنـدەوە، عەرەبەکـان ناویـان لێنا کتێبی ڕەش، تێیدا دڵنیایی دابوو، کە کۆچی جوو بۆ فەڵەسـتین بەگـوێرەی "توانسـتی لەخـۆگرتنی بـاری ئـابووری" بەردەوام دەبـێ، ئەمەش وەک شـــــتێکی زانســـــتییانە دەهـــــاتە بەرگـــــوێ، بەڵام داڕشتەیەکی بێواتا بوو، لە داهێنانی چەرچڵ بوو، مێژووەکەشی بۆ یەک دەیە پێشتر دەگەڕایەوە، کاتێ ئەو بەرپرسیاری ئەوێ بوو.

هەر بـۆیە بریتانییەکـان بە دوودڵـی لەسـەر پاڵپشـتی کـۆچی جووەکان مـانەوە، ئەمەش هۆکـاری سـەرەکی سـەرهەڵدانی عەرەب بو کە لە ١٩٣٦دا بەدوایدا هات، ئـاخر لەو کـاتەوە، بە تـایبەتی دوای ئەوەی هیـتلەر لە ١٩٣٣دا دەسـەڵاتی وڵاتـی ئەڵمـانی گرتەدەسـت، ژمارەی پەنابەرانی جوو بۆ فەڵەستین وەک قەڵەمبازێک زیـادیکرد و هەڵکشا. لە ساڵی ١٩٣٢دا تەنیـا ٩.٥٠٠ جوو گەیشـتنە فەڵەسـتین، بۆ ساڵی پاشـتر ژمـارەکە بـووە سـێ ئەوەنـدە. لە سـاڵی ١٩٣٤یشـدا ڕێـژەی کۆچبەرەکـان ٥٠٪ پتـر هەڵکشـا، بـۆ سـاڵی پاشـتر هێنـدەی دیکەشی هاتەسەر، بەتـایبەتی کـاتێ قانونەکـانی نـۆرمبێرگی تـایبەت بە دژەسامی لە ئەڵمانیا پەیڕەوکران. هـاتنی ژمـارەی ٦١،٠٠٠ کەس لەم ساڵەدا بۆ فەڵەسـتین، وای لە ژمـارەی دانیشـتوانی جوو لەژێر مانـداتی بریتـانی کـرد ببـنە ٣٥٥،٠٠٠ کەس، ئەوەش ئەو ژمـارە

خێراییە بوو، هەرگیز بریتانییەکان پێشبینیان نەکردبوو. ئیدی ژمارەی جوو بووە زیاتر لە چواریەکی ژمارەی دانیشتوانی فەڵەستین، کەچی لە ١٥ ساڵی پێشتر تەنیا بەڕێژەی ٩٪ دانیشتوان بوون.

کۆچی جوو داوای خاکیشی بەدواداهات، ئەوە بوو دانیشتوانە عەرەبە هەژارەکان لەژێر گوشاری یەکجار زۆر بوون تا خاکەکەیان بفرۆشن. هەرچۆنێک بێ، لە سەرەتای ساڵەکانی مانداتەوە، جووەکان خانوبەرە و زەوی عەرەبەکانی دانیشتووی سوریا و لوبنانیان کڕیەوە، ئەوانەی بە هۆی دانانی سنوور لە نێو هەرسێ وڵات لە خانووبەرە و زەویوزار و مەزراکانیان دابڕان، ئەوە بوو بە درەنگانی بیستەکان کەوتنەسەر کڕینی زەویوزار لە جوتیارانی عەرەب. بە گوێرەی قسەی «چانسلەر»ی کۆمسیاری باڵای بریتانی لە فەڵەستین؛ "بە شێوەیەکی خەفەتبارانە، هەژار و نەداران.. بە قورسی کەوتبوونە بن قەرزوقۆڵەی ئەوانەی قەرزیان لێ وەرگرتبوون، ئیدی هیچ بژاردەی دیکەیان بەدەر لە فرۆشتنی زەویوزار لەبەردەستدا بۆ نەمابووەوە تا خۆیان لەبن باری قەرداریيدا دەربهێنن."[٧] فرۆشیارانی عەرەب یان کرێگرتەکان بە زۆری لە لایەن کڕیارە جووەکان لەسەر زەوی و خاکەکە دەردەکران. «ڕۆبین کیتسن Reubin Kitson» کە هێزی پڕوپاگەندەی بوونە پۆلیس لە بریتانیا ڕایکێشابوو تا لە فەڵەستین ببێتە پۆلیس گوتی: "بۆ بەدبەختی بەشێکی ئەرکی ئێمەش ئەوە بوو لەوە دڵنیابینەوە، کە فرۆشیارە عەرەبەکان خانوو و زەوییەکانیان جێبهێڵن." ئەو لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و وا لە هزران ڕاچوو: "خۆی ئەوە شتێکی جوان بوو بچیتە فەڵەستین، بەڵام وەهاش باشتر بوو هیچی دیکەی لەبارەوە نەزانم."[٨]

پاشــخانی هێڵــی لوولەکێشــی نەوت بەنێــو بەشــی بــاکووری فەڵەســتیندا ڕەوشــەکەی گرژتــر کــرد. بەگــوێرەی دانوســتانی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق ئازادانە دەیتوانی بە پێی پێویستی کارەکەی پشت بە ئاوی خۆجێی ئەوێ ببەستێ، ئەمەش وای کرد خواستەکەی لەسەر ئاو ببێتە کێبڕکێکار لەگەڵ جوتیارە خۆجێیەکان. لەوەش سەیرتر قەرەبووی خاوەنی ئەو زەویانەش نەکرایەوە، کە هێڵی لوولەکێشەکەی بەنێو زەویەکانیاندا ڕەت دەبوو. یەکێ لە ڕاڤەکارانی ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بە توندی ڕەخنەی گرت. ئەو لە ساڵی ١٩٣٢دا نووسی: "دەسەڵاتی پەیوەندیدار سەبارەت بە کۆمپانیای نەوتی عێراق ڕێگەیدا کۆمپانیاکە وەک مافێکی گرنگی خۆی کاروبارەکانی بەنێو زەویوزارەکاندا بەرێوەببا و هێڵی لوولەکێشەکەی بە نێودا بهێنێ بێ ئەوەی ئاوڕ لە داوای قەرەبووکردنی زیانەکانیش بداتەوە، بێ ئەوەی داوای خەڵکەکە بە هەند هەڵبگرێ کە مافی لە پێشینە و پێشنۆرەیی خۆشیان بوو."[٩٠]

ئەو پیاوەی تووڕەیی خەڵکی عەرەبی لە کۆچی جوولەکان قۆستەوە «حاجی محەمەد ئەمین ئەلحوسەینی»ی گەورە موفتی ئۆرشەلیم/قودس بوو. ئەو پیاوێکی کورتەباڵا و وریا و پرچ سوور و چاو شینی فسەزمان[٧٥] بوو. ناوودەنگی «ئەمین» بۆ پایەکەی وەک ڕاڤەکارێکی سەرەکی شەریعەتی ئیسلام و بۆ ماڵباتە فەڵەستین و دەستڕۆیشتووەکەی دەگەڕایەوە. دوای تەواوکردنی خوێندنی لە زانکۆی «ئەزهەر»ی قاهیرە کەوتە سەر دامەزراندنی یانەیەک بۆ دژایەتیکردنی کۆچی جوو بۆ فەڵەستین. ئەو لە یەکەمین جەنگی جیهانییدا لە نێو سوپای عوسمانی لە خزمەتی

٧٥ ئەوەی زمانی تەتەڵەدەکا، لە کاتی قسەکردندا هەندێ پیت وەک خۆی گۆ ناکا.

سـەربازییدا بـوو، پاشـان لە ١٩١٧دا دوای ئەوەی بریتانیـا ئۆرشـەلیمی گـرت لە عوسـمانییەکان هەڵـگەڕایەوە و ئەوسـا لە مـاوەی هەرا و پشـێوییەکانی دوای جەنـگ و کۆمسـیۆنی «کینگ-کرێین» و کۆنگرەی گشـیی سـوریا بـووە پاڵپشـتیی فەیسـەڵ وەک پاشایەکی یەکگرتووی سوریا و فەڵەستین. لە ٤ی نیسانی ١٩٢٠دا، کاتێـک هەراوزەنـا و پشـێوی لە کـاتی فیسـتیڤالی نەبـی موسـا لە ئۆرشـەلیم هەڵگیرسـا، ئەو، ئەو کەسـە بـوو لەسـەر قەپەنگی یانەی عەرەب وەسـتابوو، وێنەیەکـی گەورەی فەیسـەڵی هەڵگرتبـوو و بە جۆش و خرۆشـەوە دروشـمی بۆ حەشـاماتەکە لێدەدا بەوەی بڵێ: "ئەمەیە پاشاکەتان."

ئەو بە هـۆی ئەو پڕوپاگەنـدەیەی هەرگیـز حـوکمی دەسـاڵەی لە زیندان بەسـەرنەبرد، چـونکە هەڵات و خـۆی گەیانـدە بەری ئـوردن، ئیدی هەر زوو لە لایەن «سـێر هێربەرت سـامۆئیل»ی کۆمسیاری بـاڵای بریتانیـا بەخشـرا. لەو کـاتەدا ئەم کـارە ئامـاژەیەک بـوو بـۆ جێگیربـوونی دەسـەڵاتی بریتانیـا لە ڕۆژهەڵاتـی ئـوردن، دیـار بـوو لێخۆشبوونەکە نرخە بچووکەکە بوو.[١٠]

دوای لێخۆشـبوونەکە زۆری پێنەچـوو «ئەمـین» گەڕایەوە ئۆرشەلیم، لەوێش ڕوون بوو «کەمال»ی براگەورەی، کە ئەو کات مـوفتی بـوو، لە سـەرەمەرگدا بـوو. هەرچەنـدە باوکیـان بەر لە «کەمـال»یـش هەر مـوفتی بـوو، بەڵام ئەم پلە و پـایەیە بۆمـاوەیی نەبـوو. بەڕەچـاوکردنی کێبڕکـێ لە نێـوان بنەمـاڵەی «نەشاشـیبی» نەیاریـان، «ئەمـین» بـۆ ئەوەی خـۆی زیـاتر بە عەرەب نیشـانبدا، فێسـەکەی سـەری فڕێدا و عەگـالی بەسـت، فێسـە نەریتبـاوەکەی تورکی بە مێزەر گۆڕیەوە، بەرلەوەی کاکیشـی بمـرێ، هێشـتا مـاوە هەبـوو ڕیشـی بهێڵێـتەوە، ئەوە بـوو لە مـانگی ئـازاری ئاینـدەدا براگەورەکەی کۆچی دوایی کرد.

بریتانییەکانیش هەوڵیاندا بە دابەشکردنی پلەوپایە گرنگەکان هاوسەنگی لە نێوان هەردووماڵباتی «حوسێنی» و «نەشاشیبی» ڕابگرن. دوای هەراوکوشتاری نەبی موسا، بریتانییەکان «حوسەینی»یان لە فەرماندار(سەرۆکی شارەوانی) ئۆرشەلیم/قودس لادا و یەکێکیان لە بنەماڵەی نەشاشیبی دانا. بەشێک لە هۆکارەکە، لەبەر گەڕانەوەی«حوسێنی» بوو، بەشێکی دیکەش لەبەر ئەوەی بریتانییەکان هیوایان وا بوو لەوانە بەرپرسیارێتی بدرێتە «حوسەینی»، ئیدی نەرمتر لە شانە بکشێ، بۆیە لە مانگی ئاداری ١٩٢١دا پلەی گەورە موفتیان لەسەر شارە پیرۆزەکە بۆ «حوسەینی» پەژراند. بۆ ساڵی پاشتریش یارمەتی ئەوەیان دا بەڵکو ڕێگەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بۆ «حوسەینی» تەخت ببێ، کە بەرپرسیار بوو لە خەرجی ١٠٪ی داهاتی وەقفی دینی و دادگا شەرعییەکان.

ئەم سەرۆکایەتییە دەسەڵاتێکی گەورەی دارایی دایە دەست «حوسەینی». ئیدی ئەو بودجەیەکی ٥٠،٠٠٠ پاوەنی ئیستەرلینی لەبەردەستدابوو، کە بە وریاییەوە بەشێوەیەک خەرجیکرد تا پێگەی خۆی لە بەرانبەر «نەشاشیبی» قایمبکا. پاشان لە ڕێی داواکردن لە جیهانی ئیسلامی بۆ باربووکردنی چاککردنەوەی گومبەتی بەردەکە و مزگەوتی ئەقسا لەسەر چیای هەیکەل، کە هەردووکیان پێویستیان بە دەستتێوەردان و چاککردنەوە هەبوو، بڕی داهاتەکەی گەیاندە ٨٠،٠٠٠ پاوەن. ئەو کاتیش هەڕمێنی بوو. ئاخر تازە خەلافەت لە تورکیا هەڵوێشنرابووەوە و «شەریف حوسێنیش» لە لایەن «ئیبن سعوود»ەوە لە مەککە دەرپەڕێنرابوو، ئەوسا «حوسەینی» بە کارابییەوە داوای ڕابەرایەتیی جیهانی ئیسلامی دەکرد. کاتێکیش دروزەکان بە ڕووی فەرەنسییەکاندا هەڵگەڕانەوە، ئەو کۆمیتەیەکی بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی و باربوو

بـۆ دروزەکـان ڕێکخسـت و خـۆراک و ئـازووقە و داودەرمـانی بە سنووردا بـۆ یاخیبووەکـان نـارد؛ فەرەنسـییەکانیش بڕوایـان وەهـا بوو، کە ئەو پارەیەی بۆ مزگەوتەکە کۆدەکرایەوە، یەکسـەر چەکی بۆ نەیارەکانی لە سوریا پێدەکڕدرا.

ڕۆڵـی ڕێکخسـتنی بەرەنگـاری دژی فەرەنسـییەکان وای لێکـرد «مـوفتی» لە ناسیۆنالیسـتانی عەرەب نزیکبکاتەوە، بەڵام لە هەمـان کاتیشـدا خسـتیە دۆخێکی هەراسـان بەوەی خزمەتـی دوو سـەردار بکـا. لەسـەرێکەوە بریتانییەکـان، کە پارەیـان دەدایێ تـا ئاراسـتەی خەڵکـی عەرەب ڕابگـرێ؛ لەسـەرێکی دیکەشـەوە ناسیۆنالیسـتەکان بوون، ئەوانیش لە بەرانبەر پارەدا پشتگیرییان دەکرد. لە ڕووداوی ١٩٣٥دا ناچـار بـوو لە نێـوان هەردوولایـان یەکیـان هەڵبژێـرێ، ئەمەش خستییە داوی ئەو کێشمەکێشمەی بەدوایدا هات.

لە تشـرینی دووەمـی ١٩٣٥دا وتـاربێژێکی بەجۆشوخرۆشـی سـوریایی بە نـاوی «شـێخ عێزەدین ئەلقەسـام» لە تێکهەڵچوونێک لەگەڵ هێـزی بریتـانی لە سـەر گردەکـانی «جەلیـل» گـوللەیەکی لەسـەر درا و کوژرا. ئیدی «ئەلقەسـام» کە سـەرنجی ژمـارەیەکی زۆری لە گەنـجە شـوێنکەوتووەکان و هەڵگەڕاوەکـانی عەرەب لە حەیفـا بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـا، ئەوسـا لەنـاو شـارەکەدا هەواڵـی کوشتنەکەی بووە مـایەی هەژان و ئـاژاوە. ڕۆژنـامەوانێکی عەرەب، کە بە چـاوی خـۆی شـاهیدی گەڕانەوەی تەرمـی «ئەلقەسـام» و لایەنگرانـی بـوو، نووسـی کـاتێ دارەبـازی تەرمەکانیـان بەسـەر شانەوە بوو، ئەو حەشاماتەی بۆ ناشتنی تەرمەکـان کۆببووەوە بە یەک دەنگ وەک هەورەبروسکە هاواریان دەکرد: تۆڵە! تۆڵە!

مەرگـی «ئەلقەسـام» خـاڵێکی وەرچەرخـان بـوو، چـونکە «حوسـەینی» ناچـارکرد یەکـێ لە دوو سـەرەدارەکە لێبگـرێ تـا خزمەتیانبکـا. لەبەر ڕەوشـی ناسـکی خـۆی لە نێـو بـزووتنەوەی

عەرەبایەتی، چونکە بە هۆی «نەشاشیبییەکان» مەترسی لەسەر بوو، بۆیە بڕیاریدا، کە ئاوەزمەندانەترە هێڵێکی توندتر لە بەرانبەر بریتانییەکان وەربگرێ. کاتێکش پاش تەقەکردنی مانگی نیسان لەسەرنشینی پاسەکە، سەرکردەکانی چەندین دەست و تاقمی ناسیۆنالیست داوایان لێکرد ئاخۆ دەیەوێ ببێتە سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای عەرەبی تازەدامەزراو، ئەویش پەسەندیکرد.

لەژێر ڕابەرایەتیی موفتیدا بۆ کۆمیتەی باڵای عەرەب مانگرتنی سەرتاسەری لە فەلەستیندا و لە هاوینی ساڵەکەدا ڕاگرت. هەرچەندە ڕێگەی بە توندوتیژیش نەدا، کەچی «فەوزی قاوقچی»، ئەو پیاوەی ١٠ ساڵ پێشتر و لە «حەما» سەرئێشەی زۆری بۆ فەرەنسییەکان دروستکردبوو، بە خۆی و هێزێکی نزیکەی ٢٠٠ کەس لە عەرەبەکانی سوریا و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ئوردنەوە لە فەلەستین بەدەرکەوت تا پەلاماری ئامانجە بریتانییەکان بدا. ئەوان ئاستەنگیان دروستکرد، هێڵی تەلەگرافیان پچڕی، بۆمبیان فڕێدانە نێو بازاڕەکان و هێرشیان کردە سەر لوولەکێشی کۆمپانیای نەوتی عێراق و ئاگریان تێبەردا. ئەو ڕەوشە بێقانونییەی دروستبوو، هانی ژمارەیەک لە خەڵکی خۆجێی دا حیزفرسەتی لێببینن. ئەمانەش چەتە بوون نەوەک خاوەن ئایدیۆلۆژیا، ئەوانە دەرفەتیان قۆستەوە، بەڵکو لەسەر حیسابی دۆخە شلۆقەکە خۆیان گەورە نیشانبدەن. یەکێکیش لەوان «شێخ یوسف ئەبو دوڕە» بوو، پێشتر دەستگێڕی شەربەتی لیمۆ بوو لە بازاڕی حەیفا. یەکێ لە پۆلیسەکانی بریتانی گوتی: "ماڵباتی ئەو هیچ نەریتێکی سەرکردایەتی تێدا نەبوو، بێ سێ و دوو ناساوی شێخیش هەر بەخۆی بۆ خۆی هەڵبەستبوو."[١٢]

بریتانییەکان نەیارە عەرەبەکانیان بەکەم هەڵگرتن و هەڵوێستێکی وەهایان لە بەرانبەر توندوتیژییەکە نیشاننەدا، بەشێک

له هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە بە چاوێکی فسفس پاڵەوانانە، دەیــانڕوانییە ئــاژاوەگێڕان، بەشــێکیش بــۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە ڕووی هەرا و ئــاژاوەگێڕییەکە لە جــوو بــوو نەوەک لە دەســەڵاتی بریتــانی. یەکێکــیش لە پۆلیســە پلەبەرزەکــانی بریتــانی ئەوەی بەبیرهاتەوە گوایە "هەمووی هەر گەمە و ڕابواردنێکی خۆش بوو. ئێمە ڕاومـان دەنـان و ئەوانـیش خێـرا لەبەرچاومـان ون دەبوون... ئەوە بــوو تــۆ ڕاوی دوژمنێکــت دەنــا، کە دەتبینــی، ڕادەوەســتا و تەقەی لێدەکردیەوە، ئیدی تۆش گوولەت پێوەدەنا. پرسـەکە پرسـی بنەتەقە[٧٦]ی شاراوە و بۆسەدانانەوە و کوشتن نەبوو. ئەم شـتانەش دواتر سەریانهەڵدا."[١٣]

زۆری نەبــــرد کە دەســــت و تــــاقمە جەردەکــــان (هەر وەک بریتـانییەک باسـیکرد) "بە شـێوەیەکی نائاسـایی و لەترسـی گیـانی خۆیـان بوونە مـایەی هەڕەشـە."[١٤] ئەوان زانیـان بە ڕۆژی ڕوونـاک هیچیان لەگەڵ سەربازێکی پڕچەکی بریتانی پێناکرێ، بۆیە ڕوویـان لە تـاکتیکی گەریلایـی کـرد، بە شـەو بنەتەقەیـان لەسـەر ڕێگاکـان دادەنـا و ئاسـتەنگیان بـۆ بریتانییەکـان دروسـتکرد. سـەربازێکیش وەهـای گێـڕایەوە: "ئەوان بنەتەقەیـان لە ڕێگـای شـاخاوی دادەنـا، کـاتێکییش تـڕومبێلەکەی ئـێمە نزیـک دەبـوو، تـایەی تڕومبێـل لە وایەرەکە عاسـێ دەبـوو، ئیـدی شـوفێرەکە لە ترسـی ئەوەی مەبـادا بــنەتەقەکەی پێــدا بتەقێــتەوە، لای دەدا و دەهــاتە ســەر لێــواری شــاخەکە و زۆری نەدەبــرد تــڕومبێلەکە خــۆی لە نــاو کەنــداردا دەبینــــیەوە."[١٥] کــــاتێکیش تڕومبێلێکــــی دیــــکە هەمــــان شــــتی بەسـەردادەهات، هەمـوو سـەربازەکان دەهـاتنەدەر تـا بزانن ئـاخۆ بابــای شــوفێر چــی لێبەســەرهاتووە.[١٦] لەبــن لێــوی خۆشــیەوە

---

٧٦ بنەتەقە: لوغم، مین.

ورتەیەکی لێوەهات: "بە خاترجەرمییەوە ئەوە لۆرانسی عەرەبستان بوو، عەرەبی وەها فێرە بۆمبدروستکردن کردن."

ئەوەی «تی.ئی لۆرانس» نمایشیکرد ئەوە زۆر نەفامییە گەریلا بە کەم بگری، جا ئەوسا هەر بیچمێک بن، ئەمەش ئەو ڕاستییە بوو، لە کۆتاییدا بریتانییەکان دەبووایە لەگەڵی ڕابێن. بریتانییەکان بۆ دامرکاندنەوەی بەردەوامبوونی هەڵگەڕانەوەکە پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆری سەربازیی تەیار و گەڕۆک هەبوو، بەڵام خۆ ئەو کات بریتانیا نە ئەو ژمارە سەربازە تەیارە و نەو ئەو ئامادەکارییە گەڕۆکەی سەر مەیدانیشی هەبوو. ئەوەی هەیبوو ژمارەیەک پۆلیسی یەک بەرگ بوو، کە لە دووری یەک مایلەوە دەبینران. "ئەوان لەبن ئەو بەرگە قوڕس و گەرمەدا تا دەگەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە سەرتاپایان ئارەقە و تۆزاوی بوون."[١٧] سەربازەکانیشیان لەبن قوڕسایی چەکەکانیان، لەبن هاوەن و ڕەشاشی برێندا داهێزرابوون، تەنانەت ڕەشاشی برێن لەنێو لمدا پەکی دەکەوت و چرووکی دەکرد، بەم جۆرە زۆر بەکاوەخۆ و وەخرانەوە دەگەیشتنە شوێنی ڕووداوەکان. یەکێ لە ئەفسەرە هەواڵگرییەکان سەرنجیدا: "ئەو پیاوانەی پێش سەعاتێک تەقەیان لە سەربازەکانمان دەکرد، تا ئەوانەی ئێمە دەگەیشتن، ئەوان دەڕۆیشتنەوە، ئیدی دەچوونەوە قاوەخانەکان لێیدادەنیشتن یان لە کێڵگەکان لێیان پاڵدەدایەوە، ئەمە لە کاتێکدا گوندنشینان -و ژنان- ئامادەیی تەواویان تێدابوو تا حەشاریان بدەن."[١٨]

هەڵبەتە هەندێ لە عەرەب پشتگیری یاخیبوانیان دەکرد، بەڵام هۆکارەکەی دیکە کە خەبەریان لێنەدەدان و هاوکاری بریتانییەکانیان نەدەکرد ترسوبیم بوو، ئاخر ئەوەی بەسەریان هاتبوو کەم نەبوو. کاتێک باندێکی چەتە بە فەرماندەیی «ئەبو دوڕەی» کۆنە شەربەتفرۆش توانی بە ئاستەم لەبەر دەستی هێزی

بریتـانی ڕابکـا و خـۆی دەربازبکـا، گومـانی هەبـوو، کە زمانیـان لێداوە، ئیدی گەڕایەوە نێو ئەو گوندەی کە خەریکبوو بگیرێ، بانگی موختـارەکەی کـرد و لەبەردەم مـاڵ و منداڵەکەی دایەبەر گـولله و کوشـتی.[19] چەتەکـان بە شـێوەیەکی سەیروسـەمەرە خەڵکیـان ناچـارکرد دڵسـۆزیان بـێ. ئەوان تەڕبـووش و ڕیشتاشـینیان لە پیاوان قەدەغەکرد، دەبووایە ژنانیش پۆشاکی وەها بپۆشن سینگ و بەرۆک و قۆڵیان دیارنەبێ و کراس و فیستانەکانیشیان تا سەر قولەپێ شۆڕببێتەوە.[20]

بریتانییەکان زانیارییان کەم بۆ دەهات، ئامرازی باشیان نەبوو، لە ترسی بنەتەقە زراویـان چووبـوو، کەوتبوونە باری بەرگری لە خۆکردن. دەوریەی شـەوان وەسـتا، کـاتێکیش یـاخیبووان سـالاری شەو بوون، ئەوا بریتانییەکان لە چەپەرەکانی پێشـەوە دەکشـانەوە، چونکە لە تەڵەی مەرگ دەترسان. کاتێ ئەفسەرانی پۆلیسی بریتانی سـەردانی پۆلیسـخانەکانیان دەکـرد، بینییـان کـات و وزەی زۆریـان هەر بە کـاری نووسـینگەیی و پۆسـتاڵ بۆیـاغکردن بەسـەردەبرد، ئـاخر نەدەوێـران چەنـد مەتریـک لەو لای دیـواری بنکەکەیـان دووربکەونەوە.[21] کەمکـردنەوەی ژمـارەی بنکەکـان لـێکەوتەی زۆر دژواری هەبوو: ئەوە بوو یاخیبوان زۆر ئازادانە و بە سەلامەتی لە سنووری سوریا و لوبناندا هەر جرتوفرتیان بوو.

بە کۆتاییهـاتنی سـاڵی ١٩٣٩، بریتانییەکـان لە نێوخۆیانـدا سەبارەت بە کۆتاییهێنان بەو کێشەو بێشانە کەوتنە مقۆمقۆ. «سێر جۆن دیل Sir John Dill»ی فەرماندەی نوێی هێزی بریتـانی، کە تازە لە مانگی ئەیلوولدا گەیشتبوو تا سـەرکردایەتی هێزێکی بیست هەزار کەسی بکـا، داوای سـەپاندنی بـاری نـاکاو و حوکمی عـورفی کرد. «ئارسەر واچۆپ Sir Arthur Wauchope»ی کۆمسیاری باڵاش ڕێگر بوو، ئاخر ئەو نەیدەوەیست دان بە شکستەکەی خۆیدا

بنێ. «واچۆپ» سەرنجێکی وەهای دا، کەوا هەر خۆی بە تەنیا دەرۆستی ئەوە دێ... ئاشتی بۆ وڵاتی پیرۆز بگێڕێتەوە". لەبری ئەوە لە «موفتی» نزیکبووەوە و ئەوەی خستە بەردەست ئەگەر بێت و بانگەوازی ڕاگرتنی مانگرتن و توندوتیژی ڕادێرێ، ئەوا کۆمسیۆنی باڵای لێکۆڵینەوە لە سکاڵای عەرەبەکانی پێدەسپێرێ.[٢٢] ئاخر لەوەتەی مانگرتن هاتۆتە ئارا هەر زیانی خۆیی بۆ ئەوان هەبووە و باری ئابووری عەرەبەکان خراپتر بووە، کاتێکیش وەرزی ڕنینەوەی لیمۆ نزیک بووەوە، لە ٩ی تشرینی یەکەمدا موفتی بە خستنەڕووەکە قایلبوو. لە ڕێکارێکیشدا کەوا چەند بریتانییەکان کۆنترۆڵی وڵاتەکەیان لە دەستدا بوو، کۆمسیاری باڵا ئاگربەستێکی حەوت ڕۆژەی ڕاگەیاند تا پەیامەکەی بە سەرەتاپای وڵاتدا بڵاوببێتەوە. بەڵێ موفتی جڵەوی ڕەوشەکەی لەبەردەستدا بوو، هەرچۆنێک بێ دەستبەجێ توندوتیژییەکە وەستا.

لە ماوەیساڵێکیشدا هیتلەر هێزی سەربازی لە راینلاد ڕێکخستەوە و هێزەکانی موسۆلۆنیش گەیشتنە «ئەدیس ئەبابا»، ئاگربەستەکەش هەناسەیەکی دایەوە بەر بریتانییەکان. کەچی ژەنەڕاڵ «دیل» بە سەرسامییەوە دانی بەودا نا، کە چەند بە خێرایی دۆخە شڵەژاوەکە وەستێنرا. لە نامەیەکدا بۆ هاوپیشەیەکی لە لەندەن وەهای نووسی: "لەوانەیە بۆ تۆ شتێکی سەیروسەمەرە بێ، بەڵام من سەیری لایەنە هەراسانییەکەی نمایشی هێز لە لایەن کۆمیتەی باڵای عەرەب دەکەم، کە چۆن بە یەک قسە زۆر خێرا و بە تەواوی هەراکەی ڕاگرت."[٢٣]

کۆمسیۆنە شاهانە بەڵێنپێدراوەکە لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦دا گەیشتە ئۆرشەلیم. کۆمسیۆنەکە بە سەرۆکایەتیی «لۆرد پیل Lord Peel» بوو، دەستوبردانەش ئەندامەکانی بڕیاریاندا کە کێشەی نێوان عەرەب و جوو هی "جڵەوکردن نییە".[٣٤] لە کۆتایی

ڕاپۆرتە ٤٠٠ لاپەڕەییەکەیاندا، کە لە مانگی تەمموزی هەمان ساڵدا بڵاوکرایەوە، بە ئەسپاییەوە ڕێنمایی دابەشکردنی منداتەکەیان بۆ نـــاوچەی عەرەب و جـــوو دا. هەر زووش دانیـــان پێـــدانا، کە پێشنیازەکەیان دڵخۆشکەر نییە، "ئاخر هیچ لایەکیان هەموو ئەوەی دەیەویســت پێیــنەدرا"، بەڵام ئەوان هیوایــان بەوە هەبــوو، بەڵکــو کـــاردانەوەی هەردوو لایەنەکە بســـەلمێنن، کە ئەمە وەڵامەکەیە. دابەشــکردنەکەش تــاکە بــژاردە بــوو، کە "ڕامانێــک بــوو.. بــۆ وەدەستهێنانی خەڵات و بەراتی ئاشتی."[٢٥]

یەکـــێ لە دیپلۆمـــاتە بریتانییەکـــان پاشـــتر ســـەبارەت بە ئەنجامگیریی لیژنەکە لە لەندەن وەهـای نووسـی: "-لە کاتێکدا ئێمە بە گەشبینییەوە- حیسابمان لەسەر چارەسەریی کۆمسیۆنەکە بۆ ئاســتەنگییە سیاســییەکانمان کردبــوو، کەچــی پێــدەچوو قــوڕەکە لەوەی هەبوو کێشــەکە خەســتتر بکا."[٢٦] کۆمسـیۆنەکە نەوەک هەر پێشنیازی دابەشکردنی کردبوو، بەڵکو هەروەک تـاقیکردنەوەیەکیش ڕاسـپاردەی دابـوو، کە چـۆن دابەشـکردنەکەش جێبەجێبکـرێ، ئەم کارەشـــیان لە نەخشـــەیەک دانـــابوو، لە دوا لاپەڕەی ڕاپـــۆرتەکە هــاوپێچ بــوو. نەخشــەکە ئەو وردەکــارییەی نێــو ڕاپۆرتەکەشــی نەهێشـتبوو، بە سـەری پـازدابوو، چـونکە بە ڕوووونـی زۆر شـوێنی بـاکوور و کەناراوەکـانی فەڵەسـتینی لە پـاڵ هەبـوونی دانیشـتوانی عەرەب، دابـــووە جووەکـــان. ئێـــدی هەر تەنیـــا بەم ڕووپەڕە ئامــاژەدارە، دەســتبەجێ کۆمســیۆنی «پیـل» یەک چـارەک ملیـۆن دوژمنی بۆ بریتانیا پەیداکرد.

نمایشـی بەسـتەزمانانەی سـوپای بریتانیـا لە ١٩٣٦دا هانـدەرێک بوو بۆ عەرەبەکان تا بە بڕیاری کۆمسیۆنی «پیل» قایلنەبن، ئیدی دەستە و تاقمەکان توندوتیژی خۆیان گرتەوە. ئەزمـوونی سـاڵی

پێشتر وای لێ کردبوون متمانەیان بە سەرکەوتنی خۆیان هەبێ – وەک دەرکەوت متمـــانەیەکی زیـــاد لە ڕاددەی خۆیـــان هەبـــوو–. هەروەک «دیــل» پەردەی لەســـەر هەڵـــدایەوە، شـــەش مـــانگی شــەڕکردنی ئەوان وایلێکردبــوون بە ڕێکخراوەیــی بەرگـری بـکەن لەوەی کە پێشتر هەیانبوو، هەروەها سەرکردەکانیشیان بە تـایبەتی موفتی "هەم پێگەی بەهێزتر و هەم توندوبەندتریش ببوو".[٢٧]

وەنەبێ هەر عەرەبەکان بە موفتییەوە کارانگاز بن. لەنێو خـودی بریتانیاش، لەنێو ئەو هەمـوو نیگەرانییەی سـەبارەت بە هەڕەشـەی ئاڵمـــان لە گۆڕێـدابوو، کەچــی سوپاســالارەکەیان هاوســۆزییەکی زۆری بۆ عەرەب دەربڕیبوو، گوایە عەرەب "تەنیا بۆ پاراسـتنی ئەو نیشتمانە دەجەنگێ، کە بە هی خۆیانی دەزانن."[٢٨] لە کۆتـایی مـانگی تەمووزیشدا، «دێیلی تەلەگراف» مـاممۆتکی هەرای عەرەبەکـانی بە دەسـتەواژەری هاوسـۆزییەکی حاشـاهەڵنەگر پێشـکەش خـوێنەرانی کرد: "موفتی بە ڕووخسارێک، بە چـاوی درەوشـاوەوە کە ناوبەنـاو دەبێـتە پڕشــنگی جەفەنــگ دەبینــرێ، ئەوەی پێــوە دیــار نیــیە، کە جۆشـدەرێکی سیاسـی یـان تەنـانەت موجاهیـدێکی تونـدڕۆ بـێ."[٢٩] هێشـتاش مـوفتی فەنـدێکی گەورەی لەبەردەسـتدا بـوو، بەڕێـوبەری دامودەزگـــا ئیســـلامییەکان و چـــاودێری ســـەر هەمـــوو قـــازییە شــەرعییەکان بــوو، هەروەهــا ببــووە هێــزی دنەدەر و جۆشــدەری بـــزووتنەوەی سیاســـیانەی عەرەب. هەر بە ڕاســـتی ئەو هێـــزی ڕاستەقینەی عەرەبەکانی فەڵەستین بوو.

لــێ گەلـۆ ئەو هەڵوێســتە نەرمونیـانە لە بەرانـبەر موفتیـدا زۆر درێژەی نەکێشا. لە یەکشەممەی ٢٦ی ئەیلوولدا بکوژە عەرەبەکـان کاتێــک یاریــدەدەری کۆمســـیاری دەڤەرەکە «لــویس ئەنــدریوس Lewis Andrews» و پاسەوانەکانی لە باکووری فەڵەستین بەپێ دەچـــوونە کڵێســـای «نەزارەت/ناســـیرە»، تەقەیـــان لـــێ کـــرد و

کوشـــتیان. ئەمەش بـــووە خـــاڵی وەرچەرخـــانی مـــامەڵەکردنی بریتانییەکان لە فەڵەستین. لە ڕووداوەکانی پێشتردا نەیاندەویست سزا بۆ سەرکوتکردنیان بەکاربهێنن، ئەم جارەیان ناچاربوون بە زەبـرەوە بەدوای بکوژەکانـدا بگەڕێـن. هەر سـێ ڕۆژ دوای ئەم ڕووداوە، کـۆمیتەی بـاڵای عەرەبیـان بە قاچـاغ لە قەڵەم دا، بەم جـۆرە ئەندامەکانیشـیان گـرتن. بـۆ ڕۆژی پاشـتر زۆربەی ئەندامەکانیان گیران، بەڵام موفتی بە جلی ژنانەوە بۆی دەرچوو.

پاش سێ هەفتە موفتی لە بەیروت سەری هەڵدایەوە، ئەمەش سەلمێنەری گومانی پێشتر بوو، بەوەی عەرەبەکان ئێستا سوریا و لوبنان وەک بنکەیەک بەکاردەهێنن، کە دەستی بریتانیا نەیانگاتێ. دوای ئاگربەستی ساڵی پێشوو، هەردووکیان «فەوزی ئەلقاوقچی» و یـاخیبوویەکی نـاقۆڵای دیـکە بەنـاوی «مـحەمەد ئەلئەشـمەر» پێشـوازییەکی گەرمیـان لە دیمەشـق لێکرا. هەر لەو شارەشدا، ئەو پیـاوەی جـێگەی «ئەلقەسـام»ی گـرتەوە «شـێخ خەلیـل مـحەمەد عیسـا» بـوو، کە ئوسـتادی بـاربوو، پارەپەیـداکردن و چەککڕینـی یـاخیبووان بـوو. هەروەک کاربەدەسـتە بەریتیانییەکـان سـکاڵایان کـرد، «عیسـا» لە پاڵپشـتی پـارەی کەم نەبـوو، ئـاخر سـەرباری ئەوەش چەکفرۆشتن و ڕاییکردنی کاروباری گواستنەوەی شتەکان بۆ سەر سنووری فەڵەستین بە شێوەیەکی ئاشکرایانە بوو.[٣٠]

ئەوە بوو ئەم جارەیـان بریتانییەکـان ڕوویـان لە فەرەنسـییەکان نا تـا یارمەتیـان بدەن، بەڵام بەدەسـتی بەتـاڵ ناردیـانەوە. کـاتێکیش «گیلبرێت ماککێرس Gilbert MacKereth»ی کونسولی بریتانیا لە دیمەشـق گوشـاری خستەسـەر نـوێنەری فەرەنسـا لە شـارەکە، بەڵکو «ئەلئەشمەر»یان بۆ بگرێ، کەچی کابرای فەرەنسی داواکەی ڕەتکردەوە. نوێنەرە فەرەنسییەکە بە «ماککێرس»ی گوت؛ ئەو لە

خەمی ئەوەدایە، مەبادا گرتنی بیچمێکی وەها خۆشەویست لای خەڵک، پشێوی لێبکەوێتەوە.[30] داواکارییەکی هاوشێوەش لە لایەن باڵوێزی بریتانی لە پاریس لە «ڕێنێ دوینیل دی سینت کوێنتین René Doynel de St Quentin» لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسی کرا، ئەویش هەر سەرکەوتوو نەبوو. لە کۆتایی ١٩٣٦یشدا حکومەتی فەرەنسا ناچار بوو پەیماننامەیەک مۆربکا، بە هۆیەوە ئۆتۆنۆمی زیاتر بداتە سورییاییەکان، ئەمەش دوابەدوای ئەوەی ئینگلیز شتێکی وەهایان لەگەڵ میسرییەکان کردبوو. هەرچەندە هێشتا پەرلەمانی فەرەنسا پەیماننامەکەی پەسەند نەکردبوو- ئەوەی ڕاستی بێ هەر پەسەندی نەکرد- «دۆنیل دی سینت کوینتین» بە شانهەڵتەکاندنەوە ئاماژەی بە شتەکە داو گوتی؛ فەرەنسا شتێکی وەهای لەو بارەیەوە پێناکرێ. خۆی دوو دەیە پێشتر هەر ئەو بوو سەبارەت بە چاوتێبڕینی بریتانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە لایەن «ت.ی. لۆرانس»ەوە لەخشتەبرابوو. ئیدی مەیلی لەسەر نەبوو یارمەتی بریتانییەکان بدا.

«ماککیرس» لەم شتە گەیشتبوو. ئەو پەی بەوە برد، شتەکە یادەوەرییەکانە نەوەک پەیماننامە، کە هەڵوێستی فەرەنسای سەبارەت بە کێشەکانی بریتانیا وەها بە نەگۆڕی هێشتووەتەوە. ئەو بە بیری هاتەوە، کاتی خۆی لە ١٩٢٥دا «ئەلئەشمەر» لە لایەن فەرەنسییەکان بە کوشتنی پێنج سەربازیان حوکمدرابوو، بریتانیاش لەسەر بنەمای ئەوەی گوایە پەنابەری سیاسییە، ڕادەستی نەکردنەوە. ئەم کاربەدەستە بریتانییە نووسی: "لە ١٩٢٥ و ١٩٢٦شدا لە نیشاندانی هاوسۆزی تەواودا بۆ فەرەنسییەکان

شکستمان هێنا، که ئەو کات له سوریا تووشی هاتبوون. ئەوسا دەسەڵاتی بریتانی له فەڵەستین و ڕۆژهەڵاتی ئوردندا میوانداریێتی ئەو بانده چەته و یاخیبووه سوریانەیان دەکرد، بۆیه دەبێ ئێستا هەر پەنجەی پەشیمانی بۆ بگەزین."[31] ئەم سیاسەته ئیدی به بریتانییەکانی وەدایەوه. ئەو له نووسینەکەیدا دەرەنجامێکیشی لێ هەڵهێنجا، که "بۆ زۆر لەوانەی کاتی خۆی له سیستمی پەنابەریی بریتانی سوودمەند بوون، ئێستا لەبەر ئەوان خەریکن بچنه فەڵەستین یان چوونەته ئەوێ تا درێژه به کاری تیرۆرستانەیان بدەن، بەڵام ئەم جارەیان ڕاستەوخۆ دژی ئیدارەی بریتانی."

هەروەک چۆن کاتی خۆی، ده ساڵ پێشتر فەرەنسییەکان به دەستی هەرای دروزەکان دەیانناڵاند، هەنووکەش بریتانییەکان هۆکاری گەرمی و بەهێزی یاخیبووان بۆ ئەوه دەگێڕنەوه، که لەو دیو سنوورەوه هەم داڵدەدەرێن و هەم پشتیوانیشیان لێدەکرێ. له کۆتایی ساڵی ۱۹۳۷دا کاربەدەستێکی هێوابڕاوی بریتانی له فەڵەستین گرفتەکەی هەڵسەنگاند: "ئەگەر هاتو دیمەشق و لوبنان بەردەوام بن لەسەر ئەوەی بنکەیەکی سەلامەت بن بۆ چالاکی تیرۆرستی و ئەگەر هاتوو ئەو ڕاپۆرتانەش ڕاست بن، که سەرکردەکانی تاراوگه بڕه سەرچاوەیەکی بەرچاوی دەرامەتیان لەبەردەستدایه، ئەوا سەخته ببینرێ تیرۆریزم له فەڵەستین به تەواوی بنبڕبکرێ."[32] ئەو هەستیکرد، له غیابی یارمەتی فەرەنسییەکاندا، هەر کاتی ئەوەیه هاوپیشەکانی ئەو پشت به دەستومستی خۆیان ببەستن. هەر وەک ئەویش دەریبڕی: "تا ئەو کاتەی به هەرشێوەیەک بێ، شەڕەکه نەگوازرێتەوه نێو ئۆردوگای یاخیبووان، ئەوا من هیوای گەڕانەوەی ئاشتی تەواو بەدیناکەم."

## ١٤
# شەڕی تیرۆر بە تیرۆر

"پیاوێکی کورتەبنەی سەرکەچەڵی ناپێشچاو" بەم جۆرە ئەو پیاوە وێناکرا، کە لە پێواری یارمەتی فەرەنسییەکان لە سەروبەندی ئەوەدا بوو، جەنگێکی تایبەت، جەنگی خۆی دژی یاخیبووانی عەرەب کە لە نێو سووریاوە دەجووڵانەوە, بەرپابکا.[١] کەچی «گیلبەرت ماککێرس»ی کونسوڵی بریتانیا لە دیمەشق سەلمێنەری ئەوە بوو، کە هەر لەبەر ئەوەی پیاوێکی ئازا و تابلێی مەعلان بوو، بەڵام خۆ ڕوخساری خەڵک دەخاپێنێ. وەک گەنجێک لە شەڕە گەورەکەدا فەرماندە بوو، ناوبانگەکەی بۆ دەگەڕایەوە، گوایە بە ژەنەڕاڵەکەی خۆی گوتبوو، ئەو نایەوێ بەپێی پلانەکە هێرشبەرێ، چونکە کێفەڕاتی لێدەکەوێتەوە. ئەم سەرپێچییەش دەکرا لە ڕێگەی دادگایی سەربازییەوە بیگەیەنێتە بەردەم دەستەی تیرباران، بەڵام «ماککێرس» ترسنۆک نەبوو. لە ماوەی هەژدە مانگدا لە پلەی مولازمەوە بۆ مەقەدەم بەرزکرایەوە و پاداشتی خاچی سەربازی پێبەخشرا و لە بۆنەکەشدا وەها وەسفکرا، چۆن لەژێر گوللەبارانی چڕدا ١٠٠ گەز ڕۆیشتووە و غاریداوە تا پاسەوانێکی دابڕاو لە مەیدان ڕزگاربکا. دیار بوو کاتێ قسەی لەگەڵ ژەنەڕاڵەکە کرد، بۆچوونە لاوەکییەکەی لەسەر نەخشەی دوا شەڕەکە لەسەر بنەمای لێگەڕانە تایبەتییەکەی خۆی لە مانەوەی شەوانەی خۆی لە نێو هێڵێ دوژمن و دۆستدا بنیادنابوو.[٢]

هەر وەک زۆر لە پاڵەوانانی جەنگ، «ماککێرس»یش ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە هەراسانکەرە ببووەوە، ئاخۆ دوای تێپەڕینی جەنگ چی بەسەردێ. بڕیاریدابوو بچێتە ڕیزی ڕاژەی

کونسـولگەریتی، ئەو بە شـێوەیەکی بەربەریـن لەنێـو قەڵەمڕەویـی ئیمپراتــۆریەتی فەرەنســـی لە جیهـــانی عەرەبـــدا بەر لەوەی لەو پۆسـتەی دوایـی، لە ١٩٣٣دا لە دیمەشـق دابـمەزرێ، کـاریکردبوو. لەوێ هەر خێرا هاتبووە سەر بێزکردنەوە لە "دووڕووی و ڕەهـا و ڕەقــی" سیســـتمی مانــدات و وەک هەناســەدانێکیش لە زنجیــرە ڕاپۆرتەکـانی بـۆ لەنـدەن گـاڵتەی بەو کاربەدەسـتانە دەهــات، کە حکومەتی فەرەنسی بۆ بەڕێوەبردنی مانداتەکەی دەناردنە ئەوێ.[٣] لە یەکێـک لە پەیامەکانیـدا بە شـێوەیەکی فەرامۆشـنەکراو بـاس لە گەیشـتنی کۆمسـیارێکی نوێی فەرەنسـی دەکـا، ئەویـش «دامین دی مارتێل Damien de Martel» بـوو، کە بە بەرگێکی یەکپۆشـی هەروەک ڕاهێنەری شـێر دەهاتەپێشـچاو، ئاماژەشـی بەوەدا شـتەکە هەر لە دیزاینـی خـۆی بـێ."[٤] بە شـێوەیەکی خۆشـیش لەبـارەی دوو کاربەدەستی دیکەی فەرەنسـی گوتبـووی :"تێکەڵەیەکی ناشـارەزایی و دینامیکیین؛ کە پێکهاتەیەکی دژوارە."[٥]

ئەو جـۆرە گـاڵتەپێکرنە بە دڵـی «وایتهـۆل» نەبـوو. هەر زوو «مــاککێرس» بە دژەفەرەنســی خەتابــارکرا، بەڵام ئەو فشـــەی بە خەتابـــارکردنەکە هـــات، بەوەی گـــوایە ئەو ئیـــدارەی فەرەنســـی دەبـوغزێنێ. لە وەڵامـدا کە نەشـیتوانی شـتی دیـکەی بـۆ زیادبکـا گــوتی: "دەزانــم، یـــاری کـــاغەزیش لەگەڵ زۆر لە ئەنـــدامەکانیان دەکەم"، نەشیتوانی وەک زۆر لەوان شتی دیکە زیادبکا ."[٦]

کەمێـک دوای ئاشـکراکردنی کۆمسـیۆنی «پیـل» سـەبارەت بە ئەنجـامی دابەشـکردنە ناخۆشـەویسـتەکە، «مـاککێرس» سـەردانی «جەمیـل مەردەم»ی سـەروەزیری سـوریای کـرد، تـا قەنـاعەت بە حکـومەتی «مەردەم» بکـا بەڵکـو کردەوەکـانی دەسـتە و تـاقمە چەتەکانی عەرەب بۆ بەزاندنی سنوور ڕابگرێ. بۆ پەیمـانی سـاڵی

١٩٣٦دا «مەردەم» گەورە دانوسانکاری بوو لەگەڵ فەرەنسییەکان، ئەو کات ئەو سورییەکی ناسیۆنالیستی هەرەپێشچاو و کاریگەر بوو. ئەو لە ڕووخساردا کەشخە، پیاوێک بوو عەقڵیشی وەک شمشێر تیژ بوو، ئەو کەسە بوو، کە فەرەنسییەکان وەها وێنایانکرد؛ "درۆزنێک کە باکی پێ نییە."[٧] ئیدی هەر زوو «ماککێرس» تێگەیشت، کە ئاسان نییە قەناعەتی پێبهێنێ تا یارمەتییان بدا، ئاخر هەرهیچ نەبێ ئەو دوای ئەوەی لە ماوەی هەرای دروزدا لە یافاوە بریتانییەکان گرتبوویان و ڕادەستی فەرەنسییەکانیان کردبووەوە، ئەوانیش ساڵێک زیندانییان کردبوو. کاتێکیش «ماککێرس» چالاکی دەستە و تاقمەکانی بە "چەتە" لە قەڵەم دابوو، «مەردەم»یش کەمۆیانە وەڵامیدابووەوە، وەها باشترە بە «وڵاتپارێزانی عەرەب» ناویان بهێنێ.[٨]

کاتێ فەرەنسییەکان هەر نەیانویست کۆمەکی بریتانییەکان بکەن، ئیدی «ماککێرس» بڕیاریدا خۆی بەم ئەرکە هەڵسێ و هەر بە خۆی چارەی یاخیبووەکان بکا. لەوکاتەوە بەدوا، زۆر بێباکانە گوتی: "زۆر لە کارەکانی من سروشتێکی نائاساییان هەبوو."[٩]

بڕوای «ماککێرس» بەوەی خۆی بە شێوەیەکی کەسەکی دەتوانێ شتی زۆر بکا، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە بناوانی زانیارییە وردەکانی هەر لە یاخیبووان خۆیانەوە بوو. لە ئەیلوولی ١٩٣٧دا، شۆفارێکی ئەو ئامادەی کۆنگرەی ناسیونالیستەکانی عەرەب بوو لە هوتێلی گەورەی «بولدان» لە نزیک دیمەشق. ئەو کۆبوونەوە سێ ڕۆژییەی هوتێلەکە بیرۆکەیەکی موفتی بوو: ئەو ویستی نمایشێکی هەوادارانی عەرەبایەتی لە تووڕەییان لە بەرانبەر ئاکامەکانی کۆمسیۆنی «پیل» ڕێکبخا، هەر ئەویش پارەی سەفەر و تێچوونی گرانی ئەوانەی دیتبوونی، لە حەوانەوەکەی دابوو.

«ماککێرس»یش ڕاپۆرتێکی پڤدراوی لەسەر ڕەوشەکە بۆ لەندەن نارد، تێدا ئەو ساتەشی وەسفکردبوو، کاتێک چالاکەکانی بۆنەکە لە شوێنی حەوانە دەردەچوون، ناچاربوون تێچوونەکانی خۆیان بە خۆیان بدەن. "لەوێدا هەندێ دیمەنی ئازاربەخشیش هەبوو، ئەو کاتەی ژمارەیەک لە میوانان، کە پێشتر هەموو شتێکی خۆیان خەرجکردبوو، لەوێدا نەیاندەتوانی پارەی هوتێلەکە بدەن."[١٠]

هەواڵدزەکەی «ماککێرس» ئەوەی بۆ دەرکەوت، دەوروبەری ١٠٠ کەسێک لە نێردەکانی «بولدان» کە دڵیان لە ڕێکارەکانی کۆنگرەکە پڕببوو، لەسەر ئەوە کۆک بوو، دواتر لە دیمەشق یەکدی ببینن و قسەلەسەر کردەی و چالاکی لە دژی بریتانییەکان بکەن. «ماککێرس» هەواڵدزێکی دیکەی ناردە لای ئەوان، تا بە درەنگی شەوەوە دزە بکاتە نێو گردبووەکان. کاتێکیش ساردەمەنی و مەشروبی خۆفێنککردنەوە گەیشتە لای شوێنی کۆبوونەوەکە، ئەمجارەیان ئەم ئاژانە دەرفەتی خۆی قۆستەوە تا وەک دابینکەری سەهۆڵ بۆ سارکردنەوەی شەربەت و خواردنەوەیان لە کۆبوونەوەکە بچێتەژوور.[١٠] «ماککێرس» کە چاوی خوفیەی لەسەر هەر شتێکی سەیر و ناقۆڵا بوو، ڕاپۆرتی خۆی دا، کە "چۆن ئەو کەسەی دەمامکی سەهۆڵهێنی پۆشیبوو، تا بەفر بکاتە شەربەتەکانیان" ئیدی ئەو پیاوە هەواڵدزە توانی ببێتە شاهید لەسەر گفتوگۆکانیان، لەدواییدا و لە سەعات یەکی شەوەوە گەرمەی باسوخواسیان بوو. ئەو هەواڵدزە ئەوەی بۆ دەرکەوت؛ عەرەبەکان چەکیان لە شوێنێکی نزیک «نابلوس» و «تولکەرەم» حەشارداوە و لەسەر ئەوەش کۆک بوون کە ئەو عەرەبانەی پەیوەندییان بە بریتانییەکانەوە هەبوو بکەنە ئامانجی "زنجیرە هێرشە تەکوزەکانیان". ماکی ڕاپۆرتەکەی ئەو ڕاست و دروست

بـوو، هەرچەنـدە وردەکـارییە گرنگەکـان سـەبارەت بە ئامانجەکـان دروسـت نەبـوون. دوای دوو هەفـتە لە ڕاپـۆرتەکەی «مـاککێرس» بەو زانیارییـانەی گەیشـتبووە لەنـدەن، کۆمسـیاری دەڤەرەکە بە ناوی «ئاندریوس» لە نزیک نەزارەت تەقەی لێکرا و ساردکرایەوە.

دوای کـوژرانی «ئانـدریوس»، «مـاککێرس» ڕاپـۆرتیکی لەسـەر وردەکـاری تەواوی کـردە نەیارەکـان کە زۆرنزیـک بـوون، بەرزکـردەوە. ئەو بە لەنـدەنی گـوت، ئەرخەیـانە لەوەی "بەدەر لە هیچ گومانێک ژمارەیەکی بچووک لە باند و تاقمی سوریای لەژێر سەرپەرشتی چەند سەرکردەی گرووپ ڕێکخراون، هەر ئەندامێکی ئەو تاقمـانە بڕێـک پارەیـان دراوەتـی، کە لە نێـوان دوو تـا چـوار پـاوەنی فەڵەسـتینییە، لەگەڵ تفەنگێـک و فیشـەکدانێکی پـڕ و دژداشـەیەکی گەرم[11] و یەک دیمـکەی ئـاو[12]." ئەوان چـاوەڕێی ئامـاژەن تـا لە لای گردەکـانی ڕۆژئـاوای کەنـاری خۆرئـاوا بچـنە شوێنی دەستنیشانکراو.

ئیـدی «مـاککێرس» عەرەبێکـی بەکرێگـرت تـا ڕێ لە دەسـتە و تـاقمە هاتووەکـان لەسـەر سـنوور بگـرێ. لە یەکێک لە کردەکانیـدا سێ قاچاخچی چەکی کوشتن، دەستیشی بەسەر نزیکەی ٤٠ چەک و دوو سندووق دینامیتدا گرت.[13] هەروەهـا «مـاککێرس» تـوانی لە ڕێی بەکرێگیراوەکانییەوە لە دیمەشق بەسـەر دوو مـاڵی سـەرکردە جەمسەرییەکانی یاخیبوانی عەرەبدا دابدا، یەکێکیـان مـاڵی «خەلیل عیسـا» بـوو، کە پـارە و پیتـاکی بـۆ یـاخیبوان خڕدەکـردەوە و هـەر خۆشی ڕێکخەری کۆنگرەی «بولدان» بوو، ئەوەی دیکەشیان ماڵی «نەبیل ئەلعەمـاش» بـوو، برایەکەی وەزیـری کاروبـاری نـاوەخۆی سـوریا بـوو.[14] لە مـاڵی «ئەلعەمـاش»دا ڕۆژژمێرێکیـان دۆزیەوە، هێنایان و دانەیەکیان لەبەرگرتەوە و لە شـوێنی خۆشـیان دایـانەوە.

ماڵی «عیسا»شیان لەو کاتە بڕی، کە بۆ نوێژ دەرچووبوو، لەوێشدا لیستێکیان دۆزییەوە پەیوەندی بەو قاچاخچی چەکەوە هەبوو، کە «ئاندریوس»ی پێکوژرابوو، هەروەها ڕێگەی دابوو پۆلیسێکی عەرەبی فەڵەستینی بکوژێ کە بە هەمان ئەو چەکە لێیدرابوو، کە بۆ کوشتنی ئاندریوس بەکارهاتبوو.[١٥]

«ماککێرس» هیوای بەوە بوو ئەگەر بتوانێ سەرەداوی پەیوەندی ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی لەگەڵ بکوژەکانی فەڵەستین بدۆزێتەوە، بەڵکو «مەردەم»ی بخاتە هەڵوێستێکی هەراسان تا بکەوێتەکار، کەچی هەرچەندە سەرۆوەزیر لە کۆتاییدا جوولا و «محەمەد ئەلئەشمەر»ی سەرکردەی یاخییەکانی گرت، بەڵام ئەوە ڕوون بوو، کە یاخیبووەکان لەسەر ئاستێکی باڵای حکومەتی سوریا کۆمەک دەکرێن. کاتێکیش «ماککێرس» ئاماژەی بە هەواڵدزێکی دا، کە یەک لۆری پڕ لە چەک تازە بەرەو سنووری فەڵەستین بەڕێکراوە، ئەوە بوو ئەو هەواڵدزەیان گیرا و خودی وەزیری کاروباری ناوەخۆی سوریا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا و لە پۆلیسخانەشدا بە خراپی قوترەڕێژ[٧٧] کرا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە ڕەفتارانە «ماککێرس»ی ساردنەکردەوە. هەرچەندە ئەو هەر تەنیا ساڵانە ٤٥ پاوەنی بۆ کاری نهێنی لەبەردەستدا بوو، ئیدی وەهای بینی ڕاستەوخۆ ڕوو لە ئەفسەری فەرەنسی هاوپێچ لەگەڵ ژاندارمەی سوری بنێ. ئەویش هەر زوو توانی ڕاپۆرتی خۆی بدا لەسەر ئەوەی، کە دنەی دارایی کاریگەریی خۆی لەسەر ئاسایشی سنوور هەیە. لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٣٧دا، ئەو بە لەندەنی ڕاگەیاند، ئەو "خەبەردانە پێشچاوە"ی هەفتەی ڕابردوو کاریگەری خۆی هەبوو بەوەی

---

٧٧ قوترەڕێژ: حەسیرمەیدان، قوترەڕی. لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆر.

نـزیکەی ٣٠ گەنـج بگـرن، کە بە تەمـابوون لە سـنوور تێـپەڕن و خۆیان بگەیەننە یاخیبووەکانی فەڵەستین."[١٦]

تا ئەو کاتە ئەوە لای سورییەکان ڕوون بوو، کە «ماککێرس» لە چ کەیـن و بەینـدایە. هەر هەمـان مانـگ نـامەی بـۆ وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە نـارد و تێیـدا بـۆ سـێیەم جـار لەو سـاڵەدا هەڕەشـانەمەی سـەر گیـانی خـۆی بـۆ دووبـارەکردنەوە، گـوایە هەڕەشـەنامەکەش لە لایەن کەسـێکەوە واژۆکـراوە، کە خـۆی بە "دەسـتێکی ڕەشـی بە خـوێن" نـاوبردووە.[١٧] دەکـرێ «مـاککێرس» پیـاوێکی نەتـرس بـووبێ، بەڵام گەمـژە نەبـوو. هەر پـاش یەک دوو ڕۆژ دیسـان داوای لە سـەرووی خـۆی کـرد بەڵکـو "قـاتێکی گوللەنەبڕی" بۆ بنێرن.[١٨]

«ماککێرس» لە لایەن «جۆرج ڕێندل George Rendel»ی بەرپرسـی نووسـینگەی ڕۆژهەڵات لە وەزارەتـی کاروبـاری دەرەووەی بریتانیا کەسێکی خۆشەویست نەبوو، ئەو بەتوندی ئەو بۆچـوونەی ڕەتکـردەوە گـوایە یـاخیبوونەکە هەر چەنـد تـاقمە جەردەیەکی تیرۆرستی بـن. «ڕێنـدل» کە لەگەڵ عەرەب هاوسـۆز بـوو، لەبـارەی پەیوەنـدی بریتانییەکـانی بە جیهـانی عەرەبەوە نـیگەران بـوو، بە بۆچـوونی ئەو، تونـدوتیژییەکە "بەشـێکە لە جموجـۆڵێکی بەربـڵاوی تەشەنەسـەندوو لەنێـو ئەو وڵاتە عەرەبزمانانەی دژی سیاسەتمان لە فەڵەستین."[١٩] ئەو وەهـای بینـی، کە هەڕەشـەی کوشـتن لەسـەر «مـاککێرس» دەرفەتێکی زێڕینە تـا لەبری ناردنی دەستەیەکی زرێپۆش بۆی داوای لێبکا بگەڕێتەوە وڵات. وەک ئەو نووسـی: "تەنـانەت ئەگەر «مـاککێرس»یش بتـوانێ هەرچـی تیرۆریسـتی فەڵەسـتینی هەیە بگـرێ یـان بکـوژێ و لەو پێناوەشدا گیانی خۆشی ببەخشێ، وەک هەر حاڵەتێک کە ڕوو بدا،

ئەو لەو بڕوایە دابوو کێشەوبێشەی ئەوێ بنبڕنابێ، بەڵکو لەوانەیە چالاکییەکان پتریش ببن." بە بۆچوونی ئەو، «ماککێرس» "پەنجەی نەخستۆتەسەر سەرچاوەی کێشەکە"، کە خۆی لە سیاسەتی بریتانی کۆچی جوو دەبینیەوە.

هەر چۆنێک بێ «ماککێرس» سەرکەوتوو بوو لە بێدەنگکردنی هەوڵ و کۆششی «ڕێندل». ئەو «ڕێندلی»یشی بازدا و ڕاستەوخۆ نامەی بۆ سکرتێری هەمیشەیی وەزارەتی کاروباری دەرەوە نووسی، هەڕەشەی کوشتن "وەنەبێ هەر بۆ کەسی ئەو بێ بە تەنیا" بەڵکو هەرکەسێک جێگەشی بگرێتەوە هەمان مەترسی لەسەر دەبێ، جێگرەوەی نوێش کەمتر دەرفەتی خۆپاراستنی دەبێ، چونکە ئەو تۆڕە پەیوەندییەی نییە، کە ئەو لە ماوەی ئەو ساڵانەی ڕابردوو پێکیهێناوە. بەم جۆرە کاربەدەستانی بریتانی پشتگیرییان کرد. «سێر چارلس تیگارت Sir Charles Tegart» کە ئەفسەرێکی پلەباڵا بوو، بانگیانکردبوو تا ڕەوشی فەڵەستین هەڵبسەنگێنێ، لە نامەیەکدا نووسی؛ "«ماککێرس» زانیاری گەورەی لە دیمەشق کۆکردۆتەوە و تەونێکی پەیوەندی مەحکەمیشی لەوێ ڕاچاندووە. هەروەها بێ چەندوچوون هەموو شتێک کە لە دەستی هاتبێ، کردوویەتی، هەر بە دەستپێشخەری خۆیشی گوشاری خستووەتە سەر فەرەنسییەکان، سەر حکومەتی سوریا، سەر وەزارەتی کاروباری دەرەوە و سەر حکومەتی فەڵەستینیش تا ڕەوشەکە ڕاستبکرێتەوە."[٢٠] ئیدی «ماککێرس» لە جێگەی خۆی مایەوە.

لە کانونی یەکەمی ١٩٣٧ و کانونی دووەمی ١٩٣٨دا دوو پەلاماری گەورەی باندی چەتە لە باکووری فەڵەستین ڕوویاندا، ئەمەش وای لە «تیگارت» کرد سەرلەنوێ داوای یارمەتی لە

فەرەنسییەکان بکا، بەڵکو سەرکردە هەرە سەرەکییەکەیان کە ناوی «شێخ محەمەد عەتیە» بوو، ئەو کەسەی بنکەکەی لە سوریا بوو، بگرن. ئاخر هەر پێنج یان شەش هەفتە ئەو «شێخ عەتیە» باندی چەتەکانی کۆدەکردنەوە و لە سنوور دەیپەڕاندنەوە، شەڕی هەڵدەگیرساند، لە نەخشەیدا بوو کارێکی وەها بکا بریتانیا سزای ئەو گوندانە بدا، کە شەڕەکەیان لێ قەوماوە و لە هەمان کاتیشدا پشتگیری شێخەکە و تاقمەکانیان نەدەکرد، ئینجا خێراش دوای شەڕەکان خۆی دەکێشایەوە بارەگا سەلامەتییەکەی لە دیمەشق. دوای ئەوەی «ماککێرس» لە قەناعەتپێهێنانی فەرەنسییەکان شکستی هێنا بەڵکو کارێک بکەن، «تیگرات» ڕەوشەکەی بە «قبووڵنەکراو» وێناکرد و بڕیاریدا خۆی ئەمجارە سەری بەیروت بدا و بە هیوا بوو هاوتا فەرەنسییەکەی بێنێتە سەر ئەو ڕایەی بەڵکو «شێخ محەمەد عەتیە» "بە شێوەیەکی خۆپاریزی دەستبەسەربکەن".[21] کەچی بە دەستبەتاڵی لە سەفەرەکەی گەڕایەوە.

لە ناوەڕاستی پەنجاکان، «تیگارت» تازە وەک کۆمسیاری پۆلیس لە «کالکوتا» خانەنشینکرابوو، پەسنی زۆریشی درا. لە بنەڕەتدا ئەو خەڵکی «لۆندۆنەری» بوو، ئەو نێردرایە شارێکی هیندستان دوای ئەوەی تووشی زنجیرەیەک پەلاماری کوشتنی سیاسی ببووەوە، ئەمەش لەبەر ئەو گریمانەیە بوو بەڵکو بەهرە ئیرلەندییەکەی هەندێک بەرچاوڕوونی سەبارەت بە کردەی تیرۆرستی پێبدا. ئەوەی ڕاستی بێ «تیگارت» بە هۆی تێکەڵەیەک لە هەستی خۆزایی و خۆگریی و بەخت و ڕچەشکێنی، ڕەوشەکەی گۆڕی. هەرچەندە ئەو پیاوێکی بەژندرێژ و کەتە و چوارشانەی چاو شینی تۆخ و پێست سوورە بوو، کەچی کارامانە توانی خۆی

به جۆرێکی دیکه هەڵبخا و خۆی وەک تاکسی لێخوڕێکی سیخی، وەک کابولی یان وەک پشتوونی لێبکا و به شەو بسووڕێتەوە و زانیاری کۆبکاتەوە. وێرای مەترسی سەرژیانی به هۆی بۆمبفڕێدەرەکان، کەچی ئەو به ڕۆژی ڕوناک به ترومبێله سەرکراوەکەی لەنێو شاردا دەسووڕایەوە، سەگەکەشی له جۆری «ستافۆردشیر» له پشتەوەی کورسییەکەی وەرکەوتبوو.

ئەو ڕەفتارە ئەهریمەنیەی «تیگارت» وورەی دایه بەر هاوکارەکانیشی، بڕوایان وا بوو "به شێوەیەک له شێوەکان هەر سەردەکەوێ"، ئەم هەستەی خۆسەلماندنه بەوەی لەچەند هەوڵێکی سەرنەکەوتووی کوشتن دەربازی بوو، وای لێکرد هەربەخۆی بکەوێته هەڵوێستێکی نەخوازراو.[22] بۆ ماوەیەک وا ڕاهاتبوو بۆمبێکی ئاسنینی بچووک وەک قورسایی سەر بارستایی کاغەز بەکاربهێنێ، پێی وا بوو ئیدی لەکارکەوتووە. ئەوە بوو ڕۆژێکیان هەر بۆ خۆشی هەڵی دەگرێ و به نەخشەکەی سەر دیواری دادەدا. "دەستبەجێ" بەگوێرەی قسەی ئەوانەی لەوێ بوون "دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز هات، بەشێکی له لادیوارەکه داڕماند، تۆز و خۆڵیش هەموو ژوورەکەی داپۆشی، ئیدی خێرا ئەندامانی ستافی کار غاریاندا، پێیان وا بوو هەوڵێکی دیکەی کوشتن قەوماوە."[23] «تیگارت» هیچی لێنەهات و له ١٩٢٦دا وەک سوارچاکێکیش پاداشتکرا، ئەمەش دوای ئەوەی که هێزەکەی هەڵمەتی یاخیبووانی سەرکوتکرد و تاوانه ناتوندوتیژەکانیشی له «کالکوتا»دا تا نیوە کەمکردەوە. له دوانێکیشی له ١٩٣٢دا وەها پێناسەی فەلسەفەکەی کرد: "کاتێک دیوەزمەیەکی وەک تیرۆر دڕووشێنی له جیاتی ئەوەی بیکوژی، ئەوا چەکەکەت هەر بەقەد سەرەنێرەیەک کاریگەر دەبێ".[24]

«تیگارت» له‌ تێکۆشانی خۆیدا بۆ کوشتنی دێوەزمەکە، هەندێ ئەزمـــوونی ســـەرکەوتووی لەگەڵ فەرەنســـییەکاندا هەبـــوو. لە ئاهەنگێـک لە میـانەی ڕۆنـانی کارنـامەی لە هیندسـتان و لە سـاڵی ١٩٣٠دا داوای لە دەسـەڵاتداری فەرەنسـی کردبـوو، بەڵکـو بتـوانێ حەشـــارگەی بندەســـتی فەرەنســـییەکان لە «چانـــدانگار» دژی یاخیبووان بەکاربێنێ، دیار بوو سەربزێوان پێیان وابوو لەوێ لە ئامـــانجی «تیگـــارت»ەوە بەدوورن. دوای ئەوەی فەرەنســـییەکان ڕێگەیـان پێدا، ئەوە بـوو «تیگارت» هەڵمەتـی بـۆ بـردن؛ بە هێـزی پۆلیس، کە تفەنگی دەسککورتیان پێبوو، هێرشـی کردنەسـەر و لە شـەڕێکی ئەنگوسـتەچاوی شـەودا هینـدییەکی کوشـت و چـواری دیکەشـی لێبرینـداركردن. کـاتێکیش ئەو گەیشـتە بەیـروت هیـوای وابـوو بە هەمـان مەرەدی سـاڵانی ڕابـردوو لە هیندسـتان، لێرەش فەرەنســـییەکان یارمەتیبـــدەن و دژی یـــاخیبوانی ســـنووربەزێن بجووڵێتەوە.

کـــاتێکیش «تیگـــارت» لە ڕۆژهەڵات، لە بەیـــروت چـــاوی بە کاربەدەستە فەرەنسییەکان کەوت، بۆی دەرکەوت چاوەڕوانییەکانی لە جێگەی خۆی نەبوو. لە بەیروت چاوی بە بەڕێوبەری ئاسایشـی گشـتی کەوت کە خەڵکـی «کۆرسـیکانی» خـوارووی فەرەنسـا بـوو، بەنـاوی «کۆلۆمبـانی». کـابرای فەرەنسـی پێیگـوت؛ ئەم کـارە لە دەســـەڵاتی ئەودا نیـــیە و ئامـــاژەی بـــۆ کـــرد بەڵکـــو بچێـــتە لای هاوپیشەکەی لە دیمەشق بە ناوی «پیرسێPerissé». ئاسایشـی گشـتیی بەرپـرس بـوو لە کـاری ژێربەژێـری پـۆلیس. «تیگـارت»، «پیرسێ»ی بە کەسێکی کەمدوو و بێبـاک هـاتە پێشـچاو، پێیگـوت کەوا فایلی هـیچ فەڵەسـتینییەکی یـاخیبووی لەبەردەسـتدا نییە کە لە لایەن بریتانیاوە داواکراو بێ.[٢٥]

ئەوە هەر لە دیمەشـق بـوو، کە سـەرۆکی ئەرکە تایبەتییەکـان، ئەو کەسـەی پەیوەسـت بـوو بە کاروبـاری دژە جاسووسـی و پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیـی بۆرەهیـوایەکی پێبەخشـی. ئەو بە شێوەیەکی خۆبەخشـانە بە نـوێنەرە بریتـانییەکەی گـوت، هەوڵـدەدا سەرکردە یاخییەکان لەژێر چاودێریدا بهێڵێتەوە، هەروەها ئەوەشی ڕوونکـردەوە، کە بـۆچی هاوڕێکـانی لە ئاسایشـی گشـتییدا لە هاوکاریکردنـدا خـۆگر بـوونە. ئەو بە «تیگـارت»ی ڕاگەیانـد، بـۆ ئەوان کـارێکی دژوارە پێبنێـنە سـەر نـاوچەی مەیـدان، واتە ئەو گەڕەکە هەژارنشـینەی لێـواری دیمەشـق، ئەو جـێگەیەی زۆر لە یاخیبووانی لێ دەژیان، ئاخر ئەم شوێنە لەوەتەی فەرەنسییەکان لە کـاتی سـەرهەڵدانی درووزەکـان بۆمبابارانیـان کردبوو، کە دەسـاڵ پێشـتر بـوو، لەوێ دەسـتیان نەدەڕۆیشـت. کـاتێکیش «تیگـارت» داوایلێکرد بەڵکو هەوڵێکی وەهای لەگەڵدا بدا تا ماڵ بە مـاڵ بەدوای یاخیبوواندا بگەڕێ، کەچی بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی فەرەنسی زۆر ڕاشـکاو بـوو، وەڵامەکەش: "نەخێـر. ئەم کـارە زۆر بـێکەڵکە، چونکە ئەم کـارە وەهـا دەکـا پۆلیسـی سـوری تێوەبگلێ؛ ئەوانـیش لەگەڵ یـاخیبوان هاوسـۆزن."[٢٦] «دامـین مارتێـل Damien de Martel»ی کۆمسـیاری بـاڵاش لەبـارەی جـۆری هاوکـارییەکە دوودڵ بوو. کاتێک «تیگارت» فشاری ئەوەی کرد بەڵکو هاوکار بـێ بـۆ گرتنـی سـەرکردە سـەربزێوەکان، ئەو بـۆ «تیگـارت»ی ڕوونکـردەوە: "خۆ ئەگەر هەوڵوتەقەلا بۆ گرتنی خەڵکی گەڕەکی مەیـدان بـدەین، ئەوا شـۆڕش هەڵدەگیرسـێ."[٢٧] کۆمسـیاری بـاڵای فەرەنسـی لەبەر هۆکـاری هاوشـێوەش ڕازی نەبـوو دەسـت لە «موفتی»ش بدا، کە ئەو کات لە ژێر چاودێریی ئاسایشی گشتیی فەرەنسییدا لە هەوارگەیەک لەسەر کەناری دەریا لە لوبنان دەژیا،

هەروەک فەرەنسییەکیش دەریبڕی لەبەرئەوەی موفتی سەرکردەی عەرەب بوو، چیدی کەس نەمابووەوە بەڵکو هەر خۆی هێما و بەیداخ بوو."[٢٨]

هەرچی «موفتی»ش بوو لە لایەنی خۆیەوە مەعلانانە جووڵایەوە و گومانی فەرەنسییەکانی سەبارەت بە دراوسێکانی وروژاند. ئەو بە فەرەنسییەکانی گوت، گوایە بریتانییەکان لێی نزیکبوونەتەوە و پێشنیازی یەکێتییەکی عەرەبیان خستۆتە بەردەم بۆ پێکهێنانی «سوریای مەزن» کە لە عەرەبەکانی فەڵەستین و ڕۆژهەڵاتی ئوردن و هەموو سوریا پێکبێ.

ئەوەی ڕاستی بێ، بیرۆکەی سوریای مەزن لە بنەڕەتدا هی گەنجانی عەرەب بوو، ئەوانەی بەر لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا عەودالی سەربەخۆیی عەرەب بوون، بەڵام شتێکی ئاسان بوو ببینی فەرەنسییەکان بە شێوەیەکی جیاواز دەیانڕوانی، بۆ زۆر لە کاربەدەستانی بریتانی، هەر لە «لۆرانس»ەوە تا ئەوانی دیکە، پشتگیری ئەو بیرۆکەیەیان کردبوو. دوای مەرگی فەیسەڵیش لە ١٩٣٣دا، برایەکەی ئەو، واتە «عەبدوڵلا» و «نوری سەعید»ی سەروەزیری ئەوسای عێراق، هەریەکە و بە جیا فشاریان بۆ یەکێتیی عەرەب دەنواند، هەریەکەشیان مەرجی تایبەتی خۆی هەبوو. هەرچی «عەبدوڵلا» بوو لە یەکێتییەکە خوازیار بوو دەسەڵاتی فەڵەستین و ڕۆژهەڵاتی ئوردن و سوریای بکەوێتە بندەست. لەو نێوەشدا «نوری سەعید» دەیەویست فەڵەستین لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ئوردندا بە عێراقەوە بلکێنێ. هەرچەندە بە چەند پاتەیی حکومەتی بریتانیا حاشایی لەو بیرۆکەیە دەکرد، کەچی هەردوو پیاوەکە بە لەندەنەوە پەیوەست بوون، ئەو ڕاستیەش هەبوو، کە خشتەی هەردووکیان بۆ سنووردارکردنی قەڵەمڕەویی

فەرەنسا، دەستبەجێ دنەی پێشنیازی بریتانییەکانی دا. فەرەنسییەکان ترسان مەبادا نەخشەی دابەشکردنی کۆمسیۆنی «پیل» دەرەنجامی یەکێتیی عەرەبی لە ناوچەکانی فەڵەستین لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ئوردندا لێبکەوێتەوە، ئەمەش ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ یەکێتیی عەرەب، کە سوریاش بگرێتەوە. خۆ ئەگەر بڕیاری دابەشکردنەکە سەربگرێ، ئەوا لەوانەیە بەدەر لە جێپێیەک لە لوبنان هیچیان بۆ نەمێنێتەوە.

لە دانیشتنەکەیاندا «دی مارتێل» لەگەڵ «تیگارت»دا ترسەکەی هێنایەگۆ. ڕوونیکردەوە، گوایە گوێی لە بیرۆکەی «نوری سەعید» بووە، ئەوسا لە کابرا سیاسییەکەی بریتانی پرسی، ئاخۆ چارەسەری بریتانیا بۆ پرسی فەڵەستین چییە. هەڵبەتە «تیگارت»یش هیچ وەڵامی پێنەبوو. بۆیە بە دەستبەتاڵی لە دیمەشق گەڕایەوە.

دوابەدوای ئەو گەشتە بێهوودەیەی بۆ لوبنان و سوریا، «تیگارت» لە ١٩ی شوباتی ١٩٣٨دا بۆ سکرتێری گشتیی حکومەت لە فەڵەستین نووسی، بەوەی دوو ڕێکاری نوێ بۆ ڕێگرتن لە پەلامارەکانی سەر سنووری سوریا بگرێتەبەر. یەکێکیان دروستکردنی شوورەیەک بوو بە درێژایی ٥٠ میل لەسەر سنووری لەگەڵ سوریا و لوبنان، کە بە چرای بە شەوق و دەوریەی پۆلیس بپارێزرێ، دواتر بە دیواری «تیگارت» ناسرا. دووهەمیشیان کەمکردنەوەی ئەو ڕێکارانەی پۆلیسی حکومەتەکە لەوێ دەیگرتنەبەر. ئەو داخوازبوو؛ "تاقمەی جەردە و چەتە بە خۆیان و چەکەوە ناکرێ بە تەنیا بە پۆلیس کە ڕۆژژمێری لەبن هەنگڵدا بێ ڕاوبنرێ."[٢٩] ئەو ویستی ڕێگە بدرێ لیستیک لە "پیاوی توندوبەند و بە زەبر، کە مەرج نییە خوێندەوەرایش بن ڕێکبخرێن

تــا بە شـێوازی خۆیــان شــەڕ لەگەڵ قاچـاخچی و لە قـانونلادەران بکەن."[٣٠] ئیدی بریتانییەکان بەم جۆرە و ڕێگە وروژێنەرەکانی دیکە بە شـــێوەیەکی بێبەزەییـــانە ڕەفتارییـــان نوانـــد، چـــونکە ڕێـــگەی دیپلۆماســـی تەنـــانەت ئاماژەنمـــای «مـــاککێرس»ی لاســـاریش شکستیهێنا.

کـــاتێ «تیگـــارت» لە تشـــرینی دووەمـــی ١٩٣٧ەوە گەیشـــتەوە فەڵەســتین، بە دەســت هەردوو بیـرۆکەکە گێژیـدەخوارد، بەڵام خـۆ هەر ئەو دیـــدارانەی لە بەیـــروت و دیمەشـــق لەگەڵ هاوتـــا فەرەنسییەکان سازیدان، ئەویـان خسـتە سـەر کەڵکەڵەی کردەیەکی لەم جـۆرە. «ئالیـک کیرکبرایـد AlecKirkbride»ی کۆمســیاری نوێی دەڤەرەکە تـازە جێگەی «لەویس ئەنـدریوس»ی گرتبووەوە، بە شــێوەیەکی نائاســایی بــۆ پلانــی شــوورەکە بەجــۆش بــوو. «تیگارت» لە تۆمارێکدا وەهای نووسـی: "چەنـدین بەڵێندەری جوو کە لەســەر لێـواری نابوتبوونـدا بـوون، ئەم ئیشــەیان وەک ئەوەی بەخششێکی خوایی بێ و لە ئاسمان کەوتبێتە خوارەوە قۆستەوە، بە تێچـوونێکی کەمـیش کارەکەیـان دەکـرد."[٣١] ئینجـا «کیرکبرایـد» دەســتی دایە دەســکی تەلەفــۆن و زەنگــی بــۆ «حەیفــا» لێـدا و کۆمپانیـــای «ســـولێل بـــۆنێ Solel Boneh»ی بـــۆ «تیگـــارت» دۆزییەوە.

پاشـان کۆبوونەوەیەکی دەرەکـی سـەیر بە دوای زەنگلێدانەکەدا هات. لە پاڵ «تیگارت» و «کیرکبراید»دا پشکنەری گشـتیی پۆلیس و فەرمانـدەی سـەربازی خـۆجێی بریتـانی لەگەڵ «دایڤیـد هـاکۆهن David Hacohen»ی بەڕێـوبەری کۆمپانیـای «سـۆلیل بـۆنێ» ئامادە بوون. دارِسانی ئەندازیارەکان ئەوە بـوو، ئـاخۆ چـۆن پـارچە دیوارەکانی شوورەکە دەشکێنرێ. ئەوە دوا پـارچە بـوو بە بەراورد

لەگەڵ ئەوانی دیکە کە شوورەیەکی دوو دیوی تەریبی شەش پێ بەرز و نێوانیشیان سێ پێی دیکە بەرز و پاشان بە تێلدڕی ئەستوور بپارێزرێ کە بە کردەوە، قایمترینیان بوو، بەڵام تەنانەت بەو قایمییەش بە دوو خولەک و ٢٠ چرکە لێزانە سەربازییەکانی ئەو بوارە دەیانتوانی کونی بکەن و بەناویدا تێپەڕن. هەرچۆنێک بێ ئەم نموونەیە بووە بنەمای نەخشەی کۆمپانیاکە بۆ دروستکردنی شوورەکە، تا ئەو کاتەش دەبووایە شەوانە بە تڕومبێلێک، کە چرایەکی بە شەوقیان لەسەر جێگیرکردبوو، ئەو ناوەیان ڕووناکدەکردەوە بەردەوام لە گەڕان و پشکنیندا بوون. بەم پێیە هیچ بەشێکی ئەم شوورە زیاتر لەو ماوەیەی ئەندازیاران پێیان کوندەکرا، بە تاریکی نەدەهێڵرایەوە. ئیدی وەک زۆر ڕێکاری ئاسایشانەی دیکە، شوورەکە وەک نمایشێکی تیاترۆییانە لەڕووی ورەوە کاریگەریی خۆی هەبوو، هەروەک «تیگارت»یش داینابوو، بە هۆی توانستی شوورەکەوە وای لە چەتەکان کرد هەر لە دۆڵەکاندا بمێننەوە و بۆ پۆلیسێکی بە ئەزموونیش هیچ چرکەیەک بیری لەوە نەدەکردەوە شوورەکە بە تەواوی کێشەکە بنبڕبکا.[٣٢] لەبری ئەوە هەروەک لە سەرەتای ساڵەکەوە شێلگیرانە داوای کرد، "چارەسەری ڕاستەقینە پێویستی بە هێرش و پەلامار بوو."[٣٣] ئیدی بەو کەڵکەڵەیە بایدایەوە سەر پۆلیس.

پێشنیازی «تیگارت» بۆ شۆڕشی تەواو لە ڕێگەی پۆلیسەوە، بۆ ئەوە بوو بەرە لە بن پێی چەتەکان دەربهێنێ. ئیدی کەمێ لە ڕێسا و پێوەرەکانی سەربازپەیداکردنیان دابەزاند، بە شێوەیەک جووتیارانی نەخوێندەوار چەکدار بکەن و بیانهێننە ڕیزی سووپا، ئەوانەی تەواو ئاشنای خاکەکە بوون و لە گەمەی ڕووبەڕووبوونەوەشدا هەروەک یاخیبووان بوون.[٣٤] هەروەها

سەربازانی پێشووش ئەوانەی گەڕابوونەوە ماڵ و خانەنشین کرابوون، هاندران جارێکی دیکە بێنەوە خزمەتی سەربازی. بەرگە ئەستوورە شینە پۆلیسیەکەیان فڕێدا و جلێکی دیکەی زبریان کە نەناسرێنەوە لەبەرکردن. تفەنگیشیان دایە دەستی شەوگەڕان. سەگی «دۆبێرمان Doberman dogs» کە نرخی هەریەکەیان ٥٠٠ پاوەن بوو لە باشووری ئەفریکاوە هێنا، چونکە گوندنشینان قسەیان نەدەکرد و خەبەریان لە یاخیبووان نەدەدا. ئیدی تێکەڵەی ئەو هەموو تاکتیکانە زەنگی بۆ ئەفسەران لێدا ئەوانەی پێشتر لە ئیرلەندا لە ڕاژەی سەربازیدا بوون تا شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەیان بەبیربێتەوە. یەکێکیشیان نووسی؛ "بێ دوودڵی دوو شێوازی ڕەش و ئەسمەر سەبارەت بە ڕەفتاری پۆلیس هەبوون."[٣٥] لە مەیدانی یارییەکەدا ٥٠ خاڵ بە هیچ بردییانەوە.[٣٦]

دوای ئەو دۆخە بە چەندین ساڵ «ڕیوبین کیستن Reubin Kitson» کە لەوێ پۆلیس بوو، بەم جۆرە دانی بەکارەکانیاندا نا: "پرسی تیرۆریزم لە قۆناغێکدا گەیشتە ڕادەیەکی دژوار، ئیدی بۆ ئەوەی شەڕی تیرۆر بکەی، دەبووایە کەم تا زۆر خۆشت ببیە تیرۆرست."[٣٧] سەربازانی بریتانی بە ترسەوە مامەڵەیان لەگەڵ بۆمب و بنەتەقەکانی سەر ڕێگاکان دەکرد، بەوەی عەرەبەکان بە بارمتەبگرن و لە پێشەوەی ترومبێلی یەکەم سواریان بکەن، ئەو ڕێکارەی لە ئاستی باڵاوە قەدەغەکرابوو.[٣٨] «ئارسەر لێین Arthur Lane»ی سەربازی سەر بە لەشکری «مانشستەر» لە فەڵەستین و دوای ٥٠ ساڵ لە دیدارێکدا پرسی مینتەقێن و نوشتەی بەختی بەڕوونی لەبیرمابوو، کە هەر بەو جۆرەش ناوی هێنان. ئەو وەهای گێڕایەوە: "شوفێرەکە هەندێ پاش و پێشی بە ترومبێلەکە

دەکا تا بجوولێ، ئینجا ئیدی کابرای بەستەزمانی بارمتەرکراوی عەرەبیش، کە لە سەرپشتی ترۆمبێلەکە سوارکراوە غلۆردەبێتەوە. ئەو کات ئەگەر بەختی هەبوایە ئەوا بە قاچێکی شکاو بۆی دەردەچوو، بەڵام ئەگەر بەدبەخت بوایە دەکەوت و ترۆمبێلی دواتر خۆی لێدەدا یان بەسەری دەکەوت. کەسیش خۆی بەخەم نەدەکرد تا بچێ هەڵیگرێتەوە."[٣٩] لە دواییدا فەرمانەدەی «لێین» ئەم کارە دەوەستێنێ، ئەوەش تەنیا لەبەر هۆکارێکی دیکە؛ "لەبەرئەوەی بایی ئەوەندە یاخیبووانیان گرتبوو تا لەسەر بۆنیتی ترۆمبێلەکانی خۆیان دابنێن."

هەردوولایان، هەم کۆمسیۆنی «پیل» و هەم کۆمەڵەی نەتەوەکان سەبارەت بە سەپاندنی قانونی عورفی لە ١٩٣٦دا رەخنەیان لە حکومەتی بریتانیا گرت، سەبارەت بە تاکتیکە توندە درندانەکانیش رەخنەی لێگیرا. لەوەش زیاتر پاش ئەوەی هیتلەر دەستی بەسەر «راینلاند»دا گرت و نەمسای بە خۆیەوە لکاند، ئیدی تیشکۆی چری نێودەوڵەتی چووە سەر ئەوێ. لە ١٩٣٨دا حکومەتی بریتانی قانونی سزادانی لە فەڵەستین توندترکرد. وای لێهات هەر کەسێک چەکی بێ مۆڵەتی لە دەست ببینرێ، زیان بە دیوار و شوورەکان بگەیەنێ، جلی سەربازی یان پۆلیس بەبێ مۆڵەت لەبەربکا، دەخرایە سەر لیستی تاوانەگەورەکانی تێکدان و رووخاندنی بە مەبەست. دەرفەتی راوەدونان، داوا لەسەر قەیدکردن بۆ دادگاییکردن پتر بوو، ئاخر ئەم جارەیان ئیفادەی زارەکیش لە دەرەوەی دادگا وەک بەڵگەیەکی قانونی دەیخوارد.

ئیدی سزای مەرگ بەسەر هەر کەسێکدا سەپا، کە بە قاچاغ چەکی هەڵگرتبا. کاتێکیش لە مایۆی ١٩٣٨دا سوپای بریتانی لە باکووری فەڵەستیندا کنەوپشکنینی دەکرد، رێسای "دەورەدان و

کێوماڵکردن" بە توندترین شێوە پەیڕەوکرد. ئەو کاتەی هێزێک دەورەی گوندێکیان دەدا، یەکێکی دیکە دەچووە ناوگوند بەدوای گومانلێکراو و چەکەکانیاندا دەگەڕان. یەکێ لە سەربازانی ئەو کات کە لە ماوەی بەسەردادانی گوندێک و کنەوپشکنیندا پێنج عەرەب کوژرابوون، وەهای نووسی: "ئەم کارە هەم لە ڕووی فیزیکی و هەم دەروونییدا مایەی بێزوو و ڕشانەوە بوو. ئاخر بۆنی بۆگەنی، تۆز و غوبار و تینوتاوی گەرما هەر بە ڕاستی مایەی ترس بوون و مرۆ نەیدەتوانی بیر لەوە نەکاتەوە، بە هۆی یەکێک کە کەڵەگایی دەکا، چەندانی بێخەتا سەریان تێدادەچێ، لەوانەشە ئەو خەڵکە هەر قوربانی داری زۆرەملێش بووبن."[40]

سەربازانی ئەو کەسانەیان دەگرت کە گومانی یاریدەدانی یاخیبووانیان لێدەکردن، بە دینامیت و بلدۆزەریش ماڵ و حاڵیان بەسەریەکدا دادەتەپاند. سزای بە کۆمەڵ بەسەر گوندەکاندا دەسەپا، بەوەی بەخەتا و بێخەتا لەیەک ئایەر نەدەکرانەوە. «ئارسەر لێین» بە خۆی و سەربازێکی دیکە دەچنە سەر گوندێک، کە گومانی ئەوەی لێدەکرا هاوکاری یاخیبووانی کردبێ، ئیدی ئەو سەربازەی لەگەڵیدا دەبێ، دەچێتە ماڵی موختار تا سزاکەی پێڕابگەیەنی. ئەوە بوو موختارەکە دەرگا بەڕووی «لێین» دادەخا، پاشان ژنە دەهرییبووەکەی بە خۆی و کەوگیرێکی دارین دێتەدەر تا هاوڕێکەی «لێین» دەربکا، لێرەدا «لێین» ئەوەی بە باشی بەبیرمابوو، کە دواتر چی قەوما: "ئاگرمان لە ماڵەکە بەردا."[41]

«کیستن» یەکێ لەوانەی دانیپێدانا، ئەو کردارانەی بریتانییەکان کردییان دۆخەکەیان شلۆقتر کرد، گوتی: "بە دڵنیاییەوە بەزمێکی خراپمان بە گوندەکان کرد، لە ئەنجامی ئەو کارە نەشیاوانەماندا دژایەتی زۆرمان لە دێهات بۆ خۆمان پەیداکرد."[42] لەترسی

یـــاخیبوان و لە بێئومێـــدی کردەوەکـــان، ئەم زەبروزەنـــگ و توندوتیژییەی بریتانییەکان دەستیاندایێ، گەیاندیانە بازنەیەکی پووچ و بەتاڵ. ئەو سزادانە بە کۆمەڵە پشتگیری پتری بۆ یاخیبووان لە دۆخی پێشتر پەیداکرد، ئەمە وای کرد دۆخی باندی چەتە و جەردەکان بگۆڕێ بۆ هەڵگرانەوەیەکی گشتیی. هەروەها ئەم ڕەفتارە کارێکی وەهای کرد زانیاری و دزەکردنی لەنێو ڕیزی یاخیبوواندا زۆر سەختتر بێ و پۆلیسە سادەکانی عەرەبیش پەڕاویزخران، هاندران بەڵکو خەبەر لە یاخیبووان بدەن یان هەر وردە زانیارییەک بدەن. کورتهێنان لە زانیاریی هەواڵگرییانە وای لە بریتانییەکان کرد کەمتر بتوانن سەرەداوی شتەکان لە یەک بکەنەوە.هەر زوو بریتانییەکان درکیان بەوەکرد پۆلیسی عەرەب "لە ڕەوشێکی زۆر هەراساندایە" و بڕیاریاندا تا بکرێ بەشێکی زۆریان لە هێڵی پێشەوەی ئەرکەکاندا ڕابماڵن و دەریانبکەن، بەڵام خۆ دەرکردنی هەمووان بە یەکەوە دنەیدەدان بچنە ڕیزی یاخیبووانەوە."[٤٣] هەرچەندە ڕێژەی عەرەب لە نێو هێزی پۆلیسی فەڵەستیندا ٦٠٪ بوو، کەچی بڕیاری کەمکردنەوە و لابردنیان ئاستەنگێکی دیکەی هێنایەپێشەوە. بریتانییەکان پێویستیان بە هێنانەڕیزی ژمارەی زیاتری بریتانی و جوو هەبوو بۆ نێو هێزی پۆلیس تا کورتهێنانەکەیان پڕبکەنەوە. بە بڕوای وەزیری کۆلۆنیالی دەکرا لەو بارەیەوە پشت بە جوو ببەستن. کەچی هەر وەک خۆی گوتی تاکە کێشە ئەوە بوو، لە کاتی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەدا "ئەو جووانە پەلەیان بوو تا بە یەکجاری هەرچی گوللەی بەردەستیان هەیە بهاوێژن."[٤٤]

ئەفسەرێکی گەنجی تامگێل، کە ڕایەڵەی پەیوەندی تۆکمەی هەبوو، بڕوای وا بوو وەڵام لای ئەوە. «ئۆردی وینگێت Orde

Wingate»ی کوڕە پووری کۆمسیاری باڵای بریتانی پێشوو لە میسر لە ١٩٣٦دا گەیشتە فەڵەستین، کاتێک ئەو گەیشتبوو ئەوێ، ئیدارەی بریتانیا لە هەوڵی بێهوودەدا بوو تا دۆخەکە نەبێتە مایەی هەڵگەڕانەوەیەکی سەرەتاسەریی عەرەب، تا دەهات سیاسەتی کۆچکردنی جووەکانی توندتر دەکرد. دوای ئەوەی لە ١٩٣٥دا جووەکانی ئاڵمان لە ڕەگەزنامە داماڵران، بریتانییەکان سیاسەتی کۆچی جوویان بۆ فەڵەستین توندوبەند کرد، ئەمەش بە پاکانەی ئەوەی گوایە لە وڵات مانگرتنی سەرتاسەریی و پشێوی هەیە، باری دارایی و پەیوەندییەکانی ئیفلیج کردووە.[٤٦] هەر بۆیە مەرجی هاتنەژووریان لە ١٩٣٦دا توندتر و لە بەرانبەر مۆڵەتنامەی هاتنەژوور، داوای پارەیەکی زیاتریان کرد، هەربۆیە ڕێژەی کۆچ لەم ساڵەدا بەرانبەر ساڵی پێشتر تا نیوە دابەزیبوو.

«وینگێت» وەهای نووسی، "بۆ خاتری خوا، دەی لێگەڕێن بەڵکو شتێکی شەرەفمەندانە بکەین. دەی لێگەڕێن با بەڵێنەکانمان بۆ خەڵکی جوو ببەینە سەر و کۆچبکەن و بەمە ئەهریمەنی نازی و فاشیزم بە قازانجی خۆمان شەرمەزار بکەین."[٤٧] ئەو زۆر بە پیشەسازیی جوو سەرسام بوو (ئاخر ئەو بڕوای وابوو، کە یەک جوو لە بیست و سی تەنانەت سەد عەرەبیش شایستەترە)، ئەو هەر لە خۆزاییەوە لەگەڵ حاڵەت و سەختانگی دەربەدەریی و ئاوارەیی جوو هاوسۆز بوو، چونکە ئەویش سەرلەبەری ژیانی وەک غەریبەیەک بەسەربردبوو."[٤٧] کوڕی «پلێماوس برێزەرن Plymouth Brethren» لە قوتابخانە بێزرابوو، قینیشی لە وەرزشی بە کۆمەڵ بوو، نازناوی "بۆگەن"یشی بەسەردابڕا. هەر دوای ئەوەی گەورە بوو و چووە ڕاهێنانی ئەفسەرایەتی، لەوە تێگەیشت چۆن بیچمە ناحەز و ناقۆڵایەکەی بە سوودی خۆی

بەکــاربێنێ، کــاتێکیش لە لایەن هاوڕێکــانی لە کــاتی ڕاهێنــان بە دارِسانەوە پێیانگوت بە ڕووتی بەنێویاندا بڕوا و دەستکێشەکانیان بکاتەوە، ئەویش بەلای هەموویاندا ڕابرد و بوێرانە پێیانهەڵشاخا بەڵام هیچیشی لێنەدرا. «داڤید هاکۆهن»، ئەو پیاوەی شوورەی «تیگارت»ی دروستکرد، گوتی: "ئەو چاوێکی ئاگراوی گرژ و کنجکۆڵی هەبوو، کە سەیری دەکردی دەیبڕی، ئیدی نەتدەتوانی هیچی لێبشاریتەوە یان هیچ وشەیەکی زیادەی لەبەردەمدا بڵێی."[٤٨] ئەو پیاوەش کە لە ئۆرشەلیم لەگەڵ ئەو لە نووسینگەدا بوو گوتی: "ئەو پیاوێکی دەمارگرژ. من زۆرم حەز بەچارەی دەهات، زۆر باشیش لەگەڵی هەڵمدەکرد، بەڵام دەبێ پێ لەوە بنێم کە پیاوێکی دەمارگرژ بوو."[٥٠]

«وینگێت» بۆ ئەوەی دۆخی هەڵگەڕاوان بەسەر خۆیاندا بشکێتەوە، لەسەر ئەوە پێداگر بوو، کە بریتانییەکان "دەستەی دەستوەشێنی تایبەتی شەوگەڕ" لە سەربازی بریتانی هەندێ کەسی زیادەی جوو، کە زمانی عەرەبی بزانن و بە وڵاتەکەش بەڵەد بن پێکبهێنن. ئیدی ئەم دەستانە تا دەستپێشخەری لە دەست یاخیبووەکان دەربهێنن.[٥٠] ئەوان دەبێ زۆر بە نهێنی و بە بێدەنگی بجووڵێنەوە بە باشیش لەسەر تاکتیکی بۆسەدانانەوە ڕاهێنرابن، بە دوای دەستە و تاقمی چەتەکان بگەڕێن و ڕاویان بکەن. ئەمە دەرفەتێکە تا بە دەستەوتاقمی میریی بەر بە یاخیبووان بگیرێ. ئەوەیش وەنەبێ بە تەقەلێکردن لە مەودایەکی دوورەوەبێ، بەڵکو بە شەڕی دەستەویەخە و خەنجەر و بۆمبی دەستی.[٥١]

کەچی «وینگێت» ئەوەی فەرامۆش کردبوو، کە ماوەیەکی زۆری پێدەچێ تا قەناعەت بە سەرکردەی جەردە عەرەبەکان بهێنرێ بە شەو لە ماڵ بمێنەوە. "هەموو کەسێک دەترسێ، هەموو

بیـردۆزی شــەڕەکەش ئەوە بـوو لێـدە و هەڵـێ. ئیـدی وەک هەر خەڵکێکی نەزان و سـەرەتایی ئەوانیش هـی ئەوە بـوون بتۆقێن."[٥٢] کـاتێکیش هەڕەشـەی چەتەکـان نەمـا، بەهـانەی گوندنشـینان لەسـەر بێـدەنگبوونیان نـامێنێ. لەسـەر ئەم خـاڵە، «وینگێـت» شـێلگیرانە داوای کرد، دەبێ بریتانییەکان بەرپرسیارانەتر فشاربکەن، چونکە هاوکارییەکردن تەنیا واتای ئەوەی دەگەیاند، کە لەگەڵ جەردەکان تێوەگلاون.

ڕووداوەکانیش بە هانای «وینگێت»ەوە هاتن. ڕەوشـێکی نادیار ئەوروپـای تەنیبـوو، ئـاخر لکانـدنی نەمسـا بە ئەڵمانیـاوە شـتێکی هاوشێوەشی لە نێو دانیشتوانە ئاڵمانەکانی چیکۆسلۆڤاکیا خولقاند، ئەمەش واتـای ئەوەی دەگەیانـد، کە نەدەکرا لە ١٩٣٨دا ژمارەیەکی زیـاتر سـەرباز لە فەڵەسـتیندا بڵاوبکـرێنەوە، ئەمە لە کاتێکـدا بـوو، قەیرانی چیک پێدەچوو سـەر بۆ شـەڕێکی دیکە بکێشـێ. ئەوە بوو لەو بـــارودۆخەدا، دەســـتپێوەگرتنە ئـــابوورییەکەی نەخشـــەی «وینگێت» دەسەڵاتدارانی ناچارکرد دەستیپێوەبگرن، بۆیە ڕێگەی پێـدرا ســێ دەســتە لەوانە پێکبهێنــێ تــا بە ڕووی جەردەکـــان بوەسـتنەوە و پارێزگـاریش لە هێڵـی لوولەکێشـی نەوت بـکەن لە دۆڵـی «جزریـل» لە بـاکووری فەڵەسـتیندا. بـۆ ئەوەی تـا بکـرێ دەرفەتی دزەکردنی زانیاری سـەبارەت بە بارگە و بنەی ئەوان بۆ نەیارەکانیـان کەمـبکەنەوە، «وینگێـت» نشـینگەی جـووی لە دیـوی باشـووری دۆڵەکە بـۆ بـنکەی چالاکییەکـانی خۆیـان هەڵبـژارد و بارەگای سـەرەکی خۆیشـی لە «عێن حـارود» دانـا. ئەم شوێنەشـی بە ئەنقەسـت دەستنیشـانکردبوو، ئـاخر بە گـوێرەی تەوجیل، «عـین هـارود» ئەو شـوێنە بـوو، کە «گیـدۆن/جەدعون» ٣٠٠٠ پیـاوی لێگرت تا «میدیانییەکان» تەفروتونا بکەن. «وینگێت» کە ئەو کات

خەریکـی فێربـوونی عیبـری بـوو تـا تەوجیـل بخـوێنێتەوە، لە بنەڕەتیشەوە خوازیار بوو هێزەکەی ناوبنێ "هێزی گیدۆن" بەڵام دەسەڵاتی باڵا ڕێگەیان پێنەدا.

یەکـێ لەوانەی کـاتی خـۆی «وینگێـت» هێنـایە ڕیـزی دەسـتە دەستوەشـێنەکان «مۆشـێ دایـان»بـوو، ئەو کەسـەی دواتـر بـووە ژەنەڕاڵێکـی ئیسـڕائیلی. ئەو کـات «دایـان» لە بیسـتەکانی تەمەنیـدا بوو، پێشتر ئەندامی «هاگانـا» بوو، کە ڕێکخراوێکی جوو بوو بۆ بەرگری لە خۆ کردن، ئیدی «دایان» بووە پۆلیسـێکی یەدەگ، کە بریتانییەکان ڕێگەی تفەنگ هەڵگرتنیان پێدا، کەچی لەگەڵ ئەوەشـدا «دایان» بە پێشنیاز و پڕۆژەکەی «وینگێت» سەرسام بوو. پاشـان وەهـــای نووســـی؛ "ئـــێمە بەردەوام بۆســـەکانمان لە نزیـــک سـەرەڕێگاکانی نشـینگەکانمان دادەنـا بـۆ ئەوەی بەرگـری لێبکەین، بۆســەمان لە ســەرەڕێ و دەرچەی دێــی عەرەبــان دانەدەنــا کە مـۆڵگەی تیرۆرسـتەکان بـوون."[٥٣] ئەو هەم بە «وینگێت» سـەرسـام بـوو هەم لێشـی تۆقیبـوو، ئـاخر ئەو هەمیشـە بە زمـانێکی عیبـری تێکشـکاو لە جووەکـان نزیکـدەبووە و دەمـانچەی بە دەسـتێک و تەوجیلیش بە دەستەکەی دیکەوە. دایـان گێڕایەوە: "دوای مـاوەیەک داواملێکرد ئاخاوتنەکەی بکاتەوە ئینگلیزی، ئـاخر ئەو بە عیبرییەکـی ئەوەندە سەیر و سەقەت دەدوا، تەنیا ئەو ڕستانەی لێتێدەگەیشتین کە لە تەوراتەوە دەریهێنابوون."

کـاتێکیش لە حـوزەیرانی ١٩٣٨دا ئەو دەسـتە دەستوەشـێنانەی شـەو دەسـتبەکاربوون، «وینگێـت» سـەلماندی کە سـەرکردەیەکی خـوازراو و دڕنـدەیە. جارێکیـان بە تێڵایەکـی دەسـتی تـا هێـزی تێـدابوو لە دەموچـاوی سـەربازێکی خـۆی دا، چـونکە بابـایەکە نەیتوانیبـــوو ئەسپســـوارێکی عەرەب، کە ســـایەی لەگەڵ

ڕۆژئاوابووندا تێکەڵ ببوو، بپێکێ. لە بۆنەیەکی دیکەدا، ئەو لێکۆڵینەوەی لە یەکێ لەو چوار عەرەبی دەستگیرکراو کرد و هەر لەجێدا بە مشتێک زیخ و چەوی خستە دەم و کابرا کەوت و خەریکبوو بخنکێ. کاتێکیش دیلەکە هەر ڕەتیکردەوە قسەبکا، ڕووی کردە چەکدارێکی جووی سەر بە دەستەکە "دەی گوللەیەکی پێوەنێ، چەکدارە جووەکەش دوودڵ بوو. ئینجا نەڕاندی؛ "گوێت لێنەبوو؟ دەی لێیدە"، ئەویش لوولەی تفەنگەکەی تێکرد و گوللەیەکی پێوەنا. ئەوسا ڕووی کردە سێ دیلەکەی دیکە و بەسەریدا قیژاندن؛ "دەی قسەبکەن."[٥٤] پیاوەکان بە گەڕانەوە بۆ بنکەکانیان بێزیان لەم ڕەفتارەی «وینگێت» بووەوە. ئاخر ئەو هەر بە ڕووتی لە چادرەکەی دانیشتبوو، تەوجیلی دەخوێندەوە بە فڵچەیەکیش خۆی دەخوراند یان هەروەک چۆن سێوێک بخوا ئاوەها پیوازێکی دابووە بەر قەپاڵان.

هەرچەندە ژمارەی هێرش بۆسەر هێڵی لوولەکێشی نەوت کەم بووەوە، بەڵام ئەزموونی دەستەی دەستوەشێنانی شەو زۆری نەخایاند. لە بەرایی مانگی تەممووزەوە، کاتێ «وینگێت» بڕیاریدا بەسەر باندێکی چەتە عەرەبەکاندا بدا، کە «نەزارەت»یان گرتبوو، سنووری خۆی بەزاند، ئەوە بوو بە خۆی و هێزێکی زیاتر لە ٨٠ کەسی هەر سێ دەستەکە هێرشی کرد. ئۆپەراسیۆنەکە بەهەڵە دەستیپێکرد، چونکە «وینگێت» بۆسەی بۆ گوندێکی هەڵە دانابووەوە. کاتێکیش پەی بە هەڵەی خۆی برد، بەسەر نشینگەیەکی دادا کە تاقمە چەتەکە لێییان پاڵدابووەوە، کەچی لەبەر تاریکیی شەو و پاشاگەردانیدا پەلامارەکە بە ئاگری دۆست وەڵامدرایەوە. یەکێ لە هاوڕێکانی گوتی: "دەستی بە بەشیشی یەکەم داغبوو."[٥٥] «وینگێت»یش لە بیمارخانەدا لە ڕاپۆرتەکەی

خۆیدا دانی پێدانا، کە "شتەکە پێویستی بە مشوور و ڕاوێژی زیاتر هەیە."[٥٦]

هەرچەندە «وینگێت» چاکبووەوە و گەڕایەوە سەر کاری سەرپەرشتیکردنی دەستە دەستوەشێنەکانی شەو و ڕاوەدوونانی زیاتر، بەڵام بە درەنگانێکی هەمان ساڵ کۆتایی بە کاری دەستەکان هێنرا. تا ئەو کات «وینگێت» ڕەتیکردەوە وردەکاری پلانەکانی لەگەڵ کەس بەشبکا –ئەمەش لەبەر ئاسایشپارێزی ئۆپەراسیۆنەکان- بەمەش دڵی ئەفسەرانی بریتانی لەخۆ ڕەنجاند. «وینگێت» قۆچی قوربانی زۆر لە نوشستییە گشتییەکانی سیاسەتی بریتانی بوو. پۆلیسیکی پلەباڵاش بە "ئاستەنگێکی دیار" وێنایکرد.[٥٧] ئەو گوتی «وینگێت» "بە هیچ شێوەیەک بۆ سەپاندنی قانون ئامادەنەبوو لەگەڵ هێزی پۆلیس هاوکار بێ." کاربەدەستێکی دیکەش بڕوای وا بوو، کە تاکتیکەکانی دەستە دەستوەشێنەکانی شەو "ناوبانگی گشتیی ئێمەی لە شەڕی ڕەوادا خستەبەرپێ."[٥٨] ئەوەی ڕاستیش بێ دەمێک بوو بریتانییەکان ئەمەیان پێشێلکردبوو.

لە ئابی ١٩٣٨یشدا «سێر هارۆلد ماک میکائیل Sir Harold MacMichael»ی کۆمسیاری باڵا لە فەڵەستین، بە مەحکەمییەوە تێبینیکرد، کە دەستی ئاسنینی بریتانی لە حوکمی منداتەکەدا بە تەواوی ئەنجامی پێچەوانەی بە دەستەوە داوە. سەرنجیدا دوو ساڵی پێشتر ئەو ئاژاوە و پشێویە "زیاتر بە هۆی خۆبەخشە بیانییەکان و بە یاریدەدەری فەڵەستینییەکانەوە بووە. ڕەوشەکەش ئێستا هەڵگەڕاوەتەوە."[٥٩] بریتانییەکان بە درەنگەوە لەوە گەیشتن، کە ئەگەر شەڕ لە ئەورووپا هەڵبگیرسێ، ئەوا پێویستیان بەوە هەیە ڕەوش لە فەڵەستین سەقامگیر بێ. تاکە چارەش لە ڕێگای سیاسییەوە دەهات نەوەک ڕێگەی سەربازی.

# ١٥
# خاوكردنەوەی عەرەب

هەوڵ و تەقەللای بریتانییەكان بۆ بەرپەچدانەوەی یاخیبوون لە فەڵەستین وەنەبێ هەر دانیشتوانی عەرەبی پەرگیركردبێ، بەڵكو لە ڕاگرتنی زیاتر تەشەنەسەندن و بڵاوبوونەوەی توندوتیژیدا شكستیهێنا، ئەمەش لەوەوە سەریهەڵدا، تا دەهات جوو خوازیاری ئەوە بوون، بە خۆیان جڵەوی شتەكان بگرنەدەست. هەر لە بەرایی ١٩٣٨ بە دواوە جڤاتی جوو «یشوڤ» سیاسەتی خۆبەرزەفتكردن و خۆپاریزی بەناوی "هاڤلاگا" پەیڕەوكرد. كەچی دیار بوو بریتانییەكان نەیاندەتوانی بیانپارێزن، ئەم ئاراستەیەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە مقۆمقۆی لێكەوتەوە. «ئیسحاق شامیر» كە لە ئایندی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بووە سەرەوزیر، دواتر "هاڤلاگا"ی بە كێفەڕات وێناكرد و بڕوای وەها بوو: "خۆی ئەوە كورتبینی بوو، خۆهەڵخەڵەتاندن بوو. شتێك بوو لەسەر بنەمایەكی ناشیكارانە ڕۆنرابوو... هەروەها بە ناڕەوا بڕوایان بەوە هەبوو زوو یان درەنگ ئەگەر خۆمان لە بەرانبەر تووڕەكردنی ئەوان خۆبگرین و نەجوولێین، ئەوا بریتانییەكان ئەو سۆزەی بە ئێمەیان دابوو، دەگەیەننەسەر". هەر بۆیەشە لە دژی بریتانیا دەستیان دایەچەك.[١]

یەكەمین ئاماژەی كۆكبوون لەسەر ئەوەی، سیاسەتی «هاڤلاگا» ڕوو لە دابەزینە لە ١٢ی نیسانی ١٩٣٨دا پەیدابوو، ئەوەش ئەو كاتە بوو، كە دوو پۆلیسی بریتانی لە هەوڵی پووچەڵكردنەوەی بۆمبێك سەریان تێدا چوو، بۆمبەكەش لەنێو قیتارێكدا دۆزرایەوە، كە لە لایەن كرێكارانی عەرەبی وێستگەی گواستنەوەی نەوت لە حەیفا بەكاردەهات. «هاڤلاگا» ڕێك پاش

یەک ساڵی ڕەبەق واتە لە حوزەیرانی ساڵی دواتر و دوای ئەوەی دوو جوو لە لایەن داداگایەکی سەربازیی بریتانی حوکمی مەرگیان بەسەردا درا، هەرەسیهێنا، هەر دوو جووەکەش بە تاوانی تەقەکردن لە پاسێکی سەرنشینی عەرەب تاوانبارکران، کەچی هیچ قوربانیشی لێنەکەوتبووەوە. لەو دووانە حوکمی یەکێکیان سووککرا و ئەوی دیکەش جێبەجێکرا. لە سێدارەدانی «شلۆمۆ یوسف»ی ٢٣ ساڵە لە ٢٩ی حوزەیراندا سەری بۆ تووڕەبوون و پشێوی کێشا، چونکە ئەو یەکەمین جوو بوو لە لایەن بریتانییەکانەوە لە فەڵەستین لە قەنارە بدرێ، هەروەها لەبەر ئەوەی تا ئەم خاڵە بریتانییەکان چاوپۆشییان لە هەوڵ و تەقەلالای جووەکان دەکرد بۆ لەسەرخۆکردنەوە، کە لەڕێی ڕێکخراوی بەرگرییان «هاگانا» بوو.[٢] لە سێدارەدانەکە دنەی پەلاماری تۆڵەستێنانەوەی لە لایەن «ئیرگون زڤای لیومی» دا، «ئیرگون»ش باڵی ڕاسترەوی هاگانا بوو، کە «یوسف» ئەندامی بوو.

لە ٦ی تەممووزدا دوو بۆمب لە بازاڕی حەیفا فڕێدران و ٢١ عەرەب و شەش جووی کوشتن و ١٠٦ کەسیشی بریندارکردن. لە ١٥ی تەممووزیشدا بۆمبێکی دیکە لە شەقامی «دایڤد» لە ئۆرشەلیمدا تەقییەوە، ١٠ دە عەرەبی کوشت و زیاتر لە ٣٠ کەسی دیکەشی زامدار کرد. بەوەش ڕێگە لە کوشتارگەیەکی دیکە گیرا، کە جوویێک بینی سەبەتەیەک سەوزە و میوە بەجێهێلراوە، ئیدی خەبەریدا و دواتر زانرا سەبەتەکە پڕی بۆمبە و وەهاش قوڕمیشکرابوو، کە سەعات ٨ی بەیانی بتەقێتەوە. لە ٢٥ی هەمان مانگدا دیسان بۆمبێکی دیکە لە بازاڕی حەیفا تەقییەوە و بووە مایەی کوشتنی ٥٣ عەرەب و بریندارکردنی ٣٧ کەسی دیکە. ئیدی خێرا پۆلیس و سەرباز دەوری شوێنەکەیان دا، بەڵام بە گوێرەی

ڕاپــۆرتی بریتــانی، "ئەوان بێتوانــابوون لەوەی بەر بە شــەپۆلی تۆڵەکردنەوەی عەرەب بگرن، کە لە ئەنجامدا چوار جوو کوژران و سێزدەی دیکەشیان بە بەرد و چەقۆ برینداركران و تالآن و بڕۆ و وێرانکـردن و سـووتانیش بەشـی خانومـاڵی شـوێنەکە بـوو".[٤] لە کۆتایی مانگی ئابیشـدا بۆمبێکی دیکە لە بازاڕی حەیفا تەقییەوە و ٢٤ عەرەبـی کوشـت و ٣٥ی دیکەشـی بریندار کـردن. هەر هەمـان ڕاپــۆرت وەســفی ئەوەی کــرد، کە چــۆن "لە پــڕێکەوە دەنــگ و هەراوزەنا بە چەشنی دەنگی گزۆز یان بەربوونەوەی کتێبێک لە هۆڵی سینەمایەکی پڕ حەشاماتدا، دەبووە مایەی ترسـوتۆقین. هەر بـوخچەیەکی جێهێڵـراو لە هەر شـوێنێک مـایەی گومـانە، هەروەهـا فڕێــدانی پــاکەتی جــگەرەی بەتــاڵیش لە تــڕومبێلێکەوە مــایەی بەدواداچوون و لێپرسینەوەیە."

هەڵچــوونی ئەو کــردە تونــدوتیژیانەی یەک بە یەک لە نێــوان عەرەب و جوو، بریتانییەکانی خستبووە ڕەوشـێکی زۆر سـەخت و هەراســانکەرەوە. بەر لە دوو دەیە کاتێــک «ئەلنبــی» هــاتە نێــو ئۆرشــــەلیم و ڕایگەیانـــد، کەوا دەیەوێ "سیســــتمێکی نــــوێ" لە فەڵەســـتین دابمەزرێنـــێ، «تــایمز» بە "نمــــوونەی ڕاســـتی و دادپەورەوەری" بینی، کەچی ئێستا ڕەوشەکەی وەها وەسـفکرد، کە مـۆتەکەیەکە بـۆ خـۆی، بەوەی پـۆلیس "پێویسـتە خـۆی لە دەسـت بکوژان بپارێزێ، عەرەبی میانڕەو لە دەست توندڕەوەکان، جوو لە عەرەب بپــارێزێ و عەرەبە بێزیانەکــان لە دەســـت پەلامــاری نیازکردە، کە تا ڕاددەیەک هەمووان دەڵێن ئەمە تۆڵەی جووەکانە."[٥] بە دەسـتپێکی مـانگی ئەیلوولی ١٩٣٨، کۆمسـیاری بـاڵا هەسـتیکرد، شــتێکی پێویســتە لەنــدەن لەوە ئاگاداربکــاتەوە، کە ڕەوشــەکە بە

خێرایی تێکدەچێ و گەیشتۆتە ئەو پنتە، کە سەرکردە یاخیبووەکان "زیاتر لە ئێمە ترس و شکۆ و ڕێزیان هەیە."[٦]

لە لەندەن «مالکۆلم ماکدۆنالد»ی وەزیری کۆلۆنیالی تووشی دوو گرفت ببووەوە، یەکەمیان ئەوە بوو، لەو کاتەی قەیرانی چیک سەبارەت بە هەرێمی «سودیتنلاند Sudetenland» خەریکبوو ئاگری جەنگ لە ئەوروپا هەڵبگیرسێنێ، ئیدی بریتانیا نەیدەتوانی هێزی پاڵپشت بۆ فەلەستین بنێرێ. دووهەمیشیان ئەوە بوو، خۆ ئەگەر قەیرانی «سودیتنلاند»یش بەسەربچێ، هێزی پاڵپشتی زیاتریش بۆ فەلەستین نێردرا، ئەوا ناتوانرێ هەر بە تەنیا بە هێز چارەی کێشەکە بکرێ. وەک ئەو پاش ساڵێک لێکیدایەوە؛ "کێشەی ڕاستەقینەی فەلەستین کێشەی سەربازیی نییە، بەڵکو پرسێکی سیاسییە. هێزە چەکدارەکانی ئێمە دەتوانن تەکوزیی/نیزام بسەپێنن بەڵام ناتوانن ئاشتی بپارێزن."[٧]

"کێشەی سیاسیش" بە هۆی جاڕنامەی بلفۆرەوە دروستبووە و بۆ چاککردنەوەی ڕەوشەکەش، ئەو هەوڵەی کۆمسیۆنی «پیل» دای، دۆخەکەی شەپرێوتر کرد. تا ئەو کاتەی پێشنیازی «پیل» بۆ دابەشکردنی فەلەستین لەسەر مێز بوو، تەنانەت عەرەبە میانڕەوەکانیش ڕەتیانکردەوە لەگەڵ بریتانییەکان دانوستاندن بکەن. «ماکدۆنالید»یش هەر بە خۆی ئەم شتەی تاقیکردەوە، ئەمەش لەو فڕینە نهێنییەی لە ئابی ١٩٣٨ بۆ ئۆرشەلیم کردی. ئەو بەهیوا بوو لەگەڵ گەیشتنە ئەوێ، سەرانی هەردوولای عەرەب و جوو ببینێ، بەڵام کۆمسیاری باڵا پێیگوت، ئەم شتە هی قسە لەسەرکردنیش نییە. ئەو بۆی ڕوونکردەوە، تا بریتانیا پشتگیری نەخشەی دابەشکردنەکە بکا، هیچ عەرەبێک گەر خوازیاریش بێ، لە ترسی کوشتن یان تاوانبارکردن بە ناپاکی ناوێرێ گفتوگۆ لەگەڵ

بریتانییەکاندا بکا.[٨] دیار بوو کۆمسیاری باڵا ویستبووی بەر بەو سەرنجە نەخوازراوە بگرێ، کە لە دۆخێکی وەهادا ساردوسڕی گفتۆگۆ باڵکێش بێ.

حکومەتی بریتانی کۆمسیۆنی دووهەمیشی ناردە فەڵەستین. کۆمسیۆنەکە بە سەرپەرشتی کاربەدەستی مەدەنی «سێر جۆن ودهێد John Woodhead» بوو، بۆ ئەوە نێردرابوو تا خوێندنەوەیەک بکا بۆ دەرچوون لەو ئاژاوە و پەرشووبڵاویەی کۆمسیۆنی «پیل» نابوویەوە. بەرپرسیاریی کۆمسیۆنەکە ئەو بوو، دۆخەکە هەڵبسەنگێنێ، ئاخۆ پێشنیازەکەی «پیل» مایەی جێبەجێکردنە. ئەوە بوو کۆمسیۆنەکە سێ مانگ بەنێو فەڵەستیندا گەڕا، ئەمەش لە کاتێکدا توندوتیژیی لەوپەڕی هەڵچوونی خۆیدا بوو. «ودهێد» هەر بە خۆی کاتێ سەردانی قوتابخانەیەکی لە «بیر ئەلسەبعە»دا کرد، پاکەتە چوکلاتێکی دایە منداڵێک، منداڵەکەش لێی وەرگرت و فڕێیدایە سەر زەوی، ئینجا بە کابرای بریتانی گوت؛ نابێ هیچ شتێک لە کەسێک وەربگرێ، کە هاتووە فەڵەستین دابەش بکا و خاکە هەرە بەپیت و باشەکەشی بداتە دەست جوو. ڕاستیەکەش وەها بوو، لە زۆر حاڵەتدا جووەکان توانیبوویان زورگ و گردە بەردەڵانەکان و زۆنگاوی پڕ لە مەلاریا بە ئارەقەی دەست و بازوویان بکەنە باشترین زەوی پڕ خێروبێر. کەچی وەک بریتانییەکان لێی تێگەیشتن، ئەم گۆڕانکارییە هیچ هاوسۆزییەکی عەرەبی بۆ جووەکان نەئافراند. بۆیە مایەی سەرسامی نەبوو، کە «ودهێد» لە کۆتاییدا و لەو ڕاپۆرتەی لە مانگی تشرینی یەکەمدا بۆ حکومەتەکەی بەرزکردەوە دانی بەوەدا نا؛ پێشنیازی «پیل»ی بۆ دوولەتکردنی فەڵەستین بەدوورگرت، بەڵام ئەوەشی ئاشکراکرد، کە هاوکارەکانی کۆک نین لەسەر هیچ

کـام لەو پێشـنیازە جێگـرەوانەی کە باشـتر بـن. ئەمەش بەهـانەی دایەدەست حکومەتی بریتانیا بەوەی پێویستە خۆی لە ڕاپۆرتەکەی «پیـل» ڕزگاربکـا. کەچـی دەمودەسـت بڕیـارەکەی خـۆی ئاشـکرا نەکـرد. لە خسـتنەڕوویەکی نەزۆکـانە بەوەی خـۆی لەو سـەرنجە بەدووربخـاتەوە، کە شـاڵاوی تـاقمە چەردەکانی عەرەب وای لێکرد دەسـتی خـۆی لە پێشـنیازەکەی پیـل بکێشـێتەوە، بڕیـاریدا جاڕدانی دەستهەڵگرتن لە پلانی دابەشکردن دوابخەن "تا ڕەوشـی سـەربازی ئاماژە بەوە دەدا، کە ئێمە بەسەر یاخیبووانەوە باڵادەستبین."[٩]

ڕێککەوتننـامەی «میـونیخ» لە کۆتـایی مـانگی ئەیلوولـدا هـات، ئەمەش دوای ڕاگەیانـدنی شـوومی «چـامبرلێین Chamberlain» بە نـاوی "ئاشتی لەم کاتەمانـدا"، ئەمەیـان هەر بە ڕاسـتی دەرفەتـی هەناسەدانەوەی بە حکومەتی بریتانی دا. لە مانگی تشرینی یەکەمدا کابینەی وەزیران بڕیاریدا هێزی سەربازی زیاتر بنێرێتە فەڵەستین و ڕاسپاردەکانی کۆمسیۆنی «ودهێد» لە سەرەتای مـانگی تشـرینی دووەمـــدا ڕابگەیەنـــێ. ئەو هێـــزی پاڵپشـــتەش ســـەرەتا بـــۆ کـۆنترۆڵکردنەوەی ئۆرشـەلیم بـوو، کە بەر لە گواسـتنەوە بـۆ یافـا، یاخیبووانی عەرەب بە تەواوی بەسەر شارە پیرۆزەکدا زاڵببوون.

فەرمانـدەی ئەم ئۆپەراسـیۆنانە لیـوای کەمناسـراوی ئەو کـات «بێرنـــارد مۆنتیگـــۆمری» بـــوو. ئەویـــش لەســـەر بۆچـــوونی «مـاککێرس» و «تیگـارت» و «وینگێـت» ڕۆیشـت، بەوەی گـوایە گرووپێکی کەمی ئاژاوەگێڕ بەرپرسیاری ئەو هەموو بەزم و هەرا تونـدوتیژییەن. بە بـڕوای ئەو، "ئەرکـی یەکەم لە پێشـینەی سـوپا ڕاوەدوونـان و تێکشـکاندنی دەسـتە و تـاقمە چەکدارەکانی عەرەب بـــوو. دەبـــوو بێبەزەییـــانە ڕاونرابـــان؛ کـــاتێکیش لەگەڵیـــان ڕووبەڕووببـــنەوە، بـــێ ســـێ و دوو دەبـــێ تەقەیـــان لێـــبکەین و

بیـانکوژین."[١٠] بـۆ مـاوەی ٣ مـانگی دواتـر بەرگـری تاقمەکـان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە سەرکوتکران. تازەترین ئاماری خەمڵاندن لە نێـوان سـاڵەکانی ١٩٣٦ و ١٩٣٩دا ئەوە بـوو، نـزیکەی ٥٠٠٠ عەرەب کوژرابـوون و زیـاتر لە ١٠٠٠٠یشـیان برینـدارکرابوون. بە کۆتاییهاتنی ڕاپەڕینەکە ڕێژەی ١٠٪ی پیاوە هەراشـەکانی عەرەبی فەڵەستینی کوژرابوون یان بریندار یاخود زیندانی یان نێردرابوونە تـاراوگە.[١١] ئەفسـەرێکی پـلە بـاڵای بریتـانی بە دڵمەنـدییەوە تێبینـی ئەوەی کـرد، ئەو تەڕبووشـەی لای یـاخیبووانەوە قەدەغەکرابـوو، خەریکبوو سەرهەڵبداتەوە.

هەڕەشـــەی جەنـــگ لە ئەوروپـــا، فەرەنســـای ناچـــارکرد، پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ بریتانیـا چاکبکـاتەوە. لە پـاریس حکـومەت خســـتنەڕوویەکی باشـــی وەپـــێش لەنـــدەن نـــا، لە پێشـــبینی نزیکبـــوونەوەی جەنگـــدا، بەدوای گفتوگـــۆی ئاســـتبەرزیی سـەربازییانەدا گەڕا. تـا ئەو کـاتیش حکـومەتی فەرەنسـا خـۆی لە پەســـەندنامەی پەرلەمـــانی ڕێککەوتننـــامەی ١٩٣٦ی لەگەڵ سـوورییەکان بواردبـوو، بەهـۆیەوە ئۆتۆنـۆمی پتـر دەدرایە سـوریا، ئەمەش لە بەر ئەو ترسـە بـوو، کە پێشـبینی دەکـرا مەبـادا لە پـڕ سـوریا بکەوێـتە ژێـر هەژمـوونی ئەڵمـان.[١٢] بـۆ چارەسـەرکردنی سـەرچاوەی نـاکۆکییەکی دیـکە، فەرەنسـییەکان بە نهێنیـیەوە دانوسـانیان لەسـەر ئەوە کـرد بەڵکـو لە کۆتاییـدا بەنـدەری «ئەسکەندەرونە» لە بـاکووری سـوریا بـدەنە تـورک. کـاتێکیش «لۆرد هالیفاکس Lord Halifax»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتـانی لە تشـرینی دووەم و لە کۆبـوونەوەی پاریسـدا پرسـی مـوفتی هێنایەسـەرمێز، لە لایەن فەرەنسییەکانەوە خـاترجەم کـرا، کەوا مـوفتی هەنـووکە "لەژێـر چـاودێرییەکی تونـد دایە و کەس بە

کڵاوی ناپێویّ."[13] بریتانییەکانیش گومانیان هەبوو، ئەم گفتانە ببنە کـردەوە، بەڵام «مـاککێرس» لە دیمەشـق سـەرنجی گۆڕانکـاریی گەورەی لە خواسـتی فەرەنسـییەکاندا بینـی، بەوەی دژی ئەو یاخیبووانە بجووڵێنەوە کە بنکەکەیان لە سوریایە.[14]

دەهرییبونی ناسیۆنالیستەکانی عەرەب لە فەرەنسییەکان بەوەی ڕەتیـان کردبـووەوە ئۆتۆنـۆمییەکی پتریـان بـدەنێ هاوکـات لەگەڵ ئەوەی کە خواسـتی خۆیـان بـۆ دەسـتبەرداربوون لە ئەسکەندەروونە، هەمووی بەسەریەکەوە یارمەتی بریتانییەکانی دا. بەو قەنـاعەتەی، کە فشـاری بریتانییەکـان بەرپرسـیار بـووە لەوەی فەرەنسییەکان هەڵویستێکی وەهـا ڕەق بنوێنن و ئەو بڕوایەش، کە بە کۆمەکی بریتانیا ئەوان دەتوانن سـەربەخۆیی خۆیان لە دەست فەرەنسـییەکان بسـتێنن، ئیـدی ئەم وەرچەرخـانە وای کـرد ناسیۆنالیسـتەکان پشـتگیریی خۆیـان لە یـاخیبووانی فەڵەسـتین بکێشـنەوە. ڕێـک دەقـاودەق ئەم بیرکـردنەوە، بەوەی دەکـرێ لە کۆتاییـدا بریتانیـا پشـتگیرییان بکـا، لە تێبینینـامەیەکی ئەرشـیفی بریتانی ڕوونبووەوە، ئاخر بۆ ماوەیەک «ماککێرس» مانگانە بڕە پـارەیەکی وەک بـاربوو دەدایە «جەمیـل مەردەم»ی سـەروەزیری سـوریا.[15] ئەم پـارەدانە مانگـانەیەش تەنیـا لەگەڵ هـاتنی هەوری جەنـگ وەسـتا و ئیـدی لەنـدەن بڕیاریـدا، کە گـرنگە هەمـوو چالاکییەکی دەرەکیی کونسولگەریی بوەستێنرێ نەوەک بەدگومانی لە مێشکی فەرەنسییەکاندا بوروژێنێ.

لەو نێوەشدا بریتانیا لە فەڵەستین تووشـی گێچەڵـی سیاسـەتێکی نـوێ بـووەوە، ئاگایـان لەوە بـوو، ئەگەری جەنـگ بەهەنـدهەڵگرتنی سـتراتییژییەکانیان دەهێنێـتە پێشـەوە. لە پێشـدا لە سیاسـەتی خـۆبەدوورگرتن لە جـوو ڕەنگبـێ بە دوای خۆیـدا بوغزانـدنی

حکومەتی ئەمریکا لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو دانیشتوانی جوو لە ئەمریکا ڕای گشتی لەو بارەیەوە بۆ خۆیان ڕابکێشن و بەرهۆ و لێکەوتەی لێ پەیدابێ. ئەمەش حاڵەتێکی نەخوازراوی لەناکاو بوو، هەرچەندە لە هەمان کاتدا ترس لە هێز و سەنگی ژمارەزۆری عەرەبیش هەبوو، کە سەبارەت بە سیاسەتی دەستڕۆیشتووی جوو نیگەران بوون. یەکێ لە وەزیرەکان هۆشداری دایە کابینی حکومەت: "خۆ ئەگەر لە جیهانی عەرەبدا قەیرانێکی دیکەی نەیاربوونمان لەگەڵ ئەوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ بێتەپێشەوە، ئەوا پێگە سەربازییەکەمان هی ئەوە نابێ بەرگری لێبکرێ."[١٦] نۆکەندی سوێس و هەڵقوڵانی نەوتی بێپچڕان لە لوولەکێشی نەوت لە عێراقەوە بۆ بەندەری حەیفا زۆر گرنگتر بوو لە پابەندییەکی کۆنی ٢٢ ساڵە تەمەن بۆ زایۆنیستەکان، کە لە لایەن پیاوێکەوە درابوو، دە ساڵ دەبێ مردووە. کەواتە حەوجە بەو بیست هەزار سەربازە هەیە بچنە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ باشترە لەوەی کوتکێک بن بۆ سەرکوتکردنی سەربزێوانی فەلەستین.

هەر بۆیە لە ٢٠ی نیسانی ١٩٣٩دا کابینەی حکومەت کتێبی سپیی تاوتوێکرد بەوەی گۆڕانکاریی سیاسەتی حکومەتی لە فەلەستیندا هێنایەگۆڕێ. لە بەرایی پێشنیازەکاندا، «ماکدۆنالد» دانیپێدانا، کە بەڵگەنامەکە؛ "بە دڵنیاییەوە هەندێ شتی تێدا نەدەبینرا ئەگەر هاتبا بۆمان لوابا هەموو ئاگاییمان بخستبایەسەر سەر باشترین پلان بۆ حکومەتێکی باش لە فەلەستین."[١٧] ئیدی کتێبی سپی پێشنیازی سنووردارکردنی کۆچی جووەکانی تێدا بوو، بەوەی ساڵانە تەنیا ڕێگە بە پازدە هەزاریان بدرێ و ئەم ڕێژەیەش بۆ ماوەی پێنج ساڵی ئایندە بێ، هەروەها ئەوەشی کۆتوبەندکرد

بـــوو، کە جووەکـــان نەتـــوانن زەویـــوزاری عەرەب بکـــڕن. لە کۆبوونەوەی تا ڕاددەیەک نهێنی کابینەی حکومەتدا، «ماکدۆنالد» ڕاشکاوبوو، کە بۆچی هەردوو ڕێکارەکە پێویست بوو بیگرنەبەر. وەک ئەو دانی پێدانابوو: "بۆ خاوکردنەوەی عەرەب" بوو.

«نێڤل چیمبرلین Neville Chamberlain»ی سەرەوەزیریش بە لای «ماکدۆنالد»دا شکاندییەوە، داوای لە هاوکارەکانی کرد "بە شێوەیەکی سەرەکی لە چاوی کاریگەریی ڕەوشی نێودەوڵەتی سەیری کێشەی فەڵەستین بکەن"، بەتایبەتیش "کە زۆر گرنگە جیهانی ئیسلامی پەرگیر بکەین."[١٨] ئەویش دەنگدانەوەی سەدای «ئارسەر بیلفۆر»ی پێش خۆی بوو؛ ئەوەی دوو دەیە پێشتر ڕایگەیاندبوو: "ئەگەر هاتوو ململانێیەکە شتێکی حەتمی بێ، ئەوا باشترە ململانێ لەگەڵ عەرەبدا بکەین نەوەک فەرەنسا"، «چیمبرلین»یش هەنووکە هەمان خستنەڕووی خستە بەردەم هاوکارەکانی؛ "خۆ ئەگەر دەستبەرداری لایەکیان ببین. دەی با دەستبەرداری جوو بین نەوەک عەرەب."

دوابەدوای سەرنەگرتنی هەوڵ و تەقەلالای ئاشتبوونەوە لە نێوان نوێنەرانی عەرەب و جوو لە کۆنفرانسەکەی لەندەندا، دەقاودەق کتێبی سپی لە ١٧ی ئایاردا بڵاوکرایەوە. لە تەممووزیشدا «ماکدۆنالد» هەڵپەساردنی کۆچی جووەکان بۆ شەش مانگ ڕاگەیاند. پاش سێ مانگ، ئەنجوومەنی هەمیشەیی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش سیاسەتی گۆڕاوی بریتانیای خستەدەنگ، بە چوار دەنگ لە بەرانبەر سێ دەنگدا ڤیتۆ کرا، گوایە دەفتەری سپی دژبەری خودی منداتەکەیە. بەم جۆرە کتێبی سپی بە ناقانونی لە قەڵەم درا، بەڵام تا ئەو کات دەمێک بوو کۆمەڵەی نەتەوەکان بایەخی نەمابوو. پاش ١٥ ڕۆژیش هیتلەر پۆلەندای گرت.

پاڵپشتی بڕیارەکەی بریتانی لە بنەوە بۆ عەرەب گەڵاڵەنامەیەکی سادەی تێدابوو. ئاخر کە لە جەنگی پێشتردا، عەرەب بە شێوەیەکی دژوار هاوپەیمان نەبوون، هەڕەشەی زەقوزۆپی هیتلەریش هیچ بژاردەی لەبەردەم جوودا نەهێشتبووەوە. هەروەک باڵوێزی بریتانیا لە میسر بە لەبلەبانییەکی ڕەوانبێژیانە پرسی: "جووەکان؟ دەی با کردەیی بین. ئەوان لەم ڕۆژانەدا بوونەتە گەمەی هەموو کەسێک. کەچی پێویست نییە دەستبەرداریان بین. ئاخر ئەوان دوو هەزار ساڵ چاوەڕێی نیشتمانیان کرد. ئێستاش دەتوانن هەندێکی دیکە چاوەڕێ بن تا ئەو کاتەی باشتر لە تواناماندا دەبێ یارمەتیان بدەین تا دواجار بە مافی خۆیان بگەن... ئێمە تا ئێستا خراپ لەگەڵیان نەجووڵاوینەتەوە و ئەوانیش دەبێ لەوە تێبگەن، کە داواکردنی شیری شێر[78]، نایانگەیەنێتە هیچ شوێنێک، بەتایبەتیش ئەگەر ئێمە لەم جیهانەدا تاکە دۆستیان مابینەوە."[19]

هەڵگیرسانی جەنگ لە ئەیلوولی ١٩٣٩دا بەدەر لە چاوەڕێکردن هیچ بەدیلێکی دیکەی بۆ جووەکان نەهێشتبووەوە. لەو نێوەشدا ئەوان دۆستی نوێیان پەیداکرد و لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی ڕابردووش لە دەرسە هەرە گرنگەکە گەیشتن: کاتێک لەگەڵ بریتانییەکان هەڵسوکەوت دەکەی، توندوتیژی دەیخوا.

---

٧٨ لێرەدا نووسەر ئیدیۆمێکی ئینگلیزی crying for the moonی بەکارهێناوە کە وەرگێڕانی دەقاودەق هیچ واتایەک نادا، مانای دووری ئیدیۆمەکەش داوای کردنی شتێکی مەحاڵە، پێم وا بێ ئەو ئیدیۆمە کوردییە پڕ بە پێستیەتی.

# بەشی سێیەم

# شەڕی نهێنی: ١٩٤٠ - ١٩٤٥

# ١٦
# پاشایەك لە تاراوگە

لە ئەنگـۆرەی ١٨ی حـوزەیرانی ١٩٤٠دا و هەر ڕۆژێـك پـاش ئەوەی حکومەتی فەرەنسا گوتی، کەوا لەگەڵ ئەڵمانە هێرشبەرەکان بەدوای ئاگربەستێکدا دەگەڕێن، لە ڕادیۆی بی بی سیدا پەیامێکی ئاڵنگـارانە لە دەمــی ژەنەڕاڵێکــی فەرنســییەوە بڵاوکــرایەوە، ئەو کەسـەی بە ئاستەم دەربازببوو، گەیشتبووە لەندەن. "تۆ بڵێی دوا قسە کرابێ؟ تۆ بڵێی هیوا نەمابێ؟ ئەرێ تۆبڵێی بەزین دواقۆنـاغ بێ؟" ئەمە دەنگی ژەنەڕاڵەکە بوو بە لەبلەبانییەکی ڕەوانبێژییانە و بە تـۆنەدەنگێکی سـەنگینەوە درێـژەی بە پەیـامەکە دا، ئەو کەسـەی دواتر نـاوی دەرکرد؛ "نەخێر!... بۆ ئەو فەرەنسـایەی بە تەنیـا نییە! ئەو بە تەنیـا نیـیە! ئیمپراتـۆرییەتی گەورە و گرانـی لە پشـتە. ئەو پرسـی هاوبەشـی لەگەڵ ئیمپراتـۆریەتی بریتانیـادا، کە فەرمانـدەی دەریاکانە لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوامدایە... ئەم جەنگە هەر بە شـەڕی فەرەنسـا کۆتـایی نـایە و بڕیـاری لێنـادرێ. ئەم جەنـگە جەنگێکـی جیهـانییە... چارەنووسـی جیهـان لە سـەنگی مەحەکدایە... هەرچییەکــیش قەومــابێ، مەشــخەڵی بەرگریکــارانەی فەرانســە نەکوژاوەتەوە و ناشبێ بکوژێتەوە."[١] بە دوو سێ یەکی فەرەنسا کە لە لایەن ئاڵمــانەوە داگیرکرابــوو و ســێیەکەی دیــکەش لە لایەن حکــومەتی «پیتــان ڤیشــی» بەڕێــوەدەبرا، کە نیــازی وەهــای نیشــاندابوو لە بەرانــبەر پێــدانی ئۆتۆنۆمییــدا لەگەڵ هیــتلەردا هاوکاربێ، ئینجا ئیمپراتۆرە پان و بەرینەکەی دیکەی فەرەنسـا، کە دەبــووە مەڵبەنــدی بەرەنگــاربوونەوە، ئەمە لە قســەی ژەنەڕاڵ

«چارلس دیگۆل Charles de Gaulle» دا بەرجەستە ببوو. ناوجەرگەی ئەم ستراتیژییەش ڕۆژهەڵات بوو.

«چارلس ئەندرێ جۆزیف ماری دیگۆل Charles André Joseph Marie de Gaulle»ی بەژندرێژ و خۆپارێز، ٤٥ ساڵ پێشتر لە خێزانێکی وەها لەدایک ببوو، کە هەر لە سەرەتاوە بە ڕەنجدیدەیی خۆیان لە بۆرژوازییە ئاساییەکان جیاکردبووەوە. «دیگۆل» ئەرستۆکراتییەتی کەمینە بوو: «هێنری» و «ژان»ی دایبابی پسمام و دۆتمام بوون، ژیانێکی پەرپووتانە بەڵام خۆشانازانە دەژیان. کاسۆلیکێکی دڵسۆز و شاپەرستێکی بەجۆش بوون، ئەوان نە سروودی مارسیلیزییان دەگوتەوە و نە لە ڕۆژی شکانی باستیلیشدا جەژنیان دەگێڕا.

«هنری دیگۆل» لە شەڕی فرانکۆ-پروسیدا جەنگاوە، بەڵام هەرگیز نەگەیشتە پلەی ئەفسەرایەتی. بۆ ماوەیەکیش لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا کاریدەکرد، تا ئەو کاتەی ئاراستەی حکومەت دژی دیین وەرچەرخا، ئینجا ئەویان لەسەرکار دوورخستەوە. هەر بۆیە بوو بە بەڕێوبەری دوو لە قوتابخانە جزویتییەکان[٧٩] لە پاریس، لەبەر ئەوەی قوتابخانەکان ئەهلی بوون بۆیە لە پاکسازیی حکومەت ڕزگاربوو. ئەو خوێنەرێکی تاسەمەندی ڕۆژنامەی «ئەکشن فرانسیز Française Action»ی ڕاستڕەو بوو، کە بانگی گەڕانەوەی بۆ پاشایەتی دەدا لە دژی دەستڕۆیشتنی بێگانەکان وەک جوو، پرۆتستانت و ماسۆنییەکانی لە ژیانی

---

٧٩ جزوییت: لە وشیەکی لاتینی وەرگیراوە واتای کۆمەڵگەی عیسایییەکان دەگەیەنێ. ئەمە ڕێبازێکی نێو کڵێسای کاسۆلیکەکانی سەر بە ڕۆما بوو، ئەم ڕێبازە لە ١٥٤٠ بە پەسەندبامەی پاپا پاولی سێیەمەوە دامەزراوە لە ١٦١٥شدا لە فەرەنسادا بڵاوبووەتەوە.

فەرەنسا، ئەوشانازی بە پێشینە ئەرستۆکراتەکانی خۆی دەکرد، ئەوانەی لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی مێژووی وڵاتەکەیدا ڕۆڵیان هەبووە، سەبارەت بە ئاماژەکانی دارمانی نیشتمانی، کە بە چاوی خۆی دەیبینی، ڕاشکاو بوو. وەک بەرەنجامێکیش یەکەمین یادەوەری «چارلس»یش "خۆبەدەستەوەدانی فاشودا" بوو.[٢] «دیگۆل» سەر بەماڵباتێک بوو، بەدگومانی لە بەرانبەر دوژمنە دێرینەکەیاندا، قووڵ بە ناخیاندا ڕۆیشتبوو. "ناپاکی؟" ئەمە قسەی سەرزاری «هینری دیگۆل»ی باوک بوو، کە دەربارەی بریتانیا چەندبارەی دەکردەوە. "ئەم ئاوەڵناوەش دیارە ئەوەندە بەهێزە خۆی شەرحی حاڵی خۆی دەکا."[٣]

لەبەر ئەم پەروەردەیە شتێکی سەیر نەبوو «چارلس دیگۆل» بچێتە ڕیزی سوپاوە. لە ١٩١٢دا چووە ڕیزی لەشکری(هەنگی) ٣٣ ئەو یەکە سەربازییە پیادەڕۆیەی لەژێر کۆلۆنێلی دەمەهەراش و تەوساوی «فیلیپ پیتان Philippe Pétain» بوو. هەر بە هەمان شێوەش مایەی سەرسامی نەبوو، دوای هەڵگیرسانی جەنگ لە ١٩١٤دا «دیگۆل» بریندارببێ، ئۆبالی زامداربوونەکەشی خستەسەر شانی شکستی حکومەتی بریتانی، بەوەی خێراتر نەهاتنە مەیدانی شەڕەکەوە. لە کاتی دەرچوونیشی لە ئەکادیمیای سەربازیی «سێینت سیر St Cyr» بە "خوێندکارێکی سەربازیی بەهرەبالا" وێناکرا، «دیگۆل» دەرفەتێکی سنوورداری هەبوو بەوەی لە ماوەی جەنگی یەکەمدا، تواناکانی خۆی دەربخا. ئاخر ئەو بەشێکی زۆری بە دیلی بردەسەر، ئەمەش دوای ئەوەی جارێکی دیکە بریندارببووەوە و لە «ڤیردون Verdun» لە ساڵی ١٩١٦دا بە دیل گیرا.[٤] هەر پێنج تەقەللاشی بۆ هەڵاتن لە دیلی شکستیهێنا.

دوای ئاگربەستەکەش بۆ ماوەیەکی کورت «دیگۆل» لەگەڵ پۆلۆنییەکاندا دژی ڕووسیای سۆڤیەتی جەنگا، ئەمەش بەرلەوەی بگەڕێتەوە ئەکادیمیای «سێینت سیر» و تا لەوێ دەرسی مێژوو بڵێتەوە، هەر لەوێش لەگەڵ ستافی کۆلیژەکە درێژەی بە مەشقی خۆی دا. لەوێوە بە ڕاپۆرتێکەوە دەرکەوت، کە تێیدا دوو لایەنی کەسایەتییەکەی پوخت کردبووەوە. ئەو "کەسێکی زیرەک و خوێنەرێکی جددی و خاوەن توانایەکی باش و لەبلەبان و کەمۆ بوو" بوو، بەڵام هەموو ئەو بەهرانەی بە هۆی "متمانەزۆری بەخۆی و ڕقهەڵگرتنی لە بیروبۆچوونی ئەوانی دیکە و هەڵسوکەوتی وەک ئەوەی "پاشایەک لە تاراوگە"، بەفیڕۆدا.[٥] هەر بۆیە بە شێوەیەکی ئەفسووناوی بۆ ئەو ڕۆڵەی لە ساڵی ١٩٤٠دا بانگی بۆ ڕاهێشت، لەباربوو.

هەنووکە «پیتان» بووەتە مارشاڵ و پشتی «دیگۆل»ی گرت و بە زیرەکترین ئەفسەری سوپای فەرەنسی لە قەڵەم داوە، دیگۆلیش لای خۆی، خۆ لە ڕەخنەگرەکانی دیکە نەبان کرد. ئەو لە ساڵی ١٩٣٢دا کتێبێکی چاپکرد، تێیدا نووسی: "پیاوی کارە سەختەکان دەبێ خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بێ و شاناز و توندوبەند و کەمۆ بێ."[٦] ئەوانەی ژێر سەرپەرشتی ئەو بەردەوام دەردەڵیان لەسەر لووتبەرزی و داواکارییەکانی هەبوو. کاتێکیش دەستبەکار دەبوو، هەموویان قەلاقوپیان لێدەکرد. ئیرادە و هیوای ئەوان هەروەک چۆن ئاسن خۆی بۆ موگناتیس ڕادەپسکێنێ، ئەوانیش وەها بوون.

لە کتێبی دووەمیدا پێشنیازی ئەوەی کرد، کە سوپای فەرەنسی خۆی بکاتە سوپایەکی ئامێردار و هێزی زرێپۆشی جووڵاو و گەڕۆک، هەر ئەم تەداروکەش نازناوی "ژەنەڕاڵ مۆتۆرس"ی

بەسـەرداببڕێ. کەچـی حکـومەتی فەرەنسـاش بەگـوێی ڕاوێـژەکەی نەکرد، لەبری ئەوە بە قورسی پشتی بە هێزی بەرەنگاری وەستاو: واتە هێڵـی «مـاگینۆ Maginot» بەسـت. لە ئەنجامـدا وەک چـۆن «دیگـۆل» پێشـبینیکرد، ئەوە مەتەریـزە پشـتێنە چەنـد زنجیـرەیە وەسـتاوەی دروسـتکرابوو لە بەرانـبەر هێـرش و کشـانی ئەڵمانـدا خـۆی نەگـرت و شـکا. کـاتێکیش لە مـانگی ئـاداری ١٩٤٠دا وەک فەرماندەی لەشکری چوارەمی زرێپۆش چووە نێو شـەڕەوە، لەبەر کورتهێنـــان لە ســـووتەمەنیدا پەکـــیکەوت. ئەو تاڵاونۆشـــینەی هەســـتکردن بە شکســـتی ئەو کـــاتە لەســـەر ســـووک بـــوو، کە هۆکـارکەی دۆزرایەوە.لە ٦ی حوزەیرانـدا «پـاول رێنـاود Paul Reynaud»ی سـەروەزیر، «دیگۆل»ی لەبەرەی شـەڕ کێشـایەوە و کردی بە وەزیرێکی لاوەکی، ئینجا پاش سێ ڕۆژ ناردیە لەندەن تـا داوای یـارمەتی لە «وینسـتن چەرچـڵ» بکـا. چەرچڵـیش هەر مانگێک بوو، ببووە سەروەزیر. دوای ساڵانێک لەنێو بگرەوبەردەی قـــاقڕی سیاســـەت لە ســـییەکاندا، لە کۆتاییـــدا «چەرچـــڵ» بە پـێچەوانەی پێشـبینی بـاوکی ڕەفتـاری نوانـد، گـوایە هەرگیـز شـتی باشـی لەدەسـت نـایەت، ئەوەش بە لای کەمـی لە هەلـومەرجێکی نالەبـاردا. تـازە کـردەی چـۆڵکردنی «داونـکەرکە» تەواوببـوو، لێبـڕاوانەش بە نەتەوەی گـوت، دەبـێ ئامـادەی "جەنگـی سـەر کەنارەکـان" بـێ، ئیـدی ئەو ئێسـتا بیـری لەوە دەکـردەوە، کە باڵادەسـتیی بریتانیـا لە هەوادا پـێش هێـرش و پەلامـاری دەریـایی دەکەوێت، کە فێرماختی ئەڵمانییەوە[٨٠] دەکرا.

---

٨٠ فێرمـاختی ئەڵمـانی مەبەسـت هێـزی بەرگـری ئەڵمـانییە کە لەنێـوان سـاڵەکانی ١٩٣٥-١٩٤٥ لە ئەڵمانیای نازی لە یەکگرتنی هێزی ئاسمانی و وشکانی و دەریایی پێکهاتبوو.

ئەم ســـەردانەیان یەکەمـــین ســـەردانی «دیگـــۆل» بـــوو بـــۆ ئینگلستان، کاتێکیش داوای فڕۆکەی گرانبەهای لە «چەرچڵ» کرد، بـۆی جێبەجێنەکـرد، بەڵام ئەو لە هۆکـارەکەی گەیشـت، ئینجـا بە ئارامییەوە بە سـەرۆوەزیری گوت، کە بڕیارێکی ڕاستودروستی دا، «چەرچـڵ»یـش پێیگـوت، لەبیـری ناکـا. دوای ئەوەی گەڕایەوە فەرانسە، «ڕیناود» دەستی لەکارکێشابووەوە، ئیدی ڕوون بوو، کە هیچ شتێک نییە ڕێگە لە جێگرەوەکەی واتە لە «مارشاڵ پیتان»ی مامۆسـتای پێشـووی بگـرێ، لەوەی خـۆی بەدەسـتەوە بـداو و حکومەتی بەدنـاوی «ڤیشـی» دابمەزرێنـێ، «چەرچڵ»یش تـوانی هەڵاتنی دیگۆل ڕێک بخا. کـاتێکیش «دیگۆل» یاوەری «ئێدوارد لـویس سـپیر»ی ئەنـدامی پەرلەمـان و دۆسـتی چەرچڵـی کـرد بـۆ بەردەم فڕۆکەخانەی «بۆردۆ»، دیاربوو بۆ بەڕێکردن بـوو، ئیدی کە لە تاکسـی دابەزی «سـپیرس»ەوە ڕاکێشـرایە نـاو فـڕۆکەکە. پاشـــان «دیگـــۆل» لە دانپێـــدانانێکی ســـەیر و ناســـکدا گـــوتی؛ "هەسـتمکرد وەک ئەوەی ڕووت بـم، وەک پیاوێـک لەسـەر کەنـار خـۆی ڕووتبکـاتەوە و نیـازی وابـێ لەنێـو ئۆوقیانووسـەکەدا مەلە بکا.[٧]"

«سپیرس»، «دیگۆل»ی بە "کەسێکی سەرڕاست و ڕاستەوخۆ تەنانەت توندوزبریش هـاتە پێش چـاو... پیاوێکی ڕوخسـار سـەیر، بەژنـدرێژییەکەی بەسـەر هەمـوو کەسێکدا بـاڵکیش بـوو"، لەوەش تێگەیشـت ئەو "زۆر کەمۆ"شـە.[٨] ئەو لەو ڕۆژە ناسـەقامگیرییانەی لەنـدەن پشـتی «دیگۆل»ی گرت، لە کاتێکدا «چەرچڵ»ی دۆسـتی داوایدەکرد، کە پیاوە فەرەنسییەکە دەبێ بکرێتە هێمـای بەرگریـی. دواتـــر ســـەرۆوەزیر پێشـــنیازیکرد، ئەو پیـــاوێکی تەواوعەیـــاری دەستکەوتووە، وەک نووسی؛ "ئەو گەنجێکی بە جۆش و خرۆشـە و

بە باشیش سەرنجی ڕاکێشام"، ڕاستیەکەش ئەو کات «چەرچڵ» ڕاست بوو، چونکە بژاردەی فراژیتری لەبەردەستدا نەبوو: ئاخر کەسی لەو باشتر لەبەردەستدا نەبوو.[٩] دوای ئەو کەوتنە قێزەونەی فەرەنسا، چەرچڵ پێویستی بە پیاوێکی فەرەنسی هەبوو تا بۆ بریتانییەکانی بسەلمێنێ، کەوا ئەوان وەک هەست دەکەن دابڕاو نین. هەر ئەمەش هۆکارە سەرەکییەکەی بوو، کە لە بەرانبەر دەنگی ناڕەزایی کابینەکەی سوور بوو، بەوەی ڕێگە بە دیگۆل بدا لە ١٨ی حوزەیراندا پەیامەکەی لە ڕادیۆدا پەخش بکا. ستراتیژییەکەی دیگۆلیش سەرکەوت. لێکۆڵینەوەیەکی بریتانی لە مانگی ئەیلوولدا سەلماندی، «دیگۆل» خۆشەویسترین کەسایەتی بێگانەیە، هەرچەندە ڕکابەرییەکەش توند بوو. ئاخر بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئەو لە وڵاتەکەی خۆیدا کەسێکی ئەوەندە ناسراو نەبوو.

دیگۆل لە ڕادیۆدا درێژەی بە برووسکەناردن دا بۆ گەورە ئەفسەران لە هەر بەشە کۆلۆنییەکی فەرەنسییدا، داوای لێکردن بێنە ڕیزی ئەو. کەچی ئەو هەموو پەیامانە بە تەواوی شکستیانهێنا. «دیگۆل» تێکۆشا قەناعەت بە پیاوگەلێک بکا، کە زۆر لەوان لەسەروبەندی خانەنشیندا بوون و دەیانەویست بە خۆیان و خاوخێزانیانەوە بگەڕێنەوە نیشتمان. «سپیرس» ئەوەی تێبینیکرد، کە ئەم جۆرە پیاوانە "خوازیارنین قوربانی بە بەرهەمی کارنامەی ژیانیان لە خزمەتی سەربازییدا بدەن، کە پێدەچوو سەرچڵییەک بێ، هەرچەندە شەرەفمەندانەش بێ."[١٠]

تەنانەت بۆ ئەفسەرە پلەنزمەکانیش هاتنەڕیزی فەرەنسای ئازاد ڕیسکێکی زۆر گەورە بوو. ئەفسەرێک بەم شێوەیە لە دۆستێکی بریتانی پرسی، کە داوای هاتنەڕیزی فەرەنسای ئازادی لێکرد؛ "ئایا بیرت کردووەتەوە، کە ئەمە چی بۆ من دەگەیەنێ؟ ئەگەر وەهام

کــرد ئەوا حــوکمی مەرگــم بەســـەردا دەدەن و کــاتێکیش بگیــرێم، تیربـارانم دەکەن، دەست بەسـەر موڵکومـاڵیشـمدا دەگرن، هەروەها بەم کـارەم سوێندەکەشـم دەشکێنم، ئەو سـوێندەی لە کـاتی بـوونە ئەفســـەریدا خـــواردومە، بەوەی بە دڵســـۆزییەوە لە خزمەتـــی حکـومەتی فەرەنسـادا بـم. مـن ئەم حکـومەتەی ئێسـتای فەرەنسـا پەسـەندناکەم، بەڵام خۆ ڕاستی شـتێکی دیکەیە، خۆ مـن سـوێندی ئەوەم نەخـواردووە گـوێڕایەڵی ئەو حکـومەتە بـم، کە پەســـەندم کردووە."[11] لە کۆتاییدا ئەو ئەفسەرە ئەوەشی بۆ زیادکرد، کە دوو لە کوڕەکـانی لە خزمەتـی سـوپای فەرەنسـی دان، ئەگەر کـارێکی وەها بکا، کارنامەی ئەوانیش تەفروتونادەکا.

کاتێکیش «دیگۆل» بروسکەی بۆ بەیروت بۆ کۆمسیاری باڵا و ژەنەڕاڵی فەرمانـدەی لەشـکرێکی بەهێزی فەرەنسـی لە ڕۆژهەڵات، کە لە ۳۷.۰۰۰ سەرباز پێکهاتبوو لێدا و تێیدا نووسـیبووی؛ "ئەرکی شـــەرەفمەندانە و پاراســـتنی یەکپـارچەیی خـاکی ئیمپراتـۆریەت و فەرەنســـایە"، کەچـــی داواکەی ڕەتکـــرایەوە.[12] ئـــاخر فەرمانـــدەی لەشکرەکە حەزی لێ نەبوو لە لایەن ئەفسـەرێکی پلە و پایە نزمتردا فەرمـانی بەسـەردا بکـا لە کاتێکـدا لە گیرفـانی بریتانییەکانیشـدایە. ئیدی خـۆی و کۆمسـیاری بـاڵا خێرا دوای ئەوەی «پیتـانە»وە بە ناپـاکی خەتابـارکران ڕەگەڵ حکـومەتی ڤیشـی کەوتـن.[13] چەنـد ڕۆژێکـی دواتـر خۆیـان بە هەق زانـی، ئەوەش ئەو کـاتە بـوو، کە «چەرچڵ » هەنگاوە لێبڕاوانەکەی هەڵهێنا و بڕیاری نقوومکردنی کەشـــتیگەلی فەرەنســـی دا لە «مێــرس ئەلکەبیــری» جەزائیــری فەرەنسـیدا، ئەمەش لە پێنـاوی ئەوەی نەکەوێتە بەردەستی ئاڵمـان. بۆردمانکردنی کەشتیگەلەکە بووە هۆی کوشتنی ۱۳۰۰ دەریـاوانی فەرەنسی، کە بووە مـایەی بە ڕەوازانین و وروژاندنی ئەو گومـانە

دێرینانەی لەنێو فەرەنسییەکانی ڕۆژهەڵات[81] سەبارەت بە مرخ لێ خۆشکردنی بریتانیای نەیاریان لە ئارادا هەبوو.[14] هەروەها ئەم ڕووداوە ئەرکی دیگۆلیشی قورسکرد. تەنیا «جۆرج کاتیرۆکس»ی یاریدەری ژەنەڕاڵ «گۆرۆ»ی یەکدەست، کە ئەو کات ببووە کۆمسیاری باڵای فەرەنسی لە هیندی-چینییدا بە تاسەوە وەڵامی ئەرێیانەی دیگۆلی دایەوە. «کاترۆ» دیگۆلی بە شێوەیەکی تایبەتی دەناسی، ناسینەکەش بۆ ئەو کاتە دەگەڕایەوە، کە لە ئۆردوگای دیلەکانی جەنگی پێشوودا بە یەکەوە بوون.

کاتێک دیگۆل ڕاپۆرتی نامرادبوونی خۆی سەبارەت بە داواکارییەکانی گەیاندە چەرچڵ، ئەویش هێدمەگرتی بوو. بەر لەوەی بێتەوە سەرەخۆی پرسی؛ "ئێوە هەمووتان بە تەنیان؟ دەی کەواتە پێی لێدەنێم ئێوە بە تەنیان".[15] ئەم بڕیارە لەپڕە شڵەژانێکی لەنێو هاوکارەکانی پەیداکرد، ئەوەی دەیەویست بەڕە لە بن پێی هەر بەهەڵەداڕۆیشتنێک دەربکێشێ، بەوەی لەوانەیە بتوانن حکومەتی ڤیشی بە لای خۆیاندا ڕابکێشن. بەم جۆرە بۆ ڕۆژی پاشتر کاتێک داوای لە حکومەتی بریتانی کرد پاڵپشتی دیگۆل بن، ئەو بە وریاییەوە وشەکانی خۆی هەڵبژارد. ئەوە بوو ژەنەڕاڵ دیگۆلیان (ئەوان پێشگری بریگادی ژەنەڕاڵیان لابرد و تەنیا ژەنەڕاڵیان هێشتەوە) نەوەک هەر بە سەرۆکی حکومەت لە تاراوگە ناساند، بەڵکو وەک "سەرکردەی هەموو فەرەنسییە ئازادیخوازەکان لە قەڵەمیان دا، ئەوسا لە هەر کوێیەک بن، ئەوانەی بۆ پرسی هاوپەیمانان پشتیان پێدەبەستێ."[16]

---

٨١ مەبەست لە ڕۆژهەڵات، ئەو هێزانەی فەرەنسی بوون لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاستی، واتە وڵاتی شام.

بریتانییەکان بە کەڕەپبوونی[82] «دیگۆل» سەرسامبوون، ئەویش کاتێ شکستەکانی خۆی نەدەسەلماند، بەڵام کەمتر بایەخیان بۆ ئەوە دادەنا، کە کابرای فەرەنسی هەمان هەستی سەرسامانەی بە لای ئەوانەوە هەبوو. هەروەک «کاترۆ» بە کورتی دەریبڕی، لەو کاتەی بریتانییەکان بڕوایان بە فەرەنسای ئازاد وەک "ئامرازێکی خزمەتکردنی سیاسەتەکانیان" هێنا، فەرەنسییەکانیش بە تەواوی خۆیان جیاواز دەبینییەوە هەروەک ئەوەی "ببووژێنەوە " وا بوو.[17] دیگۆل لەو بڕوایەدا بوو وەک سەرکردەیەک بووەتە پارێزەری هەموو وڵات، لە کاتێکدا «پیتان»ی سەرۆک گێژوویژ ببوو.[18] ئەو لە ١٩ی حوزەیراندا لە ڕادیۆدا جاڕیدا: "ئەز، ژەنەڕاڵ دیگۆل، سەرباز و سەرکردەی فەرەنسیم، بە ئاگاییەوە بە ناوی فەرەنساوە دەدوێم."[19] کەچی هێشتاش بە شێوەیەکی ڕقهەڵسێنانە وەڵامی چەرچڵی دایەوە، ئەو کاتەی داوایلێکرد بەڵکو مسۆگەرینامەیەک بە سەربەخۆیی بداتە سوریا و لوبنان، بەڵام ئەو دەستی بە پێناسەی بریتانییەکانەوە گرت بۆ سنووردداربوونی دەسەڵاتەکانی، بەوەی بڵێ من هێشتا ئەو دەسەڵاتەم نییە  تا ئەم کارە بکەم.

کەوتنی فەرەنسا خۆی سووکایەتییەکی کافی بوو، بەڵام بۆ دیگۆل هەر بەقەد ئەوە مایەی بێزران بوو، کە لە پڕێکەوە پشت بە نەتەوەیەک ببەستێ یان لەسەر نەتەوەیەک بەندبێ کە هەر لە منداڵییەوە فێرکرابوو بڕوایان پێنەکا. بۆیە بڕیاریدا باشترین ڕێگە بۆ شاردنەوەی ئەو نائارامییە، وەها نمایشبکا، کە فەرەنسا سەرباری ئەو ڕەوشە نالەبارە هێشتا هەر نەتەوەیەکی مەزنە و دەبێ لە بەرانبەر هەر کەسێکیش کە هاوڕا نەبێ زۆر لامل و توند بێ. ئەو دواتر نووسی: "تەنیا لەو کاتەی خۆی بە هەڵمەتبەرێکی

82 کەڕەپ: لامل، نەسەلمێن، کەللەشەق، عیناد، ئینکێر.

سەرسەختی نەتەوە و دەوڵەت نیشانبدا، ئەوسا دەتوانێ پشتگیریی لە نێو فەرەنسییەکان وەدەستبێنێ و بیانییەکانیش ڕێزی بگرن."[٢٠]

کــاتێکیش زۆر لە هاوتــا بریتانییەکــانی نەیــانتوانی لەبەر ئەو تــاکتیکە ختــووکەدەرانەی بێــدەنگبن، بــووە دنەدەر بەوەی دیگــۆل هەمــوو کاتێک هەر وا بکا. ئەو لە مـامەڵەکردن لەگەڵ بریتانییەکان شتەکەی وەها پوختکردەوە: **"تۆ دەبێ دەست بە مێزدا بدەی، ئینجا ئەوان پاشەکشــە دەکەن."**[٢١] تەنــانەت «ســپیرس»، کە باشــترین پاڵشــــتی ئەو بــــوو، ئەوەی تێبینیکــــرد "هەر زوو ئەو لایەنە ناخۆشەویستییەی ئەو وەک ئەوەی خـاڵی لاوازی ئەو بێ، وەهـای لێکردبوو خۆشەویست ببێ."[٢٢] دیگۆل بە خۆیشی لە یاداشتەکانیدا بە چێژەوە ئەوە دەگێڕێتەوە، کە چۆن «ئەناتۆنی ئیدن Anthony Eden»ی وەزیــری کاروبــاری دەرەوەی بریتــانی، جارێکیــان لێیپرسی ئـاخۆ دەزانێ، کە بـووتە مـایەی سەرئێشـەی زۆر لەوەی "هەموو هاوپەیمانە ئەوروپییەکان بە یەکەوە". دیگۆلیش لە وەڵامدا گوتبووی: "گومانم نییە، ئاخر فەرەنسا هێزێکی مەزنە."[٢٣]

دیگــۆل بە منــداڵی خەونــی بەوە دەبینــی ببێــتە فەرمانــدەی لەشـکرێکی دووســەد هەزار کەسـی، ئەوە بـوو لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٤٠یشــدا هەولێــدا ئەو خەونەی بکــاتە ڕاســتی. پێــدەچوو مشـوورخۆرییەکەش باش بێتەوە. فەرمانڕەوا بـاڵا ڕەشپێستەکەی چـاد پشـتگیری خۆی بۆ دیگۆل دەربڕی، تەکـانی هاوشـێوەش لە کۆنگۆی فەرەنسی و گـابۆن ڕاگەیەنرا. تـا دەهـات متمـانەی دیگۆل هەورازتــر دەڕۆیشــت. بەر لە گەشتەکەشــی بــۆ «داکــار» لە ڕۆژئاوای ئەفریقا لە کارخـانەیەکی فرۆشتنی جلوبەرگی ئیستوایی بینــرا، خەریکــی سەروســەودای جلــوبەرگە، ئەمەش یەکێــک لەو دزەکردنـانەی نێـو بـاری ئاسـایش بـوو، کە دوای ئاشـکرابوون بە

کێفەڕات وەرگەڕا. لەگەڵ ئەوەی ئەو شتەش قەوما، بۆ ماوەیەک بیریکردەوە خەریکە مێشکی دەتەقێ، کەچی متمانەی بە بریتانییەکان هەر بەرنەدا. ئینجا بایدایەوە، ئەم جارەیان هەموو ئاگاهی خۆی خستە سەر سوریا. خۆ ئەگەر لەوێ لەشکری ڕۆژهەڵات بباتەوە، ئەوا دەبێتە ئەو هێزە گرنگە، کە بریتانییەکانیش ناتوانن پشتگوێی بخەن.

بریتانییەکانیش پشتگیریی ئەو چاوتێبڕینەی دیگۆلیان کرد. ئاخر کە فەرەنسییەکان لە ڕۆژهەڵاتدا بە لای حکومەتی ڤیشییدا شکانەوە، ئینگلیز زانی تووشی کێشە هاتووە. هەرهیچ نەبێ ئەو ڕۆژهەڵاتە فەرەنسییە دەبێتە پردی پەڕینەوەی شۆفارێتەکانی ئاڵمان بۆ وێرانکردنی فەڵەستین، کە لەو سێ ساڵانەی دواییدا پێیەوە هیلاک و شەکەتببوون. هەروەها لەوانەیە ببێتە بنکەیەکیش بۆ پەلاماری هەوایی سوێندخۆران بۆ سەر نۆکەندی سوێس و دابڕاندنی دامەزراوە نەوتییەکانی عێراق. لە یاداشتنامەیەکی نهێنیی وایتهۆڵدا هۆشداری بۆ سەر پێگەی بریتانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پوختکردبووەوە بەوەی: "لەوانەیە ڕەوشەکە هی بەرگریلێکردن نەبێ" مەگەر سوریا و لوبنان بکەونە بن جڵەوی دەسەڵاتێکی دۆست یان کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بریتانیا."[٢٤] زۆریش پێشتر ڕۆژنامە بریتانییەکان هەواڵی ئەوەیان نووسیبوو، لە هیکەوە لوبنانی لەبن بەرگی گەشتیارییدا بینراون، کە بە پاسپۆرتی هەنگاری و بولگاری دەگەڕان و بە ئەڵمانییەکی ڕەوانیش دەدوان.[٢٥]

هەروەها بریتانییەکان دانیان بەوەدا نا ڕەوشی ڕۆژهەڵات بۆ چارەسەرکردن سەختە، ئاخر ئەوان دەیانزانی، ئەگەر ئەوان هەوڵبدەن ڕاستەوخۆ دەست بەسەر لوبنان و سوریادا بگرن، ئەوا ئەو ترسە کۆنینە دەوروژێننەوە، کە مەبەستە ڕاستەقینەکەیان

دەرکردنــی فەرەنســییەکانە لەوێ. مەزنــدەکردنی ڕەوشــەکەش پاڵپشــت بــوو بە ڕاســتیی ســەربازیی. ئیـدی دوای پێشـوەچوونی ئیتاڵییەکان لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولەوە لە لیبیا ڕووە و میسر، بریتانییەکان هێزی دیکەیان لەبەردەستدا نەما تا بە هێز کۆنترۆڵی سـوریا و لوبنـانی پێبکەن. بۆ مـاوەیەکیش ژێربەژێر پەیوەندییان لەگەڵ فەرەنسای ڤیشی لە لوبنان و سوریا هێشتەوە بەڵکو بە لای خۆیانـدا ڕایانکێشـین، بەڵام شکسـتهێنان لەم هەوڵەدا هێزوگـوڕی دایە دەست ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدا بوون هێڵێکی توندتر لە بەرانبەر سـوریا و لوبنـان بگرنەبەر. لە سـەروبەندی کۆتـایی ئـابی ١٩٤٠دا، حکــومەتی بریتـــانی بڕیاریـــدا ڕێگەبـــدا بەڵکــو فەرەنســـییە ئازادیخوازەکان کودەتایەک بکەن و حکومەتی ڤیشی لە ڕۆژهەڵات بڕووخێنن. بۆ ئەم مەبەستەش «جۆرج کاترۆ» وەک پیاوی هەرە پێشـەوەی مەیـدان لێگیـرا، چـونکە کارنـامەیەکی دوورودرێـژی لە ڕۆژهەڵاتدا هەبوو.

«کاترۆ»یش لە ئەزمونی خۆی سەبارەت بە نەیارێتی بریتانی- فەرەنســی لەســەر ئەو هەرێــمەی ڕۆژهەڵات، لەگەڵ بۆچــوونی بریتانییەکــان هــاوڕا بــوو، کە گــرنگە ئەوە ببینــرێ فەرەنســییە ئازادیخوازەکــان بەبــێ پاڵپشــتی بریتانییەکــان ســوریا و لوبنــان ببەنەوە. بۆ بەدبەختیش ئەم نیازکردەیە کاریکردە سەر دەرفەتی سەرکەوتن. ئەو دیگۆلی دڵنیاکردەوە، کە هەڵمەتەکەی سەردەکەوێ و وەهـای نووسـی: "هەر زوو کە دڵنیـابوون لەوەی دوو سـێیەکی لەشـکر و زۆرینەی هێـزی ئاسـمانییم لەگەڵـدایە ئەوا بێ دوودڵـی دەســەڵاتی ســوریا و لوبنــان دەگرمەدەســت. ئەم کــارەش لەبەر لایەنــی هۆکــاری ســـایکۆلۆژییەوە بە بــێ پشــتیوانی هێــزی بریتانییەکانەوە دەکەم."[٢٦]

گەشبینییەکەی «کاترۆ» لە شوێنی خۆی نەبوو. بە گوێرەی گەڵاڵەنامەی کونسوڵی بریتانی لە بەیروت شتەکەی بە "پیلێهەڵبڕینێکی کەڵەکە بوو"ی ئاستی پشتگیری فەرنسای ئازاد لە ڕۆژهەڵات وەسفکردبوو، ئەو پێشبینی ئەو هەنگاوە توندانەشی نەکرد، کە فەرەنسای ڤیشی لە سوریا دژی هاوپەیمانەکان گرتنیەبەر.[٢٧] «کۆلۆمبانی» بەرپرسی ئاسایشی فەرەنسی کە بە بێهوودە لە نێو فایلەکانی بەدوای یاخیبووانی عەرەب لەکنەوپشکنیندا بوو، ئەوەش ئەو کاتەی لە ١٩٣٨دا «تیگارت» سەردانی کردبوو، ئەوسا لە ڕێی ئەو فایلانە زیاتر لە زانیاری لەسەر پیاوەکانی لای خۆی نەوەک نەیارەکانیان هەبوو. کاتێکیش ئاژانەکانی فەرەنسای ئازاد ویستیان بەرتیلی بدەنێ تا کودەتا بەسەر حکومەتەکەدا بکەن، ئەوە بوو کابرا چووەوە لای بەرپرسەکانی خۆی لە بەرانبەر پلە و پایەی بالاتر ناپاکی لە پیلانگێڕییەکە کرد.[٢٨] بەخێراییش ئەو ئەفسەرانەی گومانیان لێدەکرا مەیلیان بە لای دیگۆلەوە هەبێ، گەڕێنرانەوە فەرەنسا، هەروەها ئەو تۆڕە سیخوڕانەی فەرەنسای ئازادیش، کە بۆ پارە هانی «کۆلۆمبانیان» دا، زۆری پێنەچوو ڕاپێچکران. هەردووکیان هەم کۆمسیاری بالا و ژەنەڕاڵی فەرماندەی هێزی ڕۆژهەڵات بانگکرانەوە پاریس و «هێنری دینتز»یان لە جێگەدا دانرا، «هێنری»یش ئەو ئەفسەرە بوو، کە پێشتر لە شەڕی دروزەکاندا سەرۆکی دەستەی هەواڵگری بوو لەژێر فەرماندەیی «سارایل» دا. «دێنتز» لەگەڵ «سارایل» کە کاتی خۆی بانگکرابوونەوە پاریس، بە ڕوونی بۆچوونی خۆی دەربڕی. ئەو بڕوای وا بوو؛ "بریتانییەکان نوێنەرایەتی ئەو شتانە دەکەن، کە ئێمە وێران دەکەن، ئەوانیش: سیاسەتی دیموکراسییەتی ماسۆنی و فەندی دارایی

جوولەکەیاتی ساکسۆنین. ئەوان نوێنەرایەتیی ڕابردوو دەکەن، هیچ شتێکی بنیاتنەرانە نین."[29]

بە گەیشتنە مانگی کانونی یەکەم، «کاترۆ» هاتەڕایێ، کە جارێ لە ڕۆژهەڵاتدا هیچ دەرفەتیک بۆ کودەتا لەگۆڕێدا نییە. لە برووسکەیەکدا بۆ دیگۆل نووسی؛ "سوریا میوەیەکی تاڵە نایەوێ پێبگا" و لە ئەنجامدا دانیپێدانا؛ کە "ئێمە تەنیا بە هێز زەفەریان پێدەبەین."[30] کێشەکەش هەردوو پیاوەکە دەیانزانی، ئەوان تا ئەو کات هێزێکی وەها کاریگەریان بۆ ئەم ئامانجە لەبەردەستدا نەبوو.

تا ئەو دەمە بریتانییەکانیش لەو بارەدا نەبوون ئەو کورتهێنانە پڕبکەنەوە. لە میسریش «ئارشیبالد ویڤل Archibald Wavell» سوپاسالاری هێزی بریتانی لە ژێر فشاری تونددا بوو. "ئەو لە هەموو شتێکی کەم بوو ئازایەتی نەبێ"، لەو کاتەی «ویڤل»شەڕی ئیتاڵییەکانی دەکرد، بەتەما نەبوو بەرەیەکی نوێی جەنگ بکاتەوە، ئاخر ئیتاڵییەکان لە لیبیا و خاکی حەبەشەوە هەڕەشەیان لە میسر دەکرد.[31] هێشتا دوای ئەوەی لە هەردوو بەرەوە چۆکی بە ئیتاڵییەکاندا دادابوو، دژی هەر کردەیەک لە سوریادا بیکا. هەر بەڕاستیش، ئەو مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، کە بەزاندنی ئیتاڵییەکان دنەی "ئەفسەرانی فەرەنسای ئازادیخواز لەنێو پلەدارەکانی سوریادا بدا و بیانخاتە جموجۆڵەوە"، کە ببێتە پاکانەیەک بۆ خۆدوورگرتن."[32]

دیگۆل لە ترسی ئەوەی مەبادا «کاترۆ» جێگەکەی پێ لەقبکا، لە یەکی نیسانی ١٩٤١دا بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشەکە خۆی گەیاندە قاهیرە. یاوەری ئەویش لەو گەشتەدا «سپیرس»ی پاڵپشت بوو وەک ئەفسەری بریتانی پاشکۆ. «سپیرس» هەرزوو بڕیاریدا، کە «ویڤل» لە "بەهەشتێکی دەبەنگییدا دەژیا"، چونکە ئەو قسەکەی حکومەتی ڤیشی لە سوریای بەهەند هەڵگرتبوو، گوایە یارمەتی

ئاڵمـان نـادەن.[٣٣] ئەو و دیگۆل بەڕاسـتی ترسـان لەوەی فەرەنسـای ڤیشـی خێـرا ملکەچـی داواکـاریی ئاڵمانەکـان بێ تـا ڕێگەیـان بـدرێ هێــزی فڕۆکەوانیــان، فڕۆکەخانەکــانی فەرەنســا لە ڕۆژهەڵات بەکاربهێنێ.

تا ئەو کاتەی «سـپیرس» ڕەوشـەکەی «ویێڤل»ی هەڵسـەنگاند، زنجیـرەیەک ڕووداو قەومـان، ناچـاریکردن بجەنگن. لە ٢ی نیسـاندا و پـاش مانگێـک لە پڕوپاگەنـدەی ئاڵمـان لە عێـراق، ئەفســەرێکی ناسیونالیسـت بە نـاوی «ڕەشـید عـالی گەیلانـی» دەسـتی بەسـەر دەسـەڵاتی بەغـدا داگـرت. بـۆ ڕۆژی پاشـتر ژەنەڕاڵە نایـابەکەی هیـتلەر «ئێـروین ڕۆمـل Erwin Rommel» دەسـتی بەسـەر بەنغـازی، کەنـاری لیبیـادا گـرت و لەشـکری شەشـەمی ئاڵمـانیش پەلامـاری گریک(یۆنـان) و یۆگسـلافیای دا. لە مـاوەی یەک هەفتەدا یۆگسـلافیا خـۆی بەدەسـتەوە دا و کـاتێکیش گریـک لە ٢٤ی مانگـدا خـۆی بەدەسـتەوەدا، چـارەکێکی لەشـکرە بەهێـزەکەی بریتانیـا کە ٥٥.٠٠٠ سـەرباز دەبـوون، کە بـۆ پاڵپشـتی ئەو وڵاتە نێردرابـوون ئەوێ، بەدیل گیران.

«سـپیرس» هیـوای وا بـوو، ئەو کۆنفرانسـەی لە ١٥ی نیسـان لە قــاهیرە دەبەســترا ڕەوشــی ســوریا تاتوێبکــا و لەوانەیە ببێــتە ئــابلۆقەیەکی تونـد لەســەر کەنـاری ڕۆژهەڵات، بەڵام شـتەکە لەو کـاتەدا بە هەڵەدا ڕۆیـی، ئەو کـاتەی لە تـرس و تۆقینـدا «کـاترۆ» پێشنیازیکرد، بەڵکو هێزی بریتـانی ڕەوانەی ئەوێ بکرێ و دەست بەســەر ســوریا و لوبنانـدا بگـرێ. بەسـەرقاڵبوونی بریتانییەکـان بە شوێنی دیکەوە، ئەم داخوازییە "کە ئەسـتەم بـوو بەدیبـێ"، هەروەک یەکێ لە ئامادەبووانی هێنایە قسە، وای لە فەرەنسـای ئـازاد کـرد بە تەواوی لە ڕەوشـەکە بەدووربن. ئەمەش بووە هۆکـار بـۆ بارەگـای «ویێڤل» تا ماوەیەکی زیاتر سوریا پشتگوێبخا.[٣٤]

ســـــەرباری ئەمە، ئەو ڕووداوانەی لە عێـــراق بەرپـــابوون، دەســـتبەجێ زەنگـــی هۆشـــداری لێـــدا. دوا بەدوای کودەتـــاکەی «ئەلگەیلانی»، بە شێوەیەکی کردەیی باڵوێزخانەی بریتانیا لە بەغدا ئـابلۆقەدرا و هێـزی ئاسمانی پاشـایەتیش کە بنکەکەی لە حەبانییە بـوو، کە کەوتبـووە نێـوان پـایتەختی عێـراق و ڕێگەی لوولەکێشـی نەوت بۆ حەیفا، هێزی نەیاری عێراقییەوە ئابلۆوقەدرا. «وێیڤل» داوای لە حکومەت کرد بەڵکو لەگەڵ «ئەلگەیلانی» بگەنە ڕێککەوتن و پێویسـت بە ناردنی هێز نەکا، بەڵام کاتێک شـەڕ لە دەوروبەری فڕۆکەخانەکەدا قەوما، ئیدی کار لە کار ترازا. لە ٤ی ئایاردا لەندەن بە ژەنەراڵی گوت؛ "ئێمە هیچ سازشێک ناکەین" و فەرمانیـان پێکرد هێـزی پاڵپشـت بنێـرێتە ئەوێ.[٣٥] یەکەی ســەربازیی «هـابفۆرس Habforce[٨٣]» خێرا خۆی کۆکردەوە بەڵکو ئابلۆقەی سـەر بنکەی حەبانییە بشکێنێ –ئەوە بوو هەر باربەرێکی لە سـەر شـەقامەکانی ئۆرشـەلیم و حەیفا بەدیکرد هێنـای- تـا هێـزەکەی بە نێو بیابانـدا بەرەو عێراق پێبگوازێتەوە. ئەو شـتە گرنگەی لە مێشـکی چەرچڵدا بـوو، پێویسـتی ئەوە بـوو "هەرچـی هێزمـان هەیە بـۆ ڕزگـارکردنی حەبانییە و کۆنترۆڵکردنی هێڵی لوولەکێشی نەوت بۆ سـەر دەریـای ناوەڕاست بەکاربهێنین."[٣٦]

ئاڵمانەکانیش بە بایەخی عێراقیان زانی بۆ بریتانیا. ئیدی دوای داوای «ئەلگەیلانـی» بـۆ ئاڵمـان بەڵکـو بەهانایـانەوە بچـن، بەرلـین حکومەتی ڤیشی ناچارکرد ڕێگە بە هێزی ئاسمانی ئاڵمانی بدا تا لە ڕێـــگەی خۆیـــان بەرەو عێـــراق، فڕۆکەخانەکـــانی ســـوریا بـــۆ

---

٨٣ هـابفۆرس: یەکەی سـەربازیی لەشـکری بەریتـانی بـوو، کە لە ١٩٤١ لە مـاوەی شەڕی ئەنگلۆ-عێراقی پێکهات و لە ماوەی هەڵمەتی سەر سووریا و لوبنـانیش کـارا بوو.

پڕکـــردنەوەی ســـوتەمەنییان بەکـــاربهێنن. کـــاتێکیش هەواڵگریـــی بریتانی ڕێگەی بە فەرمانی حکومەتی ڤیشی گرت کە بۆ «دێنتز» دەرکردبـوو، بەوەی ڕێـگەی فڕۆکەکـانی ئاڵمـــان بـدا لە وڵاتەکەدا بنیشنەوە، ئیدی زەنگی هۆشیاری لە لەندەن لێدرا. «چەرچڵ» کە تـا ئەو کـات فشـارێکی وەهـای نەخسـتبووە سـەر «وێیڤـل» تـا ڕەوشـەکە بگۆڕێ، ترسـا لەوەی نەوەک ئاڵمـان لە ڕێگەی هێزێکی ئاسـمانی بچـووک، لە ڕێـگەی گەشـتیار و یـاخیبوونی نێوخـۆیەوە دەسـت بەسـەر سـوریا و عێراقدا بگـرن."[٣٧] بەو ڕامـانەی کە دەکـرا ئەم دۆخە بە نـــاردنی سیاســـییەکی چەکـــدار بـــۆ ســـوریا چارەسەرکرابا، بۆیە لە ٩ی ئایاردا بە «وێیڤل»ی ڕاگەیاند کۆمەکی «کاترۆ» بکا تا هەڵمەتەکە دەستپێبکا و فەرمانی بە هێزی ئاسمانی بریتـانیش کـرد فڕۆکەخانەکـانی سـوریا بۆمبابـاران بکەن.[٣٨] سـتافی ئەرکـانی «وێیڤـل» بە دروسـتییەوە پێیـان وا بـوو ئەوە دوورە، کە ئاڵمانەکـــان پەلامـــاری دوورگەی کریـــت بـــدەن بەرلەوەی دەســـت بەســـەر ســـوریادا بگـرن، ئەوە بـوو ئەوان تیشـکۆی هەوڵەکانیـان خستەســەر هەڕەشــە دەسـتبەجێیەکان. هەروەهـا خەمـی ئەوەشـیان بـوو پـاڵ بە فەرەنســای ڤیشـییەوە نەنـێن بـۆ ئەوەی بە ئاســانی بکەوێـــتە باوەشـــی ســـوێندخۆرەکان، ئەمەش لە ڕێـــی بـــۆمبی دەستپێشخەرانەی چەرچڵەوە. ئەوە بوو تەنیا لە ١٢ی ئایاردا، ئەو کاتەی کونسوڵی بریتـانی لە بەیروت ڕاپۆرتی خۆی دا بەوەی ئەم بەیانییە گوێی لە دەنگی بۆمبی ئاڵمانەکان بوو لە لای ڕۆژهەڵاتەوە، ئەوسـا لە کۆتاییدا پەژرانـدی، کە نـابێ چیـدی ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ فەرەنســای ڤیشــی بـوەخرێنرێ. ئەوە بـوو لە ١٥ی ئایــاردا بۆمبی بریتانی بەسەر فڕۆکەخانە سـەرەکییەکانی سوریادا دابـاری، فڕۆکەکانی ئاڵمانیایان هەر لەسەر ڕێڕەوەکاندا تێکشکاندن.

به هـــــــاتنی ٢٠ی ئایـــــــار، -ئەو ڕۆژەی ئاڵمانەکـــــــان پەڕەشــووتوانەکانیان لە دوورگەی کرێــت دابەزانــدن- فشــارێکی یەکجار زۆر بۆ جووڵەکردن هەبوو. «سـپیرس» برووسکەی بۆ لەندەن لێدا کە بەندوباوێکی وەها هەیە، «دێنتز» هێزەکانی خۆی لە ســوریاوە بــۆ لوبنــان بکێشــێتەوە، بەمەش بۆشــاییەک لەوێ دروســتدەبێ، ڕەنگبــێ عەرەبە ناسیۆنالیســتەکان جــێگەی ئاڵمــان پڕبکەنەوە. ئینجا پێشنیازیکرد: "باشـە ئەگەر تەنیا فەرەنسـای ئازاد بەردەســت بــێ، بــۆ بەکاریــان نەهێنــین؟"[٣٩] ئەو لەو بـڕوایەدا بــوو فەرەنســای ڤیشــی لە نێــوان بــژاردەی شــەری ئاڵمــان و خەڵکانی خۆیان لە فەرەنسای ئازاد، زەحمەتە شەڕی خۆیان بکەنەوە.

ئەفسەرێکی هێزی دەریایی فەرەنسی کە لە سوریاوە هەڵاتبووە بەیرووت گوتی، کات زۆری بە بەرەوە نەماوە، کاتی جووڵەیە. ئەو پێــداگیر بــوو لەســەر ئەوەی لە میــانەی ئەو پاشــاگەردانییەدا، کە دوابەدوای بۆردومــــانەکەدا هــــات، دەرفەت هــــاتووەتەپێش. ئەو شێلگیرانە گوتی: "لە ماوەی دووهەفتە دەبێ بجووڵێین دەنا کار لە کــار دەتــرازێ."[٤٠] سوپاســالاریش لە لەنــدەنەوە ئەم دڵــخەبەردانە بە پەلەیەی قۆســتەوە. پێــی وا بــوو "دەرفەتەکە هــی لەدەســتدان نییە"، ئیدی ئەوان بە «وێیڤل»یان گوت ئەگەر دۆخەکە گونجاوە دەبــێ ڕێگە بە فەرەنسای ئازاد بدا بچنە سوریا. " دەبێ پێشڕەویەکەش بە کودەتــایەکی سیاســی لێکبــدرێتەوە، لەو کــاتەدا ئەو شــتە زۆر گرنگتــر بــوو لە کردەیەکــی ســەربازی."[٤١] کەچــی لەبەر کــورتهێنی فەرەنسای ئازاد لە هەبوونی هێزی سـەربازیی پێویسـت، ئەوان بەو بیــرۆکەیە هــاتنەپێش، لەبــری کــردەی ســەربازی بــۆ گــۆڕانە ڕیشەییەکە، پەنا بۆ بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی فەرمی (مانیفێست) ببەن.

# ١٧
# قۆناغێکی بۆگەن

«جۆرج کاترۆ» خاوەنی ئەو بیرۆکەیە بوو، کە دەکرێ فەرەنسای ئازاد بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەست بەسەر ڕۆژهەڵاتدا دابگرێ، سەربەخۆیی بداتە سوریا و لوبنان. هەروەک یەکەمین جەنگی جیهانی، ئەو کاتەی بریتانییەکان ڕوویان لە عەرەب نا بۆ ئەوەی دژی تورکەکان بوەستنەوە، بەڵێنێکی چەوریان پێدان، ئیدی ئەویش بەهیوا بوو بە بەڵێنێک لە دژی ڤیشی بابداتەوە سەر سوریا و لوبنان، بەڵام ئەوەندە هەیە، دانی بەوەدا نا، کە خستنەڕووەکە مەترسیدارە. ئەو هۆشداری دایە دیگۆل بەوەی؛ "بە دڵنیاییەوە بەڵێنەکە دەبێتە مایەی تیختیخەدانی هەراسانیی، ڕەنگە لە ڕۆژهەڵات بۆ کێشەوبێشەش سەربکێشێ، ئەو سەرئێشەیەی لەوانەیە ڕەوشەکەمان لەوێ بۆ ئاسان نەکا."[١] لەمەشدا لەسەر هەق بوو: ئاخر ئەو بیرۆکەیە بۆ ماوەی پێنج ساڵی ئایندە مۆتەکەیەک بوو بۆ سەر پەیوەندییەکانی نێوانیان.

«سپیر» ئەو ئەفسەرە بریتانییە پاشکۆیەی لەگەڵ دیگۆلدا بوو، پێی وا بوو بیرۆکەی «کاترۆ» "مسۆگەرینامەیەکی شکۆمەندانەی بۆ سەربەخۆیی ڕەهای سورییەکان بەبێ هیچ خۆپارێزییەک"، شتێکی نایابە چونکە ئەو نیگەران بوو لەوەی کاتێ فەرەنسای ئازاد لەودیو سنوور ئاودیودەبن، ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنە سورییە تووڕەکان دەبنەوە.[٢] بە پشتگرتنی ئەو بۆچوونەی «کاترۆ»، لە ١٩ی ئایاردا و لەگەڵ پێنانە نێو خاکی سوریا بە دیگۆلی گوت، بەڵکو "کۆتایی ماندات و هاتنی سەربەخۆیی جاڕبدا."[٣]

تەنیــا لە ڕەشنووســی جاڕنــامەکەدا کە «کــاترۆ» لە هەمــان ئێـوارەدا کـاری لەســەر کردبـوو دانـی بەوەدا نـا، کە لە بەرانـبەر ئاڵوێرێکـدا خـۆی و دیگـۆل بەنیـاز بـوون بـیکەنە پاشـکۆنامەی نەخشەکە. هەر لەو ڕەشنووسەدا ئەوەش هاتبوو، فەرەنسـای ئـازاد "شــاندەداتەبەر بەرپرســیارێتی کە فەرەنســا هەڵیگرتبــوو" لە ڕۆژهەڵاتیشــەوە ئەوە ڕەچـاو دەکـا سـوریا و لوبنـان بە پەیمـانی هاوپەیمــانیی بە فەرنســاوە بەنــدبن".[٤] ڕوون و ئاشــکراش بــوو «ســپیرس» ئەم ڕەشنووســەی بە دڵنەبــوو، چــونکە دوای خوێنـدنەوەی، دانەیەکـی بە شـێوازی خـۆی لـێ دروسـتکرد و لە سـەعات ١٢.٤٥ ی ڕۆژی ٢٠ی ئایـارا، واتە هەر نیـو سـەعات دوای «کاترۆ»، بۆ لەندەنی نارد.

هەروەک ئەو ساتە چارەنووسسازییەی ٢٥ ساڵ پێشتر لە نامە و نامەکـاری «مەکمـاهون» لەگەڵ «شـەریف حوسـێن»دا ڕوویـدا، پڕۆژە و پێشـنیازی فرەشـێواز پەیـدابوون، قەنـاعەتی بە بریتـانی و فەرەنســییەکان هێنــا بەوەی پێویســتە خســتنەڕووەکەیان لەگەڵ عەرەبـدا تـاوتوێبکەن. بە دەرەنگـانێکی ڕۆژی ٢٠ی ئایـار «کـاترۆ» چـووە سەرسـنووری سـوریا تـا بە نهێنـی چـاوی بە ئەفسـەرێکی فەرەنسـی هاوئـاواز بـکەوێ، کە بەنیـاز بـوو لە حکـومەتی ڤیشـی هەڵبگەڕێـتەوە و ڕەگەڵ فەرەنسـای ئـازاد بـکەوێ. کەچـی کاپیتـان «فلیبەرت کۆلێت Philibert Collet» وەک ئەوەی ڕاستەوڕاست لە «بیـو گێسـت Beau Geste'[٨٤]»ەوە هـاتبێتە دەر، هەواڵـی

---

٨٤ بیۆ گێست: مەبەست ڕۆمانێکی سەرچڵییانەی «پ.س. ورێن» لە ١٩٢٤دا چاپ بووە، باس لە سێ برای ئینگلیز دەکا، کە دزی تەڵا دەکەن و بەگوێرەی ڕەفتاری چینی بالاش دەجووڵێنەوە، ئەو دەستەواژەیە لە فەرەنسیدا واتا و هێمای بیچمێکی جوان دەدا، کە ئەنجامێکی نەزۆکی لێبکەوێتەوە.

نـامرادانەی بـۆ هێنـا.[5] بە پـێچەوانەی چاوەڕوانییەکـانی «کـاترۆ»، «کۆلێـــت» دڵنیـــابوو، کە فەرەنســـای ڤیشـــی سەرســـەختانە دەستدەکاتەوە و شەڕ دەکا. «کـاترۆ»یش دیگۆلی ئاگادارکردەوە، تەنیـا پڕوپاگەنـدە بەس نیـیە، ئیـدی بە دڵنییـایەوە لە ئێســتاوە پێویستیان بە کۆمەکی هێزی بریتانی دەبێ.[6]

سەرەتا «سپیرس» متمانەی بە زانیارییەکانی «کاترۆ» نەکرد، بەڵام کاتێـک چـاوی بە ئەفســەرە دێـرینەکەی فەرەنسـی کەوت، کە دواتـر بە خـۆی و ٢٠٠ کەسـی دیـکە لە ڤیشـی هەڵـگەڕایەوە، ڕای خۆی گۆڕی. ئەو لە «کۆلێت»وە بۆی دەرکەوت، فەرەنسای ئازاد لە سـوریا "هەمـوو شـتێکە تەنیـا خۆشەویسـت نەبـێ" و پێشـدەچێ سـوورییەکان گەرمتـر پێشـوازی لە بریتانییەکـان بـکەن.[7] هەروەهـا «کۆلێت» ئەوەشی بە «کاترۆ» گوت، کە «کاترۆ» لە نێو سـەرباز و کاربەدەسـتە فەرەنسـییەکاندا پشـتیوانییەکی وەهـای نیـیە. ئینجـا «ســپیرس» گەیشـــتە ئەو ئاکـــامە، کەوا قســـەکانی «کـــاترۆ» کاریگەرییان نییە.

ئەوە بـــوو ڕەوشـــێکی مۆتەکەئاســـا لە مێشـــکی «ســـپیرس» بەرجەسـتە دەبـوو. بریتانییەکـان پێویسـتییان بەوە هەبـوو ڕێـگەی فەرەنســای ئـازاد بـدەن تـا سـوریا بە دەسـتبهێنن بـۆ ئەوەی لەو سـەرنجە دووربکەونەوە بەوەی ئەوان تێدەکۆشـن بەڕە لە بن پێی فەرەنسییەکان دەربێنن. کەچی بۆ دەزگای هەواڵگرییـان ئەوە دیـار بوو، ئەو تێوەگلاندنەی فەرەنسای ئازاد ببێتە مایەی نەیـاربوون بۆ هەردوو لایان، بـۆ سـوورییەکان، ئەوانەی دەیانەویسـت بریتانییەکـان بێن و ڕزگاریـان بکەن، هەروەهـا بـۆ فەرەنسـای ڤیشـیش، ئەوانەی فەرەنسای ئازادیان وەک بەرەیەکی پێشەوەی بریتانییەکان دەبینی. هەروەهـــا ئەو قاوەقـــاوەش ســـەبارەت بە "مەترســـییەکی نزیـــک"

کەوتبـــووەوە، بەوەی دەکـــرێ ســـوورییەکان لەگەڵ عێراقییەکـــان یەکبگرن تا کۆنفیدراسیۆنێکی عەرەبی لە ژێر ڕاسپاردەیی ئاڵمان پێکبهێنن. ئەوەش دیار بوو گوتەی «کاترۆ» بە تەنیا بۆ ڕاگرتنی ئەم شتە بەس نەبوو.

کاتێکیش ئەو زانیارییە تێکەڵوپێکەڵانە گەیشتنە لەندەن، چەرچڵ داوای لە «ئەنتۆنی ئیدن»ی کەشخە، وەزیری کاروباری دەرەوە کرد، بە سیاسەتی خۆی لە جیهانی عەرەبدا بچێتەوە. لە ۲۷ی ئایاریشدا، «ئیدن» یاداشتنامەیەکی کورت، بەڵام چارەنووسسازی دایە کابینەی حکومەت. لە یاداشتنامەکەدا پێی لەوە نا بوو، کە ڕەگوڕیشەی ناڕەزایی عەرەب "کێشەی فەڵەستین بوو"، بەڵام وەک داوایکرد، دەکرێ بەئاسانی دۆخەکە خاوبکرێتەوە بەوەی بریتانیا بەڵێن بە سووری و لوبنانییەکان بدا سەربەخۆیی خۆیان بەدەستدەهێن، ئەمەش ئەگەر هاتوو فەرەنسای ئازادیش ئەم جۆرە مسۆگەرینامەیە ڕەتکردەوە، یان شتێکی وەهای خستبووەڕوو بەڵام شکستیهێنابوو.[۸] «ئیدن» پێشنیازیکرد: "ئێمە دەبێ خۆمان ئازاد ڕابگرین لە هەر بادانەوەیەکی فەرەنسای ئازاد بۆ عەرەبەکانی سوریا." هەروەها ئەو پشتی ئەو بیرۆکەیەشی گرت، کە حکومەتی بریتانیا لە ڕاگەیەنراوەکانی خۆیدا پشتی عەرەبەکان بگرێ بۆ بانگەوازی یەکێتی، تەنانەت بە گوێرەی بیرکردنەوەی کەسەکی ئەو پێی وا نەبوو یەکێتیی عەرەب لە تواناداا هەبێ. پاش ئەوەی کابینەی حکومەتیش شتەکەی پەسەندکرد، هەر دوو ڕۆژ پاشتر لە دوانێکی خۆی لە «مانشن هاوس Mansion House»[۸۵] پشتگیریی حکومەتەکەی بۆ هیواخوازییەکانی عەرەب نیشاندا.[۹]

۸۵ بارەگای سەرۆکایەتیی شارەوانیی (عومدەی) لەندەن.

تـازە حكـومەتی بریتانیـا خـۆی بـۆ بەدواداچـوونی سیاسـەتێك پابەنــدكرد، بــۆ ئەوەی تــووڕەیی عەرەب بە هــۆی سیاســەتی دەســەڵاتدارییان لە فەڵەسـتین خاوبكـاتەوە، پشـتگیریی خۆیـان بـۆ سەربەخۆیی لوبنان و سوریا نیشاندا.

دەسـتبەجێ «دیگـۆل» دركـی بەوە كـرد، كە حكـومەتی بریتانیـا لەسـەر حیسـابی فەرەنسـییەكان نیـازی دنەدانـی یەكێتیـی عەرەبـی هەیە و ئەمەشی هیچ بەدڵ نەبوو. كەچی لەوەش گەیشـت، بەدەر لە پەڕاندنی پـڕۆژە ڕاگەیەنـراوەكەی «كـاترۆ»، هـیچ بژاردەیەكـی دیـكەی لەبەردەسـتدا نیـیە، چـونكە بریتانیـا بەڵێنـی سـەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی داوە، خۆ ئەگەر ئەویش لە پێشدا هەمـان گێزەر نەخـاتە بەردەمیـان، ئەوا بریتانیـا عەرەب بـۆ خۆیـان كێشـدەكەن. لەگەڵ ئەوەشدا پێش جاڕنامەكەی هەوڵیدا ڕتووشـی بكـا. لە ٣١ی ئایاریـدا ئەو بـۆ لایەنگرانـی فەرەنسـای ئـازادی نووسـی و داوای لێكـردن، لەبەرئەوەی دەكـرێ ئەوێ ببێـتە مەیـدانی جەنـگ و ئەوانـیش ئەو هێــزە ڕەوایەیــان نیــیە تــا " بە تەواوی مانــدات ڕابگەیەنــین و هەڵیبوەشــێنینەوە"، بــۆیە لەبــری ئەوەدا "پێویســـتە قۆنــاغێكی گواسـتنەوە بـۆ ڕادەسـتكردنی دەسـەڵات لە ڕۆژهەڵات بێـتە دی."[١٠] هەر ئەوەنـدە دەڵێـین؛ ئـێمە هـاتووین كۆتـایی بە ڕژێمـی مانـدات بهێنــین، پەیماننــامەی دەســتەبەری ســەربەخۆیی و ســەروەری بێنینەدی." كـاتێكیش وادەی بەدیهێنـانی بەڵێنـی سـەربەخۆیی هـات، ئەوە ڕوون بوو، كە «دیگۆل» بیری لەوە كردبووە وادەنامەكە لە هــی بریتانییەكــان درێژتــر بــێ. ســاڵێكیش پێشــتر، ژەنەڕاڵە فەرەنسـییەكە بڕوای وا بـوو "مەترسـی هەرە گەورە و هەرە نزیـك

دیاره لە پشتێنەی ئیسلامییەوە دێ، کە لە تەنجەوە تا هیندستان درێژدەبێتەوە."[11]

«سپیرس» پێشبینی کردبوو، دەکرێ دیگۆل خۆی لە شتەکان بدزێتەوە و پێشنیازی بۆ بریتانیا کرد، بەڵکو دەستەبەری ئەوە بکا ڕاگەیاندنەکەی فەرەنسی بۆ پرسی تەکتیک نەبێ. هەروەها ئەوەشی کرد بیرۆکەکە بگەیەنێتە دیگۆل، بەوەی شتەکە وەک سەلماندنێکی سەرکردایەتیانەی ئەو بێ بۆ فەرەنسای ئازاد. ئەوەی پێشنیازکرد خستنەڕووی فەرەنسی بۆ سەربەخۆیی دەکرێ نمایشنامەی خودی دیگۆل سەرتربخا. کاتێکیش دیگۆل پرسی، کە بەڵێنێکی وەها لەوانەیە دۆخەکە ناجێگیربکا، «سپیرس»یش خێرا هاتە وەڵام: "خۆ ئەگەر شتەکە وەها بێ... ئایا دەستەبەربوونی بریتانیا بۆ پرسەکە دەربەست نییە؟" ئەوسا چەرچڵ بۆ دیگۆلی نووسی و دڵنیایکردەوە، کە ئەو "هیچ نیازی بۆ بەدقۆستنەوەی ڕەوشی تراژیدی فەرەنسا نییە تا سوودی خۆی لێببینێ." بەڵکو بەدوای ئەودا دەگەڕێ ژەنەڕاڵیش بە بەڵێنی سەربەخۆییەکە پابەندبێ. "منیش کۆکم لەسەر ئەوەی نابێ ڕەوشی سوریا ببێتە مایەی هەڕەشە لەسەر سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ بەڵام بۆ ئەم بابەتە پێویستە هەردوو لامان، ئەوەی دەلوێ بکەین تا عەرەب بگەنە خواست و مەرامیان."[12]

بەم جۆرە لە ٨ی حوزەیراندا، کە هێزی بریتانی فەرەنسای ئازاد لە سنوور پەڕینەوە، «کاترۆ» ڕایگەیاند، ئەو "بۆ ئەوە هاتووە کۆتایی بە ماندات بهێنێ" و بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی سوریا و لوبنان هاتووە؛ حکومەتی بریتانیاش هەمان لێدوانی دا بەوەی پشتگیریی یاریدەدەری ئەو مسۆگەرینامەیە، کە لە لایەن ژەنەڕاڵ «کاترۆ» ڕاگەیەنراوە.[13] هەرچەندە واژەی "دەستەبەری" لە

لێدوانەکە بەکارنەهێنا، بەڵام هەڵبەت بەرڕەوتەکە ڕوون و ئاشکرا بوو، هەر بەم شێوەیەش لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە. بەو جاڕدانەش، حکومەتی فەرەنسا خۆی خستە هەڵوێستێکی هەراسان. هەر کاتێکیش هەڵمەتەکە کۆتایی پێدەهات، دەبوایە بریتانیا دەستەبەریی ئەوەی بدابایە، کە فەرەنسای ئازاد سۆزەکەی خۆی بگەیەنێتە جێ. ئەوە بوو دوای بەرەبەیانی ٩ی حوزەیران، سێ بەش لە کۆماندۆ پرچەکەکانی بریتانی -کە ٥٠٠ کەس دەبوون و بە دەموچاوی لە تەنی هەڵسواو- لەسەر کەناری باشووری لوبنان نزیک ڕووباری لیتانی دابەزین. ئەو ڕووبارە زۆر لێژە کەوتبووە ٢٠ میلی سەرووی هێڵی سنووری نێوان فەڵەستین و لوبنان، ئەو سنوورەی بەر لە دوو دەیە بریتانی و فەرەنسییەکان کێشرابوو. خۆی ئەمە سنوورێکی سروشتی بوو، فەرەنسای ڤیشیش پەسەندکردبوو.

هێزی کۆماندۆی «Z» ئەرکی دەستبەسەرداگرتنی پرسی سەرەکی «قاسمییە» بوو کە لە نزیک کەناراوەکە ڕووباری لیتانی دەبڕی، دەبووایە لەوێ بمابانەوە تا لەشکری حەفتەمی ئوستراڵی دەگەیشتە ئەوێ. نەخشە بنەڕەتییەکەیان دابەزین بوو لە لای باکووری ڕووبارەکە، بۆ ئەوەی لە پشتەوە بتوانن پەلاماری سەنگەرە بەرگرییەکانی فەرەنسای ڤیشی بدەن. ئەوە بوو پلانەکە بە پەلە داڕێژرابوو و وێنە هەواییەکانی شوێنەکەش دیوی کەناراوەکەی تێدا نەبوو. وەک بەرەنجامێکیش بەشی باشووری هەر سێ بەشەکە لە دیوە هەڵەکەی لیتانی هەڵکەوتبوو، کەوتبووە پێشەوەی بەرەکە نەوەک پشتەوە، هەر بۆیە ئەوێ کەوتە بەر ئاگری چڕی چەکەکانی دوژمن.

فەرمانـدەی مەڵبەنـدی هێـزی کۆمانـدۆی Z «ڕیچـارد پیـدەر Richard Pedder» تووشی بەرگرییەکی توند بووەوە. گەیشتنی دیگۆل چەند ڕۆژێک پێشتر وەهای لێکەوتەوە، بەوەی کۆماندۆکان لە ژێر ڕەحمەتی گوللەدا خۆیان بگەیەننە کەناراوەکە. دوای ئەوەی چەند فەرەنسییەکیان گرتن، کە هێشتا هەر بە بێجامە بوون، ئیدی لەوێوە بەرەو مۆڵگە و تۆپخانەی فەرەنسییەکان ڕۆیشتن. سەرەتا دەستیان بە سەر تفەنگی یەکەمدا گرت و ئینجا بایاندایەوە سەر ئەوانی دیکە، بەڵام لە کاتی هەڵاتن بەرەو لای باشوور «پیدەر» پێکرا و و کوژرا و ئەفسەرێکی دیکەش بە گوللەی قەناسێکەوە، کە خۆی لە نێو داروپرچک حەشاردابوو بە سەختی بریندار بوو. لە دواییدا هێزەکەی لای باکوور توانی ڕێگەی خۆیان بەرەو لای باشوور بکەنەوە و تا سەربازگەی سەر ڕووباری لیتانی ناچاربکەن خۆیان بەدەستەوەبدەن. هەمووی بەسەریەکەوە، زیانی هێزی کۆماندۆکە بە کوشتن و بریندارەکانەوە یەک چارەکی هێزەکەیان بوو. ئەوانەی مابوونەوە بۆ ڕۆژی پاشتر هێزەکەی ئوسترالی ڕزگاریکردن.

ئوسترالییەکان بەشێک بوون لە هێزی "ئۆپەرێیشن ئێکسپۆرتەر Operation Exporter"، ئەو هێزە دووسەرەی «وێیڤل» پێکی هێنابوو تا تەڕدەستانە بەیروت و دیمەشق بگرن، ئەوان بەسەر هەموو ئاستەنگەکانی بەرەی ڕۆژهەڵاتدا هاتبوون. لە هەفتەکانی پێشتردا «وێیڤل» ئەو هێزەی لە ئوسترالی، بریتانی و هیندی و سەربازی فەرەنسای ئازادەوە بەیەکەوەنابوو، خستبوونیە ژێر فەرماندەیی «جومبۆ ولسن Jumbo’ Wilson»ی فەرماندەی مێتلاند، ئەو ژەنەڕاڵە خۆشەویستە چوارشانە کەتەیەی، کە قایشی پشتی نەدەگەیشتەوە سەر یەک. کاتێک «جومبۆ» گەیشتە

ئۆرشـــەلیم و فەرمانـدەیی هێـزەکەی وەرگـرت، هەروەک پشـیلەی «شیشـایر» مسـکە بـووەوە بە تاسـەوە گـوتی: "گەلـی جـوامێران، دەترســـم کێشـــەی زۆروزەوەنـــد هەبـــن!"[١٤] ئەم خـــۆگریی و حەوسەڵەدارییە بۆ ئۆپەراسیۆنێکی کەمتێچووی وەها لەباربوو.

بەیروتـی پـایتەختی ڕژێمـی ڤیشـی لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەشـــی بـــاڵی چەپـی هێـزە پێکهـاتووەکەی ئوسـترالی بـوو، کە پێشقەرەوڵی لەشکرە تازە پێکهێنراوەکەی «وڵسن» بوو، لە کاتێکدا دیمەشق بەشی باڵی دەستەڕاستی هێزەکە بوو، لە لەشکری هیندی و بەشـێک یەکەی سـوارەی یەکەم و شـەش بەتـالیۆنی فەرەنسـای ئازاد لەژێر فەرماندەیی ژەنەڕاڵ «لیگنتیلهۆم Legentilhomme» پێکهاتبوو. جێگرەکەشی نـاوی «پیرێ کوینگ Pierre Koenig» بـوو، کە بە دەسـتەواژەی "ئینگلیـزی خوێنـاوی" ناسـراو بـوو، هەر تەنیـا ئەو دوو وشـەی بەم زمـانە دەزانـین.[١٥] «کوینگ» بە تەواوی مەبەسـتی لە دەربـڕینەکە جـدی نەبـوو، بەڵام ڕاسـتییەکە وەهـا مـایەوە، کە فەرەنســای ئـازاد توانیـان تەنیـا هەر نیـوەی هێـزە پێویستەکە بەکاربهێنن، چونکە لە ئامرازی گەیاندن و گواستنەوەی بریتانییان کەم بوو.

بریتانییەکـان ڕەچـاوی بەرگرییـان نەدەکـرد. ئـاخر دیگـۆل پێـی گوتبـوون، لە لایەن فەرەنســای ڤیشـییەوە ڕووبەڕووی کەمتـرین بەرگری دەبنەوە، چـونکە "هەر زوو ویسـتی شـەڕیان لا نـامێنێ".[١٦] ئیدی بریتانییەکان بۆ دڵنیابوون لە نیازپاکی خەڵکەکە، تەنیا پشتیان بە جاڕنامەی «کاترۆ» بۆ سـەربەخۆیی خەڵکەکە نەبەست، بەڵکو ژێربەژێـر خەڵاتێکـی ٢٠٠.٠٠٠ پاوەنییـان بـۆ سـەرانی دروز و بەدووەکـانی عەرەب لەنێـو سـوریادا نـارد. بـۆیە کـاتێ هەردوو سـەرەی مقاشـەکەی هێزی هاوپەیمـان لە ٨ی حوزەیرانـدا پێیاننـایە

سـەر خـاکی فەرەنسـییەکان، ئەوان شـتێکی وەهایـان کـرد "بەوەی خۆیان لە بن بەرگێکی دیکە بشـارنەوە، گوایە وەک پۆسـتەچییەکان خەریکـی گەیانـدنی نـامە و پەیامەکـانن، بـۆیە بە شـەقامەکاندا بڵاوبوونەوە."[١٧] فەرمان بە ئوسـتراللییەکان کـرا خـودە سـەربازییەکە بە شەپقەیەکی سووکتر بگۆڕن.

بەرایـی پێشـڕەوی هێـزەکە هەروەک پێشـبینییەکانی دیگـۆل بە ئاسـانی چووەسـەر. کـاتێکیش ئوسـتراللییەکان لە سـنوور پەڕینەوە، یەکەمـین فەرەنسـی کە چاویـان پـێکەوت لە پۆلیسـخانەیەکی سەرسـنوور بـوو، هێشـتا هەر لەنـاو نـوێنی نوسـتندا بـوو. لە لای دەستەڕاستیشەوە، لە ڕۆژی یەکەمی پێشڕەوییەکەدا هێزی بریتـانی بۆ نیوەڕۆ گەیشتە شاری «درعـا». وەک هیوایـان خواسـتبوو، هەر خێـرا دروزەکـان پشـتگیریی خۆیـان بـۆ دەربـڕین و ئەو ئەفسـەرە فەرەنسـییە بەرپرسـیارەی سـەر دووڕیـانی وێسـتگەی بە یەکبەسـتنەوەی هێڵـی ئاسـنینیش خێـرا هەڵـگەڕایەوە. کـابرای فەرەنسـی دۆخەکەی خـۆی ڕوونکـردەوە، لەو کـاتەی بەتەمـابوو بەرەو باکوور هەڵبێ، تایەکەی پێشـەوەی ترومبێلەکەی دەرچـوو و پەکـیکەوت، ئیـدی چارەسـەرەکە زۆر ئاسـان بـوو؛ "دەسـتبەجێ بووینە یەکێک لە فەرەنسای ئازاد!"[١٨]

«هارۆلد داهل Roald Dahl» کە وەک فڕۆکەوانێکی فڕۆکەی «هوریکان» لە هەڵمەتەکەدا بەشداربوو، لە یاداشتەکانیدا گێڕایەوە، کەوا فەرەنسـای ڤیشـی ئامادەکـاری بە بەرگریکـردن و ڕووبەڕووبـوونەوە نەکردبـوو. گێـڕایەوە کە بە فڕۆکەکـی نێـردرایە سـەر فڕۆکەخـانەی ڤیشـی لە «ئەلریـاق» تـا خـاپووری بکـا، لە یەکەمـین فڕینـی نزمـی بەسـەر فڕۆکەخـانە نـاوبراوەکەدا شـتێکی سەرسامی بینی؛ چەند کیژێک لە بن فیستانی لۆکەیی ڕەنگین لەوێ

لای فڕۆکەکـان بە خۆیـان و پێکـی شـەرابی دەسـتیان وەسـتابوون، دیـاربوو لەگەڵ فـڕۆکەوانە فەرەنسـییەکان دەیـانخواردەوە، لەبیـرمە کە ئـێمە دەرکەوتـین ئەوان بە خۆیـان و پێکـی شـەرابەوە لەسـەر لاباڵی فڕۆکەکە دانیشتبوون."[19] کاتیش بەیانی یەکشەممە بوو "دیار بـوو فەرەنسـییەکان لەگەڵ کچەکـان ڕایانـدەبوارد و فڕۆکەکانیـان نیشانی کچەکان دەدا، ئەوەش نموونەی شتێکی فەرەنسـی بـوو، کە لە بەرەی پێشـەوەی شـەڕدا وەهـا بجـووڵێنەوە. ئیـدی هەریەک لە ئێمە سەرەتا لە ڕیزی یەکەمی فڕۆکەخانەکەی دا، چەند سـەیر بـوو هەر کچ بوو پێکەکەی فڕێدەدا و تا هێزی تێدا بوو بەرەو نزیکترین باڵەخـانە ڕابکـا... هەر لەوێ پێـنج فڕۆکەمـان لەسـەر زەوی تەخـت کردن."

کەچـی هیـوای ئەوەی هێرشـەکە بەسـەلامەتی و بـێ بەرگـری بەڕێـوە بچـێ، ڕاسـت دەرنەچـوو، ئـاخر کە هەردوو سـەری مقاشـەکەی هێـزی «وڵسـن» ڕووبەڕووی بەرگرییەکـی چڕوپـڕ بـوونەوە. لە لای دەسـتە چەپـی هێـزەکەی ئوسـترالی، کە ڕێـگەی خۆیـان بەرەو دۆڵـی «مەرج عیون»ی گەورە شـاری سـەر لیتـانی، ڕووبەڕووی گوللەی چروپڕی ڕەشاشـی دوژمـن بوونەوە. هەوڵـی ئەوان بـۆ خـاوێنکردنەوەی دۆڵەکە ڕووبەڕووی بەرگرییەکـی سـەخت بـووەوە. لە یەکێک لە گوندەکانـدا "نـارنجۆک بە نـارنجۆک وەڵامـدەدرایەوە."[20] لە دەسـتە ڕاسـتی هێزەکەشـدا، واتە هێـزی بریتـانی لە ڕێگەیـان بەرەو دیمەشـق ڕووبەڕووی هەمـان بەرگریی سەخت بوونەوە. ئەفسەرێکی پلەبالای بریتانی وەها ڕاپۆرتی دا: "لە مەیدانـدا زرێپۆشـی فەرەنسـای ڤیشـی بەرگری لە هاتنەپێشـی هەر بستێکی پێشرەوی ئێمە دەکرد."[21]

ئەمە سەرساميیەکەی دڵخۆشکەر نەبوو. لە کاتێکدا «سپیرس» ئەوەی ڕەچاودەکرد، کە فەرەنسای ڤیشی بە شێوەیەکی پاسیڤانە ڕێگە بە ئاڵمانەکان دەدەن فڕۆکەخانەکانیان بەکاربهێنن، بەڵام هەرگیز ئەوەی ڕەچاونەدەکرد بەم چەشنە توندە بەرگری لە پێشرەوی هێزی بریتانی و فەرەنسای ئازاد بکەن. کەچی حکومەتی ڤیشی فەرمانی بە سەربازەکانی دابوو بەرگریبکەن و دەستیانبکەنەوە، هەروەها بە ڕۆژنامەکانیشیان کە بانگەوازی دەستکردنەوە و لە دژی دوژمنی دێرینەمان بدەن و شکۆمەندی سەربازییمان بپارێزن.[22] ڕۆژنامەوانی پێشەنگی ڤیشی ڕایگەیاند: "پارێزگاری لە هەر بستێکی خاکی سوریا پارێزگارییە لە مەیدانی سەرەکی فەرەنسا. هەر دڵۆپە خوێنێکی ڕژراوی فەرەنسی لە سوریا بەشێکە لە شەرەفی نیشتمانی گەڕاوەمان."[23] لە سایەی کاریگەریی پڕوپاگەندەی «داونکەرک» و «میرسی ئەلکەبیر»دا، فەرەنسییەکان لە لای ڕۆژهەڵاتەوە سەرسەختانە جەنگان.

تێکەڵبوونی فەرەنسای ئازاد لەگەڵ هێزی پەلاماردەر بۆ سەر سوریا و لوبنان هەڵەیەکی گەورە بوو، چونکە وای کرد ململانێیەکە سەختتر بێ. بە بڕوای ئەفسەرێکی فەرەنسای ئازاد؛ "دیگۆلیستەکان لە چاوی فەرەنسای ڤیشیدا "ئەهریمەنێکی بەرجەستە، کۆچی قوربانی غەزەب و هەراسانی و لاوازیی بوون، کە بۆ ماوەی ساڵێک دنەی گۆشەی تاریکی ویژدانیان دەدا."[24] لە هەر شوێنێک ڕەگەزێکی فەرەنسای ئازاد تێوەگلابا، شەڕەکە سەختر و چڕتر دەبوو. لە دێهاتێکی لای «خربە» لە باشووری لوبناندا، ئەفسەرێکی فەرەنسی ئازاد لە کاتی گەڕانەوەییدا و لە پشتەوە سەربازانی هێزی ڤیشی تەقەی لێکرا و کوژرا، ئاخر

چووبـوو تـا قەناعەتیـان پێبکـا خۆیـان بەدەسـتەوەبدەن و ڕەگەڵ فەرەنسـای ئـازاد بـکەون. لە ڕووداوێکـی دیکەشـدا، ئەفسـەرێکی فەرەنسـای ئـازاد بە مـاتۆڕ بە لای هاوتـایەکی خـۆی لە فەرەنسـای ڤیشـیدا دەچـێ و داوای لێـدەکا ڕەگەڵیـبکەوێ تـا بە هەردوو لایـان دژی دوژمنی هاوبەش، دژی ئەڵمان ببنەوە، کەچی یەکسەر کـابرای ڤیشــی هەڵدەکێشــێتە دەمــانچە و گــوللەیەکی لە تەپڵەســەری بەرانبەرەکەی دەدا و لەوجێ ساردیدەکاتەوە. «جومبۆ وڵسن» لە بیرەوەریی خۆیدا هەڵمەتی هێرشبردنەکەی بە "بێزراوترین شـالاو" لەقەڵەمدا.[٢٥]

«دێنتـز»ی فەرمانـدەی هێـزی ڤیشـی لە ١٥ی حوزەیرانـدا واتە هەر هەفتەیەک پاش هاتنی هێزی هاوپەیمانـان، دژەهێرشـێکی کـردە سەریان. لە لای ڕۆژئاوای چیاکەدا، هێزی ڤیشی لە «مەرج عیون» و « جـزین» دا بە زەبـری شـێلکەی ئـاگری تۆپخـانەکەی هێـزی ئوســترالی ناچــارکرد، پاشەکشــەبکەن. لە لای ڕۆژهەلاتــی چیاکەشـەوە، پەلامـاری سـەنگەری بریتانییەکانیـان لە بـاکووری دیمەشـقەوە دا و زیـانێکی بەرچاویـان لێخسـتن و سـەرلەنوێ دەسـتیان بەسـەر «قـونێتەرە» و «بەرزاییەکـانی جـۆلان»یـان گـرتەوە. کـاتێکیش فڕۆکەوانەکـانی هێـزی هەوایـی ڤیشـی بارەگـا کاتییەکەی «لیگیمنتیلهۆم» یان لەسەر پشتی تڕومبێلە باربەرەکـان بەدیکــرد، دایــانە بەر ڕەحمەتــی بۆمبەکانیــان و فەرمانــدە ناوبراوەکەشیان زامدار کرد.

لە مــاوەی ٢٤ ســەعاتدا هێــزی بریتــانی لە کشــانەوەیان لە «قـونێترە» شـەڕێکی سـەختریيان کردبـوو، هەر بەسـەر بـۆدی زرێپۆشـی تێکشـکاو و ئەسـپی تۆپیـودا هەرگەیشـتن، کە نیشـانەی

ململانییەکی سەخت و دژوار بوو. لێ ئەوان خاوەنی ئەو هێزەی ئاگرە دەربەستە نەبوون کە فەرەنسییەکان زیاتر بۆ ڕۆژئاوا پاڵبنێن. بریتانییەکان ئەوەیان بەدیکرد، کەوا چەکی دژەتانکەکانیان ناتوانێ تانکە فەرەنسییەکان کونبکەن و لەکەڵکییان بخەن، هەروەها سروشتی بەردینی ناوچەکە بە هەبوونی گاشەبەردەکانی مەیدان وای لە تۆپخانەی فەرەنسییەکان کرد زەبرێکی قورس لە هێزی بریتانی بدا. شەڕکردنیش لەبەر تینوتاوی ئەو هاوینە گەرمەدا خۆی شتێکی جاڕس و هەراسان بوو. ئامانجپێکانی دروستی هێزی سەربازیی ڤیشی لە ڕۆژدا وای لە هێزی بریتانی کرد هەر لەسەر زگ بمێننەوە.[٢٦] لە ئەنجامیشدا بێژمار حاڵەتی سووتانەوەی بەر خۆرەتاو هەبوو، ئەمە و لە کاتێکدا هالاوی تراویلکەی هاوین ڕێگر بوو لەوەی بریتانییەکان بە ئاسانی ئامانجەکانیان ببینن تا باش بیپێکن. لە کۆتاییدا هەر تەنیا ئەو کاتە بوو، کە ئوستراڵییەکان لە ڕێی دەزگای مەوداپێو لەنێو دۆڵەکەدا دووری نێوان خۆیان و دوژمنەکەیان دۆزییەوە، کە نیوەی ئەو مەودا مەزەندەکراوەی پێشتر بوو. لە دوای نیوە شەوی ١٨ی حوزەیراندا، فەرماندەکەیان داوای هێزی پاڵپشتی لە بارەگا سەرەکییەکەی خۆیان کرد.

ئیدی «ویڤل» لە عێراقەوە هێزی زیاتر لە یەکە هیندییەکان پێکهێنا و لە ڕۆژهەڵاتی ئوردنیشەوە لە قۆشەنی عەرەب بۆ ئەوەی وا لە «دینتز» بکا هێزەکەی بەرەو بەری ڕۆژهەڵاتیشەوە پەرشوبڵاوبکاتەوە. هیندییەکان پێ بە پێی فورات هەڵکشان و تا حەڵەب هاتن، لە کاتێکدا قۆشەنی چەکدارانی عەرەب لە ژێر فەرماندەیی «جۆن گلەب John Glubb» و دوای ناردنی هێزێک عەبدوڵلاوە بەرەو تەدمور پێشڕەوییان کرد. «گلەب» پارەی بۆ

هۆزەکانی دیوی فورات هەڵڕشت تا هێزی ڤیشی هەراسانبکەن. ئەوە بوو چەندین هۆزی عەرەب بە پیر سەرچڵییەکانی «گلەب»ەوە چوون و کەوتنە ڕاوەدوونانی سەربازانی ڤیشی، تەقەیان لێدەکردن و ستوونی تێلگراف و ڕێگەیان لەسەر دەبڕین، هەروەک «گلەب» بە خۆی قسەی کردبوو، "لەوانەیە ئەوان ئەم کارە زیاتر بۆ تالانی و دەستکەوت بکەن لەوەی لە خۆشەویستیان بێ بۆ ئێمە."[٢٧] یەکێک لە سەرەک هۆزەکان، کە بەپیر بانگەوازی بریتانییەکانەوە هات ناوی «زەعل» بوو. ئەو پیاوێکی تەمەن مامناوەندی و پرچبۆر بوو. «زەعل» بەر لە چارەکە سەدەیەک، کاتێ یاوەری لۆرانسی دەکرد خۆی بە ڕاوچییەکی مەعلان لە قەڵەم دابوو.

بەرفرەوانبوونی هەڵمەتەکە لە ڕۆژهەڵات کۆمەکبەخش بوو. دوای شەڕی قورسی زیاتر، بریتانی و فەرەنسای ئازاد لە ٢٣ی حوزەیراندا پاڵیان بە دوژمنەوە ناو توانیان ڕێگەی خۆیان بەرەو دیمەشق بکەنەوە. ئەو کاتیش «ڕیچارد دیمبلی *Richard Dimbleby*» هەواڵنووسێکی گەنج بوو، لەو چرکەساتەی گەورە ئەفسەری فەرەنسای ڤیشی کلیلی شارەکەی ڕادەستی ڕکابەرەکەی لە فەرەنسای ئازاد کرد، گەواهیدەر بوو. ئەو بەم جۆرە ڕاپۆرتی بۆ «بی بی سی» نووسی، بۆنەنامەکەی بە "شتێکی تەوساوی" وێناکرد؛ "هەردوو کۆلۆنێلەکە کە کاتی خۆی لە ئەکادیمیای سەربازیی «سەنت سیر» بەیەکەوە خوێندبوویان، هەڵبەتە یەکدیشیان باش دەناسی."[٢٨] لە تەقەللایەکیشدا بەوەی بریتانییەکان دەرفەتی ڕەوشەکە نەقۆزنەوە، دەستبەجێ «دیگۆل» نازناوێکی قەبەی بە «کاترۆ» بەخشی" نێردەی ژەنەراڵ و سوپاسالاری هێزی ڕۆژهەڵات" و فەرمانیشی پێکرد لەگەڵ سووری و

لوبنانییەکان بکەوێتە دانوستان، لە کاتێکدا "دەبێ کارکردن لەگەڵ فەرەنسا بەردەوامبێ"[٢٩] ئەویش بڕیارەکەی بڵاوکردەوە بەو گریمانەیەی بریتانییەکان زات نەکەن ڕەخنەی لێبگرن.

ئیدی تیشکۆی هەڵمەتە سەربازییەکە کەوتە سەر لوبنان، لەوێ ئوستراڵییەکان لەنێو باخی مۆزی چڕوپڕدا و بەرەو کەنار تا دەهات تووشی بەرگرییەکی سەخت دەبوونەوە. لەو کاتەی بریتانییەکان لە ڕێگای دیمەشق بەرەو بەیروت لەپێشڕەوی دابوون، ئوسترالییەکان هەوڵیاندا دوا ئاستەنگی بەردەمیان لە لای باشوری پایتەختی لوبنان بشکێنن، ئەویش ڕووباری «دامور» بوو، کە سەنگەر و چەپەری سەخت هەروەک سەر ڕووباری «لیتانی» هەبوو. دوای ئەوەی چوار شەو بە دوای خاڵێکی پەڕینەوەدا گەڕان، ئەوە بوو لە بەرەبەیانێکی ڕۆژی ٦ی تەممووزدا دوو بەتالیۆنی ئوستراڵی بە تاریکەشەو ڕێگەی خۆیان بەرەو ڕووبارەکە بڕی، لە ژێر ئاگری چڕی چەکی دوژمندا پەڕینەوە، لەوێشەوە بەرەو سەروو هەڵکشان تا خۆیان لەگەڵ هێزەکەی دیکە لەیەکدایەوە. پاش دوو ڕۆژی دیکە «دینتز»ی سەرکردی بەرەی دوژمن داوای ئاشتی کرد.

لە وەتەی لێشاوی هەڵمەتی سەربازییەکە دەستیپێکردبوو، مانگێکی بەسەردا تێپەڕی بوو، لەو ماوەیەدا جیهانیش گۆڕابوو، چونکە هیتلەر پەلاماری ڕووسیای سۆڤیەتی دابوو. سیاسەتبازێکی سوری کە مەیلی ئەڵمانیای هەبوو، بە تەشەرەوە گوتی، بەرلەوەی بریتانییەکان بگەنە بەیروت، سەرکردەی نازییەکان لە مۆسکۆ دەبێ. بۆ خۆشبەختی پێشبینییەکەی هەڵە بوو. ئاخر هێزی بریتانی لە ١٢ی مانگدا گەیشتە شارەکە. تا ئەو کات هێزی بریتانی و

فەرەنسای ئازاد ٤.٥٠٠ کەسی لەدەستدابوو، زیانی فەرەنسای ڤیشیش زۆر لەوە پتر بوو، خۆی لە شەش هەزار کەس دەدا.

دیگۆل هەوڵیدا باشترین لێکدانەوە بۆ ڕەوشەکە بکا بەوەی، بڵێ کە درێژخایاندنی شەڕەکان "سەلمێنەری ئازایەتیی پیاوەکانمان بوو ئەوسا لە هەر لایەک لە خزمەتی سەربازییدا بووبن"، بەڵام لە سەرێکی دیکەشەوە، بە شێوەیەکی تایبەتیانەتر لۆمەی بریتانییەکانی کرد "بەوەی لە ڕێگەی سەرچاوەکانیان مەزندەیەکی دروستیان بۆ ماوەخایاندنی جەنگەکە دەستنیشاننەکردبوو تا دوژمن ببەزێنن".[30] بریتانییەکانیش بە خۆیان لەو بڕوایەدابوون ئەگەر هاتبا و هێزی فەرەنسای ئازاد تێوەنەگلابا، ئەوا دەیانتوانی خێراتر چارەی هێزی «دینتز»ی فەرەنسای ڤیشی بکەن. "هەڵسەنگاندنی دیپلۆماتیکی بریتانیش زۆر ڕووهەڵماڵراوانە بوو، کە گوتی؛ "لەڕووی سەربازییەوە سەلماندییان گۆدن[86]."[31]

هەندێ دوای ڕووداوەکە، ئەفسەرێکی بریتانی بە ناوی «جۆن هاکێت *John Hackett*» کە لە پێشڕەویی گرتنی دیمەشقدا بریندابوو، چاوی بە ئەفسەرێکی ڤیشی فەرەنسی کەوت، دەیزانی ئەویش لە هەمان شەڕدا بریندار ببوو. کاتێ لەسەر نانی نیوەڕۆ لە هوتێلی «سەنت جۆرج» لە بەیروت کەوتنە قسە، کابرای فەرەنسی گوتی، بەرەی لای ئەو لە هەردوو بەرەکەی دیکە باشتر بوو. «هاکێت»یش وەڵامی دایەوە: "بەڵێ «ژاک»، لە کۆتاییدا ئێمە بردمانەوە، ئێمە بردمانەوە". هاوتا ییەکەش بە مۆڕەیەکەوە گوتی: "ئەمەش کەمترین ئاستی ڕەزامەندیانەی هەموو قۆناغە بۆگەنەکە بوو."[32]

---

٨٦ گۆد: ئیفلیج. سڕبوون.

لەبەرئەوەی هێشتا «کریت» و «ڕۆدس» لەبەردەستی ئەڵمانەکاندا بوون، ئیدی بریتانییەکان دەبوو تا زووە لەگەڵ «دێنتز» لەسەر ئاگربەست ڕێک بکەون، بۆ ئەوەی هێزەکانیان ڕووبەڕووی هەڕەشەی ئاڵمانەکان بکەنەوە. کەچی «دێنتز» ڕەتیکردەوە لەگەڵ «جومبۆ وڵسن» دانوستان بکا لە کاتێکدا کەسانی سەر بە فەرەنسای ئازاد لەوێ لە هەمان ژووردا بن. خۆ ئەگەر لەوێش نەگەیشتبانە ڕێککەوتنی ئاگربەست، دەبووایە شەڕ بکەنەوە، ئەوە بوو «وڵسن» پاراستنی ژیانی ئادەمیزادی پێ لە مەزندەی خودی دیگۆل گرنگتر بوو. ئینجا بە پشتیوانی چەرچڵ، ئەویش لە هەوڵی دیگۆل بەوەی کاترۆی بە کۆمسیاری باڵا دەستنیشانکردبوو، هەراسان ببوو و بەڕای ئەو نەدەبووایە دانوستانەکە لەگەڵ «دێنتز» هەرەسبێنێ، "بەتایبەتیش لەو پنتەی، ئاخۆ دینتز چی بەدەستەوەدەدا" ئەوە بوو «وڵسن» بڕیاریدا گفتوگۆی ئاگربەست بەبێ فەرەنسای ئازاد بکرێ، لە هەمان کاتیشدا «کاترۆ»ی لە شتەکان ئاگادارکردەوە.[٣٣]

لە ئاکامیشدا ژەنەڕاڵی بریتانی توانی لە ڕۆژی ١٤ی تەمموز، واتە لە ڕۆژی باستیلدا و لە «عەککا» لەگەڵ «دێنتز» بگاتە ڕێککەوتن. ڕێککەوتنی ئاگربەستەکە پرۆتۆکۆلێکی نهێنیشی هاوپێچ بوو بەوەی ڕێگربێ فەرەنسای ئازاد پەیوەندی بە کەسانی سەر بە ڤیشییەوە بکەن، لە مەشیاندا «کاترۆ» قایلبوو. بۆ ڕۆژی پاشتر «وڵسن» وەهای نووسی: "لە کاتی واژۆکردنەکەدا هەموو ئەفسەرانی فەرەنسی فرمێسکیان هاتەخوار، بەڵام هەر دوای نۆشکردنی پێکی شامپانیا گەشانەوە."[٣٤] هەرچۆنێک بێ کاریگەری شامپانیاکە کورتخایەن بوو. مەرجەکانی ئاشتی هەر زوو بوونە مایەی سەرسووڕمانیان.

# ١٨

# تەواو لاسار زۆر بێشەرم

بە ڕاکێشانی دڵی سوپای ڕۆژهەڵات بۆ ستراتیژی بووژانەوەی خۆی، دیگۆل کاتێ بە پاشکۆ نهێنییە هاوپێچەکەی ڕێککەوتنی ئاگربڕی ١٩٤١دا زانی، دەهری بوو. لە ٢١ی تەمموزدا گەیشتە قاهیرە، هەروەک «سپیرس» گوتی "لەوەتەی من ناسیبێتم لە خراپترین بەد میزاجی خۆیدا بوو"، بۆیە گەفی ئەوەی کرد مەرجەکانی ڕێککەوتنی «ڤیلن» لەگەڵ «دینتز» بلاودەکاتەوە.[١] کاتێکیش لە هەمان ڕۆژی گەیشتنیدا چاوی بە «ئۆلیڤەر لیتلتن Oliver Lyttelton» کەوت، ئەو کەسەی چەرچڵەوە ڕاسپێرابوو تا بەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان و فەرەنسای ئازاد ڕابگا، نامەیەکی ڕادەستی «لیتلتن» کرد، تێیدا هاتبوو؛ ئیدی فەرەنسای ئازاد لە ٢٤ی تەممووزەوە پابەندی فەرمانەکانی بریتانیا نابێ، چونکە ئاگربەستەکە و پرۆتۆکۆڵە نهێنییەکە هی ئەوە نین قبووڵبکرێن. ئەم هەڕەشەیەش بەڕەی زێدەمافی زۆری لە بن پێی بریتانییەکان ڕاکێشا.

«لیتلتن» بە پێچەوانەی دیگۆل کەسێکی ئارام بوو. ئەو بزنسمانێک بوو بەر لە جەنگ سامانێکی زۆری لە بازرگانییەوە بەسەریەکەوە نابوو، ئەو بە خۆبەرزەفتکردن و هەستی تەڕدەستانەی قسەی خۆش و جەفەنگ ناسراو بوو. ئەوە بوو نامەکەی لە دیگۆل وەرگرت و بە نازوفیزێکی بەرچاوەوە هەر لەبەردەم ئەودا نامەکەی پارچەپارچە کرد. دواتر لە کۆبوونەوەیەکی هەمان ڕۆژدا، ئەو کاتە دیگۆل هەندێ هێور ببووەوە، سەریان زیاتر بەیەکەوە نا. دیگۆل بۆی ئاشکراکرد،

پێویستی بە ڕادەستکردنێکی ڕەوانی دەسەڵاتە لە سوریا، ئەمەش نیگەرانی سەرەکی بریتانییەکان بوو، «لیتلتن»یش پێشنیازی ئەوەی بۆ کرد، کە ئەو پرۆتۆکۆڵە نهێنییەی هەر پەیوەندییەکی فەرەنسای ئازاد بە دیلەکانی ڤیشییەوە قەدەغەدەکرد، لەو کاتەدا هەڵدەوەشێتەوە ئەگەر «دینتز» هەر مەرجێک لە مەرجەکانی ڕێککەوتنی ئاگربەستەکەی پێشێلبکا.

«لیتلتن» لەسەر خوانی شێواندا باسی ڕووداوەکەی بۆ «سپیر» گێڕایەوە. ئەویش چیرۆکێکی خۆشی سەبارەت بە کاردانەوەی کابرا بۆ گێڕایەوە، کاتێ نامەیەکی لە کابرایەک وەرگرتبوو، کە بە دەربڕینێکی کلاسیکی کۆتاییپێهێنابوو: "من هیچ بژاردەم لەبەردەمدا نییە تەنیا ئەوە نەبێ پرسەکە ڕادەستی پارێزەرەکەم بکەم."[٢] ئینجا ئەویش، کە هیچ لاری لێنەبوو، وەها وەڵامیدایەوە؛ "دەتوانی هەر بەشێکی ڕادەستبکەی، کە زیرەکی و ئاسودەییت ڕێگەت پێبدا"، بەڵام بەقەد ئەوەی هەردوو پیاوەکە بە شێوەیەکی کەسەکی کۆکبوون لەسەر ئەوەی دیگۆل بخەنە بەردەم دوایین وادەی هۆشداری، کەچی شتاقیان متمانەیان نەبوو بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە شتی وەها بڵێن. تا ئەو کاتەی ئاڵمان بەسەر سوریاوە هەڕەشە بوو، ئەوا ئاسایشی و سەقامگیری ناوچەکە خەمی سەرەکی بریتانییەکان بوو. «سپیرس» پێشتر شاهیدی سەر ئەوە بوو، کە سورییەکان لە قووڵایی ناخیانەوە ڕقیان لە فەرەنسا بوو لە دیمەشق بێ، ئەوسا پێکهاتەی ئەو کەشە ژاراوییە لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتیی فەرەنسای ئازاد، کە دەکرا ببێتە مایەی دنەدانی "هێزی شمشۆنی زەبەلاح"، مایەی هۆشدراییان بوو. بە هەراسانبوون بە "ڕەفتاری بێشەرمانە"ی دیگۆلی سەرەتای ڕۆژەکە، لەوە ترسا دەستی فەرەنسای ئازاد لە سوریا لەو دۆخەی

ئێستا تێیدایە، کراوە بێ، کەواتە وڵاتەکە لە ماوەی دوو هەفتەدا لەدەستدەردەچێ."[٣]

«لیتلتن»یش لەگەڵ «سپیرس» هاوڕابوو، کە هیچ بژاردەیان نییە لە ئاشتکردنەوەی ژەنەڕاڵ زیاتر. ئیدی بۆ دوورکەوتنەوە لە قەیران، پێشنیازی "ڕێککەوتنێکی ڕاڤەکاریانە"ی کرد، کە بە شێوەیەکی دیکە مەرجەکانی ئاگربەستی ولسن دابڕێژنەوە. ئەمەش دەرفەتێکی دایە فەرەنسای ئازاد، سەربازانی ڤیشی بەر لەوەی بگەڕێنرێنەوە فەرەنسا بۆ خۆیان کێشبکەن و بیانهێننەڕیز و بەرپرسیارێتی سەر سوریا و لوبنانیش دابەشبکەن. بەگوێرەی ئەمە و بە حوکمی هێزی زاڵ و باڵکێشی بریتانییەکان، کە بەرپرسیار بێ لە بەرگریکردن لە ناوچەکە و بەربەستدانەوەی هەر هێرشێکی ئاڵمان، پاراستنی دەرەکی سنوورەکان بۆ بریتانییەکان بێ، هەرچی ئاسایشی ناوەخۆی ڕۆژهەڵاتیش بێ، ئەوا ئاسایش و پۆلیسی گشتی بخرێتە ئەستۆی فەرەنسییەکان.[٤] ئەو نامانەی لە ڕۆژانی ١٤-٢٥ی تەمموزدا لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕکران، سەلمێنەری ئەو ڕێکخستنەی کاروبار بوو، کە دواتر بووە ڕێککەوتنی لیتلتن-دیگۆل. بۆ خاوکردنەوەی مەترسیی فەرەنسییەکان، «لیتلتن» دووبارەیکردەوە، کە بریتانیا "هیچ بەرژەوەندی نە لە سوریا و نە لە لوبناندا نییە، مەگەر بردنەوەی جەنگ نەبێ."

بێگومان دیگۆل بەوە خۆشحاڵ بوو، کە تووڕەبوونەکەی بە ئامانج گەیشت. چەند ڕۆژێک پاشتر، خۆی پێنەگیرا تا سوپاسی «لیتلتن» بکا و پێزانینی خۆی بۆ دەربڕی سەبارەت بەوەی "فەرەنسا گەیشتە ئەو پێگە دەستڕۆیشتووە و لەپێشەی خۆی لە ڕۆژهەڵات، لەو کاتەی هەموو دەوڵەتەکانی ئەوێ بە ئامانجی سەربەخۆیی خۆیان دەگەن."[٥] هەروەها سوپاسی ئەوەی کردن، کە

ژمارەیەکی زۆر بەرپرسیاریێتیی ناوچە خۆجێییەکانی پێسپاردوون، هەروەها نامەکان دەرفەتەکەیان بۆ ئەگەری کراوە بۆ ئایندە هێشتبووەوە، واتە ئەو کاتەی ژمارەی هێزی چەکداری فەرەنسا لە هی بریتانییەکان زیاتر بێ، ئەو کات بەرپرسیاریێتیی پاراستنی سوریایان پێدەسپێردرێ.

دوای ئەوەش کە «لیتلتن» سەردانی لوبنانی کرد تا پێگەی خۆی ببینێ، لەوێ بۆیدەرکەوت، دابەشکردنی بەرپرسیاریەتییەکان کە پێشتر پێشنیازی کردبوو بە تەواوی هەرەسی هێنابوو. ئاخر بە کردەوە وەک دانیپێدانا، "بە تەواوی سنووری دابەشکردنی ئەرک و دامەزراوی سەربازی لە هی مەدەنی لە یەک جیانەدەکرایەوە، چونکە ڕەوشەکە زۆر ئاڵۆز ببوو."[٦] ئەو بە چەرچڵی ڕاگەیاند، ئەوەی ئەو بینی هەر لە دیمەنی ڕۆمانە ترسناکەکەی «ی.فیلیپ ئۆپنهایم E. Phillips Oppenheim» دەچوو. ئاخر هۆڵی پێشوازی هوتێلەکەی ئەو لە بەیروت "پڕبوو لە ژەنەڕاڵ، لە کاربەدەستانی حکومەتی سوریا، لە کاربەدەستانی ڤیشی، لە کەسانی فەرەنسای ئازاد، لە عەرەب، لە هەندێک لە کەسانی تابووری پێنجەم و لە شازادە دروزییەکان و هەر تەنیا لە «سێر باسیل زاهارۆف[٨٧] Sir Basil Zaharoff»ی کەم بوو تا دیمەنەکە بە تەواوی فراژی بێ."[٨]

مانەوەی کاربەدەستانی ڤیشی و بەردەوامبوونیان لە ڕاپەڕاندنی کاروباری خۆرهەڵات لە نێوچاوانی دیگۆلەوە بوو. ئاخر ئەو لەو هەڵسوکەوتەی بریتانیا لە کاتی دانوستانی ئاگربەست تووڕە ببوو، سەرکردەکانی فەرەنسای ئازاد سووربوون لەسەر

---

٨٧ زاهارۆف: بازرگان و چەکفرۆشێکی گریکی بوو (١٨٤٩-١٩٣٦) بە بازرگانی مەرگ و تەلیسماویترین پیاوی ئەوروپا لەقەڵەمدەدرا.

ئەوەی داوای یارمەتی لە هاوپەیمانەکەیان نەکەن بۆ بەڕێوەبردنی ئەو موڵک و ماڵە نوێیەی کەوتە بندەستی فەرەنسای ئازاد. کاتێکیش سوپای فەرەنسی لە ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی نامرادانە ڕەتیانکردەوە بچنە ڕیزی فەرەنسای ئازاد، هیچ چارەی دیگۆل نەما لەوە زیاتر، کە ڕازی ببێ کاربەدەستانی سەردەمی فەرەنسای ڤیشی لە کاروبارەکانی بەڕێوەبردنی ڕۆژهەڵاتدا بمێننەوە، ئەمە و وێڕای ئەو ڕاستییەی زۆر لەو کاربەدەستانە ڕەتیانکردەوە سوێندی هاتنەڕیزی بۆ نێو سوپای فەرەنسای ئازاد بخۆن.

بریتانییەکان سەریان لەو جموجۆڵە ناچاوەڕوانکراوەی دیگۆل سوڕما و ئەوقمان. ئاخر هەنووکە وەنەبێ هەر ناچاربوون کار لەگەڵ کاربەدەستە فەرەنسییەکان بکەن ئەوانەی "تا ئەم دواییانە هەر دژەبریتانیا بوون"، بەڵکو بە دەستبەرکردنی جاڕنامەی «کاترۆ» خۆیان بوونە بەرپرسیاری کردەوەی فەرەنسییەکان.[٩] دەستبەجێ درکیان بە پێشبینیەکان کرد. «گلەب»ی فەرماندەی قۆشەنی چەکدارەکانی عەرەب بە حەسرەت و داخەوە گوتی: "ئێمە شێلگیرانە داوامان لە عەرەبەکان کرد لە دژی ڤیشییەکان کۆمەکمان بکەن. هەنووکەش دەبێ سەلمێنەری ئەوە بین ڤیشییەکان لەسەر کاروبارەکانیان بمێننەوە و ئایندەی عەرەبەکانمان دایە دەست ڕەحمەتی ئەو فەرەنسییانەی، کە پێشتر لەسەر داوای ئێمە تەقەیان لێدەکردن. ئەمە مۆتەکەیە!!"[١٠]

بە گەڕانەوە بۆ کاروبارەکانی پێشوویان، ئیدی ڤیشییەکان ئەو ڕەفتارانەیان نواند، کە «گلەب» لێی ترسابوو، ئەوە بوو ئەو کاربەدەستە فەرەنسییانە کەوتنە ڕاوەدوونانی عەرەب، ئەوانەی هاوکاری بریتانییەکانیان کردبوو. حاکمە فەرەنسییەکەی «درعا» - ئەو پیاوەی تەنیا ئەو کاتە ڕەگەڵ فەرەنسای ئازاد کەوت، کە

ترومبێلەکەی پەکی کەوتبوو تا دەربازی بێ- گەڕایەوە سەر کارەکەی پێشووی و بەڕێوبەری شارەوانییەکەی، کە عەرەبی خۆجێی بوو لەسەر کار دەرکرد، ئاخر ئێستا بە ئاژانێکی بریتانی لێیدەڕوانی. لە «دێرەزوور»، شارە سەرەکییەکەی ڕۆژهەڵاتی سوریا، کاری یەکەمی ئەفسەری سیاسی فەرەنسای ئازاد بە ڕێنمایی سەرۆکی پۆلیس، کە لە ڤیشییەکان بوو، کەوتە سزادانی هۆزەکانی عەرەبی ئەو ناوە، ئەوانەی بە فیتی «گلەب» بە ڕووی ڤیشییەکان هەڵگەڕابوونەوە و لە بیابان پەلاماریان دابوون. ئەفسەرە سیاسییەکەی فەرەنسی دەرهەق بە ئەوان گوتبووی: "ئەوان شەرمەزارانە ناپاکییان لە حکومەتێکی فەرەنسا کرد و بێگومانیش بۆ حکومەتەکەی دیکەش هەر نادڵسۆز دەمێننەوە."[١١]

دوای ئەوەی فەرەنسییەکان هیوا و ئاواتی عەرەبەکانیان بە زەوی دادا، هەر زوو لە سوریا فشاریان خستەسەر بریتانییەکان بێن و خۆیان تێهەڵبقورتێنن، ئاخر ئەوە ڕوون بوو، فەرەنسییەکان بە یاریدەی بریتانییەکان خۆیان لە سوریادا قایمکردەوە. لە «دێرەزوور» شێخی هۆز و تیرە تووڕەکان بانگی ئەفسەری سیاسیی بریتانیان کرد بۆ کۆبوونەوەیەک، لەوێدا قسەیان کرد. بەگوێی بریتانییەکەیان دادا، ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی بریتانیا جڵەوی ڕەوشەکە نەگرێتەدەست، وەک بەڵێنیان پێدابوون کە "سەربەخۆییان بۆ دابینبکەن"[١٢]، ئەوا پێشبینی ئەوە دەکەن، بە زوویی ناچار دەبن بژاردەیەکی هەراسان لێهەڵبگرن، ئەویش ئەوەیە " سەیر بکەن ئاخۆ چۆن ملی فەرەنسییەکان دەپەڕێنرێ، یاخود بەرگری لە ئیدارەی ڤیزەونی فەرەنسییەکان بکەن و تەقە لە عەرەبەکان بکەن و بەریانبدەنەوە."[١٣]

ئەو شتە ڕێتێچووەی ڕاپەڕینی خێڵەکی لە دژی فەرەنسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی سوریادا، بریتانیای هەراسانکرد. ئاخر بە بڕوای بریتانییەکان پەیوەندی دۆستانە و باشیان لەگەڵ خەڵکی بەدوی سارانشین، کلیلی کۆنترۆڵکردنی بیابانە. لە بەرانبەریشدا کۆنترۆڵکردنی سارا بۆ بەرگریکردن لە سوریا شتێکی چارەنووسسازانەیە، چونکە هەر کاتێک ئاڵمان دەستی بەسەر یەکێتیی سوریادا گرت، ئەوا لە ڕێی قەوقازەوە بەرەو ئەو بانە دەکشێ و ڕوو لە بەرەی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی شامیش دەکا. هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەفسەری بریتانی لە دێرەزوور داوایکرد: "پێویستە دەست بەسەر بیابانەکەدا بگرین، وەنەبێ ئەم کارەش هەر بۆ سەلامەتی پەیوەندیی سەربازیانەمان بێ، بەڵکو ئەوەی دەست بەسەر بیاباندا بگرێ، لە کۆتاییدا تەشنەکردنی مەترسییەکە بەرزەفت دەکا."[١٤] ئەو بڕوای وا بوو ئەوەی لە سەنگی مەحەکدایە دەربەستی تاکتیکی توند و مەحکەمە. "هەرچی فەرەنسییەکانیش... بەدەگمەن وایە یارییەکە بکەن، بە دڵنیاییشیەوە ئەوان بڕوا بە کارەکەی ئێمە ناکەن. پێشنیازدەکەم ئێمە بۆ یەک جار واز لە ڕاوبۆچوونی ئەوان سەبارەت بە ئێمە بێنین و بۆ خاتری سەلامەتی سوپاکەمان ئەو پەڕی توانامان بەکاربێنین تا ئەوان لە بیابانەوە دوور بخەنەوە."

«گلەب»یش لەسەر ئەم ڕێکارە کۆکبوو. خێرا خۆی گەیاندە دێرەزوور و هەوڵیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ خێڵەکییە توورەکان ئاشتبکاتەوە.[١٥] ئەو پارەی بەخش تا هێوریان بکاتەوە، دڵی بە ڕێککەوتنی لیتلتن-دیگۆل دایەوە، دڵنیایکردنەوە، کە بریتانیا جڵەوی بیابان دەگرێتەدەست، چونکە لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگە. ئەو دەشیزانی ئەم کارەی لە نێو شێخەکانی عەرەب دەبێتە

تەنگەتـــاوبوونی فەرەنســـییەکان؛ بەڵام خـــۆ بـــایەخێکی ئەوتـــۆی پێنەدا.[١٦] هەروەک چۆن بە هاوکارێکی خۆی گوتبووی، تاکە شت کە بە قـوولّی خەمـی لێـدەخوارد، "هەڵوێسـتی خەڵـکەکەیە کاتێـک ئاڵمان دەستیان بەسەردابگیرێ."[١٧]

زۆری پێنەچوو تا دەنگوباسی چالاکییەکانی «گلەب» گەیشتە بەرگـوێی دیگـۆل. هەواڵـی «مـێجەر گـرەب Major Grubb» هەروەک فەرەنسـییەکان ڕاهـاتبوون وەهـا بانگیانـدەکرد، سـارای تەیدەکرد و پارەی دەبەخشییە شێخ و دەستڕۆیشتووە بەدووەکان و بەگـوێرەی پێشـبینییەکە کـارێکی وەهـای دەکـرد بریتانییەکـان لە ڕێـی ئەو کاروبارە گوماناویـانەدا جێگەی فەرەنسـییەکان بگرنەوە. دیگۆل لەو بڕوایەدا بوو، کە «گلەب» یەکێکە لە "گرووپی بریتانی عەرەبدۆستی تاسـەمەند" کە ڕەوشـی فەرەنسـا وەهـا دەخـوێننەوە دەرفەتـی وەهـا هـاتۆتە پـێش تـا خەڵکـی فەرەنسـییەکان لەوێ دەربکەن، ئیدی سـووربوو لەسـەر دەرکردنی ئەوان، واتە قۆشـەنی چەکداری عەرەب و دوو لە ئەفسـەرانی بریتانیـا کە «کینیس بەس Kenneth Buss» و «جێرالد دی گێری Gerald de Gaury» بوون، ئەوانەی ئەرکێکی لەبنیان لە نێو ئۆپەراسیۆنی ئیکسپۆرتەردا هەبـــوو، کە بە هـــۆیەوە پشـــتگیری دروزەکـــانیش بـــۆ خۆیـــان مسۆگەربکەن.[١٨] هەرچەندە «لیتلتن» بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان مەزنـدەی کـرد، دیگـۆل داوای شـتی زۆر دەکـا تـا هەوڵبـدا نرخـی کەمتـر بـۆ خـۆی مسـۆگەربکا"، تێکچـوونی پەیوەنـدی ئەفسـەرە مەیدانییەکانی نێوان هەردوو لای بریتـانی و فەرەنسـی وای لێهات هیچ چارەی لەبەردەمدا نەما، مەگەر لابردنی هەر سێ ئەفسـەرەکە نەبێ، ئیدی هەر سێ ئەفسـەرەکە و قۆشـەنی سـەربازانی عەرەبی لەوێ لابـردن.[١٩] ئەو لە ٢٨ی ئابـدا و بـۆ ڕەوایەتیـدان بە بڕیـاری

لابـردنەکە نووسـی: "ئـێمە پێویسـتە هەمـوو سـەرەداوێکی گومـان هەڵبکێشـین، کە لە مـاوەی سـێ هەفـتەی ڕابـردوودا وای کردبـوو پلانێکی کۆنکرێتیمان لەبارببا، پڕوپاگەندە و شتە چارەنووسییەکانی دیکەشی خستبووە سەر سەنگی محەک."[٢٠]

لە هەمان کاتیشدا وەزیرە بریتانییەکە یاداشتێکی بەنێو ئەفسەرە بریتانییەکان، ئەوانەی لە سوریا لە ڕاژەدا بوون بڵاوکردەوە، تێیدا هانیـدابوون لەگەڵ ڕەوشـی دیگۆلییەکـان هاوسـۆزتر بـن. ئەوەی بەبیرهێنانەوە؛ "هەرگیز ئەوە فەرامۆش مەکەن، کە فەرەنسای ئـازاد بـۆ ئـێمە زیـاتر لە هاوپەیمـان لەپـاڵ ئـێمەدا جەنگـین."[٢١] ئەوان ئەو پیاوگەلەیان هەیە بە حاڵی بێورەیی و بەزینی وڵاتەکەیاندا هـاتنەوە، پیاوگەلێـک بـوون هەمـوو شـتێکی خۆیـان، خـاوخێزان و پەیوەنـدییەکانی خۆیـان لەسـەردانا، پیاوانێـک کە دەسـت بەسـەر ماڵومولکیانـدا گیـرا، پیاوانێـک لەژێـر حـوکمی گـرتن و تەنـانەت لەسێدارەدانیشـدا بـوون." ئینجـا ئەو یاداشـتەکەی بە گەشـبینانە کۆتاییپێهێنا "ڕەفتار و هەستی باش دەبێ خۆمان تێدا ببینینەوە."

دیگـۆلیش گەیشـتبووە دەرەنجـامی پـێچەوانە. میزاجـی خـراپ و قێـزەون، سـیمای بەرچـاوی سازشـکارانەی بریتانییەکـان بـوو. کـاتێکیش ئەو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی بەجێهێشـت و ڕووی لە کۆلـۆنییە فەرەنسـییەکانی دیـکەی بندەسـتی دەسـەڵاتی فەرەنسـای ئـازاد کـرد، بە «کـاترۆ»ی گـوت هەڵسـوکەوت لەگەڵ هەردوو بەرپرسـەکەی بریتـانی واتە «لیتلـتن» و «سـپیرس»دا نەکـا، ئـاخر ئەوان نوێنەری بریتانییەکان بوون لەهەر گفتوگۆیەک بۆ ڕێککەوتـن لە نێـوان فەرەنسـا و عەرەب. هەمـوو ئەو چـاکەیەی، کە ئەو پیـاوە لەگەڵی کردبوو، یارمەتیدابوو لە فەرەنسـا ڕابکـا، ئـاوەژوو بـووەوە. دیگۆل ئێستا لەو باوەڕەدا بوو، کە «سـپیرس» وەک زۆر لە هاوتـا

بریتانییەکانی دیکە، ڕۆڵێکی "ئازاربەخش و جاڕس" لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناویندا وازیدەکا.[٢٢] لە ڕێگەی بۆ لەندن و لە دیدارێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی «شیکاگۆ دێیلی نیوس Chicago Daily News»دا، بریتانییەکانی بە ترسان لە حکومەتی ڤیشی تاوانبارکرد و ئەوەی گوت، گوایە ئەوان حکومەتی ڤیشی وەک کەناڵێک بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هیتلەردا بەکاردەهێنن.

کاتێکیش چەرچڵ بە هەواڵی ئەم دیدارەی دیگۆلی زانی، سەراسیمە بوو. فەرمانیدا کاتێک ژەنەڕاڵ دیگۆل دەگاتەوە لەندەن کەس پەیوەندی پێوەنەکا. ڕێنماییەکەی وەها بوو؛ "ئەو دەبێ لە شەکراوی خۆیدا بخنکێ"، ئیدی خۆیشی بۆ لێدوانێکی گشتیی سیاسەتەکەی لە سوریا ئامادەکرد، کە بەتەمابوو بەرلەوەی چاوی بە سەرکردە فەرەنسییەکە بکەوێ، لە ئەنجوومەنی گشتییدا پێشکەشبکا.[٢٣]

ئەوەی ئەم ئەرکەی ئاڵۆز کردبوو فشاری ڕکابەری سەر چەرچڵ بوو. ئەوە بوو چوار هەفتە پێشتر، وەک بەشێک لە هەڵمەتی ڕاکێشانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ناو جەنگ، بە ڕێی دەریادا خۆی گەیاندە «نیوفاوەندلاند Newfoundland» تا چاوی بە سەرۆک «فرانکلین ڕۆزڤلت Franklin D. Roosevelt» بکەوێ، لەوێش پەیماننامەی ئەتلەنتی پەژراند. پەیماننامەکەش -هەمان پابەندییەکانی سەردەمی جەنگی یەکەم و «ودرۆ ولسن» و هاوپەیمانانی دوای جەنگی یەکەمی تێدابوو- هەردوو وڵاتەکەی "بە دوای بەرفرەوانکردن قەڵەمڕەویتی یان هەرشتێکی وەها نەگەڕێن و ڕێز لە مافی هەموو گەلان بۆ خواستی خۆیان لەژێر هەر حکومەتێکی هەڵبژێردراوی خۆیاندا بگرن". نزیکبوونەوەی بریتانیا لە پرسی سوریا یەکەمین شت بوو، کە

خۆپێوەپابەندکردنی چەرچڵی لە پەیمانەکە دەخستەسەر سەنگی محەک، ئەمەش بایەخێکی گەورەی خۆی هەبوو لەو کاتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای هێرشی ژاپۆن بۆ سەر «پێرل هاربۆر» بە درەنگی ساڵەکە هاتەپێش.

پابەندبوونی ڕاشکاوانە بە سەربەخۆیی سوریا ڕێڕۆیشتووبوو لەگەڵ پەیمانی ئەتڵەسی، بەڵام لە ئەیلوولی ١٩٤١دا ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە زیاتر خۆشەویستبوونی دیگۆل لەنێو فەرەنسادا گەیشتە بریتانیا، چەرچڵیش نەیدەویست بە ڕاگەیاندنێکی زەقوزۆپی جاڕنامەکە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دیگۆل بپچڕێنێ. هەربۆیە کاتێک لە ٩ی ئەیلوولدا ڕووی لە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد، ئەو سیاسەتەی ڕایگەیاند، کە دژبەیەک بوو. هەرچەندە لە لێدوانەکەی هاتبوو؛ پێویستە سوریا بدرێتەوە دەست سورییەکان"، کەچی ئەوەشی گوت، ئەمە ئەو کاتە دەبێ جەنگەکە کۆتاییبێ، "لەنێو هەموو نەتەوەکانی ئەوروپادا، ڕەوشی فەرەنسا لە سوریادا یەکێکە لە زێدەمافە تایبەتییەکان و ئەمەش تا ئەو کاتەی هەر دەوڵەتێکی ئەوروپی کاریگەریی لە سوریا دا هەبێ، ئەوا ڕۆڵی فەرەنسا لە هەموویان دیارترە"[٢٤]

کاتێکیش چەندین پەرلەمانتار پرسییان «بۆچی؟» وەڵامی چەرچڵیش هەر ئەوە بوو: "چونکە ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە بڕیارمان لێداوە بیگرینەبەر."

کاتێکیش دوای سێ ڕۆژ و لە ١٢ی ئەیلوولدا چەرچڵ بە شێوەیەکی تایبەتی چاوی بە دیگۆل کەوت، سەرهێڵی هەڕەشەئامێزانەی زۆرتری گرتنەبەر. ئاماژەی بەوە دا، کەوا "چەندین کەسایەتی بریتانی" لەوباوەڕەدان کە سەرکردەی فەرەنسی "بەرەو ڕامانێکی دیاری فاشیستانە هەنگاویهەڵێناوە"،

ئینجا دیگۆلی بە "نانەوەی ئەنگلۆفۆبیا" تاوانبارکرد و هەڕەشەی لێکرد ئەگەر لەسەر نەیاریێتیی خۆی بەردەوام بێ، ئەوا دەستبەرداری دەبێ.[٢٥] دوای ئەوەی ژەنەڕاڵ ناچارکرا سەبارەت بە دیدارەکەی لەگەڵ «شیکاگۆ دێیلی نیوز» ئارەقەی شەرمەزاری دەربدا، دەستبەجێ چەرچڵ گەڕایەوە سەر سیاسەتەکەی لە سوریا. ئەو بە ڕوونی ڕایگەیاند، کە بریتانیا ڕێگەی دڵشکانی عەرەب لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا نادا.[٢٦] لەپێناو ئەوەی "ڕێکاری ڕەزامەندیی ڕاستەقینە نیشانی جیهانی عەرەب بدرێ" وەزیری بریتانی دریژەی بە لێدوانەکەی دا، کەوا لە سوریا" زۆر لە پلە و پۆستی بەرچاو و دیار لە فەرەنسییەکان وەردەگیرێتەوە و دەدرێتەوە سورییەکان." دیگۆلیش لەسەرلەقاندن پتر هیچ بژاردەیەکی دیکەی نەبوو.

زۆری پێنەچوو دوای ئەوەی دیگۆل خانووی ژمارە ١٠ی ماڵی سەرۆوەزیری بریتانی جێهێشت، ڕێڕەوەکەی خۆی گۆڕی. ئەو زانی هەر کاتێک پەیماننامەی هاوپەیمانان سەبارەت بە سوریا و ماندات بێتە گۆڕێ، ئەوا کۆتایی بە مانداتی فەرەنسییەکان لەو دوو وڵاتە دێ، بۆیە بێهوودە هەوڵیدەدا تا بۆی بلوێ ماوەکە درێژبکاتەوە. بۆ ئەویش مایەی خۆشبەختی بوو، کە عەرەبە ناسیۆنالیستەکان قایلنەبوون لەگەڵ ئەودا بکەونە گفتوگۆ، چونکە دانیان بە ڕەوایەتیی دەسەڵاتی ئەودا نەنا. ئەمەش ڕەنگدانەوەیەک بوو بۆ مەکرۆبوونی خودی خۆی، لەبری ئەوەی بەم حاڵەتە تێکبچێ، بەڵکو دەرفەتەکەی بۆ خۆی قۆستەوە. ئەوە بوو کاتێ لە ١ی تشرینی یەکەمدا چاوی بە چەرچڵ کەوتەوە، پێیگوت شتێکی نەکردەیە دانوستان لەسەر پەیماننامەکە بکرێ، چونکە فەرەنسای

ئازاد "نە ستاتوتێکی نێودەوڵەتی و نە دەسەلاتێکی وەهاشی هەیە بڕیار لەسەر یەکلاکردنەوەی مانداتەکە بدا."[٢٧]

خۆگۆڕینی لەناکاوی ئەو پیاوەی خۆی بە بەرجەستەبوونی فەرەنسا دەبینییەوە، هەر دوای ئەوەی هەناسەی هەڵکێشایەوە، گلەیی لەو سووکایەتییە کەڵەکەبووەی سەر ئەفسەرەکانی ڕۆژهەلات کرد، کە لەسەردەستی بریتانییەکان تووشی هاتبوون، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک بە دڵی چەرچڵ نەبوو، ئاخر ئەو سووربوو بەوەی نابێ بەهیچ بەهانەیەکی قانونییانە ڕێ لە سەربەخۆیی ولاتەکانی ڕۆژهەلات بگرێ، بە دیگۆلیشی ڕاگەیاندبوو وا چاوەڕواندەکا خێرا جێبەجێبکرێ.[٢٨]

لە تەکانێکی بەدوورگرتنی دەستوەردانی بریتانیادا، «کاترۆ» ڕایگەیاند، لە پایزی ئایندەدا سوریا و لوبنان سەربەخۆیی خۆیان وەردەگرن، بەلام بەکردەوە هیچ کام لەو دوو ولاتە دەسەلاتێکی خۆییان لەوەی پێشتر هەبوو پێنەدرا. فەرەنسا بە مەبەست سەرانی هەردوو دەوڵەتەکەی هەڵبژارد تا هەر لەژێر جڵەویدا بمێننەوە. لەو نێوەشدا دوای لادانی «گلەب» لەوێ، ڕەوشی ڕۆژهەلاتی سوریا بەتیژی شڵەژا و لە دەست دەرچوو. پشێویش لەو کاتەدا ڕوویدا، کە سەربازانی فەرەنسی بە ئەرکی کۆکردنەوەی باجوخەراج لە ناوچەکەدا تەقەیان لە شێخی گوندێک کرد و کوشتیان. مەرگی پیاوەکە دنەی تۆڵەکردنەوەی خێڵەکەی دا، ئیدی بووە شەڕ و تەقە لەنێوانیاندا، لە ئەنجامیشدا زیاتر لە (٣٠) کەس لە فەرەنسییەکان کوژران. کاتێکیش دەستبەجێ «کاترۆ» وەهای دانا، کە ئەفسەریی سیاسی بریتانی ختووکەی خەڵکەکەی داوە بۆ ئەوەی تەنیا یەک چارەگی باجی داواکراوی فەرەنسییەکان بدەن، ئیدی دوو ئەفسەر، یەکێکیان بریتانی و ئەوی دیکەش فەرەنسی نێردرانە دێرزوور تا

لە ڕووداوەکە بکۆڵنەوە. ئەفسەرە بریتانییەکە ڕاپۆرتی خۆی دا، بەوەی خێڵەکانی ئەو ناوچەیە "لە سەروبەندی هەڵگەڕانەوەی چەکداریی دان."[29]

«گلەب» لە بەرایی مانگی تشرینی یەکەم لە عەممان چاوی بە شێخەکانی دێرزوور کەوت، کە سەلمێنەری ڕاپۆرتە پەشێوئامێزەکەی ڕۆژهەڵاتی سوریا بوو. یەکێ لە شێخەکان بە ئەفسەرە بریتانییەکەی گوت: "لە حاڵەتی هێرش و پەلاماری ئاڵمان بۆ سەر بیابان ئەگەر بەدووەکان پشتگیری هێزی ئاڵمانی بکەن، ئەوا سوپای بریتانی ئەوکات پەیوەندییەکانیان و ڕێگەی هاتوچۆیان بەو ناوچانە هەروەک ئەوە وایە بە ناوچەی دۆستدا بێن و بڕۆن،"[30] بەڵام لەسەرێکی دیکەشەوە، ئەگەر بریتانییەکان هەر سووربن لەسەر ئەوەی کە دەستی فەرەنسییەکان لە سوریا والا بێ،" ئەوا وەک کابرا لە درێژەی قسەکەیدا گوتی: " هێڵی هاتوچۆ و پەیوەندیی سوپای بریتانی وەک ئەوەی لێدێ، کە بە نێو خاکی دوژمندا تێبپەڕێ."

لە قاهیرەش «وێیڤل» وەک سوپاسالاری هێزی بریتانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕدراو «کلاو ئاوچینلیک Claude Auchinleck»ی لەجێگەدا دانرا، ئەو ژەنەڕاڵە نوێیەش بەو ڕاپۆرتانەی لە سوریاوە بۆی دەهاتن هۆشدار بوو، هەر بۆیە سەرنجی خۆی لە پلانێکی نوێی هێرشکردنە سەر سوپای «ڕۆمل»ی گواستەوە سەر ئەوەی بە خۆی لە ٦ی تشرینی یەکەمدا بچێتە بەیروت «کاترۆ» ببینێ. لە ماوەی دوو سەعاتی گفتوگۆکەدا، کابرای فەرەنسی بریتانییەکانی بە دنەدانی شێخێک تاوانبار کرد بۆ ئەوەی پشێوی بنێتەوە و بە ئەنقەستیش ئەو هەڵانەی ئەفسەرە بێ ئەزموونەکانی فەرەنسی بقۆزنەوە تا

دەسـەڵاتی ناوچەکەیـان لەدەسـت دەربهێنـرێ. «ئاوچیلینـک»یـش ڕووشـکێنانە هەردوو خەتابارکردنەکـانی هاوتـا فەرەنسـییەکەی ڕەتکردەوە. پاشان ڕاپۆرتی بۆ لەندەن نووسی، کە "فەرەنسییەکان هەمـوو دەرفەتێکیـان لەدەسـتدا بـوو، کەچـی لەگەڵ خەڵـکە خـۆجییەکەدا شکسـتیانهێنا، ئەوان لە هاوکـاریکردنی ئێمەشـدا شکسـتیانهێناوە، ئەوان لە خەڵکـی کارامەیـان کەمە، بـۆیە هـیچ چارەیـان نیـیە بەدەر لەوەی ئەفسـەری بێتوانـا بـۆ بەڕێـوەبردنی کاروباری خەڵک دابنێن."[31]

تا دەهات بریتانییەکان ئۆقرەیان لە فەرەنسییەکان نەدەما و بە گەیشتنە هاوینیش وردە وردە پتر دەبوو، ئیدی هەنووکە گەیشتە حاڵەتی کوڵان. دیار بوو پێشنۆرەییەکانی فەرەنسی و بریتانییەکان نەدەگەیشـتە یەک و لەگەڵ یەک هەڵیـان نەدەکرد، لە نێـو جەرگەی ئەو کێشەوبێشەیەشدا هیچ جیاوازییەک یان جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان فەرەنسای ڤیشی پێشوو و فەرەنسای ئازادی ئێستادا نەبوو. هەروەک «گـلەب» بۆیچووبـوو هەردوو لایـان "مەیلیـان بە لای ئەوەدا شـکاوە، شـەڕی دژی ئاڵمـان فەرامۆشـبکەن و خواسـت و ئارەزوویـان ئەوەبێ دەسـتی بریتانیـا لە سـوریا دووربـخەنەوە."[32] کـاتێکیش تـووڕەیی عەرەب لە حکـومەتی فەرەنسـا تاویسـەند، کاربەدەستە بریتانییەکان لە ڕەوشێکی هەراساندا بوون، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتدا بهێڵنەوە. یەکێکیان نووسی: "مرۆ هەستدەکا وەک ئەوەی لوبنان بگریت و ئیدی فەرەنسـای ئازادیش بێــت و لاقەیبکـــا."[33] هەر لە تشـــرینی دووەمـــدا «گـــلەب» هەڵسەنگاندێکی دوورودرێژی لەبارەی ڕەوشەکەوە نووسی. کاتێک کە کردەنیـازی بریتـانی و فەرەنسـی بۆ دەسـەڵاتی ئیمپریـالی وەهـا لەیەک جیـاواز بــێ، ئەوا وەک ئەو شـــێلگیرانە داوایکــرد، بــۆ

مسۆگەربوون لەسەر هاوکاری دوولایەنەی بریتانی و فەرەنسی بۆ حوکمکردن یان ئیدارەدانی عەرەب هەر بۆ نسکۆ سەردەکێشێ."[٣٤]

لەو کاتەی حکومەتی بریتانی دوودڵ بوو لەوەی چۆن لەگەڵ ڕەوشەکە ڕەفتار بنوێنێ، لە کۆتایی ساڵی ١٩٤١دا ئەفسەرە بریتانییەکان لە ڕۆژهەڵاتدا تێبینینامەیەکیان لە حکومەتەکەیان سەبارەت بە پرسیاری سەخت و هەراسانکەر، کە لەوانە بوو لە خەڵکە خۆجێییەکە لێنەکرابا، پێگەیشت. ئەمەش وەڵامێکی حازربەدەست بوو بۆ ئەو کاتەی لە لایەن خەڵکەوە پرسیاریان لێکرابا. خۆ ئەگەر سورییەکان ڕەخنەیان بگرتبایە کەوا سوری و لوبنانی بووکەڵەی دەستی فەرەنسییەکانن، ئەوا وەڵامی بریتانییەکان بەگوێرەی تێبینینامەکە ئەوە بوو: "حکومەتەکان هەرگیز نەمر نین، قسەی لەسەر نییە وەزارەت دەگۆڕێ و هی باشتر جێگەی دەگرێتەوە". خۆ ئەگەر هاتوو عەرەب پرسیان؛ بەڵێنی سەربەخۆیی ڕاست دەرنەچوو، ئەوا ئەوان دەبووایە وەها وەڵامبدەنەوە: "ئێمە لە ژەنەڕاڵ «کاترۆ»وە دڵنیاییمان پێگەیشتوە، کە بەنیازە سەربەخۆییەکە بکاتە سەربەخۆییەکی ڕاستەقینە،" و پاشانیش ئەو مەرجە دانرا کە دەڵێ "تا ئەو کاتەی هەلومەرج ڕێگەدەدا."[٣٥]

تا ئەو کات بریتانییەکان سەریانسوڕمابوو، تۆبڵێی هەر بە ڕاستی «کاترۆ» بە ڕووی دیگۆلدا بوەستێتەوە. «لیتلتن»یش لەژێر کاریگەری وتەیەکی «سپیرس»، لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمدا بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی نووسی، "دیارە لەم دواییانەدا تێبینی گۆڕانێک لە هەڵوێستی «کاترۆ»دا پەیدابووە، چونکە بریتانییەکان لە بەرانبەر دیگۆلدا پشتیان نەگرت و کەوت."[٣٦]

سپیرس گەیشتبووە ئەو ئاکامە: "کاترۆ دەستبەرداری ململانێیەکە بووە. هەڵسوکەوتی ئێستای تەواو ملکەچانەیە بۆ دیگۆل."

کاتێکیش شتەکە هەندێک ڕوونبووەوە، دوور لە ڕەواندنەوە و ڕیشەکێشکردنی تووڕەیی عەرەب، سیاسەتی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتدا دۆخەکەی پۆلکتر کرد، بریتانییەکانیش لەوە گەیشتن، کە ئەو برە باوەڕی بە «کاترۆ»یان هەبوو کافی نییە، فشارێکی بێوچانی بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی هەبوو. ئەو پیاوەی حکومەت دەستنیشانیکردبوو تا ڕۆڵێکی چاودێر لەسەر ڕەوشەکە بگێڕی، خۆی بوو، «سپیرس»ی ئەفسەری پاشکۆ لای دیگۆل. وێڕای ئەو ئاگادارکردنەوەی «لیتلتن» بەوەی کە دانانی سپیرس لای کاترۆ مایەی پەسەندکردن نییە، کەچی بە سپیرس ڕاگەیەنرا خۆی بۆ گەڕانەوە بۆ بەیروت وەک وەزیری کاروباری ڕۆژهەڵات ئامادەبکا.[٣٧] کارەکەشی بانانەوەی سەربەخۆیی هەردوو کۆمارەکان بوو، لە کاتێکدا هێشتا ڕووخساری دوکانەکە بە فەرەنسای ئازاد بهێڵێتەوە، ئەویش کاتێک لە بەیروت دەستبەکاربوو، بە هاوڕێیەکی گوت: "کاتێک دەگەڕێمەوە، کەیفوسەفای زۆرمان دەبێ."[٣٨]

# ١٩

# نێردەیەکی نائاسایی

بارۆنێکی کەشخە و مەعلانی تازەدانراو لەبن بەرگی یەکپۆشی دیپلۆماسییدا، ئەو "نێردەیەکی نائاسایی و وەزیری بڕیاربەدەست[٨٨]"ی بریتانی بوو، لە ٢١ی ئازاری ١٩٤٢دا لەسەر کەناراوی بەیروتدا دابەزی. «سێر ئەدوارد لویس سپیرس» لەوە ترسا نەوەک پاشناوی ڕازاوەی کارەکەی هی ئەوە نەبێ بە تەواوی بەهەندهەڵبگیرێ. کەچی ئەو ئەرکانەی پێیسپێردرابوو تا ڕادەیەک ڕوون و ئاشکرا بوون. وەک نێردە سەر بە وەزارەتی دەوڵەت لە قاهیرە وەک ئەفسەرێکی پاشکۆی هاوکاریش لەگەڵ فەرەنسای ئازاد لەسەر کاری خۆی بەردەوامبوو، وەک وەزیریش لەبەردەم وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە لەندەن بەرپرسیار بوو، ئاخر ئەو ببووە یەکەمین باڵوێزی بریتانی کارا لە هەردوو دەوڵەتی سوریا و لوبنان، هەموو هەوڵێکیشی بۆ ئەوە بوو سەربەخۆیی هەردوو وڵاتەکە ڕاستەقینە بێ و لە فەرەنسا ببنەوە. ئاماژەی بەو پلانەی چۆن جێبەجێیبکا و بەهۆی ئەوەی کاتێ لە لەندەن بوو داوای دەسەڵاتێکی زێدەباری کردبوو، خەریکبوو لە دەستی دەردەچوو. ئەوەش لەو بڕیارەدا خۆی دەبینییەوە، ئاخۆ هێڵی جیاکەرەوەی بەرپرسیارێتیی بریتانی فەرەنسییەکان لە کوێ لەیەک جیادەبێتەوە، لە ڕوانگەی ئەویشەوە سەرنجی دەسەڵاتی سەربازیی لە قاهیرە بۆ ئەوە ڕابکێشێ، کە هەر پرسێکی هاوبابەت دەبێ بۆ ئەو بگەڕێتەوە.[١] کەچی کاتێک لە سپێدەیەکی بەهارییدا گەیشتە

---

٨٨ مەبەست ئەو وەزیرە بێ هەگبەیە، بەڵام ڕێپێدراوە هەر بڕیارێکی دەستبەجێ بدا.

بەیـروت، ئەو جۆشوخرۆشـەی بـۆ کـارەکەی هەبـوو هێشـتا لێـی ڕوون نەبـوو، ئەو بە شـێوەیەکی لەخشـتەبراوانە شـتەکانی دەبینـی، وەک ئەوەی لە شانۆگەرییەکی کۆمیدیدا هاتبێتەدەر.

ئەو بـۆ دۆسـتەکانی لـویس و بـۆ دوژمنەکانیشـی ئێـدوارد[89]، سـپیرس پیـاوێکی کەتە و قەڵەوی بەهێز، پرچێکی کەژە و چـاوێکی قاوەیی و لووتێکی بەهێز و دەمێک وەک ئەوەی تەڵەی مشـکگر بـێ هەبـوو.[2] تەمەنـی پەنجـا و دوو سـاڵان بـوو، ئەو حەزی لێنەبـوو دەسـتەواژەی پاشـکۆ (مـولحەق) بـۆ ئەو کـارانەی ڕاییـدەکردن بەکـاربێنێ. کەیفیشـی بە ئاماژەکـانی بۆ پەیوەنـدیی نـاڕەوای نێـوان ڕەگەزەکـان نەدەهـات (لەوانەیە بۆ ئەوە بـێ، کـاتی خـۆی گۆبەنـدی لەگەڵ خـاتوونە سـکرتێرەکەی هەبـووبێ)، ڕاستییەکەشـی وشـە هێماداریەکە "تەنیا بۆ جۆرێک لە پۆستەکان لە جیهانی سـەربازییدا بەکاردەهـات.[3] لە میـانەی جەنگـی یەکەمـی جیهانـدا، سپیرسـی فەرەنسـی و ئینگلیـزی زمـان، لەدایکبـووی پـاریس مـولحەقی سـەربازیی بـوو لەنێـوان سوپای بریتـانی و فەرەنسی. پێدەچی لە سـەرەتای جەنگەکەشدا هێزی ئێکسپیدیتسی لە مەترسی پاراستبێ، ئەویـش ئەو کـاتەی فەرمانـدەی هێـزەکەی لە مەترسـی کشـانەوەی فەرەنسییەکان لە بەرەی جەنگ ئاگادارکردەوە. لەبەر ئەوەی چـوار جـارانیش لەبەرەی پێشـەوەی شـەڕدا برینداربووبوو، بۆیە لە ١٩١٧دا گوازرایەوە بۆ پشـتەوەی هێڵی شـەڕ و ئیشـی نووسـینگەیی پێدرا، کە بریتـی بـوو لە مـولحەقی سـەربازیی بریتـانی لە وەزارەتـی بەرگـری فەرەنسـا لە پـاریس. هەروەکـو ڕێککەوتننـامەی سـایکو-

---

٨٩ لـویس Luis نـاوێکی بە بـنەڕەت فەرەنسـییە و واتـای شـەڕڤانێکی نـاودار دەگەیەنـێ، هەرچـی ئێـدوارد Edwardیشـە نـاوێکی ئەنگلـۆ سەکسـۆنییە و لە توخمەکانی دەوڵەمەندی، سامان و گەشەسەندن و پارێزگار پێکهاتووە،

پیکـۆش دەریخسـت، حکـومەتی بریتانیـا پاراسـتنی پەیوەنـدی دۆستانەی لە نێو هەر دوو وڵاتدا بە پرسێکی گرنگی هاوپەیمانی بۆ بردنەوەی جەنگەکە دانا.

تا ئەو کات «سپیرس» ڕایەڵەی پەیوەندیی دۆستانەی ڕاچاند، دواتر لە درێژەی کارنامەکەیدا نەخشی خۆی هێنا. لە ساڵی ١٩١٥ و لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا لە بەرەی جەنگ و لە میانەی شکستە گۆبەندییەکەی گالیپولیدا چاوی بە «وینستن چەرچڵ» کەوت. «سپیرس» کە تازە لەبەر ئازایەتی میدالیای خاچی سەربازیی پێبەخشرابوو، کاریگەریی باشی لەسەر سیاسەتوانە ئینگلیزییەکە دانا، بۆیە هەر دوای جەنگ پێشنیازی بۆکرد بچێتە پەرلەمان. ئەویش هەر وەهای کرد. ئەو بۆ ماوەیەکی کورت لەسەر حیسابی لیبراڵەکان بووە ئەندام پەرلەمان لەسەر هەرێمی «لەفبۆرۆو Loughborough»، پاشان لەگەڵ چەرچڵ چووە نێو حیزبی پارێزگاران، ئەوسا لە ١٩٣١دا نوێنەرایەتی «کارلیسل Carlisle»ی لە باکووری ئینگلستان کرد.

لەو کاتەوە «سپیرس» نوێنەرایەتیی بازاڕی سەرسنووری دەکرد، بەڵام لە سۆنگەی "زیرەکییە ساردوسڕییەکەوە" هەرگیز نەیتوانی ڕێگەی خۆی بۆ وێستمینستەر ببڕێ. لەبەر لایەنداری بۆ بۆچوونی فەرەنسی تانەوتەشەری ئەوەیان لێدەدا، گوایە ئەندامێکی پاریسییە لەنێو ئەوان، لە کاتێکدا پشتگیری نەیارێتی بۆ چەرچڵ کردیە ئەندامی دەستەیەکی هەراسان.[٤] جارێکیان هاوڕێیەکی ئەوەی بەبیرهێنایەوە، "ئەوەی مایەی هەراسانی میکانیزمی حکومەتە ئەوەیە ئەگەر جارێک لە کەڵەی دای بەوەی ئەو ئاراستەیەی گرتووتەبەر ڕاستە، ئیدی لێیدەردەچی، ئای لەو

لـێکەوتە نەفـرەتییە. ئەم سـەرەداوانەش هەر بە خـۆی لە وایتهۆلـدا نەیارێتی دروستدەکا."[٥]

دواجــار کە «ســپیرس» گەشــتی کارنــامەی بــۆ ڕۆژهەڵات دەسـتپێکرد سـاڵی ١٩٤٠ بـوو، ئەو کـاتەی چەرچڵـی سـەروەزیری نــوێ لەبەر دڵســۆزیەتی سپیرســەوە پاداشــتی دایەوە و کــردییە ئەفســەری پاشــکۆی تــایبەتی خــۆی لای حکــومەتی فەرەنســای گەمـارۆدراو. ئەو کـات وەک سـپیرس ڕوونیکـردەوە سـەرکەوتنی کـارەکەی لە گرەوێکـی گەورەدا بـوو، "مـن هەروەک زۆر کەسـی دیـکە تەواو قەناعەتمــان هــاتبوو، کە جەنــگ دژی ئاڵمــان بەبــێ پاڵپشتێکی بەهێزی وەک فەرەنسا شتێکی نەکردەیە."[٦] ڕووخـانی ئەو کاتی فەرەنسا تاقیکردنەوەی ڕووخـانی بیـردۆزەکە بوو، بەڵام لەو نێـوەدا «سـپیرس» هێزوتینـی نەبەزینـی دیگـۆلی وەرگـرت. خـۆی ئەوە «سـپیرس» بـوو لە مـانگی حوزەیرانـدا دیگـۆلی خسـتە نێـو فـڕۆکە و بـۆ لەنـدەنی هەڵهێنـا، هەر «سـپیرس»یـش بـوو ببـووە جەنگاوەرترین داکۆکیکار کاتێک دیگۆل پێینایە پایتەختی بریتانیا. دواتــر وەک چەرچــڵ لە کۆتــایی چلەکانــدا داوایکــرد: "ســەرباری هەموو پڕوپاگەندەکان مەبەستی سـەرەکی ئێمە پشتگرتنی دیگۆل بـوو، ئـاخر فەرەنسـییەکان متمانەیـان بە کەس نەدەکـرد مەگەر لە خۆیــان نەبــێ." هەروەک دواتــریش گــوتی؛ "خــۆ ئەگەر ژەنەراڵ سپیرس نەبووایە. لەوانەبوو هەرگیز ژەنەرال دیگۆلیش نەبووبایە."[٨]

ئەو هەســتە نــاوازە و گــرنگە پەســەندکراوە و کــۆنترۆڵەی، کە سپیریس سەبارەت بە سەقامگیربوونی ڕۆڵی دیگۆل لە ڕەوشـەکەدا هەیبـوو، لەو کـاتەی زانـی کەوا کـابرای فەرەنسـی هەمـوو شـتێکی هەر بـۆ خــۆیە، بەبــاچوو. تــا نیــوی یەکەمــی ١٩٤١یــش هێشــتا «ســـپیرس» بە داکۆکیکــــارێکی سەرســــەختی ســــەرکردەکەی

فەرەنسـای ئـازاد مـابووەوە، بەڵام کاتێک دوای خۆبەدەستەوەدانی فەرەنسای ڤیشی سەردانی دیمەشقی کرد بەڵگەوبەندی هاتنەسـەر ڕایەکـــی دیـــکە ســــەبارەت بە دیگـــۆل و بەڕێـــوەبردنی بەرەی ڕۆژهەڵاتی فەرەنسی لا گەڵاڵەبوو. جارێکیـان دیگۆل بە جۆرێک لە داڕسانەوە بە سپیرسی گوت: "ئەرێ تۆ پێت وایە کەوا من لەگەڵ بـردنەوەی جەنگم لە لای بریتانیـاوە؟ نەخێر مـن وا نـیم، مـن تەنیـا مشـورخۆری سـەرکەوتنی فەرەنسـام."[٩] «سـپیرس»یش پێیگـوتەوە: "هەردووکـــی هەر یەک شـــتە." دیگـــۆلیش بەرســـڤیدایەوە: "نەخێـــر هەرگیز وا نییە." کاتێ «سپیرس» گفتوگۆ نـامرادییەکەی لای خـۆی یاداشت کرد، پێی لەوە نا کە "زۆر ئەوق مام."

ڕەفتـاری ئەم دواییـانەی دیگـۆل دەریخسـت، چەنـدە شـتەکانی بەهەنـد هەڵگرتـووە. سپیریسـیش ڕەنجەڕۆیـانە پەی بەوە بـرد، کە هەردوو ســــەرکردەی فەرەنســـای ئـــازاد و کـــاترۆی جێگـــری، ڕەوشەکەیان وەها دەبینی، کە "باڵادەستیی فەرەنسا لە سوریاوە لە گرتنەبەری چەنـد ڕێکارێـک بـۆ سـەرکەوتن لە جەنـگەکە بەگرنگتـر دەزانـی."[١٠] لێـرەدا ئەو بە دروسـتی پێشـبینی کـرد، کە فەرەنسـای ئازاد "شەڕدەکا و لەسەر حیسابی کەمترین جێپێیان لە سـەر خـاکی سـوریا و لوبنانـدا کێشـە و هەرا بـۆ بریتانیـا دەنێـتەوە." کـاتێکیش چەرچڵ لە هەڵوێستی دیگۆل دڵپڕ بـوو، سـپیرس هەم هەسـتی بە بەرپرسیـــارێتی و هەم بە دژواری کـــرد. دەردەدڵـــی وەهـــا لای دۆســـتێکی متمـــانەداری هەڵڕشـــت؛ "مـــن فرانکشـــتاینی دێـــوەزمەم ئافراند، ناشزانم نە دەیخنکێنم یان دەمخنکێنێ؟"[١١]

سـپیرس بەو بڕیـارە گەڕایەوە لوبنـان تـا ململانێیەکە بباتەوە. یەکێـک لە دەسـتوپێوەندەکانی نووســی؛ "هەرگیـز واتـای ئەوەی نەدەزانـی کە ئـاژەڵ بەچـکەی خۆیـان دەخـۆن تـا بە چـاوی خـۆی

نەیبینی... ئیدی سپیرس کەوتە هەڵلوشینی بزووتنەوەی فەرەنسای ئازاد."[١٢] کاتێکیش لە ٢ی نیساندا سپیرس کاترۆی بینی، پێیگوت بەنیازە بە «ئەلفرێد نەقاش Alfred Naccache»، ئەو پیاوەی کاترۆ بڵێ بە سەرۆکی لوبنان دەستنیشانیکردبوو، بریتانیا پشتگیریی سەربەخۆیی تەواوی لوبنان دەکا. ماوەی مانەوەی ئەو دواییانەی لە لەندەن و دۆستایەتی لەگەڵ سەروەزیر وەها دەربخا، کە ڕوویەکی تەمومژاوی نیشانی ئەو سەرکردە فەرەنسییە بدا بەوەی پەیوەندییەکانی نێوان بریتانیا و دیگۆل شێواون و باش نین. بە گوێرەی قسەی کاترۆش بێ، "کەس بڕوای بە کارایی و بەکەڵکبوونی فەرەنسای ئازاد نییە."[١٣] کاترۆیش بە نۆرەی خۆی لەوە هەراسان ببوو، کە سپیرس دوای گەیشتنە بەیروت، ڕاستەوخۆ سەری ئەوی نەدا بوو. ئیدی بینی هاوتا بریتانییەکەی خەریکی چییە. ئینجا ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بۆ دیگۆل بەرزکردەوە، تێیدا بۆ سەرۆکەکەی نووسیبووی؛ سپیرس "بەو مانۆڕەی تێکۆشاوە هەراسانمبکا و بەو ڕەوشە بەجیمبێڵێ کەوا حاڵی فەرەنسای ئازاد لە ڕۆژهەڵاتدا هی ئەوە نییە بەرەنگاری نەخشەی ئەوی پێببێتەوە."[١٤] لەگەڵ ئەوەشدا لە بیرەوەرییەکانیدا دانیبەوەدا ناوە، کە سپیریس چۆن هزری شێواندووە. "ئێمە لەو میزاجە تۆڵە و شەڕانگێزییەکەی، لە میزاجە خێرا هەڵچووەکەی، لە دەسەڵاتە بەدگومانییەکەی و لە حوکمە لەپڕەکانی دەترساین، هەموو ئەمانەش زۆر مەترسیدار بوون، چونکە چەرچڵ گوێی لێدەگرت."[١٥]

هەر زوو دیگۆل دڵنیایی دایە کاترۆ، کە شتەکانی سپیرس لەبارەی فەرەنسای ئازادەوە" شتێکی قەڵپە و لاگیرانەی خۆیەتی" و لەو باوەڕەش دایە فشاری سپیرس بۆ سەربەخۆیی تەواوی سوریا

و لوبنـــان ئەو پاڵپشـــتەی لە نێــو خـــودی وەزارەتـــی کاروبـــاری دەرەوەی بریتانییدا نییە.[١٦] هەرچەندە هەردوو پیاوەکەش خۆیان لە تـــــووڕەکردنی چەرچـــــڵ دەپاراســـــت بەوەی سەربخەنەســـــەر بـــڕادەرەکەی ئەو، ئەوان زانیـــان دەستنیشـــانکردنی ســـپیرس وەک سەرۆکی دیپلۆماسیی بریتانیا لە ڕۆژهەڵات لە لەندەوە دژبەرایەتی زۆی لەنێوخـــۆدا هەڵگرتـــووە. خـــۆ ئەگەر بیـــانەوێ کۆســـپی ئەو ڕکـابەرە شـێلگیرە لەسـەر ڕێگەی خۆیـان لابەرن، ئەوا پێویسـتیان بەوەیە، ئەو ترسەی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە سەبارەت بەو هەیە قـوولتربکەنەوە بەوەی گـوایە سـەروەزیر ئەو پیـاوەی لەوێ لەسەر ئەوان چاندووە. دیگۆل داوای لە کاترۆ کرد "بە شێوەیەکی بەردەوام" لەو پیـاوە بە ئاگـابێ و لە بەیـروت چـی دەکـا و چـی پێگوتوەوە ئاگاداربکاتەوە.[١٧]

ئیدی سپیرس هەوڵیدا فشار بخاتە سەر «نەقاش».[١٨] هەر دوای سـەردانەکەی بۆ لای «کـاترۆ» چاوی بە سـەرۆکی لوبنـان کەوت، لەو دانیشـتنەدا زیـاد لە سـنووری دیپلۆمـاتییەکەی خـۆی تێپەڕانـد، ڕاسـپاردەی ئەوەی دایـێ، هەڵبـژاردن دەبـێ بەر لە کۆتـایی سـاڵ بکرێ. نەقاشیش بە ڕاپۆرتێک کاترۆی لە گفتوگۆکە ئاگادارکردەوە، بەڵام خـۆ هەرچۆنێـک بـێ کـابرای فەرەنسـی هەواڵـدزێکی لە نێـو نووسینگەی نەقاشـدا هەبوو، لە ڕێی ئەوەوە زانـی، کە سـپیرس بە نەقاشـــــی گوتبـــــوو؛ ئەگەر کـــــاترۆ هەر کردەوەیەکـــــی دژ بە سەربەخۆیی لوبنان بگرێتەبەر و بەڵێنەکەی نەگەیەنێتەجێ و بەر لە سـەری سـاڵ سـەربەخۆییەکەی لوبنـان ڕانەگەیەنـرێ، ئەوا دەکـرێ بریتانیـا بەهێـز کـاردانەوەی خـۆی بنـوێنێ.[١٩] کـاترۆش داوای لە دیگۆل کـرد، بـێ ئەوەی سـەرچاوەکانی خۆشـی ئاشـکرابکا، بەڵکـو هەوڵێک بدا، لەوە وێبکەوێ ئاخۆ سیاسـەتی سـپیرس "کە نەخشـەی

دەرکردنی ئێمەیە" سیاسەتی حکومەتی بریتانیاشە. دیگۆلیش پێی وانە بوو سیاسەتەکە بەم جۆرە بێ: هیوای وا بوو بەسەرنجڕاکێشانی سپیرس لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی، بتوانێ جێ بە کابرا بریتانییەکە لەقبکا.

ئەوسا خۆ ئەگەر سپیرس ملکەچی فەرمانی حکومەتەکەی ببێ یان نەبێ، دەستبەجێ کاترۆ لە کێشەکە گەیشتبوو، بەوەی بانگەوازی وەزیرەکەی بریتانی بۆ هەڵبژاردنێکی دیموکراسییانە بەندە بە دنەدانی نەیارانی حکومەتە بووکەڵەکەی سوریا و لوبنان بۆ ئەوەی بەبێ دەستبردن بۆ هەڵبژاردنیش، سەرنجیان بۆ لای دامودەزگای دیموکراسی ڕابکێشن."[٢٠] تا ئەو کاتیش لەوە بەئاگابوو، کە هەم «نەقاش»ی سەرۆکی لوبنان و «تاجەدین حەسەنی» سەرۆکی سوریا لای خەڵک زۆر ناخۆشەویست بوون هی ئەوە نەبوون ئەگەر ناچاریش کرابان هەڵبژاردن بکەن، دەربچن و بیبەنەوە.

بە تایبەتیش «تاجەدیین» لەژێر فشاردا بوو، چونکە تا دەهات لە سوریا نرخی گەنم هەڵدەکشا. وڵاتەکە بەر لە جەنگ تۆڕێکی هاوردەی گەنم و دانەوێڵەی هەبوو، بەڵام لە ١٩٣٩ بە دواوە موڵکدارە نیمچە فیودالەکان، خانەدانەکانی وڵات، گەنمیان عەمبارکرد تا بەهۆی جەنگە دووردرێژەکەوە، نرخەکەی هەڵبستێ و ئەوانیش قازانجەکەی بڕننەوە. ساڵێک پێشتر هەوڵێکی سپیرس بەوەی بازاڕ بخاتە بن گەنمی هاوردەکراو لە ئوستراڵیاوە بە شوومی شکستیهێنا. سادە و ئاسان ئەوانەی گەنمەکەیان عەمبارکرد، زیادە گەنمەکەشیان هەڵمژی و شاردەوە ئیدی نرخەکە بەرز بووەوە.

کاتێکیش سپیرس لە ١٩٤٢دا گەڕایەوە لوبنان، هەڕەشەی هەرا و پشێوی نان توندوتیژتر بەسەر جامبازانی ڕەوشەکەدا شکایەوە. سپیرس نووسی؛ "لەوانەیە کردەیەکی بەدەر لە سێدارەدانی هەندێک لە جامبازانی گەنم ڕەوشەکە چارەسەرنەکا"، هەرچەندە هیواداریش بوو "کارێکی وەها بکا ئۆباڵەکە بکەوێتە ئەستۆی فەرەنسییەکان خۆیان."[٢١]

کاترۆش پێشنیازی پرۆژەی مۆنۆپۆلییەکی فەرەنسی کرد، بەوەی هەموو گەنمەکە بکڕێتەوە، ئینجا بە نرخێکی کۆمەککراو بیفرۆشێتەوە، بەڵام «تاجەدین» لە ترسی خانەدانەکان نەوەک پشتی ئەو هەوڵە نەگرن، ڕەتیکردەوە ڕێگەی شتێکی وەها بدا. لەو کاتەدا سپیریس دەرفەتی خۆی تێدا بینی. ئەو کەڵەگایی بەسەر «حوسنی ئەلبەرازی» سەروەزیری «سەرۆک «تاجەدین»ەوە کرد، بەوەی پشتگیری پرۆژەکە بکا، دەنا دەیگرن و دەینێرنە تاراوگە ڕەوانەی دوورگەی «کاماران»ی ناو دەریای سوری دەکەن. ئینجا بە کاترۆش گوت، دەیەوێ بریتانیا بەو پێیەی پشتگیرییە داراییەکەی لە ئەستۆ دەگرێ، ڕۆڵێک لە بەڕێوەبردنی ئەو نەخشەیەدا بگێڕێ، ئاخر لەو کاتەشدا هەر دەبوایە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکە پشت بە سوپای نوێیەمی «جەمبۆ وڵسن»ی بریتانی ببەسترێ. لە مانگی ئادار و لە قاهیرەدا، دوای چەندین ڕۆژ لە گفتوگۆ، کاترۆ بە سازشەکە قایلبوو. ئەمەش سازشێکی بەرچاو بوو. ئینجا کابرای فەرەنسی ناچاربوو پەیوەستبوونی بریتانی لەناوچەیەکدا بپەژرێنێ، کە بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی لیتلتن-دیگۆل بە تەنیا لە بەرپرسیارێتیی فەرەنسادا بوو.

تـا ئێـره «لیتلـتن» وەک وەزیـری کاروبـاری دەرەوە و وەک سـەرۆکی «سـپیرس» لەوەدا سـەرکەوت لە ڕێـی «ڕیچـارد کاسـی Richard Casey» ئەو سیاسەتوانە ئوسـتراڵییە ڕوخسـار جـوانە کـارێکی بـاش بکـا، دوای ئەوەی «کاسـی» لە ٥ی ئـادار گەیشـتە قـاهیره و کـڕین و هێنـانی گەنمـی پێسـپێردرا. پـاش ئەوەی دیگـۆل سکاڵای لە دەست چالاکییەکانی سپیرس کرد، وەزارەتی کاروبـاری دەرەوە دەبەنگـانە هەوڵیـدا «کاسـی» وەک ڕکێفکردنێکـی سـپیرس نیشـانی فەرەنسـییەکانی بدا، بەڵام «کاسـی» لەم سەروسـەودایەدا شکسـتیهێنا. ئیـدی ئەو ئوسـتراڵییە ڕووخۆشـە ئـاوی لە ئاشـی سـپیرس کـرد، هەروەک خـۆی دواتـر بەم دۆخە پێکەنـی؛ "کـاری زۆری بۆ تێکدانی سیاسـەتی دیگۆل کـرد، ئاخر خۆ هەمیشـە بەوە پشتئەستووری، کە وەزیرێکی بریتانی یان وەزارەتێک بدۆزیەوە کە بە ڕووی ئەوی دیـکە بوەسـتێتەوە، لە مـاوەیەکی کورتیشـدا ئەمە دەبینی."[٢٢] ئەوە بوو «کاسی» بە تەواوی لەپشت سپیرسەوە بوو.

لە مـــاوەی گفتوگۆکـــان ســـەبارەت بە گەنـــم، ســـپیرس ئەو دەرفەتەشی قۆستەوە کۆمەکی «کاسی»یش بخاتە خزمەتی پرسـی هەڵبژاردنەکانەوە. ئیدی بەیەکەوە بازنەی گەمارۆیان لەسـەر کـاترۆ تەسکترکردەوە بۆ ئەوەی تا بکرێ هەڵبژاردن بۆ سـەرۆکایەتی لە سـوریا و لوبنـان بەر لە کۆتاییهـاتنی سـاڵی ١٩٤٢ بکرێ. هەڵـبەت ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی، کەوا نەخشـەی هەڵبژاردن لە عێراق و سـوریاش هەیە بـۆ ئەوەی فشـاری عەرەبە ناسیۆنالیسـتەکان لە هەر وڵاتێـــک لەمـــانەدا خـــاوبکەنەوە. هەر دە ڕۆژێـــک بەســـەر خۆکـۆکردنەوەی کـاترۆدا تێپەڕی تـا زاتـی ئەوەی کـرد زەنـگ بـۆ دیگۆل لێبدا و بڵێ، کە سازشێکی بەرچاوی دیکەشـی کـردووە، ئەم جارەیـان دەربـارەی «کاسـی»، ئەو پیـاوەی وەزارەتـی کاروبـاری

دەرەوە دەیگـوت بـۆ جلەوکردنـی سـپیرس دامانـاوە، کەچـی سپیرسێس بە پێزانینەوە دوای مـاوەیەک سـەبارەت بەم پێشـهاتە نووسی؛ "دەرکەوت «کاسی» بووەتە بەربەستێکی ڕاستەقینە."[٢٣]

لە لەنـدەنیش دیگـۆل ئەو هەواڵەی کـاترۆی وەک پێشـبینییەکی شـووم وەرگـرت. لە بەرتەکـدا هیـوای خواسـت خـۆزگە ئەم شـتە ڕوووینەدابووایە، ئینجا پێیگوتەوە بەڵکو هەوڵێکبدا لەوە دڵنیابێ، کە بریتانیـا دەسـت لە کاتبەنـدیی دەستنیشـانکردنی ڕاگەیانـدنی هەڵبـژاردنەکەدا نەبـێ. ئەو ویسـتی تـا بـۆی بلـوێ بڵاوکـردنەوەی هەواڵەکە دوابخا، چونکە دەیزانی کەوا ئەم شتە دەسـەڵاتی هەردوو حکومەتەکـانی «نەقـاش» و «تـاجەدین» وێرانتردەکـا، "ئـاخر خـۆ هەمووان دەیانزانی ئەوان ڕەشدەبنەوە."[٢٤]

لەو نێـوەدا بە شـێوەیەکی کـاتی «ڕۆمـل» بە هانـای دیگـۆلەوە هات و ڕزگـاریکرد. ئەوە بـوو لە ٢٦ی ئـادارەوە ژەنەڕاڵ ئەڵمـانەکە لە ڕێی سارای لیبیاوە هێرشـی هێنـا تـا «تەبـرەق» بگرێ، کە دوای مانگێک واتە لە ٢١ی حوزەیرانـدا گرتـی، ئەمەش دوایی ئەوە هـات، کە بریتانییەکان لە دژەهێرشێکی کاریگەردا شکسـتیانهێنا. پاشـان لە کۆتایی مانگەکەدا بریتانییەکان لە بەرگری خۆیان لە «ئەلعەلەمین» پاشەکشەیانکرد، ئیدی هێزی پێشقەڕەوڵی ئەفریقایی «ڕۆمڵ» هەر ٦٠ میـل لە ئەسـکەندەریە و ١٢٥ میلـیش لە قـاهیرەوە دووربـوون. چەرچڵـیش ئەوەی بەبیـر «ئاوجیلینـک»ی سوپاسـالاری هێـزە بریتانییەکـانی ڕۆژهەڵاتـی نـاوین هێنـایەوە، "تـۆ ٧٠٠.٠٠٠ کەسـت بەتەوای هێـز و پێداویسـتییەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا لەبەردەسـتە. هەر نێرێکـی هەراش دەبـێ بجەنگـێ و لە پێنـاو سەرکەوتندا بمرێ."[٢٥]

لە کاتێکدا ئەم ڕەوشە بۆ چەرچڵ کێفەڕاتێک بوو بۆ خۆی، کە شـــێلگیرانە دووپاتیـــدەکردەوە، ئەم جەنـــگە هەر ئەنجـــامێکی لێبکەوێتەوە دەبێ «تەبرەق» بەهەر نرخێک بێ بگێڕیەوە و بەر بە پێشڕەوی «ڕۆمل» بەرەو میسر بگیرێ، کەوتنی ئەم بەندەرەی لیبیا دووشەشی بەخت بوو بۆ دیگۆل هات. دوو ڕۆژ پاشتر، «کـاترۆ» بە «کاسـی» گـوت کە دیگـۆل "نـایەوێ وڵاتەکـانی ڕۆژهەڵات بخاتە بەردەم بینەوبەردەی سیاسی لە کاتێکدا هێشتا ڕەوشی سەربازی ڕوونەبووەتەوە و بە تەواوی جێگیر نییە."[26] پێدەچوو ئەمەش هەر ئەو سەرەداوە بێ، کە ساڵی پاشتریش دیگۆل دەستیپێوەگرت.

لەو هاوینەدا هۆکارێکی دیکە هاتەپێش، کە تەکانێکی بازدەرانەی بە دیگـۆل دا. وەنەبێ هەر بە تەنیا نزیکبوونەی ئاڵمـان لە میسـر وای کردبێ هەڵبژاردنی بۆ ماوەیەکی نادیار لە سوریا و لوبنان پاشخسـتبێ، بەڵکـو سـەربازەکانی خـۆی لە ژێـر فەرمانـدەیی «کوینـــگ» (ئەوەی ئینگلیزەکـــانی بە ئینگلیـــزی دەســـتبەخوێن نـاودەبرد) لە جەنگی «تەبـرق»دا نەبەردییەکـی زۆر کـاریگەرانەی نواند. ئەگەر ئەو بەرگرییە سەرسەختەی ئەو لە بەرەی خوارووی هێزی بریتانی لە «بیئر ئەلحەکیم» نەبووایە، ئەوا ڕۆمل خێراتر دەگەیشتە «تەبرەق»، لە ئاکامیشدا زیانی زۆر زیاتر بە سوپای میسـر دەکەوت لەوەی پێیـان کەوتبـوو. فەرەنسـییەکان دەیـانگوت ئەگەر ئەوان نەبوونـایە لەوانەبـوو ئاڵمانەکـان توانیبایـان بەرەکـانی پێشەوە بشکێنن و بگەنە میسر. بەرلەوەی جەنگەکەش کۆتاییپێبێ، چەرچڵ کۆکبوو لەسەر ئەوەی دەبێ بریتانییەکـان پێزانیـان بـۆ فەرەنسـای ئـازاد وەک "فەرەنسـای جەنگـاوەر" هەبێ و هەوڵـی «کۆینـگ» بناسـن. دیگـۆلیش لە یاداشـتەکانیدا نووسـیبووی، لەو

کاتەی ئەو هەواڵەی پێگەیشت، کە «کۆینگ» لە «بیر ئەلحەکیم»ە، چووەتە نێو نووسینگەکەی و دەرکەی لەسەر خۆی داخستووە، گریاوە.

بە ڕزگاربوون لەو ئەهریمەنەی لە ئاداری ١٩٤٠ەوە بەدوایانەوە بوو، دیگۆل لە سەرەتای مانگی ئابدا گەیشتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە نەخشەیدا بوو مانگێک لەوێ بمێنێتەوە. لە قاهیرە چاوی بە چەرچڵ کەوت، ئاخر ئەویش هاتبووە ئەوێ تا ئەو ڕەوشەکە هەڵبسەنگێنێ ئاخۆ دوای تەبرق» ژەنەڕاڵ «ئاوچینلیک» لە شوێنی خۆی بهێڵێتەوە یان بیگۆڕێ. لەوێ دیگۆل داوای لێکرد پرسی سوریا بێنێتەگۆڕێ. چەرچڵیش کە سەرقاڵی بابەتی گرنگتر بوو، گوتی وا دەکەین. بۆ ڕۆژی دواتر دیگۆل ڕووبەڕووی هەوڵێکی «کاسی» بووەوە بەوەی پێیبسەلمێنێ، کە هەڵبژاردن لە هەردوو وڵاتی ڕۆژهەڵاتدا بکا. ئەویش بە دەنگێکی بەرزەوە وەڵامیدایەوە؛ "دەسەڵاتی ماندات بەنیاز نییە دەنگدان بە خەڵکەکە بکا لەو کاتەی ڕۆمل لە دەروازەی ئەسکەندەریە دایە. ئایا هەڵبژاردن لە میسر و عێراق یان لە ڕۆژهەڵاتی ئوردندا دەکرێ؟"[٢٧] پاشان دوای ئەوەی لە ١٤ی ئابدا گەیشتە بەیروت، سکاڵانامەیەکی فەرمی دەربارەی "دەستوەردانە بەردەوامەکانی نوێنەرایەتیی حکومەتی بریتانی لە کاروبارەکانی ڕۆژهەڵات" بۆ چەرچڵ نارد، تێیدا هاتبوو ئەو ڕەفتارانە "لەگەڵ سیاسەتی دەستوەرنەدانی بریتانیای مەزن لە لوبنان و سوریا یان لەگەڵ ڕێزگرتن بۆ پێگەی فەرەنسا ناگونجێ."[٢٨]

بە دڵنیاییەوە قسەکانی دیگۆل ڕاستییان تێدا هەبوو. ئاخر لەو کاتەی سپیرس گەیشتبووە بەیروت، خێرا بازنەی ئەرکەکانی فرەوانببوو. ئیدی ببووە تەونێکی گەورە لە کار و چالاکی هۆبەی

سیاسی، ئابووری و دارایی، سوپا، هێزی ئاسمانی و دەریایی، هەروەها ڕۆژنامەگەری و پروپاگەندە و لە دواییشدا ڕایەڵەیەکی لە ١٢٠ ئەفسەری سیاسی، کە بەنێو وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوببوونەوە، پێکهێنابوو. وێنەیەکی بە کۆمەڵ – کە لای فەرەنسییەک هەڵگیراوە و مێژووەکەشی بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ دەگەڕێتەوە- ئەوە نیشاندەدا، کە سپیرس بە خۆی و قاتێکی ڕەنگبزڕکاو لەنێو حەفتا کەسی پۆشاک خاکیدا یە.[٢٩] فەرەنسییەکان بە هەق گومانیان لە ئەرکی ئەوان هەبوو، بەوەی چالاکی ژێربەژێر لە ڕاهێنانی تێکدەران لە پشتی بەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئاڵمان تا سیخوڕایەتی تەواو لەوێدا دەیکەن. هەر یەکێکیش لەوانە لە ١٩٨٣ دا کاتێک باسی زەمانی شەڕیان دەگێڕایەوە دەیانگوت؛ "من بۆ ماوەیەک هاوکاری ئەرکەکانی سپیرس بووم."[٣٠]

سپیرسیش هەستیکرد گۆشەگیرکراوە، ئیدی هەوڵیدا بە هەر شێوەیەک بێ بەرگری لە ئیمپراتۆریەتەکەی بکا. دوای ئەوەی سکاڵای ژەنەراڵ دیگۆل گەیشتە قاهیرە گوتی؛ "بێ سێ و دوو دیگۆل هەوڵدەدا بەڵگەنامەیەکمان لێدەربێنێ، کە لە دژمان بەکاربێنێ."[٣١] نامەکەی دیگۆل بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ لەو ماوەیەی کە چەرچڵ بە نهێنی سەردانی مۆسکۆی کردبوو، بێ بەرسڤ مایەوە، ئیدی ئەو ماوەیە پشوویەک بوو بۆ سپیرس تا خاترجەم بێ لەوەی وەڵامی سەروەزیر ڕەتکردنەوەی سکاڵاکەی دیگۆل بووە.

لە گەڕانەوەیدا بۆ قاهیرە، چەرچڵ پشتی سپیرسی گرت. لەسەر خوانی نیوەڕۆ لە پایتەختی میسردا ئاماژەیەکی وەهای دا؛ "دیارە لویس زۆر دوژمنی گەورەی هەن." ئیدی دەستی لە سینگی خۆی دا و قسەکەی تەواوکرد؛ "بەڵام یەک دۆستیشی هەیە."[٣٢]

وەڵامەکەشی بۆ سکاڵاکەی دیگۆل توند بوو و دەسەڵاتێکی تەواویشی بە سپیرس دا تا لەسەر جموجۆڵەکانی بەردەوامبێ. چەرچڵ بە دیگۆلی گوت؛ "خەمی سەرەکییمان لە کەشوهەوای سیاسییدا ئەوەیە دڵنیا بین کەوا هیچ سیاسەتێک نەگیرێتەبەر ئاسایشی سەربازییمان بنکۆڵبکا یان دەستوەربداتە ڕێکارەکانی جەنگ. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئێمە ڕەچاوی ئەوە دەکەین بە تەواوی و بەر لەهەر پێشهاتێکی سیاسیی گرنگ ڕاوێژمان پێبکەن."[٣٣]

گومانەکە ڕاست بوو، چەرچڵ و سپیرس بەنیازبوون ئاسایشی سەربازیی و کورتهێنی گەنم بکەنە پاکانەی دەستوەردان لە کاروباری بەڕێوبەرایەتیی ڕۆژهەڵات، دیگۆلیش بە دوای فێڵێکی دیکەدا گەڕا.[٣٤] خۆ ئەگەر ئاسایشی سەربازیی بەهانەکەی دەستوەردان بێ، ئیدی پێویستە فەرەنسا جڵەوی کۆنترۆڵی ئاسایشی سەربازی بگرێتەدەست. بەگوێرەی ڕێککەوتنی پار لەگەڵ «لیتلتن»دا، بریتانیا بەرپرسیاربوو لە بەرگریکردن لە سوریا، چونکە ژمارەی هێزەکەی لە هی فەرەنسییەکان پتر بوو.[٣٥] ئیدی دیگۆل کەوتە خۆی و هێزە جیاجیاکانی لە ڕۆژهەڵاتدا کۆکردەوە بە ژمارەی ژاندارمەکانی سوری و باجکۆکەرەوە خۆجێیەکان (بیست هەزار سەربازی بەهێزی سەربازە تایبەت)، ئەمانە فەرەنسی بوون لە دواییدا گەیشتە ئەو ژمارەیە کە زۆرترین هێز لە ڕۆژهەڵاتدا لە فەرەنسییەکان بێ. ئەوسا پەیامێکی بۆ چەرچڵ نووسی و تێیدا داوایکرد، فەرماندەیی هێزی سەربازیش بداتە دەست فەرەنسییەکان.

لە بەراییدا بریتانییەکان بە شێوەیەکی جددی سەیری داواکەی دیگۆلیان کرد، بەڵام ئەوان ڕای خۆیان گۆڕی، ئەمەش ئەو کاتە

بوو، کە سەرکردەی فەرەنسای ئازاد بە وتارەکەی لە لبنان ئەوانی هەراسان کرد، چونکە گوتبووی لوبنان پێویستی بە هەڵبژاردن نییە. سپیرس دوای ئەوەی لە قاهیرە پشتگیری بۆ دەربڕیبوو، بووژابووەوە، ئەم ڕاگەیاندننامەی دیگۆلی بە خۆشییەوە بە دەرفەت قۆستەوە.[٣٦] ڕاپۆرتێکی بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە بەرزکردەوە بەوەی هەواڵی نەکردنی هەڵبژاردن لە لوبنان "بە تەواوی مایەی کەساسییە" و هۆشداری دایە «کاسی»، کە ئەم هەڕەشە دژەدیموکراسییە دەبێتە مایەی ئەوەی وا لە خەڵکی عەرەبی ناوچەکە بکا بچنە باوەشی هیتلەرەوە.[٣٧] کەچی ئەو ئامادەکاریشی بۆ گۆڕانی سیاسەتەکەی کرد: هەرچەندە وەزیری کاروباری دەرەوە پرسیاری ئەوەی دەکرد بەڵکو قوربانیدان بە سپیرس ببێتە خاوکردنی ڕەوشەکە، بەڵام پەی بەوە برد، ئەگەر ئێستا ئەو کارە بکەن، ئەوا تەنیا و تەنیا پاداشتدانەوەی دیگۆلی چەپەڵە. «کاسی»یش بە لەندەنی گوتبوو، کە بوونی دیگۆل لە ڕۆژهەڵاتدا "دژوارییەکی مەزنە"، چونکە ژەنەڕاڵی فەرەنسی ڕاشکاوانە سوودی لە پاشەکشەی بریتانییەکان لە دۆخی بیابانی لیبیا بینی تا "بێ دوودڵی بە هەمووان بڵێ، کە حکومەتی خاوەنشکۆ دەیەوێ هەڵبژاردن بکا، بەڵام لە ڕوانگەی ڕەوشی سەربازییەوە لە بیابانی خۆرئاواوە لەم ساڵەدا ئومێدی هیچ هەڵبژاردنێک بەدیناکرێ."[٣٨]

بێهوودە بەرلەوەی عەرەبەکان زیاتر بوروژێنێ ویستی دیگۆل بێدەنگبکا، بۆیە داوایلێکرد بۆ گفتوگۆ بچێتە لەندەن. کاتێکیش ژەنەڕاڵ بە بەهانەی سەرقاڵی زۆرەوە ڕەتیکردەوە بچێ، سەرۆوەزیری بریتانی فەرمانیدا ئەو باربووە مانگانەیەی بۆ فەرەنسییەکانی سوریا دەچوو، ببڕێ. بەرلەوەی دیگۆل بەنابەدڵی

بەیـروت بەرەو لەنـدەن جێبێڵـێ، دیـدارێکی لەگەڵ «وێنـدل ویلکـی Wendell Willkie» ڕۆژنامەنووســی ئەمریکیــدا ســازکرد. «ویلکی»ش لە ڕاپۆرتەکەیدا نووسی؛ "ئێمە بۆ چەندین سەعات بە تەنیا لە ژوورەکەی ژەنەڕاڵدا قسەمان کرد، لە هەموو سووچێکی ئەم ژوورەدا لەســەر هەر لادیوارێکیـدا وێـنە و کـۆتەڵی نـاپلیۆن دانرابوون". لە دیگۆلیشی پرسیبوو ئاخۆ لەو نەیارییە خۆجێییەی بۆ مانـداتی فەرەنسـی هەیە، تێـدەگا.[39] دیگـۆلیش دانیپێـدانابوو؛ "بەڵـێ دەزانــم، بەڵام ئەمە ئەمــانەتێکە بە ئەســتۆمەوە. نــاتوانم واز لە مانـداتەکە بهێـنم یـان بیـدەمە یەکێکـی دیـکە. ئەوە تەنیـا ئەو کـاتە دەکرێ کە حکومەتێکی نـوێ لە فەرەنسـاوە هەبێ." «ویلکـی»یـش لەبـارەی سـوریاوە لێیپرسـی. دیگـۆلیش بەرسـڤیدایەوە "نـاتوانم قوربــانی پێبــدەم یــان لەســەر بنەماکــانم سازشــبکەم". یاریدەدەرەکەشــی بە شـێوەیەکی ســەیر گـوتی: هەروەک «ژان دارک»."

دیدارەکەی دیگۆل لە ٢٨ی ئەیلول لە «داونینگ ستریت» لەگەڵ چەرچڵ لە دیداری ساڵی پێشتر بە دەبدەبەتر بوو. کاتێک دیسان دیگۆل واینیشاندا کەوا نوێنەرایەتیی فەرەنسا دەکا و بە توندیش داوای چەرچڵـی بۆ هەڵبژاردنەکـانی سـوریا و لوبنـان ڕەتکـردەوە، ئیدی سەروەزیری بریتانیا بەسەریدا قیژاندی. "تۆ دەڵێی گوایە من فەرەنسام! تۆ فەرەنسا نی! من دانتپێدانانێم کە فەرەنسا بی! ! باشە، ئێستا فەرەنسا لە کوێیە؟"

دیگۆلیش زیرەکانە وەڵامیدایەوە: "باشە لە ڕوانگەی تۆ، کە من نـوێنەرایەتیی فەرانسـا نەکەم، بـۆچی و بە چ هەقێـک سـەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی دنیا سەروسەودام لەگەڵدا دەکەی؟"[40]

بەگوێرەی گێڕانەوەی دیگۆل بێ، چەرچڵ وەڵامێکی پێنەبوو. کەچی سەرکردە بریتانییەکە ئامرازی دیکەی بۆ ملکەچپێکردنی تەواوی هاوتایەکەی هەبوو. سوک و ئاسان حکومەتی بریتانی پەیوەندییە تەلگرافەکانی لەسەرتاسەری دونیا لەسەر دیگۆل بڕی. ئیدی دوای هەفتەیەک لەو دابڕانەدا، «ماوریس دیژن Maurice Dejean» نێردەی دیپلۆماسی فەرەنسی لە لەندەن بە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیای ڕاگەیاند، کە فەڕەنسای ئازاد بەر لە کۆتاییهاتنی ساڵ، لەوانەیە لە بەهاری داهاتوودا جاڕی هەڵبژاردن بدا. ئەوە بوو لە ٢٧ی تشرینی دووەمەوە هەڵبژاردنەکە کرا.

کاربەدەستێکی وەزارەتی دەرەوەی بریتانی نووسی: "ئەگەر هاتبا و دیگۆل هەندێکی دیکە خۆیگرتبا، لەبەر ئەو سکاڵایانەی لە هەموو لایەکەوە بەدەستمان گەیشتن، سپیرسمان لەوێ دەکێشایەوە، بەڵام دیگۆل هەر بەدەستی خۆی پەتەکەی لە ئەوکی خۆی توندترکرد تا خۆی پێهەڵبواسێ."[٤٢] سپیرس بەرگەیگرت و لە هەوڵوتەقەڵلای دیگۆل بۆ دەرپەڕاندن ڕزگاریبوو. ئەوە بوو چەرچڵەوە لە نەیارەکانی لەنێو وەزارەتی کاروباری دەرەکییدا پارێزرا. ئێستاش خەریکی ئامادەکارییە بۆ هەڵبژاردنی ساڵی دادێ.

# ٢٠
# کاری چەپەڵ

خەمی سەرەکی سپیرس ئەوە بوو، بەڵکو فەرەنسییەکان بە شێوەیەکی کاریگەرانە دەستوەرنەدەنە هەڵبژاردنەکانی بەهاری ١٩٤٣. لە بەرایی ساڵەکەشدا گفتوگۆیەکی هەراسان لەگەڵ «جۆرج وادسوۆرس George Wadsworth»ی کونسوڵە نوێیەکەی ئەمریکا لە بەیروت کردبوو. «وادسوۆرس» مامۆستایەکی پێشووی زانکۆی ئەمریکی بوو لە بەیروت، پێیگوت گوێی لەوە بووە کە فەرەنسییەکان هەوڵدەدەن دەستکاری دەنگەکان بکەن و ئینجا پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکەی وڵات ناچاربکەن پەیمانی پەیوەستبوونی سوریا و لوبنان بە فەرەنساوە پەسەندبکەن. ئەم قاوەقاوە سپیرسی نیگەرانکرد، چونکە ئەویش گوێی لەو جۆرە بەندوباوانە ببوو.[١] ئەوەی لای بریتانییەکان چاوەڕوانکراوبوو، فەرەنسییەکان بەبێ شەڕ دەست لە هەژموونی خۆیان لەوێ هەڵناگرن. کاتێک بە درەنگی ساڵەکە و بۆ یەکەمین جار کاربەدەستێکی بریتانی گوێیلێبوو، کە هەڵبژاردن دەکرێ، کاردانەوەکەی وەها بوو: "مەگەر هەر خوا بزانێ چ کارێکی پیسوپۆخەڵ دەکرێ."[٢]

لەوێدا فشارێکی زۆر لەسەر سپیرس بوو تا لە کارەکەی سەرکەوتوو بێ، چونکە «ڕیچارد کاسێی»ی وەزیری دەوڵەت، کە بەرپرسی سپیرس بوو، پێی وا بوو هەڵبژاردنی حکومەتی نیشتمانی لە هەردوو وڵاتەکەی ڕۆژهەڵات (سوریا و لوبنان) کلیلێکە بۆ نەخشەیەکی بەرفرەوانتر بۆ هێورکردنەوەی تووڕەیی عەرەب: ئەویش وەنەبێ هەر لە سوریا و لوبنان بێ بەڵکو بۆ

فەڵەسـتینیش، کە دەرکەی بە دەرکەی هەردوو وڵاتەکەوە وەیە، ئـاخر لەوێ ڕەوشـەکە بە خێرایـی تێکچووبـوو. هێشـتا گـرژی لەئارادابوو بەتایبەتیش گەفی پەلامـاردانەوەی ئاڵمـان، ئەمەش دوای ئەوەی بریتانییەکـان لە شـەڕی «ئەلعەلەمەیـن» لە ١٩٤٢دا سـەرکەوتنی یەکلاکەرەوەیـان بەدەسـتهێنابوو، لە هەمـان کاتیشـدا هەڵمەتـی بەیەکەوەی ئەمریکـی- ئینگلیـزی بـۆ گرتنـی ئەفریقـای فەرەنسی، دیسان مەترسی ئاڵمان سـەریهەڵدایەوە. «کاسـی» لە ٢١ نیسـانی ١٩٤٣دا نووسـی؛ "هەمـوو چاودێرێک ... ئەوەی لە مـاوەی ئەو دوازدە مـانگەی ڕابـردوودا پەیوەنـدی بە فەڵەسـتینەوە هەبـێ، هەنـووکە بـڕوای بە یەک شـت هەیە. وڵاتەکە خەریـکە بەرەو خراپترین و دژوارترین حاڵەتی پشێوی و سـەرگەردانی دەچێ، کە تـا ئێسـتا بەخـۆیەوە نەیبینیـوە... تەقیـنەوەکەش هەر لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگ لە ئەورووپا، یان لەوانەیە بە چەند مـانگێکی کەم بەرلەوەش ڕوویدا."[٣]

بە هـاتنی وەرزی بەهـاری ١٩٤٣ شـتێکی بەڵگەنەویسـت بـوو پتربـوونی ژمـارەی جـوو لە فەڵەسـتین هـی ئەوە نەبـوو چیـدی بە کۆتوبەنـدکردنی بریتانیـا بـۆ ژمـارەی کۆچکردووەکـان هەروەک سـاڵی ١٩٣٩ بـۆ ئەوەی دڵـی عەرەبەکـانی پـێ ڕازیـبکەن، قـایلببن، بەڵکو ئامادەی شەڕن بۆ ئەوەی دانیـان پێدابنرێ. یەکەمین هێمـاش لە کۆنفرانسی هوتێلی «بیلتیمۆر Biltmore» کە لە مـانگی ئایـاری سـاڵی پێشـتردا بەسـترا، سـەریهەڵدا. لەوێ نـوێنەرانی زایۆنسـت هێرشـیانکردە سـەر ئەو کۆتوبەنـدەی سـەر کـۆچی جـوو و بە "شـتێکی دڵـڕەق و بەرگریلێنەکراویـان" دایەقەڵەم، ئیـدی داوایـان لە ئاژانسـی جووەکـان کـرد، ئەو ئاژانسـەی لە ١٩٢٩دا نـوێنەرایەتیی جووەکـانی فەڵەسـتینی لە بەردەم بریتانییەکانـدا لە ئەسـتۆدا بـوو،

خۆی کۆنترۆڵی کۆچی جووەکان بۆ فەڵەستین بکا، ئەمەش وەک بەراییەک بۆ دامەزراندنی "کۆمۆنوێلسی جوو بە ئاوێزەبوون لە نێو جیهانی دیموکراتی نوێدا."[٤]

لە سەروبەندی کۆتایی ساڵی ١٩٤٢دا، ڕاپۆرتەکان سەلمێنەری ئەو بەندوباوە سامناکانە بوو، کە تازە دەگەیشتنە فەڵەستین بەوەی هەوڵی ئاڵمان بۆ قڕکردنی ڕەگەزی جوو لەکاردایە. ئەوان دنەی توندڕەوانی جوویان دەدا، کە خاوبوونەوەی هەڕەشەی ئەڵمان دەبێتە مایەی لاوازکردنی ئەو بەڵگەوبەندەی کەوا ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بریتانییەکان شتێکە وەک خۆکوشتن وایە. «کاسی» تێبینی ئەوەی کردبوو، ئاژانسی جووەکان ئێستا ڕێژەی ١٥٪ی یەک ملیۆن پارەی بودجەکەی خۆی بۆ مەشقپێدان و دابینکردنی کەرەستە و تفاقیان بۆ «هاگانا»ی ڕێکخراوی پارێزەری خۆیان ئامادەکردووە. قسەی ئەندامێکی جێبەجێکاری «هیستادروت»، باڵی چەپڕەوی ڕێکخراوی کرێکارانی زایۆنیست هێنایەوە، کە نیشاندەر بوو بەوەی چۆن بیرورا ڕاسترەوەکان ئێستا باڵکێشن. «ئیلیاهۆ گۆلۆمب Eliahu Golomb» لە کۆبوونەوەیەکدا، ئەو قسانەی بۆ بریتانییەکان دزەیان کردبوو، گوتبووی: "ئێمە هەموومان دەزانین، کە کێشەی زایۆنیزم دەبێ بە هێزی چەک چارەسەربکرێ. هەرگیز بە بەڵگەوبەندەوە چارەسەرنابێ؛ تەنیا بە شەڕ. ئێمە دەبێ لە ڕووی دەروونی و ماددییەوە، بۆ ئەم ململانێ یەکلاکەرەوەیە خۆمان تەیار و ئامادەبکەین."[٥]

بێهوودە لە پێناو ڕاگرتنی "ئەو ڕکابەرییە کراوەیە ململانێی جوو لە دژی عەرەب لە فەڵەستیندا"، «کاسی» و هاوڕێکانی بە بیرۆکەی نوێ هاتنەوە.[٦] بۆ ئەوەی ڕەزامەندی عەرەب بۆ هەبوونی

جـوو مەیسـەر بکەن، قەرەبـووی فیدراسـیۆنەکەیان لەگەڵ عەرەب خستەڕوو، ئەو فیدراسـیۆنەی حکـومەتی بریتـانی لە ١٩٤١ بەڵێنـی پشـتگیریکردنی پێـدابوون. دیـار بـوو تەشەنەسـەندنی نـاڕەزایەتی هەبـوونی بریتانییـان لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا فەرامۆشـکردبوو، ئیدی ئەوان بڕوایـان وا بـوو، ئەم جۆرە فیدراسـیۆنە دەکرێ دوو ناوچە بهێنێتە ئارا، جووەکان نـاوچەی نـاوەوە بن، بەمەش پێگەی بریتانیـا لە هەردوو دیـوی نۆکەنـدی سوێسـەوە دوای جەنـگەکە هەروەک ئەو بازنەیەی بە دەوری چاوی سێرەدا دەدرێ، پـارێزراو بێ.

ئەنجـوومەنی جەنگیـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی کە بەیەکەوە لەگەڵ سـەرکردە بریتانییەکـانی کاربەدەسـتی هەرێـمەکە لە کۆنفرانسـی قـاهیرە لە ئایـاری ١٩٤٣دا چاویـان بەو سیاسـەتەدا خشـاندەوە، ئەوەی «لـۆرد مـۆینێ Lord Moyne»ی جێگـری «کاسـی» سەرسـەختانە داکـۆکی لێـدەکرد. هەر لەو کۆبـوونەوەدا گـرووپەکە دانـی بەوەدا نـا، کە سـەرکەوتنی پـلانەکە بەنـدە بە دەرچەی هەڵبژاردنەکانی سـوریا و فەڵەسـتین. ئاخر لەوەتەی "هەر پەیوەندییەکی نزیککەرەوە لەنێوان دەوڵەتانی عەرەبدا بەندبووە بە مـانەوەی دەستڕۆیشـتنی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆی سـەربازی یـان سیاسـیی فەرەنسـییەکان لە سـوریا و لوبنـان"، هەڵبـژاردن لە هەردوو وڵاتەکە و حکومەتی دژەفەرەنسی تیایاندا پەیوەستبوو بە دەرکردنـی فەرەنسـییەکان، ئەمە چەقـی بـازنەی هیواکانیـان بـووە بەوە ڕووی بایەخیان لە فەڵەستینی کڵپەسەندوو هەڵببوێرێ.[٧]

«کاترۆ»ش لە بەیروت هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو، بیـرۆکەی "سـوریای مەزن" هەرگیـز سـەرنەگرێ. بە درێژایـی سـاڵی ١٩٤٢دا لەبەر هەڕەشەی ئاڵمان پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت، کە هەڵبژاردن

شتێکی ئاوەزمەندانە نییە، هەنووکەش مشتومڕی لەسەر ئەوەیە. "هەڵبژاردن کەمتر پێویستە، چونکە هێشتا مەترسی سوێندخۆرەکان بە تەواوی نەڕەوێنراوەتەوە."[٨] وەک ڕەچاوکراوبوو، هەڵویزنینی ئەم سەرەداوە تووڕەیی سپیرسی لێدەکەوتەوە، ئیدی ناچاربوو خۆی لەگەڵ ئەوە ڕابێنێ، کە هەڵبژاردنەکان هی ئەوەنین ڕابگیرێن و ئەو حکومەتانەی پێکیشدێن پێدەچن حکومەتی ناسیۆنالیستی بن. بە ڕوانینی واقیعبینێک، بڕیاریدا وەها باشترە پشتگیری حکومەتەکان بکا بەڵکو دانوستان لەسەر ڕێککەوتننامەی وەها بکەن سەروسەودای پێشنۆرەیی لەگەڵ فەرەنسادا مۆربکەن. ئەو بەتەما نەبوو لەوەی کاتێک هەڵبژاردن دەکرێ، دەمەقاڵێ لەسەر ئەوە بێتە گۆڕی، ئاخۆ کامەیان ڕابەرایەتیی فیدراسیۆنی عەرەب بکا، ئەو شتەی هەروەک بریتانییەکانیش دەیانزانی، خەونەکە لە شیرازەوە دەترازێنێ.

ئەو پیاوەی «کاترۆ» بەتەمابوو لە سوریا ڕێککەوتنێکی لەگەڵدا بکا، کەسێک بوو مسۆگەر بوو لە هەڵبژاردنەکەدا دەیباتەوە، ئەویش «هاشم بەگ ئەلئەتاسی» سیاسەتوانی ناسیۆنالیستی دێرین بوو. هەرچەندە ئەو لە ساڵی ١٩٢٠ لە شانشینە کەمتەمەنەکەی فەیسەڵدا سەروەزیر بوو، کابرایەکی دژەفەرەنسی بوو، بەڵام لەو کاتەوە لەوەگەیشتبوو، کە پێویستە خۆگونجاندنێک لەگەڵ فەرەنسادا بکرێ.[٩] ئەو پاڵپشتی ڕێککەوتنامە لەبارچووەکەی ساڵی ١٩٣٦ بوو، ڕۆژی پەیماننامەکەی بەو "ڕۆژە دانابوو، کە سوریا سەرلەنوێ فەرەنسای ناسییەوە."[١٠] «کاترۆ»ش هیوای وا بوو، بەڵکو «ئەلئەتاسی» بەرەی ناسیۆنالیستەکان مسۆگەربکا تا بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوشێوە. ڕای کاترۆ بە «ئەلئەتاسی» ئەوە بوو، "پیاوێکی خانەدان و بوێرە، هی ئەوە بە ڕێز و شکۆوە

هاموشۆی لەگەڵدا بکرێ"، هەروەها بەڵێنی بە کابرای سوری دابوو بۆ ئەوەی ئەم کارە ڕابپەڕێنێ، ئەوا «کاترۆ» دەست لە هەڵبژاردنی سوریا وەرنادات.[11] بەرلەوە لە کۆتایی مانگی ئازاردا «کاترۆ» وەک ڕێپێدراوی گشتیی فەرەنسی دەستلەکاربکێشتەوە، لەسەر ئەوە کۆکبوو کە فەرەنسییەکان خۆیان لە هەڵبژاردنەکە بەدووربگرن و بەرواری هەڵبژاردنەکە مانگی تەمموزی ١٩٤٣ دانرا.

ڕێنمایی ئەم خۆبەدوورگرتنە بۆ لوبنان نەیدەخوارد، لەوێدا فەرەنسییەکان دەیانویست هەر جڵەوبەدەست بن. هەر لە سەرەتایساڵی ١٩٤٣دا هەموو هەوڵێکیاندا هەڵبژاردنەکە شلۆقبکەن، ئاخر کاترۆ دەیەویست هاوکات بێ لەگەڵ هەڵبژاردنەکەی سوریا. ئەوان چەندین بەربژێر پێشچاویان هێنانەڕیزی خۆیان تا لە بەرانبەر هەڵبژاردن بوەستنەوە هەروەها لیستی کەسانێکی هەواداری بریتانی بەربژاری ناسیۆنالیستیشیان دانا، ئەوانەی دەیانەویست ڕێگرببن لە پێشکەشکردنی لیستەکان بە نیازی ڕاگرتنی هەڵبژاردنەکە. پاشان «سپیرس» ئەوەی گوت، کە فەرەنسییەکان "هەموو شێوەیەکی کەڵەگاییان نیشاندا، هەر لە سەرکوتکردنی کارتی خۆراک تا گرتن و بنچاوخستن" بۆ ئەوەی دەرفەتی بەربژێرەکانیان پێ بەهێز بکەن.[12] یەکەمین هێمای ئەو پێدرێژییەی فەرەنسییەکان کردبوویان لە مانگی چوار و لە تەرابلوس ئاشکرابوو، ئەوەش ئەو کاتە بوو، کە پۆلیسی سەربازیی بریتانی بازنەیەکی قاچاخچی تلیاک و دەرمانی بە سەرپەرشتی «ڕەشید مەخدەم»، ئەو بەربژێرە فەرەنسییەی لە بەندەرەکە پشتیان پێ بەستبوو، بەرچاوبوو. کاتێکیش فەرەنسییەکان بە ئاشکرابوونی کابرایان زانی، هەوڵیاندا بریتانییەکان بێننە ڕەدایی بەڵکو پرسی

گرتنەکەی دوابخەن، "چونکە کێشە بۆ ئاسایشی شارەکە دەنێتەوە"، بەڵام بریتانییەکان هەر گوێشیان پێنەدا.[١٣]

بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی لیتلتن-دیگۆل، فەرەنسییەکان لە سزادانی تاوانباراندا بەرپرسیاربوون، بۆیە بریتانییەکان ناچاربوون «مەخدەم» ڕادەستی ئەوان بکەن. دادگاییکردنی «مەخدەم»یش زۆر مەعلانانە سازدرا، هەرچەندە بەڵگەی زۆر لەسەر تێوەگلانی کابرا بۆ بەرتیلدان بە سەربازانی بریتانی لە ئارادا بوو تا بتوانێ مادە تلیاکەکەی بۆ میسر ئاودیوبکا. لە کۆتاییدا بریتانییەکان فشاریانخستە سەر فەرەنسییەکان تا «مەخدەم» لەژێر پاسەوانی لە ماڵەکەی خۆیدا لە بندەستیدا بهێڵنەوە، بەڵام هێشتاش ڕێگەیان پێدا بچێتە نێو هەڵبژاردنەوە. سپیرس هەنووکە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو، ئەم دەرفەتە بە قازانجی خۆیان بقۆزێتەوە گوتی؛ "ئەوە نموونەی سیستمی سیاسیی فەرەنسییە، کە لە ڕۆژهەڵاتدا کارییپێدەکەن."[١٤]

سپیرس سەرچیخانە حوکمی لەسەر ڕاسپێردراوی گشتیی نوێ فەرەنسی بە ناوی «ژان هیلو Jean Helleu»، دا بەوەی "کەسێکی نەرمونیانە" هی ئەوەیە بە ئاسانی کاریتێبکرێ، بۆیە سکاڵای ئەوەی لە کن کرد، کە فەرەنسییەکان ڕێگە بە «مەخدەم» دەدەن بچێتە نێو هەڵبژاردنەکانەوە. لێ خۆ «هیلو» نەیدەویست هیچ شتێک دەربارەی «مەخدەم» بکا، وەنەبێ تەنیا لەبەر ئەوە بێ کەوا کاتبەندی گرتنەکەی لەگەڵ بەربژاردبوونەکەی دێتەوە و کار لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکە دەکا.[١٥] خۆی بەرپرسە فەرەنسییەکە پێشتر باڵوێزی فەرەنسای ڤیشی بوو لە تورکیا، دوای ئەوەی حکومەتی ڤیشی لەسەرکار دەریانکرد، ئیدی لە فەرەنسای ئازاد نزیککەوتەوە. هۆکاری ئەوەی، کە بۆچی ڤیشییەکان ئەوەندە بە دەرکردنی

پیاوەکەیان لە ئەنقەرە دڵخۆشبوون، دیاربوو هەروەک سپیرسیش بۆی چووبوو، ئەو کاتە بوو کە هۆکارەکەی بەدیارکەوت، ئاخر «هیلو» "زۆر بە ئەلکحولی بەهێز ئالوودە ببوو، دەبووایە بەیانیان لەگەڵ چێشتەنگاوەوە خواردبایەوە"، ئەوە بوو مەیلی لێبوو لە کاتی تەنگانەش لە گۆشەیەکی باخچەکەی و خۆی بوتڵی ویسکی دەستی بکەوێتە خەڵوەت.[١٦]

پەکخستنی شتەکە گرنگ بوو، چونکە لە پشت «هیلو» دەستەیەک لە ڕاوێژکاران هەبوون. بریتانییەکان بە شێوەیەکی تایبەت گومانیان لە سێ کەسی هاوپیتی دیکە هەبوون بەناوەکانی «بوگنەر Boegner» و «بیلن Baelen» و «بلانچێت Blanchet»، ئەمانە بەگوێرەی دەستەی دژە سیخوڕێتیی بریتانی لە ڕۆژهەڵات بە "ئاشکرا و ژێربەژێر... لە ئێمە دڵڕەش و نامراد بوون"[١٧] «بۆگنەر» و «بیلن» هەروەک «هیلو» لە باڵوێزخانەی ڤیشی لە ئەنقەرە دەرکرابوون، لە کاتێکدا «بانچێت» لە کاتی هەڵمەتەکەدا هەر لەپاڵ ڤیشییەکاندا دەجەنگی و "ڕاشکاوانەش دژە ئینگلیز بوو".[١٨] سپیرس بە شێوازی بەدکارانە بەڵگەی لەسەر « بلانچێت» پەیداکردبوو کە هێشتا هەر لەگەڵ ڤیشیدایە، هەروەها بڕوای وابوو، هەردوو هاوکارەکەشی لەگەڵ کاربەدەستانی دیکەی فەرەنسی هەر وان.

بە پێی بەڵگەکان ئەو "دەستە بچووکە مجێزبەرزە زۆر دژە بریتانییە" دەستیان بەسەر کاروباری سیاسیی پەکخراوی «هیلو»دا گرتبوو، بۆیە «کاسی» کەوتە جووڵە.[١٩] ئەوە بوو لە دەستپێکی مانگی ئاداردا، ئەنجوومەنی جەنگیی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە «کاسی» سەرۆکایەتی دەکرد، گەیشتنە ئەو ئەنجامە، بە هۆی ئەوەی فەرەنسییەکان "نە هاوکارن و نە لەشەیان دەشکێن" ئەوا

بەردەوامبوونیان لە ڕۆژهەڵاتدا "بەرژەوەندییە سەربازییەکانمان لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت نـــایەتەوە هەروەک چـــۆن لەگەڵ گەشەســـەندنی ئاشـــتییانەی وڵاتـــانی عەرەبیشـــدا نـــاگونجێ."[٢٠] ڕاســپاردەی ئەنجــوومەنەکە ئەوە بــوو، بریتانیــا دەبــێ کارایــانە هەوڵبــدا هەوڵــوتەقەلای فەرەنســییەکان پەکبخــا تــا نەتــوانن ڕێککەوتننامە لەگەڵ سوریا و لوبناندا مۆربکەن.

لەوکاتەی ئەو دەربڕینە دەرچوو ئەوە ڕوون و ئاشکرابوو، کە چۆن قـاهیرە لە هێڵـی سیاسـەتی وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوەدا دوورکەوتبــووە بەوەی پێویســتە بریتانیــا پشــتگیری دەســەڵاتی فەرەنسا لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتدا بکا، بۆیە خۆبەخشانە «کاسی» لەگەڵ «ســپیرس» گەڕانەوە لەنــدەن تــا درێــژە بەو باسوخواســە بـدەن. لەگەڵ گەیشـتنی هەردوو پیـاوەکە لە کۆتـایی حوزەیرانـدا و بەرلەوەی ســـەروەزیر لە «چـــیکەر Chequers»ی شـــوێنی حەوانەوەی خـــۆی ببیـــنن، کۆبـــوونەوەیەکی هەراســـانکەر لەگەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا کرد (لە وەزارەتدا سـەرۆکی هۆبەی ڕۆژهەڵات بە شـێوەیەکی تایبەتـانە پەشـیمانی خـۆی لە ئاسـت ئەوە دەربڕی، کەوا «کاسی» خۆی بووەتە «دکتۆر فاوست»ی «سیر ئێدوارد سپیر» ڕەق و تونـد).[٢١] چەرچـڵ بە قەدەر ئەوەی چـارەی دیگـــۆلی نەدەویســـت، ئەوەنـــدە حەزی لە پەســـەندکردنی ستراتیژییەکەی ئەنجوومەنی جەنگیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبـوو، چــونکە حکــومەتی بریتانیــا دوای ســەرکەوتنی هاوپەیمانــان لە بــاکووری ئەفریقــادا خێــرا لە بەرانــبەر عەرەبــدا پاشەکشــەی پێوەدیــاربوو. ڕۆژی پــاش دیــداری ســەروەزیر لەگەڵ کاســی و سپیرسـدا، ڕێنمـاییەکی ڕاسـتەوخۆی دەرکـرد، کە وێـڕای خواسـتی ئەو بەوەی "بە تەواوی چارەسەری سوریا بکا" کەچی گوتی "لەژێر

هەر بارودۆخێکدا بێ، نابێ ئێمە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا جێگەی فەرەنسییەکان بگرینەوە... ئێمە پێویستە لەسەر ئەو قسە بمێنینەوە، کە جەنگەکەمان لەپێناو شەڕەفدا کردووە و هیچ دەستکەوتێکی دیکەمان نەبووە."[22]

پەیامەکەی چەرچڵ دووسەرە بوو، بەڵام سپیرس تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم بێئومێد بوو. دوای دانیشتنێکی دیکە لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا داوای لێ کرا لیستێک سەبارەت بە خەتابارییەکانی فەرەنسا بنووسێ، ئەویش بە دارِسانەوە شتەکەی وەرگرت. لە ٥ی تەممووزدا یاداشتێکی لەبارەی هەڵسوکەوتی فەرەنسییەکان لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتدا نووسی؛ "ئەوان هەموو ڕۆژێک زۆر دیکتاتۆریانەتر خۆیان دەنوێنن، لەم بارەیەوە لە ڕیکۆردی ڤیشییەکانیشیان تێپەڕاندووە،" مشتومڕی لەسەر ئەوە کردبوو، کە گۆبەندی «مەخدەم» و دەستوەردانی فەرەنسییەکان لە کاروباری هەڵبژاردنەکەدا بەڵگە بوون بۆ ئەوەی «هیلو» "زیاتر و زیاتر کەوتووەتە بن باندۆری توندڕۆکانی دەوروبەری."[23] هەروەک سپیرس هێنابوویە گۆ، کێشەکە ئەوە بوو، فەرەنسییەکان وەهایان نیشانی خەڵکی خۆجێییەکە دابوو، گوایە بریتانییەکان لە پشتیانن. سپیرس دەیزانی چەرچڵ یاداشتەکە دەخوێنێتەوە، بۆیە تێکۆشابوو قەناعەت بە سەرۆوەزیر بهێنێ بەڵکو ڕێکارێک بگرێتەبەر تا ناوودەنگی خۆی لە ڕووشان و لەکەدارکردن بپارێزێ. سپیرس گوتبووی پرسی هەنووکەیی ئەوەیە، ئاخۆ بریتانیا فەرەنسییەکان ناچاردەکا بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بدەنە سوریا و لوبنان، "ئاخر ئەمە بە شێوەیەکی بەرفرەوان بە تاقیکردنەوەیەک بۆ ڕاستگۆیەتی پەیمانی ئەتڵەنتی دادەنرا"، ئەو پەیماننامەی چەرچڵ واژۆی لەسەرکردبوو.

دوای ئەوەی چەرچڵ ڕاپۆرتە توندەکەی سپیرسی خوێندبووەوە، نووسی "هیچ بیرۆکەیەکم نییە ئاخۆ فەرەنسییەکان بۆ وا ستەمکارانە دەجووڵێنەوە."[٢٤] لەو کاتەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە هەوڵیدا ڕاپۆرتەکەی سپیرس بەلاوە بنێ، چەرچڵ سەرزەنشتی «ئایدن»ی وەزیری کرد؛ "ئەوەم لا ڕوونە، فەرەنسییەکان بە بوختان و ناڕەوا لەگەڵمان جووڵاونەتەوە، دەبێ لە سوریا سەرەداوی توندیان لەگەڵ بگرینەبەر... پابەندییەکانی ئێمە بۆ سوری و لوبنانییەکان ڕاستەقینەیە و دەبێ بە باشیش بێتەوە."[٢٥]

ئەم دەستواردنە بووە پاڵپێشتێکی باش کە سپیر و کاسی پێویستیان پێبوو تا دوو ڕۆژ پاشتر واتە لە ١٧ی تەمموزدا لەگەڵ «ڕینێ ماسیگلی René Massigli» نوێنەری کاروباری دەرەوەی فەرەنسا کۆببنەوە. لەو دانیشتنەدا سکالایان لە دەست هەردوو کاربەدەستە فەرەنسییەکە، لە دەست «بۆگنەر» و «بالانچێت»ەوە هەبوو؛ سپیریس ئەوەشی بۆ زیادکرد، تا ئەو دوو پیاوە لە شوێنەکانیان بمێننەوە، ئومێدێکی کەم لەسەر هاوکارییەکەیان هەڵدەچنێ. «ماسیگلی»یش کە بەنیازبوو هەندێ شت لەبارەی سپیرسەوە بڵێ، بەڵام بێهیوابوو، چونکە بە بەڵگەوە چەرچڵ لە ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی وڵاتەکەی پشتیگرت، ئەوە بوو قسەکەی نەکرد و بێدەنگ بوو. گفتوگۆکەش بە بەبێ چارەسەکردنی دوولایەنی دەستوەردان بۆ کێشەکە کۆتاییهات.

لە ماوەی پێواری سپیرس لە لەندەن، «هیلو» بە شێوەیەکی نائاسایی زۆر سەرقاڵبوو. هیوای وابوو دەرچەی هەڵبژاردنەکە، کە نیاز وا بوو لە کۆتایی مانگی ئاداردا بکرێ، بیگۆڕێ، ئەوە بوو پێشنیازی سەرۆکی لوبنانی کە کریستیان بوو پەسەندکرد، بەوەی

ژمـارەی کورسـییەکانی پەرلەمـان بە شـێوەیەک زیـادبکرێ تـا بە شـێوەیەکی دیـار ژمـارەی کورسـییەکانی کریسـتیانەکان لە هــی موسـڵمانەکان لە پەرلەمـانە نـوێیەکەدا پتربـێ. جڤـاتی کریسـتیانی دەستڕۆیشـتوی هەنـدەرانیش مـافی دەنگـدانی پێـدرا. دیـار بـوو پێشـبینیکرابوو کە موسـڵمانەکان ڕەوشـەکەیان نەپەژرانـد، گەفـی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنیان کرد، ئیدی نەخشـەی فەرەنسییەکان بۆ هاوزەمانکردنی هەڵبژاردن لە سوریا و لوبنان شکستیهێنا.

لەو کاتەی «هیلو» خەریکی چارەسـەرکردنی نـاکۆکییەکە بـوو، هەڵبـژاردن لە سـوریادا کـرا. ئەنجـامەکەش وەک پێشـبینیکراو بـوو سـەرکەوتنی بەرەی ناسیۆنالیسـتەکان بـوو، بەڵام ئەو نـوێنەرایتییە باڵکێش و زاڵەش نەبوو کە فەرەنسییەکان دەیانویست، ئـاخر لە دوا سـاتدا و بە شـێوەیەکی تەلیسـماوی «هاشـم بەگ ئەلئەتاسـی» بڕیاریـدا نەچێتە نێو هەڵبژاردنەوە، ئینجـا سـەرۆکی نـوێی سـوریا، «شوکری ئەلقوتلی» دەستبەجێ ڕوونیکردەوە، ئەو خۆی بە بەڵێن و پەیمانەکـانی سـەرۆکەکەی پێشـخۆی نابەسـتێتەوە. ئیدی بێهودە کاربەدەسـتانی فەرەنسـی هەوڵیانـدا نمایشـێک بـکەن، کە ئەنجـامی هەڵبژاردنەکە ئەرێنی بووە، ئەمەش بەو بەهـانەیەی گوایە ئەو بەرە ناسیونالیسـتە بەرفـرەوانەی پەرلەمـان خـاڵی لاوازی خـۆی تێـدایە، چـونکە زۆر لە ئەنـدامە نوێیەکـانی بەبـێ دوودڵـی نـاکەونە بـن باندۆرێک کە لە دەرەوەڕا بێ.[٢٦]

ئەوەی ڕاستی بوو، ئاکامی هەڵبژاردنەکە پاشەکشێیەکی بەرچاو بـوو بۆ فەرەنسـای ئـازاد، لەوەش پتـر بەربـژارە ناسیۆنالیسـتەکانی بەهێزکـرد کە هێشـتا هەڵبـژاردنەکە مـابوو بکـرێ. لەوێ ئەوەی فەرەنسییەکان ناویـان لێنـابوو "ڕووبەڕووبوونەوەی کەمتری هـزر لە بەرانـــبەر کەس"دا، دوو کەس بـــۆ پۆســـتی ســـەرۆکایەتی لە

کێبڕکێدا بوون.[٢٧] فەرەنسییەکان بەربژاری خۆیان پێشدەخست – پیاوێکی لێوەشاوە بۆ تەواوکردنی سیاسەتی خاوکردنەوە و بەرگریکردن لە پێگەی فەرەنسا لە دژی چاوتێبڕینی ئەنگلۆ-سەکسۆنی- کە پارێزەری زیرەکی لوبنانی «ئەمیل ئیدە» بوو، ئەو کەسەی پێشتر جارێک ببووە سەرۆک.[٢٨] کلکگرێدانی کابرا لەگەڵ فەرەنسییەکان بۆ چەندین ساڵی ڕابردوو دەگەڕایەوە، بۆ ئەو کاتە دەگەڕایەوە، کە ئەندامی نوێنەرایەتییە بەرفراوانەکە بوو تا لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس لە ١٩١٩دا بۆ منداتی فەرەنسا لە سەر سووریا تێبکۆشێ، پاشان ببووە ڕاوێژکاری «جۆرج پیکۆ». هەرچی ڕکابەرەکەی «ئیدە»، ئەویش هەر پارێزەر بوو، ناوی تەواوی «بەشارە ئەلخوری»، ئەویش سەروەزیر بوو. ئەو بنکەیەی پشتگیرییەکی زۆر بەرفروانی نەوەک هەر لەنێو جڤاتی کریستیانی مارۆنیدا هەبوو، بەڵکو لەنێو موسڵمانە سوونییەکانیشدا هەیبوو. ئەو وەک پاڵپشتێکی ڕاشکاوی فیدراسیۆنی عەرەب، بەڕوونی ببووە ئامانجی پێشنۆرە بریتانییەکان و حکومەتە نوێیەکەی سوریاش بوو.

«ئەلخۆری» لەو کاتە لەگەڵ «ئیدە» ناکۆک بوو کاتێ فەرەنسییەکان دواتر لە ساڵی ١٩٣٦دا پشتیانگرت تا ببێتە سەرۆک. ئینجا بە تیختیخەدانی سپیرس، ئەو پرسەی لەسەر یاریدەدەرە کۆنەکەی وروژاند، ئاخۆ مافی ئەوەی هەیە جارێکی دیکە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کاندیدبکا. ئاخر بە گوێرەی قانونی ١٩٣٧ی داڕێژراوی دەستی فەرەنسییەکان، گەڕانەوەی سەرۆکی پێشوو بۆسەر کورسی سەرۆکایەتی دەبێ شەش ساڵی بەسەردادا تێپەڕیبێ، ئەوسا دەتوانێ جارێکی دیکە خۆی کاندیدبکاتەوە، هەنووکەش وەک «ئەلخوری» داڕسایە «ئیدە» کە لەنێوان ساڵانی

١٩٣٦ و ١٩٤١دا سەرۆک بووە، بۆیە ڕاشکاوانە ئەو ئێستا قانون پێشێلدەکا.

بە لێزانییەکــی قانونییــانە «ئیــدە» تــوانی ڕووبەڕووی ئەو پێشــێلکارییە ببێــتەوە، ئــاخر ئەو کــات دەســتووری لوبنــان هەڵپەسێردرابوو، ئینجا ئەو ماوەیەی کابرا پێشتر لەسەر کورسی سەرۆکایەتی بوو بۆی حیساب نەدەکرا: لێ بەم کارە ئەوەی بە بیر دەنگــدەران هێنــایەوە، کەوا ئەو زۆر لە فەرەنســییەکان نــزیکە. شــێوەرمەندە[٩٠] قانونییەکــانی بەڕێــوبەرایەتیی «هیلــو» ئەو ڕاڤەکردنەی قانونەیان بۆ «ئیدە» ئاسانکرد، بەڵام خۆ «سپیرس» بە تەواوی مۆری لەنێوچاوانی ئەم پرسەدا بەوەی ئەگەر ئیدە بەم شێوەیە دەریش بچێ، ئەوا بریتانییەکان ئامادەنین دانیپێدابنێن و بە سەرۆکی هەڵبژێردراوی بناسێنن.[٢٩] ئیدی هەر لەو کاتەوە هەڵمەتی هەڵبژاردنی «ئیدە» مۆری شکستی لەنێوچاوان درا.

لەو ماوەیەشــدا «ڕەشــید مەخــدم» لە مــاڵی خــۆی بە دەستبەســەری مــابووەوە. کاتێــک ئەوە ڕوون بــوو تەنــانەت لە جیهــانی بەرتیلخــۆری سیاســییە لوبنانییەکانیشــدا، ئەو دەستبەســەربوونە کــار لە ڕەوتــی هەڵبژاردنــدا دەکــا، ئیــدی فەرەنسییەکان هەوڵیاندا قەناعەت بە کابرا بێنن، کە «موستەفا»ی زاوای لە شوێنی خۆی بەکاری هەڵبژاردن ڕاببێ. هەرچۆنێک بێ «موستەفا» دەیبینی کە با لە کامە لاوە هەڵدەکا. ئەو خۆی لە نێو لیستی «عەبدولحەمید کەڕامە»ی ڕکابەرە کۆنەکەی خەزووری بینییەوە، ئەو نزیکەی مانگێک بوو بانگەشەی ئەوەی دەکرد لە هەڵبژاردندا دەیباتەوە، چونکە پشتی بە بریتانییەکان قایمە. پێدەچوو ئەم بانگەشەیەش بایی خۆی شایستەبێ، ئاخر لەمێژ بوو

٩٠ شێوەرمەند: ڕاوێژکار

«کەرامە» بەرهەڵستی فەرەنسییەکانی دەکرد و پشتگیری یەکێتیی بەربڵاوی عەرەبانی دەکرد، بەڵام سپیرس حاشاییکرد، کە هیچ بەرژەوەندی لە هەڵبژاردنی «کەرامە»دا بێ، ئەو ڕاستییەش هەبوو، بە شێوەیەکی ڕێژەیی «کەرامە» لەچاو «مەخدەم»دا ناوبانگی باشتر بوو.[30]

هەرچەندە ڕاستیی تەواو بۆ بەندوباوەکانی گوایە بریتانی و فەرەنسییەکان لەو کاتەدا دەستکاریان کردووە نەدەدۆزرایەوە، کەچی ئەوە ڕوون بوو، خودی دەنگدانەکە بە هۆی بەرتیلدان و کەڵەگایی زۆرەوە لە گرێژنە دەرچووبوو. لە دێهاتدا موختارەکان ناسنامەی گوندنشینەکانی خۆیان کۆدەکردەوە و دەچوونە سەر سندووقی دەنگدان و بە کۆمەڵ و دەستبەجێ دەنگەکانیان دەخستە سندووقەکانەوە. یەکێک لە بریتانییەکان لەسەر ڕەوشەکە گەواهیدەر بوو؛ "زۆر لە ژمارەی ئەو کارتانە نرخیان لەسەر یەک زیاددەکرد و بە پارە دەکڕان". هەروەها ئەو کابرایە گوێشی لێببوو، کە "هەندێ لە بەربژێرەکان پاوەنی زێڕینی بریتانیان دەدا تا بیسەلمێنن لە بریتانیاوە پشتگیریدەکرێن."[31] «سپیرس» فەرەنسییەکانی بە دابەشکردنی کاغەزەکان -کە کۆبۆن بوون بۆ هەمووان- خەتاباردەکرد، کە تەنیا بۆ ڕۆژنامەکانی نزیک لە خۆیان بوون. لەوەش جددیتر گوتیان ئاسایشی فەرەنسی دەنگدەرێکیان لەسەر سندووقی دەنگدانەکدا کوشتووە.[32] فەرەنسییەکانیش ئەم شیکردنەوەیان بەرپەچدایەوە، گوتیان "ئەوە دەستوەردانێکی چەکدارانە" بوو، ئەم کارە پێویست بوو دوای ئەوەی لایەنگرانی «ئەلخوری» هەوڵیاندا هەندێ لە سندووقەکانی دەنگدان بدزن.[33] فەرەنسییەکانیش بە نۆرەی خۆیان، کاربەدەستە بریتانییەکانی کاروباری سپیرسیان تاوانبارکرد بەوەی ڕاشکاوانە یاریدەی

بەربژێرەکـــانی خۆیـــان دەدا. بە خاترجەمیشـــەوە ڕاســـتی لەو بانگەشـەیەی ئەواندا هەبـوو، ئـاخر «کاسـی» دواتـر دانیپیێـدانا، کە «ســـپیرس» "بە شـــێوەیەکی بەربـــڵاو لە پشـــت" ســـەرکەوتنی ناسیۆنالیستەکانەوە بوو.[٣٤]

لە چاوی ئەو دەستوەردانە قەبەیەی سپیرسـەوە، «هیلو» لەوە تێگەیشـت، کە «ئیـدە» هـیچ دەرفەتـی بـردنەوەی لەبەردەمـدا نیـیە. ئیـــدی هەوڵیـــدا سازشـــێکی دیـــکە ڕێکبخـــا، وا نیشـــانبدرێ ئەو دروستکەری تاجی پاشایانە، ئەمەش لەو کاتەی کە سـەرۆکی نـوێ لەنێـــو پەرلەمانـــدا هەڵببژێـــرێ.[٣٥] پێشـــنیازیکرد لە بەربژێرەکـــانی هەردوولا کـرد، کەسـی سـێیەم بـدۆزنەوە، کەسـێک کە پشـتگیری هەردوولای هەبێ و کەسێک بتوانێ حکومەت لە ئەندامانی هەردوو لایەنەکە پێکبهێنێ.

«ئەلخـــوری»یـــش ئەم ڕاســـپاردنەی بە تـــاکە مەرجێـــک جێبەجێـــدەکرد، کە دەبـــێ «کمیـــل شـــمعون»ی دژەفەرەنســـی سەرسـەخت ببێـتە سـەرۆک. کەچـی بە هـیچ شـێوەیەک نەدەکـرا «هیلو» بەو کەسـە ڕازی بێ، ئـاخر ئەرخەیـان بـوو کـابرا ئـاژانێکی بریتانییە، بە ڕێگری «سپیرس» بۆ بەسـەرۆکبوونی «ئیدە»، هیچ چارەی نەمابوو تەنیا ئەوە نەبێ، قەنـاعەت بە «ئەلخـوری» بهێنـێ، بەوەی لەنێوان دوو ئەهریمەندا ڕێگە بـدا کـاڵبووەکە هەڵبژێرێتەوە. ئەلخـــوریش وایکـــرد، ئەوە بـــوو لە ٢١ی ئەیلوولـــدا پەرلەمـــان سەرۆکێکی نوێی هەڵبژارد. هەموو ئەنـدامە ئامادەبووەکـان دەنگیـان بۆ دا، تەنیا «ئیدە» و حەفت کەسی دیکە نەبێ، کە بەدوورگیران.

دیار بوو ئەم ئەنجامە بۆ فەرەنسییەکان کێفەڕاتێکی تەواو نەبێ. «هیلـو» قەنـاعەتی بە سـەرکردەکانی فەرەنسـای ئـازاد هێنـا، کەوا هەڵبژاردنـــی «ئەلخـــوری» "لە گۆشـــەنیگای فەرەنســـییەکانەوە،

دووربـوو لەوەی نسـكۆیەک بـێ كە كەسـانێكی دیـاریكراو حەزیـان لێبـوو ببیـنن." تـا ڕاددەیەک سپیرسـیش بەمە قـایلبوو.[٣٦] كەچـی وەزیرە بریتـانییەكە دوودڵ بـوو لەوەی ئـاخۆ سـەرۆكە لوبنـانییەكە چۆن بە پیر سەربەخۆیی وڵاتەوە دەچێ و گرەوە سەرەكییەكەشـی لەسـەر دەستنیشـانكردنی سـەرۆوەزیر بـوو. بە گـوێرەی دەسـتورە ئـاڵۆزە تـایفەگەرییەكەی لوبنـان، دەبـووایە هەمیشـە سـەرۆک لە كریسـتیانەكان و سـەرۆوەزیریش لە سـوننەی موسـڵمان بـێ. ئەو كـاتیش چـوار كەس بـۆ ئەم پۆسـتە لە پـێش چـاوبوون. یەكێكیـان «كەرامە» بـوو، ئەوەی «مەخـدەم»ی لە تەرابلـوس بەزانـد؛ بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی سپیرسی ڕاكێشابوو «ڕیـاز ئەلسـولح»، ئەو پـارێزەرە دەوڵەمەنـد و بلیمەتەی بەنـدەری «سـەیدا»ی باشـووری لوبنـان بـوو. «سـپیرس» یەكلابـبـووەوە ئەم پۆسـتە بە بـاڵای ئەودا ببڕێ.

«ڕیـاز ئەلسـولح» لەوەتەی بریتانییەكـان هەڕەشـەی گرتنیـان لێكردبـوو، چـونكە لە سـاڵی ١٩٤١دا پشـتگیری دەسـتوەردانی ئاڵمانەكانی لە كودەتای «ڕەشـید عـالی گەیلانـی» لە عێراقدا، ئیدی لەو كـاتەوە هاوكـارییێكی نزیكـی ئەركەكەی «سـپیرس» بـوو. عوسـمانییەكان ئەویـان لە ١٩١٥دا خسـتە زینـدان، چـونكە ڕێنـوێنی نێوان فەیسەڵ و سەركردە عەرەبەكانی باشووری لوبنان بوو، ئەو بە ئاستەم بە هۆی پەیوەندییە باشەكانی خانەوادەكەی لە بن داری سـێدارە دەربـازی بـوو. ناوبـانگی ئەو وەک "كەسـێكی زۆر دەستڕۆیشتوو لە نێو بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەج بێڕكابەر بـوو."[٣٧] بە كەفوكـوڵەوە بەڵێنـی بە بریتانییەكـان دابـوو سـوریا و لوبنـان بە یەكەوە بلكێنـێ. بـرازای «سـەلاحەدین جەبـری»ی سـەرۆوەزیری سـوریای مـارەكردبوو، دژەفەرەنسـییەكی

سەرسەختیش بوو. پەرۆشیش بوو جارێکی دیکە دەستبەسەر نەکرێتەوە، بۆیە لەگەڵ بریتانییەکان ڕێککەوتبوو. ئەو بە «جێفری فورلۆنگ Geoffrey Furlonge»ی ڕاوێژکاری سیاسی سپیرسی گوتبوو؛ "ئەگەر ئێوە بۆ کۆتاییپێهێنانی منداتی فەرەنسی کۆمەکم بکەن، ئێمە لەگەڵتان دەبین."[٣٨]

«ڕەشید ئەلسولح» لە ڕۆژی هەڵبژاردنی «ئەلخوری»یدا چووە لای «فورلۆنگ» تا پێی بڵێ، هەر کاتێک بۆ پێکهێنانی وەزارەت ڕاسپێردرام، یەکەمین کارم بانگردنی «هیلو» دەبێ، تا پێیبڵێم کەی بارگەوبنەی بپێچێتەوە، هەروەها چاویشم بە «سپیرس» دەکەوێ تا داوای لێبکەم ڕێنوینیم بکاو پشتمبگرێ."[٣٩]

کاتێکیش هیچ کام لە سێ بەربژێرەکەی دیکە ئامادە نەبوون بۆ «ئەلسولح» بیسەلمێنن، سپیرس خۆی چووە مەیدان. کۆبوونەوەی بە هەرسێ پیاوەکە کرد، توانی قەناعەتیان پێبهێنێ پشتی «ئەلسولح» بگرن و ببێتە سەروەزیر. لە کاتی کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکە، یەکێ لەو سێ پیاوە برادەرێکی خۆی بینی و پێیگوت؛ "شتەکە کرا. دوای ئەوەی ژەنەڕاڵ سپیرس گردەبڕانە قسەی لەگەڵ کردین، ناچاربووین بۆ ئەلسولح بسەلمێنین."[٤٠]

«سپیرس» لە خۆشیان شاگەشکە ببوو. وەک بۆ کاسی گێڕایەوە، دانانی «ئەلسولح» "واتای ئەوەی گەیاند، هەموو شتێک وەک هیوامان بۆی دەخواست و بەزیادەوەش تەواوبوو. من لەمێژە هەستم دەکرد خەریکم تەلارێک لە کارتی یاری دروستدەکەم، دەترسام دوا کارت سەرلەبەری تەلارەکەم سەروابن بکا. تا دوا نهۆمم تەواونەکرد، زاتم نەکرد بڵێم تەواومکرد."[٤١]

«ئەلسولح» و «ئەلخوری» گەیشتنە ئەوەی بە یەکەوە کار بۆ ئافراندنی "نیشتمانێک بکەن بە ڕوخسارێکی عەرەبییەوە، کە بە

باشی لە کلتووری ڕۆژئاوا سوودمەندبێ." لە ڕۆژی ٧ی تشرینی یەکەمدا نەخشەی بۆ پەیوەندی پتەوتر لەگەڵ وڵاتەکانی دیکەی عەرەبیدا داڕشت، هەموارکردنەوەی دەستوورەکەش ڕەنگدانەوەی سەروەریی نوێی لوبنان بوو – ئاماژەی ڕوونیش بۆ کۆتاییهێنان بە منداتی فەرەنسی ئەوەندە ڕوون نەبوو- بەڵام زمانی فەرەنسی وەک زمانی فەرمی وڵات هەڵوەشاندەوە. لە سۆنگەی ڕەگەزی کلتووریانەی ئیمپریالیزمی فەرەنسی، ئەم جووڵەیە یەکێک بوو لەوانەی فەرەنسییەکانی دەهریکرد و بە پێشێلکارییەکی توندوتیژانەیان لە قەڵەم دا.[٤٢]

تا ئێرە «هیلو» تێگەیشت، کە «سپیرس» لە دەستوەردانەکانی بۆ پێکهێنانی حکومەتە نوێیەکەی «ئەلسولح» چەند پێی لێ هەڵبڕیوە. ئەو ئاگای لەوە هەبوو، جرتوفرتێکی نێوەندگیر لەنێوان ژەنەراڵ و سەرۆک کۆماردا هەیە بۆ ئەوەی خواستەکانی خۆی بۆ دەستنیشانکردنی وەزیرەکان و پێکهاتەی کابینەکە پێ بسەلمێنێ و بەسەردا بسەپێنێ.[٤٣] بە تیختیخەدانی ڕاوێژکارە سیاسییەکانی و شەڕابی قوڕس بڕیاریدا کاتی هاتوە ڕابێتە سەرپێ. ئەوە بوو لە ١٣ی تشرینی یەکەمدا ڕێنمایی بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرەکانی لە سوریا و لوبنان نارد، پێی گوتن، جێگەی قبوولکردن نییە "سەربەخۆییەکی وەها لەو دەوڵەتانەدا بچەسپێ تا تەواو دڵنیانەبین، کە ئەو سەربەخۆییە بەدەر لە فەرەنسا دەسەڵاتێکی دیکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا دابنێ."[٤٤] پاش هەشت ڕۆژیش نامەیەکی بۆ سەرۆک «ئەلخوری» نووسی و پێیڕاگەیاند، نەخشەی ئەم حکومەتە لەگەڵ منداتی فەرەنسا تێکناکاتەوە.

«ریاز ئەلسولح»یش خێرا بۆ «هیلو»ی ڕوونکردەوە، کە نیازی پاشەکشەی نییە. لە ٢٨ی تشرینی یەکەمدا بە شێوەیەکی تایبەت بە

فەرەنسـیـیەکانی ڕاگەیانـد، حکـومەتی لوبنـانی هەمـوو کـار و ئەرکەکانی ڕێپێدراویی گشتی فەرەنسی وەردەگرێتەوە، ئینجا دوای دوو ڕۆژ بە تایبەتی و بە فەرمی بە «هیلو»ی ڕاگەیاند، کردەنیازی ڕێپێدراوی گشتیی فەرەنسی لەگەڵ جاڕنامەی «جۆرج کاترۆ» کە بەر لە دوو سـاڵ ڕایگەیانـدبوو نـایەتەوە. هەروەهـا هەڕەشـەی ئەوەشـی کـرد ڕەتنـامەکەی «هیلـو» بـۆ ئەم بۆنەنـامە فەرمیـیە بڵاوبکاتەوە.

لەو کاتەی «هیلو» خێرا بەرەو ئەلجەزائیر ڕۆیشت تا ڕێنمایی ڕاسـتەوخۆ لە «دیگـۆل» وەربگـرێ، لە شـوێنی خـۆی «یڤـس کاتـاگینیۆ Yves Chataigneau»ی دانـا، ئەویـش هەڵسەنگاندنامەی تایبەتی خۆی بۆ ڕەوشـەکە هەبوو. «کاتاگینیو» بۆ «ماسیگلی» وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسای نووسی، بە شێوەیەکی سادە حکومەتی لوبنانی ئەوەیە: "پرس ئەوە نییە ئاخۆ چ پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان حکومەت و بریتانییەکاندا هەیە. ئەوان فەرمـانبەری نـۆکەری سیاسـەتی ئینگلیـزن، چـونکە بە شـێوەیەکی تایبەتمەنـدانە سـوودمەندن."[٤٥] لەبەر شـرۆڤەی ئەم بەڵگەوبەندانەیدا گەشبین بوو بەوەی هێشتا کار لە کار نەترازاوە بـۆ ڕێگـرتن لە دەرکردنـی فەرەنسـییەکان لە لوبنـان، ئەمەش ئەگەر هـاتوو فەرەنسـییەکان کـردەی تونـد لە دژی ئەو کەسانەدا بنوێنن، کە هەر لەبەر پول و پارە دڵسۆزیانن.

«کاتاگینیو» نامەکەی بەوە کۆتاییپێهێنابوو؛ "لەوە دوودڵ مەبە ، کە توندینوانـدن لەم وڵاتەدا بە جۆشوخرۆشـەوە زۆریـنەی ڕای گشتیی لوبنانییەکان پێشوازی لێ دەکرێ."[٤٦] ئەوەی پاشتر ڕوویدا سەلماندی، هەڵەیەکی سامناکی کردووە.

## ٢١

# فاشودایەکی دیکە

ئەو کـورەی بە سـەروچاوێکی خوێنـاوی لە بەرەبەیـانی ڕۆژی ١١ی تشـرینی دووەمـی ١٩٤٣دا «سـپیرس»ی لە خەو هەڵسـاند، کوڕی سەرۆک کۆماری لوبنان بوو. هاتبوو پێیڕابگەیەنێ شەوەکە چـی قەومـابوو. «خەلیـل ئەلخـوری» بە «سـپیرس»ی گـوت، هەیتەکـانی ئاسایشـی فەرەنسـی لە سـەعات چـواری بەرەبەیـانەوە بەسـەر ماڵەکەیـان داداوە و باوکیـان ڕفانـدووە. وەک ڕوونیشـیکردەوە برینەکەی سـەری هـی قۆنـداغە تفەنگـی یەکێ لە ئاسایشـەکان بـووە، کە ڕایانکێشـانە ژێـرزەمینەکە، بە جـوێن و نەفرەتەوە پێیانگوتبوو: "هەی کوڕی کسۆکی، هەی کوڕی نۆکەری ئینگلیز!"[١]

زۆری نەبرد کەسوکاری وەزیرەکـانیش پەیـدابوون، ئیدی هەر زوو «سپیرس» لەوە تێگەیشت هەر بە تەنیا «ئەلخوری» وەهای لێنەقەومـاوە. «ڕەشـید ئەلسـوڵح»ی سەروەزیریشـیان لە نێـو نـوێنەکەی، کە لەگەڵ ژنەکەی خەوتبـوو، ڕاپێچکردبـوو، هەمـوو وەزیرەکـانیش تەنیـا دوانیـان نەبـێ، هەموویـان هەمـان شـتیان بەسـەرداهاتبوو. زۆری پێنەچـوو دوای ئەم «هیلـو» چـووە وێستگەی ڕادیۆ. بە دەنگێکی نوێ و تونـد و گەورە ڕاگەیانـدنێکی دەرکرد، دەستوری هەڵپەسـاردووە، حکومەتی هەڵوەشـاندووەتەوە و «ئەمیل ئیدە»ی بە سەرۆکی نوێی لوبنان دانـاوە.[٢] ئەم کودەتایە بڵێسـەی سـەختانگێکی ١١ ڕۆژەی هەڵگیرسـاند، تـا ئەو کـاتەی حکومەتی بریتانی خۆی ساغبکاتەوە مل بۆ کردەوەکەی «هیلو» بدا یان هەڕەشـەی بەکارهێنانی هێز بۆ گەڕاندنەوەی دیموکراسـی

بۆ لەندەن بکەن. یەکێک لە فەرەنسییەکان بە دروستی پێشبینیکرد؛ "بە کۆتاییهاتنی ئەم تەڵەزگەیە یان شکۆی ئێمە یاخود هی ئەوان لە سوریا و لوبنان دەبێتە هیچ."[٣]

پێشـــوەختە قاوەقـــاوی ئەوە کەوتبـــووەوە، فەرەنســـییەکان دەستەوەســتان دانانیشـن و هێـز لە هەمـبەر حکـومەتە نـوێیەکەی لوبنـان بەکـاردێنن، هەر بـۆیە پێشـتر بە چەنـد ڕۆژێـک «هیلـو» بـۆ جەزائیـر فـڕی و خـۆی گەیانـدبووە دیگـۆل تـا پشـگیریی خـۆی بـۆ "نیشاندانی خۆسەلماندنیان بۆ دەربڕ.

لەو ئانوســاتەدا پەڕوبــاڵی دیگــۆل بــۆ شــەڕی کــۆنترۆڵکردنی کــۆمیتەی فەرەنســی بــۆ ڕزگــاریی نیشــتمانیی بەســترابوو، ئەو کۆمیتەیە جڵەوگیرەی بزووتنەوەی فەرەنسای ئازاد، کە بە هانـدانی بریتانییەکــان هاتبووەکــایە، تــا بەڕە لەبــن پێــی ژەنەڕاڵ دیگــۆل دەربێنــێ. دیگــۆل کێبڕکێــی بــۆ ســەرۆکایەتیی کــۆمیتەکە لەگەڵ ژەنەڕاڵ «گیـــراد Giraud»دا بـــوو، ئەو کەســـەی دەســـتی ئەمریکییەکـانی لە پشـت درابـوو. ئەم دۆخە وای لە دیگـۆل کـرد ڕەفتـارێکی نـاوازە بنـوێنێ و ئیـدی هــی ئەوە نەبـوو سـەرکردە فەرەنسییەکە بێ شەڕ سەر بۆ سەربەخۆیی لوبنان دابنوێنێ.

تا ئەو کـاتە هێشـتا نێوانی فەرەنسـی و لوبنانییەکـان بە شـێوەی ژێربەژێر هەر هەبوو. کەچی لە ٥ی تشرینی دووەمەوە کۆمیتەی فەرەنســی بــۆ ڕزگــاریی نیشــتمانیی ڕاشــکاوانە هاتەمەیــدان و ڕایگەیاند، ڕازی نییە دەستووری لوبنانی بە شێوەیەکی تاکلایەنە دەسـتکاریبکرێ و لوبنانییەکانیش ئەو مافەیان نییە، چونکە هێشـتا دەسەڵاتی ماندات هەر ماوە. کاتێکیش لوبنانییەکان لە هەمان ڕۆژدا بەرســـڤیاندایەوە، بەوەی ئەوان ڕەشنووســـی هەموارکردنەکەیـــان پێشتر و لە ٨ی مانگدا لە پەرلەمان تاوتوێکردووە، ئیدی ڕوون بوو

پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و لوبنان وا تێکچووە، گەڕانەوەی بۆ نەبێ. ڕوبەڕووبوونەوەش ببووە شتێکی حاشاهەڵنەگر.

سەرەتا فەرەنسییەکان هەوڵیاندا ئابلۆوقەیەک بخەنە سەر دانیشتنی پەرلەمان. کەچی لوبنانییەکان پەیامی «هیلو»یان بۆ دواخستنی دانیشتنەکە پشتگوێخست، ئەوە بوو لە هەمان ڕۆژدا هەموارکردنەکەیان تێپەڕاند. «هیلو»ش لە ٩ی مانگدا و لەژێر کاریگەریی دیگۆلدا گەڕابووەوە، ئاخر "ئەو ئارەزووی بوو ئەگەر پێویست بێ کردەی توند و تەڕدەست بنوێنن."[٤] لە بەیروت سانسۆری تەواو خرایە سەر ڕۆژنامە ناوخۆییەکان تا نەتوانن بە بەربڵاوی هەواڵی دانیشتن و قانونەکانی پەرلەمان بڵاوبکەنەوە. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند، بانگێشتنامە خۆجێییەکانی بۆ ئامادەبوونی حکومەت بە بۆنەی ساڵیادی ڕێککەوتنی ئاگربەست ڕاگەیاند، قەولبوو دوو ڕۆژ پاشتر واتە لە ١١ی تشرینی دووەمدا بۆنەکە بکرێتەوە. کاتێکیش لە ئەنگۆرەی ١٠ی مانگدا «سپیرس» ڕووبەڕووی ئەو بەندوباوانەی لە ئاراداهەبوون، بووەوە، «هیلو» "بەهێدمەگرتنەوە نکوولی لە هەموو شتێک کرد."[٥] لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لەژێر کاریگەریی ئەلکحولدا ئەوەی لە دەمدا دەرپەڕی بەوەی بەیانی دەچێتە ڕادیۆ تا وتار بدا و بە «سپیرس»یشی گوت؛ "سۆزی شەڕەف بێ هیچ شتێکی وەها نەکرێ ئارامی گشتی بشێوێنێ."[٦]

لە سپێدەی ڕۆژەکەشدا، کە «سپیرس» گوێی لە هەواڵی کودەتاکە بوو، بڕیاریدا پەنابردنە بەر ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی باشترین زەبرە بەو هۆیەوە لە فەرەنسییەکانی بدا. لە دەمەقاڵییەکانی پێشتر لەگەڵ فەرەنسای ئازاد، حکومەتی بریتانی ڕەخنەکانی بە شێوەیەکی نهێنی دەهێشتەوە و بۆ ڕای گشتی

نەدەدرکاند، بەڵام «سپیرس» هەستیکرد ئەم جارەیان بەدڕەفتاریی دیگۆل شتێکی دیکەیە. لە هاوینی هەمان ساڵدا ئەگەری هێنانی هەواڵنێرە ڕۆژنامەکانی لە لەندەنەوە بۆ وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات وروژاند، "تا چیرۆکی بەدکرداریی فەرەنسییەکانیان پێبگا، تا بۆ جیهان بڵاوبکرێتەوە بەڵکو ئەمە بیانوەستێنێ"، ئیدی ئەم پرسە دیسان سەریهەڵدایەوە، بۆیە زەنگی بۆ وەزیری بریتانی لە قاهیرە واتە بۆ «کاسی» لێدا[7]. کاسیش هاوپلانی «سپیرس» بوو، پێشیڕاگەیاند ناقایلنامەی فەرمی بریتانی بگەیەنێتە دەستی «هیلو». لەم کارە بۆ «سپیرس» دڵخۆشتر نەبوو. ئیدی هەر دوای ئەوە دزەی بە چەند هەواڵێک و تێبینییەک سەبارەت بە ڕاسپاردەی گشتیی فەرەنسی و بە "دیکتاتۆرێکی ناماقوڵ"ی تاوانبار کرد و بە گوێرەی گفتوگۆی هەردوو پیاوەکەی ئێوارەی پێشتری، کە نیازپاکی شەرەفمەندانەی دەربڕیبوو کەچی وەها دەرنەچوو.[8]

ئەو پێشوازییە گەرمەی ئەو ڕۆژە لە هەموو لایەکی لوبنان لە «سپیرس» کرا، هەستی بە مانایەکی لەڕادەبەدەر بە خۆی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا تا ڕاستەوڕاست ڕووبەڕووی فەرەنسییەکان ببێتەوە، دەیزانی هاوتایەکانی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا لەگەڵیدا نین. لە ماوەی ئەو سەردانەی لە سەرەتای ساڵدا بۆ لەندەن کردبووی، لە دوو کاربەدەستی نووسینگەی ڕۆژهەڵات تووڕەببوو، ڕقی لێهەڵگرتن، سەرۆکی هۆبەکەی بە "کەسێکی گەورەی ڕزیوی چاوقووڵی مێملانە وەسفکرد، "هەستدەکەم هەرگیز شتی وەهام نەبینیوە".[9] لەوەش پتر، دوای هێرشکردنە سەر باکوری ئەفریقا و گرتنی ئیتاڵیا، هەرەشەی جەنگ لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەویەوە بەرەو ئەورووپا وەرگەڕا، دەستەی دیپلۆماسییە بریتانییەکان مەیلی زیاتر بە لای ئەوەدا ڕۆیشت، کە

فەرەنسییەکان لە هەمبەر ڕاگرتنی شکۆی دووساڵ و نیوی تەمەنی سەربەخۆیی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتدا جاڕسنەکەن، بەتایبەتیش کە هەنووکە ئەوێ هەڕەشەی ڕاستەوخۆ پێکناهێنێ. ئیدی عەرەب وەک شتێکی چارەنووسساز نەدەبینران، هەروەک یەکەمین جەنگی جیهانی بریتانیا بە پاشەکشەکردن لە بەڵێنەکانی خۆشحاڵ بوو.

کاتێکیش ئەو کات وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا هەوڵیدا بنەمایەک بۆ سازش لە لوبنان بدۆزێتەوە بەوەی لۆمە بخاتە سەر "ئەو کەتنە گەورە و بڕیارە نادروستەی هەردوو دیوی قەیرانەکە"، کەچی «سپیرس» لە بەرانبەردا بە تەوسەوە وەڵامیدانەوە کەوا "کەتنی هەرە گەورەی گەلی لوبنان (بە گوێرەی قسەکانی ئێوە) ئەو گریمانەیە کە "وەک گەلێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی" (بە قسەی ئێمە) بە تەواوی ئازادبوون تا قانونەکانی خۆیان بە باڵای خۆیاندا دابڕن."[١٠]

ئەو بێزارییە ناسراوەی «سپیرس» سەبارەت بە فەرەنسییەکان لای وەزارەتی دەرەوە بەهەند هەڵنەدەگیرا، بۆیە وەهایان نەدەزانی ڕەوش بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی «سپیرس» ئەوەندە خراپ بێ. «هارۆلد ماکمیلان»ی وەزیری بریتانی کە ئەڵقەی پەیوەندی بوو لای دیگۆل، زیاتر بە لای داواکانی فەرەنسییەکانی دەشکاندەوە لەوەی بڕوا بە ڕاپۆرتەکانی «سپیرس»ی هاوتای بکا، ئەو پشتی بە ڕاپۆرتەکانی «هیلو» بەستبوو و ڕاپۆرتەکانی «سپیرس» و «کاسی» لەبارەی ڕووداوەکانی بەیروت بە زێدەڕەوی دەزانی. ئەو وەهای نووسی؛ "هەستدەکەم «سپیرس» بە دوای دەستکەوتی تایبەت و ئاژاوەدا دەگەڕێ و «کاسی»ش ئەوەندە زەبوونە بە تەواوی لە بەرکی «سپیرس»دایە."[١١] لەبەرئەوەی «ماکمیلان» بە خراپی لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا بریندار ببوو، بۆیە زیاتر بە لای

دانوســتاندا دەیشــکاندەوە لەوەی ڕووبەڕوویــان بێــتەوە. ئەو لە ڕۆژژمێرەکەی خۆیدا نووسیبووی: "«سپیرس» فاشودای دەوێ و منیش نامەوێ."[١٢]

لەو کاتەی هەڵســەنگاندنی مـاکمیلان بۆ ئامـانجی «سـپیرس» لە جـێگەی خـۆی بـوو، کەچـی هەڵســەنگاندنی «ســپیرس»یـش بـۆ ڕەوشــەکە ڕاســت بــوو. ئەوە بــوو لە ١٣ی تشــرینی دووەم لە تەرابلــوس، ســـەربازە ســـەنیگالە فەرەنســـییەکان بە چەک و زرێپۆشەکانی خۆیانەوە دابەزینە نێو خەڵک، تـا حەشـاماتی نـاڕازی سـەرکوتبکەن و دایـانبمرکێننەوە، ئەوانەی لەبەر ڕفانـدنی سـەرانی حکومەتەکەیـان هاتبوونەسـەر جـادە، ئیـدی ئەو زرێپۆشـانە بەنـاو خەڵـک وەربـوون و حەفت کەسیان شـێلا و یەکێکی دیکەشیان بە تەقە لێکــردن کوشــت. لە «س/ص/ەیــدا»ش شــارەکەی «ریــاز ئەســـولح»ی ســـەروەزیردا، چـــوار کەس کـــوژان و ژمـــارەی بریندارانیش لە نێوان پەنجا بۆ شەسـت کەس دەبوون، ئەوەش لەو کـاتەی حـاکمی فەرەنسـی فەرمـانی تەقەکردنی لە خۆنیشـاندەرەکان کـرد تـا بـڵاوەی لێبکەن. کوڕێـک لەو حاڵەتـدا کـوژرا کە وێنەیەکـی دیگـۆلی دەدڕانـد. کـاتێکیش «کاسـی» سـەردانی ئەوێـی کـرد تـا ڕەوشـەکە هەڵبسـەنگێنێ، سـەلماندی گرژییەکـان ڕوو لە هەڵچـوونن و دۆخەکەش "زۆری پێناچێ زۆر دژوار دەبێ."[١٣]

«سپیرس» دوو ساڵ پێشتر وەها خۆی نواندبوو بڵـێ؛ "خەڵکـی ڕۆژهەڵات و جەمـاوەری پـانوبەرینی عەرەب تەنیـا منیـان هەیە تـا خەم و ژانەکانیــان بهێنمەگــۆ"، مـــابووەوە ســـەر ئەوەی ڕۆڵەکە بەرجەسـتە بکـا.[١٤] بە گـوێرەی قسـەی یەکـێ لە ئامـادەبوون، ئەو چووە نێو خۆپیشـاندانێکی ژنە لوبنانییەکـان و قسـەی بۆ کـردن و هێنـدەی دیـکەی بە جۆشوخرۆشــی خســتن.[١٥] پاشــان ســـەردانی

شـوێنەکانی دیـکەی خۆپیشـاندەرانی کـرد، بینـی گـولله بەر دار و دیوار کەوتوون، کەواتە وەک فەرەنسییەکان گوتیان ڕاست نەبـوو، گـوایە بـۆ ڕەوانـدنەوەی خەڵـکەکە گوللەیـان بە هەوادا تەقانـدووە. هێشتاش وەزارەتی کاروباری دەرەوە قسەکانی بەهەند هەڵنەگرت، ئینجـا ئەو ڕۆژنامەنووسـانەی کەوا «کاسـی» بـۆ بەیروتـی ڕەوانەکردبوون خستەگەڕ و تا لە ڕاپۆرت و هەواڵنامەکانی خۆیـان کە بۆ وڵاتەکانیـان بنێـرنەوە، باسـی ئەو ڕووداوە بـکەن، ئەمە و لە کاتێکـدا سانسـۆرێکی نـافەرمی لەسـەر ڕاسـتگۆیەتی ڕۆژنامەکـان هەبوو.[١٦] بە جیاش قەنـاعەتی بە دوو پەرلەمانتـار هێنـابوو، ئەوانەی پێشـتر کاریـان لەگەڵ کردبوو تـا لە لەنـدەن سـەبارەت بەو قەیرانە پرسیارەکانی خۆیان بکەن.

لە ڕەوشـێکدا کە کـاری دیپلۆماسـی شکسـتیهێنابوو، ئەوە بـوو «سـپیرس» بە ڕووقـایمی خـۆی لەپـڕێکەوە شـتەکەی بە قـازانجی خـۆی وەرگەڕانـد. لەو کـاتەی بە ڕێـدا دەڕۆیشـت، سـەربازێکی فەرەنسی بە هەڕەشەی لوولەی تفەنگەکەی ترومبێلەکەی ژەنەڕاڵـی وەسـتاند، ئەویـش گڕیگـرت و دابەزی و بە تـێڵای دەسـتی بە گـژ سـەربازەکەدا چوو. یەکێ لە کاربەدەسـتان کە پێشـتر سپیرسـی بە کـابرایەکی "تەواو لـووتبەرز و خۆویسـت و سیاسـییەکی فێڵـزان" ی لەقەڵەمـدا بـوو، گـوتی هەمـوو شـتێک گـۆڕا.[١٧] وەک کـابرا نووسـی؛ "ژەنەڕاڵ شێرئاسـا نەڕانـدی و بە خـۆی هاتەدەسـت و تـێڵاکەی دەستی بەسەری سەربازەکەدا شکاند."[١٨]

جارێکی دیکە «کاسی» بەهانـای «سـپیرس» هـاتەوە. ئەوە بـوو لە ١٥ی تشـرینی دووەمـدا کـاتێ «کـاترۆ» لە ڕێـگەی خـۆی بـۆ بەیروت لە قاهیرە بۆ چارەسەرکردنی سەختانگەکە لایدا، «کاسـی» بە ساردییەوە پێشوازی لێ کرد. کـابرای ئوسـترالی ئەوەنـدە خـۆی

بە خەم نەکــرد کــاتێ «کــاترۆ» "کــای کــۆنی بەبــاکرد" و ئەو بەڵگەوبەندانەی کە دیگۆل پێگوتبوو کاوێژکردنەوە. دیگۆلیش وای دانــابوو گــوایە بریتانیــا ئەو دەرامەتە زۆرەی بــۆ بەرگــری و پاراستنی هەرێمێک خەرجناکا، کە هەر خۆی بە تەنیا بەڕێوەیببا.[19] کاســیش لەســەر ئەوە ســووربوو، کە پێویســتە فەرەنســییەکان بەرلەوەی شۆڕشــی لوبنانییەکــان بتەقێتەوە خێرا وەزیــر و گیــراوە لوبنانییەکــان ئــازادبکەن و «هیلــو»ش لە وڵات بگــوازنەوە. لە کۆبوونەوەی دووەمی نێوانیاندا «کاترۆ» لە داواکارییەوە دایبەزاند و گەیشــتە ســەر تکــاکردن. ئــاخر وەک «کــاترۆ» گــوتی ئەگەر «هیلــو» بــانگبکرێتەوە وڵات و حکــومەتی لوبنــانیش وەک خــۆی لێبێتەوە ئەوا "بە تەواوی ئابڕووی فەرەنسا دەتکێ".[20] «کاسـی»ش لە ڕۆژژمێــرەکەی خۆیــدا ئەوەی گێــڕایەوە، گــوایە بە «کــاترۆ»ی گوتبوو من هیچ باکی ئەوەم نییە. "وێنە تێکەڵەکە بۆ ئەو ئەوەندە گوڵگــوڵی نەبــوو، بەڵام هەروەک گــوتم، ئــاڵۆزییەکە مــن دروســتم نەکردبوو."[21]

«ســپیرس» لە هەڕەشــەی فەرەنســییەکان ســەخڵەت بــوو گــوایە ئەوان لەبەر "کەڵەگــــــاییەکی ڕەهـــــــا" ڕۆژهەڵات جێبــــــێڵن و کاردانەوەکەشـــــی تووڕەبـــــوو لەوەی ئەوان دەیـــــانەوێ کـــــات بەدەستبێنن.[22] تــا ئەو کــات بیــری لەنــدەنی خســتبووەوە، کەوا دوو وەزیــری کــابینە ئەوانەی توانیبییویــان هەڵبــێن و خۆیــان لە دەســتی گــرتن دەربــازبکەن، لە دەرەوەی لوبنــان، لە شــاخەکان خەریکــی خۆئامــادەکردنن بۆ بەرگریکردنێکی چەکدارانە، ئەوســا شــێلگیربوو لەسەر ئەوەی بەچاوپۆشین لە "ڕووی" فەرەنسییەکان، ئەو نــایەوێ وڵاتەکە ببێــتە گــۆمی خــوێن. ئەگەر ئەم کــارەش ڕووبــدا، ئەوا ناوبانگی ئێمە لە جیهاندا دەکەوێتە سەر سەنگی مەحەک.

چەرچڵ گردەبڕانە لەگەڵ شاگردەکەی پێشووی خۆی کۆک بوو. سەروەزیر ڕێگەی نەدەدا فەرەنسییەکان بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن، چونکە بڕوای وا بوو ناوبانگی خۆی لە سەنگی محەکدایە. بڕگەیەک لە پەیماننامەی ئەتڵەسی کە واژۆی لەسەر کردبوو، پابەندییەکی بە "مافی سەروەری گەڕاندنەوەی حکومەتی خۆسەری ئەو گەلانە تێدایە، کە بەزۆر لێیان زەوتکراوە". هەراسانانەش هەوڵی قەعانەتپێهێنانی «رۆزفێلت»ی دوودڵی دەدا، بەڵکو کۆمیتەی فەرەنسی بۆ ڕزگاریی نیشتمانیی وەک حکومەتێکی چاوەڕێکراو بناسێنێ، ئەمەش کاریگەرییانە واتای پەسەندکردنی دیگۆلی وەک سەرۆک دەدا لەو کاتەی بۆ کورسی سەرۆکایەتی «گیراود»ی ڕکابەری بۆڕدابوو.

ئەو پشتگیرییەی دیگۆل بۆ کودەتاکەی لوبنان نیگەرانییەکانی «ڕۆزفێلت»ی لەمەڕ مەیلی دیکتاتۆریانەی کابرای فەرەنسی وروژاند، چەرچڵیش بە هیچ شێوەیەک ئەم کردەوەیەی دیگۆلی نەدەپەژراند. کاتێکیش هەواڵی پێگەیشت، کە سەرکردەی فەرەنسای ئازاد ڕاشکاوانە حکومەتەکەی لوبنانی ڕەتکردووەتەوە و شێوەیەکی تایبەتیش هەڕەشەی دەست لە کارکێشانەوەی کردووە، ئەوە بوو سەروەزیری بریتانی بڕیاریدا سنوورێک بۆ فشەفشی ژەنەڕاڵەکە دابنێ. بە مکوڕبوونی چەرچڵ کابینەی جەنگ بە «کاسی» ڕاگەیاند، ئەگەر هاتوو تا ڕۆژی ١٨ی تشرینی دووەم ڕەوشەکە هیچ نەگۆڕا ئەوا دەبێ بەرەو بەیروت بفڕێ و دوائاگادارکردنەوە بداتە «کاترۆ». بە گوێرەی هۆشدارینەماکە دەبووایە فەرەنسییەکان تا سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٢ی مانگ وەزیرەکان بەربدەن، ئەگەرنا بریتانییەکان حوکمی عورفی لە وڵات ڕادەگەیەنن.

کاتێ «کاسی»لە دوای نیوەڕۆی ١٩ی مانگدا فەرمانەکەی پێگەیشت سەری سوڕما، ئاخر فەرمانەکە دەستەواژەی گەڕانەوەی وەزیرەکان بۆ سەر کارەکانیان تێدانەبوو. ڕاستوڕەوان گومانیان بۆ «ماکمیلان» چوو بەوەی بیەوێ ئابڕووی دیگۆل نەچێ، بۆیە دەستبەجێ سکالای گەیاندە دەست چەرچڵ و«ئیدن». «ئیدن»یش لەخۆوە هەوڵیدا ڕەوایەتی بداتە فەرمانەکە وەک هەیە و گوتی داواکردنی گەڕاندنەوەی وەزیرەکان بۆ سەر کارەکانیان دەبێتە هۆی ئەوەی قەیرانەکە بە بنبەست بگا، بەڵام چەرچڵ پشتی «کاسی» گرت. ئەو بە ئەوقماوییەوە بە درەنگانێکی هەمان ڕۆژ دووپاتیکردەوە: "ئەرێ هێشتا وەزیرەکان نەگەڕێنراونەتەوە سەر کاروباری خۆیان؟"[٢٣] کابینەکەش لەو ساتەدا کۆکبوو کە تەواو لێبڕاو نەبن، گوتیان تەنیا بەردانی وەزیرەکان بە تەنێ بەس نییە، بەڵام داواشیان لە «کاسی» کرد لە داوای ڕاشکاوی دەستبەجێی گەڕاندنەوەی وەزیرەکان دووربکەوێتەوە.

دوای نیوەڕۆی ١٩ی مانگ «کاسی» لە بەیروت سەری «کاترۆکس»ی دا. کاتێکیش کاسی هۆشدارینامەکەی ڕادەستکرد، «کاترۆ»ش وەها وەڵامیدایەوە؛ ""ئەمە فاشودایەکی دیکەیە".[٢٤] هەروەک ڕووداوەکەی فاشودا فەرەنسییەکان لە ملکەچکردن هیچ بژاردەیەکی دیکەیان لەدەستدا نەبوو، چونکە هەنگی زرێپۆشی بریتانی لە مەیدانی یاریگەی گۆلف لە بەیروت خۆیان دامەزراندبوو. بۆ بەیانی بە درەنگەوە «کاترۆ» چووە لای «سپیرس» تا پێیبڵێ، کۆمیتەی فەرەنسا بۆ ڕزگاریی نیشتمانیی بە ئازادکردنی سەرۆک و گەڕاندنەوەی بۆسەر کار قایلە، بەڵام سەبارەت بە سەروەزیر و ئەندامانی کابینەکەی هەرئەوەندی پێگوت کە ئازادیان دەکات و بەس. پاشان هەر لە هەمان ڕۆژدا

کۆمیتە فەرەنسییەکە بانگی «هیلو»ی کردەوە. خۆی هەر سێ لادەر لە دژی گەڕانەوەی «ڕەشید ئەلسولّح» بوون بۆ نووسینگەکەی. بریتانییەکان لەو بڕوادابوون، یەکێک لەوان دیگۆل بووە.

لەو نێوەشدا «ئیدن» ملی بۆ بۆچوونی سەرۆوەزیر دا. ئەو لە جڵەونەکردنی «ماکمیلان» ناڕازی بوو، ئەو پیاوەی پەیوەندییەکانی بریتانی لەگەڵ فەرەنسای ئازاد لە جەزائیر ڕێکدەخست و دەرفەتەکەشی قۆستەوە تا وەزیرە ڕێپێدراوە تازەکە لەوێ بکێشێتەوە. لە هەمان ڕۆژیشدا بە «ماکمیلان»ی ڕاگەیاند، ئازادکردن بەبێ گەڕانەوەی حکومەت بۆ سەرکار "چارەسەر" نەبوو، هەروەها کاسیشی دڵنیاکردەوە، "هیچ بواری ئەوە نییە" دانوستان لەگەڵ: فەرەنسییەکان بکا بۆ ئەوەی حکومەتێکی نادەستووری پێکبهێنرێ، هەروەک دیار بوو دیگۆل وەهای خواستبوو.[٢٥]

بەسەرخۆدابەشنەبوونی حکومەتی بریتانی لەو پرسەدا، هیچ بژاردەی لەبەردەم کۆمیتەی فەرەنسییدا نەهێشتەوە. بە درەنگانێکی ڕۆژی ٢١ی تشرینی دووەم وەک شتێکی حەتمی ملکەچی هەلومەرجەکە بوون. ئیدی فەرەنسییەکان ڕایانگەیاند، کەوا «هیلو»یان لە لوبنان بانگکردووەتەوە وڵات و سەرۆک «بەشارە ئەلخوری»یان ئازادکردووە تا بچێتەوە سەر تەختی دەسەڵات. بۆ ڕۆژی پاشتریش لە بەیروت لە نێو ئاپۆرایەکی چل هەزار کەسیدا ئاهەنگیان بە بۆنەی بەربوونی سەرۆوەزیر و وەزیرەکان گێڕا.

لە لێدوانەکەی کۆمیتەی فەرەنسییدا ئەوە هاتبوو، کە «ماکمیلان» سەبارەت بە پێگەی کابینەی وەزیرانی لوبنانی بە شێوەی "تەمومژاویەکی مەبەستدار" باسکردبوو، بەوەی سەرۆک

کۆمـار، سـەروەزیر و وەزیرەکـان نەگەڕێنێتەوە سـەرکار.[٢٦] کەچـی کاتێ «ئەلخوری» ڕەتیکردەوە هیچ حکومەتێکی نوێ پێکبهێنێتەوە، ئیدی «کاترۆ» لە بۆ سەلماندن پتر هیچی بۆ نەمـایەوە. بەم جۆرە «کاترۆ» ڕێنمایی دیگۆلی پشتگوێخست و حکومەتەکەی گەڕاندەوە سـەرکار. هەر دوای ئەوە زۆری پێنەچوو دەستەی شێوەرمەندانی «هیلو»ش بانگکرانەوە و لەوێ نەمان.

«کـاترۆ» هیـوای لەسـەر ئەوە هەڵنـابوو، بەڵکـو ئەگەری ڕێککەوتنێک لە نێوان فەرەنسای ئازاد و حکومەتی لوبنـانی بێتەئـارا و «ئیـدن»یـش گەڕایەوە سـەر خووخـدەی پێشـتری بەوەی لایەنگریـی فەرەنسـییەکان بکـا، بۆیە پـڕۆژەکەی پەژراند. وەزیـری کاروباری دەرەوەی بریتانیا بە «سپیرس»ی ڕاگەیاند تـا هەوڵێکی وەها بدا ڕەوشێکی وەها بۆ فەرەنسییەکان لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات بهێنێـتەدی هەروەک ڕەوشـی بریتانیـا لەگەڵ عێـراق. کەچـی «سپیرس» دەستبەجێ ئەمەی ڕەتکردەوە. ئەو گوتی ئـاخر شتێکی "تەوسـئامێزە" لوبنانییەکـان ناچـاربکەی پەیمانێـک لەگەڵ فەرەنسییەکان مۆربکەن، تا "دەستکەوتێکی ستراتیژی لەسەر خـاکی خۆیـان بـۆ دەسـەڵاتێک دابینـبکەن، کە ئەزمـونێکی ڕق و ترسـیان لەگەڵـدا هەیە."[٢٧] ئەوەی ڕاسـتیش بـێ، کـاتێ «ئەلخـوری» ئەو پارێزەرە باش ڕاهێنراوە چاوی بە «کاترۆ» کەوت، بەڵگەوبەندێکی ئەوەنـدە وردی بەکارهێنـا کە هەم دوور لە سـۆز و هەم پـڕ لە سـووکایەتیش بـوو. هەر ئەو بەڵگەوبەنـدەی دیگـۆل سـەبارەت بە بێدەسـەڵاتی خۆیـان بـۆ کۆتاییهێنـان بە مانـدات لە دژیـان بەکاریهێنایەوە، بەم جۆرە «ئەلخوری» پێیگوت، حکومەتی لوبنـانی دانوسانی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمیتەی فەرەنسیدا ناکا، ئاخر "خۆ ئەو دەزگایە ناتوانێ حکومەتی داهاتووی فەرەنسا بە بڕیارەکانی خۆی

پابەندبکا. ئەوسا «کاترۆ» "هەم شەکەت و هەم دڵتەنگ" گەڕایەوە جەزائیر.[٢٨] سپیرس بە دڵخۆشییەکی زەقوزۆپ ڕەتنامەکەی «ئەلخوری» بۆ لەندەن بەرزکردەوە. بە سەرکەوتنەوە هەرسێ گەفەکەی دیگۆلی وەبیر وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیای هێنایەوە، کە هەرگیز بۆی نەچوونەسەر، هەروەها ڕاپۆرتی لەبارەی سوکایەتیپێکردنی کابینەی حکومەتی لوبنان بۆ باسکردن، کە لەماوەی دەستبەسەریەکەدا تووشی هاتبوون. لە ئێوارەی کریسمسیشدا دۆستە خۆشەویست و سکرتێرەکەی «سپیرس» ڕەوشەکەی لە نامەیەکی دواتر وەسفکردبوو. "ئێستا ناو و ڕوومەتی بریتانیا لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئاسمانە و خەڵکیش دەڵێ ژەنەڕاڵ «سپیرس» دەستکەوتێکی بەدەستهێنا، کە «لۆرانس» بۆی بەدینەهات، ئەویش یەکێتی عەرەبەکانی کردە شتێکی ڕاستی.[٢٩] ئەم قسەیەش پێڵێهەڵبڕین بوو، پێچەوانەی ئەوە بوو، کە «سپیرس» بەخۆی بیری لێدەکردەوە.

وێڕای ئەوەی هێشتا دەزگای ئاسایش لەبن ڕکێفی فەرەنسییەکاندا بوو، بەڵام دەزگا و ئەرکی خزمەتی مەدەنیانە کە لەبن دەستی ڕاسپاردەیی گشتیی فەرەنسییدا بوون، لە ١ی کانونی دووەمی ١٩٤٤ەوە درانەوە بە هەردوو حکومەتی سووریای و لوبنانی. بە درەنگانێکی هەمان مانگیش «تایمز» ڕاپۆرتێکی دورودرێژی «جیرالد نۆرمان Gerald Norman»ی سەبارەت بە پێشهات و بەرەوپێشچوونەکانی ڕۆژهەڵات بڵاوکردەوە. بێئەوەی کتومت ناوی «سپیرس» بهێنێ، ڕۆڵی ئەوی ئاراستەی ڕووداوەکان سەلماند، کە نە حکومەتی بریتانی و نە ئەمریکی نەیاندەتوانی پشتگوێبخەن. بە دڵنیاییەوە هەردوو حکومەت بە شێوەیەکی بەشەکیش بێ درکیان بەو ترس و وێرانییەی سەر

ناوبانگی هاوپەیمانێتی کردبوو، کە لە شوێنێکی دیکە تووشی بێن. هەروەها ئەوان دانیان بەوەدا نا بەوەی سەختڵەتبوونی پەیامی بەرایی ڕۆژنامەکان سەبارەت بە وروژاندنی سەختانگەکە، بوێری ڕووبەڕووبوونەوەیان پەیداکرد. بە بڕیاردانیان لەسەر دۆخەکە پێشینەیەکی وەهایان دروستکرد، بە دڵنیاییەوە دەکرێ پشتی پێببەستنەوە.

بەڵێ «سپیرس» لەم دۆخەدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام باجەکەشی بۆ خۆی قورس کەوتەوە. کاتێکیش قەیرانەکە ڕەویەوە، کاربەدەستە بریتانییەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵات هاتنە سەر بیرکردنەوەی تێپەڕاندنی قۆناغەکە. یەکێکیان نووسی، بە بڕوای ئەو "بە لای کەمییەوە «سپیرس» بە ڕێژەی ٧٥٪ لە پشێوییەکە بەرپرسیار بوو"، لە کاتێکدا یەکێکی دیکە لەبەر ئەو دەسەڵاتەی نێردەی بریتانیا لە ڕۆژهەڵات پەیدایکردبوو، بە شێوەیەکی بەسۆز وەها شێوا، کە بڵێ؛ "خۆشەویستی ئێمە لێرە ئەوەندە مەزنە، خەریکە ببێتە مایەی هۆشداری."[٣١] «نۆرمان» هەواڵنێری «تایمز»یش بە ڕەفتاری نوێنەرە پلەباڵاکانی نێردەی بریتانی لە ڕۆژهەڵات پەشێوحاڵ ببوو. لە کاتێکدا چاوی سانسۆر نەیهێشت ڕاپۆرتەکەی نیگەرانی گشتیی بوروژێنێ، ئەو بە «دەف کۆپەرCooper Duff»ی باڵوێزە نوێیەکەی بریتانی لای کۆمیتەی فەرەنسا بۆ ڕزگاریی نیشتمانیی گوت، کەوا «سپیرس» ڕاپۆتەکانی سەبارەت بە ڕووداوەکان زێدەڕۆیی کردبوو، هەروەها ئەوەشی پشتڕاستکردەوە، کە فەرەنسییەکان بە چاوێکی "پڕ لە ڕق و کینە" دەیانڕوانییە وەزیرە بریتانییەکە.[٣٢] ئەوەی ئەو هەواڵنێرە نەیدەزانی ئەوە بوو، هەندێ لە کاربەدەستانی نێو ئیدارەی فەرەنسی پێشتر هاوپەیمانێتییان بۆ تۆڵەکردنەوەی خۆیان پێکهێنابوو.

# ٢٢
# دۆست لە کاتی تەنگانەدا

لە ٢٩ ی شوباتدا، «گای دە چایلارد Guy du Chaylard»ی کونسولی فەرەنسی لە ئۆرشەلیم لە ڕێی «سینێ گاسیگیلی» ئاگادارکرایەوە، کە دوو دەستەی تیرۆریستی جوو پەیوەندییان پێوەکردووە، یەکیان ناوی «ئیرگون زڤای لیومی»یە و ئەوی دیکەش باندی «ستێرن»ە. لە بنەڕەتدا «ئیرگون» لە سییەکان بۆ شەڕکردن لەگەڵ عەرەب دروستبوو، باندی «ستێرن»یش لەبەرئەوەی لەگەڵ سیاسەتەکەی «ئیرگون» ناکۆک بووە، بۆیە لێی جیابووەوە. هەردوو لایان تازە چەند کردەی زەبروزەنگیان لە دژی بریتانیا لە فەڵەستین کردبوو. ئیرگون کە "جاڕنامەی شەڕ"ی دژی بریتانییەکان بۆ «دەچایلارد» ناردبوو، بۆمبی لە دامودەزگای گومرگ و باجی لە ئۆرشەلیم و حەیفا و تەلئەبیبدا تەقاندبوونەوە. بۆ ئەوەی کەس خۆی لەوان لە پێشتر نەزانێ، باندی ستێرنیش لە حەیفا بە تەقە دوو پۆلیسی کوشتبوون. «دە چایلارد»یش بە نامەیەک وەسفی ئەو پەلاماردانەی ئەم دواییانەی تێدا بوو لەگەڵ هاوپێچی شتەکان کە بە دەستی گەیشتبوون، بۆ بارەگای سەرەکی فەرەنسای ئازاد لە جەزائیر ڕەوانەکردن.

«دە چایلارد» وتارێکی لە تاقمی ستێرن پێگەیشتبوو، دەربارەی قەیرانی لوبنانی مانگی تشرینی دووەمی پێشوو، دیاربوو ئەو وتارە لە هەواڵنامەی «هێخازیت Hechazit» تاقمەکەدا بڵاوکرابووەوە. لە کاتێکدا ئەوە ئاسان بوو ببینی، ئاخۆ بۆچی تیرۆرستانی شەڕکەر بۆ سەربەخۆیی مەیلیان بەرەو ڕووداوەکانی لوبناندا ڕۆیشتووە، خودی وتارەکە مایەی

سەرسوڕمان بوو، ئاخر زۆر وردەکارییانە نەخشەومەخشەی هاوئاوازی لەگەڵ فەرەنسییەکان کێشابوو. ئەوان لە وتارەکەدا لۆمەی فیتی حەڕامزادەیی بریتانییان لە قەیرانەکەدا کردبوو، بە شانوباڵی فەرەنسییەکانیشیان هەڵدابوو، بە تەکانێکی " پڕ وزە و دەستوبردانە" ئەندامانی کابینەی حکومەتیان خستبووە بن چاوان، ئەوانەی " نۆکەری ئینگلیز" بوون.[١] وەهاش کۆتایی بە وتارەکە هاتبوو؛ "بزووتنەوەی بەرگریی زایۆنیستی و فەرەنسای ئازاد بەرژەوەندیی هاوبەشیان زۆر ئاشکرا و ڕوونە. زوو یان درەنگ فەرەنسا دانیپێدادەنێ." خۆ ئەگەر ئەمە پێشبینییەکی چ ڕووقایمانە بێ، ئەوا سەرنجێکی بڕوابەخۆبوونە و لەو دەراوەوە هەڵقوڵاوە، کە تاقمەکە دەیزانی هەر بەڕاستی نیوەی ڕێی بەو ئاراستەیە بڕیوە. تا ئەو کات هەندێ ئەندام لە ئیدارەی فەرەنسی لە ڕۆژهەڵات ژێربەژێر پشتی تیرۆرستە زانیۆنیستەکانیان گرتبوو، ئەوانەی سووربوون لەسەر ڕیشەکێشکردنی بریتانیا لە فەڵەستین.

ڕێگەی بەیەکگەیشتنی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا دەگەڕێتەوە بۆ ئەیلوولی ١٩٤٠، ئەو کاتەی «داڤید هاکۆهن» ئەو کەسەی شوورەی «تیگارت»ی لە سەر سنووری فەڵەستین بۆ بریتانییەکان دروستدەکرد، قایلبوو سێ چالاکوانی فەرەنسای ئازاد لە ماڵی خۆی دابنێ. ئەو کات ڤیشییەکان جڵەوی دەسەڵاتی سوریا و لوبنانیان لەدەستدابوو، ئیدی فەرەنسای ئازاد و «هاگانا»، ئەو ڕێکخراوە بەرگرییە نهێنییەی جوو، هەردوولایان کۆک بوون لەسەر ئەوەی بریتانیا بە جدی لەگەڵ هەڕەشەی سەریان ئاڵمان و ڤیشییەوە ناجووڵێنتەوە. کاتێکیش بریتانییەکان لێنەگەڕان ڕێ بە سێ کەسەکەی فەرەنسای ئازاد بدەن تا ڕادیۆیەکی نهێنی لە فەڵەستین دابنێن، بۆ ئەوەی پڕوپاگەندە بە ئاراستەی سوریا بڵاوبکەنەوە، ئەوە بوو «هاکۆهین»ی ئەندامی «هاگانا» ڕێگەیدان

به دزییەوە ڕادیۆکەیان لە ماڵی ئەودا بنێن و "دەنگی فەرەنسای ئازاد لە ڕۆژهەڵات" لەوێ و بەبێ ترس پەخشبکەن. خۆی هۆیەکەشی سادە بوو، ئاخۆ بۆچی زایۆنیستەکان ئەو کۆمەکەیان کرد. هەروەک سەرۆکی هۆبەی سیاسی لە ئاژانسی جووەکان باسیکرد، "وێرای هەموو ئاستەنگەکانی ئەم ڕۆژانە، فەرەنسای ئازاد لە فەرەنسای ئایندەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ، ئێمەش هەقمانە ئەو هیوایەمان هەبێ، ئەوان ئەوەیان لەبیرنەچێتەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان جووەکانی ئۆرشەلیم لە کاتی تەنگانەدا بە فریایان کەوتبوون."[٢]

بە حوکمی ئەوەی ماڵەکەی «هاکۆهن» لەسەر کەناری بەندەری حەیفا بوو، ئەوە بوو هەر سێ فەرەنسییەکە لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٤٠دا بە چاوی خۆیان ئەو کێفەڕاتەی لەوێ قەوما، بینیان. ئەو کات لە بەندەرەکە کەشتییەکی زەبەلاح بە ناوی «پاتری Patri» لە ئامادەباشیدابوو تا بەرەو «ماوریتیوس Mauritius»[٩١] بڕوا. سەرنشینەکانی نەیاندەویست لەوێ بڕۆن، ئاخر ئەوان ئاوارەی جوو بوون لە دەستی ئاڵمانەوە هەڵاتبوون، هەوڵیاندەدا هەرچۆنێک بێ لە فەڵەستین داوای مافی پەنابەریی بکەن. لە گەیشتنیشیان بەو بەندەرە، بریتانییەکان دەستبەسەریان کردبوون، بەگوێرەی ڕێنماییەکانی کتێبی سپی ١٩٣٩ی بریتانییەکان، نەدەبوو ئەو ژمارە زۆرە بێنە فەڵەستین، هەروەها بریتانییەکان ئەوەشیان گوت گوایە ئاژانی ئاڵمانی لەنێو پەنابەرەکاندا بن، بۆ ئەوە هاتبن ئاژاوە و پشێوی ڕەگەزیی لە فەڵەستیندا بنێنەوە.

---

٩١ ماوریتیوس: دوورگەیەکە لە ئۆقیانوسی هیندی، نزیکەی ٨٥٠ کیلۆمەتر لە مەدەغشقەرەوە دوورە.

ئەوە بـوو « پـارتری» هەرگیـز لەوێ نەبـزووت[92]. لە سـپێدەی ٢٥ی مانگـدا، کە پاڵەپەسـتۆ خـرایە سـەر دوا دوورخـراوە بەرەو ڕاڕەوی کەشـتییەکە پـاڵنرا، ئەوسـا دەنگـی تەقینەوەیەکـی گەورە لەسـەر پشتی کەشتییەکەوە هـات و بەسـەر لایەکدا کەوت. وێڕای هەوڵێکـی چڕوپڕی بریتانییەکـان بـۆ ڕزگـارکردنی ئەوانەی کەوتـنە ژێر داروپەردووی کەشتییەکە، کەچی ٢٦٣ کەسیان مردن.

دەستبەجێ زانرا کارێکی تێکدەرانەی لەپشتە، فەرەنسییەکانیش «هاکۆهن»یان تەنگەتاوکرد، چونکە دەیانزانی هەوڵ و تێکۆشـانی هاگانـــا دژی بریتانیـــایە تـــا لێـــنەگەڕێ ئەو ئـــاوارە جـــووانە بگەڕێنرێنەوە. «رایمۆنـد سـخیمتلاین Raymond Schmittlein» "بە واقوڕمــــاوی، بە زاری بەش و چــــاوی زەقەوە گێـــڕایەوە، «هـــاکۆهین» دانیپێـــدانا بـــۆچی شـــتەکە ڕوویـــدابوو، کـــارەکە لەدەستدەرچووبوو، دیاربوو هاگانا بنەتەقەیەکی بە قاچاخ بردبووە سەرپشـتی کەشـتییەکە بەڵکـو کـارێکی وەهـای پێـبکەن مەکینـەی کەشتییەکە بتەقیننەوە پەکی بخەن و نەتوانێت بەندەرەکە جیبێڵێ تـا ئاواراکـان نەگەڕێنـرێنەوە.[3] ئەوسـا «هـاکۆهن» لێپرسـین ئـاخۆ جووی هـاوچەرخ لە ئازایەتی یەکێکـی وەک «شمشـۆن»یـان کەمە. «سخیمتلاین»یش گـوتی؛ "ئەمە بەسـەرماندا زاڵبـوو، کە قەناعەتمـان پێبکـا، ئەو جـۆرە سـووربوونە نیشـتمانپەروەرییە هـی ئەوە نیـیە سەرنەکەوێ."

هاوکاریی نێوان ئەو دوو کەمـایەتییە، هەردوولایـان نـامرادانە بە بریتانییەکـــانەوە بەنـــدبوون و هەردوولاشـــیان تێدەکۆشـــان تـــا سـەربەسـتی خۆیـان بەدەسـتبهێنن، ئیـدی لەوێـوە چەکەرەیـان کـرد. هاگانا ڕایەڵەی هەواڵگریی خۆی لە سـوریا خسـتبووە بن خزمەتـی

---

٩٢ نەبزووت: نەجوولا.

فەرەنسـای ئـازاد و زانیـاریی هەسـتیارییان دەدانـێ، هاوکـارییەکە سـەری بـۆ ئەوە کێشـا «کۆلۆمبـانی» سـەرکردەی خۆیـان ببێـتە بەرپرسـی ئاسایشـیی گشـتی فەرەنسـی لە ڕۆژهەڵات. «هـاکۆهین» هەر بە خۆیشـی پەیامی لە فەرەنسـای ئازادەوە بـۆ دیمەشـق بـرد، داوای لە کاربەدەسـتە بەرپرسـەکەی فەرەنسـی لە شـارەکە کـرد لە ڤیشـییەکان هەڵبگەڕێـتەوە. کـاتێکیش لە کۆتاییـدا لەسـەر شـاڵاوی هێرشـەکانی ١٩٤١دا کۆکبـوون، هاگانـا دەسـتەی کۆمانـدۆی خـۆی بەنـاوی «پالمـاخ Palmach» خسـتەکار تـا لە کـاتی پێشـڕەوی لە ٨ی حوزەیراندا ببنە ڕێنوێن و چاوساغ. هەرچەندە «مۆشێ دایان» کە یەکێ لەوان بوو، گێڕایەوە؛ "هـیچ کەس لە ئێمە بە سـوریا بەڵەد نەبـوو"، ئیـدی «پالمـاخ»یـش بە نـۆرەی خـۆی خەڵکـی عەرەبـی بەکرێگرتن تا ڕێگەیـان نیشـانبدەن، ئەمەش خۆی بیرۆکەیەک بـوو، خواردیشـی.[٤] لە ڕۆژگـاری تەنگـانەدا زایۆنیسـتەکان خۆویسـتانە کۆمەکی فەرەنسییەکانیان کرد.

پەیوەنـدیی نێـوان فەرەنسـای ئـازاد و زایۆنیسـتەکان بـۆ سـاڵی پاشتر بە شێوەیەکی بەرچاو پێشوەتر چووبوو، ئەوەش ئەو کاتەی جـوو لە سیاسـەتی کـۆچی بریتانییەکـان پڕتـر و تـووڕەتر دەبـوون، هەینـێش کێفەڕاتێکـی دیـکەی دەریـایی بەسـەر کەشـتییەکی دیـکە بەنـاوی «سـتروما Struma»دا هـات، کە سەرنشـینەکانی ئـاوارە جووەکانی ئەوروپا بـوون. دوای ڕووداوە دڵتەزێنەکەی «پـاتری»، بریتانییەکان ڕێگەیان نەدا «ستروما» زیاد لە توانـای خـۆی باربکـا. کەشـتییەکە ئەو کـات لە کـانونی یەکەمـی ١٩٤١دا لە ڕۆمانیـاوە لە کەنـاراوی فەڵەسـتین نزیکـدەبووەوە. کەشـتییەکە هەشـت هەفـتە لە بەندەری ئیستەمبول مایەوە، لەو کاتەی حکومەتی بریتانیا دەیزانـی، سەرنشـینەکانی کەشـتییەکە ئەو ئـاوارە بێـدەرەتانانەن، لە ترسـی گیـانی خۆیـان هەڵاتـوون. بریتانییەکـان خەریکـی تـاوتوێکردنی

دۆخەکە بــوون. لە کۆتاییــدا ڕاپانگەیاند ڕێگەیــان پێنــادرێ لە فەڵەســتین نــزیکبکەونەوە، فەرمانیــانکرد بەرەو دەریــای ڕەش بگەڕێینەوە دواوە. تازە کەشتییەکە ئیستەنبولی بەجێهێشتبوو، کە تەقینەوەیەک قەوما، پێدەچوو هەر بۆمبێک بێ و لە تۆربینەکەیدا تەقیبێتەوە. ئەوە بوو تەنیا یەک کەس لە سەرجەم ٧٦٩ سەرنشینی «ستروما» ڕزگاری بوو، هەمــوو ئەوانــی دیکە نقومبــوون و سەریانتێداچوو. مایەی سەرسوڕمانیش نەبوو دەنگی شینوشەپۆڕ لە فەڵەستینەوە بەرزبێتەوە.

لەو کاتەی بریتانییەکان خۆیان لە بەرپرسیاریێتیی «ستروما» دەدزییەوە، پیاوێک بڕیاریدا بە دەست و مستی خۆی، بە کردار بێتەدەنگ. «ئاڤراهام ستێرن Avraham Stern» تـوێژەرەوە شاعیر و کلاسیکی کەشخەی تەمەن ٣٤ ساڵە کە «ئیلیازەر بن یایر Eliezer ben Yair» نموونەی سەرمەشقی بوو، ئەو پیاوەی بە جۆشوخرۆشەی مێژوو، لە سەدەی یەکەمی زایینیدا پاڵەوانانە لە «ماسادا» دژی ڕۆمانییەکان وەستایەوە، ئینجا بۆ ئەوەی نەکەوێتە بندەستی ڕۆمانەکان خۆی کوشت. پێشتر «ستێرن» پەیوەندییە دەرەکییەکــانی ڕێکخــراوی ئیرگــون، دواتــر لەســەر سیاســەتی هاوکارییکردن لەگەڵ بریتانییەکان لێیان هەڵگەڕایەوە. ئەو بڕوای وا بــوو، ئەوان دەبــێ ئەو کاتە یارمەتی بریتانییەکان بدەن، کە سەربەخۆیی بۆ زایۆنیستەکان دابینبکەن. کاتێکیش ڕوونبووەوە بریتانییەکــان هــیچ نەخشــەیەکی وەهایــان لە پــێش نیــیە، بــۆیە «ستێرن» لە ١٩٤٠دا پەیامێکی بۆ ڤیشییەکانی سوریا نارد، تێیدا گوتبووی ئامادەیە لەپاڵ ئاڵمانیادا بجەنگێ ئەگەر هیتلەر ڕێگە بەســەرلەنوێ نیشــتەجێکردنەوەی خەڵــکەکەی لە نێــو بــۆتەی دەوڵەتێکی نیشتمانیی لە چوارچێوەی سنووری مێژوویاندا بدا، دەوڵەتێک لەسەر بنەمای تاکحزبی بێ، ئەوسا دەبنە هاوپەیمانی

ڕایخشــتاخی ئاڵمــانی.[٥] ئەو خســتنەڕووە ســەیرەی «ســتێرن» ســەرنجی «کۆلۆمبــانی» ڕاکێشــا، ئەویــش شــتەکەی گەیانــدە باڵوێزخانەی ئاڵمان لە ئەنقەرە.

دوای ماوەیەک کە بێهوودە چاوەڕێی وەڵامی هیتلەری دەکرد، ئەوە بــوو لەگەڵ دەســتپێکی ســاڵی ١٩٤٢دا «ستێرن» شــاڵاوێکی کەمخایەنی توندوتیژانەی بەرپاکرد، بە هیوای ئەوەی بریتانییەکان ناچاربکــا لە فەڵەســتیندا ســەربەخۆیی بــدەنە خەڵکــی جــوو. لەبەر حەوجەبــوونی زۆرەوە بــۆ پــارە، ئەوە بــوو نــامرادانە تــاقمەکەی بەســەر بــانکێکی «هیســتادروت»ی ڕکابەرەکەیــان دادا و لەوێ دوو پاسەوانی جوو کوژران. چەندین ڕۆژ دواتر لە ڕووداوێکی دیکەدا دوو ســێ پۆلیســی دیکە کــوژران، ئەوانیش هەر جــوو بــوون. بەم جــۆرە تــاقمەکە زۆر دوژمنــی بــۆ پەیــدابوو، ئەوســا پــۆلیس ڕاگەیانــدنێکی دەرکــرد بەوەی پاداشــتی هەر کەســێک دەداتەوە، خەبەر لەو تاقمە بدا. هەفتەیەک پاش تاڵانکردنی بانکەکە، پۆلیس لە تەلئەبیبــدا بەســـەر مـــاڵێکی دادا، دوو کەســـی کوشـــتن و دووی دیکەشــی بریندارکردن، یەکێک لەوان بێ ئەوەی مەبەستیشــی بێ شوێنی ستێرنی بۆ ئاشکراکردن.

لە ١٢ی شوباتدا «ستێرن» لە دۆلابێکی جل لە فلاتێکی هەمــان شــار دۆزرایەوە، ئەمەش دوای ئەوە هــات، کە گــوێزانە تەڕەکەی ڕیشتاشــینی بــووە مــایەی دۆزیــنەوەی. کــاتێکیش بە جــل دەبەرکــردنەوە غاریــدایە لای پەنــجەرەکە، دەســتبەجێ لە لایەن «جیفــری مۆرتــۆن Geoffrey Morton»ی چــاودێرەوە تەقەی لێکــرا و کــوژرا، کــابراش ڕەوایەتیــی کــارەکەی بە گــوتەیەکی دەســتخەتی ســتێرن –کە دواتــر لە مــاڵەکەدا دۆزرایەوە، لێکیــدایەوە: "خۆ تــا لە مەیدانی جەنگدا دەکەوم، بێجووڵە ناوەســتم."[٦] هەروەک «مۆرتۆن» دواتر باسیکرد؛ "خۆ من پۆلیسێکی سەر کورسی نیم."[٧]

پۆلیسی فەڵەستینی خێرا جووڵا تا تەواوی تاقمەکە دەستگیر بکەن، چونکە بە هۆی لەدەستدانی سەرکردە کاریزمایەکەیان تووشی پشێوی ببوون. بەگوێرەی خەبەرلێدانێکی دیکە و لە کۆتایی مانگی نیساندا، پۆلیس ١٢ ئەندامی تاقمەکەی گرت. لە ١٩ی ئایاریشدا سەرۆکی پۆلیس لەو بڕوایەدا بوو، تەنیا دوو "لە ئەندامە گرنگەکان" هێشتا نەگیراون، بۆیە دڵی دانەدەکەوت.[٨] ستێرنی زیندوو تاراددەیەک بێدۆست و برادەر بوو، بەڵام هەڵومەرجە دژبەریەکەی مەرگی، پاشان ئەو هەرایەی ڕووداوی کەشتی «ستروما» نایەوە، هەروەک بەرپرسی پۆلیس گوتی وایان کرد تووڕەبوونەکەی بە ڕەوابزانرێ و ئەمە وای لە هەندێ سەرکردەی زایۆنیست کرد، بپرسن "تۆ بڵێی ئەو سەرمەشقە نموونەییەی ستێرن خەباتی بۆ دەکرد، شایستەی بیرلێکردنەوە نەبێ."

هەر سەبارەت بەم خاڵە پۆلیسی بریتانی شتێکی دۆزییەوە، بەوەی نەوەک هەر زایۆنیستەکان بن، بەڵکو خەڵکانی دیکەش بیرکردنەوەی ستێرن بە شایستەیان دەبینی. ڕۆژێکیان لە بەهاری ١٩٤٢دا کاتێک پەیوەندییەکانی نێوان بریتانیا و فەرەنسا دوابەداوی گەڕانەوەی «سپیرس» بۆ بەیروت تێکچووبوو، ئەوە بوو «ئارسەر گایلزArthur Giles» بەرپرسی بەشی پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تاوان بە هەڵەداوان سەری بە نووسینگەی «پاتریک کۆگهێلPatrick Coghill»ی سەرئەفسەری دەستەی دژەجاسوسی بریتانی لە ڕۆژهەڵاتدا کرد، «گایلز» بە ئەوقمانەوە گوتی "ئای خودایە، ئەو فەرەنسییانە چەند بەدفەڕن. ئەرێ دەزانی خەریکی چین؟"[٩] «کۆگهێل»یش نەیدەزانی، بۆیە «گایلز» دانیشت تا بۆی ڕوونبکاتەوە.

سەرپۆلیسی لێکۆڵەرەوە شارەزاکە سەری قسانی داهێنا؛ سێ ڕۆژ پێش ئێستا، خەبەرێکم بۆ هات، تاکسییەک تازە لە ئۆرشەلیم

دەرچـوو بـوو، سـێ ئەنـدامی تـاقمی سـتێرنی هەڵگرتبـوو بەرەو باکوور ڕۆیشتن. لێکۆڵەرەوە شوێنپێی تڕومبێلەکەی تا «تەبەریا» هەڵگرتبوو، لەوێشەوە بە دوایانەوە بوون تا گەیشتبوونە سەر سنووری لوبنان. لەوێش بینرابوو، هەرسێ جووەکە ئەفسەرێکی فەرەنسی لە لوبنان پێشوازیان لێکرا. دەستبەجێ «کۆگهیل» تێگەیشت و پێزانینی بۆ بەدواداچوونی «گایلز» دەربڕی. پێدەچێ "فەرەنسییەکان هەم یارمەتی تاقمی ستێرن بدەن و هەم بەکاریشیان بهێنن، ئەمەش پرسێکە نابێ خۆی لێنەبان بکرێ. هەر بە ڕاستی تا دەهات «گایلز» تووڕەتر دەبوو."[١٠]

«گایلز» نەیدەتوانی لە ڕەگەوە بەسەر ئەم هاوکارییە سەرسامەدا زاڵبێ، چونکە «کۆگهیل»یش پێویستی بەوەبوو هەر خۆی چاوپۆشی لە ڕووداوێکی هەراسان بکا. دوور لە نیگەرانییەکانی «گایلز»، «کۆگهیل» لە ناخەوە لەو کاتەدا بەو ئاشکرابوونەی وەک دیارییەک لە ئاسمانەوە دابەزیبێ، شاگەشکەبوو. ئاخر خۆ پەیوەندی ئەو لەگەڵ هاوتا فەرەنسییەکەی لە ئاسایشی گشتییدا شڵەژابوو، وای لێهاتبوو بەرەو خراپتریش بڕوا. ئاخر تازە ئاسایشی گشتیی فەرەنسی ئاژانێکی دەستەی تایبەتی جێبەجێکاری بریتانی گرتبوو، هەموو هەوڵی ئەوە بوو بە شێوەیەکی ناقانونی وا لە سەربازێکی بریتانی بکا چەکی پێبفرۆشێ. وەنەبێ ئەم ڕووداوە وای لە فەرەنسییەکان کردبێ لە دەستوەردانی بریتانییەکان بەدگومان بن، بەڵکو لەوەش پۆلکتر ئەوە بوو، هەر هەمان ئەو کەسە بوو چەند ڕۆژێک پێشتر لەو کاتەی لای دوکانێک دەیخوارده وێنەی ئەو تڕومبێلە گرت کە «کاترو»ی تێدابوو. «کۆگهێل» نزایدەکرد بەڵکو فەرەنسییەکان ئەم دوو ڕووداوە بە یەکەوە نەبەستنەوە. خۆ ئەگەر وا بکەن، ئەوا

دەبێتە مـایەی ئەوەی بریتانییەکـان بە هەوڵـی کوشـتنی «کـاترۆ» تاوانباربکەن.

بەو دەرفەتەی هێڵێک بەژێر خەتی ئەو گۆبەندە بێنێ، ئەوە بوو «کۆگهیـل» گریمـانە هاوشـێوەکەی «گـایلز»ی لەگەڵ «کۆلۆنێکـل ئیمبلانک Colonel Emblanc »ی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی بریتـانی لە ڕۆژهەڵات تـاوتوێکرد. کـابراش حەپەسـا، «ئیمبلانـک» هیچـی لەو بـارەوە نـازانی، بەڵام بەدوایـدادەچێ. وەک «کۆگهیـل» گێـڕایەوە، "بـۆ ڕۆژی پاشـتر، «ئیمبلانـک» هـاتو بە خەنـدەوە ڕایگەیانـد، پیاوەکەمـان لە لوبنـان ڕادەسـتدەکرێتەوە و هیچـی دیکەشـی لێزیـادنەکرد."[11] سـەرۆکی دەسـتەی هەواڵگریی فەرەنسـی ڕوونیکردەوە، فەرەنسییەکان هەندێ جوویان وەک ئاژان هێناونەتە ڕیـز و هێشـتوویانەتەوە، ئەمەش هەروەک دەسـتەی هەواڵگریـی بریتـانی کردبووی، ئەو سێ کەسـەی لە سـنووریش ئـاودیوببوون، لەوان بوون.

بە ئاسـوودەبوون لەوەی "سـەرئێشـەیەکی گەورە لە کـۆڵ بـووەتەوە"، «کۆگهیـل» ڕۆیشـت تـا قەنـاعەت بە دەزگـای پۆلیسـی سزادانی تاوان بهێنێ، کە ئەو سێ ئەندامەی تـاقمی سـتێرن، کە بە تاکسـی چـوونەتە «تەبەریـا»، دیـارە ئەو سـێ کەسـەن کە فەرەنسییەکان هێناویـانتە ڕیزی خۆیـان هەرهەمـان ئەو کەسـانەن، کە لە سـنوور پەڕیـونەتەوە. ئەم ڕوونکـردنەوە ڕێتێنەچـووە دیـار بوو لە سەروبەندی هەمان کاتدا بوو، کە زانرا یەکێک لە ئەندامانی تاقمەکە، کە لە ڕووداوەکان بەرپرس بوو، لە سوریادا گیراوە.[12]

چەندین سـاڵ دواتـر، ئەنـدامێکی پێشـووی تـاقمی سـتێرن ئەوەی سەلماند، ئیدارەی ڤیشـی لە بەیـروت، "بە خۆشـییەوە هەمـوو جۆرە چەکێکیـان دەدایە ئـێمە، ئـاخر دەیـانزانی بەو چەکـانە پەلامـاری بریتـانییە دوژمنەکـان دەدەیـن."[13] ئەوەی قۆنـاغەکە سـەلماندی ئەوە

بـوو هـاتوچۆی ئەو سەرسـنوورانە لە سـاڵی پاشـتر، واتە سـاڵی هەڵمەتـــی هێرشـــبردنەکە نەوەســـتا: ئەو ئـــاودیوکردنە ئەو کاربەدەســتە ڤیشــییانە بەردەوام بــوو، کە دیگــۆل گەڕانــدنیانەوە سەرکاروبارەکانی پێشتر. هەر بەڕاستیش «کۆلۆنێل ئیمبلانک» کە چــووە ڕیــزی فەرەنســای ئــازاد، هەر زوو لە دژی چالاکییەکـانی «بلانچێت»ی شـێوەرمەندی دژەئینگلیزی لای ڕاسـپاردەیی گشـتیی فەرەنسـی، دەسـتی لە کـار کێشـایەوە، بریتانییەکـانیش هەر زوو لە کــاریگەریی کاربەدەســتە پێشــووەکانی ڤیشــی تێگەیشــتن، کە لە ڕۆژهەڵاتــدا لە دژی بریتانییەکــان دەجــووڵانەوە. بە کۆتاییهــاتنی سـاڵی ١٩٤٢ دەزگـای ئاسایشـی خـۆجێی بریتـانی «MI5» لەو بڕوایەدا بوو، هەر "کەمایەتییەکەی لیبڕاو و ڤیشییە فیڵباز"بوو لەنێو ئیدارەی فەرەنسییدا "ئێستا بوونەتە مەترسیی گەورە لە ڕۆژهەڵات" لەسەر بریتانیا نەوەک ئاڵمانەکان.[١٤]

«بـۆگنەر» و «بـالین» دوای گـوێزانەوەی «هیلـو» لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٤٣دا لە کارەکەیـان دەرکـران، بەڵام بـۆچی هێشـتا تـاقمی ستێرن لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٤دا بە دوای کۆمەکی فەرەنسییەکان دەگەڕان.[١٥] تــا ڕادەیەک لە ١٩٤٢دا پۆلیســی فەرەنســی چــالاکییە دژەکانی خـۆی سـەرکوتکردبوو، کەچـی لە تشـرینی دووەمـی ١٩٤٣ و چــالاکی تــاقمی ســتێرن بە شــێوەیەکی دراماتیکییــانە کەوتەوە جموجـۆڵ، ئەمەش لەو کـاتەدا بـوو کە فەرەنسـا تووشـی قەیرانـی لوبنـان ببـووەوە، ئەوە بـوو ٢٠ کەس لە ئەنـدامەکانیان لە زینـدانی «لاتورن»ی ١٦ میل دوور لە لای ڕۆژئاوای ئۆرشـەلیمەوە هەڵاتـن و توانیان خۆیان بگەیەننە سەرسـنوور. کـاتێکیش لە مـانگی پاشـتر، لە کــانونی دووەمــدا دەســتیان بە چــالاکییە تیرۆرســتییەکانیان کـردەوە، هەر هەمـان کێشــەی ســەرەکی وەک خــۆی مــابووەوە. هەروەک دواتــر «ئیســحاق شــامێر»ی ئەنــدامی ســەرکردایەتیان

گێـــڕایەوە؛ "ئـــێمە بـــۆ دروســـــتکردن و عەمبــــارکردنی چەک و جبەخانەمـان، بـۆ پـارەدانی ڕادیـۆ و چاپەمەنییەکانمـان، بـۆ ئەوەی خۆبژێێنین زۆر حەوجەی سەرچاوە و دەرامەتـی دارایـی بـووین."[١٦]
دیــار بــوو تــالان و بەســـەردادان تــاکە بــژاردە بــوو، بەڵام وەک «شــامێر» دانیپێــدانا، "هەرچەنــدە ئەو کــردانەی بەســـەردادان و دەستبەسەرداگرتن پێویست بوو بۆمان، لێ زیانی زۆریشی لێداین، ئێمەی لەبەرچاوی خەڵک خست و هاوسۆزیمان کەمبووەوە."[١٧]

هەروەک تـــاقمی ســـتێرن بڕیاریــــدا، وەڵامەکەش داواکردنـــی یارمەتیدان بوو لە فەرەنسییەکان. هیوا ئەوە بوو، فەرەنسییەکان لە لوبنـان ئەوەنـدە لەسەردەسـتی بریتانییەکـان ڕیسـواکرابن، بەڵکـو پرسێکی دژایەتیکردنی دوژمنێکی هاوبەش هێنابێتەگۆڕێ. هەر بۆیە ئەوان ســـەرەتا ئەو وتارەیــان لەســـەر شــرۆڤەکردنی قەیــرانەکەی لوبنـان بۆ «دیچـایلارد» نـارد، پاشـان لە نیسـانی ١٩٤٤دا یەکەمـین ژمــارەی «بەرەی شـــەری عیبــری، فرۆنــت دی کۆمبانــت هیبــرو Front de Combat Hébreu»یـان بە زمـانی فەرەنســی بڵاوکردەوە. ئەمەش هەر خۆی وەسفی خۆی دەکرد، مەبەست لێی "فەرەنسـی و خەڵـک و کلتـووری فەرەنسـیزمان بـوو لەو وڵاتـانەی سنووریان دەکەوتە سەر ئیسرائیل"، لەوێدا بریتانیایـان "لەو کـاتەی گوایە ئـالای دیموکراسـی هەڵدەکەن" بە دوژمنـی سـەرەکی خۆیـان دانـابوو.[١٨] ئەمەش ئەو هەستوسـۆزە بـوو، زۆر لە فەرەنسـییەکانی ڕۆژهەڵات لە دڵەوە پەسـندیانکرد. هەروەهــا ئەوەشـیان تێبینیکـرد، شتەکە وەها نووسراوە، وەک ئەوەی نووسەرەکەی زمانی زگمـاکی فەرەنسی بێ.

تاقمەکە لەوە خێرا بوو، کە شتی هاوچەشـن لەنێوان خۆیـان و بـــزووتنەوەی بەرگـــری فەرەنســـادا بهێنـــنەوە و لەیەک بچـــوێنن. ژمـارەی داهـاتووی «فرۆنت دە کۆمبانت هیبرو» وێنـای یەکـێ لە

زایۆنستەکانی بەوە کردبوو، گوایە لە «مایکیز maquis»ەوە سەریهەڵداوە، ئەو ناوەش لە بەرگری فەرەنسی لە خوارووی وڵاتەوە سەرچاوەی گرتبوو. هەروەها ناوەکە هێماش بوو بۆ گروپێکی بەرگریی کۆمۆنیستی فەرەنسی، پارتیزانانی فرانکس-تایرس، ئەمەش بۆ ئەو ئاستەنگییانەی بریتانیا بۆ تاقمی ستێرنی لە فەڵەستین دروستدەکرد و سەرکوتی دەکردن، ئینجا پەیڕەوکردنی شێوازی دەستە فەرەنسییەکەی جاران بەوەی "لێدە و بڕۆ".[١٩] لە بڵاوکراوەیەکی دیکەی دوایی تاقمی ستێرن، بەراوردکارییەکەی لەگەڵ فەرەنسییەکان باشتر و وردەکارانەتر شیکردبووەوە." بەدەنگەوەچوونی ئێمە سادەیە. کارکردنێکی نهێنییە لە وڵاتێکی داگیرکراودا: جەنگی ژێرزەمینییە، سەربازی نەبینراو و بزۆز زەبری کوشندە لە دامودەزگای قەبەی ئیمپریالیزمی دەدەن."[٢٠]

لە کۆتایی ساڵەکەشدا هەوڵوتەقەللای کێشکردنی فەرەنسییەکان وەک یارمەتیدەر ڕوون و ئاشکرا بوو، نەخاسمە لە دادگاییکردنی دوو لە ئەندامانی تاقمی ستێرن، کە لە تەلئەبیب گیرابوون. دادگاییەکە سەرنجی زۆری ڕاگەیاندنی بە لای خۆیەوە ڕاکێشا، ئاخر بۆ یەکەمین جار بوو یەکێ لە داوالێکراوەکان مێ بێ، بەڵام ئەو بەڵگەنامەیەی بە هاوڕێ نێرەکەی گیرابوو زۆر سەرنجڕاکێش بوو. بەڵگەنامەکە بە فەرەنسی نووسرابوو، ئامانجەکانی تاقمی ستێرنی ڕوونکردبووەوە، داوای یارمەتیشی لە "هێزی دەرەکی دەکرد، ئەو هێزانەی کە بەرژەوەندییان زۆر لە هی خۆیان نزیکە."[٢١] هەرچەندە زمانی بەڵگەنامەکە زەقوزۆپ هاواریدەکرد، کەچی سەرۆکی داداگاکە بێهوودە هەوڵیدەدا قەناعەت بە داوالێکراوەکان بهێنێ دانیپێدابنێن ئاخۆ داواکەیان ڕووی لە کێیە.

چەند ڕۆژێک دواتر هەر داواکراوەکە خۆی ئاماژەیەکی وەهای کرد، کە فەرەنسییەکان لە پشتی تاقمی ستێرنەوە بوون. «ڕافائیل

بیرنبـاوم Raphael Birnbaum»ی تەمەن ٢٤ سـاڵە یەکەمـین کەس بـوو لە دوای قـانونی سـاڵی ١٩٣٨دا بگیـرێ، ئەو قـانونەی هەڵگرتنی چەکی گرداری بەبێ مۆڵەت بە تـاوانێکی مەزن دانـابوو. لە داگاییەکەدا «بیرنباوم» قایلنەبوو پارێزەری بۆ بگیرێ، بەڵکو بە خـۆی و بە زمـانێکی فەرەنسـی ڕەوان کەوتە بەرگریلەخـۆکردن، بەوەی گومـانی تێدانییە، ئەگەر هاتبـا و ئەو لوبنـانی بووایە نەوەک جوو، ئەوا بریتانییەکـان چەکداریان دەکرد و دەیاننـارد تـا شـەڕی فەرەنسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتدا پێبکەن. ئەو نیشانەی بەوە کرد؛ "خۆ ئەگەر هاتبا و فەڵەستین بە خۆی لەژێر منداتی فەرەنسـا یان هەر دەوڵەتێکـی دیـکەدا بـووایە، ئەوا دڵنیـابووم لەوە، ئێـوەی بریتـانی چەکتان دەدامەدەست."[٢٢] حوکمی مەرگی «بیرنباوم» سـووککرا و گۆڕا بە زیندانی هەمیشەیی.

لە مـانگی تەممـوزدا «دیچـایلارد» نـامەی بـۆ «ماسـیگیلی» نووسـی، تێـدا نیگەرانـی سـەبارەت بە زمـانی فەرەنسـی بڵاوکراوەکـانی تـاقمی سـتێرن دربـڕی، کە ئەگەر شـتێک بگەیەنـێ، ئەوا واتای بەدەستگەیشتنی کۆمەکی دەرەکی دەگەیەنێ.[٢٣] هەروەها گوێشـی لەوە ببـوو "دەنگوسـەدای بەنـدوباو" هەیە گـوایە تیرۆریستەکانی جوو فەرەنسییەکانەوە کۆمەکیـان کراوە و گلەیـی لە زمانە فەرەنسییەکەی پڕوپاگەندەی تاقمی ستێرن کرد، کە دنەی ئەو خەتابـارکردنەی داوە. تـاقمەکە خـۆی بێبـاک بـوو سـەبارەت بە هاوکـارییکردن لەگەڵ فەرەنسـییەکان. لە سـەروبەندی هەر هەمـان کاتـدا ئەوان لەسـەر ئەوەش کـۆک بـوون، جـۆرە دەنگێـک، جـۆرە فیتەیەک بۆ ناسینەوەی یەکدی لە کـاتی ئۆپەراسـیۆنێک بـۆ یەکێکی یەکدی دەربکەین، ئەویش ئاوازی سروودی مارسیلیز بوو.[٢٤]

تاقمی ستێرن تا دەهات متمانەیان بە خۆیان پتر دەبوو، هەوڵـی لەوەش زیاتر بدەن تا بگەنە کودەتا سەدادارەکە بکەن. لە ٨ی ئابدا

هەوڵیاندا کۆمسیاری باڵای بریتانی لە فەڵەستین، ئەوەی کارەکەی تەواوببوو، بکوژن. ئەو کاتەی کابرا بۆ خواحافیزی دەچووە لای ئەو عەرەبانەی بەو بۆنەیەوە ئاهەنگۆکەیەکیان لەسەر کەنار بۆ ڕێکخستبوو.[٢٥] بانگهێشتننامەکە بڵاوکرابووەوە و دەزانرا. ڕۆژنامەی ڕاسترەوی جوو ڕەخنەیان لە قبوولکردنی «ماک میکائیل» بۆ داوەتنامەکە گرتبوو، تاقمەکەش پێی وا بوو دەرفەتیان بۆ بۆسەدانانەوە بۆ هاتووە.

ئەوە بوو ئەوان بۆسەکەی خۆیان لەسەر ڕێگای ئۆرشەلیم و لە سەر دووڕیانی بادانەوە تیژەکەی گردەکانی سەر دەشتەکەی ئەوێ دانا. لەسەر دووڕیانەکە تەقەیان لە ماتۆڕسوارێک کرد کە لەپێش ترومبێلەکی کۆمسیارەوە دەڕۆیشت، هەروەها تەقەیان لە ترومبێلی پۆلیسیش کرد، کە بە دواییەوە بوو. لە هەمان کاتیشدا بە هۆی پەتێکی نەوتاوی ئاگریان لەسەر جادەکەش کردەوە، بەمە ترومبێلی ڕۆلڕۆیسی «ماکمیکائیل»یان ناچارکرد لەسەر خاڵێک ڕابگرێ، دەرەتانی دیکەی بۆ نەمابووەوە: بە لای ڕاستدا هەڵدێرێکی هەزاربەهەزار بوو، لە لای دەستە چەپیشەوە کەندار بوو. ئەوە شوفێرەکەی «ماکمیکائیل» بوو بە مەعلانی خۆی ژیانی هەموانی ڕزگارکرد. ئەو یەکسەر ترومبێلەکەی بە لای چەپدا بردە بن کەندارەکە، ئەوێ هەندێ باشتر بوو، چونکە لە سەرەوە ڕاستەوخۆ گوللەی نەدەگرتنەوە، لەوێشەوە زۆر ئەستەم بوو بە لای ڕاستدا بابداتەوە. یەکێ لە برادەرەکانی «ماکمیکائیل»یش گێڕایەوە "ڕێگەیەکی تەنگەبەر و بە ئاستەم دەربازبوون."[٢٦]

بریتانییەکان لە ئاست هەوڵی کوشتنی کاربەدەستەکەیان ساردەخەم بوون، بەڵکو لەبەرئەوە بووبێ کە بەرپرسەکە لەوێ نەمابوو، بەتەمای خواحافیزیکردن بوو. پۆلیسیش سزایەکی بە کۆمەڵی ٥٠٠ پاوەنی بەسەر نزیکترین نشینگەی جووی ئەوێدا

سەپاند، بەڵام دوای سێ مانگ هیچ شوێنەوارێکی سزادانەکە نەما. هەرچەندە هێڕشەکە دنەدانێکی ڕاشکاوانەی سیاسیی بوو، کەچی هیچ سزایەکی وا بەسەر جڤاتی جووەکاندا نەسەپا، تەنانەت ئاژانسی جووەکانیش نەرمونیانانە کردەی کوشتنەکەی سەرکۆنە کرد.

لە قاهیرەش «لۆرد مۆینێ Lord Moyne» وەک وەزیری دەوڵەت جێگەی «کاسی» گرتەوە، پێی وا بوو هەردوو نوشست لە ئەنجامی بێ ئاوەزییەوە بوون. هەروەها ئەوەشی گوت؛ "بیروبۆچوونەکان لەم وڵاتانەدا بە زەحمەت لەوەدا شکستدەهێنن، کە دۆخەکە بە هەوڵی تاقمی ستێرن دژی عەرەبەکان لە ساڵی ١٩٣٧دا و دوای کوشتنی «ئەندریوس» بەراوردبکرێ."[٢٧] یەک دوو ڕۆژ دواتر، کە نەیتوانیبوو لەندەن هانبدا، برووسکەیەکی نارد. لە برووسکەکەدا ئەو ترسەی هێنابووە گۆ، ئەم جارەیان وتەیەکی داود بنگۆریۆنی بە نموونە هێنابووەوە، کە سەرۆکی ئاژانسی جێبەجێکاری جوو بوو: "ئێمە دەبێ بۆ فەڵەستین کۆچبکەین تا ببینە زۆرینە. خۆ ئەگەر پێویست بکا، ئەوا بە زۆرداری دەستی بەسەردا دەگرین، خۆ ئەگەر وڵاتەکەش بچووک بوو، سنوورەکانی درێژدەکەینەوە."

لێدوانەکەی بنگۆریۆن مایەی نیگەرانی «مۆنیێ» بوو، چونکە "لە ڕاستیدا دنەدانی توندوتیژییە."[٢٨] ئەو شتێکی کەمی دەزانی کە زۆر نابا خۆیشی دەبێتە کۆچی قوربانییەکی گەورە.

# ٢٣
# زۆر تامەزرۆ

پیـــاوێکی وردیـــلە، کراســـێکی «ئێـــرتێکس AERTEX[٩٣]» لەبەردابوو، بۆینباخێکی تیرئاسای بەستبوو، حەزی لە زۆر شتبوو؛ لە گوڵ و ئاژەڵی کێوی، لە ئیدارەی کۆلنیالی، لە «نیو گینیا»، لە سـواربوونی یەختـی دەریـایی، بەڵـێ ئەوە «لـۆرد مـۆینێ Lord Moyne» بـوو، پێنەدەچـوو هەڕەشـەیەکی گەورەبـێ بـۆ سـەر زایـۆنیزم و مجێـزی فەرەنسـییەکان لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.[١] کەچی پارێزەری ڕابەرایەتیی "سـوریای مەزنتر" بـوو، هەرهـیچ نە بێ ئەو لە ئابی ١٩٤٤دا وا بوو. هەروەک «سـپیرس»یش، چاکەی ئەو وەزیرە دەوڵەتە نوێیەی لە قاهیرە لە نێوچاوانی «چەرچڵ»ی کۆنەدۆسـتی بـوو، بەڵام بە جیـاوازی «سـپیرس»، کە تـا دەهـات نـاودەنگی خێـرا دادەبەزی، «مـۆینێ» ئەنـدامی کـابینەی حکـومەت بوو، دەستیشی بە بەرفرەوانی دەڕۆیشت. بە شێوەیەکی تایبەتیش هاوڕێکانی ئەو ڕێزی ئەو پەرۆشـی و تـامەزرۆیی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی دەگرت، نەخشەی داڕشتبوو بەرژەوەندییەکانی بریتانیـا لە ڕۆژهەڵاتـی نـاوین بپـارێزێ ئەو پشـێوی و ئـاڵۆزییەی زانیۆنیزمیش لە فەڵەستین نەهێڵێ.

وێڕای ئەوەی کەسێکی خاکەڕا بوو، کەچی بەوپەڕی باڵاییەوە بەرجەسـتەی متمـانەی ئیمپراتـۆریەتیی بریتانیـای نیشـاندەدا.[٢] لە ساڵی ١٨٨٠ لە ماڵباتێکی بیرەدروستکەر لە «گینیس Guinness» لەدایکببـوو. کارنـامەی ژیانیشـی بە ڕەوتێکی ئاسـاییدا بـڕی. دوای

---

٩٣ ئێرتێکس: ناوی کۆمپانیایەکی ئینگلیزییە لە مانشستەر و لە ١٨٨٨ دامەزرابوو، کراسەکانی لە لۆکە دروستدەکردن و ناوی دەرکردبوو.

تەواوبــوونی خوێنــدنی دواناوەنــدی دەچێــتە ڕیــزی ســوپا، دوای خزمەتێکــی کــاراش لە باشــووری ئەفریقــا دێــتەوە دەچیــتە نێــو پەرلەمان. تاسەمەندییە هەرە گەورەکەی ڕاوکردن و سەرچڵی بوو. نووســەری ژیاننــامەی ئەو بە ســەرسامییەوە نووســی؛ "زۆر جاران لە گەشتەکانیدا تەنیا بە یاوەری خەڵکی خۆجێیی دەردەچوو. دوای ئەوەی پــارتی پارێزگــاران لە هەڵبژاردنــی ١٩٢٩دا دۆڕانــدیان، لە پەرلەمان نەما و گەڕایەوە سەر گەشت و گەڕانەکانی خۆی، لەگەڵ خۆشیدا ئەژدیهایەکی جۆری کۆمۆدۆی بە زیندووی بۆ باخچەی ئاژەڵانی لەندەن هێنابووەوە.

مێــژووی دۆســتایەتی لەگەڵ چەرچــڵ دەگەڕایەوە بــۆ ســاڵانی بیســت، ئەو کــاتەی ئەو وەزیــری دارایــی و چەرچڵــیش وەزیــری گەنجیــنە بــوو. بە حــوکمی هاوبەشــیی هەردووکیــان لە گیــانی سەرچڵی و مجێزبەرزییدا، ئەوە بوو چەرچڵ لە ١٩٤١دا داوای لەو هــاوڕێ "زۆر لێهــاتوو و زیــرەک و شایســتەی" کرد وەک وەزیــری کۆلۆنەکــان بگەڕێــتەوە نێــو حکــومەت، ئەو ئەرکەی وای لێکــرد بەرپرسیاری فەڵەستین بێ.

وەک وەزیری کۆلۆنەکان لە ئەیلوولی ١٩٤١دا بوو کە «مۆینێ» یاداشتێکی ســەبارەت بە "سیاســەتی جــوو" لەنێو بازنەی حکومەتدا دەستاودەســتپێکرد، تێدا پرســیبووی بەڵکــو پشــتیوانی بریتانیــا بــۆ ســوریای مەزنتــر ببێــتە خــاوکردنەوەی ئەو گــرژییەی بە هــۆی سەرهەڵدانەوەی کۆچی جوو بۆ فەڵەستین ببووە پرسگرێک. ئەوە بــوو ئەو نووســی؛ "مــن زۆر لەگەڵ کوێرەوریی جــوو هاوســۆزم و خاترجەمیشـــم ئـــێمە دەبـــێ مێشـــکی خۆمـــان بە جـــددی بـــۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکانیان بکەیـــنەوە، بەڵام چەنــد بیــری لــێ دەکەمەوە ئەوەنــدە دیمەســەر ئەو بــڕوایە، هەر بە تەنیــا فەڵەســتین

چارەسەری ئەو کێشانەی پێناکرێ."[5] یەک بژاردە بۆ سووککردنی گوشـارەکە هەیە، ئەویـش دروسـتکردنی فیدراسـیۆنێکی عەرەبیـیە، ئەو شتەی «ئیدن»ی لە وتارەکەی خۆی لە مانگی ئایاری هەمان سـاڵدا ئاماژەپێیدا. هەرچەنـدە «مـوینە» بیـری لەوە نەکـردەوە، کە بەرسڤەکە ئاڵۆزە، بەڵکو پێی وا بوو بیرۆکەکە "سەرنجڕاکێش" بوو.

هەرچەنـدە سـێ مـانگی بەسـەردا تێـپەڕی، ئەو لە نیشـاندانی هاوسـۆزی بـۆ کـوێرەوەریی جووەکـانی کەشـتی «سـتروما» شکستیهێنا، کەچی هەر سووربوو لەسـەر ئەوەی "ڕێگەدانی ئەوان لە ئیسـتەنبولەوە بـۆ فەڵەسـتین واتـای "پێشـێلکردنێکی زەقـی ڕێنماییەکـانی سیاسـەتی حکـومەت" دەگەیەنـێ[6] . دوای ئەوەش لە وەزارەتی کۆلۆنیش دەرچوو، لە نێو پەرلەماندا وتارێکی دا، لەوێوە ڕەخنەی لێگیرا بەوەی دژە سامییە، چونکە کۆمێنتەکانی سـەبارەت بە "پاک و بێگەردیی ڕەگەزی جوو بوون.[7] هێشتاش وتەکەی دوور بوو لەوەی ئامانجی خۆی بپیکێ، بەوەی زایۆنیستەکان "ئاسۆیەکی تەسکیان هەیە" و حکومەتی بریتـانیش دەبێ زیاتر وەبەرهێنـان لە حکومەتەکـانی دراوسـێ، واتە حکومەتەکـانی سـوریا و لوبنـان و ڕۆژهەڵاتی ئوردندا بکا، ئەوانەی خوازیـارن مـافی پەنـابەری بدەنە کۆچبەرانی جوو.[8] ئەو داوایکرد؛ "بۆ ئەو دەوڵەتـانە ئەگەر شـتێکی وەهایـــان حەز لێبـــێ، لە ڕووی مـــادییەوە ڕێیتێـــدەچی، بەوەی ژمـــارەیەکی زۆر لە جووەکـــان بـــۆ ســـود و کەڵکـــی دوولایەنە لەخـۆبگرن، بێ ئەوەی هـیچ هەڕەشـەیەکیش لەسـەر سـەربەخۆیی سیاســیی ئەوان دروســتبکا." لەم ڕامــانەدا، پێشــنیازیکرد بەڵکــو "فیدراســـیۆنی دەوڵەتە عەرەبییەکـــانی بـــاکوور پشـــتگیریی ئەم چارەسەرییە بکەن."

زۆری پێنەچـوو دوای ئەوە، «مـۆینێ» پشـتگیریی خـۆی بـۆ "سوریایەکی مەزنتر" لە وتارێکی خۆی کە زیاتر ڕادیکالییانە بوو لەوەی کردەییانە بێ، ڕاگەیاند. هەر چۆنێک بێ، هێشتاش بیرۆکەکە دوورەدەسـت نەبـوو. هەرچەنـدە بیـرۆکەکەی ئەو، بەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکانی دەوروخولی فەڵەستین دەکرێ کۆچی جوو بۆ لای خۆیـان بپەژرێنن، بە دڵنیـاییەوە هزرێکـی ئـاواتەخوازانە بـوو، ئەوە بـوو لە هەمـان سـاڵدا سـەرۆکی زانکـۆی عیبـری لە ئۆرشـەلیم و ئەکادیمییە جووەکانی دیکە بە حکومەتی بریتانیـان ڕاگەیانـد، ئەوان پشـتگیری بیـرۆکەی پێشـنیازکراو بـۆ قەوارەیەکـی ئۆتۆنۆمیـداری جوو لە نێو سنووری فیدراسیۆنێکی عەرەبییدا دەکەن.[٩]

زۆری نەبـرد پـاش ئەوەی «مـۆینێ» بە جێگـری «کاسـی» لە قـاهیرە دانـرا، لە توانایـدا بـوو هزرێکـی زیـاتر بخـاتە پشـت فیدراسـیۆنی عەرەبـی، وەنەبـێ ئەمەش هەر لەبەر ئەوەبـێ، کە لەو بـارەوە شـتی کەم دەکـرێ. ئـاخر لە بەرایـی سـالی ١٩٤٣دا لەو ڕامانەدا بوو؛ "تاکە جێگرەوە بۆ کتێبی سپی دەبێ هەر ڕێککەوتن بێ لەسـەر ئەو دەسـتکەوتە لەگەڵ دەوڵەتەکـانی عەرەب و ئـێمەش لەو مجێزە زیاترمان نییە، کە چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین بە دەرچـوونی فەرەنسـییەکان لە سـوریا ببەسـتینەوە."[١٠] لە هەمـان مـانگی ئایـاری ئەو سـاڵەدا، ئەنجـوومەنی جەنگیـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، کە هەر خـۆی بەرپرسـی بـوو، بڕیاریـدا مـانەوەی فەرەنسـییەکان لە هەرێـمەکەدا چیـدی لە بەرژەوەنـدیی بریتانیـادا نییە.

هەر دەربـارەی ئەو پنـتە، پشـتیوانیی بریتانیـا بـۆ "سـوریای مەزنتر" سیاسـەتێکی فەرمـی نەبوو؛ بەڵام هەر هەمـان مـانگی ئایار بانگهێشتی «مۆینێ» بۆ کۆمیتەیەکی نهێنی کابینەی حکومەت کرا،

کە چەرچڵ داواکرابوو، تا بیر لە بەپیروەچوونێکی دیکە سەبارەت بە سیاسەتی فەڵەستین بکەنەوە، ئەمەش لەو کاتەی کتێبی سپی ١٩٣٩ لە نیسانی ١٩٤٤دا بەکەڵک نەهات و کۆتاییهات. کاتێکیش پێنج مانگ دواتر کۆمیتەکە ڕاپۆرتی خۆی دا، ڕاسپاردەی وەها بوو، کاتێک ئاڵمان لە جەنگدا بدۆڕێ، فەڵەستینیش بەسەر عەرەب و جوودا بەگوێرەی هێڵێکی سنووری هاوشێوەی لیژنەی «پیل»ی بەر لە حەوت ساڵ کێشراو، دابەشبکرێ. بۆ ڕەواندنەوەی خەمی "ئەو جەرگسووتان و نامرادییە"ش کە دابەشکردنێکی وەها دەیهێنێتەگۆڕێ، دیسان کۆمیتەکە پێشنیازیکرد، حکومەتی بریتانیا دەبێ سوریایەکی مەزنتر بئافرێنێ، کە پێکبێ لە سوریا، ڕۆژهەڵاتی ئوردن و باقی عەرەبی فەڵەستین و بەشێک لە لوبنانی باشوور و ڕۆژهەڵات، ئەمەش بەڵگەی کاریگەریی «مۆینێ»ی دەرخست.[11] هەڵبەتە ئەمەش بریتانیای ڕووبەڕووی فەرەنسا دەکردەوە، بەڵام ئەو کات، هەروەک ئەندامێکی دیکەی کۆمیتەکە بۆ «مۆینێ»ی نووسی؛ "تەنیا نەهێشتنی دەسترۆیشتنی فەرەنسییەکان واتای سەقامگیرکردنی چارەسەرییەکی ڕەزامەندانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگەیەنێ."[12]

کاتێکیش لە کۆتاییدا کابینەی حکومەت لە کانونی دووەمی ١٩٤٤دا هاتەسەر تاوتوێکردنی پلانەکە، «مۆینێ» گوتی شتێکی زۆر چارەنووسسازە، کە دەستبەجێ دەست بە دروستکردنی سوریایەکی مەزنتر بکەین. کۆنووسی کۆبوونەوەکە داواکەی ئەوی تۆمارکردبوو: "خۆی شتێکی بەدبەختانەیە ئەو پرسە چیدی دوابخەین، ئێمە ئەو دەرفەتەمان لەدەستچووە، ناوچە عەرەبییەکانی فەڵەستین بخەینە سەر سوریای مەزنتر، کە چاوەڕێمان کرد داوایەکی وەهامان لێبکرێ".[13] هەرچەندە کابینەکە بە شێوەیەکی

فەرمـی نەخشـەکەی سـەلماند و "کـردە پەرلەمانیـانەی پێویسـتی دیـکەش" بەو داخـوازییە گیـرانەبەر، لـێ تـرس لەوەدا بـوو ئەگەر هەواڵی ئەم نەخشەیە دزەبکا، ئەوا هەراوزەنـای زۆر لە ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا بە دوای خۆیـدا دێنـێ. وەزارەتـی کۆلۆنەکـان تەڕدەسـتانە ڕێکـــاری مۆڵەتـــدانی بە هەنـــدێ کـــۆچبەری جـــوو دا، لەو هیوایەشدابوون جەنگەکە لە ماوەی ساڵێکدا کۆتـاییپێبێ ، ئیدی بەم شێوەیە سیاسەتی بریتانی لەگەڵ ئاراستەی ڕۆژ دەسووڕا.

کـاتێکیش «مـۆینێ» لە ١٩٤٤دا وەک وەزیـر جـێگەی «کاسـی» گـرتەوە، هەینـێ ئەرکەکەی ئـاڵۆز و تێکچـڕژاو بـوو. ئەو "کـردەی پێویسـتی پەرلەمانیـانەی دیـکەی" بە بەشـێک لە کـاری پـڕۆژەکەی خـۆی دانـا، بەڵام هێشـتنەوەی نەخشـەکە بە نهێنـی دەسـتی ئەوی بەســـــت. هەر زووش پەی بەوە بـــــرد، زۆر لە هاوکـــــارانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەبارەت بە پلانەکە دڕدۆنگن. باڵوێزەکانی لە قـاهیرە و بەغـدا دوای دەستلەپشـتدانی «ئیـدن»، خۆپـارێزی خۆیـان لەسـەر نەخشـەکە دەربڕی، ئاخر هەر «ئیدن» خۆیشـی لە سـوریای مەزنتـر بە گومـان بـوو، لە فەڵەسـتینیش «هارۆلـد ماکمیکائیـل» نیگەرانبـوو لەوەی سـوریەکان قـایلنەبن «عەبـدوڵلا» ببێتە پاشایان.

«مـۆینێ»یش لە مـانگی نیسـاندا نیگەرانییەکـانی پەژراند، لەگەڵ «ماکمیکائیـل» کۆکبـوو لەسـەر ئەوەی لەو کـاتەی دەبـێ درێژە بە پشتگیریی پڕۆژەی سوریای مەزنتر بدرێ، بەڵام زۆریش بە جۆش و کـارانەبوون تـا لە ئایندەدا پـێگەی فەرەنسـییەکان لە ڕۆژهەڵاتـدا ڕوونەبێتەوە. لە ترسی ئەوەی نەوەک فەرەنسا بیرۆکەی سـوریای مەزنتـر لەسـەر حیسـابی بریتانییەکـان بەرفرەوانتربکـا و هەر لەو ڕێـگەیەوە هەژمـوونی خـۆی تـا نیـوەی ڕێـی نۆکەنـدی سـوێس

درێژبکاتەوە، بۆیە بڕیاریاندا پلانەکە بکەنە دوو قۆناغ.[14] هەنگاوی یەکەم یەکخستنی ناوچە عەرەبییەکانی فەڵەستین لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ئوردن لەژێر پاشایەتی عەبدوللادا. قۆناغی دووەم، یەکێتییەکە وێوەتر بچێ[94] و لەگەڵ سوریا و لوبناندا یەکبگرێتەوە. لە ڕوانگەی ترسی هەردوو پیاوەکە سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی هەژموونی فەرەنسا، بەدەرنانی ڕکابەرە مێژوویەکەیان لە گەمەکە لە قۆناغی دووەمی جێبەجێکردنی پلانەکەیان ئەوپەڕی ئاوات و داخوازییان بوو. ئەم ڕامانەش پێنەدەچوو بۆ «مۆین» مایەی سەخڵەتی بێ. دەگوترا ئەو دەیخواست "لەپێناو سەقامگیرکردنی ڕەوشی فەڵەستین خوازیار بوو فەرەنسییەکان فڕێبداتە بەردەم گورگان یان بەردەم عەرەب."[15]

هەندێک دوای ئەوە کاربەدەستانی بریتانیا لە ڕۆژهەڵات کاریان لەسەر هەڵسەنگاندن و هاندانی عەرەبەکان بۆ جێبەجێکردنی هەردوو قۆناغی پلانەکەی سوریای مەزنتر کرد، ئەمە و وێڕای ئەو ڕاستییەی لە لەندەن جیاوازییەکی قووڵ سەبارەت بە سیاسەتەکە هەبوو. یەکێکیش لەو کەسانەی بەم کارە پەیوەست بوو «و.ف.ستیرلینگ» بوو. ئەو پیاوەی بەر لە چارەگە سەدەیەک لەگەڵ «لۆرانسدا» هاتبووە دیمەشق. ئەو لە ساڵی ١٩٤١ وەک ئەفسەری سیاسی بانگکرایەوە، ئەوە بوو لە حوزەیرانی ١٩٤٤ نێردرایە دیمەشق تا وەک فەرماندەی بیابان و بەرەی ناوچە عەرەبییەکان و ئەفسەری پاشکۆ لە نێوان سوپای بریتانی و «شوکری قوتلی» سەرۆکی سوریا دەستبەکاربێ.[16] ئەو دۆستایەتی لەگەڵ شێخە دەستڕۆیشتوەکانی عەرەبدا هەبوو، ئیدی ئەو پەیوەندییەی کاتی خۆی لەگەڵ لۆرانس و ناوچەکەدا هەیبوو،

---

٩٤ وێوەترچوون: زیاتر ڕۆیشتن، دوورترچوون.

فەرەنسییەکانی نیگەرانکرد، لەوەش هۆشداری خۆیان وەرگرت، کاتێ دەستبەجێ لەگەڵ سەروەزیری سوریا لەسەر خوانی شێوان دانیشت و یەکێ لە ڕۆژنامە خۆجێیەکانیش بە "سەرۆکی هۆزەکانی سوریا و ڕۆژهەڵاتی ئوردن"ی لەقەڵەمدا.[17]

لەو دواییانە لە ئەرشیفی فەرەنسییدا دەرکەوت، ئەو کات چاودێرییەکی زۆریان بەسەر «ستیرلینگ» کردبوو، بۆ هەرشوێنێک ڕۆیشتبا سایەیان دەکرد. لە ئەنجامی ئەو هەموو چاودێرییە، فایلێکی قەبەیان بۆ کۆلۆنێلە بریتانییەکە کردبووەوە، تێیدا سەلمێنرابوو، کە گومانەکانیان لە شوێنی خۆی بوون، ئاخر «ستیرلینگ» بە دوای باسوخواسی سەیردا دەچوو، نەدەچووە نێو بازنەی ئەرکە ڕووکەشەکەی. لە زنجیرەیەک لەو دیدار و کۆبوونەوانەی لەگەڵ سورییەکان پرسیاری دژواری دەکرد، دەیپرسی ئایا ڕات لەسەر یەکێتیی عەرەب چییە؟ ڕا و بۆچوونت لەسەر حکومەتە هەنووکەییەکە چییە؟ ئایا ئایندەی سوریا چۆن دەبینی؟[18] فەرەنسییەکان لەو چاودێریانەدا بە شێوەیەکی ئاسایی دەیانبینی، پرسیارلێکراوان داوای یارمەتیی بریتانیایان دەکرد.

«ستیرلینگ» بە ئاماژەکردن بۆ دانوستان لەسەر ڕێککەوتننامەیەکی ڕاستەوخۆی سورییەکان کە لەگەڵ بەرژەوەندی بریتانیا بێتەوە لە شێخێک- پێشەوایەکی ئایینی دیار-ی دیکەی پرسی ئاخۆ ئەو هەزموونی خۆی لەم بارەیەوە چۆن دەخاتەگەڕ. «سترلینگ» وەهای پرسی؛ "سەبارەت بە داوای پرس و ڕاوێژ لە خاوەنپایەیەکی وەک جەنابتان لە بارەی هاوکاریی بریتانیا بەوەی بریتانیای مەزن حیساب لەسەر پایەی جەنابتان بکا تا بە ڕاوێژتان خزمەتی سوریا بکەن بە جۆرێک لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی بریتانیای بێتەوە، ئاخۆ تۆ چی وەڵام دەدەیتەوە؟"[19]

وەڵامــی شــێخەکەش ئەوە بــوو؛ "ئەگەر بریتانیــا ڕاســتگۆیانە سەربەخۆیی و مافە ڕەواکانی وڵاتەکەمان بسەلمێنێ... پێم وایە هەمــوو خەڵــکە شــەڕەفمەندەکە دەســتی دڵســۆزی بــۆ بریتانیــا درێژدەکەن."[20]

فــایلی نهێنیــی هاوشــێوەی بریتانیــا، کە تەنیــا لەم دواییــانەدا پەردەیــان لەســەر هەڵــدراوەتەوە، دەریــدەخەن ئــاخۆ بــۆچی کــاتی خــۆی «ســتیرلینگ» ئەو جــۆرە پرســانەی کــردوون.[21] هەر چەنــد ڕۆژێــک بەر لەگەیشــتنی «ســترلینگ» بــۆ دیمەشــق، «ســپیرس» نــامەیەکی لە «جەمیــل مەردەم»ی وەزیــری کاروبــاری دەرەوەی ســوریا پێگەیشــتبوو، پێشــنیازی "ڕێککەوتنێکــی فەرمــی" لەنێــوان سوریا و بریتانیا کردبوو بۆ ئەوەی ڕێگربێ لەوەی فەرەنسییەکان جارێکی دیکە جڵەوی ڕۆژهەڵات بگرنەوەدەست.

مەتەڵــی ئەوەی ئــاخۆ بــۆچی «جەمیــل مەردەم» لە نامەکەیــدا «شــوکری قــوتلی» بە "دەعبایەکی کۆلۆنیــالی" وێنادەکا.[23] هەروەک فەرەنسییەکان هیوادارابوون، حکومەتە ناسیۆنالیستەکەی ســوریا بە تیــژی ســەبارەت بەوەی ئــاخۆ کــێ یەکێتیــی عەرەب بەدیــدێنی، نــاکۆکبوون. «شــوکری قــوتلی» کە زۆر لایەنگریــی عەرەبســتانی ســعوودی بــوو، زۆر ڕقــی لە هاشــمییەکان دەبــووەوە. هەر بــۆیە بەربەســتێکی گەورە بــوو لە پــێش نەخشــەی بریتانیــا بــۆ لکانــدنی فەلەستینی عەرەب بە ڕۆژهەڵاتی ئوردن و لە دواییشــدا بە ســوریا و لوبنــان. لە ســەرێکی دیکەشــەوە، «مەردەم» حەزی بە چــارەی هاشــمییەکان دەکــرد و خوازیــار بــوو «عەبــدوڵڵا» ببێــتە پاشــای یەکێتیــی عێــراق و ســوریا و ڕۆژهەڵاتــی ئــوردن و لە مــانگی نیسانیشـــدا ڕێککەوتنـــامەیەکی لەگەڵ ســـەروەزیری عێـــراق واژۆکردبــوو، تێیــدا هەردووکیــان پابەنــدیی خۆیــان ســەبارەت بە

"پێکهێنانی دەوڵەتێکی هاشمی کە سوریاش بگرێتەوە" دەربڕیبوو.[٢٤] هەر بۆیە «مەردەم» داوای یارمەتی لە بریتانیا کرد، «سپیرس»یش بە جۆشەوە حەزی لێ بوو پشتی بگرێ. هەینی وەزیرە بریتانییەکە بە ڕۆژنامەنووسێکی گوت؛ "ئامانجەکەم سادە و ساکارە. دەمەوێ فەرەنسییەکان لە ڕۆژهەڵات ڕاوبنێم. گەمژەییە ئەگەر بڕوا بەوە بێنین گوایە دوای جەنگ سیاسەتی باش ئەوەیە، دەبێ لەگەڵ فەرەنسییەکان هاوکاربین."[٢٥]

لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٤٤ (ڕۆژێک بەر لە ڕۆژی D-Day)[٩٥] بە نهێنی لەگەڵ «مەردەم» و «سەعدوللا جابری» سەروەزیری سوریا کۆبووەوە. لەوێدا بە هەردوو کاربەدەستەکانی سوریای گوت، ئەگەر هاتوو تەنیا لەگەڵ بریتانیا لەگەڵ ڕێک بکەون، ئەوا حکومەتی بریتانیاش پشتگیری ئەو دارشتە فیدراسیۆنەی عەرەب دەکا، کە ئەوان داوایدەکەن. لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕی سوود و کەڵکی بازرگانی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بریتانیدا بەڵێنی ئەندامێتیی سوریای لە "بلۆکی ئەسترلینی" بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵاوسان دا، کە ئەو کات گرفتێکی تەشەنەسەندوو بوو. لە کۆتاییشدا پێیگوتن، لە گفتوگۆکانی دیکەدا باسوخواسەکان ڕوونتردەکاتەوە بە مافی کۆمپانیا دەرەکییەکان و پرسی چەکدارکردنی سوپای سوریاشەوە.[٢٦] جارێکی دیکە «مەردەم» لە هەمان ڕۆژدا مەیل و تاسەی خۆی بۆ گەیشتن بەو ڕێککەوتننامەیە دووپاتکردەوە. ئیدی ڕەچاوکراوانە چاوەڕێی وەڵامی دەکرد.

---

٩٥ واتە ڕۆژی ٦ی حوزەیرانی ١٩٤٤، ئەو ڕۆژەی لە دووەمین جەنگی جیهانیدا هێزەکانی هاوپەیمانان باکووری فەرەنسایان گرت و لە کەناراوی نۆرماندی دابەزین، بە مەزنترین ڕۆژی جەنگی دەریایی لە مێژوودا تۆمارکرا و چارەنووسی دووەمین جەنگی جیهانیشی بە بەرژەوەندیی هاوپەیمانان دژی نازییەکان وەرچەرخاند.

تا ڕۆژی ٦ی مانگ فەرەنسییەکان بەو کۆبوونەوە نهێنیانەیان نەزانی. هەر دوای ئەوەش بە شێوەیەک لە شێوەکان دانەیەکی لەبەرگیراوی هەردوونامەکەی «مەردەم» کە بۆ وەزیرە بریتانییەکەی نووسیبوو لەگەڵ وەڵامی سپیرس و بەڵێنەکەی کەوتە بەردەستیان. هەروەک «سپیرس» فشاری ئەوەی دەکرد بەڵکو فەرەنسییەکان دەرەک(ئاسایشپارێز)ی سوری پڕچەک بکەن، ئەو زانیارییەش کەوتە بەردەستی فەرەنسییەکان، کە ئامانجی بریتانییەکان لەوەدایە سورییەکان ئەو توانا و ئامرازەیان بکەوێتەبەردەست تا هەر بە خۆیان پاڵ بە فەرەنسییەکانەوە بنێن و دەریانبکەن. ڕاسپێراوی گشتیی فەرەنسی نوێ لە ڕۆژهەڵات «پاول بێنێت Paul Beynet» جێگەی «ژان هیلو»ی ئالوودە بە ئەلکحول گرتەوە، ئەو کاربەدەستە نوێیە لە سەردەمی هەرای دروزەکاندا لە ڕۆژهەڵات ئەفسەری هەواڵگری بووە، ئینجا هۆشداری دایە کۆمیتەی فەرەنسی بۆ ڕزگاریی نیشتمانی، کە سورییەکان لەبەر چ تەداروکێک دان بۆ دەرکردنی فەرەنسییەکان. هەروەها ئەوەشی پێڕاگەیاندن، هێزی وایان نییە دەرەقەتی ئەو مەترسییە ببنەوە.[٢٧] ئەوسا هەوڵیدا خۆی لە داوانامەکەی «سپیرس» بدزێتەوە، ئاخر سپیرس ڕووی لە سوپای بریتانی نابوو بەڵکو جبەخانەیەکی حەوت هەزار تفەنگی بخەنە بەردەستی سورییەکان-ئەمەش حەفت جاران بەقەد ئەوەی خۆیان داخواز بوون- وێڕای ئەم ژمارەیە لە تفەنگ داوایکردبوو چەند سەد چەکی ئۆتۆماتیکیشیان بدەنێ.

زانیاریی هەواڵگرییانەی دیکەی لای فەرەنسییەکان ئەو هەستە گشتییەی پشتڕاستکردەوە، کە جەنگ خەریکە پێدەنێتە دوا قۆناغی خۆی، نیشانەی ئەوە بوو دوا ساتەکانی ئەم حاڵەتە هاتۆتەپێش.

«جەمیـل مەردەم»ی وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی سـوریا بە ئاشکرا لێدوانی سەبارەت بە نەخشەی یەکێتیی عەرەب دا بەوەی "خەریکە ئەو دۆخە بەدیبێ"، لە ڕێگەی جاسوسێکیش لە دەستەی دیپلۆماتی بریتانی لە بەیروتەوە فەرەنسییەکان بەوەیان زانی، کە بریتانییەکان گوشاری گەورە دەخەنە سەر سوریا و لوبنان تا یەکبگـرنەوە.[28] لە ٥ی ئابـدا «گێلـبەرت مـاککێرس Gilbert MacKereth» کە هاتبووە ڕیزی ئەرکی «سپیرس» پەیامێکی بۆ «ڕیاز ئەلسولح»ی سەرۆکی لوبنان نارد، داوای لێکردبوو وەڵامی پێشنیازەکەی ئەم دواییەی «مەردەم» بداتەوە. هەروەها ئەوەشی نووسیبوو بریتانیا بەڵێنی پاراستنی سوریا لە دەستدرێژی دەرەکی دەدا، بەڵێنیدابوو "بە تەواوی چاوتێبڕینی جووەکانیش بوەستێنێ" و پشتگیری بریتانیاشی بۆ یەکگرتنی سوریا و ڕۆژهەڵاتی ئوردن و فەلەستین لەژێر پاشایەتی عەبدوڵڵادا دەربڕیبوو.[29] چوار ڕۆژیش پاشتر ڕۆژنامەی هەراسانکەری زایۆنیست «فەلەستین پۆست» چیرۆکێکی بڵاوکردەوە، گوایە سەرانی چەندین دەوڵەتی عەرەبی لەم ماوە کورتەی دواییدا، لە ئەسکەندەریە یەکدییان بینیوە و بە شـێوەیەکی زۆر سـەیر تـاوتوێی شـتێکی هاوشـێوەی یەکێتیـی عەرەبییـان کـردووە. هەرچەنـدە حکـومەتی سـوریا ڕاپـۆرتە ڕۆژنامەوانییەکەی ڕەتکردەوە، بەڵام وتارەکە ڕێک لەگەڵ زانیاری هەواڵگریـی فەرەنسـییدا هـاتەوە و دواتـر هەواڵێـک پەیـدابوو، کە «نـوری سـەعید»ی سـەروەزیری عێـراق لەگەڵ هاوتـا سـوری و لوبنـانییەکەی و چەنـدین ناسیۆنالیسـتی دیـکە لە کۆتـایی مـانگی تەممـوزدا کۆبـووەتەوە. یەکێک لەوان گوشـاری ئەوەی کـردووە تـا زووە کار لەسەر پێشنیازەکە بکەن، ئەمە لە کاتێکدا سوپای بریتانی لە سوریا مابووەوە و پشتگیری ئەم پڕۆژەیان دەکرد.[30] «بینێت»

کە ئەم هەواڵە جیاجیـانەی بـۆ «ماسـیگلی» نـارد کۆمێنتێکیشـی لەسـەر نووسـی، بەوەی هەر هەموویان ئاماژە بە یەکێتیی عەرەب دەکەن، کە بیرۆکەکە "بە فیتی بریتانیا" بووە.[31]

وەزیـری کاروبـاری دەرەوە لە لەنـدەن ئاگای لەوە نەبـوو ئـاخۆ چـی ڕوودەدا، هەرچەنـدە ئەوەی دەبینـی، کە پێشـهاتەکانی سـوریا "هەر بەڕاسـتی «ماسـیگلی» پەشـێوحاڵ کـردووە".[32] ئەو بە «دەف کـۆپەر Duff Cooper»ی بـاڵوێزی بریتانیـا لای کـۆمیتەی فەرەنسـی گـوت: "مـن گومـانم نییـە، ئەو لە دڵەوە بـڕوای هێنـاوە، هەرچەنـدە هەڵەش بـێ، کە دەسـەڵاتە خۆجێییەکەمـان خەریکـن ئەوەی لە پێگەی فەرەنسـا لە سـوریا مـاوەتەوە تێکـوپێکی بـدەن و هیچ دەرفەتێکیش بۆ ئەم کارە لەدەستنادەن."

هەرچەنـدە «ئیـدن» کتومـت نەیـدەزانی ئـاخۆ «ماسـیگلی» بـۆ ئەوەنـدە دڵنیـایە، بەڵام دەیزانـی فەرەنسـییەکان هەنـدێ بەڵگەیـی هەراسـانیان سـەبارەت بە چالاکییەکـانی «سـپیرس» لەبەردەسـت دایە. لە مانگی شوباتی هەمان ساڵ «سـپیرس» نـامەیەکی ڕەنگینی بـۆ «دەف کـوپەر» نـارد، تێیـدا نووسـیبووی «سـتێینلاس ئۆسـترۆرۆگ Stanislas Ostrorog»ی کۆنسـولی نـوێی ڕاسپاردەیی گشتیی فەرەنسا لە بەیروت ئالودەی ماددەی ئەفیونە و چەندانی دیکەش بەر لە جەنگ "شـەپقەڕەش[96]" بوونە.[33] لەجیاتی ئەوەی نامەکە بۆ باڵوێزەکە خۆی بکرێتەوە، نامەکە ڕێگەی خۆی بڕی و گەیشتە دەست باڵوێزی فەرەنسی، ئیدی «ڕێنێ ماسیگلی» خوێنـدیەوە. کـاتێکیش «کـۆپەر» بـۆی دەرکەوت نـامەکە چـی

96 شەپقەڕەشـەکان «کـاگۆلاردس Cagoulards» مەبەسـت دەسـتەی ڕاسـتڕەوەکانی فەرەنسـا بـوون، لە ١٩٣٥-١٩٤١ لە فەرەنسـا دژی کۆمۆنیسـت و چەپەکان جووڵاونەتەوە.

تێدابووە، بە داخەوە گوتی؛ "ئەرێ ناکرێ بەڵگەنامەی بەدبەختی وا نەکەونە دەستی فەرەنسییەکان."[٣٤]

«سپیرس» لەوە زیاتر بەخەم نەبوو، ئاخر دەمێک بوو بەرگەی خۆجڵەوکردنی لە سەخڵەتکردنی فەرەنسییەکان نەدەگرت. لە ماوەی یەکەمین جەنگی جیهاندا، ئەو گریمانەیە لە پشت ئەرکەکەی ئەودا هەبوو، کە کاریگەریی هاوپەیمانێتی لەگەڵ فەرەنسییەکان تاکە ڕێگای بەزاندنی ئاڵمانەکانە، بەڵام لە ئەزموونی ئەم دواییانەیدا وای لێکرد لەم هۆکارە بەراییە بپرسێتەوە. مانگێک دوای ڕۆژەکەی نۆرماندی، ئەو کاتەی هاوپەیمانەکان توانیان لەشکریان لە نۆرماندی دابەزێنن و جێگیربکەن، بە دۆستێکی خۆی گوت، ئەزموونی چوار ساڵی ڕابردوو ئەوەی سەلماند، "ئێمە بە هەبوونی نەیارێتی فەرەنسییەکانیشەوە دەتوانین شەڕەکە بکەین و بشیبەینەوە، یان بە لای کەمییەوە فەرەنسییەکان لە پێگەی نەیاری داگیرکردن دابنێین".[٣٥] ئیدی بەو لێکەوتەیە پێویستی بەو ڕێسایە نەما: "بەدەستهێنانی دۆستایەتیی فەرەنسا بەهەر نرخێک بێ"، ئینجا زانی دەبێ مشتومڕەکەی لەسەر ئەوە بێ، پێویست بە دڵگەرمیی دیگۆل ناکا، لەبەر ئەوەی هەر بە لای کەمییەوە پیاوە فەرەنسییەکە "جێگەی متمانەی شایستە نییە" لەکاتێک ئەگەر هاتوو لە ڕۆژهەڵاتدا باڵادەست بوو، ئەوا ڕێگەی ئاسایش و سەلامەتی پێویستمان لە نۆکەندی سوێس دەکەوێتە بەر مەترسی.

ئیدی «ئیدن» هەناسەساردانە بەدوای دەرفەتێک دەگەڕا تا لە بەرپرسیارێتیی دیپلۆماتەکە ڕزگاری بێ، بەڵام چەرچڵ لەسەر پاراستنی دۆستە کۆنەکەی بەردەوامبوو. کاتێک «ئیدن» هۆشداری دایە سەرۆوەزیر، کە یەکێ لەو ڕاپۆرتە توندانەی «سپیرس» گەیشتبووە دەستی فەرەنسییەکان، سەرۆوەزیریش پاش دە ڕۆژ

گوتی زانیاری ئەو سەرچاوانەی «سپیرس» "زۆر گرنگ" بوون.[٣٦] "من تا ئێستاش هەر بە هیوام ڕۆژێک دابێ نوێنەری پاک و ڕاستگۆی فەرەنسی بێنە سەرکار و جێگەی ئەو ئاوارە دیگۆلییانە بگرنەوە."

دەرفەتی «ئیدن» بۆ بانگکردنەوەی سپیرس ئەو کاتە هات، کە پرسی پڕچەککردنی ژاندارمەی سوری هاتەئارا، ئەو کاتەی سپیرس بەبێ گەڕانەوە بۆ لەندەن کارەکەی کردبوو. ئەوسا وەزیرە بریتانییەکە کردەی ڕادەستکردنی چەکەکانی ڕاگرت و بە کراوەییش بە «ماسیگلی» گوت بەم دوایانە دوو جاران بە چەرچڵی گوتووە «سپیرس» بکێشێتەوە لەندەن، هەروەها ئەوەشی بە کابرای فەرەنسی گوت؛ تەنیا ٢٠٠٠ تفەنگ لەبری ٧٠٠٠، ژمارەی داواکراوە بنەڕەتییەکە بدەنە سورییەکان. چەند ڕۆژێک پاشتر قەناعەتی بە چەرچڵ کرد، تا «سپیرس» بە سەرزەنشتکردنەوە بانگی لەندەنی بکاتەوە.

«ماسیگلی» دەیزانی لە لەندەن فشاری زۆر سەبارەت بە لابردنی «سپیرس» هەیە، هەروەها دەشیزانی هەوڵ و تەقەللای بێژمار لە ڕۆژهەڵات بۆ یەکێتیی عەرەب لە ئارادان، ئینجا بڕیاریدا ئەو ساتە هاتووە ئەوەی سەبارەت بە چالاکییە ژێربەژێرەکانی وەزیرە بریتانییەکەی دەزانی بۆ «ئیدن»ی ئاشکرابکا. کاتێک ئەو لە ٢١ی ئابدا بۆ قسەکردن لەسەر پرسی ڕۆژهەڵات گەیشتە لەندەن، ئەمەش هەر چەند ڕۆژێک بەر لە ڕزگارکردنی پاریس، سەرنجنامەیەکی پێشکەشکرد، بریتانییەکانی بەوە خەتابارکرد، کە سوودیان لە لاوازی فەرەنسییەکان وەرگرتوە تا لەسەر حیسابی ئەوان هەژموونی خۆیان لە ناوچەکەدا درێژبکەنەوە. ئەو ڕەتی کردەوە لەوە زیاتر لە گەڵ «ئیدن» باسوخواس بکا تا ئەو کاتەی

به یەکەوە لەگەڵ «ئیــدن» لەو خەم و نیگەرانیــیە نەکــۆڵنەوە و مشــووری ئەوە نەخــۆن دەبــێ دوای جەنــگەکە پــێگەی شــیاو و شایستەی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵات پارێزراو بێ.

ئیــدین بەو تەپــکەیەی[٩٧] «ماســیگلی» بــۆ دانــابووەوە داودۆز نەبــوو، بــۆیە هەر تــۆمەتێکی هاوتــا فەرەنســییەکەی ســەبارەت بە تاوانبــارکردنی بریتانییەکــان ڕەتکردەوە و حاشــاییلێکرد. بەرپرســە ئینگلیزەکە بە هاوتا فەرەنسییەکەی گوت؛ "هیچ شتێک لە سیاســەتی حکــومەتی خاوەنشــکۆی بریتانیــادا بــۆ بنکــۆڵکردنی هەژمــوونی فەرەنســـا لە ڕۆژهەڵاتـــدا نیــیە"، هەرچەنـــدە قســـەکەی وەهـــا هەمـــوارکردەوە، کە حکـــومەتی بریتانیـــا نیـــازی نەبـــووە کاربەدەســـتەکانی خـــۆی لە دژی بەرژەوەنـــدیی فەرەنســـی بەکاربێنێ."[٣٧] کەچی ئێستا ئەو بە وەڵامەکەی ماسیگلی نائاسوودە بــوو، ئــاخر ماســیگلی نامەکــانی «مەردەم» و ڕەشنووســی ئەوەی «ســپیرس» بە وەزیــری کاروبــارەی دەرەوەی ســوریای گوتبــوو، خســـتەبەردەم «ئیــدن»؛ هەروەهـــا ئەوەشـــی بـــۆ ســـەلماند، کە «ســپیرس» خەریکی دانوســتان بووە لەســەر ئەوەی ڕێککەوتننــامە لەنێو ئەو دوو دەوڵەتە و ئینگلســتان مــۆربکەن.[٣٨] بە ڕوونــی ئیــدن دۆشــدامابوو، حاشــایی لەوە کــرد کردەکــانی «ســپیرس» بە فەرمــی حکــومەتی بریتــانییەوە پشــتگیری لێکرابــێ. بــۆ گەڕانەوەی بــڕوا و متمانە بۆ هەردوولا، دیسان «ئیدن» بە «ماسیگلی» گوتەوە پشــتی هەوڵەکانی فەرەنسا بۆ ڕێککەوتنی هەردوو وڵاتەکەی ڕۆژهەڵات و فەرەنســا دەگرێ. دەســتبەجێش برووســکەیەکی بۆ بەرپرســیارێتیی «ســپیرس» لە بەیــروت نــارد کە بە داوای «جەمیــل مەردەم» قایــل نییە.

٩٧ تەپکە، داو، تەڵە، تەپکەدانانەوە، داو دانانەوە.

بۆ ڕۆژی پاشتر «ئیدن» چەرچڵی ئاگادارکردەوە لەوەی "بە نووسین چارەسەرکراوە." ئێمە ناتوانین چیدی ئۆباڵی سەر شانی فەرەنسییەکان قورستر بکەین."[٣٩] لە کۆتاییدا چەرچڵیش قایلبوو. ئاخر سەروەزیر ساڵێک پێشتر «سپیرس»ی ئاگاداركردبووەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو ئەو بە "کارایی و وریایی" کاری دۆستە دێرینەکەی سەرسام بوو، کە پێویست نەبوو بەو ڕاددەیە بە جۆش و تاسەمەند بێ. ئێستا ئەو لۆمەی برادەرەکەی کردبوو لەسەر ئەوەی دەبووایە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ فۆبیای فەرەنسی بکردبایە.[٤٠] ئەوە تێبینیکرا "بێ دوودڵی فەرەنسییەکان هەست بە سەخڵەتی و هەراسانییەکی زۆر دەکەن"، و لە دواییدا لەسەرکارلاچوونی خستەپێش. "دوو یان سێ مانگی دیکە لە دەرەوە دەمێنیتەوە."

کار ئاوا ڕۆیشت. «سپیرس» لە ئەیلوولدا گەڕایەوە لوبنان، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی پێشووی نەمابوو. ئێستاش پاریس ئازادە و دیگۆلیش دەسەڵاتێکی هەڵچووە، «سپیرس»یش لە «ئیدن»ەوە ڕێنمایی دیاریکراوی بۆ هاتووە تا یاریدەی فەرەنسییەکان بدا لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی سوریا و لوبنان بگەنە ڕێککەوتن. لەوەش زیاتر، لەو کاتەی لە لەندەن بوو، دەسەڵاتەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو کەسی دووەمەوە واتە «ماککیرس» کەمببووەوە. ئەو سەرکۆنەی «ماککیرس»ی کرد، بەڵام «ماککیرس» گوێی پێ نەدا. تا ئەو کات «سپیرس» زۆر لە هاوکارە کۆنەکانی پەکخرابوو، تەنانەت ئەوانەی بە شێوەیەکی بەربڵاو هاوبۆچوونیشی بوون. بەرەبەرەی کۆتایی مانگی تشرینی دووەم و لە کۆتاییدا داوای چەرچڵی پێگەیشت دەست لە کار بکێشێتەوە، ئەویش لە ٢٤ی مانگدا وایکرد.

لەو نێــوەدا وەزارەتــی کاروبــاری دەرەوە هەوڵێــدا ئەو بــارە تەمومژاوییەی کۆبوونەوەی هـاوینی «سپیرس» لەگەڵ «مەردەم» ڕوونبکـاتەوە. یەکـێ لە دیپلۆمـاتە بریتانییەکـان ئەو کـاتەی هـۆبەی ڕۆژهەڵات لە وەزارەت ســەبارەت بە بەدواداچــوون بــۆ پرســەکە پرسـی، ئەویـش وەڵامـی دایەوە؛ "نـاتوانم بیـرلەوە بـکەمەوە، کە لە پشت ئەو دووکەڵەوە ئاگر هەبووبێ."[٤١] بە کورتی ئەوان مشووری ئەوەیـان دەخـوارد، ســەرچاوەی بەڵگەنامەکـان گۆڕەوشـاربکەن و «ســپیرس»یــش ڕووبەڕووی شــتەکان بــکەنەوە؛ بەڵام ئەوســا نیگەرانبــوون لەوەی نەوەک «ســپیرس» بڵــێ منتــان لەســەر بنەمـایەکی سـاختەی خەتاکـاریی فەرەنسـی تاوانبـارکردووە. بـۆیە وەزارەتــی کاروبــاری دەرەوە بڕیاریــدا وەهــا باشــترە جـارێ لە پرســەکە بگەڕێــن و نەیــوروژێنن. هەرچەنــدە مەترســی ئەو فەندوفێڵەش لە گۆڕێدا هەبـوو، ئەگەر هـاتوو ڕاسـتەوخۆ وەڵامـی گۆتەکـانی «ماسـیگلی» نەدەرێـتەوە، هەروەک ئەنـدامێکی دیـکەی هـۆبەکە دەریبـڕی؛ "پـێم وایە فەرەنسـییەکان لەڕووی دەرونیـیەوە قبووڵیانە ئەگەر هاتوو لە گفتوگۆکانی ئەم حوزەیرانەدا حکومەتی خـاوەن شـکۆوە پاڵپشـتی بکـرێ، ئەوا چیـدی ئەوان نـوێنەرایەتی سیاسەتەکەمان ناکەن."[٤٢]

بە کۆتاییهاتنی ١٩٤٤، سپیرس گەڕایەوە بریتانیا. وەک دیاربوو، ئەمەش کاتێکی گونجاو بوو بۆ ڕۆیشتنی ئەو.

# ٢٤

# کوشتنی «لۆرد مۆینێ»

کاتێ ترۆمبێلەکەی «لۆرد مۆینێ» لە نیوەڕۆی ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٤دا بەرەو دەروازەی ماڵی خۆی بایدایەوە، دوو گەنج کە چاوەڕێی گەڕانەوەی وەزیرە بریتانییەکەیان دەکرد، خێرا دەرکەی شوورەکەیان بە ڕووی دەرەوەدا کردەوە و بە دوای ترۆمبێلەکە غاریاندا. ترۆمبێلەکە لە پێش گەنجەکە وەستا، یاریدەدەری مۆینێ و شوفێرەکە دابەزین: یاریدەرەکە بەرەو دەرکەی پێشەوەی ماڵەوە ڕۆیشت، شوفێرەکەش لە دەورەی ترۆمبێلەکە سووڕایەوە تا دەرکەی دیکە لەسەر وەزیر بکاتەوە.

"نەجووڵێی. لە شوێنی خۆت بمێنەوە. نەکەی بجووڵێی." ئەمە قسەی یەکێ لە دوو گەنجەکە، قسەی «ئیلیاهو هاکیم Eliahu Hakim» بوو، وەهای بە «مۆینێ» گوت و لوولەی دەمانچە درێژە ڕیڤۆلڤەرەکەشی تێکرد.[1] «ئیلیاهو بێت تسوری Eliahu Beth Tsouri»ی یاوەری «هاکیم»یش لە مەودایەکی نزیکەوە تەقەی لە شوفێرەکە کرد و خستییە گۆڕێ. «هاکیم»یش لە پەنجەرەی کراوەی ترۆمبێلەکە لوولەی دەمانچەکەی لەسەر «مۆینێ» ڕاگرت و سێ فیشەکی پێوەنا.. بە گوێرەی قسەی سکرتێرەکەی «مۆینێ»، ئەو کەسەی لە تەنیشت «مۆینێ» دانیشتبوو، "«مۆینێ» دەستی لەسەر گەرووی دانا و گوتی، ئۆی، خۆ ئەوە تەقەیان لێکردین".[2] دوا قسەی وەزیرەکە ئەوە بوو: "کەی دکتۆرەکە دەگا؟" وێڕای ئەوەی خوێنیشیان تێکرد، کەچی ئەو لە سەعات هەشتی شەودا تەواوبوو.[3]

تا ئەو کات، هەردووکیان «هاکیم» و «بێت تسوری» لەژێر دەستی پۆلیسدا بوون. ئاخر کاتێ ڕایانکرد، یاریدەدەری «مۆینێ» بە دوایاندا غاریدا و پاشان لەو کاتەدا پۆلیسێکی میسری بە پایسکلەوە بەوێدا دەهات. ئینجا پۆلیسەکە دوای بکوژەکان کەوت، لە کۆڵانێکی بنبەست عاسییکردن. «هاکیم» حاشایی لەوە نەکرد کە وەزیرەکەی کوشتبێ. ئەو بە پۆلیسی گوت؛ "من بەتایبەتی لە ڕێی ڕێکخراوێکەوە بۆ کۆشتنی «لۆرد مۆینێ» نێردرابووم."[٤] ڕێکخراوەکەش گرووپی ستێرن بوو.

نزیکەی سێ هەفتە دوای ڕووداوەکە، «دەف کۆوپەر»ی باڵوێزی بریتانیا لای حکومەتەکەی دیگۆل، کە دوای ڕزگارکردنی شارەکە هاوپەیمانان گەڕابووەوە پاریس، برووسکەیەکی زۆر نهێنی لە لەندەنەوە بۆ هات، پێیگوترابوو داوا لە فەرەنسییەکان بکا، کەشتییە جەنگییەکەیان نەنێرنە ڕۆژهەڵات. پەیامەکە پەشۆکاندی. ئەو نووسی؛ "ئەوان نیگەرانن، چونکە کەشتی «ئێمیلی بێرتین» دەچێتە بەیروت، پێی وا بوو لەو کاتەدا دۆخی ڕۆژهەڵات دەشڵەژێنێ هەروەک چۆن ڕووداوەکەی کوشتنی «مۆینێ» ئەنجامێکی وەهای لێکەوتەوە. کاتێک بە سەنگینی وەڵامیدایەوە کەوا ئەو "هیچ پەیوەندییەک لە نێوان کوشتنی وەزیرە بریتانییەکە لە قاهیرە بە دەستی تیرۆرستانی جوو و سەردانی کەشتییە فەرەنسییەکە بۆ سوریا نابینێ". «ئیدن»ەوە وەڵامێکی دووپاتکراوەی پێگەیشت، بە شێوەیەکی لەبن ئەوە بکا کە پێیگوتراوە.[٥] سەبارەت بەوەی ئاخۆ پەیوەندییەک هەبووبێ، لەم دواییانەدا فایلەکانی حکومەت ئاشکراکراون و ئەوە ڕوونبووەوە،

که لای دەزگای هەواڵگریی نهێنی بریتانی « Bureau Noir» ئەم شتە سەلمێنرا.

هەشت هەفتە پێشتر و بە چەند ڕۆژێک دوای ڕزگارکردنی پاریس، وێستگەی « MI6» لە ڕۆژهەڵات، سێ ڕاپۆرتی سەرەتایی خۆی سەبارەت بە ئەفسەری هەواڵگریی فەرەنسی بە ناوی «کۆلۆنێل ئالیساندری Colonel Alessandri» بەرزکردەوە. «ئالیساندری» وەک کاتی خۆی لە ڕۆژگاری هەرای درووزەکان ئەفسەرێکی گەنجی فەرەنسا بووە. لە بەرایی ڕۆژانی جەنگیشدا پاشکۆی سەربازیی فەرەنسای ڤیشی بوە لە تاران. ئێستاش هاتووەتە بەرەکەی دیکە و بووەتە بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی فەرەنسی بە ناوی نووسینگەی ڕەش «بیرۆ نوار Bureau Noir». کار و چالاکی نووسینگەکە دژوەستانەوەی دەستڕۆیشتنی بریتانییەکان بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. « MI6»یش لە دەستپێکەوە بڕوایان وا بوو «ئالیساندری»ی و بەردەستەکانی تەنیا هەوڵیانداوە دنەی تووڕەبوونی عەرەبەکانی فەڵەستین بدەن، ئەمەش لە تۆڵەی دەستوەردانی بریتانییەکان لەو قەیرانەی مانگی تشرینی دووەمی پێشوو لە لوبنان ڕوویدا.

«ئەلیساندری» لای بریتانییەکانەوە کەسێکی نامۆ نەبوو. ئەو وا خۆی نواندبوو، گوایە بۆیە ڕەگەڵ فەرەنسای ئازاد کەوتووە تا "چێژ لە ژنێکی فەرەنسیی سوریا ببینێ"؛ لە ١٩٤٣دا لەگەڵ ئەفسەری سیاسیی بریتانی لە دیرەزوور بەیەک هەڵشاخا، چونکە هەریەک لەو دوو کەسە دەیانەویست کۆنترۆڵی شارە هەرە گرنگەکەی ڕۆژهەڵاتی سوریایان بکەوێتە بندەست.[٦] «ئەلیساندری»یش هەروەک دیگۆل مشتومڕی لەسەر ئەو ڕاستییە

بوو، کە ژمارەی سەربازانی فەرەنسی لە هی بریتانییەکان پترە، بۆیە دەبێ بەرپرسیارێتی ناوچەکە بکەوێتە بندەستی ئەوان، بەڵام بریتانییەکە لەگەڵ هاوتا فەرەنسییەکەی کۆک نەبوو. لە سۆنگەی بریتانییەکان، «ئەلیساندری» پیاوێکی "ئاسۆتەسک بوو"، ئەو باکی بە لێکەوتەی جەنگە بەربڵاوەکە نەبوو، بەڵکو بە کراوەیی خۆی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا تەرخانکردبوو، "پێ بە پێ گیانی لەسەردەست بوو".[٧] دیاربوو «ئەلیساندری» بە مەبەست هەوڵی بنکۆڵکردنی دەسەڵاتی بریتانیای لە ناوچەی بیابانە هەستیارەکە دەدا، هەر بۆیە بریتانییەکان لە نیسانی ١٩٤٣دا داوایان لە «هیلو»ی ڕاسپێردراوی گشتیی فەرەنسی کرد، لەوێ بیگوازێتەوە.

«هیلو» دانیپێدانا، کە «ئەلیساندری» "هەمیشە بە توندی دژەبریتانی بووە".[٨] هەرچەندە حەزیلێبوو ئەو کۆلۆنێلە دژەبریتانییە لە شارەکە لاببا، بەڵام نەیدەتوانی لە ڕۆژهەڵات دووریبخاتەوە، چونکە لە هەموو لایەکەوە، لە ڕاویژکارە دەستڕۆیشتووەکانەوە فشاری لەسەر بوو کارێکی وەها نەکا، ئاخر ئەوان پرسی هاورێکەیان کردبووە پرسێکی ناسراو. لە ئەنجامیشدا هەر لە ڕۆژهەڵات هێشتیانەوە، ماوەیەکیش بووە فەرماندەی هێزی چیا لە لوبنان. لەوێدا بە پێچەوانەی پاڵپشتەکەی لە ڕاسپاردەیی گشتیی فەرەنسییدا، کاتێ لە ١٩٤٣دا «هیلو» بانگکرایەوە، کەچی ئەو هەر لە ڕۆژهەڵات مایەوە. تۆماری سوپای فەرەنسی لە ساڵی ١٩٤٤دا نیشانیدەدا، ئەو یەکێک بووە لە دوو بەرپرسەکەی دەزگای هەواڵگریی فەرەنسیی لە ڕۆژهەڵاتدا.[٩] سەرنجێکی کابرایەکی

بریتانی کە بۆ ئابی ١٩٤٣ دەگەڕێتەوە، ئەوە بوو «ئەلیساندری» سەرلیستی "فەرەنسییە نەخوازراوەکان" بووە.[١٠]

ئەوەی دەستبەجێ «MI6» نەیدەتوانی بیڵێ ئەوە بوو ئاخۆ «ئەلیساندری» لە کارەکەی خۆی لە نووسینگەی ڕەشدا پشتی هەبوو. ئیدی لێرەوە «گیلبرت ماککێرس»ی جێگری «سپیرس» لە توانایدا هەبوو لەو بارەیەوە هاوکاربێ. ئاخر بەر لە جەنگ بۆ کاری نهێنی ئەو شتێکی سەیر نەبوو، ئەو بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی نووسی. ئەو دەتوانێ ئەو تەمومژە بڕەوێنێتەوە. ئەو بە لەندەنی گوت؛ " لە بێباکێکی فەرەنسییەوە بە یەکێکی ئێمە گوتراوە، کەوا ئێستا ڕاسپاردەیی گشتیی فەرەنسی [لەسەر چالاکییەکانی ئەلیساندری] ڕەزامەندە. پێشنیازیشی کرد، "ئاماژەیەکی وەها بدرێ بەوەی باکیان بەو جۆرە کاروبارانە نییە."[١١]

هاوکارانی دەزگاکەی «ماککیرس» لەگەڵیدا هاوڕابوون، بەڵام زاتیان نەدەکرد ڕاستەوخۆ سکاڵایەک لەسەر ئەو کابرا فەرەنسییە بنووسن. ئەو کات هێشتا هەفتەیەک بەسەر ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی «ماسیگلی» و «ئیدن» سەبارەت بە نامەگۆڕینەوە نهێنییەکانی «سپیرس» لەگەڵ حکومەتی سوریا تێنەپەڕیبوو. بریتانییەکان دەیانزانی فەرەنسییەکان هەموو نارەزایەتییەک لە دژی «ئەلیساندری» پشتگوێدەخەن تا ئەو کاتەی بتوانن بڵێن نوێنەرە لادەرەکەی خۆمان لە بەیروت گۆڕیوە. کاتێکیش فەرەنسییەکان بە ڕۆیشتنی «سپیرس»یان زانی، ئیدی کەشوهەوایەکە هێورتر بووەوە. لەو نێوەشدا وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا داوای لە دەزگای « MI6» کرد بە دوای سەروسۆراغی نهێنییەکاندا بگەڕێن."[١٢]

کاتێکیش دەزگای «MI6» زیاتر لە شتەکەی کۆڵییەوە، بۆی دەرکەوت، چالاکییەکانی «ئەلیساندری» هەر بە تەنیا تیختیخەدانی عەرەب نەبووە تا ئاژاوە بنێنەوە. سەبارەت بە ئەفسەرە فەرەنسییەکە ئەوەیان دۆزییەوە، نووسینگەی ڕەش پشتی تیرۆریستە جووەکانیشیان گرتووە. وەنەبێ «ئەلیساندری» هەر بە تەنیا چەکی بە ڕێکخراوی پارێزگاری جوو «هاگانا» فرۆشتبێ، بەڵکو لە تشرینی دووەمی ١٩٤٤دا -لەو مانگەی «مۆینێ»ی تێدا کوژرا- ئەو پاڵپشتی ماددی گرووپی ستێرنیشی کردووە، ئەمەش شتێکی بەرچاوبوو، چونکە یەکێ لە پەلاماردەرەکانی سەر «مۆینێ»، واتە «بێت تسوری» دانیپێدانابوو، کە "گرفتی گەورەی ڕێکخراوەکەیان ئەو کات پارە بووە."[١٣] ئەفسەرانی «MI6»یش هاوڕابوون، گومانی دووساڵەی لەمەوبەری پۆلیسی فەلەستینی، بەوەی ئەندامانی تاقمی ستێرن و «ئیرگون»، لوبنان و سوریایان وەک حەشارگەیەکی سەلامەتی خۆیان بەکارهێناوە، "خۆ ئەگەر بەکلکگرێدانیش نەبێ لەگەڵ فەرەنسییەکان ئەوا بە لای کەمییەوە چاوپۆشییان لێکردوون."

دەزگای «MI6» بڕوای وا بوو، مەبەستی «ئەلیساندری» ئەوە بووە؛ "پشتی هەر جووڵەیەکی بەرهەڵستکاریی نەخشەی سوریایەکی مەزنتر بگرێ، چونکە ئەگەر ئەو شتە بێتەپێشەوە ئەوا دەبێتە هۆی بنکۆڵکردنی هەژموونی ".[١٤] ئەوەی هاندەری «ئەلیساندری» بوو، ئەو زانیارییە هەواڵگرییانەی هاوڕێکانی بوو، کە لە هەواڵدزێکی نێو نێردەی بریتانی پێیانگەیشتبوو. ئەمەیان لەگەڵ زانیاریی دیکە ئەوانی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە، کە «سپیرس» وێرای فەرمانە دژبەیەکەکان هێشتا هەموو هەوڵی

خـــۆی تەرخـــانکردبوو تـــا «شـــوکری قـــوتلی» لە واژۆکردنـــی پەیماننـــامەی نێـوان فەرەنســـا و ســـوریا پەژیوانبکـــاتەوە و گـــوایە نەخشـــەی ســـوریایەکی مەزنتـــریش خەریـــکە وەڕاســـتبگەڕێ.[15] لە کۆنفرانســـی عەرەب لە ئەســـکەندەرییەش، کە لە ١٥ی ئەیلوولـــدا بەسترا، بریتانییەکان ئەوەندە ڕاشکاوانە لە هەوڵ و کۆششـدابوون تـا ئەنـدامانی کـۆنگرەکە بگەنە ڕێککەوتنی نێوخـۆیـان، بە ڕاددەیەک ســـوریاییەک بەم جـۆرە باســـیکرد؛ "کۆنگرەکەمـــان کـــۆنگرەیەکی بریتانی بوو نەوەک عەرەبی."[16] لەوێدا «لۆرد مۆینێ» چەندین جار چـــاوی بە هەریەک لە «جەمیـــل مەردەم» و «نـــوری ســـەعید»ی ســەرەوەزیری عێراق کەوت، ئەو دوو سـەرکردە عەرەبە ژێربەژێر بەڵێنی خۆیان بۆ یەکگرتنی دەوڵەتەکانیان لەژێر شانشـینی هاشـمی و هەروەهـــا بـــۆ "دەرهێنـــانی ســـوریا لەژێـــر نیـــری کۆلۆنیـــالیزم دووپاتکردەوە".[17]

بە پێـــــداچوونەوەی ئەو هەمـــــوو پێشـــــهاتانە، هـــــاوڕێیەکی «ئەلیسـانـدری» لە ئـاخروئۆخری ئەیلـوولی ١٩٤٤دا، کە بەرپرسـی هەواڵگریـی ســەربازی بـوو، دۆخەکەی بە جۆرێـک وەسـفکرد، کە زەنگـی گـۆڕانێکە لە ئاسـتی سیاسـەتی بریتـانی. ئەو لەو بـڕوایەدا بـــوو، کە بریتانییەکـــان خۆیـــان بە تـــاکە هێـــزی توانـــادارن بـــۆ مســـــــۆگەرکردنی ســـــــەربەخۆیی ســـــــوریا دژی گەڕانەوەی فەرەنســـــییەکان و دژی هەر هەڕەشـــــەیەکی تـــورک و ڕووســـــیا، هەروەهـــا فشاریشـــیان بـــۆ یەکێتیـــی عەرەب نوانـــد.[19] بـــۆ دژوەستانەوەی ئەمەش بوو، «مۆینێ»، پارێزەرە سەرسـەختەکەی سوریایەکی مەزنتر لە ٦ی تشـرینی دووەمدا بە دەسـتی تـاقمەکەی

ستێرن كوژرا. جێگەی سەرنجیش بوو «ئەلیساندری» لەو ڕۆژانەی «مۆینێ»ی تێدا كوژرا لە قاهیرە بوو.

گومانی لەسەر نەبوو، كە «مۆینێ» لای جووەكان خۆشەویست نەبوو، چونكە لە مەرگەساتی كەشتی «ستروما» تێوەگلابوو. كەچی ئەو بەڵگانەی لە ڕۆژی خۆی ئاماژەیان بە پشتگیری سوریایەكی مەزنتر دەكرد، وای كرد مۆر لە بەختی كابرای ئینگلیز بدرێ. ئاخر هەر هەفتەیەك بەر لە مردنی، چەند بڵاونامەیەك دەستاودەستیان پێكرا، ئەویان بە دەستلەپشتدان و پڕچەككردنی عەرەب تاوانباركرد تا پەلاماری جووەكان بدەن.[٢١] ئەمەش هێما بوو بۆ بڕیاری چەند هەفتەیەكی پێشتری بریتانییەكان بۆ پڕچەككردنی ژاندارمەی سوریایی. ئەوەش دەزانرا، كە «مۆینێ» پاڵپشتی نەخشەی سوریایەكی مەزنتر بوو، پێدەچوو ئەم زانیارییانەش زیاتر لە سەرچاوەی فەرەنسییەكانەوە دزەیانكردبێ. ئەوان ئەو كات ئەو زانیاریەیان لە ڕێی هەواڵدزەكەیان لە نێو نێردەی بریتانییەكان پێدەگەی و لەوێشەوە دەیاندایە هەواڵگریی زایۆنستی. هەروەها ئەگەرێكی دیكەش بۆ دزەكردنی زانیارییەكان لە ئارادا هەبوو، ئەویش سەرچاوەی نێو نووسینگەی «مۆینێ» خۆی بوو. لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا، دەزگای ئاسایشی بریتانی « MI5 » ئەوەی دۆزیەوە، كە لەنێو تۆڕی هەواڵگریی بریتانیا لە قاهیرەدا چەندین ئەندامی بە ڕەگەز فەرەنسی هەبوون، كەسێكیش وەك پەیوەندی لەنێو نووسینگەی مۆینێدا هەبوو. لە ڕووی بیردۆزییەوە، تۆڕی هەواڵگرییەكە دۆستانە بوو، بەڵام دەزگای « MI5 » مەراق بوو بزانێ لە سۆنگەی ئەو گرژییەی لە نێوان فەرەنسا- بریتانیادا هەبوو، هەروەها بەگشتی بەهۆی ئەو

کێشـانەی لەگەڵ دیگۆلـدا هەبـوون، ئەنـدامە فەرەنسـییەکانی نێـو هەواڵگـرییەکە تیختیخەدابـێ زانیارییەکـان بـۆ هاوڕەگەزەکانیـان بنێرێتە دەرەوە.[٢٢] بە دڵنیاییشـەوە بـڕوا بەوەکـرا، کە ژمـارەیەک لە نـامە زۆر نهێنییەکـانی بریتـانی کە دەسـت ئاژانسـی جووەکـان کەوتبـــوو، لە نووســـینگەی وەزیـــری دەوڵەتـــی بریتـــانییەوە دەرچووبوون.

بـێ دوودڵـی ئەو شـتە لای بریتانییەکـان لە ئـاردابوو، دەکـرێ فەرەنسـییەکان پەیوەنـدییەکیان بە بکوژەکـانی «مـۆینێ»وە هەبـێ. هەر ئەمەش ئەوەی ڕوونـــدەکردەوە، ئـــاخۆ بـــۆچی وەزارەتـــی کاروبـاری دەرەوە داوای لە بـاڵوێزەکەی خـۆی لە پـاریس کـرد نارەزایەتی خۆیان بۆ گەیشتنی کەشتی فەرەنسی بە ناوی «ئێمیلی بێـرتن» بـۆ بەیـروت دەرببـڕێ، هەر چەنـد ڕۆژێکـیش دوای ئەوە دەزگـای « MI6» پەردەی لەسـەر پەیوەنـدیی «ئەلیسـاندری» بە تـاقمەکەی سـتێرن هەڵدایەوە. کـاتێکیش دیگـۆل پـاش پێـنج ڕۆژ لە کوشـــتنی «مـــۆینێ» لە پـــاریس چـــاوی بە چەرچـــڵ کەوت، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەرگری لە چالاکییەکی فەرەنسییەکانی لە ڕۆژهەڵات کرد. ئەو بە سـەروەزیری ئینگلستانی گوت: "ئێمە نە هیچمان کردووە و نە هیچیش دژی ئێوە لە عێراق و فەڵەستین و میسر دەکەین."[٢٣]

کوشـــتنی «مـۆینێ» چەرچڵـی هێـدمەگرتی کـرد، ئـاخر ئەو پشتگیریی زایۆنیزم بوو، بەردەوامیش لەو کاتەوە، واتە لە بەهـاری ١٩٢١ەوە کە سـەردانی فەڵەسـتینی کردبـوو، لەبەر جـوانی ڕەز و بـــاخی جووەکـــان، هەر پەســـنیدەدان. دوای دیدارەکەشـــی لەگەڵ دیگـــۆل، گەڕایەوە لەنـــدەن و لێـــدوانێکی دا، بەوەی کوشـــتنی

بـــرادەرەکەی تـــاقیکردنەوەیەکی ئەو پاڵپشـــتییە بـــوو. ئەو بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ڕاگەیاند؛ "خۆ ئەگەر خەونمان بە زایۆنیزم بە دووکەڵـی تفەنگی بکـوژان کۆتـاییبێ و ڕەنجیشـمان بـۆ ئاینـدە بەرهەمهێنانی تـاقم و بانـدی جەردەی وەک نازییەکانی ئاڵمان بێ، ئەوا زۆرن وەک مـن بیـانەوێ بە پـێگەی خۆمانـدا بچیـنەوە، ئەو پێگەی لەوێ و بۆ مـاوەیەکی درێژ سـەقامگیرانە پاراستبوومان."[٢٤] ئەگەر لەوێ هـیچ هیـوایەک بـۆ ئاشـتی و سـەرکەوتنی ئاینـدە بـۆ زایـۆنیزم مـابێتەوە، پێویسـت بـوو ئەو چـالاکییە شـەڕانگێزییانە و بەرپرسەکانیان لە ڕەگەوە بۆ چڵوپۆپیان ڕیشەکێشکرابان.

هەرچەنـدە تـووڕەیی بە لەرەی دەنگـی چەرچـڵەوە دیـار بـوو، بەڵام سزادانیشـــی لەخۆنەگرتبـــوو، چـــونکە بـــژاردەی کەمـــی لەدەســـتیدابوو. لەو کـــاتەی زۆر لە کاربەدەســـتانی ئینگلیـــز لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، کە بـۆ جەنـگ لەوێ بـوون، بە شـێوەیەکی بەربـڵاو بە دوای چەکـی جووەکـان دەگەڕان و داوایـان دەکـرد تەوژمی کۆچکردنیان زیاتر ڕابگرن، ئـاخر شـوێنی دیکە پێویسـتیان بە قەوارەی لەشـــکرەکەیان هەبـــوو، دەشترســـان بەریەککەوتـــن هەردوو بیـرۆکەکە پەکبخـا. دەسـتەی ئەرکـانی سـوپا لە لەنـدەن گوتی، کردەی گەڕان و سوڕان و بەدواداگەڕانی چەک و تاوانبـاران تەنیا لەسەر حیسابی ئۆپەراسیۆنە ڕاستەوخۆکانمان دەبێ لە دژی ئاڵمان، کەچی چەرچڵ هەستیکرد هەڵپەسـاردنی کۆچ "سوکوئاسـان دەســـتی تونـــدڕەوکان زاڵـــدەکا."[٢٥] لە ڕەخـــنەی زایۆنیســـتەکانی ئەمریکـاش نـیگەران بـوو، بـۆیە پێـی باشـتر بـوو بە شـێوەیەکی تایبەتی هۆشداری بداتە «حاییم وایزمەن» بەوەی ئەگەر تیرۆریـزم بەردەوام بێ، ئەوا تەوژمی کۆچکردن دەوەستێنێ.

«وایزمەن»یش بە نۆرەی خۆی فشاری خستە سەر ئاژانسی جووەکان، ئەوانیش خێرا پشتگیریی خۆیان بۆ بەدواداگەڕانی تیرۆرزم لە فەڵەستین دەربڕیەوە. ئاژانسەکە لە وەرزی هاویندا خەریکببوو هاوکاری پۆلیسی فەڵەستینی بکا، ئەمەش دوای ئەوەی کارگێڕان لەوە تێگەیشتن، کە دەسەڵاتیان لە پاشەکشەدایە، چونکە تا دەهات گەنج و لاوانی جوو پشتگیری شاڵاوی تیرۆستانیان دەکرد. بە زوویش پۆلیس پشتی بەو پاشکۆیەی ئاژانسی جووەکان بەست، کە ناردبوویانە یاریدەدانی «تێدی کۆلک Teddy Kollek»ی حاکمی ئۆرشەلیم، ئەمەش دوای ئەوەی ناوبراو هەرچی کردی نەیتوانی دزەبکاتە نێو ڕیزەکانی تاقمی ستێرن یان ئیرگون. ئاخر ئەوانیش بونیادێکی شانەی سێ کەسیان لە ئاوارە جووەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات پێکهێنابوو تا دەرفەتی دزەکردنی نێویان زۆر کەمبکەنەوە.

لێکەوتەی هاوکارییەکەش سەبارەت بە ژمارەکان شتێکی سەرسوڕهێن بوو. لەو کاتەی «MI5» بڕوای وەها بوو، کە ژمارەی تاقمی ستێرن ٥٠٠ ئەندام دەبن، ئینجا لەو مانگەی «مۆینێ»ی تێدا کوژرا، ئاژانسی جووەکان لیستێکی ٥٠٠ کەسی بە ناوی گومانلێکراوان بۆ گرتن ڕادەستی پۆلیس کرد. «MI5»یش ئەفسەری پلەباڵا «ئەلیک کێلار Alec Kellar» بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسی نارد، ئەویش لە ئەنجامی کارەکەی نائاسوودە بوو. وەک ئەو تێبینیکرد، هەندێ ناوی نێو لیستەکە بێتاوان بوون، "دیار بوو ئاژانسی جوو دەرفەتی قۆستبووەوە، ئەو ناوانەی لە لیستەکەدا نووسیبوو، کە خۆی حەزی بە چارەیان نەدەکرد و بە تەمابوو لە کۆڵ خۆیان بکاتەوە نەوەک ئێمە."[٢٦]

تۆماری پۆلیسیش لەو بارەیەوە کورتهێن بوو، هۆبەی هەواڵگریی پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانیش لەو بارەیەوە دەستکورت بوو، بە دەگمەنیش لێکۆڵەرەوەیەکی بریتانی دەستنەدەکەوت زمانی عیبری بزانێ، ئەو ئەفسەرە پۆلیسەش کە عیبری دەزانی لە ١٩٣٩ بە دەستی ئیرگون کوژرابوو. ئیدی لەم هەلومەرجەدا، پۆلیس هیچ چارەی بەدەستنەمابووەوە، لەوە زیاتر بە دوای ناوە گومانلێکراوەکاندا بگەڕێ، کە لەنێو ئەو لیستە ڕادەستکراوەی ئاژانسی جووەکاندا هەبوو.

پۆلیس و دەزگای « MI5» داوای وردەکاریی زیاتریان لەسەر هەردوو ڕێکخراوی ستێرن و ئیرگون لە ئاژانسی جووەکان کرد، بەڵام ئاژانسەکە زانیاریی نەدانێ. لەو ناوانەی نێو لیستەکە زیاتر لەبەردەستی «کۆلێک»دا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وەسفی ئەوەی کرد، کەوا چۆن بە دەستپێشخەری «هاگانا» چەندین کەس گیراون و ئەو شێوە لێکۆڵینەوەی ئەوانی بە شتێکی "نائاسایی" بەڵام "بەرهەمدار" دانا.[٢٧] «کۆلێک» بە ئەنقەست لەو بارەیەوە خۆپارێز بوو. ئەو خوازیاربوو پشت بەو دەسەڵاتە ڕێپێدراوەی خۆی لەنێو پۆلیسدا ببەستێ، ئەو حەزی لێ بوو بریتانییەکان وا بیربکەنەوە، نە ئاژانسی جووەکان نە هاگاناش سەروکاریان لەگەڵ ئیرگۆن و تاقمەکەی ستێرندا نییە، بەڵام نەیتوانی «ئەلێک کیلار» لە دەزگای «MI5 » بخاپێنێ[٩٨]، چونکە کاتێ ئەو گەڕایەوە لەندەن گەیشتە ئەو ئاکامە، کە ئاژانسی جووەکان "بە دڵنیاییەکی تەواوەوە بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا گەڕاون نەوەک هی ئێمە". هەروەها هاوکاریی ئەوان هەر ئەوەندە درێژەیان دەبێ تا لەسەر

---

٩٨ خاپاندن: لە خشتەبردن، هەڵخەڵەتاندن.

ئەو بڕوایەدا بن، کە بریتانیا لە کۆتاییدا دەوڵەتی جوو دەئافرێنێ. پێدەچێ ئەو بڕوا قووڵەی بریتانییەکان بە «کۆلێک»یان دابێ لەو نازناوەدا ڕەنگی دابێتەوە کە پێیان دەگوت "دووپشک".

«کۆلیک» بە درەنگەوە ماکی دەرچەکانی دەزگای «MI6»ی پاتەکردەوە. ئەو گوتی؛ "فەرەنسییەکان لەگەڵ لابالێ ڕاسترەوی جوو لەسەرخەت بوون و دەشیانزانی تیرۆریستەکان نانی شێوانیان لە گەڵ «ئەلیساندری»دا خواردبوو."[٢٨] ئەو ئەوەشی گوت، ئاژانسی جووەکان دوودڵ بوو لەوەی زووتر زانیاریی یارمەتیدەر بدات، چونکە دەترسا نەوەک دەستبەجێ بریتانییەکان ئەو پرسە لەگەڵ فەرەنسییەکاندا بێنەگۆڕێ و بەم شێوەیە سەرچاوەکەی بەیروتیان لەدەستدەربچێ.

کاتێکیش ڕۆژی دەرچوونی «سپیرس» لە بەیروت سەلمێنرا، ئەوە بوو لە کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٤٤دا و لە کۆتاییدا وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا، داوای لابردنی «ئەلیساندری» بکا. تا ئەو کاتیش بە شێوەیەکی ئەفسووناوی ئەفسەرە فەرەنسییەکە لەوێ باریکردبوو، چونکە پاش ئەوەی فەرەنسییەکان زانیبوویان بریتانییەکان بە چاوێکی گومانەوی دەڕوانەنە کاروباری نووسینگەی ڕەش، ئیدی کاری خۆیان کرد. « MI6» بۆنی هەواڵێکی لەمەڕ کۆلۆنێلە فەرەنسییەکە کردبوو. لە مانگی ئازاری ١٩٤٥دا ڕاپۆرتیاندا، کابرای فەرەنسی بۆ هەمان کار و چالاکی خۆی گەڕێنراوەتەوە پاریس.

بە مەرگی «لۆرد مۆینێ» ئەو سیاسەتەی بە توندی داکۆکی لێدەکرد، پووکایەوە. لە نیسانی ١٩٤٥دا «سێر ئێدوارد گریگ Sir Edward Grigg» کە جێگەی «مۆینێ»ی گرتەوە، داوای ئەوەی

کرد، دەبێ بریتانیا واز لە سیاسەتی دابەشکردنی فەڵەستین بهێنێ، لەبری ئەوەدا مانداتەکە نۆژەنبکاتەوە و فەڵەستین بە شێوەیەک "دەوڵەتێکی ئاشتەوایی جووترەگەزی" بەڕێوەببا."[٣٠] «گریگ» ئەو بەپیروەچوونە نوێیەی بۆ سیاسەتەکە وەها وەسفکرد، وەک ئەوەی باشترین سیاسەت بێ بۆ "ئیمپراتۆریەتێکی سەرکەوتوو بە نمایشەشکۆیەکی باڵاتر لە سەردەمی پێش جەنگەکە"، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، ڕەوشی بریتانیا لە هەموو کاتێک لاوازتر بوو. هۆکاری ڕاستەقینەش ئاخۆ بۆچی بریتانیا بە دوای سیاسەتی دابەشکردن یاخود سیاسەتی سوریایەکی مەزنتر نەکەوت، هەڵوێستی بەرهەڵستکارانەی کۆمکاری عەرەبی بوو دژی زایۆنیستەکان، کە تازە دامەزرابوو. لە ٢٢ی ئازاری ١٩٤٥دا کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە پێکهات، سەرهەڵدانی کۆمکارەکە بەو جۆرە نەبوو، کە حکومەتی بریتانیا هیواخوازی بوو. زۆر دوور لە هەستی متمانە بە خۆبوونی شایستە بۆ پەژراندنی دروستبوونی دەوڵەتێکی جوو، ئەندامانی کۆمکار تەواو لەگەڵ یەک ناکۆک بوون. کەچی وەک باڵوێزی بریتانیا لە قاهیرە تێبینیکرد لەسەر یەک سیاسەت کۆک بوون، ئەویش "ڕزگاربوون لە دەست فەرەنسا لە سوریا و... ڕێگرتن لە باڵادەستیی زایۆنیستی لە فەڵەستین."[٣١] لەم بارەیەوە کۆمکار هەڕەشەیەکی ڕاشکاوانەشی کرد؛ "فەڵەستین بەشێکی گرنگە لە جیهانی عەرەب و مافەکانی عەرەبیش [لەوێ] نابێ دەستیان لێبدرێ بەبێ ئەوەی زیان بە ئاشتی و سەقامگیری جیهانی عەرەب بکەوێ."[٣٢]

ئەو ڕامانەی بریتانیا کە قورسایی خۆی خستبووە سەر سیاسەتی دروستکردنی سوریایەکی مەزنتر تا قەناعەت بە سەرانی

عەرەب بکـا بەڵکـو دامەزرانـدنی هەمیشـەیی جـوو لە فەڵەسـتین بپەژرێنن، ئەنجامی بەرەواژییانەی[٩٩] لێکەوتەوە. کاتێکیش «ئیدن» لە نیســانی ١٩٤٥دا بە سیاســەتی بەدەمەوەچــوونی فەڵەســتیندا چـووەوە، ئامـاژەی بە قسـەیەکی «مـۆینێ» خـۆی دا، کە هـاتبووە سەر ئەوەی بپرسێ، ئاخۆ حیکمەت لەو سیاسـەتەدا چییە، کە بۆی تێدەکۆشێ. "«مۆینێ»ی کۆچکردوو ئاگاداریکردمەوە... ئێمە دەبێ ڕووبەڕووی ڕاسـتییەکی نـوێ ببیـنەوە، کە بیـرۆکەی سـەرەکی سەرانی دەوڵەتەکانی عەرەبە بە ڕێکخستنی ڕووخساری بەرەیەکی یەکگرتوو لە بەرانبەر هەر شتێک، کە دەستدرێژی بێ بۆ سـەر هەر دەوڵەتێکـــی عەرەبـــی."[٣٣] خـــۆ ئەگەر یەکێتیـــی عەرەب لە بەرەوپێشـوەچوونی خـۆی بـۆ خزمەتکردنـی بەرژەوەنـدییەکانی بریتانیا شکستیهێنابێ، وەک «ئیدن» مشتومڕی لەسەر دەکرد، ئەوا بردنەپێشـی پرسـی سـوریایەکی مەزنتـریش "چیـدیکە سیاسـەتی هەنووکەییان نابێ."

لە هەمـان ڕۆژی پێکهێنـانی کۆمکـاری عەرەبیـدا، بکـوژانی «مـۆینێ» لەدار دران، بەڵام لاوازیـی بریتانیـا بە شـێوەیەکی وێرانکەرانە سەریهەڵدا. ئاخر بە ڕۆژی ڕووناک ئەندامێکی کابینەی حکـومەتی بریتانیـا درایە بەرگـوللە و کـوژرا، سـەروەزیریش هەر ئەوەنـدەی کـرد، هەڕەشـەی ئەوە بکـا، گـوایە بەنیـازە بە پشـتگیری زایۆنیزمـدا دەچێـتەوە. دەرچەی هەوڵ و تەقەلـلای دەسـەڵاتدارانی بریتـانی لە فەڵەستین بـۆ بەدواداچـوونی ئەوانەی لەپشـت کوشـتنی «موینێ»وە بوون، ئەوەی بـۆ ئاشـکراکردن، کە بە تەواوی پشـتیان بە زانیارییەکانی ئاژانسی جووەکان بەستووە. یەکێ لە کاربەدەستە

---

٩٩ بەرەواژی" ئاوەژوو، هەڵگەڕاوە

بریتانییەکـان، کە مـاوەیەکی بەردرێـژ لە خزمەتـدا بـوو، پێشـبینی دەرەنجامی ئەو شێوازە دوودڵییەی بریتانییەکانی بەم شێوەیە کرد: "هەرچەنـد حکـومەتی خاوەنشـکۆی ئینگلسـتان هـیچ شـتێک نەکـا، ئەوەنـدە سـەختە بەرەنگـاری ئەو ئەنجـامەی کە تیرۆریسـتەکان دەیکەین، ببیتەوە، خۆ ئەگەر بە تەنیا گوشاریش هەر درێژەبکێشـی، ئەوا دەوڵەتـی جـوو – کە ئامـانجی فەرمـی سـەرجەم بـزووتنەوەی زایۆنیستییە- زۆر خێرا بەدیدێ."[٣٤]

# بەشی چوارەم

# دەرچوون: ١٩٤٥-١٩٤٩

# ٢٥

# کاتی یەکلاکردنەوەیە

لە ٥ی نیسانی ١٩٤٥دا «چارلس دیگۆل» بانگی هەر یەک لە «جۆرج بیدۆGeorges Bidault»ی وەزیری کاروباری دەرەوە و «پاول بینێت Paul Beynet»ی ڕاسپێردراوی گشتیی فەرەنسا لە ڕۆژهەلات کرد تا دوایین داخوازینامەی حکومەتی سوریا بۆ داواکردنەوەی هێزی تایبەت تاوتوێبکەن، ئەو میلیشیا بەهێزەی ژمارەیان بیست هەزار کەس بوو و لە ژێر فەرماندەیی فەرەنسادا بوو. ئەو هێزەی ئەفسەرێکی بریتانی بە بێبایەخەوە سەریریدەکرد و بە "کەسانێکی بێکەڵکی لەبن یەکبەرگی سەربازییدا"دا وەسفکرد، کەچی لای فەرەنسییەکان بەهەند هەڵگیرابوون، چونکە هێزی تایبەت بە خۆیان لە ناوچەکەدا هەر ٣٢٠٠ کەس دەبون، هێزێکی خراپ بوون، هەرچی هێزە باشەکەیان بوو بۆ ڕزگارکردنی فەرەنسا گەڕاندبوویانەوە نیشتمان.[١] ئەم هێزە ئیدی دوا ڕەگەزی دەسەلات بوو تا ئەو کات لەبن دەستیاندا مابێتەوە.[٢] سورییەکانیش ئەم شتەیان دەزانی. «جەمیل مەردەم» لە پەیامێکی دزەپێکراویدا، کە کەوتبووە دەست فەرەنسییەکان، نووسیبوی: "هەر کاتێک ئێمە ئەو لەشکرەی فەرەنسییەکان وەربگرینەوە، ئەوا هیچیان لە وڵاتی ئێمەدا نامێنێ."[٣] هەر بۆیە دیگۆل یەکلاببووەوە، ئەو هێزەیان ڕادەستنەکاتەوە.

لەو کاتەی دیگۆل لە گەڕانەوەی بۆ ڕزگارکردنی پاریس لە ١٩٤٤دا وەک پاڵەوان پێشوازیلێکرا، هەموو هەوڵوتەقەللایەکی خۆی دا بیسەلمێنێ، کە فەرەنسا هەر هێزێکی مەزنە، هەروەها هاوشان لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت و

بریتانیـــای مەزن مـــامەڵەی لەگەڵـــدا بکـــرێ. هەر دیگـــۆلیش بـــوو داوایەکی «بیدۆ»ی سەرۆکی (ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ بەرگری) ڕەتکـــردەوە ئەو کـــاتەی «بیـــدۆ»ی کـــۆنە مامۆســـتای مێـــژوو ئامۆژگـــاریکرد بەڵکـــو لە قەپەنگـــی «هـــوتێلی دیڤیـــل Hôtel de Ville» جـــاڕی کۆمـــاری نـــوێ بـــدا، هەروەک چـــۆن لە ئـــاژاوە و پشـــێوەییەکانی ڕابـــردوو وەهـــا کـــرا. کەچـــی دیگـــۆل لە هـــاوڕێکەی پرســـی: "بـــۆچی جـــاڕی کۆمـــار بـــدەین؟ خـــۆ هەرگیـــز لەبەیـــن نەچووبوو."[٤]

بە هێنـــاوەی گـــوتەی یەکـــێ لە هونەرمەنـــدە کاریکاتۆرەکـــانی پاریســـی لە وەســـفی دیگۆلـــدا، کە دانـــی بە ڕەوشـــی شـــەپڕێوی وڵاتەکەی نەدەنا؛ "**دیگۆل کەسێکە سەری لە هەور و قاچەکانیشی لە نێـو زبڵـدان.**"[٥] ئەم هەڵوێســـتە ڕەنگـــدانەوەی لێکـــدەرەوەکانی دیگـــۆلیش بـــوو بـــۆ بژاردەکـــانی ئەو لە ڕۆژهەڵات. "ئـــێمە هێشـــتا دووریـــن لەوەی کارتەکانمـــان لە گەمەی ســـوریادا لە دەســـت دەرچووبێ". بەم قسەیە دیگۆل مکوڕی خۆی لەبەردەم «بیدۆ»ی دڕدۆنگـدا دەربـڕی، لە کۆبـوونەوەی ٥ی نیسانیشـدا مشـتومڕی لەســـەر ئەوە بـــوو، ئەوەی لەم مانگـــانەی دواییـــدا ڕوویانـــدا ســـەلمێنەری ئەو شـــتەن.[٦] «ســـپیرس» لەوێ نەمـــابوو، حکـــومەتی بریتانیـاش بە تیرۆریزمـی جـوو لە فەڵەسـتین سـەرقاڵ بـوو، ئەو تیـرۆرەی بە سپۆنسـەری فەرەنسـییەکان بـوو، ئیـدی هەنـووکە ڕۆژهەڵات "بەرەو هێوربـوونەوە" دەڕوا.[٧] نێـوانی سـوریاش لەگەڵ لوبنان تێکچووە و پێدەچێ پڕۆژەی سوریایەکی مەزنتر ڕەونەقی جارانی نەمابێ.[٨]

بە بۆچـوونی دیگۆل بارودۆخەکە بۆ ڕەتکردنەوەی داواکاریی سـوورییەکان لەبـار بـوو. لە کۆبـوونەوەی نیسـاندا وای دانـابوو،

ســـوورییەکان "ســـاتە دەروونییەکەیـــان" لەدەســـتداوە، چـــونکە بریتانییەکان پێویستیان بە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ فەرەنسییەکان لە نێو ئەورووپادا هەیە و دەشیانەوێ تا بکرێ ژیان لە فەڵەستیندا ئارام بێ، بۆیە ئەوان یارمەتی جڵەوکردنی سوورییەکان دەدەن. ئەو گوتی: "دەکرێ حیساب لەسەر خۆپارێزی زیاتری ئەوان بکەین."[٩] ئەمەش حوکمدانێکی هەڵە بـوو، کە ڕاسـتەوخۆ بـۆ دەرچـوونی فەرەنسییەکان لە ڕۆژهەلات سەریکێشا.

هەرچەندە «جۆرج بیدۆ» ڕاشکاوانە دانی بەوەدا نا، کە "هیچ شتێک نازانێ و ئەزموونیشی لە سیاسەتی دەرەکییدا نییە"، کەچی پێشبینی ئەنجامەکەی کردبوو.[١٠] وێڕای ئەوەی سەرۆکە پەستەکەی زۆریشی پێخواردەوە، ئەوەی دەزانی ڕەتکردنەوەی یەکجارەکی بە ڕادەستکردنەوەی هێزە تایبەتییەکە بۆ سوورییەکان کێشە و ئاریشە بەدوایخۆیدا دەهێنێ. بۆ ئەوەی "نەریتی هەزار ساڵەی فەرەنسی لە ڕۆژهەلات بپـارێزێ"، ئەو پێیباشـتر بـوو تـاکتیکی کەمۆیـانەتر بەکاربێنێ.[١١] پێشنیازیکرد فەرەنسا ئەوە بخاتە بەردەم سوورییەکان داوای دواخسـتنی ڕادەسـتکردنی هێـزەکە لەبـری ڕادەسـتکردنی دەمودەست بکەن، واتە دوای شەش مانگ لە کۆتاییهاتنی جەنگ و مـانگێکیش دوای دەرچـوونی بریتانیـا لەوێ، ئەوانـیش هێـزەکە ڕادەستبکەنەوە. ئەمەش وا لە سوورییەکان دەکا بریتانیا ناچاربکەن لەوێ بـڕۆن، کـاتێکیش بریتانیـا لەوێ بـاریکرد، هەینـێ دەکـرێ فەرەنسا لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە.

«بێنێت»ی ڕاسـپێراوی گشـتییش بەهەمـان شـێوە لە پـلانەکەی دیگۆل دەمارگرژ بوو. ئەو گوتی پلانەکە قەیرانەکە قووڵتردەکاتەوە و داوای لە ژەنەڕاڵ کـرد فەرمـان بە نـاردنی هێزێکی بەدەسـەلاتتر بدا تا پێگەیـان لەوێ بەهێزتربکەن. پاریش لەوێ ئەوەی لە توانایدا

بــوو کــردی بەڵکــو فەرەنســا بە دەستڕۆیشــتوو لە ڕۆژهەڵات بهێڵێــتەوە، بەڵام ئەو ڕاشــکاوانە بێتوانــا بــوو لەوەی قەنــاعەت بە سورياييەکان بێنێ، کە پێویسـتە بۆ ڕێککەوتننامە لەگەڵیان بکەونە دانوســـتاندن.[12] ئەو بە ڕەوشـــی دیگـــۆل گەشـــبین نەبـــوو، پێشبینیشـیکرد سـەربازانی هێـزەکە ئەگەر هـاتوو لە کـاتی خۆیـدا ڕادەســـتی ژێـــر کـــۆنترۆڵی ســـورييەکان نەکـــرێنەوە لەوانەیە هەڵبگەڕێنەوە. لە ڕەوشی بریتانییەکانیش دڵنیا نەبوو، ترس هەبوو ســـورييەکان پێشـــنیازەکەی حکــومەتی فەرەنســا ڕەتــبکەنەوە و هێزەکەش یاخیببێ.

بـۆ چەنـدین مانـگ بـوو، بریتانییەکـان پەیـامی دووسـەرەیان سەبارەت بە خواستی خۆیان بۆ چاوپۆشین لە مانەوەی بەردرێژی فەرەنسـييەکان لە ڕۆژهەڵاتـدا دەنـارد. لە کۆتـایی کـانونی دووەمـی هەمــان ســاڵ، وەزیــری کاروبــاری دەرەوە بە «دەف کــوپەر»ی گوتبـــوو، لە فەرەنســـییەکان بـــگەڕێ هـــیچ گومانێـــک "لەســـەر ســـنووردارییی خۆیـــان بـــۆ درێژکـــردنەوەی مانەوەیـــان لەوێ نەهێڵێــتەوە، چــونکە ئـێمە ئامــادەی نەهێشــتنی هەر بێمتمــانەیی و نەیـاریەتین یـان لەوەش زیـاتر لە بـری ئەوان پـێگەی خۆمـان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا نـاخەینە بەر مەترسـی."[13] کەچـی هەر یەک مانگ دواتـر، «ڕێنـێ ماسـیگلی» کە ببـووە بـاڵوێزی فەرەنسـا لە لەندەن، ســەرنجی بە لای وتــارێکی چەرچــڵ ڕاکێشــرا، دیــار بــوو قســەی سەروەزیری بریتانی پاشەکشەیەک بوو لە دەستەبەریی بیرۆکەی سەربەخۆیی سوریا و لوبنان. چەرچڵ گوتی: خۆ هەر بریتانیا "بە تەنیــا بە هێــز بەرگــری لە ســـەربەخۆیی ســـوریا و لوبنـــان یـــان زێدەمافەکانی فەرەنسا ناکا. ئێمە بە دوای هەردووکیدا دەگەڕێین و

باوەڕیش ناکەین ئەو دوو شتە دژبەیەک بن. هەربۆیە هەق نییە ئۆباڵی زێدە بخرێتە سەر شانی بریتانیای مەزن."[١٤]

بروسکەیەکی زۆر نهێنی کە بە شێوەیەکی تەلیسماوی کەوتە بەردەستی فەرەنسییەکان، هیوای ئەوانی پشتڕاستکردەوە گوایە بریتانییەکان زۆر سەرقاڵن و ناپڕژێنە سەر خۆتێهەڵقورتاندن لە ڕۆژهەڵات. لەو بروسکەیەی «سێر بێرنارد پاگێت Sir Bernard Paget»ی سوپاسالاری بریتانیا لە ڕۆهەڵاتی ناویندا ئەوە ڕوون بوو، لەو کاتەی وەزارەتی دەرەوە گوتبووی "ڕەفتاری لیبڕاوانە" لە حاڵەتی قەیراندا لەگەڵ فەرەنسییەکاندا بکەن، کەچی سوپاسالارەکە متمانەیەکی کەمی بە بەواقیعکردنی ئەو ئاگادارکردنەوەیە هەبوو.[١٥] شپرزەبوونی ڕەوش لە فەڵەستین، وەک ئەو لە بروسکەکەدا ڕوونیکردبووەوە، واتای ئەوەی دەدا، ئەو هێزەی لەبەردەستدا نییە تا بەهۆیەوە بگەڕێتەوە سەر باری دیپلۆماسییەتی هەڕەشەکردن بە هێزەوە. داوا لە پاشکۆی سەربازیی فەرەنسی لە باڵوێزخانەی خۆیان لە لەندەن کرا بەڵکو بە دوای ئەو زانیارییە نهێنییەدا بچێ و پشتڕاستیبکاتەوە. هەرچەندە سەرچاوە هەرە باشەکەی ئەو لە وەزارەتی جەنگ ئەو کات لەبەر نەخۆشی لەسەر کار نەبوو، بەڵام بە پاریسی ڕاگەیاندەوە، لەوانەیە نیگەرانیی «پاگێت» ڕێتێچووبێ. بە بڕوای ئەو ڕەوشی بریتانییەکان بەم جۆرە بوو: "ئێمە کاروباری سوریا ناوروژێنین لە کاتێکدا لێکەوتەکەی لە جیهانی عەرەبدا وەها بکەوێتەوە، کە ئاسایشی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێگەی هیندستانمان بخاتە مەترسییەوە."[١٦]

لە سۆنگەی ئەو هەڵسەنگاندنە نادروستەدا فەرەنسییەکان سەرچیخچوون بەوەی ئەگەر ئەوان داوای ڕادەستکردنەوەی هێزی تایبەتیش بۆ سورییەکان ڕەتبکەنەوە و ببێتە مایەی

پشــێویش، لەوانەیە بریتانییەکـان خـۆ لە کێشــەکە هەڵنەقـورتێنن. تەنــانەت «کــاترۆ»ش کە وەک بــاڵوێزی فەرەنســا لە مۆســکۆ، خەریکی پۆستە نوێیەکەی وەربگرێ، قورسایی خۆی خستە سەر ئەم لا تەرازووەی هەڵســەنگاندنە ســەقەتەکە. لە ڕێـگەی خـۆی بـۆ مۆسـکۆ، لە بەیـروت لایـدا، لەوێ مشـتومڕی ئەوەی کـرد، دەبـێ فەرەنسـا هێز بۆ ڕۆژهەلات بنێرێ تـا دەسـەلاتی خۆی بسـەپێنێ. "گومـانی تێـدا نیـیە ئـالۆزیی جـددی نێـودەولەتی بەدوای خۆیـدا دەهێنــێ، بەلام لە ڕووی ڕەوشــی خــۆجێییەوە کــاریگەرییەکەی گونجـاودەبێ."[١٧] لە ڕابـردوودا بریتانییەکـان نوکتەیەکیـان لەســەر «کاترۆ» هەبوو "ئوستادێکی ڕابردوو بۆ پاراستنی ئابڕوو"، بەلام لەو کـاتەی لە تشـرینی دووەمـی ١٩٤٣دا بەیروتـی بەجێهێشـتووە، بەدفەڕە و بۆ شەڕ بەفیڕۆی دەدا."[١٨]

لە وەلامــی نەخێــر بــۆ داواکــاریی حکــومەتی ســوریا بــۆ ڕادەســتکردنەوەی هێــزی تــایبەت، دیگـۆل داوای «بینێـت»ی بـۆ ڕەوانەکردنی هێزێکی پاڵپشـت بۆ بەیـروت پەسـەندکرد، تـا بتـوانن ئەو ئاشـووبەی بە هـۆی ڕاگەیانـدنی ڕەتنامەکەیـانەوە لە بەرانـبەر ســـورییەکان دێتەپـــێش، ســـەرکوتبکەن. بەر لەوەی هێـــزەکەش ڕێکبخـرێ بە «بیـدۆ»ی گـوت، ئەو «بیـدۆ»یەی بە نـوێنەرایەتی فەرەنســـە دەچـــووە کۆنفرانســـی ئاشــتی، کە ڕێکخــراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێ لەدایکبوو، ئەو هێزڕۆیشـتنە وەهـا تێبینیکـرا، کە "کۆتـایی ســەردەمی کـزی و زەبـوونی فەرەنسـا و ســەرداریێتیی بریتانیــا نیشــاندەدا."[١٩] دیگــۆلیش بــۆ پاڵپشــتکردنی پەیــامەکە، ئامۆژگـاری وەزیـرەکەی کـرد، هێزەکەی لە ڕێـی دەریـا بە کەشـتی «مۆنتکـالم»، کە یەکێـک بـوو لە کەشـتییە گەورەکانیـان ڕەوانەبکـا. هەروەها بە «بیدۆ»شی گوت: هەرچی نەیـارێتیی بریتانیا هەیە کە

لە بەیـــروت بە هـــۆی هـــاتنی هێـــزەکەوە ڕوودەدا، پشـــتگوێیبخا. ئەوەشی خستەسەر: "ئێدی ئێستا کات کاتی یەکلاکردنەوەیە."

کـاتێکیش هەواڵـی نـاردنی ٨٠٠ سـەربازی لەشـکری سـەنیگالی فەرەنسـی بۆ بەیـروت بەرگـوێی لەندەن کەوت، حکومەتی بریتـانی داوای لە دیگۆل کرد دەستبەجێ ئاراستەی کەشتی «مۆنتکالم» بۆ ئەسـکەندەرییە بابـداتەوە. کەچـی لە ٣٠ نیسـان «دەف کـۆپەر» کە هەڵگری پەیامەکە بوو بۆ دیگۆل، لە لای خـۆی هەسـتیکرد، "شـتێکی قورس دەبێ داوای ئەوە لە فەرەنسـییەکان بکا، هێزی سـەربازییان بۆ ئەوێ نەنێرن، لەو کـاتەی خۆیـان هێزیـان لەوێ هەیە."[٢٠] دیگـۆل شەرمنی لە چاوی باڵوێزەکەی بریتانیا خوێندەوە، ئینجـا بە تونـدی دابەزییە سـەر نەیارە دوولایەنەکەیـان کە «سـپیرس» بـوو، ئەوەی پێگـوت: حکومەتی بریتانیـا هێشـتا هەمـان بڕیـارە یەکلاکەرەوەکەی وەزیـری پێشـووی لە مێشـکدایە بـۆ ئەوەی فەرەنسـا لە ڕۆژهەڵات وەدەربنـێ. خـۆی گـوتەنی: ئـاخر ئەو دەقـاودەق سـەربازەکانی بـۆ ئەوە دەویستن تا هێزی تایبەت ڕادەستی سوریا بکاتەوە.

دوای ئەوەی «کـۆپەر» ڕاپـۆرتی خـۆی لەبـارەی هەڵوێسـتی نەسەلمێنی دیگۆل بۆ حکومەتەکەی بەرزکـردەوە، چەرچـڵ هەوڵیـدا ڕەوشـەکە ئارامبکـاتەوە. لە ٤ی ئایـاردا بروسـکەیەکی بـۆ دیگـۆل وەشـاند، پێیڕاگەیانـد نیـازی حکومەتی بریتانیـا ئەوەیە، هەر کاتێک جەنـگ کۆتاییپێهـات و فەرەنسـاش پەیماننـامەی لەگەڵ هەردوو دەوڵەتەکەی سوریا و لوبنـان مـۆرکرد، ئەوانیش هێزەکانیـان لەوێ دەکێشنەوە.

هەرچۆنێـک بـێ ئەو تـۆنە نەرمەی لەم پەیـامەی چەرچـڵەوە دەرچـوو، بە دژواری بە هـۆی ئەو زانیـارییە هەواڵگرییەی دەسـت فەرەنســییەکان کەوت، بنکـۆڵکرا. ئـاخر زانیارییەکـان ئاماژەیـان بەوەدا، گوایە بریتانییەکان هێشتا کەڵکەڵەی سوریایەکی مەزنتریـان

هەر بەرنەداوە و بەڕێککەوتیش بێ «پاگێت»ی فەرماندەی بریتانی هەنگێکی لە سەربازانی عەرەبی فەڵەستینی بۆ پشوودان و بۆ پشوو و ڕاهێنان ناردبووە لوبنان.[21] کاتێکیش چەرچڵ هەواڵەکەی بیست ئاگری تێبەربوو. سکاڵای لە کاربەدەستەکانی ئەوە بوو؛ "باشە بۆ ئەو هەنگاوەیان ناوە؟ ئاخر لەو کاتە بەبێ پرسی من شتێکی وەها بەدگومانی زۆری لێدەکەوێتەوە." بە پەیدابوونی هێزی سەربازیی بریتانی بەهانەی دایەدەست دیگۆل تا پەیامەکەی چەرچڵ فەرامۆشبکا.[32] سەرکردە فەرەنسییەکەش لە ٦ی مانگدا ئاگرینانە وەڵامی پەیامەکەی چەرچڵی دایەوە، پێیڕاگەیاند، «بینێت»ی ناردووە تا دانوستان بۆ پەیماننامەکە بکا، هەروەها ئەوەشی بۆ زیادکرد، "دەکرێ ئەو دەوڵەتانە بە پاڵپشتی تۆ لە دژی ئێمە پشت لە هەر پابەندبوونێکی خۆیان بکەن. هەبوونی هێزی سەربازی تۆ و هەڵسوکەوتی ئاژانەکانی تۆ لەوێ مایەی بەدبەختییە تا شتەکە بکەنە سیاسەتێکی نەرێنیانە."[23]

وەک لێکەوتەش کاتێک لە هەمان ڕۆژدا کەشتی «مۆنتکالم» لە بەیروت لەنگەریگرت و سەربازە سینیگالییەکانی لێدابەزین، بریتانییەکان هیچ کاردانەوەیەکی دەستبەجێیان نەبوو. فەرەنسییەکانیش ئەمەیان بە دڵ بوو، لەو بڕوایەدا بوون بێدەنگی بریتانیا وا لە سوری و لوبنانییەکان دەکا هەست بە دابڕاوی بکەن و ئیدی دەستبەرداری داواکانیان ببن. لەبەر شلوخاویی بەرهەڵستی بریتانییەکان و ڕاگەیاندنی ڕۆژی ٧ی مانگ بە خۆتەسلیمکردنی ئاڵمانەکان، ئیدی هەر بۆ شەوەکەی بەیروت پڕ لە پۆستەری دیگۆل کرا. ڕۆژی سەرکەوتنیش[100]، فەرەنسییەکان

١٠٠ مەبەست ڕۆژی ٨ی ئایاری ١٩٤٥ کە ڕۆژی سەرکەوتنی هاوپەیمانان بوو لە ئەوروپا.

سـەربازەکانیان سـواری لۆرییەکـان کـردن و بە نێـو شـارەکانی لوبنانـدا گێڕایـان و دروشـمی "بـژی دیگـۆل! ئـێمە ڕۆڵەی تـۆین!" و "دیگۆل، ئەم وڵاتە هی تۆیە"ی دەگوتەوە.[٢٤]

بۆ ڕۆژی پاشـتر، ناسیۆنالیسـتانی عەرەب دژەخۆپیشـاندانێکیان ڕێکخسـت، هەنـدێ لە سـەربازەکانی «پاگێـت»یـش بەشـداربوون، ئیدی ئەوانیش وێنەیەکی گەورەی «مـوفتی»یـان بەرزکردەوە، ئەو «مـوفتییەی ڕایکردبـووە ئاڵمـان و ببـووە خزمەتگـوزاری هیـتلەر. کـاتێکیش بەرد گیـرانە وێـنەکەی «مـوفتی»، خۆپیشـاندانەکە توندوتیژی تـێکەوت. خۆپیشـاندانەکە کە بەلای دێرێکـی نزیکـدا تێپەڕی، بەر شاڵاوی توندوتیژی کەوت و زیانی پێکەوت، لەوێ ئاڵا سـێڕەنگییەکەی فەرەنسـایان داگـرت و دڕانـدنیان، ئەو ئـاڵایەی لە سـەرلەبەری شـارەکەیان هەڵـدابوو. فەرەنسـییەکان ڕەوشـەکەیان قۆستەوە، گوتیـان سـەربازانی عەرەب گوایە ئەوانەی ئـاڵای خـاچی سەربەقولابەیان[١٠١] ڕادەوەشاند، بەرپرسیاری گرژییەکانی سوریا و لوبنان بوون.

دیگـۆل پێشـتر گوتبـووی بـۆیە پێویسـتی بە نـاردنی هێـزی سـەربازی هەیە، تـا هێـزە تـایبەتییەکە ڕادەسـتبکاتەوە، بەڵام «بینێـت»ی بە ڕێنمـایی تـایبەت ڕەوانەی بەیـروت کردبـوو بەوەی دەسـتبەرداری هێـزە میلیشـیا تـایبەتەکە نـابێ تـا پابەنـدبووننامە لە سـورییەکان دەسـتەبەرنەکا سـەبارەت بە ڕەزامەنـدبوون لەسـەر دانانی پێگە و بنکەی سەربازیی فەرەنسی بەپێی دڵخـواز. «بینێت» لە ١٢ی ئایـار گەیشـتە بەیـروت. کەچـی نە حکـومەتی لوبنـان و نە سوریایش ئامادەنەبوون دانوستانی لەگەڵ بکەن، تا هێزی پاڵپشـتی

---

١٠١ مەبەسـت ئـاڵای نازییەکـانە، ئەو ئـاڵایەی خـاچێکە هەر چـوار سـەرەکەی نوشتاونەتەوە.

نەکێشێتەوە. نێردە فەرەنسییەکەش نەیدەویست ئەمە بکا، ئەوە بوو لە ١٧ی ئایاردا پاپۆڕی جەنگی «ژان دارک»یش گەیشت و ٥٠٠ سەربازی دیکەی فەرەنسی لێ دابەزین. «بۆنێت» بۆ ڕەوایەتیدان بە کردەوەکە، ئاماژەی بە هەنگێکی سەربازی بریتانی دا بەوەی ئەوانیش ڕەوانەی ڕۆژهەڵات کراون.

کوژرانی سێ سەربازی فەرەنسی لە هەراوهوریای حەلەب لە ٢٠ی ئایاردا پاساوی بۆ «پاگێت» پەیداکرد تا ئەگەر پێویستبکا دەستبخاتە نێوکاروبارەکان. لەسەر کوژرانی سێ سەربازەکەش، فەرەنسییەکان لۆمەی ژاندارمەی سوریان کرد بەوەی نەیانتوانیوە ئاسایش بپارێزن، بۆیە کاتێک سوپاسالاری بریتانی دوو ڕۆژ دواتر چاوی بە «بینێت» کەوت، بە مەکرۆییەوە داوایلێکرد بەڵکو چەک و تفاقی زیاتر بخەنەبەردەستی ژاندارمەی سوریایی. هەڵبەتە «بینێت» خستنەڕووەکەی ڕەتکردەوە، بە کارێکی وەها گومانەکانی «پاگێت» پشتڕاستکرانەوە، کە ئامانجی ڕاستەقینەی فەرەنسا پتەوکردنی پێگەیانە لە ڕۆژهەڵات نەوەک گێڕانەوەی هێوری.

لە ٢٧ی ئایاریشدا شەڕ و هەرا لە «حمس» و «حەما» هەڵگیرسانەوە، ئەمانە دوو شاری سەرەکی بوون دەکەوتنە نێوان دیمەشق و حەلەب. لە «حەما» گرژییەکە لە نێوان فەرەنسی و ژاندارمەی سوریای لەسەر دەستگرتن بەسەر وێستگەی هێڵی ئاسنین پەرەیسەند و تەقییەوە. دوای ئەوەی سورییەکان لە پڕێکەوە بەسەر ستوونێکی سەربازیی فریاکەوتنی فەرەنسییان لە دەرەوەی شارەکە دادا، دەستیان بەسەر تۆپخانە و زرێپۆشەکان داگرت، فەرەنسییەکانیش لە تۆڵەدا بە هاوەن و ڕەشاش شارەکەیان بۆمباباران‌کرد. ٨٠ کەس کوژران.

«تیرێنس شۆن Terence Shone»ی وەزیری بریتانی لە ڕۆژهەڵات، ئەو کەسەی لە کۆتایی ١٩٤٤دا جێگەی «سپیرس»ی

گرتەوە، سەرنجی ئەوەیدا؛ "سەیرە و عاجباتییە ئەگەر دیمەشقیش هەڵنەستابێ."[25] «شۆن» بەکارنامەی دیپلۆماتیدا ڕەتببوو، بە پێچەوانەی «سپیرس» کەسێکی ئارامگر بوو، بەڵام ئەویش هەروەک بەرپرسە پێشووەکەی خۆی پەرۆش بوو کردەوەیەک ببینێ. ئیدی بۆینباخە کۆنەکەی سەردەمی خوێندکاری بەست و دەستی دایە دەمانچەی هاوژینەکەی، چونکە هی خۆی نەدۆزیەوە، بە قەولی ژنەکەی؛ "هەندێکیش بە گومان بوو ئاخۆ لێبزانێ یان نا"، ئەوە بوو «سۆن» بە زرێپۆشێک کە بە ئاڵای بریتانی ڕازابووەوە بەنێو دیمەشقدا ڕۆیشت تا سەرۆک «شوکری قوتلی» ببینێ و هەوڵبدا قەناعەتی پێبهێنێ ختووکەی فەرەنسییەکان نەدا.[26] لەو نێوەشدا «گێری یۆنگ Gerry Young»ی یاریدەدەری چوو چاوی بە «بینێت» بکەوێ. کاتێ چوو، راسپێردراوە گشتییە فەرەنسییەکەی لە بارێکی "ئاسوودە و بە کەیف" بینی، بەڵام میزاجەکەشی ڕوون بوو، کە لەسەر شەڕ بوو. کابرای فەرەنسی ڕایگەیاند: "پێویستە دومەڵی دیمەشق دەربهێنرێ." وەک ئەوەی بە یەک خوازە بە دروستی واتای خۆی نەگەیەنێ، ئەوەشی بۆ زیادکرد؛ "قەڕابەی شەرابەکە تامی گرتووە، پێویستە بیخۆینەوە."[27]

«یۆنگ»یش ئاماژەکەی وەهابوو؛ "پێدەچێ هەندێک تاڵ بێ."

بە فەرمانی ژەنەڕاڵ «فێرناند ئۆلیڤا ڕۆگێت-Fernand Oliva Roget»ی نوێنەری «بینێت» لە شارەکەدا، فەرەنسییەکان لە سەعات حەوتی شەوی ٢٦ی مانگدا دەستیان بە بۆمبارانکردنی دیمەشق کرد. «و. ف. ستیرلینگ»ی ئەفسەری پاشکۆی بریتانی لای سەرۆک «شوکری قوتلی» لەوکات لە دیمەشق بوو. بەگوێرەی قسەی ئەو، تۆپخانە و ڕەشاش لە یەک کاتدا شارەکەیان دایەبەر، دوای ئەوە بە چڕی بە تۆپ و هاوەن شارەکە بۆمباباران

کرا. لە ماوەی چەند خولەکێک "بووە هەراو پاشاگەردانی".[28] کە تاریکیشی بەسەردا داهات بۆمبهاوێژە فەرەنسییەکان دەوروخولی شارە کۆنەکەیان دا، بۆمبیان بەسەر قەڵایەکە، بەسەر بارەگای سەرەکی ژاندارمەدا بەردایەوە.

لە کاتێکدا «سترلینگ» لە ماڵەکەی خۆی حەشاردابوو، هەر یەک دوو کۆڵانیش لە کۆشکی حکومەت دوور بوو، «خالید ئەلعەزم»ی سەرۆوەزیری هەڵوەدابوو بزانێ چی قەوماوە؛ بەڵام هێڵی تەلەفۆن بڕابوو، ئینجا پاش ئەوەی هەواڵی پێگەیشت، کە سەربازە سەنیگالییە فەرەنسییەکان ڕاستەوخۆ ڕەسەدی تۆپخانەیان لە تەلاری پەرلەمان گرتووە و لە دوایی بەتەمابوون هەرچی ژاندارمی پاسەوان و ئێشکگری ئەوێ هەیە لەناوببەن، ئینجا بۆ خۆڕزگارکردن ڕێگەی گەیشتنە کۆشکی بە کەلوپەلەکەی ئەوێ گرت، پاشان یاوەرەکانی ئەویان گەیاندە ماڵەکەی خۆی لای مزگەوتە گەورەکە لە شارە کۆنەکەدا.

هێشتاش شوێنی حکومەت بۆ فەرەنسییەکان نەزانراو بوو تا ئەو کاتەی «جەمیل مەردەم» تەلەفۆنی ماڵەکەی خۆی بەکارهێنا. فەرەنسییەکان کە هێڵی تەلەفۆنەکەیان خستبووە بن چاودێری، زانیان لەکوێیە، ئیدی تۆپەکانیان کە لە بەرزایی سەرووی دیمەشق دانابوو، سێرەیان لێگرت. کاتی خۆی دروزەکان لە هەرای ١٩٢٥دا پەلاماری ماڵی «ئەلعەزم»یان دابوو، هەنووکەش نۆرەی فەرەنسییەکانە بۆ ئەوەی ئەو قەڵا و کۆشکە جوانەی ناوجەرگەی شارە کۆنەکە، کە مێژووی دروستکردنی بۆ سەدەی هەژدەهەم دەگەڕایەوە، بدەنەبەر شێلکەی تۆپەکەیان. زۆری نەبرد گوللەتۆپ کەوتنە نێو حەوشەی کۆشکەکە، ئەمە «ئەلعەزم» و هاوڕێکانی ناچارکرد بەدوای حەشارگەیەکدا بگەڕێن.

هێشتا هەموو هێڵەکانی تەلەفۆن نەپچڕابوون. لە کونسولخانەی بریتانیاوە، کە بەر گوللەی ڕەشاش کەوتبوو، «شۆن» توانی پەیوەندی بە «یۆنگ» لە بەیروتەوە بکا و بە پیر دەنگییەوە بێ و ڕووداوەکەی پێڕابگەیەنێ. «یۆنگ»یش پەیامەکەی گەیاندە قاهیرە، هەر هەمان شەو بارەگای «پاگێت» هەواڵەکەی بە لەندەن ڕاگەیاند، کە فەرەنسییەکان "هەرایان لە دیمەشق ناوەتەوە و شارەکەیان داوەتە بەر گوللەی چەکەکانیان"، ئەوەشی بۆ زیادکرد، پێدەچێ «ئۆلیڤا ڕۆگێت» "بەرپرسی تەواوی ڕووداوەکە نەبێ و میلیشیای فەرەنسییش یان دەسەڵاتی بەسەر دۆخەکەدا ناشکێ یاخود نایانەوێ جڵەویبکا."[٢٩]

هەروەک «ستیرلینگ» پاشتر دەریخست؛ "پێم وا بێ هەرگیز نەماندەزانی ئاخۆ ژەنەڕاڵ «ئۆلیڤیا ڕۆگێت» چ ڕێنمایی لە دیگۆلەوە وەرگرتووە."[٣٠] خۆی «ئۆلیڤیا ڕۆگێت» بەشی هەرەزۆری کارنامەی خۆی لە ڕۆژهەڵات بەسەربردبوو، لە بنەڕەتیشەوە لە جەبەل دروز بوو؛ هەروەها ئەو پیاوێک بوو میزاجی لە گاڵتەوگەپ نەبوو، ئەو کەسێکی کەمدوو بوو، بە ئاستەمیش دەیزانی تووشی گرێی ئۆدیب بووە.[٣١] بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی بریتانی «کۆگهیل» ئەوی بە "خراپترین جۆری ئەفسەری کۆلۆنیالی فەرەنسی وەسفکردبوو."[٣٢] وێڕای ئەوەی لە مانگی ئایاری ١٩٤٥دا ببووە گەورەنوێنەری «بێنیت» لە دیمەشق، کەچی ««ئۆلیڤا ڕۆگێت» بایەخێکی وەهای پێنەدا. ئەو بە تەواوی لە لایەن سورییەکانەوە گۆشەگیرکرابوو، ئەو نەساغ بوو، بەردەوام ئازاری هەبوو، بریتانییەکان لە زەردی دەموچاوی گومانیان بۆ ئەوە چوو نەخۆشی زەردووی هەبێ. پێدەچوو لە کۆتاییدا و لە ئاخروئۆخری مانگەکەشدا پەیپێبردبێ. «ئۆلیڤا ڕۆگێت» هەمیشە لە بریتانییەکان بە گومان بوو. دوای پەلاماردانی سوریا لە ١٩٤١دا،

نــانی شــێوانی لەگەڵ کاربەدەســتی بریتــانی «ئالیــک کیرکبرایــد» خواردبــوو، کە ژێربەژێــر دەســتی لەگەڵ پشــتگیریی دروزەکــان هەبـوو. ڕاسـتەوخۆ لە «کیکبراید»ی پرسـی ئـاخۆ لە دواییـدا هـیچ چەکوچۆڵی بۆ دروزەکان ناردبێ. ئەویش وەڵامیدایەوە؛ "نەخێر، بەڵام ئێمە هەندێ سـەرەداوی سەرنجڕاکێشمان هەن تـا دواتـر بە هۆیەوە لەبارەی ڕەشاشـەکانمانەوە ئاگاداریان بکەینەوە."[٣٣] پاشـان ئەو زانــی، «ئۆلیڤــا ڕۆگێــت» لەم بــارەیەوە ڕاپــۆرتی خــۆی بــۆ بەیـروت بەرزکـردووەتەوە گـوایە بەڵـگەی تەواوی دەسـتکەوتووە بەوەی بەرانبەرەکەی قاچاخچی چەک بووە.

بەگـوێرەی هەڵـدانەوەی فـایلی نهێنـی فەرەنسـی لەم دواییـانەدا، دەرچـوو «ئۆلیڤـا ڕۆگێـت» بە قـووڵی لە هاوتـا بریتـانییەکەی بە گومــان بــوو. ئــاخر ئەو کــاتەی «ســتیرلینگ» وەک ئەفســەرێکی پاشکۆی بریتانی بۆ سەرۆک «شوکری قوتلی» گەیشتە دیمەشق، دەستبەجێ «ئۆلیڤا ڕۆگێت» سکاڵای ئەوە بوو، گوایە ناردنی ئەو ئەفســەرە دێـرینە ئینگلیـزە فێڵـێکە لە حکـومەتی فەرەنسـی دەکـرێ. دوای ئەوەی ئەفســەرێکی هەواڵگــری بــۆ چــاودێری "ئەو پیــاوی لەگەڵ سـەگێکە" نـارد، (هەمیشـە سـتیرلینگ لەگەڵ سـەگێکی ڕەشـی کەتە دەردەکەوت)، هەر خێـرا گەیشـتە ئەو ئەنجـامە، کە ئەفســەرە بریتــانییەکە جێگرەوەیەکــی کــارای «لــویس ســپیرس»ە.[٣٤] ئەوســا هۆشـــداری دایە هاوڕێکــــانی نەکەونە داوی "ڕوخســـارە باشـــە سروشـتییەکەی" «سـتیرلینگ»، ئەو لێبـڕاوانە دەیگـوت کـابرا "لە دژوارتـــرین ئاژانەکـــانی بریتانیـــایە لە ســـوریا" و ناونیشـــانی کارەکەشــی ســوک و ئاســان جەوهەرەکەی دادەپۆشــی، چــونکە هەوڵـدەدا کۆششـی بریتانییەکـان بـۆ دروسـتکردنی سـوریایەکی مەزنتر ڕێکبخا.[٣٥] تێبینینامەیەکی کورتی کابرای فەرەنسی لەسەر

پیاوە ئینگلیزەکە ڕاستییەکی دیکەی وەبیرهێنایەوە: دۆستایەتی ستیرلینگ لەگەڵ «ت.ی. لۆرانس».

بەو قەناعەتەی هەموو گرژییەکانی دیمەشق لە بن سەری ستیرلینگەوەیە، بۆیە «ئۆلیڤا ڕۆگێت» ڕایگەیاند "دەرسێکی باش" دەداتە سورییەکان، ئەوە بوو بە درێژایی ڕۆژی ٣٠ ئایار فەرمانی بە تەقەکردن لە شارەکە دا.[٣٦] ئەوانەی ڕۆژی پەلامارەکە لەوێ بوون، دژوارییەکەیان بە پێشینەیەکی بێ وێنەیان لەقەڵەمدا. ڕوسیایەک کە ئەو کات لە هۆتێلی کۆشکی ڕۆژهەڵات گیریخواردبوو، ئەو کەسەی لە ستالینگرادیش بوو، دواتر گوتی، ئەو "هەرگیز شتێکی وەهای نەبینیوە."[٣٧] کاتێکیش «ستیرلینگ» سەردانی هوتێلەکەی کرد، کە جوانترین هوتێلی شارەکە بوو، سەرنجیدا: "هەموو پەنجەرەکان وردوخاش کرابوون؛ بەلای کەمی یەک ئینج لە شوشە لەسەر ناوکەوی ژوورەکان خڕبووبووەوە؛ مێزەکانی ژووری خواردن بە گولله بێژرابوون؛ نزیکەی سەرلەبەری بۆڕی و لوولەی ئاوەکانیش بە گولله کونکرابوون و ئاویان لێدەچۆڕایەوە، دیواری ژوورەکانی نوستینش لەدیوی دەرەووە وەک و سەرەد و بێژینگی لێهاتبوو."[٣٨] سەرنشینانی میوانخانەکە دوو ڕۆژ بوو لە ژێرزەمیندا خۆیان حەشاردابوو، ئەفسەرێکی بریتانیش لەو نێوەدا و لەو کاتەی سەربازێکی فەرەنسی نارنجۆکێکی دەستی فڕێدابووە نێو هۆڵی پێشوازی هوتێلەکە کوژرابوو.

«قوتلی» نەخۆش و کۆستکەوتوو زەنگی بۆ «شۆن» لێدا بەڵکو هەمان ڕۆژ بیبینێ، لێشپرسی ئاخۆ تاکەی بریتانیا ڕێگە بە دیگۆل دەدا "کوڵی شەڕانگێزانەی خۆی" وەها بڕێژێ.[٣٩] بۆ دنەدانی بریتانیش بەڵکو بجووڵێن، زنجیرەیەک تێبینینامەی نووسین تێیدا

بەڵێنی بەدواداچوونی یەکێتیی عەرەب و پێدانی پێگەیەکی پێشچاو بۆ بریتانییەکان لە سەربەخۆیی سوریادا دەربڕیبوو.[٤٠] «شۆن» پەیامێکی لە ڕێی بەیروتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە لەندەن نارد. تێیدا نووسیبووی؛ "فەرەنسییەکان لە بڵاوکردنەوە و باڵکێشکردنی تیرۆر بەناو دیمەشقدا قسوریان نەکرد. بەدەر لە جیاوازیی ڕەگەزی نێوان سەربازەکانیان، بە ڕەشپێشت و سپیپێستەکانیانەوە وەک شێتوهار جووڵانەوە بە خۆیان و ڕەشاشی دەستیانەوە بە نێو شەقام و لەسەر پشتی ترومبێلەکانیان لەسەر بانی باڵەخانەکان هەر تەقەیان دەکرد."[٤١] لەنێو ڕاپۆرتەکاندا ئەوەش هاتبوو، کەوا فەرەنسییەکان خواردنیان نەماوە بۆیە هەر بە تەنیا شەراب دەرخواردی سەربازەکانیان دەدەن، «شۆن» تکای لە حکومەتەکەی کرد، بەڵکو دەستی «پاگێت» بۆ خۆتێهەڵقورتاندن بکەنەوە.[٤٢]

چەرچڵیش لە کاردانەوە دوودڵ بوو، چونکە لە دەستوەردانی بریتانییەکان لە دەرەوەی سنوور دەترسا و لە کۆبوونەوەی کابینەی حکومەتەکەی لە هەمان ڕۆژدا گوتی داوای پشتگیریی ئەمریکییەکان دەکا. ئەو کاتیش هاوپەیمانە دێرینەکەی ئەو، واتە «فرانکلین ڕۆزڤێلت» نەمابوو، هەشت مانگ پێشتر مردبوو، «هاری ترومان» جێگەی گرتبووەوە، ئەویش دەستبەجێ وەڵامی داواکەی نەدابووەوە. ئیدی هەرچۆنێک بێ چەرچڵ ناچاربوو پەیامێک بۆ دیگۆل بنێرێ. شتەکە وەک فەرمانێکی ڕاستەوخۆشی لێهات، ئەو بە ڕابەری فەرەنسی گوت «پاگێت» بە هێزەوە دەچێ و دەستوەردەداتە ڕەوشەکە. بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر بەیەکدادانێکی نێوان بریتانیا و هێزی فەرەنسی، داوایلێکرد دەمودەست هێزەکانیان بکێشنەوە نێو بنکەکانیان و تەقەش

ڕابگـرن."[٤٣] بەر لەوەی بروسـکەکەش بگـاتە پـاریس، «ئیـدن» لە پەرلەماندا پەیامی خۆی ڕاگەیاند. لەوێدا هۆشدارییەکەی بۆ جیهان ڕاگەیاند.

لە سەعات شەشی ئێوارەی هەمان ڕۆژدا بریتانییەکان داواکەی چەرچلیـان پێگەیشـت، ئەوە بـوو «پاگێـت» فەرمـانی شـەڕڕاگرتنی ڕادەسـتی «ئۆلیڤـا ڕۆگێـت» کـرد. کەچـی ژەنەڕاڵە فەرەنسـییەکە ڕێپێـدانەکەی «پاگێـت»ی ڕەتکـردەوە، تـا سـپێدەی دواتـر مـایەوە، دوای ئەوەی فەرمـانی ڕاسـتەوخۆی لە بەیـروتەوە پێگەیشـت، لە دواییـدا هێـزەکەی خـۆی جڵەوکـرد. بە پێخۆشـی و بەخێرهـاتنی خەڵکەکە، تانک و زرێپۆشـەکانی بریتـانی لە دوای نیوەڕۆی هەمـان ڕۆژ گەیشتنە مەڵبەندی شارەکە.

لە مـاوەی کەمتـر لە سـێ ڕۆژدا، ٨٠٠ سـوریایی کـوژران و وێرانی بە شێوەیەکی تایبەت و بەرچاو بە پایتەختەکەوە دیار بوو. پەرلەمان بە خۆی ببووە بۆمبێکی دووکەڵ. ناوچەیەکی بەرفرەوان لە بەرگەی شـارەکەوە وێرانکرابـوو، شـەقامەکانیش بە کەوتنـی گوللەتۆپ و هاوەنەکان پڕ لەچاڵوچۆڵ ببوو، جام و داروپەردووش لە هەمـوولایەک پەرش و بڵاوببـووەوە. ٢٠ ژانـدارمەی سـوری بێسەروشوێن لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە فڕۆکەخانەی فەرەنسییەکان دۆزرانەوە، دوای ئەوەی کەچـوکرۆم کرابـوون، ئینجا کوژرابـوون. پاشـان سـەرۆک «قـوتلی» پێشـبینیکرد: "ئەم نەوەیەی سـوریا ڕێگەنادا فەرەنسییەک بە سەر شەقامەکانی دیمەشقدا پیاسە بکا."[٤٤] هەوڵیشـیدا «بینێـت» و «ئۆلیڤـا ڕۆگێـت» وەک تاوانبـاری جەنـگ دادگایی بکرێن.

هەرچەندە هەروەک لە تشرینی دووەمی ١٩٤٣ فەرەنسـییەکان بە خۆیان کێشەکەیان بەسەرخۆیاندا هێنابوو، ئیدی بریتانییەکـانیش کـارێکی وەهایـان نەکرد دۆخەکەیان لەسـەر ئاسان بێ. «پاگێت»

فەرمانی قەدەغەکردنی هاتوچۆی بەسەر هاووڵاتییە فەرەنسیەکاندا سەپاند، لێشنەگەڕا فڕۆکە و کەشتی فەرەنسی بجووڵێ. ڕێگە بە سەربازە فەرەنسییەکانیش نەدرا تەقە بکەن، مەگەر بۆ بەرگری لەخۆکردن نەبێ. هەرچەندە فەرمانی سەپاندنی قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە بەرژەوەندی فەرەنسییەکان بوو هەروەک «کۆگهێل» بڕوای وا بوو؛ "خۆ ئەگەر ئێمە لێرە نەباین و خۆمان تێهەڵنەقورتاندبا، ئەوا ملی هیچ فەرەنسییەک سەری بە قالبیەوە نەدەما"، هەرچەندە ئەم ڕێکارە توندانە خۆی سووکایەتییەکی خۆبریندارکەر بوو.[٥٤] «بینێت»یش ڕێکارەکەی بە "خەنجەرێک لە پشتەوە لێتبدرێ" وەسفکرد.

«بیدۆ» داوای لە «دەف کۆپەر» کرد ببینێ، گوتی؛ "هەرچەندە فەرەنسا هەڵەیکرد، بەڵام شایستەی ئەو سووکایەتییە نەبوو، کە پێیکرا."[٤٧] «کۆپەر»یش هاوسۆز بوو. فەرمانەکانی «پاگێت» وەک ئەو دانپێدانا "وەک مەرجی سەپێنراو وابوون بەسەر دوژمنێکی دۆڕاو، کە نیاز لێی زیاتر سووکایەتیپێکردن بوو لەوەی هەوڵدانێک بێ بۆ یارمەتیدانی هاوپەیمانێک." زۆری پێنەچوو «ئۆلیڤا ڕۆگێت» ڕەوانەی نیشتمان، (پاریس) کرایەوە لێیانپرسی ئاخۆ ڕەفتاری بریتانییەکان چۆن بووە، بە تەوسەوە وەڵامیدایەوە؛ "ئەوان زۆر باش بوون. یاوەرییان کردین و لوولەی تفەنگیشیان لە پشت کردبووم."[٤٨]

لە ٢ی حوزەیرانیش کۆنفرانسێکی بە پەلە لە پاریس بەسترا، دیگۆل سەرکۆنەی "چالاکی ژمارەیەکی زۆری لە ئاژانە بریتانییەکان کرد سەبارەت بەوەی قەوما، کرد."[٤٩] ئەو ئاماژەی وەهای کرد، گوایە بریتانییەکان بە مەبەستی پێشوەختە زووتر ژاندارمی سوریایان پڕچەک کردووە تا ڕووبەڕووی فەرەنسییەکان

ببنەوە. هەروەها ئەوەشی گوت، گوایە بەر لەو کاتەی بریتانییەکان خۆیان لە ڕەوشەکە هەڵبقورتێنن ئاگربەستیان جاڕدابوو. تەنانەت «دەف کۆپەر» کە بە شێوەیەکی ئاسایی لایەنی فەرەنسییەکانی دەگرت، خۆنمایشکردنی دیگۆلی بە تێکەڵەیەک لە ساختە و ڕاستی نیوەچڵ، پەردەپۆشکردنی ڕاستی و تانەوتەشەر دژی بریتانیا لەقەڵەمدا.[٥٠] بۆ ڕۆژی پاشتریش، کە دیگۆلی دی دۆشداما، ئاخر بینی دیگۆل بە بڕواوە هەموو ڕووداوەکەی بە "بە دەست لەپشتدانی بریتانییەکان زانی، کە دەمێکە نەخشەی بۆ دەکێشن تا فەرەنسییەکان لە ڕۆژهەڵات وەدەربنێن و خۆیان جێگەی بگرنەوە."[٥١] «ئۆلیڤا ڕۆگێت»یش پشتی خۆنواندنی دیگۆلی گرت. ئەو گوتی بریتانییەکان تیختیخەی ژاندارمەیان دا، ئاژانەکانی بریتانی هانیانداون و هەندێکیشیان لێدەناسیتەوە.[٥٢] ئەوەشی بۆ سەربارکرد، یەکێکیش لەوان «کۆلۆنێل ستیرلینگ» بوو.

هەر خێرا سوپای بریتانی یەک مانگ پشووی دایە «ستیرلینگ» تا بگەڕێتەوە نیشتمان. پاشان ئەو نووسی؛ "ئەز لە چاوی هەموو فەرەنسییەک بە فلچەی لۆرانس وێناکرابووم و مۆری ئەوم لەنێوچاوان درابوو و وایان دانابوو لە دژی بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا دەجووڵێمەوە."[٥٣] بۆ پووچەڵکردنەوەی گێڕانەوەی «ئۆلیڤا ڕۆگێت» بۆ ڕووداوەکان، ئەو ئاماژەی بەو ڕاستییە دا، کەوا هیچ بەڵگەیەکی ماددی لەدەستدا نییە بەوەی سەرەتا پەلاماری بارگە و بنەی فەرەنسییەکان درابێ. دوای ئەوەی هەر بە خۆی بە نێو شارەکەدا گەڕاوە، ئەوەی تێبینیکرد، "نە ڕاسپاردەی فەرەنسی و نە نووسینگەی کارمەندەکانیان و نە بارەگای ژەنەڕاڵی فەرەنسی تاکە جامێکیان نەشکابوو،[٥٤] یەک گولله چییە بە تاق و دیوارەکانیان

نەکەوتبوو، لە کاتێکدا بانکی سوریا و یانەی ئەفسەرانی بریتانی بە گوللە دابێژرابوون.[55]

«شوکری قوتلی»یش نکوولی لەو "درۆیە شاخدارانە"ی فەرەنسییەکان کرد گوایە «ستریلینگ» لە پشتی توندوتیژییەکانەوە بووبێ.[56] ئەو وەها وەسفی گۆتەوبەندی فەرەنسییەکانی کرد، گوایە ئاژانە بریتانییەکان گۆبەندەکەیان نابێتەوە، بەوەی "ئەمە قەوانێکی کۆنە و ٢٥ ساڵە بۆمان لێدەدەنەوە و بریتانییەکان بە ئاستەنگی سەر ڕێی خۆیان دەزانن." کەچی گومان لەوەدا نەبوو، حکومەتی سوریا داوای لە «ستیرلینگ» و هاوڕێکانی کردبوو ئەگەر بۆ دەرپەڕاندنی فەرەنسییەکان بجوولێن ئەوانیش چ هەڵوێستیکیان دەبێ. ئەفسەرێکی بریتانی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەی ئەو پرسیارەی "واز لەو بگرەوبەردەیە بێنن، تا ئەو کاتەی ئێمە لێرە بین، پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆی سوریا لە ئەستۆ دەگرین."[57] هەڵبەتە ئەم وەڵامە سورییەکانی گەیاندە سەر ڕۆخی هەڵدێر. بە چاوپۆشین لە هەوڵ و کۆششی چەرچڵ لە بەرایی ساڵەکەدا بەوەی بریتانیا لە پاراستنی پەیوەندی نێوان سوریا و فەرەنسا بەرپرسیار نییە، کەچی هەر ئەفسەرێکی ئینگلیز لە دیمەشق بڕوای وەها بوو، ئەگەر هاتوو کێشەکان بتەقنەوە، ئەوان بەرلەوەی ئاڵۆزییەکان گەورەتر ببن، لێی دەچنەپێشێ. «کۆگهیل»یش لەو بڕوایەدا بوو، ئەگەر بریتانیا دوور وەستابا، ئەوا "بە هەزاران لە سورییەکان دەکوژران لەوانە بوو عێراق و ڕۆژهەڵاتی ئوردنیش تێوەگلابان و سەرتاپای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕادەچەنین، ئاخر جووەکانی فەڵەستینیش بە دڵنیاییەوە وەهایان دادەنا، کە دەرفەتیان بۆ هاتووە."[58]

شـــادمانیی ژێربەژێــری ســـوورییەکان بە گــۆڕانی ڕەوتـــی ڕووداوەکان ئەوەی لای فەرەنسییەکان سەلماند، کە هەقیان بووە گومـان لە چەشـە و مجێزی ئینگلیز بکەن، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٤ی حوزەیرانیشدا دیگۆل ئاماژەیەکی وەهـای بۆ «کۆپەر» کـرد بەوەی ئەو بیر لە تۆڵەکردنەوە دەکاتەوە. "من دانیپێدادەنێم، ئێمە لە دۆخێکـی وەهـادا نەبـووین لەم کـاتەدا بە کراوەیـی دوژمنایەتیتـان بکەیـن، بەڵام ئێـوە سـووکایەتیتان بە فەرەنسـا کـرد و ناپاکییتـان لەگەڵ ڕۆژئاوادا کرد. ناکرێ ئەمەش لەبیربچێتەوە."[٥٩]

هەڵچـــوونی دیگـــۆل تەڕدەســـت و چـــاوەڕوانکراو بـــوو، شەڕانگێزیانەی «بیدو»ش ماوەیەکی درێژی خایاند تا بەدەرکەوت. لە ناوەڕاســتی مـــانگی حوزەیرانــدا وەزیــری کاروبـــاری دەرەوە ناچاربوو لێدوانێکی هەراسانانە لەبەردەم ئەنجوومەنی پارێزگاکانی فەرەنسـی سـەبارەت بەوەی لە ڕۆژهەڵاتـدا ڕوویـدا بـدا. ئەو بەو ئەنجامە گەیشت بڵێ؛ "بە کورتی، جیهان و بەتایبەتیش ڕۆژهەڵات تووشی هەرای پێکەنینێکی زۆر هات، لەسەر حیسابی ئێمە پێکەنین، ئەو شـتەش منـی هێنـاوەتە سـەر ئەو بـڕوایە، کە هەنـدێکیان لێـی ســوودمەند بـوون."[٦٠] بە ڕەتکـردنەوەی گـوتەی کاربەدەســتانی بریتانی بەوەی دەستیان لەو بگرەوبەردەیە و ئاریشـەیەدا نەبووە، کە تووشـی فەرەنسییەکان هـات، ئەو قسـەکەی بە گەفێکـی شـووم کۆتاییهێنـا. قسـەیەکی نەسـتەقی بە زمـانی لاتینـی هێنـایەوە "ئەمڕۆ من، بەیانیش تۆHodie mihi, cras tibi"

داڕمـــانی هەژمـــوونی فەرەنســـی لە ســـوریا دەســـتبەجێ و بە تەواوی بـوو. لە کۆتـایی مـانگەکەدا کاربەدەسـتێکی فەرەنسـی لە بەیــروت نووســی، کەوا نە خــۆی و نە هــیچ هــاوڕێیەکی بەبــێ یـاوەرییکردن نـاتوانێ بچێتە شـارە سـەرەکییەکانی سـوریا، ئـاخر

دەترسن بکوژرێن. بۆ مانگی دواتر هێزە تایبەتییەکەش ڕادەستی سوری و لوبنانییەکان کرانەوە، بەڵام دیار بوو نە سوریی و نە لوبنانییەکان حەزیان لێنەبوو ئەو بنکە سەربازییەی دیگۆل، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چاوی تێبڕیبوو، بۆی مسۆگەربکەن. ئیدی بریتانی و فەرەنسیەکان پێیان لەسەرئەوە داگرت، بە یەکەوە لەوێ دەرچن. هەروەک وەزیری کاروباری دەرەوەی تێبینیدا "ئەمەش دەبێتە کۆتاییهێنانی چاوتێبڕینی فەرەنسا لە فەڵەستین؛ ئەوە بوو هێزی سەربازی هەردوولا لە نیسانی ١٩٤٦ لە سوریا و لە مانگی ئابیش لە لوبنان کشانەوە.[٦١] پاش ٢٦ساڵ منداتی فەرەنسا بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتاییهات.

دۆڕانی لوبنان و سوریا ڕێگەی بۆ شتێکی نوێ، بۆ سیاسەتی لایەنگیریی فەرەنسی زایۆنیستیانە خۆشکرد. بە کۆتایهاتنی مانگی حوزەیرانی ١٩٤٥، «پاول بینێت»ی ڕاسپاردەی گشتیی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵات نامەیەکی بۆ دیگۆل نووسی تێیدا دەریبڕیبوو، لە سۆنگەی سەختانگەکەی دیمەشقدا "تەنیا جووەکانی فەڵەستین" پشتگیریی فەرەنسییەکان بوون.[٦٢] زۆر لە جووەکانی فەڵەستین بە هەبوونی کریستیانەکانی لوبنان وەک دراوسێ، هەستیان بە ئارامی دەکرد، ئاخر ئەوانیش لە هەبوونی ئەو ژمارە یەکجار زۆرەی موسڵمانانی دەوروبەریان هاوترس بوون. هەنووکەش بە ڕۆیشتنی فەرەنسای پارێزەریان لە ڕۆژهەڵات هەژابوون، ئیدی هەردوو لایان، ئاژانسی جووەکان و ڕێکخراوی تیرۆرستەکان هەروەک «بینێت» ڕوونیکردەوە، پەیوەندییان کرد تا "خزمەتەکانی خۆیان بخەنەڕوو." "منیش فەرمانی پاراستنی پەیوەندیەکانم دا."[٦٣]

لە بەراییدا جووەکان لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕی پەیوەندییەکان داوای شتی کەمیان کرد. هەروەک «بینێت» بە دیگۆلی گوت؛

"ئەوان تەنیا دڵنیاییەکی زارەکییان دەوێ، پێویست بەوە ناکا پشتگیری بزووتنەوەی زایۆنیزمی و داواکانیان بکرێ، تەنیا ئەوەندە بەسە کە هەڵوێستێکی نەیاریان لە دژدا نەگیرێتەبەر، نەخاسمە لەو کاتەی باس دێتە سەر پرسی کۆچکردن بۆ فەڵەستین، هەر ئەمەندە بەسیەتی."[٦٤] کابرای فەرەنسی هەر بەخۆیشی هەستی "بەو بێدادیی و ژانوناسۆری جووە فەرەنسییەکانی کرد، کە لەبن دەسەڵاتی داگیرکارانەی ئاڵمانەکان چەشتبوویان، ئیدی شتێکی بەدەر لە هاوسۆزییان بۆ نەهێشتبوونەوە. لەم پرسەشدا خۆ هەر «بینێت» بە تەنیا تاکە فەرەنسی نەبوو کە زایۆنیستەکانی بینیبوو. زایۆنیستەکان لە «هێنری بۆنێت Henri Bonnet»ی باڵوێزیشیان لە واشنتن نزیکببوونەوە. ئەویش شێلگیرانە داوایکرد؛ "دەکرێ گرووپە زایۆنیستەکان توخمی پشتگیری دەوڵەتەکەمان بن، ناکرێ ئێمە پشتگوێیان بخەین."[٦٥] ئەو نوێنەرە زایۆنستانەی سەردانی باڵوێزخانەی فەرەنسییان کرد، بەڵگەوبەندی خۆیان سوک و ئاسان لەمەدا پوختکردبووەوە؛ "جوو و کریستیانەکان پێویستە لە دژی عەرەبەکان، ئەوانەی بریتانیا پشتگیرییان لێدەکا بەرگری لە خۆیان بکەن."

دوو مانگ دواتر، پیاوێک بە ناوی «توڤیا ئارازی Tuvia Arazi»چاوی بە «فرانسیسکۆ کۆلێت François Coulet»ی بەڕێوبەری هۆبەی کاروباری ئەورووپی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسییدا کەوت. کۆنووسی دانیشتنەکە، ئامانجی دیدارەکەی هەردوولای بۆ نوێکردنەوەی دۆستایەتیی هەردوو پیاوەکە تۆمارکردبوو، ئەو دۆستایەتییەی دەگەڕایەوە بۆ ١٩٤٠.[٦٦] هەینێ «ئارازی» سیخوڕە سەرەکییەکەی هاگانا بوو لە سوریای

بندەستی ڤیشی فەرەنسی، «کۆلێت»یش یەکێ لەو سێ پیاوە فەرەنسییە بوو، کە لە ماڵی «دایڤین هاکۆهن» لە حەیفا داڵدەدرابوو، ئەو کەسەی ئەو کات بە چاوی خۆی پەککەوتن و نغرۆبونی کەشتی «پاتریا»ی بینیبوو.

دوای بیرهێنانەوەی یادەروەییەکانی ئەو ڕۆژگارە، کە بینی ئەو لە پەنجەرەی نهۆمی چوارەمی خۆی هەڵدا تا نەکەوێتە بەردەستی ئاسایشی ڤیشی فەرەنسی، ئینجا «ئارازی» باسوخواسەکەی هێنایە سەر ئایندەی پەیوەندی نێوان فەرەنسا و دەوڵەتی جوو. ئەو وتارێکی «سپیرس»ی وەبیر خانەخوێیەکەی هێنایەوە، «سپیرس» بەر لەچەند مانگێک گوتبووی، کە فەرەنسا و زایۆنیستەکان ئاستەنگی سەرەکی بەردەم جێبەجێکردنی سیاسەتی بریتانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئینجا «ئارازی» پێشنیازیکرد، زیاتر لە بنەمایەک بۆ ڕقی هاوبەشی لە بەرانبەر بریتانیا بۆ هاوپەیمانبوون هەیە. ئیدی هەموو ئەوەی لەسەر فەرەنسا بوو بە سیاسەتی دەرەکی خۆیدا بچێتەوە. لە هەمبەر ئەو ڕقە بەربڵاوەی کە فەرەنسا ئێستا لە سەرتاپای ڕۆژهەڵاتی ناویندا بڵاویکردووەتەوە، ئەو گوتی ڕێکخراوی یەکانگیری زایۆنستی هەن دان بە پێگەی ڕاستوڕەوای فەرەنسا لە جیهاندا دەنێن و هیواشیان وایە دووبارە فەرەنسا بێتەوە مەیدان.

هەرچەندە دیگۆل هاوسۆزێکی گەورەی جوو نەبوو، لێ "سووکایەتیی" حوزەیران لەبیرنەچووبوو، دەمودەستیش بینی ئاخۆ زایۆنیستەکان بۆ تۆڵەکردنەوە چەند کاران. کاتێکیش بە درەنگی ساڵەکە لە پاریس چاوی بە «مارک جاربلوم Marc Jarblum»ی نوێنەری بزووتنەوەی زایۆنیزمی فەرەنسییەکان کەوت، لەوە ڕاما؛

که "هەر بە تەنیــا جووەکــانی فەڵەســتینن بتــوانن بریتانیــا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەدەربنێن."[٦٧]

«بیــدۆ»ش بــۆ چەنــد مانگێــک بــوو مشــتومڕی ئەوەی بــوو، فەرەنســا پێویســتی بە دەســتبەرداربوونی ئەو تاکتیکــانەیە، کە لە ڕۆژهەڵاتدا شکستیهێناوە، ئەمەشی بە "سیاسەتی گەورەی: لەقەڵەم دەدا و بە هـۆیەوە دەکـرێ فەرەنسـا جڵەوی دەستپێشـخەرییەکانی خــۆی وەربگــرێتەوە، بە تــایبەتیش لە مــامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کۆلـۆنییە عەرەبـانەی لە بـاکووری ئەفریقـا مـابوون.[٦٨] هەرچـی لەبـارەی خســتنەڕووەکانی زایۆنیســتەکانیش بــوو، ئەو کرۆکــی پڕۆژەیەکی دەبینـی. پێویسـت بـوو فەرەنسـا زایۆنسـتەکان هەر بـۆ ئەوە بەکارنەهێنێ کە لە فەڵەستیندا لووتیان بەخوێندا بهێنێ، بەڵکو بـۆ بەزانـدنی کۆمکـاری عەرەبـی بەکاریـانبهێنێ، چـونکە لەوەتەی ناسـیۆنالیزمی عەرەبی بـووەتە هێزێکـی گەشـەکردوو لە بـاکووری ئەفریقیای فەرەنسییدا، کۆمکاریش فەڵەستینی کردووەتە "پرسـێکی ناوەندی".

لە ١٠ی تشــرینی دووەمیشــدا «بیــدو» بە شــێنەیی بە «داود بنگۆریۆن»ی گوت، فەرەنسا پشتی دۆزی زایۆنیستی دەگرێ. بەر لە ١٨ مانگیش «بنگۆریۆن» بە ئاشکرا ئەو هیوایەی دەربڕیبوو، کە دوای جەنـگ، جووەکـان لە لایەن فەرەنسـا بـوژانەوە " هەڵوێسـتی تێگەیشتوو لە هەمبەرماندا "دەبینن.[٦٩] ئیدی ئەو نزایە وەڵامدرایەوە. زۆری نەخایانـد سیاسـەتی گەورەی فەرەنسـی بـۆ پاڵپشـتکردنی زایۆنیستەکان هـاتە ئارا و بریتانییەکـانیش تێگەیشـتن، کە مەبەسـت لە وتە بەردەکێلەکەی «بیدۆ»، ئەوانن.

# ٢٦
# پێویستە دووبارە بیری لێ بکەینەوە

جەنگ ئەورووپای خستبووە نێو گێژاوێکی مرۆیی بێ پێشینە. نزیکەی چارەکە ملیۆنێک کەس "ئاوارە" لە نێو ئۆردوگاکان دەژیان، کە بەسەر تەواوی کیشوەرەکەدا دابەشببوون. هەندێکیان ناچارکرابوون کار بۆ نازییەکان بکەن و منداڵانیش لە دایبابیان جیاکرابوونەوە، دەیانویست بگەڕێنەوە نێوماڵی خۆیان. ئەوانی دیکەش، وەک ئەوروپییەکانی ڕۆژهەڵات ئەوانەی لە دەست دەسەڵاتی سۆڤیەتەوە هەڵاتبوون، لەگەڵ جووەکان ئەوانەی لە دەست ئۆردوگا زۆرەملێیەکان ڕزگارکرابوون، هەموو شتێکیان دەویست تەنیا گەڕانەوە نەبێ بۆ شوێنی جارانیان. هەر زووش زایۆنیستەکان داکۆکی سەرسەختانەیان بۆ ئەوە بوو، بەڵکو ئەوانە ڕێگەبدرێن تا لە فەلەستین بژین.

بە کورتیش وەها دیاربوو حکومەتە نوێیەکەی بریتانیا ملی بۆ ئەو داوایە دابێ. لە هەڵبژاردنی گشتیی تەممووزی ١٩٤٥دا کۆنسەرڤاتیڤەکانی چەرچڵ لە بەرانبەر پارتی کرێکارانی «کلیمێنت ئاتلیێ Attlee's Labour» بە شێوەیەکی بەرچاو ئێخدران[١٠٢]، دوو مانگیش پێشتر حکومەتی نوێ بڕیاریدا، کە پێویستە فەلەستین ببێتە نیشتمانی داڵدەدەر بۆ ئەو جووانەی لە هۆلۆکۆست دەربازببوون. لە هەمان مانگی ئایاردا «هەگ دالتن Hugh Dalton»ی وەزیری دارایی بریتانیا مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، "سامناکییەکی بێوێنەیە ئەگەر هاتوو جووەکان بگەڕێنرێنەوە ئاڵمان

---

١٠٢ ئێخدران: بۆڕدران، شکستیان هێنا.

و هەر دەوڵەتێکی ئەوروپی داگیرکراوی دیکە؛ ئاخر ئەگەر کۆسپ و تەگەرە بخرێتە بەردەم ئەو جوانەی بە ئارەزووی خۆی دەیانەوێ بچنە فەڵەستین، هەڵەیەکی گەورەی ڕەوشتی دەبێ و سیاسەتێکە هی ئەوە نییە داکۆکی لێبکرێ."[1] ئەندامانی حزبیش هاوڕا بوون. ئەو کات بڕیارێک دەرکرا بەوەی کاتێک جووەکان کۆچدەکەنە ئەوێ، هانی عەرەبەکان بدرێ لەوێ دەربچن.[2] گریمانەکەش ئەوە بوو، عەرەب خەڵکێکی ڕەوەند و کۆچەریین و ئامادەن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بیگوازنەوە.

جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەش کەوتە سەرشانی «ئێرنست بێڤن»ی وەزیرە نوێیەکەی کاروباری دەرەوەی بریتانیا. ئەویش تەواو پێچەوانەی «ئیدن»، وەزیرە کەشخە و ڕووخۆشەکەی پێشخۆی، کەسێکی شەڕانگێز بوو، لە تەمەنی ١١ ساڵیدا واز لە قوتابخانە دێنێ لە کاری کێڵگەیی بە هۆی هاوڕێکانی لە یەکێتیی کرێکارانەوە ڕێگەی خۆی بەرەو کاروباری دەرەوە تەیدەکا. دەرفەتەکەشی لە ١٩٤٠دا بۆ ڕەخسا، ئەو کاتەی چەرچڵ بە کاروباری پاسیڤانەی «بێڤن» لە نێو نەقابەی کرێکاراکان و بە کەسایەتی ماندوونەبوونی ئەو لە کاردا کارانگاز بوو، بۆیە داوای لێ کرد وەک وەزیری کار ڕەگەڵی بکەوێ. چەرچڵ پێی وا بوو "«بێڤن» ئەو پیاوە زۆر دیار و لێهاتووەیە، کە پارتی کرێکاران خستوویەتیە ڕۆژگاری من".[3] کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەش بەرپرسە نوێیەکەیان بە کەسێکی سامناک لەقەڵەم دا، هەر زووش تێگەیشتن، کە ڕای سەروەزیری پێشتر لەسەر ئەو، ڕاست بووە. سکرتێرە هەمیشەییەکەی «بێڤن» وەهای لە بارەوە نووسی: "ئەو بەشێکی گەورەی لە کارەکە دەزانی، ئامادەبوو چەندی هەبێ بخوێنێتەوە، دیار بوو ئەوەی دەیخوێندەوە، وەریدەگرت و کەسێک

بوو خاوەن بیرۆکەی خۆی بوو تا لە هەمبەر هەموو کەسێکدا داکۆکی لە بۆچوونەکانی خۆی بکا بڕیاری خۆی بدا."[٤]

تا ئەو ڕاددەیەی پەیوەندی بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە هەبووبێ، ئەم لێکدانەوەیە هەڵسەنگاندنێکی دروست بوو، چونکە حکومەتی بریتانیا ڕووبەڕووی گوشاری حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووبووەوە تا سەبارەت بە سیاسەتی کۆچکردنی جوو بۆ فەڵەستین نەرمیی بنوێنێ. تا ئەو کاتەش سەرۆک «ڕۆزڤێلت» مابوو بە شێوەیەک لە شێوەکان دەستباری[١٠٣] بریتانییەکانی گرتبوو، بەڵام «هاری ترومان»ی جێگرەوەی بڕیاریدا مانەوە لەسەر ڕێڕەوی ئاینۆئۆینی بریتانییەکان سیاسەتێکی نائاوەزمەندانەیە. ئەوە بوو تا ئەو کات هەژندەیی سامناکیی هۆلۆکۆست ببووە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و سەرکردەکانی زایۆنستی ئەمریکاش، کە ڕابەرایەتی پێنج ملیۆن جووی ئەمریکایان دەکرد، فشاری تەکاندەری خۆیان نواند.[٥]

«ترومان»، کۆنە جوتیارێک و بزنسمانێکی سەرنەکەوتوو، کە هیچ کات لە زانکۆ نەیخوێندبوو، متمانەی بە ڕاوێژی ئەو پانتۆل خەتخەتانەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە نەکرد، کە لە «ئایڤی لیگ Ivy League»[١٠٤] دەرچووبوون، بەوەی داخوازبوون سیاسەتی لایەنگرایەتیی عەرەب نەوەک لایەنگرایەتی زایۆنیستی بگرێتەبەر، بە قەولی ئەوان باشترین بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی درێژخایەندا "بەندبوو بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست". پاشان «ترومان» گوتی دنەدەری ئەو بۆ

---

١٠٣ دەستبارگرتن: هاوکاریکردن، یارمەتیدان.

١٠٤ ئایڤی لیگ: ئاماژەیە بۆ گرووپی هەشت قوتابخانەی ئەمریکی لە پاڵ وەرزش خوێندنێکی جیاواز و نایابیان هەیە.

سیاسەتەکەی شتێکی مرۆیی بووە. ئەو وەهای نووسی: "هەستم وایە بۆ ماوەیەکی بەردرێژ چاومان لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتەکەمان بێ، لەهەمان کاتیشدا یارمەتی ئەو قوربانییە بەدبەختانە بدەین، کە بەدوای نیشتمانێکدا دەگەڕێن."[6] کەچی بەڵگەکانی ئەو کات ئاماژەیان بۆ ژمارەکانی هەڵبژاردن دەچوو بەوەی بۆ وەرگرتنی پێگەیەکی وەها زێدە بایەخدار بوو. ئەو لە دیدارێکیدا بە گرووپێک لە دیپلۆماتانی عەرەبی گوت، کە بۆ سکاڵاکردن لەسەر سیاسەتەکە هاتبوونە لای؛ "جوامێران ببوورن، بەڵام من دەبێ وەڵامی ئەو سەدان هەزارە بدەمەوە کە بە مەراقەوە بۆ سەرکەوتنی زایۆنیزم دەڕوانن؛ لەنێو بازنەی دەنگەدەرانمدا سەدان هەزار عەرەب نین."[7]

«ترومان» لە ناوەڕاستی ئابی ١٩٤٥دا، بە مەبەست سیاسەتەکەی خۆی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاشکراکرد. لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسێک کە بە ڕاپۆرتێکەوە پاڵپشت بوو، ڕایگەیاند، "تا بکرێ ڕێگەی کۆچی جوو بۆ فەڵەستین بدرێ و ئاشتی مەدەنیانەی ئەوێش بپارێزرێ."[8] پاش گەیشتنی ڕاپۆرتێش لەسەر کوێرەوەری ئاوارەکان و هەواڵیش لە حکومەتی بریتانیا بەوەی سەبارەت بە ڕێگەپێدانی جووەکان دەستی خۆی توندکردووە، ئەوسا ئەو ژمارەیەکی وەک ئامانجێک دەستنیشانکرد. کاتێکیش پاش دوو هەفتە بە شێوەیەکی تایبەت بۆ «ئاتلی Attlee» سەرۆوەزیری بریتانی نووسی، تا پێی ڕابگەیەنێ هەستی ئەمریکاییەکان ئەوەیە دەرووی کۆچ لە فەڵەستین بەسەر جوودا دانەخرێ، ئەو پێشنیازیکرد بەڵکو حکومەتی بریتانیا ڕێگەی ١٠٠،٠٠٠ جووی دیکە بدات بێنە فەڵەستین. سەرەتا ئەم ژمارە زۆرەیە داخوازی ئاژانسی جووەکان بوو، لای ئەمریکییەکان وەک

داواکارییەکی بەرچاو لە نێو گفتوگۆکانیان جێگەی خۆی گرت. لەنێو ژمارەی یەک چارەک ملیۆن ئاوارە و دەربەدەردا نزیکەی ١٣٨.٠٠٠ کەسیان جوو بوون.

دیاربوو «ترومان» حیسابی ئەوەی نەکردبوو، کە داواکەی ڕەتبکرێتەوە، چونکە لە هەڵبژاردنی گشتییدا پارتی کرێکارانی بریتانی بە تاسەمەندییەوە لایەنگری زایۆنستی بوون. کاتێکیش «بێڤن» چووە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، بە پێچەوانەی «ترومان» بە لای ڕای شێوەرمەندەکانیدا کەوت. بە گوێرەی قسەی کاربەدەستانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ڕۆژێکیان بە «کلێمت ئاتلی» گوت؛ "کلێمنت، دەربارەی فەڵەستین، ئێمە هەڵەبووین. ئێمە دەبێ دووبارە بیری لێ بکەینەوە."

هاوڕێیانی «بێڤین» پێیان گوت مل بۆ قبوولکردنی ژمارەیەکی زۆری کۆچبەرانی جوو نەدا، کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێ داوتر داوای سەربەخۆیی بکەن بەمەش خەڵکی عەرەب دەورووژێ، هۆیەکەشی بۆ تێکچوونی پەیوەندییەکانی حکومەتی ناسیۆنالیستانەی میسر و بریتانیا دەگەڕایەوە و لە جێگرتنەوەشدا دەستگرتن بە فەڵەستین باشترین دەرەتانە. خۆی میسر بۆ ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵ بنکە و قەڵای بەهێزی بریتانیا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام سەروەزیرە نوێیەکەی وڵات «ئیسماعیل سدقی» دیاربوو وەها بڕیاریدابوو لەو حاڵەتە دووربکەوێتەوە. هەرچەندی ئەگەری پێداگیری «سدقی» پتر دەبوو، ئەوەندە باوەڕی بریتانیا بە دەستگرتن بە فەڵەستین بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە چارەنووسسازەکانی، مەحکەمتر دەبوو. ئیدی لەوێوە دەیانتوانی هێشتا دەستیان بەسەر نۆکەندی سوێسدا بڕوا و مانداتەکەیان

لەوێ دەبووە بنکەیەکی کەڵکبەخش بۆ پاراستنی هێزی خۆیان لە سەرتاسەری دونیادا.

کورتهێنی ئەم پلانە مەزنە خودی فەڵەستین بوو، ئاخر بەو ڕەوشە دەوڵەتییەی هەیبوو، بنکەیەکی شلۆق بوو. لە کۆتایی مانگی ئابدا سکرتێری سەرەکی ئیدارەی فەڵەستین هۆشداری دا بەوەی گرژییەکان ئەوەندە کشتبوونە خەریکە دەپسێن. وەک ئەو ڕوونیکردەوە، لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکەی «ترومان»یش "ئەوەندی دیکە ترسی عەرەبەکانی وروژاند"، ئەمە و لە کاتێکدا ڕابەرانی جوو "بە ئەنقەست ڕەوشەکە بەرەو توندڕەوی دەبەن و تا بگاتە خاڵێک، تەقینەوە لە ئانوساتدا بێ و چیدی نەکرێ کوێرەوەریی جووەکانی ئەورووپا وەک پرسێکی سیاسیی پشتگوێبخرێ."[١٠] بریتانیاش کە جەنگ شەکەتی کردبوو، ئەو دەرامەتانەی نەبوو تا بە هۆیەوە ڕووبەڕووی کێشە و ئاڵۆزییەکان ببێتەوە: زیاتر لە سێیەکی هێزی پۆلیسی فەڵەستینیش ئەو لێهاتووە نەبوون پشتی پێببەسترێ. «بێڤن» بە دروستی لە کێشەکە گەیشتبوو، بۆیە بە نەخشەیەک هاتەمەیدان. "دەی با چاوەڕێبکەین تا هێزمان بە بەردادێتەوە و باسکمان ئەستوور دەبێتەوە، تا ئەو کاتەش بە پێی پێویست بە یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پارێزگاری لە ڕەوشی هەرە بایەخداری خۆمان دەکەین."

دوای ئەوەی «ئاتلی» ڕاشکاوانە بە «ترومان»ی ڕاگەیاند، کە ڕێگەدانی ١٠٠،٠٠٠ جوو بۆ فەڵەستین "سەرلەبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاگردەدا" و دەبێتە مایەی "زیانگەیاندنێکی زۆر بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتەکە،" «بێڤن»یش ڕێگەیەکی دۆزیبووەوە تا ئیدارەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بهێنێتە ڕایێ.[١٢] دیپلۆماتە بریتانییەکان لە واشنتن مشتومڕیان لەسەر ئەوە

بوو، کۆنترۆڵی بەردرێژی بریتانیا لە فەڵەستین لە بەرژەوەندیی هەردوو حکومەتەکاندایە و ئەوانیش بە هەردوولا هەوڵدەدەن هەڕەشەی یەکێتیی سۆڤیەت لەخۆبگرن. یەک دوو هەفتە دواتر «بێڤن» پێشنیازێکی هێنایە پێشەوە، بەوەی کۆمیتەیەکی ئەنگلۆ-ئەمریکی بۆ لێکۆڵینەوە لە جێنشینکردنی ئاوارەکان پێکبێ، هەروەها بە هەردوو حکومەت بە دوای چارەسەرێکی نێوخۆییدا بگەڕێن تا ئەو کاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کێشەکە ڕادەگا. «ترومان» لەسەر بیرۆکەکە کۆک بوو بەوەی بەڵکو فەڵەستین وەڵامی تەواوی پرسەکە بێ، کەچی پاشان بریتانییەکانی بە "تاکتیکی خاووخلیچک" تۆمەتبارکرد، بەڵام دەرەنجامەکەش بە کەیفی ئەو هاتەوە.[١٣] ئەو نەیدەویست بەر لە هەڵبژاردنی شارەوانیی نیۆیۆرک دان بە شکستی هەوڵی بۆ ناچارکردنی بریتانیا بە سیاسەتی کۆچی جووەکان بهێنێ، ئاخر دەترسا ئەو ژمارە زۆرەی جوو لە شارەکەدا بە شێوەیەکی خراپ کاردانەوەیان هەبێ.

ئەوەی ڕاستی بێ، جووەکان دەیانزانی بریتانییەکان هیچ پلان و گۆڕانکاری بنچینەییان لە سیاسەتی خۆیاندا نییە، هەڵبەت ئەمەش لە سایەی سەری ئەو زانیارییە هەواڵگرییانە بوو، کە فەرەنسییەکان پێیاندان. لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا «داود بنگۆریۆن»ی سەرۆکی ئاژانسی جوو بە شێنەیی بە «مۆشێ سنێ Moshe Sneh»ی فەرماندەی هاگانای گوت، بەڵکو بە مەبەستی سەرپێخستنی بزووتنەوەیەکی بەرگری ڕاستەوخۆ هاوکاری لەگەڵ هەریەک لە ئیرگون و تاقمی ستێرن بکا. تا ئەو ڕادەیەی ئەو نیگەران بوو، هەنووکە جەنگ بەسەرچووە، ئیدی خۆجڵەوکردن بەسیەتی و کاتی پڕکێشی هاتووە. ئەو لە پایتەختی فەرەنساوە ڕایگەیاند؛ کتێبی سپی ١٩٣٩ کە ڕەوتی کۆچبەرانی جووی

ســـــنووردارکردبوو، نە بنەمـــای ڕەوشـــــتی هەیە و نە بنەمـــــای ڕەوایەتیش. "لێرەدا دوو شت هەن، کە جووەکان نابێ بیپەژرێنن: پێگەی کەمایەتی لە وڵاتی خۆیان و کۆچکردنی بۆ فەڵەستین لەژێر ڕەحمەتی چاولێپۆشین. ئەوان نایانەوێ لە نیشتمانی خۆیاندا لەژێر دەسەڵاتی بێگانەدا بژین."[١٤] لە فەڵەستینیشدا، «لۆرد گۆرت Lord Gort»ی کۆمسیاری باڵای نوێی بریتانیا ئەمەی خوارەوەی بۆ ئەو کەسەی لەپێش خۆیدا کۆمسیاری باڵا بوو، نووسی؛ "دەترسم «د. حـــایم وایـــزمەن» و شـــێوەرمەندە میانڕەوەکـــانی جێگەیـــان چۆڵکردبێ و «بنگۆریۆن» و پیاوە دەستەمۆنەکراوەکان جڵەوی ڕەوشەکەیان گرتبێتەدەست."[١٥]

«مۆشـــێ سـنێ»ش کۆبـــوونەوەی لەگەڵ «مناحیم بـێگن»ی سەرۆکی ئیرگون زڤای لیومی و «ناتان فریدمان یەلین Nathan Friedman-Yellin»ی بەرپرســـی تـــاقمی ســـتێرن کـــرد تـــا کردوکۆشـــیان هاوڕێـــک بـــکەن. بڕیاریشـــیاندا لەســـەر «بـێڤن» ڕانەوەســتن ئـاخۆ لە لێـدوانی فەرمـــی سیاســـەتی حکـومەتەکەی سەبارەت بە فەڵەستین ڕابگەیەنێ، کە پێشتر چاوەڕواندەکرا چی دەبێ، بۆیە لە شەوی ٣١ی تشرینی یەکەمدا یەکەمین پەلاماری هاوڕێکی خۆیان بەجێگەیاند، بە هۆیەوە تێکوپێکدانی ڕایەڵەی هێڵی ئاســنینی فەڵەســتینی لە زیـــاتر لە ١٥٠ شـــوێن هەروەک چـــۆن دامەزراوەی پـــاڵاوگەی نەوتیشـــیان لە حەیفـــا وێرانکـــرد. ئەم پەلاماردانەیـان بـووە مـایەی کوشـتنی چـوار کەس، بەڵام ئەوان لەپێشـــدا نیازیـــان نەبـــوو کەس بکـــوژن. مەودای کۆششـــە بـــێ پێشـــــینەکەیان بـــۆ ئاگـــادارکردنەوەی حکـــومەتی بریتانیـــــا نەخشەکێشـــــرابوو بەوەی ئەوان یەکگرتـــــوون و دەکـــــرێ بە یەکگرتوویش شتی گەورە بکرێ.

«بێڤن» خۆی لە هەڕەشەکە نەبانکرد. لە کۆتاییدا بە چەپڵە و هەراوزەناوە پێشوازی لێکرا، ئەمەش لە ١٣ی تشرینی دووەم لە ئەنجوومەنی گشتیی بریتانی ڕوویدا، کاتێ ڕایگەیاند حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بانگهێشتنامەکەی بۆ چوونە ڕیزی کۆمیتەی ئەنگلۆ-ئەمریکایی بۆ لێکۆڵینەوە لە داخوازی ڕوانینی جووەکان بۆ کۆچکردن بۆ فەڵەستین بکۆڵێتەوە، پەسەندکردووە. نیازی ڕاستەقینەی ئەو لە جاڕنامەکە ئەوە بوو، کەوا ئەو لەبەر کەڵەگایی دەرەکییدا سەبارەت بە توندوبەنکردنی سیاسەتی کۆچی جوو بۆ فەڵەستین ناچەمێتەوە: نە بۆ زایۆنیستەکان و نە بۆ ئەمریکاش. بە کەمێک هاوسۆزی و لێتێگەیشتن بۆ هەستی ئەو ڕزگاربووانەی دەستی هۆلۆکۆست، بە ڕوانینی «»بێڤن» دەکرا ئەو ئاوارانە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. لە بەرانبەر ملدان بۆ ئەو داواکارییانەی کە دەبێ ڕەفتاری تایبەت لەگەڵ جووەکاندا بکرێ، ئەو لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییدا و دەستبەجێ هەر دوای لێدوانەکەی لە ئەنجوومەنی گشتییدا، پرسی "سەرهەڵدانی کاردانەوەی دیکەی دژە سامیزمی" لە لایەن ئەو ئاوارانەوە وروژاند، کە ئەوانیش چاوەڕێی گەڕانەوە دەکەن بچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.[١٦] ئەو بەڵگەوبەندەی «بێڤن» هێنایەپێشەوە لایەنی لۆژیکی تەنانەت چاکەکارییانەشی پێوە دیار بوو، «بێڤن» لە ڕەتکردنەوەی جیاکردنەوە (دیسکریمیناسی)دا مەبەستەکەی بە تەواوی ڕۆشن نەبوو: ئەو لای خۆی یەکلاکردبووەوە، کە کۆچی بە تەوژم و قەبارە گەورەی کۆچبەرانی جوو بۆ فەڵەستین، کە دەسەڵاتی منداتی بریتانیا پتر لاواز دەکا، نابێ بەردەوامبێ.

جاڕنامەی «بێڤن» و کۆمێنتە چڕوپڕەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەراوزەنایەکی زۆری لێکەوتەوە و بەدوایدا

زنجیرەیەک توندوتیژیشی لێکەوتەوە. ئەندامێکی تاقمی ستێرن نووسی؛ "بنەمای سەرەتایی ئەوە بوو، هەرچەند کاربەدەستی بریتانی و سەرباز و پۆلیسیان لەناوببرێن، ئەوەندە زوو هێزی داگیرکەر ولاتەکەمان جێدەهێڵێ."[١٧] لە ماوەی هەشت مانگی بەدواداهاتوودا، تیرۆرستەکانی جوو ٢٧ کەسیان کوشتن و زیاتر لە ١٦٤ کەسی دیکەشیان بریندارکردن، هەروەها بە مەزەندەکراوی زیانی چوار ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینیان لە بریتانییەکان دا.[١٨] لە کۆتایی تشرینی دووەمیدا، بزووتنەوەی بەرگریی جوو دوو وێستگەی پاسەوانییان لەسەر کەناراوەکان تەقاندنەوە. لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمیشدا ڕووی خۆیان بۆ سەر پۆلیس وەرگێڕا، لە بنکە سەرەکییەکانیان لە ئۆرشەلیم لە یافا بۆمبیان تێگرتن و بە تفەنگی ڕەشاشیش ئەو کەسانەیان گوللەبارانکردن کە لە پۆلیسخانەکان لەتاو ژیانی خۆیان هەڵدەهاتن. «بنگۆریۆن»یش کارایانە ڕەوایەتی دایە ئەو هێرشانە و هەر دوای ئەوە خێرا ڕایگەیاند، شتێکی سەخت بوو بۆ «یوشیف[١٠٥]» ئاگای لە قانون بێ لەو کاتەی هەر حکومەتی ماندات خۆی بەردەوام بنەما قانونییەکانی لە ولاتێکدا کە لە مانداتی فەلەستیندا بەرجەستە ببوو، پێشێلدەکرد".[١٩]

لە ساڵی ١٩٤٦دا توندوتیژی درێژەی هەبوو. «ئیرگون» کە هەندێ لە ئەندامەکانی بەر لە جەنگ لەسەر دەستی سوپای پۆلۆنی ڕاهێنرابوون، لە ١٢ی کانونی دووەمدا بۆسەیەکیان بۆ قیتارێک دانایەوە و دەستیان بەسەر بڕی ٣٥،٠٠٠ پاوەنی ئیستەرلینیدا داگرت، کە پارەی مووچەی دەستەی هێڵی ئاسنین بوو. دوای ئەوە

---

١٠٥ یوشیف: کۆمەڵگەی جوو و نشینگەکانی لە فەلەستین لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەم تا دروستکردنی دەوڵەت لە ١٩٤٨دا پێیدەگوترا یوشیف.

بە حەوت ڕۆژ وێستگەیەکی لاوەکی کارەبایان لە ئۆرشەلیم وێرانکرد، بۆ ڕۆژی پاشتریش دیسان پەلاماری بنکەیەکی پاسەوانییان لەسەر کەناردا دا. لە مانگی شوباتیشدا تیرۆرستانی جوو هەڵمەتێکی ڕاوەدوونان و کنەوپشکنینان بۆ دەستکەوتنی چەک دەستپێکرد، پەلاماری بنکەی سەربازی ڕێڕەوی فڕۆکەخانەیان دا و ئاتاریان لەسەر پاتاری نەهێشت و لەسەر زەوی ١٢ فڕۆکەی بریتانیایان تێکشکاند کە بایی سێ چارەک ملیۆن پاوەن بوون. دوو لەو جووانەی لە پەلامارەکەی سەر ڕێڕەوی فڕۆکەخانەکەدا بەشداربوون، کوژران. لە بەخاکسپاردنیشیاندا ٥٠،٠٠٠ جوو ئامادەی سەر قەبران بوون.[٢٠]

لەسەروبەندی هەمان کاتدا، ڕۆژنامەوانێکی فەرەنسی سەردانی فەڵەستینی کردبوو، ئەم گفتوگۆیەی لە قاوەخانەیەک لە تەلئەبیب لەگەڵدا کرابوو، ئەمەش دوای ئەوەی گەنجێک کە لەسەر مێزەکەی تەنیشت ئەو دانیشتبوو، تازە نانیخواردبوو ئەوێی جێهێشتبوو.

- "ئەرێ زانیت ئەوە کێ بوو لەوێ دانیشتبوو؟" ڕێنوێنێکی ئاژانسی جووەکان وەها بە ڕۆژنامەوانە فەرەنسییەکەی گوت.
- ئەویش بەرسڤی دایەوە: "نەخێر."
- "ئەوە «ئەنتێل Untel» بوو، ئەندامێکی ئیرگون بوو. پۆلیسی سزادانی تاوانەکان پاداشتی بۆ هەر خەبەردانێک لەسەر ئەو داناوە."
- "هەموو کەسیش دەزانێ ئەو کێیە؟"
- "بەڵێ، من و هاموشۆکەرانی دیکە، پێشخزمەت و هەموو کەسێک، تۆش ئێستا زانیت. ئەو هەموو ڕۆژێ بۆ نانی نیوەڕۆ لێرەیە."
- "کەسیش خەبەری پۆلیسی لێنادا؟"

- "نا، نەخێر هیچ کەس."[٢١]

ئەفسەرێکی بریتانی هەوڵیداوە شکستی خۆیان بۆ گەڕان بە دوای جووە گومانلێکراوەکان و گرتنیان بەو دەردەدڵییەوە بشارێتەوە: "هیچ کامیان یەکبەرگی ناپۆشن تا بناسیرێنەوە و لە هاووڵاتی ئاسایی جیابکرێنەوە، هەر بۆیە هەمیشە و بە تەواوی جڵەوی دەستپێشخەرییان لە دەستی خۆیان دایە."[٢٢]

لە لەندەنەوە حکومەت لەسەر جڵەوگیریی خۆی بۆ سیاسەتی کۆچبەرەکان مکوڕبوو، ئەمە لەو کاتەدابوو هەر لە تاوتوێکردنی پرسەکەدا بوو، هێزی سەربازیی بریتانیاش بۆ وەستانەوە دژی هەڵگەڕانەوەکە مەزندەیەکی پێکەنیناویان کردبوو. لە یەکێک لە بۆنەکان، کاتێک بە ئەفسەرانی هەنگی شەشەمی گوێزەرەوە لە ڕێی هێزی هەواییەوە گوترا جلی ئاسایی بپۆشن، بەڵکو بتوانن سۆراخی ئێزگەی ڕادیۆی خۆجێی لە تەلئەبیب بکەن، ئەوە بوو هەر یەکێک لەوان لەبن جلێکی ئاسایی، سووکە چاکەتێک و بۆرەفانیلەیەکیان پۆشی، هەرزووش دەرکەوت لەم کارەیان ڕاست بوون.[٢٣] کنەوپشکنینەکە ئامانجی خۆی بەدیهێنا. ئەو تەلارەی ڕادیۆکەی لێ پەخشدەکرا دۆزرایەوە و ئابلۆقەدرا، ئەوە بوو هەم ڕادیۆکە و پێشکەشکارە چەکدارەکانیش گیران. "ئەوەی تا ڕاددەیەکی باش شایانی چاوتێکردنە، ئەو دەقەی لە ڕادیۆکەدا لەبەردەستی بێژەراندا گیرا، لەسەر ئەو بڕگەیە بوو، کەوا ڕاگەیاندنکارەکانی ئامادەبوون تا دوا پیاویان بەرگری لە ڕادیۆکە بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بیریان لە شتێکی باشتر کردبووەوە."[٢٤]

ئەم سووکە سەرکەوتنانە هەم کەم بوون و هەم مەودای دووریشیان لەنێواندا هەبوو. لەو نێوەشدا بریتانییەکان باجی مەرگیان تا دەهات هەڵدەکشا. لە بەرایی مانگی ئازاردا ئیرگون

پەلامــاری جبەخــانەی ســوپای بریتــانی لە بــنکەی «ســارافاند Sarafand »دا دا و پۆلیسـێکیان کوشـت. لە هەوڵێکـی دیـکە بـۆ بەدەستخســتنی چەکــی زیــاتر، لە کۆتــایی نیســاندا پەلامــاری پۆلیســخانەی «ڕامــات گــان Ramat Gan »یــان دا و ســێ پۆلیســیان کوشــتن و ئەوانــیش بە برینــداری چــوار پیاویــان لەدەستدان. پاشـان لە ٢٤ی نیسـاندا تـاقمی سـتێرن دەسـتی بەسـەر یەکەی پەرەشـووتوانەکان لە گەراجـی تەلئەبیبدا گـرت. تـاقمەکە بە دەسـتەیەکی پێکهـاتوو لە شـەش ژن شـەش سـەربازیان کوشـتن و دوو کەسیشیان هێشتا هەر لەناوجێگەدان.

ئەفســەرێکی هەنگــی شەشــەمی پەرەشــووتوانان گێــڕایەوە؛ "جووەکــان، بە تــایبەتیش «ئیرگــون زڤــای لیــومی» ســەلماندیان ئــازاترین گەریــلا و کەمــۆترین جەنگــاوەرن، کە تــا ئێســتا چــاوم پێیانکەوتبێ."[٢٥] کەچی تا دەهات توانستی ئەو هەنگە سـەربازییە بۆ بەرەنگاربوونەوەیــان لە کــورتی دەدا. شــەڕەکە لەســەر شــانی ئەفسەرە تەکوزییەکان و ئەو پیاوانەبوو کە خۆبەخشـانە هـاتبوونە ڕیزی پەرەشووتوانەکان، ئەوانیش لەگەڵ کۆتاییهـاتنی جەنگدا و بە هـۆی تەسـریحبوون تووشـی تەنگـوچەڵەمەی خۆیـان هـاتن. ئـاخر تەسـریحبوونەکە بەو ڕێسـایە دەڕۆیشـت، ئەوەی لە پێشـدا هـاتبێتە ڕیز، زووتر تەسریح دەبێ، بۆیە ئەفسـەرە ئەزموونـدارەکان زووتـر دەگەڕانەوە نیشــتمان. کەســانێکیش جــێگەی ئەوانــی دەگــرتەوە، ئەزمــوونی کەمتریــان لە شــەڕ و کوشــتاردا هەبــوو. ئەمــانە وەک ئەوانەی پـێش خۆیـان ڕێـزی فەرمانـدەکانیان نەدەگـرت، تەکـوزی و دیســپلین تــا دەهــات لاوازدەبــوو، چــونکە چــاوەڕێی ڕۆژی تەســریحبوونی خۆیــان دەکــرد. دوابەدوای دەستبەســەرداگرتنی ڕووداوی پــارکەکە، بــۆرە هەڵــگەڕانەوەیەک ڕوویــدا. «لــۆرد

ئـالانبروک Lord Alanbrooke»ی ئەفسـەری دەسـتەی گشـتیی ئەرکـــانی جەنـــگ، کە کـــارەکەی کۆتاییهـــاتبوو، ترســـا لەوەی ســـەربازەکان "لەبەر بەردەوامبـــوونی پەلامارەکـــان لە دەســـت دەربچـــن، ئـــاخر لە کاتێکـــدا ڕێـــگە بە ســـەربازەکان نەدەدرا دەستیانبکەنەوە."[٢٦]

لەو نێوەشدا کۆمیتەی ئەنگلۆ-ئەمریکایی شکستیهێنا ڕاپۆرتێک بە دڵـی «بـێڤن» بنووسـێ. دوور لە هاوسـۆزی لەگەڵ تەنگـژەی بریتانییەکـان، زۆرینـەی شـەش ئەنـدامە ئەمـریکییەکە لە کـۆی ١٢ کەسـەکەی کـۆمیتەکە لەو بڕوایەدابـوون، کێشـەکە بەوە چارەسـەر دەبـێ، ئەگەر هـــاتوو بریتانیـــا ١٠٠،٠٠٠ کـــۆچبەرەکەی پەژرانـــد هەروەک «ترومـــــان» خواســـــتبووی. ئەنـــــدامە بریتانییەکـــــانی کـۆمیتەکەش بە دوودڵـی ڕاسـپاردەکەیان پەسـەندکرد؛ بەڵام ئەوان توانیـــان قەنـــاعەت بە هاوتـــا ئەمریکییەکـــان بهێـــنن قـــایلبن بە ڕەخنەگرتنێکی توند لەو سەرکۆنەکردنە نیوەناچڵییەی «بنگۆریۆن» لە پەلامـــاردانەکەی مـــانگی کـــانونی یەکەمـــی پێشـــوو بـــۆ ســـەر پۆلیســـخانەکە و داوایـــان لە ئاژانســـی جووەکـــانیش کـــرد، تـــا هاوکاریەکەیـان لەگەڵ حکومەتی بریتـانی نـۆژەنبکەنەوە بـۆ ئەوەی تیرۆریزم و کۆچی بە قاچاغ ڕابگرن. هەروەهـا ڕاپـۆرتی کـۆمیتەکە ڕاســپاردەی ئەوەشــی تێــدابوو، دەبــێ تیرۆریــزم "گردەبــڕانە سەرکوتبکرێ".[٢٧]

«ترومان» بەبێ گەڕانەوە بۆ «ئـاتلی»پڕۆژەی کـۆمیتەکەی بـۆ کـۆچبەری پەسـەندکرد، بەڵام ڕاشـکاوانەش هەر هەوڵێکـی دیـکەی یارمەتیـدانی ئەمریکـایی بـۆ سـەپاندنی سیاسـەتێک کە وروژانـدنی عەرەبەکانی لێبکەوێتەوە، ڕەتکردەوە. «ئـاتلی»یش تووڕەبوونەکەی خـۆی نەشـاردەوە. ڕاسـتییەکەش وەهـا بـوو، ئەو بە کـابینەی

حکومەتەکەی خۆی گوت، کە وڵاتە یەکگرتووەکان "لەسەر حیسابی ئێمە بە دوای بەرژەوەندییەکانیدا دەگەڕێ" و بۆ گەیشتنیش بەو مرازە فشاری خۆی خستوەتە سەر ئەندامە ئەمریکاییەکانی نێو کۆمیتەکە.[28] لەگەڵ پتربوونی تووڕەیی حکومەتەکەی لە هاوپەیمانەکەی، ئەوە بوو «بیڤن» دواتر ڕووهەڵماڵراوانە بە کۆبوونەوەی پارتی کرێکارانی ڕاگەیاند، ئەمریکاییەکان فشاردەخەنە سەر بریتانیا تا ئاوارەکانی جوو بگرێتە خۆی، "چونکە ئەوان ئەو ژمارە زۆرەیان لە نیویۆرک ناوێ."[29] وەک چاوەڕێش دەکرا ئەو پەلارە لە ئەمریکا هەرای نایەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو، «بیڤن» هەر وتەیەکی «جێمس بێرنس James Byrnes»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکای دارشتبووەوە.[30]

تاکە ڕووی سوودبەخشی ڕاپۆرتەکە بە گوێرەی خەمی بریتانییەکان ڕەخنەگرتن بوو لە ئاژانسی جووەکان، چونکە دەستڕۆیشتنی ئاژانسەکە لە فەلەستین ئەوانی پەستکردبوو. ئاژانسەکە لە ساڵی ١٩٢٩ دامەزرابوو، ڕۆڵی ڕاوێژکاری و ڕۆڵە لاوەکییەکەی تا دەهات لە نێو دەسەڵاتی مانداتدا بەرجەستەدەبوو. ئەوە بوو لە قەڵا بە بەرد دروستکراوەکەیان لە ڕۆژئاوای ئۆرشەلیمەوە وەک هێڵێکی تەریب لەگەڵ ئیدارەی بریتانی لە فەلەستیندا حوکمیاندەکرد، ئەو ئیدارەیەی بارەگاکەی لە لابالی خوارووی هوتێلی «شا داود»، کە هەر نیو مایلێک لە بارەگای ئاژانسەکە دووربوو، دامەزراندبوو. ئاژانسەکە دەستەیەکی هەڵبژێردراوی قانونداڕێژ، ئەنجوومەنێک و هۆبە کارگێڕییەکان و سوپایەکی نیمچە نهێنیشی هەبوو. دواتر دەسەڵاتی بریتانی پشتیان بە ئاژانسەکە بەست تا زانیارییان لەسەر تیرۆرستان بدەنێ، ئەمەش شتێکی گرنگی پێبەخشین، کە دەسەڵات بوو. «ئەلێک

کـێلار» لە دەزگـای « MI5»یـش گـوتی: "شــتێک وەک پــێگەی دەسەڵات لەنێو دەسەڵات" دەوڵەت لە نێو دەوڵەتدا بوو.[٣١]

ئەو بێئــۆقرەییەی بریتانییەکــان هەســتیانپێکرد، گەشــەکردنی دەســەڵاتی «بنگۆریـۆن»ی سـەرۆکی ئاژانسـی جووەکـان بـوو، کە ئامــاژەی هەســـتیارانەی دەدا بەوەی «یوشــیڤ» پێویســـتی بە خۆئامادەکردن بۆ شەڕکردن هەیە. هەروەک سوپاسـالاری بریتـانی لە فەڵەســتین لە کۆمێنتێکـدا گــوتی، دەکــرێ ئاژانســی جــوو "لە تیرۆریــزم بێزاربــێ، بەڵام هەر وتـارێکی تونـدڕۆ... ڕاشـکاوانە لە سـەرێکەوە دەسـەڵاتی حکومەت لە پاراستنی قـانون و تەکوزی و لەســەرێکی دیکەشــەوە دۆزی عەرەب پشــتگوێبخا، هەروەهـا ببێـتە مــایەی شــۆڤێنیزمی و نــالێبووردەیی لە سیســـتمی خوێنـــدن و فێربــوونی خۆیــدا، ئەوا هەمــوو ئەمــانە زەمیـنەی کوێربــاوەڕی و گەشەی تیرۆرسیتیانە خۆشدەکەن."[٣٢]

بە کۆتاییهـاتنی سـاڵی ١٩٤٥ ئەوە لای بریتانییەکـان سـەلما، کە ئاژانســـی جـــوو بە ســـووک و ئاســـانی ســـەرکۆنەی تیرۆزمـــی نەکـــردووە، بەڵکــو کارایــانەش دەســـتی لەگەڵ تیرۆرســـتەکاندا تێکەڵکردووە. لە ڕێی دزەکردنی زانیـاریی و سـەرچاوەکانی خۆیـان لە نێــو ئاژانســـەکەدا، بریتانییەکــان بە نــاوەڕۆکی ژمــارەیەک لە بروسـکەیان زانـی، کە بـۆ پـایزی هەمـان سـاڵ دەگەڕانەوە، تێیـدا پەسەندنامەی دەستەی کارگێڕی ئاژانسەکە بـۆ هێـرش و پەلامـاری قەبەی ٣١ی تشرینی یەکەم بۆ سەر وێستگەکانی قیتـار دەربڕیبوو، ئەمەش "لە ڕێی کارکردن بوو لەگەڵ ڕێکخراوە جیابووەوەکـان، کە پێویســـت بـــوو لە ژێــر فەرمانـــدەیی ئــێمەدا بە چەنـــدین ئەرک هەڵبستن."[٣٣]

بیرۆکەیەک خەریکبوو لای بریتانییەکان گەلاڵە ببێ... خۆ ئەگەر نەیانتوانی ڕاستەوخۆ دزەبکەنە نێو تۆڕی تیرۆرستی، لەوانەیە بە بەسەردادانی ئاژانسی جووەکان، ئەوا نەوەک هەر زەبرێکی کەمەرشکێن لە تیرۆرستەکان دەدەن، بەڵکو بە نمایشکردنی کلکگرێدانی ڕاستەوخۆی ئاژانسەکە بە تیرۆریزم کارێکی وەها بکەن بۆ «ترومان»یش سەخت بێ داکۆکی لە بۆچوونەکەی خۆی بکا. ئیدی هیوایان وا بوو بەم کارە هەندێ بەڵگەنامەی تێوەگلانی فەرەنسییەکانیش بدۆزنەوە.

بیرۆکەی بەکارهێنانی هێز بە دڵی «بێرنارد مۆنتۆگۆمری Bernard Montgomery» سەرۆکی نوێی هێزی چەکداری بریتانیا بوو. لە گەشتێکی بۆ ئاشنابوون بە پابەندییەکانی بریتانیای لەودیو زێیەکانەوە، لە کۆتایی مانگی حوزەیران بەرلەوەی پۆستە نوێیەکەی وەربگرێ، سەرێکی فەڵەستینیشی دا، لەوە تۆقی، کە "کاروباری دەوڵەتی بریتانی هەر بە ناو هەیە، دەنا دەسەڵاتداری ڕاستەقینە جووەکانن، کە دروشمی سەرزاریان ئەوە بوو "تۆ ناتوانی دەستیشمان لێبدەی""[٣٤] ئەم گۆبەندەش هەر یەک دوو ڕۆژ دواتر بە ڕاستی وەرگەڕا، ئەو کاتەی ئیرگون پێنج ئەفسەری بریتانی ڕفاند، ئەمەش لەو کاتەدا بوو، کە لە یانەیەکی خۆیان لە تەلئەبیب خەریکی نانخواردنی نیوەڕۆ بوون. هەر خێراش ڕێکخراوە ڕفێنەرەکە دوو ئەفسەری بەردان و ئەوەش ڕوون بوو، ئازادکردنی ئەوانی دیکەش بەندە بەوەی ئاخۆ بریتانییەکان دوو ئەندامی ئیرگون لە سێدارەدەدەن یان نا، ئەو دوو کەسەی لەمێژ نەبوو بڕیاری مەرگیان بۆ دەرچووبوو. کاتێکیش بریتانییەکان حوکمەکەیان لەسەر سووککردن، ئیرگون هەر سێ گیراوەکەی دیکەی لە سندووقێک لە دەرەوەی ئەو یانەیەی لێی گرتبوون،

بەڕەڵاکـــرد. یەکێکـــیش لە ئەفســـەرەکان نووســـی: "ئـــای لەو سووکایەتییە!"[٣٥] ئیرگون ڕفاندنی بۆ کاریگەریی وێرانکەرانەی خۆی بەکارهێنا.

«مۆنتۆگێمری» تا ئەو کات ببووە فیلد مارشـال و ڤایکۆنـت[١٠٦]/ viscount، بڕیاریـدا مێزەکـان هەڵبگێـڕێتەوە. بەر لە جەنـگ لە فەڵەســتین ئەو گــوڕدەمی هێــزێ بــۆ ســـەرکوتکردنی هەرا و یاخیبوونی عەرەبەکان بەکارهێنا، ئێستاش هەمان ڕێگەچارەی بۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ جووەکـان پێشـنیازکرد. تـا ئەو کـات کـابینەی «ئاتلی»یش بەو ڕێکارە قایلبوو. "خۆ ئێمە هەر نـاچین نـاڕەزایەتی دەربڕین و لێدوانی پەرلەمانتارییـانە بدەین"، «هێربەرت مۆریسۆن Herbert Morrison»ی جێگـــری ســـەرۆوەزیر ئەوەی پەســەندکرد.[٣٦] وەک خۆئامـادەکردنیش بـۆ ئەو هەڵـمەتە گەورەیەی بە ناوی «ئاگاسـا Agatha» لە دژی ئاژانسی جووەکان و هاگانـا بە نهێنییەکـــی زۆر بەڕێوەچـــوو، ئەوە بـــوو لە کۆتـــایی مـــانگی حوزەیراندا «مۆنتۆگێمری» فەرمانی بە «ئیڤلین بارکەر Evelyn Barker»ی فەرمانـــدەی گشـــتیی بریتانیـــا لە فەڵەســـتین کـــرد "زەبرێکی توند و گەورە و دەمکوتکەرانە بوەشێنێ، مەبەستیش تا بکرێ بەزاندنی تەواو و سەرتاسـەری جووەکـان بێ... هەنووکەش دوای ئەوەی جووەکـــان بەڕووی ئـــێمەدا هەڵشـــاخان، دەبـــێ بە تەواوی شکسـتیان پێبهێنـرێ و ڕێکخـراوە ناقانونییەکانیشـیان بـۆ هەتاهەتایە ڕیشەکێش بکرێن".[٣٧]

بریتانییەکان ڕۆژی شەممە، شـاباتی جووەکانیـان بـۆ وەشـاندنی زەبرەکەیـان هەڵبژارد. سـەعات چـوار و چـارەگی بەرەبەیـانی ٢٩ی

١٠٦ ڤایکۆنت پلەیەکی بەریتـانیی نەجیبزادەییە، پلەیەک لە بـارۆن هەورازتـرە و لە ئیرلیش نزمترە.

حوزەیران هێزێکی ١٧،٠٠٠ کەسی، پێکهاتوو لە هەنگی گواستنەوە بە هێزی ئاسمانی و پۆلیسی فەڵەستینی بەسەر ئاژانسی جووەکان و هاوزەمانیش بەسەر ئەندامانی کارگێڕی ڕێکخراوەکە لە ماڵەکانی خۆیان، هەروەها بەسەر ئەو ئەندامانەی کە بڕوایان وابوو ئەندامی ڕێکخراوی کۆماندۆی «پالماخ»ی دەستەبژێری هاگانا بن، دادا. بریتانییەکان لەم بەسەردادانەدا سێ تڕومبێلی باری پڕ لە بەڵگەنامە لە ئاژانسەکەیان بارکرد، هەروەها ٢.٧١٨ کەسیشیان دەستبەسەرکرد، لە نێویاندا زۆر لە کارگێڕانی ئاژانەکە و زۆر لە ئەندامانی پالماخ بوون، ئەو پالماخەی کە سەرکردەکەی هێدمەگرتی بوو بەوەی "بریتانییەکان چ زانیارییەکی دروست و وردیان لا هەبووە."[٣٨] ئەفسەرە بریتانییەکان لەوە نەگەیشتن کەوا ڕوبەڕووی چ دوژمنکارییەک دەبنەوە. یەکێکیان گوتی؛ "ئای لەو جووە نەفرەتیانە، ئێمە لە «عەلەمەین» و شوێنەکانی دیکە دەربازمان کردن، کەچی ئاوامان بەسەردێنن."[٣٩]

هەڵمەتەکە لە چەشنی خۆی بێوێنە و بێپێشینە بوو، بەڵام لەوەشدا شکستیهێنا، کە ئەو کودەتایە دڵخوازی بریتانییەکان بێ. لە ڕێی ئەفسەرێکی سوپای بریتانی هاوسۆز لەگەڵ جووەکان، دەزگای هەواڵگری جوو بە چەند هەفتەیەک پێشتر زانی بەسەریاندادەدەن، هەفتەیەکیش بەر لە هەڵمەتەکە لە ڕادیۆکەیاندا ئاگادارییان بڵاوکردبووەوە. لە ئەنجامیشدا، هەرچەندە سەربازانی بریتانیا جبەخانەیەکی گەورەی جووەکانیان لە یەکێ لە نشینگەکاندا دۆزییەوە، بەڵام گەڕان و پشکنینیان لە بارەگای ئاژانسی جووەکاندا هیچ شتێکی وەهایا نەدۆزیەوە کە هەر بەڕاستی بە هۆیەوە تاوانباریان بکەن.

لە بەراییدا بریتانییەکان ماهیمان.[١٠٧] «دیک کاتلینگ Dick Catling»ی سەرۆکی هۆبەی زانیاریی دەزگای سزادانی تاوان دەردەدڵەکەی بەم جۆرە دەربڕی: "ئێمە لە وەدەستکەوتنی بەڵگەنامەی وەها کە پەیوەندی ئاژانسی جوو بە تیرۆرستان بسەلمێنێ، شکستمان هێنا. ئێمە لە بەدەستهێنانی بەڵگە سەرنەکەوتین، خاترجەمم بەڵگەی وەها لەوێ هەبوون، بەر لەوەی ئێمە بگەینە ئەوێ تا پەیوەندی ئەوان بە بەقاچاخهێنانی ئاوارەکان بسەلمێنرێ. کەچی ئێمە شکستمانهێنا و هیچمان دەستنەکەوت."[٤٠] لەو نێوەشدا فەرەنسییەکان بەخۆشییەوە چێژیان لەو ساتە بینی کاتێ ئەفسەری « MI5» ی بریتانی بە فەرەنسییەکانی گوت؛ بە هەندێک سەرسامییەوە بریتانییەکان هیچ شتێکی گوماناویمان لەنێو ئەو بارستە کاغەزانەی ئاژانسی جووەکان نەدۆزیەوە.[٤١] تاکە بەڵگەی لەیەکنزیکبوونەوەی پەرەسەندوو لە نێوان حکومەتی فەرەنسا و زایۆنیستەکان ئەو وێنەیە بوو، کە لە ڕۆژی هەڵمەتەکە گیرابوو. وێنەکە دوو پیاوی تێدا بوو، کە سەرتۆپی لیستی داواکراوی بریتانییەکان بوون، ئەویش سەرۆکی ئاژانسی جووەکان و بەرپرسی هاگانا بوو لەسەر مێزێک لە قاوەخانەیەک قاچیان لەسەر قاچ دانابوو. «داود بنگۆریۆن» و «موشێ سنێ» زیاتر لە ٢٠٠٠ میل لە فەڵەستینەوە دوور بوون، ئەوان لە پاریس بوون.

هەرچۆنێک بێ قەبەیی هەڵمەتی ئاگاسا Agatha زایۆنیستەکانی پەستکرد، ئەوان دەمودەست دڵنیا نەبوون لەوەی ئاخۆ ئەو گەڕان و پشکنینەی بارەگای ئاژانسی جووەکان هیچ بەڵگەیەکی تێوەگلانیان لە تاوان بۆ دەرخستوون یان نا. ئەوە بوو لە ١ی تەممووزدا «مۆشێ سنێ» پەیامێکی بۆ «مێناحیم بێگن»ی

---

١٠٧ ماهیمان: دۆشدامان. واقیان وڕمان. تووشی شۆک بوون.

سەرکردەی ئیرگون نارد، داوای لێکرد بارەگای سەرەکی ئیدارەی بریتانی لە فەڵەستین بە بۆمبا بتەقێننەوە، ئاخر ئەو شوێنە بە گوێرەی گریمانەی «سنێ» هەموو بەڵگەنامەکانیان لێکۆکردووەتەوە و لەوێ شیتەڵیدەکەن.[٤٢] ئیدی دوای نیوەڕۆی ٢٢ی تەمموز حەوت ئەندامی ئیرگون، کە خۆیان وەک عەرەبی شیرفرۆش هەڵخستبوو بەنێو بازگەی ئاسایشی هوتێلەکەدا چوونەژوور و عەرەبانەی دەبەی شیریان بردنە ژوور کە ٢٥٠ کیلۆگرام تەقینەوەیان تێدا حەشاردابوو، لەڕێی ناندینی هوتێلەکەوە گەیاندیانە «لا رینگس La Régence»، ئەو یانە شەوانەیەی کە ڕاستەوخۆ دەکەوتە ژێر بارەگا سەرەکییەکەی بریتانییەکان. ئەوسا بۆمبچێنەکان لە هوتێلەکە هاتنەدەر، بە لاڕێدا هاتنە لای گەراجەکە و لەوێشەوە بە بەردەم کونسولخانەی فەرەنسییدا سواری ترومبێل بوون و بۆی دەرچوون. لە سەعات ١٢:٣٧ ی شەویشدا بۆمبەکان تەقینەوە، بەم تەقینەوەش لابالی خوارەوەی هوتێلکەکە داڕما. هەمووی بەسەریەکەوە ٩١ کەس کوژران و ٤٥ی دیکەش بریندار بوون.

یەکێک لە دەربازبووەکان «ڕۆبەرتی نیوتن Robert Newton» بوو. لە نهۆمی پێنجەمی هوتێلەکە کاریدەکرد. ئەو وەهای گێڕایەوە؛ "لە بری ئەو دیوارەی پشت کورسییەکەی من، خۆم لەسەر لێواری کەندارێکی ڕووخاوی پێنج نهۆمییدا بینییەوە. ئەسانسێر و پەیژەکانی دیوەکەی دیکەی هوتێلەکە بە تەواوی داڕمان و نەمان، لەگەڵ ئەوانی تایپیستەکانیش، ئەو ژوورەی کە تازە سەرمدابوو، لە تەنیشت ژووری هاوڕێکانی من بوو، ئەوانەی کاتێک ژن و منداڵیان لەوێ نەبووایە دەهاتنەماڵەکەی من.. هەڵبەتە ئەو هاوڕێیەم بە خۆی و کیژە دڵسۆز و کەیفخۆشەکان ئەوانەی

کاریــان لەگەڵــدا دەکــرد ئێســتا بە مردوویــی لە شــوێنێک لەبــن داروپەردووەکەدان."[٤٣]

سکرتێری سـەرەکیش «سـێر جۆن شـۆو Sir John Shaw» بە تاڵاوییەوە نووسی؛ "من نزیکەی ١٠٠ کەسم لە باشترین ئەفسەر و دۆسـتەکانم لەدەسـتدا. ١١ سـاڵ بـوو دەهـاتمە فەڵەسـتین و لێی دەردەچـووم؛ ئەو خەڵـکە بـۆ مـن واتـای زۆریـان هەبـوو، وەنەبـێ مەبەست هەر ئەفسەرە بریتانییەکان بێ، بەڵکو فەڵەستینییە دڵسۆز و متمانەدارەکانیش بوون بە چەندین جووشـەوە. دەسـتە یاوەرییە تایبەتییەکەم لە پۆلیس کە دەستەیەک بوون لێم جیانەدەبوونەوە و برادەری ٢٠ مانگ بوون، شوفێرە تایبەتییە ئەمریکییەکەم و زۆر لە خەڵکـی سـادە لەنێـو مردووەکانـدا بـوون. یـارمەتی هەڵکەنـدن و لابردنی داروپەردوو داڕماوەکەم دا تا تەرمی بۆگەنبوو دەربێنین و لە مــاوەی ســێ ڕۆژیشــدا بەشداریبەخاکســپاردنی ١٤ مــردووم کـرد."[٤٤] «شـۆو» کە بەئاسـتەم لەبەر بەربـوونەوەی چلچـرایەک لە نووسـینگەکەی لە مـردن ڕزگـاری بـوو، تـوانی خـۆی لەوێـرانەی نووسـینگەی دوای تەقینـەوەکە بێتەدەر. ئەو پێشـتر بەر لە هەشـت مانــگ ئاگــادارکرابووەوە لەوەی لە ڕێــی یــانەی شــەوانەی «لا ڕێگنســەوە»ە گەفــی ئاسایشــی لەســەرە، بەڵام ئەو دژی داخرانــی یــانەکە بـوو، چـونکە لەگەڵ دەسـتپێکی شـاڵاوی تیـرۆر، شـوێنی ڕابـواردن بـۆ کارمەنـدان مـابووەوە تـا کـاتی پشـووی خۆیـان تێـدا بەسەربەرن.[٤٥]

کونسولی فەرەنسی لە ئۆرشەلیم دوای دوو ڕۆژ لە تەقینەکەوە بە کەیفخۆشـییەوە ڕاپـۆرتی خـۆی دا؛ "هەروەک پیلانــی بــاروتی

ســاڵی ١٦٠٥[١٠٨]، بریتانییەکــان لەبیریــان چــوو بیــر لە ژێــرزەمین بکەنەوە."[٤٦] ئەو سەرکۆنەی بریتانییەکانی کرد بەوەی بڕوایان بەوە هێنــابوو، کە بە هەڵمەتــی «ئاگاســا» کــش مەلیکیــان لە جووەکــان کردبوو. کەچی زۆری پێنەچوو حاشایی لەو گوتەیەی ئیرگون کرد، گــــوایە کونســــولخانەی فەرەنســــی هەروەک هــــوتێلەکە بەر لە تەقینەوەکە زەنگی ئاگادارکردنەوەیان بۆ لێدرابوو، تـاقمەکەی بە چەنــد چرکەیەکــی چارەنووســســاز بەر لە تەقیــنەوە فەرمانیــان پێکردبێ هەمــوو پەنجەرەکانیــان بــکەنەوە، تــا مەترســی جامشــکان کەمــبکەنەوە. بەڵــێ لەوە بە ئاگــابوو، کە بریتانییەکــان هەوڵیانــدا ســەرەداوێکی پەیوەنــدی نێــوان فەرەنســی و تیرۆرســتە جووەکــان بــدۆزنەوە، کونســــوولەکە ســــووربوو لەســــەر ئەوەی، هــــورژمی پەســتانی تەقیــنەوەکە وای کــرد پەنجەرەکــان ببــنەوە؛ هەرچــی ئاگادارینــامەکە بــوو بە هەشــت خــولەک دوای تەقیــنەوەکە واتە لە سەعات ١٢:٤٥ی شەوەوە پێیانگەیشت.

ژەنەڕاڵ «بــارکەر» گەیشــتە تینــی و فەرمــانی بە ئەفســەرەکانی خۆیدا هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ خەڵکی جوودا بپچڕن "سزادانی جوو بە شێوەیەک، کە ڕەگەزەکەیان بێز لەخۆی بکاتەوە –بەوەی لە گیرفانیــان بــدرێ و ڕق و غەزەبــی خۆمانیــان نیشــانبدەین-" هەروەهــا فەرمــانی کێومــاڵێکی بەرفراوانی دیکەی کرد.[٤٧] ســەربازە بریتانییەکان پێنج عەمباری شــاراوەی چەکیــان دۆزییەوە، لە نێویدا جبەخــــانەیەکی تــــاقمی ســــتێرنی لە نێــــو ســــیناگۆکەکی گەورەی تەلئەبیبدا بوو. عەریفێکی پۆلیسی چــاوتیژیش «ئیســحاق شــامێر»ی

١٠٨ مەبەسـت لە هەوڵـی شکسـتخواردووی پیلانـی خـاپوورکردنی تـاجی پاشـایەتی جێمسی پاشای ئینگلستان و پەرلەمـانەکەی بـوو لە ٥ی نۆڤێمبەری ١٦٠٥، پیلانەکە لە لایەن ڕۆبەرت کاتسبی داڕێژرابوو.

سەرکردەی تاقمی ستێرن، هەرچەندە لەبن بەرگی ڕابایینێکەوە خۆی شاردبووەوە، بە برۆ جیاوازییەکانیەوە ناسییەوە، بەڵام «مێناحێم بیگن»، ئەو پیاوی لە تەقینەوەکە بەرپرسیار بوو، نەدۆزرایەوە. «بیگن» ئەمبارى ئەپارتمانەکەی لە نهۆمی سەرزەوی لە تەلئەبیب خۆی حەشاردابوو. چوار ڕۆژ لە حەشارگەکەی بێ ئاو خواردن مابووەوە، چونکە بەردەم و ناو تەلارخانەکە پۆلیس دەوریدابوو. ئەوان بە وردی شوێنەکانیان دەپشکنی، تەنانەت چووبوونە ئەو ژوورەی خۆی تێدا حەشاردابوو تەقەتەقیشیان لەو دیوارە دارە هێنابوو کە ئەو لەپشتی خۆی ماتکردبوو. «بیگن» گێڕایەوە؛ "ئەوان توند لە دیوارەکەیان دا، ئەوەندە توندیان لێدا بە ئاستەم توانیم خۆم جڵەوبکەم."[٤٨]

هەرچەندە تەقاندنەوە هوتێلی «شاداود» زەبرێکی کەمەرشکێن بوو بەر ئیدارەی بریتانیا لە فەڵەستین کەوت، بەڵام کاردانەوەی پێچەوانەشی بەسەر ئیرگون و لایەنی سیاسی ئاژانسی جووەکانەوە هەبوو. لەنێو ئەو هەموو سەرکۆنە نێودەوڵەتییەی بۆ کردەکە کرا، هەر زوو ئاژانسی جوو هەموو پەیوەندییەکی بە ئیرگون و تاقمی ستێرن بڕی، هەستیشی کرد "ئەوە دەرببڕێ ئەم کارە سامناکە و ئەم تاوانە قێزەونەی لە لایەن تاقمێکی شەڕانگێز کراوە"، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕاشکاوانە سەرکۆنەی پێشێلکارییەکەی نەکرد.[٤٩] وێڕای نکولیکردنی «بنگۆریۆن» لەوەی ئاژانسی جوو لەگەڵ تیرۆرستان هاوڕێک بێ، کەچی کاتێ حکومەتی بریتانی کتێبی نوێی بڵاوکردەوە، کە تێیدا ئەو بەڵگانەی خستەڕوو کە ئاماژە بە هاوڕێکی ئاژانسەکە و ڕێکخراوە

تیرۆرستییەکانی دابوو، هەڵوێستی بنگۆریۆنی سەرۆکی ئاژانسەکەی بە لاواز نیشاندا.

ئاژانسەکە کتێبی سپیی بریتانی ڕەتکردەوە و بە شتێکی "تێکەڵوپێکەڵی" لە قەڵەم دا و بۆ بنکۆڵکردنی و داڕسانەکەی حکومەتی بریتانیاش، گوتیان ئەگەر بریتانیا بەڵگەی هەواڵگریی هەیە با ئاشکرایان بکا، ئەمەش هەنگاوێک بوو، دەیانزانی بریتانیا شتی وەها ناکا.[50] کەچی لەبەر ئەوەی بەشی زۆر لە کارگێڕەکانی ئاژانسەکە گیرابوون، بەدەر لە گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ بریتانیا دەرەتانی نەما.[51] «بیڤن»یش لە ٢٥ی تەمموز لە کۆبوونەوەی کابینەکەی خۆی بە جۆرێک بە ئاسوودەبوونەوە تێبینی ئەوەی دا، کە "جووەکانیش بە دابەشکردنەکە قایلن."[52]

ئەو گۆڕانە لەپڕەی لە هەڵوێستی ئاژانسی جووەکان پەیدابوو، هەستێکی وای لای سەرکردەکانی ئێرگون و تاقمی ستێرن، لای «مێناحیم بێگن» و «فریدمان یەلین» پەیداکرد، کە گۆشەگیرکراون. بەو قەناعەتەی کە «داود بنگۆریۆن» ناپاکییان لەگەڵدا دەکا، بۆیە ئەوان چاویان بڕیە سەر دەرەوە تا درێژە بە شەڕی خۆیان بدەن.

# ٢٧
# کۆمەڵەی ئەمریکایی بۆ ڕزگاریی فەڵەستین

دەق هەر یەک هەفتە پاش تەقاندنەوەی هوتێلی «شا داود»، گروپێک کە ناوی کۆمەڵەی ئەمریکایی بۆ ڕزگاریی فەڵەستینیان لەخۆنابوو، نامەیەکی کراوەیان بۆ «هاری .س ترومان» لە «نیویۆرک پۆست»دا بڵاوکردەوە، هانیاندابوو قسەکانی خۆی بسەلمێنێ. نامەکە وەک تێبینییەک ئەوەی تێدا هاتبوو، سەرۆک بانگی بریتانییەکانی کردووە ڕێگە بە ١٠٠،٠٠٠ جوو بدەن بێنە فەڵەستین، کەچی ساڵێک بێ ئەنجام بەسەریدا تێپەڕیوە. یەک ملیۆن و نیو عیبری لە ئەورووپا لە گێتۆ[١٠٩] خوێناوییەکان، لە ئۆردوگای ئاوارەکان لەسەر جادەوبان و لە بەندەرە ئاوییەکان چاوەڕێدەکەن. ئەوان چاوەڕێی ئاماژەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن، جەنابی سەرۆک ئەوان چاوەڕێی تۆ دەکەن دەستبەرداریان نەبی، بەڵکو مافی بنچینەیی ژیان و شکۆمەندی و ئازادییان پێبدرێ.[١]"

کۆمەڵەکە هەر دووساڵ پێشتر لە لایەن پیاوێک بە ناوی «پیتەر بێرگسن Peter Bergson» دامەزرابوو، نووسینگەکەشی لە شەقامی ڕۆژئاوا ژمارە ٤٩ی نیویۆرک بوو، ئەو بەو شێوە داڕساویە[١١٠] هاتەمەیدان، چونکە بۆنی خوێنی دەکرد. هەڵبژاردنە نیوەییەکانی مانگی کانونی دووەم نزیکدەبووەوە، ئەوەش دیار بوو سەرۆکایەتیی ترومان کەوتبووە تەڵزگەوە. ئەمریکا ڕەچاوی دەکرد

---

١٠٩گێتۆ: نشینگە و گەڕەکە جوونشینەکانی ئەوروپا، شوێنی تایبەت بە جوو، لەبن کۆتوبەندی چڕدابوون.

١١٠ داڕسان: ئاڵنگاری، تەحەدا.

خۆشـگوزەرانی بە دوای ئاشـتیدا بـێ، بەڵام وەسـتانی بەرهەمـی پیشەسـازی بـووە مـایەی پەیـدابوونی بێکـارییەکی زۆر و کەمبـوونەوەی کـرێ و مـز. کەمبـوونەوەی کـرێ و مـز مـانگرتنی بەدوایخۆیـدا هێنـا، بە نـۆرەی خـۆی بـووە مـایەی بڕینـی تەزووی کارەبا. لە دەستپێکی ساڵی ١٩٤٦دا ئیدارەی ترومـان ناچاربوو دان بەوەدا بنـێ، تەسـریحکردنی زۆر لە خزمەتگوزارەکـانی دوابخـا. ئەوانەی گەڕابوونەوە وڵات و بینیان کەموکورتی لە هەموو شتێکدا هەیە. بە تـایبەتی لە خـانووبەرە. ڕێـژەی تەڵاق هەوراز چووبـوو، خۆشەویسـتیی ترومـان دابەزیبـوو، هەڵبـژاردنیش نزیکبـووەوە و کۆمـاریخوازە ڕکابەرەکانیشـی پەیامەکەیـان تەنیـا لە دوو وشـەدا کورتکردبـووەوە. لە پۆسـتەرەکانی سـەر دیوارانـدا نووسـیبوویان: "بەسیەتی؟[١١١]"

«هاری ترومان»ی سووکەڵە و کەمبین و بێحەوسـەڵە، هەرگیز لەگەڵ خاسیەتەکانی سەرۆکی پێش خۆی، لەگەڵ هـی «ڕۆزڤێلت» نەدەهـاتەوە. ئەو کەمتـر لە ١٢ هەفـتە جێگـری سـەرۆک بـوو، ئەو کـاتەی هەواڵـی مەرگـی «ڕۆزڤێلـت»یـان پێڕاگەیانـد. دواتـر ئەو جوتیارەی پێشوو وەها وەسفی ئەو ساتەوەختەی کرد، کە بووەتە سـەرۆک دەوڵەتێکی هەرە بەهێزی دونیا وەک ئەوە وا بـوو " یەک بـارە کـا کەوتبێتە سـەرت."[٢] نائاسـوودەییەکەی خۆی بەرچـاو بـوو. یەکێـک لە هاوچەرخەکـانی ئەو سـاتەی لەبیرمـابوو کە ترومـان چاوەڕێی سوێندخواردن بوو؛ "کاتێ ئەو لەسەر کورسییە چەرمینە زلەکەدا دانیشـت... وەک پیـاوێکی زۆر بچـووک هـاتە پێشـچاوم."[٣] «ئێلینـور Eleanor»ی هـاوژینی ڕۆزڤێلتـیش ڕاشـکاوانە لێـی بە گومان بوو. دوای ئەوەی هەواڵی مردنی مێردەکەی وەڕاست گەڕا،

---

١١١ مەبەست لە دوو وشە، دوو وشەی ئینگلیزییە 'Had Enough

«ترومـان» داوای لە ژنەکە کـرد ئـاخۆ چ شـتێک هەیە بـۆی بکـا. ئەویش وەڵامیدایەوە "ئەرێ هیچ شتێک هەیە ئێمە بۆ تۆی بکەین؟ ئـاخر ئەوە تـۆی ئێسـتا کەوتـوویتە کێشـە."[٤] ئەو سیاسـەتانەی کە «ڕۆزڤێلت» بە یەکانگیری و متمانەوە بنیاتی نابوو پێدەچوو ئێستا شلۆق بن بۆ «ترومان». خەڵکەکەش مەراقبوون بزانن ئـاخۆ ئەگەر «ڕۆزڤێلت» مـابووایە، ئەو سیاسـەتانەی ئێستای پەیڕەودەکرد؟ لە هاوینی ١٩٤٦دا ئەو نوکتەیان دەکرد: "ئەرێ ئەگەر ئەو مابا ئێستا «ترومان» چیدەکرد؟[٥]

بە نزیکبـوونەوەی هەڵبژاردنەکـانی داهـاتوو، کۆمەڵەی ئەمریکـی بە ئەنقەست تێکۆشا وێنەی ترومان وەها بکێشێ، کە کابرایەکە هـی ڕابەرایەتـی نییە. لە مـانگی نیسانیشـەوە، واتە لەو کـاتەی کۆمیتەی ئەنگلـۆ-ئەمریکـایی ڕاپـۆرتەکەی خـۆی خسـتبووەڕوو، هـیچ پێشـــوەچوونێک ڕوویـــنەدا. «ئـــاتلی»، ڕێڕۆیشـــتن لەگەڵ ڕاسـپاردەکانی کـۆمیتەکەی بە مەرجـی چەککردنـی گـرووپە تیرۆرستەکانی جووی بەستەوە، لەسـەر ئەوەش سووربوو دەبێ ڕاسـپاردەکان لە کۆڕبەندێکـدا لە لایەن شـارەزایانی هەردوو وڵات تـاوتوێبکرێن. کـاتێکیش «ترومـان» هاوڕێـک بـوو لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە، نێردەی بریتانی بە لیستێکی ٤٣ خاڵی زیاتر هاتەپێشـەوە، وای دانـابوو شایسـتەی بەهەنـدهەڵگرتنن. کـاتێکیش لە کۆتاییـدا شارەزایان گەیشتنەسەر ئەوەی ڕاپۆرتەکەی خۆیان بەرزبکەنەوە، پێشـنیازەکەی ئەوان بەوەی نەتەوە یەکگرتووەکـان دەسـتەبەری دەوڵەتێکی سازشانەی فیدراسیۆن بۆ پارێزگاکانی عەرەب و جوو بێ، دزەپێکرا؛ ئینجـا دوای دزەپێکـردنەکە لەبـن فشـاری ڕەخنەی هەردوولایـــان شکســـتیهێنا. ترومـــانیش لەبەر سســـتوخاوی ڕێڕۆیشتنی پێواژۆکە و لەبەر فشاری بەردەوامی زایۆنیستەکان بە

کابینەی حکومەتەکەی خۆی گوت؛ لەگەڵ جوودا "کەڵکی نییە و باکیشی نییە هەر شتێک ڕووبدا."[٦]

کەچی بۆ ئەمە هۆکاری دووەم هەبوو، هۆکارێکی چارەنووساز کە ئاخۆ بۆچی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ ڕزگاریی فەڵەستین بڕیاریدا خۆی تێهەڵبقورتێنێ و بەردەوام تیشک بخاتە سەر سیاسەتە توندوبەندەکەی بریتانیا بۆ سنووردارکردنی کۆچی جووەکان و فشاریش بخاتە سەر سەرۆک ترومان. ئاخر هەر ڕۆژێک دوای تەقاندنەوەی هوتێلی شا داود، ترومان لێدوانێکی توندی لەو بارەیە دا و داوای لە "هەموو سەرکردەیەکی بەرسیاریی جوو" کرد بچێتە پاڵ ئەو "بۆ سەرکۆنەکردنی ئەو کوشتارە هۆڤیانەی لە ئادەمیزاد کرا."[٧] ئەو زیاتر لەسەر قسەکەی خۆی ڕۆیشت تا بڵێ، دەکرێ تەقینەوەکە "کۆچی جووەکانی فەڵەستین بوەخرێنێ". کۆمەڵەی ئەمریکیش لە هۆیەکی زیاتر لەبەردەست بوو تا هۆشدار بێ بەوەی ئەو تووڕەبوونە دەکرێ هاوسۆزییەکی ئەمریکی لەگەڵ بریتانییەکان بهێنێتە کایەوە. بۆ دەرکەوتنی ڕاستیش کۆمەڵەکە ڕوخسارێکی ئیرگونی «مێناحیم بێگن» بوو، ئەو ڕێکخراوەی هوتێلەکەی تەقاندەوە. خۆی «پیتەر بێرگسن» ناوێکی خوازراو بوو. ناوە ڕاستەقینەکە داڕێژەری ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ ڕزگاری فەڵەستین، «هیلل کوک Hillel Kook»ی ئەندامی پلە باڵای ئیرگون بوو.

«کوک» کوڕی ڕابایێنێکی ناسراوی فەڵەستین بوو، ئەو لە ١٩٤٠دا چووبووە ئەمریکا، وای چاوەڕواندەکرد وڵاتەکە ببێتە کلیلی بەدیهێنانی ئاواتی زایۆنستی، ئاخر لەوێ دانیشتوانێکی بەهێزی پێنج ملیۆنی جوو هەبوون. کەچی ئەوەی ئەو لەوێی بینی، دەزگای زایۆنیستی سەرەکی ئەوێ، کە کۆمیتەی فریادڕەسی

جووەکانی ئەمریکا بوو، یەکگر نەبوون. هاوسەرۆکی کۆمیتەکە واتە ڕابی «ستیفان وازیز» و « «هیلیل سیلڤەر Hillel Silver» بوون لەسەر تەکتیکەکانیان لەگەڵ یەک کۆک نەبوون: هەرچی «سیلڤەر» بوو کۆماریخواز بوو، دەیەویست فشاری زیاتر بخاتە سەر ڕۆزڤێلت تا لەو بازنەیەی تێدابوو بێتەدەر؛ لە کاتێکدا «وایز» کە وەک ڕۆزڤێلت دیموکراتخواز بوو، ئەو کارەی نەدەکرد.

«کوک» لە دەمەقاڵێ هەردوو پیاوەکە بێهیوابوو. ئیدی قەناعەتی هاتە سەر ئەوەی، هەر لەبەرئەوەیە زایۆنیستەکان سەرکەوتنی زیاتریان بەدەستنەهێناوە، ئەوە بوو لە ١٩٤٤دا کۆمەڵەی ئەمریکایی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین دروستکرد. ئامانجی سەرەکی کۆمەڵەکە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی توندڕەوانەی زایۆنیستەکانی فەلەستین بوو، بەوەی بە دوای کۆکردنەوەی داربووی دارایی بۆ «ئیرگون»دا بگەڕێن و هاوسۆزی لەگەڵ ڕێگای توندوتیژی ئەوان کە هاوتەریب بێ لە نێوان ململانێی زایۆنیستەکان دژی بریتانیا و ئەمریکییەکان لە "شەڕی سەربەخۆیی خۆیان" کە سەدە و نیوێک پێشتر ڕوویدا بوو. بڵاونامەیەکی دیکەی کۆمەڵەی ئەمریکایی لە تەمموزی ١٩٤٦دا ئەمەی خوارەوەی نووسیبوو: "وەک نەتەوەیەک لە نێو شۆڕشێک دژی هەمان ستەمکاریی بریتانی لە دایک بووە، ئێمە دەزانین ئێستا هیچ پرسێک ئەوەندەی ململانێ تاڵاو و سەخت نییە، ئاخر ئەوە داودی عیبرییەکانە[112] کە دەیەوێ «گۆلیات»ی بریتانی تێکبشکێنێ."[8] هەفتەیەکیش پاش ئەوە، «کوک» کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی سازدا. لەوێدا گوتی؛ "پێویستە نەتەوە شارستانەکانی

---

١١٢ مەبەست لە داود لێرەدا شا داودی عیبرییەکانە، ئەوەی بەگوێرەی تەورات گۆلیاتی زل و زەبەلاح تێکدەشکێنێ، لە ڕوانینی ئیسلامیشدا، داود پێغەمبەر بووە.

جیهـان لایەکـی ئەم کێشــەیە بگـرن. ئەوان پێویســتە یـان ڕەگەڵ دوژمنکـاریی بریتانییەکـان بـکەون یـان پاڵبـدەنە پـاڵ قوربـانییە عیبرییەکان."[90]

بەهرەی هەرە گەورەی «کوک» هێنانەڕیزی ناودارەکان بوو تـا بۆچـوونەکەی پەسـەندبکەن. «فرانـک سـینتارا Frank Sinatra، «بۆب هۆپ Hope»، «برایانی مارکس»[113] و «لیونارد بێرنستاین Leonard Bernstein» لە نێــو ئەو کەســانەدا بــوون، هەڵمەتنــامەکەی ئەویــان واژۆکردبــوو. هەروەهــا بە شــێوەیەکی سەرنجڕاکێشیش «ئیلینۆر ڕۆزڤێلتی»یش هەمـان شـتی کـرد. ئەوان و ئەو بڕە پارەیەی «کوک» بۆ لاپەڕەی بڵاونـامەکەی هەڵڕشـتبوو، بە مسۆگەرییەوە ڕووماڵی ڕۆژنامەوانییان بۆ کۆمەڵەکە کـرد؛ بەڵام بـۆ ئەوەی دەستیشــی لە واشـنتن بـڕوا، «گـای گیلیـت Guy Gillette»ی سـیناتۆری پێشـووی دیموکراتخوازەکـانی بەکرێگـرت، کە لە سـاڵی ١٩٤٤دا کورسـییەکەی «ئێیـوا Iowa» لەدەسـتدا. لە لایەن ئەنــدامێکی ســتافەکەش بەم شــێوە وەســفی «گیلیــت»ی سەرسپی و پیاوە کەشـخەکەی کـرد بۆ ئەوەی باشـترین نمـایش لە «کـایۆتۆل هیـل Capitol Hill»[114]دا بکـا، کە "دیـارە ئەو باشـترین پیاوە خزمەتی کۆمەڵەکە بکا."[10]

هێشتا سـەرەداوی پەیوەنـدی کۆمەڵەی ئەمریکی بە ڕێکخـراوی ئیرگـون نەزانرابـوو، بـۆیە بریتانییەکـان ڕێگەیـان بە «گیلیـت» دا، دوای تەقینـەوەی هـوتێلی پاشـا داود، سـەردانی فەڵەسـتین بکـا. لە

---

١١٣ خانەوادەیەکی ئەمریکی ئەکتەری کۆمیدی بەناوبانگی ئەمریکایی بوون، لە پێنج برا پێکهاتبوو.

١١٤ مەبەست ئەو ناوچەیە کە تەلاری کاپیتۆلی تێدایە، هێمایە بۆ کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئۆرشـــەلیمەوە و لەهەمـــان مـــانگی ئابـــدا ئەو ســـیناتۆرەی پێشـــوو بـــانگەوازی دەســـتبەردابوونی بـــۆ پـــڕۆژە پێشـــنیازێک، کە نەتەوە یەکگرتووەکـــان وەک ڕاســـپاردەیەک بەســـەر دەوڵەتـــی فیـــدراڵی فەڵەستیندا بڵاوکردەوە. «جیلیت» لە بروسکەیەکدا بۆ «ترومان»ی نووسی، ئەم بیرۆکەیە وا لەو دەوڵەتە دەکا دەوڵەتێکی سەربەخۆی بێ و دەسەڵاتێکی مانداتی کاتی بکاتە پارێزگایەک لە ئیمپراتۆریەتی بریتـــانی."[11] لە گەڕانەوەشـــیدا، «جیلیـــت» بیـــرۆکەی بریتانیـــا هەبوونێکی سەقامگیریانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەتکردەوە. ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی؛ "خۆ ئەگەر بریتانیا لەوێ نەما، ئەوا هیچ دوژمنکارییەک لە نێوان عەرەب و جوو لەبەیندا نامێنێ."[12]

بە هـاتنی مـاوەی هەڵبژاردنی کۆتـایی، «کوک» بە بیرۆکەیەکی نایـاب بـۆ ئەوەی کەڵـکەڵەی فەڵەسـتین لە مێشـکی دەنگـدەران و سیاسەتواناندا بهێڵێتەوە، هاتەمەیدان. لە ئەیلوولی ١٩٤٦دا ، واتە نۆ هەفتە بەر لە دەنگدان، کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ ڕزگاریی فەڵەستین، لە «برۆدوێـی Broadway[115]»یـدا شـانۆگەرییکی نـوێی نمایشـکرد. شانۆگەری "ئاڵایەک هاتەکایە" بە باشترین شێوە نمایشی کاروباری «کوک»ی کرد. شانۆنامەکە لە لایەن «بێن هێخت Ben Hecht» نووسـرابوو، «کـورت وایـل Kurt Weill»یـش مـوزیکەکەی بـۆ دانـابوو، لە لایەن «کوینتین ڕاینۆلـدس Quentin Reynolds»ی پەیامنێری جەنگیش گێڕدرایەوە، "ئاڵایەک هاتەکـایە" چیرۆکـی سـێ جـووی دەگێـڕایەوە، کە لە ئۆردوگـا زۆرەملێکـان ڕزگاریـان ببـوو، هەوڵیانـدەدا بگەنە فەڵەسـتین. کەچـی هەوڵـی دەرچوونیـان لە لایەن زلهێزەکـــان، نەخاســـمە بریتانییەکـــان پەکخـــرا. لە شـــانۆنامەکەدا،

---

١١٥ برۆدوێـی: شـەقامێکە بە درێـژای گەڕەکـی مانهـاتنی نیویۆرکدا ڕەتـدەبێ و بە باشترین مەڵبەندی شانۆ ناسراوە.

«مـارلۆن برانـدۆ Marlon Brando» ڕۆڵـی داودی دەگێڕا، ئەو کەسـەی لە تـونی مەرگ ڕزگـاریببوو، هەمـوو هەوڵێکـی دەدا تـا دەربـازبوو. «بێرنانـدۆ Brando» لە دوا سـات، کە شـانۆنامەکە گەیشتبوە لووتکەی وروژانـی خۆی هەر دەیپرسـی و دەپرسییەوە؛ "ئەرێ ئێوە لە کوێ بوون؟ ئەو کاتەی کوشتوکوشتار بـوو... ئێوە لە کـوێ بـوون؟ کاتێـک شـەش ملیـۆن کەس دەسـووتێنرا و بەزینـدووی چـاوان زیندەبەچاڵـدەکران، ئێـوە لە کـوێ بـوون؟... لە هـیچ شـوێنێک! چـونکە ئێـوە شـەرمتان دەکـرد وەک جـوو بگـریێن! نەفـرەت لە بێـدەنگیتان. ئێسـتاش کەمێـک قسـەدەکەن. دڵتـان دەگوشـرێ و دۆلارتـان بـۆ جووەکـانی ئەورووپـا پێـیە. سـوپاس. سوپاس."[١٣]

ئەو وتـانەی کۆتـایی شـانۆگەرییەکە هەر بـۆ خـۆی بانگەوازێـک بـوو. لە کۆتـایی هەر نمایشـێک بەڕێـوبەری شـانۆگەرییەکە ئەوەی ڕووندەکردەوە، ئەو پارە و باربووەی کۆدەکرێتەوە ڕاستەوخۆ بۆ دەرەوە دەڕوا تا ئەو کەشتیانەی پێ بکڕدرێ، کە ئاوارە جووەکـان دەگوازنەوە فەڵەستین. شـانۆگەرییەکە بە لای کەمـی بـڕی ٤٠٠.٠٠٠ دۆلاری کـۆکردوە، ئەوەش هەنـدێ لە نیـوەی ئەو بـڕە خەرجییـەی سـاڵی ١٩٤٦ی کـۆمەڵەکە بـوو زیـاتربوو کە ٧٤٠.٠٠٠ دۆلار بـوو.[١٤] ئەو بەرنـامە یـادەوەرییە کە تـابلۆ ڕووخسـارییەکەی جـووە ماڕەکـانی[١١٦] لە فەڵەسـتین وەک شۆڕشـگێڕە ئەمریکییەکـانی ١٧٧٦ وێکچوواندبوو، ئامـاژەی ئەوەشـی تێدابوو، ئـاخۆ چـی بەو پـارەیە دەکـڕدرێ، چـونکە دروشـمەکەی ئیرگـونی تێـدابوو، کە وێـنەی تفەنگێک لە گۆلمە لەسەر نەخشەی فەڵەستین و ڕۆژهەڵاتی ئوردندا ڕەسمکرا بوو.[١٥]

---

١١٦ ماڕە: پێشقەڕەوڵ، پێشەنگ، ئەوەی یەکەم جار بە کارێک هەڵدەستێ.

شـــانۆنامەکە کەشـــوهەوای سیاســـی لە نیویـــۆرک گەرمکـــرد، ئەمەش لەو کاتەی «کوک» و زایۆنیستەکانی دیکە کاریان لەسەر ئەوە دەکرد ئاخۆ ئەو نادڵنیاییەی هەریەک لە پارتەکانی کۆماری و دیموکراتخوازەکان سەبارەت بە ڕامانیان بۆ فەڵەستین هەیە، هی ئەوەیە لە شـارەکەدا دەنگـی دەربەسـتی جووەکـان بـۆ خۆیـان مســـۆگەربکەن. هەروەک دواتـــریش کاربەدەســـتانی بریتـــانی خســـتییانەڕوو، زایۆنیســـتەکان "لەســـەر ئەوەن، هێـزی خۆیـان بە جارێـــک نیشـــانبدەن کە لەهەنـــدێ نـــاوچەدا یەکـــلاکەرەوەیە و ئەمریکییەکـانیش باوەڕیـان کردبـوو".[١٦] بەڵام خـۆ ئەوە قسـەی لەسـەرنەبوو، جـوو لە نیویۆرکدا دەستڕۆیشـتوو بـوون. کـاتێکیش دێموکراتەکـان بۆیـان دەرکەوت، کە «تۆمـاس دیـوی Thomas Dewey» حـاکمە کۆمـاریخوازەکەی شـارەکە خەریکبـوو لە ٦ی ئۆکتۆبەردا پشتگیریی خۆی بۆ کۆچی جوو بۆ فەڵەستین دەرببڕێ، بەمەش ئەوان سـامگرتی بوون. ئەوە بـوو «دایڤد نـایلس David Niles»ی ڕاوێژکـاری ترومـان داوای لە سـەرۆک کـرد هەنگـاوێکی زیاتر لە حاکمە کۆمـاریخوازەکە بهاوێژێ. لە ٤ی تشـرینی یەکەمدا –ئێوارەی ڕۆژی یوم کیپوور[١١٧]– یش ترومـان شـتێکی کـرد بەوەی بانگی ئەوەی هەڵدا، دەوڵەتێکی جوو بێتەکایە، کە قابیلی ژیان بێ.[١٧] دوو ڕۆژیش دواتر «دیوی» هەنگاوی پتری هەڵهێنا، بـانگی ئەوەی هەڵدا، ڕێگە بە "سەدان هەزار" جوو بۆ فەڵەستین بدرێ.

جـاڕدانەکەی ترومـان لەوەدا سـەرنەکەوت دەرچەی هەڵبژاردنـی مـانگی کـانونی دووەم بە لای خۆیـدا بشـکێنێتەوە. زۆر بە ئاسـانی

---

١١٧ یـوم کیپـوور: مەزنتـرین ڕۆژی بەڕۆژوبـوونە لە ئـاینی جـوودا، واتە دەیەمـین ڕۆژی بەڕۆژووبوونەکە، کە گرێدراوە بە جەژنی ڕۆش هاشانا (سەری سـاڵی نـوێی جوو).

«دیــوی» بە حـــاکمی شـــاری نیویـــۆرک هەڵبژێـــردرایەوە و کۆماریخوازەکـانیش بـۆ یەکەمـین جـار لە دوای سـاڵی ١٩٢٨دا لە کــۆنگرێس بــوونە زۆریــنە. «ترومـــان» بە خــۆی هەســتی بە جاڕسبوون لە دەست "خۆپەرستی" نێردەی جووەکان کرد. ئەو بە پەستییەوە گوتی؛ "خۆی عیسای مەسیح کاتێ لەسەر زەوی بوو نەیتوانی جووەکـان ڕازیبکـا، کەواتە چۆن کەسێک ڕەچاوی ئەوە دەکا من هیچ بەختێکم لەو بارەیەوە هەبێ؟"[١٨] دواتـر بە پێکەنینەوە هەوڵیدا ئەوە بنوێنێ، کە کاتبەنـدی ڕاگەیاندنامەکەی ڕۆژی «یـوم کـوپەر» هـیچ پەیوەنـدییەکی بە هەڵبــژاردنەکەوە نەبـوو، بەڵام لە شوباتی داهاتوودا «بیڤن» ئاشکرایکرد، کە لە وەزارەتی کاروبـاری دەرەوە پێـی گـوترا، ئەم جاڕنـامەی «ترومـان» مـوزایەدەیەک بـوو بەســـەر «دیــوی»یەوە. لەبەردەم ئەنجـــوومەنی نوێنەرانـــدا بە پاســاودانەیکەوە گــوتی "نــاتوانێ لە پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکانـدا چارەســەر بـدۆزێتەوە، لە کاتێکـدا ئەگەر هــاتوو بـابەتەکە چەقـی بازنەی هەڵبژاردنی خۆجێی بێ."[١٩] ئەم ڕەخنە ڕاشکاوانەی «بیڤن» ترومــانی دەهریکــرد. ئەوە بــوو هەر لە هەمـــان ڕۆژدا، وتەبێــژی ســەرۆک ســەرکۆنەکردنێکی بە ئاســتەم ڕووداپۆشـراوی دەربـڕی، کاتێ گوتی؛ لێدوانەکەی ترومان هیچ شتێکی نوێی تێدانەبوو، سوک و ئاسـان ڕەنگدانەوەی "خواسـت و ئـارەزووی سـەرۆک بـوو بـۆ بەرەوپێشبردنی چارەسەریی کێشەی فەڵەستین."[٢٠]

هێشتاش کەس خۆی لەوە نەبان نەکرد، کە پشتگیریی دەوڵەتـی جـوو لە سیاســەتە باشــەکانە. ئەمەش وەنەبـێ کە دەنگـدانەوەیەکی باشــی لە نێــو جووەکــانی ئەمریکــادا هەبــووبێ، بەڵکــو زۆر لەوە بەرفرەوانتر بوو، چونکە لە نێو پرۆتسـتانتە تەوجیلخوێنەکانیشـدا[١١٨]

١١٨ تەوجیل: مەبەست ئینجیل و تەورات بەیەکەوەیە، بایبل.

هەبــوو، ئەوان وەهایــان دەبینــی، ئەرکــی سەرشــانیانە یــارمەتی ئیســرائیلییەکان بـۆ وەرگــرتنەوەی خــاکی پیــرۆز بـدەن. هەر بـۆیە پڕوپاگەندەی «کوک» هەمیشە لە بری وشەی "جووەکان" ئاماژەی بۆ "عیبرییەکـان" دەکرد. زۆر لە ئەمریکاییەکانیش زایۆنیستەکانیان بە هاونشـین لە قەڵەم دەدا، هەروەهـا ڕەشپێسـتە ئەمریکاییەکـانیش بە لای خواستی ترومـان بـۆ یارمەتیدانی چەوسـاوەکاندا شـکانەوە. بە هــاتنی ســاڵی ١٩٤٧ دەنگــدان ئەوەی نیشــاندا، دوو بە یەکــی ئەمریکییەکــان لەگەڵ دروســتکردنی دەوڵەتــی جــوودا بــوون.[٢١] هەروەک بریتانییەکــانیش بەشــێنەیی ئاماژەیــان پێــدا، سیاســەتی ترومان لەو سیاسەتانە بـوو تەنـانەت ئەمـریکییە دژەسامییەکانیشـی لە دەوری بیرۆکەکە خڕکردبووە، ئـاخر ئەگەر وەهـا نەبـووایە، ئەوا دەبــووایە وڵاتە یەکگرتوەکــانی ئەمریکــا لە ئەورووپــادا بە دوای دەوڵەتێک بۆ جووە دەرکراوەکان گەڕابا.

لە ڕووی ستراتیژیشــەوە ئەو پرســە ســەنگی خـۆی هەبـوو. لە بەرایـی مـانگی ئـازاردا سـەرۆک «ترومـان» لە واشـنتن وتـارێکی لەبەردەم ئەنجــوومەنی نوێنەرانــدا دا و سیاســـەتی دەرەکـــی خســتەڕوو. ســاڵێکیش پــێش ئەوە، «جـۆرج کێنــان George Kennan»ی کاربەدەسـتی گەنجـی وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە ڕاوێژێکی دابووە سـەرۆک، بەوەی پێویسـتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکـا لە مــاوەیەکی داهــاتووی بەردرێــژدا لە بەردەم مجێــزی فراوانخــوازیی ڕووســیا شــێلگیر و وریــابێ."[٢٢] ئیــدی ســەرۆک ڕایگەیانـد، کە حکـومەتەکەی دەبـێ یـارمەتی دارایـی بـۆ گریـک و تورکیـا بـدا-ئەمەش کـاتی خـۆی ئەرکـی بریتانیـا بـوو- هەروەهـا سـەرەداوی ئەوەشـی ڕوونکـردەوە، ئـاخۆ ڕێبـازی «ترومـان» چـی دەگەیەنــێ. ئەو لە لێدوانەکەیـدا گـوتی: "پێویســتە سیاســەتی وڵاتە

یەکگرتووەکان پشتگیریی گەلانی ئازاد بکا، کە بەرەنگاری هەوڵی چەوساندنەوە لە لایەن کەمایەتیی چەکدارەوە و بە فشاری دەرەکی بوونەتەوە. ئەمریکا پێویستە پشتگیری ئەو گەلە ئازادانە بێ، کە چارەنووسی خۆیان بە خۆیان دیاربکەن."[٢٣] مەبەست لە پەلارەکان ڕووسیا بوو، هەڵبەتە حاڵەتێکی تێکچڕژاوی بریتانییەکان لە فەڵەستیندا هەبوو، کە ترومان نیگەران بوو لەوەی "ئەگەر هاتوو نیمچەدەرفەت بۆ کەسە سەیر و شێتۆکەکان هەڵبکەوێ، وا لە وڵات دەکەن بکەوێتە دەستی ستالین."[٢٤]

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ ڕزگاریی فەڵەستین ئامانجی خۆی پێکا. وەنەبێ هەر بە تەنیا لایەنە سەرەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ناچارکردبێ شەڕی موزایدە لەسەر کۆچبەرانی جوودا بکەن، بەڵکو گرژییەکانی نێوان ئیدارەی وڵاتە یەکگرتووەکان و بریتانیاشی گڕدا بەوەی بایەخی ئاراستەی ئەو دۆزە بسەلمێنن. «کوک» شەقڵی بە بیروبۆچوونی ئەمریکادا دا؛ ئەو بەڵگەوبەندەی ئەو دەستپێکرد بۆی گەڕایەوە، بەوەی لە خەڵکی دیکە ببیستێتەوە. چالاکوانێکی کریستیانی پەیامێکی بۆ کۆنفرانسی زایۆنستی نارد: "ئەو ژن و پیاوە بوێرانەی بزووتنەوەی بەرگریی لە فەڵەستین لەو ئەمریکییە کۆلۆنکراوانەی ئاهەنگی چا[١١٩] لە بۆستن و یاخیبووە ئیرلەندییەکانی بیستەکان توندڕۆتر نین." ئەو درێژەی پێدا تا

١١٩ ڕووداوی ئاهەنگی چا: ئەو ناڕەزایەتییە سیاسییە بوو لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٧٧٣دا لە بۆستن و ماشاسۆستس ڕوویدا. ئەمریکییە کۆلۆنیکراوەکان بێمراد و توڕەبوون لە دەستی بریتانییەکان کە باجی بێ بەرانبەریان سەپاند، ئەوە بوو ٣٤٣ سندوقە چایان کە کۆمپانیای بریتانی هیندی ڕۆژهەڵات هاوردبووی فڕێدایە نێو ئاوی بەندەرەکە و بریتانییەکانیش بە مستی ئاسنین وەڵامیاندانەوە، لە مێژووی سیاسیی ئەمریکا ئەم ڕووداوە زۆر ناسراوە و لێکەوتەی خۆشی بۆ سەر شۆڕشی ئەمریکییەکان لە دژی بەریتانییە داگیرکەرەکان هەبوو.

پێشنیازبکا؛ "بەرگریی دژ بە ستەمکاری بریتانیا لە فەڵەستین بە هەمان گیان –بەڵکو بە گوڕتریش- لەم ڕۆژە سەختانەماندا درێژەی دەبێ."[٢٥]

لە هەوڵێک بۆ بەدەستهێنانی هاوسۆزیی فەرەنسی بە کێشانی هێڵی تەریب لەنێوان خەباتی ئیرگون و بەرگریی فەرەنسییەکانیش لە ماوەی جەنگەکەدا، ئەوە بوو کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا «کوک» لقێکی کۆمەڵەی ئەمریکی لە پاریس کردەوە. لە کاتێکدا کۆمەڵەکە لە ئەمریکا هەوڵیدا واژۆی ئەستێرە ناودارەکانی هۆلیود کۆبکاتەوە، لە فەرەنساش کۆمەڵەی فەرەنسی بۆ ڕزگارکردنی فەڵەستین جۆرە جگەرەیەکی نیکۆتیندار پێشکەشی ڕۆشنبیرانی «ڕیڤ گوش Rive Gauche[١٢٠]» بکا: کە ئەویش هەر نزیک بوو لە هوتێلی «لوتیتیا Lutétia» لە جادەی «سەنت گێرمیان St Germain».

ئامانجی هەرە گەورەی کۆمەڵەکە بەدەستهێنانی پشتگیریی «سیمۆن دی بۆڤوار» و «ژان پۆل سارتەر» بوو، کە لە میانەی جەنگدا بۆ «کۆمبات Combat»یان دەنووسی، ئەو ڕۆژنامە بەرگرییەی «جۆرج بیدو»ی وەزیری کاروباری دەرەوەش تێیدا دەینووسی. لە ڕێی ئەوانیشەوە هاوسۆزیی نووسەر و فەیلەسووفەکانی دیکەشی بەدەستهێنا، ئەوانەی هەفتانە بیرۆکەکانیان لە «لاریپۆست La Riposte»دا دەنووسی. ئەندامانی پێشووی بزووتنەوەی بەرگری فەرەنسی، بە شێوەیەکی بەرچاو «ئێدگار فارو Edgar Faure » و «دانیل مایەر Daniel Mayer»، ئەوانەی لەگەڵ «بیدو»دا لە ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ بەرگریکردندا کاریاندەکرد، ئەوانیش ئیمزایان بۆ کۆمەڵەکە کرد،

---

١٢٠ ئەو شوێنەی سەر کەناری ڕووباری سین، کە ڕۆشنبیرانی پاریسی لە هونەرمەند و فەیلەسوف و نووسەرانی تێدا کۆدەبوونەوە.

هەروەهـــا زۆر فەرەنســـی دیـــکەش پەرۆشـــی خۆیـــان وەک خۆسەرزەنشـــتکردنێک بـــۆ هاوکـــاریی فەرەنســـییەکان لەگەڵ ئاڵمانەکان لە کاتی جەنگ بۆ گواستنەوەی جووەکان دەربڕی. ئیدی لەو هەموو فرەئاراستەیەدا «کوک» پەیوەندی هەرە گرنگی خۆی لەگەڵ خودی «جۆرج بیدو»دا سازدا، کە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بـــوو، ئیرگـــون دڵنیاییبکـــاتەوە لەوەی بە باشـــی ڕێـــز لە پـــێگەی کریستیانەکان لەنێو دەوڵەتی نوێی جوودا بگرێ.

وا دیار بوو مامەڵەی بریتانییەکان لەگەڵ یەک کەس لە هەموو شـتێکی دیـکە باشـتر لـێکەوتەی بـۆ بـردنەوەی جەنگـی «کـوک» کردبێ. «دۆڤ گرونەر Dov Gruner»ی ئەندامی ئیرگون دوای ئەوەی لە شـــەڕێک لەگەڵ پۆلیســـخانەی «تاماتگـــان» لە نیســـانی ١٩٤٦دا بە ســەختی بریـنداربوو، گیـرا. شـەویلاگەکەی وێـران بـوو، هەر بۆیە چەندین مانگ لە خەستەخانە مایەوە بەر لەوەی بیبەن بۆ دادگـــاییکردن. کـــاتێکیش بـــرایە دادگـــا، حوکمـــدانەکەی شـــتێکی ڕەچاوکراو بوو. لە ٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٧دا بڕیاری مەرگی بۆ درا. لەبەر ئەوەی دانـــی بە دەســـەڵاتی دادی بریتانیـــا نەنـــا، بـــۆیە حـــوکمی دادگـــای بەرایـــی نەبـــردە بەردەم تەمیـــز. ئەوەی وای لە دۆزەکەی «گرونەر» کردبوو وەها نائاسایی بێ، کارنامەی بەرێی ژیانی ئەو بوو، ئاخر بەرلەوەی بچێتە ڕیزی «ئیرگون»، لە ماوەی جەنـگەکەدا لەپـاڵ بریتانییەکانـدا شـەڕی کردبـوو. ئەو خـۆی لە هەنگاریا لەدایکببوو، هەر لە گەنجێتی بەرەو فەڵەستین کۆچدەکا و دوای هەڵگیرسـانی جەنگیش لە ١٩٣٩ خۆبەخشـانە دەچێـتە ڕیـزی سوپای بریتانییەکان. کـاتێکیش نێردرایە نێو یەکەیەکی یاریدەدەر، لێیان هەڵگەڕایەوە و دیسان چووە ڕیزی سوپا بۆ ئەوەی بتوانی لە

ڕێی بەرەی پێشەوەی جەنگ لە باکووری ئەفریقا و هەروەها لە نێو ئەورووپادا بجەنگێ.

بیرۆکەی ئەوەی بریتانییەکان پیاوێک لە داربدەن، کە بۆ پاراستنی ئازادی ئەوان جەنگاوە، بووە مایەی حاڵەتێکی سەرسوڕمانی نێودەوڵەتی و سەرکۆنەکردن. بۆ ئەوەی کردەی لە داردانەکەی ««گرونەر» بوەستێنن، ئەوە بوو ئیرگون دوو کاربەدەستی بریتانی لە ٢٦ی کانوونی دووەمدا ڕفاندن. یەکێک لەوان دادوەر «سێر رالف ویندهام Windham Sir Ralph» بوو، ئەوان هەر لە دادگای خۆی گرتیان لەو کاتەی گوێی لە "دۆزێکی هەراسان" دەگرت. دەرچوو ئارەزووی دادوەرەکە لەگەڵ هی ئەوانەی زیندانیان کردبوو هاوبەش بوو ئەویش موزیکی کلاسیک بوو، «ویندهام» و ڕفێنەرەکانی "ببوونە برادەری یەکدی"، ئەمەش دواتر دادوەرەکە گێڕایەوە، دوای ئەوەی بریتانیا پرسی لەداردانەکەیان دواخست، ئەوانیش دادوەرەکەیان بەردا.[٢٦] «گرونەر» لە ماوەی هەردوو مانگی شوبات و ئازاردا بە بڕیار هەر لە زینداندا مایەوە، لە کاتێکدا بریتانییەکان دوا هەوڵی سەرنەکەوتووی خۆیان دا تا نێوەندگیریی عەرەب و جووەکان بکەن، پاشان بە هۆی کردەی تەقینەوەیەکی دیکە، دیسان ڕەوشی ئاوارتە سەپێنرایەوە. دوای ئەوەی ڕێکاری قانونی مەدەنی دەستپێکرایەوە، «گرونەر» لە بەرەبەیانی ١٦ی نیساندا بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک لەداردرا، ئەمەش بەرلەوەی خوشکەکەی کە لە «فیلادلفیا» دەژیا، بۆ دوا نیگا ببینێ. «گرونەر» لە نامەیەکدا، کە دوای مەرگی کرایەوە نووسیبووی: "**من نامەوێ لە پێناوی دینەکەمدا شەهید ببم، بەڵام ئامادەم لە پێناوی خەڵکەکەمدا**

**هەروەک چـۆن عیسـای مەسـیح کـردی، منـیش خـۆم بـکەمە قوربانی."**[27]

کۆمەڵەی ئەمریکی بـۆ ڕزگـاریی فەڵەسـتین لە هەمـان هەفـتەی لەداردانەکەدا بڵاونـامەیەکی بـۆ خـوێنەرانی بڵاوکـردەوە، تێیـدا هاتبوو: "ئەمە کوشتنێکی بەدزی بـوو." ئینجـا بانگێشتی خوێنەرانی کرد بۆ ئامادەبوون بۆ ڕۆنانی مۆنومێنتی «دۆڤ گرونەر» بەوەی "پیتـاک و بـاربوو بـۆ هەڵمەتـی ڕزگـاری فەڵەسـتین کـۆبکرێتەوە"[28]. "ئەوە بوو بڕی ٧.٥٠٠.٠٠٠ دۆلار ڕژایە شوێنی خۆی بۆ بردنەوەی جەنگ لە پێناو فەڵەستیندا... ئەم سەرکەوتنە وەنەبێت هەر بەند بێ بە هەڵمەتی خێرخوازی یان بە نووسینی پەسناوی لەسەرتاسـەری جیهان، بەڵکو ئەوە سەرکەوتنێک دەبێ بۆ ئەو شەڕڤانە عیبرییـانەی بە خۆیـان و خـوێنی خۆیـان و ئازایەتیـان... بە دۆلارەکـانی ئێـوە دەجەنگن."

ئیدی هەر دۆلار بـوو هەڵدەڕژا. کۆمەڵەکەش لە هەمـوو کـون و قوژبنێکـدا بە دوای کـۆکردنەوی پـارەدا دەگەڕا. تەنـانەت بـۆنەی وەهاشـیان ڕێکخسـت کە مافیاکـانی کەنـاری ڕۆژئـاوای ئەمریکـاش باربووی هەڵمەتەکە بکەن.[29] یەکێ لەوان «میکی کۆهن Mickey Cohen»ی جەردە خـۆی بەوە هەڵکێشـا، کەوا بـڕی یەک ملیـۆن دۆلاری بەخشیوەتە ئیرگون، ئەوەی ڕاستی بێ لەوانەیە بڕی پارە بەخشـراوەکەی ئەو هەر دەیەکـی ئەو بـڕە نـاوبراوە بـووبێ، لەگەڵ ئەمەشدا شتێکی پێشچاو بوو.[30]

حکومەتی بریتانیاش کە بەدوای ئەو کارەکانی کۆمەڵەکەدا چـوو تـا دەهـات لە حەیفـان دەهریتـر دەبـوو، هەڵبەتە هەوڵـی ئەوەشـی دا بەڵکـو ئیـدارەی ترومـان ڕێـگەیەک بـدۆزێتەوە بڵاونـامەی پڕوپاگەندەکانیان لە ڕۆژنامەکان بڵاونەکرێنەوە. لە کۆتاییدا شتەکە

لەو کـاتەدا بە تەواوی تەقـیەوە، کـاتێ لە هەمـان مـانگی ئایـاردا «کـوک» نـامەیەکی کـراوەی دیـکەی لە «نیویـۆرک پۆسـتدا» بڵاوکـردەوە، ئەم جارەیـان بە ناونیشـانی "بـۆ تیرۆرسـتەکانی فەڵەستین" و بە قەڵەمی «بێن هێخت Ben Hecht» نووسرابوو. "هەر کاتێـک کە تـۆ جبەخـانەیەکی بریتـانی دەتەقێنیـتەوە، یـان ئامـانجێکی بریتـانی تێکدەشـکێنی، یـاخود هێڵـی ئاسنینی بریتـانی خاپووردەکەی یان بانکێکی بریتانی تاڵان دەکەی یاخود بە خۆت و تفەنـگ و بۆمبەکانـت لە دژی بریتـانییە ناپاکەکـان و داگیرکەرانـی وڵاتەکەت دەردەکەوی، ئەوا لەنـاو دڵـی جـووی ئەمریکـادا ئاهەنـگ دەگێڕی. هەڵبەت نەوەک لای هەموو جووەکان. ئەوە تاکە جارە کە جـوو بەرەیەکـی یەکگرتـوو پێکـدەهێنێ کـاتێ ئەوان لەنێـو چـاڵە کوشتارگەیەکدا دەکەونەسەریەک."

"ئەرێ باشــە چــی دەقەومــێ ئەگەر هــاتوو کۆمۆنیســتەکانی بریتانیـا هەمـان شـتیان لە ڕۆژنامەکـانی بریتـانی بکردبـا؟" ئەمە قسـەی ئەوپەڕی تووڕەبـوونی سـکرتێری هەمیشـەیی وەزارەتـی کاروباری دەرەوەی بریتانیا بوو کاتێ چاوی بە «لویس دۆگلاس Lewis Douglas»ی بـاڵوێزی ئەمریکـا لە لەنـدەن کەوت.[٣٢] دیـاربوو لە «دۆگـلاس» "پـاڕابووەوە" بەڵکـو شـتێک بکـا تـا ئەو بڵاونـامە و پڕوپاگەنـدانەی کـۆمەڵەی ئەمریکـی بـۆ ڕزگـاریی فەڵەستین بوەستێنێ، بەڵام سەرنەکەوت. لە بەراییەوە بریتانییەکـان هەستیانکرد ئیدارەی ئەمریکی لە لۆبی جووی لای خۆیان دەترسن، بەڵام دواتــر هۆکـاری دەقـاودەقی دیـکە زیـاتر ڕوونبـوونەوە. کاربەدەسـتێکی بریتـانی دانـی بەوەدا نـا؛ "ئاریشـەی ڕاسـتەقینە لەبارەی ڕوانگەی سیاسەتی ناوخۆییەوە، ئەوە بوو ڕێکاری قانونی وەهــا نەبــوو بــۆ ســزادان تــا تیختــیخەی حکــومەتی وڵاتە

یەکگرتووەکان بدا و بیسەپێنێ."[٣٣] لە ئاکامیشدا وەنەبێ کۆمەڵەی ئەمریکی هەر بەوە وەستابێ ڕاگەیاندننامەکانی خۆی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبکاتەوە، بەڵکو چالاکی و کردەکانی کۆمەڵەکە لە باج و سەرانەی حکومەتیش بەخشرابوو، چونکە دەزگایەکی قازانجنەویست بوو.

بۆ مانگی پاشتر، ترومان بانگەوازێکی بڵاوکردەوە، داوای لە خۆوەڵاتییان کرد "خۆیان بگرن... لە ئەگەری دەستەبوون و تێوەگلانێک یان ئەگەری هەر چالاکییەک دووربکەونەوە کە ببێتە مایەی زیاتر گڕدانی وروژاندن و تیختیخەدانی ئاکنجییانی فەڵەستین، بۆ ئەوەی قانون و تەکوزی لە فەڵەستین پێشێلنەکرێ یان دنەی توندوتیژی لە وڵات بدرێ،" بەڵام کۆمەڵەی ئەمریکایی هەر خۆیشی شلوێ نەکرد. لێیان پرسین ئاخۆ بەنیازنین داواکەی ترومان لەبەرچاوبگرن، کەچی وەڵامی وتەبێژەکەیان هەم کورت و هەم ڕووهەڵماڵراو بوو.

ئەو گوتی؛ "بێگومان، نەخێر."[٣٤]

# ٢٨
# کەینوبەینی فەرەنسی و زایۆنیستی

لە ڕۆژی ١٥ی نیسان و هەر چەند سەعاتێک بەر لە داردانی «دەڤ گرونەر»، کچێکی جوانپۆشی شۆخوشەنگ بە خۆی و جانتایەکی کەشخەی شینباو و پاکەتێک، کە لە نێو کاغەزی ڕۆژنامەدا وەرپێچرابوو لەبەردەم پاسەوانی بارەگای وەزارەتی کۆلۆنیالی لە مەیدانی وایتهۆلدا وەستا و داوای لە پاسەوانەکە کرد بەڵکو لەبەر تەنگاوی ڕێگەی بدا بچێتە ژوور و ئاودەستەکەیان بەکاربێنێ. کاتێکیش پاسەوانەکەی بینی لە ڕێگەپێدانەدا دوودڵە، پێیگوت سەرەداوی لە گۆریەی هەڵساوە و هەراسان بووە دەیەوێ لە ئاودەستەکەدا چاکیبکاتەوە. ئەوە بوو کابرای پاسەوان لە چاکەکاری بێ –یان لە بەر خەیاڵی بێ کە بۆ شوێنێکی دیکە ڕۆیشتبوو– یان مەیلی بەلای وردەکاری قسەی کچەکەدا چووبێ، ئاماژەی بە ئاودەستەکە بە پێچخواردن بۆ ژێرزەمینەکە بۆ کرد. ئیدی هەر هەمان ڕۆژ بەڵام بە درەنگەوە، ماوەیەکی درێژی بەسەردا تێپەڕی بوو، کچە لەوێ نەمابوو، کاتێ کارمەندی خاوێنکەرەوە دەچێتە ئەوێ دەبینێ شتێک لەسەر کورسی ئاودەستەکە بەجێهێڵراوە. ئەویش دەستی دەداتێ و لە کاخەزە ڕۆژنامەکەی دەردێنێ و هەڵیدەپچڕێ، دەبینێ سەرەوایەری پێوەیە، تێدەگا بۆمبێکی لەنێودەستدا هەڵگرتووە. بۆمبەکەش نەتەقیەوە چونکە قورمیشکردنەکەی جامیکردبوو.

کاتێک بۆمبەکەیان پووچەڵکردەوە، بۆ پۆلیسی یاردی سکۆتلاندی دوو سەرەداوی گرنگ ئاشکرابوون. بۆمبەکە لە ٢٤

داوی «گێلینایـــت[١٢١]»ی دەســـتکردی فەرەنســـی پێکهـــاتبوو، پەنجەمۆری پیاوێکیشی لەسەربوو، کە لە ١٩٤٣دا لە فەڵەستین لە زینـدان هەڵاتبـوو. پاسـەوانەکە وردەکـارییەکی سەرنجڕاکێشیشـی گـوت. ئەو ژنە گەنـــجەی بە هەشـــتاو ڕووی لەوێ کردبـــوو ئەو بـــۆمبەی لە دوای خـــۆی بەجێهێشـــتبوو، ئینگلیـــزییەکەی وەک فەرەنســـییان گـــۆدەکرد. دەســـتبەجێش «جـــۆنز»ی ســـەرۆکی لێکۆڵەرەوانی هۆبەی تایبەت بەرەو پاریس فڕی. ڕۆژنامەکانیش بە مەتەڵەوە ڕاپـۆرتی خۆیـان وەهـا نووسـی: "دوای بەدواداچـوونی دیـارکراو" لەگەڵ ئەفسـەرە پلەباڵاکـانی پۆلیسـی فەرەنسـیدا بەرەو کۆنفراس ڕۆیشت.[١] پێدەچێ لەگەڵ «جۆن بروس لۆکهارت John Bruce-Lockhart»ی بەرپرســـی هـــۆبەی دەزگـــای MI6 لە پاریسیش دوابێ، ئەو کەسەی بایەخێکی زۆری هەبوو.

ماوەیەک بوو حکومەتی بریتانیا بەوەی زانیبوو، کە ئیرگون و تـاقمی سـتێرن لە نەخشـەیاندا بـوو پـاریس وەک بـنکەیەک بـۆ لەناوبردن و کوشتنی سیاستوانە گرنگەکانی بریتانیا بە چەرچڵ و بێڤنیشەوە بەکاربهێنن، لێ «بروس لۆکهارت» نەیدەتوانی زانیـاریی کەڵکبەخشـی زیـاتر بسـەلمێنێ.[٢] ئەفسـەرە هەواڵگرییەکانی فەرەنسا لە فەڵەســـتین دوای ئەوەی زانیـــان، کەوا کۆلۆنێـــل ئەلیســـاندری نووسـینگەی «ڕەش نـۆیر Noir» بە بـایەخەوە لەوان دەڕوانـێ و گەڕاوەتەوە فەرەنسـا، نیگەران بـوون. ئـاخر ئەمە دەبێـتە ئەوەی بە ئاســانی نەکـرێ چـاودێری ئەو کەینـوبەینەی نێـوان فەرەنســا و زایۆنیسـتەکان بکرێ... چـونکە ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتـی نـاوین دەکـرا وەک ئەوە نیـــیە لە پاریســـیش هەمـــان چـــاودێری بکـــرێن"، لە لێکەوتەشـــدا کـــورتهێنی لە هەبـــوونی زانیـــاریی سوودبەخشـــدا

---

١٢١ گێلینایت: تەقەمەنییەکی بەهێزە کە لە ترشەلۆکی ئیتریک و گلیسرین پێکدێ.

سەلماندی ئەوان لەم ڕوانینەدا لەسەر هەق بوون.[٣] لە دەستپێکی ساڵی ١٩٤٧یشدا وێستگەی MI6 بریتانی لە پاریس ڕاپۆرتی خۆی بەرزکردەوە، تێیدا هاتبوو ئاسایشی فەرەنسی «مناحیم بیگن»ی لە پاریس بینیوە. پاش مانگێکیش ئەم دەزگایە ئەوەشی بۆ زیادکرد، گوایە «بێگن» بۆ ئەوە هاتووە تا بە نهێنی نەشتەرگەرییەک بکا و ڕوخساری جارانی بشارێتەوە، بەڵام دانیشیان بەوەدا نا، "ئێمە وەسفێکی ڕوخسارە نوێیەکەیمان لا نییە".[٤] لەو ماوەیەشدا «بێگن» لە تەلئەبیب بوو، هەر بەڕاستیش هەوڵیدا بە ڕوخسارێکی دیکە دەربکەوێ، بەڵام هەموو ئەوەی کردبووی بەردانەوەی ڕدێن بوو.

هەموو ئەمانە وای لە گەورە لێکۆڵەرەوەی بریتانی «جۆنز» کرد باشتر پێشوازی لێبکرێ، ئاخر ئەو زانیاری دەقاودەقتری لا بوو. ئەو توانی بە «بروس لۆکهارت» و بە فەرەنسییەکان بڵێ؛ ئەو پیاوەی پەنجەمۆری لەسەر بۆمبە دانراوەکە دەرچووبوو «یاکۆڤ لیڤستاین Yaacov Levstein»، ئەندامێکی تاقمی ستێرن بوو.

«لیڤستاین»ی تەمەن ٣٠ ساڵە لە ڕووسیا لەدایکببوو، ئەو بۆمبدروستکەرێکی لێهاتوو بوو ، ئەو کەسەبوو لە کاتی یەکەم ڕاوەدوونانی پۆلیس دوای ئەوەی لە شوباتی ١٩٤٢دا ناپاکی لە تاقمی ستێرن کرا، برینداربوو. ئەوە دایکی ئەو بوو بێنیازانە پۆلیسی بە شوێنی ستێرن ڕاکێشا، ئەو کاتەی ئەو لە خەستەخانەوە بەرەو شوێنی حەشارگەکی ستێرن ڕۆیشت و پۆلیسی لێکۆڵەرەوەی بریتانیش «گیفری مۆرتۆن» تەقەی لەسەر کردەی کاریزماکەی تاقمەکە کرد و کوشتی. پاشان «لیڤستاین» لە برینەکانی چاکبووەوە و حوکمی زیندانی هەمیشەیی بەسەردا درا، بەڵام زۆر لە زینداندا نەمایەوە. دوای هەشت مانگ زیندانیی هەڵات و لە ماوەی جەنگەکەدا ئازادانە مایەوە، ئیدی لە فەڵەستینەوە

ڕێگەی خۆی لە ڕێی میسرەوە بەرەو فەرەنسا تەیکرد. ئەو وەک پیاوێکی تێکشکاو و شێواو بە دەورەدروای لە لایەن هاوسۆزان و تامەزرۆیانی چەک مابووەوە، فەرەنساش بۆ ئەو لەبارترین جێ بوو تا بەرەی شەڕێکی نوێ لەسەر بریتانییەکان بکاتەوە.

لەگەڵ گەیشتنە پاریس ویستی سەری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا بدا بەڵکو پەیوەندی بە «ئەلیساندری»یەوە بکاتەوە، بەڵام ئەو وەک ئەفسەری هەواڵگریی بۆ ماوەیەکی کاتی ڕەوانەی تونس کرابوو. پاش مانگێکیش دەرکەوانی هوتێلەکەی پێیڕاگەیاند، کەوا میوانێکی زۆر گرنگی هاتووە. «لیڤیستاین»یش وەک دواتر گێڕایەوە؛ "ئیدی خێرا بۆینباخەکەم بەست و چاکەتەکەم دەبەرکرد و بە پەیژەکان بەرەو هۆڵی هۆتێلەکە دابەزیم. لەوێ پیاوێکی فەرەنسی درێژی ڕوخسار ئەرستۆکراتی بە خۆی و گۆچانێک چاویلکەیەک لەوێ وەستابوو. دوای ئەوەی کابرا ناسنامەکەمی بۆ دەرکەوت، وەک کۆنە دۆستێک لە باوەشی کردم. بۆ چەند خولەکێک بە یەکەوە قسەمانکرد و پێیگوتم دەیەوێ بۆ گفتوگۆی زیاتر بە چەند دەزگایەکی فەرەنسیم بناسێنێ.[٥] «لیڤیستاین» ڕاپۆرتی بۆ فەڵەستین ناردەوە، کە کۆلۆنێل «ئەلیساندری» ئەوی دۆزیوەتەوە.

دوای یەک دوو ڕۆژ «لیڤیستاین» و «ئەلیساندری» یەکدیان بینییەوە. تا ئەو کات نوێنەری تاقمی ستێرن لای فەرەنسییەکان لە بەیروت «گابریل میسەری Gabriel Messeri»یش خۆی گەیاندبووە «لیڤیستاین» و «ئەلیساندری»یش «ئەندرێ بلومل André Blumel»ی لەگەڵ خۆ هێنابوو. «بلومل» پارێزەر و نوێنەری سەروەزیری پێشووی فەرەنسا «لیۆن بلەم Léon Blum»ی یەکەمین سەرکردەی جووی فەرەنسی بوو. ئیدی ئێستا

«لیڤیستاین» و «میسەری» داوای چەک و بنکەی نهێنییان لە «ئەلیساندری» و «بلومل» کرد تا شەڕیان لە دژی بریتانیا دەستپێبکەنەوە.[٦] بە گوێرەی قسەی «لیڤیستاین» "«بلومل» پێیگوتین ڕێپێدراوە بە ناوی حکومەتی فەرەنسییەوە پێمانبڵێ، کە حکومەت لە ڕووی بنەماییەوە خوازیارە لەگەڵ تاقمی ستێرن ڕێکبکەوێ و هەر بە تەنیا یەک دوو ڕۆژی دەوێ تا بە تەواوی ئەو بابەتە تاوتوێبکا." هەرچەندە لە کۆتاییدا «بلومل» نەیتوانی ڕێککەوتنەکە بکا، چونکە "دەکرێ حکومەتی فەرەنسا لەگەڵ بریتانییەکان تووشی گێرمەوکێشە ببێ"، کەچی ئەو ڕاپۆرتی دا بەوەی فەرەنسییەکان هێشتا لە لێکۆڵینەوەی ئەوەدان ژێربەژێر پشتگیرییمان بکەن. "ئەو... هیوادار بوو تاقمی ستێرنیش لە خەباتی خۆی دژی بریتانیا هەموو پاڵپشتییەکی چەنگ بکەوێ."[٧] تاقمی ستێرنیش بە نۆرەی خۆی لە بەرانبەردا کۆکبوو لە ناو فەرەنساوە هێرش نەکاتە سەر بریتانییەکان.

«لیڤیستاین» پەیوەندی بە پیاوێکی دیکە بە ناوی «دایڤید ناوت David Knout»کرد. «ناوت» جوویەکی ڕووسی و شاعیریش بوو، ئەو لە ساڵی ١٩٤٢دا یارمەتی دامەزراندنی ڕێکخراوی بەرگریی جوو بە ناوی «ئارمی جیوڤ Armée Juive» دا. دوای ئەوەی حوکمداری ڤیشی جووەکانی لە ژیانی گشتی بێبەش کرد و دەستبەرداریان بوو. ولاتبەدەری کردن، ئەوە بوو لە تەمموزی ١٩٤٢ بەولاوە جووەکانی فەرەنسا هەموو دنەدانێکیان چوونە ڕیزی بزووتنەوەی بەرگرییەکە بوو، کە بە شێوەیەکی جیاجیا ڕۆڵێکی کارانگیازیان بینی. «ئارمی جیوڤ» جووەکانیان بۆ دەرەوەی فەرەنسا ئاودیودەکرد و پارەیان کۆدەکردەوە، هەولۆکۆششیان دەکرد ئەوانەی ناپاکیی لە جووەکان دەکەن

لەناویانبەرن. لە پایزی ١٩٤٣دا، «ماکویز maquis»[١٢٢]ی خۆیان لە چیای ڕەش، لەو بەشە بەرزاییە سەختەی باشووری ڕۆژئاوای فەرەنسا دامەزراند، ئەو شوێنەی چالاکی بەرگریی زۆر چڕوپڕ بوو. بۆ «ناوت» «ئارمی جیوڤ» ئامانجێکی گرنگی دیکەی هەبوو. لە دوای جەنگیشدا ئەو ڕەچاوی ئەوەی کرد، یارمەتی دروستکردنی دەوڵەتی جوو لە فەڵەستین بدا. وەک ئەو نووسی، جوو "**یان بە کۆمەڵ دەژییەنەوە یاخود تاک تاک لەبەیندەچن**[٨]."

بۆ یارمەتیدانی «لیڤیستاین»، «ناوت» کچ داوای لە کچەکەی خۆی کرد خۆبەخشانە بچێتە پاڵ ئەو، ئەو کچە جوان و کۆکە نۆزدە ساڵە، کە پێشتر کە وەک پەیک بۆ ڕێکخراوی «ئارمی» کاریدەکرد، خەریکبوو سەریتێدابچێ. ئیدی بەیەکەوە، «لیڤیستاین» و «بێتی کاونت» ڕایەڵەی ڕێکخراوی «ئارمی» هی سەردەمی جەنگیان ژیاندەوە، شوێنیان بۆ جبەخانەی چەک دۆزییەوە، ئەندامی نوێیان هێنانەڕیز و بڵاونامەیەکیشیان بە ناوی «سەربەخۆیی L'Indépendance» دەرکرد.

هەروەها «لیڤیستان» وای نواند پشتگیریی «ژان پۆل سارتەر»یشی بەدەستهێناوە، کە تازە بۆ کۆمەڵەی «هێلیل کۆک»ی بە ناوی کۆمەڵەی فەرەنسی بۆ ڕزگارکردنی فەڵەستین واژۆکردبوو. وێڕای ئەوە توانی یەکێک لە خوێندکارانی «سارتەر» ئەوانەی لە زانکۆی سۆربۆن دەیانخوێند بە ناوی «ڕۆبەرت میزرای Robert Misrahi» بهێننیە ڕیزی خۆیان، بۆ ئەوەی یەکەمین بۆمب لەسەر خاکی بریتانیا دابنێن و بیتەقێننەوە. ئەوە بوو لە ٧ی ئازاردا «میزرای» بۆمبێکی - چاکەتێک کە شانەکانی

---

١٢٢ ماکیز: جووڵانەوەی بەرگری فەرەنسی لە ماوەی ساڵەکانی داگیرکاری ئاڵمانی لە (١٩٤٠-١٩٤٥).

پــڕ لە مــادەی گیلگنایــت پڕکردبــوو- لە یــانەی کۆلۆنییەکــان، کە یانەیەکی کۆمەڵایەتی بوو بۆ کارمەندەکان لە گۆڕەپانی «ترافلگار Trafalgar» چاند. پۆلیسیش هۆکاری تەقینەوەکەی بۆ دزەکردنی لــوولەی گــاز گەڕانــدەوە، بەڵام بــۆ ڕۆژی دواتــر تــاقمی ســتێرن بەرپرسیاریێتیی خۆیان سەبارەت بە تەقینەوەکە دەربڕی و بەڵێنی ئەویشیان دا پەلامارەکانیان بەردەوامبن تا ئەو کاتەی بریتانیا لە فەڵەستین دەردەکرێ.

پاشان «لیڤیستاین» وەهای نووسی: "هیچ ڕێکارێکی ئاسایش نــاتوانی ڕێـگە لە نەخشــە ئـاڵۆز و ئەندیشــەییەکە بگــرێ"، ئەو بەو کارئاسانییەی «میزرایی» ئەرکەکەی خۆی پێڕاییکردبوو دڵخۆش بوو.[٩] ئەوەی ئەو نەخشەی بۆ نەکێشابوو، ئەوە بوو ئەگەر هـاتوو یەکێ لە بۆمبەکان نەتەقێتەوە. وەک لێکەوتەش، کاتێک بۆ جاری دیکە بۆمبەکە نەتەقییەوە، بووە مایەی بەڵگەبەدەستدان بۆ «جۆنز» لە بەشــی پۆلیســی تــایبەت لە لەنــدەن تــا بە بەڵــگەی تەواوە بێــتە پاریس و فشار بخاتە سەر فەرەنسییەکان تا لە نێو ماڵی خۆیاندا بۆمبچێنەکە ڕاوبنێن. لە ١٨ی نیساندا «لۆمۆند» هەواڵی خۆی بەم شێوە بڵاوکردەوە؛ بریتانییەکان بە دوای ژنە فەرەنسییەکەوەن، کە پەیوەنــدی بەو بــۆمبەی وەزارەتــی کۆلۆنیــالەوە هەیە. ئەوان نەیاندەزانی ئەوەی ئەم کارەی کردبوو «بێتی ناوت» بوو.

هەوڵی قەناعەتپێهێنانی پۆلیسی فەرەنسی بۆ سەرکوتکردنی تیرۆریزمی جوو کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە وەزیری کاروباری نــاوخۆی ئەو کــات «ئێــدوارد دیپــرو Depreux Edouard»ی هاوســۆزی زایۆنیســتەکان بــوو. «دیپــرۆ» هەمــوو ژیــانی هەر سۆسیالیستخواز بوو، هەروەها زۆریش بە «بلەم»ی سەرەوەزیری پێشوو کارانگاز بوو. «بلەم»یش دوو ساڵی جەنگی لە «بوخنوالد

Buchenwald» و «داخـاو Dachau» بەسـەربردبوو، ئەو دوو شـوێنانەی ڕۆژانە خەڵکیـان لە دار دەدا، ئەوە بـوو «بـلەم» دوای تەقاندنەوەی هوتێلی شا داود ڕایگەیاند، کە تیرۆرستانی زایۆنیست" لە نامرادی یاخیبون بترازێ هیچیان بۆ نەمابووەوە." سـەروەزیری پێشـووی فەرەنسـا لـۆمەی حکـومەتی بریتـانی کـرد بەوەی زایۆنیستەکان تیختیخەدا، ئەویش "لە ڕێی داخستنی ڕێگەکان یەک لەدوای یەک لەسـەریان، بەوەی هەمـوو دەرووەکـانی لەسـەر جووەکـانی فەڵەسـتین و زایۆنیسـتەکانی سەرتاسـەری دونیـا داخستووە."[١٠]

«دیپرو»ش لەسـەر هەمـان هێڵ ڕۆیشـت. کـاتێکیش لە ١٩٤٦دا جبەخانەیەکی چەکی زایۆنیستەکان لە لایەن پۆلیسی فەرەنسی لە باشووری ڕۆژئاوادا ئاشکرا بوو، ئەو هاتەنێوەوە فەرمانی بەردانی چەکوچـۆڵەکەی دا بەوەی لەسـەر پشـتی بەلەمەکـان بـاربکرێ و بەرەو فەڵەستین بنێردرێ. هەروەهـا ئەو داردەستێکی گرنگ بـوو، کە حکـومەتی فەرەنسـی لە سـاڵی ١٩٤٧دا بڕیاریـدا بەوەی کاربەدەسـتەکانی خۆیـان زۆر خۆیـان بە کنەوپشـکنینی ڤیزاکـان، ئەوانەی لە فەرەنسـاوە دەردەچـن خەریـک نەکەن، کـاتێکیش پێنج کەس لە ئەندامانی ئیرگون و تـاقمی ستێرن لە ئۆردوگایەکی دیلی بریتـانی لە ئەریتیریـا ڕادەکەن و توانیـان خۆیـان بگەیەنـنە کۆلـۆنییەکی فەرەنسـی دراوسـێ بە نـاوی «جیبـۆتی»، ئیـدی هەر «دیپرو» بوو مافی پەنابەری لە فەرەنسا پێدان. یەکێکیش لەو پێنج کەسـە «ئیسـحاق شـامیر» بـوو، وەهـای گێـڕایەوە، کـاتێ گەیشـتە «تۆلـۆن Toulon» بەخـۆی و هـاوڕێیەکی «ئـاری بـن ئەلیـازەر Arieh Ben-Eliezer» "باشـترین پێشـوازییان لێکـردین.. لەوێ دۆستە کۆنەکانیان لە تاقمی ستێرن و ئیرگون دۆزینەوە، «ئاری»

و مـن ڕێـگەی مانەوەمـان لە فەرەنسـا بـۆ هەرچەنـدی بمـانەوێ پێدرا."[١١]

دوای ئەوەی ئاشـکرا بـوو کە بریتانییەکـان بە دوای «بێتـی نـاوت»دا دەگەڕێـن، ئیـدی ڕۆڵـی ئەو لە سـەردەمی جەنگـدا بەدەرکەوت، هەر زوو ئەوە ڕوونبـووەوە، کە ئاسایشـی فەرەنسـی نـایەوێ زۆر لە خـۆی بکـا تـا شـوێنەکەی ئەو بـدۆزێتەوە. هەروەک ڕۆژنامەیەکی پاریسیش گرژی نێوان پۆلیسی سکۆتیاردی بریتانی و ئاسایشی فەرەنسی وێناکرد، وەهای نووسـی: "یەکەمیـان دەیەوێ «بێتی» بگرێ و لە قنارەی بدا، کەچی دووەمەکەیان بە دوای ئەودا دەگەڕێ ڕزگاریبکـا."[١٢] پـاش پێـنج هەفـتە لە دەرکەوتنـی گەورە لێکـۆڵەرەوەی پۆلیسـی بریتـانی «جـۆنز» لە پـاریس. لە کۆتاییـدا بەسـەر فلاتێکی گەڕەکی لاتینیـان دادا، لەوێ دا پێنج خوێندکاریان گرتن، هەندێک لەوان سەربە زانکۆی سۆربۆنی نزیکی ئەوێ بوون. وەرپێچـانی تەقیـنەوەی پلاسـتیکی و کەلـوپەلی بۆمبدروسـتکردن دۆزرانەوە، کە لە هـی بـۆمبەکەی وەزارەتـی کۆلۆنیـالی دەچـوون، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بۆ «لیڤیستاین» و بۆ «ناوت» نەبوو.

بە پاپەنـدبوون بەو ڕێککەوتننـامەی لەگەڵ «بلومـل»دا کرابـوو، بەوەی لەسـەر خاکی فەرەنساوە جەنگی خۆیان لەگەڵ بریتانییەکـان نەکەن، ئەوە بوو «لیڤیستاین» کۆڵەپشتەکەی زۆر قـورس بـوو، پڕ لە نـامەی بۆمبچێنراوبـوون کە بـۆ سیاسـییە بریتـانییە ناسـراوەکان لەسەر سنووری ئەلپی فەرەنسی لەگەڵ ئیتاڵیاوە نێردرابوون، وەهـا ڕێکخرابوو لە «تورین»ەوە پۆستکرابن. لە هەفتەی یەکەمـی مـانگی حوزەیراندا نامەکان گەیشتنە بریتانیا، بۆ خۆشبەختی هیچ کامێکیان نەتەقیـنەوە، پاشـان بـۆ تـاقیکردنەوەی پزیشـکی ئەوە دەرکەوت، وێـڕای پـاکەتە پێچـراوەکەی کە زۆر بە تەنکـی دانـدرابوونەوە،

«لیڤیستاین» بۆمبی ئەوەندە بەهێزی تێداچاندبوو بتوانێ قالبی پۆلاش کونبکا. سکرتێری وەزیری دارایی بریتانی لەو کاتەی یەکێ لە نامەکانی کردەوە، هەستیکرد گەرمە، ئیدی هەر زوو ئەو پەیکەی نامەکەی بۆ هێنابوو لێوەرگرتەوە و فڕێیدایە نێو بەرمیلی ئەو شتانەی کاغەزەکانی تێدا دەسووتێنن. «ئانتۆنی ئیدن»یش بۆ هەموو ڕۆژەکە نامەیەکی لە وان لە ڕۆژی سەردانکردنی جەژنی قوتابخانە کۆنەکەی «ئیتۆن» هەڵگرتبوو. یەکێکیش لەو بەدبەختانە کە نامەکەی بە هەڵە بۆچووبوو بەڕێوبەری «دولویچ لاندری » بوو، چونکە ناوەکەی لەگەڵ ناوی بەڕێوبەری دارایی «ئارسەر گرینود» تێکدەکردەوە. مایەی سەرنجڕاکێشانیش بوو، «لویس سپیرس»یش یەکێ بوو لەوانەی نامەیەکی وەهای بۆ چووبوو.

تا ئەو کاتیش هەردووکیان هەم «لیڤیستاین» و هەم «ناوت» گیران. ئەوان لە ئەرکێکیان لە ڕێی بەلجیکا بۆ ناردنی نامەکانیان بە پۆست و هەروەها تا هەوڵی تەقاندنەوەی ئەو پاپۆڕە شەڕکەرەی بریتانیا کە هاتبووە بەلجیکا بتەقێننەوە، ئەوە بوو لەسەر سنووری بەلجیکا لە ڕێی پۆلیسی گومرگی سەرسنوور وەستێنران لەوێدا بۆیان دەرکەوت، «ناوت» چاکەتێکی پڕ لە تەقەمەنی دینامێت لەبەرکردووە جانتاکانیشیان ئەو نامە بۆمبچێنراوانەیان تێدایە، ئەوانەی پێشتر لە بریتانیا دەرکەوتبوون. «ناوت» هەمان جانتا شینە دەستییەکەی پێبوو، کە کاتی خۆی لە بارەگای وەزارەتی کۆلۆنیالی بینرابوو.

ئیدی حکومەتی بریتانی فشاری بۆ سەر حکومەتی بەلجیکا هێنا تا «ناوت» و «لیڤیستاین»یان ڕادەستبکەن، بەلام بەلجیکییەکان ئەم کارەیان نەکرد، چونکە تاوانەکەی ئەوانیان بە تاوانی سیاسی وەسفکرد. «ئەنرێ بلومل»ی پارێزەری لایەنگری زایۆنیستەکانیش

سەردانی هەردووکیان کرد و خۆی بۆ داکۆکیکردن لە دۆزەکەیان ئامادەکرد. لە مانگی ئەیلولیشدا دادگا بڕیاری خۆی دا، بەوەی «ناوت» بڕی ١٠٠٠ فرانک وەک غەرامە بدا و ١٢ مانگیش زیندانی بۆ بڕایەوە. هەرچی «لیڤیستاین»یش بوو، کە زۆرینەی بۆمباکانی دابووە «ناوت» تا لەسەر سنوور بیانپەڕێنێتەوە، ٨ مانگ زیندانی و نیوەی بڕە پارەی «ناوتیش» وەک غەرامە بەسەردا سەپێنرا. ئەم سزایەش هەر هیچ نەبێ بووە ڕاگرتنی ئەو بیرۆکە ئەهریمەنییەی، کەوا ئاوی خواردنەوەی لەندەن بپارێزرێ و ژەهراوی نەکرێ چونکە نیازیان بوو بەکتریای کۆلێرای تێدا بچێنن، کە بە هۆی هاوسۆزیی هەندێ لە کارمەندانیان لە پەیمانگای «باستۆری» فەرەنسی بەدەستیان کەوتبوو.[١٣]

بەلجیکییەکان ئەو ماوەیەی پێشتر «لیڤیستاین» لە گرتووخانە بەسەری بردبوو بۆیان بە ماوەی زیندان بۆ حیسابکرد، بۆیە دوای چوار مانگ زیندانی ئازادیان کرد. کاتێکیش «لیڤیستاین»ی بۆمبچێنەر لە سنوور بەرەو فەرەنسا پەڕیەوە، دەستبەجێ لەوێش گیرایەوە. دوای ئەوەی بردرایە پۆلیسخانە، بەرپرسی پۆلیسی خۆجێیی پێیگوت؛ "هەموو شتێک لەبارەی تۆوە دەزانم. تۆ ناتوانی هیچ شتێکم لێبشارییەوە. دەی بەینی خۆمان بێ، ئایا ویستووتە ئینگلیزەکان بکوژی؟" کاتێکیش «لیڤیستاین» هەوڵیدا حاشا لە پەیوەندی خۆی بە تاقمەکەی ستێرنەوە بکا، دەمەتەقێکەیان ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرت. کابرای پۆلیس پێی گوت: "مرۆ دەبێ لە هەر شوێنێک ئینگلیزێک ببینی، پێویستە بیکوژێ. ئەوان دەردەدرۆیان هەیە، هەر بەمەش دەسەڵاتیان بەسەر جیهاندا شکاوە. من بە چاوی خۆم بینی. لە لوبنان و سوریا لە خزمەتی سەربازیی سوپای فەرەنسای ئازادی دیگۆلییدا خزمەتمکردووە.

ئـێمە خـوێنی خۆمـان دەڕشـت و یـارمەتی بریتانییەکانمـان لە ڕۆژهەڵاتـدا دەدا، کەچـی دوای ئەوەی ئەوان دەسـتیان بەسـەر لوبنان و سـوریادا داگرت، ئێمەیان وەک سـەگی تۆڕی دەرکرد."[١٤] بەدەم ئەم قسانەوە بوتڵە شـەرابێکی لەسـەرمێز دانا و پێکێکی بۆ «لیڤیستاین» و بۆ خۆی تێکرد و نۆشیانکرد.

لە پاریسیش دۆزی «لیڤیستاین» داخرا، لێ بە مەودایەکی نزیک لەوێ هێشتا ئیرگون هەر چالاک بوو. سـەرکردەکەی ئەم جارەیان «ئیلـی تـاڤین Eli Tavin» دەرچـووی فەلەسـەفە بـوو، زانکـۆی عیبـری لە ئۆرشـەلیم تەواوکردبـوو، ئەو بەرپرسـی هەواڵگریـی ڕێکخـراوەکەی بـوو لە فەڵەسـتین تـا ئەو کـاتەی لە لایەن هاگانـاوە ڕفێنرا و ئەشکەنجەدرا، ئەمەش دوابەدوی ڕاوەدوونـانی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتەکان بـوو، کە وەک لـێکەوتەی کوشـتنی «لـۆرد مـۆین» بوو. هەرچۆنێک بێ دوای جەنگ، لەو کـاتەی «بنگۆریـۆن» جاڕی ئەوەی دا لەگەڵ ئیرگـون و تـاقمی سـتێرن لە دژی بریتانییەکـان هاوکاری بکا، ئەوە بـوو «ئیلی» بەردرا و چووە ئیتاڵیا تـا ئـاوارە جووەکـان بـدۆزێتەوە و کاریـان بـۆ بکـا و وەک تیرۆریسـت و ڕێکـخەر مەشـقیان پێبـدا بـۆ ئەوەی ئاوارەکـان بە قاچـاخ ڕەوانەی فەڵەستین بکەن. هەر لەوێ مایەوە تـا ڕۆژێکیـان لە مـانگی تشـرینی یەکەمی ١٩٤٦دا لە لایەن تەتەرێکەوە، لە لایەن جووێکی باشـووری ئەفریقاوە بە نـاوی «سـامۆئیل کـاتز Samuel Katz» پەیوەنـدی پێـوەکرا. «کـاتز» پەیـامێکی لە نێـو پاشـپانی پـێڵاوەکەی بـۆ حەشـاردابوو، داوای لێکرابـوو خـۆی بگەیەنێـتە فەرەنسـا تـا سەرپەرشـتی ئۆپەراسـیۆنەکانی ئیرگـون لەوێ بکـا. بەرلەوەی ئەو کارە بکا، لەبەر ئەوەدا بوو باڵوێزخانەی بریتـانی لە ڕۆمـا بۆمبڕێژ

بکا و بیتەقێنێتەوە، ئاخر ئەویٚ مەڵبەندی هەوڵی بریتانییەکان بوو بۆ ڕێپێگرتنی کۆچی جوو بۆ فەڵەستین.

لە سەعاتە بەراییەکانی بەیانی ٣١ی تشرینی یەکەمدا، ئیرگون دوو هەگبەی پڕ لە تەقینەوەی مەترسیدار لە دەرەوەی باڵوێزخانەی بریتانیا دانا. ئاکامی تەقینەوەکە وێرانکردنی دیوی دەرەوەی باڵوێزخانەکە بوو، ئەم پەلامارەش پێشتر بە هۆشدارینامەی دیکە پشتڕاستکرابووە، زەنگی تەلەفۆن لە کەسانی نەناسراوە بۆ کاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی بریتانی لێدرابوو، ئیدی هەر ئەم هۆشدارینامانە ببوونە سەردێڕی ڕۆژنامەکانی بریتانی. « کاتز» دوای ئاوارەبوونی کاتیٚ لەگەڵ «تاڤین»دا بە پایەختی بریتانیا گوزەردەکا تا لێکەوتەی پەلامارەکەی ڕۆما لەسەر بریتانییەکان هەڵبسەنگێنیٚ، دڵخۆش بوو بەوەی لەسەر تابلۆیەکی بڵاونامەکانی بینی "ئیرگون هەڕەشە لە لەندەن دەکا".[١٥] وەک لە کاردانەوەی پاشتری دەرکەوت، ئەم کارە سامناک و سوودبەخش بوو، ئەو کات دەربڕی زێدەگۆیی توانستی ڕێکخراوی ئیرگون بوو. "ئاخر تا بەهاری ١٩٤٧ هیچ سەرەداوی نەخشییەک بۆ کردەیەکی وەها لە ئارادانەبوو، هەروەها کەسمان لە ئینگلستان ئەو کارەی پێنەدەکرا."

«تاڤین» گەیشتە پاریس تا جێگەی «شموئیل ئارییێل Shmuel Ariel» بگرێتەوە، ئەویش پێشتر لەگەڵ حکومەتی فەرەنسا گەیشتبووە لێکتێگەیشتنێکی هاوشێوەی دانوستانی «ئالیساندری» لەگەڵ تاقمی ستێرن. دەکرا ئیرگون و تاقمی ستێرن پاریس وەک بنکەیەک بۆ کاروبارەکانی خۆیان بەکاربێنن، بەڵام بیٚ ئەوەی لەسەر خاکی فەرەنسادا هیچ کردەیەکی نەیارانە دژی خاکی بریتانیا بکەن. بەرلەوەی «ئیلیزابیت»ی شاژنی بریتانیا لە ١٩٤٨دا

سەردانی پاریس بکا، پۆلیسی فەرەنسا ڕووبەڕوو لەگەڵ ئیرگون دانیشت تا لەوە دڵنیاببنەوە کە هیچ هەوڵێک بۆ کوشتنی شاژن نەدەن. «ئارییل» بنکەی خۆی لە هوتێلی «لوتێتیا» دامەزراندبوو، ئەو هوتێلە مەزنەی سەر شەقامی «سەنت گێرماین» کە ڕوویەکی دیکەی ئیرگون بوو، ئاخر کۆمەڵەی فەرەنسی بۆ ڕزگارکردنی فەڵەستین لەوێ بوو. هەر ئەم بنکەهەبوونە لەو هوتێلەدا بووە هۆکاری ئەوەی «ئاریل» بە « تاڤین» بگۆڕن -لەسەر بنەمای ئەوەی گوایە «ئاریل» لە ژیانی خۆش و زۆر دەستبڵاودا ڕاهاتووە، ئەمەش لەگەڵ نوێنەرایەتیکردنی ڕێکخراوێکی هەژاری وەک ئیرگون نایەتەوە- بەڵام ئەوەش ڕاستییەک بوو، شوێنەکە مایەی دنەدان بوو. ئەو هوتێلەی لە سەردەمی جەنگدا هەواڵگریی سەربازیی ئاڵمانی دەستیبەسەرداگرتبوو، ئێستا ببووە جێگەی پێشوازیکردنی ئەوانەی کاتی خۆی لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی نازییدا مابوونەوە و ئامادەدەکران تا ڕەوانەی فەڵەستین بکرێن. ڕزگاربووانی ئۆردوگا زۆرەملێکان وێنە و وەسفی کەسوکار و دۆستەکانیان لەسەر تابلۆی گەورۆنەی دیوی دەرەوەی هوتێلەکە هەڵواسیبوو. هەر لێرە بوو قەبارەی سامناکی هۆلۆکۆست بە دیارکەوت: هوتێلی لوتێتیا شوێنێکی نموونەیی بوو بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانان بۆ دۆزی ئیرگون لە فەڵەستین.

یەکێک لەو کەسە مارانەی لە «تاڤین» نزیکبووەوە، کەسێک نەبوو لە تونی مەرگی ئۆردوگا زۆرەملێ ڕزگاریبووبێ، بەڵکو ڕابانیێکی تەمەن ٣٣ساڵەی نیویۆرکی بوو. «باروخ کۆرف Baruch Korff» لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا باردەکاتە ئەمریکا. لەوێ و کاتێ جەنگی دووەمی جیهان هەڵدەگیرسێ، هاوکاری کۆمەڵەی ئەمریکایی کوک بۆ ڕزگارکردنی فەڵەستین دەبێ، شانی دەداتە بەر

هەموو هەوڵێک تا دڵنیایی بداتە کۆمەڵەکە بەوەی بەشی شێر لە باربوو و پیتاککۆکردنەوە لەسەر شەقام و لەو پارانەی بۆ فریادڕەسی کۆدەکرێنەوە بەربکەوێ. دیار بوو ئەو پیاوێکی قەناعەتپێهێنەر بوو. ژنێک کە بۆ شارەوانی شارەکە کاری دەکرد، دواتر بە بریتانییەکانی گوت، کەسانی باڵا لە وەزارەت و لە شارەوانیی هاموشۆیان دەکرد و شتێکی وەهایان کرد تا گرووپەکانی جوو بتوانن دەرفەتی ڕۆژی باربووکۆکردنەوەیان زۆر بێ و ڕۆژە پشووشیان دەدایە ئەو جۆرە دەستە و کۆمەڵانە.[١٦]

لە ئاخروئۆخری هاوینی ١٩٤٧دا «کۆرف» خۆی گەیاندە پاریس تا بە چاوی خۆی ئەو پێشهات و پەرەسەندنانە سەبارەت بە بیرۆکەی بە پەرەشوتبەردانەوەی کۆچبەرانی جوو لە فەڵەستین هەڵبسەنگێنێ، ئەمەش هەمووی لە کاردانەوەی ئەو بەرپێگرتنەی بریتانییەکان بوو بۆ وەستاندنی لێشاوی کۆچی جوو بۆ فەڵەستین لە ڕێی دەریاوە. کاتێکیش ئەو بیرۆکەی ناردنی جووی بە پەرەشوت بۆ خاکی بەڵێنپێدراو لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنسا هێنایەگۆڕێ، وەزیرەکە بە ڕێزەوە داواکەی ڕەتکردەوە. ئینجا بڕیاریدا سەرەتا بە فڕۆکەیەک بڵاونامە بەسەر لەندەندا بەربداتەوە، دوای ئەوە بۆمب. کابرا توانی دە هەزار بڵاونامە ڕێکبخا، تێیدا جاری ئەوەی دابوو "تاجی خاوەنشکۆی بریتانیا بە خوێنی جوو سوورە و بە نەوتی عەرەبیش تووسولوس دەبریقێتەوە"، لە بڵاونامەدا دنەی خەڵکی دەدا فشار بخەنە سەر حکومەتی بریتانی بۆ ئەوەی "هەر ئێستا... دەست لە ئیسرائیل هەڵبگرن". بۆ ئەم مەبەستە «کۆرف» فڕۆکەوانێکی بەکرێگرت و وادەیەکی لەگەڵ ئەودا بۆ ٤ی ئەیلوول لە دووری دە مایل لە

دەرەوەی پاریس دانابوو.[١٧] هەرچۆنێک بێ فڕۆکەوانەکە خەبەریدابووە ئاسایشی فەرەنسی، کۆتاییەکەشی هەندێ سەیر بوو، ئاخر «کۆرف» لە لایەن ٢٠ پۆلیسەوە دەورەدراو و گیرا، پۆلیسەکان بەرگی میکانیکەکانیان پۆشیبوو.

فەرەنسییەکان وەک پێویست هیچ هەوڵێکی وەهایان نەدا تا کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەر هەوڵوکۆششی زایۆنیستەکان بۆ ڕێکخستنی کۆچی بە کۆمەڵ و قاچاخ لە خوارووی فەرەنساوە بۆ فەلەستین. لە ئاداری هەمان ساڵدا کابینەی حکومەتی فەرەنسی بڕیاریدا چاودێری توند بەسەر ئەو خەڵکەوە نەکا و کۆتوبەند نەخاتە سەر ئەوانەی دەیانەوێ وڵاتەکە جێبێڵن، دەمودەستیش لێکەوتەکانی ئەو ڕێکارە زانرا. بەر لە کۆتایی مانگەکەش «دەف کوپەر»ی باڵوێزی بریتانیا لە فەرەنسا سەری لە وەزارەتی کاروبارەی دەرەوەی دا و سکاڵای لە شلوخاوی "ئەو ڕێکارانە گرت، کە بۆ کۆچی بە قاچاخی جووە بۆ فەلەستین گرتوویانەتەبەر."[١٨] بە ڕواڵەت لەگەڵ فەرەنسییەکان هاوسۆزینواند، کەچی بە کردەوە هیچ یارمەتی «کۆپەر»ی نەدا. ڕۆژنامەیەک لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا، دەمەتەقێیەکی لەنێوان گرووپێک جووی کۆچبەر و پۆلیسی فەرەنسا لە هاوینی ١٩٤٧دا تۆمارکردبوو. کاتێ پۆلیسەکە پرسیاریان لێدەکا؛ ئەرێ بۆ کوێ دەڕۆن؟ گرووپەکەش وەڵامدەداتەوە: "ئێمە دەچینە بۆلیڤیا." بە کۆمەڵ ڤیزەکانی بۆ نمایش دەخەنە بەردەست. پۆلیسەکەش لێیان وەردگرێ و دەیانداتەوە پێیاندەڵێ: "وڵاتێکی جوانە. پێی ئاشنام. ئاخر سێ ساڵان لە سوریا خزمەتم کردووە."[١٩]

زۆری پێنەچوو، هەر جوو بوو لە سەرتاسەری ئەورووپا دەهاتە ئەوێ، تا لەبەندەری خوارووی فەرەنساوە سواری بەلەم و

پـاپۆڕ بـبن و بەرەو فەڵەسـتین بەڕێـبکەون. تـا ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٤٧ هەر کــاروانێکی لە نێــوان ١٠٠ تــا ٥٠٠ جــوو شــەوانە دەگەیشــتنە بەنــدەرەکە. ئەوان کاروانەکــانی خۆیــان وەهــا ڕێکخستبوو، لە ڕۆژانی کۆتـایی هەفتەدا بگەنە سـەر سنوورەکانی فەرەنســا، ئەو کــاتەی کارمەنــدی بــایی پێویســت لە بــازگەی سنوورەکان نەبوون و کاربەدەستانیش دەیانەویست ژیانێکی ئارام بەسـەربەرن. ئیدی بەرەبەرە لەوە تێگەیشـتن زۆر لە کاربەدەستان لەگەڵ ئەوان هاوسـۆزن. هەروەهـا ڕایەڵەی ماسـیگر و بەندەروانان و کارمەندانی بەلەم و کەشتییەکانی بەندەرەکەش هەر هاوسـۆزیان بـوون. تـا کارگەیشـتە ئەوەی جارێکیـان کۆمۆنیسـتەکان مـانگرتنی کرێکـارانی گواسـتنەوەیان ڕاگـرت بـۆ ئەوەی کـاروانی کـۆچبەرە جووەکان بە ئاسانی بگەنە «مارسیلیا».

لە بەندەرەکەدا یارمەتی ئاوارەکـان دەدرا تـا سـواری ئەو بەلەم و کەشــتییانە بــبن، کە هاگانــا لە ڕێــی دەزگــای مۆســادی خزمەتگـوزاری کـۆچکردووان دابینیکردبـوون. کـاتێکیش پیـاوێکی هاگانا لیستی ئەو کەشتی و بەلەمانەی کڕیبوویان بۆ هات تـا لێیان بڕوانـێ ئـاخۆ بەکەڵـک دێـن، گـوتی؛ "ئـای لەو دۆزەخە، کۆلـۆمبس ئەمریکـای بە پـاپۆڕێکی دۆزیـیەوە کە کێشـەکەی ٤٩ تەن بـوو."[٢٠]

خوێنەرانی ڕۆژنامە فەرەنسییەکانیش هەلومەرجی کۆچبەرەکانیان لە ڕێی ئەو ڕۆژنامەنووسـە فەرەنسـییانە هەڵدەسـەنگاند کە هاگانـا دەرفەتی پێدابوون و بردبوونیە سەر پشتی بەلەمەکان تـا هەواڵەکە بـزانن. یەکێـک بە نـاوی «پیـرێ جۆفـۆری Pierre Joffroy» لە ڕۆژنـامەی «لـێ پاریسـیان لیبێرتـی Le Parisien Libéré» وەهـای نووسـی: "خـۆ ئەگەر ١٠٠ سـاڵ بـژیم هەرگیـز ئەو سـەعاتە کوێرەوەریـانەم لەبیرنـاچێتەوە، مەرگ بەسـەر تیـۆدۆر هێرتـزلەوە،

گیتۆیەکی سەرئاوکەوتووی پیسوپۆخڵ و خوێناوی، پڕ لەناڵە و هاوار و تووک و نزا."[21]

لە بەرانبەریشدا بریتانییەکان بە ڕێکاری توندی نایاسایی هەوڵیاندا ڕێگە لە کاروانی کەشتی کۆچبەرەکان بگرن. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦دا حکومەت داوای یارمەتی لە دەزگای MI6 کرد، ئەویش چەندین پلانی داڕشت، لەوانە یاریکردن بە ڕێژەی ئاوی خواردنەوە و خۆراکی نێو کەشتییەکان، بۆ ئەمەش تا لۆمەی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی عەرەبی داهێنراوی نوێ بکرێ. لە ١٤ی شوباتی ١٩٤٧یشدا حکومەت ڕێگەی دا پەلاماری هەر کەشتییەکی بەتاڵ لە هەرێمی ئاویی ئیتاڵیا نەوەک هی فەرەنسا بدرێ. ئەوە بوو پێنج کەشتی کەوتنەبەر پەلامار.[22]

لە هەموو کەشتییەکان ناسراوتر لە «مارسیلیا»ی جێدەهێشت ناوی «ئێکسۆدوس Exodus[123]» بوو. پێشتر ناوەکەی کەشتی سەرەک «وارفیلد Warfield» بوو، لە گەرووی «چیسەپیک» لە بالتیمور تێپەڕیبوو. کاپتنەکەی «ئیسحاق ئاهارۆنۆڤیچ Yitzhak Aharonovitch»ی لەدایکبووی «دانزیگ» بوو. بڕوانامەی کەشتییەوانی لە لەندەنەوە وەرگرتبوو، پاشان گەڕایەوە فەڵەستین تا بچێتە ڕیزی ڕێکخراوی دەستەخوشکی «پالماخ» بە ناوی «پالیام»، کە تایبەت بوو بە کاروباری دەریاوانی. «ئاهارۆنۆڤیچ» خێرا پلەکانی بەرزدەبوونەوە، لەوانەیە ئەوەش زیاتر لەبەر ئەوەبێ کە «پایلامان» کەسی لەو باشتری وەک دەریاوان نەبوو. لە

١٢٣ ئێکسۆدوس ناوی کتێبی دوەمی تەوجیلیش بوو، واتە تەورات، کە باس لە دەرچوونی ئیسرائیلییەکان دەکا لە میسر لەو کاتەی لە کۆیلایەتی ڕزگاریان بوو، ئەو گەشتەی بە نێو دەریای سووردا و ڕۆیشتن تا ئەو جێگایەی موسا دە فەرمانەکانی بەسەردا خوێندنەوە.

کۆتـــایی ١٩٤٦دا نێـــردرایە «بـــالتیمۆر» تـــا سەرپەرشـــتیکردنی نـــۆژەنکردنەوەی پـــاپۆڕێکی دێـــرین بکـــا بە نـــوێکردنەوەی بزوێنەرەکەشـــی. ئەوە بـــوو کەشـــتی «ســـەرۆک وارفیلـــد» لە ژێـــر فەرمانـــدەیی «ئاهـــارۆنۆڤیچ»دا و لە بـــن ئـــاڵای «هۆنـــدۆران Honduran[١٢٤] »دا ئۆقیانووســـی ئەتلەنتـــی بـــڕی و لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٤٧دا گەیشتە «مارسیلیا»، کە دەبوو سێ هەفتەی دواتر هەر لەوێ بمێنێتەوە. پاش لە داردانی «دەڤ گرونەر» ئیدی هاگانا ویستی زەبرێکی کوشندە لە بریتانییەکان بدا و بیانوروژێنێ، لەو کـاتەی هێشـتا ڕۆژنـامەوانی نێـودەوڵەتی هەر بە پرسـی لە داردانی «گرونەر»ەوە سەرقاڵ بوون. ئەوسا ناوی کەشتیەکەیان کـــردە «ئێکســـۆدوس»، تـــا ببێـــتە ئـــامرازی جێبەجێکردنـــی ئامانجەکەیان.

بۆ دابینکردنی پێداویستی کەشتییەکە لە «ماسیلیا»، ئەوە بوو «ئاهـــارۆنۆڤیچ» ئێکســـۆدۆس بەرەو ڕۆژئـــاوا تـــا بەنـــدەری «سێتSète» هـات و لەنـگەری گـرت تـا سەرنشـینەکانی باربکـا. بەندەرەکەش بەوە ناسراو بوو یارمەتی بارکردنی جووەکان بدا. ڕاســـپێردراوە خـــۆجێیەکە «جـــولێس مـــۆخ Jules Moch»ی وەزیری گواستنەوە، ئەو کەسـەی کـوڕەکەی لە مـاوەی جەنگەکەدا بە دەسـتی گۆسـتابۆی نـازی کوژرابـوو، ئەمە لە کاتێکـدا بـوو کە پسمامی «موخ» سەرۆکی شارەوانی شارەکە بوو. لە ماوەی سێ ڕۆژی دواتـردا زیـاتر لە ٤.٥٠٠ سـواری پـاپۆڕەکە بـوون. هاگانـا سەرنشـینەکانی دەستنیشـانکردبوو، بیـری لەوە کردبـووە تیشـکیان بکەوێتەسەر. خۆی ئەمەش نهێنییەکی ناسراوبوو، هەروەک یەکێک

---

١٢٤ هۆندۆران: یان هۆندۆراس کۆمارێکە لە ئەمریکای ناوەند و زمانی فەرمییان ئیسپانیە.

لەوان گیرایەوە، گەمییەکە ژمارەیەکی زۆری لە ژنە دووگیانەکان، لە دایک بە منداڵی ساوا و پیرەمێرد و نەخۆش و کەنەفتەکانیان بارکردبوو. هەر سێ نهۆمەکەی کەشتیەکە پڕکرابوون و لە ١٢ی تەممووزیشدا بەرەو فەڵەستین بەرێکەوت. نەخشەی کاپتن «ئاهارۆنۆڤیچ» ئەوە بوو تا بکرێ لە کەناراوی فەڵەستین نزیکبکەوێتەوە، ئینجا هەوڵبدا بە هەموو خێرایی خۆی کە دەیکردە ٢٠ گرێ بەڵکو بەر لە بەلەمی پاشایەتی بریتانی، خۆی بگەیەنێتە کەنار.

حکومەتی بریتانی دەیزانی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ جووەکان نزیکبووەتەوە. ئاخر ئاژانەکانی لە باشووری فەرەنسا هۆشداریان دابوونێ، کە مۆساد ٣٠،٠٠٠ ئاوارەی ئامادەی بۆ گواستنەوە بە ڕێگەی گەمییەکانەوە هەیە و دەزگای «MI6» یەختێکی تێکدەرانەی هەبوو چاودێری ئیکسۆدۆسی دەکرد. تا ئەو کاتیش هەرچەندە وەزارەتی کاروباری دەرەوە دژی هەر کردەیەکی توندوتیژانە بوو و دەزگای «MI6» هەرگیز ئەو ڕێپێدانەی نەبوو تا کەشتییەکە تێکبشکێنێ. کاتێکیش ئێکسۆدوس لە ١٢ی مانگدا بەرەو فەڵەستین دەریای تەیکرد، «بێڤن» بە فەرمی سکاڵای لای «بیدو» کرد. کاتێکیش «بیدو» ئاماژەی بەوە دا، کە ئەگەر کەشتیگەلی پاشایەتی بریتانی بتوانێ ڕێگە لە کەشتییەکە بگرێ ئەوا سەرنشینەکانی دەگەڕێندرێنەوە فەرەنسا، حکومەتی بریتانیا بڕیاریدا ڕووبەڕووی کردەنیازەکانی هاگانا ببێتەوە. «ئارسەر کریچ جۆنز Arthur Creech Jones»ی وەزیری کۆلۆنیالی بە کۆمسیاری باڵای لە فەڵەستینی گوت دەبێ سەرنشینانی کەشتییەکە دووربخرێنەوە تا "بە ڕوونی فۆرمی هاتنە

ناوەوەیان بۆ پڕبکرێتەوە، بۆیە دەبێ ئەو فۆرمە لە فەرەنساوە پڕبکرێتەوە.[٢٣]

بریتانییەکان ئەو کات بە شێوەیەکی توند و بێهوودانە جوولانەوە، هەرچەندە بەو شێوەیەش نەبوو کە «کریچ جۆنز» ڕەچاویکردبوو. ئێکسۆدۆس لە دەریای سپی ناوەڕاستدا بە بەلەمی جەنگیی بریتانی دەورە درا، کەچی «ئاهارۆنۆڤیچ» هەرگیز نەیتوانی بە تەواوی هێزی هەڵمییەکەوە بڕوا. لە بەرەبەیانی ١٨ی تەمموزدا دوو بەلەمی تێکشکێن، ئیکسۆدوسیان لە دوای خۆیان ڕاکێشدا تا ٢٠ میلیان لە غەززە دوورخستەوە، هێشتا هەر لە نێو ئاوی نێودەوڵەتیدا بوو. ئەوە بوو سەربازە بریتانییەکان بە چەکەوە چوونە سەر پشتی ئۆکسۆدوس، بەڵام کاتێک جووەکانی سەر پشتی کەشتییەکە، گوللەی ئاگادارکردنەوە و بۆمبی دووکەڵ و گازی فرمێسکڕژێنیان لە سەربازەکان گرت. ئەوانیش دەستیانکردەوە و تەقەیان لێکردن.

«ئاهارۆنۆڤیچ» لە جێگەی خۆی هێشتا ئومێدی هەبوو کەشتییەکە بگەیەنێتە کەنار، بەڵام فەرماندەی هاگانا لەسەر پشتی کەشتییەکە ڕێگر بوو، تا ئەو کاتیش وردە وردە کەشتیکە نغرۆدەبوو. دوای سێ سەعات بەرگری- وردەکارییەکەی بە ڕادیۆ ڕایگەیاندبوو- «ئاهارۆنۆڤیچ» خۆی بەدەستەوەدا. ئیدی ئێکسۆدوس ڕاکێشرایە بەندەری حەیفا، لەوێ سێ گەمی ئامادەکراوبوون تا سەرنشینەکانی بگەڕێننەوە فەرەنسا. بۆ شەوەکە، یەکەمین گەمی لەسەرنشینانی ئۆکسۆدوس بەرەو مارسیلیا بەڕێوەبوون، بەڵام وەنەبێ ئەم کارە بەدەربێ لە چاوی دوو شاهیدی کۆمیتەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەریەک لە «ئێمیل ساندستۆرم Emil Sandström » و «ڤلادیمیر

سـیمیچ Vladimir Simic» بـوون. ئەوان هەسـتیان بەو دیـمەنە نـاخهەژێنە کـرد چـۆن برینـدارەکان لەسـەر پشـتی ئێکسـۆدوکەکە ڕادەکێشـرێن، ئەمەش خـاڵی وەرچەرخـان بـوو لە هەڵسـوکەوتیان سەبارەت بە ماندانی بریتانی.

گەڕانـدنەوەی سـێ گەمـی بۆ بەنـدەری «دە بـۆک de-Bouc» لەسـەر دەرچەی ڕووبـاری «ڕۆون Rhône» تیختـیخەی گـرژی نێوان هەردوو حکومەتی فەرەنسی و بریتانی دا. «دەف کوپەر» بە ڕووی فەرەنسـییەکاندا تەقیـیەوە، کە گـوتی "ئەوان بە شـێوەیەکی قێزەونانە جووڵاونەوە." ئەوان پێیان وا بـوو بە چاودێری تەواوەوە سـەیری ڤیـزا و ڕێپێـدانەکانیان دەکەن و لە کاروبـاری دۆخـی سـەلامەتی ڕێبـواران و کەشـتییەکە دەکـۆڵنەوە، کەچـی ڕێگەیـان بە پێـنج هەزار جـوو داوە بە سـواری کەشـتییەک هـی ئەوە نەبـوو گەشـتی پێبکـرێ، سـەفەربکەن."[٢٤] «بیـدو»ش زۆر لەوە تـوڕە ببـوو کە تـازە هەردوو حکـومەتی بریتـانی و ئەمریکـی لە پاشـملەی ئەویشەوە لەسەر پاڵپشـتکردنی پیشەسازی ئاڵمانی ڕێککەوتبوون، گوتیشـی هەروەک «کـوپەر» سـەبارەت بە پرسـەکە هەسـتێکی هەژێنەری هەبوو. کەچـی دیسـان بەرهەڵسـتی فشـارەکانی کـرد بۆ ئەوەی لەبارەی کۆچی جووەکانەوە یارمەتی بریتانییەکان بـدا. ئەو بە شـاردنەوەی هەسـتەکانی خـۆی ئۆبـاڵی کێشـەکەی خستە سـەر ئەسـتۆی هاوتـایە سۆسیالیسـتەکانی « دیپـرۆ» و«مـۆک» و هەژموونی «لیۆن بلوم» لە سەر کابینەی حکومەت.

لە وایتهۆلیشەوە «بێڤن» ڕێنمایی بۆ «کۆپەر» نـارد، تـا داوا لە فەرەنسـییەکان بکـا بەڵکـو جـوو بە داری زۆر لەسـەر پشـتی گەمییەکـان دابەزێنـێ، بەڵام «کۆپەر» ئەم بیرۆکەیەی پێ شـێتانە بوو. لە ٣٠ تەممووزدا، ڕۆژێک پاش گەیشتنی هەر سێ گەمییەکە بۆ

سەر کەناراوای فەرەنسا، ڕۆژنامەکانی فەرەنسی بە شێوەیەکی جیهانگیر دژی بریتانیا وەستانەوە. بەڕێوبەری هوتێلێک بە «سامۆئیل کاتز»ی ئیرگونی گوت: "ئێمە هەمومان لەگەڵتانین. «کاتزی»یش زۆر دڵنیانەبوو. لێیپرسی: "تۆ بڵێی حکومەکەتان بە زۆری سەرنشینەکان لەسەر پشتی گەمییەکان دانەبەزێنێ؟" بەڕێوبەرەکەش لە وەڵامدا گوتی: "ئەستەمە!" ئەو بە قامک تەقاندنەوەوە گوتی: "ئەگەر کارێکی وا بکا، دەڕووخێ."[٢٥] ئەندامێکی ئیرگونیش نووسی؛ "فەرەنسییەکان دەهری ببوون، دوژمنایەتییە کۆنەکەیان نۆژەن ببووەوە. هیچ دەربڕینێکی هەست و نیاز دەرەقەتی تووڕەیی و قێزەونی ژانوناسۆری سەرنشینەکانی کەشتی ئێکسۆدۆس نەدەهات. کەس بیری بۆ ئەوە نەدەچوو فەرەنسی و بریتانییەکان دوو دەوڵەتی هاوپەیمان بن. بیروبۆچوونی وەرگیراوی نێو چێشتخانەکان، لە نێو وێستگەکانی میترۆ، لەسەر شۆستەکان و لەسەر کەنارەکان هەر ئەو سەرنجەیان دەدایەدەست، کە هەردوو گەلەکە لەگەڵ یەک لەشەڕدابن."[٢٦]

هەر تەنیا ٣١ کەس لە سەرنشینە کۆچبەرەکان داوەتنامەی فەرەنسییان پەژراند و لە گەمییەکان دابەزین، سەرتاپای ئەوانی دیکە گوێیان بە گەف و هەڕەشەی بریتانییەکان نەدا، خۆ ئەگەر داشنەبەزیبان بەگوێرەی هەڕەشەکە دەگەڕێندرانەوە ئەڵمانیا و لەوێ بە زۆرداری دادەبەزێنران. ئەوە بوو لە ٢٣ی ئاب و دوای سێ هەفتە، دیسان گەمییەکان کەوتنەوە جووڵە، ئەم جارەیان هەروەک بریتانیا هەڕەشەکەی خۆی جێبەجێکرد، بەرەو هامبۆرگ ڕۆیشتن. لەوێ ١٠٠٠ سەربازی بریتانی بە پشتگیری ١٥٠٠ پۆلیسی ئەڵمانی بە بەکارهێنانی لوولەی پاڵەپەستۆی ئاوپرژێن و تێلا و

گـازی فرمێسـکڕژێن سەرنشـینەکانیان دابەزانـدن. ئەم قۆنـاغەش ئەوەی نیشـاندا، بریتانییەکـان چیدی نەتـوانن کارایـانە دەسـەڵاتیان بەسـەر فەڵەسـتیندا بشـکێ و بەم کـارە بڕیـاری کـۆمیتەی تـایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکـان سـەبارەت بە فەڵەسـتین سـەلمێنرا، کە هەر چەند ڕۆژێک پێشتر ڕایان گەیاند، دەبێ وڵاتەکە لە نێوان عەرەب و جـوو دابەش ببێ و ئۆرشـەلیمیش بکـرێتە نـاوچەیەکی نێودەوڵەتی. کـاتێکیش جووەکـان بـردرانەوە کـامپە زۆرەملێکـانی بەرێ، لەوێ لە پاشخاندا تیپی مـوزیکی سـەربازی ئـاوازەکەی خـۆی دەژەنـی. ئەو ئـاوازەی بـۆ لەخـۆگرتن و قوتـدانی هاتوهـاواری ناڕازییەکـان بـوو، ئەو تـۆنە زەقوزۆپـانەی بە شـێوەیەکی کارایـانە بـوونە دوا ئـاوازی کۆتاییهاتنی مانداتی بریتانی لە فەڵەستین.

# ٢٩
# دوا پێگە

کاتێک «ئێرنسی بێڤن»ی بەسەرخۆداشکاو لە ١٨ی شوباتی ١٩٤٧ دوای سەرنەگرتنی گفتۆگۆی نێوان نوێنەرانی عەرەب و جوو ڕایگەیاند، تاکە ڕێگە کە لەپێش حکومەتی بریتانیا ماوەتەوە ئەوەیە دۆزەکە بباتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، چەند کەسێکیش بڕوایان وا بوو ئەمە کۆتایی دەسەڵاتی بریتانیایە لە فەڵەستین.[١] ئاخر لەوەتەی ١٧٧٦ەوە بریتانیا لە هیچ پارچەیەکی ئیمپراتۆریەتەکەی خۆشنەبووە و هەرگیزیش خۆبەخشانە دەستبەرداری نەبووە.

هەر خودی حکومەتی بریتانیاش بۆی قوتنەدەدرا بە تەواوی بڕوا بەم پرسە بکا. «بێڤین» بە تایبەتی بە کابینەکەی گوت: "ئێمە هێشتا دەبێ بە دوای ڕێوشوێنێکدا بگەڕێین تا دەست بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرین"، ئەو هیوای وابوو نەتەوە یەکگرتووەکان پشتی چارەسەری فیدرالیزم بۆ فەڵەستین بگرن و کاروباری ڕاپەڕاندنەکەشی بە بریتانیا بسپێرن.[٢] هەفتەیەکیش پاشتر هاوڕێکەی ئەو «کریچ جۆنز»ی وەزیری کۆلۆنیالی ئەوەی ڕوونکردوە، بڕیارەکەی بریتانیا بۆ کێشەکە واتای ئەوە ناگەیەنێ بە تەواوی دەستی لێ شوشتبێ. ئەو پشتڕاستیکردەوە: "ئێمە بۆ دەستبەردابوون لە ماندات ناچینە بەردەم نەتەوە یەکگرتوەکان. ئێمە بۆ ئەوە دەچینە ئەوێ تا کێشەکە یەکلابێتەوە و داوای ڕاوێژیان لێبکەین ئاخۆ چۆن ماندانەکە هەمواربکرێتەوە."[٣] ئەم قسانەی وەزیری کۆلۆنیالی وروژێنەر بوون، ئەمە سەری بۆ ئەوە

کێشـــا، هەریەک لە ئیرگـــون و تـــاقمی ســـتێرن کۆششـــیان بـــۆ وەدەرنانی بریتانییەکان لە فەڵەستین دووهێندەبکەن.

چوار ڕۆژ بەسەر لێدوانەکەی «کریچ جۆنز» تێپەڕی، ئیرگون یـــانەی ئەفســـەرانی بریتـــانی لە ئۆرشـــەلیم دایە بەر بۆمـــب، ئەم پەلامارە ١٣ کەسی لێ کوشتن و ١٦ی دیکەشی لێ بریندارکردن. بە کۆتایهاتنی مانگی ئازاریش هێرشیانکردە سەر پاڵاوگەی نەوتی شێل، کە بووە مایەی وێرانکردنی پاڵاوگەکە و زیانی یەک چارەک ملیۆن پاوەنیشی لێدان. لە ٢٢ی نیسانیشدا بە دانانەوەی بنەتەقە قیتارێکی هێڵی ئاسنینی قاهیرە-حەیفای لەسەر ڕێرەوەکەی خۆی ترازانـد، بە هـۆیەوە هەشـت کەس کـوژران و ٤١ کەسـی دیـکەش برینـــدار بـــوون. هەر دوو ڕۆژیـــش پـــاش ئەم ڕووداوە، «ئـــا.ی کۆنکوێست A. E. Conquest» بەرپرسی هۆبەی تایبەتی پۆلیس لە حەیفا، کاتێ دوای ڕۆژێکی دووردرێژ لە نووسینگەکەی بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، لە کاتی پارککردنی ترومبێلەکەی لە بەردەم مـاڵی خۆی لە لایەن دوو گەنجی جوو تەقەی لێکراو و کوژرا.

دیسـان ئاژانسـی جوو بەڵێنی هەڵمەتێکی لە دژی تیرۆریـزم دا، لەگەڵ ئەوەی هاگانا هۆشداری دابووە بریتانییەکان بەوەی ئیرگون خەریکی دانانی بنەتەقەیە لە بارەگای سەرەکی پۆلیس لە تەلئەبیب، بەڵام ئەو کـارەی ئاژانسـی جـوو دواکەوت بـۆ ئەوەی یـارمەتی بریتانییەکـــان لە دژی هەڵکشـــانی نـــاڕەزایەتی بـــدا. ئەو وتـــارە لەبلەبانییەی نەیارێتیی بریتانیا دەمێک بوو مێشکی لاوانی جووی شوشتبووەوە و لایەنگری خۆی پەیداکردبوو. «تـایمز»یش ئەوەی بینی؛ "ئەو گەنجانەی تەقەیان لە «کۆنکوێست»ی بەرپرسی پۆلیس کرد، لەوانەیە ئەو کاتەی ئەو لێکۆڵەرەوەی پۆلیس بەر لە ١٨ سـاڵ پێشـتر واتە لە ١٩٢٩ هـاتبووە ڕاژەی پۆلیسـی فەڵەسـتین، گەنـجە

جووەکـــان هێشـــتا هەر لەدایکنەبـــووبن."[٤] لەوەش وێـــوەتر، بریتانییەکـان دەمێـک بـوو لە شـەڕی خۆیـان لەگەڵ تیرۆرسـتان دۆڕابوون، لەوەش بترازێ، نەیانتوانی ڕێ لە هاوسۆزیی جوو لە بەرانـبەر هەڕەشـەی تیرۆریسـتەکان بگـرن. بریتانییەکـان ئەو بیرۆکەیـان داهێنـا کە نـاو و وێـنەی تیرۆرسـتان لە ڕۆژنـامە خۆجێیەکان بڵاوبکەنەوە، بەڵام شتەکە لەو کاتە تەگەرەی تێکەوت، چـونکە دەسـتەی نووسـەرانی ڕۆژنامەکـان لە لایەن کەسـانی نەناسراوە زەنگیان بۆ لێدرا و دەقاودەق پێیان گوتن ئەگەر هاتوو ئەم وێنـانە بڵاوبـکەنەوە، چیـان بەسـەردێ. کـاتێکیش هەواڵێکـی بریتـانی بڵاوبـووەوە بەوەی نووسـینگەیەکی ئاژانسـی ڕۆیـتەرز لە فەڵەستین دابنرێ، ئیرگون ئەوانی ترساند، کەچی لە هەمان کاتدا دڵخۆش بوو بەوە حکومەتی فەرەنسا بڕیاریدا نووسینگەیەک بۆ ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی فەرەنسی لە تەلئەبیب دابنێ.

لە ٤ی ئایاریشـدا ئیرگـون هێرشـێکی سەرنجڕاکێشـی نـاوازەی کـردە سـەر زینـدانی «عەککـا». چەکدارانی ئیرگـون لەبـن بەرگـی سـەربازانی بریتـانی توانیـان کـونێکی گەورە لە دیـواری زینـدانەکە بکەن – ئەو زیندانەی کاتی خۆی قەڵای خاچدارەکان بوو- ئەوە بـوو ڕێگەیـان بە سـەدان گیـراوی عەرەب و نـزیکەی سێ کەس لە تیرۆرسـتە[١٢٥] جووەکـان دا تـا لە زینـدانەکە ڕابـکەن. ئەو کـات سـەربازە بریتانییەکـان لە کەنـاری ڕۆژئـاوای شـارەکە خەریکـی مەلەکـردن بـوون، کـاتێکیش بە هێرشـەکە دەزانـن، بۆسـەیەک بـۆ هێـزەکەی ئیرگـون دەنێـنەوە و نـۆ کەسـیان لـێ دەکـوژن و

١٢٥ مـایەی تێبینییە نووسـەر لە بەرانـبەر ئیرگـون و تـاقمی سـتێرندا هەر وشـەی تیرۆریستی بەکارهێناوە.

هەشتیشـــیان لــێ بە دیــل دەگــرن، بەڵام زۆربەی تۆمەتبارەکــانی زیندان ڕادەکەن و ڕزگاردەبن.

تــا ئەو کــات لە لەنــدەنەوە ســـەرکۆنەیەکی زۆری دامەزراوەی پۆلیســـی فەڵەســـتینی کــرا، ئەوە بــوو وەزارەتـــی جەنــگ ڕێکــاری نائاســـایی گـــرتەبەر بەڵکـــو بە خۆیـــان شـــەڕی تیـــرۆربکەن. بە پشـــتگرتنی «مۆنتۆگـــۆمری»، ئەو فەرمانـــدەیەی داوای ڕێپێـــدانی ڕێکـــاری بە زەبـــر و توندوبەنـــدی کردبـــوو، ئەوە بـــوو کـــابینەی حکومەت ڕێگەی پێدا، ئەویش ئەفسەرێکی هێزی پاسەوانی بە ناوی «بێرنـــارد فێرگەســـن Bernard Fergusson»ی ڕاســـپارد تـــا دەســـتەیەک بـــۆ وەســـتانەوە لە دژی تیرۆرســـتانی جـــوو پێکبهێنـــێ.[٥] «فێرگســـن» کە لە فەڵەســـتین خزمەتـــی کردبـــوو، پاشـــان لەگەڵ چیندیســـتەکانی[١٢٦] بۆرمـــا کـــاریکردبوو، بە باشـــی لە ڕێنماییەکـــانی «ئیدوەرد وینگێت» گەیشتبوو، بەتەمابوو تاکتیکەکانی «وینگێیت» کە پـــێش دەســـاڵ لە فەڵەســـتین پەیڕەویکردبـــوو، بەڵکـــو لەســـەر شـــەقامەکانی ئۆرشـــەلیم و تەلئەبیبیشـــدا کـــاریگەریی خۆیـــان هەبـــێ. ئەو بە دوای خەڵکـــی بـــاش بـــۆ کـــارێکی پیســـوپۆخڵدا گەڕا. یەکێـــک لەوانەی بۆ ئەم کارە لێیگرتبوو، ئەفسەرێکی تەمەن ٢٦ ساڵە، کە لە ئەکادیمیـــای ســـــەربازیی «ســـــاندهیرت» دەرســـــی پێـــدابوو. ئەو گەنـــجەش «ڕۆی فـــاران Roy Farran» هەڵگـــری پاداشـــتنامەی میدالیای سەردەستەی کۆماندۆی هێزی تایبەتی هەوایی بوو، ئەو ئەزمـــوونی لە شـــــەڕی دەســـــتەویەخەی پشـــت هێڵـــی بەرەکـــانی دوژمـــنەوە هەبـــوو. «فـــاران» هەروەک زۆر لە پاڵەوانـــانی جەنگـــی پێشـــوو بە نیگەرانییەکـــی قـــووڵەوە لە ئاشـــتی ڕامـــابوو، ئەوســـا بە

---

١٢٦ چینـدیتس «Chindits» ئەنـدامانی هێـزی هاوپەیمانـان بـوو لە بۆرمـا لەپشـت هێڵی بەرەی ژاپۆنەکانەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥دا دەجەنگان.

پەرۆشـەوە بە پیر بەڵێنی مامۆستا کۆنەکەیەوە ڕۆیشت، بەوەی زۆری پێناچێ دیسان بۆ کردەی زەبروزەنگ و توندوتیژی تێهەڵدەچێتەوە.

«فاران» لە ئازاری ١٩٤٧دا بە جلی پۆلیسی گەیشتە فەڵەستین، لەوێش دەستەیەکی لە پۆلیس لێگرت، دوای یەک دوو هەفتە مەشق و ڕاهێنان لە شاری «جەنین»ی عەرەبنشین، هەوڵیدا تیرۆستان بخاتە تەپکەی خۆیەوە. لە ٦ی ئایاریشدا تووشی نوشستی هات. کاتێک ئەو بە گەڕەکی «ڕهێڤیا» لە خۆرهەڵاتی ئۆرشەلیمدا لەبن جلێکی سادەی پۆلیسی و بە ترومبێلێکی نەناسراو دەسووڕایەوە، دەستەکەی تووشی کوڕوکاڵێکی تەمەن ١٦ ساڵی هات بە ناوی «ئەلێکساندەر ڕوبوتز Alexander Rubowitz»، کە خەریکبوو پۆستەرێکی تاقمەکەی ستێرن لە دیوار دەدا. «فاران» هەر بەخۆی بە دوای «ڕوبوتز» کەوت، لەم شەقام بۆ ئەو شەقام، کاتێک بە دوایدا غاریدا، شوێنبزری کرد، پاشان دۆزیەوە، ئینجا مێردمنداڵەکەی ڕاکێشایە نێو ترومبێلەکەی و بردی. لەو ڕۆژەوە بە دواوە «ڕوبوتز» نەبینراوە.

بۆ ڕۆژی پاشتر «فاران» لەبەردەم «فێرگسن» دانیپێدانا، مێردمنداڵەکەی لە کاتی لێکۆڵینەوەدا کوشتووە، «فێرگسن»یش «نیکۆل گرێی»ی بەرپرسی نوێی پۆلیسی فەڵەستینی لە ڕووداوەکە ئاگادارکردەوە. «گرێی»یش هەروەک «فیرگسن» و «فاران» ئەفسەری سەربازیی بوون، لە بەراییدا هەوڵیاندا خۆیان لە لێکۆڵینەوە بە دوور بگرن، بەڵام دوای ئەوەی ڕۆژنامەوانان هەواڵیان لەسەر بێسەروشوێنبوونی «ڕوبوتز» دا و شەپقەی کوڕەکەشیان کە ناوی خۆی لەسەر چنرابوو لە شوێنی لێبزبوونی دۆزیەوە، ڕوپۆشکردنی ڕووداوەکە ئەستەم بوو، لەگەڵ ئەوەشدا

هێشـتا پۆلیسـی فەڵەسـتین حاشـای لە هەر شـتێک سـەبارەت بە دیارنەمـانی «ڕوبـوتز» کـرد. پاشـان «گرێـی» بە دڕدۆنگـی پرسـەکەی بـۆ کـردەی زیـاتر بـۆ «ئارسـەر گـایلس»ی جێگـری بەجێهێشت.

«گـایلس» ئەو پیـاوەی یەکەم جـار بە پەیوەنـدی کەینـوبەینی نێوان تاقمەکەی ستێرن و فەرەنسییەکانی زانـی، ئەو کاتەی نەبـوو بیـداتە «گرێـی»، ئەو کەسـەی وەک پەرەشـوت بـۆ ئەو دابەزیبـوو، هـیچ شـتێکیش لەبـارەی کاروبـاری پـۆلیس نەدەزانـی. ئیـدی دەسـتبەجێ «گایـل» پرسـی کوشـتنەکەی گەیانـدە سکرتێری بـاڵای ئیـدارەی بریتـانی لە فەڵەسـتین. لێکـۆڵینەوە دەسـتپێکرا، بەڵام پێشـوەچوونێکی کەمـی لەبـارەی «فـاران»ەوە بەدیهێنـا، فـارانیش هەستیکرد دەبێتە قۆچی قوربانی، بۆیە بـۆ سـوریا هەڵات و داوای مـافی پەنـابەری سیاسـی کـرد. لە کۆتاییدا فەرماندەیەکی پێشـووی قەناعەتی پێهێنا بگەڕێتەوە و خۆی بەدەستەوە بدا.

هەر ڕێـک لەو کـاتەی هەر ٢٣ ئەنـدامەکەی کـۆمیتەی تـایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فەڵەسـتین گەیشـتنە ئەوێ تـا ئەو ڕەوشـە هەڵبسـەنگێنن ئـاخۆ منداتی بریتـانی چـی بەسـەر بێ، «فـاران»یش گەڕایەوە فەڵەســتین، بەڵام زۆریــش نەمــایەوە. دوو ڕۆژ دوای گەڕانەوەی دیســان ڕایکــردەوە، ئەمەش ئەو کـــاتە بـــوو، کە ڕۆژنامەکـان باسـیان لە پەیوەسـتی ئەو و دیارنەمـانی «ڕوبـوتز» کرد، ئەندامانی دەزگای پۆلیسـی فەڵەستینیش، ئەوانەی ڕقیـان لەوە دەبووەوە کە سەرباز دەست لە کاروبارەکانیـان وەربدەن، دژەیـان بەو ڕاپۆرتـانە کـرد و هەرای لەسـەر پەیـدابوو. کـاتێکیش کـۆمیتە کنجکۆڵییە تـایبەتییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکـان بە نێـو فەڵەسـتیندا گەڕا، تا دەهـات ئەوە ڕووندەبووەوە، هەر بریتانییەکـانن باوەشـیان

بـۆ تیرۆریـزم گرتـووەتەوە، هەرچەنـدە بەردەوامـیش لە لەنـدەوە حاشـایی لەو شـتە دەکرا. ئەوە بـوو تـاقمەکەی سـتێرنیش لە ٢٨ی حوزەیراندا تۆڵەی خۆی کردەوە و پێنج سەربازی بریتانی کوشتن و دووی دیکەشـی بە تەقەلێکـردن برینـدارکردن. یەکێکـیش لە کوژراوان برادەرەکەی «فاران» بوو، ئەوەی زۆری پێەچوو بوو خۆی بە دەستەوە دابوو. کاتێکیش لە کۆتاییدا و لە پایزدا «فاران» دادگـاییکرا، «فێرگسـن» ڕەتیکـردەوە هەمـان ئەو قسـانە دووپاتبکاتەوە، کە لە ٧ی ئایاردا ئەفسەری هێزی تـایبەتی ئاسمانی پێـی گوتبـوو، هەروەهـا ئەو ڕۆژژمێـرەی، کە بە ڕوونـی فـاران بەرپرسیارێتیی خۆی تێدا بەیانکردبوو، بە بەڵگە وەرنەگیرا. ئەوسا وێـڕای هەمـوو بەڵـگە دژەکـان، بڕیـاری بێتـاوانی لە کوشتنەکە بـۆ دەرچوو.[٦]

بڕیاڕی بێتـاوان دەرچوونی «فـاران» لە میدیای بریتـانییەوە بە خۆشـی و شـاییەوە پێشـوازی لـێ کـرا، ئیـدی لەو کـاتەوە هەر بە ڕاسـتی میزاجی بریتـانی لە هەنـدێ شـوێنی گشـتییدا بەتـایبەتی بە دژایەتیکردنـی زایۆنسـتەکان وەرچەرخـا. لە ٢٩ی تەممووزیشـدا بریتانییەکـان بـانگەوازی ئەنـدامانی کـۆمیتەی تـایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیـان بـۆ لێبـوردن لە گیـراوە زایۆنیسـتەکان پشتگوێخسـت، پاشـان سـێ ئەنـدامی ئیرگونیـان لەسـێدارەدان، ئەوانەی لە بۆسـەی بەسـەردادانی زینـدانی عەککـا گرتبـوون. ئەم جارەیـان ئیرگـونیش تـۆڵەیەکی هاوشـێوەی کـردەوە. «مێنـاحیم بـێگن»[١٢٧] لە دیـدارێکی تـایبەت لەگەڵ «ئێمیـل ساندسـتۆرم»ی بەرپرسـی کـۆمیتەی تـایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانـدا هۆشـداری

١٢٧ مناحیم بێگن بە درێژی باسی ئەو دیدارەی خۆی دەکا بڕوانە کتێبی: یاخیبون، مناحیم بێگن، و.شەفیقی حاجی خدر، هەولێر ٢٠١٦.

دابـوونێ بەوەی: "**ئەگەر بریتانییەکـان پیاوەکـانی ئیرگـون لە دار بدەن، ئەوانیش بریتانییەکان بە هەمان شێوە لەداردەدەن.**"[7]

«بێگن» لە ٣٠ی تەمموزدا هەڕەشـەکەی خۆی بە گەیاندەسـەر. ئەوە بوو هەر هەمـان ڕۆژ ئیرگـون ڕایگەیاند، کە دوو چاوەشـی[١٢٨] بریتـانی بە ناوەکـانی «کلیـف مـارتنCliff Martin» و «مێـرڤین پێیس Mervyn Paice» لە دار دا، ئەو دوو کەسـەی دوو هەفتە پێشـتر کـاتێ لە یـانەی مەی خـواردنەوە بەرەو مـاڵ دەگەڕانەوە ڕفێنرابوون. بەیاننامەکەشیان بە دەستەواژەی بریتـانی و تەنزاوی نووسـیبوو، تێیـدا هـاتبوو: ئەو دوو پیـاوە مـردووە تاوانبـار بـوون، تاوانەکەشـــیان ئەوە بـــوو؛ "بە قاچـــاخی هـــاتبوونە نیشـــتمانیی عیبرییەکان" و ئەوان ئەندامی "ڕێکخراوی تیرۆریستی تاوانبار، واتە سوپای داگیرکاری بریتانیین لە فەڵەستین و بە ناقانونیش چەکیان هەڵگرتـــووە."[8] ئەو پڕوپاگەنـــدەیەی ئەو گـــروپە هێنایەکـــایە، کە مەبەســـتیان ســـەربازە ئاســـاییەکانی بریتـــانی بـــوو، دەرچـــوو مەبەستەکەیان پێکا، ئاخر ئەوەیان پێگوتن کاتێ لە بۆنەی دیکەدا ئەفسـەری بریتانیـان ڕفانـدن، ئیدی هەر زوو بریتانییەکـان حـوکمی گیـراوە جووەکـانی لای خۆیـان، ئەوانەی بە مەرگ حوکمـدرابوون، سـووککرد و حـوکمی مەرگیـان هەڵپەسـارد، بەڵام کـاتێ چاوەشـیان دەڕفێنـرا خۆیـان لە گـوورە نەدەبـرد.[9] تـاکتیکەکە کـاری خـۆی کـرد. وای لێهـات چیـدی بریتانییەکـان کەسـی دیـکە لە فەڵەسـتین لە دار نەدەن.

بـــۆ ڕۆژی پاشـــتر تەرمـــی هەردوو چاوەشـــە بریتـــانییەکە بە هەڵواسراوی لە دارستـانێکی کـالیپتۆس لە نزیـک ناتانیـا دۆزرانەوە، پێش ئەوەی تەرمەکانیش وەربگیرێنەوە، ڕێگەیـان بە ڕۆژنامەوانـان

---

١٢٨چاوەش: سێرجێنت sergeant

دا وێــنەی تەرمە هەڵواســراوەکان بگــرن. ڕۆژنــامەی «دێیلــی ئێکپرێس» وێنەکانی لەژێر ناوی "بریتانییە هەڵواسراوەکان، ئەو وێــنەیەی جیهــان دەهەژێنــێ" بڵاوکــردەوە.[10] ئەو شــوێنەی تەرمەکانیان پێ هەڵواسیبوو مینرێژکرابوو، کە تەرمەکان کرانەوە مینەکانیش تەقینەوە، یەکێک لە تەرمەکان بە تەقینەوە بیست گەز غلۆربووەوە و پارچەپارچە بوو، پارچە بچووکەکانیان لە دووری ٢٠٠ گەزی چوارلایەکەدا دۆزینەوە. ڕۆژنامەوان ڕاپۆرتیان لەسەر دیمەنە قێزەونە سامناکەکەدا بڵاوکردەوە و پاشان لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئابدا پتر لە ٢٠ شار و شارۆچکەی بریتانیادا هەراوزەنا پەیدابوو. لە لیڤەرپول بەسەر موڵکوماڵی زیاتر لە ٣٠٠ جووی ئەوێ دادرا و پۆلیسیش لە لێکەوتەدا ٨٨ کەسی گرتن. لە ساڵفۆردیش دوو ژنیان گرتن، خەریکبوون بە نیوە بلۆک پەنجەرەی دوو دوکانی جوو بشکێنن و گوتیان: ئێمە ئەو کارەمان کرد، چونکە ماخۆکانیان جوون."[11]

پاش هەفتەیەک «هیوگ دالتن Hugh Dalton»ی وەزیری گەنجینە بۆ «ئاتلی» نووسی، بڕیاری کۆمیتەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەرچییەک بێ، کاتی ئەوە هاتووە بریتانیا فەڵەستین جێبێڵێ. "ڕەوشی ئێستا وەنەبێ بە تەنیا هەر هێزی مرۆیی و پارەمان لەدەستبدا، بەڵکو هەروەک خۆت و خۆم لەسەری کۆکین، ئەوێ هیچ بایەخێکی ستراتیژی پێوەنەماوە – **بە هیچ شێوەیەک تۆ ناتوانی بە سەلامەتی بنکەیەک لەسەر کونە زەرگەتەیەک دابمەزرێنی**- هەروەها ژیانی گەنجەکانمان بەبێ ئامانجێکی باش بخاتە مەترسی و ئەزمونی ڕقوقینە و پەرەسەندنی دژەسامیش بەو پەڕی خێراییە سەرسامییەکەی خۆی لەو لاوە بوەستێ."[12]

هەروەهــا هەنــدێ لە ئەنــدامانی کــۆمیتەی تــایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە چاوی خۆیان نسکۆکەی ئیکسۆدوسیان بینیبوو، ئەمەش هاوکات ڕۆڵی خۆی بینی. ئیدی کۆک بوون لەسەر ئەوەی دەبێ کۆتایی بە مانداتی بریتانی بێت. کاتێکیش لە ١ی ئەیلوولدا ڕاپۆرتەکەی خۆیان پێشکەش کرد، هەشت نوێنەر لە ١١ نوێنەری دەوڵەتەکان پشتگیری دابەشکردنی فەڵەستینیان بۆ دوو دەوڵەتی عەرەب و جوو کرد بە جۆرێک ئۆرشەلیمیش بکرێتە ناوچەیەکی نێودەوڵەتی. سێ ئەندامە جیابووەوەکەی دیکە، هیندستان و ئێران و یۆگسلاڤیا بــوون –ئەو دەوڵەتــانە بــوون، کە دانیشــتوانە سەرەکییەکەیان موسڵمان بوون– ئەوان پێیانباشتر بوو فەڵەستین ببێتە دەوڵەتێکی فیدرالی یەکگرتوو.

«ئاتلی» بەو قەناعەتەی کە پڕۆژەکە هەم بۆ عەرەب نارەوایە و هەم هی ئەوەش نییە جێبەجێبکرێ، چونکە ڕقوقینەی دوو سەرە دەنێتەوە، بۆیە چاوەڕێی ئەوەی نەکرد بۆ تاوتوێکردنی داهاتووی کــۆمەڵەی گشــتیی نەتەوە یەکگرتووەکــان. لە ٢٦ی ئەیلوولــدا حکومەت ڕایگەیاند؛ کە بریتانیا دەیەوێ لە ساڵی داهاتوودا و لە ١٤ی ئایــاری ١٩٤٨دا بە چاوپۆشــین لەوەی بڕیــاری نەتەوە یەکگرتووەکــان هەرچییــەک بــێ، لە فەڵەســتین بکشــێتەوە. ئەم هەڵوێستەش بە شێوەیەکی کارا شکاندنێکی ئەو دەزگا نوێیەی نێودەوڵەتی بوو، ئاخر وەک ئاماژەی پێدرا، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر بڕیارێک بدا، دابەشکردنەکە بە هەر شێوەیەک بێ، ڕاستەوخۆ دەکەوتە دوای کشانەوەی بریتانیا لەوێ. «بیڤن»یش وەهای دانا؛ "دە با سروشت فەڵەستین دابەشبکا."[١٣]

پێشنیازی دابەشکردن پێویستی بە دەنگی زۆرینەی دوو لەسەر سێ هەبوو تا ببێتە بڕیار، ئەمەش لە مانگی کانونی دووەم لە

بارەگـای کـۆمەڵەی گشـتیی نەتەوە یەکگرتووەکـان لە «فلەشـینگ میفــدۆو» لە نیویــۆرک باسوخواســـی لێــدەکرا. خــۆی ئەمەش گەمەیەکی ماڵی بوو بۆ نێردەی زایۆنیستی، کە حەشاماتێکیان لە لایەنگــرە خۆجێییەکـــان کۆکردبـــووە تـــا لە دەرەوەی تەلارەکەدا خۆنیشـــان بـدەن، ئەوان زۆر بلیمەتـــانە لـۆبی خۆیــان کردبــوو. ڕێکخستن و بەڵگەوبەندەکانی ئەوانی بە توندی لەگەڵ هـی نوێنەرە یەکنەگرتووەکــــانی عەرەبــــی فەڵەســــتین و دەوڵەتە عەرەبە دراوســـێیەکانیان دژ بە یەک بـــوو، بە گـــوێرەی کاربەدەســـتێکی هەناسەســـاردی بریتـــانیش ئەم کـــارەی عەرەب "بە پـلەی دووەم دەهات."[١٤] تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا ڕوونبوو نێردەی زایۆنیستەکان نەیتوانیبوو ئەو زۆرینەیە بۆ خۆی دەستەبەربکا، کە بڕیارەکەی پێ دەربکـرێ. بە درێژەدادڕیـی ئەوان توانیــان ســێ ڕۆژی دیــکەش دەنگدان بۆ بڕیـارەکە بوەخرێنن، واتە ڕۆژی ٢٩ی کانونی دووەم. ئەمەش کاتی بۆ پشتیوانانی نیویۆرک کڕی تا فشاری زیاتر بخەنە ســەر دەوڵەتەکــان، بە بەرجەســتەکردنی هێــزی خۆیــان بەســەر ســـەرۆک، ئەو پیـــاوەی ناچـــارکرا ســـاڵێک پێشـــتر ڕۆڵێکـــی ڕووهەڵماڵراوانە بۆ دەنگدان بۆ بەرژەوەندی جوو بگێڕێ. لەوێدا تەنیا یەک دەوڵەت مابووەوە هێشتا بڕیاری خۆی نەدابوو ئاخۆ بە کام لادا بکەوێ، کە بایەخێکی تایبەتیان پێدا، ئەویش فەرەنسا بوو.

لە ســـەروبەندی ڕۆژی ٢٦ی کـــانونی دووەمـــدا –ئەو ڕۆژەی قەول وا بوو دەنگدانەکەی تێدا بکرێ- فەرەنسییەکی بەژنکورتی و ناپێشچاو کە نێرەدەی فەرەنسا بـوو لە نەتەوە یەکگرتووەکـان هەر خـۆی «ئەلێکسـاندەر پـارۆدی Alexandre Parodi» بـوو، ئەو بـوو پێشــوازی لە بزنســمانێکی جـوو بە نــاوی «بێرنـارد بـاروخ Bernard Baruch» کـرد. «بـاروخ» ئەو پیــاوە بەژنــدرێژەی

چەندین ساڵ زووتر سامانێکی زۆری بەسەریەکەوە نابوو، لە بازاڕەکانی دەرەوەدا کڕین و فرۆشتنی بە کاڵاکانەوە دەکرد. هەنووکەش تەمەنی لە کۆتایی هەفتادا بوو، لەمێژیش بوو بە حیزبی دیموکراتخوازەکان پەیوەست بوو. هەر ئەویش بوو لە ساڵی ١٩١٢دا پاڵپشتی ماددی هەڵمەتی هەڵبژاردنی «وردۆ ولسن» بوو – ئەو کات «پارۆدی» هەر ١١ ساڵ دەبوو- لە ماوەی جەنگەکەشدا ئەو نافەرمییانە ڕاوێژکاری کارای ئابوری «فرانکلین ڕۆزڤێلت» بوو. ئێستاش لە لایەن سەرۆک «ترومان»ەوە کرابووە باڵوێزی ئەمریکا لە کۆمسیۆنی وزەی ئەتۆمی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوبانگی «باروخ» وەک هێزێکی دەستڕۆیشتووی پشتپەردە ڕۆیشتبوو. کەچی هاوکارییە هەرە لەپێشەکەی ئەو سەبارەت بە کردەنیازێک بوو کە نەیدەویست سەرئاوبکەوێ. ئەو پاڵپشتی ئیرگون بوو، ڕوخساری کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ ڕزگارکردنی فەڵەستین بوو. لەو خاڵەی کە زۆر کەسی دیکە خۆیان لەو وێنە تەڵخە وێرانکەرەی بڵاونامەکانی کۆمەڵەی ئەمریکی دەبوارد، کەچی «باروخ» بە دوای نووسەری بڵاونامەکەیان «بێن هێخت»دا گەڕا و پێیگوت: "من لەگەڵ ئێوەدام. وا لە من بڕوانن وەک ئەوەی یەکێک بم لە جەنگاوەرەکان، ئەوانەی لە نێو گژوگیادا بە خۆیان و تفەنگێکی لوولەدرێژەوە خۆیان مەلاسداوە."[١٥]

«باروخ» زەقوزۆپ بە «پارۆدی» نێردەی فەرەنسای گوت، ئەگەر هاتوو فەرەنسا لە پشتگیریکردنی پڕۆژەی دابەشکردن شکستبێنێ – ئەو سیاسەتەی کە ئەو دەزانێ سەرۆک ترومان بە شێوەیەکی تایبەت پشتیوانی لێدەکا- ئەوا پشکەکانی فەرەنسا لە وڵاتە یەکگرتووەکان دادەبەزن. "نەخێر Non"ی فەرەنسی دەبێتە

دژایەتیکردنی ترومان، ئەو ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد و گومانیشی هەبوو کە وەک لێکەوتەیەک ئیدارەی ئەمریکا دەکرێ ڕووی خۆی لەو نەخشەیەی لە گۆڕێدایە سەبارەت بە یارمەتی فەرەنسا بۆ پرسی دیکەی بایەخدارتر وەربسووڕێنێ.[١٦] «پارۆدی»یش دەمودەست «هێنری بۆنێت»ی بالۆێزی فەرەنسای لە گەفەکە ئاگادارکردەوە، ئەویش هەر لە هەمان ڕۆژدا بە نۆرەی خۆی بە «بیدو»ی سەرۆوەزیری ڕاگەیاند.

تا ئەو کات «بیدو» هەڵوێستی ئاشکرا و ڕوونی لەبارەی فەڵەستین بۆ ڕای گشتی دەرنەبڕیبوو بەوەی بەمەبەست هەڵوێستێکی وریایانەیە. ئاخر ئەو دەیزانی ئەگەر پشتگیری پڕۆژەی دابەشکردنی فەڵەستین بکا، هەراوزەنا لە وڵاتە کۆلۆنییە عەرەبییەکان لە باکووری ئەفریقیا پەیدادەبێ، ئەو گومانی قووڵی لەبارەی پشتگیری تەواوی خۆی بۆ جەماوەری زایۆنیستی هەبوو، هەر هیچ نەبێ ئەو کاتەی بریتانیا گوتبووی ڕێی لێ دەگرێ. لە خستنەڕوویەکیشی بۆ ئەوەی وەک مشوورخۆرێکی بەرژەوەندییەکانی عەرەب دەربکەوێ، کاتێک بەر لە هەشت مانگ کۆمسیۆنی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەڵەستین پێکهات، داوای لە «پارۆدی» کرد، بەڵکو "دارشتەیەکی ئاشتەوایی" بێنێتەپێش. لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمیشدا، ئەو کاتەی ڕوون بوو، کە گوشار لەسەر کۆمسیۆنی تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دەنگدان هەیە، «بیدو» ڕێنمایی بۆ «پارۆدی» نارد تا بکرێ هەموو توانای خۆی بۆ دواخستنی دەنگدان بخاتەگەڕ.

هەروەها لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەشدا بە قووڵی لەسەر ئەو پرسە دابەش ببوون. هەرچەندە «بیدو» بە خۆی، ئاوەزمەندێتی زیاتر لەوەدا دەبینیەوە فشار بخرێتە سەر ئەو

سیاسـەتەی کە دەسـتوپێی بریتانیا ببڕدرێ و پابەنـدی فەرەنسـای کـۆنە نەیـاری بەوەی هاوتـای بێ لە چـۆنیەتی سـەروسـەوداکردن، کەچی زۆر لە ستافی پێکهاتەی وەزارەتەکە لەسـەر ئەم ڕایە کۆک نەبوون. بە شێوەیەکی تایبەتیش «ژان چۆڤێل Jean Chauvel» کاربەدەسـتی پـلە هەرەبـالآ لە وەزارەت، بەڵگەوبەنـدی لە دژی پڕۆژەی دابەشکردن هێنایەوە. لە مانگی ئەیلوولیشدا بە شێوەیەکی تایبەت بە کۆمیتەی بالآی عەرەب –نوێنەرەکانی عەرەب_ی گوت، کە فەرەنسـا خـۆی بە دووردەگـرێ لەوەی هەڵوێسـتێک لە دژی بەرژەوەندییەکانی عەرەب وەربگرێ.

دەنگدان بۆ پڕۆژەی دابەشکردن مەترسی تووڕەیی وڵاتەکانی بـاکووری ئەفریقـای بـۆ فەرەنسـا لێـدەکەوتەوە، هەنـووکەش دەنگـنەدان مەترسـییەکی دووهەمـی بە دواوەیە: دەسـتگرتنەوەی ئەمریکـا لەو پـارەیە کە فەرەنسـا بـۆ ڕۆنـانەوەی ژێرخـانی خـۆی زۆری پـێ حەوجەدارە. فەرەنسـا پـارەی یەدەگـی نەمـابوو، کورتهێنانی بودجەی پێدانی دە بلیۆن فرانک بوو. ئەوەش ڕاستی بـوو، کە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا بـڕی دوو بلیـۆن دۆلاری لەوەتەی ئـازاد بـووە، بە قەرز داوەتـێ. کەچـی وەزیـرە نـوێیەکەی کاروبـاری دەرەوەی ئەمریکـا «جـۆرج مارشـال George Marshall» کە جاڕی نۆژەنکردنەوەی دا و پڕۆژەکەش لە هەمـان هاویندا نـاوی خـۆی هەڵگـرت، ئامـاژەی نیگەرانـی وەهـا هەبـوون بەوەی سەرلیسـتی پێشـنۆرەیی پڕۆژەکەیـان ئاڵمـان بـێ. لە ناوەڕاسـتی گۆبەنـدی ئیکسۆدۆسیشـدا ئەمریکـی و بریتانییەکـان ڕێککەوتنیـان لە بەرژەوەنـدی ئاڵمانیـا نەوەک فەرەنسـە لەنێوانـدا هەبـوو، ئـاخر پەیدابوونی هەنـدێ پشـێوی لە فەرەنسـا بە دنەدانـی کۆمۆنیسـتە فەرەنسـییەکان لە پـایزی هەمـان سـاڵدا بەدڵنیـاییەوە

هانـدەرنەبوو بەوەی وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوەی ئەمریکـا لە بەرانبەر پاریسدا بەخشندە بێ.

دەرچەی هەڵسـەنگاندنی «بیـدو» بۆ ئەو جۆرە مەترسـییانە لە ٢٩ی کـانونی دووەمـدا بەدیـارکەوت. دوای ئەوەی ڕۆژێـک پێشـتر داوای ٢٤ سـەعات وەخرانـدنی دەنگـدان لەسـەر بڕیـارەکە کـرا، بەوەی بەڵکو بگەنە سازشێک – کە ئاماژە بوو بۆ خاوکردنەوەی کۆلۆنەکـان- ئەوە بـوو لە ٢٩ی مانگـدا «پـارۆدی» دەنگـی بـۆ پـــڕۆژەی دابەشـــکردن دا. هەروەک زایۆنیســـتەکان هیوایـــان خواستبوو، هەروەها وڵاتە دراوسـێکانی فەرەنسـاش، وەک بەلژیک، لۆکسمبۆرک و هۆڵەنداش دەنگیان بۆ دابەشکردنەکە دا.

بڕیـارەکە پێویسـتی بە دوو لەسـەر سـێی دەنـگ هەبـوو تـا تێبپەڕێ، ئیدی ئەم چوار دەنگە وایان کرد دەنگدانەکە بە ٣٣ دەنگ لە بەرانـــبەر ١٣ دەنگـــدا یەکلاببێـــتەوە. دە دەوڵەتـــی دیـــکە بە بریتانیاشـەوە دەنگیـاننەدا. دەنگـدانەکەش دەسـتبەجێ لە فەڵەسـتین کاردانەوەی لێکەوتەوە. وەک ژەنەڕاڵێکی بریتـانی تۆمـاری کـرد؛ بـۆ جـوو "بەشـایولۆغانی هێسـتریانە" و بـۆ عەرەبـیش "سـەرسـامییەکی بـاەوەڕنەکراو" بـوو.[١٧] لە تەلئەبیبـیش دروشمکێشـان بـوو: "بـژی فەرەنسا!"[١٨]

دواتر «ترومان» دانیپێدانا، کەوا لەبن ڕێژنەی بارانی گوشاری سەرکردە زایۆنستە زێدەڕۆکاندا بووە، ئەوانەی داوایان لێ کردبوو بەڵکـو بە ڕۆڵـی خـۆی فشـار بخـاتە سـەر دەوڵەتە سـەردارەکانی دیکەش تا لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەنگ بۆ پڕۆژەی دابەشـکردنەکە بـدەن.[١٩] کەچـی ئەو حاشـای لەوە کـــرد، کەوتبێـــتە بـــن کـــاریگەری ئەو جـــۆرە فشـــارانە و ئەو دەنگۆیانەشـــی ڕەتکـــردەوە گـــوایە بـــۆ ئەم مەبەســـتە داوی لە

دەوڵەتەکانی دیکەش کردبێ. "من هەرگیز ئەوەم پەسەند نەکردووە بە هێز هەژموون بەسەر لاوازدا بسەپێنرێ، ئەوسا ئەو ڕێسایە چ لە نێو پیاواندا بێ یاخود لەنێو دەوڵەتاندا بۆ من وەک یەکە. ئێمە یارمەتی گریکمان دا. ئێمە هەر بە ڕاستی سەربەخۆیی فیلیپپینمان باناندەوە[١٢٩]. کەچی ئەمە وای لێنەکردین ئەم نەتەوانە بە ئێمەوە گرێبدرێن یان ناچارییان بکەین دەنگ بۆ بڕیاری دابەشکردنی فەڵەستین یان هەر شتێکی دیکە بدەن." ئەو گوشارەی «باروخ»ی باڵوێزی خستییە سەر «پارۆدی»ی نوێنەرەی فەرنسا لەگەڵ خۆنواندنە پاکییەکەی ئەو ناکۆک بوون. خۆی هەر دەبێ «ترومان» درۆی کردبێ یاخود ئەو بە تەواوی جڵەوی ئیدارەکەی لەبەردەستدا نەبووبێ. مایەی سەرنجڕاکێشانیش بوو، ئەو لە بازنەی بایەخپێدانەکەیدا بە حاشالێکردن ناوی فەرەنسای نەهێنا.

ئەو خۆشییەی دەنگدانی زۆرینە لە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا زۆری نەبرد ڕەویەوە، ئاخر زایۆنیستەکان تێگەیشتن دەبێ ئیدی لەمەودوا شەڕ بۆ مانەوەی خۆیان بکەن. هەر ڕۆژێک دوای دەنگدانەکە پەلاماری عەرەب بۆ سەر نشینگە جووەکان دەستیپێکرد و ئەوەش بۆ زایۆنیستەکان ڕوون و ئاشکرا بوو، کە لە هەر چوارلاوە ڕەچاودەکرا پەلاماربدرێن. هەڕەشەی هەرە زەقیش لە لەشکرەکەی عەبدوللا لە ئوردن، ئەو لەشکرەی لەسەردەستی بریتانییەکان مەشقدرابوو، چەکداریش کرابوو. ئەوە بوو هەر زوو زایۆنیستەکان ژێربەژێر لەگەڵ پاشا عەرەبەکە کەوتنە گفتوگۆ تا بۆچوونی سوودمەندبوونی هەردوولای سەبارەت بە بڕیاری دابەشکردنی فەڵەستین بۆ ڕوونبکەنەوە، بە

---

١٢٩ "باناندنەوە"م لەبەرانبە وشەی "تبني"عەرەبی و "FATHERING"ی ئینگلیزی بەکارهێناوە.

شێوەیەک جیاواز بێ لەو سەرهێڵانەی لە لایەن کۆمیتە تایبەتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکـــان خرابـــووەڕوو. بـــۆ بەرەنگـــاربوونەوەی دەوڵەتـانی عەرەب، ئەوان پێویسـتیان بە چەک هەبـوو. ئەنـدامێکی هاگانـا بە دڵتەنگیـیەوە نووسـی؛ "مـن تەنیـا ئەو دەمـانچە گەمەی منداڵانەم پێیە کە خاتونەکان پێی لە دڵدارەکانیان دەدەن."[٢٠]

جـوویەکی ئوسـترالی کە کۆچیکردبـووە فەڵەسـتین بە نـاوی «ئیهـود ئاڤریـل Avriel Ehud» لە کـانونی دووەمـی ١٩٤٧دا نێـردرایە فەرەنسـە تـا چەک بـۆ هاگانـا بکـڕێ، ئـاخر ئاژانسـی جووەکـان هەر زوو وەک لەشـکرێکی تەکـوز خـۆی ڕێکخسـتەوە. زۆریشی پێنەچوو تا لەیەکنزیبوونەوەکە ڕوویدا. "بە کردەوە هەر ڕۆژێـک دوای ئەوەی گەیشـتمە ئەوێ، بەسـەر کـانێکی زێڕینـدا کەوتم... ئەویش لە شێوەی ئەو جوامێرە بوو کە هات بینیمی.... ئەو بە خـۆی کەتەلـۆکێکی چەکـی دەسـتکردی یۆگسـلاڤییەوە هـات، کە بەر لە جەنگـی دووەمـی جیهانـدا پیشکەشـی ڕۆمانیـای زێـدی کردبوو." بەڵام لەوێدا تەڵەیەک هەبوو: ئاخر حکومەتی یۆگسلاڤیا تەنیـا لەگەڵ حکومەتەکـان سەروسـەودای دەکـرد و چەکەکـانی ڕادەست دەکردن. ئەم مەرجەش بۆ ماوەیەکی درێژ «ئاڤریم»ی هەراسان نەکرد. "بۆ خۆشبەختی ئێمە مێژوویەکیمان لە بە قاچاخ ئـاودیوکردنی کـۆچبەران بە نووسـراو و مـۆری حکـومەتی زۆر بەخشندە، کە خستبوویە خزمەتمان، هەبوو." ئەو وەها درێژەی بە گێڕانەوەکەی دا؛ "ئێمەش هەندێ لەو شتانەمان بەکارهێنان. ئێمە چەکـی چیکۆسـلۆڤاکیمان کـڕی و بە پەسـەندنامەی حکـومەتی فەرەنسا و بە خاکی فەرەنسییدا گەیاندمانە فەڵەستین."[٢١] هەروەها فەرەنسییەکان دۆلارە خوازراوەکانی ئەمریکاییشیان ڕاستەوخۆ بۆ پێدانی پارەی کڕینی چەک بۆ زایۆنیستەکان بەکارهێنا. لە کانونی

دووەمــی ١٩٤٨دا «جـۆرج بیـدو» ڕێککەوتنێکـی بـایی ٢٦ ملیـۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ چەکدارکردنی هەشت هەزار سەربازی هاگانا پەسەندکرد.

ویســـتی فەرەنســـییەکان بـــۆ یارمەتیـــدانی ڕاســـتەوخۆی زایۆنیســـتەکان بەشـــێکی لەو بـــڕوایەی وەزارەتـــی کاروبـــاری دەرەوەیـان گەڵاڵەبـوو، چونکە وایـان دەزانـی بریتانییەکـان نیازیـان نییە لە فەڵەستین دەربچـن. لە ١١ی کـانونی یەکەمـدا بریتانییەکـان لەســەر ئەوە ســووربوون، کە ١٤ی ئایـاری ســاڵی ئاینـدە دەڕۆن، بەڵام چـوار ڕۆژ پاشـتر لە دەرەوە، کـاتێ هاگانـا دەسـتی بە سـەر هەندێ بەڵگەنامەی نهێنی بریتانیادا گرت، شتێکی دیکەی لێکەوتەوە. لە ١٥ی کانونی یەکەمدا هاگانا ڕێی لە لۆرییەکی بریتـانی گـرت، کە بـارێکی لە بەیـروتەوە بـۆ بەنـدەری حەیفـا دەگواسـتەوە، شـتەکان پەیوەســـتبوون بە «ســـپیرس»ی کـــۆچکردوو، دەیانەویســـت لە حەیفــاوە بیگەڕێنــنەوە ئینگلســـتانێ. کـــاتێکیش هاگانـــا بـــایەخی نـــــاوەڕۆکی بـــــارەکەی بـــــۆ دەرکەوت، تێبینییەکیشـــــی دایە فەرەنسـییەکان. ئەوە بـوو لە مـاوەی چەنـد سـەعاتێک، ئەفسـەرێکی هەواڵگریی فەرەنسی لە ژێر دەمامکی هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەنووسـدا بەرەو تەلئەبیب کەوتەڕێ تا چاوی بە کەلوپەلەکان بکەوێ.

بەڵگەنامەکان پەردەیان لەسەر بەرفرەوانێتی تۆڕی هەواڵدزینی بریتـانی لە لوبنـان و سـوریا لە مـاوەی جەنـگەکەدا هەڵـدایەوە، ئەمەش بەدگومـانیی فەرەنسـییەکانی سـەلماند. ئەوان ئەوەیـان بـۆ دەرکەوت، کە «موحســـن ئەلـــبەرازی»، ســـکرتێرە تـــایبەتییەکەی سـەرۆکی سـوریا «ئەلقوتلی» ئاژانێکی بریتـانی بـووەو و لە لایەن «سـتیرلینگ» ئامـادەکراوە، ئەو کەسـەی تـا کۆتـایی جەنـگەکە لە دیمەشقدا مابووەوە. بریتانییەکان زانیارییان لە پزیشکەکەی «ئیبن

سـعوود»یشـەوە بـۆ دەهـات. ئەو کەسـە هەر لە زووەوە لە سەردەمی هەرای درووزەکانەوە جێی گومانی فەرەنسییەکان بوو. لەو نێوەشدا، «والتەر سمارت»، کۆنسولی پێشوو لە دیمەشق ئەوەی لە باڵباڵووکە دەچوو، هێشتا زۆر دوور نەکەوتبووەوە. هەنووکە لە باڵوێزخانەی بریتانی لە قاهیرە ببووە سکرتێر بۆ کاروباری ڕۆژهەڵات.[22]

ئەم زانیارییە هەواڵگرییانە بەدگومانیی فەرەنسییەکانی پشتڕاستکردەوە، بە قسەی یەکێک لە چاودێرانیش، بریتانییەکان "لە دەرکەوە دەچوونەدەر و لە پەنجەرەش دەگەڕانەوە".[23] ئەم تێبینیەش بە تەواوی دروست بوو، ئاخر هەروەک «بیڤن»یش لە کۆبوونەوەی کابینەی حکومەتدا دانیپێدانابوو، بەنیازبوون بە دوای ڕێگەیەکدا بگەڕێن هەژموونی دەستڕۆشتوویان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بپارێزن، هەرهیچ نەبێ بە لای کەمی لەبەر نەیارێتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێ. بە کۆتاییهاتنی ساڵی ١٩٤٧یش، ئەو پیاوەی سەرمایەگوزارییەکی زۆریان بۆ مەبەستی مانەوەیان لەسەرکردبوو، «شا عەبدوڵڵا» بوو.

٣١ ساڵ بەسەر ئەوەدا تێپەڕیبوو، کە «لۆرانس» بە نیاز ئەو پیاوە "زۆر کارگوزارە زۆر سیسەتماتیکییە"ی وەک عەبدوڵڵای لەبەرچاوی گەورەکانی خۆی خست، هەر بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ برا بچووکەکەی ئەو، واتە بۆ «فەیسەڵ» خۆشبکا. لێ خۆ ئێستا نە لۆرانس و نە عەبدوڵڵا نەماون و حکومەتی بریتانیاش لەمێژە بڕوای خۆی باداوەتەوە سەر براگەورەکەی فەیسەڵ. لەسای سەری زێڕی بریتانی و ئەزموونی سەربازییەوە، لە ١٩٣٩ەوە ڕا عەبدوڵڵا ببووە هاوپەیمانی هەرە لەبار و شیاوی بریتانیا. کاتیکێش ڕۆڵی فەرەنسییەکان لە سوریا و لوبنانی دراوسێی ئوردن نەما،

ئەوە بــــوو لە ئـــــازاری ١٩٤٦دا و لە کۆتاییـــــدا بریتانیـــــا ڕێککەوتننــامەیەکی لەگەڵ عەبــدوڵلا بــۆ کۆتاییهێنــان بە مانــدات مــۆرکرد. لەو کــاتەوە نــاوی ڕۆژهەڵاتــی ئـوردن Transjordan بـووە تەنیـا ئـوردن، و ئینجـا ئـوردن بـووە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ، بەڵام دانوستانی ڕێککەوتننامەیەکی ماوەدرێژی بیستوپێنج ساڵەی لەگەڵدا کرد بۆ هێشتنەوەی بنکەی سەربازیی لەسەر خاکی ئوردن، بەمەش عەبــدوڵلا هەر بە پشتبەســتووی بە پــارەوپوولی بریتانیــا مــایەوە. لە هــاوپێچێکی نهێنـیش بە ڕێککەوتننــامەکەدا، کە هەردوو دەوڵەت مۆریان کردبوو، بریتانیا قایلبوو پارەی هێزی سـەربازی بــدا، کە هەڕەشــەیەکی گەورەی دەســتی عەبــدوڵلا بــوو، ئەویــش لەشـکری عەرەب بـوو بە فەرماندەیی ئەفسـەری بریتـانی «جـۆن گـلەب John Glubb». دیپلۆماتەکــانی وەزارەتــی کاروبــاری دەرەوەی بریتانیا عەبدوڵلایان بە شا بچکۆلەکەی مستەر بێڤن لە قەڵەم دەدا".[٢٤]

سروشـتی ملکەچێتـی ئـوردن بە بریتانیـاوە نهێنییەکـی شـاراوە نەبوو. نە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نە یەکێتیی سۆڤیەت کە بـۆ هەژموونپەیـداکردن بەســەر ڕۆژهەڵاتــی ناویـنـدا تێدەکۆشــان، لەبەراییدا نەیاندەویست دان بە سەربەخۆیی ئوردندا بنێن. لێ گەلۆ خۆ نزیکی عەبدوڵلا لە بریتانیا یەک سوودی هەبوو. عەبدوڵلا لە ١٩٤٦وە دەرچـوونی بریتانییەکـانی لە فەڵەسـتین بەهەنـد زانیبـوو. ئینجـا لەوەدا دەرفەتـی خـۆی دەبینـی بەوەی مجێـزە لەمێـژینەکەی بێتەدی تـا دەسـەڵاتداری سـوریای مەزنتریش. بەڕای ئەو لەو هەرا و پاشــاگەردانییەی دوای بــارکردنی بریتانییەکــان، ئـوردن چــاوی لەوە بــوو هەنــدێ نــاوچەی فەڵەســتین بە قەڵەمڕەوێتیــی خــۆیەوە بلکێنــێ. ئەوســا کــاتێ جــلەوی ئۆرشــەلیم و تەوژمــی سیاســی

دەگرێتەدەســـت، بەدوای ئەوەشـــدا دەگەڕێ ســـوریا و عێـــراقیش بهێنێتە ژێربالی خۆی.

عەبدوللا لە ئابی ١٩٤٦دا هەولیدا پشتگیریی ئاژانسی جووەکان بە لای جـوولەکەی خۆیـدا کێشـبکا، پاشـا بە «ئێلیـاس ساسـۆن Elias Sasson»ی پسپۆڕی ئاژانسەکە لە جیهانی عەرەبدا گوت: "تەمەنـم بـووەتە ٦٦ سـال، سـالانی داهـاتووم کەم مـاون. ئێـوەش لەســەرتاپای جیهـــانی عەرەبـــدا کەســـی لە مـــن نەرمونیانترتـــان دەستناکەوێ. ئێوە دوو ڕێگەتـان لەپێشـە: ڕەگەلـم بکەون و کـارم لەگەل بکەن یاخود دەستم لێبشۆن."[٢٥] لە نیسـانی ١٩٤٧دا عەبـدوللا گەیشـتە ئەنجامی بەسـتنی پەیمـانی "برایەتـی و هاوپەیمـانی" لەگەل عێراق، لە کۆتایی هەمان سالیشدا لە هەولدابوو بەلکو قەنـاعەت بە درووزەکان بهێنێ لە سوریا ببنەوە.

وەنەبێ عەبدوللا هەر بە تەنیا نیازەکانی خۆی بە زایۆنیستەکان گـوتبێ. ئەو ئـازادانە سـەبارەت بە هیـوای دەسـەلاتی سـوریایەکی مەزنتـر لەگەل «سـێر ئالیـک کیرکبرایـد»ی بـالوێزی بریتانیـا لە عەمـانیش دوا. «کیرکبرایـد» پێزانینـی بـۆ خەونەکەی شـا عەبـدوللا هەبوو، ئاخر ئەو وەک گەنجێک لە هەرای ماوەی سالەکانی ١٩١٦-١٩١٨دا لەگەل لـۆرانس و عەرەبـدا جەنگـابوو، بەلام بەگومـان بـوو پێـی بەدیبـێ، چـونکە لای دەولەتە عەرەبە دراوسـێیەکانی کەسێکی خۆشەویســـت نەبـــوو. لەگەل ئەوەشـــدا ئەو بەرژەوەنـــدی لەوەدا دەبینـیەوە هەنـدێ بەشـی فەلەسـتین بە ئـوردنەوە بلکێنـرێ. ئەم شتەشـی بە شـێوەیەکی دیپلۆماتییـانە خسـتەڕوو، بەوەی؛ شـتێکی دژبەر بە بەرژەوەندی بریتانیا نـابێ ئەگەر عەبـدوللا سـەربکەوێ و بتـوانێ دەرچەیەک لەسـەر دەریـای سـپی ناوەڕاسـت لە غەززە بـۆ

خــۆی بکـــاتەوە، بەمە بە جـــوانی پارێزگـــاری لە بەرژەوەنـــدییە ستراتیژییەکانی بریتانیادا دەکا.[26]

دوازدە ڕۆژ بەرلەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنـگ بـۆ پـڕۆژەی دابەشـکردنەکە بـدا، «گۆلـدا مـایەر» نـوێنەری ئاژانسـی جووەکـان کە لە ئاینـدەدا بـووە سـەروەزیری دەوڵەتـی ئیسرائیل، گەشتێکی دژواری بۆ ئوردن کرد تا سەرێکی عەبدوڵلا بدا[130]. هەرچەنـدە «گۆلـدا» بە تەواوی ئەو بیـرۆکەیەی عەبـدوڵلای ڕەتکـــردەوە کە بچـــنە بنبـــاڵی ئەو، لـــێ هەردوولایـــان لەســـەر دابەشـــکردنی فەڵەســتین لە نێوخۆیانــدا ڕێککەوتــن. هەردوولایــان گردەبڕانە لەوەدا هاوڕابوون ناوچە عەرەبییەکان نەکەونە بندەستی موفتی، ئەو کەسەی جارێکی دیکە سەری لە سوریا هەڵێنایەوە، بە شـــێوەیەکی تەلیسمئاســـا لە مـــاڵە دەستبەســـەرەکەی لە پـــاریس هەڵاتبوو، ئەو کات لەبەر پاڵپشتکردنی هیتلەر لە میانەی جەنگەکەدا دەستبەسەرکرابوو.

ئەمەش ڕێککەوتنێـک بـوو، بریتانییەکـان ژێربەژێـر پشـتیوانیان لێکرد. کاتێکیش «بیڤن» لە ٧ی شوباتی ١٩٤٨دا بە نهێنی چـاوی بە «تۆفیـــق پاشـــا»ی ســـەروەزیری شـــا عەبـــدوڵلا کەوت، بـــۆی ڕوونکـــردەوە حکـــومەتی بریتانیـــا زۆر بە نەخشـــەکەی عەبـــدوڵلا خۆشحاڵە. کاتێکیش «تۆفیق» پێی گوترا لەشکری عەرەب ئامادەیە ناوچە عەرەبنشینەکان بگرێ، کاتێ بریتانی ئەوێ جێبهێڵێ، بیڤنیش لە وەڵامدا گوتی: "پێدەچێ ئەمە کارێکی هەرە لەپێش بێ تـا بیکەن، بەڵام مەچوونە ئەو ناوچانەی بۆ جووەکان تەرخانکراوە."[27]

---

١٣٠ گۆلـدا مـایەر لە کتێـبەکەی خـۆی بە درێـژی باسـی ئەو گەشـتەی خـۆی و وردەکـاری وتـووێژەکەی لەگەڵ شـا عەبـدوڵلادا دەکـا. بـڕوانە: ژیـانی مـن، چـۆن ئیسرائیل دامەزرێنرا؟ گۆڵدا مایەر، و. شەفیقی حاجی خدر، هەولێر ٢٠١٤

لەو نێوەشـــدا تـــا دەهـــات لە فەڵەســـتین تونـــدوتیژی بەرەو دژوارتـرین دۆخ دەڕۆیشــت. لە کۆتـایی کـانونی یەکەمـی ١٩٤٧دا تیرۆرسـتانی ئیرگـون نارنجۆکیـان فڕێـدایە نێـو گردبـوونەوەیەکی عەرەب لە دامودەزگای پاڵاوگەی نەوت لە حەیفا. عەرەبەکانیش بە زەبـرەوە دەسـتیانکردەوە و ٤١ جوویـان کوشـتن و ١٧ کەسـی دیکەشیان لێ برینداركردن. پاش سێ ڕۆژانیش جووەکان لە تۆڵەدا و لە هێرشـێکیان لە حەیفـادا ١٤ عەرەبیـان کوشـتن. لەو کـات ڕاپۆرتی ئەوەش پەیدابوو، کە سەدان چەکداری عەرەب لە نێویانـدا سـەرکردەی گەریـلای بە سـام «فەوزی ئەلخاشـوقچی» بـێ هـیچ بەربەستێک هاتووەتە ناو فەڵەستین، زایۆنیستەکانیش لەم بارەیەوە بریتانییەکانیـان بە خەتابـار دەزانـی. بریتانییەکـانیش ڕاشکاوانە ئەو تۆمەتەیـان ڕەتکـردەوە. کۆمسـیاری بـاڵای بریتـانی لەو بـارەیەوە درکانـــدی: "ئەگەر هەوڵ و کۆششـــی ئاسایشـــپارێزانەی ئـــێمە لە مـاوەی مـانگی ڕابـردوودا نەبـووایە، ئەوا هەر دوو کـۆمەڵگەکە بە چڕی پێکهەڵدەشاخان و کوشتارگەی سامناکی لێدەکەوتەوە."[٢٨]

دیار بوو هەر ئەمەش ڕوویدا. کۆمسـیۆنی فەڵەستین کە نەتەوە یەکگرتووەکـان بۆ چارەسـەری دابەشـکردنەکەی دایـنابوو، لە ١٦ی شوباتی ١٩٤٨دا ڕاپۆرتی خۆی بەرزکردەوە، بەوەی لە ماوەی سێ مانگـدا دوای دەنگـدانی کـۆمەڵەی گشـتی لەسـەر دابەشـکردنەکە، ٢.٧٨٨ کەس کوژراون یان برینداركران زۆرینەشیان لە جوو یان لە عەرەب بـوون. هەروەهـا کۆمسـیۆنەکە هۆشـداری ئەوەی دا کە بـاری ئاسـایش دادەڕمـێ، مەگەر "ڕێکـاری دروسـت" بگیـرێنەبەر، و فشاری خۆی بە کردەوە بسـەلمێنێ و ڕەوشـەکە ڕزگاربکا، چونکە لەوەتەی کـــۆمیتەی بـــاڵای عەرەب گوتـــوویەتی ئەوا بە هەمـــوو هێزیـانەوە بە گـژ هەمـوو هەوڵێـک بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی

جوودا دەچنەوە، ئیدی بەم گوتەیە ورەی عەرەب بەرز ببووەوە.[٢٩] کردەنیـــازەکەی کۆمســـیۆنەکە ڕوون بـــوو؛ فەڵەســـتین لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەی دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە. خۆ ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکـــان خواســـتی خـــۆی نەســـەپێنێ، ئەوا لەوانەیە دوا تەکانی دەبێ.

لەگەڵ ئەوەشـدا کەس ئامـادە نەبـوو سـەرباز بۆ ئەوێ بنێـرێ. «وارن ئوســـــتین Warren Austin»ی نـــــوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکـان لە نەتەوە یەکگرتووەکانـدا مشـتومڕی لەسـەر ئەوە بـوو، کە نـاکرێ هێـزی سـەربازی بـۆ ئەوێ بنێـردرێ، چـونکە بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا ڕێگە بە بەکارهێنـانی هێز لە نـاکۆکی نێودەوڵەتییـدا دەدا، بەڵام خـۆ ئیـدارەی ئەمریکـی نـیگەران بـوو لەوەی ئەگەر هێـزی سـەربازی بـۆ ئەوێ بنێـردرێ، ئەوا لە وڵات پێشوازی لێناکرێ و وێڕای ئەمەش دەبێتە مایەی بانگهێشتنی هێـزی یەکێتیـی سـۆڤیەتیش. فەرەنسـییەکانیش بە هەمـان شـێوە لە نـاردنی هێـز دڕدۆنـگ بـوون. هەرچەنـدە کـاردانەوەی بـاکووری ئەفریقا لەمەڕ دەنگدانی بۆ پڕۆژەی دابەشکردنەکە ملکەچانە بوو، بەڵام ئەوان نەیاندەویست لە سیاسـەتێک بگلێن، هێزی لە بەرانبەر عەرەبەکـانی فەڵەسـتیندا بەکـاربهێنرێ. سوکوئاسـانیش «بـێڤن» یەکلاکەرەوانە ئەو ڕوانینەی لای ئەنـدامانی ئەنجـوومەنی ئاسـایش نەهێشتبووەوە، کە بریتانیا دوای ١٤ی ئایار هیچ بەرپسـیاریەتییەک لە ئاسایشپارێزی فەڵەستیندا ببینێ.

لە ٢٤ی شوباتیشـدا «ئوسـتن» لە دوا هەوڵیـدا پێشـنیازێکی بـۆ گەیشـــتنە ســـازانێک کـــرد، بەڵام بیـــرۆکەکەی هەر زوو لە لایەن ئەنـــدامەکانی دیـــکەی ئەنجـــوومەنی ئاســـایش ڕەتکـــرایەوە. «پـارۆدی»ی نـوێنەری فەرەنسـاش بە حکـومەتەکەی خـۆی گـوت؛

لەو باوەڕدایە بڕیاری دابەشکردن بڕیارێکی مردوو بێ و هەقە ڕاسپاردەیەکی کاتی متمانەدار لە فەڵەستین دروستبکرێ تا بێتە پرد بۆ بەیەکبەستنەوەی کۆتایی ماندات تا گەیشتنە خاڵێکی چارەسەری. لە وتارێکیشدا لە ٤ی ئایاردا ڕایگەیاند، فەرەنسا لە پشتگیریکردنی نەخشەی دابەشکردن پاشەکشەدەکا. ئەوسا «جۆرج مارشال»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لە نەبوونی ڕێککەوتنێک لەنێوان عەرەب و جوودا یان لە نەبوونی ڕێککەوتنێک لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا، بانگی سازدانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە ٢٠ی مانگدا کرد. لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕوانینەی کە شانشینی یەکگرتووی بریتانی لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا منداتەکەی کۆتاییپێدێنێ و بۆشایەکی ئاسایشپارێزی لە فەڵەستین دروستدەبێ، ئەویش هەروەک «پارادی» داوای شێوە دەسەڵاتێکی ڕاسپێردراوی کاتی کرد.[٣٠] ئینجا وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە حکومەتی بریتانی نزیکبووەوە ئاخۆ ئامادەی شتێکی وەهایە.

کورتەوەڵامی بریتانیاش نەخێر بوو. «بێڤن» لە کۆبوونەوەی کابینەکەی لە ٢٢ی ئازاردا تاموبۆی هۆشدارییەکەی ئەمریکییەکانی کرد. ئەو چەپەڵانە بە هاوڕێکانی گوت چی دەقەومێ کاتێک ترومان ڕێگە بە کاریگەری و سیاسەتی دەرەوە لەسەر هەڵبژاردن بدا و ئەویش نایەوێ لە لێکەوتەی ئەوەدا سەربازەکانی بکاتە قوربانی.[٣١] لەو کاتەشدا پرۆژە قانونی کۆتایهێنان بە ماندات دەچووە بەردەم پەرلەمان. سەرەتا «بێڤن» دەیەویست دەنگدانی نێو پەرمان دوابخا تا بە تەواوی بیر لە نەخشەکەی مارشاڵ بکاتەوە، بەڵام کاتێ ئەمەی بۆ ئاشکرا بوو، کە نەخشەکە لەوانەیە واتای مانەوەی

بریتانییەکان لە فەڵەستین بگەیەنێ، ئەوە بوو ڕای خۆی گۆڕی. ئەو قسەکەی وەها کۆتاییپێهێنا: "زۆر باشە، با تێپەڕێ."

سێ ڕۆژ دواتر، «شموئیل ئارییێل»ی نوێنەری ئیرگون لە پاریس یاداشتێکی ڕادەستی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا کرد. بەڵگەنامەکە پێشنیازی ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان ئیرگون و حکومەتی فەرەنسادا دەکا، بە هۆیەوە داوا لە فەرەنسا دەکا دوو هەنگی سەربازی ئیرگون پڕچەک و ئامادەبکا، بۆ هەنگێکیشیان بنکەیەک لە شوێنێک لەسەر خاکی فەرەنسادا بکاتەوە تا ئەو کاتەی دوای ڕۆژی ١٤ی ئایاردا داوادەکرێنەوە.[٣٢] «ئارییێل» لە نامەکەیدا بۆ وەزارەت هیوای خۆی بەوە دەربڕیوە بەڵکو «جۆرج بیدو» بە خێرایی ڕێکارەکان پەسەندبکا. ئەو وەها یاداشتەکەی کۆتاییپێهێنابوو؛ "لەبەر تیشکی پرسە پێویست و لەناکاوەکە، پێزانینی زۆرم بۆ ئەوە هەیە بەڵکو تا زووە لە ئەنجامە پەسەندکراوەکە ئاگادارمبکەنەوە."[٣٣]

ئەم یاداشتە وای کرد پەیوەندییە باشەکانی نێوان ئیرگون و حکومەتی فەرەنسا ببووژێنەوە، کە پێش دوو هەفتە لە باری تەقینەوەدا بوو. ئاخر لە مانگی کانونی دووەمی پێشوودا وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا جاڕی ئابڵۆقی باری چەکی کەشتی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دا، هاوپەیمانەکانیشی ڕاسپارد هەمان هەڵوێست بنوێنن. لە ٥ی ئازاری ١٩٤٨دا کاربەدەستانی فەرەنسا لە نزیک مارسیلیا دەستیان بەسەر جبەخانەیەک و سەرپەرشتیارەکانیدا گرت، کە ئەندامی ئیرگون بوون. تا ئەوێ دەمێ ئیرگون چەکەکانیان لە کارخانەیەکی زریزەبەندی لێکدەدا؛ هەڵبەتە پێویستیان بە سەرچاوەی نوێ و چەکی باشتر هەبوو. «سامۆئیل کاتز» گێڕایەوە: "ئێمە هێشتا مابوومان تا دڵخۆش بین،

دەمانزانی ئەو کەلێنی نێوان پێویستییەکان و سەرچاوەی دەرامەتەکانمان گەلێک گەورە و ڕێگر بوو. بایی ئەوەندە نەبوو ٥٠٠٠ پیاوی بەهێزی ئیرگونی پێ بکرێتە سوپایەکی کارا، هەروەها ئێمە دەبووایە پیاوەکانمان پڕچەک کردبان."[٣٤]

بە نیازی ئەوەی قەناعەت بە حکومەتی فەرەنسا بکا تا ئەو جبەخانە و سەرپەرشتیارانی ئازادبکا، ئەوە بوو نوێنەری ئیرگون سەردانی نوێنەری تایبەتی حکومەتی فەرەنسی لە فەڵەستین «ڕێنێ دێ لێشارێ René de Lacharrière»ی کرد. کابرای ئیرگون ئەوەی وەبیر نوێنەرە فەرەنسییەکە هێنایەوە، کەوا بریتانییەکان یارمەتی عەبدوڵلایان داوە و هۆشداری دایە «لێشارێ» بەوەی "ئەو ڕاستییەی کە پۆلیسی فەرەنسی کە بۆ ماوەیەکی درێژ بێئاگا نەبووە لە چالاکییەکانمان، کەچی ئێستا خۆی گورج کردووەتەوە و هاوڕێکانمان دەگرێ، ئیرگونیش ئەمە تەنیا بە نیشانەی نەیارێتی لێکدەداتەوە... ئێمە بە قووڵی نیگەرانین لەوەی کە فەرەنسا دەستبەرداری سیاسەتە نەریتییەکەی بووە، بەوەی دەستی لە یارمەرتیدانی خەڵکی چەوساوە هەڵگرتووە." ئەو لە قسەکانی ئەوەشی بۆ زیادکرد: "دەستهەڵگرتن لەو جبەخانە دەستبەسەرەدا بۆ ئێمە پرسی مان و مردنە."[٣٥] شتێکی ڕوون بوو «لاشارێ» بەو چاوپێکەوتنە هەراسان بوو. ئاخر ئەو بە بیر پاریسی هێنایەوە؛ "ئێستا ئیرگون هێزێکی گرنگی چارەنووسسازە لە فەڵەستین. ئەوەش ڕاستییە کە وەها باشترە ئەوان نەبنە مێلمان، ئەوەش هەر ڕاستییە تا ئێستا ناڕاستەوخۆ ئەوان لە بەرژەوەندی فەرەنسادا بوونە."

لە پاریسیش، «بیدو» و ڕاوێژکارەکانی قایلبوون. «هیلل کوک»ی دامەزرێنەری کۆمەڵەی فەرەنسی بۆ ڕزگارکردنی

فەڵەستین لۆبییەکی هاوشێوەی کرد، ئەوەش زانرا بریتانیا هەوڵی ئەوە دەدا بە فڕوفێڵێـــک پـــێچەبەدەورەیەک بە دوای ئـــابڵوقەی چەککگەیشتن بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکا. لە سەرەتای ساڵەکەدا ئەفسەرانی دەزگای هەواڵگریی فەرەنسی هەوڵێکی بریتانیان بۆ شکاندنی ئابڵووقەی چەک لە نێوان کۆمپانیایەکی سویسری و ئەسـیوپیا پــووچەڵکردەوە، ئەمەش دوای ئەوەی دڵنیـابوونەوە، مەبەست لە چەکەکە گەیشتنبوو بە دوامەنزڵی خۆی لە میسر و ئوردن. ئەوانیش لێبڕوانەبوون لەسەر ئەوەی نابێ بریتانیا لە دوا مانگەکانی پاشاگەردانی منداتەکە بە پێگەیەکی بەهێزتر لە جاران دەربکەوێـتەوە. ئیرگـونیش نیـازی بەرزەفـڕانەی هەبـوو لەوەی دەوڵەتی جوو تا ئەودیوی ئوردنیش درێژببێتەوە، ئەمەشیان وەک ڕێـــگەیەک بـــۆ ڕووبەڕووبــــوونەوەی لەشـــکری عەرەب بە سەرکردایەتی گلەب بەکارهێنا و پێیان بیرۆکەکەی باش بوو.

«جاک بۆیسیر Jacques Boissier»ی ڕاوێژکاری «بیدو» بە شێوەیەکی تایبەت مەیلی بەلای ئیرگوندا چوو. لە دەستپێکی مانگی ئایاردا یاداشتێکی نووسی تێیدا داوایکرد، پێویستە فەرەنسا پشتی ئەو گرووپە بگرێ، ئەو گروپەکەی وەها وەسفکردبوو "وەنەبێ ئەوان دەستەیەکی تیرۆریست یان گەریلا بن، بەڵکو ئەوان سەربازی زۆر بە دیسپلینن، زۆر باش ڕاهێنراون و بۆ جەنگ و بردنەوە ڕابەرایەتی کراون."[٣٦] دەسەڵاتدانی فەرەنسا هاندران تا چاو لەو برە چەکەی کڕیویانە و جووەکان بە دزییەوە لە فەرەنسا دروستیکردووە بپۆشن، یان لە ڕێی خاکی فەرەنسییەوە چەک و تفاقی جەنگی باربکرێ و بگوازرێتەوە، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو ئابڵوقەی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد. «بیدۆ»ش بەگوێی ڕاوێژی «بۆسیر»ی کرد. لە کۆتایی مانگی ئایاردا ڕێککەوتننامەی نهێنی

لەگەڵ «ئارییل» سازدرا. بەگوێرەی ڕێککەوتننامە نهێنییەکە فەرەنسا بایی ١٥٣ ملیۆن فرانک چەکوچۆڵیان بۆ دابینکردن، لە بەرانبەر ئەوەشدا هەژمووونی ئیرگون لە نێو دەوڵەتە نوێیە سەربەخۆیەکەدا بە بەرژەوەندی فەرەنسا بەکاربهێنێ. چەکەکان لە بەندەری «بۆوک» لە سەرەتای مانگی حوزەیراندا ڕادەستی «ئارییل» کران و لە کەشتی «ئاتالینا Altalena» بارکران، ئەو کەشتییەی ئیرگون بۆ مەبەستی گواستنەوە کڕیبووی، کەشتییەکەش گەیشتە تەلئەبیب. کەچی کەشتییەکە بە فەرمانی بنگۆریۆن لە کەناری تەلئەبیبدا نغرۆکرا بۆ ئەوەی ئیرگون نەبێتە ڕێکخراوێکی هەرە بەهێز[١٣١]، بەڵام ئەو سەودایە دۆستایەتی نێوان جوو و فەرەنسای پشتڕاستکردەوە: فەرەنسا تا ١٩٥٦ بووە سەرلیستی ئەو وڵاتانەی چەکی بە ئیسرائیل فرۆشت.

لە هەوڵێک بۆ شکاندنی گەمارۆی سەر ئۆرشەلیم، کە بە هێزە عەرەبە نەیارەکان دەورەدرابوو، لە ڕۆژی ١ی نیسانی ١٩٤٨دا، زایۆنیستەکان هەڵمەتی ئۆپەراسیۆنی «ناخشۆن Nachshon» دەستپێکرد بەڵکو کۆتایی بە گەمارۆی عەرەب بۆسەر شارە پیرۆزەکە بهێنن. پێدەچوو لەشکری عەرەب بەسام بێ- ئەو باندۆرەی هانی زایۆنیستەکانی دا تا خۆبەخشانە چەک و پارەی بۆ تەرخان بکەن- بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو، عەرەبەکان بە تەواوی

---

١٣١ لەم دوو کتێبانەی خوارەوە ڕای هەردوو لا، بۆچوونی بنگۆریۆن و هەروەها بێگنیش باش ڕوونکراوەتەوە، بەڵام لە لێکەوتەدا ئەوان بەسەر پرسێکدا زاڵ بوون، کە مایەی بەهێزبوون و یەکێتییان بوو لە پێناو دروستکردنی دەوڵەتەکەیان، ئەویش نەکردنی شەڕی براکوژییە، بڕوانە : ١- داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل، نووسینی ؛ ڕۆبەریت سەنت یۆهن، وەرگێڕانی ؛ شەفیقی حاجی خدر ، هەولێر ٢٠١١، ٢- یاخیبوون، مناحیم بێگن، لە پەڕاوێزی پێشتر ئاماژە بەم کتێبە دراوە.

یەکگرتوو نەبوون. دوای ئەوەی کۆمکاری عەرەبی کۆبووەوە تا بڕیار لەسەر تەکتیکەکانی خۆی بدا، ئەفسەرێکی بریتانی لە سوپای عەرەبی ئوردن لە عێراقییەکی پرسی ئاخۆ کۆبوونەوەکە بەچی کۆتاییپێهات. ئەویش وەڵامیدایەوە؛ "نایاب بوو. هەموومان لەسەر ئەوە کۆک بووین هەر یەکەمان بە جیا بجەنگین."[٣٧] لە بەرەی باکووری فەڵەستین «فەوزی ئەلخاشوقچی» لە نێوان نابلس و جەنیندا دەستبەکار بوو، ئەو شوێنەی دە ساڵ پێشتر هەرای سەربزێویی عەرەبەکانی تێدا ڕوویدابوو. لە باشووریش «عەبدولقادر حوسێنی» ئەو پیاوەی موفتی وەک فەرماندەی سەرەکیی فەڵەستین دایدنابوو، دەستبەکار بوو، ئەو «قەستەل» کە شارێکی گرنگ بوو لەبەردەستیدابوو، بەسەر ڕێگەی ئۆرشەلیم و یافاشی دەنواڕی، بەڵام لەبارەی چەکەوە کورتهێن بوو. پاشخانی هۆکارەکەش ئەوە بوو هەریەک لە سووری و ئوردنییەکان ڕەتیانکردەوە چەک بۆ هێز و بارەگاکەی دابینبکەن. ئاخر «شوکری قوتلی» سەرۆکی سوریا پشتی «فەوزی ئەلخاشوقچی» دەگرت، لە کاتێکدا عەبدوڵلاش متمانەی بە «گلەب» بوو، ئەو کەسەی لەپڕ بریتانییەکان خۆیان لێ بێبەریکرد، ئەمەش هەوڵێکی لاواز بوو بۆ ئەوەی وا نیشانبدەن، کە پەیوەندییان بە کاروباری ئەوەوە نییە.

شتێکی ئاسانیش نەبوو کە بۆچی «ئەلقوتلی» و «عەبدوڵلا» نەیاندەویست «حاجی محەمەد ئەمین ئەلحوسەینی» دەست بەسەر کەناری خۆرئاوادا بگرێ: ئاخر هەریەکەیان دەیەویست ئەوی دیکە لە ناوچەکە بارنج بکا. هەڵبەتە عەبدوڵلا لە قۆناغی یەکەمی نەخشە مەزنەکەی لکاندنی ناوچە عەرەبنشینەکانی فەڵەستینی لە پێشچاوی خۆی دانابوو. «ئەلقوتلی»ش کە هێشتا بە قووڵی هەستی بە

هەڕەشەی کراوەی عەبدوللا لەبارەی سوریایەکی گەورەتر دەکرد، لای خۆی یەکلایکردبووەوە، کە «ئەلقاوقچی» بۆ وەستان بە ڕووی مجێزبەرزی شای ئوردنییەکان بەکاربهێنێ. لێکەوتەی ئەو هەموو شەڕە دەنووکەی نێوەخۆیان ئەوەی بە نێوچاوانەوە بوو، کاتێ هێزی گولبژێری هاگانا بە ناوی «پالماخ» لە ٣ی نیساندا «قەستەل»ی لە عەرەبەکان ستاندەوە، «عەبدولقادر حوسەینی» هەولێکی زۆریدا تا شوێنەکە وەربگرێتەوە بەڵام لە چەک و تفاقی کەم بوو. یەکێک لە ئەفسەرەکانی وەهای نووسی: "ئێمە خەریک بوو فیشەک و تەقەمەنیمان لێدەبڕا و داوای یارمەتیمان لە سوپای ڕزگاری عەرەبی[٣٨] کرد و لە قۆشەنە سوپاکەی عەرەبی ئوردنیش کرد، کە شوێنەکەیان لە ئێمەوە نزیک بوو، بەڵام وەڵامیان نەدایەوە."[٣٩] تەنانەت داوای ڕاستەوخۆی «عەبدولقادر حوسەینی»یش بووە بەردی بنی گۆمێ. ئینجا کەوتە سەرزەنشتکردنیان و گوتی: "ئێوە هەموو ناپاکن و مێژووش ئەوە تۆماردەکا کە ئێوە فەڵەستینتان دۆڕاند!" ئەو بە خۆی لە هەوڵی گرتنەوەی عەرەب بۆ ناوچەکەدا کوژرا. عەرەبەکانیش لەوێ ٥٠ دیلی جوویان کوشتن.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٩ی نیساندا، ئەو ڕۆژەی تەرمی «عەبدولقادر حوسەینی» لە ئۆرشەلیم بە خاک دەسپێردرا، هێزێکی شەڕکەری ئیرگون و تاقمی ستێرن پەلاماری گوندی «دێر یاسین»یان لە ڕۆژئاوای شارەکە دا. دوای گرتنی گوندەکە ٢٥٠ کەسیان کوشت –کە نزیکەی سێیەکی گوندنشینەکە بوون- ئەوەی مابونەوەش ڕووەو ئۆرشەلیم ڕۆیشتن. شاهیدەکان ئەوانەی کە زوو گەیشتبوونە ئەوێ بە چاوی خۆیان ڕادەی کوشتارە سامناکەیان بینیبوو. یەکێ لە پیاوەکان ژنێکی دووگیانی بینیبوو،

زگـی هەڵـدڕابوو، کـۆرپەلەکەی کەوتبـووە بەرپێـی. دەمودەسـتیش کردە وێرانکارییەکە لە لایەن ئاژانسی جووەوە سـەرکۆنەکرا، بەڵام خـۆ ڕوونبـوو کـردەوەکە بە مەبەسـت بـوو. یەکـێ لە ئەفسـەرانی «گلەب» پێشتر لە کاربەدەستێکی جووی پرسیبوو ئاخۆ ڕەوشـەکە دوای ١٤ی ئایـار، دوای ئەوەی بریتانییەکـان وڵات جێـدەهێڵێن چ سـامناکییەک ڕوودەدا. ئەویـش وەڵامـی دابـووەوە: "نـا، نەخێـر، ئەم شـــتە چـــارەدەکرێ. هەر بەیەک دوو کوشـــتارگە لە کۆڵـیـــان دەکەیــنەوە."[٤٠] ئەوە بـــوو هەر چـــوار ڕۆژ پاشـــتر، عەرەبەکـــان تۆڵەیەکی هاوچەشنیان کردەوە، بۆسەیەکیان بۆ کاروانێکی پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانە دانایەوە، زیاتر لە ٧٠ دکتۆر و پەرسـتار و خوێندکاری زانکۆی عیبریان کوشتن.

خـۆی پێشـتر عەرەبە داراکـان لە فەڵەسـتین هەڵاتبـوون، بەڵام بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەوەی لە «دێر یاسین» ڕوویدا، وای کرد کۆچڕەو پەیدابێ. لە ١٨ی نیسـان لە حەیفادا ، «هیـوگ ستۆکوێل Hugh Stockwell» فەرمانـدەی بریتـانی بە کاربەدەســتانی ئاژانســی جــووی ڕاگەیانــد، ئەوان پــێش دەرچــوونی کۆتــایی بریتانییەکـــان لە مـــانگی دادێ، خەریکـــی چـــۆڵکردنی پـــێگە و پۆســـتەکانی ئەوێ دەبـــن. «ئێـــدوارد هێندرســـن Edward Henderson»ی یەکـێ لە ئەفسـەرە بەردەستەکانی «ستۆکویل» گێڕایەوە: "بە ڕوونـی دیـار بوو ئێمە شـارەکە ڕادەستی جووەکـان بکەیـن، ئـاخر نـزیکەی هەمـوو عەرەبەکـانی ئەوێ لە ڕێـی سـوپای تەکوزی جووەوە دەرکرابوون، هەمـوو ئەمەش لەبەرچاوی ئێمەدا لە ڕۆژانـــی ٢١ و ٢٢ی نیســـاندا ڕوویـــدا، کە زیـــاتر ٢٤ ســـەعاتی نەخایانــد." چــوار ڕۆژ بــوو بڵنــدگۆیی هاگانــا هاواریـــدەکرد، بە عەرەبەکـــانی ڕادەگەیانـــد شـــارەکە جێبهـــێڵن بەر لەوەی کارلەکـــار

بتـــرازێ. بەڵام بە گـــوێرەی قســـەی «هێندرســـن» ئەو کـــاتەی "لە ڕۆژی ٢٣هەمـــی مـــانگەوە گلەیـــی ئەوەیـــان کـــرد کە نـــاتوانن خزمەتگوزارییەکـــانی شـــارەوانی شـــارەکە بەگەڕ خەنەوە ئـــاخر کرێکـــارە عەرەبەکـــانی شـــارەوانی لەوێ نەمـــابوون، بە قەولـــی جووەکـــان: "ســـەیرە ئەوان شـــارەکەیان چـــۆڵکردووە."[٤١] ئەو عەرەبـانەی لەوێ ڕۆیشـتبوون، کـارێکی ئاوەزمەنـدانەیان کردبـوو، ئـاخر هاگانـا بە فەرمـانی وەهـا هـاتبووە نـاو، "هەر عەرەبێکـت تووشـهات، بیکـوژە، ئـاگر لە هەمـوو شـتێک بەربـدە و بە زەبـری تەقینەوە دەرگەکان بخەرە سەر گازی پشت"، ئەمەش هەمووی لە ئۆپەراسـیۆنێکدا بـوو، کە نازنـاوی «مقەسـەکان»ی هەڵگرتبـوو.[٤٢] زایۆنیستەکان بە کۆتایهاتنی مانگی نیسان دەستیان بەسەر تەبەریا و یافاشدا گرت.

«جێمس پۆلۆک James Pollock»ی ئەفسـەری بریتـانی دوا ڕۆژەکانی ئاوابوونی خۆری دەسەڵاتی بریتانی بەو شـێوە وێنـاکرد: "دەرەقەتـــی وێنـــاکردنی ڕەوشـــی هەنـــووکە نـــایەم. زۆربەی شەوەکانمان لەبەر دەنگی ڕەشاش و تفەنگ خەومان لێنەدەکەوت، ئەو تەقانە ناوبەناو تەقە هورژمی هاوەنی قورسیشی تێدەکەوت."[٤٣] لە کۆتـایی مـانگی نیسانیشـدا بریتانییەکـان مـووچەی کارمەنـدانی خۆجێییـان دا و ئامـادەی ڕۆیشـتن بـوون. سـکرتێری سـەرەکی کە هـیچ ئیشـی نەمـابوو بیکـا، کـاتی خـۆی لە نێـو ئەو هەراوزەنـایە بە تێنســـکردن بەســـەردەبرد. لە ڕۆژی ١٤ی مانگیشـــدا هەروەک بەڵێنـدرابوو، کۆمسـیاری بـاڵای بریتانیـا بە فـڕۆکە ئۆرشـەلیمی بەجێهێشت، منداتەکە کۆتاییهات و لەسـەر پردی «ئەلنبیشـدا» شـا عەبـدوڵڵا دەمـانچەکەی دەرهێنـا و تەقەی پێکـرد و هـاواریکرد "بـۆ پێشـەوە!" دوای نیوەی شـەویش ترومان دانی بە دەوڵەتی ئیسڕائیلدا

نا و له ١٥ى مانگیشدا به فەرمی یەکەمین شەڕی عەرەب-ئیسرائیل هەڵگیرسا.

ساڵانێک پاشتر، له «سێر جۆن شۆو Sir John Shaw»ی سکرتێری سەرەکی بریتانی له فەڵەستیبیان پرسی، ئەو کەسەی له تەقاندنەوەی هوتێلی شا داود بەرنەکەوت و ڕزگاریبوو، ئاخۆ چۆن تۆماری ماندانی بریتانی هەڵدەسەنگێنێ.

ئەویش گوتی: "له زۆر ڕووەوە ئێمه لەوێ ئەوەی پەیوەندی به خەڵکەوە هەبوو کاری باشمان کرد، هەر بەڕاستیش ئێمه وەهامان کرد[٤٤]، مەبەستمه بڵێم هەموو جۆره بەدکاری و بەدقۆستنەوەیەکمان لەناوبرد و بەسەریدا زاڵبووین، بەڵام،" ئەو دوودڵ بوو: "بەڵام ئەگەر تۆ به لایەنی پاکوبێگەردی فەلسەفی، له ڕوانگەی بیروبۆچوونی باڵاوه لێیبڕوانی، پێموایه بێ ڕەوشتی بوو، پێم وایه شتەکه ... نەوەک هەر بێ ڕەوشتی بوو، بەڵکو ناژیرانەش بوو."

له «شۆو»یان پرسی: "بۆچی؟"

"بۆچی؟ زۆر باشه... چونکه ئەوه نه ئیشی تۆیه و نه ئیشی من و نه ئیشی بریتانیا و نه ئیشی هیچ کەسی دیکەیه دەست بخاته کاروباری وڵاتی خەڵکی دیکه و پێیان بڵێ چۆن خۆیان بەڕێوەیبەرن، تەنانەت ئەگەر به باشیش بەڕێوەیبەرن. دەبێ لێیان بگەڕێی بەخۆیان کاروباری خۆیان هەڵبسوڕێنن.

# پاشبەند

## هەق و پای حیساو[132]

کاتێک لە ٦ی کانونی دووەمی ١٩٤٩دا سێ کەس بە توندی لە دەرکەیان دا و مکوڕبوون لەسەر بینینی، «ستێرلینگ»یش خۆزایی حەزی لێ نەبوو بیانبینێ. خۆی ئەمە لە ئەنگۆرەی یەکشەممەدا بوو، سێ کەسەکە چاوەڕواننەکراو بوون، خۆی و «ماریگۆلد Marygold»ی ژنی لەسەر خوانی شێواندا دوو میوانیان هەبوون.

کۆلۆنێک «ستێرلینگ»ی تەمەن ٦١ ساڵە، ئەفسەری پاشکۆی پێشووی بریتانی لای حکومەتی سوریا و هەنووکەش پەیامنێری ڕۆژنامەی «تایمز»ە لە دیمەشق، هەقبوو متمانەی بە هەستی خۆکردییانەی خۆی کردبا، بەڵام خۆ ئەو دەستبڵاو بوو، هەمیشەش لەبارەی پارەوە کورتهێن بوو. دەشیزانی نەیدەتوانی سەفقەیەکی ڕۆژنامەنووسیانە لەدەستبدا، چونکە ڕۆژنامەی «تایمز» پێشتر پەیامنێرەکەی پێش ئەوەی لە سەر لەدەستدانی چیرۆکە هەواڵێک لەسەر کار لادابوو. سەبارەت بە ئەزموونی خۆی بەر لە سی ساڵ، ئەو ڕۆژە خۆشەی مانگی تشرینی یەکەم کاتێ

---

١٣٢ دەقی ناونیشانەکە بە ئینگلیزی A settling of scoresە و بە عەرەبیش ڕێک دەبێتە (تصفية الحسابات). دیارە ئەمەش ئیدیۆمێکە واتای یەکلاکردنەوەی هەژماریی دارایی و هەروەها تۆڵە لەسەر یەک نەهێشتن دەگرێتەوە. بۆ ئەم دەستەواژە یان ئەم ئیدیۆمە زۆر گەڕام و پرسیارمکرد، سەرەتا هەر حەق و حسێب و پاک لە پاکم دانا، دواتر ڕۆژێک ئەم باسەم لەگەڵ مامۆستا «حەمەی حەمەباقی» باسکرد، ئەویش گوتی ئیدیۆمێکی بنزاری ئەردەڵانی لە «سنە» هەیە، منیش پڕ بە پێستم زانی و دامنا.

لەگەڵ لۆرانسی عەرەبستان گەیشتە دیمەشق، دەیزانی دەکرێ سوریا چەند پێشبینینەکراو بێ.

پاش یەک چارەکە سەدەش لە حوکمڕانی لەبن دەستی فەرەنسادا، سوریا سەربەخۆیی خۆی وەرگرت، لەو کاتەوە سوریا بە شێوەیەکی دژوارانە ناسەقامگیر بووە، تەنانەت بە پێوەرەکانی خودی هەرێمەکەش. تا گەیشتە کانونی دووەمی ١٩٤٩دا و لەو ساڵەدا دوو جاران کودەتا کرا. «شوکری قوتلی» کە ئاراستەی وڵاتەکەی بەرەو سەربەخۆیی برد، لە مانگی ئازاردا لە لایەن ئەفسەرێکی سوپا بە ناوی «حوسنی زەعیم» لەسەر دەسەڵات هێنرایەخوار. هەر ئەو «حوسنی زەعیم»ەش لە لایەن سەرۆکی سوریا «سامی ئەلحەناوی»یەوە کوژرا، ئەو سەرۆکەی لە مانگی ئابدا دەسەڵاتی گرتەدەست. بۆ ئەوەی کردەوە دڕندانەکەیشی بشارێتەوە، کە چۆن حوکمڕانەکەی پێش خۆی لەسەر دەسەڵات لابرد – بە قەولی دیپلۆماتێکیش، ئەو بوونەوەرە قەڵەوەی بە هێلکە شەیتانۆکەیەکی بێ مێشک دەچێ–، ئەوە بوو جاری هەڵبژاردنی دا، کە تەنیا یەک ڕۆژیش بۆ هەڵبژاردنەکە مابوو.

دەنگدانەکە مایەی مشتومڕ بوو، چونکە «ئەلحەناوی» لە شارە دێرینەکەی حەلەبەوە، لە باکوور هاتبوو، ئیدی هەرچی خێڵە نیمچە ڕەوەندە (بەدووەکان)ی ڕۆژهەڵاتی سوریا بوو لەسەر ئەو بنەمایەی گوایە ئەوان لەبەردەم مانۆر و فەندوفێڵی دەرەکی، کە لەودیو سنووری بیابانەوە دزە دەکاتە نێویان، خۆیان ناگرن. ئەو گرژییەی نێوان خەڵکی نیشتەجێی شارستان لە ڕۆژئاوای بەپیتوفەڕ و ئەو هۆزە ڕەوەندە دڕە تووڕانەی ڕۆژهەڵات یەکێک بوو لەو چەندان هۆکارە دژوارانەی وای لە سیاسەتی هەنووکەیی سوریا کردبوو شڵۆقببێ. ئەو هۆزانە لە ناخەوە تووڕە ببوون

بەوەی ئەوان لە کـــــــردەی دەنگدانـــــــدا دوورخرابـــــــوونەوە، «سـترلینگ»یـش بە مەی دەزانـی، چـونکە ئەو چووبـووە قـووڵایی بیابان و هەشت هەفتە پێشتر ڕاپۆرتی لەسەر پەستی و هەراسانی ئەوان نووسـیبوو.[٢] کـاتێکیش سـێ پیـاوەکە لە دەروازەی شـیپانی مــاڵەکەی ئەو وەســتابوون، وای زانـــی ئەوان لە لای ئەو شــێخە دەستڕۆیشتووەی بیابان نێردراون، کە کۆنە دۆستی خۆی بوو. «ستیرلینگ» سووربوونی پیاوەکانی بەردەرکەی لەوەی خانەخوێ ببیـنن بەوە لێکـدایەوە بەڵکـو هەواڵێکیـان لەبـارەی هەڵبـژاردنە لە گوێنەکە پێبێ. ئەو دوودڵیش بوو، کەچی بە «عەلی» نۆکەری گوت ڕێگەیان بدا بێنە ژوور. ئەمەش سەلمێنەری هەڵە کوشندەکەی بوو.

سـێ پیـاوەکە بەیەک جـار لە ژووری کـاری «سـتیرلینگ» لێـوەژوور کەوتـن، بەڵام بە گـوێی خانەخوێیەکەیـان نەکـرد، کە فەرمووی دانیشتنی لێکردن، لە بری ئەوە، ئەوان هەر سوور بوون لە بەرانـبەری بە پێـوە بوەسـتن. کـاتێکیش «سـتیرلینگ» پـاکەتە جگەرە زیـوینەکەی لەسـەر مێـزەکە هەڵگـرت و ویسـتی سـەر و جگەرەیـان پێشـکەش بکـا، سەردەسـتەکەیان قسـەی پێبـڕی و بە شـێوەیەکی شـوومبارانە لێیپرسـی ئـاخۆ ئەو خـۆیەتی، کۆلۆنێـل «ستیرلینگ»ە. کاتێکیش ستریلینگ سەری بەڵێی بۆ لەقاند، پیاوەکە لێیهەڵکێشایە دەمانچەی کۆلتی ئۆتۆماتیکی.

دواتـر ئەوە دەرکەوت، کەوا یەکەم گـولله بەر پاکەتی جگەرەی دەسـتی سـتیرلینگ کەوتبـێ. دوو گـوللەی دیـکە بەر گەدەی، یەکێکیشـیان جەرگـی بـڕی، چـوارەم بەر سـینگی کەوت. گـوللەی پێنجەمینیـان دەمـاری ملـی ڕووشـاند. ئەوە گـوللەی شەشـەم بـوو باسـکی ڕاسـتەی هەلا بە هەلاکـرد و وای لێکـرد بە دەوری خۆیـدا بخولێتەوە و بکەوێتە سەر ناوکەوەکە.

پاشـــان هێرشــبەرەکەی «ســتریلینگ» ڕووی لە عەلــی کــرد، ئەویش کە گوێی لە دەنگی تەقە ببوو بە هەشتاو خۆی بە ژووردا کرد، تەقەی لەویش کرد و بەریدایەوە. ئینجا خۆی یاوەرەکانی بە پەیژەکان شۆڕیان کردەوە، خۆیان گەیاندە دەرکە و لەوێشـەوە بۆ سەر شەقام و تێیانتەقاند و بۆیدەرچوون.

ســەرەتا «ماریگۆلــد»ی ژنــی ســتیرلینگ، عەلــی بینــی، لەســەر مـافوورە ئێـرانییەکە کەوتبـوو، چـاکەتە سـپییەکەی شـەلاڵی خـوێن بووبوو. لە ئاوزینگ دابوو، هەوڵیدەدا قسەبکا.

«ماریگۆلد» لە تەنیشتی چەمـایەوە و تکـایلێکرد: "عەلی، عەلی، چی ڕوویدا؟"

نۆکەرەکەش بە هەناسەبڕکێوە: "خانم، کۆلۆنێل، کۆلۆنێل."

لە هـۆدەکەدا نـووزەیەک هـات. «ماریگۆلـد»یـش هەڵسـایەوە. لە پشت مێزەکە، مێردەکەی خۆی بینیەوە، باڵەکانی لێککردبوونەوە، هەر خێراش لەهۆش خۆی چوو.[٣]

پاش چەندین ڕۆژ لە تەقەکردن لە پەیامنێری ڕۆژنامەی تـایمز لە دیمەشـــــق، دوو عەرەب لەوێ لە چایخـــــانەیەکی شـــــارەکە باسوخواسی پەلامـار و تەقەکردنەکەیـان دەکرد. یەکێکیان لە ئەوی دیکەی پرسـی؛ "تۆ بڵێی بە ڕاسـتی ئەوان بڕوایان هێنابێ تەنیا بە شەش گوللە «ستیرلینگ» بکوژن؟"[٤] ئاخر «ستریلینگ» بە پەڕجوو لە هەوڵی کوشتنەکە ڕزگاری بوو.

ئەو کاتەی «ستیرلینگ» کەوتبوو، خوێنیشی لەبەر دەڕۆیشت و لە هـۆدەکەی لە هـۆش چووبـوو، ئەوەی بەبیـردا هـاتەوە؛ "باشــە، پێدەچێ مردن، یان بەلای کەمییەوە بمرم، بەڵام هەی بە نەفرەت بم ئەگەر ئەمەم بـوێ."[٥] هەرچۆنێـک بـێ ئەوە ئیـرادەی بەهێـزی ئەو نەبوو لە مەرگی گەڕاندەوە، بەڵکو ئەوە یەکێک لە دوو مێوانەکانی

بوون ڕزگاریان کرد. «ئێرنست ئاڵتونیان Ernest Altounyan»، ئەو کەسەی هەر بەر لە ٢٠ خولەک پێشتر گەیشتبووە ئەوێ تا داوای لێبکا ئاخۆ دەتوانێ شەو لای ئەوان بمێنێتەوە، ئاخر ئەو پزیشکێکی ناسراو بوو، خەستەخانەیەکی بچووکی لە حەلەب هەڵدەسووڕاند، کاتی خۆی لە لایەن باوکییەوە دروستکرابوو. «ئاڵتونیان» بە بریتانیا سەرسام بوو. باوکی «ئاڵتونیان» کاتی خۆی کوڕەکەی بۆ قوتابخانەیەکی (ڕوکبی) بریتانی ناربوو، لەوێ «ئێرنست»ی مەشقی پزیشکایەتی دەکرد، هەر لەوێش «دۆرا»ی کچە ئینگلیزی خواست. ئەوان ببوونە دۆستی «ئارسەر ڕانسۆم Arthur Ransome»ی نووسەر، منداڵەکانیشیان بوونە نموونەی کاریکارتۆرەکانی «ڕانسۆم». «ڕانسۆم»یش لەم دواییانەدا ئەوەی ئاشکراکرد، کاتی خۆی بۆ دەزگای هەواڵگریی بریتانی MI6 کاریکردووە. ئەو لە ماوەی جەنگەکەدا و لە باکووری سوریادا کاری بۆ هەواڵگریی سەربازی کردبوو، هەر بۆیەشە لەگەڵ ستیرلینگ ببووە ئاشنا.

لە میانەی نیو سەعاتی دوای تەقەلێکردنەکەدا «ئاڵتونیان» نەشتەرگەرییەکی بۆ «سترلینگ» کرد. پزیشکەکە بە سەرکەوتوویی دوو فیشەکی لە جەستەی هاوڕێ کۆنەکەی دەرهێنان، بڕیاریشی وا بوو چوار فیشەکی دیکە جارێ وەک خۆیان بمێننەوە. چەند ڕۆژێک دواتر «سترلینگ» وا خۆی نواند، بەرەو چاکبوونەوە دەڕوا، ئەوەش دوای ئەوەی داوای لە پەرەستارەکەی نەخۆشخانە کرد ئاوی بداتێ، ئەوە بوو پەرداخێکی لەسەر سینییەک پێشکەش کرا. ئەویش تەڕدەستانە پەرداخەکەی هەڵگرت و یەکجێ فڕیکرد پاشان لەرزی. تێبینیکرد: "ئەمە ئاوی

سۆدا نەبوو."[٦] دەرکەوت پەرستارەکە بێنیازانە پەرداخەکەی پڕ لە شلەی میتیال کردبوو. دیاربوو ئەلکحولەکە زیانی نەبوو، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لە نەخۆشخانە دەرکرا. کەمێک دوای ئەوە بەرەو قاهیرە فڕی و هەرگیز جارێکی دیکە نەگەڕایەوە سوریا.

هێمای دژوار بۆ ئەو کەسانەی ویستیان بە مردووی ببین و بۆچی لەنێو ئەو بەندوباوەی بەر لە مردنی تەقەکردن دەسووڕانەوە. ئەو گوتەیە هەبوو گوایە «سترلینگ» ئاژانسێکی بریتانییە و هەوڵیداوە کار لە ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتیی بکا، ئەو هەڵبژاردنەی نۆ ڕۆژ پاش تەقەلێکردنەکەی کرا. ئەو بەندوباوانەش باندۆری خۆیان هەبوو، ئاخر کاتێ لە کۆتاییدا چوار عەرەب لە سەرەتای ١٩٥١ بە تۆمەتی هێرشکردنەکە دادگاییکران، سەرۆکی داواکاری گشتیی سوریایی ئاماژەی بەوەدا، ئەو شتەی تیختیخەی هەر چوار تۆمەتبارەکەی دابوو: "ئەو بڕوایە بوو گوایە «ستیرلینگ» ڕۆڵێکی گرنگی لە لەناوبردنی «ئەلزەعیم»دا بینیوە، هەروەها لە نێو هۆزە عەرەبەکانیشدا کارو چالاکی سیخوڕێتی کردووە."[٧]

کاتێکیش «حوسنی ئەلزەعیم» لە ٣٠ ئازاری ١٩٤٩دا دەسەڵاتی لە «شوکری ئەلقوتلی» ستاند، ئابووری سوریا لە دۆخێکی دژواردا بوو، سوپاکەشی لە مانگی کانونی دووەمی پێشوو لەسەردەستی ئیسرائیلییەکان بەزێنرابوو. ئیدی «زەعیم» پێویستی بەوە بوو لە دوو بەرەوە خێرا بجووڵێ. دوای ئەوەی بە بێ خوێنڕشتن «ئەلقوتلی» لەسەر کورسی دەسەڵات لابرد، دەستی بە گفتوگۆی کراوەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلییەکان کرد و لە ڕێی ڕێککەوتننامەی پارەی نەختینە و چەکیشەوە ڕێگەی بۆ نۆژەنبوونەوەی هەژموونی فەرەنسا، مانداتی پێشوو خۆشکرد؛

بەڵام خۆ «حوسنی زەعیم» زۆر لەسەر تەختی دەسەڵاتدا نەمایەوە. هەر ١٣٧ ڕۆژ لە دەسەڵاتدا مایەوە، ئەوە بوو لە ١٤ی ئابەوە لەسەر تەخت لادراو بە قەنارەوە وەکرا.

خۆی هەر هاوتای «ستیرلینگ»، ڕاپۆرتنووسی بەناوبانگی تایمز بە ناوی «لویس هێرن Louis Heren» لە ئیسرائیلی دراوسێی سوریاوە بوو، کە سەرنجی بۆ سەرچاوەی بەندوباوەکان ڕاکێشا، بەوەی هاوپیشەکەی ڕۆڵێکی لە لابردنی «حوسنی ئەلزەعیم»دا هەبووە. ئەو پیاوەی دواتر ئەو گریمانەیەی بۆ ڕۆژنامە گرتێبەربووەکان دارشت، "هەمیشە ئەوە لە خۆت بپرسە، ئاخۆ بۆچی ئەو بیژمۆتانە درۆت لەگەڵدا دەکەن،" «هێرن» ئاماژەی بەوە دا، وەنەبێ سورییەکان بەڵکو ئاژانسی هەواڵی ڕۆژنامەوانی فەرەنسی بوو یەکەم جار ئەوەی گوت گوایە «ستیرلینگ» سیخوڕە، ئەو بەندوباوە کۆنینەیان ژیاندەوە، کە «فێرناند وۆلیڤا ڕۆگێت»ی ژەنەڕاڵی فەرەنسی دوای یەکەمین کودەتای شکستخواردووی سوریا لە ١٩٤٥دا ئەو باسوخواسەی هێنابووە گۆڕێ.[٨] بە بۆچوونی «هێرن» تەقەکردن لە «سترلینگ» پەیوەندی بەم دوژمنایەتییە دێرینەوە هەبووە. وەک ئەو گوتی، شتەکە بەشێک بوو لەو ململانێ گەوج و ناپێویست و هەر بەڕاستیش دژوارە نافەرمییەی لەنێوان فەرەنسی و بریتانییەکانی سەر ئەم زەمینە."[٩] هەروەها ئەو ئاماژەی بەوەشدا، " سەبارەت بە هەوڵەکە کۆلۆنێلی زیاتر بە هۆکارێک دەزانێ لەوەی مشووری ئەوە بخوا دانی پێدابنێ"، ڕێگەی دیپلۆماسی ئاماژەی وەهای تێدابوو کە ئەو زیاتر لە هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەوانی بێ.

لە بەرایی ساڵەکەدا «هێرن» پێی وابوو لەوانەیە "بیرۆکەیەکی بەجێ بێ" ئەگەر هاتوو بریتانییەکان لەژێرەوە هەوڵیاندابا

"فەرەنسییەکان بە شێوەیەکی یەکجاری لە ڕۆژهەڵات دەربکەن"، بەڵام ئەو پەیپێبردنەی ئەو، بەوەی «ستیرلینگ» لەو هەوڵە ژێربەژێرەدا دەستی هەیە، دیاربوو هەڵوێستەکەی پێ گۆڕیبوو.[10] دیاربوو ئەو لەوەش نیگەرانبوو لەوانەیە ئەم شتە لەویش بقەومێ، ئەگەر بەندوباوەکان هەر سووربان لەسەر ئەوەی گوایە ڕۆژنامەکەی ئەو ڕووپۆشێکی کاروباری هەواڵدزییە. "لەوێدا چەندین شوێنگرەوەی «لۆرانس» هەن؛ زۆر تاڵاونۆشیش لەنێوان هەردوو گرووپی نیشتمانییدا هەن" ئیدی ئەو بڕیاریدا، شێلگیربوو لەسەر ئەوەی "دەبێ شتێک لەو بارەیەوە بکرێ."[11] «هێرن» ئەوەشی بۆ زیادکرد؛ "مەبەستم ئەوە نییە بڵێم فەرەنسییەک بەرپرسیارە"، بەڵام ئەو ئاماژەی بەوە دا، کە ئاژانسی ڕۆژنامەوانی فەرەنسی کەشوهەوایەکی گوماناوی وەهای خوڵقاند و بۆ ئەوانی دیکە هاندەر بوو تا «ستێرلینگ» بکوژن. هاوپیشەیەکی دیکەی «هێرن» لە قاهیرە بە ناوی «سیریل کویلیەم Cyril Quilliam» لەو دوورتر ڕۆیشت. «کویلیەم» ئەو ئەفسەرە هەواڵگرییەی پێشوو کە ئێستا کاروباری تایمزی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوەدەبرد، شێلگیرانە ئەوەی گوت، گوایە ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی فەرەنسی لە هێرشەکەی سەر «ستێرلینگ» تێوەگلاوە، چونکە بە فەرمی پاڵپشتی کردووە، ئاخر ئەو ئاژانسە بە پاڵشتی مادییانەی حکومەتی فەرەنسا بەڕێوەدەچێ، کە باربووکەی نزیکەی ٨٠٠ ملیۆن فرانکە. ئەو سەرکۆنەی ئاژانسی ڕۆژنامەوانی فەرەنسی کرد چونکە "وێنای ئەو ئاژانسەی بریتانییەی دژ بە فەرەنسا بە دێو چواندبوو"، ئەو سەرنجی ئەوەشی دابوو، هەر

ئەوان پاڵپشتی ماددی ئەو ڕۆژنامە سوریەشیان دەکرد، کە چەند جارێک لە سەریەک ڕەخنەی لە «سترلینگ» دەگرت.[١٢]

هەرچی سەبارەت بە هاندەرەکەی پشت هەوڵی کوشتنەکەش بوو، بە بۆچوونی «کویلیەم» شتەکە تۆڵەکردنەوە بوو. هەروەک ئەو گوتی: "فەرەنسییەکان زۆریان ئومێد لەسەر «حوسنی ئەلزەعیم» هەڵچنیبوو"، بڕوایان وا بوو لە ڕێی ئەوەوە هەژموونی خۆیان نۆژەندەکەنەوە، ئەو هەژمون و دەستڕۆیشتنەی لەگەڵ سەربەخۆبوونی سوریا لەدەستیاندابوو.[١٣] کاتێکیش «زەعیم» لەسەر دەسەڵات لادرا و کوژرا، هیواکانیان با بردی و لە ئەنجامدا لە تووڕەییان گڕیانگرت. دووهەفتە دوای کودەتاکە، «کویلیەم» ڕاپۆرتێکی نووسی، "ئەوان هێشتا ئەو قسەیە بەهەر کەسێک دەڵێن کە گوێیان لێبگرێ، بەوەی بریتانیا لە لەناوبردنی «حوسنی ئەلزەعیم» بەرپرسیاربووە.[١٤]

دەکرێ «کویلیەم» هەستی بە بەرپرسیارێتی ئەوە کردبێ، کە چی بەسەر «ستریلینگ»دا هات، چونکە هەر ئەو بوو هانیدا لە هەلومەرجی لەناوچوونی «ئەلزەعیم»دا قووڵبێتەوە. «سترلینگ» قسەی لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی سەرۆکە کوژراوەکە کردبوو، وتارێکیشی لەوبارە نووسیبوو، بەوەی لە دەستپێکی ساڵەکەدا «ژان چارلس سێرس Jean-Charles Serres»ی بالوێزی فەرەنسا لە دیمەشق بە مەبەست ئەگەری ڕێککەوتننامەی سوریا لەگەڵ عێراقی درواسێی ژاراوی کرد بەوەی بە «حوسنی ئەلزەعیم»ی گوتبوو گوایە عێراق لە سەروبەندی ئەوەدایە پەلاماری سوریا بدا.[١٥] هەروەها «ستیرلینگ» سەرنجی بۆ ئەو ڕاستییەش ڕاکێشابوو، کە فەرەنسا ئابلۆقەنامەی نەتەوە

یەکگرتووەکـــانی بـــۆ ســـەر چەک پێشـــێلکردووە بەوەی چەک و تەقەمەنی بە نیازی ئەوەی بۆ لای خۆیان ڕابکێشێ، پێفرۆشتووە. بە سەرنجدان لەم هەموو شتانە، ئەو ئاماژەی بەوە دا، «زەعیم» "هەڵەیەکی گەورەی" کردووە، چونکە دەستوەردانە ڕاشکاوانەکەی فەرەنسای لە دیمەشق لە ساڵی ١٩٤٥ بەبیر بەرهەڵستکارەکانی هێنایەوە.

وتارەکە -هەر بە ناوی هەواڵنێرمان لە دیمەشق نووسرابوو-، لە ٢٦ی ئاب لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کاری خۆی کرد. «کویلیەم» پێی سەیربوو چۆن دەسەڵاتدارانی سوریا سانسۆریان نەکردبوو. وەنەبێ لە وتارەکە هەر ڕۆڵی گەورە و دیاری «ستیرلینگ» لە پەسنـنامەی خەڵـکەکە دەرکەوتبێ، ئەو خەڵـکەی پێیـان وا بـوو نـوێنەرایەتی وردی بـووە لە ڕووداوەکـان، بەڵکـو بـووە مـایەی دەهریبـــوونی وەزارەتـــی کاروبـــاری دەرەوەی فەرەنســـا. فەرەنسییەکان لەسەر وتارەکە لە پاریس بانگی پەیامنێرەکەی «تـایمز»یـان کـرد و سـکاڵای ئەویـان کـرد، وتـارەکە بە فیتـی ستیرلینگ بووە و ئەوانیش "سەرلەبەری بە ناڕاست " دەزانن.[16]

خـــۆی ئەوە «ســـێرس» بـــوو، -بە پـــێچەوانەوە ئەو دانەری کتێبێکـی بـوو لەسـەر پرۆتۆکـۆلی دیپلۆماسـی- ئەو لە هەوڵـی یەکخستنی ناوزڕانـدنی سـترلینگدا بـوو. ئەو پێشـتر هەواڵنێـری تـایمزی بەوە وێنـاکردبوو، گـوایە "ئامـادەیە بچێـتە بـن بـاری سـوارچاکانی[133] سـەنت جـۆرج"[17]. بـۆ ئەوەی لەسـەر حیسـابی

---

١٣٣ لە میانەی جەنگی دووەمی جیهاندا دەستەواژەی سوارچاکانی سەنت جۆرج ئاماژەبوو بۆ بەرتیلی قەبە قەبە بۆ کاربەدەستانی ئیسپانی لە حوکمی دیکتاتۆریەتی فرانکۆ بۆ ئەوەی لە جەنگەکەدا نەچنە پاڵ ئەڵمان.

فەرەنسییەکان لە سوریادا جێپەنجەی کاریگەر بۆ بریتانییەکان بکاتەوە، لە کاتێکدا ئەم هەوڵەشی نەدەشاردەوە و ڕتووشی نەدەکرد.[18] دیپلۆماتێکی ئەمریکیش ڕاپۆرتی خۆی بۆ واشنتن بەرزکردەوە، بەوەی «سێرس» "لەسەر هیچ دەرفەتێک بازنادا تا پێگەی بریتانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بشێوێنێ."[19] ئاژانسی هەواڵی فەرەنسیش نووسی، کە ستیرلینگ ئاژانێکی بریتانییە، ئەم تاوانبارکردنە لە ڕۆژنامەکانی سورياييدا دووبارەکرایەوە و سەدای لەسەر لاپەڕەکانی «لیمۆند»ی فەرەنسیش دایەوە، بە جۆرێک ئەوەیان نمایشکرد، گوایە پارەی بریتانی و دەستڕۆیشتنیان لە پشت کوشتنی «زەعیم»ەوە بوو.

ستیرلینگ بە ماوەیەکی کەم بەر لە تەقەلێکردنی، بۆ بەرپرسەکەی خۆی لە «تایمز» نووسی: "هەر لە وەتەی لە ١٩٤١ەوە من هاتوومەتە سوریا، فەرەنسییەکان لەو باوەڕەدان من فۆبیایەکی لە ڕادەبەدەری فەرەنسییم و بۆ ئەوە هاتووم تا دژایەتییان بکەم، پێدەچێ ئەم گریمانەشیان لەسەر پەیوەندییەکانی منی پێشوو لەگەڵ لۆرانس بنیاتنابێ."[20] ستیرلینگ لەو بڕوایەدابوو، هەوڵی لەناوبردنەکەی لە لایەن پیاوە خۆجێیەکانی سوریاوە نەدراوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئاخر ئەوە ناسراو بوو کەوا ئەو هەموو جارێک بە پیاسە شەوانە سەگەکەی لەگەڵ خۆی دەبردە دەرێ. خۆئەگەر نیازی کوشتنیان هەبووایە، ئەوا دەرفەتەکە لەو کاتانەدا ڕەخساو بوو. کاتێکیش گەیشتەوە قاهیرە و هەستی بە ئاسایش کرد، بە «کویلیەم»ی گوت، دەکرێ بکوژەکانی ئەو "پیاوی موفتی ئۆرشەلیم بووبن و لە لایەن فەرەنسییەکانەوە بەکرێگیرابن"، دیارە دەیانەویست ئەو لەسەر گۆڕەپانەکەدا لابەرن، چونکە

پشـتیوانی یەکێتیـی سیاسـیانەی نێـوان عێـراق و سـوریا بـوو.[٢١] پێدەچوو «کویلیەم»یش هاوڕا بووبێ.

تـا ئەو کـات هەردوو لایـان، چ «تـایمز» چ حکـومەتی بریتانیـا هەوڵیانـدا خۆیـان لە سـتیرلینگ و ئەو ململانێـیە ژێربەژێـرییە خەریکبـوو بیکـوژێ، بە دوور بگـرن. لە کۆتـایی مـانگی کـانونی دووەمیش، بەرلەوەی سەرۆکی فەرەنسا سـەردانی ئینگلستانێ بکا، هەواڵنیـری تـایمز لە پـاریس – ئەوەی لە مـانگی ئـاب و لەسـەر وتـارەکەی دەربـارەی سـترلینگ لە لایەن وەزارەتـی دەرەوەی فەرەنسـاوە سـەرکۆنەکرابوو- تێبینـی ئەوەی کـرد، "لەو بگرەوبەردەیەی بەرژەوەندییەکانی ئەنگلۆ-فەرەنسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا... پێشـوەچوونێکی گەورە بە ئاراسـتەی لێتێگەیشـتنی هاوبەش هـاتووەتەدی، بەڵام دانیشی بەوەدا دانـا، کە "ڕێککەوتن لە لەنـدەن و پـاریس شـتێکە و چـالاکیی هەردوو لایەنـی ئینگلیـزی و فەرەنسی لەسەر گۆڕەپانەکە شتێکی دیکەیە".[٢٢] «بێڤن»ی وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی ئینگلیزسـتانیش داوای لە «ڕۆبەرت سـخومان Robert Schuman»ی هاوتای خۆی کرد؛ سیاسـەتی حکومەتی بریتـانی لەگەڵ "کـردەی نابەرپرسـانەی تاکەکـانی وەک ژەنەڕاڵ «سپیرس» یان «کۆلۆنێل ستیرلینگ» تێکەڵ یەک نەکات،" ئەمەش بە توندی پشتکردنە سترلینگ بوو.[٢٢]

لە فەرەنسـاش سـەبارەت بە ڕووداوی تەقەلێکـردنەکە زۆر بەتوندی و بە خۆگیری مانەوە. کاتێکیش لە ١٠ی کانونی دووەمی ١٩٤٩دا، هەواڵ درایە هەڵسـوڕێنەری کاروبـاری فەرەنسـی لە دیمەشـق، کەوا تەقە لە «سترلینگ» کـراوە، ئەوەی خـۆی پێنەگیـرا لەوەی ڕووداوەکە وەهـا وێنـا بکـا کەوا ئەو "بە فەرمـی پەیـامنێری

تـــايمزه."[23] هەروەهــا ئەوەشـــی بــۆ زیـــادکرد: "زۆر لە لێکــدانەوە فەرمییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی پەلاماردانەکە هەڵبەسـتراون". دواتـر ئەوەشی خستەسەر؛ "هەرچەندە بەگشتی ئەو شتە لەسـەر بنەمـای ئامانجی حەق و حسێب قبووڵکراو بوو."

بە دەرچـــوونی «و.ت. ســـتیرلینگ» لە قـــاهیرە نیشـــانەی کۆتاییهاتنی سی ساڵی دوورودرێژی دوا هەڕەتی ململانێکە بوو، کە تـا ڕۆژی ئەمڕۆشـمان چارەسـەرنەکراوە. خـۆی ئەمە ململانێـی نێـوان بریتانیـا و فەرەنسـا بـوو بـۆ زاڵبـوون بەسـەر ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست، وای لە هەر دوو وڵاتەکە کرد ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ڕێـــی ڕێککەوتننـــامەی ســـایکس-پیکـــۆوە دابەشـــبکەن و هەر دڵمەندنەبوونی بریتانیشانیش بوو بە بەشە دابەشکراوەکەی خۆی سەریکێشا بۆ بەختی چارەنووسسازانەی پشتگیری مجێزی بەرزی زایـــۆنیزم لە جاڕنـــامەی بلفـــۆر. بەم جـــۆرەش مـــافی جـــوو لە دابینکردنی وڵاتێک بە خۆیان بە شێوەیەکی تەوساوی پەیوەستبوو بەو مـــانۆرەی لە بـــنەڕەتەوە بـــۆ دەرکردنـــی فەرەنســـییەکان داڕێژرابوو.

جاڕنـامەی بلفـۆر دانپێـدانانێکی ئەو ڕاسـتییە بـوو، کە ئیـدی هەڕەتـــی ئییمپراتـــۆریەتەکە بەســـەرچوو. هـــێڵە ســـنوورییەکانی سایکسیش -بەگوێرەی قسەی هاوتایەکانی، کە بە قەڵەمدار لەسـەر نەخشـەی جیهـان کێشـابووی- دیـاربوو دڵنیـابوونەوە بـوو لەوەی کاتێک لە سـەدەی نۆزدەهەمـدا ئەفریقیـا دابەشـکرا، ئەم جارەشـیان دیـاربوو لـووتبەرزییەک بـوو بەوەی لە سـەدەی بیسـتەمدا بەسـەر ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانیدا سـەپێنرا.[25] خـۆی ئەو زڕەمافەیـان بـۆ نەخشەکێشـانەوەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ڕوونکـردنەوەیەک بـوو،

بەوەی بۆچی بریتانیا پابەندبوونی خۆی بۆ گەلێکی بێ دەوڵەت ڕاگەیاند تا هەبوونی چارەنووسسازانەی خۆی لە فەلەستین پێبشاریتەوە. کاتێکیش فەرەنسییەکان لە نارەزایەتی قووڵی عەرەبەکان لە بوونی دەسەڵاتداری خۆیان بەسەر ئەوان گەیشتن، ئەوانیش خێرا هەر هەمان ڕەوی تەقتەقیان بەکارهێنا، لەسەر خواستی کۆمەڵگەی کریستیانی لوبنانیان ڕادەستکردن.

